# واتە

14

کۆوارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە

ئەیلوول ٢٠١١

هەواڵنامەی کتێب

کۆواری واتە
بەهاوبەشی لە نێوان
دەزگای شەفەق لە کەرکووک و
دەزگای ئاراس لە هەولێر
دەردەچێ

هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964

# واتە بۆ ئەوانەیە کە
# دەیانەوێ واتەیەک بدەن بەژیان


خاوەنی ئیمتیاز: بەدران ئەحمەد حەبیب

راوێژکار: ئەحمەد تاقانە

سەرنووسیار: یوسف لەتیف

نەخشاندن: ئاراس ئەکرەم

هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد، بۆکان نووری، ئاریان ئەحمەد


هەواڵنامەی کتێب

# بەرپرسیاریەتیی یاسایی کۆمپانیا بیانییەکان

## سەبارەت بەتاوانی قڕکردن لە هەڵەبجەدا

د. مونزیر ئەلفەزڵ

١

### سزادانی بەرپرسان و قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان

لە زانستی یاسادا، پێناسەی بەرپرسیاریەتی جیایە لەگەڵ چەمکە زمانەوانییەکەی. ئەگەر پێناسەی زمانەوانی کورت دەکاتەوە بۆ بەرپرسیاریەتی بەکەسی سروشتی کە مرۆڤە، ئەوا بەرپرسیاریەتی لەلایەنی یاساییەوە کەسی سروشتی و کەسی مانەوی (معنوی) دەگرێتەوە. واتا دوور نییە هەڵە لە مرۆڤەوە بێت، کە کەسێکی سروشتییە، یاخۆ لە کەسێکی مانەوییەوە دەردەچێت، وەکو کۆمپانیا، یا کۆمەڵەیەک، یا دامەزراوەیەک، یا وەزارەتێک، یا دەوڵەتێک.

هەروەها دوور نییە هەڵەکە لە کەسێکەوە دەرچێت و یەکێکی تر بەرگەی ئەنجامەکەی بگرێت و ناچار بێت بیبژێرێت، جگە لە سزا بەپێی بنەوا گشتییەکان لە یاسای مەدەنی و یاسای تاوانکاری.

مەبەست لە بەرپرسیاریەتی لەلایەنی یاساییەوە لێپرسینەوەیە لەسەر کارێک یا فەرمانێک، لە سزای ئەوەش قەرەبووکردنەوە، یا سزا و بژاردن پێکەوە، ئیتر ئەگەر کارەکە ئەرێنی بێت یاخۆ نەرێنی (وەکو تاوانێک ڕووی دابێت و بەجێ هێڵرابێت، ئەمە لە زانستی یاسای تاوانکاریدا)، ئەم لێپرسینەوەیەی یاسا بڕیاری لەسەر دەدات پێی دەوترێت (بەرپرسیاریەتیی یاسایی Legal Responsibility

ئەم بەرپرسیاریەتییەش بەپێی پسپۆڕی یاسایی لقی لێ دەبێتەوە، بەمانایەکی تر ئەو کارە

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل



نایاسایییەی بۆ نموونە لە هەڵەبجەدا ڕووی دا (کە بابەتی توێژینەوەکەمانە) بەتاوانێکی دەسەنقەستی ناودەوڵەتی دادەنرێ و دەخرێتە خانەی کۆمەڵکوژی و تاوانی شەڕەوە، هەروەها تاوانی دژی ئینسانی کە بەئەنقەست ئەنجام درا.

ناکرێت تاوانێکی ناودەوڵەتی بەبێ مەبەستی تاوانکاری ئەنجام بدرێت، لەبەرئەوەی لەو تاوانانەیە کە بەشێوازی ئەنقەست ئەنجام دەدرێت، لەبەر ئەمە یاسای تاوانکاری بڕیاری بەرپرسیی تاوانکاری لەسەر هەر یەکێک دەدات ئەنجامی دابێت و تێیدا بەشدار بووبێت و ئاسانکاریی کردبێت و ئامراز و تەقەمەنیی تایبەتی ئامادە کردبێت، هەروەها ئەوەی فەرمانی دەرکردبێت و پلانی دانابێت و بەو کارە هەڵسابێت، ئەمەش تاوانکاریی مەترسیدار پێک دەهێنێت و شایانی سزایە، جگە لە قەرەبووکردنەوەی زیانمەندان.

ئەگەر سزای ئەنجامدانی تاوانکاری سزا بێت بەسەر گشت ئەمانەدا، ئەوا ناکرێت لێیان خۆش بن یاخۆ ئەو سزایەی دژ بەوان دەرچووە سووک بکرێت، هەروەها نابێت مافی پەنابەرێتییان بدرێتێ و بەتێپەڕبوونی کات بەپێی ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٤٨، کە عێراقیش چووە پاڵی و مۆری کرد سەبارەت بەنەهێشتنی لەناودانی ڕەگەز و سزادانی ئەوانەی پێی هەڵدەستن، هەروەها بەپێی یاسای دادگەی باڵای تاوانی عێراقیی ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ و ئەو یاسا و ڕێککەوتننامە ناودەوڵەتییانەی عێراق مۆری لەسەر کردن، هەروەها بەپێی یاسای سزاکانی عێراقیی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی چاککراو.

هەروەها نابێت لێپرسینەوەی هەندێک لە بەرپرسان لەسەر ئەم تاوانانە بکرێت و هەندێکی تریان واز لێ بهێنرێن، لەبەرئەوەی ئەمە دژ بەیاسا و ئابڕووبردنی بنەواکانی دادپەروەرییە.

بۆیە مایەی خەمە هەندێک لە سیاسەتمەدارە عێراقییەکان پەکی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادوەریی عێراقی دەخەن، کە لە دادگەی باڵای تاوانی عێراقیدا دژ بەوانەی ئەم تاوانە ناودەوڵەتییە مەترسیدارانەیان ئەنجام داوە دەرچووە، ئەمەش ئاکارێکی ناپەسەند و دەستبردنە بۆ سەر دەستووری عێراق.

هەرچەندە دادگەی تاوانی عێراقی بڕیارەکانی خۆی لە دۆزی هەڵەبجەدا لە ڕۆژی ٢٠١٠/٣/١دا دژ بەهەندێک لە تێوەگلاوان لەم تاوانە قێزەونە دەرکرد، کەچی چەندان کەسی عێراقی و بێگانە هەن توانییان خۆیان لە سزاکە بدزنەوە، مەبەستمان لەوانەیە هەر کەسێک بەشدار بوو، یا بەم تاوانانە هەستا، یان پێی دا، یاخۆ کارئاسانی بۆ ڕێژیمی لەناوچوو کرد لە بەدەستهێنانی چەکی کیمیاوی، کە دژ بەگەلی کورد لەم شارەدا بەکار هێنرا، کە پتر لە پێنج هەزار هاووڵاتی تێدا کوژران، ئەم هێرشە بووە هۆی برینداربوونی دەیان هەزار خەڵکی سڤیل. هەندێکیان لە ئەنجامی ئەم تۆپبارانەدا مردن و زۆریشیان لەوانەی ماون بەدەست گرفتی تەندروستیی پڕ لە ئازارەوە دەناڵێنن، کە ژیانی ئاساییان قورس دەکات و پێویستیان بەچارەسەر و پێگەیاندن و چاودێری هەیە.

هەڵبەت دادگاییی هاووڵاتییەکی هۆڵەندی تێوەگلاوی ئەم تاوانانە لە هۆڵندا کرا، وەکو دواتر دێینە سەری.

جگە لەم کەسانەی لەم تاوانەدا بەرپرسن، بەدەیان کۆمپانیای بیانییش هەن، کە ڕۆڵی گەورەیان لە دانی ڕێژیمی لەناوچوو بەچەکی کیمیاوی و کانی ژەهراوی و چەکی قەدەغەکراوی تر لەلایەنی ناودەوڵەتییەوە هەبوو، تاکو ئێستا سەرەڕای ڕاشکاویی ئەو دەقانەی سزای ئەم جۆرە تاوانە ناودەوڵەتییانە دەدەن، لێپرسینەوەیان لەگەڵدا نەکراوە و لە سزاوە دوور بوونە.

ئەگەر ئەم تاوانکارییانە (واتا بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژ بەدانیشتووانی سڤیلی کورد) بەپێی ئەو بنەوایانەی باسمان کردن پێویستیان بەسزادانە، ئەوا لەلایەکی ترەوە بەرپرسیاریی مەدەنیی لێ دەبێتەوە، واتا بژاردنی ئەو زیانانەی لێیان کەوتووە، جا بۆ ئەوانەی لە ژیاندا بن و بەدەست کاریگەریی برینی جەستەیی و تەندروستی و دەروونییەوە دەناڵێنن، یاخۆ ئەوی لە پاشی جێ ماوە (بۆ ئەوانەی ژیانیان لەدەست داوە)، وێڕای زیانەکانی ژینگە بۆ دەڤەرەکە، کە تووشی هێرش هاتوون، ئەم تاوانکارییانە زیانیان بەبێستان و کشتوکاڵ و ئاژەڵ و مەڕوماڵات گەیاندووە و خانوبەرە و بینایەکانی شاری هەڵەبجەیان تێکداوە، ئەمەش وا دەکات پێویست بکات ئەم زیانانە قەرەبوو بکرێنەوە، بەپێی بنەواکانی بەرپرسیارییەتیی مەدەنی، کە ئەم کۆڵەکانە بۆی فەراهەم دەکەن، کە برێتین لە (هەڵە و زیان و پێوەندیی هۆکاری لە نێوانیاندا).

لەبەر ڕۆشنایی ئەوانەدا، ئەوەی لە شاری هەڵەبجەدا قەوما، لە هێرشی ڕێکخراوی سەربازییەوە لەلایەن هێزە سەربازییە عێراقییەکانەوە لە کاتی فەرمانڕەوایی سەدام و حزبی بەعسدا لە ڕۆژی ١٦-١٧ی ئاداری ساڵی ١٩٨٨دا، زنجیرەیەک تاوانی ناودەوڵەتین لە جۆری

قڕکردنی ڕەگەزی مرۆڤ و تاوانەکانی شەڕ و تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی.

لێرەدا ناچینە ناو شیکردنەوەی چەمکی تاوانی ناودەوڵەتی، کە پێشتر لە چەندان لێکۆڵینەوە و وانەدا لە کۆنفرانسە ناودەوڵەتییەکان و تۆژینەوە بڵاوکراوەکانماندا لە پێوەند بەم بابەتەوە ڕوونمان کردووەتەوە، بەڵکو دەمانەوێت بابەتەکە لە گۆشەیەکی ترەوە باس بکەین، ئەویش ڕادەی بەرپرسیاریەتیی ئەو لایەنانەیە کە لەم تاوانەدا بەشدار بوونە، بەدیاریکراویش لایەنە بیانییەکانە، کە مادە و چەکی کیمیاویی قەدەغەکراویان داوە بەڕێژیمی لەناوچوو و لەم شارە و هی تریشدا لە ناوچەکانی کوردستاندا بەکار هێنران و تا ئێستاش بەدوورن لە لێپرسینەوەی یاسایی.

٢

## وەزارەتی قەڵاچۆکردنی مێروو

هەردوو شەڕی جیهانیی یەکەم و دووەم ئاسەوارێکی کاریگەریان لەسەر مرۆڤایەتی جێ هێشت و وێرانکارییەکی زۆریان لە گشت لایەنەکانەوە خستەوە، ئەو وڵاتانەی ئەم شەڕانەیان گێڕا نەیانتوانی بەئاسانی لە ئاسەوارەکانی ڕزگار بن. بەڵام ئەم دوو ڕووداوە جیهانییانە هانی هزری مرۆڤایەتییان دا بگەنە گەلێک دۆزینەوەی پڕ لە سوود و زیانبەگەیێن بەسەر دوارۆژی مرۆڤایەتیدا.

لە کایەی شەڕ و چەکدارکردندا کارگەکانی پیشەسازیی گازی ژاراوی و چەکی کیمیاویی هەمەجۆر و ئەتۆمی یەکێک لەو دۆزینەوانەن، کە گەلێک زیانیان بەمرۆڤایەتی و ئاسایش و ئاشتیی ناودەوڵەتی گەیاندووە.

وێڕای قەدەغەکردنی بەکارهێنانیان لەلایەن کۆمەڵگەی ناودەوڵەتییەوە، بەهۆی ئەو زیانانەی لەسەر مرۆڤ و ژینگە و دوارۆژی نەوەکان جێی دەهێڵن، کەچی پرۆسەی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی ئەم چەکانە نەوەستاوە. ئەوە بوو لە شەڕەکانی تردا بەکار هێنران، کە لە دوای کۆتاییهاتنی دووەمین شەڕی جیهانی ڕوویان دا، کە درێژترین و مەترسیدارترین شەڕ بوو لە مێژووی مرۆڤایەتی لە سەدەی ڕابردوودا، کە تێیدا هەندێک چەکی قەدەغەکراو بەکار هێنران، ئەویش شەڕی عێراق – ئێرانە، کە لە ساڵی ١٩٨٠ _ ١٩٨٨ بەردەوام بوو و سەرەڕای تێپەڕبوونی پتر لە دوو دەیە بەسەر وەستانیدا بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی ناودەوڵەتیی ژمارە ٥٩٨ی ساڵی ١٩٨٨، کەچی تا ئێستاش ئاسەوارەکانی هەر ماون.

ئەو شەڕانەی لە ماوەی شەڕی نێوبراودا ڕوویان دا سنووری هەموو یاساکانی شەڕ و ڕێککەوتننامە ناودەوڵەتییەکانیان بڕیوە، لە ناویاندا پەیماننامەکانی جنێڤی ساڵی ١٩٢٥ و ئەو ڕێککەوتننامانەی پێوەنددارن پێوەیان، هەروەها هەموو بەها مرۆیی و پێوەرە ڕەوشتییەکانیان بەخۆڕا دا و بوونە ئەگەری کارەساتێلێک تاکو ئێستا بەملیۆنان مرۆڤ لە عێراق و ئێراندا بەدەستیانەوە دەناڵێنن.

هەر لە ماوەی شەڕەکەدا، ئێران بەسەدان هەزار خەڵکی لە تەمەنە جیاوازەکان و بەشێوەی شەپۆلی مرۆیی یەک لە دوای یەک لەبری مین ڕامااڵ لە نێوان هێزی هەردوو دەوڵەت بەکار دەهێنران، هەروەها بۆ هێرشبردنە سەر هێزە عێراقییەکان و تێکشکاندنیان و کردنەوەی دەروازەیەک بۆ هێزە وشکانییە ئێرانییەکان، زۆربەی ئەم شەپۆلە مرۆییانە کلیلی چوونە بەهەشتیان لەملدا بوو لەگەڵ وێنەی خومەینی، ئەمەش لە سۆنگەی پرۆسەی مێشک شوشتنەوەیانەوە، کە بەرگریی عێراقی بەدرێژاییی بەرەکانی شەڕ لە سنووری باکور و ناوەند و باشوورەوە ماندوو کردبوو.

لە بەرابەردا ڕێژیمی سەدام و حزبە نازییەکەی هەڵدەستا بەکاری تاقیکردنەوەی چەکی کیمیاوی و ڤایرۆسیی بەسەر گیراوە سیاسییەکاندا لە گرتگەی ئەبوغرێب و ڕەزوانییە و نوگرەسەلمان و زیندانە نهێنییەکان، بەتایبەتییش بەسەر کوردە فەیلییەکاندا بەئامانجی پێشخستنی پیشەسازیی چەکی کۆمەڵکوژ و زانینی پلەی کاریگەرییەکەی و ئەنجامەکانی لە کارگە نهێنییەکاندا و بەپشتگیریی هەندێک کۆمپانیای بیانی.

بەئامانجی وەستاندنی ئەو کشانە مرۆییەی هێزە هێرشبەرەکانی ئێران و بەمەبەستی گەورەترین زیان پێگەیاندنی و هەڵگەڕاندنەوەی تەرازووی هێزەکان لە بەرژەوەندیی ڕێژیمی سەدام و هێزەکانیدا، سەدام بەخۆی فەرمانی دەرکرد تەقەمەنیی تایبەت بەکار بهێنن، مەبەستیش لەمە ئەنجامدانی لێدانەکانە بەچەکی کیمیاوی و گازی ژەهراوی دژ بەهێزە هێرشبەرەکانی ئێران، بۆ بەرکەوتنی گەورەترین زیان لێی و وەستاندنی کشانە مرۆییەکە و بەدیهێنانی سەرکەوتنی خێرای سەربازی.



ئەمەش لە گەلێک بۆنەدا لە شەڕەکاندا بەدی هات، بەڕادەیەک زیانەکانی دەگەیشتە ئەوپەڕی، ئەوەبوو ئەم چەکانە لە ماوەی سالآنی شەڕی هەشت ساڵەدا لە شەڕی جیاجیادا بەکارهێنران، بۆ نموونە وەکو: شەڕەکانی هۆڕ حوێزە و فاو لە خواروو، وەلێ ترسناکترینیان بەکار هێنانی چەکی ناوبراو بوو لە دوو ڕۆژی ١٦-١٧ی ئاداری ساڵی ١٩٨٨دا بەسەر شاری هەڵەبجەدا لە کوردستانی عێراق و نێزیکەی ٥ هەزار کەس بوونە قوربانی و دەیان هەزاریش بریندار بوون و گەلێک زیانی مادی لە خانووبەرە و سامانی ئاژەڵی و ژینگە دا، تاکو ئێستا زیان و کاریگەریی داهاتووی لە دەڤەرەکەدا نازانرێن.

پرسیارەکەمان لێرەدا ئەوەیە، سەدام چۆن ئەم چەکانەی دەسکەوت، کە لە لەلایەنی ناودەوڵەتییەوە قەدەغەکراون؟ ئەی ئەو لایەنە دەرەکییانە کێن، کە هانیان دا دژ بەئێران و دژ بەکورد لە کوردستاندا و دژ بەشیعە لە خواروو بەکاریان بهێنێت؟

ئەی ئەو کۆمپانیا بیانییانە کامانەن، کە ئەم چەکانەیان بەڕێژیمی لەناوچوو دا؟

لە شەڕی عێراق _ ئێراندا، کە ئەوپەڕی توندییەکەی لە ساڵی ١٩٨٧دا بوو و بەساڵی یەکلاکردنەوە ناونرا، واتا ساڵی یەکلاکردنەوەی شەڕەکە لەلایەن ڕێژیمی سەدام و هێزە سەربازییەکانییەوە، دەسەڵاتدارانی پسپۆڕی ئیسپانیا لە یەکێک لە فڕگەکانیدا سنووقی گەورەی دارینی دۆزییەوە ئامادە کرابوون بۆ بارکردن لە ڕێگەی ئاسمانەوە بۆ عێراق و ئەم بڕگەیەی لەسەر نووسرابوو:

(مادەی کیمیاویی هاوردە بۆ وەزارەتی قەڵاچۆکردنی مێروو لە عێراقدا).

هەمووان دەزانین وەزارەتێک لە عێراق و هیچ شوێنێکی تردا بەم ناونیشانە نییە، ئەم شتانەش لە کۆمپانیایەکی بیانییەوە گەیشتوونە و بەعێراقیان فرۆشتووە و لە ڕێگە و فڕگە هەمەجۆرەکانەوە گەیشتوونەتە ئیسپانیا، وەکو بەشێک لە پرۆسەی چاوبەستی و ڕێگەگۆڕکێ بەهۆی ئەو کۆت و پێوەندەی زۆرێک لە وڵاتان بەسەر عێراقیاندا سەپاندبوو، بۆ ڕێگرتن لە دانی چەکی کیمیاویی لەناوبەر و قەدەغەکراو لەسەر ئاستی ناودەوڵەتی بە هەردوو لایەنی شەڕەکە. سەدام واژۆنەکردنی عێراقی لەسەر پەیماننانەی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی و ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی بەهەل زانی، هەروەها پێشکێشکردنی تەماحی زۆری مادی بەکۆمپانیا بیانییەکان، کە ئەم مادە قەدەغەکراوانەیان بەڕێژیم دا و سەدان بەکرێگیراوی لە وڵاتانی بیانی و عەرەبی و عێراقی خستبووە گەڕ، جگە لە هەوڵی نهێنیی هەواڵگریی عێراقی و پیاوەکانی و باڵوێزخانە عێراقییەکان لە دەرەوە، لە پێناوی بەدەستهێنانی گشت شتێکی گرینگ نرخەکەی هەرچەندێک بێت بۆ یەکلاکردنەوەی شەڕەکە و بەسەرکەوتن دەرچوونی ڕێژیمی سەدام لەم زەلکاوەدا.

شایانی باسە کۆمەڵگەی ناودەوڵەتی و ژمارەیەک لە دەزگا هەواڵگرییە ناودەوڵەتییەکان پاش ئەوەی دووڕوویی و فێڵبازیی ڕێژیمی سەدام و شێوازە پڕ لە پێچ و پەناکەیان بۆ دەرکەوت، کە لە ماوەی شەڕەکە و دوای ئەوەش بۆ بەدەستخستنی هەموو جۆرە چەکێک دەیگرتە بەر، وەکو

نەبوونی وەزارەتێک بەناوی وەزارەتی قەلاچۆکردنی مێرووەوە، هەروەها ئەو مادە کیمیاوییانەی بەکارهێنانیان دووەمە، سەدام بۆ مەبەستی شەڕ بەکاری هێنان نەک بۆ مەبەستی ئاشتی وەکو بانگەشەی بۆ دەکرد، هەروەها کارێکی وای کرد هەندێک لە هێڵەکانی کارگەی دەرمانسازیی سامەڕا ببێتە شوێنی بەرهەمهێنانی چەکی قەدەغەکراوی ناودەوڵەتی. جگە لەوەی ڕێژیمی ناوبراو بینایەکانی وەزارەتی کشتوکاڵی بەکار دەهێنا، بۆ نموونە بۆ هەڵگرتنی سەدان بەڵگەنامە لەسەر چەکی کۆکوژ و لەناویدا چەکی کیمیاوی، وایشی لە ژێرزەوین و ڕاڕەو و ژووری نەخۆشخانە و بینای قوتابخانەکان و بارەگا سەربازییەکان کرد ببنە کارگە و شوێنی هەڵگرتنی چەکی کیمیاوی و گازی ژەهراوی.

عێراق نەچووە پاڵ (ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەی چەکی کیمیاوی) و مۆری نەکرد، لە ١٢ی فبرایەری ساڵی ٢٠٠٩دا نەبێت، ئەوە بوو چووە پاڵی و لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا بووە ئەندامی ژمارە ١٨٦ لە ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی.

٣

## دابەستنی داوا دژ بەکۆمپانیا بیانییەکان و ئەو کەسانەی لەو تاوانەدا تێوەگلاون

زۆرێک لە ڕووداوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە دەیان کۆمپانیای بیانی دوور لە ڕەوشت و بەها مرۆییەکان و دژ بەیاسای ناودەوڵەتی، ڕۆڵێکی بازرگانییان بینیوە لە ناردنی پسپۆڕی سەربازی و هونەری و چەکی کیمیاوی و گازی ژاراوی بەیۆرانیۆمی پیتێنراو و بەهەر شتێک پیشتگیری ماشێنی شەڕەکانی سەدام و حزبە نازییەکەی ڕێژیمی سەدام بکات، ئەمەش لە بەرابەر پارە و نەوت و شتی تریش. لەو وڵاتانەی یارمەتیی سەدامیان داوە لە بواری پسپۆڕی سەربازی و چەکی کیمیاوی و چەکی کۆکوژی قەدەغەکراو لەسەر ئاستی ناودەوڵەتی لە ماوەی شەڕی عێراق – ئێراندا، هەندێک وڵاتی عەرەبین، بەڵکو نوێنەری وڵاتی کوێتی براماں لە ئەنجوومەنی ئاسایشی ناودەوڵەتیی ئەو کات و دوای لێدانی شاری هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨دا، لە بەرابەر ئەنجوومەنی ناوبراودا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە ڕێژیمی سەدام لە شەڕەکەیدا چەکی کیمیاوی و گازی ژاراوی بەکار نەهێناوە!.

هەروەها سەدام نێرراوی عێراقی بەفەرمی بۆ گەلێک وڵاتی جیهان نارد (لەناویاندا سوێد و بەریتانیا)، تاکو ڕەتی بکەنەوە و ئەستۆی پاک بکەنەوە لە بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو دژ بەدانیشتووانی هەڵەبجە.

ئەم کۆمپانیا بیانییانە لەو وڵاتانەی ناونووس کراون کەمیان تووشی لێپرسینەوەی یاسایی دێن، لەبەرئەوەی یاسای نیشتمانیی وڵاتەکەی پێشێل کردووە، کەچی کۆمپانیا بیانییەکانی تر لێپرسینەوەیان لەگەڵدا نەکرا، یا لەبەرئەوەی ناوەکەی گۆڕیوە، یانیش لەگەڵ کۆتاییهاتنی شەڕی ناوبراودا لە ساڵی ١٩٨٨دا لەناودران، یاخۆ کۆمپانیای وەهمی بوونە، یا لەو کۆمپانیا بەهێزانە

بوونە، کە موڵکی ئەو دەوڵەتەن، کە ئەم چەکانەی بەسەدام دا .

ڕەنگە جێی خۆی بێت ناوی ئەو وڵاتانە بێنین، کە یارمەتیی ڕێژیمی سەدامیان دا چەکی کیمیاوی و دەمامکی لێدانی کیمیاوی و گازی ژاراوی بەدەست و بهێنێت و لە پێشیانەوە کۆمپانیا هۆڵندییەکان، ئەوە بوو یەکێک لە ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی ١٩٩٧دا دەری خست ڕێژەی ٤٠٪ ی مادە کیمیاوییەکان، کە ڕێژیمی سەدام لە ماوەی شەڕی عێراق ئێراندا بەدەستی هێنان، لەم کۆمپانیانەوە بوو، ئەمەش لە ڕێگەی ڕووداوی دادگاییکردنی بازرگانێکی چەکفرۆشی هۆڵندییەوە فرانس ڤان ئەنراتی سەرۆکی کۆمپانیای ئەنرات لە هۆڵندا (بەکرێگیراوی هەواڵگری عێراق)ەوە دەرکەوت، کە لە ٢٣ی دیسەمبەری ٢٠٠٥دا بڕیاری ١٥ ساڵی بەسەردا درا، بەتاوانی ئاسانکاری بۆ ئەنجامدانی تاوانی شەڕ و بەهۆی پێدانی ئەم چەکە بەڕێژیمی سەدام، دەبێ ئەوەش بزانین، کە پاسپۆرتی عێراقیی بەناوی ترەوە جیا لە ناوەکەی خۆیەوە هەبوو، کە لە پاسپۆرتە هۆڵندییەکەی نووسرابوو، لەمەشدا ئافرەتێکی فەڵەستینی یارمەتیی دەدا، ئەویش پاسپۆرتی عێراقیی هەڵگرتبوو، بەو پێیەی هەردووکیان بەکرێگیراوی هەواڵگریی عێراقن.

بەپێی لێدوانەکانی نوێنەری گشتیی داواکردن لە هۆڵەندا، کە لە ماوەی دادگاییکردن لە ساڵی ٢٠٠٥دا دای، ئەوا (فرانس ڤان ئەنرات) لە ڕێگەی هاوبەشە ژاپۆنییەکەیەوە (هیسجیرۆ تاناکا) وە ئەو مادە کیمیاوییانەی لە ژاپۆن کڕیوە، پاشانیش لە وڵاتە یەکگرتووەکانەوە، دواییش لە ڕێگەی دەریاوە ئەم مادانە گواستراونەتەوە، لە بەندەری (ئەنتیرۆب) و (ڕۆتردام)ەوە بۆ بەندەری (ئەلعەقەبە)ی ئوردنی، لەوێشەوە لە ڕێگەی وشکانییەوە بۆ عێراق گواستراونەتەوە.

هەینێ لە کاتی دادگاییکردندا فیلمی هەڵەبجە بۆ ئەم تاوانبارە لێ درا، بەبێدەنگی مایەوە و هیچ پەشیمانی یا هەستکردنی بەکاریگەریی تاوانەکەی پێوە دیار نەبوو.

هەروەها ڕووداوە بڵاوکراوەکانی دادگاییەکە ئاماژە بەوە دەدەن، ناوی تریش هەن لە کەسایەتیی خودان کۆمپانیا هۆڵندییەکان، کە ئەم چەکەیان بەڕێژیمی پێشوو داوە، لەناویاندا ملیۆنێری هۆڵندی هانز میلکەرزی خاوەن گرووپی (میلشیمی)، کە پەین و دەرمانی قەلاچۆکردنی مێروو و نەخۆشیی کشتوکاڵی بەرهەم دەهێنن.

بەپاڵ ئەمانەشەوە (بەپێی زانیاریی بڵاوکراوە) گەلێک وڵات هەن پسپۆڕ، یا مادەی کیمیاویی پێویست بەبەرهەمهێنانی چەکی قەدەغەکراویان بەڕێژیمی سەدام داوە، لەوانە: ئەڵمانیا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەرازیل، ئوسترالیا، میسر، فەرەنسا، سوێد، نێجیریا، پورتوگال، چین، ڕووسیا و کۆریای باشوور (بەتایبەت کۆمپانیای هۆندای)، هەڵبەت دوکتۆر عامر حەمودی ئەلسەعدیی وەزیری پیشەسازی و ڕاوێژکاری سەدام بۆ کاروباری زانستی و عەبدولجەبار عەبدولغەنیی باڵوێزی عێراق لە ئەڵمانیا ڕۆڵی کاریگەریان هەبوو لە بەدەستهێنانی ئەم چەکانە لە کۆمپانیا ئەڵمانییەکان.

شایانی باسە، زۆربەی ئەو کۆمپانیا بیانییانەی مادەی کیمیاوییان بەڕێژیمی سەدام دا، لە

بواری بەرهەمهێناندا کاریان دەکرد، یا ئاڵوویریان لە مەیدانی پەینی کیمیاوی و قەڵاچۆکردنی مێروو و نەخۆشیی کشتوکاڵ و پیشەسازیی کیمیاویدا دەکرد، هەروەها لە بازرگانیی مادەی کیمیاویی ئەوانەی بەکارهێنانیان دوودەمە، کە دەکرێت لە شەڕ و ئاشتیشدا بەکار بهێنرێن، سەرجەم یا زۆربەی زۆری ئەم کۆمپانیایانە دەیانزانی سەدام ئەم مادانە بۆ مەبەستی ئاشتی بەکار ناهێنێت.

پرسیاری گرینگ لێرەدا ئەوەیە: چۆن ئەو داوا یاساییانە بەسەر ئەم ژمارە زۆرە لە کۆمپانیا و لایەنە بیانییانە بجووڵێنرێن؟ ئەو لایەنە تایبەتمەندە کامەیە تەماشای ئەم داوایانە بکات؟

بۆ وەڵامی ئەمە بەپێی بۆچوونی یاساییمان، دەڵێین دابەستنی ئەم داوایانە بەسەر ئەم کۆمپانیایانەدا پێویستی بەمانەی خوارەوەیە:

١- فەراهەمکردنی دیکۆمێنت و بەڵگەنامەی یاسایی لە ناوەوەی عێراق و لەو وڵاتانەی ئەم کۆمپانیایانە کاری تێدا دەکەن.

٢- پێکهێنانی تیمی کارکردن لە پسپۆڕە یاساییە عێراقییەکان، بەتایبەتییش لە هەرێمی کوردستان و بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە حکوومەتی هەرێمدا بۆ پاڵپشتیی پارێزەرەکان، یا ئەو کۆمپانیایانەی کاری پارێزەری دەکەن، لەو وڵاتانەی ئەم کۆمپانیایانەیان تێدان و تۆمەتبارن بەتاوان و داواکە لە بەرابەر دادگەی تایبەتدا دژی دەجووڵێنن.

٣- دەستەبەرکردنی توانای دارایی لە کرێی ماندووبوون و خەرجیی ئەو شارەزاییەی پێشکێش دەکرێ لەگەڵ خەرجییەکانی تر.

٤- داوا لە ڕەهەندی کورد و عێراقی بکرێت، ئەوانەی لە وڵاتانی جیهاندا دەژین چی زانیارییان هەیە سەبارەت کۆمپانیا و کرێگرتە و دەلاڵ و ئەو کەسانەی تێوەگلاون و ئەم زانیارییانە بدرێنە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

٥- چڕکردنەوەی هەوڵی دیبلۆماسی لەلایەن حکوومەتی فیدراڵیی عێراقەوە و هاوکاریکردنی باڵوێزخانە و کونسوڵگەرییەکانیش، تا ئامانج دەپێکێت.

لەلایەکی ترەوە و ئەوی پێوەندە بەدادگە تایبەتمەندەکانی ئەم دۆزانە، ئەوا کاری دادگەی دادی نێودەوڵەتییە، کە بارەگاکەی لە لاهایە لە هۆڵندا، بەپێی دەقی مادەی ٣٤ی سیستەمی سیاسی دادگە، لە چارەسەرکردنی ناکۆکیی نێوان وڵاتەکاندا کورت دەبێتەوە، کە تێیدا هاتووە:

(١- تەنیا مافی وڵاتەکانە ببنە لایەنێک لەو داوایانەی بۆ دادگە بەرز دەکرێنەوە).

لەسەر ئەم بنەوایە ناکرێت ناکۆکییەکە بخرێتە بەردەم دادگەی ناوبراو، مەگەر بەڕێککەوتنی هەردوو وڵاتە ناکۆکەکە پێکەوە، بەو مەرجەی دادگە چارەسەری ناکۆکییەکەیان بگرێتە ئەستۆ.

لەبەر هەندێ عێراق بۆی نییە بەتەنیا داواکە بجووڵێنێت بەسەر هیچ وڵاتێکدا، کە ڕۆڵی هەبووە

لە دانی ئەم چەکانە بەڕێژیمی سەدام، کە لە هەڵەبجە بەکار هێنران، مەگەر بەڕێککەوتنی هەردوو وڵاتەکە، هەروەها ناکرێت داواکە لە بەرابەر ئەو دادگەیەدا بجووڵێنرێت، ئەگەر لایەنی تۆمەتبار وڵاتێکی خودان سەروەری نەبێت، بگرە کۆمپانیایەکی بیانی، یا کەسێکی ئاسایی بێت، وەکو دەڵاڵ و بریکار و بەکرێگیراو، یاخۆ نوێنەری کۆمپانیا بیانییەکە.

لەبەر ئەمە دەبینین ڕێگەی یاسایی و خێرا لە لێپرسینەوەی کۆمپانیاکان و بەدەستهێنانی قەرەبوو، لە گرتنی پارێزەرانە، یاخۆ کۆمپانیای تایبەت بەکاری پارێزەری لەو وڵاتانەی گلاونەتە ئەم تاوانانەوە بۆ داوا بەرزکردنەوە لە بەرابەر دادگەی خۆماڵی و بیانی بەپێی بەڵگە یاساییە فەراهەمەکان، بەو مەرجەی هەماهەنگی هەبێت لە نێوان لیژنەی پسپۆڕە یاساییەکان و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە هەرێمی کوردستان و لە نێوان کۆمپانیاکانی پارێزەری، یا پارێزەرانی ئەو وڵاتانەی ناومان بردن.

شتێکی سروشتییە جووڵاندنی ئەم داوایانە پشتگیرییەکی بەهێزی یاساییان دەبێت، هەروەها داواکردنی قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی دەشێت پارەیەکی گەلێک زۆر بێت، لەبەرئەوەی ئەو زیانانەی بەر شاری هەڵەبجە کەوتن کەم نین، هەروەها لەبەرئەوەی ئەم کۆمپانیا تۆمەتبارانە لەلایەنی داراییەوە پڕن و بنەواکانی بەرپرسیاریەتیی یاساییان دەکەوێتە ئەستۆ، بۆیە شایانی سزا و دانی پارەیە بەزیانمەندان، جگە لە هەستانی بەدابینکردنی چارەسەری پزیشکی و دەروونی بۆ ئەوانەی لە ژیاندان، ئەمەش بەپێی بڕیاری دادگەی تایبەت.

هەروەها لەو باوەڕەداین پاساوی یاسایی و مرۆیی، کە پێویست بەجووڵاندنی داواکان دەکات بەسەر کۆمپانیا و بریکار و دەڵاڵەکان و ئەوانەی تێوەگلاون لە دانی ڕێژیمی سەدام بەچەکی کیمیاوی، کە لەلایەنی ناودەوڵەتییەوە قەدەغەکراوە، لەبەرئەوەی هێشتا گەلێک بەرپرسی ئەم تاوانانە نەبراونەتە بەردەم دادگە و تا ئێستا لێپرسینەوەیان لەگەڵدا نەکراوە، وێڕای بوونی ژمارەیەکی زۆر لە زیانکەوتووان لەناو کوردستان و لە تاراوگە قەرەبوو نەکراونەتەوە.

هەروەها پیسبوونی ژینگە بە مادەی کیمیاوی و مین، پێویستی بەتوانای دارایی و شارەزاییی هونەری هەیە، بۆ چارەسەرکردنی دەبێت (بەپێی یاسای عێراقی و بنەوا ناودەوڵەتییەکان) کۆمپانیا بیانییەکان و وەزارەتی دارایی لە حکوومەتی فیدراڵی عێراق لە ئەستۆی بگرن، بەپێی بەرپرسیاریەتیی لەم تاوانانەدا، کە بەتێپەڕبوونی کات هەر دەمێنن کۆن نابن.

بەڵگەی یاسایی لەسەر بەرپرسیاریەتیی گەنجینەی فیدراڵیی دەوڵەتی عێراق لە قەرەبووکردنەوەی تاوانەکانی ڕێژیمی پێشوو، ئەوەیە گەنجینە پارەی داوە و تا ئێستاش قەرەبووی ژمارەیەک وڵات و کۆمپانیای بیانی و سەدان هەزار کەس دەکاتەوە، لەوانەی لە ئەنجامی داگیرکردنی وڵاتی کوەیت لە ساڵی ١٩٩٠دا لەلایەن ڕێژیمی سەدامەوە تووشی زیان هاتوون، ئەمەش بەپێی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی ناودەوڵەتی و بڕیارەکانی دادگەکانی هەندێک وڵات، وێڕای ڕووخانی ئەو ڕێژیمە و نەمانی حزبی بەعس لە دەسەڵاتدا.

لینکی تایبەت بەباسەکە:

١- ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی OPCW، بارەگاکەی لە لاهایە - هۆڵندا.

ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی بەرهەمهێنان و هەڵگرتن و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و لەناودانی ئەو چەکانە.

www.opcw.org/ar/ chemical- weapons- convention/

هەروەها سەبارەت بەداماڵینی چەکی کیمیاوی و بڵاونەبوونەوەی و هاوکاریی ناودەوڵەتی و جیهانی، بڕوانە:

www.opcw.org./ar/ documrnts- reports/ browse- by- topic/

٢- سیستەمی بنەڕەتیی دادگەی دادی ناودەوڵەتی

www.icg.org/homepege/ar/

٣- لە ئەڵمانیاوە بەتەلەفۆن برایەک لە قوربانییانی چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە پێوەندیی پێوە کردم، ئەویش بەڕێز مەجید حەبیب ئەلتائی بوو، کە عەرەب و خەڵکی شاری ئەلسەدرە لە بەغدا، لە نەیارانی دەسەڵاتی سەدام بوو و لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی شیعەدا بوو، بەرەو ئازادی بۆ کوردستان هەڵاتبوو بەو پێیەی شوێنێکی ئەمینە بۆ عێراقییە ئازادیخوازەکان، چووە شاری هەڵەبجە تا لە ستەمی دەسەڵاتی دیکتاتۆری ڕزگاری بێت، کەچی قەدەر وای هێنا ببێتە شایەتحاڵ لەسەر تاوانەکانی سەدام لە تۆپبارانی هەڵەبجەی شەهید بەچەکی کیمیاوی و گازی ژاراوی و بووە یەکێک لە قوربانییەکانی، تائێستاش لە ساڵی ١٩٨٨وە تا ئەمڕۆ چارەسەر وەردەگرێت، لەناو نەخۆشخانەکانی ئێران و ئەڵمانیا. ئەوی مایەی سەیرە ورەی بەرزە و بیر لە مافە ڕەواکانی ناکاتەوە لە قەرەبووی مادی و مانەوی هێندەی بیرکردنەوەی لە دیکۆمێنتکردنی تاوانەکانی سەدام و حزبە نازییەکەی، وتارێکی نووسیوە و ئەوە دەگێڕێتەوە، کە لە ڕۆژی ١٦-١٧ی ئاداری ساڵی ١٩٨٨دا بەسەریدا هاتووە. دەکرێت بەوردی دۆخەکەی لە ڕێگەی وتارەکەیەوە بزانین بەناوی (کیمیاوی مرد... هێشتا زیندووم)، کە لە چەند پێگەیەک بڵاو کراوەتەوە:

WWW.akhbar. org/wesima articles- 20100126- 84224. html

٤- بۆ پتر ئاشنابوون هەمبەر شەڕی عێراق - ئێران و قەبارەی زیانەکان و لێدانە کیمیاوییەکان و ئەو وڵاتانەی یارمەتیی سەدامیان داوە، بڕوانە کتێبە گرینگەکەی وەزیری بەرگریی میسر: الحرب العراقیة - الایرانیة، المشیر عبدالحلیم ابو غزالة، ١٩٤٤، ص٦، ص٦٠، ص٦٦، ص١٧٢، ص٢٣٩، ص٢٤١، سەبارەت بەبەکارهێنانی گازی ئەعساب و گازی ژاراوی لە لەلایەن عێراقەوە دژ بەهێزەکانی ئێران.

# ئیسلامی فەیلەسووفەکان..
# وێنایان بۆ وەحی و پێغەمبەرایەتی

مونجی لەسوود

### پێگەی فەلسەفە و فەیلەسووفەکان لای موسڵمانان

وەک سەرچاوە مێژووییەکان باسی دەکەن، ئەهلی حەدیس و فەقیهەکان دوژمنایەتییەکی قووڵیان لە ناخی خۆیاندا بەرامبەر فەلسەفە و فەیلەسووفەکان هەڵگرتبوو. ئەوەیش لەو ڕێوشوێنە توندانەدا بەرجەستە دەبێ کە دژیان گرتبوویانە بەر. "هەریەک لە ئیبن سەلاح لە (فەتاوی)ەکەیدا و موسەنیف لە (طبقات)ەکەیدا و چەندان زانای شافیعی، هەروەها ئیبن عەبدولبەڕ و غەیری ئەو لە مالیکی بەتایبەت خەڵکی مەغریب، هەروەها حافز سەراجەدین ئەلقەزوینی و غەیری ئەو لە حەنەفییەکان، ئیبن تەیمیە و غەیری ئەو لە حەنبەلییەکان و زەهەبی لە هەموو دانراوەکانیدا بەئاشکرا لە پلەو پایەی فەیلەسووفەکانیان دابەزاندووە و گێڕانەوە (روایە)کانیان قبووڵ نەکردووە)[١].

هەرچوار مەزهەبە فیقهییە سوننەکە لەگەڵ جیاوازییەکانیاندا، هەموو لەسەر بەخراپدانانی فەیلەسووفەکان و فەلسەفەکەیان یەکدەنگ بوون. بە لای فەقیهەکان و ئەهلی حەدیسەوە فەلسەفە لە زانستەکانی پێشینەکانە (یۆنان) کە پڕ بووە لە پڕوپوچی و گومڕایی، هەر بۆیە ئەو کەسەی بە فەلسەفەوە سەرقاڵ بووبێ بووەتە جێی گومان و دوودڵی، بگرە بە زەندیقی و کوفر و ئیلحاد تۆمەتبار کراوە. هەر بۆیە سەرقاڵبوونی کەسێک بە فەلەسەفەوە بەلای زانایانی حەدیسەوە مایەی پلارتێگرتن و تانەدان بووە لە جێمتمانەیی و رەوشتی.

بەڵام هەندێ جار فەیلەسووفەکان لە کتێبەکانی ئەو زانایانەدا لە پاڵ ئەم وێنە تەڵخەدا کە بەهۆی سەرقاڵبوونیان بە زانستە فەلسەفییە بێزراوەکانەوە، بەتایبەت زانستی ئیلاهیات و مەنتیق، کە بەلای ئەهلی حەدیسەوە لە بێزراوترین زانستە فەلسەفییەکان بووە، وێنەیەکی

................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور

درەوشاوەیشیان پێ دراوە لەو کاتەی بە زانستە شەرعییەکانەوە سەرقاڵ بوون. زەهەبی ئاخ و ئۆف بۆ ئیبن حەزم هەڵدەکێشێ بەهۆی ئەوەی کتێبێکی داناوە تێیدا هانی فێربوونی (مەنتیق)ی داوە، کەچی پیرۆزبایی بێزراندن و سووتاندنی کتێبەکانی بەو هۆیەوە دەکات. تەنانەت غەزالی خۆیشی کە بەهۆی ڕەخنەی توندی لە فەلسەفە ناونراوە (حجە الاسلام)، لە سەرزەنشتکردن دەربازی نەبووە هەر لەبەرئەوەی ماوەی کەمتر لە دوو ساڵ سەرقاڵی خوێندنەوەی زانستەکانی فەلسەفە بووە، دوای ئەوەیش لێی تێ گەیشت بۆ ماوەی نێزیکەی ساڵێک بیری لێ کردووەتەوە، لێی راماوە و بەدوای خڵتە و کەلەبەرەکانیدا گەڕاوە، تا لە ئەنجامدا ئەو (فریودان و چەواشەکردن و بەخەیاڵدا بردن)ەی ئاشکرا کردووە کە تێیدایە[٢].

لەگەڵ ئەوەیشدا زەهەبی ڕەخنە لە غەزالی دەگرێ بەوەی (زانستەکانی فەلسەفەی خوێندەوە پێش لەوەی لە هونەرەکانی ئوسوڵدا قووڵ ببێتەوە، هەر بۆیە فەلسەفە بوێرییەکی لەسەر واتاکان و بەئاسانی هێرشکردنە سەر ڕاستییەکان پێ دا، لەبەرئەوەی فەیلەسووفەکان شتی وا بە خەیاڵیاندا دێت و دەچێ کە شەرع قبووڵی ناکات)[٣].

ڕەنگە هۆکاری ڕەخنەگرتنەکەی لە غەزالی ئەوە بووبێ کە غەزالی لە کتێبی (معيار العلم في فن المنطق)دا پێی وابووە مەنتیق، هەروەکو ماتماتیک، نە بە نەفی و نە بە ئیسپات خۆی لە قەرەی ئاین نادات، غەزالی دەڵێ (هەرچی بابەتەکانی زانستی مەنتیقە نە بە نەفی نە بە ئیسپات هیچ پێوەندییەکیان بە ئاینەوە نییە، بگرە مەنتیق تەنیا سەیرکردنی ڕێگەکانی بەڵگە و پێوەرەکان و مەرجەکانی پێشەکییەکانی بەڵگە و چۆنیەتیی ڕێکخستنیان و مەرجەکانی سنووری ڕاست و چۆنیەتیی ڕێکخستنی ئەو سنوورەیە... ئەمەیش هیچ شتێکی تێدا نییە کە پێویست بکات سەرزەنشت بکرێ)[٤]. زانستی مەنتیق یان (زانستی تەرازوو) وەک تەهانەوی ناوی ناوە، لەو زانستانە بووە کە لەلایەن فەقیهەکان و ئەهلی حەدیسەوە زۆرترین سەرکۆنە کراوە، لەبەرئەوەی شتە مەعقولەکان بابەتی مەنتیق بوون و لە ڕاستی و ناڕاستی و هێز و لاوازیدا مەحەک و پێوەری هەموو زانستەکان بووە. ئەم زانستە چەندە لای فەیلەسووفەکان خۆشەویست بووە هێندە لای ئەهلی حەدیس بێزراو بووە. ئەگەر فارابی مەنتیقی بە (سەرۆکی زانستەکان) و ئیبن سینا بە (خزمەتکاری زانستەکان)یان داناوە و ئەگەر غەزالی پێی وایە هەر کەس شارەزای مەنتیق نەبێ ئەسڵەن ناتوانێ لە زانستەکاندا شارەزا بێ، کەچی فەقیهەکان لە بۆسەدا بوون بۆ هەر کەسێک خوازیاری ئەو زانستە بووبێ یان بایەخی پێ دابێ.

بەڵام خاوەنی (كشف الظنون) پێی وا بووە ئەم ڕق و کینە توندە بەرامبەر (مەنتیق) بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە: یان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو کەسەی ڕەتی دەکاتەوە لێی تێ نەگەیشتووە و لە سوودەکانی بێ ئاگایە، یان هۆکارەکەی ئەوەیە خەڵک وا گومان دەبەن مەنتیق بڕوای خەڵک تێک و پێک دەدات، ئەوەیش هەمان بۆچوونی غەزالییە کە دەڵێ "ئەو مەنتیقەی نە بە نەفی و نە بە ئیسپات خۆی لە قەرەی مەزهەبەکان نادات، ئەگەر وترا ئەوە لە زانستەکانی فەیلەسووفە مولحیدەکانە سروشتی ئەهلی دین لێی دەتەکێتەوە)[٥].

دەکرێ ئەم بێزاری و لێ خوێندنە لە مەنتیق بگێڕینەوە بۆ سروشتی پێوەندیی مەنتیق بە زانستەکانی حەدیسەوە، مەنتیق بە حوکمی ئەوەی بەگوتەی حاجی خەلیفە پێوەری بڕیاردانە لەسەر هەموو زانستەکان لە دروستی و نادروستی و بەهێزی و لاوازیدا، ڕەنگە گەورەترین هەڕەشە بێ لەسەر ئەو زانستانە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیانەوە، چونکە (مەنتیق)ی نەقڵیی ئەو زانستانە لەگەڵ مەنتیقی فەلسەفیدا کە لەسەر بەڵگە دامەزراوە، ناگونجێ.

ئەمانە بەشێکن لەو هۆکارە زۆر و زەبەندانەی کە دەکرێ لە ڕێیانەوە لە نهێنیی ئەو نەیارییەی فەقیهەکان و ئەهلی حەدیس بۆ مەنتیق بەشێوەیەکی تایبەتی و فەلسەفە بەشێوەیەکی گشتی تێ بگەین و وێنای قەبارەی ئەو ڕەفزە بکەین کە دەگاتە ئاستێک ئیبن سەلاح (لە ٦٤٣ ک مردووە)، فتوایەک دەربکات و فەلسەفە بە بناخەی گەوجی و بێڕەوشتی و کەرەستەی سەراسیمەیی و گومڕایی و سەرچاوەی بێبڕوایی و زندیقی دابنێ، هەروەها بڵێ (هەر کەس بفەلسەفێنێ، چاوی لە ئاست جوانییەکانی شەرعەتدا کوێر دەبێ، هەر کەس بەرگی فەلسەفە بپۆشێ رسوایی و بێبەشی بەشی دەبن، شەیتان بەسەریدا زاڵ دەبێ و دڵی لە پێغەمبەرایەتیی محەمەد (د.خ) تاریک دەکات، بۆیە ئەرکی سوڵتانە خراپەی ئەوانە لە موسڵمانان دوور بخاتەوە، لە فێرگەکان دەریان بکات و دووریان بخاتەوە)[٦].

لێرەدا دەگەینە مەترسیدارترین هۆکار لە پشت ڕەتکردنەوەی فەقیهەکان بۆ فەلسەفە، ئەویش بریتییە لە ململانەی سیاسیی نێوان هەردوولا، کە پێمان وایە ئەمە لە گرینگترین هۆکارەکانە کە خۆی لە پشت هۆکارەکانی ترەوە حەشار داوە. بۆ ڕاستیی ئەم بۆچوونە ئەوەندە بەسە بگەڕێینەوە بۆ ئەو بەسەرهاتەی ئیبن کەسیر تۆماری کردووە[٧]، کە دەگێڕێتەوە لە ساڵی ٥٩٥ ک ئاشوبێکی گەورە لە ناوچەی خوراسان رووی دا کاتێ شا غەیاسەدینی غوری خاوەنی غەزنە ویستی وەک ڕێزنانێک لە فەخرەدینی رازی (فەیلەسووف و موفەسیر) قوتابخانەیەکی بۆ دروست بکات، خەڵکی غەزنە رقیان لە رازی هەڵگرت و پاڵەپەستۆیان خستە سەر شا، ئەویش ناچار فەرمانی دا رازی لە وڵات دوور بخرێتەوە.

گرینگترین شت لەم ڕووداوەدا ئەوەیە چەندان گرووپ و مەزەبی ناکۆک لە دژی رازی هاوپەیمانییان بەست، لە کەرامیە و فەقیهەکانی حەنەفی و شافیعی و واعیزەکان و هەندێ لە پیاوماقوڵەکان، ئەمە جگە لە ڕەشە خەڵکەکە. ئەوانە وێڕای جیاوازییان لە چەندان پرسی جەوهەریدا کە پێوەندییان بە لایەنی عەقائیدییەوە هەیە، کەچی هاوپەیمانییەکی وا بەهێزیان پێک دەهێنا کە ئەستەم بوو فەیلەسوف بتوانێ خۆی لە بەردەمدا رابگرێ، بگرە بۆ سوڵتانیش ئەستەم بوو پلەپەستۆکانیان نادیدە بگرێ و ملکەچی داواکارییەکانیان نەبێ.

ئەمە وێنە تاریکەکەی فەیلەسووفە موسڵمانەکانە لای فەقیهەکان و ئەهلی حەدیس، بەڵام کتێبەکانی ژیاننامەکان (التراجم) وێنەیەکی تریشیان بۆ ئەو فەیلەسووفانە پێشکێش کردووە، کە بەبەراود بە وێنەی یەکەم وێنەیەکی پرشنگدارە، لەبەرئەوەی لەم بەشەدا سیفەتەکانی کوفر و زەندەقە و ئیلحاد بزر دەبن و سیفەتەکانی ڕێز و پیاهەڵدان جێیان دەگرنەوە، وەک ئەوەی غەزالی

به (حجـه الاسلام) دانراوه کـه له سـەرەتای پێنجـەمـین سـەدەدا هاتووه بۆ نوێکردنەوەی ئاین بۆ ئومـەتی ئیسـلامی، هـەروەها ئیبن روشـد بـه (قـازیی جـەمـاعـە) و ئەبوبەکر ئیبن ئەلسـائیغـیش بـه (فـەقیه) وەسف کراون.

## فەیلەسوفەکان و رەشەخەڵک (عامه)

ئەگەر فـەقیهەکان و ئـەهلـی حەدیس و موتەکەلیمـەکان دوژمنـی راستـەقینەی فەیلەسووفـەکان بوون، بەڵام ئـەوانه نەیانتـوانیـوه بـەسـەریاندا زاڵ بن لە رێـی تێـوەگـلاندنی رەشــەخـەڵکەوە نەبێ لە ملـمـلانـەکـەدا، تا بەهـۆی ئەوانەوە ملـمـلانەکـە لە بەرژەوەندیی خـۆیان یەکـلا بکەنەوە، زۆرجـار هـەڵگرانی رۆشنبیریی کلاسیکی بەهۆی رەشەخەڵکەوە سـەرکەوتنی گەورەیان دژی فەیلەسووفەکان بەدەست هێناوە، هـەر بۆیـه فەیلەسـووفـەکانیش هـەوڵیان داوه بە شـێوازی جۆراوجـۆر رووبەڕوویان ببنەوه.

هـەروەها فـەیلەسووفـەکان زۆرجار تا رادەیەکی زۆر بە چاوی سووک سـەیری رەشـەخـەڵکەکەیان دەکرد و فـەرامـۆشـیـان دەکردن، ئیبن سـینا ناوی نابوون (گـەوجـەکـان) و پێی وابـوو چارەنووسی ئەوانه لـە دوارۆژدا هـەمـان چارەنووسی منداڵانە کـە لە نێـوان خـۆشـبـەخـتـی و بەدبەخـتـیـدا بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە. ئیبن روشد ناوی نابوون (منداڵه گەورەکان). ئەم گوێپێنەدانە تەنانەت لە ناونیشـانی کتێبـەکانیشـیانەوه دیاره، وەک کتێبی (الجام العوام عن علم الکلام)ی ئیبن روشد و کتێبی "المضنون به علی غیر اهله" کە دراوەته پاڵ ئەبوحامیدی غەزالی.

ئیبن روشد زۆرترین بایەخی به جیاکردنەوه و پۆلبەندیکردنی خەڵک بۆ گشتی و تایبەت داوه، لە چەندان بۆنەدا باسـی لـەوه کـردووه کـە خـەڵک لە ئـاسـتـەکـانی وەرگـرتنی زانسـتـدا جـیـاوازن، (هـەندێکیان بە بەڵگە باوەڕ دەکەن، هەندێکیان بەقەدەر باوەڕی بەڵگەییەکان بە بەڵگەکان باوەڕیان بە قسـه جـەدەلییـەکان هەیە، چونکە سروشـتـیـان بەو شـێـوەیە، هەندێکیـشـیـان باوەڕ بە قسـه خیـتـابییـەکان دەکەن وەک باوەڕکردنی خـاوەن بەڵگە بە قسـه بەڵگەییـەکان[8]. بەڵگەیشی بۆ ئەو پۆلبـەندییـە ئایەتی ژمـاره ١٢٥ی سـورەتـی نەحله (ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ }النحل/١٢٥)".

بە بۆچوونی ئیبن روشـد حیکمـەت بۆ فـەیلەسـووفـەکانە، ئامـۆژگـاریی دروست بۆ رەشـەخـەڵک و جەدەلیش بۆ ئەهلـی جەدەله، کە موتـەکەلیمەکانن. بەڵام ئیبن روشد مـوتەکەلیمـەکان بە زانا دانانێ لەبەرئەوەی زانیارییـەکانیـان زانیاریی گومـانهەڵگر (ظني)یە، بۆیە ئەو پێی وایه خەڵک دەبن بە دوو بەشەوە: بەشـێکیان بۆ زانینی راسـتیی شتـەکان ساز و گونجاون، ئەمانەیش باشترین جۆرەکانی خـەڵکن کە پێیـان دەوترێ ئەهلی تەئویل، یـان ئەهلی تێڕوانین، یـان بەڵگەیی (برهانی)یـەکان، یان زانایان یان ئەوانەی لە زانستدا قووڵ بوونەتەوه.

هـەرچی جـۆری دووەمـە، ئەوانه هەمـوو خـەڵک یان زۆرینـەی خـەڵک (جـمـهـور) و هـەر کـەسـێ

دەگرێتەوە کە لە پایەی ئەوانەی سەرەوەدا نییە و لە ئەهلی زانست نین، بەوانەیشەوە کە ئەهلی جەدەلن واتە موتەکەلیمەکان[9].

لەسەر بناخەی ئەم پۆلبەندییە ئیبن روشد وێنا (تصور)ی خۆی بۆ شەریعەت دادەمەزرێنێ، ئەو شەرعی بە دوو وێنە هێناوە، وێنەیەکی رواڵەتی (ظاهري) کە هەموو خەڵک تێی دەگات، بگرە پێویستە رەشەخەڵک ناچار بکرێ بەو شێوەیەی کە هاتووە شوێن بکەوێ.

هەروەها وێنەیەکی ناوەکی (باطني) کە هەموو خەڵک تێی ناگەن، بگرە تایبەتە بە ئەهلی بەڵگە، ئەوانیش فەیلەسووفەکانن کە لەرێی تەئویلەوە پێی دەگەن.

ئیبن روشد لە رێی میکانیزمی تەئویلەوە خەڵکی بۆ (تایبەت) و (گشتی) دابەش کردووە، پێی وایە زانینی راستیی شەرع تایبەتە بە ئەهلی زانستەوە ئەویش بەپێی ئایەتی (هُوَ الَّذِيَ أَنزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُّحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ فَأَمَّا الَّذِينَ في قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاء الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاء تَأْوِيلِهِ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلاَّ اللّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِّنْ عِندِ رَبِّنَا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلاَّ أُوْلُواْ الألْبَابِ }آل عمران/٧). بەو واتایەی ئەوانەی لە زانستدا قووڵن لە زانینی تەئویلی شتە نارِوونەکان (متشابهات)دا لەگەڵ خوادا هاوبەشن. ئەمە بەنیسبەت خوێندنەوەی ئەهلی زانست بۆ ئایەتەکە کە (الراسخون في العلم) بە تەواوکەری (الا الله) دادەنێ و بەو پێیەش ئەو بەشەی ئایەتەکە بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە (وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلاَّ اللّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ) واتە تەنیا خوا و ئەوانەی لە زانستدا قووڵ و پسپۆڕن تەئویلی ئەو ئایەتە نارِوونانە دەزانن.

بەڵام بۆ رەشەخەڵکەکە دەبێ ئایەتەکە بەو شێوەیە بخوێنرێتەوە (وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلاَّ اللّهُ) و لەوێدا بوەستین و (الراسخون في العلم)ەکە وەک رستەیەکی سەربەخۆ لەگەڵ پاشماوەی ئایەتەکەدا بخوێنرێتەوە، بەم شێوەیە: (وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِّنْ عِندِ رَبِّنَا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلاَّ أُوْلُواْ الألْبَابِ)، بەو پێیەش واتای ئایەتەکە ئەوە دەبێ کە (تەنیا خوا تەئویلی ئەو ئایەتانە دەزانێ، ئەوانەیش لە زانستدا قووڵن دەڵێن باوەڕمان پێ هێناوە..).

ئیبن روشد دوای قەدەغەکردنی رەشەخەڵک لە تەئویل، خۆی لە بەرگی بەرگریکار لەواندا خۆی نیشان دەدات، ئەویش لە رێی تەکفیرکردنی هەر کەسێک لە ئەهلی تەئویل کە راستییەکانی تەئویل (واتە ئەو راڤانەی بە تەئویل پێیان گەیشتووە) بۆ رەشەخەڵک بدرکێنێ. ئەو دەڵێ "تەئویلکردن بۆ ئەو خەڵکەی باوەڕیان بە واتای رواڵەتی هەیە هەیە کوفرە، لەبەرئەوەی دەبێتە هۆی کوفر، بۆیە هەر کەس ئەوەی بۆ ئاشکرا بکات ئەوە بانگی کردووە بۆ کوفر، هەر کەسێکیش بانگ بۆ کوفر بکات کافرە".[10]

ئامانجی ئیبن روشد پاراستنی رەشەخەڵکە لە بێباوەڕی و کوفر، جارێک بە پابەندکردنی بە رازیبوون بە رواڵەتی شەرع، جارێکیش بە پابەندکردنی بە خوێندنەوەیەکی تایبەت بۆ دەقی قورئانی، بگرە ئەو لەسەر دەسەڵاتی سیاسی پێویست کردووە کە رەشەخەڵک لە خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی ئەو جۆرە مەعریفە تەئویلییەیان تێدایە قەدەغە بکات، هەروەک لەسەر ئەهلی تەئویلی پێویست کردووە ئەو خوێندنەوانە تەنیا لەو کتێبانەی بورهاندا تۆمار بکەن کە رەشەخەڵک ناتوانن

دەستیان بیانگاتێ.

هەروەها دەتوانین لەژێر رۆشنایی پێوەندیی فەیلەسووفەکان بە رەشەخەڵکەوە تەفسیری ئەم حاڵەتە بکەین، ئیبن روشد دەیویست لە رێی بانگەشەکردن بۆ ئەو جۆرە رێوشوێنانە پارێزگاری لە خۆی بکات، لەبەرئەوەی هەستی بە مەترسیی ئەو توێژە لە خەڵک لەسەر خەمە فەلسەفییەکانی و لەسەر ژیانیشی دەکرد، هەروەها ئاگای لە رادەی ئەو رقە هەبووە کە رەشەخەڵک لە دڵیاندا بەرامبەر فەیلەسووفەکان و فەلسەفەکەیان هەڵیان گرتووە، ئەویش بەهۆی هاندانیان لەلایەن فەقیە و موتەکەلیمەکانەوە، هەر بۆیە هەندێ جار رەخنەکانی لە غەزالی توند بوون، هەروەها ئەوەی روون کردووەتەوە کە غەزالی هەڵەی کرد کاتێ کتێبی ناماقووڵیکردنی فەیلەسووفەکان (تهافت الفلاسفة)ی لە بەرچاوی رەشەخەڵک دانا، چونکە تێیدا لە دەرگەی هەندێ بابەتی ئیلاهی داوە، کە زۆر دوورە عەقڵی رەشەخەڵک لێی حاڵی بێن، بگرە ئیبن روشد غەزالی بە بەدڵڕاگرتنی ئەو توێژە تۆمەتبار دەکات، بەوەی ئەو کتێبی (تهافت الفلاسفة)ی تەنیا بۆ رازیکردنی ئەوان داناوە، هەر بۆیە ئیبن روشد ناوێکی نوێی لەم کتێبە نا راستترین ناو بۆ ئەم کتێبە ئەوەیە ناوبنرێ کتێبی (ناماقووڵیکردنی رەها) یان (ناماقووڵیکردنی ئەبوحامید) نەک (ناماقووڵیکردنی فەیلەسووفەکان)[11].

بەڵام هێرشی ئیبن روشد بۆ سەر رەشەخەڵک لەو کاتەی خۆری زانستەکانی فەلسەفە روو لە ئاوابوون بوو، ئەوی نەپاراست، لەبەرئەوەی بەهۆی پاڵەپەستۆی رەشەخەڵک لەسەر دەسەڵات و بە فیت و هەڵنانی فەقیهەکان ئیبن روشد دوور خرایەوە.

وێڕای رەخنەکانی ئیبن روشد لە غەزالی، غەزالی خۆیشی بەئاگا بوو لە پێویستیی دوورخستنەوەی رەشەخەڵک لە زانستەکانی فەلسەفە، لەبەرئەوەی روونی کردبووەوە کە هەندێ لە رەشەخەڵک (ئەوەی فەیلەسووف دەیڵێ بە نکۆڵی لێکردن وەڵام دەداتەوە... شێوازی عارفیش ئەوەیە کە چاوپۆشی لێ بکات، بگرە هیچ نهێنییەکی خۆی بۆ نەدرکێنێ، چونکە ئەوە بۆ ئەو سەلامەتترە و زیاتر لە غەڵبەغەڵبی نەفامەکان دەبرێ، مەرج نییە هەر شتێک بینرا بگوترێ، بگرە سینەی ئازادەکان گۆڕی نهێنییەکانە)[12].

### وێنای فەیلەسووفەکان بۆ وەحی و پێغەمبەرایەتی

بەپێی کتێبەکانی ژیاننامەکان ئەو فەیلەسووفانەی لەسەر ژیاننامەکانیان وەستاین لە تەمەنێکی بچووکدا قورئانیان لەبەر کردووە، هەر بۆیە شتێکی سروشتییە کە بایەخ بە لێ تێگەیشتنی بدەن، بیر لە سەرچاوەکەی بکەنەوە، وەک مەعریفەیەک لە سەرچاوەکەی بکۆڵنەوە. ئەوەیش لە نووسینە جۆراوجۆرەکانیاندا دیارە، کە چەندان فەسڵیان تەرخان کردووە بۆ راڤەکردنی دیاردەی وەحی و سروشتی پێغەمبەرایەتی و زەرورەتە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکەی. هەروەک هەوڵیان داوە ئەرک و بەرپرسیارییەتییەکانی پێغەمبەر بەرامبەر ئەو مەعریفەیەی وەری دەگرێ و بەرامبەر ئەو رەشەخەڵکەی ئەو مەعریفەیەی پێ رادەگەیەنێ، هەروەک نووسینەکانیان تەفسیری فەلسەفی بۆ

ژمارەیەک لە ئایەتەکانی قورئان تێدایە، ئەمە جگە لە تێگەیشتنی تایبەتیان بۆ هەندێ لە حەدیسەکان.

## چەمکی وەحی

لە (لسان العرب)دا هاتووە: (الوحی) واتە ئاماژە و نووسین و پەیام و ئیلهام و قسەی نهێنی. برێتییە لە ئاگەدارکردن بە نهێنی. نیگا یاخۆ وەحی ناو نراوە (وەحی)، لەبەرئەوەی فریشتە لە ئادەمیزادەکانی شاردووەتەوە و تایبەتی پێغەمبەری کردووە، پێ راگەیاندن لە رێی وەحییەوە زۆر بەخێرایی روو دەدات. لەسەر بناخەی ئەم پێناسەیە دەتوانین بڵێین (وەحی پرۆسەیەکی پێ راگەیاندنە، لایەنەکانی برێتین لە خوا (بنێر) و پێغەمبەر (بۆ نێردراو) و فریشتە (ناوەند)، ناوەڕۆکەکیشی کۆمەڵێک زانیارییە. ئامانجیش گواستنەوەی ئەو زانیارییانەیە بۆ مرۆڤ لە رێی پێغەمبەرەکانەوە بەئامانجی هیدایەتدان و رۆشنکردنەوەی رێگە بۆیان).

ئەم پێناسەیە لەو دەقە قورئانیانەدا هەیە کە رەگی (و، ح، ی)یان تێدایە[١٣]. ئەم رەگە بە دارشتەی جیاواز هاتووە گرینگترینیان لە حاڵەتی فرماندایە و بەزۆری دراوەتە پاڵ زاتی ئیلاهی (اوحی، اوحیت، اوحینا)، بەم پێیەش وەحی واتای گەیاندنی پەیام، یان هەواڵدان لەبارەی غەیب، یان فەرمان پێکردنە. وەحی بۆ کراویش یان پێغەمبەرێکە (ئیبراهیم، مووسا، عیسا ...)، یان زیندەوەرێکە (هەنگ...)، یان دروستکراوێکی ترە (ئاسمان...)، هەروەها هەندێ جار کردارەکە دراوەتە پاڵ شەیتانەکان و بێ بڕواکان، بۆیە لەم بارەدا وەحییەکە بە درۆ و قسەی رازاوە وەسف دەکرێ[١٤] و دژ بە وەحیی یەکەمە کە لە خواوەیە.

کتێبەکانی حەدیسیش خاڵی نەبوون لە بابەتێ تایبەت بە وەحی، بۆ نموونە بوخاری لە سەحیحەکەیدا سەرباسێکی تەرخان کردووە بەناوی (كتاب بدء الوحي). کە ژمارەیەک حەدیسی تێدایە باس لە چۆنیەتیی روودانی ئەم جۆرە مەعریفەیە دەکەن و ئەو حاڵەتە دەروونییانەی بەسەر وەحی بۆهاتوودا دێن، کە لە نێوان خەو و بێداری، ئاگایی و نائاگایی، ترس و دڵنیایدایە.

ئەدەبیاتە ئیسلامییەکان بایەخی زۆریان بە شیکردنەوەی ئەم دیاردەیە داوە بەتایبەت ئەوەی پێی دەوترێ حەدیسی دەستپێکردنی وەحی و بە دوور و درێژی باس لە سروشتی سەیر و سەرسوڕهێنەری ئەم پرۆسە مەعریفییە دەکەن کە پێغەمبەران ئامادە دەکەن تا بتوانن لە راستییە غەیبیەکاندا زانا بن، ئیبن خەلدون لە میانی باسکردنی ئەو جۆرە مرۆڤانەی غەیب دەزانن، پوختی کردووەتەوە (نیشانەی ئەم جۆرە ئادەمیزادە ئەوەیە لە حاڵەتی وەحیدا لە خەڵکانی دەوروبەریان دادەبڕێن لەگەڵ پەشۆکاوییەک وەک ئەوەی لە حاڵەتی لە هۆش خۆچووندا بێ، بەڵام هیچ لەوانە نییە، بگرە لە راستیدا رۆچوونیەتی لە دیداری فریشتە روحانییەکەدا بەو هەستکردنە گونجاوەی کە بەتەواوی لە دەرەوەی هەستیپێکردنی مرۆڤەوەیە، ئەنجا ئەو حاڵەتە بۆ بازنەی هەستکردنی مرۆڤ دادەبەزێ یان لە رێی دەنگێکەوە کە لێی تێ دەگات، یان لە شێوەی کەسێکدا بەرجەستە دەبێ و لەبارەی ئەوەی خوا بۆی ناردووە قسەی لەگەڵدا دەکات، ئەنجا ئەو حاڵەتە لەسەری

دەرەویتەوە و هەست دەکات ئاگای لەو شتە بووە کە پێی گوتراوە).

لە چوارچێوەی بایەخدانی روو لە زیاد بە دەقە پیرۆزەکان یان لە چوارچێوەی مێژووی بەراوردکاریی ئاینەکاندا، زۆر لە توێژەران هەوڵیان داوە لەم دیاردەیە (واتە وەحی) بکۆڵنەوە. (لەم رووەوە دەتوانی سەیری کارەکانی محەمەد ئەرەکۆن بکەیت).

هەرچی فەیلەسووفە موسڵمانەکانن ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان هەوڵیان داوە لەم بابەتە ورد ببنەوە و تێڕوانینەکانیشیان لە نێوان لاساییکردنەوە و ناسکیدا بووە. بەڵام ئەوەی لەو تێڕوانینەدا بەلامانەوە گرینگە بایەخ و تایبەتمەندیی ئەو چوارچێوەیەیە کە تێیدا مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە پرسانەدا دەکرێ.

بێگومان گوتاری فەلسەفی هەندێ شتی هەیە کە لە گوتارەکانی تری جوێ دەکاتەوە. گوتاری فەلسەفی گوتارێکە لافی مەعریفەداری لێ دەدات. ئەگەر فەلسەفە بەپێی گوتەکەی لویس غاردیە پاشای ناوچەی فیکر بێ، ئیدی بۆچی باس لە جۆری تری مەعریفە بکرێ؟ بە بڕوای فەیلەسووفە موسڵمانەکان وەحی چۆن روو دەدات؟ ناوەڕۆکەکەی چییە؟ جیاوازی چییە لە نێوان پێغەمبەر و فەیلەسووفدا و لە ژێر رۆشناییی ئەو جیاوازییەدا چ پێوەندییەک لە نێوان فەلسەفە و شەریعەتدا هەیە؟

کاتێ دەتوانرێ وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە، کە ئەو سیاقە دیاری بکەین کە تێیدا دەست بۆ ئەم پرسە ئاینییە براوە وەک بابەتێک بۆ گوتاری فەلسەفی لای فەیلەسووفە موسڵمانەکان، لەبەرئەوەی قسەکردنی ئەوان لەبارەی وەحییەوە لە زۆربەی کاتدا لە چوارچێوەی ئەو ئاراستە ئیمانییەدا بووە کە پێوەی ناسراون، ئەوەیش شانبەشانی رەوتە عەقڵانییەکەیان بووە لە پەسەندکردنی شتەکان و هەوڵدان بۆ لێ تێگەیشتنیان. دەتوانین بە روونی ئەوە تێبینی بکەین کە باسکردن لە پرسەکانی وەحی و پێغەمبەرایەتی و پێغەمبەر لە چوارچێوەی قسەکرندا بووە لە (مەعریفە و رێبازەکانی)، یان ئەوەی کە دەکرێ ناوی بنێین (تیۆری مەعریفە لای فەیلەسووفە موسڵمانەکان)، یان لە چوارچێوەی بەراوردکردنیان لە نێوان زانستی خوا و زانستی مرۆڤدا، یان لە سیاقی سەلماندنیان بۆ بوونی ئەم دیاردەیە لە رێی میتۆدی بورهانییەوە کە پشت بە بەڵگە عەقڵییەکان دەبەستێ و دەتوانێ ببێتە بەربەست لە بەردەم گومانی گومانکاران لە بوونی پێغەمبەران، لەوانەی جگە لە عەقڵ دان بەهیچ رێگەیەکی تر بۆ زانینی حەقیقەتدا نانێن.

با لە کندییەوە دەست پێ بکەین. کندی مەعریفە دەکات بە دوو بەشەوە: مەعریفەی یەزدانی و مەعریفەی ئادەمی. روونی کردووەتەوە کە مەعریفەی ئادەمی بۆ ناسینی راستی گرینگە، گەیشتن بە راستیش بە بەردەوامیی داواکردنی دەبێ، ئەویش بە قووڵبوونەوە لە دیراسەکردنی زانستە عەقڵییەکان، کە گرینگترینیان مەنتیق و ماتماتیکە، بەرهەمی ئەم زانستەیش دوای کۆشش و لێزانی و خۆماندووکردن دەبێ لە داواکردنیدا.

بەڵام مەعریفەی یەزدانی پلەی لە مەعریفەکەی پێشوو بەرزترە و کندی ناوی ناوە (زانستی

جەوهەرەکان) کە بەدەستهێنانی پێویستی نە زۆرلەخۆکردن و بە لێزانیی مرۆڤ و نە بە کاتێک هەیە، لەوانەیش وەحی (زانستی پێغەمبەران) کە خوا تایبەتی کردووە بە پێغەمبەران.

کندی لە پێناسەی ئەم زانستەدا دەڵێ (زانستی یەزدانی پێوەندی بە داواکردن و زۆرلەخۆکردن و بەدواداگەڕان و هیچ حیلەیەکی ماتماتیکی و مەنتیق و کاتێکی دیاریکراو نییە، بگرە تەنیا بە ئیرادەی خوای بەرز و باڵاوە پێوەستە، ئەویش بە پاڵفتکردنی دروونەکانیان و رۆشنکردنەوەی بۆ راستی لە رێی پشتگیریکردن و رێنوێنیکردن و ئیلهام بۆ ناردن و پەیامەکانییەوە، ئەم مەعریفەیە تایبەتە بە پێغەمبەران، سڵاوی خوایان لێ بێ).

کندی ئایەتەکانی ٧٨-٨٣ی سوورەتی (یس)[١٥] دەکاتە بەڵگە بۆ ئەو توانا سەیرە لە پێدانی ئەو مەعریفەیە بە پێغەمبەران و جەخت لەوە دەکات کە ئەو ئایەتانە بەڵگەن لەسەر بوونی شتێک لە هیچ شتێک، ئەوەیش لە توانای فەیلەسووفدا نییە بەو شێوازە بەڵگەی لەسەر بێنێتەوە. فەیلەسووف ناتوانێ "لە وتەیەکدا کە ژمارەی پیتەکانی بەقەدەر ژمارەی پیتەکانی ئەو ئایەتانە بێ، هێندە زانستی سەرچاوە گرتوو لە عەقڵی هەمەکی (کلی) کۆ بکاتەوە کە خوای گەورە بۆ پێغەمبەرەکەی کۆ کردووەتەوە"، هەر بۆیە عەقڵی فەیلەسووفەکانی ناوناوە عەقڵە بەشەکی (جزئی)ەکان.

ئەگەرچی فارابیش هەمان دابەشکردنی بۆ مەعریفە کردووە، بەڵام وردەکاریی زیاتری لەبارەی چۆنیەتیی روودانی وەحی باس کردووە. ئەو باسی لەوە کردووە کە مەعریفە لە دوو رێگەوە دەست دەخرێ: رێگەی عەقڵ و رێگەی وەحی، بەڵام ئەم دوو رێگەیە لە کۆتادا لە خاڵێکدا بەیەک دەگەن. مرۆڤ چ فەیلەسووف بێ یان پێغەمبەر پێویستە بگات بەوەی ناوی دەنێ عەقڵی کاریگەر (العقل الفعال). فارابی پێی وا نییە ئەم جۆرە مەعریفەیە تایبەت بێ تەنیا بە پێغەمبەران، بگرە پێی وایە هەر کاتێ مرۆڤ توانی پێوەندی بە عەقڵی کاراوە بکات، ئەوە وەحی روو دەدات جا ئاخۆ ئەو کەسەی پێوەندییەکەی بەستووە فەیلەسووف بێ یان پێغەمبەر: "تەنیا پێغەمبەران ئەهلی وەحی و نێردراو نین (...) سەرۆکی شار لەوانە"[١٦].

ئەوەی فەیلەسووف لە پێغەمبەر جیا دەکاتەوە ئەوەیە یەکەمیان پلە بە پلە و لە ئاستێکی عەقڵییەوە بۆ ئاستێکی تر بەدوای دەستخستنی مەعریفەدا هەنگاو دەنێ تا لە کۆتاییدا دەگاتە ئەوەی ناوی دەنێ عەقڵی سوودلێبینراو (العقل المستفاد)، کە لەو پلەیەدا لە مادە رزگاری دەبێ: مرۆڤ ئەو کاتەی دەگاتە ئەم پلەیە، وەحی بۆ دێ، ئەویش ئەگەر هیچ ناوەندێک لە نێوان ئەو و عەقڵی کارادا نەما[١٧].

لەم چوارچێوەیەدا فارابی باس لە سروشتی پێوەندیی نێوان ئەو عەقڵانە دەکات و پێوەندییەکە لەوەدا قەتیس دەکات کە ناوی ناوە تیۆری فەیز (نظرية الفيض): "ئەو کاتە ئەو هێزە لە عەقڵی کاریگەرەوە بەسەر عەقڵی کارتێکراو (العقل المنفعل)دا دەجمێ کە بەهۆیەوە دەتوانێ شتەکان و کردارەکان بەرەو بەختەوەری ئاراستە بکات، ئەم جمانی فەیزە لە عەقڵی کاریگەرەوە بۆ عەقڵی

کارتێکراو له رێی ناوەندێکەوە کە برێتییە لە عەقڵی سوودلێبینراو (العقل المستفاد)، برێتییە لە وەحی"[18].

فارابی لە رێی ئەم تەفسیرەوە وێنەیەکی نوێمان بۆ وەحی پێشکێش دەکات، لەبەرئەوەی بازنەی ئەو کەسانە فراوان دەکات کە دەکرێ وەحییان بۆ بنێردرێ، بەڵام ئەو کەسەی لە رێی عەقڵەوە بە عەقڵی کاراوە پێوەست دەبێ پێی دەوترێ "حەکیمی فەیلەسووفی عەقڵانیی بەتەواوی"[19].

بەڵام پێغەمبەر پێویستی بە پلەبەپلەیی عەقڵی نییە. ئەو لە بری ئەو عەقڵی کارلێکراوەی کە فەیلەسووف بۆ وەرگرتنی فەیز لە عەقڵی کاریگەرەوە، لای پێغەمبەر خەیاڵدانی بەهێز ئەو فەیزە وەردەگرێ، ئەو فەیزە "کاتێ لە عەقڵی کاریگەرەوە بۆ هێزە خەیاڵکارەکەی رێچکەی بەست دەبێتە پێغەمبەرێک، کە هەواڵ دەدات لەبارەی ئەوەی ئێستە هەیە و هۆشداری دەدات لەبارەی ئەوەی لە داهاتوودا روو دەدات[20].

فارابی لە مکاتی باسکردنی لە خەونەکان (المنامات) پێناسەی خەیاڵدان و سروشتی پێوەندیی بە شتە بەرهەستەکانەوە کردووە، بۆیە ناکرێ تێڕوانینی ئەو بۆ خەیاڵدان (المخیلة) و هەروەها بۆ وەحی لە خەون جیا بکەینەوە، لەبەرئەوەی ئەو خەیاڵدانە کاریگەرییەکی گەورەی نابێ تەنیا لەکاتی خەودا نەبێ، لەبەرئەوەی لەو کاتەدا زیاتر لە دنیای بەرهەست سەربەخۆ دەبێ، لێرەوە رۆڵە بنچینەییەکەی دەردەکەوێ، لەبەرئەوەی ئەو لە هەموو ئەو خەونانەدا کە بینیونی، لە رێی ئەو وێنانەی پێشتر لە دنیای شتە بەرهەستەکاندا کۆی کردوونەتەوە بە پرۆسەی لاساییکردنەوە (محاکات) هەڵدەستێ، لێرەوە چۆنیەتیی کارتێکردنی خەونەکان لەلایەن خەیاڵدانەوە دەردەکەوێ. خەیاڵدان رەگەزەکانی خەون لە وێنەی ئەو شتە بەرهەستانە پێک دێنێ، لێرەشەوە دەبێتە بەرهەمهێنەری جیهانێک لەو رەمزانەی خەونیان لێ پێک دێ.

### بەڵام پێوەندیی ئەمە بە وەحییەوە چییە؟

کاری خەیاڵدان لێرەدا هەمان شێوەیە لەگەڵ هەردوو جیهانەکەدا، واتە جیهانی بەرهەست و جیهانی باڵا (علوی) کە لە رێی عەقڵی کاریگەرەوە وەحی لێوە رێچکە دەبەستێ. هەردوو پێوەندییەکە خەونن، لەبەرئەوەی لای فارابی خەون کاتێ روو دەدات کە کاری هەستەکان تێیدا دەوەستن، ئەویش حاڵەتی نووستنە. بەم پێیەش وەحیش جۆرێکە لە خەوبینین. لەسەر ئەم بنچینەیە خەیاڵدان لە رێی ئەو وێنانەی لای خۆی پارێزراون موحاکاتی ئەو راستییانە دەکات کە لە عەقڵی کاریگەرەوە وەری گرتوون، جا ئەو کاتە ئەو راستییانە دەگۆڕێن بۆ رموز و لە زمانی پێغەمبەردا بەرجەستە دەبن کە وەک بەتواناترین مرۆڤ لە تێگەیشتنی ئەو رەمزانە و گەیاندنی ناوەڕۆکەکەی بە خەڵک دادەنرێ. واتە لێرەدا پێغەمبەر راستییەکان پیتاوپیت (بە حەرفی) ناگوێزێتەوە، بگرە مەعریفەکەی مەعریفەیەکی تەئویلییە. ئەو مەعریفە تەئویلییەیش میسداقیەتی خۆی لە بەهێزیی خەیاڵدانی پێغەمبەر و شارەزایی زۆری لەو زمانەی وەحییەکەی پێ دەگەیەنێ، وەردەگرێ.

فارابی جیاوازی لە نێوان هەردوو  شێوازی پێوەندیکردنی فەیلەسووف و پێغەمبەر بە عەقڵی کاریگەرەوە دەکات. فەیلەسووف پلە بە پلە بە پلیکانەکانی عەقڵەکاندا سەردەکەوێ تا دەگاتە عەقڵی کاریگەر و ئەنجا فەیز روو دەدات. بەڵام پێغەمبەر پێویستی بەو پلەبەندی و راهێنانە عەقڵییەی فەیلەسووف نییە، چونکە ئەو هەر لە سەرەتای پێگەیشتنیەوە ئامادەیە بۆ وەرگرتنی مەعریفەی ئیلاهی، ئەویش بەهۆی ئەو خەیاڵدانە بەهێزەی کە یارمەتی دەدات بۆ خۆداماڵین لە دنیای مادی تا راستەوخۆ بۆ جیهانی مەعقولات بەرز ببێتەوە و تێیدا پێوەندیکردن بە عەقڵی کاریگەر (جبریل کە فارابی بە (الامین) ناوی دەبات) دەدات. "ئەم خەیاڵدانە کە یەکێک لە کارەکانی موحاکاتە توانای ئەوەی دەداتێ مەعریفە غەیبییەکان وەربگرێ و بە خەڵکی رابگەیەنێ، بەڵام لە حاڵەتی گەیاندندا دەگەڕێتەوە سەر سروشتی خۆی و هەست بەکار دێنێ، هەر بۆیە وەک فارابی و فەیلەسووفانی تر بۆی چوون، قورئان لە شێوەیەکی مادیدا هاتووە"[21].

بەڵام وەک ئیبن تەیمیە بۆی چووە، فارابی تەنیا پێغەمبەرایەتیی لە توخمی خەونەکان داناوە مرۆڤی ئاسایی دەکرێ لەو کاتەی خەوتندا ئەو چاوڕوونییە لە توانای دروستکردنی وێنەکان وەربگرێ و ئەو خەونە راستەقینانەی بە وەحی بۆی هاتوون روون بکاتەوە.

بەڵام ئەمە رێگر نەبووە لەوەی لە بۆنەیەکی تردا هەڵوێستێکی تر لە پێغەمبەرایەتی لە کتێبی (فصوص الحکم)دا رابگەیەنێ کە رەنگە جیاواز بێ لەوەی لەو رووەوە لە کتێبی (اراء اهل المدینة الفاضلة)دا دەری بڕیوە، لەوەی یەکەمدا پێی وایە پێغەمبەرایەتی تایبەتە بە هێزێکی قودسی کە غەریزەی جیهانی مەزنی بوون ملکەچی دەبێ وەک چۆن جیهانی بچووکی بوون ملکەچی روحت دەبێ و دەتوانیت هەندێ موعجیزە بخولقێنیت کە لە دەرەوەی سروشت و شتە باوەکانە و ئاوێنەکەی ژەنگ ناهێنێ، هیچ رێگری ئەوەی لێ ناکات ئەوەی لە قورئان لە لەوحولمەحفوزدا هەیە رەنگڕێژ بکات و ئەوەی لای خوایە بە کۆی مەردمی بگەیەنێ[22].

وەک چۆن فارابی لە کندی پێش خۆی رۆشنتر بوو، ئیبن سینای قوتابیی فارابی لە هەردووکیان رۆشنتر و پڕ وردەکاریتر بوو بۆ پرسی وەحی و پێغەمبەرایەتی، ئەو پێناسەی وەحی دەکات بەوەی گەیاندنێکی پەنهانی فەرمانێکی عەقڵییە بە فەرمانی خوا بەو دەروونە ئادەمییانەی بۆ وەرگرتنی ئەو پێدانە ئامادەن، ئەمە لە حاڵەتی بێداریدا پێی دەوترێ وەحی و لە حاڵەتی خەوتندا پێی دەوترێ رەوع، کەواتە حەقیقەتی پێغەمبەرایەتی لە رێی بەیەکگەیشتنی دەروونە ئامادەکان بۆ پێغەمبەرایەتی و ئەمری عەقڵییەوە، یان ئەگەر ویستت بڵێ جبریل، دێتە دی[23].

هەروەها روونی کردەوە کە ئامادەییی دەروونەکان بۆ وەرگرتنی ئەو پێغەمبەرایەتییە جیاوازە، لەبەرئەوەی هەموویان ناتوانن بگەن بەوەی ئیبن سینا ناوی دەنێ جەوهەرە دەروونییەکان (الجواهر النفسانیة) بەتایبەت لە وەرگرتنی جوزئیاتەکاندا. لەسەر بنەوای ئەم جیاوازیەیش ئیبن سینا دەروونەکانی لە رووی ئامادەییان بۆ وەرگرتنی پێغەمبەرایەتی پۆلبەندی کردووە. هەندێکیان ئەم ئامادەییە تێیاندا لاواز و کەم دەبێ، ئەویش بەهۆی لاوازیی هێزی خەیاڵکار تێیاندا.

هەندێکیشیان ئەم ئامادەییە تێیاندا بەهێزترە و هەستیان بوار بە هێزی خەیاڵکاریان دەدات کە پێوەندی  بە جیهانی باڵاوە بکات و ئەو وێنانەی تێدا چاپ دەبن[٢٤].

هەرچی چینی سێیەمە ئەوەیانە کە (ئامادەییە دەروونییەکەی بەهێز دەبێ تا ئەوەی لەوێ دەستی کەوتووە جێگیر دەکات، خەیاڵی لەسەر جێگیر دەکات بەبێ ئەوەی خەیاڵ بەسەریدا زاڵ بێ... ئەمە دەبێتە ئەو خەونەی کە پێویستی بە دەربڕین نییە)[٢٥].

هەرچی چینی چوارەمە کە پێغەمبەرانن ئەمانە ئامادەییان زیاتر و بەهێزترە لە چینەکانی تر (ئەمانە ئەو خەڵکەن کە تەواوی و بەهێزیی هێزە خەیاڵکارەکەیان گەیاندوونیەتیە ئەو ئاستەی هێزە هەستییەکانیان نەتوانن ببنە بەربەست لە بەردەم هێنانی ئەوەی پێی دەگات... هەروەها لە حاڵەتی بێداریشدا پێوەندی دەگرێ و ئەو وێنانە وەردەگرێ و... وێنەگەلێکی یەزدانیی سەرسوڕهێنەری بینراو و گوتەی خوایی بیستراو دەبینێ، کە بەهاکانی ئەو زانراوە وەحییانەن. ئەمەیە واتای پێغەمبەرایەتی)[٢٦].

ئیبن سینا سێ مەرجی داناوە کە پێویستە لەو کەسەدا هەبن تا پێغەمبەرایەتی بێتە دی و ئەو کەسە وەحی بەدەست بێنێ، ئەوانیش برێتین لەوەی:

– ئەو کەسە دەبێ خاوەن هێزێکی پیرۆز (قودسی) بێ کە توانای ئەوەی پێ بدات بەبێ بیر و تێڕامان پێوەندی بە عەقڵی کاریگەرەوە بکات، (ئەو هێزە) وای لێ دەکات بەبێ فێربوون و فێرکار یان ڕێنوێنیکار زانستی تەواوی هەبێ، تا وای لێ دێ هەموو ئەو شتانە دەزانێ کە خوا ویستی لێیە بیانزانێ لە ناسینی خوا و فریشتەکانی و بەندەکانی و کاروباری دنیا و ئاخیرەت و ئەو شتانەی تر کە لە زانستی یەزدانی لە خۆیان دەگرێ.

– هەروەها پێویستە خاوەن خەیاڵدانێکی بەهێز بێ کە لە توانایدا بێ خەیاڵ بە کاروبارەکانی رابردوو و ئێستە و داهاتووەوە بکات و وای لێ بکات رابردوو بخوێنێتەوە و هەواڵی لەبارەوە بدات و داهاتوویش بخوێنێتەوە و هۆشداری لەبارەوە بدات.

– جگە لەم دووانەی سەرەوە، پێویستە خاوەن ناخێکی بزوێنەریش بێ بۆ ئەوەی بتوانێ راستییەکان هەڵگەڕێنێتەوە و موعجیزە بخولقێنێ و یاساکانی سروشت ببەزێنێ.

ئیبن سینا پێغەمبەر پێناسە دەکات بەوەی مرۆڤێکە "تایبەتمەندییەکی هەیە لە مرۆڤەکانی تردا نییە بۆ ئەوەی خەڵک هەست بکەن شتێکی تێدایە لەواندا نییە و بەوە لەوان جیا بکرێتەوە، بەوەیش ئەو موعجیزانەی لەدەست روو دەدات کە ئەو مرۆڤە باسی بۆ کردووین"[٢٧]، ئەم مرۆڤە "کە پێغەمبەرە لەوانە نییە کە هەموو کات دووبارە ببێتەوە"[٢٨].

ئیبن سینا دوای ئەوەی تایبەتمەندییەکانی پێغەمبەر باس دەکات، پرسێکی تر دەخاتە روو ئەویش ئەوەیە: چۆن دەتوانرێ پێوەندی بە عەقڵی کاریگەرەوە بکرێ؟ وەحی چۆن روو دەدات و ناوەڕۆکەکەی چییە؟ ئەو لە پەیامی (الرسالة العرشية)دا هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە. ئیبن سینا پێی وایە پێغەمبەر بەهۆی ئەو هێزە قودسییەی هەیەتی دەتوانێ پێوەندی بە

فریشتەوە بکات، لەبەرئەوەیش فریشتە عەقڵی رووتە عەقڵیش شتەکان تەنیا بە دابڕاو لە زەمان دەبینێ بۆیە وەحی لەم حاڵەتەدا بریتی دەبێ لە گەیاندنی شتێک بۆ پێغەمبەر بەبێ زەمان"[29].

ئەمەیش واتای ئەوەیە پێغەمبەر فریشتەکە (جبریل)ی بەشێوەیەکی هەستی نەبینیوە، لەبەرئەوەی ئەو عەقڵە، عەقڵیش لە شێوە مادییەکەیدا دەرناکەوێ.

ئەو بینینەی لە حەدیسی (واحیانا یتمثل لي الملك رجلا فیکلمني فأعي مایقول)دا[30] ئاماژەی بۆ کراوە تەنیا بینینێکی ناوەکییە، واتە پێغەمبەر جبریل دەبینێ لەو خەیاڵگەیەی کە توانای وێناکردنی شتەکانی هەیە، لە کاتی گەڕانەوەی لە حاڵەتی پێوەندیبەستنەکە و وەرگرتنی راستییەکان کە تێیدا لە مادە دادەبڕێ، پێغەمبەر بەشێوەیەکی مادی گوزارشت لەو راستییە ئەبستکراتانە دەکات"[31].

ئەم حاڵەتە ئیبن توفەیل لە چیرۆکی (حەی بن یەقزان)دا بە حاڵەتی فەنابون لە خود و خودەکانی تر (الفناء عن الذات) تەعبیری لێ کردووە، هەروەها وەک شێوەیەک لە مەدهۆشبوون و لەخۆچوونی داناوە. بەم پێیە بینینەکە راستییەکی دەرەکی نییە و تەنیا لە خەیاڵدانی پێغەمبەردا روو دەدات.

ئەم حاڵەتە ناوەڕۆکی وەحیش دەگرێتەوە. ئەگەر پێغەمبەران وەحی لە هەمان سەرچاوەوە وەردەگرن، ئەوە ئیدی بۆچی تەورات و ئینجیل و قورئان هەن؟ بەلای ئیبن سیناوە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ کاری خەیاڵدان کە زانیارییەکە بەشێوەی پیت و شێوەکان وێنا دەکات، هەرچی فرەییەکەیە لەلایەکەوە بۆ هێزی خەیاڵ و لەلایەک بۆ جیاوازیی پیتەکانی زمان لەلایەکی ترەوە دەگەڕێتەوە. واتە (سەرچاوەکە یەکە و رواڵەتەکە جۆراوجۆرە)[32].

پەراوێزەکان:

(١) السیوطي، تدریب الراوي ج١ لا ٣٢٧
(٢) المنقذ من الضلال، ابوحامد الغزالي لا ٤٢
(٣) الذهبي، سیر اعلام النبلاء، ج١٩، لا ٣٤١
(٤) المنقذ من الضلال لا٥٢–٥٣
(٥) معیار العلم في فن المنطق، ابوحامد الغزالي لا ١٧٨
(٦) الذهبي، سیر اعلام النبلاء ج ٣٢ لا ١٤٣,
(٧) البدایة و النهایة، ابن کثیر، ج ١٣ لا ٢٥
(٨) ابن رشد، فصل المقال و تقریر مابین الشریعة و الحکمة من الاتصال، لا ٤٢
(٩) عبدالحمید الشرفي، في ذکری ابو الولید، مقال ضمن: رحاب المعرفة حزیران ١٩٩٨ لا ١٨
(١٠) ابن رشد، فصل المقال.. لا ٥٦
(١١) ابن رشد، تهافت التهافت لا ٩٧
(١٢) ابو حامد الغزالي، معیار العلم في فن المنطق، لا ٢٢٥

(١٣) محمد فؤاد عبدالباقي، المعجم المفهرس لالفاظ القران الكريم، ريشەی: (و، ح، ي)..

(١٤) وەک لە ئایەتەکانی:

"وَكَذَلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نِبِيٍّ عَدُوًّا شَيَاطِينَ الإِنسِ وَالجِنِّ يُوحِي بَعْضُهُمْ إِلَى بَعْضٍ زُخْرُفَ الْقَوْلِ غُرُورًا وَلَوْ شَاء رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ" {الأنعام/١١٢}.

"وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَى أَوْلِيَآئِهِمْ لِيُجَادِلُوكُمْ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ" {الأنعام/١٢١}-وەرگیراوە.

(١٥) وَضَرَبَ لَنَا مَثَلاً وَنَسِيَ خَلْقَهُ قَالَ مَنْ يُحْيِي الْعِظَامَ وَهِيَ رَمِيمٌ {يس/٧٨} قُلْ يُحْيِيهَا الَّذِي أَنشَأَهَا أَوَّلَ مَرَّةٍ وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ {يس/٧٩} الَّذِي جَعَلَ لَكُم مِّنَ الشَّجَرِ الأَخْضَرِ نَارًا فَإِذَا أَنتُم مِّنْهُ تُوقِدُونَ {يس/٨٠} أَوَلَيْسَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ بِقَادِرٍ عَلَى أَنْ يَخْلُقَ مِثْلَهُم بَلَى وَهُوَ الْخَلَّاقُ الْعَلِيمُ {يس/٨١} إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا أَنْ يَقُولَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ {يس/٨٢} فَسُبْحَانَ الَّذِي بِيَدِهِ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيْءٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ {يس/٨٣}.

(١٦) لويس غارديه، التوفيق بين الدين والفلسفة عند الفارابي ل١٢-١٣

(١٧) الفارابي، كتاب السياسة المدنية ل ٨٩

(١٨) هەمان سەرچاوە ل ٨٩

(١٩) الفارابي، اراء اهل المدينة الفاضلة ل ١٢١

(٢٠) هەمان سەرچاوە ل ١٢١

(٢١) الحبيب الفقي، المعرفة و مسالكها عند الفارابي ل ٨٣

(٢٢) الفارابي، فصوص الحكم ل١٤٥

(٢٣) حمود غرابة، التوفيق بين الفلسفة والدين عند ابن سينا ل ١٣٨، ئەویش لە: ابن سینا، رسالة الفعل والانفعال.

(٢٤) ابن سينا، رسالة في النفس و بقائها و معادها، الفصل ١٣، ل ١١٣

(٢٥) هەمان سەرچاوە ل ١١٨

(٢٦) هەمان ل١١٨- ١١٩

(٢٧)ابن سينا، كتاب النجاة ل ٣٠٤

(٢٨) هەمان سەرچاوە ل ٣٠٥

(٢٩) حمود غرابة، التوفيق بين.. ل١٤١، ئەویش لە: الرسالة العرشية.

(٣٠) بوخاری ریوایەتی کردووە. واتە هەندێ جار فریشتە لە شێوەی پیاوێکدا دێتە لام، قسەم لەگەڵدا دەکات و منیش دەزانم چی دەڵێ.

(٣١) حمود غرابە، پێشوو ل١٤١

(٣٢) حمود غرابە، پێشوو ل ١٤٣

***

لە کتێبی: اسلام الفلاسفة، منجي لسود، دار الطليعة، بيروت، الطبعة الاولي، نوفمبر ٢٠٠٦ ل١٥-٦٢ بە هەندێ پوختکردنەوەوە.

**بناوانی لێبووردەیی لە هزری عەرەبی ـ ئیسلامیدا**

# کولتوور و دەوڵەت

د. عەبدولحوسێن شەعبان

بەشی چوارەم

پاژی سێیەم

**ئاین و لێبووردەیی: ڕابردوو و ئێستە**

هەولێرنامەی ئێستێر

"ئەم قسەیەی ئێمە، بۆچوونە،
ئەوەی چاکتری پێیە با بیهێنێ"
ئیمام ئەبوحەنیفەی نوعمان

١- ناتوندوتیژی و لێبووردەیی لە مەسیحییەتدا[٤٣]

وەتۆژین لە پرسی لێبووردەیی لە ئاینی مەسیحیدا، دەمانبات بەرەو پرسی ناتوندوتیژی ڕەها لە (سەردەمی تازە)دا. ڕەنگە ئەوەی یەسووعی مەسیح بە پوترسی گوت، باشترین بەڵگەی بڕوابوون بێ بەناتوندوتیژی، با کەسی باوەڕدار بەرەوڕووی کوشتنیش ببێتەوە.

چیرۆکەکە دەڵێ: نێردراوێک لە سەرانی کاهینگەل و شێخانی خەڵکەکە هاتن بۆ گرتنی پوترس، دەستوبرد، پوترس، شمشێرەکەی ڕاکێشا و لە نێردراوەکەی دا و گوێیەکی بڕی، هەر خێرا، یەسووعی مەسیح هاواری لە پوترس کرد: شمشێرەکەت بخەوە کالان، چونکە ئەوەی بەشمشێر بسەندرێ بەشمشێریش دەڕوات[٤٤].

..............................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدولڕەزاق عەلی

ئەم گوتەیەی مەسیح مانایەکی قووڵی هەیە، ماناکەش؛ ڕەتکردنەوە و حەرامکردنی بەکارهێنانی چەکە (تەنانەت ئەگەر بۆ بەرگریی لەخۆکردنیش بێ)، وەک نموونەیەکی باڵا بۆ پێڕەکردنی ناتوندوتیژی بەشێوەیەکی ڕەها، ئاخر باوەڕدار ئەگەر بشکوژرێ، نابێ بکوژێ، وەک هزرڤانی عەرەبی مەسیحی دوکتۆر مەتران جۆرج خزر باسی دەکات، لەمە واوەتریش دەچێ و دەڵێ: تا ئەمڕۆ کڵێسا، ڕێ بە ئەکلیرۆس و ڕاهیبگەل نادات بەرگری لە خۆیان بکەن.[٤٥].

مەسیح قوربانییە، وەک هەر لە کۆنەوە ئیشعیا پێشبینی کردبوو: (خەم و ئازارەکانی هەڵگرتین، ئێمە پێمان وابوو لێدراوی دەستی خوا و هەر خواش بەو دەردەی بردووە. ئەو، بریندار یاخیبوونەکانمان و لەتاو گوناحەکانمان وردوخاش بووە... زوڵمی لێ کرا، خۆی کڕ کرد، وەلێ زاری نەکردووە وەک چۆن مەڕ دەبەن بۆ سەربڕین، وەک بزنێکی بێدەنگ لە بەردەم گرووکارەکەیدا دەمی نەکردەوە)[٤٦]. لەم باسەدا لە یەسووعی دەگێڕنەوە کە "دەستی لە خۆی بەردا و بووە کەسێکی ئاسایی و تا مردن گوێڕایەڵ بوو، مردنی لەخاچدان[٤٧].

ئەمە بووە نموونە بۆ هەموو ئەو گەشمردانەی لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتدا بەرەو ڕووی مردن چوون تا ساڵی ٣١٣ زاین کە قوستەنتین ئازادیی ئاینگەلی ڕاگەیاند، بەم شێوازە، مەسیحییە باوەڕدارەکان، نەوە لە دوای نەوە، لە وڵاتانێکی زۆری دنیادا لە سەربڕەکانیان خۆش دەبن، وەک شوێن پێهەڵگرتنێکی مەسیح.

هەر لە باسی ناتوندوتیژیدا، قدیس یۆحنا فەمولزەهەب دەڵێ (هیچ ماریفەتێکی نییە، هەر کەسێ خەڵک فێری ئەوە بکات کە کوشتنی بیدعەکاران حەڵاڵە). هەر لە سەردەمی ئەودا، قدیس باسیلیۆسی گەورە Caesarea St Basil of سزایەکی تەمبێکردنی بۆ ئەو سەربازانە بڕیبووەوە کە بەشداری شەڕیان دەکرد، ئاخر هەمووکات کڵێسا، بەپیرۆزکردنی ئەو سەربازانەی ڕەت دەکردەوە کە لە پێناو دەوڵەتی مەسیحی ڕۆمدا دەکوژران. بەم شێوەیە کڵێسای ڕۆهەڵاتی شەڕەکانی ئیمپراتۆرییەتی نەدەسەلماند، ئەگەرچی، نوێژ و نزاشی کردبێ بۆ سەرکەوتنی ئیمپراتۆرییەت بەسەر بەربەرەکاندا، تەنیا لەبەرئەوە بوو، چونکە لەو باوەڕەدا بوون، ئەگەر بەربەرەکان خاکی ئیمپراتۆرییەت داگیر بکەن، کڵێسا دەچەوسێننەوە. لە فەلسەفەی سیاسی بێزەنتیشدا، شەڕ، دەبێ هەردەم لە پێناو بەرگری لەخۆکردندا بێ.

کاتێک کڵێسا، کەسێکی لە ئەندامێتی خۆی بێبەری دەکرد (واتە سزای دەدا)، ئەگەر تۆبەی بکردایە، وەری دەگرتەوە، ئەوەی تۆبەکەی ڕابگەیەندایە، دەبووا لە دەرکی کڵێسادا وێژانی بکردایە، تا ئەو ڕۆژەی ئەندامێتیی تەواوی پێ ڕەوا دەبینرایەوە. هەرگیز ئازاری جەستەیی کەسیش نەدەدرا. بەم شێوەیە ئەرتەدۆکسییەکان لەگەڵ هەرتووقییەکان یان بیدعەکاراندا دەژیان، هەرچەندە فەرمانڕەوای سیاسی هێندێک جاران، بیدعەکارانی بەند یان شاربەدەر دەکرد. ئاخر بیرۆکەی باوی ئەوێ ڕۆژێ ئەوە بوو کە بیدعە (واتە لەخۆوە داهێنان لە سرووت و پەرستنە ئاینی و حوکمەکانیدا)، هەڕەشە لە یەکگرتوویی ئیمپراتۆرییەت دەکات.

دەشێ بگوترێ، کڵێسا، لە هەموو سەردەمەکانیدا، زۆر جاران، لە تەک هەڵگرانی بیروباوەڕی لادەر و جیاواز لە بیروباوەڕی بالادەست، هەڵی کردووە، هەرچەندە ئیمپراتۆرییەتی ئەرتەدۆکسی (قوستەنتینیە یان ڕووسیا)، زۆری بۆ دەهێنان. خوێندنەوەیەکی سیاسییانە بۆ بیدعە دەکرا، کە سەرەڕای پاکانەکانیش وای دەکرد، بیدعەکاران، شایانی بەڕوودا وەستان و سزای توند ببنەوە.

لە دنیای ئەرتەدۆکسیدا، جوو تەنگەتاو نەدەکران وەک سۆڵجەنستین، لە دوا کتێبیدا ڕوونی دەکاتەوە. وەکۆڵەران لەگەڵ ئەوەدان کە کڵێسای ڕووسیا، سەرکۆنەی قەسابخانەکانی سەدەی نۆزدەی ڕووسیای کردووە کە دژ بەجووان کراوە، با ژمارەی قوربانیان کەمیش بووبن، موسڵمانانی ئیمپراتۆرییەتی ڕووسیا، ئازاد بوون لە خواپەرستی و دامەزراوە ئاینی و بەکارهێنانی زمانی دایکدا[48]. لە یۆنان و قوبرس، مزگەوتەکان، تەنانەت پاش ڕەوی موسڵمانانیش لەوێندەر مانەوە و دەوڵەت دەستی پێدا دەهێنان.

وەلێ ئەم بارە گشتی نەبوو، ئاخر دنیای کاتۆلیکی بەپێچەوانەی دنیای ئەرتەدۆکسییەوە، زۆر توند بوو بەرانبەر بیدعەکارانی مەسیحی هەروا لە تەک موسڵمانان و جوواندا. ئۆگستین یەکەمین کەس بانگەشەی شەڕی دادخوازانەی کرد و دواتر تۆما ئەکوینی پاکانەی بۆ لەداردانی هەرتووقییەکان دەکرد، کڵێسای کاتۆلیکی، تۆمەتبارانی ڕەوانەی دادگەی مەدەنی دەکرد و لەوێش حوکمی سووتاندنیان دەدرا. هەروەها جوو و موسڵمانان ڕاپێچی دادگەکانی پشکنین دەکران لە ئەندەلوس پاش ئەوەی عەرەب، وێندەرێیان جێ هێشت ساڵی ١٤٩٢ ز[49].

ڕەنگە لە هەموو شت توندتر و واوەتر ئەو تیۆریزەکردنەی کڵێسای کاتۆلیکی بوو لەبارەی ئازادیی هزرییەوە کە تا ئەو ساڵانەی دوایی خایاند و ئازارێکی زۆری لێ کەوتەوە. بەڵام لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، کۆمەڵگەی ڤاتیکانی، پێشڤەچوونێکی بەخۆوە بینی، ئەوە بوو ئەو کۆمەڵگەیە بەشێوەیەکی سەرنجکێش بەڕووی ئاینەکانی تر و پێکەوەژیاندا کرایەوە، پێوەندییەکانی مەسیحی – جوولەکە و مەسیحی – ئیسلام، لەسەر بنەوای لێبووردەیی و قبووڵکردنی ئەوی تر، بەچاکی چووە پێش.

هەروەها هەڵوێستی پاپا پۆڵسی دووەم بەرانبەر موسڵمانان، هەڵوێستێکی مایەی سەرسامی بوو، پێنگاڤێکی گرینگ بوو لە ڕێگەی پێوەندییەکانی مەسیحی ـ ئیسلامیدا، لە سۆنگەی چاوگێڕانەوە بەمێژوو و خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی مێژوو، ئەوە بوو لە ٢٠٠٠/٣/١٢دا داوای لێبووردنی کرد سەبارەت بەو هەڵسوکەوتی ئەفرەنگییەکان لە "بڵاوکردنەوەی ڕاست"دا واتە لە شەڕگەلی خاچپەرستاندا، بەمەش بناخەی گفتوگۆیەکی هەمەلایەنەی ئیسلامی – مەسیحی ڕۆنا، ئەو گفتوگۆیەی لە شێوەی دامەزراو، کۆڕ و کتێب و سەردان و کۆنگرەکە لەوە بەرجەستە بوو، پاپا بەخۆی سەردانی چەند وڵاتێکی ئیسلامی کرد، هەڵوێستگەلێکی ئەرێنیی نواند نەخاسمە لەبارەی پرسی فەڵەستین و گەمارۆدانی گەلی عێراقەوە[50].

دەکرێ بگوترێ ئەمڕۆ، کڵێسا گەورەکان هەر هەموویان بەتەواوی، بەقسە و بەکردەوە، لە تەک

غەیرە مەسیحیاندا پێکەوە دەژین، ئەمڕۆ، شتێک نەماوە پێی بگوترێ شەڕگەلی خاچپەرستانە کە مەبەست لێیان ئەو شەڕانەی ئەفرەنگییەکانە کە لە پێناو بەرژەوەندییە ئابووری و بازرگانی و سەربازی و ناوچەگەلی بندەستدا، بەرپای دەکەن. ناشێ ئەوەی هێندێک دەوڵەتی ڕۆئاوایی بەرانبەر عەرەب و موسڵمانان دەیکەن بە درێژەی شەڕگەلی ئەفرەنگایی حسێب بکەین، لەبەرئەوەی پێوەندی ئەمەی ئێستە، پێوەندیی بەدەوڵەتان و بەرژەوەندییەکانیانەوە هەیە کە پێش هەر شتێک، بەرژەوەندیگەلێکی ستراتیجین و پێوەندییان بەئاین و بانگەشەی ئاینی مەسیحییەوە نییە.

ئێمە ناڵێین مێژووی مەسیحییەت هەر تەنیا لێبووردەییە، نەخێر وەک هەر مێژوویییەکی تەژییە لە خەتا، لایەنی گەشی تێدایە، وەک لە تاریکی و نووتەکی بەدەر نییە. بەڵام ئەوەی گرینگە، گیانی مەسیح و ڕێنوێنییە بەرزەکانی کە مژدەدەری نەرمونیانی و لێبووردەیی و خۆشەویستین، بەدرێژاییی مێژوو ئیلهامدەری نەوەکان بوون، لایەنگرە پاکژەکانیشی هەر لەسەر ئەو ڕێبازە بوون. خۆشەویستی سەرتاپاگیری دۆست و دوژمن، بنەوایەکی قووڵترە لە بوونی لێبووردەیی، ئەوەی خەڵکی خۆش دەوێ، لەو باوەڕەدایە کە دوا چارەنووس لە دوارۆژدا هەر بۆ لای خوایە، بۆیە پێش ئەو ڕۆژە، نابێ کەس، کەس بکوژێ، ڕەنگە ئەوەش بەلایەنی کەمی باوەڕهێنان بێ[٥١].

مەسیحییەت لە هزری نوێیدا بانگەشەی تەنیا لێبووردەیی ناکات، بگرە داوای هاریکاری لە بواری فیکر و کۆمەڵگەدا دەکەن لە سایەی هاووڵاتیبوونی وڵاتێک یان کۆمەڵە وڵاتێکدا. خووتی هزری کاتۆلیکی لەو پەڕاوێزە ڕزگاری بوو، لە زاری پاپاکانی ڕۆما و ڤاتیکانەوە بانگەشەی بەشداریی نیشتمانی و بەرگری لە زوڵم لێکراوان و هەژاران و چاودێریی نەخۆشان لەلایەن کڵێساوە دەکات. لەو وڵاتانەش کە زۆربەی هەرە زۆریان مەسیحین، وەک ڕووسیا ، کڵێسا، بوونی بەهاگەلێکی کۆمەڵایەتی دەسەلمێنێ و ناوە ناوە لەگەڵ سەرانی ئاینە یەکتاپەرستی و نایەکتاپەرستیدا کۆ دەبێتەوە، زۆر وا بووە دەقە سۆفیزمییەکانی موسڵمانان، سەرنجی ڕووناکبیرانی مەسیحی دنیای ڕاکێشاوە و تەرجەمەیان کردووە بۆ زمانگەلی خۆیان.

وەک دەزانرێ، مەسیحییەت، یاسای سزادانی تێدا نییە، مەسیحیش، بەیاسای سزادانی جوولەکە ڕازی نەبوو کە دواتر شەریعەتی ئیسلامی لێی وەرگرت. بەڵام کڵێسای سەدەکانی ناوەڕاست ڕێگەیەکی تری گرتە بەر کە برێتی بوو لە بەدەنگەوەچوونی داخوازییە دنیاییەکانی کۆمەڵگەی فیۆداڵی ئەوروپا. کڵێسای ئەوروپایی، سوودی لە نەبوونی یاسایەکی سزادان لە ئاینەکەیدا وەرگرت و سزاگەلێکی تایبەت بەخۆی سەپاند. هەردوو دامەزراوەی ئاینی مەسیحی و ئیسلامی لەوێدا یەک دەگرنەوە کە هەردووکیان ئاگر دەکەنە سزای خوایی ئەو دنیا، ئەگەرچی سزا ئیسلامییەکان گرانتر و توندترن نەخاسمە لە سزاکانی لادان لە شەریعەت و نەدانی جزییە و باج و خەراج و شتگەلێکی تردا.

بەدرێژاییی سەدەکانی ناوەڕاست و بڕێکیش لە سەردەمی بوژانەوە یان هەستانەوە، کڵێسا، سەرچاوەی تۆقاندن بوو لە ڕێگەی ئەو ئیکلیرۆسانەی دەسەگەلی وەکۆڵین و دادگەکانی پشکنینیان

بەڕێوە دەبرد، بەگوتەی ڤەکۆڵەری کەلەپوور هادی عەلەوی، تەنیا کڵێسای ئەوروپایی خەڵکی چەوساندووەتەوە، دەنا کڵێسای ڕۆهەڵاتی، لەگەڵ مەسیحی و سریانگەلی عەرەبدا ڕێک بوو و لە چەوسانەوەوە نەگلا. کڵێسای ڕۆهەڵاتی، ڕۆڵێکی بینی زیاتر لە گیانی مەسیح نێزیک بوو، نەخاسمە لەو جێیانەی دەسەڵاتی بێزەنتی تێدا باڵادەست بوو، کار و ئەرکەکانی زۆر جیاواز بوون لە کڵێسای ئەوروپایی: چاودێریی باوەڕدارە هەژارەکان و پێڕەوکردنی کولتووری هلینی، کە دواتر عەرەب و موسڵمانان لێیانەوە وەرگرتن[٥٢].

پێکەوەژیان لە ئەوروپا، تا بڵێی پرسێکی شارستانییە. ڕەنگە ئەو سەدان مزگەوت و منارەیەی شارەکانی ئەوروپا، باشترین بەڵگە بن، سەرەڕای کێشەی کۆچکردووانی عەرەب و موسڵمانان کە ڕانایەن و ناگونجێن و لە ڕووی شارستانییەوە لەگەڵ کولتوورە جیاوازکانی ئەوروپادا هەڵناکەن، ، ئاخر تا ئێستە ئاستەنگ و جیاوازیی توند لە ئارادان، ئەگەرچی ڕەنگە وڵاتەکان وەک یەک نەبن، وەلێ ناوەناوە دەنگگەلێکی ڕاستڕۆ و ڕەگەزپەرست بەدژی تێکەڵبوون و بەدژی عەرەب و موسڵمانان و بیانیان بەگشتی، بەرز دەبێتەوە، وەک مەلێکی گزینۆفۆبیا (ڕقلێبوونەوەی بیانیان) یا ئیسلامفۆبیا (ترس لە ئیسلام)، نەخاسمە پاش ڕووداوە تاوانکارییەکانی ١١ی ئەیلوول/سێپتێمبەری ٢٠٠١ تیرۆریستی و دەرچوونی یاساگەلی بەگژاچوونەوەی تیرۆر کە بوونە هۆکاری پێشێلکاری زۆری مافەیلی مرۆڤ و ئازادییە گشتی و کەسێنییەکان، نەخاسمە گرتنی بیانییەکان و ڕاگوێزانیان بەبێ فەرمانی قەزایی، هەروەها گرتنی ئیدارییانە بۆ ماوەگەلی نادیار و لێپێچینەوە لەگەڵ تۆمەتباراندا بەشێوازێک کە مافیان پێشێل دەکرێ.

لە بەریتانیا، پەرلەمانی بەریتانیا بەهەردوو ئەنجوومەنەکەیەوە (لۆردگەل و گشتی) لە ٢٠٠١/١٢/١٣دا، یاسای ئاسایش و تاوان و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری پەسەند کرد، ئەو یاسایەی قازی کۆڵینز، لە دەستەی تێهەڵچوونەوەی پرسگەلی کۆچ لە بەریتانیا، بەجیاکاری دژی بیانیانی دەژمێرێ.

وەلێ لە ئەمەریکا، هەر دوای سێ ڕۆژ پاش ڕووداوەکای ١١ی ئەیلوول/سێپتەمبەر، دۆخی کتوپڕی ڕاگەیەندرا و کۆنگرێس پرۆژەیاسایەکی پەسەند کرد کە دەسەڵاتێکی فرەوان دەداتە دەزگەگەلی ئاسایش، سەرۆک جۆرج دەبلیو بوش، بڕیارێکی ئیمزا کرد کە مافی کوشتنی سیاسی دەداتە ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندی، ئەو مافەی پێشتر لەو ئاژانسە سەندرابووەوە. سەرۆک بوش، مافی بەدەزگاکانی ئاسایشی ئەمەریکا دا، گومانلێکراوان بگرن و لە دادگەیەکی سەربازیدا داوەرییان بکەن بێ ئەوەی مافی تێهەڵچوونەوەیان هەبێ، ئەمەش، سەرپێچیی دەستووری ئەمەریکایە کە مافی خۆپارێزی دەداتە تۆمەتبار، جگە لەوەی دژبەرە لەگەڵ پابەندییەکانی ئەمەریکا بەمافە مەدەنی و سیاسییەکانی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکانیساڵی ١٩٦٦، کە زۆری پێچوو تا لەژێر پاڵەپەستۆگەلێکدا، ئەمەریکا، ساڵی ١٩٩٢ مۆری کرد.

ئەوە بوو ژمارەی گیراوان تا ساڵی ٢٠٠١ لە ئەمەریکا گەیشتە ١٢٠٠کەس کە خەڵکی وڵاتانی

عەرەبی و ئیسلامی بوون، هێندێکیان لە شوێنی نهێنیدا گیرابوون و ژمارەی ئەوانەی لێپێچینەوەیان لەگەڵ کرا خۆی لە دەوروبەری ٥هەزار کەس دا. وەزارەتێکی تایبەت بەئاسایش دامەزرا، بەو وەزارەتەوە ئەمەریکا لە دەوڵەتێکی پۆلیسی دەچوو، لەسەر داوای ئەمەریکا، ٣٦٠ کەس لە ٥٠ وڵاتدا گیران، هەموو ئەمانە دژبەرییەکیان لە نێوان پێشڤەچوونی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەمەریکا و کەشوهەوای ئازادیی تاکەسی و گشتی کە خەڵکەکە لەسەریان ڕاهاتووە لەگەڵ ئەو ڕێوشوێنانەی بوونە بەشێک لە شاڵاوی "بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر".

وڵاتی هەنگوین و شیر و ئازادییەکان و خۆشگوزەرانی چووە ناو دۆخی کتوپڕ و حوکمی عورفییەوە، وەک ئەوەی لە ئەمەریکا کودەتای سەربازی ڕووی دابێ لەوانەی دنیای سێیەم کە بەدەست ستەمی درێژخایەن و دۆخی نالەباری و نائاساییەوە گیریان خواردووە.

بەڵام لە ئەڵمانیا کە حکوومەتەکەی شانبەشانی ئەمەریکا، یاساگەلێکی ئەمنی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پاڵپشتی دارایی تیرۆر دەرکرد. سوێدیش هەمان شت، یاسایەکی دەرکرد ناوی یاسای بەرەنگاربوونەوەی بناوانخوازان بوو. حکوومەتی ئیتاڵیا یاسایەکی بەرەنگاربوونەوەی دۆخە کتوپڕەکانی دەرکرد کە دەسەڵاتێکی فرەوان دەداتە دەزگاکانی ئاسایش لەوانە پێشێلکردنی یاسا و ڕێساکانی سزاگەل لە کاتی ئەو ئۆپەراسیۆنانەی بەناوی (پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی)ەوە، ئەنجام دەدرێن، وڵاتگەلێکی ئەوروپایی هەمان ڕێچکەیان گرت.

لە وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکانیشدا، ڕووداوەکان لێکەوتەوەی توندوتیژییان هەبوو، لەلایەک حکوومەتانی عەرەبی و ئیسلامی بۆ یەکەمین جار خۆیان لە تەک گەلانیاندا بینییەوە لە یەک بەلەمدا و کراونەتە ئامانج، یان دەبێ بێ چەندوچۆن لە شاڵاوی ناودەوڵەتی دژەتیرۆردا بەشدار بن، یان دەکەونە بەر مەترسی. پێشتر وڵاتانی عەرەبی ساڵی ١٩٩٨ پاش کۆنگرەی شەرمئەلشەیخی ساڵی ١٩٩٦، ڕێککەوتننامەیەکیان بەناوی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر مۆر کردبوو.

پێش ئەوەی کۆتایی بەم دیمەنە تێکەڵوپێکەڵە بێنم، دەمەوێ لای خۆمەوە (وەک سەرۆکی پێشووی ڕێکخراوی عەرەبی مافەکانی مرۆڤ لە بەریتانیا سەرباری کارەکەم وەک ڕاوێژکارێکی یاسایی) باسی دەنگی کڵێسا بکەم لە بەرگریی لە موسڵمانانی ئەو وڵاتانەی لە تاوی چەوسانەوە، وەک کۆچبەر و پەنابەر لێی دەژین، لە کڵێساکاندا دەحەوێنرانەوە و بەرگرییان لێ دەکرا تا مافی پەنابەریەتی بەدەست بێنن، خۆم ئاگەداری دۆخەیلێکی زۆر و هەڵوێستگەلێکی مرۆڤانە بووم کە شایانی پیاهەڵدان و پێزانینن[٥٣].

کاتێک لە هەڵوێستی کڵێسا دەکۆڵینەوە، لەسەرمان پێویستە باوەڕ و خۆشەویستی جیا بکەینەوە. ئاخر باوەڕ، بەگوێرەی هێندێک هزرڤانی مەسیحی، واتە؛ مافی تۆ کە هەڵگری بیروباوەڕێک بی و مافی بەرانبەرەکەشت وەک تۆ. لەوانەیە لە خاڵگەلێکدا جیاواز بن و لە خاڵگەلێکیشدا ڕێکەون. ئەوە ڕێ لەوە ناگرێ هەر کەس دەست بەهەڵوێست و باوەڕی خۆیەوە بگرێ. وەلێ خۆشەویستی بۆ هەموو مرۆڤێک وەک یەکە، با لەسەر چ ئاینێک بێ، هەمووان مافی

ژیان و ئازادی و پەروەردەکردنی منداڵەکانیان هەیە، ئازادی ئەوەیە: مرۆڤ خوای خۆی بپەرستێ وەک خۆی دەیەوێ بەو مەرجەی بیروباوەڕی خەڵکانی تری قەبووڵ بێ[٥٤].

ڕەنگە ئەم لێکنێزیکبوونە هەر زۆر زەرووری بێ بۆ کۆمەڵگە فرە ئاین و مەزەب و داب و زمانەکان، ئەگەر ئاین بابەتێکی کەسێنییە، بەڵام مانای وانییە کە مەسیحییەکان دەیانەوێ لەگەڵ موسڵماناندا بن لە دژی ئەوانەی نکووڵی خوا دەکەن، وەلێ هاریکاری و سازان و بەتەنگەوەچوونی یەکتری هەردوو لا بەهێز دەکات و هاوبەشە مرۆڤانییەکان و بەهاگەلی چاکە و خۆشەویستی و ئاشتی، زیاتر دەچەسپێنن.

٢- لێبووردەیی و ئیسلامی سیاسی

هیچ سەرچاوەیەکی ڕەخنەگرانە لەبارەی لێبووردەیی و نالێبووردەیی لە ئیسلامدا، لە بەردەستدا نییە، بەتایبەتی لە سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا. خۆ لەو هەموو هەڵسوکەوتانەش بگەڕێ کە نیشانەی نالێبووردەیین و بوونە هۆی کۆڕەوی کەمینە ئەتنی و ئاینی و تایەفییەکانی دنیای عەرەبی و ئیسلامی، هەروەها جیاکاری بەرانبەر کەمینە نەتەوەیی و زمانی و ئاینییەکان، هەر لە کورد عێراقەوە تا دەگاتە خێڵەکانی باشووری سودان یان ئەمازیغییەکانی ڕۆئاوای عەرەبی، بەو هەڵسوکەوتانەش کێشەکان زیاتر کەڵەکە بوون و ڕێگەی خۆهەڵقورتانی دەرەکیش خۆش بوو.

گوتاری ئیسلامی، یان ئیسلامەوی باو، بەتایبەتی لەلایەن ئیسلامی سیاسییەوە، ئاستەنگێکە لە بەردەم پرەنسیپەکانی لێبووردەیی و نوێگەری، کولتووریی سیاسی باڵادەستیش برێتی بوو لە کولتووری دوورخستنەوە و پەراوێزخستن و ڕیشەکێشکردن لە پاڵ حەرامکردن و کافرکردندا.

هەندێک توێژی دەستەبژێر ویستیان ببنە سووری پێش لەشکر، وەلێ بەداخەوە خەڵکێکمان نەبینی گوێیان لێ بگرێ، بۆیە بۆشاییە گەورەکەی نێوان ئەوان و وارە قورس و چەقبەستووەکە و ئەو ئاستەنگانەی بەر بەچاکسازیی و گۆڕین دەگرن هەر مایەوە.

باهۆزی نوێگەری لە چەندان وڵاتدا نووچی دا. شێخ ڕاشید ئەلغەنووشی دەڵێ: تەنیا دوو ڕێگەمان لە پێشە، یا بوارێک دەڕەخسێنین بۆ گردبوونەوەیەکی ئیسلامی نێوان تێکڕای باڵ و تەوژمە ئیسلامییەکان و تەنانەت لە نێوان ئەوانە و تەوژمە نائیسلامییەکاندا، یان توندڕەوی هەڵدەبژێرین و دەست بەو "یەکڕەنگییە"وە دەگرین. واتە؛ یان هزری لێبووردن و کرانەوە یان هزری شەڕوشۆڕ و لێکترازان. هەرچی دوکتۆر عەبدولوەهاب ئەلمسیرییە، بانگەشەی گوتارێکی نوێی ڕەخنەگرانە دەکات کە سەرودەری لەگەڵ نوێگەری ڕۆئاواییدا هەبێ. فەهمی هوێدی جەخت دەکاتە سەر تەنگژەی شەرعییەتی دیموکراسی، بۆیە دەبێ بابەتی دیموکراسی، شوێنێکی شایانی لە گوتاری ئیسلامیدا بدرێتێ، لەبەرئەوەی داواکارییەکی بنەڕەتی و بەهایەکی باڵایە[٥٥].

بڵاوکردنەوەی کولتووری لێبووردەیی و چەسپاندنی، پێویستی بە ژینگەیەکی لەبار لە

کەشوهەوای ئازادی و ڕادەربڕین و جیاوازیی بێ ترسان لە سزا هەیە، پێویستی بەکۆمەڵگەیەکە کە هاوبەشێکی کارای دەوڵەت بێ، دەوڵەتێک بەپێی سەروەریی یاسا و یەکسانی نێوان هاوولاتیان کار بکات.

ئەوەش پێویست بەچاوگێڕانەوە بەزۆر یاسا و ڕێسای کارا و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندن هەیە، تا لە مەیلە خۆبەزلزانین و ڕەگەزپەرستییەکان نەخاسمە بەرانبەر ئەوانی تر، پاک بکرێنەوە و جەخت لەسەر مافی جیاوازی و ئۆپۆزسیۆنبوون بکەنەوە. خۆ ئەگەر خۆمان لەو مەسەلانە بوارد، ئەوە ناگەینە لێبووردەیی و دەبێتە ئامانجێکی زەحمەت[٥٦].

لێبووردەیی، بەم مانایە، واتە؛ خۆڕاگرتن بەرانبەر شت و هەڵوێستگەل یان هزرگەلی وا کە ڕەنگە نەمانەوێن، لەوانەیە بەتەواوی دژ بەهزر و ئاکار و بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسیمان بێ، بەڵام پێچەوانەکەی، نالێبووردەیی، واتە؛ سڕینەوە و ڕیشەکێشکردن و نکووڵیکردن، ئەوەش، ڕەنگە ببێتە هۆکاری توندوتیژی و شەڕوشۆڕ. گاندی (١٨٦٩ – ١٩٤٨) لە نامەیەکیدا کە لە بەندیخانەوە ناردوویەتی دەڵێ: (لێبووردەییم خۆش ناوێ، وەلێ هیچ شتێکی چاکتر شک نابەم بمگەیەنێتە مەبەستەکەم).

بەلای گاندییەوە، لێبووردەیی، بنەوای بیرکردنەوەیە لە مامەڵەکردنی ئەوی تردا، لەبەرئەوەی ئێمە هەموومان وەک یەک بیر ناکەینەوە و هەر یەکەشمان بەشێکی ڕاستیمان لە کنە کە بەجیاواز تێی دەڕوانین.

لێبووردەیی، بابەتی تێڕوانین و تیۆریزەکردنی هزروانانی سەدەی حەڤدەیەم بوو، نەخاسمە لە لێکجوێکردنەوەی ئاین و دەوڵەتەوە، لەو کاتەوە لێبووردەیی کڵێسا بەرانبەر ئەوانەی ڕەخنە لە بۆچوون و هەڵوێست و دەسەڵاتەکەی دەگرن بووە پێویستی، بەتایبەتی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا.

ڕۆژێک کە خەڵکەکە لە دەسەڵاتی کڵێسا ڕزگار بوون، دەبوو هزریش لە دەزگاگەلی فەرمانڕەوایی ڕزگار بێ ئەویش بەبڵاوبوونەوەی لیبرالیزم. لەو ڕۆژەوە، لێبووردەیی بووە: توانای کۆمەڵگە بۆ خۆگونجان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن و جیاوازی و ڕێزگرتنیان.

چەمکی لێبووردەیی، لە بابەتێکی تاکەکەسییەوە بۆ کۆمەڵگە و دەوڵەت بەرەو پێش چووە، تا گەیشتووەتە کۆمەڵگەی ناودەوڵەتی، چەمکەکە قاوخی زمانەوانی خۆی جێ هێشت کە پێوەست بوو بەسەخێتی و دەستبڵاوی و خانەدانی و لێخۆشبوون و چاولێپۆشینەوە، بگرە گەیشتە دانپێدانان بەماف و ڕێزگرتن تا دەگاتە ئاوەدانی و گەشەپێدانەوە[٥٧].

بڵاوکردنەوەی پرەنسیپەکانی لێبووردەیی و سەروەریی گیانی مافی جیاوازی، پێویستییان بەچاوگێڕانەوە بەبۆماوەی کولتوورییە هەروەها وەرگرتنی کەلەپوور لە ڕێڕەوی مێژوویی خۆیدا و بنیاتنانەوەی سەروتازەی پێوەندیی نێوان کولتوور و دەوڵەت، کۆمەڵگە و دەسەڵات، نێوان حکوومەت و ئۆپۆزسیۆن، هەمووی ئەمانەش، هاوزەمان بەرپرسیارەتییەکی دەستەجەمعی و تاکەکەسیشن، ئاخر کۆمەڵگەیەک نییە لە کەڵکەڵەی دوورخستنەوە و نالێبووردەیی دوور بێ، مەگەر

کۆمەڵگەیەکی بەتوانا و هەردەم وریا بێ.

نالێبووردەیی، بەکەلەپوور یان کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوەوە نەنووساوە؛ دیاردەیەکە ساڵانێکی زۆر زۆرە هەیە نە (ڕۆهەڵاتییە نە ڕۆئاوایی)، وەک بەکووش دەڵێ. سەرەڕای ئەوەی تێکڕای ئاینەکان ڕای دەگەیەنن کە بڕوایان بەلێبووردەیی هەیە، کەچی شەڕ و قڕکردن بەدرێژاییی مێژوو هەر بەردەوام بووە و هێندێک جار بەناوی ئاینەوە[٥٨].

قورئانی پیرۆز نێزیکەی لە سەت ئایەتدا دووپاتی دەکاتەوە؛ لێبووردەیی بنچینەیەکی ئیسلامە کە دووپاتی دەکاتەوە:

- ئازادیی بیروباوەڕ بۆ ئەوانەی موسڵمان نین.
- ئازادیی پەرستن.
- نەبوونی زۆرەملێ و ناچارکردن.
- پابەندبوون بەڕێزگرتنی ئەوی ترەوە.

بەم شێوەیە، لێبووردەیی، چاکەکاریی و فەزیلەتێکی بەهایی و ئاکارییە، تا ئەو جێیەی سەرلەبەری داواکارییە گەورەکان، لەسەر بنەوای (مافی جیاوازی) ڕۆدەنرێن. ئەم مافەش، پێویست بەبڕێک فرەیی و پێکەوەژیان و دواتر پێویستی بەلێبووردەییە.

مافی جیاوازی، مەرجێکی گرینگی فرەیی و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤە، سەلماندنی ئەو مافەش، لە قبووڵکردن و ئەنجامدانی گفتوگۆوە دەست پێ دەکات، گفتوگۆش بۆ ئەوەی کاریگەر بێ، دەبێ هاوسەنگییەکی تێدا بێ. گفتوگۆ نابێ بەدەربێ لە ڕەخنە، لەوانەی ڕەخنەی دووسەرە وەک ئەوەی جۆن لۆک و دێڤید هیوم، واتە؛ ڕەخنە لە عەقڵ لە پێناو ڕزگارکردنی لە بۆماوەی کلاسیکی (واتە ڕەخنلێگرتنی ئەو میکانیزمە عەقڵییەی ئەو میرات و بۆماوەیە بەرهەم دێنێ و دووبارەی دەکاتەوە)، هەروەها ڕەخنگرتن لە سیستەمی ستەمکاری لە سۆنگەی چەمکی (سەروەری و شەرعییەت و سەرچاوەی دەسەڵات و یاسا)ەوە[٥٩].

٣- شەریعەتی ئیسلامی و لێبووردەیی

لێبووردەیی، وەک وشە، لە قورئانی پیرۆزدا نەهاتووە، وەلێ شەریعەتی ئیسلامی خۆی لە دارەتی ماناگەلی وشەکە داوە. ئاخر کاتێک قورئان بانگەشەی لەخواترسان و ڕاوێژکردن و پشتی یەکترگرتن و ڕاسپاردن و ڕەحم بەیەککردن و یەکترناسین، هەموو ئەمانەش خەسڵەتگەلی (لێبووردەیی)ن، وەک دووپاتکردنەوەی مافی جیاوازی لە نێوان مرۆڤگەلدا. "جیاوازی ئایەتگەلێکی دیارن"، ئەگەرچی پێکەوەگونجان ڕەت ناکاتەوە.

کتێبگەلی زمانەوانی و فەرهەنگە بەنرخەکان، ئەوانەی زۆر لە موفەسیرەکانی قورئان پەنایان بۆ بردوون، وشەی "چاوپۆشین"ی قورئان وەک وشەی "لێبووردەیی" لێک دەدەنەوە. ئیبن مەنزور ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو دوو وشەیە هاومانان. حونەیفییەش وا پێناس دەکرێ کە (نە هێنانەوەیەکی

دنیای تێدایە نە توندی)[٦٠].

فەیرۆزئابادی لە فەرهەنگی (موحیت)دا دەڵێ: چاوپۆشین وەک لێبووردەییە. چاو بپۆشە واتە؛ لێبووردە بە. چاو بپۆشن: لێبووردە بن[٦١].

لەبەرئەوە، بنەوای ڕەسەن لە ئیسلامدا، لێبووردەییە، ئیسلام، پەیامێکی کراوەی دنیایی بوو. "وما أرسلناك الا رحمە للعالمين"( الأنبياء:١٠٧)، بەڵگەیە لەسەر ئاشتی و ئاشتەوایی و ڕەحمکردن.

بگەڕێینەوە لۆ قورئانی پیرۆز کە مەرجەعییەت و سەرچاوەی بنچینەیی شەریعەتی ئیسلامییە، سەرباری سوونەتی پێغەمبەر، وردبوونەوە لە ئایەتەکانی قورئان، وێنەیەکی زۆر گەش و پێشکەوتوومان دەداتێ بەلایەنی ئەو لێبووردەییەی ئیسلام کە لە یەکەمین کتێبیدا هاتووە. ئایەتێکی پیرۆز دەڵێ (وأختلاف ألسنتكم وألوانكم ان في ذلك لأيات للعالمين) (الروم:٢٢).

قورئانی پیرۆز لە ئایەتگەلێکی زۆردا جەخت دەکاتەوە سەر جیاوازیی گەلان و خێڵەکان و "نێر و مێ"، گەل وەک ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێ (ئەی خەڵکینە، ئێمە دروستمان کردوون لە نێر و مێ و کردوومانن بەچەند خێڵێک تا یەکتر بناسن، لەپێشترتان لای خوا ئەوەتانە لە هەمووتان خواناسترە، خوا زانا و شارەزایە) (ئەلحوجرات:١٣)، هەروەها (ولو شاء ربك لآمن من في الأرض كلهم جميعا، أفأنت تكره الناس حتى يكونوا مؤمنين)(يونس:٩٩).

لە ئایەتی ٢٥٦ی سوورەتی "بەقەرە"شدا خوای گەورە دەفەرموێ: (لا اكراه في الدين، قد تبين الرشد من الغي، فمن يكفر بالطاغوت ويؤمن بالله فقد استمسك بالعروة الوثقي لا انفصام لها والله سميع عليم).

لە سوورەتی "ئەلغاشیە"دا هاتووە: ٢١و٢٢ "فذكر انما انت مذكر، لست عليهم بمسيطر"، لە سورەتی "زومەر"یشدا:٢١ ، هاتووە (انا انزلنا عليك الكتاب للناس بالحق، فمن اهتدى فلنفسه ومن ضل فانما يضل عليها وما انت بوكيل)، لە سوورەتی "ئەلنوور":٥٤دا هاتووە (وما على الرسول الا البلاغ المبين).

ئا ئەم سۆنگە هزرییانەی لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون، بوونە تێشوویەکی هزرییانە و تیۆرییانە بۆ هەڵسوکەوتێکی پێشکەوتووی ئیسلام، لە بواری لێبووردەییدا نەخاسمە لە سەردەمی پێغەمبەر و خەلیفەکانی ڕاشیدیندا، پێڕەوکردنی ئەو ڕێبازەش لە هەندێک بەڵگەنامەی تیۆری و ڕێککەوتننامە و پاکتگەلی سیاسیدا هاتووە. ئەو پێڕەوانە، بوونە دژبەری هەڵسوکەوتگەلێکی تری نالێبووردەیانە، وەک دەرچوون یان لادانێک لەو دەقە پیرۆزانە، نەخاسمە قورئانی پیرۆز و سوونەتی پێغەمبەر. بەڵگەنامەگەلێکی تر هەن کە پێکەوە دەبنە سەرچاوەیەکی بڕواپێکراو بۆ هەڵسەنگاندنی ئاراستە "ئیسلامەوییە" نالێبووردەکان، ئەو ئاراستەگەلەی دان نانێ بەوی تردا و هەوڵی ڕیشەکێشکردن یان سڕینەوە و یا پەراوێزخستنی دەدات.

لە برگەی دادێ هەوڵ دەدەین ڕووناکی بخەینە سەر ڕەگوڕیشەی لێبووردەی لە سۆنگەی (بەڵگەنامە) واتە؛ دەقەوە، کە هاوکات هەواڵیشە، بۆیە تەفسیر و تەئویلی گەرەک نییە، نەخاسمە برێک لەو دەقانە، لە پێشیانەوە قورئانی پیرۆز، لە دەوڵەتی یەکەمی ئیسلامدا کاری پێ کراوە، هەروەها سوونەتی پێغەمبەر کە بوونەتە سەرچاوەیەکی پیرۆز و پاشخانێکی هزری و کولتووری بۆ سەرلەبەری موسڵمانان، بەم پێیە؛ مانا و حیکمەتێکی زۆری تێدایە.

٤- ڕەگوڕیشەی لێبووردەیی و نووسراوگەلی عەرەبی - ئیسلامی.

لە زۆر نووسراو و بەڵگەنامەی عەرەبی - ئیسلامیدا، بەڵگەگەلی زۆر هەن لەبارەی لێبووردەییەوە، جگە لە دیاریکردنی مافگەل. دەکرێ لەو نووسراو و بەڵگەنامانە باسی ئەمانەیان بکەین:

١-هاوپەیمانی فزوول (حلف الفضول): ئەو هاوپەیمانییەی کۆتایی سەدەی شەشەمی زاین، دەوروبەری ٥٩٠ تا ٥٩٥، مۆر کرا، ئەو دەمەی خانەدانانی مەکە لە ماڵی عەبدوڵڵا بن جدعان کۆبوونەوە، بەڵێنیان دا "نابێ لە شاری مەکەدا زوڵم لێکراوێک بمێنێ، دانیشتووی شار بێ یان غەوارە و ڕێبوار، دەستی هەموان لەگەڵ دەستی زوڵم لێکراوەکەدا دەبێ تا زوڵمەکەی لەسەر هەڵدەگرن"(٦٢). ئیسلام، هەڵوێستێکی ئەرێنییانەی هەبوو بەرانبەر هاوپەیمانی فزوولی سەردەمی جاهیلی، محەمەد پێغەمبەر (د.خ)، هەرچی هاوپەیمانییەکانی سەردەمی جاهیلییە هەڵی وەشاندنەوە، هاوپەیمانی فزوول نەبێ. ڕۆژێکیش کە لەبارەی ئەو هاوپەیمانییەوە پرسیاریان لێ کرد، وەڵامی دایەوە "لەگەڵ مامەکانمدا ئامادەی هاوپەیمانییەک بووم لە ماڵی عەبدوڵڵا بن جدعان، ئەگەر لە سەردەمی ئیسلامدا بانگێشتی هاوپەیمانی وا بکرێم ئامادە دەبم و دەیکەم".

دەکرێ هاوپەیمانی فزوول، بەیەکەمین ڕایەڵەی مافەکانی مرۆڤ دابنرێ، هاوپەیمانییەکە جۆرێکە لە:

* ڕەتکردنەوەی زوڵم و کارکردن بۆ نەهێشتنی.
* یەکسانی لە نێوان دانیشتوانی مەکە و ئەوانەی لە دەرەوە دێنە ناو شارەکەوە. واتە؛ ڕێزگرتنی ئەوی تر بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی ئاخۆ چ نەتەوەیەکە یان لەسەر چ ئاین و مەزەبێکە و خەڵکی کوێیە.
* چەسپاندنی حەق و پاڵپشتی زوڵم لێکراو و گەڕاندنەوەی مافەکانی.
* پاراستنی ژیانی خەڵک و کەرامەتیان.
* پەنابردن بەردەستەیەک خانەدانان بۆ لابردنی زوڵم.

ئەمەش نموونەیەکە لە سەرچاوەیەکی کولتووری پێش ئیسلام و دواتر، کە بەبەهاگەلە بێگەردەکانی شەریعەت لەبارەی لێبووردەییەوە جێگیرتر بوو، ئەو شەریعەتەی، سەرەڕای لە

بەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکان، لە ڕێگەی تێکەڵی و سەرودەرەوە پێوەرە مرۆڤانییە هاوبەشەکان دەسەلمێنێ[٦٣].

ئیبن ئەسیر لەبارەی هاوپەیمانی فزوولەوە دەڵێ: (... دوای خێڵگەلێکی قورەیش بانگێشتی ئەم هاوپەیمانیی کران، لە ماڵی عەبدوڵڵا بن جدعان کە پیاوێکی هەڵکەوتوو و بەتەمەن بوو، خێڵەکان هاوپەیمانییەکەیان مۆر کرد کە بریتی بوون لە؛ بەنی هاشم، بەنی موتەلیب، بەنی ئەسەد بن عەبدولعوزا، زەهرە بن کلاب، تەمیم بن مورە، بەڵێنیان دا نابێ لە مەکەدا زوڵم لێکراوێک، دانیشتوانەکەی یان غەوارە، بمێنێ کە پشتی نەگرن تا زوڵمەکەی لەسەر لادەبەن، قورەیش ئەم هاوپەیمانییەیان ناو نا: هاوپەیمانی فزوول...)[٦٤].

کرۆکی بیرۆکەی هاوپەیمانییەکە بەهەڵگرتنی زوڵم و جیاکارییەوە بەندە، زوڵمەکە هەرچۆنێکە بێ، سیاسی، مەدەنی، ئابووری، کۆمەڵایەتی یان کولتووری بێ. دواتر بیرۆکەکە، بەو بەها و پرەنسیپە جوانانەی لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون جێگیرتر بوو، ئەمەش یەکەمین دەستوپەنجە نەرمکردنی عەرەبە لەگەڵ بیرۆکەی لێبووردەیی پێش زیاتر لە ١٤٠٠ لەمەوبەر، وەک بەشدارییەکی عەرەب، لە شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا، وەک گەلانی تری دنیا، کە مێژوو و کەلەپووری خۆیان دەگەڕێن تا بەڵگەیەک بدۆزنەوە کە ئەوان لەگەڵ ئەو بیرۆکە هاوسەردەمە بوون نەک نکوڵی یان فەرامۆشی بکەن یان بەرەنگاری ببنەوە.

بیرۆکەی هاوپەیمانی فزوول، وەک کولتوور و کەلەپوورێکی مێژوویی، وەڵامدانەوەی ئەو تەوژمە دەستڕۆیشتووانەی ڕۆئاوایە کە عەرەب و موسڵمانان بەدژبەری لێبووردەیی و مرۆڤ دادەنێن، هۆکارەکەشی بۆ سەرەتای پێگەیشتن و ژینگە و ئاین دەگەڕێننەوە، ئەو ناوەندانە دەڵێن، دژبەرییەک لە نێوان بیرۆکەی لێبووردەیی و پێکهاتەی عەرەبی و ئیسلامیدا هەیە، هەروەها بیرۆکەکە (بیرۆکەی هاوپەیمانی فزوول)، بەرپەرچدانەوەی باڵە نالێبووردەکانی ناو دنیای عەرەبی و ئیسلامییە، بە دەسەڵاتە فەرمانڕەواکان و گرووپە توندڕۆ و دەمارگیر و تیرۆریستییەکانەوە کە بەوی تردا نانێن و زیادەڕۆن، هەوڵی سڕینەوە وەدەدەن و ڕای دەگەیەنن کە حەقیقەت تەنیا لای ئەوانە.

باڵ و تەوژمە ئیسلامییەکان، هیچی وایان لە دەسەڵاتداران جیاواز نییە بەڕێبازە گشتگیرەکان و ڕێوشوێنە توندەکانیانەوە، لە ڕەتکردنەوەی بەرانبەر و داننەنان بەمافی جیاوازی و ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی لێبووردەیی و خۆ بەڕاست زانین، بەم مانایە، لەگەڵ ئەوەی هێنێک جاران لە ڕیزی (ئۆپۆزسیۆندان)، وەلێ لە هەمان کاتی حکوومەتە ستەمکار و ملهوڕەکانیان خواردووەتەوە.

ئەوەی دەبێتە پشتیوانی باڵە ناحەزەکانی ئیسلام لە ڕۆئاوا، ڕەوشی ئێستەی مافەکانی مرۆڤە لە دنیای عەرەب و ئیسلامدا، ئەڵبەت تۆمارێکی خراپە، بگرە بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوگەلە ناودەوڵەتییەکانی وەک ڕێکخراوی لێخۆشبوونی ناودەوڵەتی و ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ و ڕێکخراوی عەرەبی مافەکانی مرۆڤ و ئەوانی تر، لە هەموو دنیا خراپترە، ئەمەش

(پاساو)ێکی ڕیسواکەر و بیانوویەکی (ڕەوا) دەدات بەدەستەوە، ئەگەر پێمان وابێ نیازپاکییەک لە پرسەکاندا هەیە. هەر بەو پێیە بەردەوام قەوانی تیرۆریزمێکی عەرەبی و ئیسلامی ڕەگداکوتاو و کولتوورێکی دەمارگیری توندڕۆ و داخراو، لێ دەدرێتەوە.

دەتوانم بڵێم عەرەب و موسڵمانان وەک خەڵکانی تر پێویستە بگرە لە هەمووان زیاتر پێویستیان بەوەیە کولتوور و کەلەپووری خۆیان موتوربە بکەن بەو دەسکەوتە مرۆڤانییە لە ڕێگەی کرانەوە و هاریکاری و تێکەڵبوون و دۆزینەوەی ناوکۆیی (القواسم المشترکة) لەگەڵ شارستانیەت و کولتووره جیاوازەکاندا، بێ ئەوەی پێناسە و تایبەتمەندی و جیاوازیی ئاینی و نەتەوەی و کولتووری خۆیان لەدەست بدەن، وەلێ بێ فەرامۆشنەکردنی پێشڤەچوونی دنیا و هاوبەشە مرۆڤانییەکان. تایبەتمەندیی عەرەب و موسڵمانان لەوەدایە کە مافیان هەیە بوونی نەتەوەی و پێناسەی تایبەتی خۆیان لە هەستانەوە و بڕیاردانی چارەنووس و پێشکەوتن و گەشەسەندن و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و ڕزگارکردنی خاکە داگیرکراوەکانیان، بپارێزن[٦٥]، ئەمانەش هەر هەموویان بەهاگەلێکی مرۆڤانی هاوبەشن بۆ سەرلەبەری مرۆڤایەتی.

٢- دەستووری مەدینە: بەلای هێندێک کەسەوە یەکەمین دەستووری نووسراوە لە دنیادا کە باس لە ماف و ئەرکگەل دەکات، ئەو شەریعەتەی محەمەد پاش گەیشتنی بۆ مەدینە بڕیاری لەسەر دا، لەوێدا باس لە مافەیلی تایەفەگەل و پێکهاتەگەلی مەدینە دەکات بەتایبەتی جوولەکە.

سەلاحەدینی جۆرشی دەڵێ، بەڵگەنامەی مەدینە برێتییە لە "یەکەمین هەوڵی یاسایی و دەستووریی بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی نوێی ئیسلامی، کە خەریک بوو پێغەمبەر ژیانی خۆی لەسەر دابنێ(٦٦). (ڕۆژنامە - سەحیفە)، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو کۆمەڵگەیەی پێغەمبەر هەوڵی بۆ دەدا، کۆمەڵگەیەکی فرەیی بوو. (ڕۆژنامە - سەحیفە)، یەکەمینساڵی کۆچی (نێزیکەی ٦٢٢ز) د، واتە بەر لە شەڕی بەدری گەورە دەرچووە، هەرچەندە لە مەدینە دەرچووە، کەچی لە ڕووی شەریعەتەوە بە مەکەیی دێتە ژماردن. ئاخر ساڵانی یەکەمی کۆچی پێغەمبەر کە سەر بەگوتاری مەکەییە، لێبووردەیی پێوە دیار بوو، وەلێ بڕێک حوکمگەلی ئەم قۆناغە لە قۆناغی مەدینەشدا مانەوە، ئەمەش ئاڵۆسکانێک دروست دەکات لەبارەی پێگەی لێبووردەیی و ڕاستی بیروباوەڕەوە لە گوتاری ئیسلامی ڕابردوو و ئێستەدا، ئاخۆ پرسێکی تەکتیکی بووە یان ستراتیجی؟ ئیسلامی سیاسی لە ئێرانەوە بۆ جەزایر، لەم پرسەدا کۆک نین.

باقر عەفیف دەڵێ، سەحیفە، لە دەقگەلێکی قورئانی پێک هاتووە، ئەو ئایەتانەی بە ئایەتگەلی لێبووردن (آيات الاسماح) ناسراون، ئەوانەی لە سورەتەکانبی کەهف و غاشیە و مائیدە و حەجدا هاتوون کە دواتر دێینە سەر باسکردنیان. ئەم ئایەتانە، ئاماژە بەبنەواگەلێکی بنچینەیی دەدەن لە ئیسلامدا، کە بنەواگەلێکی مرۆڤانی گشتین وەک ئازادی، کە غایەلەیەکی خۆڕسکانەی هەموو مرۆڤێکە کە هەر بۆ خۆیان بەئازادی لەدایک دەبن، هەر ئەوەشە وای لە دووەمین خەلیفەی ڕاشیدین، عومەری کوڕی خەتاب، کرد، گوتە ناودارەکەی بڵێ کەنگێ ئەو خەڵکەتان کردە کۆیلە لە

کاتێکدا بەئازادی لەدایکبوون؟، یان گوتەکەی ئیمامی عەلی کە ڕووی دەمی لە سەرکارەکەی میسرێتی، مالیک بن ئەلئەشتەر ئەلنوخعی: وەک شێر مەبە بەسەریانەوە (واتە بەسەر خەڵکەوە) و هەردەم لە بۆسەدا بی بیانخۆی، ئەوان دوو جۆرن، یان برای دینیتن یان وەک تۆ خوا خەڵقی کردووە...، هەرم ئەم گوتانەش بوو پاش چواردە سەدە، لە جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤدا دەنگی دایەوە کە لە مادەی یەکەمیدا دەڵێ:

(هەموو خەڵک بەئازادی لەدایک دەبن و یەکسانن لە کەرامەت و مافدا، عەقڵ و هۆشیان هەیە، دەبێ بەگیانی برایەتییەوە مامەڵەی یەکتر بکەن)[٦٧].

ئازادی، هەڵبژاردەیەکی مرۆڤانییە، مرۆڤ ئازادە، ئەوەی دەیەوێ مانای: ئەوەی هەڵی دەبژێرێ، هەڵبژاردن و دەستنیشانکردمیش لێرەدا هیچ چار نییە هەر دەبێ بێ زۆرەملێ و ناچارکردن بێ، بگرە هەڵبژاردنێکی هۆشمەندانەیە. مەبەست لە یەکسانی، نەبوونی جیاکاری لە نێوان مرۆڤەکاندا سەبارەت بەئاین یان ڕەگەز یان نەژاد یان زمان یان ڕەنگیان، بنچینەی یەکسانیش؛ کەرامەتی مرۆڤی موسڵمان و ناموسڵمان و پرسی بنەڕەتیش، کاری چاکە. بەڵام باوەڕی ئاینی، ئەوە پێوەری بەهای تاک و جەختکردنەوەی ڕێزگرتنی عەقڵە. خوای گەورە بەو گەورەییەی خۆیەوە فەرمانی بەپێغەمبەر کرد خۆی لە زاڵبوون دوورخاتەوە کە دەڵێ (فذكر انما انت مذكر لست عليهم بمسيطر)، هەروەها مەبەست لە یەکسانی، ڕێزگرتنی ئاینگەل و نەتەوە و پێکهاتەگەلە جیاوازەکانە، سەحیفە، یان دەستووری مەدینەش هەر لەسەر ئەو بنەوایە بوو.

با ئەو چەند ئایەتە شی بکەینەوە کە دەستنیشانمان کردن و بەڵگەن لەسەر بوونی بنەواکانی لێبووردەیی:

یەکەم: سورەتی ئەشکەوت:٢٩، کە ئازادی هەڵبژاردن یان دەستنیشانکردن دەداتە مرۆڤ (وقل الحق من ربكم، فمن شاء فليؤمن ومن شاء فليكفر...).

دووەم: سورەتی غاشییە:٢٢،٢١، کە بەڵگەی هەوڵی باوەڕپێکهێنانە (فذكر انما انت مذكر لست عليهم بمسيطر).

سێیەم: سورەتی مائیدە:٦٩، جەخت لەسەر یەکسانی دەکاتەوە (ان الذين آمنوا والذين هادوا والصابئون والنصاري من آمن بالله واليوم الآخر وعمل صالحا فلا خوف عليهم ولا هم يحزنون).

چوارەم: سورەتی حەج:١٧، باس لە یەکسانییەکی گشتگیرتر دەکات (ان الذين آمنوا والذين هادوا والصابئين والنصاري والمجوس والذين أشركوا ان الله يفصل بينهم يوم القيامة ان الله على كل شيء شهيد)[٦٨].

بەڵام هێندێک لەو ئاراستانە لە کار خران بەهاتنی ئایەتگەلی شمشێر وەک دەگوترا، نەخاسمە بەرانبەر ئەوی تر، هەر ئەوەش لەناو کولتووری ئیسلامیدا جێگیر بوو، نەخاسمە پاش بەڵێنشکێنی جووان. بۆیە زیندووکردنەوەی ئایەتگەلی لێبووردەیی و ئاماژەدان بەوەی ئەو ئایەتانەن بنەوای

هزری مرۆڤانییانەی ئیسلام، پرسێکی تا بڵێی گرینگە بۆ ئەمڕۆ، وەک دژبەرێکیش بەڕووی ئاراستە نالێبووردە باوەکان کە ئاراستەگەلێکی هەڵچوو توندڕۆن نەخاسمە کە پەنا بۆ کەلەپوور و مێژوو و شەریعەت دەبەن و بەبۆچوونی خۆیان مامەڵە لە تەک دەقدا دەکەن و لە ڕێڕەوی مێژووی خۆی دەری دێنن. بۆیە هێندێک لەو ڕێوشوێنە (توندڕۆ) نالێبووردانە، دەبێ لە ڕێڕەوی مێژوویی خۆیاندا تەماشا بکرێن و بەناوازە نەک بنەوا بێنە ژماردن، نەخاسمە لە سەردەمی پێغەمبەر و خەلیفەکانی ڕاشیدیندا، کە بنچینەی کولتوور و دەوڵەتی یەکەمی ئیسلامە بەهەموو بەها و ئیلهامەکانییەوە.

بڵاوکردنەوەی سەروتازەی دەستووری مەدینە و دووپاتکردنەوەی، زیندووکردنەوەی دەق و ئایەتە لێبووردەییەکان، زیندووکردنەوەی سیرەی پێغەمبەر بەو پێیەی یەکێکە لە سەرچاوەکانی لێبووردەیی و مافەکانی مرۆڤ و ڕێزگرتنی مافیی جیاوازی، دەبنە هۆکاری لابردنی برێک لەو دژبەرییانەی بوونەتە ڕێگر لە بەردەم تەحەدییە ناودەوڵەتییەکان، بەتایبەتی تەحەدی تۆمەتبارکردنی عەرەب و موسڵمانان بەنالێبووردەیی. بێگومان، ئەوە یەکێک دەبێ لە ڕەگەزەکانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو ڕێژیم و حکوومەتانەی بەرانبەر گەلانیان نالێبووردەن کە هەوڵ دەدەن بگەڕێنەوە بۆ برێک دەقگەل و هەڵسوکەوتی نالێبووردە لە ڕێی دەرهاویشتنیان لە ڕێڕەوی مێژوویی و بڵاوکردنەوەیان بەو حسێبەی گوایە ئەوانە نموونەی ئیسلامین، ئەوەش تەنیا لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیان و پاراستنی پایە و دەسەڵاتیاندا.

هێندێک پێیان وایە، سورەتی (تۆبە)، تخووبی نێوان قۆناخی لێبووردەیی و قۆناخی شمشێرە، بەڵگەشیان؛ بە بیسمیلا دەست پێ ناکات و یەکەمین ئایەتیشی (براءة من الله ورسوله الى الذين عاهدتم من المشركين...). بەگوێرەی ئەم ئاراستەیە، ئەم ئایەتە و دۆخی دابەزینی ئەوەیە کە سزایەکی دنیایی بۆ موشریکەکان دیاری کردووە. لەوە بەدواوە، جوو و مەسیحییان، پاش ئەوەی ئەهلی سەحیفە و بەڵێن بوون، بوونە ئەهلی شەڕ و کوشتار، دوای شکاندنی هەموو ڕێکەوتن و بەڵێنەکان، بگرە بوونە هاووڵاتیی پلە دوو و دەبا جزیە بدەن[٦٩].

ئەم دەقە، ئاڵۆسکاوییەکی زۆر بۆ ئێستە دەخوڵقێنێ، بەتایبەتی چۆنیەتی جێبەجێکردنی لە دەوڵەتێکی هاوسەردەم و لە سایەی پرەنسیپی یەکسانی لە ماف و لە بەردەم یاسادا، سەرباری جاڕنامەکانی مافەیلی مرۆڤ و جیاکاری نەکردن و هاووڵاتێتی، بێ لە کاریگەرییە خراپەکانی لە ئاستی پێوەندییە ناودەوڵەتییەکان. لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشێ: ئاخۆ پاشگەزبوونەوەیەک لە پرەنسیپی هاووڵاتێتیی نوێ هەیە، هەوڵێک لە ئارادایە لە پێناو کەمکردنەوەی مافی هاووڵاتی لە دەوڵەتی هاوسەردەمدا؟

دەشێ ئەمڕۆ ئەو دەقە کارا بکرێ هەر بۆ نموونە؟ ئاخۆ پێگەی لەناو دەقە ناودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤدا چییە؟ ئەوانە پرسیارگەلێکی گرینگن و وەڵامگەلێکی هاوسەردەمانە و پێشکەوتنخوازانەیان پێویستە کە ئاگەداری ئەوە بێ مرۆڤایەتی لە بەها و پرەنسیپە

هاوبەشەكانیدا گەیشتووەتە كوێ، سەرباری ئەوەی ئاخۆ ئەو دەقە تا چەند لە واقیعی ئەمڕۆماندا دەشێ جێبەجێ ببێ. كەواتە، ئاخۆ ڕاستە جێبەجێكردنی سزایەكی دنیایی موشریكان، ببێتە بانگەشەی شەڕ و كوشتارێكی دنیایی و ناوخۆیی، ئەگەر دەقەكەمان بەهاكەزایی وەرگرت؟ ... یان ڕێوشوێن و كەرەسەی تر هەن بۆ ڕێگرتن لە موشریكان و بڵاوكردنەوەی باوەڕدار؟ بێگومان، بڵاوكردنەوەی هزری لێبووردەیی و ڕێنوێنییە بێگەردەكانی ئاین، ئیسلامی یان مەسیحی یان ئەوانی تر، باوەڕپێهێنانی تاك و كۆمەڵگە بەگرتنی ڕێی ڕاست بەگوێرەی بنەواكانی دادپەروەری و ڕاستینە، ویژدان، یەكسانی و سەروەریی یاسا، دەبنە هۆكاری بڵاوبوونەوەی باوەڕداری، هەڕەشە و گوڕەشەی سەربڕین و بەكارهێنانی توندوتیژی تا بەرانبەر ناچار بكرێ، با بەرانبەر موشریكیش بێ، بەتۆپزی واز لە باوەڕی خۆی بێنێ، یەكەمین جار زیان بەخوتی باوەڕداری دەگەیەنێ، ئاخر مەحاڵە شمشێر لە عەقڵەكاندا بچەسپێ و باڵادەست بێ.

دەكرێ بەڵگەنامە ئیسلامییەكان لەبارەی بیرۆكەی لێبووردەییەوە كە لە ڕووی مێژووییەوە بڕێك بنەوای مافەیلی مرۆڤیان تێدایە، دابەش بكرێ بەسەر سێ قۆناخدا:

یەكەم – قۆناخی پێغەمبەرایەتی: بریتییە لە قۆناخی بانگێشتن و بانگەواز و دواتر هاتنی شەریعەت و نووسینەوەی كە شەریعەتگەلێكی زۆر و تازەی پاش كۆمەڵگەی كۆچەریین، هانی خەڵك دەدەن بۆ برایەتی و پشتیوانی و یەكتربەسەركردنەوە و لێخۆشبوون و لەو بنەوایانە. ئەو سورەت و ئایەتانەی بۆ پێغەمبەر (دادەبەزین)، وەك پرۆگرامی هزری و سیاسیی موسڵمانان وابوون لە بەرانبەر ڕكابەر و دوژمنانیاندا، چەكی دەستیان بوو لە بڵاوكردنەوەی ڕێنوێنیی ئاینەكەیان و بنەواكانی.

دووەم – قۆناخی خەلیفەكانی ڕاشیدین: قۆناخی ڕۆنانی دەوڵەتی ئیسلامی، هەست بەپێشڤەچوون و فرەوانبوونی كۆمەڵگەی نوێی ئیسلامی دەكرێ پاش كۆچی خاوەنی پەیامە ئیسلامییەكە. لەم قۆناخەدا، لە سایە و ئیلهامی قورئانی پیرۆز و سوونەی پێغەمبەردا، كۆمەڵێك یاسا و ڕێسا و بڕیار دەرچوون، بەگوێرەی پێشڤەچوون و گۆڕانی ژیانیش ئیجتیهاد دەكرا، نەخاسمە پاش ئەوەی لە ڕێی (فەتحە) ئیسلامییەكانەوە، كۆمەڵگەی ئیسلامی تێكەڵی پەیدا كرد لەگەڵ چەندان نەتەوەی تردا.

سێیەم – قۆناخی بەیاساییكردن و خوردكردنەوە: ئەو قۆناخەی لە كۆتایی خەلیفەكانی ڕاشیدینەوە دەست پێ دەكات تا دەوڵەتی ئەمەوی و هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عەباسی(٧٠)، تا دەگاتە دەوڵەتی عوسمانی و ڕێژیمی خەلیفایەتی كە تا یەكەمین شەڕی جیهانی درێژەی كێشا، تا لەبەریەك هەڵوەشانی خیلافەتی عوسمانی و داڕووخانی.

بەڵگەنامەی یەكەم كە قورئانە ماف و بنەواگەلی باڵای لێبووردەیی تێدایە، دواتر سوونەتی محەمەد مافە گشتی و تاكەكەسییەكانی ورد كردەوە، بەمافی خەڵك و مافی دەسەڵاتدارەوە.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر دەستووری مەدینە یان سەحیفە، بەڵگەنامەیەكی مرۆڤانەی پێشكەوتووە

کە بەزمانێکی یاسایی نێزیک لە هێندێک بنەوای دەستووریی نوێ نووسراوەتەوە، باس لە پێوەندیی پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانی کۆمەڵگەی مەدینە دەکات لەگەڵ بنەواکانی لێبووردەیی و پێکەوەژیان و مافی جیاوازی و فرەیی لە نێوان موسڵمانان و مەسیحییان و جووان و خێڵە عەرەبییە بتپەرستەکاندا.

دەتوانم بڵێم، دەستووری مەدینە (سەحیفە)، یەکەمین بەڵێننامەی مەدەنییە لە مێژووی ئیسلامدا. سەرچاوەی لە قورئان و حەدیسەوە نەگرتووە، بەڵکە بەڵێننامەیەکی نێوان دانیشتوانی شارێکە لە پێناو ڕێکخستنی کاروبارەکانی ژیان کە پێغەمبەر لەگەڵ دانیشتوانە ناموسڵمانەکەدا بڕیاری لەسەر داوە. ئەو بەڵێننامەیە لە نێوان ئاب/ئۆگستسی ٦٢٢ی زاین و حوزەیران/یۆنیۆی ٦٢٤دا نووسراوە (لە نێوان ساڵی یەکەمی کۆچی و کۆتاییی ساڵی دووەمدا).

سەحیفە، لەسەر نموونەی فرەییی هاوماڵی Juxtaposition کە پێشتر مەسیحییەت و جوولەکە و هیندۆسی پێڕەویان دەکرد.. مافگەلێک دووپات دەکاتەوە: یەکسانی لە ماف و ئەرکەکاندا لە نێوان موسڵمانان و جووواندا، پشتیوانی یەکتریش لە کاتی شەڕدا. بوونی پێوەندیی لەسەر بنەوای چاکە و ئامۆژگاری و خراپەنەکردن. ڕێکخستنی پێوەندییە یاسایی و جینائییەکان بەگوێرەی دابە عەرەبییەکانی پێش ئیسلام کە خێڵی کردبووە خوێندار لە کاتی کوشتن و ناکۆکییەکاندا بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی داخۆ لەسەر کام ئاینە[٧١].

دەکرێ بگوترێ بەپشتبەستن بەو دەقەی لە (سەحیفەی مەدینە)دا هاتووە: لەسەر هەر لایەنێک یان دەسەڵاتێک کە خۆی سەر بەئیسلام دەزانێ، پێویستە، لە پاشخانەکانی ئەم سەحیفەیە ورد بێتەوە و جێبەجێیان بکات بەسۆنگە و نێوەڕۆک و پشت ژێرەکانییەوە کە لە چەمکی هاووڵاتیبوونی نوێ نێزیکن. ئەو بەڵگەنامەیە باسی لە پێوەندیی خێڵەکان و فرەیی و پەرۆشییە مرۆڤانییە هاوبەشەکان دەکرد، بەزمانی ئەم ڕۆژگارە، جۆرێک بوو لە گرێبەستی کۆمەڵایەتی. هەروەها واقیعبینییەکی سیاسییانەی پێوە دیار بوو حسێبی بۆ هاوسەنگی سیاسی کردبوو. بەڵام پێش هەر شتێک، جەختی کردبووە سەر لایەنە دەستیاوی مرۆڤانی (المشترك الانساني) و مافی مرۆڤبوون، کە خوا بێ جیاوازی، لە خواناسی و چاکەدا نەبێ، بەهەموو مرۆڤگەلی ڕەوا بینیووە.

هەرچی بنەماکانی مافگەل و کارگێڕی و ڕێساکانی دەوڵەتی مەدینەیە، دەستوورەکەی جێگیری کردبوون لە ڕێی یەکەتیی سیاسییانەی دەوڵەتەکەوە کە ناوکرۆکەکەی، یەکەتیی نێوان ئەوس و خەزرەج، ئەنسار و موهاجرین بوو، بۆیە هێندێک، دەستووری مەدینە، بەیەکەمین دەستوور دادەنێن کە بەمانای یاساییانە لە دەستوور بچێ. بەگوتەی هزرڤان عەزیز سەید جاسم، ئەو (دەستووری دەوڵەت شار)ە، یان بەڵیننامەکە، بریتی بوو لە "گرێبەستێکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی، ژیانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکیی لێکدردۆنگەوە بەرەو یەکەتییەکی سیاسییانەی کۆمەڵگەیەک کە وا خەریکە بەگوێرەی بۆچوونی ئیسلامییانە دەخەملێ، ئەو گرێبەستە، یەکەمین گرێبەستە لە مێژوودا، ئازادی بیروباوەڕ دەستەبەر بکات و بیپارێزێ"[٧٢].

ئیسـلام، بانگەشەی بۆ وابەسـتەبوون بەبەڵێننامـەکان و ڕێزگرتنی گرێبەسـتەکان دەکرد، خوا لە کتێبە پیرۆزەکەیدا (سوورەتی مائیدە:١) دەڵێ: "یا أیها الذین آمنوا اوفوا بالعقود..."، هەروەها وەک لە سوورەتی نەحلدا: ئایەتەکانی (٩١ – ٩٥)، هاتووە:

(وأوفوا بعهد الله اذا عاهدتم، ولاتنقضوا الأيمان بعد توكيدها وقد جعلتم الله عليكم كفيلا، ان الله يعلم ما تفعلون. ولا تكونوا كالذي نقضت غزلها من بعد قوة انكاثا تتـخذون أيمانكم دخـلا بينكم ان تكون أمـة، هي أربي من أمـة، انما يبلوكم الله به وليبين لكم يوم القيامـة ما كنتم فيـه تختلفون... ولو شـاء لجعلكم أمـة واحدة ولكن يضل من يشاء ويهدي من يشاء ولتسألن عما كنتم تعملون. ولاتتخذوا أيمانكم دخلا بينكم فـتزل قـدم بعـد ثبـوتها وتذوقـوا السـوء بما صـددتم ولكم عـذاب عـضـيم. ولا تشتروا بعهد الله ثمنا قليلا، ان ما عند الله هو خير لكم ان كنتم تعلمون)[٧٣].

هـەوڵ دەدەین بەکورتی، ڕووناکییـەک بخەینـە سـەر گرینگترین ئەو بنەمـا و بنەوا دەسـتـوورییـ و مافانی و کارگێڕییانەی دەستووری مەدینە کە ئەم پێوەندیگەلەیان ڕێک دەخست:

* یەکەتیی دانیشـتوانی شار، بەموسـڵمـان و ناموسڵمانەوە، بێ جیاوازی، واتە؛ سەلماندنی بنەوای یەکسانی لە مافەکاندا.
* یەکسانی لە مافەیل و شکۆی مرۆڤانیدا، بەئاوایەک کە خواپێدا و ڕەشۆکییەکە ئامادە بن پێکەوە بژین و هاوسێ بن.
* ڕەتکردنەوەی دوژمنکاری و زوڵم و گـوناح و گـەندەڵی، چـا سـتـەمکار و زاڵم و گـوناحـبـار و گەندەڵکارەکە هەر کێیەک بێ و کوڕی هەر کەسێ بێ.
* بنەوای دەسـتـیاو و بەرپرسـیارەتی دەسـتـەجـەمعی، ئاشـتی ئاسـوودەیـی دەبێ بۆ هەمـووان بێ، ئەمەش، بانگێشتنێکە بۆ ئاشتی سەرانسەری و تەواو.
* پابەندبوون بەڕێزگرتنی یاسی گشتی و گرێبەسـتی کۆمەڵایەتی و پشتنەگرتنی ئەو کەسانەی لەو گرێبەستە لادەدەن، واتە؛ جەختکردنەوەی ئینتیما و بەرپرسیارەتیی دەستەجەمعی.
* ڕۆنانی یاسا و ڕێساگەلێک بۆ کۆمەڵگە تا هەمووان لە سایەیاندا بەیەکسانی بژین.
* پاراستنی ئەو کەمینەیەی ئامادەیە ئاشتییانە لە تەک موسڵماناندا بژی و زوڵم لێ نەکردنی.
* ئازادیی بیروباوەڕ و موڵکداری بۆ غەیرە موسڵمانان، نە بەتۆپزی دەکرێنە موسڵمان و نە دەست بەسـەر ماڵوموڵکیاندا دەگیرێ. بەپێی ئەو پێگە نوێیەی لە جاڕی دنیایی مافەکانی مرۆڤ و پاکتە ناودەوڵەتیـیـەکانـدا بـاس دەکرێ، ناشـێ بەزۆرەملـێ مـوڵک لە هیـچ کـەسـێک زەوت بکرێ، (مـافی موڵکداری)، مافێکی مرۆڤانییە و ناشێ کەم بکرێتەوە یان لە کەس بسەندرێتەوە.
* بەرپرسـیـارەتی غـەیرە مـوسـڵمـانان لە دەوڵەتی ئیسـلامیدا: هـاوکاریکردن لە بەرەنگاربوونەوەی مـەترسـیـیـەکـان و دوژمنکاری، بەشـداری لـە خـەرجـیـیـەکانی دەوڵەتدا، وەک چۆن مـوسـڵـمـانان

بەشدار دەبن و بڕێک هاوکاریی مادی شەڕگەل بکات.

ئەرکی دەوڵەتی ئیسلامییە پشتیوانی غەیرە موسڵمانانی زوڵملێکراو بێ، وەک چۆن پشتیوانی موسڵمانانە کە زوڵمیان لێ دەکرێ. واتە؛ دادپەروەری بۆ هەمووان بێ گوێدانە ئاین، ڕەچەڵەک، ڕەنگ، بۆچوون و زێد یان هیتر.

* پشتگیریینەکردنی دوژمن و دەست تێکەڵنەکردن لەگەڵیدا، واتە؛ لەسەر موسڵمانان و غەیرە موسڵمانان پێویستە لای دوژمن نەگرن و ڕێی بۆ خۆش نەکەن، ئەوەی لە تێگە نوێیەکاندا پێی دەگوترێ (تابووری پێنجەم).
* ڕێککەوتن" لە هەر کاتێکدا بەرژەوەندی نەتەوە بیخوازێ، ئەم پرەنسیپە، لە دەوڵەتی ئیسلامیدا ئەرکە، هەمووانیش بێ جیاوازی دەبێ پابەند بن.
* سزادان، تەنیا بۆ کەسەکان خۆیانە، گوناهی کەسێک ناخرێتە ئۆباڵی کەسێکی تر، ئەوەی خەتایەکیش بکات، ئەنجامەکەی تەنیا بۆ خۆیەتی.
* کێن یاسایە پاراستنی ئازادیی سەفەر و هاتوچۆ لە دەوڵەتی ئیسلامیدا، لە ناو دەوڵەتەکەدا و بۆ دەرەوەش، ئەمە یەکێکە لە ئەرکەکانی.
* دەبێ دەوڵەت دادپەروەر بێ، نابێ گوناحبار و زاڵمان داڵدە بدات.

کۆمەڵگە پشت بەهاوکاری لە خێر و چاکە و هاوکاریدا دەبەستێ، نەک گوناح و دوژمنکاری، ئەو بنەوایانەش بەگوێرەی باوەڕبوون بەخوا و پێغەمبەریش وەک پێشەنگێکی باڵا[٧٤].

ئەو دەوڵەتە ئیسلامییە نوێیە کە بنچینەکەی دەوڵەتی مەدینە و دەستوورەکەی بوو، هەر زوو دەستی بەنووسینی گرێبەستی بەڵێننامە و نامەناردن کرد. دیارترین ئەو کەسێتییە ئیسلامییانەی خۆیان لەو دارەتە دا، واتە لە دارەتی دەزگاگەلی سیاسی و تەکنیکی دەوڵەت، برێتی بوون لە عەلی کوڕی ئەبوتالیب، ئەبی کوڕی کەعبی ئەنساری، زەید بن سابت، ئەرقەم کوڕی ئەبی ئەرقەمی زوهری، عەبدوڵڵا بن ڕەواحەی ئەنساری، موغیرەی کوڕی شوعبە و زوبێری کوڕی عەوام و هیتر.

دەوڵەتی نوێ، جگە لە نووسەران، شاعیران و وەرگێران و میوانخانە و یاسا و ڕێسای کارگێڕیی شار و هەرێمەکانی هەبوو، ئەگەر پێغەمبەر ناچار بووایە لە شار دەربچێ بۆ شەڕ، کەسێکی لە شوێنی خۆی دادەنا دەگەڕایەوە، ئەو حەدیسەش کە باسی ئۆباڵی بەرپرسان و چاودێران دەکات بەرانبەر خەڵکەکەی خۆیان، هەمان ئەو چەمکانەیە کە بەزمانی ئەم ڕۆژگارە پێیان دەڵێین لێپێچانەوە و حسێب و دیوەدەری (شەفافیەت). ئاخر کە کەسێک ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات و هەست دەکات خۆڕسکانە و بێ پاڵەپەستۆی ئەملاولا، ئەو کارەی هاوئاهەنگە لەگەڵ پێشڤەچوونی کۆمەڵگەکەی کە مافەکانی پێ ڕەوا بینییەوە. لێرەدا حەدیسێکی پێغەمبەرمان بیر دێتەوە کە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە (موسەند)دا دەیگێڕێتەوە، کاتێک نیگەرانی خۆی سەبارەت بەکارگەلێکی نەرێنی دەربڕی کە ڕەنگە ئەو کارگەلە، زیان بە ئیسلام و حیکمەتەکانی

بگەیەنن. هەر ئەو وریاکردنەوە پێشوەختانە، بوونە هەوێنی بناوان یان یاسایەکی دەستووری لەبارەی فەرمانڕەواییەکی چاک و زانا، نەخاسمە کە باس لە فەرمانڕەوایی نەزانان و بڵاوبوونەوەی پۆلیس دەکەن، واتە؛ هەڕەشە و چەوساندنەوە و بڵاوبوونەوەی بەرتیل کە دەبنە هۆی تێپەڕاندنی هێڵە سوورەکان برێتین لە:

* فەرمانڕەوایی هەرزەکاران، واتە نەزانان کە خاوەنی هیچ توانا و داناییەک نین.

* زۆری یاساوڵ، واتە، بەکارهێنانی پۆلیس بۆ چەساندنەوەی خەڵک.

* بڵاوبوونەوەی بەرتیل و بەرتیلکاری.

* لێک دوورکەوتنەوەی خەڵک لە یەکتر (نەمانی سیلەی ڕەحم) و سووکسەرنجدانی هاوخوێنی.

* هەڵنەبژاردنی کەسە عاقڵ و چاکەکان.

ئەگەر ئەوە پێوەرەکانی پێغەمبەر بووبێ لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و ویلایەت و ئیمارەتدا، بگرە لە پێوەندی نێوان فەرمانڕەوا و هاووڵاتی، نێوان مرۆڤەکان، پێوەرگەلێکن بۆ کاری سیاسی دەشێن و بەرپرسیاریەتییەکانی تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان دیاری کردووە، سەرچاوەیەکی مرۆڤانی و هزری مرۆڤانین لە پێش ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەرەوە.

پێغەمبەر، لە بەڕێوەبردنی کاروباری موسڵمانان لە دەوڵەتی مەدینەدا، شورای وەک بنچینە پێڕەو دەکرد، شورا، بنەوای بنچینەییە لە ئیسلامدا کە دەکرێ وەربگیرێ و جێبەجێ بکرێ لە فەرمانڕەواییدا لە کاتی ئاشتی و شەڕدا، دەشێ بشگونجێنرێ لەگەڵ ئەم ڕۆژگارەماندا، بەپشتبەستن بە سوورەتی شورا، ئایەتی ٣٨ی قورئانی پیرۆز (... وأمرهم شورى بينهم)، شورا، بنەوایەکی ڕەسەنی بنەواکانی محەمەد پێغەمبەر بوو بەدرێژاییی ژیانی، ئەم بنەوایەش دەگەڕێتەوە بۆ: یەکەم بیروباوەڕی، دووەم بەهاکانی، سێیەم داناییەکی زۆر، زۆر ڕاستگۆیانە ڕاوێژی بەهاوەڵانی دەکرد، هەروا بۆ ڕواڵەتی و جارجارەش نەبوو، لە هەموو شتێکدا ڕاوێژی دەکرد، هەرگیز پێگەی ڕوحانی خۆی بەکار نەدەهێنا و بڵێ ئەو بەناوی خوای گەورەوە قسان دەکات، بگرە بۆچوونەکانی هاوەڵانی شەنوکەو دەکرد و ڕاستیگەلێکی جیاوازی ئاشکرا دەکرد، دوایی، بەگوێرەی ئەو چرکە مێژووییە بڕیاری دەدا.

ئەم ڕاوێژکردنە لە سەردەمی پێغەمبەردا چەسپی و لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدینیشدا پێڕەو دەکرا، لێرەدا ئاماژە بەو ڕۆژەی شەڕی بەدر دەدەین کە پێغەمبەر گوتی: (خەڵکینە بۆچوونەکانی خۆتانم پێ بڵێن)، دواتر بۆچوونەی زۆرینەی وەرگرت سەرەڕای ئەو مەترسییانەی کەوتە سەر موسڵمانان وەک لە شەڕی ئوحوددا قەوما، شانوشەوکەتی پێغەمبەر نەدەبووە ڕێگر لە بەردەم هاوەڵانیدا تا ڕای خۆیان دەربڕن، ئاخر قبووڵکردنی ڕای تر و بیستنی جیاوازییەکان و شەنوکەوی بیر و بۆچوونەکان، زەوینەی دۆزینەوەی ڕێگەی ڕاستی مسۆگەر دەکرد.

پێوەندیی پێغەمبەر بەهاوەڵانی و گوێ لێ گرتنیان و هەڵوێستی بەرانبەر دیلەکانی بەدر، دەریان

خست چۆن چۆنی موسڵمانان ئازادانە گفتوگۆیان دەکرد تا دەگەیشتنە دوا بڕیار، با گفتوگۆکان زۆریشیان بخایەندایە. لە پرسی دیلەکانی بەدردا، زیاد لە بۆچوونێک هەبوو، هێندێک دەیانگوت: باشتر وایە بکوژرێن، هێندێک دەیگوت: فیدیەیان لێ وەربگیرێ، لەوانە ئەبوبەکر، بەڵام بەلای عومەرەوە چارەسەر پەڕاندنی سەریانە، چونکە ئەوانە سەرانی کوفر و پێشەوایانی سەرلێشێواوی بوون.

ئەبوبەکر و عومەر، هەر کەس لە گۆشەنیگای خۆیەوە لە دادپەروەری دەڕوانی. ئەبوبەکر لەو باوەڕەدا بوو، ئەمانە مام و ئامۆزان، برا و ئامۆزاش جێگەی سۆزی پێغەمبەرن، چ نەبێ تا قورەیش کەمێک نەرمتر بن. عومەر پێی وابوو، ئەو دیلانە، خەڵکانێکی بەهێز و دڵڕەشن و دیلبوونیشیان هێندەی تر دڵی ڕەش کردوون، ئەگەر ئازاد بکرێن دەبنە سەرچاوەی مەترسی و بار بەسەر ئیسلامەوە.

کاتێک ئەبوبەکر و عومەر لە قسەکانی خۆیان بوونەوە، محەمەد پێغەمبەر هەستا چووە ژوورەکەی خۆی و سات و نێوێک لەگەڵ ئەو خەڵکەدا لەبارەی دیلەکانەوە گفتوگۆی کرد، هێندێک لای ئەبوبەکریان گرت و هێندێک عومەر، پێغەمبەر ڕاوێژی پێ کردن ئاخۆ چ بکات باشە، نموونەی ئەبوبەکر و عومەری بۆ هێنانەوە، خەڵکەکە کەوتنە گفتوگۆ لەناو خۆیاندا، گەیشتنە ئەوەی دیلەکان لە بەرانبەر خزمەتێکدا ئازاد بکرێن. باوەڕ بکەن، ئەم چارەسەرە نێزیکە لە دیموکراتیەتی ئەسینای گریکی، لەگەڵ جیاوازییەکدا، ئەمەی مەدینە، هەڵسوکەوتێک بوو لەناو کۆمەڵگەیەکی ئازاد و لەناو خەڵکێکی ئازاددا، لە سایەی یەکسانییەکدا کە تەجرەبە ئەسینا بەخۆیەوە نەبینیبوو.

مزگەوت، جێی مشتومڕ و گفتوگۆ و ڕاوێژکاری بوو، هەر لەو بارەیەوە پێغەمبەر دەڵێ: "هەر کەسێک موبایەعەی ئەمیرێکی کرد بێ ڕاوێژی موسڵمانان، موبایەعەکەی هیچیان قبووڵ نییە". بەم مانایە، دەکرێ بگوترێ، بیرۆکەی مزگەوت و جەماعەت، پایەیەکی زەرووری بوو لە کۆمەڵگە بەراییەکانی ئیسلامدا، مزگەوت، ئەو جێیەیە کە موسڵمانانی لێ کۆ دەبێتەوە تا لەبارەی ژیان و کێشە و داهاتوویانەوە، لەبارەی ئاین و دوارۆژیانەوە گفتوگۆ بکەن. ئەو جێیەیە کە توانا تاکەکەسییەکانی تێدا دەخەملێ، ئاخر لەوێ هەر کەس دەکارێ بۆچوون و هەڵوێستی خۆی دەربڕێ.

پێغەمبەر، یەکەمین مزگەوتی لە ئیسلامدا دوای کۆچکردنی بۆ یەسریب (مەدینە)، بنیات نا، پێش گەیشتنی بۆ یەسریب، فەرمانی دا مزگەوتی (قوبا) دروست بکرێ، کە بەمزگەوتی "تەقوا" دەناسرا، لە ئایەتی ١٠٨ ی سوورەتی تۆبەدا هاتووە: (... لمسجد أسس علي التقوي من أول يوم أحق أن تقوم فيه، فيه رجال يحبون أن يتطهروا، والله يحب المطهرين).

شایەنی باسە، لە نێوان مەدینە و تەبووکدا، حەڤدە مزگەوت دروست کران، پێغەمبەر، لەو مزگەوتانەدا خوتبە ناودارەکانی لەبارەی بناخەکانی ئیسلامەوە دا، وەک کارێکی ئیعلامی و (ئایدیۆلۆجی) و بەکارهێنانی دەستەواژەگەلێکی هاوسەردەمیانە. هەردەم پاش نوێژ، گفتوگۆ و

ڕووبەڕووبوونەوە و مشتومڕەکانی ئەهلی مزگەوت و جەماعت دەستی پێ دەکرد.

دەکرێ بگوترێ مزگەوت و جەماعەت، ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە لە مێژووی ئیسلامی هاوسەردەمدا، چ بەرەنگاربوونەوەی هێرشبەران و داگیرکارانی دەرەکییەوە بێ یان لە کاتی بەگژاچوونەوەی زوڵمی ناوخۆدا. ڕەنگە ڕۆڵی شێخ عەبدولقادری جەزایری لە جەزایر و عەبدولکەریم خیتابی لە مەغریب، عومەر موختار لە لیبیا، عەبدولقادر حوسەینی لە فەڵەستین، محەمەد حوسێن حەبووبی و محەمەد تەقی شیرازی و محەمەد باقر سەدر و سەرکردەگەلێکی ئیسلامی تر لە عێراق، ئایەتوڵا خومەینی لە ئێران، سەید حەسەن نەسروڵا و محەمەد مەهدی شەمسەدین و محەمەد حوسێن فەزلوڵا لە لبنان، چەندان دەستەبژێری هزریی و سیاسی تر، بەڵگەی ڕۆڵی گرینگی مزگوت و جێیەکانی جەماعەتن لە داگرتن و بزاندنی جەماوەر و کارتێکردن لە ڕای گشتی، نەخاسمە مزگەوت ڕۆژانە پێنج جار یان بەلایەنی کەمەوە سێ جار، دەبێتە جێی گردبوونەوەی موسڵمانان، گردبوونەوەکانی ڕۆژانی هەینی (بەتایبەتی خوتبەی جومعە)، نەسیحەت و ڕێنوێنییەکی هەفتانەیە، بگرە ڕاگەیاندنی پلانی سیاسییە بەلای هێندێک تەوژم و بزووتنەوەگەلی ئیسلامییەوە، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا.

وێنەی جەماوەری موسڵمانان لە سەردەمی محەمەددا، بریتی بوو لە دەستەجەمعی و هاریکاری و هەرەوەزی و متمانە و یەکسانی، بێ بوونی دەسەڵاتێکی کاهینانە لە نێوان خوا و مرۆڤگەلدا. لە ئیسلامدا، کاهین نییە، پیاوێکی ئاینیش بەو مانایە نییە، تەنیا بەمانای لێکۆڵەر و توێژەر هەیە، موسڵمان برای موسڵمانە، ناموسڵمانیش مرۆڤە، ئەمەش ئیسلامی کردووەتە ئاینێکی ڕوون و ڕاشکاو و دنیایی. قورئان، فەرمان دەدا موسڵمانان خۆیان لە مشتومڕکردن لەگەڵ ئەهلی کیتابدا بەدوور بگرن، مەگەر بەقسەی خۆش نەبێ. دەبینن کە دیالۆگ، بنچینەیەکی تیۆریی و بناوانی ئاینی ئیسلامە. وەک لە سوورەتی عەنکەبووتدا،٤٦، هاتووە (ولا تجادلوا أهل الكتاب الا بالتي هي أحسن الا الذين ضلموا منهم وقولوا آمنا بالذي انزل الينا وانزل اليكم والهنا والهكم واحد ونحن له مسلمون).

بەم واتەیە، ئیسلام، بەو فرەئاینی و پێکهاتە و تایەفانەوە، بناخەیەکی بۆ یەکەتیی مرۆڤانی ڕۆناوە (كلكم لآدم وآدم من تراب)، بەمەش ئازادیی باوەڕی دابین کردووە، ئازادیی گشتی و ئازادیی تاکانەیی، لە ئاستی ناوەخۆ (نیشتیمانی) و ناودەوڵەتیدا، ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەڵێین بنچینەی مافەکان لە ئاستی ناوخۆیدا و (یاسای ناودەوڵەتی لە ئسلامدا) لە ئاستی دەرەکیدا کە لە پێوەندیی نێوان ئیسلام و ئاین و گەلانی تری کۆڵیوەتەوە، بەگوێرەی بنەواکانی پێوەندیی نێوان نەتەوە و ئاین و تاکەکان لەسەر بنچینەی ئاشتی و ئامانج و ئاواتە مرۆڤانییەکان.

دەکرێ نامەکانی محەمەد پێغەمبەر بۆ هەرقلی گەورەی ڕۆم و کیسرای گەورەی فارسان، وەک نموونەی زمانێکی دواندنی دیبلۆماتییانەی باڵا بێنینەوە، نەخاسمە ئەگەر ڕێڕەوە مێژوویییەکەی پێوەندییە ناودەوڵەتی و سیاسی و دەرەکییەکانی ئەوێ ڕۆژمان لە بەرچاو گرت کە بانگێشتی (الی

کلمة سواء...) و کۆتاییە بەناوبانگەکانیان (وسلام علی من اتبع الهدی)[٧٥].

سەرەڕای محەمەد دەزانی ئەو پێغەمبەرە نەک پاشا و فەرمانڕەوا، کەچی نامەی بۆ پاشای ڕۆم و فارسان دەنارد، لەبەرئەوەی دەیزانی ئاشتی و لێبووردەی لە تەک واندا زۆر پێویستە، وەک چۆن ڕۆژگاری ڕێککەوتنی حودەیبییە و دەستووری مەدینە زەروور بوو، هەرچەندە ئەو دوو پاشایە بەستەم و ملهوڕی ناسراو بوون. وەلێ دیبلۆماسییەت و تێگەیشتنی پێوەندییەی ناودەوڵەتییەکان و هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشە ناودەوڵەتییەکان لە ڕێگەی لێک تێگەیشتن و دیالۆگەوە، بەشێک بوو لە سیاسەتی ستراتیجی محەمەد (د.خ)، لە سۆنگەی پێوەرەکانی خۆیەوە بۆ بڵاوکردنەوەی ڕێنوێنییەکانی ئیسلام، زیاد لەوەش، ئەوە مەیدانێکە لە مەیدانگەلی ململانێ لەسەر ئاستی ناودەوڵەتی، یەکێکیشە لەو چەکانەی سیاسەتی محەمەد (د.خ) لە سایەی هاوسەنگی هێزەکانی لەو ڕۆژگارەدا.

لەبارەی پێوەندیی فەمانڕەوا و خەڵکەکەوە، لە نێوان خەلیفە و ڕەعیەتەکەیدا، لە نێوان سەری دەوڵەت و بنەوەیدا، کە بەشێکی گرینگە لە کولتوور و هزری سەرتاکانی ئیسلام، دەکرێ وتارەکەی ئەبوبەکری سدیق بێنینەوە یادمان لە کاتی کۆچی دواییی پێغەمبەردا (د.خ)، کە موسڵمانانی شۆک کرد و هێندێکیانی لە ناخەوە هەژاند، دەمێک چووە سەر مینبەر گوتی: (دواتر، هەر کەس لە ئێوە محەمەدی دەپەرست، محەمەد مرد، هەر کەسێکیش خوای دەپەرست، خوا زیندووە و نامرێ).

دواتر ئایەتە پیرۆزەکەی خوێندەوە کە دەڵێ: (محەمەد پێغەمبەرێکە و پێش ئەو پێغەمبەرگەلێکی تر هەبوون و چوون، ئیتر بۆچی هەر کە مرد یان کوژرا هەڵدەگەڕێنەوە...)[٧٦].

پاش کۆچی دواییی محەمەد پێغەمبەر (د.خ)، واتە دوای زیاتر لە بیست و دوو ساڵ بانگەوازی ئیسلامی، ئەبوبەکری سدیق، لەسەر ڕێبازی پێغەمبەر، نەخاسمە لە شورا و مافی جیاوازیدا، حوکمی دەوڵەتی ئیسلامی کرد، هەر ئەوەشە لێکدانەوەی وتارە بەناودەنگەکەی کە ڕووی کردە خەڵکەکە و پێی گوتن: بوومە سەردارتان کاتێک چاکترینتان نیم، گەر چاکەم کرد پشتیوانیم بکەن، گەر خراپەم کرد، ڕاستم بکەنەوە.

عومەر کوڕی خەتابیش لەسەر هەمان ڕێباز ڕۆیشت کاتێک ڕووی لە خەڵکەکە کرد و گوتی "هەر کەسێک خوارخێچییەکی لێم بینی بە شمشێرەکەی ڕاستم بکاتەوە"، ئەمەش بانگێشتنێکە بۆ فەرمانڕەواتییەکی چاک و لێهاتوو، هاندانێکە بۆ ڕابوون بەڕووی گەندەڵی و دەستبەسەراگرتنی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات.

خوێندنەوەی ئەم دەقانە، لە پاڵ دەستووری مەدینەدا، مەرجەعییەتێکی بناوانی دەستووری سەرەتاکانی ئیسلامە، نەخاسمە کاتێک هەموویان پێکەوە کۆ دەکرێنەوە وەک جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی پیرۆز و سیرەی پێغەمبەر(د.خ).

٣- پێکهاتنی یان ڕێکەوتنی حودەیبییە (صلح حدیبیە): ئەو پێکهاتن یان ڕێککەوتنەی ساڵی شەشەمی کۆچی ئیمزا کرا، بەبەڵێنی پێغەمبەر (د.خ) بۆ جوولەکەکانی نەجرانیش ناسراوە،

ڕێککەوتنەکــە خــۆی لە خــۆیدا، خــوێندنەوە و دانپــێــدانانی ئەوی تر و پشــتــبــەســتــنە بەپرەنسیپەکانی لێبووردەیی.

بەناوی ئەو چیایەوە ناونراوە کە لە دامێنیدا ئیمزا کراوە، چیاکە ڕۆژەڕێیەکی تەواو لە شاری مـەکەوە دوورە، بەشـێکی لـە خاکی حـەرام و بەشـەکـەی تری لە خـاکی حـەڵاڵدا بوو. ئەوێ ڕۆژێ، (قـەسـوا)، وشـترەکـەی پێـغـەمـبـەر، داکـەوت، پێغەمبـەر بەخـۆی و نێزیکەی ١٤٠٠ هـاوەڵەوە لەوێدا وەسـتـان تا کـاروانی حـاجـییـان گـەیشـتن. پێـغـەمـبـەر ویسـتی خـۆی لە پێکدادان لەگەڵ قـورەیشـدا بەدوور بگرێ، قـورەیش هـەر بەبیـسـتـی هـەواڵی نیـازی پێـغـەمـبـەر بـۆ سـەردانی مـەکـە پاش ئەوەی ناچار بوو کۆچ بکات بۆ مـەدینە، هـار بووبوون. خـۆ پێـغەمبـەر نیازی هـێرشکردنە سـەر قـورەیشی نەبوو، دەیویست تەوافی مـونا بکات. ئەودەم نیـازی فـەتحی مـەکـەی نەبوو، ئەو مـەکـەیەی بەردەوام بیری لێ دەکردەوە و قیبلە و جێی وەحی و زێدی بوو، جێی هـەموو یادەوەرییە تاڵ و شـیرینەکـانی بوو.

قورەیش، خەڵکانێکی زۆریان ناردە لای محـەمەد پێغەمبەر (د.خ) تا واز لە سـەردانی مەکە بێنێ، پێی گـوتن، ئێمـە بۆ شـەڕی کەس ناچینە مەکە، ئێمـە بۆ عـەمرە دێین، ئەگـەر قـورەیش ڕێککەوتن و پێکهاتنی گـەرەکە ئەوە ئێمـە ئامـادەین، ئـەگـەر نا "بەوەی نەفسی منی بەدەسـتـە شـەڕی دەکـەین"، پاش هـامـوشۆ و هێنان و بردنێکی زۆر، ڕێککەوتن کە پێک بێن. قـورەیش نەیتـوانی پێغـەمبـەر ناچار بکات دەستبـەرداری ئامانجەکەی ببێ. بێگومان پێغەمبەر (د.خ) ئامانجگەلێکی سـتراتیجی ڕوونی بێ چەندوچۆنی هـەبوون، وەلێ هـەوڵی دا پلان و تەکتیکەکانی قۆناخـەکە پێش بخات کە نیشـانەی هـزری ورد و دووربینییـەکی سیاسی بێ وێنە و لێهاتوویەکی دیپلۆماسی و شارەزایی لە دانوسـتان و توانای قەناعەتپێهانان بوون.

پێغەمبـەر، عوسمانی کوڕی عەفانی بۆ دانوسـتانەکان دەستنیشـان کـرد، قورەیشیش، سوهـەیلی کوڕی عـەمر، هـەردوو لا ڕێککەوتنەکەیان ئیمـزا کـرد. پێـغـەمبـەر، داوای لە ئیـمامی عـەلی کـرد، ڕێککەوتنەکە بنووسێتەوە و پێی گوت (بنووسە بسم الله الرحمن الرحيم)، سوهـەیل گوتی: ئەمەمان نەبیسـتـووە، بەڵکە بنووسـە (بأسمك اللهم)، پێـغـەمـبـەر گـوتی: بنوسـە ئەمـە پێکهـاتنی مـحـەمـەدی پێغـەمـبـەری خـوایە لەگـەڵ سـوهـەیلی کـوڕی عـەمـر. دیسـان سـوهـەیل گـوتـی: ئەگـەر ئێمـە بزانین پێـغـەمـبـەری خـوای شـەڕت ناکـەین، بۆیە ناوی خـۆت و بابت بنووسـە. پێـغـەمـبـەر بەعـەلی گـوت: بنووسـە" ئەمـە پێکـهـاتنی مـحـەمـەدی کـوڕی عـەبدوڵڵایە، پێک هـات لەسـەر ئەوەی دە سـاڵان شـەڕ نەکرێ (هـەن دەڵێن پێکهاتنەکە بۆ دوو ساڵان بووە) تا خـەڵک دڵنیابنەوە، هـەر کەسێک، بـێ مۆڵەت وەرگرتن لە خودانەکەی، چووە لای پێغەمبەری خوا (د.خ)، دەبێ بیگەڕێنێتەوە بۆ لای خودانەکەی، هـەر کـەسـێکیش لەوانەی لای پێـغـەمبـەری خـوان، چووە لای قـورەیش، دەست بـەڕوویەوە نانرێ و ناگـەڕێنرێتـەوە، کێ ویسـتی لەگەڵ پێـغەمبـەری خـوا پێک بـێ با پێکبێ، ئەمسـاڵ پێغەمبـەری خـوا دەگەڕێتـەوە، ساڵی دادێ محـەمەد و هـاوەڵانی دەچنە ناو مەکەوە و سێ ڕۆژان دەمێننەوە، لە چەک،

تەنیا شمشێرەکانیان لە کالانەکاندا پێ دەبێ و هیچی تر"[٧٧].

پێکهاتن یان ڕێککەوتنی حودەیبییە، ستراتیجی و تەکتیکیش بوو، هەنگاوێکی دیار بوو کە پشتبەستنی پێغەمبەر و ئیسلام بەڕێککەوتن و ئاشتی و لێبووردەیی، دووپات دەکاتەوە، هەروەها بەکارهێنانی هەموو ڕێیەکی ڕەوا لە پێناو دوورخستنەوەی شەڕ، بەڵگەیەکی بەرچاوە سەبارەت بەبەرزی و بێگەردی نیازی پێغەمبەر (د.خ). خۆ ئەگەر ڕۆژگارێک بەناڕەوا ڕێ بەپێغەمبەر نەدەدرا تەوافی کەعبە بکات، هەوڵی دا وردە وردە ئەو مافە وەرگرێتەوە، بێ خوێنڕشتن، ئاخر باوەڕبوون بەئاشتی و حەجکردن، بەلای پێغەمبەرەوە بەرپاکردنی شەڕیان نەدەهێنا، بگرە وا باشتر بوو چاوەڕێی ساڵی داهاتوو بکەن، ئەڵبەت بەگوێرەی ڕێککەوتنی حودەیبییە، نەک وەک هەندێک موسڵمان کە پەست و بێئومێد بووبوون لە چاوەڕوانی، وەلێ پێغەمبەر چاوی بڕیبووە حەج عومرەکە، با ئەو ئامانجە بڕێک چاوەڕوانیشی بوێ، ئەمەش بەڵگەی دووربینی و بەهرە بەرزەکانی سەرکردایەتیکردن بوو.

قورەیش ناچار بوو، لەژێر کاریگەریی بەهاگەلی لێبووردەییانەی پێغەمبەر، هەروەها لە چوارچێوەی هێرشی ئاشتییانەی ئیسلامدا، مل بۆ ڕێککەوتن بدات، ئەوەش یەکێک لە گرینگترین ئەنجامە ئەرێنییەکانی ڕێککەوتنی حودەیبییە بوو، ئەم ئەنجامە، کاری زۆری کردە سەر خەڵکە سادە و عەوامەکەی قورەیش، وەک چۆن ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی پێغەمبەر و هاوەڵانی کاریگەریی ئیجابییان لەسەر خەڵکەکە هەبوو، خەڵک، چاودێریی ئاستی باوەڕ و توانەوەی گیانیبەگیانی و هاریکاری و هەرەوەزی یەکتری ئەوانیان دەکرد.

بەم شێوەیە، بۆ ساڵی داهاتوو، موسڵمانان بۆیان هەبوو سەردانی مەکە و حەج و عومرەی خۆیان بکەن، چیی تر قورەیش تاکە دەسەڵاتدار ڕەهای سەر مەکە و کەعبە نەما، ئەوەش لە چوارچێوەی ململانێیەکی هزریدا کە بنەواکەی مافی ڕادەربڕین و ئازادیی بیروباوەڕ بوو.

سەردانی کۆچبەرەکان بۆ لای کەسوکاریان، تا بڵێی گرینگ بوو بۆ توندکردنەوەی پێوەندییە خێزانی و خێڵەکی و کۆمەڵایەتییەکان.

پێغەمبەر، باڵاترین شێوازی سیاسەتی پێڕەو دەکرد بەگوێرەی هاوسەنگی هێزەکان بەر لە هەر شتێک، سەرباری باوەڕی دامەزراوی بەئاشتی و پێڕەوکردنی بنەواکانی لێبووردەیی و مافی جیاوازی و خوێندنەوەی ئەوی تر، ئەمە دووەم، سێیەمیش، باوەڕبوونی بێ چەندوچۆن، وەک کەسێکی خاوەن بنەوا و پەیام، بەپێوەرگەلی عەدالەت و یەکسانی، هەر بۆیە لە ڕێککەوتنی حودەیبییەدا ڕووی لە ئاشتی و پێک هاتن کرد. هەر لە مبارەیەوە، پرسێکی گرینگ هەبوو، (وەحی)، کە ڕەگەزێک بوو لە دەرەوەی توانای مرۆڤ، ئەو ڕێبازەی پێغەمبەر پێڕەوی دەکرد، هەڵقوولاوی پێوەندیی ئەو بوو بەخوای خۆیەوە، بەم مانایە، پێغەمبەر، پێڕەوی ڕێبازێکی خوایی دەکرد، وەک لە ئایەتی ٢١٧ی سوورەتی بەقەرەدا هاتووە (يسألونك عن الشهر الحرام قتال فيه، قل قتال فيه كبير وصد عن سبيل الله وكفر به والمسجد الحرام واخراج أهله منه أكبر عند الله...).

وەلێ قورەیش هەوڵی دا لە ڕێککەوتنی حودەیبییە پاشگەز بێتەوە، وەک ئیرەیی هاتنەوە و تانەلێدانی پێغەمبەر سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ داگیرکاری دەرەکی، واتە بەرەنگاربوونەوەی ڕۆم لە ولاّتی شام لە شەڕی مووئتەدا(ئەردەن)، ئەو شەڕەی جەعفەری کوڕی ئەبوتالیبی تێدا شەهید بوو (هەر لەوێش نێژرا و تا ئەمڕۆش مەزارەکەی لەو شوێنەیە). قورەیش پێیان وابوو موسڵمانان تێکەوتوون و دەشکێن، کەچی شەڕەکە بووە نیشانێکی نوێ لە مێژووی عەرەب و تێکۆشانیان بەرەو کۆمەڵگەیەکی یەککگرتوو کە کۆڵەکەکەی ئیسلام بێ.

بەم شێوەیە، ئاراستەی هەوڵەکان هەمووی ڕووە و فەتحی مەکە چوو، مەکە، بووە سەرەتای ڕووخانی خێڵەکایەتی و کۆیلایەتی و ئازادبوون لە بندەستی قورەیش و بیرکردنەوە لە ڕۆنانی دەوڵەتی یەککگرتووی ئیسلامی و گەیاندنی بانگەوازی ئیسلامی بۆ هەرچوار نیهالی دنیا. ڕووداوی ئازادکردنی دیلەکان، کاتێک پێغەمبەری ڕووی تێکردن و گوتی (بڕۆن ئێوە ئازادن)، مانایەکی گەورەی هەبوو سەبارەت بەو جۆرە بیرکردنەوە تازەیە لەو کۆمەڵگە خێڵەکییەدا، کۆمەڵگەیەک تا بناگوێی مەیلی شەڕ و تۆڵەکردنەوە و کۆیلایەتی بوو، لە کاتێکدا ئیسلام هەوڵی دەدا خەڵکەکە لەسەر لێبووردەیی و بەهاگەلی چاکەکاری ڕابێنێ، تا بکارێ بیکاتە بنچینەی ڕۆنانی کۆمەڵگەیەکی نوێ.

قووڵاییی عەرەبایەتی لە ڕێی ئیسلامەوە هاتە بوون، بەڵام بەیەکسانی لەگەڵ ئەتنییەکانی تردا و بەلێبووردەیی لە تەکیاندا. سەلمانی فارسی هێمای ئەو یەکسانییە بوو[٧٨]. ئەوە بوو پاش ڕێککەوتنی حودەیبییە و پێش ئەویش بەڵگەنامەی مەدینە، محەمەد پێغەمبەر (د.خ) دەستی کرد بەئیمزاکردنی ڕێککەوتن و بەڵێننامەی ناودەوڵەتی لەگەڵ دەرودراوسێکان.

سەراپاگیریی و گرینگی دنیاییيانەی ئیسلام، لە ڕێی عەرەبەوە جێگیر بوو، عەرەبیش بەهۆی ئیسلامەوە بوونە نەتەوەیەک.

پێغەمبەر هەوڵی بەردەوامی دا بۆ سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی کۆمەڵگە و مرۆڤ لە سایەی ڕێنوێنییەکانی ئیسلامدا، هاوکات ژیانیشی دڵیشی زۆر بەژیان خۆش بوو، نەک خۆی دوورەپەرێز بگرێ یان هەر وەعز و نەسیحەت بدات، هەرگیز بەشی دنیای خۆی لە بیر نەدەکرد.

بەجێهێشتنی مەکە، بڕیارێکی زۆر ستراتیجی و عاقڵانە و وردبینانە و حەکیمانە بوو، تەجرەبەیەکی زۆری دا بەپێغەمبەر و هاوەڵانی، شارەزاییيەکی نوێ و توانای بەرگەگرتنی غەریبایەتی و دوورەشاری بەکۆچبەران دا، تەجرەبە و سەرکردایەتییەکی نوێی بەشاری "مەدینە"ش دا. مەدینە، نە سەرکردەی هەبوو نە دەوڵەتی تێدا بوو، پێویستی بەسەرکردە و یاسا و ڕێسا و بەڕێوەبردنێک هەبوو.

تەجرەبەی ڕێککەوتنی حودەیبییە بۆ موسڵمانان پڕ گرینگ بوو، نەخاسمە ڕەهەند و مانا مێژووییيە لەجێیەکانی ئەو کات و مانا هزرییەکانی بۆ دواتر و تا ئەمڕۆ، بگرە نموونەیەکە بۆ چۆنیەتی پێوەندیی نێوان لایەنە ناکۆکەکان و گەڕان بەشوێن چارەسەری ئاشتییانەدا، بەڵکە

بناخەیەکە بۆ پێوەندی لەگەڵ ئەوی تر و خوێندنەوەی بەگوێرەی بنەواکانی لێبووردەیی، بێ گومان متمانەبوونی محەمەد و هاوەڵانی بەراستیی پرسەکەیان و هزری مرۆڤانەیان، وای لێکردن بەرژەوەندیی گشتی پێش بخەن و پەنا بۆ ئاشتی بەرن کە ڕێی ستراتیجیان بوو، دڵنیاش بوون سەرکەوتن هەر بۆ ئەمانە، نەخاسمە کاتێک لە ڕێی دانیشتن و یەکتردواندنەوە، دیوێکی تری ململانێیەکە ئاشکرا دەبێ کە بریتییە لە گفتوگۆ و کێبەرکێی ئاشتییانە و هزرییانە، دوا جار هەرواش کەوتەوە ئەو دەمەی موسڵمانان خۆیان بۆ ڕزگارکردنی مەکە ئامادە دەکرد، پاش ئەوەی قورەیش هەڵوێستێکی نەرێنی توندی بەرانبەر بانگەوازی ئیسلام و بانگەوازان وەرگرت.

٤- بەڵێننامەی عومەر (العهدة العمرية): بریتییە لە بەڵگەنامەیەک کە خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب پاش شەڕی بەناودەنگی یەرمووک کە عەرەب لە ڕۆمیان بردەوە، ئیمزای کرد. ئەوە بوو ئەبوعوبەیدەی جەراح ساڵی ١٥ک شاری "ئیلیا" – قودسی گەمارۆ دابوو، پاتریارک سفرنیۆسی بەبنەچە شامی، داوای کرد کلیلی شار بدا بەخەلیفە عومەر بەو مەرجەی ڕێز لە نوێژ و سرووت و تایبەتمەندیی ئاینی بگیرێ و پێشێل نەکرێن. کاتێک فاروق چووە ناو شاری قودسەوە، دانیشتووانەکەی پێشوازییان لێ کرد بێ ئەوەی دڵۆپە خوێنێک بڕژێ، بەڵێننامەکەشی پێدان کە بە"بەڵێننامەی عومەر" ناسراوە و هەریەک لە خالیدی کوڕی وەلید، عەمری کوڕی عاس، عەبدولڕەحمانی کوڕی عۆف و موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان شایەت بوون.

بەڵێننامەکەی عومەر، پاراستنی مافەیلی خەڵکەکەی تێدایە، هەروەها مەسیحی و تایەفەکانی قودسی دڵنیا کردەوە کە ژیان و کڵێسا و سەروماڵیان پارێزراوە، زۆر بەڕێزیشەوە قسە لەگەڵ پاتریاکیان دەکات.

عومەر، بەهاوڕێتی پاتریارک سفرنیۆس سەردانی جێپەیکەر (موقع الهيكل) و کڵێسای قیامەی کرد، ئەو دەمەی لەناو کڵێسای قیامەدا بوون، کاتی نوێ داهات، پاتریارک داوای لە عومەر کرد لەناو کڵێسادا نوێژ بکات، وەلێ عومەر ڕازی نەبوو، نەبادا دواتر مسوڵمانان نوێژەکەی عومەر بکەنە بیانوو و داوای کڵێساکە بکەن، بۆیە چووە دەرەوە و لە شوێنێک بەرانبەر "کڵێسای گۆڕی پیرۆز"، نوێژەکەی دابەست، لە نێزیک ئەو بەردەی شوێپێی پێغەمبەری لەسەر بوو کاتێک لە شەوی ئیسرا و میعراجدا بەرز کرایەوە بۆ ئاسمان، ئەوە بوو عومەر فەرمانی دا لەو شوێنەدا مزگەوتێک دروست بکەن کە دواتر لە سەردەمی خەلیفە عەبدولەلیکی کوڕی مەرواندا، ساڵی ٦٩١ ک، فرەوانتر کرا و بەمزگەوتی "بەرد و گومەز" ناسرا[٧٩].

ڕەفتاری عومەری کوڕی خەتاب، نموونەیەکی پێشکەوتووە لە بنەواگەلی لێبووردەیی و خوێندنەوەی ئەوی تر و تایبەتمەندی ئاینی و سرووتەکانی و پاراستنی سەروماڵی، ئەمەش، داننانە بەهاوبەشێتی مرۆڤانی و یەکسانی لە مافەیلدا.

٥- بەڵگەنامەی ڕزگارکردنی قوستەنتینیە (وثيقة فتح القسطنطينية): بریتییە لە نامەی سوڵتان

محەمەدی فاتیح بۆ دانیشتووانی ئەستەنبوولّ (ئوستانە) دوای ڕزگارکردنی، لەو نامەیەدا دڵنیایان دەکاتەوە کە ماف و سەروماڵ و تایبەتمەندیی و سرووتە ئاینییەکانیان پارێزراوە، نەخاسمە کە زۆرینەی خەڵکەکەی مەسیحی بوون[80].

ئەم بەڵگەنامەیە، بەردەوامی بەڵگەنامە عەرەبی و ئیسلامییەکانی ترە کە پشتیان بەبنەواکانی لێبووردەیی و یەکسانی لە مافگەل و هاوبەشێتی مرۆڤانی بەستووە. بەو پێیەش، محەمەدی فاتیح بەڵێنی بەدانیشتووانی ئەستەنبوولّ دا کە سەروماڵ شکۆ و سرووتە ئاینییەکانیان پارێزراو بێ. بیرکردنەوەی ڕەتکردنەوەی بەرانبەر و پەڕوایزخستنی لای موسڵمانان نەبووە، ئەوەی هەبوو، ویستی موسڵمان بوو بۆ بڵاوکردنەوەی ئیسلام و برەودان بەبەهاکانی بەگوێرەی ڕێساکانی ئەو ڕۆژگارە، ئەڵبەت لە چوارچێوەی تێڕوانینێکی مرۆڤانی کراوەی پێشکەوتوودا لەچاو ئەو سەردەمەدا.

ئەو بەڵگەنامانە، پشت بەبیرۆکەیەکی نێوەندی و بنچینەیی دەبەستن کە بریتییە لە: ماف و ئەرک وەک یەک بۆ هەموو مرۆڤێکە بێ جیاوازی، موسڵمان بێ یان نا.

پەراوێز و سەرچاوە و ژێدەرەکان:

١- وجدت من المناسب وأنا أتحدث عن التسامح في الاسلام أن أطل ولو بشكل سريع جدا على التسامح واللاعنف في الدين المسيحي، الذي هو أسبق من السلام. وقد تحاورت وتراسلت مع سيادة المطران جورج خضر فشجعني على ذلك بل وأمدني بمدخل مناسب لبحث هذا الموضوع. ولعلى كنت قد تنبهت على أهمية بحث موضوع الدين ككل وفكرة التسامح من خلال بحثي لفقه التسامح في الفكر العربي _ الاسلامي وأمل أن يسعفني الوقت لكي أتفرغ لكتابة بحث موسع حول علاقة الدين بالتسامح.

٢- أنظر: متى: ١٥: ٦٢

٣- حوار خاص مع المطران جورج خضر في برمانا، لبنان، ٢٠٠٢/٨/٦

٤- أنظر: أشعياء٤: ٥٣ _ ٧

٥- أنظر: فيلبي٧: ٢ _ ٨

٦- رسالة المطران جورج خضر الى الباحث في ٣آب/أغسطس ٢٠٠٤

٧- يمكن الاشارة هنا الي بعض التواريخ المميزة في حروب الفرنجة، ففي هام ١٠٩٩ ارتكبت مجازر في القدس وعمليان نهب بعد سقوطها وتعرضت طرابلس الي ألفي يوم من الحصار حتي سقطت عام ١١٠٩ ثم سقطت بيروت وصيدا ١١١٠، وعندما استطاع صلاح الدين الأيوبي صد جيوش الفرنجة عام ١٢٠٤، تمكن من توحيد مصر وبلاد الشام ١١٧١، لكنه توفي في ١١٩٣ في دمشق ثم تمكن الفرنجة عام ١٢٠٤ من الاستيلاء علي القسطنطينية ونهبها ثم احتلوا مصر ١٢١٨ _ ١٢٢١

٨- أنظر: جبور، جورج، رسالة الي قداسة البابا بمناسبة الذكري ال٩٠٠ لحروب الفرنجة، دار الكنوز الأدبية، بيروت، ١٩٩٥ وقد كان الدكتور جبور المبادر الي نشر عدة مواد في الصحف منذ العام ١٩٨٩ تقدم فيها بسؤال الي الفاتيكان، ليقوم بشرح يقترب من ألاعتذار يقدم الي أحفاد كل ضحايا حروب الفرنجة من المسلمين وغيرهم.

٩- رسالة المطان جورج خضر الي الباحث في ٢٠٠٤/٨/٣

١٠- أنظر: العلوي، هادي، من تأريخ التعذيب في الاسلام، الأعمال الكاملة(٣)، دار المدي، ط٢، دمشق، ١٩٩٩، ص٧٩ _ ٨٠

١١- أنظر: هاليداي، الفريد، ساعتان هزتا العالم، ١١أيلول/سبتمبر٢٠٠١، الأسباب والنتائج، ترجمة عبدالاله النعيمي، دار الساقي، بيروت _ لندن، ٢٠٠٢، ص١٩ ومابعدها.

أنظر كذلك: شعبان، عبدالحسين، الاسلام والارهاب الدولي، ثلاثية الثلاثاء الدامي، القانون، السياسة، دار الحكمة، لندن، ط١، ٢٠٠٢، ص٣٦ _ ٣٨ وجدير بالذكر أن أشير الي دور القرارات الدولية الثلاث التي صدرت عن مجلس الأمن الدولي بعد أحداث ١١أيلول/سبتمبر٢٠٠١ الارهابية وأعني بها القرار ١٣٦٨ في ١٢أيلول/سبتمبر٢٠٠١ والقرار ١٣٧٣ في ٢٨أيلول/سبتمبر٢٠٠١ والقرار ١٣٩٠ الصادر في ١٦ كانون الثاني/ يناير٢٠٠٢، التي تم استخدامها في الحملة الدولية لمكافحة الارهاب الدولي في خلق مثل هذه الأجواء المتوترة علي المستوي العالمي، خصوصا ما تضمنت من أحكام شديدة واجراءات أمنية وغيرها.

١٢- رسالة المطران جورج خضر الي الباحث، مصدر سابق.

١٣- الغنوشي، الشيخ راشد، الشرعية السياسية في الاسلام، مصدر سابق، ص١٩٩، كذلك: المسيري، د. عبدالوهاب، المصدر السابق، ص١٧٧ وما بعدها. كذلك: هويدي، فهمي، المصدر السابق، ص١٩١

١٤- الشماري، خميس، "التسامح غاية صعبة المنال"، المجلة العربية لحقوق الانسان، المعهد العربي لحقوق الانسان، العدد٢، ١٩٩٥.

١٥- البكوش، ناجي وآخرون، دراسات في التسامح، مصدر سابق. أنظر كذلك: عمر عبدالفتاح، المصدر ذاته.

١٦- المصدر السابق.

١٧- أومليل، د. علي، في شرعية الاختلاف، منشورات المجلس العربي للثقافة العربية، الرباط، ط١، ١٩٩١، ص٨٩

١٨- أنظر: ابن منظور، لسان العرب، دار احياء التراث العربي، ج٦، ص٣٥٤ _ ٣٥٦

١٩- الفيروز آبادي، القاموس المحيط، دار احياء التراث العربي، ج١، ص٤٦,

قارن: مهاجراني، سيد عطالله، التسامح والعنف في الاسلام، دار رياض نجيب الريس، بيروت، نيسان/أبريل٢٠٠١، ص٤٠ ومابعدها.

٢٠- جبور، جورج وآخرون، حلف الفضول،اصدار الجمعية العراقية لحقوق الانسان، فرع سورية، دمشق، ١٩٩٨, وبودي هنا أن أنوه بالدور الذي قام به جبور وهو مفكر وباحث دؤوب، في فرض فكرة حلف الفضول، سواء من خلال مراسلاته مع الأمم المتحدة والمفوضية السامية لحقوق ألانسان وجامعة الدول العربية والمؤتمر الاسلامي وغيرها أو في طرحها في العديد من المحافل الدولية والاقليمية والعربية، الي مانشره في الصحافة العربية والأجنبية. ويستحق الدكتور جبور عن عمله وجهده هذا وحده، الي مساهماته الفكرية الأخري وأخص بالذكر دراساته المبكرة حول مفهوم "الاستعمار الاستيطاني" أو مناهضة الصهيونية والعنصرية ودعم القرار ٣٣٧٩ الصادر عن الأمم المتحدة في ١٠تشرين الثاني/نوفمبر١٩٧٥، تقديرا كبيرا وتكريما لائقا علي المستوي السوري والعربي، فعسي أن تتاح الفرصة

لتكريم المبدعين في حياتهم.

٢١- أنظر: شعبان، عبدالحسين، الاسلام وحقوق الانسان، مصدر سابق، ص ٤٢.

٢٢- ورد ذلك في السيرة لابن هشام، كما رواه ابن اسحاق (١/٩٢ من الطبعة الجمالية) أنظر: الغزالي، محمد، فقه السيرة النبوية، دار الدعوة للطبع والنشر والتوزيع، الاسكندرية، ط٢، ١٩٨٩.

٢٣- أنظر: شعبان، عبدالحسين، الاسلام وحقوق الانسان، مصدر سابق، ص٤٢ _ ٤٣.

٢٤- أنظر: جواد، غانم وآخرون، "الحق قديم"، مداخلة صلاح الدين الجورشي، التوثيق في مجال حقوق الانسان، مركز القاهرة لدراسات حقوق الانسان، القاهرة، ٢٠٠٠، ص٦٥.

٢٥- أنظر: الاعلان العالمي لحقوق الانسان، الصادر عن الجمعية العامة للأمم المتحدة في ١٠كانون الأول/ديسمبر١٩٤٨ الشرعة الدولية لحقوق الانسان، رسالة رقم٢، جنيف، ١٩٨٨ ولعل ما ورد في نهج البلاغة قد سبق الفكرة المعاصرة لحقوق الانسان بنحو ١٤٠٠ سنة.

أنظر كذلك: مقالتنا "الامام علي وفلسفة الحق والحرية" منشورة في كتاب الاسلام وحقوق الانسان، وهي محاضرة ألقيت في ديربورن(أمريكا) ١٩٩٢

أنظر: نهج البلاغة، ٤٢٧ الكتاب رقم ٥٣ (رسالة الامام علي الي مالك الأشتر).

قارن: شريعتي، د.علي، الامام علي، ترجمة علي الحسيني، دار الكتاب الاسلامي، ط١، ايران، ٢٠٠٠.

كذلك قارن: جرداق، جورج، الامام علي صوت الانسانية ٤أجزاء، دار الملايين، بيروت، ,١٩٦٢ (أنظر الجزء الرابع، الامام علي وحقوق الانسان).

٢٦- أنظر: الباقر، العفيف، كتاب الحق القديم، مصدر سابق، ص٧١ _ ٧٢

كذلك أنظر: الباقر، العفيف وآخرون، حقوق الانسان في فكر الاسلاميين، مركز القاهرة لدراسات حقوق الانسان، سلسلة مناظرات فكرية، رقم ٧، القاهرة، ٢٠٠٠

قارن: نصوص الآيات القرآنية في القرآن الكريم، سوار، مروان (اشراف) مكتبة ومطبعة الشربجي، دمشق، ط١، ,١٩٨٧

٢٧- الباقر، العفيف، "وثائق حقوق الانسان الاسلامية في السياق التأريخي والاجتماعي:، كتاب الحق قديم، مصدر سابق.

٢٨- أنظر بالتفصيل: جواد، غانم، الحق قديم، مصدر سابق، ص٢٢ وما بعدها. يستطرد الأستاذ غانم جواد في المراحل المعاصرة تحت مصطلح "اعادة التأريخ" ليحدد مرحلة رابعة يطلق عليها اعادة التأسيس ويدخل فيها رسالة الامام النائيني ١٩٠٩ حول المشاركة في ادارة شؤون الأمة، وأن الشعب مصدر سلطة الحكومة ومساهمته المعروفة "تنبيه الأمة وتنزيه الملة". كان النائيني أحد فقهاء الحوزة العلمية في النجف وتوفي عام ١٩٣٦ وكان منحازا الي الدستورية أي المشروطة بدلاً من المستبدة. أما الوثيقة الثانية فهي كتاب طبائع الاستبداد ومصارع الاستعباد للكواكبي. أما المرحلة الخاصة فيطلق عليها مجازا اعادة التقنين (المعاصرة) وهي تشمل بعض الوثائق الاسلامية ومن أبرزها "ميثاق القاهرة لحقوق الانسان".

٢٩- ورد نص دستور المدينة أو الصحيفة، التي تعتبر وثيقة انشاء الدولة الاسلامية، في العديد من كتب السيرة النبوية، مثل سيرة ابن هشام والسيرةالحلبية. وقد أوردها ابن عبيد في الخراج. وقد قام الدكتور عبدالحميد في كتابه أصول حقوق الانسان والعدالة الجنائية بترقيمها وتهميشها (ص٢٠٠ _ ٢٠٥) وقد

حاولنا تدقيقها كما أظهرت عليه من خلال قراءة أكثر من نص ولدي أكثر من باحث.

أنظر: البهنساوي، سالم علي، الشريعة المفتري عليها، دار القاهرة، ١٩٩٥، ص ٢٥١.

أنظر كذلك: مناع، د. هيثم، الامعان في حقوق الانسان، جزءان، دار الأهالي، دمشق، ط١، ج١، ٢٠٠٠، ص ٥٣٩.

٣٠- أنظر السيد جاسم، عزيز، محمد: الحقيقة العظمي، مطابع دار الشؤون العامة، بغداد، ١٩٨٧، ص١٩٢ – ١٩٣.

٣١- أنظرالقرآن الكريم، طبعة دمشق، اشراف الأستاذ مروان سوار، مدقق المصاحف لدي وزارة الأوقاف السورية، مكتبة ومطبعة الشربجي، ١٤٠٧ه _ ١٩٨٧م. جدير بالذكر ان سورة النحل وهي سورة مكية تتألف من ١٢٨ آية نزلت بعد سورة الكهف بأستثناء الآيات الثلاث الأخيرة منها فهي آيات مدنية.

٣٢- أنظر: نص دستور المدينة، قسم الملاحق والوثائق.

٣٣- أنظر: السيد جاسم، عزيز، مصدر سابق، ص٢١٩ _ ٢٢٠

٣٤- أنظر: سورة آل عمران، ١٤٤

قارن: مروة، حسين، النزعات المادية في الفلسفة العربية _ الاسلامية، ج١، مصدر سابق، ص٤٣١ _ ٤٣٢

٣٥- أنظر السيد جاسم، عزيز، محمد: الحقيقة الكبري، مصدر سابق، ص١٥٣

٣٦- هو روزبة الأصفهاني وهو الاسم المرجح لمن عرف في التأريخ باسم "سلمان الفارسي" حسب الباحث التراثي هادي العلوي. وحسب الروايات فان روزبة (سلمان الفارسي) المعروف عند أهل العراق باسم "سلمان باك" رحل من موطنه في ظروف مجهولة واتجه الى الغرب فحل في الموصل شمال العراق أو الشام، حيث كان في مطلع صباه ودخل الى دير وأصبح نصرانيا وراهبا، وبعد سنوات عديدة، توجه الى الحجاز مع بني كلب ووصل الى المدينة وأعلن اسلامه علي يد محمد وان النبي هو الذي أطلق عليه اسم سلمان الفارسي حتي نسي اسمه الحقيقي.

أنظر: العلوي، هادي، شخصيات غير قلقة في الاسلام، دار الكنوز الأدبية، ط١، ١٩٩٥، ص ١٤

٣٧- أما المسجد الأقصي ذو المكانة المقدسة لدى عموم المسلمين، فقد بني في زمن الأمويين بين العامين ٧٠٥م و٧١٤م، ومنذئذ فان هذين المسجدين يسميان ب"الحرم الشريف".

أنظر: كتن، هنري، القدس، ترجمة ابراهيم الراهب، دار كنعان للدراسات والنشر، ط١، دمشق، ١٩٩٧، ص٩ _ ١٠ وص ١٤٨

أنظر كذلك: شعبان، عبدالحسين، المدينة المفتوحة، مقاربات حقوقية حول القدس والعنصرية، دار الأهالي، ٢٠٠٠، ص ١٨ وما بعدها.

٣٨- أنظر: مداخلة الدكتور أحمد أقندوز _ رئيس الجامعة الاسلامية، روتردام، في مؤتمر "الاسلام والتسامح" الذي أقامته المنتدي التونسي في هولندا بالتعاون مع الجامعة الاسلامية في روتردام ١٥ _ ٢٠٠٢/١١/١٦

# بوودایی

# وەک فەلسەفەیەکی ڕۆهەڵاتی

ف کامبیرا

١

تا چەند سەدەیەکی دوور و درێژ، بوودایی وەک ڕێوڕەسمێکی ڕوحی باو لە زۆربەی بەشەکانی ئاسیادا مایەوە، وێڕای چەند وڵاتێکی هیندی چینی و سیریلانکا و کۆریا و یابان و نیپاڵ، وەک چۆن هیندۆسییەت لە هیند کاریگەریی هەبوو، بوودییەتیش کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لە ژیانی ئەقڵی و ڕۆشنبیری و هونەری ئەم وڵاتانەوە.

بەپێچەوانەی هیندۆسییەت، بوودایی دەگەڕێتەوە بۆ دامەزرێنەری تاکی خۆی کە – سەید هارتا گوتاما – بوو، لە ڕووی مێژوویییەوە بە – بوودا – ناودار بوو، سەید هارتا لە وڵاتی هیند لە ناوەندی سەدەی شازدەمی بەر لە زاینی مەسیح ژیاوە، لە مەودایەکی نائاساییدا بوو کە لەدایکبوونی چەندان بلیمەتی ڕوحی و فەلسەفی وەک کونفوشیۆس و لاتزور لە چین و زرادەشت لە فارس و فیساگۆرس و هیرکلیت لە یۆنانی بەخۆیەوە بینیوە، جا ئەگەر فەلسەفەی هیندۆسی خودانی بەرامەیەکی میتۆلۆجی و سرووت ئامێز بووبێ، ئەوا بەرامەی بوودایی سایکۆلۆجی بووە، بوودا بایەخی بەڕازیکردنی خواستی مرۆیی بۆ ناسینی ئەسڵی دنیا و سروشتی خوا و ئەو شتانە نەدەدا، هەر بۆیەش پێڕەوی بوودا پێڕەوێکی میتافیزیکی نەبوو، بگرە پێڕەوێکی سایکۆلۆجی بوو بۆ چارەسەرکردنی دەروونی و بایەخی بە بار و گوزەرانی مرۆیی و ئێش و ئازارەکانی کائینات و شکستەکانی دەدا، ڕۆڵی دۆزینەوەی سەرچاوەی شکستەکانی مرۆیی و چۆنیەتی زاڵبوون بەسەر ئەو شتانەی دەبینی و لەمەشدا چەمکەکانی هیندی تەقلیدی وەردەگرت وەک (مایا، کارما، نێرڤانا.... هتد) لەمەشدا ڕاڤەی سایکۆلۆجی بەردەوام و لەباری بۆ دەکرد.

..............................................................

ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: کەریم دەشتی

٢

پاش مـردنـی بوودا، بوودییـەت کـرایە دوو قـوتابخـانـەی سـەرەکی کـە برێتـی بوو لە – هینیـانا و ماهایانا. هینیانا، قـوتابخانەیەکی ئەرسـۆدۆکسی بوو، پشتـی بـە ڕێنوێنیی تەواوی بوودا دەبەستا، بەڵام مـاهـایـانا لەم ڕووەوە مـرونەتی دەنواند و لەو باوەڕەوە کـە ڕوحی پێـڕەوەکـان گـرینـگـتـرن لە داڕشـتـەی ئەسـڵی پێڕەوەکان. قـوتابخـانەی (هینیـانا) لە وڵاتی سیـلان و بۆرمـا و تایلاندا خـۆی چەسـپـاند، بەڵام مـاهـایـانا لە نیـپـاڵ و تبت و چین و یابان باو بوو. ئیـتـر ورده ورده گـرینـگتـر لە هینیانا خـۆی نواند، لە خودی هیندا لە ڕێگەی ئەم شێلگیرییـەوە، بوودییەت خۆی سەقامگیر کرد بەوەی کە سودی لە هیندۆسییەت وەرگرت، ئیتر هیندییـەکان بوودییەتیان قبووڵ کرد بەو پێیەی کە بوودا بەرجەستەکردنی خوایە و ئاگەداری زۆری هەیە.

٣

کـە بوودایی لە ڕێگەی ئـاسـیـاوە بڵاو بووەوە کـەوتە بەر دیدی ئەو گـەلانەی کـە خـوای ئەقـڵـیـات و ڕۆشنبـیـری جـیـا جـیـا و زۆر بـوون، بەم جـۆرە وایان کـرد بوودییـەت بە زیندوویەتی بمێنێـتـەوە، بەدرێژاییی چەندان سەدە و فـەلسەفەی زۆریان پەرەپێدا کـە هێجگار ئاڵۆز بوون، ئەوەش لە ڕێگەی دیدەبەندکـردنـی سـایـکۆلـۆجـیـی قـووڵ، سـەرەڕای ئـاسـتـی ئەقـڵانی بـەرزی ئەو فـەلسـەفانەوە، بـەڵام بوودییـەتی مـاهـایانا خۆی لە بیرکردنەوەی ڕامان ئامێزی ڕووت نەدا، وەک چۆن لـە سـۆفـیـەتی ڕۆهـەڵاتیـدا هـەبوو، ئەقڵ تەنیا وەک وەسیلەیەک بوو بۆ ڕوونـکـردنـەوەی ڕێـگـە بـۆ ئـەزمـوونـی سـۆفیگەریەتی ڕاسـتـەوخۆ کـە بوودییەکان پێـیـان دەگـوت – وا ئاگـەهـاتن – گـەوهـەری ئەو ئەزموونە برێتییە لە پەڕینەوە بۆ پشتی دنیـای جیـابەندی و پێکدژەکانی ئەقڵی بۆ گـەیـشـتن بە دنیـای – ئەسـنـتـیـا – ئەو دنیـایـەی کـە بیـری لێ ناکـرێتـەوە و نابیرکارە کە واقیع وەک ئەوە خۆی نیشان دەدا کـە نـە دابەش دەبێ و نـەگـۆڕانـی تێ دەکەوێ.



هەولێر کتێبخانەی

٤

ئەوەیان ئەزموونی سەید هارتا بوو لە یەکێ لە شەوەکان، دوای حەوت ساڵی پڕ لە ئەستەم و سەختی لە دارستاندا و هەروەها لە دانیشتنی پڕ لە ڕامانی قووڵ لەژێر درەختی بوودی – درەختی ڕووناکدەر – لە هیکەوە بەرچاو ڕوونییەکی دیماهی و سنووربەندی بۆ هەموو ویست و گومانەکانی لە حەقیقەتی. (ئاگاهی باڵای تەواو) بەدەست هێنا کە وای لێ کرد ببێ بە بوودا واتە – واگاهاتوو – وێنەی بوودا لە جیهانی ڕۆهەڵاتیدا لە حاڵەتێکی تێڕامانی گرینگدایە وەک مەسیح لە حاڵەتی لەخاچداندا لە جیهانی ڕۆئاوایی، ژمارەیەکی بێ دیماهی لە هونەرمەندان لە هەموو لایەکی دنیای ئاسیاییدا کردیان بەجێی سوودی خۆیان و گەلێ پەیکەری گەورەیان لە تێڕامانی بوودا داتاشی. هەر لە دوای ئەو واگاهاتنە یەکسەر بەپێی ڕێوڕەسمی بوودی چووە دێری (بارک) تا پێڕەوی خۆی بۆ هاوڕێ کۆنەکانی خۆی بخاتە ڕوو، لەمەشدا بەچوار حەقیقەتی بەرز پێڕەوی خۆی بەیان کرد کە گوزارشتێکی ورد بوو سەبارەت بە بنەوای بنەڕەتی کە لە ڕاپۆرتێکی فیزیکی بەدوور نەبوو کە یەکەم جار هۆی نەخۆشی مرۆڤایەتی دەستنیشان دەکا و پاشان تەئکید دەکاتەوە کە ئەو نەخۆشییە چاک نابێتەوە و لە کۆتاییدا وەسفی چارەسەری دەکات.

٥

یەکەم حەقیقەت دەستنیشانی دیاردە باڵاکانی باری مرۆیی دەکات (دوکها)، واتە ئازار یان شکست، ئەو شکستە لەو سەختی ڕووبەڕووبوونەوە دێت لەگەڵ حەقیقەتی بنەڕەتی لە ژیاندا بەوەی کە ئەو هەموو شتەی دەوروبەرمان هەمیشەیی نین دەگوزەرێن:

(هەموو شتێ لەدایک دەبێ و هەموو شتێ دەمرێت، بوودا بەم جۆرەی دەڵێت، بیرۆکەی – هەڵڕژان و گۆڕان ئەدگاری بنەڕەتین بۆ سروشت کە لە ڕەگەمای بووداییدا هەیە، بەڕای بوودا ئێش و ئازار لەوەدا دێت کە ئێمە بەرگری لە داڕژانی ژیان دەکەین و هەوڵ دەدەین خۆمان بە فۆرمە چەسپاوەکانی بگرین کە هەمووی پێی دەڵێن (مایا) جا ئەگەر شتگەل بن یا ڕووداو یا خەڵک یان بیرۆکە، جا ئەو بنەوایە لە نابەردەوامیی بیرۆکەی ئەوەشی تێدایە کە – هیچ منێک نییە – و هیچ زاتێک نییە ببێتە بابەتێک کە موقاوەمەی ئەزموونی جۆراوجۆرمان بکات، بوودایی باوەڕی بەوە هەیە کە بیرۆکەی خودی تاکی دابڕاو برێتییە لە وەهم واتە – مایا – کە وێنەیەکی تری مایایە، چەمکێکی ئەقڵییە و واقیعی نییە، جا خۆ گرتنەوە بەو چەمکە دەبێتە هۆی شکست و داڕووخان وەک هەر خۆگرتنێ بە جۆرێکی سەقامگیری تر لە فیکردا.

٦

حەقیقەتی باڵای دووەم چارەسەری هەموو ئێش و ئازارێک دەکات کە پێی دەڵێن (ترەشنا) کە

بریتییه له خۆپێگرتن و  خۆ پێ هەڵواسین، بوودا بەو مانایە دەڵێن – مایەی نەزۆکییە خۆمان بەو ژیانە هەڵواسین کە بە هەڵە چنراوە و پێی دەڵێن – ئەڤیدیا – یان (نەزانین) لە فەلسەفەی بوودادا، هەر بەپێی ئەو نەزانینەوەیە جیهانی دەرک پێکراو دابەش دەکەین بۆ شتگەلی تاک دابڕاو، بەم جۆرە فۆرمەکان سنوربەند دەکەین کە بۆ واقیع دای دەڕێژین بە جۆرێکی سەقامگیر کە ئەقڵمان خەڵقی دەکات، جا لەبەرئەوەی کە ئەو بیروڕایە باوە، بۆیە ئێمە ناچارین کە شکست و دارمانی یەک لە دوای یەک بچێژین، هەوڵدانمان بۆ خۆهەڵواسین بەو شتگەلانەی دەیانبینین هەمیشەیی لە کاتێکدا کە لە حەقیقەتدا دادەبڕێ و هەمیشە دەگۆڕێت، ئێمە لە بازنەی داخراودا وامان پێشبینی دەکرد کە هەموو کارێ کارێکی تر دەزایێنێ و وەڵامی هەر پرسیارێ پرسیارێکی تری تازە دەخاتە ڕوو، ئەو بازنەیەش پێی دەگوترێ – سامسارا – سووڕی زاین و مردن – کە – کارما هەڵی دەسووڕێنی – ئەو ئەڵقەیەی کە دیماهی نییە لە هۆ و ئەنجامدا.

٧

حەقیقەتی بالای سێیەم وا بڕیار دەدا کە دەکرێ سنوورێ بۆ ئەم ئێش و ئازار و شکستە داڕێژین و دەتوانین زاڵ بین بەسەر بازنەی داخراوی سامسارا و ڕزگاربوونی دەروون لە کۆیلایەتی – کارما – و بگەینە حاڵەتی ڕزگاربوونی خرگەلی کە پێی دەڵێن نێرڤانا، لەم حاڵەتەدا هەموو بیرۆکە هەڵەکان بۆ ئەبەد بن بزر دەبن سەبارەت بە خودی دابڕاو، ئیتر یەکتاییی ژیان بەگشتی دەبێتە هەستێکی هەمیشەیی، نێرڤانا هاوتای موکشایە لە فەلسەفەی هیندیدا جا لەبەرئەوەی حاڵەتێکە لە هۆشی پشت چەمکە ئەقڵانییەکان، بۆیە تێپەڕی وەسف دەکات و دەگاتە نێرڤانا کە وەدەست هێنانی – ئاگاهییە – یان بوودییەتە.

٨

هەقیقەتی بالای چوارەم بریتییە لە وەسفکردنی بوودا بۆ زاڵ بوون بەسەر هەموو ئێش و ئازارەکانی ڕێگەی دووەم لە پەرەسەندنی زاتی کە دەمانگەیەنێتە حاڵەتێکی بوودایی، هەردوو ڕاستانەکانی یەکەمی ئەم ڕێگەیە، کە هێمامان بۆ کردووە پێوەستن بە دیدگای ساغ و مەعریفەی ساغلەم، دیدەبەندکاری ڕوون لەمەڕ باری مرۆییی خاڵی زرووری سەرهەڵگەڕانە، هەرچوار حەقیقەتی دوایی چارەسەری کاری ساغ و سەلیم دەکات، ڕێسای ڕێگەی بوودییەت لە ژیاندا دەخاتە ڕوو کە ڕێگەیەکی مامناوەندییە لە دوو لای پێکدژدا، بەلام هەردوو حەقیقەتی کۆتایی بایەخ بە واگاهاتنی ساغلەم و ڕامانی ساغلەم دەدەن و وەسفی ئەزموونی ڕاستەوخۆی سۆفیگەریەتی واقیع دەکەن کە ئامانجی کۆتاییە.

٩

بوودا پێڕەوی خۆی نەکردە سیستەمێکی فەلسەفی توندوتۆڵ، بگرە هەر بە هۆیەک دادەنرێ بۆ وەدیهێنانی ڕووناکدەری، ڕێنوێنییەکانی لەمەڕ دنیا، تەئکیدکردن بوو لەسەر ئەوەی کە هەموو شتێ بایەخی خۆی هەیە، پێی داگرت لەسەر ئەوەی کە دەبێ ڕزگار بین لە دەسەڵاتی ڕوحی و هەروەها دەسەڵاتی ئەویش، ئەو دەیگوت بە تەنیا ڕێی بوودییەت نیشان دەدا و بەس، دەبێ هەموو تاکێ تا کۆتایی بە هەوڵ و کۆششی خۆی بەم ڕێگەیەدا بڕوات، دوا وشەکانی بوودا کە لەسەر بالبینگانی مردن بوو، دیدی دنیای ئەو بەدیار دەخات، هەروەها هەڵوێستی ئەو وەک مامۆستایەک، بەر لە مەرگ گوتی: (خراپە چووەتە ناو هەموو شتێ جا بە هەوڵ و کۆششی خۆتان قەڵاچۆی بکەن).

١٠

لە سەدەکانی کەمی دوای مەرگی بوودا ڕێبەرانی سیستەمی بوودایی گەلێ دانیشتنیان سازدا کە تێیدا ڕێنوێنییەکانی بوودایان بەدەنگێکی بەرز دەگوتەوە و گەیشتنە داخستنی جیاوازییەکان سەبارەت بە ڕاڤەکردنیان، لە چوارەم دانیشتندا کە لە دوورگەی – سیلان – و – سیریلانکا – لە سەدەی یەکەمی دوای زاین بەسترا، یەکەم کتێبی بوودایان تۆمار کرد کە لەناو زاکیرەدا بوو و بەس، نەوە بەدوای نەوە زیاتر لە پێنجسەد ساڵ ئەزبەریان کردبوو، ئەو تۆمارگەیە کە بەزمانێکی (بالی) نووسرابوو پێی دەگوترا یاسای (بالی) بەتایبەتیش قوتابخانەی هینیانای ئەرسۆدۆکسی لەلایەکی تریش قوتابخانەی ماهایانای شتێکیان بە ناوی (سوتراس) تۆمار کرد کە بریتییە لە چەند ئەسفارێ بە قەبارەی گەورە بەزمانی سەنسکریتی، دوای سەد دووسەد ساڵ پێڕەوی بوودا وێڕای چەندان ڕاڤە و بەشێوازێکی ڕێکتر لە یاسای (بالی) پێشکێش کرا، قوتابخانەی ماهایانا خۆی بەتایەی گەورەی بوودایی دەزانێ بەوەی کە هەمەجۆرییەکی گەورەی لە ڕێچکەکانی بوودییەتدا پێشکێش بە دەروێشەکانی خۆی کردووە، هەروەها خۆیان بەهۆیەکی کارامە دەزانی بۆ وەدیهێنانی بووداییەت، یەکێ لە پێڕەوانی ماهایانی کە گرینگترین و قووڵترینیانە لە کاتی بووداییەکاندا (ئەشفاغوشا) بوو کە لە سەدەی یەکەمی دوای مەسیح ژیاوە، بیرۆکەی بنەڕەتی بوودایی مایاهانی وەدەرخستووە، ئەوەشیان لە کتێبێکی بچووکدا بەناوی – وا ئاگەهاتنی باوەڕ – ئەو دەقە ڕوون و جوانە کە – بەهاغافاد – وەبیر مرۆڤ دەهێنێتەوە، پاشان بوو بەکتێبی قوتابخانەی بوودایی هامایانی – ئەشفاغوشا – کاریگەرێتییەکی بەهێزی هەبوو بە سەر – ناگارجونا – کە گەورەترین فەیلەسووفی ئەقڵی ماهایانی بوو کە سنووری هەموو چەمکەکانی واقیعی بەدەرخستووە، بە پاساوی زیرەکانە و ڕەتکردنەوەی گریمانە میتافیزیکییەکان لە سەردەمی خۆیدا، بەم جۆرە ڕوونی کردەوە کە واقیع بەمانای ڕەها توانای هەژمکردنی چەمک و

بیرۆکەکاندا نییە، بۆیە ناوی نا – سونیاتا – بۆشایی – یان شل و خاوی کە زاراوەیەکە هاوتای – زاراوەی – ئەشفاگوشا –یە قسەی – ناگارجونا کە دەڵێ سروشتی هەست ئامێزی و واقیع – بۆیەر – بۆشاییە دوورترە لەوەی کە قسەیەکی نەهلیستیانە بێ وەک چۆن بەوە تاوانبار دەکرێ.

١١

بەپێی فەلسەفەی بوودا هەموو چەمکەکان سەبارەت بەو بویەرەی کە زەینی مرۆیی دای دەڕێژێ، چەمکی بەتاڵن، بویەر یان بۆشاییی حاڵەتێک نین لە ناشت، بگرە سەرچاوەی حەقیقی ژیانن، گەوهەری هەموو شێوەکانن، بیروڕای بوودییەتی ماهایانی ڕەنگدانەوەی لایەنی ئەقڵانی ڕامانئامێزە، لەلایەکی ترەوە هۆشی ئاینی بوودایی کە باوەڕ و خۆشەویستی و سۆز دەگرێتە خۆ، حیکمەتی حەقیقەتی ماهایانایە کە پێی دەگوترێ (سوزوکی) کە دوو کۆڵەگەی بنەڕەتی بوودییەتە، پێیان دەڵێن – کارونا – براگفا – کاروناياش واتە خۆشەویستی و سۆز، بەم پێیە سروشتی بنەڕەتی هەموو شتێ خۆی لە بوودییەتد دەدۆزێتەوە، نەک هەر بە زاراوەی میتافیزیکی ڕووت، بگرە بەزاراوەی – دهارماکایا – واتە جەستەی کەینونەت کە بویەر وا وەسف دەکات وەک چۆن بۆ هۆشی ئاینیی بەدیار دەکەوێ لەلای بوودییەکاندا، (دهارماکایا) وەک براهمانی هیندۆسییەتە.

١٢

تەئکیدکردن لە خۆشەویستی و سۆز و بەزەیی دوو بەشی گرینگی حیکمەتن کە لە نموونەی باڵای بودیساتفاوە هاتووە، کە گرینگترین پەرەسەندنی بوودییەتی (ماهایانا)یە بودیساتفا – مرۆی خستەوە ناو ئەو ڕێگەیەی کە بوودای لێ بوو تەرخان کردبوو بۆ یارمەتیدانی هەموو بوونەوەرێکی تر، لە بەدیهێنانی بوودییەت بەرلەوەی بچنە ناو نێرڤانا، ئەسڵی ئەو بیرۆکەیە لە بڕیاری بوودا دایە، – کە لە ڕێوڕەسمی بوودییەت دایە وەک هۆش نەک وەک بڕیارێکی سانا – نەک بەهاسانی بچینە نێرڤانا –.

هەروەها هاتووە کە سروشتی ئەسڵی مرۆڤ بریتییە لە سروشتی بوودا، بۆیە هەرکەسێ بیەوێ بکەوێتە ناو (نێرڤانا) دەبێ باوەڕی بە سروشتی ئەسڵی بوودا بێت.

١٣

بەم جۆرە بوودایی بریتییە لە فەلسەفەیەکی ڕۆژهەڵاتی ڕوون و ئاشکرا کە خۆی لە چارەسەرکردنێکی سایکۆلۆجی گرفتەکانی دەروونی مرۆڤدا دەدۆزێتەوە بۆ ناسینی کرۆکی دنیا و سروشتی خوا، گوزارشت لە ئێش و ئازارەکانی مرۆڤ دەکات، هەوڵی لەناوبردنی شکستە ڕوحییەکانی دەدا، بریتییە لە هۆیەک بۆ ڕوونکردنەوەی ئەزموونی سۆفیگەریەتی ڕاستەوخۆ لە

ڕێگەی چوار حەقیقەتی بنەڕەتی کە باس لە:

– دوکها: ئێش و ئازار و شکست

– ترشنا: خۆ پێ هەڵواسین

– سامسارا: بۆ ڕزگاربوون لە – کارما – مردن و ژیان.

– نێرڤانا: سەفای ڕەها و ڕزگاربوونی خرگەلی.

– مایا: وەهم

– کارما: ئەڵقەی بێ کۆتاییی هۆ و ئەنجام.

– ئەڤیدیا: جەهالەت و نەزانین.

– سونیاتا: بۆشایی.

– سوزوکی: واتە کارونا و براگنا (باوەڕ و خۆشەویستی و سۆز و وەفا).

جیاوازی فەلسەفەی بوودایی لەگەڵ باقی فەلسەفەکانی تر، ئەوەیە کە خۆی بەدوور دەگرێ لە ڕاستەوخۆیەتی مامەڵەکردنێکی میتۆلۆجی و سروشت، بگرە لە ڕووی دەروونییەوە خۆی دەسەپێنێ و کاریگەریی خۆی بەدەردەخات.

هەندێ زاراوە لەم نووسینەدا بەکار هاتووە بەپێویستی دەزانم کە ماناکانیان بەرامبەر نووسراوە بیانخەمە ڕوو:

پێکدژ: متناقض.

شێلگیری: مرونه، تجانس.

پێڕەو: مذهب

دیدەبەندکاری: إستبصارات.

جیابەندی: تمایز.

نابیرکار، نەکاربیری: غیر قابل للتفکیر

خرگەلی: کلی.

ناشت: لاشیء

یەکتایی: وحدانیه.

شتگەل: الاشیاء

بەرامبەر: نکهه.

* جگە لەو شتانەی کە من خۆم ئیزافەی سەر بابەتەکەم کردووە، بۆیە زیاتر ڕوونکردنەوە، سەرنجتان بۆ ڕۆژنامەی (الاسبوع ژمارە ٩٣ەی ساڵی ١٩٩٨) ڕادەکێشم کە لێکۆڵینەوەیەکە لەمەڕ بوودییەت – ف کابیرا – نووسیویەتی.

هەواڵنامەی کتێب

# غاندی باوکی منە


ئامادەکردنی: شێرزاد هەینی

لە یادی مردنی غاندی لە ساڵی ١٩٤٨ ئەلبرت ئینشتاین کە هەرگیز دیمانەی ئەو سەرکردەیەی نەکردبوو لە دوورەوەش نەیدەناسی، بەڵام لە نووسینگەکەی خۆی چەندان وێنەی غاندی لە دیوارەکانی هەڵواسیبوو، ئەو لەسەر پەسنی ئەو سەرکردەیە وتبووی:

ئەو نەوەیەی لە داهاتوو و لە پاش ئێمە پەیدادەبن، بڕوا ناکەن ئەو کەسە، ئەو سەرکردەیە کە لەسەر ئەو خاکە ژیاوە لە گۆشت و خوێن دروست بووبێت. دوا حاکمی بەریتانی لە هیند و سەرپەرشتکار بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی کۆلۆنی بەریتانی لەسەر وڵاتی هیند، کە ماوەی شێست ساڵ حوکمی وڵاتەکەیان کردبوو، لۆرد لویس مونتاین لەسەر پەسنی غاندی وتبووی:

ئەو سەرکردەیە وەک کەسایەتی بودا و مەسیح لە مێژوو ئەژمارد دەکرێت. غاندی ئەوەی بە دەستی ناسورام گودسی هیندۆسی توندڕۆ کوژرا، خەباتی کرد دوورگەی هیندی رزگار بێت و بەیەکگرتوییش بمێنێتەوە.

غاندی باوکم Gandhi, My Father ناوی ئەو فیلمەیە کە باس لە پێوەندی غاندی بە کوڕەکەی هاریلال دەکات، ئەو کوڕەی لە باوکی یاخی دەبێت و ماوەیەکی کورت دەبێتە موسلمانیش. کە فیلمەکە باس لە کەسایەتیی ئەو دەکات، کارمەندەکانی ئەو فیلمە زۆر وریا بوون لەوەی راستییەکان نەشێوێندرێت، لەبەرئەوەی فیلمەکە باس لە کەسێکی زۆر ئامادە و ناوداری جیهانی کردووە و ناوی ئەو بەردەوام دیار و شیاو بووە، ئەو سەرکردەیە کە نازناوی مهاتما واتە (نەفسی مەزن) بووە نیشانەی شکۆداریی ئەو بووە، ئەگەرچی ئەو ناوی تەواوی (موهەندەس کرمشاند غاندی) بووە. سەرەتا لە هیند بە هەموولایەک ویستبوویان فیلمەکە بوار نەدەن لە وڵاتەکەیان وەشان بکرێت، چەندان نامەش بۆ راگرتنی ئەو فیلمە ئاراستەی سەرۆک وەزیرانی هیند مانموهان سینگ و سەرۆکی هیند و وەزیری راگەیاندنی وڵاتەکە کرابوو.




بەرپرسی مۆزە تایبەتییەکەی غاندی لە شاری بیهاری هیندی، هاوسۆز بووە لەوەی فیلمەکە وەشان نەکرێت، لەبەرئەوەی ئەو وا دەزانێت ناکرێ ناوی ئەو، یان هەر سەرکردەیەکی نیشتمانی بۆ مەبەستی سیاسی بەکار بێت، لەبەرئەوەی ئەوە بەپێچەوانەی هەموو داوونەریتە سیاسییەکانی وڵاتەکەیانە، وا دەزانین دەبێ سزای ئەو کەسانەش بدرێت کە دەخوازن شێوە و ناوی پاڵەوانەکانیان بشێوێنن.

لەبەرئەوەی زۆر لایەنی خەباتی ئەو سەرکردەیە وەک مانگرتنە ئاشتییەکەی و کاروانە شانازییەکەی بەرەو دەریا بۆ بەرهەمهێنانی خوێ و رۆژانەی خەباتی ئەو لە فیلمەکە ئاماژەی پێ نەدراوە، بۆیە گلەییان لە دەرهێنان و بەرهەمهێنانی فیلمەکە زۆر بووە.

ستاری بولیوود، واتە فیلمی هیندی ئانیل کابور بەرهەمهێنەری فیلمەکە، بە ڕۆژنامەوانی راگەیاندووە کەوا ئەوان زووتر فیلمەکەیان بە چەندان کەس لە هەوادارانی غاندی و بنەماڵەکەی نیشان داوە، لەوانە نەوەی کوڕەکەی توشار غاندی، ئەو زۆر شکۆی بە کارەکە هاتووە. ئەو فیلمە باس لە پێوەندی باوکەکە بە کوڕەکەی دەکات، کوڕە گەورەکەی، کە من گوێم لەو سەربردە بووبوو حەزم کردبوو رووداوەکە بکەمە فیلم، بەڵام مەسەلەکە لەوەدایە کەوا باوکەکە، کە من باسی دەکەم باوکی نەتەوەیی میللەتێکە، بۆیە ئاستی رووبەڕووبوونەوەی فیلمەکەی بەرز کردووە. وتیان کە ژنەکەی دەقی سیناریۆکەی دیوە و خوێندیتەوە گریاوە، بۆیەش وتبووی:

(زۆر باسی ژیانی غاندی کراوە، بەڵام هیچیان وا بەوردی باسی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئەو بە خێزانەکەیەوە نەکراوە، لەو رووەوە باش ئاوڕ لەو لایەنە دراوەتەوە، بەتایبەتی پێوەندی خۆی بە هاریلالی کوڕە گەورەکەی).

فیلمەکە سەد رۆژ لە هیند وەشان کراوە، دیالۆگی فیلمەکە بە دوو زمان کرابوو، ئەویش زمانی

هیندی و ئینگلیزی بوو، دیمەنەکان لە هیند و لە باشووری ئەفریقیا بووە، لەبەرئەوەی ئەو لەو دوو شوێنەدا ژیاوە، لەوێش ژیانی ئەکتیڤ بووە، فیلمەکە زۆر سوودی لە شانۆگەریی مهاتما غاندی فیروز عەباس خان بینیووە. دەرهێنەرەکە زۆربەی لایەنە کۆمەڵایەتییە خێزانییەکەی لە ئەندامانی بنەماڵەکە وەرگرتووە و پرسی پێ کردوون، سوودیشی لە کتێبی نووسەر تشاندولال دەلال وەرگرتووە، کە تایبەت بووە لەسەر ژیانی کوڕە گەورەکەی، زۆریش زانیاری لە خزمەکانی ئەو کوڕە وەرگرتووە. دیارە کەوا هیندییەکان هەموو لایەک ئەوە باش دەزانن کەوا پێوەندی غاندی بە کوڕە گەورەکەی باش نەبووە، ئەوەی لە ساڵی ١٨٨٨ لەدایک بووە، وەک سێ کوڕەکەی تری نێوانیان گەرم و بەسۆز نەبووە، غاندی بواری کوڕەکەی نەداوە وەک خۆی بۆ خوێندن بچێتە بەریتانیا و یاسا لەوێ بخوێنێت، دیارە ئەو دژی سیستەمی خوێندنی ڕۆئاوا بووە و حەزی کردووە کوڕەکەی وەک خۆی گیانی بکاتە قوربانی بەرگریکردن لە ئازادیی وڵاتەکەی نەک لە وڵاتەکە دوور بکەوێتەوە.

هاریلال لە دەسەڵاتی باوکی یاخی دەبێت، بۆیەش لە رقی باوکی دەبێتە موسڵمان ناوی خۆی دەکاتە عەبدوڵڵا غاندی، بەڵام دەڵێن کە پاش مردنی ژنەکەی داوا دەکات ژن بهێنێتەوە، بەوەیان سەرپێچی باوکی دەکات. لەبەرئەوەی باوکی بەوەیان رازی نەبووە، لە نامەیەکدا کوڕەکە بۆ باوکی نووسیوە:

> بەداخەوە من یەکەم راستییم کە لە ئەزموونەکانی تۆدا سەرناکەوێت... کوڕە دڵسۆزەکەت هاریلال.

لە نامەیەکدا بۆ ئەو باوکەی بوویتە باوکی هیندییەکان کوڕەکە نووسیویەتی:

> هیندییەکان باشترین باوکتان دەست کەوتووە و بەشانازییە تۆ بوویتە باوکی هەموویان، بەڵام بەداخەوە من تاکە کەسم کەوا غاندی نەبووە بە باوکم.


غاندی بەئاشکرا رەوشتەکانی ئەو کوڕەی ریسوا کردووە، وتوویەتی کەوا کوڕەکەی سەردانی ماڵە سۆزانییەکان دەکات، کە کوڕەکە بووە بە موسڵمانیش غاندی لەسەر ئەو مەسەلەیە وتوویەتی:

> دوورکەوتنەوەی هاریلال لە هیندۆسیەت زیان نییە بەو ئاینە، بوونی بە موسڵمانیش وا دەزانم ئاینەکە لاواز دەکات، بەهێزی ناکات. کوڕەکەم زووتر قسەی لەسەر ئەوە دەکرد ببێتە کریستیان، دیارە کە بوویتە موسڵمانیش لەبەرئەوە بوو کەوا ئەو زۆر قەرزار بووە، تا لە قەرزدانەوەکان رابکات، بوویتە موسڵمان، ئەو کێ پارەی زۆرتری بداتێ لەگەڵ ئەو دەبێت، خۆ من ئەگەر دڵنیابووام لەوە ئەو لە دڵەوە بووەتە موسڵمان و لەبەر خۆشی دنیای نییە، بڕوا بکەن لەسەر ئەو مەسەلەیە یەک قسەم لە دەم نەدەهاتەدەر، لەبەرئەوەی ئەو هێشتا لەگەڵ خۆشییەکانی دنیا و سەوداسەری دنیایە، حەز بە جوانییەکانی دنیا دەکات، دەزانم ئەگەر ئەو کوڕە کەمێک چاک بووایە و هەنگاوەکانی خێرمەندانە بووایە، ئەوەی بۆ دەنووسیم، دەیزانی من کەیفم بەوە دەهات، کە ئەو لە ژیانیدا سەرکەوتووە.

دیاره کەوا غاندی گرژبوونی پێوەندییەکانی لەگەڵ کوڕەکەی ناڕەحەتی کردووە، دڵی بەوەیان ژانی کردووە، بۆیە نووسیویەتی:

من لەبەر یەک شت هەست بە ژان و حەسرەت دەکەم، من ئەوە دووەم کەسە کە نەمتوانی ئیقناعی بکەم، ئەو و محەمەد عەلی جناح، ئەوەی بۆ سەربەخۆیی کۆششی دەکرد، ئەوەی کاری کرد پاکستانی ئیسلامی دامەزرێنێت، من ئەو و کوڕەکەم پێ ئیقناع نەکرا. ئەوە رووداو و گێڕانەوەی راستییەکانی لایەنێکی ژیانی غاندی بوویتە بابەت و سیناریۆی فیلمەکە.

فەیروزخان لە فیلمە دوو سەعاتییەکەی کارەکتەری غاندی دابووە دارشان جاربوالا و کوڕە یاخییەکەش ئاکشای خانا رۆڵی گێڕابوو، دەرهێنەرەکە وتبووی کەوا فیلمەکە رووێکی جیاواز لە ژیانی غاندی نیشان داوە.




ئەوەی شایانی باسە کەوا فیلمەکە لەلایەن ئەندامانی خێزانەکەی غاندی پشتیوانی کراوە، وەک راوێژکار یارمەتییان داوە، توشار غاندی کە یەکێکە لە نەوەکانی غاندی یەکێک بووە لە بەرهەمەکە هاوکاری کردبوو، بۆیە ئەو وتبووی با کەس پێشوەخت بڕیار لەسەر ئەو فیلمە نەدات، من زووتر فیلمەکەم دیوە و بەڕاستی وێنەیەکی راستەقینەیە، لە فیلمەکەدا زۆریش هاوسەنگییەکەم پێ جوان بوو. فیلمەکە لە مانگی ئۆگستی ساڵی ٢٠٠٧ بەرهەم هاتووە.

لە سەرەتای هەشتاکان فیلمێکی گەورە لەسەر ژیان و خەباتی غاندی دەرهێنرابوو، کە چۆن خەباتی ئاشتییانەی کردووە بۆ رزگاریی وڵاتەکە، فیلمەکە چەندان خەڵاتی ئۆسکاری وەرگرتووە و کە زۆرتر لە بیست ملیۆن دۆلار میزانییەکەی بووە و لەو ساڵەدا زۆرتر لە بیست و چوار ملیۆن دۆلاری لە ئەمەریکا پارەی کۆکردووەتەوە، کە لە بەرهەمهێنانی بەریتانی هیندی بووە، زمانەکەشی ئینگلیزی بووە. بۆ یەکەم جاریش لە رۆژی ٣٠ نۆڤمبەری ساڵی ١٩٨٢ وەشان کراوە.

هۆلیوود و خانەکانی تری گەورەی پیشەسازی سینەما ماوە ماوە بە فیلمێک لایەنێک و بابەتێکی شاراوە دەورووژێنن، بە میزانییەکی گەورەش سەرمایەیەکی گەورەش پەیدا دەکەن، ئەوەیە قودسیەتی هونەری سینەما.

## دەنگی بەرهەڵستکاری لەسەر هەڵمەت

# هەڵمەتەکان لە دژی کێ بەڕێوە دەچن؟

پەر هەرنگرێن

"لە شەڕدا لە دژی دوژمن شەڕ دەکرێ، لە سیاسەتدا لەگەڵی ساچان دەکرێ. " ئەم وتەیە یارمەتیمان نادا نە لە شەڕ و نە لە سیاسەت تێ بگەین. بەڵام ڕەنگە کۆمەکمان بکا لە تووڕەییی پاسیفیستەکان لە چەمکی دوژمن تێ بگەین. گەڵاڵەدارێژەری نیزامی پرۆسی، کارل ڤۆن کلاوسویتچ Carl von Clausewitz لە بەرهەمە کلاسیکییەکەی لە ساڵی ١٨٣١ نووسی؛ شەڕ درێژەی سیاسەتە بەڵام بەهۆی ئامرازی ترەوە. ئەمە لە زۆر سیستەمی سیاسیدا ڕاستە. بەڵام پێویست ناکا ئەمە هەردەم وابێ. بەداخەوە وا وێ دەچێ لە سیستەمی ئێمەشدا وەڕاست گەڕێ. ناتوندوتیژی هەوڵێکە کە دەیەوێ کلاوسویتچ بسپێرێتە مێژووی بیر و لە بیری بکا. لەلایەکی ترەوە وا وێ دەچێ کە ئێمەش لە جێگەی ئەوە هەمان مامەڵە لەگەڵ ناتوندوتیژی بکەین. ئاشتیخواز دەبێتە پاسیفیست. بەڵام خەباتی ناتوندوتیژی شێوەیەکە لە کردەوە. خەباتی ناتوندوتیژی لە خۆیدا هەڵمەتە.

توندوتیژی و پاسیفیستی یان بێلایەنی دوو ڕووی هەمان کێشەن. کاتێک ئێمە پاسیف یان بێلایەنین ئەوە بەشێوەیەکی هەڵسووڕاوانە لە سەرکوتدا بەشداری دەکەین. ئێمە ڕەنج و کۆڵەمەرگی دەسەلمێنن. ئەگەرچی ئەوانەی لەو بەشە دەوڵەمەندەی جیهاندا بەشێوەیەکی هەڵسووڕاوانە لە دژی ناتوندوتیژی خەبات دەکەن، بەڵام دیسانەکە بەشدارییی ئەو سەرکوتەن کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەلایەن بەشە دەوڵەمەندەکەی جیهان لە دژی بەشەکانی تری جیهاندا بەڕێوە دەچێ. بۆچی ئێمە بەشدارین چونکە ئێمە هەم بوونەوەرگەلی سیاسین و هەمیش کار و کردەوەکانمان شوێنەواری خۆیان دادەنێن و شتێکە کە ناتوانین تەنیا بەلایدا تێ پەڕین.

.................................................................

ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: سیاوەش گۆدەرزی

له خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا دوژمن قەڵاچۆ ناکرێ. بەڵام بەهەر جۆرێک بووە هەڵمەتەکان لە دژی کەسانێک دەبەن. ئەوانەی لایەنی دژبەر کێن؟ لە ترادیسیۆنی خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا تێکۆشەران خۆیان لە ڕیزی دژبەردا دادەنێن. بەهیچ شێوەیەک ناکرێ سنوورێک لە نێوان "ئێمە" و "ئەوان"دا دابندرێ. خەباتی ئێمە نابێ تەنیا لەو ڕوانگەوە ببیندرێ کە خەباتێکە لەلایەن چەوساوەکانەوە لە دژی چەوسێنەران و نایەکسانی. هەروەها ناکرێ ئێمەش خۆمان وەک نوێنەرانی چەوساوان ببینین. خەباتی ئێمە هەرگاف خەباتێکە لە دژی خۆشمان.

بەشداریی ئێمە لە سەرکوت و چەوسانەوەدا بەهیچ شێوەیەک بەو مانایە نییە کە ئێمە هەموومان وەک یەک بەشدارین. ناکرێ ئێمە وەک یەک لەو ڕووداوانەدا بەشدار بین کە دەقەومن. بەڵام ئەمە لە هەمان کاتدا بەو مانایە نییە کە ئێمە لەژێر بەرپرسایەتییەکان دەربچین و خۆمان بەبەشدار نەزانین. ئێمە تەنانەت لە بەرانبەر جووڵان و کردەوەی ئەوانی تردا بەرپرسایەتیمان دەکەوێتە ئەستۆ.

ئەو کاتەی تێ بگەین خەبات تەنیا مەسەلەیەکی کەسی نییە ئەوە ئەو دەمەیە کە خەباتەکەمان شێوەیەکی سیاسی بەخۆیەوە دەگرێ. بەرپرسایەتیی ئێمە ئەوەیە کە پێش بە توندوتیژی و نایەکسانی بگرین. ئەمە هەڵەیە کە باوەڕمکە ئەوە بێ، تەنیا لەبەر ئەوە من لە دژی چەکی ناوکی هەڵمەتێکم ئەنجام داوە و هەر لەسەر ئەوەش کەوتوومەتە زیندان ئەوە ئیتر من ئەرکی خۆم بەجێ گەیاندووە و تەواو. نا، میلیتاریزم هەروەک جاران هەیە و بەردەوامە، ئەرکی منیش ئەوەیە هەروەک جاران لە دژی خەبات بکەم.

گرووپە جیاوازەکان، شیانی جیاوازیان هەیە. هەڵمەتەکان دەبێ بەشێوەیەک ڕێک بخرێن کە شیانەکان وەدی بێن و بگەنە ئەنجام. بەڵام پێش لە هەموو شتێک ئێمە دەبێ بزانین لەگەڵ کێ دیالۆگ دەکەین؟ کێن ئەوانەی هەڵمەتەکانیان لە دژ ئەنجام دەدرێ؟ ئەو کەسانە من ناویان دەنێم لایەنی گفتوگۆ یان لایەنی دژ.

- یەکەم بەشی هەرە گەورە لەلایەنی دژ، مەسرەفکەران و هاووڵاتییانی زەکاتبدەرن. یانێ خۆمانین. فەرمانبەریی ئێمە بنەمایە بۆ دەستەڵات لە کۆمەڵگەکانی ڕۆئاوادا.
- بە زۆری ئەو کرێکار و فەرمانبەرانە دەکەونە لایەنی دژ کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداریی کاروبارێک دەکەن کە هەڵمەتەکان بەرەوڕووی کاروبارەکەی ئەوان دەبێتەوە.
- ئەوانەی کە فەرمان و بڕیارەکان لە سەرەوە وەردەگرن و جێبەجێی دەکەن.
- هەروەها کەسانێک هەن کە کارکردی پاراستن و کۆنترۆڵیان هەیە. ئەو کەسانە برێتین لە دۆستان، خزمان، هاوکار، خاوەنکار، پۆلیس، دادوەر، حاکم، پارێزەر و هەروەها خۆمان کە لەبەر خۆپاراستن و لە دژی ویستی خۆمان دەبینە هۆی کێشە و ئازار.

هەر هەڵمەتێک پێویست ناکا، هاوکات لە دژی هەر چوار گرووپی سەرەوە بێت. ڕەنگە لایەنی

دیالۆگ لە هەڵمەتێکدا زەکاتبەدەرەکان بن و لە هەڵمەتێکی تردا یاسادانەرەکان بن. لایەنی دژ بەشێوەیەکی گشتی لە دوو شێوەدا خۆ دەنوێنێ: وەکارخستنی هەموو پێداویستییەکان بۆ وەگڕخستنی کاروبارێک و هەروەها کۆنترۆڵکردنی ئەو کەسانە کە ڕەنگە ببنە هۆی کێشە لە ڕێگەی جێبەجێکردنی کاروبارەکاندا. ئەمە لە خۆیدا کارکردێکی یەکجار زۆر پاراستن و کۆنترۆڵکەرانەی هەیە.

خەباتی نافەرمانیی مەدەنی لەسەر بنەمای پێکهێنانی شیانی هاوکاری بەکردەوە لە ڕاوەستاندنی سەرکوت و وەدیهاتنی یەکسانی دامەزراوە. بۆ ئەوەی هاوکاریی بێتە پێشێ دەبێ دیالۆگ هەبێ. من دەمەوێ لە بەشی داهاتوودا باسی ئەوە بکەم کە چۆن خەباتی نافەرمانیی مەدەنی ڕێگەیەکە بۆ پێکهێنانی دیالۆگ و هاوکاری.

## کەمپەینی بەرهەڵستکاری

هەروەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد، لە ڕاستیدا هەڵمەتێک تەنیا لەژێر پێنانی یاسا نییە و بگرە زۆر لەوە زیاترە. ئامادەکارییەکان و کارگەلی پاش هەڵمەت لە کاتی مەحکەمە و هەروەها دەسپێکی هەڵمەتێکی تازە هەموو تێکڕا پێکهاتەی تەواوەتیی هەڵمەتێک پێک دێنن. ئێمە هەروەها دەکرێ لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنی خوێندنەوەیەکی زۆر بەربڵاومان هەبێ و ئەم خەباتە لە تەواوەتی خۆیدا ببینین.

زۆر هەڵمەت پێکەوە دەتوانن کەمپەینێک پێک بێنن. لە کەمپەینێکی بەرهەڵستکاریدا هەم هەڵمەتی لەژێر پێنانی یاسا و هەم هەڵمەتی یاسایی هەیە. هەر هەڵمەتێکی نوێ دەتوانێ کاریگەریی هەڵمەتەکانی پێش خۆی قایمتر بکا. دەتوانرێ بگوترێ بەهۆی بەردەوامیی خەبات و ئەنجامدانی هەڵمەتی نوێ، هەڵمەتە کۆنەکان زیندوو دەبنەوە و باشتر شوێندانەر دەبن. هەڵمەتی تاک و تەریککراو کاریگەرییەکی وای نییە هەر بۆیە هەڵمەتە کۆنەکان دەبنە هۆی کاریگەربوونی هەڵمەتە نوێیەکان و بەپێچەوانە. یەک لەسەر یەک دابنێی تەنیا نابێتە دوو، بگرە زیاتر. بەداخەوە هەر ئەمە دەکرێ مانای پێچەوانەش بدا. یانێ هەڵمەتێکی خراپ دەتوانێ شوێندانەری هەڵمەتە پێشوو و داهاتووەکان لە بەین بەرێ.

دیارە هەموو کات ژمارەی هەڵمەتەکان نین کە کاریگەری کەمپەینێک دیاری دەکەن. ورەبەرزی و پێبەندیی ئەخلاقی لە هەر هەڵمەتێکدا نەخشی چارەنووسسازی لەسەر ئاکامی کەمپینێک هەیە.

گاندی ئەوەمان نیشان دەدا کە چۆن کەمپەینێک پلە پلە وەسەر بخرێ بۆ ئەوەی کاریگەری خۆی لەدەست نەدا. من دەمەوێ ئەوەی لێ زیاد بکەم کە بوونی یەکەم پلەکان بەجۆرێک لە درێژاییی هەر کەمپەینێکدا پێویستن. لە هەر قۆناخێکی کەمپەیندا پێویستە ئەو شیانە هەبێ کە بەشدارانی نوێ زۆرتر و گەرموگوڕتر بەشداری بکەن. ڕەنگە هێندێک لە جۆرەکانی هەڵمەتی ئیمرۆیی هەمان

کاریگەری سیاسیی ڕابردوویان نەبێ. بەڵام لە کەمپەینەکاندا، گرینگتر لە کاریگەری ڕاستەوخۆی سیاسی کە چاوەڕوان دەکرێ بەو زووانە وەدی بێت، ئەوەیە کە کەمپینەکان لە درێژخایەندا شوێندانەریان لەسەر فەرمانبەریی هاووڵاتییان هەبێت.

هەروەها ئەمەش بەو مانایە نییە کە لەو هەڵمەتانەی کە هەڵمەتبەران لانی زۆری سزا وەردەگرن، کاریگەری زۆرتری هەبێ. ئەمە لە خۆیدا شوێنی دوولایەنەی ورەبەرزی و سەرکەوتن بەسەر ترس و دڵەخورپەی سزا لەلایەک و هەروەها ئەو دیالۆگەی کە لە درێژاییی هەڵمەتەکاندا چێ دەکرێ لەلایەکی ترەوە ڕادەی کاریگەری هەڵمەتەکان دیاری دەکەن.

پەیامی بەرهەڵستکاری پێویستی بە فۆمێک هەیە کە لەودا ڕەخنە و لەژێر پرسیارخستن بکرێتە بنەما، دەنا لە نەبوونی ئەو فۆمەدا ئاژیتاسیۆن و پڕوپاگەندە باڵ بەسەر هەڵمەتەکاندا دەکشێنێ. بۆ نموونە لە کاتی نانی شێوان یان جێژن و شایی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ لایەنی دژ و هاووڵاتییان دابمەرزێ. ئەم پێوەندییانە دەبنە بنەما بۆ ئەوەی وتووێژ و گفتوگۆ دەست پێ بکرێ. لە دەسپێکی کەمپەیندا دەکرێ پێوەندییەکی دۆستانە لە نێوان لایەنە جیاوازەکاندا پێک بهێندرێ. هەر ئەم پێوەندییە دۆستانە دەکرێ لە داهاتوودا بکێشرێتە هاوکاریی یەکتری کردن. یەکەم هەڵمەت تەنیا دەسپێکێکە بۆ کردنەوەی دیالۆگ و گفتوگۆ. ئامانجی کەمپەینێک ئەوەیە کە دیالۆگ و گفتوگۆ دابمەزرێ و بگاتە ئاکام.

## نیشانە و سیمبۆلەکان

هەر دیالۆگێک بەزمانی هاوبەشی خۆی دەوێ. لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا ئەم زمانە بریتییە لە کۆمەڵە نیشانە و سیمبۆلێک. وشەی سیمبۆل وشەیەکی یۆنانیی کۆنە و مانای عەلامەت و نیشانە دەدا. پۆل ریکۆر Paul Ricoeur فەیلەسووفی فرەنسایی پێناسەیەکی بڕێک جیاوازتری لە یۆنانییە کۆنەکان لە سیمبۆل هەیە. بەپێی بۆچوونی پۆل، سیمبۆل مانایەکی دوولایەنەی هەیە، مانایەکی ڕاستەوخۆ و مانایەکی ناڕاستەوخۆ. مانای ناڕاستەوخۆ کە تەنیا لەگەڵ هاتنی مانای یەکەم یان ڕاستەوخۆدا مانا دەدا. سیمبۆل بۆ خۆی بەتەنیا نییە. بگرە هەردەم نیشانەی شتێکی ترە. سەرەڕای ئەمە سیمبۆل تەنیا نیشانە نییە کە شتێکی تر نیشان بدا بگرە بۆ خۆشی نیشانەیەکە کە خۆی، خۆی نیشان دەدا.

کردەوەیەکی سیمبۆلیک پەیامێکی لەگەڵە کە لە ڕاستیدا لە سەرەوەی خودی کردەوەکەوە ڕادەوەستێ. بەڵام لە هەمان کاتدا هەڵمەتێکی ڕاستەوخۆشە. زۆر کەس بەهەڵە کردەوەگەلی سیمبۆلیکی و هەڵمەتە ڕاستەوخۆکان وەک دژی یەکتری دەبینن. هەر سیمبۆلێک بۆ ئەوەی وەک سیمبۆل بژمێردرێ دەبێ خوێندنەوەی لێ بکرێ. هەر هەڵمەتێکی ڕاستەوخۆ کە مانا و مەبەستێکی هەبێ ئەوە لە خۆیدا کردەوەیەکی سیمبۆلیکە. ئەگەر وا نەبێ ئەوە نە مانا دەدا و نە نێوەڕۆکی هەیە. هەڵمەتێکی واش زۆر بەڕوونی دیارە کە هیچ پەیامێکی لەگەڵ نییە.



هەواڵنامەی کتێب

دەکرێ وا بیر بکرێتەوە کە هەڵمەتێک هیچ چەشنە پەیامێکی پێ نییە. لە هەلوومەرجێکی وادا خەباتیش هاوکات لەگەڵ کۆتاییی هەڵمەت کۆتاییی پێ دێت. بەهەمان شێوەش هیچ هۆکارێک نابیندرێ کە کەسانی تر بۆ خەبات و بەرهەڵستکاری هان بدرێن. بەڵام هەڵمەتێکی لەو شێوەیە تەنیا شێوازێکی بیرکردنەوەیە و هیچی تر. ئەگەرچی هەڵمەتەکان بەئاکامی خۆشیان بگەن بەڵام پەیامێکیان لەگەڵە کە دوورتر لە ئامانج و ئاکامی هەڵمەت بەولاوەتر دەڕوا. ئەگەر هاتو هەڵمەتێک لە خۆیدا کاریگەر بوو ئەوە بایەخی سیمبۆلیکی هەڵمەتەکەش بەهەمان شێوە بەهێز و قایم دەبێ.

سیمبۆلەکان لەسەر ئەو بنەمایە ڕاوەستاون کە مرۆڤەکان ڕووی تێ دەکەن بۆ ئەوە لە شتێک بگەن یان سەرلەنوێ ئەو شتە بناسنەوە. کەڵک وەرگرتن لە سیمبۆلەکان لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا ئەو مانایە دەدا کە لایەنی دژ بۆ بەشداری لە خەبات و بەرهەڵستکاریدا بانگهێشتن بکرێ. لە ڕاستیدا هەڵمەتەکان لە پاش کردەوەکانەوە پێک دەهێندرێن.

هەر کردەوەیەک دەتوانێ دوو تایبەتمەندی؛ یەکێک سیمبۆلیک و یەکیش ڕاستیی هەبێ. بێلایەنی (پاسیڤبوون) لە بەرانبەر نایەکسانیدا لە خۆیدا کردەوەیەکی سیمبۆلیکە. پەیامی پێ نەزاندراوی ئەم کردەوە ئاوایە: پاسیڤ بە! دەسەڵات بسەلمێنە، هاوکات بێلایەنی لە خۆیدا سەلماندنی دەسەڵاتی مرۆڤەکانی ترە.

تەنانەت جێگیرکردنی ماف و یەکسانی ـ بۆ نموونە لە وڵاتێکی جیهانی سێیەمدا کە دەیەوێ لە چنگی دەسەڵاتێکی گەورە ڕزگاری ببێ و بگا بەسەربەخۆیی ـ لە خۆیدا کردەوەیەکی سیمبۆلیکە. هەر شۆڕشێک پەیامێکی بۆ ئێمە لە شوێنەکانی تری جیهان پێیە کە لە خۆیدا پەیامەکە لە سەرەوەی ئامانجی گرووپە شۆڕشگێڕەکانەوە دەوەستێ. بایەخ و نێوەڕۆکی ئەو سیمبۆلانە تەنانەت وڵاتێک لە چنگی داگیرکەری زلهێزێک دەپارێزن. ئەو چەکە پێشکەوتووانەی کە ئێمڕۆ هەن ئەو شیانە بەزلهێزەکان دەدەن کامە وڵات لە جیهانی سێیەمدا پێیان خۆش بێ، تێک بشکێنن و بەچۆکی دابێنن. بەڵام توندوتیژیی لە ڕادەبەدەری زلهێزێک لە هەمان کاتدا ئەو مەترسییەی بەدواوەیە کە ئەو پشتگیرییەی کە لەلایەن خەڵکی وڵاتەکەی پێویستییەتی وەرنەگرێ و خەڵک خۆی لێ دوور بخەنەوە. زلهێزێک لە کاتی داگیرکەری وڵاتێکی تردا پێویستی بە پشتگیریی خەڵکی خۆی هەیە. تیرۆر و ڕەشەکوژی بەهیچ شێوەیەک نابێ هەبێ. بۆ نموونە هەتا ڕادەیەک بایەخی سیمبۆلیک لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیکاراگوادا بوو کە توانی پێش بەداگیرکەری هەمەلایەنەی ئەمەریکا لەو وڵاتەدا بگرێ.

وشەیەک کە دەردەبڕدرێ لە خۆیدا کردەوەیە، هەروەک کردەوەکە بە وشە دەردەبڕدرێ و تێ دەگەیەندرێ. دروشمێکی بەناوبانگ لە بزووتنەوەی بەرهەڵستکاریدا ئەوەیە کە دەگوترێ لە وشەوە بگە بەکردەوە، ئەمە لە خۆیدا بەو مانایەیە کە لە وشەوە بچۆ بۆ وشەیەکی تر یان لە کردەوەیەکەوە بچۆ بۆ کردەوەیەکی تر. خاڵی جێی سەرنج لێرەدا ئەوەیە کە کردەوەی نوێ لە خۆیدا وەدیهاتنی ئەو شتەیە کە پێشتر بە وشە دەربڕدراوە و سەلمێندراوە. ئەم وەدیهاتنە دەتوانێ هەم سیمبۆلیک و

هەمیش ڕاستی بێ. نموونەیەک لەم پێوەندییەدا ئەوەیە کە بۆ نموونە ژمارەیەک هاووڵاتی لە وڵاتی سوێددا ئەو پەنابەرانە کە مەترسیی دەرکرانیان لە بەرە دەشارنەوە و پەنایان دەدەن لە جێگەی ئەوەی هەر تەنیا بەدەربڕین بڵێن کە ئەو پەنابەرانە دەبێ مافی پەنابەرییان پێ بدرێ. ئەمە لە خۆیدا هەم کردەوەیەکی سیمبۆلیک و هەم ڕاستییە لە کۆمەڵگەیەکی میواندۆستدا.

هەڵەیەک کە زۆرجار لەنێو بزووتنەوەی بەرهەڵستکاریدا ڕوو دەدا ئەوەیە کە بایەخی ڕاستیی کردەوەیەک ڕوون و ئاشکرا نییە. لە دەسپێکی کەمپەینێکی نافەرمانیدا هەڵمەتەکان بەتەواوەتی وەک هەڵمەتگەلی سیمبۆلیک مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ.

بایەخ لە هەڵمەتێکدا ئەوەیە کە مەحکەمە و سزا پێکەوە هەڵگری پەیامێکن. پەیامەکە لای گرین پیس دەکرێ ڕووی لە بەڕێوەبەران بێ. " ئەم نموونەی ئێمە بکەنە ڕێنیشان و لە ژاراویکردنی دەریاکان خۆ ببوێرن" لەلای بزووتنەوەی پلاگبیل ڕووی پەیامەکە لە هاووڵاتییانە. "ئێمە کاری چەکداماڵیمان دەست پێ کرد، تۆش درێژە بە کاری چەکداماڵین بدە"

کە گرین پیس بتوانێ پێش بەژاراویکردنی دەریاکان بگرێ یان بزووتنەوەی پلاگبیل لە ڕاستیدا بتوانێ کاری چەکداماڵین بکا ئەوە لە بایەخی سیمبۆلیکی هەڵمەتەکان کەم نابێتەوە. بەپێچەوانە بایەخی سیمبۆلیکی ئەو کردەوانە زیاتر دەبێ کاتێک کە شیانی ڕاوەستاندنی ژاراویکردنی دەریاکان هەیە و هەروەها مرۆڤە ئاساییەکان دەتوانن کاری چەکداماڵین ئەنجام بدەن.

لە سات و وەختێکدا کە دروست نازاندرێ لە چ کاتێکدا دەقەومێ بەرهەڵستکارییەکی سیمبۆلیک شوێن و کاریگەرییەکی خۆی لە بەرهەڵستکاریدا دادەنێ. لە بەرهەڵستکارییەکی بەکۆمەڵدا کە ڕەنگە لەودا بەهەزاران کەس بەشداری بکەن هێزی پەیامی بەرهەڵستکاری زۆر لە هەڵمەتی تاک و تەریک بەهێزترە. ڕێپێوانی خوێی گاندی کە پێشتر ئاماژەی پێ کرا یەکێک لە بەنێوبانگترین نموونەکانی خەباتی نافەرمانیی مەدەنییە کە لەودا هێز و کەرەستەی داوودەزگا دەوڵەتییەکان نەیتوانی لە بەرانبەریدا خۆی بگرێ. بەسەدان هەزار هیندی خوێیان لە دەریا هەڵێنجا، لە کاتێکدا یاسای بەریتانیا (لە هیندستان) هەڵێنجانی خوێی قەدەغە کردبوو.

لە نافەرمانیی بەکۆمەڵدا کە لەودا بەهەزاران کەس بەشێوەیەکی بەردەوام بەشداری دەکەن، ڕەهەندێکی تری هەیە کە جیاوازە لە نافەرمانیی مەدەنی. ئێمە لە ڕۆئاوا لەم شێوە بەرهەڵستکارییە بەکۆمەڵە لە سەردەمی ئاشتیدا ئەزموونێکی وامان نییە. نموونەکانی تری بەرهەڵستکاریی بەکۆمەڵ لە سەردەمی نوێدا بریتین لە بەرهەڵستکاریی بەکۆمەڵی فیلیپینییەکان لە فێبرایەری ١٩٨٦، چین لە مای ١٩٨٩ و هەروەها ڕووداوەکانی ئەوروپای ڕۆهەڵات لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٩ و ١٩٩٠ کە زەحمەتە لەگەڵ ڕۆئاوا گرێ بدرێن.

نموونەیەکی سەرکەوتووی کەمپەینی نافەرمانی کە هەر لەبەر بایەخی سیمبۆلیکییەکەی سەرکەوتنی وەدەس هێنا، خەبات بۆ کێوی شینە Kynnefjäll لە سوێد بوو. لە درێژای هەموو دەیەی هەشتاکاندا خەڵک بە شەو و ڕۆژ پاسەوانیان لە کێوی شینەدا بۆ ئەوە پێش بەتاقیکاری

کونکردنی کێوەکە بۆ دۆزینەوە و دەرهێنانی ئوران بگرن. کاتێک پاسەوانەکان مەکینەی کونکەریان لە شوێنێکی کێوەکە بەدی دەکرد ئەوە تەلەفۆن بۆ کۆمەڵێک خەڵک دەکرا و خەڵکەکەش دەهاتن و دەستیان بەسەر مەکینەکەدا دەگرت. زۆر ئاشکرا بوو کە داوودەزگای دەوڵەتی بەو هێز و دەسەڵاتەوە هەیانبوو دەیانتوانی دیسان کێوەکە کون بکەن، ئەگەر هەموو خەڵکی دەوروبەریش بەشدارییان لە دەسبەسەرداگرتنی مەکینەکان کردبا. بەڵام ئاکامی ئەوە دەبوو کە حزبە دەسەڵاتدارەکان لەو ناوچە تووشی تێکشکانی سیاسیی گەورە دەهاتن. هەر بۆیە ئاخرەکەی بەناچاری لە کونکردنی کێوەکە و دەرهێنانی ئوران پەژیوان بوونەوە.

خەبات بۆ ئالتا Alta لە نەرویج نموونەیەکی ترە کە لەودا بەرهەڵستکارییەکە تووشی شکان هات لەبەر ئەوە ژمارەیەکی زۆر لە بەشداران پێیان وابوو کە ئەوان بەشێوەیەکی فیزیکی دەتوانن پێش بەسازکردنی چۆمی ئالتا بگرن. زیاتر لە هەزار کەس بەشدارییان کرد. بەشێک لەوان بەزنجیری ئەستوور خۆیان بەستبوو بە بەردەکانەوە. ژمارەیەک زنجیریان بە باسکەکانیانەوە هاڵاندبوو و ژمارەیەکی تریش خۆیان پێکەوە بەستبووەوە بۆ ئەوەی پۆلیس بەئاسانی نەتوانێ زنجیرەکە بپچڕێنێ و ئەوان لەیەک داببڕێ. بەم شێوازگەلە ئەوان توانییان چەند سەعاتێک بەرگری بکەن بەڵام دواتر لەبەر کەمبوونی ژمارەی بەشداران تێک شکان.

پرۆفیسۆر توماس ماتینسێن Thomas Mathiesen کە بۆ خۆی یەکێک لە بەشدارانی خەبات بۆ ئالتا بوو لە باسێکدا بۆ پارێزەرانی دار (دار باوەشگرەکان) لە بوهویسلەن (سوێد) باسی ئەوەی کرد کە کاریگەری خەبات بۆ ئالتا زۆرتر دەبوو ئەگەر هاتبا و ئەوان بیانتوانیبایە خەڵکێکی زۆرتر کۆ بکەنەوە. ئەوان بەهەڵمەتێکی لەو چەشنە بەخەڵکێکی زۆرترەوە دەیانتوانی هێزی سەرباز و پۆلیسی حکوومەت ناچار بکەن کە شوێنەکە بەجێ بێڵن.

ئەو ڕێگەیەی کە لەم پێوەندییەدا پێشنیاز دەکرێ شێوازە خەباتێکە کە پێی دەگوترێ jiujitsu ژیوژیتسوی. لەم شێوە خەباتەدا هەوڵ دەدرێ هێزی لایەنی دژ لە دژی خۆی وەرگێڕدرێتەوە. لە نموونەی خەبات بۆ ئالتادا دەکرا خەڵکانی چالاکی پێشەوە لە باتیی جێگربوونیان لە شوێنی هەڵمەت لە مەحکەمە و شوێنی دەسبەسەربووندا درێژەیان بە چالاکیی خۆیان دابایە.

لێرەدا جێی خۆیەتی باسی ئەو سێ سیمبۆلە بکرێ کە کۆڵەکەی بنەڕەتی و هەرە گرینگی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی پێک دێنن:

– کردەوەی نافەرمانی بنەمای دەسەڵاتی لایەنی دژ کە لەسەر فەرمانی دامەزراوە، دەسڕێتەوە.
– لە دیالۆگێک کە لە ماوەی مەحکەمەدا دێتە گۆڕێ ئەخلاقی بەرهەڵستکاری و ئەخلاقی لایەنی دژ لە پێوەندی لەگەڵ ئەخلاقی پەسندکراوی گشتیدا دەخرێتە تاقیکردنەوەوە.
– سزای پاش مەحکەمە دەبێتە داخوازێکی ئەخلاقی بۆ هاندانی مرۆڤەکانی تر لە پێناوی بەردەوامی و درێژەپێدانی بەرهەڵستکاری.

یەکێک لە نموونە ڕوونەکانی ڕەهەندی سیمبۆلیکی خەباتی ناتوندوتیژی بەربەستێکە کە خانەنشینکراوەکان لە دەرەوەی بنکەی پەرشینگی دوو Pershing II لە موتلانگێن Mutlangen لە ساڵی ١٩٨٧دا بەئەنجامیان گەیاند. ڕاست لە نێوەڕاستی بەربەستەکەدا ئەرتەش مانۆڕێکی گەورەی دەس پێ کرد. سەدان خانەنشینکراو وەشوێن مانۆڕەکە کەوتن. تێکۆشەری ئاشتیخوازی ئەڵمانیایی تینا ئوتێرمارک Tina Utermark گێڕایەوە کە شڵەژانی بەڕوونی بە سەربازەکانەوە دیاربوو. قەتارەی خانەنشینکراوەکان کە کەوتبوونە شوێنی قشوونی نهێنیی ناتۆ بوو بەهۆی دامەزراندنی باس و خواسێکی گەرم لە هەموو ئەڵماندا. کاتێک داوودەزگای دەوڵەتی ژمارەیەک خانەنشینکراویان دەسبەسەر کرد ئەوە زۆر کەسی تر خۆیان لە کێشەکەوە گلاند و هەتا هات بەرهەڵستکاری زیاتر پەرەی گرت.

هەر لە پەنای هەمان بنکە لە پایزی ساڵی ١٩٨٦ بەربەستێک بەهۆی بەرپاکردنی کۆنسێرتێکی موزیک بەڕێوە چوو. ئۆرکێستریکی سیمفۆنی بەهۆی لێدانی ئاهەنگی کلاسیک تایبەت بەئاشتی لە ماوەی ڕۆژێکی تەواودا پێشی بەکاروباری بنکە سەربازییەکە گرت. کاتێک داوودەزگا دەوڵەتییەکان لە گرتن و دەسبەسەرکردنی موزیکارەکان خۆیان بوارد. ئەوە لێدانی موزیک لە پەنای بنکەکە درێژەی پێ درا و حەوتووەکانی پاشتر موزیکی ڕێنسانس لێ درا و بەو شێوەیە بەربەستکردنی بنکەکە بەردەوام بوو. لە کۆتاییدا داوودەزگای دەوڵەتی ناچار بوون موزیکارەکان بگرن و بەو شێوەیە لە ڕاستیدا دیالۆگ لەگەڵ دەوڵەت دەست پێ بکرێ.

بەڵام تەنیا کردەوەی تێکۆشەران نییە کە بایەخی سیمبۆلیکی هەیە. کاتێک لایەنی دژ ئەو مرۆڤانەی کە هاودەنگیی ویژدانی لەگەڵ مرۆڤەکانی تر دەکەن، دەگرن، مەحکەمەیان دەکەن و سزایان دەدەن، ئەویش لە خۆیدا یارمەتییەکە لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا. لێرەدایە کە فەرمانی بەتەواوی دەکەوێتە ژێر پرسیار. پێوەندی و کاریگەریی دوولایەنەی نێوان کردەوەی گرووپگەلی هەڵمەتبەر و لایەنی دژ دەبێتە هۆی ئەوەی ئینسانەکانی تر هان بدا بەشێوەیەکی چالاکانە هەڵوێستی خۆیان دەرببڕن.

کە تۆو بچێنی هیچ چەشنە کاریگەرییەکی سیاسی نییە. گرتن و دەسبەسەرکردنی (بێ ئامانج) لە خۆیدا هیچ چەشنە بایەخێکی سیمبۆلیکی وای نییە. بەڵام ئەو کەسەی لەبەر تۆوچاندن دەگیرێ ئەوە لە ڕاستیدا دەتوانێ بەرهەمی تۆوەکەی هەڵبگرێ.

ئەو سیمبۆلانەی لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا بەکار دەبرێن بەبێ لە بەرچاوگرتنی خودی هەڵمەتەکان، خاوەنی مەبەست و ئامانجی تایبەت بەخۆیانن. لە هەڵمەتی پلاگبیلدا و لە کاتی چەکداماڵیندا، بۆ لە کارخستنی چەکەکان، لە چەکوش وەک سیمبۆل کەڵک وەردەگیردرێ. هەروەک چۆن چەکوش لە مەحکەمەکاندا دەکار دەکرێ (لەبارەی بایەخی سیمبۆلیکەوە).

پاول ماگنۆ Paul Magno کەسێک کە من لە هەڵمەتی فلۆریدادا لەگەڵی بەشدار بووم، وێنەی منداڵانی بنەماڵە بێ خانووبەرەکان لە شارستانەکەی خۆیدا بەچەکوشەکەیەوە چەسپاندبوو.

ناوبراو ئەمەی بۆ ئەوە کردبوو کە ئەمە ببێتە بەڵگە لەلای دادوەرەکان. مەبەستی پاول ئەوە بوو کە نیشان بدا ئەو پارەیەی کە بۆ چەککڕین و پڕچەککردن بەکار دەبرێ، دەبووا بکرابایەتە خەرجی ئەو منداڵە هەژار و بێ خانووبەرانە.

مرۆڤ نابێ لە بەکارهێنانی سیمبۆلی بەزەحمەت خوێنەرەوە خۆ ببوێرێ. سیمبۆلەکان دەبێ ببنە بنەما بۆ پێکهێنانی گفتوگۆ و باسوخواس. ئەوان دەبنە هۆی ئەوەی کە گفتوگۆکان زیاتر قووڵتر ببنەوە. بەپێچەوانە لە بەکارهێنانی سیمبۆلی ئاساندا، گفتوگۆکانیش سادە و سەرەپێیی دەبن.

تۆد کاپلان Todd Kaplan پارەیەکی کاغەزی کە جوولەکەکان لە گەڕەکی جوولەکەنشینی وارشاوای پۆلاند (لەهەستان) لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانیدا لە چاپیان دابوو، بە چەکوشەکەیەوە چەسپاندبوو. پۆلاند داگیر کرا و جوولەکەکانیش جیل جیل بەرەو کەمپی جوقڕان ڕادەگوێزران. سەرەڕای تیرۆر و کوشتوبڕ، دانیشتوانی گەڕەکی جونشین درێژەیان بەژیانێکی پێشوەچووی خۆیان دەدا. تۆد کە خۆی جوو بوو. لە مەحکەمەدا شایەتیی ئەوەی دا کە چۆن ئەو پارە کاغەزییە بۆ ئەو نیشانە و سیمبۆلی هیوا و هومێدە. ئێمە دەبێ ژیانێکی ئاساییمان هەبێ بەبێ ئەوەی مەترسیی قڕکردنمان وەبەر بنرێ. ئەوانەی وەختی خۆی ئەو پارەیان چاپ کردبوو، تیرۆر پەکی نەخستبوون. هەر بەو شێوەیە ئێمەش نابێ تیرۆر پەکمان پێ بخا. لێمان گەڕێن با پێشان بدەین کە چۆن چۆنی دەمانەوێ بژین.

چەکوشەکەم بۆ من، نیشانە و سیمبۆلی میلیتاریزمی دوولاییی پارادۆکسە. ڕۆکێتێکی پەرشینگی دوو Pershing II دەتوانێ شارە بەندەرییەکەی من گوتەبۆرگ (سوێد) وێران بکا. هیچ چەشنە چەکێک ناتوانێ پێش بەهێرشێکی وا بگرێ. بەڵام چەکوشە چکۆڵەکەی من شیانی هاوێشتنی ڕاست ئەم ڕۆکێتەی نەهێشتووە. ئەمە لە خۆیدا هێز نییە کە پێش بەپڕچەکی دەگرێ. ئێمە لە بێهێزترین کەرەستە بۆ چەکداماڵین کەڵک وەردەگرین. ئەمە شتێکە کە ڕەنگە وا بێتە پێش چاو کە شیانی نییە. بەڵام کردەوەی چەکداماڵین دەبێ بێتە ئەنجامدان. ئەو شتەی کە شیانی چەکداماڵین ڕێک دەخا کردەوەیەکە کە لە خۆیدا ناسک و ئاسان زەربە وێ کەوتوویە. هەر ئەمەیە کە ڕاستەوخۆ لە دژی توندوتیژی، دەسەڵات و ویستی سازکردنی دیواری پاراستن ڕادەوەستێ.

لەم باسەدا ئەو ئاکامە وەردەگیردرێ کە چەکداری و پڕچەکی ناتوانێ بەبێ فەرمانی هاووڵاتییان درێژەی هەبێ. فەرمانی بە زۆری لە ترسی مرۆڤەکان لە نافەرمانیکردن، سەرچاوە دەگرێ. ئیمڕۆ ئامرازگەلێکی وا کە خەڵکێک لەبەر ئەوە حازرن ئاکامی نافەرمانیی خۆیان وەربگرن، کۆنترۆڵ بکا، لە هەوێڵدا نییە. ناسکی و زەربەدیتووی لە بەرانبەر وەرگرتنی ئاکامدا دەبێتە بنەما بۆ نەچوونە ژێر باری فەرمانبەری. هیچ ڕێگەیەکی تر نییە. هەر بۆیە ئەو شتەی کە شیان و ئیمکانی نییە لە ناچاریدا دەبێتە ئیمکان و شیان.

باس و خواسێکی سەرنجڕاکێش پێوەندیی بەوشەگەلی هۆکار و شوێندانەری لەنێو بزووتنەوەی پلاگبیلدا لە ئارادایە. ئاخۆ دەکرێ باس لە هەڵمەتە کاریگەرەکانی پلاگبیل بکرێ؟

کە مرۆڤ بیەوێ ڕادەی کاریگەریی هەڵمەتێک بپێوێ ئەوە دەکرێ ڕادەی ئاڵوگۆڕەکە بگەڕێنێتەوە بۆ میکانیکیی نێوان هۆکار و شوێندانەری "ئەگەر تۆ ئەم چەرخە بسووڕێنی ئەوە چەرخەکەی پەنای ئەویش دەسووڕێ". زۆر کەس لەنێو بزووتنەوەی پلاگبیلدا لەو بڕوایەدان لەبەر ئەوە کۆمەڵگە لە خۆیدا زۆر پێچەڵپێچی تێدایە ئەوە هەروا ئاسان نییە کە کاریگەریی هەڵمەتێک تەنیا بەو شێوەیە کە باس کرا، ڕوون بکرێتەوە. کردەوەکانی ئێمە ئاوا بەشوێن یەکتریدا ڕیز نەکراون کە وەک تۆپی بیلیارد لە تۆپێک بدەی کە ئەویش لە تۆپێکی تر بدا. لە حاڵەتێکی وادا ئەوە ئێمە تۆپەکانمان وا ڕاست لە تۆپەکەی تر دەدا کە ئامانجی بپێکابایە و بمانتوانیبایە بەسەر لایەنی دژدا سەرکەوتن وەدەست بێنن.

خەباتی نافەرمانیی مەدەنی دەکرێ هیوایەک بێ بۆ هاندانی کەسانی تر. ئەوە ئیتر دەگەڕێتەوە سەر ئەو کەسانەی کە چۆن لەگەڵ هاندانەکە دەجووڵێنەوە. ئەو نموونەیەی کە من پێشتر (لەسەر ئەو کرێکارانەی کە دەستیان لە کارکردن هەڵگرت لە بنکەی نیزامی پەرشینگی دوو لە فلۆریدا لە پاش هەڵمەتەکەی ئێمە لە پلاگبیل)، ئاماژەم پێ کرد وەبیری خۆت بێنەوە. ئێمە ناتوانین سەرکەوتنی ئەو هەڵمەتە تەنیا بۆ خۆمان بگەڕێنینەوە و لەبەر ئەوە بە خۆماندا هەڵبڵێین. کاریگەریی هەڵمەتەکەی ئێمە تەنیا نەدەگەڕایەوە بۆ ئەنجامدەرانی هەڵمەت بگرە بۆ کەسانی تریش. ئەو کرێکارانە بڕیاریان دا کە ئیتر چەکی ناوکی وەبەرهەم نەهێنن. باوەڕ و متمانەی کەسانی تریش لەسەر پێویستبوونی وەبەرهەمهێنانی چەکی ناوکی ڕەنگە قایمتر بووبێ.

ئەمە لە خۆیدا بەو مانایە نییە کە هەموو کردەوەکان وەک یەک باشن یان وەک یەک بێ کەڵکن. هەموو کاتێک ئامانج ئەوەیە کە کارێکی ڕاست بێتە ئەنجامدان بدرێ. هەر بۆیە لە کاتی گەڕانمان بەدوای ڕاستیدا پرسیار لە خۆمان دەکەین چ شتێک پێویستە بۆ ئەوەی ئەو سەرکوتە هاوبەشەی هەژاران کە ئێمەشی تێدا بەشدارین، کەم بکەینەوە. هەر ئەم ڕاستییە، کەسانی تر دواتر دەتوانن لە گەڕانەکانیاندا کەڵکی لێ وەرگرن. بەڵام لەگەڵ ئەوەی ڕەنگە کردەوەکانی ئێمە بووبێتە هۆی دیتنەوەی ڕاستی لە هەمان کاتدا زۆر کەسی تر ڕەنگە نە تەنیا ئەو ڕاستییەیان پێ گرینگ نەبێ و لەگەڵی بێ تەفاوت بن بگرە بەشێوەیەکی چالاکانەش لە دژی ئەو شتەی کە ئێمە وەک ڕاستی تێی گەیشتووین، ڕاوەستن و بەربەرەکانێ بکەن.

هەر بۆیە زەحمەتە ئێمە پێشگۆییی کاریگەری بکەین. لەوە بەزەحمەتتریش دەبێ کە ئەگەر بێتو ئێمە بمانەوێ تەنیا کاریگەریی هەڵمەتەکان دەربخەین. دیتنی ئاڵوگۆڕەکان ئاسانترە ئەگەر بێتو گرووپێک هەر لە دەسپێکەوە ئامانج و مەبەستی هەڵمەتەکەی دیاری کردبێ. ئەمە هەروەها

مۆدێلێکی هۆکار- شوێندانەرییە. بەڵام مۆدێلێکە زۆرتر لە گەمەی شەترەنج دەچێ هەتا بیلیارد. هۆکارەکە لە پاش شوێندانەری لە داهاتوودا هەڵکەوتووە یانێ لە وەدیهاتنی ئامانجدا. بەپێچەوانە کە بتەوێ هۆکاری پشتەوەی مەبەست ببینییەوە ئەوە زۆر زەحمەتە. هەروەها زەحمەتە حسێبی ئەوە بکرێ کە چ ڕوو دەدا ئەگەر هاتو کەسانی تر پێش بەگرووپێک بگرن کە لە کردەوەدا دەیانەوێ گەڵاڵە و پلانەکەیان وەدی بێنن. بە یارمەتیی تیۆری گەمە و دەسەڵات ڕەنگە بکرێ حسێبی پێوەندیی نێوان هێزەکان و هەروەها پێشگۆییی بەردەوامی گەمەی دەسەڵات بکرێ. بەڵام ڕەنگە بەشێک لە گرووپەکە پلانەکەی بگۆڕێ. لە ناکاو ئەوان دەبینن کە ئامانجەکەیان وەدی نایە. لە هەلومەرجێکی وادا ئیتر ڕووداوەکان بە یارمەتیی ڕێسای گەمەوە ناتوانرێن ڕوون بکرێنەوە.

ئاڵوگۆڕەکان دەکرێ هێندێک جار لە سۆنگەی ستروکتۆرەکانی کۆمەڵگەدا پێشگۆیی بکرێن. یاسا ئابوورییەکان لە سیستەمی بازاڕی ئێمەدا دەبنە هۆی ئەوەی کە هەموو شەریکە کەسییەکان وەدووی لانی زۆری قازانج و پێشخستن بکەون. ئەگەر وانەبێ ئەوە دەوڵەمەندێک پارەکەی لەو شەریکەیە ناخاتە گەڕ. ئەوە بنەما ئابوورییەکانی ئێمەیە کە لەم پێوەندییەدا بڕیاردەر دەبن. سەرەڕای ئەوە مەسرەفکەرەکان دەتوانن شەریکەیەک ناچار بکەن کە ڕێوشوێنی ژینگە ڕەچاو بکەن بەڵام دیسان قازانجەکە شەریکەیەک هەڵدەسووڕێنێ.

ئەدی چ ڕوو دەدا کاتێک کە شەریکە یارمەتیدەرەکان (تەعاونییەکان)یان وەدووی قازانج نەکەوتووەکان لە کۆمەڵگەدا گرینگیی بەرچاویان هەیە؟ ڕەنگە ژمارەیەک لەو شەریکانە بەجۆرێک خۆیان لە وەدووکەوتنی قازانجدا ڕێک بخەن. بەڵام دواتر یاسا ئابوورییەکانی تر دەکەونە پێشەوە. ئیتر لەوە زیاتر ناکرێ هەڵسوکەوتی ئەو شەریکانە وەک شەریکەی وەدواکەوتنی لانی زۆری قازانج و پێشخستن ڕوون بکرێتەوە. کەوابوو سیستەمێکی نوێی ئابووری دێتە ڕۆژەڤەوە کە ئیتر ناکرێ ناوی لێ بنرێ کاپیتالیزم.

ئەگەر مرۆڤ باوەڕی بەوە نەبێ کە کۆمەڵگە وەک تەختەی گەمەی بیلیارد یان شەترەنجە ئەوە زەحمەت دەبێ کە باس لە تاکتیک و ستراتیجی بکرێ. تاکتیککارێک بەبێڕێزی جێی متمانەی پێکانی تۆپ لە گەمەی بیلیاردا ئەوە دەستەوەستان دەمێنێتەوە. چ یارمەتییەک بەڕاستی و بەرهەقبوون دەکرێ کە دواین تۆپ بەرەو کونی تەختەی بیلیارد خلۆر بکرێتەوە. لە کاتێکدا تۆپەکانی تر ڕێگەیان بەربەست کردووە. تاکتیککارێک پێویستی بەمتمانە لە ڕێسای گەمەدا هەیە. ئەگەر شا کرا بەقوربانی سەربازێک لە گەمەکەدا ئەمە بێجگە لە سەرلێشێوان شتێکی تر نییە. تاکتیککارێک دەبێ دانە دانە سەربازەکانی لایەنی دژ لە ڕێگە لادا و لەنێویان بەرێ. بۆ تاکتیککارێک دەبێ ئامانج خودی ئامرازەکان بەپیرۆزی ڕابگرێ. بەپێچەوانەی ئەمە ئەوە دەبێ تاکتیککار مەیدانی گەمە بەشکاوی و دۆڕاوی بەجێ بێڵێ.

– تاکتیککار دەڵێ؛ ئەگەر ئێمە ئێستا لە هەلومەرجێکی باشدا نین ئەوە ڕەنگە لە وەختێکی لەباری تردا قەرەبووی ئێستا بکەینەوە. ئەی ڕاستگۆیی چی بەسەر هات؟ دەبێ لە گفتوگۆدا ڕاستگۆیی

بکرێتە بنەما. ئەگەر مرۆڤ لە گوتنی ئەو شتەی کە ئەو پێی وایە ڕاستە، خۆببوێرێ ئەوە ناڕاستگۆییە و ئەمەش تەنگوچەڵەمە دەخاتە پێش دیالۆگ.

– ئێستا لە کاتێکدا داوودەزگاکان کۆمەڵێک گرفت و کێشەی تریان لە پێشە و ناتوانن هەموو کەرەستەکانیان لە دژمان بەکار بێنن، ئەوە کاتێکی لەبارە بۆ ئەوەی ئێمەش هەڵمەتەکانمان توندتر بکەین. ئەوە ئیتر بەدڵنیاییەوە سەردەکەوین. ئەمە قسەی هەمان تاکتیککارە بەڵام لە کاتێکی تردا.

بەڵام ڕێگەچارەکە چییە، "مات"بوون یان سەرکەوتن؟ هەر گەمەیەک لە خۆیدا پێبەندی ژمارەیەک ڕێسایە کە بەشێوەی تاکتیکی بۆ ئەوە لایەنی دژ ژێر بخرێ، کەڵکیان لێ وەردەگیردرێ.

خەباتی نافەرمانیی مەدەنی گەمەی دەسەڵات نییە. بگرە دیالۆگێکە کە دەگا بە ڕێککەوتن و پێکەوەساچان. ئەگەر هاتو ڕێگەیەکی دوور لە بەردەم ڕێگەچارەی هاوبەش هەبوو ئەوە دەبێ لە کەڵکی خراپ وەرگرتن لە هێز و دەسەڵات خۆببوێرێ. ئەگەر بەشێوەی تاکتیکی دەسەڵاتێک بێهێز بکەی ئەوە لە خۆیدا کردەوەکە دەبێتە هۆی پرچەکی، ترس و شک و گومان.

ستراتیجیکار بەنۆرەی خۆی ترس و دڵەخورپە ڕۆژانەییەکان لە بیر دەکا. بگرە دەیەوێ ڕێگەچارەکان لە داهاتووی دووردا لە ڕێگەی خەباتی پەرلەمانتاریسمی، شۆڕش، مانگرتنی گشتی، هەڵبژاردنی شێوە ژیانی ئێکۆلۆجییانە، بوونی ژمارەی زۆرتری ژنان لە سیاسەت یان هەر ئامانجێکی درێژخایەنی تر وەدی بێنێ.

ئەی ستراتیجیکار لەسەر زەبر و سەرکوتە هەنووکەییەکان چ دەڵێ؟ ڕەنگە "چارەسەری گەورە"، چارەسەری ڕاستییانە نەبێ. ئەدی ئەوە نییە، ئەمەی ئێستایی و نزیک و ئەوەی دوور پێوەندییان پێکەوە هەیە؟ کەوایە ئەو چارەسەرییە نزیک و هەنووکەییانە دەبێ هەروەک چارەسەرییە درێژخایەنەکان باش بن. بەرهەڵستکاری دەبێ مێژووی ئێمە لەگەڵ ئێستا و داهاتوو گرێ بدا. بەهۆی خەباتی بەکردەوە ئەوە هەم مێژوو و هەم داهاتوومان بۆ خۆمان دروست کردووە. کاروبار و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی من لەگەڵ سیاسەتی جیهانی پێوەندیی هەیە.

### خەتە گشتییەکان لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا

هەلیکۆپتەرەکە بەهێوری بۆ سەر پردەکە دابەزی. لە ناکاو بەتوندی بەرز بووەوە. چەند دەورێک خولایەوە و پاشان لە چاوترووکاندنێکدا ون بوو. هەر زوو بەدوای ئەمەدا، یەکەم ماشێنی پۆلیس گەیشت، تەنیا پێڕاگەیشتم هەشت ماشێن و ئوتوبوسێک بژمێرم. دواتر سەرنجم بۆ لای سەگەکانی پۆلیس ڕاکێشرا. سەگەکان بەهێوری چاویان تێ بریوین و هەمووماں وەک یەک لێمان دەڕوانین. لە پشتەوەی سەگەکان سی پۆلیسێک ڕاوەستاون. زۆربەیان کڵاوی سپیی تایبەت بە کاتی تێکهەڵچوونیان لە سەرە. ژمارەیەکی زۆریشیان باتۆنگەکانیان هەڵکێشاوە.

ئەمە دیمەنێکە لە پردی یوردفالسبرون Jordfallsbron لە ساڵی ١٩٨٣، خەڵک لەسەر پردەکە کۆ بووبوونەوە بۆ ئەوەی نەتوانرێ پردەکە بەرز بکرێتەوە، چونکە قەرار بوو بەلەمێکی دانیمارکی کۆ گۆیا هەڵگری چەکوچۆڵ بوو بەژێر پردەکەدا تێپەڕ ببێ.

ئەو پۆلیسانەی هاتبوون، پێشتر قەد لەگەڵ خەباتگێرانی نافەرمانیی مەدەنی تووشی تێکهەڵچوون نەبووبوون. دواتر هەر لە پاش ئەم هەڵمەتە لە دەیەی هەشتاکاندا بوو کە پۆلیس وردە وردە ئەزموونێکی فرەتری وەرگرت. هەموو ئەوانەی کە بەهەمان شێوە تووشی پۆلیسی ترساو دەبن، دەزانن یەکەم پێوەندیی لەگەڵ ئەوان ئەوە دەبێ کە هێور بکرێنەوە و ئاسایشیان هەبێت. ئەوان نازانن خەریکە چ ڕوو بدا و هەر بۆیە ڕەنگە لە تێکۆشەرەکان زیاتر تووشی دڵەخورپە و شڵەژان بن.

بەڵام ئەوانەش کە لە هەڵمەتێکدا بەشداری دەکەن پێویستیان بەهێندێک ئاسایش نە تەنیا لەلایەن پۆلیسەکانەوە بگرە لەلایەن خودی تێکۆشەرەکانی ترەوە هەیە. بەشداران ڕەنگە لە منداڵ، بەساڵداچووان، تێکۆشەرگەلی کۆن و بەئەزموون یان ئەوانەی بۆ یەکەم جار بەشداریی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی دەکەن، پێک هاتبن. من بۆ خۆم لە هەڵمەتێکدا کە نەزانم تێکۆشەرەکانی تر چۆن دژکردەوە لە خۆ نیشان دەدەن، دەترسم. من دەمەوێ هەست بەوە بکەم کە ئێمە متمانەمان بەیەکتری هەیە.

هەم بزووتنەوەی مافی هاووڵاتییەتی لە باکوری ئەمەریکا و هەم جووڵانەوەی سەربەخۆییخوازی هیندستان بۆ پێکهێنانی ئاسایش و هێمنی لە خەتە گشتییەکانی ناتوندوتیژی کەڵکیان وەرگرتووە. خەتە گشتییەکان فەرمی بوون و بۆ ئەوەش پێکهاتن کە لە یەکتری تێگەیشتنێک لە نێوان پۆلیسەکان و تێکۆشەرەکاندا دابمەزرێ. ئێستاشی لەگەڵ بێ زۆربەی ئەو خەتە گشتییانە بەکار دەبرێن و ژمارەیەکی نوێشیان لێ زیاد کراوە.

هەر خەتی گشتییەک لە خۆیدا ڕێککەوتننامەیەکە لەسەر چوارچێوەی هەڵمەتەکان لە نێوان ژمارەیەکی زۆر لە گرووپگەلی دۆستاندا. ئەگەر بەنێو کتێبگەلێک کە لەسەر هەڵمەت لە باکوری ئەمەریکا نووسراوە، چاوێک بخشێندرێ ئەوە ئەم خەتە گشتییە ناتوندوتیژییانەی خوارەوە هەتا ڕۆژی ئیمرۆش، ئاساین:

١- هەموو کەسێک بەچاوی ئەو ڕێز و ئەدەبەوە ببینە کە هەر کەسێک لە دۆستێکی نوێ چاوەڕێیەتی.

٢- لە توندوتیژیی فیزیکی و ڕۆحی کەڵک وەرمەگرە.

٣- لە چەکی گەرم یان هەر جۆرە چەکێکی تر یان ئامرازی خۆپاراستن لە دژی توندوتیژی کەڵک وەرمەگرە.

٤- ڕامەکە.

٥- لە نارکۆتیکا کەڵک وەرمەگرە.

٦- هەموو، تەنانەت کەسانی پشتگریش، دەبێ ئەندامی گرووپگەلی دۆستان بن.

٧- هەموو ئەندامان دەبێ پەروەردەی خەباتی دژی ناتوندوتیژی ببینن.

وا دێتە پێش چاو کە زۆربەی ئەو خاڵانەی سەرەوە ڕوون و ئاشکران. بەداخەوە هەموو کات وانییە. زۆرجار لە نێوەڕۆکی ئەو خاڵانەی پێشتر گرووپگەلی دۆستان لەسەری ڕێک کەوتوون، خوێندنەوەی جیاواز دەکرێ. بۆ نموونە باسێکی وا لەنێو بزووتنەوەی دژی توندوتیژی لە ئارادایە کە ئاخۆ دروشمدان و قیڕاندن دەکرێ وەک توندوتیژیی ڕۆحی بژمێردرێ. چونکە هەر چۆنێک بێت دروشم و قیڕاندن دەتوانێ هاندان و شڵەژان هەم لەلای لایەنی دژ و هەم لەلای خودی تێکۆشەرانی بەشداربوو پێک بێنێ. ئێستا لە قیڕاندنی بەکۆمەڵ خۆ دەبوێردرێ. لە باتیی ئەوە لە گفتوگۆ و گۆرانی کەڵک وەردەگیردرێ.

هەروەها ڕاکردن دەکرێ ببێتە هۆی هەڵچوونی ناپێویست و لە خراپترین هەلومەرجیشدا شڵەژان. بەهەمان شێوەش کەسانێک کە شوێنەواری ئەڵکۆڵیان هێشتا لەسەر ماوە ڕەنگە بەشێوەیەکی نابەجێ بجووڵێنەوە و ببنە هۆی تێکدانی بارودۆخ.

کێشەیەک کە ڕەنگە بەهۆی کەمتەرخەمی سەرەڕای ڕێککەوتنەکان بێتە گۆڕێ لە بیرکردنی بەجێهێشتنی چەقۆی باخەڵی لە ماڵەوەیە. هەر ئەمە دەکرێ ببێتە هۆی بڵاوکردنەوەی دەنگۆیەکی ناپێویست لەلایەن پۆلیس و ماسمێدیاوە.

بۆ نموونە دەگوترێ:

- ئەوان بەچەقۆ خۆیان چەکدار کردبوو.

شتێک کە دەتوانێ تەگەرە لە بەردەم هەموو تێکۆشانەکە دابنێ، ئەوەیە کە لایەنی دژ بۆ نموونە کەرەستەیەک یان شووشەیەک بکاتە بیانوو و وەک چەک چاو لەو شتانە بکا. لە هەڵمەتە پلاگبیلییەکاندا ئێمە لە چەکوش کەڵک وەردەگرین. کاتێک هەڵمەتی چەکدامالین کۆتاییی پێ دێ ئەوە ئێمە چەکوشەکان لەسەر عەرز دادەنێین بۆ ئەوە لەلایەن پۆلیس و پاسەوانەکانەوە گۆنگەڵمان بۆ نەنێردرێتەوە.

لە خۆپێشاندانە ئاساییەکان لە سوێد یان شوێنەکانی تری جیهاندا، ژمارەیەک خۆپێشاندەر خۆیان بەکەرەستەی پاراستنی وەک کڵاوی ئاسنین و دەستەسڕی تایبەت خۆیان باڵەفڕە دەکەن. بەڵام خەباتی دژی توندوتیژی لە خۆیدا پشت بەهێزێک دەبەستێ کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زەربە دیتووییەوە کە لە ئاکامی کردەوەکاندا وەدی دێت. هەر بۆیە ئەو خۆتەیارکردنە بەئامرازی پێشکەوتوو جێگەیەکی ئەوتۆیان لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا نییە. لە هەمان کاتدا نکووڵی ناکرێ، بۆ نموونە ڕەنگە لەو وڵاتەنەدا کە دیکتاتۆری تێیاندا حوکم دەکا، مرۆڤ نەتوانێ ئاکامی کردەوەکانی هەرچی بێ، وەئەستۆ بگرێ. ئیتر لەو کاتانەدا شێوازی هەڵمەتەکان لە

چوارچێوەی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی دەچنە دەرێ. لە جێگەی ئەوە لە ترسی کوشتن و ڕاونان، هەڵاتن هەڵدەبژێردرێ. لەبەر ئەوە خەباتی ناتوندوتیژی گرینگی بە قارەمان چێکەری و شەهیدپەروەری نادا ئەوە هەڵاتن دەبێتە ئەلتەرناتیڤێکی پێویست لە کاتی نافەرمانیی ئاشکرادا.

لەگەڵ ئەوەی لە کۆمەڵگە فرەتر ئازاد و لیبراڵەکاندا، (لە بەراورد لەگەڵ ئەو وڵاتەنەدا کە دیکتاتۆری تێیاندا حوکم دەکا) ئاکامی خەبات ئەوەندە مەترسیدار نییە بەڵام دیسان گرینگە کە تێکۆشەران ئامادەییی تەواویان لەو پێوەندییەدا هەبێ. بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازی هیندستان، لە پاش ژمارەیەک هەڵە و تێکشکان، ئاخرەکەی فێری ئەوە بوون کە ئەوان پێویستیان بە پەروەردەی خەباتی ناتوندوتیژی یان جۆرێک خۆئامادەکردن بەر لە هەڵمەتەکان هەیە. مەرجی پەروەردە ئێستاشی لەگەڵ بێ لە جێی خۆیەتی. هەموو جارێک و پاش هەر هەڵمەتێکی تێکشکاو و بەئامانج نەگەیشتوو، مەرجی پەروەردە زیاتر بەرز دەکرێتەوە.

لە پاش سەرکەوتنی گەورەی خەباتی بەکۆمەڵی گرووپگەلی دۆستان لە دژی بنکەی وزەی ناوکی سیبرۆک Seabrook لە ساڵی ١٩٧٦، ئەوە کە هەموو بەشدارانی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی دەبێ گرووپگەلی دۆستان دابمەرزێنن، ئێمڕۆ وەک مەرجێکی پێویست دانراوە. ئەمە دەبێتە هۆی خاترجەمی و ئاسایش بۆ هەموو لایەنەکان. ئەگەر هاتو گرووپێک هەڵخلەسکی، هەردەم گرووپگەلی تر دەتوانن یارمەتی و کۆمەکی خۆیان لەو بوارەدا پێشکێش بەگرووپی زەربە وێکەوتوو بکەن.

هۆکارێک کە لە سوێددا لە بەردەم پێشوەچوونی سازبوونی گرووپگەلی دۆستان بەو شێوەیە لە وڵاتانی تری ڕۆژئاوادا هەیە، ڕێگر بووە، ئەوەیە کە بە بڕوای من، ئێمە لێرە ئەو مەرجەمان بە گرینگ نەزانیوە. هێندێک جاریش تێندێنسێکی دژکردەوەییی بەرەودوایی وا هەیە کە گرینگی بەو جۆر هەڵمەتانە دەدرێ کە لەواندا ڕێبەری بەهێز ڕۆڵی هەرە مەزن دەگێڕن.

بێجگە لە حەوت خەتە گشتییەکان، ژمارەیەک خەتی تر هەن کە بەپێی شێوازی جیاوازی هەڵمەت بەکاربردنی ئەوانیش زۆر جار ئاساییە. یەکێک لەو خەتە گشتییانە ئەوەیە کە دەگوترێ: ماڵ و موڵک تێک مەدە.

کاتێک مرۆڤ لە تێکۆشانێکدا بەشداری دەکا دەبێ ئەوەشی لە بەرچاو بێ کە ئەو تێکۆشانەی ئەو نهێنی نییە و ئاشکرایە. هەموو ئەوانەی بە تەمان لە تێکۆشانێکدا بەشداری بکەن دەبێ ئەو شانسەیان پێ بدرێ کە بەر لەوەی بڕیار بدەن کە کامە کردەوە ئەنجام بدەن، بزانن کە گرووپگەلی دۆستانی تر لە هەمان تێکۆشاندا، بەتەمای چین و چ دەکەن. ئەمە لە خۆیدا مەرجێکە بۆ جێبەجێکردنی دیمۆکراسی و دەبێ وەک خەتێکی گشتی بەتایبەت لە هەڵمەتە بەرفراوانەکاندا هەبێ و هەموو لایەک پەسندی بکەن.

هێندێک کەس لەو باوەڕەدان کە بەرپرسایەتیی کردەوەکانی ئەوان تەنیا دەکەوێتە ئەستۆی

خۆیان. هەر بۆیە کەسی تر پێویست ناکا هیچ جۆرە بەرپرسایەتییەک بکەوێتە سەر شانی. بەڵام ئەمە هەڵەیە. زۆر بەکەمی هەڵدەکەوێت کە من بە تەنیا بەرپرسی هەموو کردەوەکانی خۆم بم. لە هەڵمەتێکی بەربەستکردن لە باڵەفڕگەیەکی نیزامی لە نەرویج، پۆلیس هەموو تێکۆشەرانی بەشداربووی هەڵمەتەکەی شەوێکی تەواو دەسبەسەر کرد. تێکۆشەران نەیاندەزانی بۆ، بۆچی ئەوان ئەو هەموو ماوەیە دەبێ دەسبەسەر بکرێن. بەڵام لە کاتی پرس و جۆی مەحکەمەدا ئەوان هۆکاری دەسبەسەرییەکەیان بۆ دەرکەوت. شەوی پێش هەڵمەتەکە تاقە سوێدی بەشداربوو لە هەڵمەتەکەدا بەتەنیا دەچێتە نێو باڵەفڕگەکە و کەرەستەیەکی نیزامی کە وەک سیمبۆل بۆ هەڵمەتی تری ئاشتیخوازانە پێویستی پێ بووە، هەڵدەگرێ. پۆلیس تێکۆشەری سوێدی دەگرن و دوو حەوتوو لە ژووری تاکەکەسیدا دەیهێڵنەوە. تێکۆشەرە نەرویجییەکانی تر لەبەر ئەوە لە هەڵمەتی بەتاقی تەنیای تێکۆشەری سوێدیدا بەشدارییان نەکردووە، ئازاد دەکەن. هەڵوێست و کردەوەی تێکۆشەری سوێدی بووە هۆی نانەوەی کێشە و ناهومێدی لەنێو گرووپەکە.

ئەم ڕووداوە نموونەیەکە کە نیشان دەدا چۆن بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری تووشی گرفت دەبێ. لە ڕووداوێکدا کە کەسانی تر بێجگە لەوانەی کارەکەیان ڕاپەڕاندووە، زەرەرمەند دەبن. زۆرجار بەرپرسایەتیی کردەوەی ژمارەیەک دەکەوێتە ئەستۆی ئینسانەکانی تر. بێجگە لەمە ئێمە بەرپرسایەتییەکی ئەخلاقیشمان لە پێوەندی لەگەڵ ئاکار و کردەوەی کەسانی تردا دەکەوێتە سەرشان. هەر بۆیە لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا دەبێ هەموو چەشنە زانیارییەک لە پێوەندی لەگەڵ هەر هەڵمەتێکدا بگا بەهەموو بەشدارانی هەڵمەت، لایەنی دژ و هەروەها ئەو گرووپگەلەی کە تێکەڵاوییان هەیە لەگەڵ هەمان کێشە. ئەمە لە خۆیدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەموو لە کاتی پێویستدا دژکردەوە نیشان بدەن و لەسەر ڕووداوەکان شوێندانەر بن و لە دووپاتبوونەوەی هەڵە و چەوتی لە کاتی هەڵمەتەکاندا خۆ بپارێزرێ.

## دەسبەسەرکردن و گرتن

– بەداخەوە ناچارم لێرە دوورت بخەمەوە. دەکرێ دەس لە باڵتۆکەت گیر بکەم؟

ئەمە یەکێک لە یەکەم ئەزموونەکانی بەشداریی من لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنی لە ساڵی ١٩٨٣دا بوو. پۆلیسی لیدینگۆ Lidingö (سوێد) بە ئەدەبەوە لەگەڵم جووڵایەوە. ڕێزگرتن لە یەکتری بەردی بناخەیە بۆ ئەوەی بەرهەڵستکاری بگاتە ئامانجی خۆی.

گرتن و دەسبەسەرکردن لە خۆیدا دەبێتە دیدار و چاوپێکەوتنی نێوان دوو کەس کە پێشتر یەکتریان نەناسیوە. کاتێک نەناسراوەکان یەکتری دەبینن ئەوە ئیتر ناکرێ وەک دەسپێک بەباسی ئەخلاق و ڕوونکردنەوە دەس پێ بکرێ. تەنیا ئەوەیە کە ئەوان پێش هەموو شتێک یەکتری بناسن. پاشان دەکرێ لەنێو ماشینی پۆلیس لە ڕێگای گرتووخانە یان لە کاتی پرس و جۆدا باسی پەیام و مەبەستی هەڵمەت بکرێ.

لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا دوژمن بوونی نییە. پۆلیس لەگەڵ لایەنەکەی ترە. بۆ ئەوەی بە سانایی ڕەهەندی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی دەرکەوێ دەبێ لە نێوان کارکردی پۆلیس وەک مافی پاراستنی کاروبارێک یان داوودەزگایەک و هەروەها نەخشی ئینسان لە پشتەوەی ئەو کاروبارە، جیاوازی دابنرێ. لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا داوا لە پۆلیس وەک ئینسان دەکرێ کە لە جێبەجێکردنی فەرمانەکان خۆ ببوێرێ و لە باتیی فەرمانی پشتگری هەڵمەتەکە بکا.

لەبەرئەوەی بنەمای نافەرمانی دەبێتە بەرخورد و دیتنی نێوان مرۆڤە پێشکەوتووەکان، تێکۆشەرانی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی هەوڵ دەدەن لە کاتی دەسبەسەرکردندا بەم شێوازانەی خوارەوە (بەپێی جۆری هەڵمەتەکان) دژکردەوە نیشان بدەن:

١– دەستوور و فەرمانەکانی پۆلیس جێبەجێ بکە.

٢ـ لە کاتی گرتن و دەسبەسەرکردندا فەرمانەکانی پۆلیس جێبەجێ بکە.

٣– بەرهەڵستکاریی پاسیڤ یان هاوکاری نەکردن.

٤– بەرهەڵستکاریی چالاکانە.

کاتێک پێوەندییەکی باش لەگەڵ پۆلیس دێتە گۆڕێ کە بەشێوەیەکی دڵخوازانە فەرمانەکانی پۆلیس ڕاستەوخۆ یان لە کاتی گرتن و دەسبەسەرکردندا جێبەجێ بکرێن. هاوکاری نەکردن دەبێ لە کاتێکدا کەڵکی لێ وەربگیردرێ کە هێز و قووەتی هەڵمەتەکە ڕواڵەتێکی سیمبۆلیکی هەیە. وەک ئەوەی بۆ نموونە لە کاتێکدا هەڵمەتی بەربەستکردن لە ئارادایە یان هەڵمەتێک بە نیوەچڵی ماوەتەوە و نەگەیشتووەتە کۆتا.

هەواڵنامەی کتێب

## بەرهەڵستکاری چالاکانە

بەرهەڵستکاریی چالاکانە لە کاتێکدایە کە تێکۆشەران قۆڵ لە قۆڵی یەکتری ڕاوەستاون یان خۆیان بەشتێکەوە دەبەستنەوە. ئەمە لە خۆیدا دەبێتە هۆی دنەدانی پۆلیس بۆ دژکردەوە نیشاندان. ئەم شێوازە لە دەیەکانی شەست و حەفتادا کە زۆربەی لەو بڕوایەدا بوون خەباتی ناتوندوتیژی دەکرێ وەک هێزێکی فیزیکی کاردانەوەی هەبێ، بەکار دەبرا.

کە بە زنجیرەوە خۆت بەشتێکەوە ببەستییەوە، من وەک بەرهەڵستکاریی چالاکانە نایبینم. چونکە لێرەدا هێزی فیزیکیی لەش بەکار نابردرێ. زنجیر لە خۆیدا هەڵسوکەوت نییە بگرە سیمبۆل یان ئامرازێکە.

بەرهەڵستکاریی پاسیڤ دەکرێ کاردانەوەیەکی بەهێزی سیمبۆلیکی هەبێ ئەگەر بێتو پۆلیس نەیەوێ لەگەڵ تێکۆشەران گفتوگۆ بکا یان ئەوەی توندوتیژی بەکار بەرێ. هێندێک جار هاوکاری نەکردن بەشێوەیەکی خۆبەخۆ و بەبێ بیرکردنەوە بەکار دەبرێ. وەک هەموو جۆرێکی تری بەرهەڵستکاری، پێویستە ئەو پرسیارە بکرێ کە مەبەست لە هاوکاری نەکردن چییە و لە چ کات و

وەختێکدا دەبێ بەکار ببرێ. ژمارەیەک کاتێک لەگەڵ پۆلیس هاوکاری دەکەن کە ببرێنە شوێنێکی پەنا و شاراوە یان کاتێک نزیکی ماشینەکانی پۆلیس بکرێنەوە. باشە بۆ ڕاست لەو کاتانەدا؟ باشە بۆچی ئەوان لە بەرهەڵستکاریی پاسیڤ هەتا ئەو کاتەی لە پۆلیسخانە بەردەدرێن یان پۆلیس حازرە گفتوگۆیان لەگەڵ بکا، بەکار نابەن؟ ئەگەر هاتو لەگەڵ شێوازی هاوکاری نەکردن مەبەستێکی ڕاست و ڕەوان نەبوو، حەوجێ نییە هەر لە بنەڕەتدا کەڵکی لێ وەرگیردرێ.

ئەگەر هاتو لە کاتی پێویستدا پێوەندی لەگەڵ ژمارەیەک پۆلیسدا دروست بکرێ ئەوە مەترسیی گرتنی زۆرەملێ و تێکەڵ بەلێدان کەم دەبێتەوە. بۆ ئەوەی لەوە زیاتر مەترسیی گرتنی لەو چەشنە کەمتر بکرێتەوە ئەوە دەکرێ کەسی پشتگری کە لە دەرەوەی هەڵمەتەکەیە بە نووسین یان بە فیلم هەڵگرتن، گرتنی یەکەیەکەی تێکۆشەران لەو گرووپەی کە بەو سپێردراوە، تۆمار بکا. ئەمە هەروەها ئەو شیانە دێنێتە ئاراوە کە بتوانرێ ئەو پۆلیسانە کە ڕەنگە لە مەحکەمەدا وەک شایەت کەڵکیان لێ وەربگیردرێ، ببیندرێنەوە. کەسی گیراو ئەگەر هاتو ناوی ئەو پۆلیسانەی کە ئەویان گرتووە نەزانی ئەوە لە بنکەی پۆلیس داوای ناوەکانیان بکا.

پێش لە گرتن نابێ تێکۆشەران لە بیر بکەن کە گیرفانەکانیان لەو کاغەزانەی ناونیشانی بۆ پۆلیس گرینگییان تێدایە، بەتاڵ بکەن. دۆستێک ئەمەی لە بیر چووبوو. کاتێک گیرابوو، پۆلیس لەنێو گیرفانیدا ناونیشانی ژمارەیەکی بەرچاو بەرهەڵستکاری لە وڵاتانی ئەڵمان، هۆڵەندا، ئینگلتەرا، نەرویج و سوێد دیتبۆوە. پاش ئەم ڕووداوە، کۆنە لێکۆڵەرەوەیەکی ئاشتی لە ئەڵمان شکی کرد کە لە جاران زیاتر کەوتووەتە ژێر چاودێریی پۆلیس. بۆ نموونە کاتێک من و ئەو پێکەوە بە دەوری بنکەی پەرشینگی دوو لە موتلانگێن سوڕاینەوە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لە شیانی هەڵمەتێکی چەک تێک شکاندن بکەین، دوو ماشینی پاسەوانەکان کەوتنە شوێنمان. من بۆ خۆم ئەوەی کە بەچڕی لەلایەن پۆلیسەوە چاودێری دەکراین وەک شتێکی سەیرم نەدەهاتە پێش چاو. هەردوو، هەم من و هەم ئەو پێشتر پێکەوە لە هەڵمەتی چەکداماڵینمان بەشداریمان کردبوو. ئەوەی کە پۆلیس ناونیشانی ئێمەی پێ بوو، پێم وانەبوو شتێک لە مەسەلەکەی گۆڕابا. لە هێندێک هەلومەرجدا بۆ نموونە کاتێک کە پەنابەر دەشاردرێتەوە، ئەوە نابێ ناونیشانی تێکۆشەران بکەوێتە دەستی پۆلیس.

## پرس و جۆ

لێکۆڵەرەوەکە ئاماژەی بۆ کورسییەک دا. منیش بەڕێزەوە سەرم بۆ لەقاند و دانیشتم. تیشکهاوێژەکە خەریک بوو کوێرم بکا. بە چاوی نیوە نووقاوەوە هەوڵم دەدا دەوروبەرەکەم ببینم. لەلای چەپمەوە بەرپرسێکی ناسراوی ئاسایشم دی کە وەختی خۆی دوو پەنجەی ژنێکی لە کەمپی ئاشتیدا شکاندبوو. هەمان کەس هەر تۆزێک لەمەوبەر باسکەکانمی لە دواوە بەپەتکی باریک و درێژی دەسکەی باتۆنگکەی جەڕاندبوو. ئێستا وا دەهاتە پێش چاو کە هێور بووەتەوە. ڕاست لە

پێشـەوەی من و لە پشـتـەوەی بەرپرسی پرس و جۆ سـیـخـوڕێکی ئێف بێ ئای وەسـتـا بوو. لەلای ڕاسـتیشمـەوە دوو کەسی نەناسراو وەسـتابوون. ئەوان دواتر خـۆیان وەک پۆلیسی بەشی پەنابەر ناساند.

– لێرەدا تەنیا کەسێک دەتوانێ دانیشێ، ئەو کەسەش تەنیا هـەر منم.

– ئێستا خۆت لە شێتی مەدە. ناوی خۆت بڵێ و باسی ئەوەش بکە کە ئەوانی تر کێ بوون.

– چ بەسەر ئەو ژنە هات کە گرتتان و دوورتان خستەوە؟

– ئەوە ئێمەین کە بۆمان هەیە پرسیار بکەین.

– کەوایە منیش ئێستا هیچم پێ نییە بۆتانی باس بکەم.

یەکـێک لە پۆلیـسـەکانی بەشی پەنابەر بە پەلە داچەمـیـیەوە و چاوی بڕییـە نێو چاوەکـانم. ئەو بەدەنگی بەرز گوتی وەک تێ بگەی ئێمـەش هێندێک مـافمـان هـەیە. ئەگـەر بێتو قسـە نەکەی، لێرە دەتوانین چوارده ساڵ ڕات بگرین.

سـەرپشـتـەی پرس و جۆکـە، لێک هەڵپـچڕاو بەجـارێک تێک چوو. هیچ زانیـارییەکم نـەدرکاند. ئەوانی تر بە هەمان شێوە قسەیان نەکرد.

دواتر هـەموومـانیان لە بنکەی باڵەفڕگە وەدەرنا. دادوەر حـوکمی دانی ٤٠ دۆلار غـەرامەی بۆ من دەرکرد.

لە سوێددا سروشتییـە کە گرفتی بەپێچەوانەی ئەوەی سـەرەوە دێتە پێشێ. لێرەدا زەحمـەتە لە کـاتی پرس و جـۆدا زانیــاری بدەی یان وەربگری. ئـەمـە لە کـاتێکدایە کـە پرس و جـۆ لە خـۆیدا بەشێکـی گرینگە لە هەڵمـەت. پرس و جۆ شیـانێکە بۆ دەسپێکردنی دیالۆگ و هەروەها خـستنە بەردەسـتی بەڵگە و بۆچوونەکان. بەرپرسی پرس و جۆ تەنیـا وا ڕاهاتووە کە زانیـارییە دەمـییـەکان بەکورتی و نیـوە و ناتەواوی یاداشت بکا. مـرۆڤ دەتـوانێ ڕاگەیەندراو و بەڵگەی تـر کۆ بکاتەوە و داوا بکا وەک پێوەست لە پرۆتۆکۆلی پرس و جۆکەدا دابنرێ.

هێندێک جـار وا هـەڵدەکەوێ کە پێویست نییە هەمـوو زانیـارییـەکان بخرێنە بەردەست. پێش لە هـەمـوو شـتێک لـە پێـوەندی لەگـەڵ ئەوەدا کـامـە زانیـاری بدرکـێندرێ و کـامـە نەدرکـێندرێ، دوو فاکتەری گرینگ ڕۆڵ دەگێڕن:

یەکەم، لە کاتی بەرزکردنەوەی داواکاریی تایبەتی، وەک داوای پێوەندی گرتن بە تێکۆشەرەکانی ترەوە، لە کاتێکی وادا دەکرێ سەرپێچی لە بەشداربوون لە پرس و جۆدا بکرێ هەتا داواکارییـەکە جێبەجێ دەکرێ. دووەم، لـە کـاتێکدا مـەترسیی ئـەوە هـەیە کـەسـانی تر لەبەر دانی زانیـارییـەکان تووشی زەرەر و زیان بن، ئەوە دەبێ لە دانی ئەو زانیارییانە خۆببوێردرێ.

لەبەر ئەم فـاکتـەرانەی سـەرەوە و هەروەها ئەو ئامـانجـەی مرۆڤ دەیەوێ پێـی بگا، ئەوە ڕادە و

پلەی هاوکاری هەڵدەبژێردرێ:

١– هاوکاریی تەواو. دانی هەموو زانیارییەک یانێ گوتنی هەموو ئەو شتەی کەسی پرس و جۆکەر دەیەوێ بیزانێ.

٢– هاوکاریی بەرتەسک. مەرجی بنەڕەتی لێرەدا ئەوەیە کە مرۆڤ هیچ شتێک لەسەر کەسانی تر نەدرکێنێ و دانی زانیاری لەسەر کەسانی تر لێ گەڕێ بۆ کەسەکان خۆیان. ژمارەیەک کەس وەک پرەنسیپ "ژمارەی ناسین" (ژمارەی ناسین لە سوێددا بریتییە لە مێژووی لەدایکبوون و چوار ژمارەی تر) نادرکێنن.

٣– هاوکاری نەکردن. ژنە تێکۆشەرەکان لە کەمپی جۆراوجۆری ئاشتی پاش گرتن حازر نەبوون بەهیچ شێوەیەک هاوکاریی پۆلیس بکەن. ئەمە لە خۆیدا دەکرێ وەک شێوەیەک لە بەرهەڵستکاری پاسیڤ چاوی لێ بکرێ.

هەر چەشنە زانیارییەک کە دەدرێ دەبێ دروست بن. قسەی نیوە ڕاست و درۆ شیانی پێکەوەنانی متمانە لە بەین دەبا. گرفتەکە تەنیا لەوەدایە کە خەڵک وا ڕاهاتوون زانیاریی هەڵە بدەن هەتا ئەوە لە دانی زانیاری خۆببوێرن. فەرمانیکردن بەشێوەیەک لەلای ئێمە ڕیشەی داکوتاوە کە خەڵک بەلایەنی کەمەوە دەیەوێ خۆی وا بناسێنێ کە فەرمانی دەکا. ئەوان پێیان خۆشە درۆ بکەن هەتا ئەوە بە شێوەیەکی ئاشکرا لە وەڵامدانەوە خۆببوێرن.

تەنانەت لە کاتی پەروەردەی پرس و جۆدا بەشدارانی دەرس بۆیان زەحمەتە ڕاستییەکان بدرکێنن. ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە لە دیالۆگێک لە کاتی پەروەردەی پرس و جۆدا. ئەمە ئەگەر بەتەواوەتی لە کاتی تردا وەڕاست نەگەڕێ ئەوە لە کلاسەکانی دەرسدا ئاساییە:

– ئاخۆ تۆ ئەو کەسانەی بڵاوکراوەکانیان بڵاو دەکردەوە، دەناسی؟

– نە!

– نە؟

– بەڵێ، وایە، مەبەستم ئەوەیە کە من نامەوێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە.

– تەنیا دەمویست بزانم تۆ ئەوانت دەناسی؟

– بەڵێ، من باشیان دەناسم.

ڕاستگۆیی باشترین شتە بۆ نەکەوتنە نێو هەلومەرجێکی شەرمێونی وەک ئەوەی سەرەوە. کاتێک تێکۆشەرێک لە بەرانبەر وەڵامدانەوەی پرسیارێکدا وەشک دەکەوێ و نازانێ چۆن وەڵام بداتەوە، باشترە کات بۆ بیرکردنەوەی فرەتر بۆ خۆی دابنێ یان ئەوە داوا بکا کە لەگەڵ یەکێک لە ئەندامانی گرووپگەلی دۆستان قسە بکا. مرۆڤ دەتوانێ هەردەم داوا بکا کە پرس و جۆ بۆ ڕۆژێکی تر درێژ بکرێتەوە. بۆچی داوا نەکرێ کە تێکۆشەرە گیراوەکان پێکەوە پرس و جۆیان

لەگەڵ بکرێ؟ خۆ ئەگەر هاتو ئەم داوایە پەسند نەکرا ئەوە شیانی ئەوە هەیە پرس و جۆ ڕابگیردرێ و بۆ وەختێکی تر درێژ بکرێتەوە.

بەهاری ساڵی ١٩٨٨ لە ئۆروگوای چاوم بە قەشە خۆرخە ئوسوریۆ Jorge Osorio کە ئەندامی بزووتنەوەی ناتوندوتیژیی سەرپاژ Serpaj بوو، کەوت. ئەو لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتیی دیکتاتۆریدا بەشداریی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی کردبوو. ناوبراو کۆمەڵێک ئەزموونی بەنرخی بۆ باسکردن لا هەبوو. بۆ نموونە ئەوان بەر لە هەڵمەتەکان، چوارچێوەی باسەکانی کاتی پرس و جۆیان لەنێو خۆیاندا دابەش کردبوو. یەکێک دەبووا باسی سەرپاژ بکا، یەکێکی تر بەڵگە لەسەر زەبر و سەرکوت نیشان بدا، کەسێک دیاری کرابوو باسی ماف و دادوەری بکات و خۆرخەش بۆ خۆی وەڵامی پرسە سیاسییەکانی خستبووەوە ئەستۆ. بەو شێوەیە ئەوان خۆیان زۆر بەباشی بۆ کاتی پرس و جۆ ئامادە دەکرد. کاتێک پرسەکان پێوەندییان بە کێشەی ترەوە هەبا، ئەوە خۆرخە ئاماژەی بەکەسانی شارەزا و پێوەندیدار بەو کێشە تایبەتییانەوە دەکرد.

کاتێک کەسانی تر بەهۆی پرس و جۆوە دەکەونە بەر مەترسی و شیانی ئەوە هەیە زەربەی قورسییان وێ کەوێ ئەوە دەبێ لە ئامادەبوون لە پرس و جۆ خۆبپارێزرێ یان وەڵامدانەوەی پرسەکان بەرتەسک بکرێ وەک دانی ناو و ناونیشان. سەرجەم سوێدییەکانی بەشداربوو لە سەفەرێکی لێکۆڵینەوە بۆ ئیسرائیل لەلایەن پۆلیسی ئیسرایلییەوە ڕادەگیردرێن. کاتێک لە پرس و جۆدا پرسیاری ناوی ئەو فەلەستینییانەیان لێ دەکرێ کە دیتویانن، ئەوان بەبێ بیرکردنەوە و ڕامان هەموو ناوەکان دەدرکێن. کاتێک دەبیستن کە ئەو کەسانە بۆ خۆیان کۆنە سیاسەتوانانی نێو بزووتنەوەی پشتگیری بوون ئەوە لە ڕاستیدا هیچ تێگەیشتنێک بۆ فەرمانیکردنیان نییە. کاتێک باس دێتە سەر باسی فەرمانیکردن وا دێتە پێش چاو کە بەبێ لە بەرچاوگرتنی بەستراوەییی سیاسی و هەڵسووڕان ئەوە هەمووما لە ئەوروپا وەک یەکین. ڕستەیەکی ستاندارد هەیە کە شوێندانەرە و وامان لێ دەکا کە وەڵام بدەینەوە، (ئەویش ئەمەی خوارەوەیە):

– تۆ دەبێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدەیەوە.

پێتر ڕایت Peter Wright کە لە ماوەی بیست ساڵدا لە دەزگای ئاسایشی پۆلیسی ئینگلتەرا کاری کردووە. ناوبراو لە پێوەندی لەگەڵ شێوازی پرس و جۆدا لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێ:

نهێنییەکە لەوەدایە کە دەبێ پرس و جۆکەر بتوانێ بەسەر وەڵامدەردا زاڵ ببێ. ئەم زاڵبوونە لەوەوە وەدەست دێ کە پرس و جۆکەر بەڵگە دەخاتە بەردەم و بەو شێوەیە نیشان دەدا کە ئاگای لە هەموو شتێک هەیە بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە بێجگە لە فۆرمالیتە شتێکی تر نییە.

– من تەنیا دەمەوێ ڕوانگەی تۆش بزانم، دەنا هاوڕێکەت هەر تۆزێک لەمەوبەر باسی هەموو شتێکی کردووە.

بۆ ئەوەی کەسی وەڵامدەر سەری لێ بشێوێ و وەڵامی ناتەبا بداتەوە ئەوە ئاساییە کە

پرسیاری جۆراوجۆر لەسەر هەمان مەسەلە دەکرێ. بەهۆی ئەوەوە کەسی وەڵامدەر لە بەرانبەر درۆکانیدا دادەنرێ و لەو بارەوە پرسیاری لێ دەکرێ، ئەوە توانای بەرگری وەڵامدەر تێک دەشکێ. ئەم شێوازە کاتێک کاریگەری زۆرتر دادەنێ کە هەمان پرس و جۆ چەند پاتە بکرێتەوە.

ئەم شێوازە وەک شێوەیەکی سەرکەوتووی پرس و جۆ لەلایەن پۆلیسی سوێدییەوە لە کاتی لێکۆڵینەوە لەسەر پەنابەراندا کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. بەکاربردنی ئەم شێوازە لەلایەن وەرگێڕێکەوە لە قاو درا کاتێک من بەمەبەستی لێکۆڵینەوە، چاوپێکەوتنم لەگەڵ کرد. ئەو کەسە وەرگێڕی تایبەتی پۆلیسە لە کاتی پرس و جۆکردن لەگەڵ کەسانی پێشکێشکەری داخوازی پەنابەری. ئەگەر هاتو پرس و جۆکەر بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و ورد پرسیارەکانی ئاراستە بکا ئەوە دیتنەوەی درۆ و قسە دژبەیەکەکان ئاسانترە.

هەر چیرۆک و بەسەرهاتێک دەکرێ لە ڕوانین لە چوارچێوەی بەسەرهاتەکە هەڵسەنگێندرێ. کاتێک کەسی وەڵامدەر بەسەرهاتێک زۆر بەوردی دەگێڕێتەوە ئەوە ڕاستی و باوەڕپێکراویی بەسەرهاتەکە قایمتر دەبێ، بەپێچەوانەش لە درۆکردندا، هیچ هۆکارێک نییە کە بەسەرهاتە درۆینەکە بەوردی باس بکرێ. هەر ئەمەش وا دەکا کە کەسی درۆزن لە پرس و جۆی داهاتوودا ئەو شتانەی لە بیر نامێنێ کە پێشتر باسی کردووە.

تەنانەت دوودڵی و وەشککەوتن لەسەر ورد گێڕانەوەی بەسەرهاتێک دەتوانێ نیشانەی ڕاستبوونی شایەتی بێت. شێوەیەکی تر بۆ هەڵسانگاندنی شایەتی ئەوەیە تێندێنسەکانی نێو وەڵامێک لێک بدرێنەوە. چۆن و لەبەرچی کەسی وەڵامدەر بەلای لایەنێکدا دەیشکێنێتەوە؟

تێکۆشەرانی خەباتی ناتوندوتیژی دەکرێ بەهۆی ئەوەی کە لە ڕوانگەی تێڕوانینی جۆراوجۆرەوە باسەکەنیان لە پرس و جۆدا گەلاڵە بکەن، لەم تێندێنسی یەکلایەنە خۆیان دوور بخەنەوە. دوو کەس لە تێکۆشەرە هەرە ناسراوەکانی خەباتی ناتوندوتیژی بەناوەکانی هیلدەگار گۆسمایر Hildegard GossMayr و ژان گۆس Jean Goss پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە دەبێ لە کاتی پرس و جۆدا تەنانەت لە ڕوانگەی تێڕوانینی لایەنی دژبەرەیش کەڵک وەربگیردرێ.

خودی پرس و جۆکەر دەتوانێ زانیارییەکی زۆر بدرکێنێ کە کەسی وەڵامدەر دەتوانێ کەڵکی لێ وەربگرێ. تێکۆشەرێکی ئاشتیخوازی سوێدی، ساڵی ١٩٨٧ لە قەراغ ئۆسلۆ بەنەخشەیەکەوە کە لەسەر بنکەیەکی باڵەفڕوانیی سەربازی (کە ئێمە پێمان وابوو باڵەفڕی هەڵگری چەکی ناوکیی لێ بوو) ئامادە کرابوو، گیرا. من و کەسێکی تر حەوتوویەک پێشتر لە ماوەی سێ ڕۆژدا نەخشەکەمان باشتر و ڕوونتر کردبوو.

پۆلیس بەهۆی بوونی دوو دەسخەتی جیاواز لەسەر نەخشەکە شکی بۆ دوو شت چووبوو. ئەوەتا دوو کەس نەخشەکەیان لەبەر نەخشەیەکی تر کێشاوەتەوە یان ئەوەی هەر ئەو دوو کەسە لە نزیکی باڵەفڕگەکە بوون و نەخشەکەیان هەر لەوێ کێشاوەتەوە. هەر بۆیە پۆلیس پرسیاری لە تێکۆشەرە

ئاشتیخوازەکە کردبوو ئاخۆ کەسانی تر بەر لە ئەو هاتوونەتە نزیکی باڵەفڕگەکە. ئەو گوتبووی بەڵی و وەڵامی پرسیارەکەی بۆ سەلماندبوون بەڵام لە ناوهێنانی کەس خۆی بواردبوو. هاوکات پۆلیس لە هەمان کاتدا تۆمارێک ناوی کە لەنێو گرووپێکی دۆستاندا دەست بەدەستی پێ دەکرا، وەدەست کەوتبوو. پۆلیس لەسەر دەسخەتەکەی ئێمە و سەلماندی ئەوە کە پێشتر دوو کەس هاتوونەتە نزیک باڵەفڕگەکە بەڵگەیان وەدەست کەوت کە ئەو دوو کەسە ئێمە بووین.

ئەو بەهەڵکەوت باسی ئەوەشی کردبوو کە لە چێشتخانەی Rygge Kro نانی خواردووە. ئەمە زۆر سەرنجی پۆلیسی ڕاکێشابوو. ئەو هۆکاری ئەمەی لە پرس و جۆکەر پرسیار کردبوو، ئەویش گوتبووی لەبەر ئەوە ئێمە دەچین و پرسیاری ئێوە لە پێرسونلەکانی نێو چێشتخانەکە دەکەین. لەبەر ئەوە بەشێکی زۆر لە ئێمە لەو چێشتخانە یەکتریمان دەدی ئەوە پۆلیس دەیتوانی زانیاریی لەسەر ئێمە لەوێ کۆ بکاتەوە. پۆلیس لیستەیەک لە ناونیشانی ئێمەی لە لابوو و دەیتوانی بە پێشاندانی وێنەی ئێمە، بەهۆی هاوکاریی پێرسونلەکانی چێشتخانەکەوە، ئێمە بناسێتەوە.

ئەڵبەت هیچ کام لەو زانیارییانەی لەلای پۆلیس هەبوون، لە خۆیاندا ڕاستەوخۆ نهێنی نەبوون و پێشتر هەر بۆ خۆمان ئەو زانیارییانەمان بۆ پۆلیس باس کردبوو. بەڵام لە هەمان کاتدا زۆر بەتەنگەوە بووین کە ڕەنگە پۆلیس زانیاریی لەسەر ئەو کەسانە وەدەست خستووە کە بۆ خۆیان نایانەوێ و حازر نین لە مەحکەمەدا ئامادە بن و بەرگری لە خۆیان بکەن.

لە یەکێک لە ڵاوکراوەکانی هەڵمەتی پلاگبیلیدا، من باسی دوو جۆر تەڵەکە لە پرس و جۆدا کردووە:

ئەم تەڵەکانە سیخوڕێکی پۆلیس لەFloridas Metropolitan Bureau of Investigation لە پاش هەڵمەتی Pershing Plowshares لەسەر ئێمەی تاقی کردەوە.

یەکەم تەڵەکەی پرس و جۆ ئەوە بوو کە پرس و جۆکەر هەوڵی ئەوەی دا شیمانەی شتێکی کە ئەو پێی وابوو ڕەنگە وابێ، لەلا ڕوون بێت. ئەو پرسیاری ئەوەی کرد کە ئاخۆ ئێمە پێشتر ناوی ئەومان بیستووە. لەبەر ئەوەی ئەو بۆ خۆی پێشتر وەک سیخوڕ لە گرووپێکی ئاشتیخوازی ناوچەیی کاری کردبوو، ئەگەر هاتبا بمانگوتبایە بەڵێ و ئەومان ناسیبا، ئەوە ئەمە لە خۆیدا دەیسەلماند کە ئێمە لەگەڵ ئەو گرووپەدا هاوکاریمان کردووە. پرس و جۆکەر لە سۆنگەی هێندێک زانیاریی تایبەتییەوە دەیەوێ بزانێ کە کامانە هاوکاریی ئێمەیان کردووە یان کامانە زانیارییان لە هەوێڵ خستووین. دووەم تەڵەکەی پرس و جۆکەر ئەوە بوو کە ئێمە بخاتە تەڵەوە و فریومان بدا. ئەو پرسیاری ئەوەی لە ئێمە دەکرد کە ئاخۆ ئێمە بەبێ هیچ چەشنە مەرجێک لەگەڵ دەستە و گرووپی تر هاوکاریمان کردووە، هەوڵی ئەو، ئەوە بوو وەڵام لە ئێمە وەربگرێ. کاتێکیش ئەو لە ناکاو دەگەیشتە وەڵامی ئەو پرسانەی کە ئەو دەیویست بیزانێ، تەنانەت ئەگەر هاتبا ئێمەش لە ناکاو لە وەڵامدانەوە خۆمان ببواردایە، ئەوە ئەو بۆ خۆی شیمانەی بازە شتێکی دەکرد.

## پشتگیریی زیندانی

سەد هەزار دۆلار! ئەمە ڕێژەی ئەو بارمتە پارەیە بوو کە هەر کامە لە ئێمە، پاش ئەوە لە هەڵمەتی پلاگبیلی لە فلۆریدا دەسبەسەر کرابووین، دەبووا بیدەین بۆ ئەوەی ئازاد بکراباین. لە ناکاو باسی پارە هەر لە گۆڕێدا نەما. هەوڵی پۆلیس هەر لە سەرەتاوە ئەوە بوو کە ئێمە بترسێنن. کاتێک دەنگی پشتگیریی نێونەتەوەیی بۆ ئێمە بەرز کرایەوە، ئەوە ئیتر ئەوان لە باتیی وەرگرتنی پارەی زەمانەت دەیانویست بەهەر جۆرێک بووە لە زووترین کاتدا هەموومان ئازاد بکەن. بێجگە لە پاتریک ئونیل Patrick ONeill نەبێت.

لەبەر ئەوە پێشتر پاتریک لەژێر بەڵێنی پۆلیس دابوو و هەم دیسان لە هەڵمەتێکی تردا بەشداریی کردبوو، ئەوان دەیانویست ناوبراو هەتا دانی دە هەزار دۆلاری بارمتە لە گرتووخانەدا ڕابگرن.

هەرکە ڕادەی پارەی زەمانەتی بۆ سەر سیفر دابەزێندرا، نوێنەرانی مەحکەمە هاتنە سەردانی من لە گرتووخانە. ئەوان دەیانویست کە من بنی کاغەزێکیان بۆ ئیمزا بکەم. لە کاغەزەکەشدا هاتبوو کە من ئیتر کۆتا بەکێشەکەی خۆم لە مەحکەمەدا بێنم. من لە ئیمزاکردنی خۆم بوارد. هۆیەکەش ئەوە بوو کە پاتریک هێشتا ئازاد نەکرابوو. بەشێک پێیان وابوو کە هەڵوێستی من و مانەوەی دڵخوازانەی من لە گرتووخانە کارێکی بێ بایەخ بوو. بەڵام هەڵوێستی پشتگیریی (لە زیندان) من بۆ پاتریک ئاخرەکەی تەوژمی ئەخلاقیی خستە سەر بەڕێوەبەرانی زیندان و پاش مانگێک پارەی زەمانەت لەسەر پاتریکیش هەڵگیرا و دواتر هەردووکمان پێکەوە گرتووخانەمان بەجێ هێشت.

ئامانج لە پشتگیریی زیندانی ئەوەیە کە هەموو گیراوەکان هاوکات و پێکەوە ئازاد بکرێن. زۆرجار پشتگیری زیندانی هەر پاش گرتنی کۆمەڵێک بەکار دەبرێ لەبەر ئەوە شیانی مەترسیی ئەوە هەیە کە چەند کەسێک لە گیراوەکان ڕابگیردرێن و لەگەڵ ئەوانی تر هاوکات ئازاد نەکرێن. بۆ پشتگیری لەو کەسە یان کەسانە کە جارێک وا زوو ئازاد ناکرێن، هەموو گیراوەکانی تر لە هاوکاریکردن خۆیان دەبوێرن هەتا ئەوەی ئەوانی تریش هەمان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ و تێکڕا ئازاد بکرێن.

لە ڕۆژێکی بارانی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨٣دا، چوارسەد کەس کە لە هەڵمەتێک لە دژی مەقەڕێکی نیزامیی ئەمەریکا بەشدارییان کردبوو، لە شوێنێکی سەرئاوەڵادا دەورەیان درا و ڕێگەی بەجێهێشتنی شوێنەکەیان لێ بەربەست کرا. بەشێکی زۆر لە بەشداران لەبەر ئەوە جلی تەنکیان لە بەر دابوو یان هەر لە هەوەڵەوە نەخۆش بوون، خەریک بوو لە سەرما ڕەق هەڵێن. هەلومەرجەکە گەیشتە جێگەیەکی پڕ مەترسی. هێندێک کەس دەستیان کردبوو بە ناردنی پەیام لەم قەوەز بۆ ئەو قەوەز. ئێمە پێویست بوو بڕیاری ئەوە بدەین کە چ بکەین. هەر زوو بڕیارمان دا

کە سەد کەس لە ئێمە هەتا کێشەی ئەو کەسانەی پێویستیان بەچوونە جێگەی گەرم و سەرداپۆشراو هەبوو، چارەسەر نەکرابا یان ئازاد نەکرابایەن، ئەوە لە شوێنی خۆمان دەماینەوە و نەدەجوولاین. بەم شێوەیە ئەوان ناچار کران ڕێگەی چوونە ژوورەوە بۆ زۆربەمان ئاواڵە بکەن. بەڵام هەر زوو فەرماندەی پۆلیسەکان هەڵچوو و تووڕە بوو. ئەو بڕیاری دا کە پاشماوەی ئێمە کە لە دەرەوە مابووینەوە بەزۆر بمانبەنە ژوورەوە. لە ژوورەوە هەڵمەتی پشتگیری لە یەکتری دەستی پێ کردبوو و ژمارەیەک مەرجی ئەوەیان دانابوو هەتا هەموو ئازاد نەکرێن ئەوە بەشداری لە پرس و جۆی پۆلیسدا ناکەن.

هەروەها بەشێوەیەکی پرەنسیپی دەکرێ لە هەڵمەتی پشتگیریی زیندانی لە هێندێک هەلومەرجی تایبەتیدا کەڵک وەربگیردرێ. لە کاتی بەکاربردنی زۆر و لێدان لەلایەن پۆلیسەوە زۆر خەباتگێڕ لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی پۆلیس و هەروەها بەشداریکردن لە پرس و جۆدا خۆ دەبوێرن.

دۆستێک لە ئەرجەنتین بەناوی ئاماندا پێرالتا Amanda Peralta هەتا ئەو کاتەی نوێنەرانی ئەرتەش لە پرس و جۆکەدا حازر بوون ملی بە بەشداریکردن لە پرس و جۆدا نەدا. لەبەر ئەوە پێشتر ئەرتەشییەکان ئەویان ئەشکەنجە دابوو. بەم جۆرە پۆلیس تووڕە بووبوو و ئەرتەشییەکانی لە هۆڵی پرس و جۆ وەدەر نابوو.

## پێوەندی

ستێلان Stellan بەڕێزەوە سوپاسی پۆلیسە ئەڵمانییەکان دەکا کە لە ماوەی ڕاگیران لە گرتووخانەدا لەگەڵیان ناسیاویی پەیدا کردبوو. بە هەستێکی تێکەڵاوەوە گرتووخانە بەجێ دێڵێ. بیر لەوە دەکاتە بۆچی گرووپی پشتگیری زەمانەتی پارەیان بەپۆلیس داوە؟ دەبێ چ لە دەرەوە ڕووی دابێ؟ شتێکی گرینگ دەبێ ڕووی دابێ.

لە دەرگەی چوونە دەرەوەدا چاوی بە ئیلڤا Ylva و یوهانا Johanna دەکەوێ. ئەوان بەتوندی لە ئامێزی دەگرن. چ لە گرتووخانەدا ڕووی داوە؟ بۆچی داوات کردبوو کە ئازاد بکرێی؟

چیرۆکەکە ئاوا دەست پێ دەکا، دادوەرێک پێوەندیی ڕاستەوخۆ بە گرووپی پشتگیرییەوە دەگرێ و داوا دەکا کە ئەوان پارەی زەمانەتی ستێلان ڤینتهاگێن بدەن. کردەوەیەکی زۆر لەخۆڕا و بێ بایەخ کە مرۆڤ بیری بۆ بچێ. بەڵام لەبەر ئەوە تەوژمی ئەخلاقی بۆ سەر پۆلیس و مەحکەمە زۆرتر بکرێ، ستێلان بڕیاری دا کە پاش هەڵمەتی پلاگبیلی لە موتلانگێن Mutlangen گرتووخانە بەجێ نەهێڵێ.

کاتێک دادوەر نەیتوانیبوو گرووپی پشتگیری ڕازی بەدانی زەمانەتی پارە بکا، پۆلیس بۆ خۆی پێوەندی بەگرووپی پشتگیرییەوە کردبوو و گوتبوویان:

– ستێلان هەردەم لە ژوورەکەی خۆی لە گرتووخانەدا دەگری. ئەو داوا دەکا و لێتان دەپاڕێتەوە کە کارێک بکەن، ئازاد بکرێ. بەکورتی ئەو خۆڕاگرتووی مانەوەی لە گرتووخانەدا نییە.

هەر زوو گرووپی دۆستان وەخۆ دەکەون و دوو هەزار دێمارک لەنێو خۆیاندا کۆ دەکەنەوە و دەیدەن بەپۆلیس.

ئەمە یەکمجار بوو کە ئیلڤا و یوهانا، ئەویش لە کاتی بردنەوەی ستێلان لە گرتووخانە تێ دەگەن کە پۆلیس چۆن فریوی داون و کڵاوی لە سەر ناون.

هەڵەی گرووپەکە لەوەدا بوو کە ئەوان پێشتر و بەر لەوە تووشی گرتووخانە بن، بڕیاری ئەوەیان نەدابوو کە جۆری پێوەندی گرتنیان دەبێ بە چ شێوەیەک بێت. هەڵەی لەم چەشنە لە زۆربەی هەڵمەتەکاندا دووپات دەبێتەوە. گرووپی دۆستان ئەوە لە بیر دەکەن کە چۆن خۆیان بۆ پێوەندی گرتنی پاش گرتن و لە گرتووخانە مانەوە، ئامادە بکەن، کێشەیەکی پێوەندی کە نزیک بەزۆربەی جارەکان لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا چەند پاتە دەبێتەوە.

پێش لە هەڵمەت دەبێ پێوەندی بەو کەسانەوە هەڵمەتەکەیان لە دژ دەکرێ، بکرێ. بۆ ئەوە پێشگیری لە قووڵبوونەوەی بەرهەڵستکارییەکان بگیردرێ، دەکرێ پێش لە هەڵمەت پێوەندی بۆ نموونە بە شەریکەیەکی سروشت ژاراویکەر بگیردرێ کە ڕەنگە کێشەکە بەشێوەیەک چارەسەر بکرێ و لە بنەڕەتدا پێویست بەئەنجامدانی هەڵمەتی نافەرمانیی مەدەنی نەبێ. دیارە پێش لە هەموو شتێک پێوەندی بە پۆلیسەوە دەگیردرێ بۆ ئەوەی پۆلیس خۆی بۆ پاراستنی ڕێکوپێک ئامادە بکا. وەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد ئەمە مەترسیی تێکهەڵپرژان و لێک تێنەگەیشتن کەم دەکاتەوە. تەنانەت گرووپی دۆستان دەتوانن لەگەڵ پۆلیسدا ڕێک بکەون کە چۆن هەڵمەتەکان لە بواری پراکتیکییەوە بەڕێوە بچێ.

گرووپێک کە زۆرجار ئەو پێشبینییانە لە هەڵمەتەکاندا ڕەچاو نەکا و لە بیریان بکا ئەوە تێکڕای هەڵمەتەکە لە خۆیدا تووشی کێشە دەبێ. ئەمە لە خۆیدا کێشەیەکە کە گرووپگەلی دۆستان دەبێ بە بیرکرنەوەوە لێی بڕوانن. چونکە کەمتەرخەمیی وا کێشەی لەخۆڕایی دێنێتە گۆڕێ.

تێکۆشەرانی ئاشتی دەتوانن پێوەندی لەگەڵ پۆلیس و کارگێڕانی تری پێوەندیداردا لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن. گرتن و دەسبەسەرکردن کردەوەیەکە کە هەرگاڤ لە پۆلیس چاوەڕێ دەکرێ. هەر بۆیە ئامانجی تێکۆشەرانی ئاشتی دەبێ ئەوە بێت لەو ماوەیەدا و بەر لە گرتن پێوەندی لەگەڵ پۆلیسدا ساز بکەن.

لە کاتێکدا گرووپگەلی دۆستان لە شوێنی هەڵمەتدا دەچەقن. کەسانی پێوەندی چێکەر شیانی پێوەندی گرتن پێک دێنن کە ڕەنگە هەمان پێوەندی ببێتە هۆی دەرکردنی بڕیاری نوێ لەلایەن گرووپگەلی دۆستانەوە.

زۆر زەحمەتە لە پاش گرتن و دەسبەسەرکردن پێوەندی دروست بکرێ. یان ئەوەیە کە گرووپی

دۆستان لە دەرکردنی بڕیاری نوێ هەتا ئەوەی پێوەندی لەگەڵ هەموو ئەندامانداا چێ دەکرێ، خۆ دەبوێرن یان ئەوەتا بڕیاردان دەدرێتە دەستی ژمارەیەکی دیاریکراو لە نیو گرووپگەلی دۆستاندا.

لە هەڵمەتێکی پلاگبیلیدا بەشداریم کرد. ئێمە گیراین و لە Orlandos County Jail دەسبەسەر کراین. ئێمەیان لە ژووری جیاجیادا لە گرتووخانەدا بڵاوە پێ کرد. هیچ کامە لە ئەندامانی گرووپی پشتگیری مافی ئەوەی نەبوو، بمانبینێ. لە پێشدا پارێزەرێک پێوەندیی نێوان ئێمەی خرایە ئەستۆ و پاشان قەشەیەکی کاتولیک.

لە پاش هەڵمەت تێکۆشەران پێویستییان بە پێوەندی گرتن لەگەڵ یەکتری، لایەنی دژ و هاووڵاتییانی تر هەیە. کاتێک گونیلا ئۆکەربەری Gunilla kerberg و ئاندێرش گریپ Anders Grip هەڵمەتی پلاگبیلییان لە کریستێنهامن Kristinehamn لە فێبرایەری ١٩٨٩دا ئەنجام دا لە هەموو جیهاندا دەنگی دایەوە. ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی کە تەنانەت گرووپێکی ئاشتیخوازیی تایلەندی و بزووتنەوەی ناتوندوتیژیی سێرپاژ Serpaj بەیاننامەی پشتگیری بڵاو بکەنەوە. سێرپاژ لە سەدان گرووپی ناوچەیی و نەتەوەیی لە پانتاییی ئەمەریکای لاتیندا پێک هاتووە.

## مێدیا

ئەم کتێبە لە خۆیدا مێدیاکە. ئەم هێندێک رامان و تێفکرین و هەروەها بەشێک ئەزموون لەسەر خەباتی نافەرمانیی مەدەنی دەخاتە بەر سەرنج. بەر لەوەی کێشە کردەوەییەکان لە پێوەندی لەگەڵ ماسمێدیا بخەمە بەر سەرنج دەمەوێ باسێکی سەرنجڕاکێش سەبارەت بەنەخش و ڕۆڵی مێدیا فەرمییەکان لە کۆمەڵگەدا بێنمە گۆڕێ. هیچ نەبێ ئەم باسە لە خۆیدا هێندێک جار پرسیارەکانی منی سەروخوار پێ کردووە.

ئامانجی دیمۆکراتیک لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا ئەوەیە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە هاووڵاتییان بەشداریی پرۆسەی بڕیاردان بکەن یان باس و موناقەشە و هاوکاری لە کۆمەڵگەدا وەرێ بخەن. دیمۆکراسی ئەوەیە کە کۆمەڵێک پاش باس و ڕاوێژ دەگەنە بڕیارێکی باش کە بە قازانجی هەموو لایەکە، یانێ لە ڕاستیدا ڕێککەوتنێک دەکرێ. ئەگەر هاتو مافی ژمارەیەک لە بەرچاو نەگیرا ئەوە ئەوان بەهۆی خەباتی نافەرمانیی مەدەنییەوە سەرلەنوێ پرۆسێسکی دیمۆکراتیک بۆ دابینکردنی مافەکانیان وەڕێ دەخەن.

دەکرێ لە ڕوانگەی ترەوە چاو لە نافەرمانیی مەدەنی بکرێ. ئامانجی هەڵمەتەکان دەکرێ ئەوە بێ کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کاربەدەستان دابنێ. ئەگەر لەو پێوەندییەدا پێویست نەبوو دیالۆگێک چێ بکرێ، لە خۆیدا دەکرێ کاریگەری هەبێ. بەڵام هەڵمەتی بەبێ دیالۆگ لە درێژخایەندا شوێنەواری ڕووخێنەر لەسەر دیمۆکراسی دادەنێ. هەمان کێشە لە پێوەندی لەگەڵ لە چاڵکردنی دیمۆکراسی دێتە گۆڕێ ئەگەر هاتو لایەنی تر (کاربەدەستان) بەبێ گرتنە پێشی

دیالۆگ و گفتوگۆ ڕێگەکانی تر ڕەچاو بکەن.

هەموو تێوەگلاوەکان پێویست ناکا لە دیالۆگدا بەشداری بکەن. بەڵام دەکرێ هەموو لایەک شانسی بەشداریکردنی پێ بدرێ. کاتێک من باسی دیالۆگ دەکەم مەبەستم گفتوگۆی نێوان مرۆڤەکانە. لەو باس و موناقەشانەدا کە لە مێدیاکاندا بڵاو دەکرێتەوە تەنیا ژمارەیەکی کەم و دیاریکراو لە هاووڵاتییان بەشداری دەکەن. مرۆڤ لە موناقەشەیەکدا بەشداری ناکا تەنیا لەبەر ئەوە تێکستێک بخوێنێتەوە. لە تێکستێکدا هەموو شت ناگوترێ و وەڵامی پرسگەلێکی زۆر نادرێتەوە. تەنانەت کاتێک موناقەشەیەک لە بەشی کولتووری ڕۆژنامەی سەرلەبەیانییاندا بڵاو دەکرێتەوە، دیسان وەڵامێکی ئەوتۆ لە تێکستی موناقەشەکەدا نابیندرێ، بابەتێکی نوێ و جێگەی تێڕامان لە تێکستەکەدا وەبەرچاو ناکەوێ. تێکستەکە داخراوە و هەر لەو کاتەوە دەچێتە ژێر چاپ ئیتر نەگۆڕ و وەک خۆی دەمێنێتەوە.

بەڵام لێتێگەیشتن و وەخوێندنەوەی (ماناکردنەوە) نەگۆڕ و داخراو نییە. تێکستەکە دەکرێ پاش خوێندنەوە باس و موناقەشەی لەسەر بکرێ و نێوەڕۆکەکەی هەڵسەنگێندرێ. لە بنەڕەتدا هەر تێکستێک پاش بڵاوبوونەوە دەبێتە موڵکی گشتی و ئیتر نووسەری تێکست پاوانی وەخوێندنەوەی ئەوەی بۆ خۆی نووسیویەتی لەلا نامێنێ. ئەگەر هەمان نووسەر حەوتوویەکی تر بێ و تێکستێکی تر بەبۆچوونی نوێوە بنووسێ، ئەم تێکستە نوێیە تەنیا دەبێتە تێکستێکی نوێ و هیچ شتێکی تر ناگۆڕدرێ. تێکستە کۆنەکە هەر وەک خۆی و بەهەمان نێوەڕۆک و پەیامەوە ماوەتەوە و چرکەی نەکردووە.

ئیمڕۆ چەمکی گفتوگۆی فەرمی زۆرجار بەگفتوگۆیەک دەگوترێ کە لە ماسمێدیادا دەکرێ. ئەمە هەڵەیە. بەتایبەتی لەبەر ئەوە وەک دەگوترێ دیمۆکراسی لەسەر بنەمای گفتوگۆی فەرمی دانراوە، ماناکردنەوەی گفتوگۆی فەرمی بەم شێوەیە جێگەی مەترسییە. ئەمە لە خۆیدا شێواندنی دیمۆکراسییە. کاتێک پێشنیاز، بیر و بۆچوون و دانی زانیاری لە ماسمێدیادا شێوەیەکی فەرمیی پێ دەدرێ، بۆ دیمۆکراسی هەم باش و هەم پێویستە. بەڵام بڵاوکردنەوە لە خۆیدا تەنیا لایەنی پشتەوەی گفتوگۆی فەرمیی نێوان مرۆڤەکانە. فەرمیبوونی بەبێ گفتوگۆ وەک نان و ئاکتەریی بۆ خەڵک وایە. ئەمە لە خۆیدا جێگەی دیمۆکراسی دەگرێتەوە و دەبێتە ئامرازی چاودێریکردن بەسەر هاووڵاتییاندا. مرۆڤ ئیتر لەودا گوێگری گفتوگۆی فەرمی نییە بگرە بۆ خۆی لە گفتوگۆکەدا بەشدارە.

هەر لەبەر ئەوەشە بە چەواشە و هەڵە دەردەچێ کە ڕەخنە لە ماسمێدیا بگری بۆیە گرینگی بەگفتوگۆی فەرمی نادا یان ئەوە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و کاریگەر ئاوڕ لە گفتوگۆی فەرمی ناداتەوە. ڕەخنەیەکی بەو شێوەیە وا وێ دەچێ دیمۆکراسیی بەلاوە گرینگ بێت بەڵام لە جێگەی ئەوە هاووڵاتییان بەپێنەگەیشتوو دادەنێ. ئەوان ئەو کارکردەی دیمۆکراسی کە لەسەر گفتوگۆی فەرمی دانراوە لە دیمۆکراسی دەگرن.

بڵاوکردنەوەی بێ گفتوگۆی فەرمی دەکێشرێتە ئەوەی کە مرۆڤ لە هەڵبژاردنی سیاسیی خۆیدا شتومەکی تایبەتی، کەس یان حزبی تایبەتیی خۆی هەڵدەبژێرێ. پێش لە هەموو شتێک ئەمە ڕەنگە ببێتە هۆی پاسیڤبوونمان. کاتێک لە مێدیا خەباتی نافەرمانیی مەدەنی ڕەنگ دەداتەوە، دەبێ هەناسەیەکی سوپاسکەرانە هەڵکێشین و بڵێین: "بەس نییە هیچ نەبێ کەسێک هەیە و شتێک دەکا."

بەڵام مێدیا فەرمییەکان هەردەم کارکردی پاسیڤکەرانەیان نییە. پێشتر لە سەردەمی شۆڕشی بورجوازیدا ئەوان ئامرازی گفتوگۆی دیمۆکراتیک بوون. سۆسیالفیلۆسۆف یورگێن هابرماس Jörgen Habermas لە یەکێک لە کارە سەرەتاییەکانی لە ساڵی ١٩٦٢دا نیشانی دا کە چۆن فەرمیبوون لە خۆیدا دەسەڵاتی تەواوەتیی دەوڵەتی تێک دا. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوەش دەڵێ کە چۆن فەرمیبوون هەر لە سەدەی نۆزدە بەدواوە وردە وردە بەرەو ڕووخان دەچێ. کە چۆن گفتوگۆی سیاسی کە لە خۆیدا لەنێو هەمەچەشنە کولتوورێکی ناسیاسیدا وەبەرهەم هێنراو، تێ دەپەڕێ.

لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا لە قاوەخانە و شوێنی کۆبوونەوەکاندا گفتوگۆیەکی سیاسیی هەمیشەیی بوو بەباو و وەپێشکەوت. کتێب و ڕۆژنامەکان لە ماڵەوە (هەرێمی کەسیی) دەخوێندرانەوە، بەڵام لە شوێنە فەرمییەکانی وەک قاوەخانەکاندا دەکەوتنە بەرباس. ڕووی ڕەخنەکان بە زۆری بەرەوڕووی پاوانی وەخوێندنەوەی کڵێسا و داوودەزگا دەسەڵات لە پاوانبووە دەوڵەتییەکان دەکرایەوە. هەر لەنێو ئەم باس و گفتوگۆیانەدا بوو کە چەکەرەی بیروڕایەکی گشتی گەشەی ئەستاند و وەپێشکەوت. ئەمە وەک مەکۆی ڕاستی و ڕاستوێژی نرخێندرا. بزووتنەوەی سەرەتاییی بورجوازی ناسراو بە فیزیۆکراتەکان، یاسایان لەو عەقڵیەتەوە کە ئاکامی گفتوگۆ فەرمییەکان بوو، هەڵێنجا. بنەمایەک بۆ عەقڵییەت، وەکیەکی و سەربەخۆی بەشدارانی گفتوگۆی فەرمی بوو. ئەوان بێجگە لە گوتنی ڕاستی و هەڵسەنگاندنی ڕاستییانە مەبەستێکی تریان ڕەچاو نەدەکرد.

سەرەڕای ئەوە، ئەم ترادیسیۆنە سەرەتاییە دەرگەی لەسەر گرووپگەلێکی گەورەی وەک ژنان داخستبوو، بەڵام ئەو پرۆژە بورجوازییە لە خۆیدا لایەنی بەهێزی دیمۆکراتیکی پێوە دیاربوو. بۆ نموونە لە قاوەخانە فرەنساییەکاندا لەبەر ئەوە ژنە هەژارەکان هەر کامەیان بۆ خۆیان توانای کڕینی ڕۆژنامەیان نەبوو، بە دەنگی بەرز ڕۆژنامەیان بۆ یەکتری دەخوێندەوە و بەو شێوەیە فەرمیبوون لەنێو ژنانیشدا برەوی پەیدا کرد و وەپێشکەوت.

ڕووناکگەری یانێ بۆخۆ بیرکردنەوە. لە سەدەی هەژدەدا ئێمانوێل کانت Emanuel Kant دەیگوت؛ پێنەگەیشتووی یانێ "بێتوانابوون لەوەی کە تێگەیشتووی خۆت بەکار بەری و بچیتە ژێر کاریگەری کەسی تر". بەڵام ڕووناکگەری بەپێی قسەی کانت هەروەها یانێ بەرز بیرکردنەوە: ئاخۆ چەندە و چەندە ڕاست ئێمە دەتوانین بیر بکەینەوە ئەگەر ئێمە وا بیر نەکەینەوە کە پێکەوە لەگەڵ کەسانی تر هەمان بیرکردنەوەمان هەبێ؟

بەڵام کاتێک ئەوانەی لە سەدەی نۆزدەدا بێجگە لە هێزی کاری باسکیان سەرمایەکی تریان نەبوو، بە زۆر خۆیان خزاندە نێو فەرمیبوونەوە، لیبراڵەکان پشتیان لەبەر هەمان بیرکردنەوەی خۆیان ڕاست کردەوە. جۆن ستارت میل و کەسانی تر بیروڕای گشتییان وەک دەسەڵات لەنێو خەڵکی تردا بینی. گەڕان بەدوای ڕاستیدا و بڕیاری ڕاستییانە جێگەی خۆی لەگەڵ دابەشکردنی دەسەڵات گۆڕییەوە. دواتر بڕیارەکان بەنێو ساچان و سازانی نێوان ڕێکخراوەکاندا تێ دەپەڕی هەتا ئەوەی لەنێو گفتوگۆی هاوولاتییانەوە سەرچاوە بگرێ. دیمۆکراسی جێگەی خۆی لەگەڵ دەسەڵات دابەشکردن گۆڕییەوە. فەرمیبوون تایبەتمەندیی سیاسیی خۆی لەدەست دا و بوو بەکارکردێکی مەسرەوفی هەتا کارکردێکی هەڵقوولاو لەنێو باس و گفتوگۆدا.

نموونەیەکی بەرچاو لەم پێوەندییەدا پانێلی باسە لەنێو بزووتنەوە جەماوەرییەکاندا. باسەکان زیاتر لە بەرنامەی سەرگەرمکردنی خەڵکی دەچن. تێکۆشەرێکی بەشداربوو لە پانێلدا ڕۆڵی سەرگەرمکردن وەردەگرێ. ئاکامەکە پاسیڤبوونە هەتا ئەوەی کە گفتوگۆ و دیالۆگەکە بکێشرێتە بڕیارێکی بەکردەوە.

شێوازی جۆراوجۆری مێدیای وەک کۆڕبەستن، بەشداریکردن لە پانێل، فیلم، وێنە و کتێب ئەگەر بێتو هاوکات گفتوگۆ و باسیان لەسەر نەکرێ، کاریگەرییان نابێ. یانێ دەبێ ئەوان ببنە ئامرازی گفتوگۆ. ئەگەر ئەوە نەکرێ ئەوە مێدیا وەک کەرەستەیەکی دیمۆکراتیکی سیاسی کاریگەری نابێ.

بۆ ئەوەی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی بەشێوەیەکی دیمۆکراتیک کاریگەری هەبێ پێویستە شوێنی فیزیکیی لەبار کە لەودا گفتوگۆی فەرمی لەسەر ڕاستی و بڕیاری ڕاستییانە دەکرێ، ئامادە بکرێ. باوەشبەدارکەرەکانی بۆلنێس (سوێد) لە ماوەیەکی دوور و درێژدا ڕۆژانی یەکشەم لەگەڵ خەڵکیدا کۆ دەبوونەوە. کۆبوونەوەی جەماوەرییان دەبەست. لەنێوچوونی لێرەوار پێشانی خەڵکی دەدرا، لەلایەن کەسێکەوە قسە دەکرا، باس و گفتوگۆ دادەمەزرا و زۆر تێکۆشانی تری کولتووری ڕێک دەخرا. هەر لە سۆنگەی ئەو کۆبوونەوە جەماوەرییانەوە زۆر لەو یەکشەمانە بڕیاری نوێ لەسەر هەڵمەتی نوێ بۆ سەر پرۆژەی جێبەجێکردنی ئوتوبان دەدرا.

باس لەگەڵ دۆستان و خزمان ڕەنگە یەکێک لە کاریگەرترین مێدیاکان لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا بێت. مێدیای تر لەو پێوەندییەدا کە بەشدار بوون لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا بەرین دەکا، پێوەندی ڕاستەوخۆ و باس لەگەڵ بەرەی دژ لە درێژاییی هەڵمەتەکاندایە.

بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری بەداخەوە زۆرجار لە باتیی بڵاوکردنەوە وەدوای بڵاوکراوە دەکەوێ. یانێ لە باتیی پێشاندان و بەرزکردنەوەی کێشەکان لە مێدیادا زیاتر باسی بڕیارەکان دەکەن. بەم شێوەیە گرفتی ئەوان ئەوە دەبێ کە چۆن دەستیان بە ماسمێدیا ڕابگا و لەوێدا پریستیژیی خۆیان قایم بکەن. لە باتیی ئەوە سیاسەتی خۆیان لە گفتوگۆی فەرمیدا بۆ خەڵک شی بکەنەوە دەکەونە بەرەگرتن و کوتانی لایەنی دژ بەشێوەیەکی فەرمی. ئەوانەی کە لە سەرەتاوە بەڕاست لە پێناوی دیمۆکراسیدا تێ دەکۆشان ئێستا خەریکی چەواشەکردنی بیروڕای گشتین.

## پێوەندی گرتن لەگەڵ ماسمێدیا

– ئێمە زانیاریمان لە ئێوە ناوێ! جارێکی تر تەلەفۆن بۆ ئێرە مەکە! (ڕۆژنامەی داگێنسنیهێتر، گەورەترین ڕۆژنامەی لیبراڵی بەیانییانی سوێد Dagens Nyheter)

– هەر دەمێک پێش ئێستا، دەستەی سەرنووسیاری ڕۆژنامەکەمان بڕیاری دا کە هیچ چەشنە پشتگرییەک لە هەڵمەتە تیرۆریستییەکان نەکەین. (ڕۆژنامەی یۆتەبۆرگ، Göteborgs Tidningen)

– ئەمە بەڕاستی جێگەی خۆشحاڵییە کە کەسێک هەیە و دەتوانێ شتێک بکا. وێنەتان لا هەیە؟ ئێمە تاکسییەک دەنێرین. هەر زوو تەلەفۆنت بۆ دەکەمەوە. (ڕۆژنامەی یۆتەبۆرگ پۆستێن (Göteborgs Posten

– لەبەرئەوەی ئێوە نەتانهێشت، ئێمە لە کاتی هەڵمەتەکەدا لەگەڵ بین و فیلم هەڵبگرین، ئەوە بڕیارمان داوە هیچ شتێکتان لێ بڵاو نەکەینەوە. (تەلەڤزیۆنی کاناڵ Kanalen )

ئەمە ئەو دژکردەوانە بوون کە بەرەورووی ستێلان ڤینتهاگێن Stellan Vinthagens کران لە کاتی زانیاری دان بە مێدیا لە پێوەندی لەگەڵ هەڵمەتی پلاگبیلی لە ئەڵمانی ڕۆئاوا لە ساڵی ١٩٨٦دا. ئەزموونەکان لە هەڵمەتەکانی تر نیشان دەدەن کە هەمان مێدیا کە بایکۆتی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی دەکا دواتر دەتوانێ خەباتی نافەرمانیی بۆ سەرنجڕاکێش بێ و وێنەیەکی ڕاستی لێ پێشان بدا. ئەگەر هاتو بایکۆتەکە هەڵوێستێکی بەزانابوون لەلایەن ڕۆژنامەیەکەوە نەبوو، ئەوە شیانی هەیە بایکۆتەکە بەشێوەیەکی کاتی پێوەندیی بەو کەسانەوە هەبێ کە لە بەشی هەواڵ و دەنگوباسی ڕۆژنامەکەدا کار دەکەن.

وا هەڵکەوتووە کە ڕێداکسیۆنی مێدیایەک هەواڵێکی ڕاگرتووە و بڵاوی نەکردووەتەوە هەر لەبەر ئەوە گرووپگەلی دۆستان بەپێی ئەو نەزمە هیرارشییەی، لەو مێدیایەدا هەیە، پێوەندیی چێ نەکردووە. یانێ لە باتی پێوەندیگرتن بە ڕێداکسیۆنی هەواڵ پێوەندی بە تاقە ڕۆژنامەوانێکەوە گیراوە و ئەمەش لەلایەن ڕێداکسیۆنەوە وەک فریودان و بە لاڕێدابردن چاوی لێ کراوە.

بێجگە لە هۆکارە سیاسییەکان، ڕۆژنامەوانەکان هەرکە بۆیان دەرکەوت کە تێکۆشەران تەنیا لەبەر ماسمێدیا وەدەرکەوتن، هەڵمەتی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی ئەنجام دەدەن، ئەوە ڕووی خۆش نیشان نادەن و لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا دەرەوێنەوە.

هەر بۆیە زۆر گرینگە کە نابێ قەد ڕێگە بدرێ خەباتی نافەرمانیی مەدەنی بکرێتە هەڵمەتی ماسمێدیایی. نافەرمانی دەبێ بتوانێ بەدوور لە چاودێریی ماسمێدیاش بەڕێوە بچێ و درێژەی هەبێ.

بەڵام هێندێک جار ڕۆژنامەوانەکان دەتوانن هەڵمەتەکان بکەنە هەڵمەتی ماسمێدیایی یان هەواڵی سەیر و جێگەی سەرنج. ئەمەش تەنیا ڕووکەشێکی ڕواڵەتی بەهەواڵەکە دەدا.

ماسمیدیا هەم دەتوانێ هەڵمەتێک ئەوەندە زل بکاتەوە کە ڕاستیی خۆی پێ لەدەست بدا یان ئەوەی هەڵمەتەکە وەک هەواڵێکی سەیر و سەرنجڕاکێش باس بکا و هەڵمەتەکە لە نێوەڕۆکەکەی بەتاڵ بکا. لە باتیی ئەمە ئاوات ئەوەیە کە لەسەر هەڵمەتەکان بەشێوەیەکی بێلایەنانە و دوور لە زلکردنەوە بنووسرێ و بڵاو بکرێتەوە. هەر لەبەر ئەوە نەکەوینە داوی ماسمیدیاوە، لەو گرووپگەلە دۆستانەی کە من تێیدا بەشداریم کردووە پێش لە هەموو شتێک بەر لە هەڵمەتەکان دەستەیەک بەرپرسایەتیی پێوەندی گرتنی بە میدیاوە خراوەتە ئەستۆ. ئەوان پێوەندییان لەگەڵ میدیا چێ کردووە، بەیاننامەیان بڵاو کردووەتەوە، وتاریان نووسیوە و لە چاوپێکەوتنی میدیاییدا بەشدارییان کردووە.

لە قەراخ دەستەی بەرپرسایەتیی میدیایی دەکرێ چەند کەسێکیش دیاری بکرێن بۆ ئەوەی بەڵگە لەسەر هەڵمەتەکە کۆ بکەنەوە، فیلم و وێنە لە هەڵمەتەکە هەڵبگرن.

## بەیاننامەی چاپەمەنی

داخۆیانی چاپەمەنی بۆ تەواوی ئەو ڕێداکسیۆنە جۆراوجۆرانە دەنێردرێ کەوا چاوەڕوان دەکرێ، نێوەڕۆکی داخۆیانی بۆ ئەوان جێگەی سەرنج بێ. زۆرجار داخۆیانییەکان بۆ ڕێداکسیۆنی هەواڵ و دەنگوباس دەنێردرێ و ئیتر ڕێداکسیۆنەکانی بەشی گفتوگۆ و ڕووبەڕووبوون، کولتوور، دین و هەروەها ژیان لەبیر دەکرێ. هەروەها دەکرێ، داخۆیانییەکان ڕاستەوخۆ بۆ ڕۆژنامەوانێک بنێردرێ. لەبەر ئەوە داخۆیانییەکە لەنێو سەدان هەواڵی تردا ون نەبێ و لەبیر نەکرێ دەبێ بەهۆی پێوەندیی تەلەفۆنیشەوە، ناردنی داخۆیانی زوو زوو وەبیری ڕێداکسیۆنەکان بخرێتەوە.

پێشنیازی وا دەکرێ کە حەوتوویەک پێش لە هەڵمەت یەکەم داخۆیانی بنێردرێ، دووەم داخۆیانی ڕاست بەر لە دەسپێکردنی هەڵمەت بنێردرێ و سێیەمیش پاش کۆتایی پێهاتنی هەڵمەت. لە سەرەوەی داخۆیانییەکە کورتەی هەواڵەکە لە نێو لاپەڕەدا بنووسرێ بۆ ئەوەی ڕێداکسیۆنەکان هەر زوو لە نێوەڕۆکی هەواڵەکە ئاگەدار بن و لەبەر درێژیی نەخرێنە کونجی بیرخستن.

نێوەڕۆکی داخۆیانییەک پێویستە لە قەوارەیەکی سێگۆشەدا دابڕێژرێ. شتە گرینگەکان لە پێشەوە بنووسرێن و وردەکاری و ڕوونکردنەوەکانیش لە پاشەوە. بۆ نموونە وردەکارییەکی گرینگ، نووسینی ژمارەی تەلەفۆنی یەکێک لە تێکۆشەرە پێوەندیگرەکانە. وا هەڵکەوتووە کە لەو گرووپەی من تێکۆشانم تێدا بووە، بازە جارێک ئەمەمان لەبیر کردووە. ئەگەر هاتو ژمارە تەلەفۆنی تێکۆشەری پێوەندیگر لە داخۆیانی چاپەمەنیدا لەبیر کرا، ئەوە داخۆیانییەکە هیچ مانایەکی نابێ و دەبێ سەرلەنوێ داخۆیانی تر بنێردرێ.

باشترە داخۆیانی چاپەمەنی لە شێوەیەکی کەسیدا بنووسرێ. بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە

بێلایەنانە بێ و بیر و بۆچوونە کەسییەکان بخرێنە نێو دوو کەوانەوە. من بۆ خۆم هەردەم لە تێکهەڵکێشکردنی ئەم دوو شتە پێکەوە تووشی زەحمەت دەبم.

وێنەی وێڕای تێکست، ناو و تەنانەت ناوی وێنەگریش لەگەڵ داخۆیانیدا بنێردرێ. وێنەگرەکان زۆرجار هەوڵیان داوە بەمنی بسەلمێنن کە وێنە لەلای ڕۆژنامەکان لە تێکست گرینگترە.

ڕاگەیاندراو، بڵاوکراوە و زانیاری لەلایەن گرووپگەلی دۆستانەوە دەکرێ بەشێوەیەکی جیاواز وێڕای داخۆیانییەکان بۆ مێدیاکان بنێردرێ. ئەو ڕۆژنامەوانەی کە دەیەوێ دواتر شتێک لەسەر پێشینەی هەڵمەتەکە بنووسێ، ئەوە دەتوانێ لە زانیارییەکی فرەتر لەوە لە داخۆیانییەکەدا هاتووە، کەڵک وەربگرێ.

## چاوپێکەوتن

– چ شتێک ئەو مافە بە تۆ دەدا کە هەڵمەتێکی تێکەڵ بەتوندوتیژی ئەنجام بدەی؟

ئەمە پرسیاری هەواڵنێری ڕاپۆرت Rapport بوو، لە کاتێکدا کامێرا وێنەی تۆد کاپلانی Todd Kaplan نزیک دەکردەوە، هەواڵنێر کاپلانی بەهەڵمەتبەری توندوتیژی تاوانبار دەکرد. تۆد پێی وابوو کە ئەو کەوتووەتە نێو دیالۆگێکەوە. ئەو دەستی کرد بەشیکردنەوەی سیمبۆلەکان. ئەو ئامرازە ئاسانانەی کە ئێمە لەم هەڵمەتەدا بەکاری دەبەین، نیشان دەدا کە هەڵمەتەکەمان کردەوەیەکی خوڵقێنەرانەیە یانێ ناتوندوتیژییە. هەر بۆیە بەپێچەوانە، هەڵمەتەکەی ئێمە لەسەر بنەمایەکی دژی توندوتیژی داندراوە.

بەڵام ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن زۆرجار بەشی دواییی قسەکان دەبڕن و بڵاوی ناکەنەوە. هەر بۆیە زۆر گرینگە بەر لەوە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەوانێک بدرێتەوە بەباشی بیر لە دەربڕینەکانی نێو پرسیار بکرێتەوە. هەر بۆیە بینەرانی تەلەڤزیۆن پێیان وابوو کە تۆد بەرگری لە توندوتیژی دەکا، بەوەدا کە گوتی سیمبولەکان خوڵقێنەرانەن.

بەڵام تەنانەت لە ڕۆژنامەکانیشدا، تێکۆشەران تووشی پرسیاری بەلاڕێدابردنی ڕۆژنامەوانەکان دەبن، وەک:

– ئاخۆ ئێوە نارەحەت و هیوابڕاون کە ژمارەیەکی فرەتر بەشداریی هەڵمەتەکەی نەکردووە؟

– ئەخۆ تۆ دژی ئەوانەی کە لە شێوازە دیمۆکراتیکەکان کەڵک وەردەگرن؟

– وەڵامی ئێوە بەو هەموو ڕەخنەیە چییە کە لەلایەن خەڵکییەوە، بەرەوڕووتان دەکرێ؟

– ئاخۆ شێوازی تێکۆشەرانە "میلیتانتی" لە کاری سیاسی کاریگەرترە؟

دیارە هەموو چاوپێکەوتنێک بەو شێوەیە بەلاڕێبردنانەدا بەڕێوە ناچێ. زۆربەی ئەو ڕۆژنامەوانانەی من دیتومن و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کردووم، کارێکی باش بەڕێوە دەبەن. کاتێک من هەموو جارێک پاش چاوپێکەوتنەکان، هەڵم وەبەرچاو دەکەوێ لە ڕاستیدا زۆرتر دەگەڕێتەوە

بۆ پەلەکردن و کەمیی وەخت هەتا نیەتی خراپ و بەئەنقەست چەواشەکاریی ڕۆژنامەوانەکان.

بەڵام بۆ ئەوەی چەواشەکاری و هەڵە لە پێوەندی و چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ ماسمێدیادا کەم بکرێتەوە، لێرەدا ژمارەیەک پێشنیاز دەخەمە بەر سەرنج:

– هەوڵ بدە، پێشینەی ڕۆژنامەوانیی چاوپێکەوتنکەر بزانی.

– هەوڵ بدە، لە ڕوانگەیەکی ژێندەرانەوە لە کێشەکان بڕوانی. بۆ نموونە کێشەی وەک خۆبواردن لە چوونە سەربازی تەنیا کێشەی پیاوان نییە و هەروەها بەهەمان شێوەش کێشەی توندوتیژی لە پۆرنۆگرافی تەنیا کێشەی ژنان نییە، بگرە بەهەمان ڕادە کێشەی پیاوانیشە.

– وەڵامی ئەو پرسیارانە کە هەڵاواردنی ژنان، پرسیاری بێ جێ لەسەر کاری گرووپگەلی دۆستان و کێشەی کەسیی تێدایە و دێننە بەرباس، وەڵام مەدەوە.

– خۆبپارێزە لەوەی کە لە باتی و جێگەی خەڵکی تر کە پێشتر لەسەری ڕێک نەکەوتوون، وەڵام بدەیتەوە. با هەر کەسێک بۆ خۆی وەڵامی خۆی بداتەوە. تەنانەت ئەم مافە دەبێ بۆ ئەوانەش کە لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا حازر نین، بپارێزرێ.

– هەوڵ بدە بزانی ئاخۆ دەکرێ بەر لەوەی چاوپێکەوتنەکە بڵاو بکرێتەوە، جارێکی تر پێیدا بچییەوە.

– بۆ خۆت ئەو چاوپێکەوتنەی کردووتە، هەڵسەنگێنە و بە نووسراو بینێرە بۆ دەستەی پێوەندیگر بە مێدیاوە لەنێو گرووپی دۆستاندا.

– بایکۆتی ئەو مێدیا یان ڕۆژنامەوانانە بکە پێشتر زانیاریی هەڵە و چەواشەیان بڵاو کردووەتەوە. ئەمەش بە ئاگاداریی گرووپگەلی تری دۆستان و ڕێکخراوەکانی تر بگەیەنە، بۆ ئەوەی ئەوانیش خۆیانی لێ ببوێرن و هەمان هەڵە دووپات نەکەنەوە.

کۆرسێکی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی کە بۆ گرووپێکی ژنان کە هەڵمەتی دژی فرۆشتنی پۆرنۆگرافییان ئەنجام دەدا، دانرابوو. لە کۆرسەکەدا یەکێک لە ژنانی بەشداربوو بەسەرهاتێکی سەرنجڕاکێشی لەسەر بایکۆت گێڕایەوە. ئەو ژنە ئەندامی یەکێک لە پارتە چەپەکان بوو. لە کاتی هەڵمەتەکانی دژی دوکانی فرۆشتنی پۆرنۆگرافی پێوەندیی بەڕۆژنامەی حزبەکەیان کردبوو. ڕێداکسیۆنی ڕۆژنامەی حزبەکە پێیان وا نەبوو کە ئەو هەڵمەتانە وەک پێویست سۆسیالیستیانە بوون و هەر بۆیە هیچ شتێکیان لەسەر هەڵمەتەکان بڵاو نەکردبووەوە. دواتر ئەو ژنە تێکۆشەرە لە کاتی هەڵمەتێکی گەورەی دژی پۆرنۆگرافی ئیتر پێوەندیی بەڕۆژنامەی حزبەکەیەوە نەگرتبوو. ڕۆژنامە گەورەکان لەسەر هەمان هەڵمەت ڕیپۆرتاجی باشیان بڵاو کردبووەوە. لە ناکاو یەکێک لە ڕێداکتۆرەکانی ڕۆژنامە حزبییەکە تەلەفۆنی بۆ دەکا و پرسیاری ئەوە دەکا بۆچی ئەوان لەو هەڵمەتە ئاگەدار نەکراونەتەوە. ژنە تێکۆشەرەکەش هۆی باسنەکردنەکەی بۆ باس دەکا. پاش ئەمە ئیتر بایکۆتەکە هەڵدەگیردرێ.

كتێبی ئاراس:

# كەسێتیی تاكی عێراقی

باقر یاسین

بەشی نۆیەم (دوابەش)

## بەشی خوێنرێژی لە ئاكاری كەسێتیی عێراقیدا

### سامناكیی خوێنرێژی لە لەداردانی "ئیبنولموقەفەع"ی نووسەردا

لە سیماكانی خوێنرێژی لە ئاكاری كەسێتیی عێراقیدا ئەو شێوازەیە، كە نووسەر و ئەدیبی ناودار عەبدولا بن موقەفەعیان تێدا لەسێدارە دا. چەند كتێبێكی هەن، ناودارترینیان كەلیلە و دیمنەیە (ناسراوترین و پڕ بایەخترین و مەزنترینیانە لە مێژووی نووسینی ئەدەبیدا).[١٥]

ئەم نووسەرە بەتوانایە دەرگیری گرفتێك بوو هیچ گوناهی ئەوی تێدا نەبوو و نەیتوانی لێی دەرباز بێت، لە سۆنگەیەوە ژیانی لەدەست دا و بەشێوەیەكی دڕندانەی پڕ لە ڕق و كینە و دڵڕەقیی خوێناویی وا لەدار درا شێوەی نەبوو، ئەو قوربانیی ناكۆكیی نێوان سەرۆك و فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی نوێی عەباسی بوو. دوای ئەوەی ناكۆكیی نێوان ئەبی جەعفەری مەنسووری خەلیفەی دووەمی عەباسی (٧٥٤ – ٧٧٥ز) و عەبدولای كوڕی عەلیی سەركردەی لەشكری عەباسی، كە سوپای ئەمەویی بەسەركردایەتیی دوا خەلیفەی ئەمەوی مەروانی كوڕی محەمەد (ناسراو بەمەروان ئەلحیمار) لە شەڕی ناوداری ئەلزاب بەزاند و دەوڵەتی ئەمەویی ڕووخاند، دوای هەڵكشانی ئەو ناكۆكییە مەنسوور لەشكرێكی گەورەی بەسەركردایەتیی ئەبی موسلیمی خوراسانی نارد بۆ لەناودانی عەبدولای كوڕی عەلیی مامی، دەڵێن داوای خەلافەتی كردووە،

..............................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل

سوپاکەی خوراسانی بەئاقاری شامدا کشا و لەشکرەکەی عەبدوڵای کوڕی عەلیی تێکشکاند، ناچار بۆ بەسرە هەڵهات، چونکە هەردوو براکەی سلێمانی کوڕی عەلی و ئیسماعیلی کوڕی عەلی لەوێ بوون و لای ئەوان خۆی شاردەوە، ئەو دووانە مامی مەنسوور و لە سەرکردەکانی بانگەشەی عەباسی بوون، سلێمانی کوڕی عەلی سەرکردەی بەرەی بەسرە و ئیسماعیلی کوڕی عەلیش سەرکردەی بەرەی ئەهواز بوو (لەسەر ئەوە ڕێککەوتن لای مەنسوور بێ ترسی "امان" بۆ بنووسن)[١٦] واتە بەڵێنێکی لەسەر زمانی مەنسوورەوە بۆ بنووسێ و واژۆی بکات، کاتێک گەیشتنە بەسرە (بەعەبدوڵای بن ئەلموقەففەعیان گوت: تۆ بینووسە و زیادەڕەوی بکە لە پێداگرتن تا مەنسوور نەیکوژێت، ئیبنولموقەففەعیش نامەکەی نووسی و تێیدا جەختی کردەوە، تەنانەت لە نامەکەدا هاتبوو "کەنگێ میری میران غەدری لە عەبدوڵای کوڕی عەلیی مامی کردووە، ژنەکانی تەڵاق دراون و وڵاخەکانی دەستیان بەسەردا گیراوە و کۆیلەکانی ئازاد کراون و موسڵمانانیش پەیمانیان لەگەڵدا هەڵوەشاندووەتەوە").[١٧]

هەینێ مەنسوور ئەو بەڵێنەی بەناوییەوە نووسرابوو خوێندەوە، بەر لەوەی واژۆی بکات، ئەوەی زۆر بەلاوە قورس بوو، تووڕەبوو و گوتی: کێ ئەمەی نووسیوە؟ وتیان کابرایەک بەعەبدوڵای ئیبنولموقەففەعی بانگ دەکەن بۆ مامەکانت دەنووسێت، مەنسووریش بۆ سوفیانی کوڕی ئەلموهەلەبی والی بەسرەی نووسی و فەرمانی کوشتنی ئیبنولموقەففەعی پێ دا...

سوفیانی کوڕی ئەلموهەلەبی والیی بەسرە زۆری ڕق لە ئیبنولموقەففەع بوو و گاڵتەی پێ دەکرد (جارێکیان هەلی هاتنی بۆ لای قۆستەوە و تەندوورێکیان گڕ دا و پڕیان لە سووتەمەنی کرد، هەر هێندەی تەواو سوورەوە بوو پارچە پارچەی کرد و فڕێی دەدانە تەندوورەکەوە، تا گیانی لەدەست دا).[١٨]

گێڕانەوەیەکی تر دەڵێت، مەنسوور خۆی داوای لە ئیبنولموقەففەع کردووە لێخۆشبوونێکی ڕووکەشی درۆزنانە بۆ مامی بنووسێت، بێ ئەوەی پابەندی بەڵێننامەی قورس ببێت، کەچی ئیبنولموقەففەع کاغەزەکەی دوور لەوە نووسی کە مەنسوور داوای لێ کردبوو، بۆیە ئەویش لەمە تووڕە بوو و بۆ والیی بەسرەی نووسی بیکوژێت.

بەڕای ئێمە گێڕانەوەکەی یەکەم دروستتر و وردترە، هەرچۆنێک بێت ئەوی ڕووی دا، ئەوەندەی نەدەهێنا نووسەر و ئەدیبێکی ناوداری وەک ئیبنولموقەففەعی لەسەر لەسێدارە بدرێت، ڕەنگە ئاگادارکردنەوەی بەس بووایا بەخۆتێهەڵنەقورتاندن لەم کارانەدا، ئا لێرەوە لە میانەی ئەو بڕیارە خوێناوییەی مەنسوور بەپەلە دای، دەتوانین ئەوە هەڵێنجێنین لە دیدی حوکمڕان و خەلیفە و سەرکردەکانەوە لە مێژووی عەرەبی و ئیسلامیدا ئەدیبان و نووسەران و شاعیران و داهێنەران (بەشێوەیەکی گشتی) هیچ بایەخێکیان نییە، یاجێی باوەڕ نین، تەنیا ئەوانە نەبێت کە لە خۆیانن، لە ستایشکاران و ماستاوچییانی دەسەڵاتداران.

بەهەر حاڵ ئیبنولموقەففەع کەوتە چەڵەمەیەکەوە هیچ دەرچوونێکی نەبێت، کە مەبەست و کارێکی

ئەوی تێدا نەبوو و ژیانی لە پێناویدا دانا بێ ئەوەی گوناهێکی وای کردبێت شایانی مردن بێت، یان بەلای کەمەوە بەئەنقەست نەبوو تا سەرپێچی فەرمانی سەرەوەی کردبێت لە فەرمانڕەوا، یا سەرکردە سیاسییەکان، بەڵام حەزی دوژمنکاریی خوێنڕێژیی پاکتاوکردن لە ناخی کەسێتیی عێراقیدا خێراترین چارەسەر بوو بۆ گەیشتن بەئیبنولموقەفەعی گەورە نووسەر و گیان لەدەستدانی...

هەرچی ئەو دڕندەێتییە بوو لە شێوازی کوشتنی و پارچە پارچەکردنی جەستەی بەزیندوویەتی و فڕێدانی پارچەکان بۆ ناو تەندوورێکی گڕدراو، ئەمە ئەوپەڕی ڕەهەندی عێراقییە لە دڵڕەقیی خوێنڕێژیی ئاوارتە.

بەڵام لەم ڕووداوە خوێناوییەدا چۆن دەتوانین تۆمەت ئاراستەی کەسێتیی عێراقی بکەین؟ دەڵێین:

سەرجەم توخمەکانی هەڵوێست لەم کێشەیەدا سەر بەعێراقە، ئەو شانۆیەی تاوانی کوشتنی نووسەری مەزنی تێدا ئەنجام درا بەسرەیە، کە شارێکی عێراقییە و قوربانییەکەش ئیبنولموقەفەعی نووسەری ناوداری عێراقە و بکوژەکەش سوفیانی کوڕی ئەلموهەلەبی والیی بەسرەیە و خاوەن بڕیارەکەش، کە فەرمانی بەکوشتنیدا خەلیفە ئەبو جەعفەری ئەلمەنسوورە، پاڵەوانە یاریدەدەرە ناسەرەکییەکانیش لە بەرهەمهێنان و دەرهێنانی ئەم تراژیدیایەدا مامەکانی ئەلمەنسوورن... گشت ئەمانەش بێ ئەملاو ئەولا عێراقین...

هەرچی پاشماوەی ڕووداوەکانی تری ئەم کارەساتە شەرمهێنەیە، ئەوا ئەلمەنسوور بەدواداچوونی هەبوو بۆ پەنددادان بەعەبدوڵای کوڕی عەلیی مامی و نەیبەخشی، وێڕای پاڕانەوەی مامەکانی و ناوبژیکردنیان بۆ لێخۆشبوون لێی و زیندانیکردنی لە خانوویەک تەنیا دیوارەکانی قوڕ بن، دوای ماوەیەک ئاو گەیشتە ئەم خانووە و بناغەکەی توایەوە و خانووەکە بەسەر عەبدوڵای کوڕی عەلیدا تەپی و کوشتی...

بەم کارە خوێنڕێژییە ئەبو جەعفەری ئەلمەنسوور (عێراقی) لە مامی ڕزگار بوو، کە یەکەمین چاکەی ڕووخانی دەوڵەتی ئەمەوی و دامەزراندنی دەوڵەتی عەباسی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، ئەوەبوو لە کارێکی پاکتاوکردنی نامەردانەدا تیرۆری کرد...!

## میل بەچاودا هێنان و شێوازی خوێنڕێژیی تر

لەو مەرجانەی شەرعی ئیسلامی لە هەرکەسێکدا بەپێویستی دەزانێت، ئەوی پۆستی خەلافەت بەسیفەتی میری موسڵمانان و ئیمامی ئومەت و خەلیفەی موسڵمانان وەردەگرێت، دەبێت جەستەی تەواو بێ خەوش و خاڵی بێت لە ناتەواویی جەستەیی شەرعی، کە ڕێگری دەکات لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی لە ڕێبەری کردنی نەتەوەی ئیسلامدا... بەرجەستەترین خەوشیش کە

دەسەڵاتی کەسەکە لە وەرگرتنی خەلافەتدا بەتاڵ دەکاتەوە، نابیناییە.

لەبەر ئەوە کاتێک ململانێ و ناخۆشی لە نێوان خەلیفەکانی ئیسلامدا توند بووەوە، بەتایبەت لە سەردەمی عەباسیدا، ئەو ناخۆشی و ناحەزییانە گۆڕان بۆ ململانێی توندی خوێناوی و تاڵ لە پێناوی دەسەڵات گرتنە دەست و وەرگرتنی پۆستی خەلافەت، ئەوەبوو شەڕ بەرپابوو و بەنهێنی و بەئاشکرا پیلان گێڕرا، خوێناویترین و دڵڕەقترین و دزێوترینیان، کە لە نێوان خەلیفە و دوژمنەکانی، یا ئەوانەی بەربەرەکانێیان دەکرد لە خزم و ئامۆزاکانی بوون، ئەوانەی چاویان لە خەلافەت بڕیبوو، ئەو ململانێیانەش لەسەر خاکی عێراق چەندین سەدە بەردەوام بوون، لەو ماوەیەدا چەندین ئامراز و شێواز بەکار هێنران بۆ لادانی خەلیفەی دەسەڵاتدار و دانانی یەکێکی تر، ئەمەش خراپترین و دزێوترین و شەرمهێنترین شێوازی خوێنڕێژی بوو، لە نێوان ئەو خراپترین شێوازانەدا چاو دەرهێنان بوو، کە پرۆسەیەکی تاوانکاریی نامرۆییە بەخراپکردنی چاوی خەلیفە ئەنجام دەدرێت لە ڕێگەی لەناوبردنی چاوەکانییەوە و بەمەش بینین لەدەست دەدات.

ئەم کارە پێویست بەدووکەرتکردنی چاو، یا هەڵکۆڵینی، یاخود زامدارکردنی بەشتێکی تیژ ناکات، بەڵکو بەهۆی میل بەچاودا هێنان، ئەمەش بەدوو شێوە ئەنجام دەدرێت، یا بەبەکارهێنانی ئاسنێکی بەئاگر داخکراو تا تەواو سوور دەبێتەوە، پاشان دوای ئەوەی قوربانییەکە دەبەسترێتەوە و بەتوندی شەتەک دەدرێت، میلەکە لە چاوی نزیک دەکرێتەوە و ئەو کەسە لە بینین دەکەوێت، یاخود بەهۆی داخکردن لە پشتی سەرەوە لە شوێنێکی دیارکراو و ناسراو لە پشتەوە، کاتێک ئەو جێگەیە داخ دەکرێت و بەتوندی دەسووتێنرێت، ئەو کەسە بینین لەدەست دەدات و تووشی کوێری دێت، لەگەڵ دیمەنی چاو و شێوەی لە پێشەوە سروشتی دەبێت و تێک ناچێت، ئەم شێوازە دڕندانەیە بەسەر چەند خەلیفەیەکدا پیادە کرا، بەتایبەت لە سەردەمی عەباسیدا، دوای میل بەچاودا هێنانیان بیناییان لە دەست داو کوێر بوون، بەمەش ناتەواوییە شەرعییەکەیان فەراهەم بوو و پێویستی لادانیان لە خەلافەت هاتە پێشەوە، بەم ئاوایە ئەم نەریتە (میل بەچاودا هێنان) لە نێوان خەلیفەکان و داروودەستەکانیاندا بڵاوبووەوە، ناوی هەندێک لەو خەلیفانە دێنین، کە میل بەچاویاندا هێنراوە، لە ئەنجامدا لابراون و لە خەلافەت دوور خراونەتەوە، لەوانە ئەوی بەسەر خەلیفە ئەلقاهر بیللادا هات، کە (الراضی) بزماری سوورەوەکراوی بەچاوانیدا هێنا و کوێری کرد، هەروەها خەلیفە ئەلموستەکفی بیللاش میل بەچاوانیدا هێنرا و زیندانی کرا تا مرد، هەروەها خەلیفە ئەلموتەقی کە سوڵتان تۆزۆن بەمێخێکی داخکراو کوێری کرد...

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین قوربانییەکان عێراقین و زۆربەی ئەو دەستانەی ئەو تاوانە خوێناوییانەیان ئەنجام دا هەر عێراقین...

هەرچی شێوازەکانی دیکەن، کە دژ بەخەلیفەکان ئەنجام دران لە ناشرینی و خوێنڕێژیدا هیچیان کەمتر نەبوو لە میل بەچاودا هێنان، بۆ نموونە خەلیفە مونتەسر خەلیفە متەوەکیلی باوکی خۆی کوشت، هەروەها لەگەڵیدا ئەلفەتحی کوڕی خاقانی وەزیری یەکەمی (واتا سەرۆک

وەزیران)شی کوشت، کە لە مەجلیسی ڕابواردندا لەگەڵیدا بوو، دوای ئەوەی مونتەسر خۆی بەخەلیفە دانا، کۆمەڵێک لە پیلانگێڕان بەرتیلیان دایە پزیشکە تایبەتەکەی، کە ناوی ئیبن تەیفوور بوو، تا دەرمانخواردی بکەن "بەپەڕێکی ژاراوی برینداری کرد و مرد".[١٩]

هەرچی خەلیفە موستەعین بیللا بوو، ئەوا خەلیفە ئەلموعتەز بیللا کوشتی (دەڵێنیش... بەردێکی بەپێوەی بەستاو فڕێی دایە دیجلەوە)[٢٠]، هەروەها خەلیفە ئەلموهتەدی بەشێوەیەکی زۆر ناشرین کوژرا، دوای ئەوەی سووکایەتی پێ کرا و ئەشکەنجە درا، پاش بەزینی سوپاکەی دەستگیر کرا و زۆریان لێ دا و پێیان نایە سەر گونی تا بەئازارەوە گیانی لەدەست دا.[٢١] لە کتێبی "مێژووی ئەلتەبەری"شدا هاتووە باس لە هەواڵی کوشتنەکەی دەکات (چوونە سەری بەر زللەیان دا و تفیان کردە دەموچاوی... دایانە زەلامێک خۆی دایە بان گونەکانیدا تا کوشتی)[٢٢] واتا ڕادەستی زەلامێکیان کرد پێی نایە سەر گونەکانی تا کوشتی...

هەرچی خەلیفە ئەلموعتەزەدە، ئەوا تابڵێی زۆردار و خوێنڕێژ و کەم بەزەیی بوو، لەبەر زۆریی ئەو خوێنەی ڕشتبووی ناوی لە خۆی نا ئەلسەفاحی دووەم.[٢٣]

ئەم خەلیفەیە لە پراکتیزەکردنی ڕێبازە خوێناوییەکەیدا شێوازێکی دەگمەنی داهێنابوو، ئەگەر لە کەسێک یاخود سەرکردەیەک تووڕە ببوایا، فەرمانی دەدا بەزیندوویی بخرێتە چاڵێکەوە و خۆڵ بدرێتە بانیا... ڕەنگە پێویست بەوە بکات دانی پێدا بنێین، کە بێ ئەملاو ئەولا ئەم داهێنانە لە سرووشی میتۆدی خوێنڕێژیی کەسێتیی عێراقییە...

### وەزیرێکی عێراقی تەندوورێک بۆ ئەشکەنجەدان دادەهێنێت

داهێنانێکی تر، کە کەسێتیی عێراقیی پێشکەشی کردووین لە جێبەجێکردنی توندی حەزی خوێنڕێژیی تۆڵەئەستێن، ئەوەیە کە عەبدولمەلیک ئەلزیاتی وەزیری عەباسی دایهێنا، کە بەرپرسی کۆکردنەوەی باج و سەرانە بوو، واتا وەزیری ئابووری لە سەردەمی واسقی (٨٤١ – ٨٤٦ز) خەلیفەی عەباسی، ئەوەبوو تەندوورێکی لە ئاسن داهێنا بۆ ئەشکەنجەدانی هەر کەسێک لە باجدان بەدەوڵەت دوابکەوێت، لەسەر دیوارەکانی ناوەوەی تەندوورەکەش مێخی تیژی گەورە گەورە چەقێنرابوون، ئەگەر بیویستایا ئەشکەنجەی یەکێک لەوانەی بدایا لە باجدان دواکەوتوونە، دەیپەستایە ئەم تەندوورەوە و لە دەرەوە دەرگەکەی لێ دادەخست، پاشان ئاگری لە دەرەوەی تەندوورە ئاسنەکە دەکردەوە و بەهێوری گەرمی دەکرد، قوربانییەکەی ناو تەندوورەکە (بێگومان عێراقی بوو) ناچار داوای بەهانا گەیشتنی دەکرد، دواتر لە ترسی گەرماکە لەملاوە تەقڵەی دەدا بۆ ئەولا، چەندێکیش تەقڵەی لێ دابا، یا بجوولایا مێخە تیژەکان لە گیانی دەچەقین (کەس لەم ئەشکەنجەدانە پێش ئەو نەکەوتووە)[٢٤]... ئیتر بەم ئاوایە.

ئەم وەزیرە عێراقییە (عەباسییە) تا ماوەیەکی درێژ بەردەوام بوو لە ئەشکەنجەدانی قوربانییەکانی لە عێراقییەکان لە ناو ئەو تەندوورە دۆزەخییەیدا، تا خەلیفە ئەلموتەوەکیل پۆستی

خەلیفایەتی وەرگرت، لەبەر ئەوەی ڕقی لە عەبدولەلیک ئەلزیات بوو، بۆیە خستیە تەندوورەکەوە و بەهەمان شێوە ئەشکەنجەی دا، ئەلزیات بۆ ماوەی چل ڕۆژ لەو تەندوورەدا مایەوە ئەشکەنجە دەدرا، کاتێک دەرگەی تەندوورەکەیان لێ کردەوە بینییان گیانی لەدەست داوە...

بەم شێوەیە کەسێتیی عێراقیی نوقوم بوو لە حەزی خوێنڕێژیی دوژمنکارانە شێوازی داهێنراو و دڕندانەمان لە ئەوپەڕی ئاکاری خوێنڕێژیی شەرمهێن پێشکەش دەکات.

ئەوی دژوار و کارەساتهێنەر و سەیرە لەم بابەتەدا ئەوەیە عەبدولەلیک ئەلزیات، کە ناوی تەواوی محەمەدی کوڕی عەبدولەلیک ئەلزیاتە، شاعیر و نووسەرێکە لە شاعیرانی سەردەمی عەباسی و ناوی لە زۆربەی ئەو کتێبی ژیننامانەدا هاتووە، کە تایبەتن بەشاعیرانی سەردەمی عەباسی و شیعرێکی ناسکی هەیە، ئەدی چۆن بتوانین لەم مەتەڵە سەرسووڕهێنەی ئەم کەسێتییە عێراقییە تێ بگەین؟

کەسێکی شاعیر و نووسەر ئامێری ئازاردان دابهێنێت و بەخۆی خەڵکی ئەشکەنجە بدات و بۆ ماوەیەکی زۆریش شیعر بنووسێت، پاشان لە ژێر ئەشکەنجەدانێدا بەهەمان ئامێر بمرێت، کە خۆی دایهێنابوو بۆ ئازاردانی ئەوانی تر؟ داخۆ ستەمکارە یا ستەم لێکراوە؟ یاخود هەردووکیان بەیەکەوە؟

ئەوە یەکێک لە دژوارییەکانی کەسێتیی ناکۆکی عێراقییە، کە بەتاسەیە بۆ پاوانکردن و دەسەڵاتخوازی و لە کۆتاییشدا بەپەرۆشە بۆ حەزی خوێنڕێژی...

### هاڕوونە ڕەشید بەشیری کوڕی لەیس دەکاتە ١٤ پارچەوە

لە ڕووداوە خوێناوییەکانی مێژووی عێراق ئەنجامدانی دوو ڕووداوی دەگمەنن لەلایەن هاڕووونە ڕەشیدەوە:

ڕووداوی یەکەم: دەستبردنی هاڕوونە ڕەشیدە بۆ کوشتنی جەعفەر بەرمەکیی هاوەڵی، کە یەکێک لە دڵسۆزترین و نزیکترین کەس بوو لێوەی، هەر لە منداڵییەوە وەکو برا پێکەوە گەورە بوون، دایکی جەعفەر بەرمەکی لەگەڵ جەعفەری کوڕیا بەمنداڵی پێکەوە شیری پێ داون، واتا جەعفەر برای شیریی هاڕوونە ڕەشید بوو، دوای ئەوەی هاڕوون بووە خەلیفە، جەعفەر وەکو هاوەڵێکی نزیک لەگەڵیدا بوو.

لە ساتێک لە ساتەکانی تووڕەیی و گوماندا ڕەشید داوای لە بەردەستەکەی، کە ناوی مەسروور بوو کرد بڕوات جەعفەر بکوژێت و سەری بۆ بهێنێت!! نۆکەرەکەی لە سەرەتادا بڕوای بەقسەکانی ڕەشیدا نەهات، دوودڵ بوو و ویستی خۆی لەم بەڵایە قوتار بکات، بەڵام ڕەشید هەڕەشەی لێ کرد بەوەی سەری دەپەڕێنێت گەر سەری جەعفەری بۆ نەهێنێت، ئەویش بەناچاری جەعفەری کوشت و سەرەکەی بۆ ڕەشید هێنا.

بەشی دووەمی ئەوپەڕی خوێنڕێژی لەم چیرۆکەدا ئەوەیە ڕەشید بەکوشتنی جەعفەری بەرمەکیی هاوەڵی نزیکی وازی نەهێنا، بەڵکو کردییە سێ پارچەوە و هەر پارچەی لەسەر پردێک لە پردەکانی بەغدا دانا، لاشەکەی بۆ سندی بن شاهک لەگەڵ نامەیەکدا نارد تێیدا داوای لێ دەکات لاشەکەی جەعفەر بکاتە دوو پارچەوە، ئەویش دوو لەتی کرد و هەر لەتەی لەسەر پردێک و سەریشی لەسەر پردی سێیەم دانا.

لە کتێبی مێژووی تەبەریدا هاتووە (سندی گوتی... کاتێک هەرسەمەی بن ئەعیون هاتە لام و جەعفەری کوڕی یەحیا (جەعفەر بەرمەکی) بەسەر پشتی هێسترێکەوە بوو... لەملی درابوو و نامەیەکی میری موسڵمانانیش فەرمانم پێ دەدات بیکەمە دوو لەتەوە و لەسەر سێ پردیان هەڵواسم.. گوتی: بەوەی فەرمانم پێ درابوو ئەنجامم دا).[٢٥]

هەرچی ڕووداوی دووەمە: ئەو کوشتنە دزێوەیە، کە ڕەشید بەسەر بەشیری کوڕی لەیسدا ئەنجامی دا، کە برای ڕافعی کوڕی لەیس بوو، ئەوی لە دەسەڵاتی ڕەشید لە دەڤەری بوخارا هەڵگەڕایەوە و لەشکرێکی گەورەی دایە دوای خۆی و لە چەندین شەڕدا ڕووبەڕووی سوپای عەباسی بووەوە و دەستی بەسەر بڕێک ناوچەی فراواندا گرت.

لە یەکێک لەو شەڕانەی هەرسەمەی کوڕی ئەعیونی سەرکردەی سەربازیی ناوداری عەباسی پێشڕەوی کرد، کە لە ڕەشیدەوە نزیک بوو، لەشکری عەباسی سەرکەوتنی بەسەر لایەنگیرانی ڕافعی کوڕی لەیسدا بەدەست هێنا و بوخارایان گرت، وەلێ نەیانتوانی ڕافعی کوڕی لەیس بدۆزنەوە، بەڵکو توانییان بەشیری کوڕی لەیسی برای دەستگیر بکەن، قۆڵبەستیان کرد و بۆ ڕەشیدیان نارد.

هەینێ لە بەرابەر ڕەشیددا وەستا، کەوتە پاڕانەوە لێی تا لێی خۆشبێ و بیبوورێت، بەڵام ڕەشید داواکەی بەجێ نەگەیاند، بەڵکو داوای کرد قەسابێکی بۆ بێنن، کاتێک قەسابەکە ئامادە بوو، داوای لێ کرد بەشیری کوڕی لەیس لە پێشی لەت لەت بکات، ئەویش بۆی کردە چواردە پارچەوە.

لە مێژووی تەبەریدا هاتووە:

(پاشان داوای قەسابێکی کرد، پێی گوت: کێردەکەت تیژ مەکە با وابێت، بەپەلە ئەم بەدڕەوشتی کوڕی بەدڕەوشتەم بۆ پارچە پارچە بکە. گوتی: پارچەکانی بژمێرە، منیش ژماردمن و چواردە دەرچوون، "داوا لە خوێنەران دەکەین سەرنج بدەنە قسەکەی ڕەشید بۆ قەسابەکە، کێردەکەت تیژ مەکە با وابێت، واتا چەقۆکانت بەکولی بهێڵەرەوە و تیژیان مەکە، مەبەست لێرەدا زامداربوون بەکێردی کول بەئازارترە لە کێردی تیژکراو، ئەمەش شتێکی ترە بۆ حەزی کوشتن، دەخوازێت لە کوشتنیدا ئەوپەڕی ئازاری بداتێ" دەستەکانی بەرەو ئاسمان هەڵبڕین و گوتی: (اللهم كما مكنتني من ثارك وعدوك فبلغت فيه رضاك، فمكني من اخية).[٢٦]

له (البداية والنهاية)ی ئیبن کەسیردا هاتووه (بانگی قەسابەکەی کرد و ئەویش لەبەر دەستی کردییە چوارده بەشەوە، دواتر ڕەشید دەستی بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە و داوای لە خوا کرد چۆن دەستی بەبەشیری برای گەیشت ئاوا دەستی بگاتە ڕافعی برایشی.)[٢٧]

لاپرەسەنی وای لێ کردین بپرسین: بۆچی ژمارەی ئەو پارچانەی قەسابەکە بڕینی چوارده پارچە بوون و پتر یا کەمتر نەبوون؟

بۆمان ڕوون بووەوە قەسابەکە بەشیری کوڕی لەیسی بەم شێوەیە پارچە پارچە کردووە:

سێ لەت بۆ هەر قاچێک لە نێوان پێ و لاق و ڕاندا، سێ بەشیش بۆ هەر دەستێک لە نێوان ناولەپ و باسک و بازوودا، بەمەش کۆی پارچەکانی قاچ و هەردوو دەست دوانزە پارچەن، پاشان سەر و لاشەکەیان بخرێتە سەر، ئەوا دەبنە چوارده پارچە، ئەمەش ئەو ژمارەیەیە، کە لە گێڕانەوەکەی تەبەریدا هاتووە.

ئەوە دڵڕەقی و ئەوپەڕی ناشرینیی خوێناوییە لەوپەڕی پلەکانی دڕندەییدا، کە کەسێتیی عێراقی لەسەر خاکی عێراق پێڕەوی کردووە.

ڕەنگە بتوانین بڵێین: دەکرا ئەم ڕووداوە لە چوارچێوەی توندوتیژیی خوێنڕێژیی ناسراو و خووپێوەگرتووی مێژوودا بمایەتەوە ئەگەر ڕەشید سەری ئەم دیلەی بپەڕاندایا، کەچی پارچە پارچە کردنی بەزیندوویەتی بەدەستی قەسابێک و لەت لەتکردنی بەکولە کێردێک بۆ چوارده پارچە ڕەهەندێکی ئاوارتەیی ئاشکرا و ئەوپەڕی ناماقووڵە، کە بەرەو کەسێتیی عێراقی مل دەنێت لە ئاکاری خوێنڕێژیی نەناسراو لە مێژوودا.

## شێوازی لەداردانی حەلاج دزێوترین وێنەی خوێنڕێژیی عێراقییە

هەروەها ئەو شێوازەی خەلیفە ئەلموقتەدیر بیللا لە لەسێدارەدانی بیریار و فەیلەسووف و شاعیر و سۆفیست ئەلحوسێنی کوڕی مەنسوور ئەلحەلاج پێڕەوی کرد، شێوازێکە لێوانلێو لە دڵڕەقیی خوێناوی، لەداردانەکەی لە سۆنگەی هزرە فەلسەفییەکانییەوە بوو لە تەسەوفدا، ئەوەبوو زانایان لای خەلیفە زمانیان لەسەر شتی هەڵبەستراو لە حەلاج دا، تاوانباری دەکەن بەکفر و لە ئاین دەرچوون، ئەمەش دوای ئەوەی لە مشتومڕی هزری لە بەرابەریدا دۆڕان، هەروەها مایەپووچ بوون لە وەڵامدانەوە بەبەڵگە و سەلماندنەکانی، کە پشتبەستوو بوون بەبڕیارەکانی قورئان و دەقەکانی، خەلیفەیان قایل کرد بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرکات، ئەودەمی هێنایان تاکو بڕیاری لەداردانی بەسەردا بدەن، هەزار قامچییان لێ دا، کەچی ئەو بەردەوام بوو لە ئایەت خوێندن وشەی (احد.. احد)ی چەند پات دەکردەوە، پاشان دەستەکانیان بڕییەوە، ئینجا هەردوو قاچی، دواتر لەملیان دا، ئینجا لاشەکەیان سووتاند و خۆڵەمێشەکەیان فڕێدایە ڕووباری دیجلەوە، هەرچی سەری بوو لەسەر پردێک لە بەغدا هەڵیان واسی، پاشان هەڵیان گرت و بردیان بۆ خوراسان و

لەوێ گرِیان دا، تاکو خەڵکی بیبینن، لە بەغداش جارِیان دا کتێبەکانی حەلاج نەبفرۆشرێت و نەیش بکرِدرێت...

مادامەکی باسی لایەنی خوێناوی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقی و شیکردنەوەی هۆکار و ئەنگێزەکانی ئەم ئاکارە دەکەین، ئەوا خراپ نییە پرسیارێک بکەین، کە لە مێشکی هەندێک لە خوێنەران، یا بیریاراندا گینگڵ دەدات، پرسیارەکەش ئەوەیە:

ئەگەر شکست و بێ ئومێدی و بێبەری پاشینە و هۆکارە سەرەکییەکان بن، کە لە پشتی سەرجەم جۆرەکانی ئاکاری پێوەند بەیاخیبوون و شۆرِش و ناکۆکی و دەسەڵاتخوازیی خوێناوییەوە بن، ئەی چۆن دەکرێت ئەم شیکردنەوەیە بەسەر کەسایەتییە بەرجەستەکان لە مێژووی عێراقدا پیادە بکرێت، کە ژیانی پرِ لە خۆشگوزەرانی ژیاون بەدوور لە نوشوستی و بێ ئومێدی و بێبەری، وەکو کەسایەتیی خەلیفەکان و سەرکردە و میر و پایەدار و خاوەن دەسەڵاتەکان؟ واتا کەسانێکن دەرگیری کۆژان و نوشوستی و بێ ئومێدی و بێبەری نەبوونە.

بۆ وەڵامی ئەمە دەڵێین: دیاردەێلی شکست و بێ ئومێدی و بێبەری بوون بەدرێژایی هەزاران ساڵ بەهۆی دۆخە مێژووییە ناسراوەکەوە لە وڵاتی دوو رِووباردا کاری خۆیان لە کەسێتیی عێراقیدا کردووە و جێ پەنجەی خۆیان و کاریگەریی نەرێنییان جێ هێشتووە، لە چاخەکانی رِابردوودا پێ بەپێ کاری تێکدەرانەیان لە ناخی خودی عێراقیدا کردووە، تاکو وای لێ هات ئەو جۆرە ئاکارە نەرێنییانەی پێوەندن بەنوشوستی و بێ ئومێدی و بێبەرییەوە بەشێکی دانەبرِاوە بن لە نەریت و خەسڵەتی کەسێتیی عێراقی، بەشێوەیەک پاڵنەر و هۆیەکانی شاراوە و چێنراون لە ناهۆشیاریدا، پێویستیش نییە تاکی عێراقی لە ماوەی ژیانی لەم زەمەنە هاوچەرخەدا تووشی نوشوستی و بێ ئومێدی و بێبەری ببێت، تاکو ئەو رِەنگدانەوانە لە ئاکاری نەرێنی پێوەی دیار بدەن، کە بیردۆزەکانی دەروونزانی لەم بارەیەوە دەیسەپێنن.

بۆیە هیچ ناکۆکی یاخود سەیرییەک لە ئاکاری ناسراو بەناکۆکی و دەسەڵاتخوازیی خوێنرِێژییەوە نییە، کە لە فەرمانرِەوا و خەلیفە و پاشا و سەرکردەکانی وڵاتی میزۆپۆتامیاوە دەرچوون، کە ژیانێک ژیاون وادیار دەدات دوور بووە لە نوشوستی و بێبەرییەوە، هەرچەندە دەورەدراوە بەچاوەرِوانی کردن و ترس و بیم و وریایی و نائاسوودەیی، بەتایبەت هۆکاری رِاستەوخۆی گرینگی تر و زیندوو هەنووکەییی، وەکو ئارەزووی دەسەڵات و حوکمرِانی کردن و ململانێی توند لەسەر سامان و پارە و خێروبێر، کە وڵاتی دوو رِووباری پێ دەناسرێنەوە، کاریگەریی خێرا و رِاستەوخۆی لە دەستنیشانکردنی رِێبازی دەروونی و ئاکاریی ئەم کەسایەتییانە هەبووە بەشێوەیەکی خوێناوی، کە بینیمان، یا لە بەڵگە مێژووییەکانەوە پێمان گەیشتووە.

ئەوی زۆر تاڵە ئەوەیە سەرجەم ئەوانەی خستماننە بەرچاو لە رِووداوی دزێو و خوێناوی و نامۆ و ئاوارتە، کە لە سەردەمە کۆنەکانی مێژووی عێراقدا رِوویان داوە پرِن لە زەبروزەنگ و

دیکتاتۆریی خوێناوی، ڕەنگە سەیر نەبن، یاخۆ لەچاو دڵڕەقی و دڕندەیی خوێنڕێژییەوە بایەخیان نەبێت، کە بەژمارەی زۆر لە تاوانی تۆقێنەری بەکۆمەڵ و تاک ئەنجام دراون، کە لە عێراق لە سەردەمی ئێستادا ڕوویان داوە، بەتایبەت دوای ساڵی ٢٠٠٣ لە شەڕی تایەفەیی تۆڵەستێنی شێتانە، کە لە پڕ لە نێوان عێراقییەکاندا لە گەڕەک و شار و شارۆچکە و دەزگا و فەرمانگە و شوێنە جیاجیاکانی وڵاتدا هەڵگیرسا، ئەمەش ئەوە دەردەخات ئەو هۆ و پاڵنەرانەی لەو دیوی بڵاوبوونەوەی دیاردە نەرێنییەکان لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا لە سەدەکانی پێشوودا وەستاون، وەک ناکۆکی و دەسەڵاتخوازیی دیکتاتۆری و توندوتیژیی خوێناوی، هەر ئەوانەن ئەمڕۆ لەو دیوی ئەوانەی لەم سەردەمەدا ڕوو دەدەن دەوەستن، لە ناکۆکی و دەسەڵاتخوازیی دیکتاتۆری و خوێنڕێژیی ئاوارتەیی دزێو لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیی بەزۆر تێوەگلاو بەم حەزە ئاکارییە خراپەوە.

## سەیر و سەمەرەیی لە ڕووداوە خوێناوییەکانی شۆڕشی زنجی ٨٧٠ ز دا

لەو ڕووداوە خوێناوییە دزێوانەی دەستی عێراقییەکان دروستیان کرد، شۆڕشی زنج بوو، ئەو شۆڕشە ناودارەی لە دەڤەری بەسرە و ئەهواز دەستی پێ کرد و درێژ بووەوە بۆ واست، دژ بەحوکمداریی عەباسی لە ناوەڕاستی سەدەی سێی کۆچی لە ڕۆژگاری خەلیفە ئەلموعتەمەد عەلەلای عەباسی، چواردە ساڵی بەردەوام درێژەی هەبوو لە ساڵی ٢٥٥ک –٢٧٠ک/ ٨٧٠ز – ٨٨٣ز، ئەوانەی بەم شۆڕشە هەستان جووتیاران و نەداران بوون، ئەوانەی وەکو کرێگرتە و کۆیلە لە زەوییە کشتوکاڵییەکاندا کاریان دەکرد و خوێیان کۆ دەکردەوە و چاکسازیی زەوییان دەکرد و خەریکی چاندن بوون، ڕەوشی ژیانیان تابڵێی خراپ بوو و بەدەست کڵۆڵی و هەژارییەوە دەیانناڵاند، ئەمەش وای لێ کردن شۆڕش بکەن و لە حوکمی عەباسی یاخی بن.

وێڕای شاڵاوە سەربازییەکان، کە سوپای عەباسی ئەنجامی دەدا بۆ سەرکوتکردنی ئەم شۆڕشە، کەچی لە گشت جارەکاندا لە بەرابەر هێز و خۆڕاگریی شەڕاوەرەکانی و سووربوونیان لەسەر بەردەوامی لە شەڕکردن و یاخیبوون شکستی دەهێنا، بنکەی سەرەکیی ئەم شۆڕشە شاری ئەلموختارە بوو، کە زنجەکان لە خوارووی بەسرە بنیاتیان نا و لە ناوەندی دارستانە چڕەکانی دارخورما و لە ناو تۆڕێکی ئاڵۆز و پێکەوە گرێدراو لە ڕووبارە زۆر و زەوەندە لق و پۆپدارەکاندا لە دەریای عەرەب قایمکارییان بۆ کرد، ئەمەش وای کرد زۆر مەحکەم بێت.

هەندێک لە نووسەران لە سۆنگەی زۆریی قوربانییانەوە، ئەوانەی تێیدا کەوتن لەگەڵ ئەو خراپەکارییانەی هاوشان بوون لەگەڵ ڕووداوەکانیدا وا وەسفیان کرد، کە (شۆڕشێکی مەزنە، مێژووی ئاسیای ڕۆژئاوا شۆڕشی وا گەورە و توندی بەخۆوە نەبینیوە).[٢٨]

ئامۆژگاریی سەرجەم عێراقییەکان و خوێنەران دەکەین بەوردی مێژووی شۆڕشی زنج بخوێننەوە و ڕووداوەکانی بزانن و بەرۆحێکی بێلایەنانە سەرنج لە ڕووداوە ڕۆژانەییەکانی بدەن،

نەک بەپێی ئەوەی ئامۆژگاریکەرانی سوڵتانەکان و مێژوونووسە لایەنگیرەکانی فەرمانڕەوایان نووسیویانە، تاکو بزانن چۆن مرۆڤ بۆ دڕندەیەکی تێکشکێنەر و ستەمکاری گەورە دەگۆڕێت و گوێ بەژیانی خۆی و ژیانی ئەوانی تریش نادات، ئەو کاتی لە ژێر سێبەری پەراوێزخستن و سڕینەوە و ڕق لێبوونەوە ودابڕانی سیاسی تووشی نوشوستیی توند و ئەوپەڕی بێبەری و بێ ئومێدی و هەژاریی لە ڕادەبەدەر دەبێت، ئەمە بەسەر سەدان هەزار عێراقیدا هاتووە لە سێ یەکی خوارووی عێراقدا لە ماوەی سەردەمانێکی زۆر، بەر لە هەڵگیرسانی شۆڕشی زنج، بەتایبەت لە سەردەمی دووەمی عەباسیدا، کە ڕابواردن و خۆشگوزەرانی و دەوڵەمەندی و کەیفکردن و خواردنەوە و گۆرانی و کەنیزەک دەوری ژیانی حوکمداران و خەلیفە گەندەڵەکان و لایەنگیرانیان دابوو، کەچی کلۆڵی و بەدبەختی و هەژاری و نەگبەتی و بێبەری دەوروخولی ژیانی سەدان هەزار هەژاریان دابوو، لەوانەی بەناچاری بوونە شۆڕشگێڕ و بێ ماندووبوون بۆ ماوەی چواردە ساڵی بەردەوام شەڕان، ئەمەش بووە هۆی کوشتنی پتر لە نیو ملیۆن مرۆڤ بەپێی خەملاندن لە شەڕە قورسەکاندا، کە تێیاندا ئەوپەڕی شێوازی دڕندەیی لە تۆڵەسەندنەوە و کوشتن و لەملدان و خوێنڕشتن بەفراوانی پیادە کران.

تەبەری لە کتێبە مێژووییە ناودارەکەیدا دووسەد و سی لاپەڕی[٢٩] تەرخان کردووە، تا توانی ڕوومالّی ڕووداوەکانی ئەم شۆڕشە خوێناوییە ترسناکە بکات، سەرنجدان لە ڕووداو و وردەکارییەکانی مرۆڤ تووشی سەراسیمەیی و واقوڕمان دەکات، لەبەر زۆریی ڕووداوە خوێناوییە یەک لە دوای یەکەکانی، هەروەها بەفیڕۆدانی کارەساتبار و گەورە لە گیانی مرۆڤەکاندا، کە لە میانەیدا تێکشکان، هەروەها ئەو کارە دزێوانەی لەو ڕۆژانەدا ئەنجام دراون.

چواردە ساڵی بەردەوام بەڕۆژ و مانگ و ساڵەکانییەوە خوێنڕێژیی بەردەوام و سەرپەڕاندن و لەملدانی مرۆڤ و لەداردانی لاشە و هەڵواسینیانی بەخۆوە بینی، لەگەڵ گرتێبەردان و وێرانکردنی شار و گوند و گەڕەک و بازاڕ و ماڵ و پرد و شوێنە گشتییەکان.

هەرچی ئەو لایەنەیە کە پێوەند بەباسەکەمانە سەبارەت بەئەوپەڕی خوێنڕێژیی ئاوارتەیی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقی لەم بابەتەی تایبەتە بەڕووداوەکانی شۆڕشی زنج، ئەوا دەبینین کەسێتیی عێراقیی هەمیشە ڕێچکە گرتوو بەرەو پێڕەوکردنی شێوازی توندوتیژیی خوێناوی، لایەنی زۆر لە هۆ و بەرپرسیارێتییەکان دەگرێتە ئەستۆ، کە بوونە ئەگەری بەردەوامی و خوێنڕێژی بەدرێژایی چواردە ساڵی ڕەبەق، ئەمەش ئەو ماوەیەیە کە شۆڕشەکە خایاندی بەر لە هەرەسهێنان و بەیەکجاری وەستانی، چونکە هیچ هەوڵ و کۆششێک بۆ لێکگەیشتن، یا ئاشتەوایی، یان بڕیاری ئاشتی دان، یاخود تەنانەت شەڕوەستانێکی کاتی بڕیار بدرێت بۆ هەناسەدانەوە و وەستاندنی گێژەڵۆکەی مەرگی بەزۆر، هەروەها هیچ هەوڵێک بوێریی ئەوەی نەبوو پاڵنەر و هۆکارەکان بزانێت، کە وای لەم هەژارانە کرد یاخی ببن...

ئێمە هیچ توانایەکمان نەبینی بۆ خۆ دوورخستنەوە لە خوێنڕشتن و کوشتنی ڕوحەکان نە

لەلایەن دەوڵەتی عەباسییەوە، کە بانگەشەی بەهاکانی خەلافەتی ئیسلامیی دەکرد و نەیش لەلایەن سوپاکەیەوە و نەیش لەلایەن سەرکردایەتیی شۆڕش و شۆڕشگێڕانەوە لە گشت قۆناغەکاندا...

هەمووان (وەکو لە زۆربەی ڕووداوە یەکلاکەرەوەکانی عێراقدا نەریتە) یەک ڕێگەیان گرتووەتە بەر، ئەویش ڕێگەی توندوتیژی و سەپاندنی هێز و خوێنڕشتنە...

حەزی زاڵی خوێنڕێژی لە هەموو قۆناغەکانی ململانێدا باڵادەست بوو، کە بووە هۆی کوژرانی ئەم ژمارە زۆرەی کوژراوان لەم شۆڕشەدا.

بەڵام گەر بمانەوێت لە ڕووداوەکانی شۆڕشی زنجدا ئاماژە بەڕووداوەکانی میتۆدی خوێنڕێژیی زەق و ئاوارتەیی بکەین لە پێناو بەستنەوەیان بەڕێبازی خوێنڕێژی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا، ئەوا لە توانامانداپە دوو ڕووداو لە نێوان دەیان ڕووداوی لێکچوو و وەک یەک بەنموونە بهێنینەوە.

ڕووداوی یەکەم:

شۆڕشگێڕانی زنج دوای هەر شەڕێک لە شەڕەکان بەئەنقەست لەملی دیلەکانیان دەدا، ئەوانەی دەکەوتنە دەستیان لە لەشکری خەلافەتی عەباسی، کە بەردەوام لە گەڕدا بوون لە نێوان ئەم سوپایە و هێزەکانی شۆڕش و سەریانیان قەلاچن دەکرد و خەڵکەکە دەچوون تا خزم و کەسوکارەکانی خۆیان بناسنەوە، جارێکیان سەرەکان تابڵێی زۆر بوون، کەس نەهات تا داوایان بکاتەوە، زنجەکانیش تووڕیان هەڵدانە یەکێک لە ڕووبارە بچووکەکانی بەسرەوە، ئیدی سەرەکان سەر ئاو کەوتن، تا گەیشتنە بەسرە (هەرچەندە ڕێکردنی ڕووبارەکانی بەسرە بەپێی هەڵکشان و داکشانە) خەڵکەکە بۆ ناسینەوەی خاوەنەکانیان دەهاتن تەماشای ئەو سەرە سەر ئاوکردووانەیان دەکرد ، ئیدی هەر کەسە و سەری یەکێکی دەبرد کە بیناسیت لە خزم و کەسوکاریان.[30]

ڕەنگە ئا ئەمە ئەوپەڕی خوێنڕێژیی عێراقی بێت...

ڕووداوی دووەم:

ئەویش ئەوەیە شەڕێکی ناسەرەکیی ماڵوێرانکەر لە دەورووبەری بەسرە لە نزیک (الموفقیە) لە نێوان یەکەیەکی سەربازیی سوپای عەباسی و لەشکرێکی گەورە لە شەڕاوەرانی زنج ڕوویدا، سەرکەوتنەکە تێیدا بۆ سوپای عەباسی بوو، کە پێی لەسەر کوشتن و بەدیل گرتن و سەرپەڕاندن داگرت (لەو لەشکرە کەمیان ڕزگار بوون)[31] سوپای عەباسی سەرە بڕاوەکانی خڕ کردنەوە و پیشانی دان، دیلەکانیشی دەرخست چۆن بەدارەوە کراون، تا خەڵکی بیانبینێ و ترس بچێتە دڵی شۆڕشگێڕانەوە...

ئەوە کەوتە بەرگوێی سەرکردەی سوپای عەباسی (ئەبو ئەحمەد)، سەرکردەی زنج کە بە(صاحب الزنج)یان گاز دەکرد، هەوڵی داوە هاوەڵەکانی قایل بکات، کە ئەو دیمەنانە درۆن و پێی گوتوون: ئەو سەرانەی بینیویانە بەرزکرابوونەوە ئەوە یاری و پەیکەرن عەباسییەکان دروستیان کردوون،

تاکو ترس و بیم لە دڵی شۆڕشگێڕاندا بچێنێت.

بۆیە سەرکردەی لەشکری عەباسی شتێکی ئەوپەڕی دزێوی و دڵڕەقیی ئەنجام دا، فەرمانی دا سەرە بڕاوەکان کۆ بکەنەوە و بیکەنە کەشتییەکەوە، کە مەنجەنیقی هەڵگرتبوو، وای لە کەشتییەکە کرد لە بارەگای سەرکردایەتیی زنج نزیک ببێتەوە، ئینجا بەهۆی مەنجەنیقەوە ئەو سەرە مرۆیانەی هاویشت، ئیدی سەری کوژراوان لە نزیکیان دەکەوت، کە سەری هاوڕێ و نزیکەکانیان بوو، هاوار و ڕۆڕۆ لە ڕیزەکانیاندا بەرز بووەوە و ناڕاستیی ئەو لێکدانەوەیەی سەرکردەی شۆڕشەکەیان دەرخست.[٣٢]

بەدەیان ڕووداوی تر هەن ناشرینییان لەم دوو ڕووداوە خوێناوییانە کەمتر نییە، کە لێرەدا بواری ناوهێنان، یا وردەکارییەکانیان نییە.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا لە توانای حەزی خوێنڕێژیدایە شێوەیەکی لەوە دزێوتر و ماڵوێرانتر و دڵڕەقانەتر وەربگرێت، کە کەسێتیی عێراقی لە ئاکاری خوێنڕێژییدا بەم شێوە فراوانە لەم ڕووداوە مێژووییە نووسراو و دوور لە گومانانە دایهێناوە؟ داخۆ لە توانادایە بانگەشەی ئەوە بکەین، ئەم ڕووداوانە کە چواردە ساڵ بەردەوامییان هەبوو بەڕووداوی تاکڕەویی دوورەپەرێز و دابڕاو لە ڕەوتی گشتییان دابنێین و ناکرێت پشتیان پێ ببەسترێت، یا بەپێوەر دابنرێن، یاخود بڕیارێکی کۆمەڵایەتی، یان سایکۆلۆجی بەپێی ئەمانە دەربکرێت؟

سەرجەم پێشەکی و ڕووداوەکانی ئەم شۆڕشە خوێناوییە پڕ لە دڵڕەقی و دڕندەییە، جەخت لەسەر دروستیی شیکردنەوەکانمان دەکەنەوە، کە لە هەموو بەشەکانی ئەم کتێبەدا هاتوون، سەبارەت بەبوونی پێوەندیی هۆکاری لە نێوان نوشوستی و بێ ئومێدی و بێبەری لە لایەکەوە، هەروەها سەرجەم جۆرەکانی ئاکار کە کەسێتیی عێراقی پێ دەناسرێنەوە، وەکو پەرچە وەڵام و بەشێوەیەکی تایبەت خەسڵەتی خوێنڕێژی لە ئاکاری ئەم کەسێتییەدا، ئەمەش بابەتی توێژینەوەکەمانە لەم بەشەدا.

هەرچی کۆتایی ڕووداوەکانە دوای ئەو کوشتوبڕ و وێرانکارییەی سێ یەکی باشووری عێراقی گرتەوە، داگیرکردنی شاری (المختارە) و قڕکردنی زۆربەی بەشداربووانە لەم یاخیبوونە بەربڵاوە و کوشتنی سەرکردەی شۆڕشەکە عەلی کوڕی محەمەد (صاحب الزنج) و لەملدانی.

لایەنگیری کردنی کەسێتیی عێراقی بەرەو هەڵبژاردنی ڕێبازی خوێنڕێژی لە بەرەنگاربوونەوەی ڕووداو و گرفتەکان لە زۆربەی ڕووداوەکانی مێژووی عێراق، کارێکە گومانی گەورە هەڵدەگرێت سەبارەت بەسروشتی خوێنڕێژی لە کەسێتیی عێراقیدا لەلایەنی ئاکارییەوە بەشێوەیەکی گشتی.

شۆڕشی زنج بەهەموو ڕووداوەکانییەوە بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە و ڕوونە هەمبەر ڕەوتی خوێنڕێژی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا.

لەو ڕووداوانەی دەتوانین بەبەڵگە بیانهێنینەوە لەسەر چوونە ناوەوەی کەسێتیی عێراقی لە ئاکاری ناسراو بەوپەڕی دڵڕەقی و دزێوی و دڕندەیی لە تۆڵەسەندنەوە، ئەو شێوازەی بەکر سۆباشیی فەرمانڕەوای بەغدایە لە ساڵی ١٦١٩ز دا لە لەناودانی نەیارە سیاسییەکانیدا جێبەجێی کرد، ئەوانەی هەوڵی کوودەتایان ڕێک خست بەسەرکردایەتیی محەمەد قەنبەر بۆ لادانی لەسەر حوکم لە ماوەی نەبوونی لە بەغدا بۆ چەند ڕۆژێک، ڕووی لە ناوچەکانی فوراتی ناوەڕاست کردبوو بۆ تەفروتووناکردنی هەڵگەڕانەوەی هەندێک لە هۆزەکانی ئەوێ.

لەگەڵ گەیشتنی هەواڵی کوودەتاکە بەپەلە لە ڕێگەی ڕووباری دیجلە و لە ژێر ڕێژنەی گوللەدا گەڕایەوە بەغدا و توانی بچێتە قەڵاکەوە و ململانێی دژ بەکوودەتاچییەکانی بەڕێوە برد و لە سەرکوتکردنی کوودەتاکەدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا و توانی گرینگترین کەسایەتی و سەرکردە بەشداربووەکان لەم هەوڵەدا دەستگیر بکات، پاشان پاکتاوی کردن و بەشێوەیەکی دەگمەن و پڕ لە دڕندەیی و بەدڕەفتارانەی خوێناوی لەناوی بردن، ئەوەبوو بەزنجیر بەستنییەوە، لە ناو بەلەمێکی گەورەدا شەتەکی دان و پڕی لە گۆگرد و قیر کرد، ئینجا گڕی تێ بەردا و بەناو ڕووباری دیجلەدا ڕێی دەکرد...

خەڵکی بەغدا توانییان ئەو قوربانییانە ببینن چۆن لە ناو بەلەمێکی گڕتێ بەربوودا بەستراونەتەوە و ئاگریان لێ هەڵدەستێ، هەروەها بۆ ماوەیەکی درێژ گوێیان لە قیژە و هاواریان بوو، چۆن لەسەرخۆ لە ناو بەلەمێکی گڕگرتوو بەسەر ئاوی دیجلەوە گڕیان تێ بەردەبێ، بەر لەوەی لاشەکانیان و بەلەمەکەش ببنە خۆڵەمێش (بەمە بەکر بەکوشتنی دوژمنەکانی بەبەرچاو و گوێی خۆیەوە دڵی ئاوی خواردەوە و سەرجەم دیلەکانیش بەهەمان چارەنووس چوون و لەو ڕۆژەدا ناوی هۆلاکۆ و تەیموورلەنگیان بەزاردا دەهات، لە نێوان قوربانییەکاندا موفتیی بەغدای تێدا بوو).[٣٣]

ئەو شێوە ئاوارتەیە لە دڕندەیی و ئاکاری خوێنڕێژییە تۆڵەستێنەی کەسێتیی عێراقی لەم ڕووداوەدا ئەنجامی دا زۆر ڕوون و دیارە و لە تۆڵەستاندنەوەی دەگمەنی تژی لە دڵڕەقی و دڕندەیییەوە دێت...

وادیارە ئەم وڵاتە لە بەختانێتی فەرمانڕەوای ئاوارتەیی ئەوپەڕی خوێنڕێژی تێدا بێتە کایەوە.

ئەم حوکومڕانە عێراقییە (بەکر سۆباشی) بەردەوام بوو لە زیادەڕەوی لە دڵڕەقیی خوێناوی لە ڕووداوە هەمەڕەنگەکان لە ئاکاری بەزۆری پاوانکردن دژ بەوانی تر پێڕەوی کرد، لە میانەی ئەو ئابلووقەیەی سوپای ئێرانیی بەغدای پێ شەتەک دا، بۆ ناچارکردنی بەکر سۆباشی بەخۆدانەدەستەوە، ئەوەبوو محەمەدی کوڕی ناپاکییەکی نامەردانەی دژ بەباوکی کرد، ئەوەبوو کاری بەرگریکردن لە قەڵای بەغدای پێ سپاردبوو، ئەم کوڕە خاینە بەنهێنیی لەگەڵ سوپای ئابڵووقەدەری ئێرانیدا، کە بەسەرکردایەتیی شا عەباس بوو ڕێکەوتبوو کلیلی قەڵاکەیان بداتێ،

ئەوەبوو سەربازە ئێرانییەکان بەدزییەوە لە شەودا خۆیان بەقەڵاکەدا کرد، هەر هێندەی ڕۆژ بووەوە سوپاکە دەستی بەسەر گرینگترین ناوەندەکانی قەڵاکەدا گرتبوو، کە سیمبولی فەرمانڕەوایی و ناوەندی فەرمانگە بنچینەییەکان بوو، بەم ئاوایە بەغدا داگیرکرا و شارەکە کەوتە دەست شا عەباسەوە، کە قەسابخانەیەکی تایەفیی تۆقێنەری دژ بەخەڵکی بەغدا لە سوننییەکان ئەنجام دا، هەروەها گۆڕی ئیمام ئەبی حەنیفەی نەعمان و گوومەزی حەزرەتی گەیلانیی تێک دا، ستیڤن لۆنگریکی نووسەر ئەم کارە خیانەتکارانەیە (مەبەست ناپاکییەکەی محەمەدی کوڕی بەکر سۆباشییە لە بەرابەر باوکیدا) دەڵێت: "دەستبەسەرداگرتنی سۆباشی بۆ حوکم سەرەتایەک بوو بۆ دانەدەستی عێراقەوە بۆ شای ئێران بۆ ماوەی نیوەی تەمەنی نەوەیەک، تەنیا لەبەر ئەمە ئەم ڕووداوە خەڵکی بەدرێژایی ڕۆژگارێک وەکو ڕووداوێکی گرینگ باسیان دەکرد، وەلێ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەم چیرۆکە شایان بەوەیە لە نێوان چیرۆکە نەمرەکانی غەدر و ناپاکیدا شوێنی بۆ تەرخان بکرێت".[٣٤]

## نەریتێکی خراپی دوژمنکارانەی عێراقی

لە سیماکانی حەزی دوژمنکاریی خوێناوی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا بڵاوبوونەوەی ئەم نەریتە خراپەیە:

کاتێک دەمەقاڵێی لەناکاو و ڕاگوزەر لە نێوان دوو کەسی عێراقی، یا پتردا ڕوو دەدات، لە نێوان ئەوانەی یەکتر ناناسن و پێشتر ناخۆشییەکیان لەبەیندا نەبووە، ئیدی لە هەر شوێنێک لە شوێنەکاندا بن، لە شەقام، یا بازاڕ، یا چاخانە، یان لە ڕێگە یەکتربڕەکاندا، یاخود لە گەڕەک و کۆڵانەکاندا، یان لە دوکانێکی بازرگانی، یا گردبوونەوەیەک، یا بارەگایەکی پیشەیی یا سەندیکایی، یا لە ئاهەنگ، یان لە خۆپیشاندانێک.... هتد.

ئەوا ئەم دەمەقاڵێیە بەخێرایی هەڵدەکشێ و بێ پێشەکی بۆ شەڕ دەگۆڕێت و هەردوو لا شەق و مشتەکۆڵە و چەقۆ بەکار دەهێنن و یەکتر پاڵ دەدەن و جلی یەکتر جڕ و وڕ دەکەن، خۆ ئەگەر کەسانی باش ناوبژی نەکەن ئەوا ناخۆشییەکە بەشێوەیەکی بنبڕ و خێرا تەواو دەبێت و دوور نییە ئەو شەڕە زیاد بکات و دوای چەند چرکەیەک ببێتە شەڕێکی دڕندانەی وا ئامرازی بریندارکەری تێدا بەکار ببرێ، زۆر جاریش زام و جێ گازی سووک و مامناوەندییان پێوەیە، هەندێک جار ئەمەش زیاد دەکات، لە دەست دەردەچێ و بەبۆنەی ئەو دەمەقاڵێ لە ناکاو و بێ مەبەستەوە کوژراو دەبێت.

ئەم شێوازە لە هەڵکشانی هێرشبردنی دوژمنکارییەی ناتەبایی، یا دەمەقاڵەی تاکەکەسی و بەخێرایی گۆڕینی بۆ شەڕێک دوور نییە بگاتە کوشتن لە هەر کۆمەڵگەیەک لە کۆمەڵگەکان، ئاماژەیە بەدەلالەتی دوژمنکاریی متبوو لە ئاکاری تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، ئەم دەلالەتە دوژمنکارانەیە زۆر جار نیشاندەرە لەسەر بوونی حەزی خوێنرێژی لە ئاکاری تاکەکاندا.

دەمانەوێت لێرەدا باسی ئەوە بکەین، کە ئەو ئاکارە عێراقییە خراپەی پێشتر وەسفمان کرد، لە تێکڕای گشتیی ڕووداوە چوونییەکەکان لە وڵاتدا ڕوو دەدا و پیادە دەکرێت، ئەمەش مانای ئەوە نییە بەڕەهایی هەموو عێراقییەک بەم شێوەیە خراپە و بەم شێوازە دوژمنکارە دواکەوتووانەیە لە کاتی شەڕدا هەڵسوکەوت دەکات، دەبینین زۆرێک لە عێراقییەکان ڕووبەڕووی ئەم شێوە هەڵوێستە دەبنەوە لەگەڵ پتر لە لێبوردن و بەخشندەیی زیاتر و لێبوردەیی بەبەکارهێنانی بڕگەی جوان، کە وشەی عێراقیی دڵگیر و باڵایان تێدان، وەکو:

(اغاتی... عیوني... هتد)، بەڵکو لەمەش پتر ، ڕەنگە هەڵوێستی پڕ لە شلەژان و دەمەقاڵە سەرلەبەری بگۆڕن بۆ هەلێک بۆ گاڵتە و نوکتە و یەکترناسین...

بۆیە ئەوی قسەی لەبارەوە دەکەین تێکڕای پێوەری گشتییە بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم نەریتە خراپە لە کۆمەڵگەی عێراقیدا، مەبەستیشمان ئەوە نییە بەڕەهایی بیگشتێنین بەسەر هەموو عێراقییەکاندا.

ئەگەر بمانەوێت فراوان بینەوە لە وەسف و لێکدانەوەی ئەم نەریتە خراپە، ئەوا لە تواناماندایە باسی ئەوە بکەین، کە زۆرێک لە عێراقییەکان سەیریان پێدا دێت و تووشی سەرسووڕمان دەبن لەوەی دەمەقاڵەیەک لە نێوان هەندێک کەس لە وڵاتانی دیکەدا دەبینن، هۆکاری سەیر پێدا هاتنەوەکەشیان ئەوەیە ئەو دەمەقاڵێیەی لە نێوان خەڵکدا لەوێ دەیبینن، تەنیا لە قسەکردن و مشتومڕ و گلەیی بەدەنگی بەرز کورت دەبێتەوە، پاشان زۆر جار کێشەکە بێ شەڕکردن بەدەست، یا لێدان، یاخود بەکاربردنی ئاسنەمشت (دامر بۆکس) و شتی بریندار کەر دەبڕێتەوە، ڕەنگە زۆرترین تانەلێدانی دووبارەبووەوە کە لە عێراقییەکانەوە دەیبیستین، دوای بینینی ئەم جۆرە دەمەقاڵێ خاڵی لە لێدانە لە وڵاتانی تردا، ئەم توانجانە تێ بگرن:

(خوێڕین، ترسنۆکن، شەڕەکەیان بەس قسەیە)، واتا شەڕیان لە قسە بەدەر نییە، لێدان یا برینداربوونی تێدا نییە، ئەم توانجە و ئەم شێوە پلار تێگرتنە، کە لە عێراقییەکانەوە دەردەچێت، نیشانەی ئەوەیە عێراقییەکان ئەم شێوازە سارد (ژنانی) و خاڵییە لە لێدان و شەڕیان بەدڵ نییە..

بەڕای ئەو شەڕ دەبێ لێکدان و مشتوەشاندن و جل دڕاندن و بەکارهێنانی دەست و ئامرازی تێدا بێت...!

ئەم جۆرە نارەزاییە خۆی لە خۆیدا بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە ئاماژەیە بۆ بوونی حەزی دوژمنکاریی خوێنڕێژیی متبوو لە ناهۆشیاریی کەسێتیی عێراقیدا، کە لە ناخی ئەو عێراقییەدا تینوو و لەکار کەوتووە، کە دەمەقاڵەیەکی بینی خاڵی بوو لە لێدان و بەکارهێنانی دەست، بەشێوەیەک گاڵتەی بەم دەمەقاڵێیە دێت، قسەکان تێیدا سنووردارن و گاڵەگاڵ و مشتومڕی تێدا نابیسترێ و خاڵییە لە لێدان و زامدارکردن و خوێن...

لەو ئاماژانەی جەخت لەسەر بوونی حەزی خوێنرێژی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا دەکاتەوە، ئەوەی لە ساڵی ١٩٥٩دا ڕوویدا، ئەو کاتی سەرۆک عەبدولکەریم قاسمی سەرۆک وەزیرانی عێراق، کە کۆمۆنیستەکان سووربوون لەسەر ئەوەی بە(الزعیم الاوحد) ناو ببرێت، تووشی هەوڵی تیرۆرکردنە بەناوبانگەکە هات لە شەقامی ڕەشید، کە بووە هۆی زامداربوونی قۆڵی و کەوتنە نەخۆشخانەوە، بێ ئەوەی ژیانی بکەوێتە مەترسییەکی جدییەوە، کاتێک پاش چەند هەفتەیەک بڕیار درا لە نەخۆشخانە دەربکرێت، ڕێکەوتن وا بوو لە ڕۆژی لە نەخۆشخانە دەرچوونی لە خۆشیی سەلامەتیی ئەو ڕێپێوانی میللی لە سەرجەم شارەکانی عێراقدا ئەنجام بدرێت، هەروەها وا ڕێکەوتن ئەو ڕێپێوانانە بەڕێپێوانی (سەلامەتی و خۆشی) ناو بنرێن، ڕێکخستن و هەماهەنگیی گشت ئەمانە لەلایەن حزبی شیوعییەوە دەکرا، کە بەشێوەیەکی تەواو دەسەڵاتی بەسەر سەرجەم چالاکییەکانی وڵاتدا گرتبوو، ویستی ئەم ڕێپێوانانە بکاتە بۆنەیەک بۆ جوێندان بەنەیارە سیاسییەکانی لە نەتەوەپەرست و بەعسییە عێراقییەکان و پڕوپاگەندە بەدروشمەکانییەوە بۆ ستایشی عەبدولکەریم قاسم بۆ نزیکبوونەوە لێی...

ڕێپێوانەکان کە لەلایەن حزبی شیوعییەوە ئاراستە دەکران لە زۆربەی شارەکانی عێراقدا بەڕێوە چوون، دروشمیان بەژیانی تاقە سەرۆک دەدا (زعیمنا سلامات، موتوا یا بعثیە)، لێ ئەوی مایەی سەرنج و مەبەستی ئێمەیە و بەلامانەوە گرینگە لەم توێژینەوەیەدا سەبارەت بەخوێنرێژی لە کەسێتیی عێراقیدا، بوونی هوتافێک بوو خۆنیشاندەران لە سەرجەم شارەکانی عێراقدا زۆریان دووبارە دەکردەوە، دەیانگوت (إعدم إعدم لاتكول ماعندي وكت، إعدم) واتا (لەسێدارە بدە لەسێدارە بدە، نەڵێی کاتم بەدەستەوە نییە، لەسێدارە بدە).

بەر لەمە قسە وابوو کە سەرۆک قاسم زۆر سەرقاڵە و کاتی نییە بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆسێی کێشەی تیرۆرکردنەکە، دۆسێکانی کێشەی دەوڵەت و وەزارەتەکان لە سۆنگەی کەوتنی لە نەخۆشخانە کەڵەکە بوون، هەروەها ئەو کات ئەوە بیسترا کە سەرۆک عەبدولکەریم قاسم دەیویست لێخۆشبوون بۆ ئەوانە دەربکات، کە هەوڵی تیرۆرکردنیان دا.

بەڵام پارادۆکسی (مفارقة) ئەم بابەتە لەوەدایە، کردارەکە (مەبەستمان هەوڵی تیرۆرکردنەکەیە) لەلایەنی جێبەجێکردنەوە کارێکی خوێناوی بوو و قەبارەیەکی گەورەی هەڵگرتبوو لە پێداگرتن لەسەر تۆڵەسەندنەوە و ئەنجامدانی مەرگ بەهەر کەسێک لە ناو ئۆتۆمبیلەکەی سەرۆکدا بووایە، بێ جیاوازی و بەوپەڕی دڵڕەقیی خوێنرێژییەوە، ئەوەبوو هێرشبەران ئۆتۆمبیلە زرێپۆش نەکراوەکەی عەبدولکەریم قاسمیان بەشەستیری بچووک گوللەباران کرد، کە لە ژێر جلەکانیان شاردبوویانەوە، ئەمەش بووە هۆی کونکردنی ئۆتۆمبیلەکە لە سەدان شوێنەوە، لەگەڵ کوشتنی شۆفێرەکە و بریندار بوونی پاسەوانەکەی و پێکانی عەبدولکەریم قاسم، هەروەها بەهۆی ڕێژنەی

گوللەکانەوە یەکێک لە هێرشبەران کوژرا.

ئەم کارە جێ پەنجەی تۆڵەسەندنەوەی خوێناوی بەهەموو ماناکانییەوە لە دڵڕەقی و دڕندەیی لەخۆ کۆ کردبووەوە.

لە لایەکی ترەوە ئەو هوتافانەی خۆنیشاندەرە عێراقییەکان دەیانوتەوە ئەوانیش هەڵگری گشت ماناکانی تۆڵەسەندنەوەی خوێناوی بوون، خۆنیشاندەران داوایان لە سەرۆک کرد بڕیاری لە سێدارەدان جێبەجێ بکات و هیچ بەهانەیەکی لێ قبووڵ ناکەن گەر لەداردانیان دوا بکەوێت، وەکو سەرقاڵی، یا نەبوونی کات بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆسێکان.

بەم ئاوایە تەنانەت گەر فەرمانڕەوایەک لە عێراقدا بەلای بەزەیی و ئارەزووکردنی لێخۆشبووندا لابدات، ئەوا میللەتێک لە بەرابەریدا دەبینێتەوە بەزەیی و لێبوردەیی ڕەت دەکاتەوە و داوای لەداردان و مردن دەکات...!

بەپێویستی نازانین کۆمێنت لەسەر ئەم ڕووداوە تۆمار بکەین، چونکە سەرجەم بەشداربووانی ئەم دیاردەیە عێراقین، بەدڵنیاییەوە تا ناقرگەیان نوقوم بوونە لە حەزی خوێنڕێژی و ئومێد دەخوازن تا ئەوپەڕی خوێن بڕژێت، کەچی لە ناوەندی ئەو ژاوەژاو و ململانێ پاکتاوییە ترسناکەدا هیچ دەنگێک نابیسین بانگی برایەتی و لێبوردەیی، یا لێخۆشبوون، یا بانگەواز بۆ گفتوگۆ و لێک گەیشتن و هاوکاریی نیشتمانی بکات.

حەزی خوێنڕێژی لە بینای دەروونی و ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا کۆنترۆڵی هەمووانی کردبوو و وای لێ دەکردن پتر داوای دروشمەکانی مەرگ و لەسێدارەدان بکەن...

## نموونەی بەرچاو لە ئاکاری خوێنڕێژیی عێراقی بەر لە ساڵی ۲۰۰۳ز

ماوەی بەر لە ساڵی ۲۰۰۳ کۆمەڵێک ڕووداوی خوێناوی لەسەر گشت ئاستەکان و لە هەموو ناوچەکانی عێراقدا بەخۆوە بینی، ئەمەش بەهۆی ئەو سیاسەتە توندەوە بوو، کە ڕێژیمی سیاسیی ئەو سەردەمە گرتییە بەر لە چارەسەرکردن و بەرەنگاربوونەوەی کێشە و گرفتە نوێیەکان لە وڵاتدا، جا گەر لە ئاستی سیاسی، یا ئابووری، یان هی تردا بێت.

لێرەدا هەندێک لەو ڕووداوانە لە ئاکاری کەسێتیی عێراقی بەسەر دەکەینەوە، کە بەدەستی عێراقییەکان ئەنجام دراون.

## زمان و گوێ بڕین لە عێراقدا

هەمووان دەزانین سزای توند و دادگە مەیدانییەکان و بڕیاری لەداردان جێبەجێ کردنی دەمودەست لە ماوەی شەڕدا لە کارە باو و ناسراوەکانن لە سەرجەم وڵاتانی جیهاندا، وەلێ گوێ بڕینی ئەو سەربازانەی لە پێوەندیکردن بەبەرەکانی شەڕەوە دوا دەکەون، کارێکە ناتوانین بڵێین

ئەگەر ناسراو و باو بێت لە جیهاندا، یاخۆ داهێنانێکی تایبەت بەعێراقە.

گوێ بڕینی سەربازی دواکەوتوو لە پێوەندیکردن بەیەکەکەیەوە لە ماوەی شەڕی عێراق ئێرانەوە بووە شتێکی باو، ئەم کارە خوێناوییە دەرهەق بەژمارەیەکی زۆری عێراقییە کلۆڵەکان ئەنجام درا...

دوای کۆتایی هاتنی شەڕ ژمارەیەکی کەم نەبوون ئەو عێراقییانەی لە دەرەوەی عێراق بینران گوێیان بڕا بوو، لە کاتێکدا ئەو شێواندنەیان دەشاردەوە، کە پێیانەوە بوو و باسیان نەدەکرد، مەگەر زۆر بەکەمی.

دوای ڕووخانی ڕێژیم لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بەم کێشەیە کرا سیمایەکی نێودەوڵەتی بەخۆوە گرتبوو، ئەوەبوو لیژنەی نێودەوڵەتیی پسپۆڕ هەندێک لەو عێراقییانەی بینی، کە گوێیان بڕابوو و ئەو ڕووداوانە بەفەرمی لەلایەن هەندێک ڕێکخراوی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکانەوە تۆمار کران و وێنەیان گیرا.

لە میانەی قسەی قوربانییەکانەوە دەرکەوت گرینگترین سکاڵا دوای گوێ بڕینیان بەدەستییەوە بناڵێنن، ئەو دەنگە بەردەوام و هەمیشەییەیە، لە کاتی ڕوودانی هەر شنەبایەک لە تەنیشت گوێیە بڕاوەکەیانەوە دەیبیسن و هەستی پێ دەکەن، تەنانەت دوای چاکبوونەوەی برینەکەش.

بۆیە ناچاربوونی ئەمان بەداپۆشینی گوێیان بەپارچە قوماشێک، یا سەرپۆشێک، یا کڵاوێکی تایبەت کە گوێیەکانیان بان دەدات، کارێک نەبوو بۆ داپۆشینی ئەم شێواندنە، یا ناتەواوییەی دەوڵەت پێی گەیاندن، بەڵکو کارڕاییەکە پێویستییە تەندروستییەکان بەسەریاندای دەیسەپێنێت، کە ئەو وزە بەردەوامەی گوێ بڕاوەکە دەیبیستێت، بەڵام ئەوانەی توانییان چارەسەری ئەم دژوارییە تەندروستییە بکەن، ئەوا ئیتر ئەو وزەیەیان نەدەبیست... وەلێ دیمەنی گوێی پلاستیکیی لە گوێیە سروشتییەکە چوو دەبووە هۆی موچوڕک پێدا هاتنەوە و بێزاری و قێزکردنەوە، کاتێک خاوەنەکەی بەهەر هۆیەکەوە ناچار دەبوو دایکەنێ و بۆ ماوەیەکی کەم بیخاتە سەر مێزەکە.

وای بۆ دەچین مێژووی خوێنڕێژی لە جیهاندا ئازار و شوێنەوارێکی تراژیدیی هەمەچەشن و دزێوی لە پاش خۆیەوە جێ هێشتووە، وەلێ ناتەواویی تەندروستیی وەڕسکەر و قێزەون و مایەی شەرمی جێ نەهێشتووە وەک ئەوەی خوێنڕێژیی کەسێتیی عێراقی جێی هێشتووە، بەبڕینی گوێی عێراقییەکان بەم شێوەیە، بۆ ئەوانەی دۆخەکەیان بەرەو دواکەوتن بەڕاگەیشتن بەیەکە سەربازییەکانیانەوە لە ماوەی شەڕی عێراقی ئێرانی بردنی.

سزای گوێ بڕینی مرۆڤ و لووت بڕین لە مادە یاساییەکانن، کە لە یاسای حەمورابی و هەندێک لە یاساکانی ئاشووریدا هاتووە، وەکو سزایەکی تۆبەکردنی تۆڵەکردنەوە...

کەچی ڕێژیمی سەدام و دەسەڵات لە عێراقدا هەینێ لە شەڕی عێراق – ئێراندا گوێ بڕینی بەسەر عێراقییە هەڵاتوو و بەجێماوەکاندا سەپاند، بێگومان ئامانج و مەبەستی ئەوە نەبوو ئەو

ماده دواکەوتووە یاساییە زیندوو بکاتەوە، کە یاسای نووسراوی حەمووراببی بەر لە پتر لە چوار هەزار ساڵ لەخۆی گرتبوو، بەڵکو ئامانجی ئەوە بوو کارڕاییەکی خوێناوی بسەپێنێت، بەمەبەستی حەزی خوێنڕێژی لە کەسێتیی تاکی عێراقیدا، ئەگەر ئەو کارە وەڵام بەحەزی خوێنڕێژی نەبوایا، ئەوا دەکرا لەبری گوێ بڕین سزای تری ناخوێناوی دابنرێت، وەکو زیندانی کردن، یا سزای ماڵی، یان بۆ نموونە کاری شەڕکردنی مەترسیداری قورسیان لە بەرەکانی پێشەوە پێ بسپێررایا.... هتد.

هەرچی زمان بڕینە، کە پرۆسەیەکە ژمارەیەک لە عێراقییە ستەم لێکراوە هەژارە ناڕازییەکانی دژ بەڕێژیم و دەسەڵات دەرگیری بوون، سزایەکە پێوەست نییە بەبەرەکانی شەڕ و شەڕین، بەڵکو شێوەیەکە لە شێوەکانی تەمێکردنی خوێناویی زێدەڕۆ بۆ ڕێگەنەدان بەعێراقییەکان دەستدرێژی بکەنە سەر ناوی (سەرۆکی فەرماندە).

ئەمەش بەشێوەیەکی سەرەکی لە سەردەمی سەدام حوسێندا ڕووی دا، ئەو عێراقییانەی زمانی خۆیان نەدەگرت لە ڕەخنەگرتن لە سەرۆک، بەئاماژە کردن، یا قسەکردن، ئەوا دەسەڵات پەنای دەبردە سەر تەمێکردنیان، تاکو ببنە پەند بۆ ئەوانی تر.

جێبەجێکردنی ئەم سزایەش (واتا زمان بڕین) پێویستی بەهەندێک پێداویستی دەکرد، باشتر وابوو لە شوێنێکی گشتیدا ئەنجام بدرێت، کە بکرێت خەڵکی لێ کۆببێتەوە بۆ هەرا نانەوەیەک ببێتە ئەگەری گەیاندنی پەیامە خوێناوییە تەمێ ئامێزەکە بۆ گەورەترین ژمارە لە عێراقییەکان، پێویست بەژمارەیەکی باش لە پیاوانی ئاسایش دەکات بۆ گرتنی قوربانییە عێراقییەکە، کە پێویست بەزمان بڕینی دەکات و نەهێڵرێت بجووڵێت، یا لەدەستیان دەرچێت و لە سزاکە ڕزگاری بێت، هەروەها پێویستی بەهەندێک ئامرازی سەرەتایی پێویست هەیە، وەکو ماشەی ئاسن کە یارمەتیی گرتنی زمان و بەتوندی ڕاکێشانی بۆ دەرەوە دەدات تا ببڕدرێت، هەروەها دەخوازێت نوێڵێکی سادەی ئاسنین هەبێت، تا لە ڕێگەیەوە بەهێز دەم و شەویلاگ بکاتەوە بۆ چوونە ناوی ماشەکە و دەرهێنانی زمان و بڕینی، هەندێک جاریش کارەکە پێویست بەئامادەبوونی پزیشک دەکات لەگەڵ ئەو ئاسایشانەدا بن، کە ئەنجامدانی ئەو کارەیان پێ سپێرراوە، تا ئەگەر پێویستی کرد خوێنبەربوونەکە بوەستێنن ، چونکە زمان ئەندامێکە پڕ لە دەمار و خوێنبەر و خوێنهێنەرە، کە ئازاری زۆر و خوێنبەربوونی ترسناک دروست دەکەن، دوور نییە نەوەستێت و ببێتە هۆی مردنی.

هەندێک لەوانەی ئامادەی ئەو پرۆسە خوێناوییە دزێوە بووبوون، ئەوەیان بۆ گێڕاینەوە کە بەچاوی خۆیان بینیبوویان لە کاتی زمان بڕینی یەکێک لە عێراقییەکاندا لە شاری حیللە، یەکێکی تریش باسی پرۆسەیەکی لەو شێوەیەی کرد، کە چۆن زمانی عێراقییەکی تر لە خەڵکی عیمارە دەبڕن و چۆن هێزەکانی ئاسایش بەئەنقەست لە یەکێک لە دووڕیانە قەرەباڵغەکاندا ڕێی هاتوچۆیان بڕیوە، تا خەڵکەکە کۆ ببنەوە و بزانن چی بەسەر ئەم هاووڵاتییەدا هاتووە و ئەو پەندە خوێناوییە داواکراوە فێربن و ئەوی شتی وای بەمێشکدا بێت دەمدرێژی بکاتە سەر ناوی سەرۆک،

یا وێنەکەی، یا ئەو قسانەی لە گوتارەکانیدا دەیانکات، با پەند لەمە وەرگرێت...

هەرچی ئەو هاووڵاتییەی عیمارەیە، کە سزای زمان بڕینی بەسەردا سەپێنرا، ئەوا هاووڵاتییەکی سادە و ساکار لە بازاڕی سەوزەفرۆشان کاری دەکرد و عارەبانەیەکی هەبوو بەتەنیشتییەوە دەوەستا و گازی دەکرد، تا سەوزەکانی بفرۆشرێن..

وادیارە ئەو گازکردنەی بۆ فرۆشتنی سەوزە هەندێک برگە و توانج و مانا و ئاماژە و لاقرتێی تێدا بوون دژ بەهەڵسوکەوت و ئەو قسانەی سەرۆک کۆمار دەیانڵێتەوە..

لێ ئەوی مایەی سەیرە لە بابەتەکەدا ئەوەیە، ئەم هاووڵاتییە دوای بڕینی زمانی و چاکبوونەوەی، گەڕایەوە سەر هەمان ئاکار، بەڵام ئەمجارەیان پەنجە و دەستەکانی بەشێوەیەک بەکار دەهێنا هەمان مەبەست و مانایان دەدا، کە لەسۆنگەیەوە زمانیان بڕییەوە، پاش ئەوەی نەیدەتوانی وشەکان گۆ بکات..

هەرچۆنێک بێت ئەو عێراقییانەی لە سەردەمی سەدامدا زمانیان بڕایەوە، بەشێوەیەک قسەیان کرد و دوان، کە بەدڵی دەوڵەت و دەسەڵات و سەرۆک نەبوو، تەواو بەپێچەوانەی ئەوەی لە سەردەمی عەباسیدا بەسەر (یعقوب ابن السکیت)ی ئیمامی ڕەوانبێژیی زمان و نووسەر و زمانەوانی ناوداردا هات، کە خەلیفە ئەلموتەوەکیل لە دواوە زمانی بڕی و لەبەر زۆریی خوێن بەربوون گیانی لەدەست دا، چونکە بێدەنگیی هەڵبژارد و وشەیەکی نەدرکاند و ڕەتی کردەوە قسە بکات، ئەو کاتی ئەلموتەوەکیل داوای لێ کرد جوێن بەعەلیی کوڕی ئەبو تالیب بدات...!!

بەم ئاوایە حەزی خوێنڕێژی لە کەسێتیی عێراقیدا کەس هەڵاواردە ناکات، وەک یەک بەدوای مرۆڤی بێدەنگ و قسەکەرەوەیە، ئیدی زمانی دەبڕێت جا قسان بکات، یا بێدەنگی هەڵبژێرێت.

بەگشتی تراژیدیا لەم کارە دزێوە خوێناوییانەدا ئەوەیە لە کۆتایی سەدەی بیستی دوای زاین لە وڵاتی عێراقدا ڕووی داوە، کە هاتنە دنیای کۆنترین یاساکانی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەخۆوە بینیوە.

## دڵڕەقیی خوێناوی لە نێوان کوردانی عێراقدا

وێڕای ئەوەی بەڕووکەش وا دیاردەدات دۆخی هاوکاری و تەبایی و برایەتی و بەزەیی بەیەکدا هاتنەوە لە نێوان هاووڵاتییانی کوردی عێراقدا باشتر و پترە، ئەگەرچی بەپلەیەکی ڕێژەییش بێت لەگەڵ ئەوەی لە نێوان عێراقییە عەرەبەکاندا هەیە، کەچی ڕووداوی خوێناویی زۆر دڵڕەقانە لە گۆڕەپانی کورداندا ڕوویان داوە، بەتایبەت لەسەر ئاستی پێوەندییە تێکچوونەکانیان لە بواری سیاسی و بوارەکانی پاوانکردنی ناوچەکانی دەسەڵاتی سەربازی لە نێوان هێزە سیاسییە کوردەکاندا، ڕەهەندی متبووی خوێنڕێژیی عێراقییان لە کەسێتیی مرۆڤی کوردی عێراقیی دەرخست، ڕەنگە بەدەرکەوتنی ئەم سیفەتە خوێنڕێژییە لە ئاکاری هاووڵاتییانی کورد لە

کوردستانی عێراقدا، لەلایەنێک لەلایەنەکانییەوە ڕەسەنیی ئینتیمای عێراقێتی ئەم هاووڵاتییە کوردانە دەردەخات، لێرەدا بەشیاوی دەزانین ئەوە بڵێین، کە سیفەتی خوێنڕێژی لە کەسێتیی عێراقیدا (بەپێی ڕووداوە مێژووییەکان) کورت نابێتەوە و تایبەت نییە بەنەتەوەیەک، یا ئاینێک، یان تایەفەیەک، یاخود ڕەوتێکی فیکرییەوە بەدوور لە پێکهاتەکانی تری کۆمەڵگەی عێراق.

لە ململانێی خوێناویدا، کە لە کوردستانی عێراقدا لە ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی بیستدا، لە نێوان هەردوو حزبە کوردییە سەرەکییەکەدا تەقییەوە (حزبی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)، هەندێک لە سەرکردە کوردەکان، ئەوانەی لە شایەدحاڵیان وەرگرتووە و وێنەیان گرتووە بۆیان گێڕاینەوە، باس لە دڵڕەقیی خوێنڕێژی و پەند بەیەکتر دانی خوێناوی لە هەردوو لا دەکەن، لە ئازار و خەفەتا موچوڕک بەگیاندا دێن و دڵ پێیان تەنگ دەبێت.

یەکێک لەو چیرۆکانە سەبارەت بەبرینداریێکی پێشمەرگەی کوردە، کە بەگوللە بریندار بووە و فڕێ دراوەتە سەر زەوییەکە بەتەنیشت ژمارەیەک لاشەوە، لە یەکێک لە خاڵە چۆڵکراوەکانی پشکنین، دوای هێرشکردنە سەری لەلایەن لایەنێکی نەیاری کوردییەوە (واتا لایەنگیرانی حزبەکەی تر)، وادیارە زامەکەی زۆر سەخت نەبووە، ئەم بریندارە دەپاڕایەوە داوای ئاو و بەزەیی و یارمەتیی دەکرد، یەکێک لە پێشمەرگەکانی حزبە نەیارەکە لە ئۆتۆمبیلەکەی دابەزی و تەقەی لێ کرد و جەستەی بەگوللە بێژی و یەکسەر کوشتی...

حەزی خوێنڕێژیی مێژووی لە کەسێتیی عێراقیدا لەو کاتانەدا لەودیو ئەم هەڵسوکەوتە خوێناوییە نەسرۆیە دوور لە گیانی بەزەیی و سۆزی مرۆڤایەتییەوە دەوەستێت و هەر ئەوەشە وا لە هەستی دڵڕەقی و تۆڵەسەندنەوەی خوێناوی دەکات بگاتە ئەوپەڕی و لە کۆتاییدا ئەم جۆرە ئاکارە خوێناوییە دزێو و پڕ لە شوورەییە بەگشت پێوەرەکانییەوە بەرهەم دەهێنێت.

ئەگەر خوا ڕوحی دادپەروەری و دانایی و برایەتی بەسەر ئاوەزی سەرکردە سیاسییە کوردەکاندا دانەگرتایا و هانی نەدانایا بۆ گۆڕینی ئەو لە یەکتر کوشتن و پێکدادانە خوێناوییانەی بۆ هاوکاری و پەنابردنە بەر گفتوگۆ و لێکگەیشتن و یەکێتیی ڕیزەکانیان، ئەوا شەڕی کورد و کورد بەردەوام دەبوو و قوربانی و بێتاوانی پتر لە کورددا دەبوون.

## کەسێتیی نازم گزاری خوێنڕێژ لە کولتووری حزبە عێراقییەکاندا

ئەگەر بمانەوێت نموونەیەک لە کەسێتیی خوێنڕێژیی عێراقی بێنینەوە، ئەوا لە تواناماندایە باسی کەسێتیی نازم گزاری بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی پێشووتر لە عێراقی دوای ساڵی ١٩٦٨ بکەین، چونکە ئەم کەسێتییە وێنەیەکی دووبارەکراوی عێراقییەکی حزبیی شۆڕشگێڕی باوەڕداری شێلگیرە، کە بەخدێی خۆی و خۆڕسکانە تاو دەدات و ئامادەیە بۆ جێبەجێکردنی هەر کارێکی خوێنڕێژیی دژ بەیاسا ناوخۆ و نێودەوڵەتییەکان، ئەوانی پێوەندن بەئازادی و مافەکانی مرۆڤ، ڕەنگە ئامادەییشی تێدا بێت بکوژێت، یا ئەشکەنجە بدات، یان بپلیشێنێتەوە، یاخود ئازار بەهەر

کەسێک، یا کۆمەڵە مرۆڤێکی عێراقی بگەیەنێت جیاواز بن لە ڕا و بۆچوونیان لەگەڵ حزبەکانیان، یا بارستە سیاسییە زاڵەکەی بەسەر دەسەڵات و حوکومدا، بەو نیازەی ئەم حوکم و دەسەڵاتە توندوتۆڵتر و بەهێزتر بکات.

دیاردەی نازم گزار وەکو کەسێتییەکی خوێنڕێژی بارگاوی بەحەماسی حزبی و ئەوپەڕی لایەنگیری بۆ ئەو ڕێژیمەی لە ئاوەز و ڕۆشنبیریدا پتر لە گشت حزب و ڕەوتە سیاسییە عێراقییەکان لەگەڵیدا دێتەوە، تاڕادەیەک بەتایبەت ئەوەی لە سەردەمێک لە سەردەمەکاندا دەستی بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا گرت، لە ڕۆژگاری پاشاییدا کەسێتیی سەعید قەزاز و بەهجەت ئەلعەتییە بەرجەستە بوون، لەو سەردەمەشدا کە بەهەڵکشانی کۆمۆنیزم ناسرا، کەسێتیی ئەفسەری ناوداری کۆمۆنیست هاشم عەبدولجەباری سەرۆک دەستەی لێکۆڵینەوەی سەربازی لە ساڵی ١٩٥٩ و دوای ئەوەش لەمسەر بۆ ئەوسەر عێراقی پڕ لە ترس و تۆقین کرد و ناوی بەهەمان ئەو خەسڵەتانە دەرکرد، کە خەڵکی پاشان کەسێتیی نازم گزاری تۆقێنەریان پێ ناسی، لە سەردەمی حوکمڕانیی حەرەس قەومییەکانیش، کە لەسەر بەعسییەکانی عێراقی ساڵی ١٩٦٣ دەژمێرران، لە گۆڕەپانی ئەشکەنجەدان و مەرگ و لێکۆڵینەوەی ترسناکدا ژمارەیەکی کەم نەبوون ئەوانەی بەتەوری خوێناویی بەدەست وەکو پاڵەوانی ناودار لە پێشەی ئەشکەنجەدانی قێزەون ناسران، نەک بەتەنیا هەر لە بەغدا، بەڵکو لە زۆربەی پارێزگەکاندا.

لە میانەی پاوانکردنی حوکم لەلایەن حزبە ناسرییەکانەوە لە ساڵی ١٩٦٤دا و پاش ئەوەیش هەندێک ناو لە جیهانی ئەشکەنجەدان و کەوتنەدوو دژ بەسیاسییە عێراقییەکان بەرجەستە بوون، لەوانە ڕەشید موحسین ئەلجومەیلیی بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایش و عەزەدین لافی و عەونی ئەلقەلەمچی و ئەوانی تر، هەروەها دوای گەڕانەوەی ئەلبەکر و سەدام بۆ حوکم لە ساڵی ١٩٦٨دا کەسێتیی نموونەیی ئایدیاڵیی خوێنڕێژ هاتە کایەوە، مەبەستمان کەسێتیی ڕاستەقینەی نازم گزارە، دوای لەداردانی کەسایەتیی تر بەرجەستە بوون هەمان ئاکار و خەسڵەتیان هەڵگرتبوو و لەهەوڵدا بوون لە کەسێتیی نازم گزار بچن وەکو نموونەی باڵای ئەم ڕێبازە خوێناوییە، پاش ساڵی ٢٠٠٣ و وێڕای ئەوەی کار و دەسەڵاتەکان بەتەواوی بەدەست عێراقییەکانەوە نەبوون، کەچی حزب و بزووتنەوە سیاسییە عێراقییەکان مکوڕ بوون لەسەر بەرجەستەکردن، یا دروستکردنی کەسێتیی نازم گزاری تایبەت بەخۆی، ئەگەرچی لەسەر ئاستی نائابرووبەرانە و نادیارانە بێت، چونکە تیۆری سیستەمی دیموکراسیی پەرلەمانی ڕێگە نادات بەڕاگەیاندن، یا خۆهەڵکێشان بەم شێوازانەی ڕێژیمەکانی پێشوو سڵ ناکاتەوە لەوەی بانگەشەی بکات بەمەبەستی زیادکردنی شکۆ و دەسەڵات بەسەر سروشتی فەرمانڕەواییەکەیدا، لەبەر ئەمە کەسایەتییە چالاکەکانی نازم گزار بەئەشکەنجەدان و ڕفاندن و ملپەڕاندن، یاخود کونکردنی بەدریلی کارەبایی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە بێدەنگ بوون و هەندێک جار خەڵکی ناو و ئینتیما و کردەوەکانیان بەچپەچپ و ئاماژە باس دەکەن....

بەهەر حاڵ ناوی جەلادەکان هەمەجۆر بوون، لە کاتێکدا ئەشکەنجەی خوێناوی دژ بەعێراقییەکان یەک بوو و نەدەگۆڕا، بەم شێوەیە کەسێتیی نازم گزار هێشتا لە یادەوەریی و ڕۆشنبیریی (دوور نییە خەونەکانیشیان) زۆربەی حزبە عێراقییەکاندا چێنراوە و دەشێت لەگەڵ یەکەم هەلی شیاوی نوێدا بێتە بوون و بەدەرکەوێت...

خەریکە بتوانین بڵێین ئەو کارە خوێنڕێژییە دزێوانە و ئەوپەڕی دڵڕەقییانە، کە کەسێتیی تۆقینی عێراقی پیادەی دەکردن، کە هێمایەکمان لە سەرجەم سەردەمە یەک لە دوای یەکە سیاسییەکاندا بەناوی (نازم گزار) بۆ دانا، ئەوانە بوون ڕووداوەکانی مێژووی عێراقی نوێ، یاخۆ هاوچەرخیان بەهەموو ڕەهەند و لاپەڕە شەرمهێنە خوێناوییەکانەوە دانا.

## جۆری تاک و تەرای ئەشکەنجەدان

یەکێک لە زیندانییەکان، کە لە پلەی (فریق رکن)ی لە سوپا دەرکراو بوو بۆی گێڕاینەوە، لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕابەرێکی گەورە بوو لە ڕێکخراوی سەربازیی سەر بەحزبی بەعس لە عێراقدا، ئەو لەوانە بوو کە دوای ڕووداوە خوێناوییە تۆقێنەرەکانی پاکتاوکردن، کە بەپیلانی نازم گزاری بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشی ئەوسا ناونرا، بەندکران و ئەشکەنجە دران، ڕزگاربوون و مانەوە لە ژیانداى بۆ نووسرا، دەڵێت: ئەو کارانەی لە گرتیگە عێراقییەکاندا بەتایبەت لە گرتیگەکانی سەر بەهەواڵگری و ئاسایش ئەنجام دەدران، نەئەچوونە مێشکی کەسەوە، لەبەر سەیری و قێزەونییەکەی ڕەنگە ئەوی بیبیسێت وابزانێت زیادەگۆییە و لە هۆنینەوەی خەیاڵە.

باسی هەندێک لەو کارانەی کرد، کە لەناو گرتیگەکاندا بەڕێوە دەچن، کەمێکیان هەڵدەبژێرین تا وێنەیەک بخەینە بەرچاو لەسەر ئەوەی لە ناو ئەو بەندیخانانەدا لە ماوەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕوویان دەدا:

(هەموو شەوێک گشت گیراوەکان چاوەڕێی گەیشتنی ئەو کاغەزە بوون، کە ڕێنوێنیی ئاراستەکراوی بۆ زیندانییەکان تێدایە، کە تێیدا جۆری ئەشکەنجەدان دیارکراوە، کە دەبێت لەو شەوەدا پێوەی پابەند بن، بەحوکمی دووبارەبوونەوە زیندانییەکان بەنهێنیی ناو خۆیاندا ناویان نابوو "مینیو" ئەم زاراوەیەش لە چێشتخانەکاندا بەکار دەهێنرێت، مەبەستیش لێی ژەم یا لیستی خواردنە، کە بێ جیاکاری بەسەر گشت زیندانییەکاندا پێڕەو دەکرا).

هەروەها گوتی: (هۆڵی وا هەن دەبێت زیندانییەکان تێیدا ڕووتوقووت بن و بنوون و بێدار بنەوە هەر ڕووت بن). ئێمە توانای لێکدانەوەی مەبەستەکەمان نییە لەم هەڵسوکەوتەی لەگەڵ زیندانییەکاندای دەکەن، جگە لە ئارەزووی ڕێژیم نەبێت بۆ لووت شکاندنیان و بێ نرخ کردنیان.

هەروەها گوتی: نێربازییان لەگەڵ سەرجەم ئەو زیندانییانەی لە سۆنگەی کێشەی سیاسییەوە گیراون بەکار هێنا، زۆر بەکەمی یەکێک لەم سزا سەیرە ڕزگاری بووە.

ئینجا باسی ئەوەی کرد: (بەندیوانەکان "وەردیان" هەندێک شەو بەئەنقەست ئاو دەرِژێننە بنیان، چونکە زیندانییەکان لەسەر زەوی دەنوون و جل و پێخەفەکانیان تەرِ دەبێت و شڵپەی ئاویان دێت و ئیتر خەو ناچێتە چاویان)...

لەم سالآنەی دوایی پێش داگیرکردنی عێراق لە ٢٠٠٣دا کە هەڵوەشانەوە و بەرەڵایی دامودەزگەکانی دەوڵەتیان گرتبووەوە و دیاردەی بەرتیل لەسەر ئاستێکی فراوان بڵاو بووبووەوە، بەڵام بەنهێنییەکی توندوتۆڵ پیادە دەکرا... خەڵکیش قسەیان لەسەر هەندێک بەرتیلی زۆر گەورە دەکرد، کە بوونە هۆی گۆرِینی برِێک لەوانەی برِیاری لەسێدارەدانیان بەسەردا دراوە (بەر لەوەی برِیارەکە ئەنجام بدرێت) بەکەسانی تر، کە لەدار دران و برِیاری مەرگیان بەسەردا درا و نێژران، کەچی خاوەن واسیدەکە، یاخۆ بەرتیلە گەورەکە بەزیندوویی مایەوە، وەلێ بەپێی هەندێک بەڵگە لە زینداندا مایەوە بەشێوەیەک برِیارەکە نەگاتە لەسێدارەدان....

زیندانییەکی تر دوای دەرچوونی لە گرتیگە لە سالآنی هەشتاکاندا چارەسەری چاوەکانی دەکرد، تۆرِی چاوەکانی لە سۆنگەی تیشکی رِووناکیی سووری وەنەوشەییەوە بەرِۆژ و شەو لە گرتیگە تاریکەکەیدا زیانی پێ کەوت، کە بەئەنقەست ئەم رِەنگەیان هەڵدەبژارد، چونکە زیان بەتۆرِی چاو دەگەیەنێت...

زیندانیی عێراقیی تر، کە لە هەشتاکانی سەدەی رِابردوودا خرانە گرتیگەوە، کە هیچ ناسیاوی، یاخود هاوەڵێیەک بەیەکیانەوەی نەدەبەست، جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە دەرگەی هەندێک لە هۆڵی گرتیگە نهێنییەکان بەقفڵ کلۆم نادرێت، بەڵکو بەئۆکسجین لەحیم دەکرا و بەهیچ شێوەیەک بواری کردنەوەیان نەبوو، بەتایبەت ئەو هۆڵانەی ئەو زیندانێیانەیان تێدان، کە برِیاری قورسیان بەسەردا دراوە، ئەو دەرگایانە لە کاتی مردنی یەکێک لە زیندانییەکانی ناو هۆڵەکە دەکرانەوە، ئەمەش بەبرِینی ئاسنەکە بۆ دەرکردنی تەرمی مردووەکە...

ئەوی مایەی داخە لەم هەموو رِووداوانەدا کە لەم بەشەدا باسمان کردن و پرِن لە کاری خوێنرِێژی، ئەوەیە سەرجەم جەلاد و بەندیوانەکان، ئەوانەی ئەم کارە دزێوانەیان دەکرد و ئەوانەشی فەرمانیان بۆ دەردەکردن عێراقی بوون و سەرجەم ئەوانەشی ئەم کارە ئازاربەخشانەیان دەچێشت و دەستدرێژیی قێزەونیان دەکرایە سەر هەر عێراقی بوون (رِەنگە زۆربەی ئەندامانی حزبی دەسەلآتدار بەم کارە دزێوانەیان نەزانیبێت).

لە گشت ئەوانە کارەساتتر ئەوەیە گرتیگە عێراقییەکان هەر لە سەردەمی عوسمانییەوە تا ئەمرِۆ بەردەوام و بێ وەستان پرِ بوون لە کاری دژ بەئاین و شەرع و رِەوشت و یاسا، وێرِای گۆرِینی سیستم و فەرمانرِەوا و بیروباوەرِ و بیردۆز و بەرنامە و دروشمەکان...

حەزێکی بەزۆر کەسێتیی عێراقی گرتووەتەوە بۆ ئەنجامدانی ئەو خراپەکاری و دڵرِەقی و درِندەیی و خوێنرِێژییە و بەشێوازی تۆڵەستاندنەوەی بارگاوی بەچاکبوونەوە، بەتایبەت کە خاوەن هێز دەبێت دژ بەکەسەکەی تر (ئیتر هەرچ کەسێک بێت)، زۆر جاریش هاوولآتییەکی عێراقییە هیچ

پێوەندییەک (نە ئەرێنی و نەیش نەرێنی) بەجەلادەوە نایبەستێتەوە...!

ئەم حەزە نەخۆشە زۆردارەکییە، کە کۆنترۆڵی کەسێتیی عێراقی دەکات، دەبێت ڕاست بکرێتەوە و چارەسەر بکرێت.

یەکێک لە خێزانە عێراقییەکان، کە کوڕێکیان بەتۆمەتێکی پێوەند بەگرێبەست و نرخی یەکێک لە کێڵگەکانی مریشک بەخێوکردنی حکوومی لە سێدارە درابوو، کە دەوڵەت بەکەرتی تایبەتی فرۆشتبوو، بۆی باس کردین:

پێیان ڕاگەیاندین بەر لە جێبەجێکردنی بڕیاری لەسێدارەدان ڕێ دەدەن بیبینین، لەو دیو شیشەکانەوە دیتمان، لە پرمەی گریانمان دا، نەیهێشت بگرین، گوتی: مەگرین، من ئێستا ئاسوودەم و لە خۆشیدام، چونکە لە ئەشکەنجەدانی ڕۆژانە ڕزگارم دەبێت، کە ڕۆژانە دەرگیری دەبم، ئازارکێشانێکە بەرگەی ناگیرێت، ئێوە نازانن چی ئازارێک دەکێشم...

مەرگ زۆر خۆشترە لەو ئەشکەنجەدانەی ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەبینەوە، بەرگەی ناگیرێت...

بۆ ڕۆژی دوایی تەرمەکەیان وەرگرت و گواستیانەوە بۆ نەجەف و لەوێ ناشتیان.

کەچی پرسیارێک لە بەرابەر ئاکار و هەڵسوکەوتی دەسەڵاتی عێراقی لەم ڕووداوە و سەدان ڕووداوی لەم بابەتە بەمێشکماندا دێت:

مادامەکی دەسەڵات مکوڕە لەسەر لەداردانی ئەم تۆمەتبارانە، ئەی سوود لە بەردەوامی لە ئەشکەنجەدانی ڕۆژانەیاندا چییە؟ ئەی مەبەست لەمە چییە؟ ئازاری جەستەیی و ئەشکەنجەدانیان هیچ سوودێکی نییە و ناگاتە ئامانج، مادامەکی لەسێدارە دەدرێن و دەنێژرێن و ئەو بڕیارەیان بەسەردا ئەنجام دەدرێت، کە دادگەی تایبەتی ئاوارتە دەری دەکات، ئەگەرچی بڕیارێکی زۆردارانە و ستەمکارانە و توندە.

مادام کارەکە وایە داخۆ ئەو ئەشکەنجەدانەی ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەبنەوە سوود و مانایەکی هەیە، جگە لە حاشا لێ کردن و حەزی سادی بەئەنجامدانی ئازاری جەستەیی؟ هەروەها چێژبینین لە بیستنی هاوار و واوەیلێ و پاڕانەوە و ناڵە؟؟ لەگەڵ تێرکردنی ئارەزووی دوژمنکاریی متبوو لە ناخی کەسێتیی عێراقیدا.

حەزی خوێنڕێژی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا پاڵنەر و دروستکەری پرۆسەی بێ پاساوی ئەشکەنجەدانە.

بەڵام لەناکاوی کاریگەری تر، کە ئەم خێزانە لەو سەردانە ماڵئاواییییە خوێناوییەدا ڕووبەڕووی بوونەوە، ئەوەیە کابرایەکی بەتەمەنیان بینی بەهەموو هێزییەوە هاوار دەکات و جوێن بەکوڕەکەی دەدات، کە لەگەڵ ئەمانەدا لەدار دەدرێت، چونکە مووەلیدەیەکی بچووکی کارەبایی لە ژووری پاسەوانیی سەر بەیەکێک لە بارەگاکانی عودەیی کوڕی سەرۆک بردووە، کاتێک دڵی تەنگ بوو بەتاسەی کپکراو و غەمی تاڵ بۆ لەدەستدانی کوڕەکەی بەهەموو دەنگییەوە هاواری کرد و قسەی

لەگەڵ ئەو کوڕەی دەکرد، کە بۆ ڕۆژی دوایی لەدار دەدرا (کوڕی سەگ نەتتوانی مووەلیدە بدزیت ئەوەی پەروەردگار نەبێت؟؟؟!!!)

پاشان کەوتە شیوەن و دەیدا بەسەر خۆیدا...

ئەوانی لەوێ بوون و شیوەنیان بۆ کوڕ و کەسوکاریان دەکرد لەپرمەی گریانیان دایەوە و سەرلەنوێ شین و شەپۆریان بۆ ڕۆڵەکانیان گەرم بووەوە، کە سبەی لەبەر هەندێک هۆی بێ مانا لەسێدارە دەدرێن...!

چیرۆکێلێکی تراجیدیی پڕ لە غەمی لەبن نەهاتوو و گێڕانەوەی واقعیی خوێناوی، کە بەملیۆنان عێراقی بەدڵێکی تژی لە حەسرەت و خەم دەیگێڕنەوە، تاکو باسی بەشێکی زۆر کەم لەوە بکات، کە ئاکاری خوێنڕێژی بەخەڵکی عێراقیان کردووە...

لێ ئەوی مایەی ئازاری پترە ئەوەیە ژمارەیەکی کەمی عێراقی دەبینیتەوە پەندی وەرگرتبێت، یاخود تۆبەی کردبێت لەوەی لە دوای نەمانی دیکتاتۆری و ستەمکارییە خوێناوییەکانی ڕوویان داوە.

## سیستمی سیاسی تاوی ڕۆشنبیریی توندوتیژی لە کەسێتیی عێراقیدا دەدات

کۆمەڵگەی عێراقی پێویستی بەهاندانی تر، یا ورووژاندن نەبوو تاکو هەڵکشێ و دوژمنکاری و دیاردەی لادان و وێرانکاری لە بینای دەروونی و ئاکاریی تێدا بڵاو ببێتەوە، لە مێژەوە پێوەی گلاوە، بۆیە شەڕی درێژخایەن، کە ڕژێمی عێراق بەسەر ئێرانیدا سەپاند و ئەو توندوتیژییە سەرتاپاگیر و کوشتنە چڕە بەردەوامەی سەدان هەزار مرۆڤی بەدوادا هات، لەگەڵ خاپوورکردنی دەیان شار بەس بوون بۆ تەقاندنەوە و کڵپەسەندن و تاودانی خراپترین حەزی ئاکاریی ناشرین لە کەسێتیی عێراقیی گیرخواردوو لە بناغەدا بەژمارەیەک نەخۆشیی ئاکاری و دەروونیی بۆماوە لە چەندان سەدەوە، ئەوی پتر ئاوی بەئاگرەکەدا کرد، ئەوەبوو دەسەڵاتی سیاسی هانی بیردۆزی هێز و بەرەنگاربوونەوە و پێکدادان و خۆبەزل زانین و توندوتیژی و هەڵکشانی خوێنڕێژی و ڕۆشنبیریی دوژمنکاریی خراپی دواکەوتووانەی دا، کە دنەی خەڵکی دەدا بۆ دواکەوتوویی و پێوەند بوون بەبەها و یاسا دوژمنکارییە تێکشکێنەرەکانی، لە پای ئەمە لە نێوەندی گەلی عێراقدا بەهۆی ئەمەوە خراپترین سیفەتی ڕەوشتی و ئاکاری بڵاو بوونەوە و تاویان سەند، لە دیاردەکانی ئەو هەڵکشانە ئەوەیە کە دەسەڵات ئەنجامی دەدا لە لەسێدارەدانی بەردەوام لە گۆڕەپانە گشتییەکاندا لە سەرجەم شارە عێراقییەکاندا دژ بەوانەی لە بەرەکانی شەڕ دواکەوتوون، چونکە بڕیاری مەرگ بەسەر ئەو لاوە عێراقییانەدا دوابەدوای یەک دەدرا، پاش ئەوەی کۆدەکرانەوە و لە هەر شارێک هەڵدەبژێرران، لە ئەنجامی هەواڵ گەیاندن و زمان لێدان، کە عێراقییەکان دژ بەیەکتر بەدەسەڵات

و هەواڵگرییـان ڕادەگـەیاند، لەبەر ناتەبایی کـەسـێـتی و خـێـزانی و بەتـەمـاعی خـەڵاتی پارەوە، دەسـەڵاتیش هانی دەدان و خـەڵاتی ئەوانەی دەکرد، کە هەواڵێکیان دەگەیاند، یا زمانیـان لە یەکێک لەوانە دەدا، کە دەیناسین لە ڕۆڵەکانی شـارەکەی یا ڕۆڵەکانی گـەڕەکەکـەی، بەڵام هـاووڵاتیـیـەکـە ڕێزی پتـر دەبوو گـەر زمـانی لە یەکـێک لە ئەنـدامـانی خـێـزانەکـەی یا کـەسـێـکی نزیکی بدایا، لەمبارەیەوە ژمارەیەک کەس خەڵات کران لەوانەی لای دەسەڵات زمانیـان لە کوڕی خۆیان دا و لە بەرابـەردا خـەڵاتی پـارە و مـادییـان لەسـەر ئەو کـارە لە ڕەوشت بەدەرە وەرگـرت، کـە دەسـەڵات بەباشـترینی وەسـفی نیشـتمـانی و شـۆڕشگێڕیی ناوی دەبردن و بەئاکارێکی نموونەیی و ئایدیاڵی پابەند بەپرانسیپە نیشتمانییەکانەوە.

هـەندێک لە باوکان بـەکردەنی زمـانیـان لە کوڕەکانیـان داوە و ڕادەسـتی دەسـەڵاتیـان کـردوون و بوونە هۆی لـەداردانیـان و خـەڵاتی مـادی و پارەی دەسـەڵاتیـان وەرگرت و لە دەسـەڵات و پیـاوانی حزبی دەسەڵاتدارەوە گوێیان لە پیاهەڵدان و ستایش گرت، کەچی لە هەمان کاتدا ئەمانە نەفرەت و ڕقی هەمیشەییان لەلایەن تاکەکانی گەلی تووڕە و بێدەنگ و ستەم لێکراوەوە بەدەست هێنا...

لەم بارەیەوە چیـرۆکی زۆری تراجـیـدیی سـەیر دەگـێـڕنەوە، ئامـاژە دەکـات بەڵکو جـەخت لەوە دەکاتەوە، کە شەڕ و دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە وێرانکاری لە ئاکار و هەڵسوکەوتی عێراقییـەکان لە ماوەی بەڵای شەڕدا جێیان هێشتووە...

یەکـێک لەو گـێڕانەوانە باس لە باوکـێک دەکـات کـوڕە لە سـەربازی دواکـەوتـووەکـەی ڕادەسـتی دەسـەڵاتی سـەربازی دەکـات، کـوڕە لەسـێـدارە درا و باوکـەش خـەڵات و ڕێزلـێنان و نـازناوی نیشتمانیی وەرگرت...

کوڕە دوای ئەوەی بەمۆڵەت هاتەوە نەیویست بچێتەوە سەربازی، ژنەکەی سکاڵای ئەوەی لا کرد، ئەو کاتی ئەم لە بەرەکانی شـەڕدا بوو باوکی بەردەوام سێکسی لەگەڵدا دەکرد، بۆیە نەچووەوە بۆ سـەربازی، باوکە سڵی نەکردەوە و چوو زمـانی لێ دا و بردیان بۆ مـەیدانی لەسێدارەدان، ئەوەبوو دەسـەڵات و حـزبی فـەرمـانڕەوا ڕێزیان لێ نا بـەو پێـیـەی باوکی نیـشـتـمـانیی نموونـەیـیـە، کـە نیشتمانی خستووەتە پێش ژیانی کوڕەکەیەوە...!

هەرچی ئەوانەن کە لە شەڕدا ون بوون و بۆ ماوەیـەکی زۆر هەواڵیان نەما و بەکوژراویان دانان، لە کـاتی گـەڕانەوەیانـدا بۆ نیـشـتـمـان بینیـیـان ژنەکـانیـان یەکـێک لە ئەنـدامـانی خـێـزانەکـەی خـواسـتـوویەتی و منداڵیشی لێ بـووە، ئیـدی لە سـۆنگەی ئەمـەوە زنجـیـرەیەک گـیـروگرفـتی ئاڵۆز و هەڵسوکـەوتی تۆڵەسـەندنەوە و خوێنڕێژی لە کۆمـەڵگەی خـێـڵـەکـیی کۆنـەپارێز ڕوویان دا، لەوەش خراپتر ئەو دژوارییە فیقهی و شەرعی و ئاینییە بوو، کە پێویستی بەفەتوا، یاخود چارەسـەر دەکرد بۆ ژنێک لە یەک کاتدا دوو پیاوی هەبێت و منداڵی لە هـەردووکیـان بووبێت و بەشەرعیش لە یەک کاتدا لە ئەستۆی هەردووکیاندا بێت...!.

## لەداردانی قەرەقووشی، ئەوی ناوی "صباح" بوو لەسێدارەیان دا

لە هەشتاکانی سەدەی بیستدا و دوای هەڵکشانی پرۆسە چەکدارییەکان دژ بەدەسەڵات لە ناوچەکانی ئەهواری خواروو، بەرێکەوت دەزگەکانی ئاسایشی سەر بەرژێم کەسێکیان دەستگیر کرد لە هۆرەکانەوە بۆ بەغدا دەهات و نامەی تایبەتی هەندێک لە رێکخراوە چالاکەکانی ئەوێی پێ بوو، وادیاربوو ئەو نامەیە بۆ مەڵبەندی سەرکردایەتیی سەر بەرێکخراوەکەی بەغدا رەوانە کرابوو، لە بەرابەر لێکۆڵەراندا دانی پێدا نا، رادەستکردنی پۆستەی پێ سپێرراوە بۆ دەستی کەسێک (صباح)ی ناوە و ناوی باوکی نازانێت، لە زانکۆی بەغدا لە شوێن و کاتی دیارکراو بەپێی نیشانە، یا ئاماژەی تایبەت، یاخود وشەی نهێنیی لەسەر رێککەوتوو چاوەروانی دەکات، ئەو هیچ شتێک سەبارەت بەو کەسە نازانێت تەنیا ئەوەندە نەبێت ناوی سەباحە و لە زانکۆی بەغدایە.

وێرای ئەو ئەشکەنجەدانەی ئەم تەتەرە رووبەرووی بووەوە، بۆ لێکۆڵەرانی ئاسایش دەرکەوت هەر بەراستی جگە لەم زانیارییانە هیچ لەبارەی ئەو کەسەوە نازانێت، کە نامەکەی لە بەغدا دەداتێ، وێرای بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە هەواڵگریی عێراقی نەگەیشتە کەسی مەبەست، کە ئەندامی پێوەندداره لەگەڵ سەرکردایەتیی ئۆپۆزسیۆن لە هۆرەکان، بۆیە دەسەڵات هیچی پێ نەکرا ئەوە نەبێت بریاری لەسێدارەدانی گشت ئەوانە دەربکات، کە ناویان سەباحە و لەو مێژووەدا لە زانکۆی بەغدان، هەر بەکردەنیش وابوو، ژمارەیەک کەس لەقەنارە دران، ناوی هەر یەکەیان (صباح) بوو، بەچاوپۆشی لە ناوی باوکیان...

سەرەرای ئەم کارە خوێناوییە ناماقووڵە وا دیارە لێکچوونێک هەیە لەگەڵ ئەوەی قەرەقووش بەپێی گێرانەوە میللییەکان، لەگەڵ رۆڵەکانی گەلەکەیدا ئەنجامی دەدا، کەچی ئەم کارە خوێناوییەی ئاسایش لە کۆتاییدا ئامانجی خۆی پێکا، چونکە لەنێوان ئەوانەی لەسێدارە دران کەسێکی تێدا بوو ناوی سەباح عەبدولجەبار ئەلصیاح بوو، خەڵکی دیوانیە بوو و دەرکەوت ئەندامە لە حزبی دەعوە و پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ شەهید ئیمام محەمەد باقر ئەلسەدردا هەبوو.

لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا لەگەڵ یەکێک لە کرێکارانی مردوونێژ لە شاری نەجەف، لەوانەی پێیان دەوترێت (الدفانە)، ئەم کەسە باسی ئەوەی کرد هەواڵگری لەو ماوەیەدا شەو نزیکەی دە تەرمی کفنکراویان هێناوە لەسەر هەر تەرمێک نووسرابوو: سەباح (ناوی باوکی نەزانراوە). داوایان لێ کردووە بەنهێنیی بیاننێژێت، ئەویش ناشتوونی، پاشان بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵە بێدەنگی لێ کردووە، تاکو لەو چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنییەی ئەم دواییەدا درکاندوویەتی...

ئێستا لە دیوانیە شەقامێک هەیە بەناوی: شارع الشهید السعید صباح عبدالجبار الصیاح!!

بەو پێیەی یەکێک لە شەهیدانی حزبی دەعوەیە...

بەم شێوەیە ئەوی شاعیر محەمەد مەهدی ئەلجەواهیری پێشبینیی دەکرد هاتە دی، کاتێک عەبدولکەریم قاسمی ئاگادار کردەوە بەپێویستیی یەکلایی و ئاسان نەکاری لەگەڵ ئەوانەی هەوڵی

تیرۆرکردنیان دا، بەگوللەبارانکردنی ئۆتۆمبیلە نازرێپۆشەکەی لە شەقامی ڕەشید لە ساڵی ١٩٥٩دا و برینداركردنی، دەڵێت:

تصور الامر معكوسا وخذ مثلا مما يجرونه لو انهم نصرو

تالله لاقتيد زيد باسم زائده ولاصطلى عامر والمبتغى عمر

هەر بەڕاستیش وابوو، لە پێناوی سیاسییەکی ئۆپۆزسیۆن، کە ناوی سەباح بوو و ناوی باوکیان نەزانی، کێ ناوی سەباح بوو لە قەنارەیان دا.

داخۆ خوێنڕێژی لە جیهانی هاوچەرخدا لەم دڕندەییتییە دزێوتر پیادە کراوە؟؟

## شێوازێکی نوێی عێراقی بۆ خێراکردنی مەرگ

بڕێک لەو فیلمە دیکۆمێنتییانەی هەندێک لە کەناڵەکان بڵاویان کردەوە ژمارەیەک زیندانیی عێراقییان نیشان دا، لەوانەی لە ساڵانی پێشوو بەر لە ساڵی ٢٠٠٣ لەدار دراون، ئەم فیلمانە شێوازێکی سەیریان لە جێبەجێکردنی بڕیاری لەسێدارەدان لە بەرابەر ئەو زیندانییانە دەرخست، زیندانییەکانیان بەدەست بەستراوی لە سەربانەوە فڕێ دەدایە خوارێ، پیاوانی ئاسایشیش لە خوارەوە تەقەیان لێ دەکردن و جەستەیان هەڵا هەڵا دەکردن...

شێوازێکی خوێناویی داهێنراوی عێراقییە لە خێرایی کردنی مەرگ بۆ ئەم عێراقییە و لای ئەنجامدەرانی (کە هەر عێراقین) بەرزترین پلەی چێژی پێ دەبەخشین... ئەوی لە بانەوە دەکەوتە خوارێ ڕێژنەی گوللەی بەردەکەوت و گیانی دەبێژرا و بەر لەوەی بەر زەوییەکە بکەوێت بەیەکجا تێکدەشکا و بێ جووڵە کۆتایی پێ دەهات.

چێژێکی سادیی خوێناویی تایبەت، دەبێت ئەو تەقەکەرانە و ئەوانی فەرمانیان بۆ دەردەکردن خۆشییان پێدا دەهاتەوە، کاتێک تەقە لە عێراقییەکی زیندوو بکەن بەدەستبەستراوی لە سەربانەوە فڕێی دەدەنە خوارێ؟ ئەوان لە ماوەی چەند چرکەیەکدا سێرەی لێ دەگرن، کە هێشتا لە هەوایە و دێتە خوارێ، بەر لەوەی بگاتە زەوی و شۆکی مردنی یەکجارەکی بەربکەوێت مەرگی بۆ ڕەوانە دەکەن. ڕەنگە کەسێتیی عێراقی ئەم شێوازە خوێناوییە دۆزەخییە دەگمەنەی دانەهێنابێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە بەحەماسێکی بەرچاوەوە بەدەنگ و ڕەنگ پێرەو و جێبەجێی کردووە.

## مەردان ئەلئەمارە پارێزگاری بەسرەی هاوەڵی گوللەباران دەکات

مەردان ئەلئەمارە لاوێکی دەشتەکی بوو، باشیی خەڵکی دێ و سادە و ساکارییانی لەخۆ گرتبوو، گوندەکەی کە دەکەوتە دەورووبەری هۆرەوە لە باکوری بەسرە لە گەنجییەوە لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستدا جێهێشت و گواستییەوە بۆ شار، وا ڕێکەوت لەو کاتەوە مەردان چووە حزبی بەعسەوە لە عێراق...



هەواڵنامەی کوردپێدیا

وەکو ئەوانی تر لە خەڵکی باشوور بەختی یار نەبوو، تا بەخێرایی پلە و پایە وەربگرێت و بۆ ماوەیەکی زۆر بەفەرامۆشکراوی لە ڕیزەکانی حزبی بەعسدا مایەوە و نەیتوانی پۆستێکی گرینگ بەدەست بهێنێت، یاخود ئەو گرینگییەی خەونی پێوە دەبینی بێتە دی...

بەڵام بەتێپەڕبوونی کات و ڕۆژ و ساڵەکان و لە سۆنگەی ئەو گۆڕان و درزبردنە ناوخۆییە زۆرانەی، کە سیفەتی بەرجەستەن لە حزبە سەرەکییە عێراقییەکاندا، مەردان گەیشتە پایەیەکی حزبیی باش (دوای تەمەنێکی درێژ) و لە ماوەیەک لە ماوەکاندا دۆستایەتییەکی بەتین لەگەڵ پارێزگاری بەسرە ماجید ئەلسامەڕایی کۆی کردنەوە، کە لە سەرکردەکانی حزب بوو، بووە هاوەڵی مێز و خواردنەوەی و نزیکەی هەموو شەوێک لە چوارچێوەی برادەریی سەقامگیر و برایی بەتین پێکەوە ڕۆژیان دەکردەوە...

ڕۆژێک لەو ڕۆژانەی لە مێشکی مەرداندا حسێبیان بۆ نەکرابوو، پارێزگاری هاوەڵی بوو لەلایەن هەواڵگرییەوە و بلەز ڕاپێچی بەغدایان کرد...

دەردەکەوێت تۆمەتبارە بەبەشداربوون لە هەوڵی گرووپگەرایی کوودەتاکردن لە ناو حزبی دەسەڵاتدا لە بەغدا و بڕیاری لەدارادنی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە و بەرپرسەکانی دەوڵەت و حزب دەردەچێت، ئەو کێشەیەی لای هەمووان ناسراو بوو و لە دەرەوە و ناوەوەی عێراقدا دەنگی دایەوە.

بەر لە جێبەجێکردنی لەقەنارەدانی ئەوانەی بڕیاری لەسێدارەدانیان دەرچووبوو، بڕیارێکی فەرمی دەرچوو، کە ئەنجامدانی بڕیارەکە لەلایەن نزیکترین دۆست و هاوەڵییەوە بێت، بۆیە بانگی گشت ئەوانە کرا، کە دۆست و نزیکی بوون لە سەرتاپای عێراقدا و هێنایاننە بەغدا، تاکو تەقە لە هاوەڵە پیلانگێڕەکانیان بکەن، ئەوەبوو مەردان ئەلئەمارەشیان لەنێواندا بوو، کە بۆ بەغدا گواسترایەوە تا ماجد سامەڕایی برادەری گوللەباران بکات...

مەردان کەوتە کێشەیەکەوە نەیزانی چۆن لێی دەرچێت، لە سەرەتادا ویستی خۆی لێ بکێشێتەوە و داوای لێبوردن بکات...

کەچی لافاوی سووکایەتی پێ کردن و جوێن و هەڕەشەکردن لەلایەن ئەو لیژنانەی ئەو کارەیان پێ سپێررابوو گەڕاندیانەوە ڕیزی ئەوانەی تەقە لەو هاوەڵانەیان دەکەن، کە بڕیاری لەداردان و نەمانیان بەسەردا درابوو. ئیدی بەدوو دەستی لەرزۆکەوە تفەنگی گرتە دەست... بەر لەوەی تەقە بکات دوودڵییەکەی درێژەی کێشا، کەچی شەپۆلێکی تر لە هەڕەشە و جوێن وایان لێ کرد پەنجە بەپەلەپیتکەوە بنێت، لێ گوللەکانی تەنیا بەر قاچەکانی کەوتن... ئا لێرەدا مەردان ڕووبەڕووی شەق و هەڕەشەی مەرگ بووەوە گەر بەشێوەیەکی پێویست فەرمانەکان جێبەجێ نەکات...

لە ئەنجامدا گوللەکانی مەردان جەستەی سامەڕایی هاوەڵی لە تەوقی سەریەوە تا پێیەکانی گرتەوە، هەروەها ئەوانی تریش هەمان شتیان بەهاوەڵە خۆشەویستەکانیان کرد...!

بەدرێژایی چەندین ساڵ (وەکو یەکێک لە ناسیاوەکانی گێڕایەوە) خەڵکی بەسرە کەسێکی وڕیان دەدیت بەتەنیا بەشەقام و ڕێگەکاندا بێ ئامانج دەسووڕایەوە و لەگەڵ خۆیدا بەدەنگی بڵند قسانی دەکرد، هەندێک کاتیش لە دیوارێک یاخود دارتەلێک نزیک دەبووەوە، تاکو چەند جارێک سەری پێدا بکێشێت، ئینجا لە ڕۆیشتنەکەی بەردەوام دەبوو...

ئەو کەسە وڕە ڕەفیق مەردان ئەلئەمارە بوو، دوای ئەوەی تەمەنی لە خەباتی نیشتمانیدا بەسەربرد بێ ئەوەی پێشبینیی ئەوە بکات دواییەکەی بەشداریکردنی بەزۆرە لەو شاییە خوێناوییە دەگمەنە.

ڕەنگە ئەم چیرۆکە پێویستی بەهیچ قسە لەسەر کردنێک نەبێت، چونکە بەخۆی خەمی تاڵ دەردەبڕێت و دڵڕەقیی خوێناوی لێ دەچۆڕێت.

گوللەباران کردنی ئەو ژمارەیە لە تۆمەتباران بەپیلانگێڕی، یاخود کوودەتاکردن بێ ئەوەی ڕابردووی حزبییان پاکانەیان بۆ بکات، بێگومان کارێکی خوێناوییە...

کەچی بانگهێشتکردنی هاوەڵە نزیکەکانیان، تاکو بڕیاری گوللەباران جێبەجێ بکەن، بەشێکی ئاوارتەی زەقە لە خوێنڕێژیی زێدەڕۆیی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا...

مرۆڤ لە شیکردنەوەی ئەو ڕووداوانەدا دۆش دادەمێنێت، کە لەودیوی ئەم چوونە ناوەوە بەئەنقەستەیە لە ئەنجامدانی ئازاری دەروونی و ڕۆحی و سۆزداری لەو قەسابخانەیەدا.

هەروەها مرۆڤ لەو هەستەش ناگات، کە لە ناخ و مێشکی سەدان عێراقیدا هەبوو، لەوانەی لەو شاییە خوێناوییە تۆقێنەرە قێزەونەدا لە خۆشیدا سەمایان دەکرد و دەیانشیراند...

## سەگە پۆلیسییەکان دوکتۆر ڕاجی تکریتی دەخۆن

مایەی سەیر نییە لە وڵاتێک لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا ڕێژیمی سیاسی کەسێکی بەرهەڵستکار، یا کۆمەڵێک کەس لەدار بدات لەوانەی بەشداربوونە لە پیلانگێڕی دژ بەحوکم، یا ڕێژیمەکە واتێ گەیشتبێت پیلانیان دژ بەدەوڵەت گێڕاوە، هەروەها ئەوەش مایەی سەیر نییە ئەو قوربانییانە تووشی ئەشکەنجەی قورس هاتبن، تا وایان لێ بکەن دان بەوەدا بنێن، کە دەستیان لە پیلانگێڕییەکەدا هەبووە، ئەوەش مایەی سەیر نییە دادگاییە ئاوارتەییەکان بەخێراییەکی گەورە ئەنجام بدرێن و بڕیاری بەپەلە دەربکرێت، هەروەها ئەوەش سەیر نییە بڕیاری لەقەنارەدان بەشێوەیەک ئەنجام بدرێت دژ بەڕەوتی باو بێت لە لەسێدارەدانەکاندا، وەکو خنکاندنی سەربازەکان تا مردن، کەچی سڤیلەکان گوللەباران بکرێن...

گشت ئەمانە و هی تریش ڕێیان تێ دەچێت و پێشبینی دەکرێن و لە ڕێژیمە دواکەوتوو و دیکتاتۆرییەکاندا شیاون... وەلێ ئەوی مایەی سەیر و نائاشنا بێت بەرهەڵستکارێکی سیاسیی تۆمەتبار بەبەشداریکردن لە هەوڵی کوودەتاکردنی سەرنەکەوتوودا لەقەنارە بدرێت، بەدەست

بەستراوی بدرێتە دەم سەگی پۆلیسیی دڕندە و برسییەوە تا بیخۆن...

ئەمە ئەو چارەنووسە بوو، کە ڕاجی تکریتیی پزیشکی عێراقی تووشی هات، ئەو پسپۆڕە بەناوبانگ و لێهاتووە لە نەخۆشییەکانی لووت و گوێ و قوڕگ و بەڕێوەبەری گشتیی کارە پزیشکییەکان لە عێراقدا تووشی هات.

بەکەلەپچەکراوی درایە دەم سەگی برسیی پۆلیسییەوە، بەگاز بەربوونە گیانی تا مرد.

ئەو شێوازە سەیرە لە جێبەجێکردنی لەسێدارەدان، ڕەهەندێکی ئاوارتەی ئەوپەڕی خوێناوییە لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا.

پرۆسەی لەناودانی دوکتۆر ڕاجی تکریتی بەم شێوە دڕندانەیە و بەلێپرسراوی هەموو عێراقییەک بەشدار بووە و جێبەجێی کردووە دەبێتە ڕووداوێکی شەرمهێن لە مێژووی کۆمەڵگەی عێراقیدا و دەبێتە نیشانەیەک لەسەر قەبارەی ئاست دابەزین لە ئاکاری دوژمنکارانەی خوێنڕێژی، کە کەسێتیی عێراقی پێی گەیشتووە.

هەرچی تاوانبارەکانی ترن لەو کێشەیەی ڕاجی تکریتیی لەسەر لەناو درا، ئەوا لەکاتی جێبەجێ کردنی مەرگ بەسەریاندا چارەنووسی جیاواز جیاوازیان بەرکەوت...

بەڕێز جاسمی کوڕی مەولود موخلیس (باوکی لە دامەزرێنەرانی سوپای عێراقە) کەسوکارەکەی توانییان کونێک لە سەری بدۆزنەوە، کە شوێنی گوللەیەک بوو لەپشت گوێیەوە تا نێوچەوانی بەلاری بەناو مێشکیشیدا ڕۆیشتبوو، لەکاتێکدا یەکێک لە ڕانەکانی لە ناوەوە پێستەکەی پێوە نەمابوو...

هەرچی شێخ تالب ئەلسوهێلە، کە لەسۆنگەی هەمان کێشەوە تیرۆر کرا، بەدەمانچەی بێدەنگ چەند تەقەیەکی لێ کرابوو ڕاستەوخۆ بەرەو دڵی، دەمانچەکە لە ڕۆژنامەیەک پێچرابوو یەکێک لە ئەنجامدەرانی هەڵیان گرتبوو بۆ کوشتن، لە مەودایەکی گەلێک نزیکەوە تەقەی لێ کرابوو، دوای ئەوەی شێخ ئەلسوهێل دەرگەی ماڵی بۆ کردبووەوە بۆ وەرگرتنی ئەو جلانەی گوایا پیاوکوژەکە لەلای بەرگدرووەکە بۆی هێناوەتەوە...

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین زۆر بەدڵنیاییەوە بەم ئاوایە نیشتمان بنیات نانرێت، پاڵنەر و ئەنگێزەکان هەرچییەک بن بەم شێوەیەش کار بۆ نەتەوەی عەرەب ناکرێت.

ئەمە ئەو خراپەکارییەیە، کە ڕۆژانە بۆ پتر لە سی ساڵ سیمای نیشتمان و نەتەوە و حزبی دەسەڵاتداری لەکەدار کردووە، هەینێ ساتی تۆڵەسەندنەوەی شێتانە و تاڵ هات، زۆربەی ئەوانەی ڕووبەڕووی مەرگ بوونەوە و نرخەکەیان بەگرانی دایەوە، ئەو بەستەزمانانە بوون ڕەنگبێت وردەکارییەکانی ئەو کارەساتە نهێنییانەیان نەزانیبێت، کە ڕێژیم بەدرێژایی ئەو ساڵانە پیادەی دەکردن!

مادامەکی باس لە خوێنرێژی لە ئاکاری کەسێتیی تاکی عێراقیدا دەکەین، کە ناونیشانی بنەڕەتیی ئەم بەشەیە و بەتایبەتیش قسەکردن لەسەر شێوە ئاوارتەییەکان لە کارە خوێناوییە تاکرەوی و بەکۆمەڵەکاندا، کە لە مێژووی عێراقدا بەشێوەیەکی سەیری نائاسایی و لە دەرەوەی باو ئەنجام دراوە، ئێمە باس لە هەندێک چیرۆکی بیستراوی مەترسیدار دەکەین، کە لە پاش ڕووخانی ڕێژیمەوە لەلایەن هەندێک سەرکردەی بەعسیی ئاگادار و جێ بڕواوە باس کران... ئەو چیرۆکانەی باس لە سەدام حوسێن دەکەن چۆن لە ماوەی جیاجیادا کاری تاکەکەسیی نهێنی دژ بەکەسانی عێراقی ئەنجام داوە، کە هەڵدەبژێرران و دەستنیشان دەکران و مەترسییەکەی لەلایەن خۆیەوە دیار دەکرا و بەشێوازێکی تایبەت بێ ئەوەی هیچ لایەنێک، یا دەسەڵاتێک، یاخۆ دەزگەیەک، یان دامەزراوەیەکی حزبی، یا حکوومی لە وڵاتدا پێی بزانێت...

ئەم چیرۆکە (بیستراوانە) باس لەوە دەکەن، سەرۆک یەک کەسی هەڵدەبژارد و بەدوایدا دەنارد، تاکو بەتەنیا چاوی پێی بکەوێت، لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا وێنەی کەسی داواکراوی پێ نیشان دەدا، کە پێویستە لەناو ببرێت یا بکوژرێت، پاشان هەندێک زانیاریی سەبارەت بەو دەدایێ، ئینجا داوای لێ دەکرد بەنهێنیی ڕەها و بەهەوڵی ڕاستەوخۆی تاکەکەسی و بێ پشت بەستن بەکەس بیکوژێت...

ئەوی سەرۆک ئەم کارەی پێ بسپێرایا بەتەواوی چارەنووسی خۆی دەزانی گەر ئەنجامدانی ڕەت بکاتەوە، یاخود پاراستنی نهێنییە ڕەها داواکراوەکەی لەم کارە ئاوارتەییە تایبەتەدا بەهەند وەرنەگرتایا، چەندین چالاکیی لەم بابەتە ئەنجام دراون و نە دەسەڵاتی تەناهی و نەیش تاوانکاری و نەیش حکوومی توانییان لەم ڕووداوە نهێنییەیەدا بکوژەکە بدۆزنەوە، بۆیە ئەو تاوانانە دژ بەنەناسراو تۆمار کران.

ئەم گێڕانەوە بیستراوانە قسە لەسەر گرفتێک لە جۆری تایبەت دەکەن، جارێکیان ڕووبەڕووی یەکێک لەو بکوژانە بووەوە، کە ئەو چالاکییەیان پێ سپاردبوو، قوربانییەکە ئەوی دەبوو بکوژرێت برادەری خۆی بوو، بۆیە بەلایەوە قورس بوو بیبا و جیای بکاتەوە تا بیکوژێت، بێ ئەوەی کەس بەپێوەندیی بە ڕووداوی کوشتنەکەوە نەزانێت... چونکە زانین بەپێوەندیی بەڕووداوی کوشتنەکەوە، دەبێتە هۆی بانگکردنی و دانی تۆمەتی کوشتنەکە بەسەریدا لەلایەن دەزگا فەرمییەکانی وەکو پۆلیس، یا هەواڵگری، ئەو کات دوور نییە ئەوی سەرۆکایەتی پێی سپاردووە لەسەر ئەم بابەتە تایبەت و مەترسیدار و زۆر نهێنییە پێ بزانن... وێڕای زەحمەتی و وریایی لە جێبەجێکردنیدا، کەچی کارەکەی سەرۆکایەتی ئەنجام درا و کابرا دوای ئەوەی فێڵی کرد برادەرەکەی خۆی کوشت...

ئەگەر ئەم چیرۆکە (بیستراوە) ڕاست بێت، ئەوا ئەو کارە خوێناوییانە تایبەتمەندیی ئاوارتەیی

هەولێرنامەی کتێب

دەگمەنی هەبوو بەشێوەیەک بەدەر لە ئاسایی بوو.

هەڵبەت ئەم ڕووداوە خوێناوییە نهێنییانە لە مێژوودا بەچەپێنراوی دەمێننەوە، تاکو ئەو ڕۆژە دێت یەکێک لە ئەنجامدەران (لەوانەی لە ژیاندا ماون) بوێری دەکات و ڕاستی دەڵێت و هەندێک لە وردەکاری و نهێنییەکانی ئەم بابەتە مەترسیدارە دەخاتە ڕوو.

بەڵام واتێ دەگەین کەس نەتوانێت هۆ و پاڵنەر و نهێنییەکان بزانێت، کە وایان لە سەدام حوسێن دەکرد بەتایبەت ئەم کەسانە تیرۆر بکرێن، بەدووری دەزانین یەکێک هۆ و پاڵنەرەکانی بزانێت، تەنانەت ئەوانەشی کە بەو کارە خوێناوییە تاکەکەسییە تەنیایە هەستاون.

ئێمە واتێ دەگەین سەرجەم نهێنییەکانی ئەم بابەتە مەترسیدارە بۆ یەکجاری لە دوای لەداردانی سەرۆک سەدام حوسێن خراونەتە ژێر گڵەوە، مەگەر ئەو خۆی بەشێوەیەک لە شێوەکان لە یادەوەرییە تایبەتەکانیدا نووسیبێتی.

بەگشتی ئەوی پێوەستە بەباسەکەمانەوە سەبارەت بەخوێنڕێژیی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا، وایدەبینین ئەم بابەتە شاراوەیە، کە لە دێڕەکانی پێشوودا ورووژاندمان، جگە لە لاپەڕێک لە لاپەڕە خوێناوییە دەگمەنەکان پتر هیچی تر نییە، کە مێژووی عێراق لە ماوەی سەرجەم سەدەکاندا لەخۆی گرتووە.

## نموونەی زەق لە ڕووداوی خوێناویی دوای ساڵی ٢٠٠٣ز دا

قەبارەی ئەو کارە خوێناوییانەی هاوشان بوون لەگەڵ ڕووداوەکانی دوای ساڵی ٢٠٠٣ بەدڵنیاییەوە پێویستیان بەدیکۆمێنتکردن و چاودێری و شیکردنەوە هەیە، وێڕای ئەوەی دەلالەت و ئامانجی ئەو ڕووداوانە ڕوون و ئاشکران، هەروەها پێویستە مێژووی ئەم ماوە شێتانەیەی مێژووی عێراق بەشێوازێکی میتۆدی بنووسرێتەوە، چونکە بارگاوییە بەڕووداوی خوێناوی کە ڕەهەندی خەیاڵی و ناماقووڵیان هەیە، تا ئێستاش بەڵگەیەکی ورووژێنەرن لەسەر ئەو خراپییەی کەسێتیی عێراقی پێی گەیشتووە و بەتەواوی تێوە گلاوەتە ئاکاری خوێنڕێژی و زێدەڕۆیی.

بە هەزاران لەو عێراقییە بێلایەنە بێ زیانانەی تووشی سەراسیمەیی و سەرسووڕمان هاتوون و ڕۆژانە دەپرسن (لە کاتێکدا بڕوا بەوە ناکەن، کە دەیبینن و دەیبیسن) چۆن کەسێتیی عێراقی دەتوانێت ئەم هەموو قەبارەیە لە دوژمنکاری و ئەوپەڕی خوێنڕێژی لە قەبارە و شێوە و ئاست هەڵگرێت؟ ئەی چۆن ئاکاری بەم شێوە ئابڕووبەرە دابەزییە خوارێ لە کاری تاوانکاریی توندا لە ماوەی جێبەجێکردنی ئەو تاوانە دڕندانانەیە لەسەر ئاستی تاکەکەسی و بەکۆمەڵی بارگاوی بەناحەزیی دوژمنکاریی سەرەتایی.

ئێمە لێرەدا بەتەواوی دەستەوەستانین لە خستنی وردەکارییەکانی ئەو ڕووداوانە، کە بەکردەنی لە واقعی کردەییدا جێبەجێ کران و لەسۆنگەی زۆرییەوە ئەوپەڕی گرتەوە لە ئاکاری خوێنڕێژیی

دوژمنکارانە، بەڵام ئەمە وامان لێ ناکات دەستبەرداری ئەوە بین هەندێک نموونەی بەڵگەدار بهێنینەوە لەسەر ئەو ئاستەی کەسێتیی عێراقی پێیدا تێپەڕی لە ماوەی ئەنجامدانی ئەو تاوانێلە نەکردەنییانەدا لە توندوتیژیی پاکتاوکردن، بەتایبەت لەو ڕۆژ و ساڵانەی هەڕەشەی شەڕی تایەفەیی لە عێراقدا ڕوو لە هەڵکشان بوو.

بەهەزاران ڕووداوی خوێناوی کە ڕەهەندی دۆزەخیی نوقوم بوو لە خوێنڕێژیی دزێویان لەخۆ گرتووە، یەک بەدوای یەک لە هەموو شوێنێکی عێراقدا ڕوویان دا، هەر قسەکردنێکیش لەسەری هەرچەندە پڕ لە وردەکاری بێت، وا دیار دەدات لە وەسفی مەبەست و مانا و کاریگەریی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئاکاریدا کورت دەهێنێت، ڕەنگە ئەمە بچووککردنەوەی گەورەیی ئەو ڕووداوە تۆقێنەرانە بێت.

ئەم ڕووداوانە پەردەیان لەسەر کەسێتیی عێراقی و خەوش و ناتەواوییەکانی هەڵماڵی و لایەنی خوێنڕێژییە زۆر دزێو و دڕندانەکەی لە ئاکاری ئەم کەسێتییەدا ئاشکرا کرد، لەتوانای هیچ توێژەرێک، یا لێکۆڵەرێکدا نییە کەسێتیی عێراقی لەو ڕووداوە قێزەونانەدا بێ گوناە دەرکات، لە توندوتیژیی خوێناوی، کە ساڵی ٢٠٠٥ و دوای ئەوەش ئەنجام دران، خۆ ئەگەر بمانەوێت ناوی هەندێک لەو ڕووداوانە بهێنین، وەکو نموونەی جۆرێتی لەو تاوانە خوێناوییانەی دەرەوەی باو ڕوویان داوە، بۆ نموونە:

خەڵکی لە بەغدا و هەندێک لە پارێزگەکان بۆ ماوەیەک لەخۆوە ماسییان نەخوارد، ئەمەش لەبەر زۆری ئەو تەرمانەی فڕێ دەدرانە ڕووباری دیجلەوە و بوونە خۆراکی ماسییەکان، خەڵکی هەندێک لاشەی سەرئاوکەوتوویان دۆزییەوە ماسییەکان گەلێک شوێنی جەستەیانیان خواردبوو، ئەو تەرمانەشی لەو ماوە خوێناوییە شێتانەیەی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦دا بەسەربڕاوی فڕێدەدرانە ڕووباری دیجلە و ڕووبارەکانی تری عێراقەوە، ئەو کات ڕێکخراوە تایفەییە خوێنڕێژە چەکدارەکان پارەی زۆریان دانابو لە بەرابەر سەری مرۆڤێک بگاتە دەستی و لە بەرابەر لاشەکەی هیچ پارەیەک نادات، لەبەر ئەمە گرینگی پێدان و داخوازی لەسەر سەری مرۆڤ لە هەڵکشاندا بوو، کەچی لاشەکە دوای لێکردنەوەی سەری دەبووە بارێک دەبوو لێی ڕزگار بن، بۆیە فڕێدانە ڕووباری ئەو لاشانە ژمارەیان هەرچەندێک بووبێت ئاسانتر و خێراترە لە سەرقاڵبوون بەناشتنیانەوە، هەرچی ئەوانە بوون کە ئەم لاشە سەربڕاوە عێراقییانەیان دەخستە ئاوەوە، ئەوا زۆربەیان عێراقی بوون...

لەلایەکی ترەوە ئەوا بەخشینی خەڵات، یا نرخی بەرابەر سەری مرۆڤێک لەو سەردەمەدا نەریتی وەستاندنی تەرمی گواستراوە بەئۆتۆمبیل لە ناوچەکانی خوارووی عێراق باو بوو، کە ڕوویان لە نەجەفی ئەشرەف دەکرد بەچەک لە هەندێک لە ناوچەکانی باشووری بەغدادا وەکو مەحمودیە و لەتیفیە هەڕەشەیان دەکرد، کە تابووتەکە بکەنەوە و سەری تەرمەکە ببڕن، ئینجا ڕێ بەتەرم و تابووت و ئەوانەی لەگەڵیدان دەدرا، تاکو درێژە بەسەفەرەکەیان بدەن بۆ نەجەف، بەڵام بێ سەری مردووەکە، چونکە دەبرا و دەفرۆشرا و نرخەکەی بەدۆلار وەردەگیرا، وەکو چۆن ئەو کات لە ناو

خەڵکیدا باس دەکرا.

هەرچی چیرۆکەکانی ئەتککردن و دەستدرێژیی سێکسین بەرِوحی تۆڵەسەندنەوە، ئەوا لەبەر سەیر و سەمەرەیییەکەی زۆر لە خەیاڵ نزیک دەبووەوە، هەندێک لە گیراوەکان لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا دانیان پێدا نابوو، کە دوای گرتنیان بەتۆمەتی کاری دزێو لە ڕفاندن و کوشتن و دەستدرێژی، کە لە مەزراکەی ناوبراو شێخ مەحموود ئەلجحێش ئەنجام دەدران، کە کەوتووەتە سەر ڕێگەی لەتیفیە (خوارووی بەغدا)، ئەو مەزرایە تەرخان کرابوو تا ببێتە بارەگایەک ئافرەتە ڕفێندراوەکانی تێدا کۆ بکەنەوە، دواتر دەستدرێژی بکەنە سەریان و هەر ئافرەتێکی ڕفێنراو سەرجەم ئەو زەلامانەی لە مەزراکەدان، کە ژمارەیان لە بیست زەلام کەمتر نییە بەپاسەوان و چەکدارەوە، دەستدرێژی دەکەنە سەریان و دوای ئەوە دەیانکوژن و سەریان دەبڕن و لاشەکانیان تووڕ دەدەنە ڕووبارەوە...

لەو ڕووداوانەی بارگاوین بەئەوپەڕی خوێنڕێژی، ئەم ڕووداوەیە کە لە ساڵی ٢٠٠٧دا ڕووی داوە:

تەقینەوە لە حوسێنییەیەکی شیعەکاندا لە بەغدا (شاری...)دا ڕوو دەدات، لە بەرپەرچدانەوەی ئەم تەقینەوەیە کۆمەڵێک لە حزبییەکانی سەر بەیەکێک لە ڕێکخراوە شیعەکان هێرش دەکەنە سەر مزگەوتێکی سەر بەسوننەکان و ناوی (مزگەوتی...)، مەلای مزگەوتەکەیان گرت و سەریان خستە سەر منارەکە و بەتوندی بەمنارەکەوە بەستیانەوە، ئینجا دابەزین و منارەکەیان لە خوارەوە تەقاندەوە، ئیتر پێویست بەناوهێنان ناکات، چونکە خەڵکی بەغدا لە سوننە و شیعە زۆر باش گشت ناو و وردەکارییەکان دەزانن، هەروەها ئاگایان لە سەدان بەڵگە و ڕووداوی تر هەیە لەم ڕووداوە و ئەوانی تر دەچن، چونکە ئەوان بوون بەئاگری شێتانەی تایفەیی داخ کران...

لە ساڵانی شەڕی خوێناویی تایفەییدا دوای ساڵی ٢٠٠٥ قسەی سەر زاری خەڵکی ئەوەبوو، کە هەندێک شێوازی تاوانکاریی سەیر لە ئەشکەنجەدان و تیرۆرکردن بوونەتە باو، وەکو کەسی ڕفێنراو ناچار دەکرێت بەنزین بخواتەوە، پاشان بەگوللەی گڕدار تەقەی لێ دەکرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی تەقینەوەی بەنزینەکە لە ناو هەناویدا و گڕگرتنی ئەندامەکانی لە ناوەوە، ئەم شێوازەش لە کوشتن لە سەردەمی ڕابردوودا بەر لە ڕووخانی بەغدا، واتا ساڵی ٢٠٠٣ بڵاوبوو، وەلێ حەزی ئاکاری خوێنڕێژیی تاوانکاری لە کەسێتیی عێراقیدا ئەم شێوازە دەگمەنەی کوشتنی ژیاندەوە.

لەناو خەڵکیدا قسە سەبارەت بەو شێوازە تاوانکارییە دەگمەن و نەسرۆ و نوێیە لە کوشتن و ئەشکەنجەدان بڵاو بووەوە، ئەمەش بەقۆڵبەستکردنی گیراوەکە، یا ڕفێنراوەکە بەشێوەیەکی توند سەرتاپای جەستەی لەبان سینگییەوە بۆ پێیەکانی، پاشان تا ناوەڕاستی، واتا تا سکی دەخرایە سندووقی ئۆتۆمبیلەکەوە بەشێوەیەک دەرگەی سنووقەکە لەسەر سکی توند بێت، دواتر بەنزینیان بەسەردا دەکرد و گڕیان لێ بەردەدا، ئیتر لەتاواندا ئەمدیو ئەودیوی دەکرد و بڵێسەی ئاگریش جەستەی و سندووقەکەی دەگرتەوە، جەلادەکانیش تەماشایان دەکرد و نەیان دەهێشت هیچ

کەسێک بیکوژێنێتەوە، تاکو دەبووە خەڵووز...

هەروەها خەڵکەکە قسەی زۆریان دەکرد سەبارەت بەڕفێنراوێلێک کوشتوویانن و پاشان ناوسکیان بۆمبڕێژ کراوە، دوای ئەوە پێوەندیی بەکەسوکاریانەوە کراوە، تاکو بێن تەرمەکەی لە شوێنی دەستنیشانکراو بەرابەر بڕێک پارە وەرگرنەوە، کاتێک کەسوکاری ڕفێنراوە کوژراوەکە نزیک دەبنەوە، تاکو تەرمەکەی هەڵگرن، لە دوورەوە بەهۆی کۆنترۆڵەوە بۆمبە چێنراوەکەیان پێدا دەتەقێننەوە، ئیدی تا بتوانێت لە کەسوکار و نزیکەکانی دەکوژێت...

هەرچی بەکارهێنانی شێت و مەنگۆلییە (ئەوانەی لە ڕوخسار و ئاوەزدا ناتەواون) لەلایەن هەندێک عێراقییەوە و بەکارهێنانیان لە تەقاندنەوەی بۆمبی چێنراو و هاندانیان بۆ گواستنەوەی ئەو بۆمبانە و پاشان تەقاندنەوەیان بەخۆیاندا و پارچە پارچە وهەپروون بەهەپروون بوونیان، ئەوە ئاستنزمترین کار و خراپترینیانە لە ئاکاری تاوانکاریی خاڵی لە هەر بەهایەکی مرۆیی، یا ڕەوشتی، پەنابردنی کەسێتیی عێراقی بۆ پیادەکردنی ئەم ئاستە نزمە لە تاوانکاریی دڕندانە، ئاماژەیەکی ترسناکە بۆ قەبارەی ئەو وێرانییەی ئەم کەسێتییە تێی خزاوە و پێی گەیشتووە لە ئاکاری خوێنڕێژیی تۆڵەستێنانەی تاوانکاری لە دەرەوەی بەها مرۆیی و ڕەوشتییەکانەوە.

ئێستا دوای ئەم کاروانە خوێناوییە پڕ لە کارەسات و ئێش و ئازار و قوربانی و غەمە تاڵانە، ئایا مافی هەر هاووڵاتییەک نییە بپرسێت:

بەدەیان هەزار عێراقی ئەگەر زیاتر نەبن، بەدرێژایی سەدەکانی پێشوو لە ڕۆیشتنی عوسمانییەکانەوە، بەشێوەیەکی ئاوارتەیی دڕندانەی نامرۆیی بەشدارییان لە پرۆسەی ئەشکەنجەدان و کوشتن و خوێنڕشتن کردووە، باشە ئێستا ئەو دڕندە مرۆییانە لەکوێ دەژین، کە ڕێیان بەخۆیان دا لە پارچەپارچەبوونی جەستەی عێراقییەکان چێژ وەرگرن؟ هەروەها لەزەت لە ئەتککردن و یاری بەچارەنووس و ڕۆحیان بکەن و دەروونیان تێک بشکێنن و هەندێک جار ببنە هۆی مردن و کەمئەندام کردنیان؟ داخۆ ئێستا خەریکی چین؟ ئەی کات و ڕۆژیان چۆن بەسەر دەبەن، دوای ئەوەی ڕۆژگار گۆڕا و ڕۆڵ و کارە دزێوەکانیان تەواو بوو، کەچی دڕندەیێلی تر کە لەوان دەچن، بەردەوامن و تا ئێستا هەمان تاوان و ڕۆڵی خوێنڕێژیی چەپەڵ لە بەرابەر عێراقییەکاندا دەگێڕن؟

چی ئەوە لای عێراقییەکان زامن دەکات، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان جارێکی تر ئەم دڕندانەی ئێستا لە نێوان ڕیزەکانیاندا دەژین ناگەڕێنەوە و بڵاو نابنەوە، تاکو سەرلەنوێ بەگوللە یا بەقامچی گیانیان هەپروون بەهەپروون ناکەن؟

پرسیاری لەم جۆرە و کەڵکەڵە و ترس لە بەرابەر ئەوی بیر دەکاتەوە بەرپرسیارێتییەکی گران دادەنێت، بەپێویستی ڕێگەچارە دانان بۆ ئەم جۆرە نەخۆشییە دەروونییەی کەسێتیی عێراقی بەدەستییەوە دەناڵێنێت، بەتایبەت ئەوی پێوەندە بەحەزی زاڵبوونییەوە لە پیادەکردنی ئاکاری خوێنڕێژیی دوژمنکارانە. هەروەها پێویستیی قوتارکردنی کۆمەڵگەی عێراق لەم مەترسییەی لە

ڕیزەکانیدا خۆی حەشار داوە، هەروەها لەپێناو سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی کەسێتیی عێراقی بەپێی بنەمای دەروونی و ئاکاریی ڕاست و دروست.

ئێمە نامانەوێت بکەوینە لێکدانەوەی ساکار و ڕووکەش، کە وای دەبینێت ئەنجامدانی کاری دوژمنکاریی مەترسیدار لەلایەن کەسێتیی عێراقییەوە، کە مۆرکی خوێنڕێژی پێوە دیار بێت، جگە لە هەڵسوکەوتی تاکەکەسیی تەنیا، کە هەندێک لە عێراقییە هەڵەشە دڵڕەقەکان ئەنجامی دەدەن، لەوانەی هەست و بەزەیی و دڵسۆزییان نییە بۆ ئیشەکەیان و ئامانج و پاڵنەرە کەسێتییەکەیان و... هەتا دوایی لەو قسە قۆڕانەی لە هەویرێک دەچن ئاو زۆر بکێشێت.

کێشەکە لەوە گەورەتر و قووڵتر و مەترسیدارتر و ئاڵۆزترە، دەبێت لە میانەی هەزاران بەڵگەی مێژووییەوە (کە بەشێکی کەمیمان لەم کتێبەدا باس کرد) قەناعەت بەوە بێنین، کە ئاسیاوێکی خوێناویی مرۆیی هێشتا دەستاڕەکانی بەشێوەیەکی بەردەوامی کارەساتباری وێرانکەر و تۆقینەر سەدان ساڵە و تا ئێستا لەگەڕدان، بەردەوام مرۆڤ و بەهاکان لە وڵاتی دوو ڕووباردا (وڵاتی عێراق) دەهاڕێت، بێ ئەوەی تا ئێستا کەس بتوانێت لە خوولانەوەی بەردەوامی بوەستێنێت...

ئێستا پاش ئەوەی لە سێ بەشی درێژ و پاڵپشت بەبەڵگەی مێژوویی، خەسڵەتە نەرێنییەکانی کەسێتیی عێراقیمان خستە بەرچاو، کە ناکۆکی و دەسەڵاتخوازی و خوێنڕێژین، لەگەڵ ئەو لقانەی لێی دەبنەوە لەو ئاکارانەی دەکرێت لە چوارچێوەی نەخۆشییە دەروونییەکاندا پۆلبەندیان بکەین، کە دەرگیری ئاکاری ئەم کەسێتییە هاتوون، دەڵێین:

چەندێک مایەی ئازارە و غەم و تووڕەیی لە دەروونماندا دەورووژێنێت، لەو کاتی خۆمان دەبینینەوە ناچارین ئەم ڕاستی و ڕووداوانەی مایەی خەمن بخەینە بەرچاو و شۆڕ بینەوە بۆ شیکردنەوە و ناوهێنانی ئەو بڕیار و ئەنجامە قورسانەی سەبارەت بەنەخۆشییە دەروونی و ئاکارییەکانن، کە کەسێتیی عێراقی گیرۆدەیان بووە، بەتایبەت ئەو بلیمەتی و دەسکەوت و سەرکەوتنە ژیارییە مەزنانەی بیر خۆمان دێنینەوە، کە عێراقییە بەراییەکانی نیشتەجێی دۆڵی میزۆپۆتامیا لە چاخەکانی ڕابردوودا پێشکەشیان کرد، هەروەها کاتێک ئەو داهێنانە گەورانەیان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بیر خۆمان دێنینەوە، وەکو داهێنانەکانی نووسین و پێچکە و برۆنز و دروستکردنی یەکەمین کۆمەڵگەی سەقامگیری کشتوکاڵی و دۆزینەوەکانیان لە بواری گەردووناسی و کەلووە ئاسمانییەکان و داهێنانی گڵێنە و مۆری لوولەیی و یاسادانانی یەکەمین یاسا مەدەنییەکان لە مێژوودا و گەلێک دەسکەوتی ژیاریی تر.

هەروەها چەندێک ئەم بابەتە ئازارمان دەدات، کاتێک ئەو عێراقییە بلیمەتانە بیر خۆمان دێنینەوە، لە هەر زانست و جۆر و هونەر و ڕەنگ و داهێنانێکدا کاتێک دەرکەوتن و ناوبانگیان بەهەموو ئاسۆکانی زانیندا لە سەدە جیاجیاکاندا بڵاو بووەوە، هەر لە وڵاتگیریی ئیسلامییەوە تاکو سەدەی ئێستا.

چەندێکیش خەمی پێ دەخۆین هەینێ چەندین هەڵوێستی جوامێری و پیاوەتیی دەگمەن و

بەخشندەیی و لێبوردن و وەفاداری و دڵپاشی و خۆبەختکردن و ئەوپەڕی ئازایەتی و داهێنانی ئاوارتەیی و ناسکی و بەزەیی پڕ لە هەستی مرۆیی و ... هی تریش لە هەڵوێستی تاکرەویی دڵگیرانە بیر خۆمان دێنینەوە، کە هەندێک لە عێراقییەکان بەخۆڕسک پابەندن پێیانەوە و هەڵسوکەوتیان پێ دەکەن.

دەڵێین چەندێک ئازارمان پێ دەگەیەنێ و مایەی خەمە، کەچی میتۆدی زانستی و مێژوویی بەتەنگەوەهاتن و ڕووپامایی نازانێت، بەڵکو پێویست بەوە دەکات و دەبێت ڕاستی و ڕووداوەکان چەندێک قورس و دڵتەزێن بن، بەتێکڕای گشتی بخاتە ڕوو، هەروەها بەشێوەیەکی بابەتییانەی بێلایەن و دوور لە ئارەزووی سۆز و هەستی تایبەت.

زیاتریش ئەوکاتی ئامانجی کۆتایی توێژینەوەکە حەزی دۆزینەوەی چارەسەری دروست بێت بۆ قوتارکردنی کەسێتیی عێراقی لە ناتەواوی و نەرێنییە ئازاربەخشەکان، کە بەدرێژایی چەندین ساڵ لەسەر ئاستی دەروونی و ئاکاری دەرگیریان بووە.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

(١٥) تأريخ الادب العربي. الاعصر العباسية. عمر فروخ. ج,٢ دار العلم للملايين. ص٥١

(١٦) وفيات الاعيان لابن خلكان. المجلد الثاني. دار صادر- بيروت. ص١٥٢

(١٧) هەمان سەرچاوە. ل١٥٢

(١٨) د. شوقي ضيف. العصر العباسي الاول. دار المعارف _ مصر. ص٥٠٥

(١٩) تاريخ الخلفاء للسيوطي. ص٣٥٧ شێوازێکە بۆ دەرهێنانی خوێنی زیاد لە جەستەدا، لە شێوەی کەڵەشاخ.

(٢٠) الكامل في التاريخ لابن كثير. ص٣٩٠

(٢١) الكامل في التاريخ لابن الكثير. ص٤٢٦

(٢٢) تاريخ الطبري. ج ٨ مئسسة الاعلمي للمطبوعات. ص٤٠٣

(٢٣) تاريخ الخلفاء للسيوطي. ص ٣٦٨

(٢٤) وفيات الاعيان لابن خلكان. ج,٥ ص١٠٠ دار صادر- بيروت. وەسفێکی وردی ئەم تەندوورە تۆقێنەرەی تێدایە.

(٢٥) تاريخ الطبري. ج ٧ مؤسسة الاعلمي للمطبوعات _ بيروت. ص٢٤٢

(٢٦) تاريخ الطبري. ج٧ ص٢٧٦ مؤسسة الاعلمي للمطبوعات - بيروت.

(٢٧) ابن كثير. البداية والنهاية. دار احياء التراپ العربي. ج١ ص٢٣١

(٢٨) تاريخ العرب. فيليب حتي. دار غندور للطباعة والنشر والتوزيع. ص ٥٤٤

(٢٩) ئەو لاپەڕانەی بۆ قسەکردن لەسەر شۆڕشی زنج تەرخان کراون، لە لاپەڕی ٣٥٨ تا ٥٨٨ـە، لە بەشی هەشتەم لە مێژووی تەبەری، کە بەپێی چاپی مؤسسە الاعلمی للمطبوعات لە دە بەش پێک هاتووە.

(٣٠) باسکردنی ئەم ڕووداوە لەم کتێبەدا هاتووە: تاريخ العرب. د. فيليب حتي. دار غندور للطباعە والنشر

والتوزیع. ص٥٤٣، هەروەها کتێبی: الکامل فی التاریخ لابن الکثیر. ج٤ ص٤١٧

(٣١) تاریخ الگبری. ج ٨ منشورات مؤسسه الاعلمی للمطبوعات. ص٥٢٠

(٣٢) ئەم گێڕانەوەیە و وردەکارییەکانی لە تاریخ الطبری. بەرگی ٨ مؤسسە الاعلمی للمطبوعات. ل٥٢٠-٥٢١دا هاتووە. بەئەنقەست بەعەرەبیی هاوچەرخ و باو گێڕامانەوە، بەدوور لە وشە و برگەی ناوی فەرهەنگیی کۆن و زەحمەتی بەکارهاتوو لە کتێبە کولتوورییەکاندا، بۆ ئەوەی بۆ خوێنەر ڕوون بێت.

(٣٣) ستیفن لونکریك. أربعة قرون من تاریخ العراق الحدیث. ت: جعفر الخیاط. منشورات مطبعة الیقظة العربیة. ص, ٧١

(٣٤) ستیفن لونکریك. اربعة قرون من تاریخ العراق الحدیث. ت: جعفر الخیاط. منشورات مطبعة الیقظة العربیة. ص ٧٣

## بەشی پێنجەم

## چارەسەر بۆ نەخۆشییەکانی کەسێتیی عێراقی

### هەندێک ڕاستیی تاڵ دەبێت درکیان پێ بکرێت

کاتێک بیر لە دانانی ڕێگە چارە بۆ کۆمەڵێک دیاردە و سیفەتی نەرێنی و نەخۆشیی دەروونی و ئاکاری دەکەینەوە، کە کەسێتیی عێراقی بەدەستیانەوە دەناڵێنێت و بەدوور و درێژی لە بەشەکانی ئەم کتێبەدا خستمانەنە ڕوو و نموونە و چەشنەکانی ئاکاریی کە لەوەوە ڕەنگ دەداتەوە بینی، بۆیە لەسەرمانە قەناعەت بەوە بکەین، کە کۆمەڵێک لەمپەر و زەحمەتی و ڕووداوی تاڵ ڕووبەڕوومان دەبنەوە، نەک هەر ئەمە بەڵکو ڕووبەڕووی هەر پرۆژەیەکی نیشتمانی بۆ چاکسازی لەم بوارەدا دەبێتەوە، ئەمەش ئەو کارەیە دەبێت شارەزای بین و درکی پێ بکەین و لێی ورد ببینەوە، چونکە ئەو بابەتەی خۆمان دەپارێزین لەوەی چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، بابەتێکی مەترسیدار و زەحمەت و تێکچڕژاوە و لایەن و ڕەهەندی زۆری لێ دەبێتەوە، جگە لەوەی بابەتێکی زۆرخایەنە، تەمەنی وێرانکردنی دەروونی و ئاکاری، کە کەسێتیی عێراقی تووشی هات زۆر درێژە لەلایەنی زەمەنییەوە، کە دەگاتە چوار هەزار ساڵ، ئەم وێرانکارییە لەسەرخۆ و پلە بەپلە و بەدرێژایی چەندین سەدە دەرکەوت، بۆیە ناکرێت لاببرێت، یا بەخێرایی بەیەکجار چاک بکرێت. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین چارەیەکی ئەفسووناوی، یا بەپەلە نییە، بەڵکو ڕێگەچارەی میتۆدیی چاکسازیی درێژماوە هەیە، دەتوانێت ئەنجامی باش بەدەستەوە بدات گەر پێویستییەکانی سەرکەوتن و پراکتیکی کردەنی لەبەردەستا بێت.

هەمەلایەنی خەوشەکان و وێرانکردن لە کەسێتیی عێراقیدا و گشتگیری ڕەهەندی جیاجیای دەروونی و ئاکاری و درێژبوونەوەی بۆ ژمارەیەکی زۆر لە جۆری ئاکاری دابڕاو لەوەوە، بەدڵنیاییەوە زەحمەتیی زۆر لە بەرابەر هەر چارەیەکی سەنتراڵیی گشتگیر دادەنێت.

## چارەسەرەکان

دوای ئەوەی دەستنیشانی جۆرە سەرەکییەکانی نەخۆشییە دەروونی و ئاکارییەکانمان کرد، کە کەسێتیی عێراقی بەدەستیانەوە دەناڵێنێت، یاخود کەسێتیی عێراقیی لە سۆنگەی ڕەوشی مێژوویی و بابەتی کە دەورەی داوە و بەدەر لە ویستی خۆی دەرگیریان بووە، کە بەسێ سیفەتی نەرێنیی سەرەکی دەستنیشانمان کردن، کە ناکۆکی و دەسەڵاتخوازی (واتا دیکتاتۆری) و خوێنڕێژییە، پاشان دوای ئەوەی زانیمان و دەستمان نایە سەر ئەو هۆ و فاکتەرانەی لەو دیو ئەم سیفەتە نەرێنییانەوە وەستاون و دەبنە هۆی سەرهەڵدانیان، کە دیارمان کردن بەنوشوستی و بێ هیوایی و بێبەری بوون، دوای ئەم دەستخستنە سەرە، کە بەپاڵپشتیی دەیان نموونە و ڕووداوی مێژوویی لێکدرانەوە، دەڵێین وای لێ هاتووە بەئاسانی جۆری چارەسەر و ڕێگەچارەی پێویست بۆ چارەسەری ئەم نەخۆشییانە دیار دەکرێت، کە کەسێتیی عێراقی بەدەستیانەوە دەناڵێنێت و خۆی لە گشت کورتکردنەوە و سادەییدا دەبینێتەوە، لە زاڵبوون بەسەر هۆکارەکاندا، کە لە پشت دەرکەوتنی ئەم سیفەتە نەرێنییانەوەن، یاخۆ ئەم سێ نەخۆشییە مەترسیدارەوەن.

واتا بەنەهێشتنی نوشوستی و بێ هیوایی و بێبەری لە ناوەندی کۆمەڵگەی عێراقیدا، ئەمەش دەخوازێت گشت ئامراز و کارڕایی و شێوازەکان بگیرێتە بەر بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەی نوێ، نەناڵێت بەدەست نوشوستی و بێبەری و بێ ئومێدییەوە.

بەڵام چۆن ئەمە ڕوو دەدات؟ ئەمەیە دەبێت لە وردەکارییەکانی بکۆڵینەوە و پاشان پرۆژەی چارەسەر کە پێویست بەپیادەکردن دەکات پێکدەهێنێت بۆ سەرلەنوێ پێگەیاندنی کەسێتیی عێراقی و ڕزگارکردنی لەم ناتەواوی و نەخۆشییانە، کە بەدرێژایی چەندین سەدە لە مێژوودا بەدوایەوە بوونە.

## پرۆژەی ڕێگەچارەی پێشنیازکراو

١- دانانی بەرنامەیەکی نیشتمانیی ناوەندی بەناوی: بەرنامەی نیشتمانی بۆ پێگەیاندنی کەسێتیی عێراقی

ئامانج لەم بەرنامەیە ئەوەیە سەرلەنوێ کەسێتیی عێراقی بنیات بنرێتەوە و سیفەتە خراپە نەرێنییەکانی نەمێنن، کە ئاکار و هەڵسوکەوتەکانی دەگرێتە خۆ، ئێمە وای بەباش دەزانین ناوی بنرێت: بەرنامەی نیشتمانی بۆ سەرلەنوێ پێگەیاندنی کەسێتیی عێراقی و دەکرێت لیژنەیەکی نیشتمانیی کاتیی بەرفراوان لە ژمارە و ئاستی بەرز پێک بهێنرێت، کە ژمارەیەک لە پەروەردەکاران و زانای دەروونناسی و کۆمەڵناسی و پسپۆڕ بگرێتە خۆ و دانانی پلانی گشتییان بۆ ئەم بەرنامە نیشتمانییە پێ بسپێررێت، بەو مەرجەی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەم لیژنەیە لە مامۆستایانی زانکۆ و لە وەزارەتەکان و فەرمانگە فەرمی و کۆمەڵایەتییە هەمەڕەنگەکانی تر بن،

کە لە خزمەتی ئامانجی گشتیدا بن، لەگەڵ دانانی بەرنامەیەکی میتۆدیی ورد و واقعییانە، بەمەرجێک لە پێشەوەی کارەکانی ئەم لیژنەیە بێت، هەروەها دانانی چوارچێوەی کارگێڕی و دارایی و هەرەمی ئیش لە فەرمانبەر و کارگێڕی و ئەوانەی بەئەنجام گەیاندنی ئەم پرۆژە ستراتیجییەیان لەسەر شانە، بەمەبەستی بەرپرسیارێتی و لێپرسینەوەی دوایی بەرپرسانی ئەنجامدەری بەرنامەکە، کە دەبێت بەماوەیەکی کەم دیار بکرێت لەپێناوی بەدەستهێنانی هەل بۆ دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی سەرکەوتن و نوشوستی و لێپرسینەوە.

بەو مەرجەی ئاگای لە بەتەنگەوەهاتنی هەڵبژاردنی کارمەندان و چاودێریکەران و جێبەجێ کارانی ئەم بەرنامەیە و جومگە زیندووە جێبەجێ کراوەکانی لە کەسانی سەربەخۆ و ناحزبی و ئەوانەی دوورن لە دەستە و تایەفە، سەرەڕای بڕوای ڕاستەقینەیان بەدیموکراسیی ئازاد.

٢- ئەنجامدانی هەڵمەتێکی فراوانی ڕۆشنبیرکردن لەناو کۆمەڵگەدا بۆ پێناسەکردنی هاووڵاتییان بەسروشتی گرفتەکە:

ئەمەش پێویستی بەبەشدارکردنی ژمارەیەکی زۆری ڕۆشنبیران و بیریاران و نووسەران و شاعیران و شانۆکاران و هونەرمەندان و سەرجەم داهێنەرانە، پێویستە زۆرترین ژمارەی ڕۆڵەکانی وڵات ئاگاداری بوونی ئاریشە و سروشت و هۆکارەکانی بن لەگەڵ ڕێگەچارەی پێویست و داواکراو بۆ جێبەجێکردنی لە پرۆسەی دووبارە پێگەیاندنی کەسێتیی عێراقی، تاکو بەهۆشیارییەوە یارمەتی پراکتیزەکردنی ئەو پلانانە بدەن، کە بۆ ئەم مەبەستە دانراون و بۆ ئەوەی تێیدا بەشدار بن و بەجۆشوخرۆش بن بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی.

ئەو کۆمەڵگەیەی هەست و درک ناکات بەبوونی ئەم جۆرە گرفتانە و لە ڕیزەکانیدا بەدەست دیاردەی نەخۆشییە دەروونی و ئاکارییەکانەوە ناناڵێنێت، ئەوا بەشداری ناکات و بەجۆش نابێت لە هەر پرۆژەیەکی چاکسازیدا، بەڵکو دوور نییە گرفت بخاتە بەردەمی و گاڵتەی پێدا بێت.

٣- داننان بەوەی هۆیە سەرەکییەکانی نەخۆشییە دەروونی و ئاکارییەکان، کە کەسێتیی عێراقی بەدەستیانەوە دەناڵێنێت، نوشوستی و بێ ئومێدی و بێبەرییە:

لەبەر ئەمە دەبێت هەموو ئەو ڕێوشوێنانە بگیرێنە بەر، کە دەبنە ئەگەری ساردکردنەوە و لاوازکردن، یا نەهێشتنی هەستی نوشوستی و بێ ئومێدی و بێبەری لای هاووڵاتی و تاک لە کۆمەڵگەی عێراقیدا، لەم بارەیەوە بۆ نموونە ڕێگە نەدانی حکوومەت بەهەر بەرپرسێک لە هەر ئاستێک لە ئاستەکاندا بێت، نوقڵانەی بەرنامەی گەشبینی، یاخود درۆ، یا زیادەگۆیی بکات، چونکە ئەوە هەستی نوشوستی و بێ ئومێدی لە ناخی کەسێتیی عێراقیدا دەوروژێنێت، ئەوکاتی دڵنیا دەبێت ئەو بەڵێنانەی پێی دراون درۆ و بەتاڵن، قسە نەکردن و وادە و بەڵێن نەدان باشترە لەوەی وادەی درۆ و پڕ لە زێدەگۆیی بدرێت کە نایەنە دی، لەلایەکی ترەوە پێویستە دان بەوەدا بنرێت، کە سەرکەوتن لە پێشخستنی خزمەتگوزاری و ئابووری لە وڵاتدا بەدڵنیاییەوە گەلێک یاریدەی کوژاندنەوەی هەستی بێ هیوایی و نوشوستی دەدات.

وا باشتره دەوڵەت جۆرێک لە سزا، یاخود لێپرسینەوە بگرێتە بەر سەبارەت بەو لێدوانە ناڕاستانە، یا گەشبینانە، یا ئەوانەی زێدەگۆییان تێدان کە هەر بەرپرسێکی دەوڵەت دەیگرێتە بەر و ئەمەش بەوە دابنرێت، کە هەڵخەڵەتاندنی خەڵکە و دروستکردنی دۆخی نوشوستییە لایان.

٤- جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی ڕاگەیاندنی ئاراستەکراو و درێژماوە:

دەکرێت ئەمە بەشێوەی ڕابوێری، یا شانۆنامە، یا نمایشکردن، یافیلم، یا کۆڕی جدی ئەنجام بدرێت، بەو مەرجەی بەشێوازی ئارەزوومەندانە و فێرکردن و ئاراستەکراو جێبەجێ بکرێت، لە شێوەی ئەڵقەی بەرین و هەمەڕەنگ، ئامانجی هەر ئەڵقەیەکیش چارەسەرکردنی کێشەی دەروونی، یا ئاکاری بێت، کە کەسێتیی عێراقی بەدەستیانەوە دەناڵێنێت، هەوەها حکوومەتیش پابەندی کرِینی ئەم بەرنامەیە بێت لە کەناڵە ئاسمانییەکانەوە و هانی پیشاندان و دابەشکردنی بدات (دوای بڕیاردانی قبوولکردنی لەلایەن لیژنەی پەروەردەیی هونەریی پسپۆڕەوە) هیچ کارێکی لایەنگیری دەستەیی، یا تایفی قبووڵ نەکرێت.

٥- دەوڵەت هانی هاووڵاتییە عێراقییەکان بدات بۆ گەشتکردن بۆ دەرەوەی وڵات، بۆ ناسین و ئاگاداربوون لە داوونەریتی گەلان و ئاکاریان (نەک بەمەبەستی کۆچکردن و هەڵهاتنی سیاسی):

ئەم جۆرە گەشت و سەفەری ئاگاداربوونە کەسێتییانە وانەی پراکتیکیی فێرکاریی زۆر بەنرخن هانی هاووڵاتیی عێراقی دەدەن و فێری دەکەن شوێنی داوونەریت و خووی جوان و چاکی ئەوانی تر بکەوێت و لە ناخیدا بەربەستێکی خۆیی دروست بکات بۆ پشتکردن لە ژمارەیەک هەڵسوکەوت و نەریتی ئاکاری، کە پێڕەویان دەکا و دەبینێت دواکەوتووانە و مایەی شەرمن، جگە لەوەی خاوبوونەوەیەکی دەروونیی وای پێ دەبەخشێت ئەو خوێنڕێزانە ناوەکییەی لە دەروونی تاکی عێراقیدا هەیە کەم دەکاتەوە.

٦- دانانی بەرنامەیەکی پێویست بۆ پێشخستنی ڕەوشی ئافرەتی عێراقی لەلایەنی ئابووری و فێرکردن و کۆمەڵایەتییەوە:

بەمەبەستی یارمەتیدان لە سەرکەوتنی بەرنامەی نیشتمانی بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی دەروونی و ئاکاری لە عێراقدا، لەسەر دەوڵەتە بەرنامەیەکی سەنترالّی بەزۆر بۆ هەمووان دابنێت تایبەت بەرۆشنبیرکردنی ئافرەتی عێراق و پەلەکردن لە پێشخستنی لەلایەنی فێرکردن و کۆمەڵایەتییەوە. بایەخی ڕۆڵی ئافرەت لەم پرۆسە گەورەیەی پەرەپێداندا، لەوەوە دێت کە کەسێکی زۆر نزیکە لە ڕۆڵەکانی نەوەی نوێ لە کوڕ و کچ، هەروەها بەتواناترە لە ئاراستەکردنیان و تەرخانکردنیان و پێشخستنیان، هەروەها بەسەبرترە بۆ بەدواداچوونی فێرکردنیان و وانە دانەوەیان بەبەهای تازە و ڕەوشتە کۆمەڵایەتییە نوێیە داواکراوەکان، هەروەها ڕۆڵی مەترسیداری بەرجەستە دەبێت لەوەی منداڵە چکۆڵەکان، یا نەوەی نوێ پتر لەژێر کاریگەری و پابەندن بەڕێنمایی و ئەو زانیارییانەی لە دایکەوە دەردەچن.

ڕەنگە گرینگترین کارڕاییەک بکرێت بگرێتە بەر بۆ پێشخستنی ڕەوشی ئافرەت بەگشتی، ئەوە کارێکە پێوەندە بەپێشخستنی ڕەوشە ئابوورییەکەی، پێشخستنی ڕەوشی ئابووریی ئافرەت ژمارەیەکی کەم لە بڕیاری ئازایانە و چلۆنایەتی دەخوازێت، سامانی زۆری ئابووری، کە لە وڵاتدا هەیە و بەتایبەتیش سەرچاوەکانی قازانجی ڕاستەوخۆ، کە لە فرۆشتنی نەوتەوە دێت، گەلێک یارمەتیی ئەوە دەدات هەنگاو و بڕیاری بوێرانە و جۆریی داواکراو بگردرێتە بەر، کە لە پێشی پێشەوە بڕیاردانی مووچەی مانگانەی بڕاوە بۆ هەر ئافرەتێکی عێراقی بێ ئاوارتە کردن و بڕینی ئەو مووچەیە لە داهاتی نەوت، ئەمەش بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆڵی مەزنی لە بنیاتنانی خێزاندا لە دۆخە ئەستەمەکاندا...

ئافرەتی عێراقی بەتێپەڕکردنی ڕۆڵی هەر ئافرەتێک لە جیهاندا، هەڵدەستێت بەبنیاتنانی خێزان و پەروەردەکردنی ڕۆڵەکان لە وڵاتێکدا ئاگری یەک لە دوای یەکی شەڕەکان دەیگرنەوە و میتۆدی توندوتیژیی خوێناوی و وەرچەرخانی سیاسی بەردەوام دەبن، هەروەها بەڵا و نەهامەتی و پرۆسەکانی کوشتن و پاکتاو و تۆڵەسەندنەوەی بەردەوام و کارەساتەکانی لافاو و شەڕ، ڕەنگە زیادەگۆییمان نەکردبێ ئەگەر بڵێین ئەوی ئافرەتی عێراقی بەدرێژایی چاخەکانی ڕابردووی پڕ لە شەڕ و کوشتار و نەهامەتیی گەورە و کارەساتە یەک لە دوای یەکەکان بەرگەی گرتووە و ئەوی لە مێژووی هاوچەرخدا بەرگەی دەگرێت، لە ستەم و ئێش و ئازار و مەترسی و زوڵم و غەم و ڕەوشێلێکی پڕ لە دڵڕەقی و تاڵی، کە هاوشێوەیان لە مێژووی کۆمەڵگە مرۆییەکاندا نادۆزرێتەوە.

ئافرەتی عێراقی بەزۆری و ڕەنگە بەردەوام و بەدرێژایی چەندین ساڵ ترساو و غەمبار و تۆقیوە، چونکە بەکارەساتی دڵتەزێنی باوکە شەهیدە کوژراوە بەندکراوە ئەشکەنجەدراوە، یا ڕاکردووە کۆچکردوو، یان نەبوو و هەژارەکەی، هەروەها کۆستی کەوتووە بەبراکەی لەبەر دۆخێلێکی هاوشێوە، هەروەها کارەساتبارە بەکوڕە شەهیدە گیراوە بزرە شێوێنراو بەئەشکەنجە یا بەشەڕ، هەڵاتووی سیاسی، یاخود ڕفێنراو بەدەستی ستەمکاران و چارەنووسی نازانێت، یا دیلە لە وڵاتێکی دراوسێ، یان نێژراو لە گۆڕی بەکۆمەڵدا، یا مردوو لەژێر باری ئەشکەنجەداندا، یاخود بەگوللەی وێڵ، یا پارچەی تەقینەوە، ئەو غەمبار و کۆست کەوتووە بەکیژە ستەم لێکراوەکەی لە کۆمەڵگەیەکدا بەزەیی بەکچدا نایەتەوە هەر لە منداڵییەوە تاکو دەبێتە ژن، یا دەبێتە دایک و وەکو ئەو غەم و پەژارە لەخۆی بار دەکات... هەروەها دوور نییە کۆستی کەوتبێت بەمێردەکەی، کە ئەگەر لە مەترسی و شیمانەکانی لە سەرەوە باسمان کردن دەرچووبێت، ئەوا سڵ ناکاتەوە لە پیادەکردنی ئەو هەڵسوکەوت و ئاکارانەی بۆی خراپن و چاکی و قوربانییەکانی و سەبر و کۆژانەکانی دەسڕنەوە.

ئافرەتی عێراقی بەسەبر و خۆڕاگرە لە بەردەم گشت ئەو ڕەوشە ناهەموارە ستەمکارانەیەدا لە زوڵم و مەترسی بەدرێژایی چەندین سەدەی بەردەوام، بەرەهایی مەزنترین ئافرەتە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا...

ئەم ئافرەتە توانایەکی لەبن نەهاتووی هەیە لەسەر بەردەوامیی ژیان لە ڕەوشە ئەستەمەکاندا. بۆیە شایانی هەموو ڕێزلێنانێک و چاودێری و بایەخ و ڕێزێکە.

بۆ گەڕانەوە بۆ بابەتە سەرەکییەکەمان دەڵێین: تەرخانکردنی مووچەی باشی مانگانە بۆ هەر ئافرەتێکی عێراقیی تۆمارکراو لە فەرمانگەکانی ڕەگەزنامەدا، ئەوا دەبێتە هۆی پێشخستنی دۆخە ئابوورییەکەی، بەو مەرجەی وەرگرتنی مووچەکەی لە ڕێگەی بلیتی کەسێنییەوە بێت دوور لە ئاڵۆزی و کەسێکی تر، یا بریکارێک لە لقێک لە لقەکانی بانکەکان، یاخود کوشکی پارەدان، کە دەکرێت لە هەر گەڕەکێک لە گەڕەکەکانی عێراقدا دابمەزرێنرێت، ئەم کارە ئافرەتی عێراقی لە دوورەپەرێزییە مێژوویییەکەی دەردەهێنێت و پایە و ڕێزی بۆ دەگەڕێنێتەوە و بەکۆمەڵێکی زۆری ئەرێنییەوە لەسەر ژیانی ڕەنگ دەداتەوە، کە کاریگەریی بەرچاویان لەسەر ژیانی خێزانی عێراقی دەبێت.

ئەم کارە بەخێرایی و بەیەکجار کۆتایی بەچاخی کۆیلەداریی ئابووری دەهێنێت، کە تا ئێستا ئافرەتی عێراقی لە هەزاران ساڵەوە بەدەستییەوە دەناڵێنێت و هاوسەنگیی بۆ پایە و کەسێتییەکەی لە خێزان و کۆمەڵگەدا دەگەڕێنێتەوە، بەمە نیوە پەککەوتووەکەی لە کۆمەڵگەدا دەگەڕێنینەوە بۆ چالاکیی ئەرێنیی بنیاتنەر.

گرینگترین شتێک دەستەبەر بکرێت بۆ بەئانجامگەیاندنی ئەم بڕیارە مێژوویییە مەردانەیە، ئەوەیە بەرپرسان درک بەبایەخی ئەم بابەتە زیندوو و ڕەهەندە ستراتیجی و کۆمەڵایەتییە مەترسیدارە بکەن و لێپرسراوان، یا پسپۆڕان لە شارەزا ئابوورییەکان ئەم مووچەیە بۆ ئافرەتی عێراقی بەزۆر نەزانن، دوای ئەوەی بەرگەی چەندین سەدە لە ستەم و ئازار و چەوسانەوە و مافخورانی گرت...

وێڕای ئەمانەش ئەوی ئەمڕۆ ئافرەتی عێراقی لە ماڵەوە ئەنجامی دەدات، هیچ ئافرەتێکی تر پێی هەڵناسێت، ڕەنگە لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهاندا لەو کارە سەربارانەی لە سەرووی توانای خۆیانەوەن ئەنجامیان دەدات، ئینجا ناڵینی بەدەست ئەو دۆخە ئاڵۆز و قورس و بەدبەختەی لە ژیانی عێراقیدا هەن، کە گرینگترین داواکاری و پێویستیی ژیانی بەدەست نایەن، هەروەها ئامرازەکانی ژیانی ئاسایی پێویست، تا وای لێ بکات شایانی هەموو ڕێزلێنانێکی مادی و مەعنەوی و دەروونی بێت، ئێمە لێرەدا باسی ئەو ئافرەتانە ناکەین کە هەمیشە خەریکی ڕابواردنن و لە ماڵە گەورە و لە کۆشکە پڕ لە خۆشگوزەرانییەکانیاندا لە شارە مەزنەکان دەژین، بەڵکو باسی ملیۆنان ئافرەتی عێراقی دەکەین، کە لە گوند و ئاوایی و شارۆچکە و شارەدێیەکان و بیابان و ئەهوارەکان و شوێنانی تردا دەژین، کە لە سپێدەی بەیانەوە، بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی گوزەران و ژیانی خێزان کوڕان و کچان لە ڕەوشی ستەمکارانەی هەژاریدا بۆ کار و ڕەنجدان هەڵدەستن، هەر لە هەویرگرتنەوەوە تا دار کۆکردنەوە و ئاگرکردنەوە و نانکردن و ئاڵف گواستنەوە، یا کۆکردنەوەی لەپێناوی دانی بەئاژەڵەکان، کە هەموو ئەندامانی خێزانەکە لەسەری

دەژین، پاشان هەڵدەستێت بەئاوگواستنەوە لە شوێنێکی دوورەوە، دواتر پاککردنەوەی منداڵ و خەریکبوون بەوەی نەساغە و تەماشای پێویستییەکانی قوتابخانەی منداڵەکان و جلەکانی تایبەت بەقوتابخانەیان و ڕەوانەکردنیان، پاشان ئامادەکردنی نانی بەیانی بۆ پیاو (گەورەی ماڵ)، کە دوای ژنەکەی دوور نییە بەدوو یا سێ سەعات هەڵسێت، ئینجا ژنە دەست بەچێشت لێنان و ئامادەکردنی خواردن دەکات بۆ خێزانەکەی...

پاشان دەستکردن بەقاپ شوشتن و ئامرازەکانی خواردن و شوشتنی جل بەدەستی خۆی و هەڵخستنیان، ئیتر تا دوا زنجیرەی کار و ئەرکە بەردەوامەکان، کە تاکو ڕۆژەکە تەواو دەبێت کۆتاییان نایەن و بەناچاری ئەنجامیان دەدات، یاخۆ بەخاتری، تەنانەت بێ داواکردنی کرێ، کە شەرعی ئیسلام و یاسا مرۆییەکانی تر بۆیان دەستنیشان کردوون....!

ئەو مووچەیەی دەکرێ بەئافرەت بدرێت هەرچەندێک بێت زۆر کەمە و هیچ ناکات و بەرابەر ئەو ئەرکە، یا کارە تاقەتپرووکێن و ماندووکەرە نییە کە ئافرەتی عێراقی هەموو بەیانییەک تاکو ئێواری ئەنجامی دەدات، کەچی وێڕای ئەوەش لای خۆی یارمەتیی فەراهەمکردنی شێوە خۆشگوزەرانی و خۆشی و ئاسایش و سەقامگیرییەکی دەروونی دەدات، ئەمەش گەلێک یاریدە دەدات و بەشێوەیەکی ئەرێنی ڕەنگ دەداتەوە لەسەر ڕەوشی دەروونی منداڵەکان و تا ڕادەیەکی زۆر ڕزگاریان دەکات لە هەستکردن بەبێبەری (بێبەری وەکو لە بەشەکانی پێشووی ئەم کتێبەدا سێیەمین ناونیشانی وێرانکەری کەسێتیی عێراقییە دوای بێ هیوایی و نوشوستی و دەبێتە ئەگەری چەندین جۆر لە ئاکاری خراپی پێوەند بەنەخۆشیی دەروونی لای تاکی عێراقی)، هەروەها گرژیی دەروونییان سووک دەکاتەوە، کە هۆیەکەی دۆخی گوزەرانی قورسە لە عێراقدا لەگەڵ بێ تواناییان لە دابینکردنی ئەو پێداویستییانەی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا پێویستیان پێ دەبێت، چونکە دایک لە هەر دۆخ و ڕەوشێکدا لە بەرابەر منداڵەکانیدا خۆی بەخاوەن هیچ نازانێت، ئیدی پتر لە مووچەکەی خەرج دەکات، تاکو داخوازییەکانی منداڵەکانی بەجێ بگەیەنێت لە پێناوی ئەوەی خۆشی بخاتە دڵیانەوە، کە زۆر جار لە ڕاستیدا داخوازیی سادە و بچووکن.

بەم شێوەیە دەبینین کۆمەڵگە ئەگەرچی زۆر بەهێوریش بێت، لە سۆنگەی خەرجکردنی مووچەوە بۆ ئافرەتی عێراقی ژمارەیەک ئەنجامی ئەرێنیی دەروونی و ئاکاری دەدوورێتەوە، ئەمەش لەلایەنی ئەرێنییەوە لەسەر ژیانی دەروونی و ئاکاری بۆ منداڵەکانی، یا دایک و باوکی، یاخود تەنانەت پیاوەکەشی ڕەنگ دەداتەوە.

هەرچی گرفت و ئاڵۆزییە دارایی و کارگێڕییە ڕۆتینی و نەرێنییەکانن، کە دەشێت لە ئەنجامی دانانان بەمووچەی مانگانەی ئافرەتی عێراقیدا نەشونما بکەن، ئاریشەیێلێکن دەکرێت کۆنترۆڵ و چارەسەر و ئاراستە بکرێن بەفەرمانی بەزۆری حکوومیی تر.

هەرچی ئەو خەرجییانەیە کە بودجەی دەوڵەت دەیانگرێتە خۆ بەهۆی ئەم مووچەیەوە، بەبەراورد بەنرخی کڕینەکانی عێراق لە چەک هیچ نییە، کە ڕێژیمە سیاسییەکانی عێراق پێشبڕکێیان بوو لە

ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا لە سەرەتای سەدەی بیست، بۆ کڕین و کۆمەڵکردنی، پاشان شاردنەوەیان لەژێر خۆڵدا لە کاتی توندبوونەوەی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان، بێ ئەوەی عێراق و میللەتەکەی سوودێکیان لێ ببینێت و بێ ئەوەی هەر لە بناغەدا پێویستی پێیان بێت.

٧- ئاراستەکردنی پرۆسەی فێرکردن لە سەرتاپای وڵاتدا بەئاقاری دیموکراسی:

گۆڕینی چەمکە دیموکراسییە تیۆری و هزرییەکان بۆ بەرنامەی کردەنی لەناو پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، کە پێشتر و ئێستاش لە گشت قۆناغەکاندا لە نزیکەی سەدەیەکەوە دەوڵەت گرتوونییە خۆ، ئەمەش پێویستی بەیاسادانانی توند و یەکلاکەرەوەیە لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا و دانانی مادەیەکی فێرکردن بەناوی (وانەی پەروەردەی دیموکراسی) لە سەرجەم قۆناغەکانی فێرکردندا بخوێنرێت، لە سەرەتاییەوە تاکو زانکۆ تەواو دەکات و لەسەر هەموو خوێندکارەکانە لە گشت قۆناغەکاندا لەو وانەیە دەرچن، کە وەکو هەر وانەیەکی زانستیی تر قابیل بەدەرنەچوونە لێی.

بەو مەرجەی مادە و میتۆدەکەی لەلایەن لیژنەی فێرکردنی پسپۆڕەوە لەسەر ئاستی باڵا لە زانست و پسپۆڕی دابنرێت، ئەندامەکانیشی بێلایەن و سەربەخۆ بن و بڕوایان بەدیموکراسیی ئازاد هەبێت و خراپ نییە پەنا بۆ شارەزای عەرەب و بێگانەش ببرێت، بەمەرجێک بابەت و وانەکە گونجاو بێت بۆ ئاست و تەمەنی ئاوەزی و هزری و فێرکردنی قوتابی، دەبێت بابەتەکانی لە قووڵی و زەحمەتی و سەرتاپاگیریدا بەپێی قۆناغی خوێندن وەکو ئەوانی تر بن.

ئەم پرۆسە ئاراستەکراوە لە فێرکردندا بناغەی پرۆسەی چاکسازیی دەروونی و ئاکارییە لە کۆمەڵگەدا، کە ئەو بناغەیەیە دەبێت پلانی نیشتمانی بۆ چاکسازیی پێویست سەبارەت بەکەسێتیی عێراقی پشتی پێ ببەستێت، وێڕای ئەوەی ئەنجامەکانی لەسەرخۆ و پلە بەپلەن و دوورماوەن، بەڵام ئەو ئەنجامانە بەدڵنیاییەوە لەسەر دواڕۆژی کۆمەڵگە و کەسێتیی عێراقی بەگشتی کاریگەر و مەترسیدارن.

بۆ نموونە قوتابیان لە قۆناغی سەرەتاییدا پرانسیپە سەرەتایی و سادەکان لە بنەمای چەمکەکان و ژیانی هاوچەرخ و دیموکراسی و ئەدەبی ئاکاری کۆمەڵایەتی فێردەبن، وەکو بێدەنگی و جوانکرداری و هەڵسوکەوت بەئەدەبەوە لەبەردەم بەتەمەنەکان و سڵاوی شیاو فێرکردنیان لەگەڵ چۆنیەتی ئاراستەکردن و وەڵامدانەوەی سڵاو و جۆری بەرپەرچدانەوە بۆ هەر سڵاوێک بەڕێکوپێکی و بەدەنگێکی ڕوون و فێرکردنیان تووڕە نەبن و هەڵنەچن و پەلەنەکەن و گوتەی دڵڕەقانە و قسەی خراپ بەکار نەهێنن و خۆ لە وشەی ناپەسەند و خراپ بەدوور بگرن و لەوانەکانیاندا ئەوەیان پێ بگوترێت بەهیچ شێوەیەک ئەو وشانە بەکار نەهێنن و بەکارهێنانیان بەبێ ڕەوشتی و بێ پەروەردەیی دابنرێت، بۆیە نابێت بەکار بهێنرێن نە لە ماڵ و نە لە شەقام و نە لە بازاڕ و نەیش لەگەڵ هاوەڵ و برادەران و بەسووک تەماشاکردنی هەر کەسێک بەکاریان بهێنێت و بڕیاری ڕەفتار خراپی و بێ ئەدەبیی بەسەردا بدرێت، لەگەڵ وانە پێدانەوەیان و پەی دەر پەی ڕاهێنانیان بەپێی

ناوەڕۆکی وانەکە، لەسەر گرینگیی قسەکردن بەدەنگێکی هێمنانە و هاوار نەکردن لە کاتی قسەکردن لەگەڵ ئەوانی تردا و لە منداڵییەوە ڕاهێنانیان لەسەر تووڕەیی و هەڵچوون، هەروەها ڕاهێنان لەسەر ئەدەبی باش گوێگرتن لەوانی تر، لە منداڵییەوە ڕاهێنان لەسەر شێوەی میتۆدی و ڕێکخراو لە بیرکردنەوە و ئامادەکردنی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەوانی تر بەشێوەیەک لێی بگەن، سەرەڕای کاری تر پێوەندن بەپابەندبوون و ڕێزگرتن لە یاسا باوەکان لە شار و ملکەچکردن بۆ فەرمانی گشتی و سەرپێچی نەکردنی سیستەم و ڕێنماییەکان و ئەوە بەڕێوڕەسمی گشتی و باش پەروەردەکردن دابنرێت، وێڕای ڕاهێنانیان لەسەر ژمارەیەکی زۆر لە ڕێوڕەسمی ئاکاری کۆمەڵایەتیی ناسراو لە کۆمەڵگە پێشکەوتوو و ئاست بەرزەکاندا لە جل و خواردنەوە و خواردن و شێوەی قسەکردن و دانیشتن و قسەکردن و ڕێوڕەسمی دروست لە شێوازی نانخواردن و ناساندنیان بەشێوازی خواردنی هەموو جۆرێک لە جۆرەکانی خواردن و میوە (هەڵبەت منداڵ ئەم هەموو شتانە نازانێت، کە وا دیارە لای گەورەکان بەڵگەنەویستن) بۆیە وێڕای ئەوەی ئەمانە لای هەندێک ساکار و بەڵگەنەویست و پێویست نین، چونکە دەرەنجامە و ئەرکی هەمووانە درک بەو ڕاستییە تاڵ و مایەی خەم و باوە بکەین لە واقعی عێراقدا، ئەویش ئەوەیە هەموو ئەو داوونەریتانەی پێوەندن بەڕێوڕەسمی ئاکاری کۆمەڵایەتیی باڵا و ڕاست و دروست، دەرگیری بەرەودوا کشانەوە و دواکەوتنی ترسناک هاتوون لە کۆمەڵگەی عێراقیدا لە سایەی ڕۆشنبیریی حزبە دیکتاتۆرییە تۆتالیتارییە دەسەڵاتخوازەکان، کە ڕێوڕەسمی ئاکاری کۆمەڵایەتیی دروستیان بۆ هاوولاتی پشتگوێ خستووە و بایەخیان بەفێرکردنی تاکەکان داوە لەگەڵ هاندانیان بۆ کۆمەڵێک بەهای خراپ و هانیانی دا بۆ ناپاکی لە هاوەڵ و هەڵگەڕانەوە لە بەڵێن و وەفا و دڵسۆزی و ڕاستگۆیی و ڕاسترەوی لە پێوەندیی کەسێتی، بەڵکو هانیانی دا بۆ زمان لە دۆست و هاوەڵ دان و وتنی قسەی نابەجێ و بریندارکەر و پڕ لە دڵڕەقی و دڕندەیی و خوێنڕێژی وای لێ کردن ڕەوشتی هەواڵدز و پیاوانی ئاسایشی نهێنیی لەخۆ بگرن، لەگەڵ فەرامۆشکردنی شێوازەکانی ڕێوڕەسم و ئەرکە کۆمەڵایەتییە باڵاکان و بەکەم زانینیان، بۆیە لە عێراقدا خۆمان لە بەردەم هەندێک نەوەی عێراقیدا دەبینینەوە، لەوانەی هەلیان بۆ ڕێک نەکەوت لایەنی کەمی بەهای ئەدەبی ئاکاری دروست فێربن، کە لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی تردا تا ڕادەیەک باوە، ئەوەی لەگەڵ مێژووی کۆمەڵگەی عێراقی و بەها ئاینی و ئاکارییە لەمێژینە پشتاوپشتەکاندا نایەتەوە.

کارێکە مایەی داخە و کارەساتێکی ڕاستەقینەیە بەشێوەیەکی فراوان ڕووبەڕووی هەموومان دەبێتەوە، گشتمان تووشی غەم و شەرمی توند دەکات، بۆیە لەسەر هەمووانە ئەو پیاهەڵسانانە بەکەم نەزانێت بۆ سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی کەسێتیی عێراقی و تازەلاوانی عێراق و دەستکردن بەفێرکردنی نەوەکان و تەنانەت هەندێک جار گەورەکانیش، ئەمەش سادەترین بەڵگەنەویستی پێوەند بەڕێوڕەسمی ئاکاری گشتیی پێویستە، لە ماڵ و شەقام و کۆمەڵگەدا.

ئەگەر ئەم شێوازانە لە پەروەردەی دیموکراسی و سەرجەم قۆناغەکانی فێرکردن پێڕەو بکرێن،

ئەوا لە زانکۆ نەک هەر دەرچوویەکی عێراقیی پڕ لە زانیاری و ڕاستییە زانستییەکان وەردەگرین، بەڵکو سەرەڕای ئەمانەش دەرچوویەکی هۆشیاری پابەند بەبەهاکانی دیموکراسی وەردەگرین ساغ بێت لە نەخۆشییە دەروونی و ئاکارییەکان و ئاگاداری یاساکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بێت و هاوشان بێت لەگەڵ سەرجەم کێشەکانی ژیان و ڕێوڕەسمی ئاکاری باڵا و پێشکەوتوو و شێوازی ژیانی دیموکراسیی ئازاد و دابڕابێت لە شێوازەکانی ژیانی دیکتاتۆری و دەسەڵاتخوازی و حەزی تاکڕەوی و ڕێبازی خوێنڕێژی و ئاکاری دوژمنکارانە و هەموو شێوەکانی نەخۆشییە دەروونی و ئاکارییەکان.

٨- بەکارهێنانی هێزی یاسای پشتبەستوو بەهێزی دەوڵەت لە لێپرسینەوەی توند لەسەر کێشەکانی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی:

دەستەبەرکردنی هێزی یاسای پشتبەستوو بەهێزی دەوڵەت و دەسەڵاتە یەکگرتووەکەی کارێکی پێویستە بۆ سەرلەنوێ هاوسەنگیی ڕۆحی و دەروونی و مانەوی بۆ هاووڵاتی، چونکە هەستکردن بەتوانای دەوڵەت و گونجانی بۆ پراکتیزەکردنی یاساکان و سەپاندنی دادپەروەری لە وڵاتدا لەسەر هەموو ئاستەکان لای تاک دروست دەکات، ئەمەش لە ناخەوە بڕوابەخۆبوون دەگەڕێنێتەوە و هیوایەکی دەداتێ بۆ بەئەنجامگەیاندنی پێشکەوتن و چاکسازی و بڕوا بەدواڕۆژ، لە بەرابەردا هەستی هاووڵاتی، یا تاک بەلاوازیی دەسەڵاتی دەوڵەت و لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی، هەستی نوشوستی لا دروست دەکات، هەر وەکو لە بەشەکانی ئەم کتێبەدا نوشوستی یەکێک لە سێ پایە مەترسیدارەکانە، وێڕای بێ ئومێدی و بێبەری بوون، کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی گەلێک دیمەنی نەخۆشیی دەروونی و ئاکاری.

هەرچی لێپرسینەوەی دادپەروەرانە و یەکلاییکەرەوەیە، کە دەبێت دەوڵەت لە کێشەکانی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی و ڕەوشتی لە وڵاتدا بیانگرێتە خۆ، ئەوە یەکێکە لە شتە هەرە پێویستەکان، کە دەبێت دەستەبەر بکرێت و بەلێهاتووییەکی بەرزەوە بەرەو پێش بخرێت، چونکە ئەویش یارمەتیی نەهێشتنی هەستی نوشوستی لای هاووڵاتی دەدات و ئەو هیوایەی پێ دەبەخشێت، کە بەدڵنیاییەوە چاکسازی بەڕێوەیە و تەنیا ئەوەندەی لەسەرە سەبر و هاوکاریی ئەرێنیی هەبێت، خۆ ئەگەر ئەو هەستە لای هاووڵاتی گەیشتە ئەم ئاکارە، ئەوا لەخۆوە دەکۆشێت بۆ وەستان لە پیادەکردنی یاخیبوون و بۆڵەبۆڵ و لە یاسا دەرچوون، یان پێڕەوکردنی ئاکاری وێرانکاری، یا دەسەڵاتخوازی، یاخود خوێنڕێژی، چونکە هیوا بەچاکسازیی داهاتوو و چاوەڕوانکراو دەروون و ڕۆحی پڕ دەکات لە بڕوابەخۆبوون و باوەڕهێنان بەوەی ئەو واقعەی بەدەستییەوە دەناڵێنێت دەکرێت چاک بکرێت و بەرەو باشتر پێش بخرێت، هەروەها ئەو هەلی ئەوەی هەیە مافەکانی خۆی وەربگرێتەوە و بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لە کۆمەڵگەدا وەکو ئەوانی تر ڕێزی بۆ بگەڕێنرێتەوە...

بوونی ئەم هەستانە لای تاک (ئەگەر ڕوویدا) ئەوا بەرپەرچدانەوەیەکی ڕاستەقینە بۆ هەموو

جۆرە هەڵوێستێکی نەرێنی (دەروونی و ئاکاری) پێک دەهێنێت، بەو مەرجەی دەوڵەت جدی بێت لە جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی ناوەندیی نیشتمانیی گشتگیر بۆ چاکسازیی کۆمەڵایەتی.

خراپترین هۆ کە وا لە هاووڵاتی یا تاک لە کۆمەڵگەدا دەکات، تووشی نوشوستی بێت هەستکردنێتی بەنەبوونی دادپەروەری لە پێڕەوکردنی یاساکان و بزری لێپرسینەوەی شێلگیرانە و بڵاوبوونەوەی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی و داتەپینی ڕەوشتی لە بەها باوەکان و چالاکیی زۆری تۆڕەکانی گەندەڵی، کە هیچ لەمپەرێکی لە بەردەمدا نییە.

مەترسیدارترین ڕاستی کە دەکرێت لە کۆمەڵگەدا بڵاو بێتەوە، هەستکردنی تاکەکانە بەلایەنگیریی دەوڵەت و بێ توانایی لە دژ وەستانەوە بەگەندەڵیی بڵاو بووەوە لە گشت شوێنەکاندا، چونکە ڕەنگ دەداتەوە و حەزی گشتی و ئارەزوو لای تاکەکان بەهێز دەکات بەرەو وێرانکردنی دەوڵەت و دەرچوون لە فەرمانەکانی و تێکشکاندنی دەسەڵاتەکەی بەهەر شێوە و شێوازێک بەنهێنی، یاخود بەئاشکرا، ئەمەش دەخوازێت نەهێڵرێت ڕوو بدات و پەلە بکرێت لە چارەسەرکردنیدا، ئەگەر دەرکەوت و پێکهات، ئا لێرەدا داخوازییەکەمان بەپێویست دەزانین، کە دەوڵەت خێرا بێت لە پێڕەوکردنی بەرنامەی نیشتمانی بۆ چاکسازیی کۆمەڵایەتی و لێپرسینەوەی توند و سزادانی گەندەڵکاران و لەناودانی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی و ڕەوشتی لە هەموو ئاستەکانیدا. دەوڵەت کە بەشێوەیەکی توند و بەردەوام سەبارەت بەگەندەڵی هەڵسوکەوت دەکات، ئەوا سەرجەم هاووڵاتییان و تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ خۆی ڕادەکێشێت و هێزی لەبن نەهاتووی گەل بەدەست دەهێنێت، کە بەخێرایی و بێ دوودڵی ڕیزەکانی یەک دەخات بۆ پشتگیریکردن و پاڵپشتی و بەهێزکردنی. سوودی چارەسەر بەم ئاوایە لێرەدا لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگە و دەوڵەتدا دوودەم دەبێت، لەلایەکەوە لەناوی دەدات، یاخود بەلای کەمەوە هەستی نوشوستی و بێ ئومێدی لەناو پێکهاتەی کەسێتیی عێراقیدا لاواز دەکات، بەمە کار دەکات، یا بەشداری دەکات لە چاککردنی ئەم کەسێتییە و سەرلەنوێ پێگەیاندن و ڕاستکردنەوەی ئاکاری، لەلایەکی تریشەوە بەدڵنیاییەوە هەڵدەستێت بەبەهێزکردنی ناوەندی دەوڵەت و شکۆ و پێگەی لە دەروونی گەلدا، ئەمەش لە هەمان کاتدا ئەو توانایەی دەداتێ بەرنامە چاکسازی و گەشەپێدانەکانی جێبەجێ بکات.

٩- سەرلەنوێ هەستاندنەوەی ڕەوشت و داوونەریت و ڕێوڕەسمی کۆمەڵایەتیی باڵا و پێشکەوتوو:

(بەرنامەی نیشتمانیی بۆ پێگەیاندنی کەسێتیی عێراقی) گشتاندنی ڕۆشنبیریی لێبوردەیی و ڕێکەوتن و وەفاداری بەپەیمانەکان و دەستپاکی و پاراستنی پێوەندییەکانی خۆشەویستی و برایەتی لای تاکی عێراقی دەگرێتە خۆ، هەروەها فێربوونی گوێگرتن لە ڕای ئەوانی تر و پێکەوەژیان لەگەڵ ڕا جیاوازەکاندا و توند گرتنی ڕەوشتی باڵا و دانانی بە لە پێشترینی بەهاکان، کە پێویستە پابەندی بین و گەڕانەوە بۆ بنەچەی ڕێوڕەسمە دروستەکان. لە بەرابەردا ڕەتکردنەوەی ڕۆشنبیریی توندوتیژی و تۆڵەسەندنەوە و بەکارهێنانی هێز لەسەر هەموو ئاستەکاندا و بەلاوەنانی شێوازی تاکڕەوی و دەسەڵاتخوازی و دیکتاتۆری و ژماردنیان بەبەهایلی

دڕندەیی دواکەوتوو، کە نابێت کاریان پێ بکرێت، یا شانازی بەپیادەکردنییەوە بکرێت، یاخۆ ڕەفتارکردن بەمیتۆدەکەی، بەگشتی سەرلەنوێ هەستاندنەوەی ڕەوشت و داوونەریت و ڕێوڕەسمی کۆمەڵایەتیی باڵا و سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەی لە کۆمەڵگەی عێراقیدا.

هەروەها بەرنامەکە بڵاوکردنەوە و گشتاندنی هەستی بێزکردنەوە و نارەزایی دژ بەئاکاری خوێناوی لەسەر هەموو ئاستەکان دەگرێتە خۆ و بەگشت ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە ئاراستەی هاووڵاتییان دەکات، هەروەها پێویستی ئاراستەکردنی بیرکردنەوە و سەرنجدانی مانا ڕەوشتییەکان، کە سەرجەم ئاینە ئاسمانییەکان ڕێنماییمان دەکەن بۆ بەحەرامکردنی ئاکاری دوژمنکاری و کوشتن و خوێنڕێژی و دانانی مرۆڤ بەبەنرخترین لە ژیاندا، هەروەها فێرکردنی گشت هاووڵاتییان بەپێویستیی پەنابردنە بەر یاسا بۆ سەندنی مافەکانیان. نەک پەنابردن بۆ هێز و توندوتیژی.

پێویستە ئەم مانا و هێمایانە بخرێنە بەرنامەیەکی ڕۆشنبیرکردنی جێگیر و درێژماوەوە، هەموو ئامرازێکی تێدا فەراهەم بێت لەپێناو گەیاندنی بەڕێگەیەکی ئاسان و تامەزرۆیانە زنجیرەیەک بۆ زۆرترین ژمارەی هاووڵاتی و وتنەوەی بەسەدان هەزار لە تاکی کۆمەڵ بەمەبەستی ئەم مانا و مەبەستانە ببنە بەشێکی جیانەکراوە لە ڕەوشتی تاکەکان و ئاکاری ئاسایی ڕۆژانەیان.

لەسەر دەوڵەتە تەرخانکردنی هەموو توانا مادی و ئەدەبی و یاساییەکان بەزۆر نەزانێت، تاکو ئەم جۆرە بەرنامە ستراتیژییانە بخرێنە ناو جێبەجێکردن و پێڕەوکردنەوە، چونکە ئەوە لە گرینگترین هەنگاوە واقعییەکانە، کە دەکرێت گەشە بەئاکاری تاک بدات و هاوسەنگی بگەڕێنێتەوە بۆ بنیاتە دەروونییەکەی، بەمە ڕێگە واڵا دەکەین بۆ دووبارە چاکسازیی ئاکاری سەرتاپای کۆمەڵگەی عێراقی بەشێوەیەکی هێمن و ئاشتییانە و دیموکراسی.

## ئەنجام

لەم کۆششە پڕ لە دڵسۆزییەماندا بۆ دەستنیشانکردنی ناتەواوی و نەخۆشییەکان، کە کەسێتیی عێراقی لەلایەنی دەروونی و ئاکارییەوە بەدەستیانەوە دەناڵێنێت، توانیمان بگەین بەم بەش و توێژینەوە و شیکردنەوە و ئەنجام و پێشنیازانە، ئەوەی توانیمان ئەنجامی بدەین بۆ ناسینی باشترین ئامراز و شێوازی پراکتیکی و واقعی بۆ چارەسەرکردنی ئەم ناتەواوی و نەرێنییانە، دوای ئەنجامدانی ئەم کارە هیچمان بۆ نەماوەتەوە تەنیا دانان نەبێت بەزەحمەتیی ئەم بابەتە و ئاڵۆزییە تێکچڕژاوەکانی، بەڵام بایەخ و پێویستییەکەی بۆ ژیانی کۆمەڵگەی عێراقی بەگشتی و بۆ هەر تاکێک ئەوەندەی تێدایە قورسی و ئاڵۆزییەکان سووکتر بکات، کە بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە ڕووبەڕوومان بووەوە.

لەلایەکی ترەوە بەدووری نازانین بیرۆکە و ڕا و پێشنیازی نوێ و بەسوود هەبن، ڕەنگە شیکردنەوە و بۆچوونەکانمان نەیانگرتبێتە خۆ، کە لە بەشەکانی ئەم کتێبەدا خستمانننە بەرچاو،

بەهیواین توێژەر و نووسەرانی تر لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەیان لەبارەوە بکەن.

ئەگەر ئەم لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بەکەسێتیی عێراقی درێژەی هاوچەرخ و نوێی ئەو توێژینەوانە بن، کە دوکتۆر عەلی وەردیی زانای کۆمەڵناسی گەورەی عێراقی لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا، هەمبەر وەسفەکانی کەسێتیی عێراقی دەستی پێ کرد، کە زیاتر چڕی کردەوە لە ناکۆکیی توند لە نێوان هۆکارەکانی شارستانی و بیابانشینی و کاریگەرییەکانیان لە پێکهێنانی کۆمەڵێک ڕەفتار و خوو و حەزی ئاکاری لە کەسێتیی عێراقیدا وەکو هۆیەکی سەرەکی لەوەی دەیانبینین لە ناتەواوی و نەخۆشیی ئاکاری و دەروونی، کە پێویستیان بەچارەسەر هەیە، دەڵێین ئەگەر وایە ئەوا هەر لێکۆڵینەوەیەک لە داهاتوودا تەواوکەری ئەم لێکۆڵینەوەیەیە، هەروەها درێژەیەکی ترە لەم بابەتە زیندووەدا، کە بڕوامان وایە ئەم لێکۆڵینەوەیە بەشێکی گرینگ و پێویستی بەئەنجام گەیاندووە، کە دەبوو لەم بارەیەوە بکرایا.

ناچارین داوای بەخشین بکەین سەبارەت بەهەر بڕیارێک، یا گوتەزایەکی دڵڕەقانە، یاتیژ، یاخۆ توند، کە لەم توێژینەوەیەدا نووسیبێتمان، کە پێوەند بێت بەوەسفی میللەتی عێراق و کەسێتیی عێراقی و نەخۆشییە دەروونی و ئاکارییەکانی، بەڵام ئەوی لەم بارەیەوە پاکانەمان بۆ دەکات دڵسۆزی و بەتەنگەوەهاتن و جوامێریی نیشتمانی و حەزی چاکسازی و ڕزگارکردنی گەلی عێراقە لە ئازارە تاڵە بەردەوامەکانی لەگەڵ حەزی دەسەڵاتخوازی و سیستەمە دیکتاتۆری و توندوتیژیی خوێناوییە. هەروەها بەئومێدین هەموو ئەوانەی لەو شیکردنەوەیەی لە بەشەکانی ئەم کتێبەدا خستوومانەتە بەرچاو، لەگەڵ ڕا و قەناعەتەکانی ئێمەدا نین، دڵنیا بن ئامانج و مەبەست و ڕابەرمان لە بەئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوە زانستییە زیندووەدا خۆشەویستیی عێراق و دڵسۆزییە بۆ گەلە چەوساوەکەی و بەتەنگەوەهاتنی سەلامەتیی هەر تاکێکی عێراقی و تەندروستیی دەروونی و ئاکارییەتی.

ڕەنگە بەرجەستەترین شتێک لەم بابەتە مەترسیدارەدا باسی بکەین ئەوەیە، هێشتانەکینێ کۆمەڵگەی عێراقی دوور نییە لە ساڵانی داهاتوودا تووشی چەوسانەوەی پتر و وێرانکاری و خوێنڕێژی و مەترسی ببێت، کە وا دیار دەدات لە ماوەی دەیان سەدەوە قەدەرێکی حەتمی بێت، ئەگەر پلانی سەرتاسەری لە بەرنامەی نیشتمانی جێبەجێ نەکرێت، کە کۆمەڵێک ڕێگەچارەی پراکتیکی دەگرێتە خۆ بۆ ڕزگارکردنی کەسێتیی عێراقی لە ناتەواوی و سیفەتە نالەبارەکانی، کە لە ناکۆکی و دەسەڵاتخوازی و خوێنڕێژیدا چڕمان کردەوە...

لە ناخی دڵمانەوە هیوا دەخوازین خوا گەلی عێراق بەهەموو ئاینەکان و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانییەوە بپارێزێت و یارمەتیی بدات لە ڕزگاربوون لە زنجیرەی بەڵاو ماڵوێرانی و نەخۆشییە دەروونی و ئاکارییەکان، چونکە میللەتی میزۆپۆتامیا میللەتێکی داهێنەر و زیندوون، کاتی خۆی گەلێک سەرکەوتن و دەسکەوتی ژیاریی دڵگیری پێشکەش بەمرۆڤایەتی کردووە.

سەرچاوە: شخصية الفرد العراقي. باقر ياسين. دار اراس للطباعة والنشر. اربيل ٢٠١٠ ص٢١٧–٢٧٩.

# تێگەیشتن لە ڕۆژنامەوانی

لینت شێریدان بێرنس

١ لە ٢

هەواڵنامەی کتێب

## لەبارەی نووسەر

لینت شێریدان بێرنس ٢٥ ساڵ ڕۆژنامەنووس بووە، ١٠ ساڵی یەکەمی لە ڕۆژنامەیل لە سیدنی بەسەر بردووە. سێ جار لەسەریەک خەڵاتی باشترین ڕۆژنامەنووسی بردووەتەوە دوای ئەوەی چووەتە هەرێمی ویڵزی نوێی باشوور لە ١٩٨٥ لە ١٩٨٩، چووەتە زانکۆی نیوکاسل، ئوسترالیا، لەوێ بەشی ڕۆژنامەوانی بۆ زانکۆکە لە ١٩٩٢ دەکاتەوە. ئەمڕۆ ڕۆڵی خۆی وەک جێگری ڕاگر (پەروەردە و فێرکردن) لە بەشی هونەر و زانستە کۆمەڵایەتییەکان تێکەڵ دەکا بە پیشەی سەربەخۆی ڕۆژنامەوانی و توێژینەوە بۆ ناو مەنهەجێک تایبەت بەورووژاندنی کێشە. ئێستە لەوپەڕی گۆشەگیریدا لەگەڵ مێرد و منداڵەکانی لە گوندێکی دەرەوەی نیوکاسل دەژیت.

## لەبارەی کتێبەکە

"لە کوێ دەست پێ بکەم؟" ئەمە پرسیارێکی بنەڕەتییە بۆ ڕۆژنامەنووسانی نوێ، چ ئەوانەی هەوڵ دەدەن ئەو زانیارییانە جێبەجێ بکەن کە لە وانەکاندا وەری دەگرن یان لە مەیدانی کاردا فێری ڕۆژنامەوانی دەبن. هەردەم ڕۆژنامەوانی لە هەلومەرجێکی کولتووریی ئاڵۆزدا دێتە بوون، ئەمە ڕاستە بۆ هەموو سەردەمێک. جەختکردنە سەر پراکتیزەکان یان بەهرەکان لەلایەن

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: گۆران سەباح

ڕۆژنامەنووسەیل ناتوانێ پێناسەکانی ڕۆژنامەوانی بگۆڕێت یان ئامۆژگاریی بەرفراوان لەسەر ئاستی دنیادا پێشکێش بکات.

ئەم کتێبە جەخت دەکاتە سەر "ئەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ خۆماندا دەیکەین" کە شتێکە شۆن لە ١٩٨٣ باسی کردووە. ڕێنوێنی سەرەتاییەکان دەکات لە ڕێگەی پرۆسەی بیرکردنەوە کە لەلایەن ڕۆژنامەنووسان بەکار دێن بۆ بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەوانییەکی کوالیتی باش و پڕ مانا کە بازاڕیشی هەبێ. کتێبەکە زۆر لەبارەی ڕەخنە نییە لە پراکتیزەی میدیا بگرە ناوەندێکە بۆ تاوتوێکردنی ئاستەنگەکان.

## پێشگۆتن

"ئامادەبوون هەموو شتێکە"

هاملێت، پەردەی پێنجەم، دیمەی دووەم.

پێش هەموو شتێک، ئەم کتێبە قەرداری بیری ئەو گەنجانەیە کە من لە ماوەی زیاتر لە دەیەک لە کاتی گووتنەوەی وانەی ڕۆژنامەوانی لە زانکۆکان تووشیان بووم.

ئەم ڕۆژنامەنووسە سەرەتاییانە، بەتاک و بەکۆ، ڕاستەوخۆ بەرەنگاری هەموو ئەو شتانە بوونەوە من لەبارەی ڕۆژنامەوانییەوە لە ٢٥ ساڵی پراکتیزەکردنی پیشەکە فێری بووم. من وەک مامۆستایەک، نەک ڕۆژنامەنووسێک، پرسیارم لە خۆم دەکرد ئاخۆ چۆن پەیم بەڕاستییەکان بردووە. ئەو قوتابییانە ناچاریان کردم شیکردنەوەی ڕوون و بەجێ بدۆزمەوە بۆ پیشەیەک کە بەلای زۆربەی ڕۆژنامەنووسانەوە پیشەیەکی سروشتییە.

لەناو پۆلدا، دەچوومەوە ناو ژوورگەلی هەواڵ کە پێشتر کارم لێ کردبوون. ئەو پسپۆڕ و مامۆستا بەڕێزانەم بیر دەهاتەوە کە زانیاریی و سۆزیی ڕۆژنامەوانییان پێ دام. هەروەها سوپاسی هاوکارەکانم لە پەروەردەی ڕۆژنامەوانی دەکەم بۆ بزواندن و فراوانکردنی بیرم.

لەگەڵ ئەوەشدا، تۆوی ئەم کتێبە زۆر لەوە دواتر دەگەڕێتەوە.

کاتێ لە حەفتاکان بەدوای خولی ڕۆژنامەوانیدا دەگەڕام، دەگەڕامەوە لای باوکم بۆ یارمەتی بۆ نووسینی نامەی گرینگی پێشکێشکردن. ئەم دەستەواژەی باوکم بیرم ناچێتەوە "سەبارەت بە گرینگی ڕاهێنان بۆ کار بیریار بە..."

پاشان، وەک ڕۆژنامەنووسێک، ئەو دەستەواژەیەم بەسەیر زانی و وشەی "بیریار"م بە وشەیەکی نەگونجا دانا بۆ پەیامنێران. بەم دواییانە هەمان ئەو وشەیە، لە کاتی نووسینی ئەم کتێبە، هاتەوە سەر ڕێم. چوومە لاوس، لەوێ، هاوکارێکم کتێبی ئێلین لانگەرزی دامێ بەناوی "بیریاری" کە لە ١٩٨٩دا نووسراوە، تەنێ دوای ئەوە دەرکم بەوە کرد کە هەموو ڕۆژنامەوانی بریتییە لە بەکارهێنانی مێشک و بیریاری.

سوپاسی باوکم، گۆردن شێریدان، دەکەم بۆ ئەو ئامۆژگارییە پێشوەختەی لەبارەی جیاوازیی نێوان مەعریف و تێگەشتندا.

ئەم کتێبە بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسانەیە دەیانەوێ باشتر کارەکەیان بکەن، ئەوانەش کە دەمێکە کارەکە دەکەن، ئەوانەش کە حەزیان لێیە ڕۆژێک بێ ببن بەڕۆژنامەنووس. ئێوە پێشتر ئەوە دەزانن کە ڕۆژنامەوانی پیشەیەکی ئاڵۆزە. ڕۆژنامەنووسان دەبێ بەڕێوەبەرەکانیان، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرەکان، خاوەنەکە، خوێنەر و خەڵک دڵخۆش بکەن. بەرگەگرتنی ئەم هەموو قایلکردنە ئاستەمە، زۆر هەن بەرگەی ناگرن. بەڵام، ئەم کتێبە بۆ ستایشکردنی ڕۆژنامەوانییە نەک ناشتنی.

کتێبەکە جەخت دەکاتە سەر کاری ڕۆژانەی ڕۆژنامەنووس و گەڕان بەدوای تێگەیشتن لێیان. کەس ناتوانێ پێت بڵێ لە کاتی کاری ڕۆژنامەوانیدا تووشی چی دەبێ. بۆیە، کەس ناتوانێ سەتاسەت پێت بڵێ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو ئاستەنگانە بکەیت دێنە پێش. بەڵام، ئەگەر بتوانی ڕووبەڕووی حاڵەتێک ببیتەوە و تێی بگەیت، بزانیت چۆن بڕیار دەدەیت، لەبەرئەوەی پیشەی ڕۆژنامەوانی پێویستی بەبڕیاردانە. هەروەها ئەگەر بزانی چۆن ئەخلاقیانە کارەکەت دەکەی، چۆن بەمتمانەوە بیکەیت، ئەوا ئەم کتێبە ئامانجی خۆی پێکاوە.

ل. ش. ب.

## کەرتی یەکەم

## چۆن دەزانی دەتوانی؟

### بەشی یەکەم

### پێشەکی

"... شوێنەکە بەمەنجەڵێکی سەر واڵای گەورە دەچوو... گوفەک ئاسا... پڕ بوو لە خاشاک و هیلاکی. ئەگەر یەکێکی وەک نووسیاری شار کورسیەکی بەسوڕی هەبێ، ئەوا جومگەی گەردوونی دەشکێ، لەبەرئەوەی کاتێ کە هەڵدەستێتەوە، جێگەکەی هەڵدەبەزێتەوە وەک بڵێی شەقی لابەلای تێ هەڵدرابێ."

ئەمەی سەرەوە وەسفی ژووری هەواڵی ڕۆژنامەی نیویۆرک هیرالد تریبیونە لەلایەن تۆم وۆڵفەوە. وەسفی ئەو ڕۆژنامەنووسە تازانە دەکا کە ژووری هەواڵیان پڕ کردووە.

... ئێمە وا لە ڕۆژنامەنووسی سەرەتایی گەیشتووین کەوا خواخوایەتی چیرۆکێک بنووسێ و ناوی لەژێر بێ و لە هەفتەی یەکەم بڵاو بکرێتەوە. ئەمە ڕاست نییە. بگرە لە ئەنجامی چوار هەفتە ئامادەکردنی ئێمە بۆ کارێک کە دواتر دەڵێین "بریا قەت

نەمانکردبا"، ئێمە تەماشای هەواڵ دەکەین.

شتێکی سروشتییە کە زۆرجار بەهەڵە لە شت تێدەگەین. بۆ نموونە، من پێم وابوو پەیامنێر مرۆیەکی ڕووخۆش و ئاسایی و سادەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، نارێکی و ژاوەژاوی ژووری هەواڵە ڕۆژنامەیلی ڕۆژانە هەواڵ بەرهەم دێنن.

(شێریدان ١٩٧٧)

کاتێ ئەم وتارەی سەرەوە لە نیوز ستاف بڵاو کرایەوە، کە ڕۆژنامەیەکی گەورە بوو لە ١٩٧٧، هاوکارانی پەیامنێران هەڵچوون و دڕندە ئاسا کەوتنە ڕەخنەگرتنی. کاتێ نووسینێکی ڕۆژنامەنووسێکی گەنج لە ژووری هەواڵ بەدەنگێکی بەرز دەخوێندرایەوە، هەر هەموو بەگاڵتەوە دەیانگوت "قەیناکە، ئاساییە." ئەمە لە بارەی نووسینی خراپەوە. بەڵام ئەمڕۆکە ئەو وتارە تەنیا بەشێکی پیشەی ڕۆژنامەوانی دەگرێتەوە لەبەر ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر پیشەکەدا هاتووە لە ماوەی ٢٥ ساڵی ڕابردوودا. ئەمڕۆ، نارێکی و دەنگەدەنگ و هەرا چرکەچرکی تایپڕایتەر باوی نەماوە. ژوورەیلی هەواڵی ئەم سەردەمە هێمن و ڕەنگاوڕەنگن و پڕن لە کۆمپیوتەر. جاران، ژوورەکانی هەواڵ جمەیان لێوە دەهات، دەمەتەقێی نێوان نووسەر و نووسیاران لەو سەری ژوور دەنگی دەدایەوە، پەنجا ڕۆژنامەنووس بەجارێک بەرهەمی دیمانەگەلیان لە ژوورێک دەجنی. ئێستە ڕۆژنامەنووسان لە بەردەم کۆمپیوتەر، جیا و دوور لە یەکتر، دادەنیشن و دیمانە بە تەلەفۆن و ئیمەیڵ ئەنجام دەدەن. جاران پەنجا ڕۆژنامەنووس بوو، ئێستە (٢٥)ە و بگرە کەمتریش. ئێستە ڕۆژنامەنووسان زیاتر بۆ کۆوار کار دەکەن نەک ڕۆژنامەیل.

پرۆفایلی ڕۆژنامەنووسیش هاتووەتە گۆڕان. تەنێ ٣٠ ساڵ لەمەوبەر، ڕۆژنامەنووس بەهۆی هێز و بازووی جەستە و زانایی لە پێوەندیی کۆمەڵایەتی وەسف دەکرا نەک بەهۆی توانای مێشکی، وەک لە نووسینەکەی کاندلین لە حەفتاکاندا کە دەڵێ "خۆت فێری ڕۆژنامەوانی بکە". کاندلین ئەوسا دەیگوت هێزی جەست و ئەقڵ و کوالیتی کەسایەتی پێوەر و پێویستن بۆ کاری ڕۆژانەی ڕۆژنامەوانی.

ئەوانەی لە ژوورەکانی هەواڵی سەردەمی گەنجێتیی مندا بوون گرووپێکی فرە بوون. ژوورەکە دەرچووی زانکۆی کەم لێ بوو، بەڵام زۆر بوون ئەوانەی لە ١٥ ساڵیدا بەگەر ڕۆژنامەیەک کەوتبوون و کاریان دەکرد، یان خولی ڕۆژنامەوانییان وەرگرتبوو لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا. هی وای لێ بوو پێشتر شوفێری قەلاب بوو، مامۆستا تەنانەت قەشەشی تێدا بوو. ڕۆژنامەنووس لە هەر شوێنێکی دنیا بووایە، کەمێک بەگەورەتر لە ژیان حسێبی بۆ دەکرا. ڕۆژنامەنووسی ڕاستەقینە ئەوەیە هەردەم بەدوای چیرۆکی دواتردا بگەڕێ و بەگوێرەی یاساکانی کار بکات و سڵ نەکاتەوە و چرکەیەکیش نەوەستێ. زۆربەی ڕۆژنامەنووسان پیاو بوون. ڕۆژنامەنووس وا سەیر دەکرا کە فەیلەسووفە و لەبارەی هەموو شتێکەوە دەزانێ. ڕۆژنامەنووسی باجی شەرەف بوو، لەبەرئەوەی

ڕۆژنامەنووس بەردەوام بیری لەوە دەکردەوە و خۆی هیلاک دەکرد تا شت بەخەڵکی بڵێ. مایکل گراتان، لە مۆنۆگرافەکەی ساڵی ١٩٩٨یدا، باسی چارەنووسی ئەو ڕۆژنامەنووسانە دەکا لە میدیای ئەمڕۆکەدا:

کاتێ چوومە ڕۆژنامەی زە ئەیج، کابرایەکی لێ بوو پێیان دەگوت جاک دارمۆدی. دارمۆدی وەک ماسی دەیخواردەوە، دڕدۆنگ و دزێو بوو، بەردەوام لە پێش چاوی هەمووان دەمەدەمی بوو لەگەڵ گراهام پێرکینسی نووسیار. بەپێی میزاج خەڵکی خۆش دەویست یان ڕقی لێیان دەبووەوە. تەنێ خوا دەزانێ دەبێ ئەو جاک دارمۆدییە چی پێ بێ و چی بزانێ، یان چۆن ڕاوێژکارانی هەڵسوڕاندن بەرتەلی کارەکانی دەبنەوە. (گراهام، ١٩٩٨:٦).

هیچ ئامادەکردنێکی فەرمی بە پێویست نەدەزانرا بۆ جیلی دارمۆدی، تەنیا "لووت بۆ هەواڵ" و ڕێگەی بزاو بۆ پێگوتنی چیرۆک نەبێ.

بۆ ڕۆژنامەنووسان، تاکە ڕێگەی سادە و خۆش بۆ فێربوونی پیشەکە کارکردن بوو تێیدا، بەهۆی سزادان و هەڵەکردنەوە. ئەگەر هەڵەیەکت کردبا، چیرۆکەکەت بڵاو نەدەکراوە و ئیتر زەحمەت بوو تا جارێکی تر چیرۆکێکی باشت دەنووسی و متمانەی نووسیارت دەگەڕاندەوە، یان ئەگەر هیچ پەیامنێرێکی تری نەبوایە ئەوا نووسیار چانسێکی تری پێ دەدای. هەموو کەس پێی وابوو ڕۆژنامەنووس لەدایک دەبێ، دروست ناکرێ. واتە ئەو توانای بەهرانەی پێویست بوون بۆ ڕۆژنامەنووس بەخشش و توانایەکی غەریزی بوو فێربوون لە زانکۆ بەباش نەدەزانرا، لەبەرئەوەی پێیان وابوو زانکۆ گشتاندنی بژاردەیە. ڕۆژنامەنووسەیل شانازانە خۆیان بەوەشانکاری زانیاری دادەنا، دەنگی پیاوێک کە ڕاستییەکان بۆ خەڵکی دێنێت. ڕاهێنان لەلایەن دەستەیلی کۆنی ئەزمووندار، تاکە ڕاهێنان بوو، ئەگەر کەیفیان پێت هاتبا، پێیان دەگوتی بۆ کۆپییەکەی تۆیان گۆڕیوە. ئەو زمانەی بەکاریان دەهێنا زەحمەت بوو بۆ سەرەتاییەک تێی بگا. دەبووایە ڕستەی ناساندن خێرا و تازە بوونایە، ئێستە دەبێ سەرنجڕاکێش بن. بەردەوام سەیر لەوەدا بووە کە ڕۆژنامەنووسان، بڵاوکارانی پرۆفێشناڵی کۆمەڵگە، ناتوانن وەها ئاسان ئەو پرۆسە رۆشنبیرییەی بەکاری دێنن لە کارکردندا بەوشە دایڕێژنەوە.

بەپێچەوانەی پاڵەوانە سەرسەختەکانی هاوڵاتیی ئاسایی، ڕۆژنامەنووسانی پەروەردەکراوی ئێستە زیاتر وەک کەپەچینۆ خۆری چینی ناوەندا تەماشا دەکرێن، بۆچوونێکی زۆر دوور لەوەی بینەر و خوێنەر بەرهەم دێنن بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە ڕاستە. ڕۆژنامەنووسیەلی مۆدێرنی ڕۆئاوا ڕەخنەیان لێ دەگیرێت لەسەر ئەوەی زانیاریفرۆشن و بۆ بازاڕ هەموو شتێک دەکەن بێ ئەوە حسێب بۆ هۆ و هەستیاری و پابەندبوونی تاک بکەن.

ئەمە مانای ئەوە نییە کە ڕۆژنامەوانی لە حەفتاکان لەپڕێکا هاتبێتە گۆڕان. ئەو ڕۆژنامەوانییەی ئەمڕۆ ئێمە دەیزانین هەردەم چووەتە پێش، هەندێ جار لە ئەنجامی تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو،

هەندێ جار بەهۆی ڕەنگدانەوەی ناو کۆمەڵگە. بۆ نموونە، داهێنانی تەکنەلۆجیای تەلەگراف زمانی ڕۆژنامەوانی گۆڕی. لەباتی ئەوەی ڕاپۆرت وەک نامەیەکی پەیامنێر بێ، تەکنەلۆجیای تەلەگراف پەیامنێری ناچار کرد پابەند بێ بەڕاستییەکان و بەکەمترین وشە ڕاپۆرتەکە پێشکێش بکات، لەبەرئەوەی هەر وشەیەک لەسەر تەلەگراف پارەی تێ دەچوو. کاتێ ڕۆژنامەوانی بەهۆی کیبۆردی ئاسنینەوە هاتە بەرهەم، تەکنەلۆجیا کردی بەمۆدێل کەوا کۆتاییی هەموو چیرۆکێک ڕەنگە بێتە بڕین، لەبەرئەوەی تەکنەلۆجیا ڕێگەی بەبڕینی ڕستە نەدەدا لە دوا خولەکەدا. ئەمڕۆکە، تەکنەلۆجیاگەلی دیجیتەڵ کار دەکاتە سەر ئەو ڕێگەیەی ڕۆژنامەوانی پێشکێشی جەماوەر دەکرێ و ئەو ڕێگەیانەش کە فۆرمی نوێی ڕۆژنامەوانی دێننە بەرهەم.

فراوانبوونی بەکارهێنانەکانی تەکنەلۆجیای پێشکەوتووی میدیا ناوەڕۆک و بەرهەمی میدیای لە ڕەگوڕیشەوە گۆڕیوە. هەندێ دەڵێن ئەمە سەرکەوتنی شێوازە بەسەر مادەدا (گراتان، ١٩٩٨). ئەوانەی هەواڵ دابین دەکەن و دەیانەوێ دڵی ئەو خەڵکە ببەنەوە کە مەیلیان داوەتە کۆوارەیل، پێشڤەچوونی تەکنەلۆجیا کاری ئەوان و بەلاڤۆکەیلی ڕۆژانەیان ئاسان کردووە. بەپێی تێپەڕبوونی کات، تەکنیکەی پێشکێشکردنی میدیا، کە وەک پێشاندانی تابلۆی هونەرمەند دەستی پێ کرد، یان گرافیکی ڕوون لەسەر شاشە لە پشت بێژەری هەواڵ گوێزراونەتەوە بۆ ئامێری دیجیتاڵ، گۆشەی کامێرای شاراوە، وێنەی دیجیتاڵ، دەنگ و وێنەی تەلەڤزیۆنی بۆ خستنەڕووی ڕاستی.

کینگسبێری پێی وایە تەکنیکەیلی میدیا بەقووڵی کار دەکاتە سەر ناوەڕۆک.

بەگوێرەی بەرهەمی ناوەڕۆکی میدیا، جیا لە خودی تەکنەلۆجیا، چالاکەیلی کەناڵی تۆڕی هەواڵی کێبڵ CNN بەردەوام بیرۆکەی ئەوەی هەواڵ چییە و دەبێ چۆن بێ گواستووەتەوە... لە حاڵەتی ڕووداوی گەورەدا، چالاکیی گواستنەوەی هەواڵ بەوێنە هێندەی هەواڵەکە خۆی گرینگە. (مارشال و کینگسبێری، ١٩٩٦:٨٧).

## ڕۆژنامەنووسان و جەماوەریان

جەماوەری گرینگ و بەبایەخ کاتی خۆی بەیەک جەماوەر دادەنرا. عادەتەن پەیامنێر ڕادەسپێرا و فێر دەکرا بنووسێت بۆ پوورە بەسێ لەسەر شەقام. خەڵکی ئەمڕۆ لەسەر شەقام فرەن لە کولتوور و ئارەزوو و بەها. وەک ڕۆژنامەنووسی سەردەمی حەفتاکان، ئێمە تەنێ ئەو ڕاستییانەمان بەخەڵک دەگوت کە پێویست بوو بیزانن. دڵنیاش بووین لەوەی ڕاستی هەر ئەوەیە کە ئێمە دەیزانین، لەبەرئەوەی پێمان وابوو خوێنەر وەک ئێمەیە. حسێبمان بۆ خودیبوونی هەواڵ نەدەکرد، بەس پڕۆفێشنالی هەو بوو. ڕۆژنامەنووس و دانەری ئوستراڵی کرێگ ماکگرێگە بەم شێوەیە لەبارەی هەشتاکانەوە لە ساوندتراکدا دەنووسێ:

> لە ڕۆژنامەی سیدنی مۆرنینگ هێراڵد تازە پەیامنێر بووم. فێری بابەتیبوون و بێلایەنیان دەکردین (مەگەر لەسەر بابەتێکت نووسیبا کە بەڕێوەبەرەکەت تێوەی گلابا،

لەم حاڵەتەدا دەبووایە بەگشتی بابەتەکە بنووسی).

بەهاگەلی ئەمڕۆی هەواڵ زۆر ئاڵۆزترن و ڕاستەوخۆ بەندە بە پرۆفایلی دیموگرافی جەماوەر. پێناسەی هەواڵ و ڕۆڵی ڕۆژنامەوانی چالاکەیلی زۆر ئاڵۆزترن لەوەی تەنێ دابینکردنی پەنجەرەیەک بێ لەسەر دنیا، لەبەرئەوەی بۆچوونەکە لەناو ئەو پەنجەرەیەک دەوەستێتە سەر ئەوەی ئاخۆ پەنجەرەکە گەورە یان بچووکە، چوارچێوەی زۆرە یان کەم، ئاخۆ شووشەکەی زبرە یان ساف (کۆچ، ١٩٩٠:٢٠).

سەردەمەێک دەگوترا ڕۆڵی ڕۆژنامەوانی دڵخۆشکردنی خەمبار و خەمبارکردنی دڵخۆشە، بەڵام ڕۆژنامەوانیی ناو بازاڕ واتە پێدانی ئەولەویەت بە ئارەزووەکانی جەماوەر و ڕیکلامچییەکان. ئێلینەر ڕاندۆلفی واشنتن پۆست ئەنجامەکەم بەم شێوەیە وەسف دەکا:

> ئێمە ئەو چیرۆکانە داناپۆشین کە زۆر ڕەق یان زۆر ئاڵۆزن... ئێمە ئەو چیرۆکانە داناپۆشین کە هێڵی ژیان و سەرچاوەمان دەکوژن هەروەها ئەو چیرۆکانەش بڵاو ناکەینەوە کە زۆر دوورن لە خەم و ئارەزووەکانی ڕۆژ.

ڕەخنەگری وەک هۆڵ (١٩٩٢) و چۆمسکی و هەرمان (١٩٨٨) پێیان وایە ڕۆڵی میدیای مۆدێرن برێتییە لە بەرهەمی ڕازیکردن نەک ڕەنگدانەوەی ڕای گشتی. بەپێی ئەم سۆنگەیە، میدیا ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە، بۆ نموونە، ئاخۆ کاری پیشەسازی پێشکێش دەکرێ وەک بەرگرییەک لە مافەیلی کرێکار یان وەک گرووپێکی کەمینە کە خەڵک ناچار دەکەن فدیە بدەن. بەڵام هۆڵ ڕوونی دەکاتەوە کە ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژئاوا لەناو چوارچێوەی مانای نەریتیدا کۆنترۆڵ نەکراون. ماکوەیل ئەم دیاردەیە بەم شێوەی خوارەوە شی دەکاتەوە:

> وەک چۆن قسەکەرانی زمانی دایک ڕەنگە لە سینتاکس و ڕێزمانی زمانەکەیان نەگەن، پەیامنێران و لێدوانووسانیش دەرک بە لایەنگیریی ناکەن لە کاتی نووسیندا.

ئەو پێگەیەی ڕۆژنامەنووس لێیەوە چاودێری فاکتەکان دەکات چۆنیەتی پێشکێشکردنی ڕاستییەکان دەردەخات. بەم پێیە، ڕاستی برێتییە لە هێزی ئەو پێگەیەی جەماوەر باوەڕی پێی هەیە. کاریگەرییەکە ئەوەیە زۆرجار چیرۆک دێتە نووسین تەنێ لە یەک ڕوانگەوە، کە زۆرجار ڕوانگەیەکی تەسکیشە. ڕوانگەی تر دێنە پشتگوێخستن و ڕەتکردنەوە. ئەوانەی ڕووبەڕووی وێنەی خوازراوی کۆمەڵگە دەبنەوە دەخرێنە پەراوێز یان دەنگیان نایەتە بیستن.

ڕۆژنامەنووس و فێرکار سالی أ. وایت بەجۆرێکی جیاواز بیر لە ڕۆڵی ڕۆژنامەنووس دەکاتەوە. وایت دان بەگرینگیی ڕۆڵی میدیا دەنێ وەک چاودێرێکی سیاسی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەڵام ئەوەش دەڵێ کە تێگەیشتن لە ڕۆژنامەنووس گوایە ئەو زانیارییە بەخەڵک دەدات کە پێویستە بیزانن، جار هەر ئاکامێکی هەبێ، کارێکی ناواقیعیانەیە.

دەبێ بیرمان نەچێ کە ڕۆژنامەوانی، خراپ یا باش، شتێک نییە بەتەنێ. وێڕای ئەوەی

ئێمە لە سۆنگەیەکی تایبەتییەوە دەڵێین ڕۆژنامەوانی چییە و دەبێ چی بکات... قسەیەکی تریش هەیە، کە هەردەم دەیڵێینەوە، ئێمە بەردەوام دەڵێین "ئەها ڕۆژنامەیل ئێستەوە ئەوە دەکەن"، یان "ئەها ڕادیۆ ئێستەوە ئەوە دەکات"، بەڵام شتێک هەیە بەردەوام لەگەڵماندایە ئەویش بریتییە لە کەیفخۆشی.

ئاستەنگ لە بەردەم ڕۆژنامەنووسەیلی مۆدێرن دۆزینەوەی ڕێگەیەکە بۆ دانوستاندن لەگەڵ هەلومەرجگەلی پڕ لە پێشبڕکێی پڕۆفێشناڵی، بازرگانی و ئەخلاقی لە دۆزینەوەی هەواڵ و پێشکێشکردنی، لە کاتێکدا پابەندن بەو تێگەیشتنەوەی ڕۆژنامەوانی گوایە ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕن لە کۆمەڵگەدا. کارێکی ئاڵۆزە هەوڵ بدەی دڵی نووسیارەکەت، بەڕێوەبەرەکەت، خۆت و تەواوی جەماوەر خۆش بکەیت.

## ڕۆژنامەنووسان و کۆمەڵگە

سپلیکەل و سپارکس لە ١٩٩٤ توێژینەوەیەکیان لەسەر قوتابیانی قۆناخی یەکەمی بەشی ڕۆژنامەوانی کرد لە ٢٢ وڵات. ویستیان بۆچوونی پیشەیی لەبارەی دەسەڵات و بەرپرسیارەتیی ڕۆژنامەوانی لە کۆمەڵگەدا دیار بکەن لەناو دەسەڵاتەیلی پەروەردەی ڕۆژنامەوانییەوە. سپلیکەل و سپارکس گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ڕۆژنامەوانی پێگەیەکی زەحمەتی هەیە کاتێ دێ ئازادی دەپارێزێ و دەسەڵاتی میدیا بەکار دێنێت بۆ چاکە.

دوودڵیی بۆ ڕۆژنامەوانی ئەوەیە کارێکە بێلایەنی تێیدا بنەڕەتیی تیۆری دیموکراسییە، لە هەمان کاتدا دەبێ ترسەکانی بژاردە، کە ڕەگی داکوتاوە لە پرۆفێشنالیزم و موحتەریفی لە چاپەمەنی ئازاد، نەهێڵێت. نابێ پشت بەو دەسەڵاتە ببەستێت کە سەرچاوە دەگرێ لە خۆڕێکخستن و هاوکات نەخرێتە پەراوێزیشەوە کە سەرچاوە دەگرێ لە نەبوونی ڕێکخستنەوە. (سپلکیەل و سپارکس، ١٩٩٤:٨٦)

ئەنجامێکی تری توێژینەوەکەی سپلیکەل و سپارکس بریتییە لەوەی پاساوێکی تر دەهێنێتەوە بۆ سەر ئەو ڕاستییەی کە ڕۆژنامەوانی پراکتیزەیەکی کولتوورییە. ئەو تێگەیشتنە زاڵە ناودەوڵەتییەی لەمەڕ ئەنجامەیلی ڕۆژنامەوانان هەردەم ڕای زاڵ یان ستانداردی ئەخلاقی نییە لە هەموو وڵاتێکدا. کولتوور لە ژووری هەواڵدا هێندەی کولتووری کۆمەڵایەتییە فراوانەکە کاریگەری هەیە لەسەر کاری ڕۆژنامەنووسان. ڕاستییەکەی، واقیعی کاری ڕۆژانەی ڕۆژنامەنووس دروست دەبێ لە ڕوانگەی ئیماژی تاک و ئەو ڕێکخراوەی کاری بۆ دەکا.

لەسەر ئاستی تاکدا، ڕۆڵ و ئیماژی ڕۆژنامەنووس دەکەوێتە ژێر کاریگەریی وردەکاریی ئەزموونی واتە ڕاهێنانی، قەبارەی، جۆر و کولتووری ڕێکخراوەکەی کاری بۆ دەکا، فشارگەلی نووسیارەکەی و تێڕوانینە کەسانییەکانی. تێگەیشتنی ڕۆژنامەنووسان لەسەر خۆیان بەوەی کە بڵاوکارن، شرۆڤەوانن، لێکۆڵەرن یان

شەڕانگێزن دەوەستێتە سەر ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین، ئیماژی چاپەمەنی بەگشتی و ئیماژی ئەو ڕێکخراوەی کاری بۆ دەکا (گۆنت، ١٤٢:١٩٩٠).

ڕووپێوێک لە ٢٠٠٠، لەلایەن سەنتەری توێژینەوەی پو بۆ خەڵک و ڕۆژنامەوانی و دەزگای پێداچوونەوەی ڕۆژنامەوانی کۆڵەمبیا، دووپاتی ئەم بۆچوونە دەکاتەوە. توێژینەوەکە، کە دیمانەی لەگەڵ ٣٠٠ ڕۆژنامەوان کرد لە ئەمەریکا، دەری خست کە لە ١٠ ڕۆژنامەوان چوارییان دەستیان شل کردووە بەئەنقەست بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ڕێکخراوەکەیان (ئاسۆشیەتد پرێس، ٢٠٠٠). ڕاپرسییەکە دەری خستووە کە زۆربەی ڕۆژنامەنووسان گلەییان لە پاڵەپەستۆی بازاڕ کردووە بۆ گەمەکردن بەڕوونی چیرۆکەکان گوایە زۆر ئاڵۆزن یان بێزارکەرن. نێزیکەی سێیەکی ڕۆژنامەنووسان خۆیان لەو چیرۆکەیل لاداوە کە لەوانەیە زیان بە بەرژەوەندیی دارایی ڕێکخراوەکان بگەیەنێت یان ڕێکلامچییەکان شەرمەزار بکا، هەندێکیان نەبێ گوتیان ئەو جۆرە سانسۆرە باوە. هۆڵ و دانەرانی تریش دەڵێن ڕۆژنامەنووسان هەردەم لە هەواڵی ڕۆژانەدا پێچوپەنایەک دەکەن بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو پرۆسەیەی بەڕێوەی دەبەن. چالاکییەکانیان لەژێر دەستی کاریگەریی یەک کۆمەڵدا نییە بگرە ڕەنگدانەوەی ئەو ڕێگەیە دەیگرنە بەر بۆ وەڵامدانەوەی کێبەرکێی بازاڕ، پرۆفێشنالیتی و پاڵەپەستۆی ئەخلاقی و پراکتیزەی ڕۆژنامەوانی.

یەکێ لەو ڕێگەیانەی کە واقیعگەلی ڕۆژنامەوانی کار دەکاتە سەر کاری ڕۆژانەی ڕۆژنامەنووس برێتییە لە توانای ڕۆژنامەنووسەکە لە بایەخدان بە نووسینەکەی و ڕادەی پرۆفێشناڵێتیی. ڕاستییەکە ئەوەیە ستافی کەم و ماوەی کورتی دێدلاین واتە کەمتر سەربەخۆبوونی ڕۆژنامەنووس لە گەڕان و کۆڵینەوە.

> پێم وایە کاتێ گفتوگۆی کار و چییەتی ڕۆژنامەنووسەیل دەکەین، ڕۆڵیان لە زانیاریی گشتیدا لە بیر دەکەین. وابزانم یەکێک لە کێشەکان... برێتییە لە بەپرۆفێشناڵیکردنی زانیاری کە لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا سەری هەڵداوە. ئەوە هەڵسوڕاندنی زانیارییە کە ڕۆژنامەنووسەیل، بەڕێوەبردن و ڕۆژنامەیل و میدیا بەگشتی پێکەوە دەبەستێتەوە. هەر ئەوە وایان لێ دەکا ئەوەی دەیانەوێ هەوڵ بدەن بەدەستی بێنن. (وایت، ٣:١٩٩٢).

کاریگەرییەکانی ژووری هەواڵ وەک دێدلاین، شوێن و ستافپاڵەپەستۆیەکی توند دەخاتە سەر ئەو ڕۆژنامەنووسانەی بەرپرسن لە هەڵبژاردنی هەواڵ. لە ئەنجامدا، ڕۆژنامەنووس حەز دەکا شتێک بکا کەمترین کاری بوێ، بۆیە ئەو هەواڵانە هەڵدەبژێرێت کە ئاسانترین بۆ دۆزینەوە و نووسیارکردن. ئاندەروود بەم شێوەیە باسی ئەم دیاردەیە دەکات:

> نەریت هەر وا بووە، هەڵبەت نەریتێکی فشۆڵە، ڕۆژنامەیلی ڕۆژانە لە زۆربەی کاریاندا خۆیان لەو زانیارییە بەدوور دەگرن کە چاخی زانیاریی ئێمە پێوەی بەندە بەلایەنی کەم ئەو زانیارییەی کە زەحمەتە بۆ پشتڕاستکردنەوە. لە هەمان کاتدا، کارمەندانی

پێوەندییە گشتییەکان، دەستە و بڕیاردەرانی حکوومەت زەقەی چاویان دێ و بەپەرۆشن بۆ گڵدانەوەی ئەو زانیارییانەی کە ئاسانن بۆ گڵدانەوە. (ئاندەروود، ١٤٧:١٩٩٣).

دەکرێ پاڵەپەستۆی بازرگانی و ئایدیالیزمی ڕۆژنامەوانی ئاوێتە بکرێن بۆ پاڵپشتی کولتوورێکی ئەقڵانی، ئەمەش پاڵ بەڕۆژنامەنووسان دەنێ بەنابەدڵی کار بۆ بازاڕ بکەن. بۆ نموونە، نووسیاری تەلەڤزیۆنی شارێکی میترۆپۆلیتان هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ دابەزاندنی نۆرەی هەواڵی ئێواران کە هەواڵی "ڕەق" و "نەرم"ی تێدا بێ. ئەم نەریتە ماوەی ٣٠ ساڵە نەگۆڕاوە. کەچی ئەو نووسیارە ئێستە بەگەرمی نکووڵی لەوە دەکا هەواڵ داناڕێژرێ یان قۆرخ ناکرێ بۆ خزمەتی دنیابینییەکی تایبەت. بەڵام شادە بڵێ هەوڵی من بۆ دڵخۆشیی بینەرە. بۆیە بەڕۆژنامەنووسەیلی گەنج دەڵێ "نابێ وا لە بینەر بکەن نانی ئێوارەی لە کیس بچێ". ئاڵتشول باسی ئەوە دەکا چۆن هەندێ ڕۆژنامەنووس لە نێوان بەرداشی هاودژییەکدایە، ئەویش لە نێوان ئەوەی دەیکەن و ئەوەیش پێیان دەسپێردرێ بیکەن بۆ دڵخۆشکردنی بینەر. دەڵێ لە کاتێکدا ئاساییە ڕۆژنامەوانی گۆڕانی ئەرێنی لە کۆمەڵگەدا بکات، واقیعەیلی سیاسی و ئابووری توند پاڵ بەڕۆژنامەنووسان دەنێن ئەو کارە بکەن.

گۆنت باسی ئەو دوودڵییە دەکا تووشی ڕۆژنامەنووسان دەبێ، ئەوانەی تا ئێستە باوەڕیان بەوە نییە کە ڕۆژنامەوانی برێتی نییە لە "کارێکی جیاواز". باکۆن دەڵێ ئەستەمە بۆ ڕۆژنامەنووسان ئایدیۆلۆجیای پرۆفێشناڵی خۆیان ئاوێتەی حەزی ئاڵۆزی بینەران بکەن. ئەو پێی وایە ڕۆژنامەنووسان بەئاشکرا گیرۆدەی دەستی گەلێ لایەنی ڕۆژنامەوانی دەبن.

> ڕۆژنامەنووسەیل بەردەوام باسی ئەوە دەکەن کام چیرۆک دێتە بڵاوکردنەوە و کامیان نایەت، یان کاریگەریی خاوەنێکی نوێ یان نووسیارێکی نوێ چی دەبێ لەسەر کارەکانیان. پرسیار لەو ڕێگانە دەکەن بەهۆیەوە ئەجندای هەواڵ دەکەوێتە ژێر باری مەیدانی بازاڕەوە (باکۆن، ١٩٩٩: ٩٠).

دەکرێ ئەم گفتوگۆ بەردەوامەی ناو ستافی میدیا بە "مامەڵەی ناو دووکان" بچێ لەبەرئەوەی فۆرمێکە ڕەنگدانەوەی کارکردن. ئەم کتێبە تاوتوێی هەر ڕۆژنامەنووسێک دەکا لە کاتی هەڵبژاردنی وشەگەل بۆ وەسفکردنی دنیا. هەر یەکەیان ڕەنگە بەشێک بن لە کێشەکە یان بەشێک بن لە چارە. هەریەکەیان دەسەڵاتی بەرگەگرتنی چیرۆکی ئاسانی هەیە کە لەسەر فەرز دەکرێ بەهۆی پێوەندییان بەستافی میدیاوە. هەریەکەیان دەسەڵاتی هەیە بەکەیفی کەسێک هەڵبژێرێ بۆ دیمانە، بەدوای تێڕوانینێکی تردا بگەڕێ پێش نووسین. هەریەکەیان دەسەڵاتی هەڵبژاردنی وشەکانی خۆی هەیە بۆ وەسفکردنی ڕووداوگەل، نەک لێدانەوەی ئەو قەوانەی لە ڕێگەی پرێس رلیسەوە بۆیان دێتە دابینکرن. ڕۆژنامەنووسانی ئەمڕۆ، لەگەڵ یان بێ نووسیارانیان، دەبێ ڕێگە بدۆزنەوە بۆ دانانی هزری هەستیار لەناو ئەجندای هەواڵ. هەمان ئەو کولتوورەی ژووری هەواڵ کە

دەتوانێ دەسەڵاتی ڕۆژنامەوانی سنووردار بکات، دەتوانێ بەسوودی ڕۆژنامەنووس ببزوێ. هۆیەلی گرینگ ئەمانەن: پێداگرتن، تێگەیشتنی دەزگای هەواڵ بۆ بەهاگەل و ویست بۆ پەسەندکردنی بەرپرسیارەتی بۆ ئەو جۆرە ڕۆژنامەوانییەی تۆ تێیدا دەنووسی، کەواتە بۆ ئەو جۆرە ڕۆژنامەنووسەی خۆت دەتەوێ ببی.

## دانوستاندن لەبارەی ئاستەنگەیل

هەندێ جار ڕۆژنامەنووسانی سەرەتایی پێیان وایە بزانی چۆن بنووسی یەک شتە لەگەڵ توانای نووسین. ڕاستیت دەوێ، دووەمیان (توانای نووسین) زەحمەترینە، چونکە مەعریفە و تێگەیشتنی دەوێ لەبارەی حاڵتگەلی نائاشناوە. ئەم کتێبە میتۆدێکە بۆ ڕێنوێنیکردنی ڕۆژنامەنووسانی سەرەتایی لە ڕێگەی پرۆسەی بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەوانییەکی مانادار و کوالیتی باش، هاوکات لەگەڵ ئەوانە یەک بگرنەوە کە هاتوونەتە ناو ڕۆژنامەوانی بێ ڕاهێنانی فەرمی. بۆ ئەوانەی دەیانەوێ لە قوتابیی ڕۆژنامەوانییەوە ببنە ڕۆژنامەوانی چالاکی کردەنی، زەحمەتە ئەوەی لە کلاس فێری دەبی بخەیتەوە واری جێبەجێکردن لەژێر پاڵەپەستۆی بارودۆخێکی نوێ و کاریگەردا. بۆ ئەوانەی فێری ڕۆژنامەوانی دەبن لە شوێنی کارکردندا، پرسیاری "لە کوێ دەست پێ بکەم؟" زۆر گرینگە جا لە هەڵبژاردنی یەکێک بگرە بۆ دیمانە تا دەگاتە نووسینی ڕاپۆرت بەپشتبەستن بەزانیاریی نێو ئەرشیف. گوتاری ئەم کتێبە ئەوەیە کردەی ڕۆژنامەوانی پێک هاتووە لە زنجیرەیەک کێشە کە چارە دەکرێن بەهۆی زنجیرەیەک بڕیارەوە. ڕۆژنامەنووسانی مۆدێرن چارەی ئەم کێشانە دەکا لە هەلومەرجێکا تێیدا بڕیار بڕیارێکی ئەخلاقی، پرۆفێشناڵی و بازرگانییە. ئەم کتێبە پێمان دەڵێ ئەو وەڵامەی ڕۆژنامەنووسێک دەستی دەکەوێ دەوەستێتە سەر هۆیەلی مەفهومی، بەڵام ئەو پرسیارەی ئەو دەیکا لە هەموو کونجێکی ئەم دنیایە یەکە. لە ٢٠٠٠، دانەر ئەم ئەگەرانەی لە وێرکشۆپێکدا لە نۆ وڵات تاقی کردەوە. هەندێ لەو وڵاتانە هەژار یان لە پرۆسەی پێشکەوتندا بوون، ئەوانی تر دەوڵەمەند و پێشکەوتوو. هەندێکیان کۆمەنیست، هەندێ کاپیتالیست. کەمێک بەسەر تێپەڕینی وێرکشۆپەکە، زوو ئاشکرا بوو هەموو ڕۆژنامەنووسان یەک چوارچێوەیان بەکار دێنا بۆ نووسینی چیرۆکێکی سپێردراو پێیان. بۆیە ئەم کتێبە جەخت دەکاتە سەر ئەو شتەی شۆن پێی دەڵێ "ئەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ خۆمانی دەکەین" پرۆسەیەک لەلایەن ڕۆژنامەنووسان بەکار دێ بۆ پێناسکردن، دیاریکردن، هەڵسەنگاندن و دروستکردنی ڕۆژنامەوانی.

ئەم کتێبە ڕوونی دەکاتەوە کە گرینگ نییە چەندە بەهرەی سروشتی نووسینت هەیە وەک نووسەرێک، ڕۆژنامەوانی کردەیەکی ئۆرگانی و غەریزی نییە بگرە هەوڵێکە بۆ نووسین کە دەکرێ تێی بگەیشترێ و بەشداری تێدا بکرێ. ئەو وەڵامانەی ڕۆژنامەنووس بۆ پرسیارەکانی دەدیدۆزێتەوە دەوەستێتە سەر هەستیارییەکانی تاک و ئیقاعی ئەو ڕستانەی ڕەنگە زۆر قەرزداری خۆشەویستیی وشە بن. ئەو پرسیارانەی باشترین ڕۆژنامەنووس لە خۆی دەکا هەمان ئەو پرسیارانەی ڕۆژنامەنووسێکی سەرەتاییە. وەڵامەکان جیاواز دەبن، لەبەرئەوەی بەها و پرۆسەی

بیرکردنەوەی هەر ڕۆژنامەنووسێک جیایە لەوەی تر. ئەم کتێبە پرسیارگەل دەخاتە بەردەست بۆ ڕێبەریکردنی ڕێگەی بڕیاردانی بەجێ و ڕاست و پشت پێ بەستراو.

قسەی سەرەکیی کتێبەکە ئەوەیە ئەو ڕۆژنامەنووسەی هۆشیارە و لەو بڕیارە چالاکان تێ دەگات کە کاری ڕۆژانەیان پێوە بەندە ئامادەترین و باشترین ڕۆژنامەنووسە بۆ دانوستاندنی ئاستەنگەکانی ڕۆژنامەوانی.

دووەمی هزری سەرەکیی ئەم کتێبە ئەوەیە هەر ڕۆژنامەنووسێک دەسەڵاتی ئەوەی هەیە بەرپرسیارانە، بیرمەندانە و کاریگەرانە کار بکات. دەسەڵاتەکە لەناو خودی تاکەکەدایە و لە هەر بڕیارێک دەیدات لەبارەی هەواڵ بەدیار دەکەوێت. دەسەڵاتی ڕۆژنامەنووس دەردەکەوێت لە کاتی پرسیارکردن، چی بنووسێ و چی نەنووسێ و... هتد. هەر یەک لەو بڕیارانە ڕوانگەی پرۆفێشناڵی، بازرگانی و ئەخلاقی هەیە و دەبێ هاوسەنگ بن لە دەقی چیرۆکەکەدا. ئەمە جێبەجێ دەبێ بەسەر هەموو شتێک ڕۆژنامەنووس دەینووسێ، گرینگ نییە قەبارەکەی چەند بچووک بێ. بۆ نموونە، نووسینی ڕاپۆرتێکی بێلایەنی بەرپرسیارانە بۆ ڕۆژنامەیەکی بچووکی لۆکال دەتوانێ کارێکی واقیعیی باش بۆ کۆمەڵگەیەکی بچووک بکات. بەهەمان شێوە، نووسینی هەواڵێک بەپێی قسەی پۆلیس لەبارەی قوربانیانی ڕووداوی ئۆتۆمۆبێل لە شارێکی گەورە ڕەنگە زیانێکی گەورە بەوانە بگەیەنێت کە تێوەی گلاون. ئەوە خاوەنی دەزگا هەواڵییەکە نییە ئەم دەسەڵاتەی هەیە، بگرە ئەوە دەسەڵاتی ئەو ڕۆژنامەنووسە بێ دەسەڵاتەی ژووری هەواڵە. ڕۆژنامەوانی کارێکی ئاڵۆزە و ڕۆژنامەنووس چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرێ چیرۆکێکی هەر کوالیتی باش بۆ بڕیاردەرانی بنووسێ.

سێیەم پایەی سەرەکی ئەوەیە هەر ڕۆژنامەنووسێک دەبێ دان بەو بەرپرسیارەتییە دانێ و پەسەندی بکات کە لەناو کاری میدیادا هەیە و کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی خەڵک هەیە. نابیتە ڕۆژنامەوانێکی پرۆفێشناڵ ئەگەر لە کۆتاییی هەفتە هەست بەهیلاکی بکەیت و کارەکەت بەباشی نەکەیت. دەبێ مێشکت چالاک بێ و کار بکا لە کاتی هەر شتێک تۆ دەینووسی، گرینگ نییە بابەتەکە چەند سادە بێ.

وەک ڕۆژنامەنووس، تۆ تووشی دەیان شتی کتوپڕ دەبیت و دەبێ بەباشترین شێوە بینووسی. ئەو کەسەی چیرۆکەکە دەنووسێ یارمەتی دانانی کارنامەکە دەدا. ئەگەر ئەمە بەهزرێکی باشەوە کرا، ئەگەر ڕۆژنامەنووس بزانێ چ بەهایەک دەخاتە پێش ناوەندی بڕیار و ئەگەر دەرک بەئەنجامەکانی بکات، ئەوا ئەخلاقی ڕۆژنامەوانی دەچەسپێ و هەموو کەسیش هەر ئەوە لە ڕۆژنامەنووس ڕادەبینێ. سادە و ساکار دەڵێم، ئەگەر هیچت پێ نەکرێ بەلایەنی کەمەوە هەوڵ بدە بیر لەو دەسەڵاتە بکەوە هەتە کە ڕەنگە ببێتە مایەی باشە یان خراپە بەهۆی ئەو بڕیارەی تۆ دەیدەی. ئەو دەسەڵاتەی تۆ هەتە هەمان دەسەڵاتی کۆنترۆڵی میدیا نییە بەسەر بەکارهێنەرانەوە، دەسەڵاتی تۆ ڕادەی پرۆفێشناڵیت دووپات دەکاتەوە.

هارتلی ڕەخنەی لە پەروەردەی ڕۆژنامەوانی گرت بەوەی کە لە بری بەرهەمهێنانی تەلارساز،

کۆمەڵێک هەواڵفرۆش بەرهەم دێنێت. هارتلی بەم قسەیەی جیاوازییەک دەکات لە نێوان تەلارسازێک، کە باشترین کار دەکا بۆ موشتەرییەکەی، و کارمەندێکی عەقارات کە چاوی هیچ نابینێ بەس فرۆشتنی زەویوزار نەبێ.

بەلای گەلێ ڕۆژنامەنووسانەوە، ڕەنگە بیرۆکەگەلی ئەم کتێبە شتگەلی سادە و باو بن. گرفتی سادە و باو ئەوەیە کە سادە و باو نییە هەتا یەکێک پێت نەڵێ وایە. کاری ڕۆژانەی ڕۆژنامەوانی برێتییە لە زنجیرەیەک بڕیار. بڕیار لەبارەی چی هەواڵ دروست دەکات، لەبارەی سروشت و مەودای بەرژەوەندیی گشتی، لەبارەی ڕەچاوکردنی ئەخلاق بۆ هەر حاڵەتێک و لەبارەی ڕاست و دروستی و وردیی زانیاری و باوەڕپێکردنی سەرچاوەگەل. بڕیار لەبارەی باشترین ڕێگە بۆ ڕێکخستنی زانیاری تا ببێتە هەواڵێکی باش. ئەم دەقە فێری پرۆسەی بڕیاردانمان دەکا، فێرمان دەکا چۆن توانامان لە کاری خۆماندا ڕەنگ بداتەوە. ڕەنگدانەوەی توانای خۆت هەردەم سیفەتێکی کاری ڕۆژنامەنووسی پرۆفێشناڵە.

> ڕەنگدانەوەی خود پێوەرە بۆ کارێکی باش و پرۆفێشناڵ. کاتێ گرووپەیلی تر، وەک ژمێریار و دوکتۆر، گفتوگۆی کارەکەیان دەکەن، ئەوە بەشێکە لە کارەکەیان نەک گفتوگۆیەکی دوور و جیا و ڕۆشنبیری. زۆربەی ڕۆژنامەنووسان نکووڵی لەو دەسەڵاتە ناکەن کە میدیا هەیەتی پێناسکردنی جیهانێکی مسۆگەر. لەباتیان، بەهرەی پرۆفێشناڵی و پێشکەوتووی نووسینیان تێکەڵ بەخودی خۆیان دەکەن لە کاتی ئەنجامدانی کارەکەیان. (شێریدان بێرنس، ١٩٩٩:٤).

ئەم کتێبە ئەرکی ڕۆژنامەوانی دەخاتە ڕوو، چینەکانی ئەرکەکە لێک جیا دەکاتەوە و دەستنیشانیان دەکا. باسی ستراتیجگەل دەکا بۆ هەڵبژاردن و جێبەجێکردنی بڕیارەیل. پاشان دێتە سەر سازان و گونجانی ئەو ئیختیارانە. ئەم کتێبە هەوڵێک بۆ ئاوێتەکردنی میدیا، گەیاندن و تیۆری کولتووری لەگەڵ گەشەی بەهرە و توانای نووسین. ئامانجی سەرەکیی کتێبەکە ڕەخنەگرتن نییە لە کاری میدیا، بگرە پردێک پێشکێش دەکا بەهۆیەوە دانوستاندنی ئاستەنگەکانی کارەکە بێتە گەڕ.

لە شێوازی کۆن و ڕەق و زەحمەتی فێربوونی کارەکە، ئەگەر هەڵەیەکت کردبا ئەوا باجت دەدا. عادەتن باجدانیش شتێکی دیاریکراو نەبوو. لەو ژوورەهەواڵەی من فێری کارەکە بووم، تاکە گوناحی لێنەبووردراو ئەوە بوو نەزانی شتێک بۆچی کراوە. هەڵە هەر هەبووە و هەیە، بەڵام نەزانینی "بۆچی؟" کارەسات بوو. ئەگەر توانیبات تەنێ ئەولەویەت بدەی بەهۆکارەکان هێشتا هەر هەڵە بووی، بەڵام ئەوە بەلایەنی کەمەوە ئەو مانایەی دەدا کە پرۆفێشناڵانە بۆ کارەکە چوویت.

ئەم کتێبە ئەو ڕێگەیە دەکۆڵی ڕۆژنامەنووسان کاری پێ دەکەن بۆ ڕەچاوکردنی ئەو هەواڵگەلە باوەی لەسەر ئاستی دنیا دێتە نووسین. ئاشکرای دەکا لە کاتێکدا دەقی ڕۆژنامەوانی بەرهەم دێ بەهۆی کولتووری کۆمەڵگەوە، ئەو پرسیارانەی تووشت دەبن لە بڕیاردانی کارێکی ڕۆژنامەوانی

هەمووی یەکن. بۆ نموونە، هەواڵی مردنی کەسێکی دیار هەواڵێکی جیهانیی بایەخدارە، بەڵام چۆنیەتیی نووسینی مردنەکە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی بۆچوونگەلی کۆمەڵگەکەیە بۆ تایبەتمەندیی تاکی دیار پێوەرگەلی کۆمەڵگەیە لەبارەی نووسینی خەم و و هەروەها هەر پێودانگێکە کە لەلایەن یاساگەلی کۆمەڵگەوە هاتووەتە سەپاندن.

تێبینی ئەوە دەکەیت کە کتێبەکە قسە لەسەر هەردوو هەواڵی "ڕەق" و "نەرم" دەکات، بۆ نموونە، جیاواز مامەڵە لەگەڵ هەواڵ کۆمەڵگە یان چیرۆکەیلی وەرزشی ناکات. ئەم کتێبە وەسفی چۆنیەتی ناکات، بگرە جەخت دەکاتە سەر پرۆسەگەلی بیرکردنەوە لە کاری ڕۆژنامەوانیدا. پرۆسەی بیرکردنەوە وەک یەکە لە هەر کۆمەڵگەیەک بێ ئەگەر بێو قسە لەسەر هەواڵێکی دادگە بکەین، بەڵام ئەولەویەت پێدان جیاوازە. کتێبەکە لاسایی هیچ شتێک نییە لەبەرئەوەی باشترین کار بەندە بەهەلومەرجی پرۆفێشناڵی، کۆمەڵایەتی و کولتووری بۆ نووسینی هەواڵێک. ئەم هەلومەرجە ئاڵۆزە بەردەوام دەگۆڕێ و گەشە دەکات. بەشی ٩ و ١٠ باسی پرۆسەی نووسیاری دەکات. باسی یەکەم و دوا درافتی چیرۆک دەکات، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە تەنێ ئەم شێوازەی نووسیاری هەیە.

کەرتی یەکەمی کتێبەکە، "چۆن دەزانی دەتوانی"، باسی ئەوە دەکا چۆن ڕۆژنامەنووسەیلی پرۆفێشناڵ برەو بەبەهرە و تێگەیشتنیان دەدەن.

بەشی دووەم باسی ئەو ڕێگەیە دەکا ڕۆژنامەنووسەیلی پرۆفێشناڵ مەعریفە و تێگەیشتنیان وەردەگێڕن بۆ کار و بڵاوکردنەوە. گفتوگۆی ئەوە دەکات کە سروشتی گۆڕان و گۆڕانی میدیا ناهێڵێت میدیا وەک کۆمەڵە ڕێسایەک فێری کەس بکەیت، لەبەرئەوەی بەهرەی پێویست هەموو کات هەر پێویستە. کاری پرۆفێشناڵ لە کاردا بەدیار دەکەوێ لە ڕێگەی تێگەیشتن و پەیبردن بە پرۆسەی بڕیاردانەوە.

بەشی سێیەم میتۆدی کاری پرۆفێشناڵ دەکۆڵی وەک پرۆسەیەکی هەستیاری ڕەنگدانەوەکان، هەروەک دانەرانی تریش پێیان وایە کە ئەم پرۆسەیە بناخەی ڕۆڵی میدیایە لە کۆمەڵگەدا. ئۆدۆنێل ناو لەو پرۆسەیە دەنێ "هونەری ڕەنگدانەوە لە کاردا".

لەباتی پشتبەستن بە مەعریفەی تیۆری بۆ لێکدانەوەی هەموو شتێک، دانەر بیرۆکە تیۆرییەکان لە دنیای پراکتیکی و ئەزموونەدا تاقی دەکاتەوە. لەباتی پۆلێنکردنی کێشەکان، دانەر وا لە ڕۆژنامەنووس دەکا وەڵامێکی شیاو بۆ کێشەکان بدۆزێتەوە.

کەرتی دووەمی کتێبەکە، "ڕۆژنامەوانی لە پراکتیکدا"، باسی چالاکەیلی بنەڕەتیی ڕۆژنامەوانی، دیاریکردنی هەواڵ، هەڵسەنگاندنی زانیاری، سەرچاوەی باوەڕپێکراو و نووسینی هەواڵ دەکا. باسی نووسیاریی هەواڵ بۆ خوێنەر و ڕۆڵی ڕۆژنامەوانی لە کۆمەڵگەدا دەکات. چەندان نموونە لە دنیای واقیعی ڕۆژنامەوانیدا دەهێنێتەوە کە لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی خاوەن ئەزموون نووسراون.

بەشی چوارەم دەکۆڵێتەوە لە سروشتیی هەواڵ و ئەو هۆکارانەی کار دەکەن سەر حوکمدان لەسەر هەواڵ، بەتایبەتی ڕۆڵی جەماوەر. میتۆدێک دەخاتە بەردەست بۆ دیاریکردنی هەواڵ و

ڕەنگدانەوەیان لەسەر ئەرکی دیاریکراوی ڕۆژنامەوانیدا.

بەشی پێنجەم جەخت دەخاتە سەر ئەو ڕێگەی ڕۆژنامەنووسان بەهۆیەوە دەسەڵاتیان بەکار دێنن لە هەڵبـژاردنی زانیـاری بۆ دروسـتکردنی هەواڵ. میـتۆدێک دەخـاتە بەردەست بۆ دانی بڕیارێکی ئەخلاقی و باوەڕپێکراو لە هەر هەلومەرجێکدا.

بەشی شەشـەم باسی ئەو ڕێگانـە دەکا بەهـۆیانەوە ڕۆژنامـەنووس هەواڵ کۆ دەکاتەوە. هەروەها باسی ئەو ئاسـتەنگانە دەکا تووشیان دەبن لە حوکمدان و دەستنیشانکردنی سوودی زانیاریگەل کە لەلایەن سەرچاوەکانەوە دێنە دابینکردن.

بەشی حەفتەم باسی ئەو پرۆسـەیە دەکا ڕۆژنامەمـان وتاری پێ دەنووسن. چۆنیـەتیی نووسینی وتار بە پشـتـبەسـتن بـە ئەرشیف، گـەڕان لە کـتێـبـخـانە، ئامـار، پرێس ڕلیس و هەڵسـەنگاندن و بەکارهێنانی سەرچاوەی لاوەکی.

بەشی هەشتەم باسی ئەو پرۆسانە دەکا بەهۆیانەوە کەرەستەی خاو دەگوازرێتەوە بۆ نێو کاری ڕۆژنامـــەوانی لـە ڕێگـەی ڕەنگدانـەوەی گـــرینگ بـۆ ســـەر پرۆســـەی بـڵاوکـــردنەوەی هـەواڵ و بڵاونەکردنەوەی.

بەشی نۆیەم باسی پرۆسـەی نووسـیاریی هەواڵ دەکـا. میـتۆدێک دابین دەکـا بەهـۆیەوە خـوێنەر دەتوانێ نووسینەکە شی بکاتەوە و ئەوجا بڕیار بدا لەسەر شێواز و بڕیار و ناوەڕۆکی.

بەشی دەیەم باسی پرۆسـەی ئاڵۆزتری نووسیاری دەکا. باسی دوایەمین فۆرمی ڕیپۆرتاژ دەکا نووسەر و دەستەی نووسیاران چەندان جار دانوستاندنی لەسەر دەکەن.

ئەم کتێبە، جیا لە هەر دەقێکی تر، باسی پرۆسـەی بڕیاردان دەکا. ئەو پرسـیارانەی ئەو کـتێبە دەیانکا ڕەنگە ببنە هەوێنی پرسـیارەیلی تر. دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبـە، دەتوانی سەتان بڕیاری پرۆفێشناڵی و ڕۆژنامەوانی بدەیت. ئەگەر کتێبەکە کاری خـۆی کردبێ، ئەوا دەبێ تۆ بتوانی بزانی چۆن ئەو بڕیارانە دەدەیت. ئەم ئاوێتـەبوونی بڕیاردان و ڕەنگدانەوەی هەستیاری خودە گرینگترین شتە بۆ ڕۆژنامەنووس. لەبەرئەوەی دەتوانی بڕیارێکی ئەخلاقی بدەیت لە هەر بارودۆخێکدا، هەموو شتێک ڕێی تێدەچێ. بەری خۆتیان بدێ.

## بەشی دووەم

## ڕۆژنامەوانی لە گەرمەی کاردا

تۆ کارمـەندی ڕۆژنامـەیەکی ڕۆژانـەی. نووسـیارەکەت بانگت دەکاتە ئۆفیـسی خـۆی و مـیدیا ڕلیسـێکت دەداتێ و پێت دەڵێ "بەدوایدا برۆ". ئاخـۆ ئەوەی تـۆ دەینووسی دوا بەدواداچوون ڕۆژنامـەوانییە؟ چـۆن دەزانی؟ ئاخـۆ ڕۆڵی تۆ جـیاوازە لەو کـەسـەی کە میدیا ڕلیسەی نووسیوە؟

چی نووسەر دەکاتە ڕۆژنامەوان؟ لەگەڵ سەرهەڵدانی بڵاوکردنەوەی شت لەلایەن هەموو کەس لەسەر ئینتەرنێت، پێناسەی ڕۆژنامەنووس زۆر ئاڵۆز بووە.

ئاخۆ هەر یەکێک شت بڵاو بکاتەوە ڕۆژنامەنووسە؟ سپلیکەل و سپارکس و ئەوانی تر دەڵێن ڕۆژنامەوانی پیشەیە، پیشەکارانی خولیا و بەهای هاوبەشیان هەیە. هەندێکی تر دەڵێت ڕۆژنامەنووسەیل پرۆفیشناڵ نین، لەبەرئەوەی سەربەخۆ نین لە حوکمدان، هەر حوکمدانیشە ڕێبەرییان دەکا. بەپێچەوانەی پرۆفیشناڵگەلی وەک دوکتۆر، پارێزەر و تەلارساز، مووچەی ڕۆژنامەنووس لەلایەن ئەوانەوە نییە کە خزمەتەکەی بەکار دێنن. ڕۆژنامەنووسەیل کارمەندن، کاری سەرەکییان بریتییە لە زیادکردنی قازانجی بەڕێوەبەریان.

سپلیکەل و سپارکس سێ پێناسە پێشکێش دەکەن. هەرسێکیان هەر تەنێ لەوەوە نەهاتوون کە هەموو یان زۆربەی ڕۆژنامەنووسان کۆمەڵێک توانایان هەیە بگرە لە جۆری هەڵسوکەوتی ڕۆژنامەنووسان خۆیانیشەوە هاتوون. جیاوازیی نێوان پێناسەکان بەشێکی لە ماناکانیاندایە، بەڵام زۆر کار دەکەن ئەو ڕێگەی ڕۆژنامەنووس بەرپرسیارەتیی کۆمەڵایەتییان پێناس دەکەن. یەکەم پێناسە دەڵێ ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ بریتییە لەو کەسەی کە لەسەر چالاکیی ڕۆژنامەوانی دەژین، بەم پێیەش ڕۆژنامەوانی بریتییە لە کۆمەڵێک پراکتیزە. پێناسەی دووەم ڕۆژنامەنووسان جیا دەکاتەوە لەوانەی کە شتیان بڵاو دەبێتەوە. بەپێی پێناسەکە، ئەو کەسە ڕۆژنامەنووسە ئەگەر لەلایەن گرووپی پیشەکەوە پەسەند بکرێ. واتە ئەندامی دەستەی ڕۆژنامەنووسان ڕۆژنامەنووسە: یەکێک ئەندام نەبێ لێی ڕۆژنامەنووس نییە. پێناسەی سێیەم دەڵێ بەرپرسیارەتیی کۆمەڵایەتی ڕەگی داکوتاوە لە پیشەی ڕۆژنامەوانی.

ئەم سێ پێناسەیە کانگەی ئەو کێشانەن ڕووبەڕووی پێناسەکردنی بەرپرسیارەتیی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیی ڕۆژنامەنووسان دەبنەوە. ئەم بەشە باس لە سازان و گونجانی پرۆفیشنالیزم دەکا وەک مۆدیلێک بۆ ڕۆژنامەوانی و پراکتیزەی هزربەخش پێشکێش دەکا وەک چوارچێوەیەکی جێگرەوە.

## ڕۆژنامەوانی وەک پراکتیز

ئاخۆ هەر یەکێ شت بۆ خەڵکێک بڵاو بکاتەوە ڕۆژنامەنووسە؟ سەردەمێک ڕۆژنامەنووس ئاسان پێناس دەکرا بەوەی بریتییە لە کەسێکی تەعینکراو بنووسێ بۆ ڕۆژنامە یان کۆوارێک. ئەم پێناسەیە ڕۆژنامەنووسانی لە نووسەران جیا کردەوە. لەو سیناریۆیەی لە دەسپێکی ئەم کتێبەدا باس کراوە ئەوەی بۆ ڕۆژنامە کار بکات ڕۆژنامەنووسە. فەرهەنگەیلی نوێ بەو جۆرە پێناسەی ڕۆژنامەنووس دەکا، میدیای پەخش و وەشان و گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان کە بەسەر شێوەیلی بەرهەمی میدیادا هاتووە پشتگوێ خستووە. ئەو پێناسەیە کێشەی تری هەیە. ئەگەر ڕۆژنامەنووس ئەو کەسە بێ مووچە وەرگرێ بنووسێ بۆ ڕۆژنامە یان کۆوار، کەوابێ، هەر

سیاسەتوانێک ستوونێک بنێرێ و بڵاو بکرێتەوە ڕۆژنامەنووسە، هەمان شت بۆ ئەکادیمیایەک کە خوێندنەوەی کتێب دەنووسێ. کەواتە کێشە لە وشەی "تەعینکراو"دا هەیە ڕۆژنامەنووسانی ئەمڕۆ فریلانسن، بەڕاسپاردن دەنووسن یان خۆیان چیرۆک دەنووسن و دەیفرۆشنەوە. باشە ئەمانە دامەزراون بنووسن لەبەرئەوەی پارە وەردەگرن بەرامبەر بەکار، یان ئاخۆ کەسێک هەر دەبێ داهاتێکی مانگانەی هەبێ ئەوجا دەبێ بەڕۆژنامەنووس؟ ڕۆژنامە و کۆوار چیی تر تەنێ دوو ناوەندی ڕۆژنامەوانی نین. میدیای پەخش و وەشان هەواڵ و کەیفخۆشی سەرنجڕاکێش بڵاو دەکەنەوە بۆ جەماوەرێکی دیاریکراو، وەک چۆن میدیای چاپیش ئەمە دەکا.

ئاخۆ کارمەندانی پێوەندییە گشتییەکان (پی ئارِ P R)یش ڕۆژنامەنووسن، لەبەرئەوەی کارمەندن و کاریان لە ڕۆژنامە و کۆوار بڵاو دەکرێتەوە؟ گرووپەیلی ڕۆژنامەوانی، بەناوی یەکەتی و دەستەوە یان سەندیکا، دەڵێن نووسەرانی پی ئارِ ڕۆژنامەنووس نین، لەبەرئەوەی دەقەیلیان فۆرمێکە بۆ ئادڤۆکەسی، بۆ قایلکردنی خەڵکە نەک کۆمەڵێک ڕاستی و فاکت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی دەنووسرێ و بڵاو دەکرێتەوە لەلایەن ئەو کارمەندانەوە لە میدیای بەناوبانگ ناچنە قالبی ئەو تێستەوە. ستۆون دەڵێ "هەواڵ ئەوەیە یەکێ لە شوێنێکدا دەیەوێ بیشارێتەوە." هەموو شتێکی بەدەر لەو پێناسەیەی ستۆون ڕێکلامە. ئەمە پرسیارگەل قووت دەکاتەوە سەبارەت بەو بۆچوونەی گوایە ڕۆژنامەنووسان، بەپێچەوانەی نووسەران، کار بە فاکتگەلی بابەتی دەکەن. مشتومڕێک لە ئارادایە لەبارەی ئەوەی کە متمانەی خەڵک بەبیرۆکەی "ڕاستی" لە نووسیندا خەریکە کاڵ دەبێتەوە. سەردەمێک هەموو کارێکی ڕۆژنامەوانی بڵاو دەکرایەوە لەسەر بنچینەی ئەو تێگەیشتنەی کە خوێنەر پەسەندی تەواوی بڵاوکردنەوەکە دەکا نەک باوەڕی بە یەک ڕۆژنامەنووس هەبێ و متمانەی بەوانی تر نەبێ. ئەمڕۆ زۆربەی ڕۆژنامەوانیی ڕۆژنامە دەوەستێتە سەر ئەوەی کێ بۆیان دەنووسێ، گرینگ نییە نووسەرەکە چەندە تازەش بێ. مارشاڵ و کینگسبێری ئەمە بەدەسەڵاتێکی زیادەی ڕۆژنامەنووس وەسف دەکەن بە بەراورد لەگەڵ ئەو دەسەڵاتەی ڕۆژنامەنووسەیل لە ماوەی بوریدا هەیان بوو. وایت دەڵێ کێرڤی متمانەی خەڵک بەوردی و بابەتیبوونی ڕۆژنامەوانی ڕوو لە دابەزینە. ئۆکهام و ئەوانی تریش هزری وینشەتل ڕەت دەکەنەوە کە دەڵێ ڕۆژنامەوانی بۆچوونی واقیعیانەی دنیا و میتۆدێکی تاقیکردنەوە لەخۆ دەگرێ.

فۆرد دەڵێ بابەتیبوون هۆی سەرەکیی میدیای بەناوبانگە ناتوانێ زانیاری فرە پێشکێشی خەڵک بکات. ئەو پێی وایە بابەتیبوون ڕۆژنامەنووسان بەرەو ئاقاری بابەتی بێلایەن دەبا، وەک تاوان و کارەساتەیلی سروشتی، لەسەر حسێبی زانیاریی ڕووداگەلی گەلێ گرینگتر. پاترسن و ویلکینس پێیان وایە ڕۆژنامەوانی پرۆفێشناڵ و بابەتی وا لە ڕۆژنامەنووس دەکەن زیاتر ڕووداوگەل داپۆشن نەک پرسگەلی هەستیار کە بەهیچ شێوەیەک بابەتی نین. گورفیچ دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە پابەندبوون بە پێناسگەلی پرِفێشناڵی هەواڵ هێزێکە بۆ یەکڕیزی. ئەو دەپرسێ بۆچی ڕۆژنامەنووسان زۆرجار دەگەن بەیەک وەڵام بۆ ئەم پرسیارە "ئەمڕۆ گرینگترین هەواڵ چییە؟"

هەواڵنامەی کتێب

بەدەر لە بیرۆکەی ئەوەی ڕۆژنامەوانی وەک سەرچاوەیەک تەنێ فاکت لە ئامێز دەگرێ و بابەتیبوون پشتگوێ دەخا، ڕەنگە بەم شێوەش ڕۆژنامەوانی پێناس بکرێ: پراکتیزی ئامادەکردنی هەواڵ بۆ وەشاندن بۆ جەماوەرێکی دیاریکراو. ئەگەر ئەم پێناسە گونجاوتر بێ، ئاخۆ بڵاوکردنەوەی سەر ئینتەرنێت ڕۆژنامەوانییە؟ بێگومان گەلێ لە ڕۆژنامە و میدیاکان لەسەر ئینتەرنێت شت بڵاو دەکەنەوە، بەڵام هاوکات بەملیۆن قوتابیش لەسەر کۆمپیوتەر شت بڵاو دەکەنەوە. کینگسبێری دەڵێ ئینتەرنێت هەندێ جار ستایش دەکرێ، لەبەرئەوەی دەمانباتەوە سەردەمی دیموکراسیی کۆن کە هەموو کەس بەشدار بوو. ئینتەرنێت سنووری بڵاوکردنەوە و ئازادیی بێ سانسۆر و دەربڕینی بیروڕای بەزاندووە. ئەم ناوەندە بەرهەڵدایەی بڵاوکردنەوە تاوی زیاتر بۆ پێناسەی ڕۆژنامەوانی دێنێت، لەبەرئەوەی تەنێ بەشێکی بڵاوکراوەکان لەلایەن سەندیکاگەلی ڕۆژنامەوانی دانیان پێدا نراوە. سەندیکا یان ڕێکخراوەکانی ڕۆژنامەوانی دەڵێن نووسەرانی سەر ئینتەرنێت ڕۆژنامەنووس نین، لەبەرئەوەی گوێ نادەنە کۆدی ئەخلاقی و پراکتیزی پرۆفێشناڵانەی ڕۆژنامەوانی ناکەن و بۆ هیچ ڕێکخراوێکی میدیاش کار ناکەن. پاڤلیک دەڵێ ئازادی بۆ بڵاوکردنەوەی هزر لەسەر ئینتەرنێت دێتە بوون بێ سانسۆری کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی کە هەردەم لە کاری ڕۆژنامەوانیدا هەن. ئەو پێی وایە نرخی خاوەندارییەتی و دەسەڵاتی میدیا پێویستییەکی یاساییە بۆ ئەوەی بەرپرسیارانە کار بکەن و خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی بکەن، بەڵام ئەمە خۆبڵاوکاران ناگرێتەوە. ئەم پێناسەیەی ڕۆژنامەنووسان ئەوە دەگەیەنێ کە هەندێ جار ناچارن دەسەڵات و کاریگەرییان بەکار بێنن بۆ چاکەی کۆمەڵایەتی نەک دەسکەوتی کەسانی.

## ڕۆژنامەوانی وەک چالاکییەکی تەکنیکی

دووەم پێناسەی سپلیکەل و سپارکس پشتەستوورە بە هزری چالاکیی تەکنیکی کە ڕۆژنامەنووسان جیا دەکاتەوە لەوانەی کارەکانیان دێنە بڵاوکردنەوە. بەپێی ئەم پێناسەیە، یەکێ ڕۆژنامەنووسە ئەگەر لەلایەن ڕێکخراوێکی ڕۆژنامەوانییەوە پەسەند بکرێ، ئەمەش دوای ئەزموون و کارکردن و خۆسەلماندن. کۆدی ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسانی پرۆفێشناڵ تەواو جیاوازیی لە نێوان ئادڤۆکەسی و ڕاپۆرت نووسین دەکات و جەخت دەکاتە سەر یەکڕیزیی پرۆفێشناڵانە لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی. دەستەی ڕۆژنامەوانانی ئوسترالی، کە بەشێکە لە یەکەتیی پیشەسازیی میدیا، هاوپەیمانی کەیفخۆش و هونەر (MEAA)، بەرپرسن لە کۆدی ئەخلاقی کە ڕێنوێنی ڕۆژنامەنووسانی ئوسترالیا دەکات. لە دیباجەکەیدا هاتووە ڕۆژنامەنووسی پرۆفێشناڵ ئەو کەسەیە دامەزراوە لە میدیایەکی تایبەت، بەڵام بە بەرپرسیارەتی گشتییەوە.

بەشێک لە کۆدی ئەخلاقی کۆمەڵگەی ڕۆژنامەنووسانی پرۆفێشناڵی ئەمەریکایی

* ڕۆژنامەنووس دەبێ ڕاستگۆ بێ، دادوەرانە و بوێر بێ لە کۆکردنەوەی زانیاری، ڕاگەیاندنی و لێکدانەوەی.

* چیرۆک لەبارەی فرەیی و فراوانیی ئەزموونی مرۆ بوێرانە بنووسێ، تەنانەت کاتێ باویش نەبێ.
* بەهای کولتوورییان بزانن و نابێ بەسەر ئەوانی تریدا بسەپێن.
* نابێ بۆچوونی نەرێی هەبێ لەبارەی ڕەگەز، جێندەر، تەمەن، ئاین، ئیتنی، جوگرافی، عاداتی سێکسی، کەمئەندام، جەستە یان باری کۆمەڵایەتی.
* پشتگیری ئاڵوگۆڕی کراوەی بۆچوون بکات، تەنانەت ئەو بۆچوونانەی ئازاردەرن.
* هەلی دەنگهەڵبڕین بدە بەوانەی دەنگیان ناگاتە هیچ شوێنێک، سەرچاوەیلی فەرمی و نافەرمیی زانیاری بەیەکسانی دابین دەکرێ.
* ڕۆژنامەنووسی بەئەخلاق مامەڵە لەگەڵ سەرچاوە و بابەت و هاوکارانی دەکات وەک مرۆی شایەن ڕێز.
* بەوە بزانێت کە کۆکردنەوە و ڕاگەیاندنی زانیاری لەوانەیە ببنە مایەی ئازار و سەرئێشە. چوون بەدوای هەواڵ مۆڵەت نییە بۆ لووتبەرزی.
* چیرۆکەکەی بەتام بێ. نابێ قێزەوەن بێ.
* ڕۆژنامەنووس دەبێ ئازاد بێ و ئەرکی تری نەبێ جگە لە مافی خەڵک بۆ زانین.
* بەلاوەنانی ململانەی بەرژەوەندی، ڕاستی و دروستکراو.
* دوور بێ لەو چالاکی و دەزگایانەی کە لەوانەیە هەڕەشە بن بۆ سەر یەکڕیزی یان متمانەی.
* دیاری، مووچە، دەسهەق، گەشتی بەلاش و مامەڵەی تایبەت ڕەت بکاتەوە، نابێ لە شوێنی تر دامەزرا بێ، دەستی لەناو سیاسەت نەبێ و داوودەزگەی حکوومەت نەبێ یان ڕێکخراوەیلی خزمەتگوزاری، لەبەرئەوەی لەوانەیە زیان بەکارەکەی بگەیەنێ.
* ڕۆژنامەنووس بەپرسیارن لە بەرامبەر خوێنەر و بیسەر و بینەریان، بەرامبەر یەکتریش.
* داپۆشینی هەواڵ ڕوون و شی بکاتەوە و دیالۆگ بکات لەگەڵ خەڵکی بۆ ئاکاری ڕۆژنامەوانی.
* هانی خەڵک بدا دڵتەنگییان لە دژی میدیا دەربڕن.

بەڕێوەبەرانی میدیا ڕۆژنامەنووس لەسەر بنچینەی تواناکانی تاک وەردەگرن. بەڕێوەبەران پێناسەی خۆیان هەیە بۆ ئامادەکردن و ڕاهێنانی ڕۆژنامەنووسانی سەرەتایی. ئەمە کێشە بۆ چالاکیی تەکنیکی دروست دەکا، لەبەرئەوەی هیچ پێوەرێکی جیهانی نییە ئەو پێناسانە یەکلایی بکاتەوە. بۆ نموونە، خەڵاتێک لەوانەیە ڕۆژنامەنووسێک زیاتر بخاتە پێشەوە بۆ پەسەندکردنی لە وەرگرتنی کارێک، بەڵام هیچ ناتوانێ کۆنترۆڵی بڕیاری نووسیار بکات بۆ وەرگرتنی یەکێ بێ ڕاهێنانی فەرمی یان ئاستێکی بەرز. ئیلیۆت دەڵێ چالاکیی ڕۆژنامەوانی واتە وردی لە نووسین، خێرایی لە نووسین و تەواوکردنی پێش دێدلاین، شێوازی پێشکێشکردن و بەهاگەلی هەواڵ. میدۆس دەڵێ ئەم پێناسەیە برەو بە کۆمەڵێک پراکتیزەی دژە ڕۆشنبیری و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی دەدا، لەبەرئەوەی مانای ئەوەیە ئەرکی ئەخلاقیی ڕۆژنامەنووسان دەوەستێتە سەر شوێنی کار و

بەڕێوەبەر، نەک ڕۆژنامەنووسەکە خۆی.

وێڕای هەموو ئەمانەی سەرەوە، دەستەگەلی میدیا زۆرجار دەسەڵاتی ئەوەیان نییە پراکتیزی ئەندامەیلیان ڕێک بخەن. ئەوە ڕاستە دەستەیەک دەتوانێ ئەندامەتی ڕۆژنامەنووسێک ڕەت بکاتەوە، بەڵام زۆرجار ناتوانێ ڕێ لەو کەسە بگرێ وەک ڕۆژنامەنووس کار بکات. نووسیارێک دەتوانێ ڕۆژنامەنووسێک دەربکا لەبەر پابەندنەبوونی بە کۆدی پرۆفێشناڵی کارەکەی، بەڵام ئەو ڕۆژنامەنووسە هەرگیز لە پیشەکە دەر ناکرێ و لە شوێنێکی بەردەوام دەبێ، وەک چۆن ژمێریارێکیش دەتوانێ ئەوە بکا. ڕێکخراوەیلی ڕۆژنامەوانی کار دەکەنە سەر کاری ئەندامانیان لە ڕێگەی هاندانی باوەڕی هاوبەش بە بەهای پرۆفێشناڵانە و پیادەکردنی دەسەڵاتی میدیا. بەڵام، مێدۆس دەڵێ پێوەندییەکی تەنک هەبێ لە نێوان بۆچوون بۆ کار و کارەکە خۆی و هەروەها زۆربەی ڕۆژنامەنووسان ئەوەندە گرینگی بە ڕێوشوێنی کارەکە نادەن، بەڵام بەخودی کارەکە دەدەن.

## ڕۆژنامەوانی وەک پیشە

تەنێ سێیەم پێناسەی سپلیکەل و سپارکس، کە دەڵێ بەرپرسیارەتیی ئەخلاقی بەندە بە خودی تاک، یەکدەگرێتەوە لەگەڵ پێناسەی پرۆفێشنالیزم. بۆ ئەوەی کارێک ببێتە پیشە، دەبێ ڕەهەندی ئەخلاقی تێدا بێ. وەک لیباکس دەڵێ "بۆ ئەوەی هەست بە پیشەکەت بکەیت، دەبێ پابەند بی بەو پێوەر و ئاکارانەی بەندە بەپیشەکەوە". لەسەر ئەم بنچینەیە سکۆلەران ڕۆژنامەوانیان وەک پیشە ڕەت و پەسەندیان کردووە. ئەخلاقناسانی وەک پاترسن و ویلکینس دەڵێن ڕۆژنامەوانی ئێستە پیشەیە لەبەر ئەو دوو بەرپرسیارەتییە مۆدێرنەی بەسەر ڕۆژنامەنووسدا سەپێنراوە: یەکەم، ڕۆژنامەنووس بەرپرسیارەتیی زیاتری هەیە لەچاو خەڵکی ئاسایی بۆ گوتنی ڕاستی. دووەم، ڕۆژنامەنووس ئەرکێکی گەورەتری لەسەر شانە بۆ چاودێریکردنی بەچالاکیی سیاسی.

پاترسن و ویلکینس دەڵێن هیچ لە پێناسەکردنی (ڕاستی) قورستر نییە، لەبەرئەوەی زانیاری لە تەواوی دنیا بەخێرایی پێمان دەگا، ئەمەش بەدەر لە توانای ئێمەیە ڕاستییەکە دەست نیشان بکەین. ئەوان پێیان وایە کێشەی مۆدێرنی "ڕاستی" ئەوەیە میدیای ئێستە جەماوەرێکی گلۆبالی هەیە، ئەمەش واتە ئەو فاکتانەی میدیا پێشکێشیان دەکا لێکدانەوەی جیاجیایان بۆ دەکرێ لە ڕووی جوگرافی و کولتوورییەوە لەبەرئەوەی جەماوەری میدیا فرە کولتوور و لە فرە ناوچەیلی جوگرافین. هەندێ لە مامۆستایانی ڕۆژنامەوانی زیاتر جەخت دەکەنە سەر پاڵنەری ڕۆژنامەنووسان نەک گەڕان بەدوای ڕاستی. شولتز دەڵێ ئەولەویەتی ڕۆژنامەنووس بریتییە لە نووسینی بێلایەنانە، سەربەخۆیی سیاسی و بەتەنگەوەهاتنی جەماوەر. ئەو پێی وایە ئەگەر بێو بنەواگەلی پرۆفێشنالیزم لە ڕۆژنامەوانی دەربێ، ئەوا پەیامنێر و نووسیار و بەرهەمهێنەرانی ڕۆژنامەوانی دەبن بەسەرەخۆرەی چاخی زانیاری.

هەندێ پێیان وایە کە ڕۆژنامەوانی قیاس دەکرێ بەپابەندبوون بە ڕاستی نەک دەسکەوتی

کەسانی. پابەندبوون بەڕاستییەوە کۆڵەگەی پیشەی ڕۆژنامەوانییە. دەسەڵاتی میدیا بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری دەبێ هاوسەنگ بێ لەگەڵ ئەرکی کۆمەڵایەتی بۆ گوتنی ڕاستی و دادوەری.

## پاڵەپەستۆ لەسەر مۆدیلی پرۆفێشناڵ

ماکمانۆس و کۆش و سکۆلەرانی تری میدیا پێیان وایە لە ماوەی ١٠ ساڵی بووریدا، بازاڕی ڕۆژنامەوانی ڕۆڵی ڕۆژانەی ڕۆژنامەنووسانی لە دروستکردنی هەواڵدا گۆڕیوە. گۆڕانەکەش وردە وردە سەربەخۆیی نووسیاری ناو ڕێکخراوەکانی میدیا کەم دەکاتەوە. توێژینەوەی ئاندەروود لە ١٩٩٣ پاڵپشتی ئەم بۆچوونە دەکا:

> پلانی پێشوەختە بنەڕەتی دیزاین و هەواڵ و پێداویستییەکانی ڕۆژنامەیە... نووسیاران هەردەم شتێک بڵاو دەکەنەوە کە پێشتر خۆیان لە کۆبوونەوە باسیان کردووە، گفتوگۆیان کردووە و پلانیان بۆ داناوە. بۆیە ئەم سیستەمی کارکردنە وا لە پەیامنێر دەکا نەبێتە لێکۆڵەر و کۆکەرەوەی زانیاری، بگرە بچووکی دەکاتەوە بۆ کرێکارێکی بیرۆکراسیەتی ڕۆژنامەکە و بازاڕەکەی.

ماکمانۆس بەم شێوەی خوارەوە باسی بازاڕی ڕۆژنامەوانی دەکا کە چۆن کار دەکاتە سەر پرۆسەی هەڵبژاردنی هەواڵ:

> بەپێی بازاڕ، وەشانکاران و کەمتر ڕۆژنامەکان زیاتر ڕیپۆرتاژ لەسەر بەکاربەران یان لایەنگەلی مرۆیی بڵاو دەکەنەوە، لەبەرئەوەی هەست و سۆزی جەماوەر دەبزوێنن، تەنانەت ئەگەر چیرۆکەکە خوێنەر و بینەر لە ڕەوشی هەنووکەش تێ نەگەیەنێت، بەلایانەوە ئاساییە ئەگەر پارە پەیدا بکات.

گۆنت بیرمان دێنێتەوە ئەوە شتێکی نییە کە بەڕێوەبەرانی میدیای مۆدێرن زیاتر بە دوای قازانجەوەن نەک هەواڵ. ئەوەی نوێیە ئەوەیە تێکهەڵکێشی میدیا و یەکخستنی ناوەڕۆک و تۆڕی میدیایە. بازاڕ وای لە ڕۆژنامەوانی کردووە زیاتر جەخت بکاتە سەر چۆنیەتیی پێشکێشکردن نەک ناوەڕۆک، دەیانەوێ بەجۆرێک ناوەڕۆکە، جا هەرچییەک بێ، پێشکێش بکەن کە سەرنجی ڕێکلامچییەکان بۆ خۆیان ڕاکێشن.

ماکمانۆس دەڵێ ڕۆژنامەوانی بەدەگمەن بەرهەمی دەبێ بەخەرجییەکی کەم. بۆیە ئەگەر میدیا بەدوای قازانجی زۆرەوە بێ، ئەوا کەمتر خەمی زانیارییەتی. بۆیە هیچ شۆک نییە ئەگەر هەواڵێکی زۆر گرینگ بەلاوەنرێ و هەواڵێکی تافیهی هیچ زەق بکرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆژنامەیەکی تیراژ زۆر ئێستەش خزمەتی خوێنەرانی دەکا. تیڤییەکی پلە بڵند ئێستەش خزمەتی بینەرانی دەکا بەبەرنامەکانی. زۆربەی ڕۆژنامەنووسان پێیان وایە ململانەکە لە نێوان ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسان بۆ چاوکردنەوەی کۆمەڵگە و کاری ڕۆژنامەنووسان بۆ زیادکردنی قازانج دایە. ڕۆژنامەنووس کار بکات بۆ قازانج یان بۆ هۆشیاریی کۆمەڵگە؟ ململانەکە لەوێدایە کاتێ خەڵک باشتر خزمەت

هەواڵنامەی کتێب

دەکرێن ئەگەر ڕۆژنامەنووس شتێکیان پێ بڵێ نەیانزانیبێ، بۆ نموونە شتێک نارەحتیان بکا یان وایان لێ بکا هەست بەتاوان بکەن.

ماکمانۆس دەڵێ جوانکردنی هەواڵ بۆ سەرنجراکێشانی ڕێکلامچی ململانەیەکی ڕژدی بەرژەوەندی دروست دەکات. کۆمپانیای زەبەلاح بازاڕیان گەرم دەکەن بەهۆی ڕێکلام لەناو میدیا. بۆیە میدیا بۆ ئەوانە کار دەکا نەک بۆ خەڵک. بۆیە ئەمە دەسەڵاتی نووسیاریی ڕۆژنامەنووسان کەم دەکاتەوە و تەلبەندیان دەکا.

ماکمانۆس و ئاندەروود و ئەوانی تر پێیان وایە ڕازاندنەوەی هەواڵ میدیا بچووک دەکاتەوە تەنێ لە گەڕان بەدوای نرخی بازاڕدا، ئەمەش ڕۆڵی ڕۆژنامەنووس لەناو دەبات لە دەستنیشانکردنی هەواڵی پڕ بەها و مانادار. ئاندەروود دەڵێ بەڕێوەبەران بەڕۆژنامەنووسان دەڵێن با خەڵک خۆی بڕیار بدا چی هەواڵە، تەنێ ئەو هەواڵانە بەهایان هەیە کە بەهایان لەناو بازاڕدا بەرزە. گراتنیش دەڵێ کەمبوونەوەی خوێنەرانی هەواڵ کۆمپانیاکانی نیگەران کردووە لەوەی چۆن بازاڕی ڕێکلام درێژە پێ بدەن. خەمی نووسیارانە ئەوەیە شتێک بڵاو بکاتەوە وا لە خوێنەر بکات تەماشای ڕێکلامەکانی تەک چیرۆکەیل بکەن. ئەم ڕەخنانە پێمان دەڵێن کە بازرگانیی میدیا دەوەستێتە سەر ڕێکلام بۆ ئەوەی پشتی داراییی ئەستوور بێ، بەڵام ئێستە ڕێکلامچییەکان کاریگەریی زیاتریان بەسەر نووسیارانەوە هەیە، کاریگەرییەک قەت پێشتر شتی وا نەبووە. ئاندەروود گەشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە جوانکردن ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسان لە ڕەگوریشەوە دەگۆڕێت. ئەو دەڵێ ڕۆژنامەنووس چیی تر تەماشای ئەودیو هەواڵ ناکات، قووڵتر نابێتەوە لە ڕاستی، بگرە تەنێ بەدوای هەواڵێکدا دەگەڕێ بەفیتی ڕێلامچییەکان بێ. عادەتن ئەو هەواڵانەش دووبارەن بەلای خوێنەرەوە. کینگسبێری گەشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە شیکردنەوەی فاکتەیل زەحمەتە، هەروەها قووڵبوونەوە لە ڕاستی کاتێکی زۆری دەوێ، ئەمەش بەدڵی بازاڕ نییە چونکە بازاڕ خێرایە و شتی خێرای دەوێ. پالێتز و ئێنتمان گەشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە لە هەر شوێنێک ئامانجی ڕێکخراوێکی هەواڵ کۆکردنەوە و وەسفکردن و گواستنەوەی هەواڵ بێ، ئەنجام پشتبەستنە بە سەرچاوەی فەرمی و یەکجۆریی ناوەڕۆک.

ئەم بەستنەی پشت بە سەرچاوەگەلی پڕۆفێشناڵی میدیا دیاردەیەکی جیهانییە. بۆ نموونە، وارن دەڵێ سەتا ٨٠ی ئەو چیرۆکانەی لە پرێس ڕلیسەوە بەرهەم دێن دەدرێن بە بەلاڤۆکەیلی میدیا. ماکمانۆس لێکدانەوەیەکی سادەی بۆ ئەمە هەیە:

> پشتبەستن بە ئاژانسی هەواڵ و بریکارانی تر چاپەمەنی بۆ وەرگرتنی هەواڵ کەمتری تێدەچێ لەچاو بەکرێگرتنی ستافی پڕۆفێشناڵ تا شت لەسەر کۆمەڵگە بزانی. ئەمە وا لەو ئاژانسانەی هەواڵ دەکا ناوەندەکە قۆرخ بکەن و بەکەیفی خۆیان ئەجندا و سەرچاوەگەل دیاری بکەن.

دابینکردنی هەواڵ بۆ میدیا بزنسێکی گەورەیە. سەرچاوەگەلی پڕۆفێشناڵی هەواڵ، وەک

کارمەندانی پێوەندییە گشتییەکان، لە سروشت و ڕەوانبێژیی هەواڵ دەگەن. دەزانن ئەگەر هەواڵ بدەن بەڕۆژنامەنووسێک کە لەگەڵ شێواز و ویستی ڕێکخراوەکەی دێتەوە، ئەوا ڕۆژنامەنووسەکە وەک خۆی و بێ گۆڕان بەکاری دێنێت. ڕۆژنامەنووسی مۆدێرن چاوەڕێی بەرهەمی زیاتری لێ دەکرێ ڕۆژانە لەچاو ڕۆژنامەنووسەیلی ٢٠ ساڵ یان ١٠ ساڵ لەمەوبەر، کاتێ نووسیاران داوای دووبارە نووسینەوەی میدیا ڕلیس دەکەن. لە ژێر باری ئەم پاڵەپەستۆیەدا، ئاسانە هاوکێشەی "ئەگەر نەشکاوە چاکی مەکەوە" جێبەجێ بکەیت بۆ نووسیاری، یان تەنانەت دڵنیاکردنەوەی هەواڵ.

ئەوانەی میدیا ڕلیس دەدەن بە ڕێکخراوگەلی هەواڵ زیاتریان دەس دەکەوێ لەم سینارۆیە. ئامادەکردنی میدیا ڕلیسێک زۆر باشتر ئامانج دەپێکێ لە دیمانەیەک و زیاتر کۆنترۆڵیان دەبێ بەسەر زانیاری و ناوەڕۆکی قسەیان. هەرچەندە نووسیار دەسەڵاتی هەر هەیە چی بڵاو بکاتەوە و نەکاتەوە لە ڕلیسەکە، بەڵام خاوەن ڕلیسەکە هێدی ترە، لەبەرئەوەی بارەکە لە دیمانە جیاوازە کە تێیدا چاوەڕێی دەستی ڕۆژنامەنووس دەکا چی لە دیمانەکە دەکا و ناکا. هەروەها، ئەو کارمەندانەی میدیا دەزانن چۆن زانیارییەکان گۆش بکەن بەو ئاراستەی کە سەرنجڕاکێش بێت بۆ کەناڵەیلی میدیا. ئەمە چانسی کەناڵەیلی میدیا زیاد دەکات ئەو گۆشەیە بەکار بێنێت کە لەلایەن بەکارهێنەرانی میدیاوە هەڵبژێردراوە. یان بەکارهێنەرانی میدیا ڕووداوێک دروست دەکەن بەشێوەیەک سەرنجی میدیا کێش بکات و ئیتر ئامادەبوونیان بۆ مەبەستێکی جیا بەکار دێنن.

پشتبەستن بەسەرچاوەگەلی هەواڵ دەتوانرێ قۆرخ بکرێ و کاریگەری لەسەر ئەجندای هەواڵ هەبێ. کاریگەرییەکانی سەر ژووری هەواڵ وەک دێدلاین، شوێن و ستاف تەلبەندی چڕ دەخەنە بەردەم ئەو ڕۆژنامەنووسانەی بەرپرسن لە هەڵبژاردنی هەواڵ. لە ئەنجامدا، ڕۆژنامەنووسان دێن ئەو هەواڵ هەڵدەبژێرن کە ئاسانە بۆ دیتنەوە و نووسیاری. لە سەردەمێکی پڕ ڕووداودا، فۆتۆ و بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆهەواڵ و بەکارهێنانی بەرهەمێکی ئامادەی میدیا ویستێکی زۆر بەهێزە، بەتایبەتی کاتێ ئابووری لە بەرهەمهێناندا مانای "بەرهەمی زیاتر بەڕۆژنامەنووسی کەمتر" بدا.

ئاندەروود بەڕێکی نوێ دەخاتە بازار و دەڵێ بەڕێوەبردنی مۆدێرنی میدیا ململانە دروست دەکا لە نێوان پێشاندانی واقیعێک تابلوێ ورد و شێواندانی واقیعەکە بۆ بەرژەوەندیی ئەوانەی کۆنترۆڵی پرۆسەی بەرهەمهێنان دەکەن.

لە هەموو ئەمانەدا، ڕۆژنامەنووس هەندێ کۆنترۆڵی هەر بەدەستە. کاریگەری هەیە لەسەر چالاکییان بەڵام ئەمە هەموو شتێک نییە. ڕاستییەکەی، بەهای خودی ڕۆژنامەنووسەکە و ئەو شوێنەی کاری بۆ دەکا واقیعی کاری ڕۆژانەی ڕۆژنامەنووسەکە دروست دەکات. لەسەر ئاستی تاکدا، ئەوەی کار لە کاری ڕۆژنامەنووس دەکا بریتییە لە ئەزموونەکەی، چۆنیەتیی ڕاهێنانی، قەبارە و جۆری کولتووری ڕێکخراوەکە، پاڵەپەستۆی نووسیاران و بۆچوونی کەسانی. وەک ئیپستن گوتەنی ڕۆژنامەنووس بەکرێگیراوی کەس نییە، بۆیە وێڕای پاڵەپەستۆش کاری باشیان هەر دەردەکەوێ. بەڵام، بەدەست ڕۆژنامەنووس نییە چی باشترین بەرهەمە بۆ ئەو شوێنەی کاری

بۆ دەکا. لە هەمان کاتیشدا، کاری ڕۆژنامەوانی پێک هاتووە لە کۆمەڵێک بڕیاری سەربەخۆ. ئۆدۆنەل دەڵێ تێکەڵکردنی دەسەڵات بەبێ کۆنترۆڵ واتە چیی تر کاری ڕۆژنامەنووسان ناچێتە چوارچێوەی پڕۆفێشنالیزمەوە.

ڕۆژنامەوانی مۆدێرن پێناس ناکرێ بەکۆمەڵێک قسەی سادەی وەک "ڕۆژنامەنووسی دامەزراو لەلایەن ڕۆژنامە و گۆوار"، لەبەرئەوەی گەلێ ڕۆژنامەنووس هەن ئەو وەسف نایانگرێتەوە. ڕۆژنامەنووسان پشت نابەستن بە کۆدی پڕۆفێشناڵیی سەندیکاکانی ڕۆژنامەنووسان، لەبەرئەوەی گەلێ ڕۆژنامەنووس دەسەڵاتی ئەوەی نییە پابەند بێ بە یاساکانی سەندیکا. بێ لەمەش، خودی کۆدەکان ناتوانن ڕۆژنامەنووس بکەن بەتەیارە و لەباتی جەماوەر هەواڵ هەڵبژێرن و بڕیاری بازرگانی و پیشەیی و ئەخلاقی بدەن.

## ڕەنگدانەوەیەکی ڕەخنەیی سەبارەت بەڕۆژنامەوانی

شۆن دەڵێ بۆچوونی کۆن گوایە ڕۆژنامەنووسی پڕۆفێشناڵ کەسێکە هەموو شت دەزانێ بەسەرچووە و ناگونجێ لەگەڵ تێگەیشتنی ئێستەی ڕۆژنامەوانی. ئەو دەنووسێ ڕۆژنامەنووسی پڕۆفێشناڵ زانیاری لە بەرکی خۆی دەرناهێنێ و یاساکانی سەندیکاشی بیر نایەتەوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر، بگرە چارەسەر لە گیرفانی ئەو دەقە دروست دەکەن کە بەندە بەو کێشەیەی لەسەری دەنووسن. ئەمەش دەوەستێتە سەر ئەزموونیان و لێکدانەوە و تێڕامانیان.

بەڕای شۆن، ئەو جۆرە ڕۆژنامەنووسە ئەزمووندارە ناتوانێ هیچ فێری ڕۆژنامەنووسێکی تازە بکات تەنێ بەهۆی وەسەفکردنی ڕێنوێنی و یاسا و تیۆرەکانی میدیا. هەروەها ناشتوانێ وا لەو تازەیە بکات وەک ئەو بیر بکاتەوە بەهۆی وەسفکردنی ئەو ڕێگانەی ئەو کاریان پێ دەکا.

> زۆرجار ناتوانین ناو لەو شتە بنێین کە دەیزانین. کاتێ هەوڵ دەدەین وەسفی بکەین خۆمان ون دەکەین، یان کرچوکاڵ وەسفی دەکەین. زانینی ئێمە لەناو کارەکانماندایە، لە هەستماندایە بەرامبەر ئەو شتانەی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین. زانینمان لە کارماندایە.

ئەو مۆدیلەی شۆن باسی لێوە دەکا نموونەیییە بۆ ڕۆژنامەوانی، لەبەرئەوەی کاری باش پێوەرە بۆ ڕۆژنامەوانی باش، بەڵام "باش" و "ڕۆژنامەوانی" لە جیهانی مۆدێرندا پێناس دەکرێن نەک کۆن. ڕۆژنامەوانی باش واتە توانای دەستنیشانکردن و پۆلێنکردن و ئەولەویەتدانە بە توخمەیلی هەواڵ. ڕۆژنامەنووسان زانیاری هەڵدەسەنگێنن بەپێی ئەزموون و وردی و جەماوەر و بەرژەوەندییان. با بگەڕێینەوە سەر ئەو سیناریۆیەی پێشتر باسمان کرد. نووسەر ڕۆژنامەنووسە ئەگەر پرسیار لەو زانیارییە بکا لەناو پرێس ڕلیسدایە نەک تەنێ بیانووسێتەوە بەوشەی جیاجیا. پرسیارکردن، ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی گشتی و فیلتەرەکانی لەسەرەوە باسمان کرد، میدیا ڕلیس دەگوازرێتەوە لە پالپشتیی بزنسێک بۆ ڕۆژنامەوانی.

## ئەنجام

واقیعی ڕۆژنامەوانی لە سەرەتای سەدەی ٢١ ئەوەیە ناکرێ چیی تر لە چوارچێوەی دامەزراندن (تەعینکردن) و بەڕێوەبەرەوە سەیر بکرێ. ڕۆژنامەنووسیش وا پێناسەکە ناکرێ کە یەکێک دوای ڕاهێنان دەچێتە بوار کارکردن بێ هیچ بەرپرسیارەتییەکی کۆمەڵایەتی و تێگەیشتن لەو دەسەڵاتەی وەک تاک هەیەتی بۆ ڕوونکردنەوەی ڕووداوگەلی دنیا بۆ خەڵک. ئەم پێناسەیە هەر لە سەدەی بیستەوە پووچەڵ بووەتەوە. ئەم بەشە باسی لەوە کرد ئەوەی ڕۆژنامەوانی لە چالاکەیلی میدیا جیا دەکاتەوە برێتییە لە بیرۆکەی خزمەتکردنی بەرژەوەندیی گشتی. ڕۆژنامەنووسان خزمەتی خەڵک دەکەن بەهۆی گوتنی ڕاستی، تەنانەت ئەگەر ڕاستی تاڵ و سەر بەئێشەش بێ.

گونجاوترین پەنجەرە بۆ ڕامان لە ڕۆژنامەوانی برێتییە لە ڕەچاوکردنی زانیاری بەپێی بەهای گشتی و کۆکردنەوەی و بڵاوکردنەوەی. بەشی ٣ زیاتر لەمە دەکۆڵێتەوە.

### بەشی سێیەم

## ڕۆژنامەوانی وەک بڕیاردان

سەرەداوێکت دەس دەکەوێ گوایە حەفت کەس هاتوونەتە کوژران لە هێرشێکی هەڕەمەکی لە چێشتخانەیەکی سەرپێی (فاست فوود) لە گەڕەکی ئێوە. نووسیارەکەت دەیەوێ تۆ ئەم هەواڵ خێرا ئامادە بکەیت بۆ بەڵاڤۆکی دواتر. چیت پێویستە بزانی پێش ئەوەی دەست بەنووسینی هەواڵەکە بکەیت؟ لە کوێ و چۆن دەست بەکۆکردنەوەی زانیاری پێویست دەکەی؟ چۆن بڕیار دەدەیت چ لە هەواڵەکە باس دەکەیت و چی باس ناکەیت؟

لەوانەیە لە پەروەردەی ڕۆژنامەوانیدا، فێربوون بەهۆی کارکردنەوە باو بێ، بەڵام تەنێ کارکردن گرەنتی فێربوون ناکات. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر بڵێی ڕۆژنامەنووسێک پرۆفێشناڵە، چونکە ئەوەی فێری بووە لە بارودۆخی نوێ بەکاری دێنێت، ئەوا هەڵە و نەشیاوە. سروشتی ڕۆژنامەنووس ئەوەیە بەتێپەڕبوونی کات ستراتیجەکانی خۆیان بەرەو پێش دەبەن و خۆیان دەگونجێنن. دەگەنە ئەوێ لە ڕێگەی ڕەچاوکردنی بنەواگەل یان یاساگەل و لەژێر ڕۆشناییی بەها و ئەزموونی پرۆفێشناڵانەیان. هەموو ئەو هۆیانەی لەناو ڕۆژنامەنووسێک کۆ دەبنەوە و لەگەڵ ئەو شتەی لە پەروەردەی فەرمی یان ڕاهێنان فێری دەبێ دەیکەن بەڕۆژنامەنووسێکی پرۆفێشناڵ. بەم پێیە، هەر ڕۆژنامەنووسێک بەپێی ئاست و توانای خۆی ئەو شتانەی لەبارەی ڕۆژنامەوانییەوە فێری دەبێ لێکدانەوەی بۆ دەکا و بەکاریان دێنێ. ئەمە لە هەر ڕۆژنامەنووسێک ڕەنگ دەداتەوە لە هەردوو پرۆسەی ڕۆشنبیری و پرۆفێشناڵیدا لەگەڵ ئەو بەهایانەی لە کارەکەدا ڕەچاو دەکرێن.

ڕۆژنامــەوانی واتە بڕیاردان، جـا بڕیار لەبارەی هەواڵ یـان ئەخـلاقـیـاتی بڵاوکـردنـەوە بێ. بۆ بڕیارێکی لەجێ و کاریگەر، ئێمە پێویستـمـان بەبنەواگەل، یان باوەڕی هاوبەش هەیە بۆ ئەوەی بیانکەین بەبنچینە بۆ بڕیارەکان. بەڵام، یەکێ لەو کێشانەی کە ڕۆژنامەنووسی پرۆفێشناڵ تووشی دەبێ ئەوەیە ڕۆژنامـەوانیی مـۆدێرن چی تر کـارێکی نیـیـە ئامـادە، بگرە دەبێ ئامـادەی بکەیت، ئامـــادەکـــردنیش بڕیاری دەوێ. پێـــرسن دەڵێ: گـــەلێ جـــۆری ڕۆژنـامـــەوانی هـەیە لـەوانەش: ڕۆژنامـەوانیی کۆمـەڵگە، ڕۆژنامـەوانیی کـۆمـپـانیـا، ڕۆژنامـەوانیی ئاژانس، بڵاوکردنەوە و وەشـان، ڕۆژنامـەوانیی حکوومـەت و توێژینـەوەی کۆمـەڵایەتی، هەمـوو ئەمـانە زۆر خـێـرا دەگـۆڕێن و پێش دەکەون. لە هەموو ئەو بوارانەدا، ڕۆژنامـەنووس شـارەزاییی خۆی لە ڕێگەی کارەکەیەوە دەردەخـا. کۆرب دەڵێ کـاری باش بریتییە لە پـرۆسـەی دابینکردنی زانیاریی لە ڕێگەی ئەزمـوونەوە. ئەم بەشە باسی ئەوە دەکـا پرۆفـێـشناڵەکان چـۆن بیر دەکـەنەوە، باسی کـاری باش و هـەوڵەکـانی دەسـتـەی پسپۆڕێتیی مەعریفە دەکا.

## لە زانینەوە بۆ توانا

گـیلبــەرت ڕایل دەنووسـێ زانین بـەسێ قـۆناخـدا دەڕوا و پێ دەگـا. یـەکـەم، قـۆناخـی زانیـنی چی، ئەمەش دەگـەڕێتەوە سـەر توانای ناسـاندنی شتێک، بۆ نموونە، ناسـینەوەی بەرهـەمی ڕۆژنامەوانی. قـۆنـاخـی دووەم بریـتـیـیــە لـە زانیـنی چۆن، واتە تـوانای دووبارەکـردنەوەی ڕێنوێنی، کـار و ئەو توانایانەی بەکار دێ بۆ بـەرهـەمی ڕۆژنامەوانی. سێیەم قۆناخە کە ڕایل بە بەڵگەی زانینی دادەنێ بریـتـیـیـە لە توانـای کردن. ئەمـە لە ڕۆژنامـەوانیـدا واتە پرۆسـەی ڕۆشنبـیـری پێـویست بۆ کـاری ڕۆژنامـەوانی، توانای ناسـاندنی هەواڵ، کۆکردنەوە و هەڵسـەنگاندنی زانیـاری. ڕۆژنامـەنووس ئەو بڕیارانـە لە فـیلـتـەر دەدا لە ڕێگەی تێگەیشـتـنی خـۆی لە جـەمـاوەر، بۆ کێ دەنووسێ، ئەولـەویەتی وەشـانکـارەکەی و باوەڕەکـانی خـۆی لەبارەی ڕۆڵی ڕۆژنامـەوانـی لە کـۆمـەڵگەدا. لـەوانەش ئەولاتر، ڕۆژنامـەنووس ئەو پرۆسـانە بەکار دێنێ بۆ ئەوەی بگاتە ڕادەی پرۆفـێـشناڵی کە دوا جـار هـەمـووی بۆی دەبن بەئەزموونێکی دەوڵەمەند.

ڕەخنە لە پەروەردەی ڕۆژنامەوانی پێ لـەسـەر ئەو هزرە هەڵناگرێ کە ڕۆژنـامەوانی شتیکە فێری کـەس ناکرێ، بگرە خەڵک بەهـۆی ئـەزموونکردنی فـێـری دەبێ. ئەم بۆچوونە پشـتـڕاست دەکرێتـەوە بەبیـرۆکەی ئـەوەی هیچ یاسـایەک نیـیـە بۆ ڕۆژنامــەوانی، هـەمـووی دەوەسـتـێـتـە سـەر بارودۆخ و هـەلومـەرج. بێگومـان کارکردن لە ڕۆژنامـەوانـی هـەردەم لە بەرهـەمەکـەیدا دەبینرێ. واتە ئەزمـوون و بەها و شـێـواز و تێگەیشـتن لە جـەمـاوەر و بەها و ئەزمـوونی نووسـیـار و کـات و شـوێن هـەمـووی بەدیار دەکـەوێ لەو چیـرۆکـەی دێتـە بڵاوکـردنەوە. بەپشـتـبـەسـتن بە دەقـەکـە، پاڵەپەسـتـۆی تری کـۆمـەڵایەتی، سیاسـی و ئابووری بەدیار دەکەون. بەڵام، ئەم بۆچوونەی لەمـەڕ ڕۆژنامـەوانی مـانای ئەوە دەدا کـە بیـرکـردنەوەی ڕۆژنامــەنـووس لەناو خـودی خـۆی دایە و نـاکـرێ شـیـبکرێـتـەوە. بۆ

ڕۆژنامەنووس گەلێ زەحمەتەبێ باسی ئەوە بکا چی دەکا و ناتوانن باسی زانینی خۆیان بکەن. لەوانەیە بەس ئەوەت پێ بڵێن (بێ بیرکردنەوە دەزانین چی دەکەین.) ئەمە لەبەرئەوەیە پرۆسەی بیرکردنەوەیان، کە لە ناخیاندایە، دەکەوێتە ئیش بێ ئەوەی ئاگایان لێ بێ، یان هەستی پێ بکەن.

شۆن لە کتێبەکانیدا باسی ئەو ڕێگایانە دەکا چۆن پرۆفێشناڵی جۆراوجۆر پیادەی زانینی پرۆفێشناڵانەیان دەکەن. ئەو بەو پرۆسەیە دەڵێ "بیرکردنەوە لە کاردا"، دواتر ئەوها وەسفی دەکا "گفتوگۆکان لەگەڵ خۆماندا". شۆن دەڵێ زەحمەتە بۆ پرۆفێشناڵەکان بەڕوونی باسی کارەکەیان بکەن. لە ڕۆژنامەوانیدا، پرۆسەی بڕیاردان و زانین بەشێکن لە پرۆسەی نووسین و لێکۆڵینەوە، چەندە بنووسی و بکۆڵییەوە، ئەوەندە توانای بڕیاردانت باشتر دەبێ. ڕۆژنامەوانی پێویستی بە فێربوونی شتی تازەیە، بیرکردنەوەی و ڕەخنەییانە و داهێنەرانەیە. ڕۆژنامەنووس، وەک بەشێک لە کارەکەیان، زانیاری کۆ دەکەنەوە و دواتر بەپێی بارودۆخ ڕەوا و بایەخی پێ دەدەن. ئەو ڕۆژنامەنووسەی چیرۆکێکی ورد و ڕاست و ئەخلاقی و سەرنجڕاکێش دەنووسێ، باش چووەتە قووڵایی بیرکردنەوەکانی. ڕەنگدانەوە پردێکە لە نێوان تیۆری ڕۆژنامەوانی و کاری پرۆفێشناڵیی ڕۆژنامەوانی. لە ڕێگەی ڕەنگدانەوەی خود، ڕۆژنامەنووس دەتوانێ متمانە، پشتبەخۆبەستن، توانای چارەسەرکردنی کێشە و هاریکاری و توانای زانینیی دەستەبەر بکا. هەر بەهۆی ڕەنگدانەوەی ناخە، ڕۆژنامەنووس دەتوانێ لە خۆی و کۆمەڵگەکەی و پیشەکەی بگات. ڕەنگدانەوەی ڕەخنەیی مەرج نییە هەموو کات نەرێنی بێ. کاتێ ڕۆژنامەنووسان باسی چیرۆکێک دەکەن، هەموو لایەنێکی چیرۆکەکە دەخەنە بەرباس، کە تێیدا ڕەنگدانەوەی خۆیان هەستی پێ دەکرێ، بۆ ئەوەی شتێک بنووسن سەرنجڕاکێش و لەجێ. وەک کینگ دەڵێ: بەبیرکردنەوەی لەوەی چی دەکەین، دەتوانین وەک ڕۆژنامەنووس بڕیاری باشتر بدەین و بنچینەی فەلسەفەی ڕۆژنامەوانی دابین بکەین. وێڕای ئەمەش، ئەو شرۆڤانەیە نابێ زۆر دوورمان بخەنەوە لە ژووری هەواڵ.

## ڕۆژنامەوانی وەک بڕیاردان

بێرنارد کۆهن تێبینی ئەوەی کردووە کە گەورەترین دەسەڵاتی میدیا لەوەدا نییە بەخەڵک بڵێ بیر بکاتەوە، بگرە لەوەدایە بیر لە چی بکاتەوە. خەڵک جیاوازە و دنیا جیاواز دەبینێ لەسەر بنچینەی ئەو نەخشەیەی نووسەران، نووسیاران و وەشانکارانی ڕۆژنامە بۆیان دەکێشن.

بەڕای کۆهن کارەکانی ڕۆژنامەوانی دەردەکەون بەهۆی کێشان و کێشانەوەی نەخشەی ڕۆژانە. وێڕای هەموو ئەو قسانەی لەبارەی بابەتیبوونەوە دەکرێ، بەرهەمی ڕۆژنامەوانی قەت ناتوانرێ لە پرۆسەی ڕۆشنبیریی ڕۆژنامەنووس جیا بکرێتەوە. لە شوێنی کاری میدیا لە دنیا، تاکی ڕۆژنامەنووس لە کۆمەڵگە بێشومارەکانی دنیا ڕۆژانە هەمان بڕیار دەدەن لەبارەی هاوسەنگکردنی ئەولەویاتی پرۆفێشناڵی، بازرگانی و ئەخلاقییەوە. ڕۆژنامەنووسان، لە کولتووری جیاجیاوە، وەڵامی جیاجیایان دەس دەکەوێ، بەڵام خودیان لە پرۆسەی بڕیارداندا ڕەنگ دەداتەوە.

چۆمسکی و هەرمان دەڵێن خۆسانسۆرکردن، جگە لەوەی پیلانێکە لە دانانی ئەجندای میدیا، لە کارکردندایە. دووپاتی دەکەنەوە لاگرتن لە میدیادا سەر هەڵدەدا، لەبەرئەوەی خەڵک ناخ و خودی بەسەر کارەکاندا ڕەنگ دەداتەوە و دەیگونجێنێ لەگەڵ خاوەنداریەتیی میدیا و گۆڕانەیلی بازاڕ و سیاسیدا. ماگینس دەڵێ ڕۆژنامەنووسان خۆیان ناتوانن بڵێن لاگیری دەکەن لە نووسینەکانیان، لەبەرئەوەی بۆچوونی جیاجیا وەردەگرن. ئەو دەڵێ ئاساییە لاگیری بکەی لە ڕووی هەستی کەسانی، بەڵام هەر دەبێ دادوەرانە بی کاتێ دێیتە سەر نووسینی بۆچوونی ئەوانی تر.

## کاری ڕژد و ڕەنگدانەوە

ئەو ڕێگەی ڕۆژنامەنووسان بەکاری دێنن بۆ وەسفکردنی کارەکەیان ڕەنگە لەسەر بیرۆکەی ڕەفتاری غەریزی بنیات بنرێ، بەڵام بەهای ڕژدی و ڕەنگدانەوەش بەکارەکەیانەوە دیارە، بەس لە هەموو وشەیەک نا کە دەینووسن. لە کاری ڕۆژانەی ڕۆژنامەوانیدا، توانای بیرکردنەوە و پشتبەستن بەزیرەکیی خۆت سیفەتی پڕ بەهان. ئەم سیفەتانە ڕەنگدانەوەی ڕەخنەییشیان تێدایە لە کاردا، پێمان دەڵێن ئێمە دەتوانین بیر لەو شتە بکەینەوە کاتێ کە دەیکەین. ئۆدۆنیل دەڵێ ڕۆژنامەنووسان بەردەوام مەعریفەی تیۆرییان بەرامبەر ئەزموونی کار تاقی دەکەنەوە، پاشان ستراتیجێکی بۆ دەدۆزنەوە و دەیانگونجێنن. بۆد و فلیتی پێیان وایە ڕەنگدانەوەی ڕەخنەیی و کاری ڕژد سێ قۆناخیان هەیە: یەکەم قۆناخ ئامادەکردنە. ئەمە جەخت دەکاتە سەر ئەوەی ڕۆژنامەنووس چی دەزانێ، ئەگەرەکان دادەنێ و دەزانێ پێویستی بەچییە. دووەم قۆناخ دەکەوێتە ناو کارەکە. بەشێوەی سەرنجدان و تێوەگلان دەردەکەوێ. لەم قۆناخە هێشتا بوار ماوە کارێک بکەیت کاریگەریی لەسەر ئەنجامەکەی هەبێ. دوا قۆناخ دەکەوێتە پاش ڕووداوەکە، تاکی ڕۆژنامەنووس ئەزموونەکەی بەقووڵی هەڵدەسەنگێنێت.

نابێ هزری ڕەنگدانەوە تێکەڵ بکرێ بە کپی و بێ چالاکی. ڕەنگدانەوە مەرج نییە مانای ئەوە بێ کات بکوژی و بوەستی و بیر لە کارەکە بکەیتەوە ئەوجا ئەنجامی بدەیت. شۆن پێناسەی ڕەنگدانەوەی کرد بەوەی کە ڕوو دەدا لە کاتی ئەنجامدانی شتێک بەڕژدی. ئەو پێی وایە هەڵەیە بیرکردنەوە و کارکردن لە یەک جیا بکرێنەوە، دەڵێ دەبێ کار لە کار جیا بکرێتەوە، لەبەرئەوەی هەر کارە و جۆرە بیرکردنەوەیەکی دەوێ. شۆن پێی وایە لە ڕێگەی ڕەنگدانەوەی ڕەخنەیی و کاری ڕژددا، کارکردن و بیرکردنەوە تەواوکەری یەکترن، لەبەرئەوەی کارکردن بەری بیرکردنەوە فراوان دەکا و بیرکردنەوەش خۆراکی کارکردن و بەرەکەیەتی. بۆیە هەموو لێکۆڵینەوە و کارێکی ڕۆژنامەوانی بەری بیرکردنەوە و کارکردنە لە یەک کاتدا.

تۆماس ڕەنگدانەوەی خود بە پرۆسەیەک پێناسە دەکا کە بەرهەم تێیدا دێتە چاودێریکردن لە ڕێگەی هەڵسەنگاندن و تێڕامان و بیرکردنەوە. ئەو پێی وایە ئەم پرۆسەیە ڕۆژنامەنووس دەگەیەنێتە پرۆسەی (شانازیی خود)، واتە ئەگەر ڕۆژنامەنووس کارێکی باش بکا ئەوا شانازی

بەخودی خۆیەوە دەکا بەوەی کە توانییەتی دەسەڵاتی بەکار بێنێ لە کارکردن لەو ڕووداوانەی کە کاریگەرییان بەسەر ژیانی خەڵکەوە هەیە. ئەو دەڵێ پرۆسەی شانازیی خود نابێ تێکەڵ بکرێ لەگەڵ پرۆسەی خۆبەگەورەزانین. پرۆسەی شانازیی خود کار لە ئیختیارەکانی ڕۆژنامەنووس دەکا، هەوڵەکانی، ئیلهام و بیرکردنەوەی و بەرەنگاربوونەوەی کاتە سەختەکان. تۆماس دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ڕۆژنامەنووسی بەتواناتر و شارەزاتر دەتوانن ئامانجی گەورەتر بۆ خۆیان دابنێن و زۆر باشیش پێوەی پابەند بن. چەندە ڕۆژنامەنووس شانازی بەخودی خۆیەوە بکا ئەوەندە توانای زیاتر دەبێ و بڕیاری باشتر بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی دەدا.

## ڕەنگدانەوە لە کاردا

پرۆسەی بەرهەمهێنان دەست پێ دەکات کاتێ ستافی جێبەجێکار ڕەچاوی هەر نەشرەیەکی نوێی هەواڵ دەکا و ئیتر بەم شێوە بەردەوام دەبێ تا دەگاتە ساتی بڵاوکردنەوە. پاشان بۆ نەشرەی دواتر هەمان شتگەل دووبارە دەبنەوە. تەواوی پرۆسەکە لە کەناڵێکەوە بۆ کەناڵێکی تر دەگۆڕێ بەڵام ئامانج یەکێکە: پلانی داپۆشینەکە.

پرۆسەی بەرهەمهێنانی هەر تاکە چیرۆکێک چەندان کەس بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکا لە قۆناخی جیاجیای بەرهەمهێنانیدا. پەیامنێر، کە زانیاری کۆ دەکاتەوە و چیرۆکەکە دەنووسێ، ڕۆڵێکی کەم و سنووورداری هەیە لەم پرۆسەیەدا. بێگومان ستافی باڵا بەرپرسیارەتی تریان هەیە، بەتایبەتی ستافی وەرزش (لە وڵاتانی ڕۆئاوا–و.) و ستافی ڕیپۆرتاژ. ئەوان چەندان چیرۆکیان لە سەرچاوەی جیاجیاوە بۆ دێ و دەبێ بڕیار بدەن ئیش لەسەر کامیان بکەن. ئەو بڕیارانەی پێویستە بدرێن بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنان ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

– بڕیاری لەبارەی بەهێزی و لاوازیی هەر یەک لە پەیامنێرەکان.

– هەر چیرۆکە و چەند کاتی دەوێ.

– تا چەند چیرۆکەکە بەدڵی هەموو لایەک دەبێ.

هەر یەکە بڕیارەیلی خۆی بەپێی گرینگی ڕیز و ئامادە دەکا بۆ کۆبوونەوەی دەستەی نووسیاران کە لە پێش هەر نەشرەیەکەوە ئەنجام دەدرێ. هەریەکە لایەنە بەهێزەکانی چیرۆکەیل باس دەکەن بۆ ئەوەی یارمەتی نووسیار بدەن کامە هەواڵ دابەزێنێت. بۆ ئامادەکردنی ئەمەش، نووسیاری هەر بەشێک ڕەچاوی هەموو زانیارییێک و چەندان هۆیەل دەکا بۆ هەر چیرۆکێک، وەک: بەهای هەواڵەکە، کە دەزانرێ بەهۆی کات، دووری و ئەنجام و پێوەستبوون بەدۆخی ئێستە و چەندان هۆیەلی تری پێوەند بەبەرژەوەندیی گشتی.

وێڕای ئەمانەش، ڕۆژنامەنووس ڕەچاوی چەندان لایەنی تر دەکا پێش بڵاوکردنەوەی هەر هەواڵێک: هەیکەلی هەواڵەکە، وێنە، لە چ گۆشەیەکەوە بۆی بچێ، گونجاندنی هەواڵەکە لەگەڵ شێوازی وەشانی ڕێکخراوەکە. ڕۆژنامەنووس دێ بەراوردی هەواڵی تازە دەکا لەگەڵ ئەوانەی پێش

کەمێک بڵاو کراونەتەوە بۆ ئەوەی بزانێ چەندە بەیەکتر دەچن. نووسیاری هەر بەشێک، کاتێ پەیامنێر ڕادەسپێرێ، ڕەچاوی هاوسەنگی بابەت و ڕووداو دەکا بۆ ئەوەی خوێنەری بەئەزموون تێر بکات بۆ نموونە، نووسیار هەیە دەیان هەواڵی بۆ دێ لە یەک کاتدا، بۆیە یەکەم جار گرینگی بەوانە دەدا کە بایەخدارترن لەچاو هەواڵانی تری ڕۆژ.

هیچ یاسا و ڕێسایەک نییە نووسیاری بەش پشتی پێ ببەستێ تا بزانێ کامە هەواڵ بۆ هەواڵکران دەس دەدا. نووسیار هەیە پشت بەداتای حەزی خوێنەران دەبەستێ، بەڵام داتاش سەتاسەت پێت ناڵێ خوێنەر حەزی لە چییە. بۆ نموونە، لێکۆڵینەوە لەمەڕ بازاڕی هەواڵ دەری دەخەن کە هەندێ هەواڵ (بەپێی دووری و نێزیکی، پێوەستبوون و ململانەوە) بایەخیان زیاتر پێ دەدرێ لەلایەن هەواڵکرانەوە. بەڵام، لێکۆڵینەوە لە بازاڕ وەڵامێکی سەتاسەتت ناداتێ تا بزانی کام لەو بەهایانە لەوانی تر گرینگترە، لەبەرئەوەی گرینگی بەهاکان لە ڕۆژێکەوە بۆ ڕۆژێکی تر و لە چیرۆکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ. ئاکام ئەوەیە ئەو چیرۆکانەی ئیختیار دەکرێن لە کۆبوونەوەی نووسیاراندا بڕیارگەلی خودین و تەنێ لەسەر بنچینەی ئەزموون و پرۆفیشناڵیتی و بەهای کەسانی دەوەستن. ئەم پرۆسەیە مەعریفەی پسپۆڕان نییە بگرە ڕەنگدانەوەی ڕەخنەییە لەسەر ئەزموونی کاری پرۆفێشناڵی. بۆیە ئاهەنگی بووکگواستنەوەی بابایەک ڕەنگە لە ڕۆژێکدا لەسەر شاشەی تیڤی زۆر گرینگی پێ بدرێ و لە ڕۆژێکی تردا، ئاهەنگی بووکگواستنەوەی کەسایەتییەک پشتگوێ بخرێ.

کە کاتی کۆبوونەوەی تەواوی نووسیاران بۆ پلاندانان دێ، نووسیاری هەر بەشێک لەگەڵ ستاف و نووسیارانی بەشەکەی کۆ دەبێتەوە. لە کۆبوونەوەکدا، هەر بەشدارێک ڕای خۆی لەسەر هەموو چیرۆکێکی بڕیار لەسەردراو دەدا، مەرج نییە تەنێ قسە لەسەر هەواڵەیلی بوارەکەی خۆی بکات، دەپەڕێتەوە بۆ بوارەکانی تریش. لەم کۆڕی هەواڵەدا، تەواوی بیرۆکەیل تاقی دەکرێنەوە و دەچنە ئەودیو مەعریفەی پسپۆڕییەوە. بەشداران پرسیار لە چیرۆکەیل دەکەن چۆن بنووسرێن، تاوتوێی هەموو لایەنەکانی دەکەن. بڕیاری کۆتا لەلای نووسیارە، بەڵام بەشداران پێکڕا لە کۆبوونەوەکە بڕیار دەدەن کام هەواڵە ببێتە یەکەم هەواڵ و بچێتە لاپەڕە یەک، یان یەکەم جار بێتە خوێندنەوە. ئەو هەواڵانەی گفتوگۆیان لەسەر دەکرێ، هێشتا ئامادە نەکراون، بگرە لە پرۆسەی ئامادەکردندا دەبن و گرەنتی تەواوکردنیان نییە. تیڤییەکان تەختەیەکی سپییان هەیە و لەسەرووی پلانی ڕۆژانەیان دەنووسن، لەبەرئەوەی تەواوی بەرنامەی ڕۆژیان بەپێی ڕۆژەکە لە گۆڕاندایە.

بڕیاردان لەسەر ئەوەی چی گرینگە بۆ خەڵک و چیش هەیەو نییە، کۆبوونەوەی نووسیاران بەهەمان ئەو پرۆسەیەدا دەڕوا کە نووسیارانی بەش لەگەڵ ستافی خۆیاندا دەیکەین. وەک نووسیاری هەر بەشێک لەگەڵ ستافەکەی، کۆبوونەوە گفتوگۆی بەهای هەواڵ دەکا، بەڵام جیاوازی ئەوەیە کە هی کۆبوونەوەی نووسیاران زیاتر جەخت دەکاتە سەر تەواوی بڵاوکردنەوەکە نەک تەنێ یەک بەش. ڕەچاوی بەرتەلی خەڵک دەکەن بۆ ئەو هەواڵانەی پێکڕا دێنە وەشان. باسی ئەوە دەکەن

هەواڵنامەی کتێب

خەڵک لە چی بێزارە و چۆن چەشەی خوێندنەوە یان تەماشاکردنی بۆ بێتە گەڕاندنەوە. لە سەرووی ئەمانەشەوە، بڕیار دەدەن چی مایەی سەرنجڕاکێشە و بایەخە، ئەمەش تەنێ دەکەوێتە سەر بایەخ و بەها و ئەزموونی نووسیارانەوە. پاترسن و ویلکینس دەڵێن هەواڵ ڕەنگدانەوەی چەند بەهایەکی کولتووری و نۆرمێکی پرۆفێشناڵییە. پاترسن دەڵێ ئەو قسەیەی گوایە ڕۆژنامەنووسان بۆنی هەواڵ دەکەن لەوەوە هاتووە کە ڕۆژنامەنووس ڕاهێنان و ئەزموونی پرۆفێشناڵانەی خۆی بەکار دێنێ، بۆیە بۆنی هەواڵ دەکا.

وەک چۆن نووسیاری بەش ڕەچاوی هاوسەنگی و شوێنی هەواڵەیلی ئەرێنی و نەرێنی دەکا، کۆبوونەوەی نووسیارانیش ڕەچاوی هاوسەنگیی تەواوی وەشانەکە دەکا و ڕێک دەکەون لەسەر ئەوەی کە تێکڕای هەواڵەکان هاوسەنگییان تێدا بێ لە رووی هەواڵ نەرم و ڕەق و ڕژد و سووکەوە بۆ تێرکردنی چەشەی خەڵک. تێگەیشتنێکە هەیە گوایە خەڵک حەزی لە هەواڵی ناڕژدە هەتا ئەگەر هیچ زانیارییێکی بەسووودیشی تێدا نەبێ. بۆ نموونە، لە سەرەتای ٢٠٠٠، هەواڵی پۆلیسێکی ئینگلیز کە گونی دێتە گەستن لەلایەن ئاژەڵێکەوە دەبێتە بنێشتە خۆشەی ڕادیۆ و تیڤی و ڕۆژنامەکانی دنیا. ڕۆژنامەنووس گرینگی بەم هەواڵە دەدا لەبەرئەوەی تێگەیشتنێک هەیە گوایە ئەو کەسەی خۆشی لە هەواڵێکی وا ببینێ ئیتر بەردەوام سەیری میدیا دەکا. ئەمە گرینگە بۆ ڕۆژنامەنووسان، لەبەرئەوەی سەرکەوتنی کارەکەیان لە ڕادەی جەماوەری بەرهەمەکەیان دایە، سەرکەوتنی بازاڕی بەرهەمیش پێوەرێکە کاری ڕۆژنامەنووسانی پێ دێتە هەڵسەنگاندن لەلایەن بەڕێوەبەرانەوە.

کۆبوونەوەی نووسیاران هەموو دەم ڕاسپاردەی نییە لەسەر ئەوا هەواڵانەی دێنە وەشان، بەتایبەتی لە ڕۆژنامەدا، بەڵام بڕیار دەدا لەسەر گرینگی هەواڵەکان، ئەو هەواڵانەی کە فێری خەڵک دەکەن بیر لە چی بکەنەوە. لەوانەیە نووسیار پێشنیازی سەردێرێکیش بکا بۆ ئەوەی هزرێک بدا بەستاف لەسەر چۆنیەتیی هەواڵەکە. لە کۆتاییی کۆبوونەوەکەدا، نووسیارانی بەش دەچنەوە شوێنی خۆیان کار لەسەر ئەو سۆنگەیە دەکەن لە کۆبوونەوەکە بڕیاری لەسەر درا. هەر بەشە و ئەرکی جیاوازە، بەڵام ئێمە جەخت دەکەینە سەر نووسیاری هەواڵ.

نووسیاری هەواڵ لە کۆبوونەوەی نووسیاران بەلیستێک هەواڵی گرینگ دێتە دەرەوە و کاریان لەسەر دەکا. ئەم ڕۆژنامەنووسە خۆی یەک هەواڵ نانووسێ، بەڵام بەرپرسە لە تێگەیاندنی پەیامنێران کە چی بنووسن و چی پێویستە بۆ هەواڵەکە. نووسیاری هەواڵ پێش هەموو شتێ پەیامنێر بۆ هەر هەواڵێک یان زیاتر دیاری دەکا و ڕایان دەسپێرێ بەکارەکە. ئەم پرۆسە، لەوانەیە چەند خولەکێک ببا، کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە لەسەر نووسینی هەواڵەکە. ڕاستە نووسیارەکە باشترین پەیامنێر هەڵدەبژێرێ، بەڵام ئەم هەڵبژاردنەی خودیانەیە، لەبەرئەوەی ئەو دەزانێ کام پەیامنێر دەتوانێ کام دیمانە بەباشترین شێوە بکا و بیکات بەهەواڵ. کاتێ قسە لەگەڵ پەیامنێر دەکا، نووسیارەکە ئیختیاری هەیە و خودیانە زانیاری پێ دەدا. ئیتر بەم شێوەیە نووسیار وێنەی

هەواڵەکە دەکێشێ و هەواڵەکە نێزیکەی ئامادەیە پێش ئەوەی پەیامنێر دەستی پێ بکا. نووسیاری هەواڵ هەوڵ دەدا ئەو بەهایانە لە پێش هەموو شتێ دابنێ کە لە کۆبوونەوەی نووسیاران جەختیان لەسەر کراوەتەوە. ئەم بەشەی کارەکە ئەوە لە پیشەی ڕۆژنامەوانی ڕوون دەکاتەوە کە چەندان ڕێگە هەیە بۆ نووسینی هەواڵێک، ئەگەر ڕاستیش نەبن، وردن.

دوای قسەی نووسیارەکە لەگەڵ پەیامنێر، ئەوەی دواتر قسەکانی نووسیار وەک ڕێبەرێک بەکار دێنێ. ئەگەر بێو لەسەر گۆشەیەکی جیاواز لەوەی نووسیار کار بکا ئەوا دەبێ بەرگری لەو بڕیارەی دژی نووسیارەکە بکا. وێڕای ئەمەش، پەیامنێر دەسەڵاتی زۆری هەیە لەسەر ئەوەی چی لە پاشتر دێ. گرینگ نییە پەیامنێر چەندە بابەتی بێ، هەر کارێک هەر وشەیەک دەیکا و دەینووسێ دەکەوێتە سەر ناخی پەیامنێرەکە خۆی کە ڕۆژنامەنووسان دەرک بەو ڕاستییە ناکەن. کەرتی دووەمی ئەم کتێبە، کە بەبەشی چوارەم دەست پێ دەکا، بەوردی باسی بڕیارەیلی پڕۆفێشناڵ دەکا کە ڕێنوێنی پەیامنێر دەکەن لە کاردا. ئەم پرۆسە ڕێنیشاندەرێکە بۆ تەواوی پیشەی پەیامنێر– چۆن هەواڵ دەناسن، لێکۆڵینەوە و سەرەکی و لاوەکی، هەڵسەنگاندنی سەرچاوە و نووسین و پێداچوونەوە. ئەو ڕێگەیەی پەیامنێر چەندان پرسیاری بێ وەڵام دەداتەوە لە کاتی بەدواداچوونی هەواڵێک ڕەنگدانەوەی بەهاگەلی پڕۆفێشناڵی و بازرگانی و ئەخلاقیی خودی پەیامنێرەکەیە.

با بگەڕێینەوە ناو ژووری هەواڵ، ئەنجامەیلی پەیامێنر دەستی کەوتووە ڕێی تێ دەچێ تەواو بێنە گۆڕان. نووسیاری هەواڵ یەکەم کەسە بڕیار دەدا ئاخۆ هەواڵەکە بەکەڵکی وەشان دێ. ئەگەر بەکەڵک بێ، نووسیاری بۆی هەیە داوا لە پەیامنێر بکا بیگۆڕێت، دووبارە بینووسێتەوە یان دیمانەی زیاتری بۆ بکا. هەر کە نووسیاری هەواڵ قایل بوو، هەواڵەکە ڕەوانەی لای نووسیاری لاپەڕە دەکرێ. کاری نووسیاری لاپەڕە ئەوەیە هەواڵ بەپێی ئەولەویات لەو شوێنانە دابنێ کە دیزاین و دیاری کراوە بۆی. نووسیاری لاپەڕە بڕیاری داهێنەرانە دەدا لەبارەی ڕێکخستنی نووسینەکە لەسەر لاپەڕە، ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر قەبارە و زمانی سەردێرەکە کە لەگەڵ نووسینەکە دێتەوە. سەردێر لەلایەن نووسیارێکەوە دەنووسرێ کە ئیشی تەنێ ئەوەیە سەردێرێک بنووسێ باش و جوان و پڕ بەشوێنی دیاریکراو بێ. نووسیاری لاپەڕە بۆی هەیە لە نووسینەکە کەم بکاتەوە بۆ ئەوەی فیت بێ بەشوێنی دیاریکراو بێ ئەوەی پرس بە پەیامنێرەکە بکا. ئا لێرەدا گۆڕانی گەورە بەسەر ئەو هەواڵە دێ کە پەیامنێر نووسیتی. دوا کەس دەسکاری هەواڵەکە دەکا لەوانەیە نووسیاری بەرهەمهێنان بێ، کە کاری تەنێ بینینی هەواڵەکەیە پێش ئەوەی بێتە وەشان. ئەم نووسیارە بۆی هەیە هەواڵەکە کورتتر بکاتەوە ئەگەر پێویست بکا. ئەم نووسیارە هەواڵ دەدا گۆڕانکاری بکا بۆ سەرنجڕاکێشترکردنی هەواڵەکە بەڵام بەکاتێکی کەم.

لە سیناریۆی سەرەتای ئەم بەشە وردبەوە. لەلایەک، سیناریۆکە چیرۆکە هەواڵێکە تێدا ڕۆڵی ڕۆژنامەنووس تەنێ کۆکردنەوەی و تۆمارکردنی فاکتەیلە. بەرژەوەندیی گشتی لەم جۆرە ڕووداوانەدا لەوانەیە بەرز بێ لەسەر بچینەی بەهای دووری و نێزیکی، پێوەستبوون، ئەنجام و کات و تازەییی هەواڵەکە، بەڕادەیەک کە کوشتنی بەکۆمەڵ هێشتا کارێکی نائاساییە. لەلایەکی ترەوە، وەڵامدانەوەی پرسیارگەلی "کێ، چی، لەکوێ، کەی، بۆچی و چۆن؟" بێگومان ئەرکێکی ئاڵۆزە، لەبەرئەوەی لێکدانەوەی جۆرەوجۆری بۆ دەکرێ.

لە سیناریۆکەدا، یەکەم شت پێویستە لەسەر تۆ بیکەی ئەوەیە بزانی ئاخۆ سەرەداوەکە، زانیارییەکە ڕاستە. دەبێ بزانی ئاخۆ ڕووداوەکە بەڕاستی ڕووی داوە، ئەو زانیارییەی بەتۆ دراوە وردە و درۆی تێدا نییە، لەبەرئەوەی هەر کە بڵاوت کردەوە ئیتر چیرۆکەکە دەبێتە مایەی باوەڕپێکردن کە پێشتر تەنێ قسە یان دەنگۆ بووە. ئاساییە بیرت بۆ ئەوە بچێ، ئەگەر حاڵەتەکە ڕاست نەبێ، کە توندوتیژی لە کەشوهەوایەکی بازرگانیی ئەو ناوچەیەدا هەیە. دووەم شت کە دەبێ بیکەی ئەوەیە زانیاری یان فاکتێکت هەبێ پێت وابێ پێشتر دەیزانی. دەتوانی شتێک لەبەر بکەیت و بچیتە شوێنی ڕووداوەکە، لەوێ، ئینتیباعی ڕاست و دروستی تۆ دەبن بەفاکت بۆ تۆ. دەتوانی تەلەفۆنێک بکەی بۆ دووکانەکە و دەست بەپرسیار بکا، بزانە کەس وەڵام دەداتەوە. زەنگ لێ دە بۆ دووکانەکانی دراوسێی بزانە هیچیان بیستووە. بۆ ئەوەی ئەرکی سەر شانت بەرامبەر بەبەرژەوەندیی گشتی بەجێ بگەینی، دەبێ وەڵامی دروست بدەی بەخەڵک بۆ پرسیارگەلی "کێ، چی، لە کوێ و کەی؟" پێویستت بەوەیە لایەنێکی فەرمی دووپاتی هەواڵەکە بکاتەوە، لەم کەیسەدا، پێویستە قسە لەگەڵ پۆلیس بکەیت. پێش ئەوەی تەلەفۆنی بۆ بکەی، دەبێ بزانی هەیکەلی دیمانەکەت چۆن و بەچی دەست پێ دەکەی، ئەمە وێڕای زانینی خاڵە لاواز و بەهێزەکانی سەرچاوەیی مرۆیی بۆ وەرگرتنی زانیاری. بۆ نموونە، بەسەرێک، ئەفسەرێکی پۆلیس دەتوانێ ئەو فاکتانەت پێ بدا کە تۆمارکراون، ئەمەش سەرچاوەیەکی دەسەڵاتە. بەسەرەکەی تر، ئەفسەری پۆلیس تاکێکە ڕەنگە بۆچوونەکانی بەکەڵکی هیچ نەیەن. بۆیە ڕێی تێ دەچێ سەرچاوەی فەرمی لە بارودۆخێکدا ڕاستی بڵێ و لەوی تر هەڵە. باشە پەیامنێر چۆن دەزانێ ڕاستە یان هەڵە، لێرەدا تەنێ بەهۆی ڕەنگدانەوەی ڕەخنەییی خودی خۆی هەست بەشتەکان دەکا و دەتوانێ حوکم بدات.

پەیامنێر دەبێ بزانێ چ پرسیارێکی هەیە بۆ دیمانە بۆ وەرگرتنی فاکت. لە کۆی ئەو دەسەڵاتانەی ڕۆژنامەنووس هەیەتی، بڕیاریان لەبارەی چی بنووسن و چی نەنووسن لە کاتی پەیامنێریدا کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر ئەو پەیامانەی دەگا بە خەڵک. بۆ نموونە، ئاخۆ گرینگە لەم هەواڵە ئەو کەسانە بناسێنی کە کوژراون؟ سوودی ئەمە چییە؟ ئەگەر ناوی مردووان بڵاو بکەیتەوە، لەوانەیە بۆ بەکەسوکاری مردووەکە دەڵێی پێش ئەوەی پۆلیس پێیان بڵێ، ئەمەش

تووشی شۆکو خەمێکی گەورەیان دەکا. لە هەمان کاتدا، بڵاوکردنەوەی ناوی کوژراوان خەڵکانی تر دڵنیا دەکاتەوە کە خزم و خۆشەویستانیان بەر نەکەوتوون.

لە کاتی دیمانەکەدا، ڕەنگدانەوەی ناخی پەیامنێر بەسەر زانیاریی کۆکراوەدا دیارە، لەبەرئەوەی پەیامنێر دەزانێ چی وەرگرتووە و تا چەند ڕاست و هەڵەن. باشە ڕۆژنامەنووس چۆن جیاوازی دەکا لە نێوان ڕاو و ڕاستی؟ وەک بەشێک لەو پرۆسەیە، ڕۆژنامەنووس دەبێ قسە لەگەڵ سەرچاوەی تر بکا بۆ دووپاتکردنەوەی ئەو زانیارییانەی بەدەستی کەوتوون. کام لەو زانیارییانەی کۆتکردوونەتەوە ناتوانی دووپاتیان بکەیتەوە؟ بۆ نموونە، ئەو زانیارییە بڵاو دەکەیەوە گوایە هاتوهاوارێکی زۆر هەبوو لە کاتی ڕووداوەکە؟ ئەگەر زانیت ئەمە زۆر گرینگە، دەبێ حسێبی ڕاست و دروستیشی بکەیت. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆژنامەنووس دەبێ ڕەچاوی ئەم پرسیارە بکات "دەتوانم بەرگری لە نووسینەکەم بکەم لە دادگە؟" هەندێ فاکت بەئاسانی و لە ڕێگەی بەڵگەی جەستەیی دەسەلمێنرێن. ئاخۆ سەرچاوەی تر وەک میدیای تر، داتابەیسی ماڵپەڕ و کتێب لە سەرچاوەگەلی تر ڕاسترن؟ بۆچی؟ ئەم سیناریۆیە گرینگیی کاریگەریی ڕۆژنامەنووس دەردەخا، لەبەرئەوەی ڕۆژنامەوانی لە کاتی کارکردندا دەوەستێتە سەر ڕەنگدانەوەی ناخ و هزری ڕۆژنامەنووسەکە. هەر کە دیمانەکە تەواو بوو، پەیامنێر دووبارە دەبێ ڕەچاوی ئەم پرسیارە بکات "ئەو فاکتان چین پێوەندییان بەڕووداوەکە هەیە؟" ئەم بڕیارە دەدا لە ژێر ڕۆشناییی تێگەیشتنی پرۆفێشناڵانە لە ڕۆڵی ڕۆژنامەوانی: بەرژەوەندیی گشتی و بەرژەوەندیی و بایەخی خەڵک. پێ نووسین، ڕۆژنامەنووس دەبێ ڕەچاوی ئەوەش بکات "چ هەلومەرجێکی دەقەکە تموح و ویستەکانم سنووردار دەکا؟"

هەروەک بینیمان، شۆن بەڕوونی باسی ئەو ڕێگەی کرد کە پرۆفێشناڵەکان لە کاردا ڕەنگ دەدەنەوە و گفتوگۆ لەگەڵ خۆیاندا دەکەن. گفتوگۆی ڕۆژنامەنووس لەگەڵ ناوەوەی لەکاتی نووسیندا واتە ڕەنگدانەوەی ڕەخنەییی لە کاردا. لەو سیناریۆیەدا، پەیامنێر کۆنترۆڵی لەسەر ئەوەدا هەیە چۆن ڕووداوەکە هاتووەتە وەسفکردن. ئەوە دەزانێ چونکە ڕۆژنامەنووسە و پسپۆڕی زانیارییە و دەزانێ بەهاکانی هەواڵ چییە و کامە بەها پێش کامەیان دەکەوێ. بەشی چوارەم زیاتر لە بەهاکانی هەواڵ قووڵ دەبێتەوە. لە سیناریۆکەدا، یەکەم بەها برێتییە لە دوور و نێزیکی لەبەرئەوەی ڕووداوەکە لە ناوچەیەکی لۆکالدا رووی داوە و نێزیکە لە خەڵک. دووەم پێوەستبوونە، لەبەرئەوەی ڕووداوەکە پێوەندی ڕاستەوخۆی بەخەڵکەوە هەیە. ئەوانەی هەواڵەکە دەخوێننەوە ڕاستەوخۆ دەکەونە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکە لەبەرئەوەی لێیانەوە نێزیکە و پێوەندی پێیانەوە هەیە. ڕەنگدانەوەی ناخی ڕۆژنامەنووسەکە لەوەی کامە بەها لە پێش کامەیە کاریگەری هەیە لەسەر بڕیاردانی ئەوەی چی بنووسێ و چی نەنووسێ و چی پێش بخات. هەر ئەمەش لە پێشەکیی هەواڵەکە ڕەنگ دەداتەوە. لە سیناریۆکەدا، هەواڵەکە لەبارەی سروشتی هەڕەمەکی هێرشەکە دەبێ و ژمارەی کوژراوان و دیمەنی تاوانەکە.

لەو جـۆرە ڕووداوانەدا ڕۆژنامـەنـووس خێـرا بەدوای پرسـیـاری "بۆچی" دەکـەون و دەیانەوێ لە سـەرەتا ئـەوە وەڵام دەنەوە، لەبەرئەوەی خـوێنە کە هـەواڵەکـە دەبیسـتێ یەکسـەر دەپرسێ "بۆچی" ڕووی دا. کاتێ گۆشـەیەک هەڵدەبژێری و لەسـەری دەنووسـی، ئەمە واتە پشتگوێخستنی گۆشـەکانی تری ڕووداوەکە. هەڵبـژاردنی گۆشە ڕەنگدانەوەی ڕاسـتـەوخۆی ڕۆژنامەنووسە لەبارەی تێگەیشتنی لە جەماوەر و دەزانێ چییان دەوێ.

سـێیـەم قـۆناخی ڕەنگدانـەوەی ڕەخنەیی ڕوو دەدا کاتێ پەیامنێر بەهـەواڵەکەدا دەچێـتەوە پێش ئەوەی بینێرێ بۆ وەشـان. لە سیناریـۆکەدا، پەیامنێر هـەواڵە نووسراوەکە هـەڵدەسـەنگێنێ لە ڕووی کـۆمـەڵ، سنوور، زمـان، سـیـسـتـەم و ڕوونـی. ئەمـە دەوەسـتـێـتـە سـەر کـاریگەریی نـووسین لە بڵاوکردنەوەی زانیاری. لە خوارەوە پێشانی دەدەم چۆن هـەندێ بڕیار دەوەسـێتـە سەر تێبینیکردن و ڕەنگدانـەوەی خودی نووسـەر.

## ئەنجام

ڕەنگدانەوەی ڕەخنەیی وەک بەشـێک لە کـاری ڕۆژنامـەوانـی نابێ هـەرگـیـز لەگـەڵ تێـرامـان و تێگەیشـتنی ڕۆژنامەنووس تێکەڵ بکرێ کە لە بارێکە یان هیلاکە و لە کۆتاییی هـەفتەدایە. کارەکە لەبـارەی تێـوەگـلاّن نیـیــە لە تـاوان یان بـەرگـریکردن لە کـارێک. پابەنـبـوونێکی چالاک لە ڕۆژنامـەنـووسـاندا هـەیە بـۆ دەرخسـتنی پرۆسـەکان و دیاریکردنی بەهاکـان لە کاتی کـارکـردندا. لانگەر وەسـفـی چۆنیـەتیی شـارازەبـوون لە پرۆسـەکە وەسـف دەکات بەوەی نـەک هـەر پێـوەندی بە بڕیاری پرۆفێشنالانە هـەیە بگرە ڕەهـەندی کاریگەریی خودیش ڕۆڵێکی کاریگەری هـەیە.

کـەرتی دووەمی ئـەم کتێبـە، ڕۆژنـامـەوانی لە کاردا" باسـی ئەو پرۆسـانە دەکا ڕۆژنامـەنووسـان ڕۆژانە پێـیـدا تێـپـەڕ دەبن بۆ دۆزینەوە، هـەڵبـژاردن، کـۆکـردنەوە، هـەڵسـەنگاندن، نووسـینی و نووسیاریکردنی هـەواڵ. لە خوارەوە بەهەڵکاری ڕوونی دەکەمەوە چۆن بڕیار دەدرێ.

### خشتەی پرۆسەی بڕیاردان لە کاتی کاردا

سـەرەداوێکت دەس دەکـەوێ گوایە حـەفت کـەس هاتوونەتە کـوژران لە هێـرشـێکی هـەڕەمـەکی لە چێشـتـخـانەیەکی سـەرڕێی (فـاست فـوود) لە گـەڕەکی ئێـوە. نووسـیـارەکـەت دەیەوێ تۆ ئەم هـەواڵ خـێـرا ئامـادە بکەیت بـۆ بەلاڤـۆکی دواتر. چیت پێـویسـتـە بزانی پێش ئەوەی دەست بـەنووسـینی هـەواڵەکـە بکەیت؟ لە کوێ و چـۆن دەست بەکـۆکردنـەوەی زانیـاریـی پێویست دەکـەی؟ چۆن بڕیار دەدەیت چ لە هـەواڵەکە باس دەکەیت و چی باس ناکەیت؟

↓

ڕاستە؟

هـیچ شـتێ لەبارەوەی ئـەمـەوە دەزانی؟ چۆن دەیزانی؟ چۆن دووپاتی دەکـەیتـەوە؟ پێـویست بە چ

فاکتێکە بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە بەمتمانەوە؟ چۆن فاکتەیلت دەس دەکەوێ؟

↓

کێ دەتوانێ پێت بڵێ پێویستت بەچییە بزانی؟

دەتوانن فاکتی سەلمێنراوت پێ بدەن؟ لە سۆنگەیەکی فەرمیی دەسەڵاتەوە قسەت بۆ دەکەن؟ چ پرسیارێکیان لێ دەکەی؟ هیچ سەرچاوەیەکی دۆکیونێتەری هەیە؟ دەتوانی سەرچاوەی ئۆنلاین بەکار بێنی، ئەگەر هەبێ؟

↓

تەمای چ زانیارییەکت هەیە لە دیمانەکە وەری گری؟

فاکتەکان چۆنن بەپێی هەر دیمانییەک (دیمانی واتە ئەو کەسەی دیمانە دەکرێ، دیمانە واتە ڕۆژنامەنووسەکە-و.)؟ زانیارییەکە تایبەتە یان گشتییە؟ ئاخۆ زانیارییەکە دەسەلمێنرێ، چۆن؟ دیمانییەکان جێێ باوەڕن؟ بۆچی؟ ئاخۆ هیچ یەکێک لە دیمانییەکان دەیەوێ شت بشارێتەوە؟

↓

فاکتەکان چین؟

هیچ زانیارییەکی کۆکراوە هەیە نەسەلمێنرێ؟ ئاخۆ زۆر گرینگە بۆ هەواڵەکە و ناتوانی پشتگوێی بخەی؟ بۆچی بەجێی بێڵی؟ قایلی سەرچاوەکان و جێی باوەڕن؟ ئاخۆ هەندێ سەرچاوە لەوانی تر باوەڕدارترن؟ بۆچی؟ دەتوانی بەرگری لە خۆت بکەی لە دادگە لەسەر هەواڵەکەت؟

↓

هەواڵەکەت چۆن دادەڕێژی؟

گرینگترین بەشی هەواڵەکەت چییە؟ کامە بەهای هەواڵ دەخەیتە پێش ئەوانی تر؟ جەماوەر چەند کاریگەریی لەسەر ئەمە دەبێ؟ لید (پەرەگرافی) یەکەمت چی دەبێ؟ ئەو گۆشانە چین پشتگوێیان دەخەی؟ ئاخۆ کۆت یان لێدوانێک هەیە کە بابەتی سەرەکی هەواڵەکە پشتڕاست بکاتەوە؟ ئاخۆ هەواڵەکە بەپێی ئەم لێدوانە دێتە داڕشتن؟ ئاخۆ هەواڵەکەت یاساییە بڵاوی بکەیتەوە؟ دەتوانی بەرگری لە هەموو ئەو شتانە بکەیت نووسیوتن؟ چ شتێکت پێشتر لەبارەی ئەمەوە زانی بوو؟ هیچ پرسیارێک ماوەتەوە بێ وەڵام؟ بۆچی؟

↓

چیرۆکەکە بێلایەن و وردە؟

ئەوەی نووسیوتە پشتڕاستت کردووەتەوە بەلێکداوێنی فەرمیی دەسەڵات؟

هەواڵەکە زیان بەکەس دەگەیەنێ؟

زیانەکە پاساوی هەیە؟

هەواڵەکە لە بەرژەوەندیی گشتییدایە؟ بۆچی؟

بەڵێ ↓ | نەخێر: چی ترت پێویستە بزانی پێش بڵاوکردنەوەی ↓

ڕازی بەهەموو لایەنەکانی ئەو هەواڵەی نووسیوتە؟ بۆچی؟

چی شتێک هەیە بتوانی باشتری بینووسی؟

ئەگەر هەواڵێکی لەم جۆرەت کرد لە داهاتوو، جیاوازی دەنووسی لەمەی ئێستە، جیاوازییەکە چییە؟

ئەم هەواڵە هەواڵی تر بەدوای خۆیدا دێنێت؟

لە کوێ و چۆن دەست دەکەی بەبەدواداچوونی ئەم بیرۆکەیە؟

## کەرتی دووەم

## **ڕۆژنامەوانی لە کاتی کاردا**

### بەشی چوارەم

### **دۆزینەوەی هەواڵ**

تۆ لە وێستگە چاوەڕێی شەمەندەفەر دەکەی و گوێت لە دوو کەس دەبێ باسی ئاژاوەیەک دەکەن کە دوێنێ شەو لە پارکێکی لۆکال ڕووی داوە. ناوەڕۆکی گفتوگۆکەیان ئەوەیە کۆمەڵە گەنجێک شەوانە دەچنە ئەو پارکە و دەخۆنەوە و خەڵک بێزار دەکەن. هەردووکیان پێیان وایە خەڵک ناوێرن شەوانە بچنە ئەو پارکە و پۆلیسیش تا ئێستە پێ ناچێ هیچی کردبێ. ئاخۆ ئەمە هەواڵە؟

بۆ زۆربەی ڕۆژنامەنووسەیلی ئەزمووندار، دۆزینەوەی هەواڵ قورسترین کارە. دوودڵییان لەبارەی ئەوەی لە کوێ دەست پێ بکەن چارەسەر ناکرێ بەو زمانەی ڕۆژنامەنووسان وەسفی "هەواڵ"ی پێ دەکەن. ئەوان باس لە "لووت" بۆ هەواڵ و "دیتن"ی چیرۆک دەکەن. واتە بۆنی هەواڵ بکەیت و دواتر بینووسی. کاتێ خۆشحاڵن بەئەنجامی بۆنکردن و نووسینی هەواڵ، ئەوا پێی دەڵێن هەواڵ. پێشەکی هەواڵ دەبێ سەرنجراکێش بێ نەک خێرا بنووسرێ، بەڵام هەواڵی باش هەردەم "پێ"ی هەیە و هەندێ جاریش "تۆپ". هەندێ ڕۆژنامەنووس، لەژێر پاڵەپەستۆدا، پێناسەیەکی

ستانداردی هەواڵ دەکەن، بەڵام هەموویان دەڵێن تا هەواڵەکە نەبینن بەنووسراوی نازانن هەواڵەکە باشە یان خراپ. ئەم بەشە دەکۆڵێتەوە لە سروشتی هەواڵ و ئەو فاکتەرانی کار دەکەنە سەر حومکدان لەسەر هەواڵ، بەتایبەتی ڕۆڵی جەماوەری نیشانکراو. ئەم بەشە باسی میتۆدی ناساندنی هەواڵ دەکات، باسی تەواوی پرۆسەکە دەکا لە ڕێگەی ئەو سیناریۆیەی لە سەرەوە باس کراوە.

## پێناسەی هەواڵ

وشەی (هەواڵ) بۆ وەسفکردنی ئەو شتانەی ئەو ڕۆژنامەنووس دەینووسێ بەلایەنی کەم ماوەی ٥٠٠ ساڵ دێتە بەکارهێنان، تەواوێک پێش ئەوەی ڕۆژنامەیل بێنە گۆڕێ. هەواڵ، گرینگ و فشە، دەکرێ بێنە بەکارهێنان بۆ بەستنەوەی خەڵک بەیەکتری لە کۆمەڵگەیەک و بیانخاتە گۆ لەگەڵ یەکتر. هەواڵ زانیاری بەخەڵک دەدا کە پێویستیان پێیە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو شتانەی لە دنیا و دەوروبەریاندا ڕوو دەدەن. خەڵک هەواڵ بەکار دێنێ بۆ بڕیاردان تا بتوانن وەک هاووڵاتییەکی هۆشیار و ئاگەدار کار بکەن. هەروەها هەواڵ یارمەتییان دەدا لە ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەیان بەهۆی ئاگەدارکردنەوەیان لە کەشوهەوای پێشبینیکراو، کێشەیلی هاتوچۆ، گەشتێکی گەورە یان کارێکی جەماوەری.

پێناسەکردنی هەواڵ کێشەی هەیە، لەبەرئەوەی پێناسەکە ڕەچاوی چوار پرسیار دەکا:

١- هەواڵ بۆ چ مەرامێک دادەنرێ؟

٢- ئەرکەیلی ناوەندێکی تایبەتی هەواڵ چییە؟

٣- سیفەتەکانی هەواڵ چین؟

٤- چ لە ڕووداوێک یان ڕایەک دەکا شایەنی هەواڵ بێ؟

یاسایەک نییە بڵێ ئەوەیە هەواڵ، لەبەرئەوەی گوتنی ئەمە زۆر شت دەگرێتەوە. ئەوەی خەڵک باسی لێوە دەکەن ڕێی تێ دەچێ لەبەر هەر شتێکەوە بێ، لەوانەیە ئەو شتانە تا ڕادەیەک نائاسایی بن. تەنانەت هەواڵی کەشوهەوا گرینگە ئەگەر بێو سەتاسەت ڕاست بێ. سایکلۆن، گرمەگرمی گەورە، گەرمای بەردەوام، تەڕێتی، وشکی، تەم و هەورەتریشقە هەردەم دەبن بەهەواڵ لەو شوێنەی کە ڕوو دەدەن، لەبەرئەوەی ئاسایی نین. گوتنی ڕووداوی نائاسایی بەشێکی گەورەی کاری ڕۆژنامەنووسانە لە تەک گوتنی هەواڵی پێشبینکراو.

"هەواڵی پێشبینکراو" زاراوەیەک بەکار دێ بۆ وەسفکردنی ڕووداوی ڕۆژانە دێنە داپۆشین لەلایەن ڕۆژنامەنووسان. نووسیارەیلی هەواڵ لە ڕێگەی میدیا ڕلیس، داوەتنامە و فۆرمی تر لەو جۆرە ڕووداوانە ئاگەدار دەکرێنەوە. "هەواڵی پێشبینینەکراو" واتە هەواڵێک دێتە بەرهەم لە ئەنجامی پێوەندیکردن بە داوودەزگای سەپاندنی یاسا. ئەو هەواڵانەش دەگرێتەوە کە

ڕۆژنامەنووسان بەپێی سەرنجی خۆیان دەیزانن، یان سەرە داوێک لە یەکێک یان پێوەندییەکان. ڕۆژنامەنووسی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە پێوەندییەکی فراوانی هەبێ- خەڵک بناسێ کە هەواڵ، هزریان پێ دەدا یان ئامادەن بۆ دیمانە. ڕۆژنامەنووس پێوەندی دروست دەکات بەهۆی ڕەفتاری باش لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی پێوەندییان پێوە دەکەن، وردەکاریی پێوەندی هەموو کەسێکی بەسوود تۆمار دەکەن.

"هەواڵیباش" ئەو هەواڵەیە کە بەلای زۆربەی خەڵکەوە بایەخدار بێ. هەموو ڕۆژنامەنووسان، لە هەرکوێ کار بکەن و هەرچی بنووسن، دەنووسن بۆ خەڵکێک. بوونی ڕۆژنامەنووس بۆ خەڵکانێکە ئەو پەیامە بەکار دەبەن کە ڕۆژنامەنووس دەینێرێ. بەم پێیە، هەموو ڕۆژنامەوانی واتە هەواڵ، جا بەهەر شێوازێک بێ، لە ڕۆژنامە یان لە ئۆنلاین بێ. هەردوو ناوەند ئامانجیان هاژۆتنی جەماوەرە بەلایەک. ریپۆرتاژنووسانی کۆواریش هەواڵ دەدەن بەخوێنەر. دۆزینەوەی هەواڵ، ئەگەر هەواڵ هەرچییێک بێ سەرنجی هەواڵگران ڕابکێشێ، ئەرکێکی ئاڵۆز و خودییە. تەماشای ڕۆژنامەوانی وەشانکراو بکە، ڕوونە کە ڕۆژنامەوانی دێتە بەکارهێنان بۆ وەشانی هەواڵی خراپ و بەدەرخستنی تاوان. هەروەها بەکار دێ بۆ بەرزکردنەوەی کەسانێک کە هیچ سوودێکیان بۆ کۆمەڵگە نییە.

## بەهاکانی هەواڵ

بۆ بڕیاری ئەوەی خەڵک بایەخ بەچی دەدا، پێویستە زاراوەیەکی تری ڕۆژنامەوانی بێتە ڕەچاوکردن: بەهاکانی هەواڵ. بەهاکانی هەواڵ بەناوکی پێوەندیی نێوان میدیا و خەڵک دێتە وەسفکردن. بۆ نموونە، خەڵک لە دنیا بەگشتی زیاتر بایەخ بەو شتانە دەدەن لە میدیا کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەیە لەسەریان. بۆیە مردنی پێنج کەس لە گەڕەکێک زیاتر شایستەی هەواڵە بۆ خەڵکی گەڕەکەکە لەچاو مردنی پێنج سەت کەس لە وڵاتێکی بیانی دوور. بەهای بەهێز بەندە بەو زانیارییەی دەتوانێ ڕاستەوخۆ کار بکاتە سەر خەڵک، هەروەها زانیاریی لەبارەی شتگەل کە ڕەنگە زیانیان پێ بگەیەنێت. بنەوا بنچینەیییەکانی هەواڵ ئەمانەن:

١- کاریگەری

٢- کات

٣- دوور و نێزیکی

٤- ململانە

٥- تازەیی

٦- نوێ

٧- پێوەست

١- کاریگەری

کاریگەیی هەواڵ واتە تا چەند هەواڵەکە پێوەندی بەژیانی خەڵک هەیە و کاریان لێ دەکا. ئەم جۆرە هەواڵانە لەوانەیە پێوەندییان هەبێ بەژیانی ڕۆژانە وەک هەواڵی کەشوهەوای ئەمڕۆ کە ڕەنگە چەند ماڵێک تێک بدا لە ناوچەیەکی دیاریکراودا. ڕەنگە بەرزبوونەوەی نرخی بازاڕ بێ کە کار دەکاتە سەر خەڵک، ڕەنگە هەواڵێک بێ لەسەر ڕووداوێکی وەرزشی گەورە، یان هەواڵی ئەوەی یاسایەک بێتە گۆڕان.

٢- کات

کات وەک بەهایەک بۆ هەواڵ واتە ئەو زانیارییەی کە یارمەتی ڕێکخستنی ژیانی خەڵک دەدا. بۆ نموونە، هەواڵ مانگرتنی شۆفێرانی پاس. خەڵک پێویستە ئەمە بزانێ پێش ئەوەی لە ماڵ بێتە دەر بۆ کار. هەواڵی پێشبینیکردنی بارینی تەرزەیەکی توند بۆ شەوی پێنجشەم، یان هەواڵی باجێک کە چوار هەفتەی تر دەچێتە واری جێبەجێکردنەوە.

٣- دوور و نێزیکی

بەهای دوور و نێزیکی واتە تا چەند هەواڵێک نێزیکە لە ماڵ. بۆیە هەواڵی مردنی چوار کەس لە ڕووداوێکی ئۆتۆمۆبێل لە گەڕەکەکەی ئێوە و نێزیکی ماڵی ئێوە زۆر گرینگترە لە مردنی چوار هەزار کەس لە سۆماڵیا. بۆ نموونە، لە ١٩٩١ لە کاتی شەڕی کەنداودا ٩٦ شەڕی تر لە دنیادا هەبوو. هەموو ئەو شەڕانە لە یەک کاتدا بوون، بەڵام تەنێ یەک شەڕ چووە ناو داپۆشینی ناودەوڵەتییەوە.

٤- ململانە

ئەم بەهایە زۆربەی خەڵک بەمیدیا دەسەتێتەوە، بۆیە زۆرجار بە گرینگترین بەهای هەواڵ دادەنرێ لە میدیای ئەمڕۆ. دەبێ زیاتر لە یەک لایەنی ململانەکە هەبێ لە هەواڵەکەدا. چەندە جیاوازیی بیروڕاکان بەهێز بێ ئەوەندە ململانەکە گەورەترە. ململانە لە هەواڵ کار دەکاتە سەر هەستی خەڵک، لەبەرئەوەی نیگەرانییان دەکا یان خەڵک هەست بەتاوان دەکا. زۆرجار ئەم بەهایە ڕۆژنامەوانی دەباتە قالبی ڕۆژنامەوانیی هەستیارەوە چونکە هەموو هەواڵێک دەبەستێتەوە بە سۆز و هەست.

٥- تازەیی

ئەم بەهایەی هەواڵ واتە تا چ ڕادەیەک پرسەکە یان هەواڵەکە گەرمە. پرسگەلی ژینگەیی ئێستە هەردەم هەواڵی تازە و گەرمن کە قەت پێشتر وا نەبووە. بزووتنەوەی ئافرەتان تازە و گەرم بوو لە

حەفتاکان، بەڵام لە نەوەتەکان ئەو تازەیی و گەرمییە نەما. دەکرێ ڕووداوێک لەسەر بابەتێک هەواڵی تازە و گەرمی لێ بێتە بەرهەم. بۆ نموونە، سیاسەتوانێک قسەیەک دەکا لە پەرلەمانی بۆنی ڕەگەزپەرستی لێ دێ، ئەمە، دەتوانێ تازەیی و گەرمی بدا بەو پرسانەی پێوەندییان بەڕەگەزەوە هەیە.

٦- نوێ

نوێی هەواڵ بەهایەکی بەرزی هەواڵە. پەندێک هەیە لەبارەی ڕۆژنامەوانی، دەڵێ (سەگێک پیاو بگەزێ هەواڵ نییە، پیاوێک سەگ بگەزێ هەواڵە.) بێگومان ئەگەر بێو سەگەکە هار بێ چەندان پیاو لە ناوەڕاستی شەقامێکدا بگەزێ، ئەمە هەواڵە. شتی نائاسایی هەردەم دەبن بەهەواڵ. بۆ نموونە، ئەگەر سیاسەتوانێک لەسەر یەک پەتی حزبێک یاری بکا ئاساییە، بەڵام هەواڵ لێرەیە ئەگەر بێو سیاسەتوانەکە پەت پەتێن بکە لەم حزب بۆ ئەو.

٧- پێوەست

پێوەستبوون ئاڵۆزترین و خودیترین بەهای هەواڵە. هەندێ جار، تەنانەت کاتێ هەواڵێک هەموو لایەنێکی هەواڵی تێدایە، بڵاو ناکرێتەوە. ئەم دیاردەیە خەڵکی لە دەرەوەی پیشەسازیی هەواڵ دێنێتە تاسان. بۆ نموونە، بۆچی درامایەک هاتە وەشان و گرینگی پێ بدرا، بەڵام درامای دوای ئەو پشتگوێ خرا؟ بۆچی ئاهەنگی زەواجی کەسایەتییەکی تیڤی دەچێتە لاپەڕەی یەکەم و ئاهەنگی یەکێکی تر باس ناکرێ؟

ئەو ناوەندەی ڕۆژنامەنووسەکە بەکاری دێنێ بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ کار دەکاتە سەر ئەم بەهایەی هەواڵ. هەندێ ڕووداو، وەک پێشاندانی تەقەتەنوور، بۆ تی ڤی هەواڵێکی زۆر گرینگە، چونکە تەنێ تیڤی دەتوانێ بەجوانترین شێوە لایەنە جوانەکانی تەقەتەنوورەکە پێشان بدا. هەرشتێک وێنەیی بێ ئەوا بۆ تیڤی باشە. ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە بۆچی تی ڤی هەواڵی ڕووخانی درێژترین ئاگردان لە دنیا بڵاو دەکاتەوە. وێنەی ڕەنگاوڕەنگیش هەیە، بەڵام دەنگی لەگەڵدا نییە و تەقەتەنوورەکە جوان پەخش ناکرێ. باشترین هەواڵ بۆ ڕادیۆ ئەوانەن کە تەواو نابن و بەردەوام لە گۆڕاندان. لە کاتی ململانەی تەیموری ڕۆژهەڵات لە ١٩٩٩، گەلێ بیانی لە ناو کونسلخانەکانیان ئاسێ بووبوون بێ ئەوەی هیچ پێوەندییەکیان بە دنیاوە هەبێ. ڕۆژنامەنووسانی ڕادیۆ، کە تەلەفۆنیان دەکرد، توانیان واقیعەکە تۆمار بکەن، یان زانیاریی زیندوو بوەشێنن، لە کاتێکدا ڕۆژنامەنووسان نەیاندەتوانی بچنە ناو شوێنەکە یان لێوەی دەربێن.

بەهای پێوەستی بەهێزەترە بۆ چاپەمەنی نەک پەخش کاتێ دێتە سەر بڵاوکردنەوەی زانیاریی ئاڵۆز. میدیای نووسراو دەتوانێ بەقووڵی زانیاری بڵاو بکاتەوە لەگەڵ نەخشە و هێڵکاری بەشێوەیەک کە خوێنەر بتوانن هەمووی هەرس بکەن.

بڕیاردان لەسەر بەهاکانی هەواڵ پێویستی بەرۆژنامەنووسی پرۆفێشناڵە. بڕیاری ئەوانیش دەوەستێتە سەر چەند هەواڵیان لە بەردەستە، چەندیان ئەرێنین و چەندیان نەرێنی، هەروەها دەبێ لە جەماوەریش بگەن. بۆ هەموو ئەوانەی تازە دەچنە ناو ڕۆژنامەوانییەوە، هەموو شتێکە هەواڵ ئەگەر نووسیار گوتی هەوە. ڕۆژنامەنووسان گوێیان لە زۆر بیر و بۆچوون دەبێ، بەڵام دەبێ تۆ دەبێ بگەیت بە بەرەنجامەکانی خۆت.

## مانای هەواڵ

مانای هەواڵ بەهای هەواڵ دیار دەکات لەو فاکتانەی ڕەنگە خۆیان گرینگ نەبن، هەروەها ئەو بەشانەی هەواڵی پێ دێتە هەڵبژاردن کە مایەی بایەخە لای خەڵک. مانای هەواڵ ڕێگە دەدۆزێتەوە بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ ناو هەواڵەکە. پردێک دروست دەکا لە نێوان فاکت و ڕووداوەکە و هەتا پێشبینی کاردانەوەی خەڵکیش دەکا. ئاسانە مانای هەواڵ بدۆزیتەوە ئەگەر بێو پرسیارگەلی دروست بکەیت. پێش ئەوەی بتوانی ئەمە بکەی، دەبێ هەڵوێست یان بۆچوونی خۆت دیار بکەیت. هۆڵ دەڵێ قەت ڕۆژنامەنووس یەک مانا پێشکێش ناکا بگرە فرە مانا، کە لە ناویاندا یەکێکیان (گونجاوترینیان) لە هەموو ئەوانی تر زیاتر زەق دەکرێتەوە.

لەم سیناریۆیەدا، ڕۆژنامەنووسان و نووسیارانیان ڕۆڵێکی گرینگیان هەیە لەوەی کامیان پێشتر باس دەکەن: مانگرتنێک بۆ بەرگریکردن لە مافەیلی کرێکار یان گرووپێکی کەمینە کە داوا لە گشت دەکا ڕێزیان بگرن. بەپێی هەڵوێست و سەرنجی ڕۆژنامەوانەکە خۆی بۆ فاکتەکان ڕاستییەکە دێتە پێشکێشکردن. پارسن و ویلکینس دەگەنە ئەو ئەنجامەی کە هەواڵ ڕەنگدانەوەی چەند بەهایەکی کولتووری و نۆرمێکی پرۆفێشنالانەیە. ئەوان دەڵێن پێناسەی "بۆنکردنی هەواڵ" بۆ ڕۆژنامەوانەیل سەرچاوەی گرتووە لە ئەزموون و ڕاهێنانیان. گورڤیچ دەڵێ پابەندبوون بە پێناسەی پرۆفێشناڵی بەهاگەلی هەواڵ هێزێکی بەهێزە بۆ سازان، واتە، بۆ گەیشتن بە وەڵامێکی گشتی، یان گەیشتن بەپرسیارێک ئەویش ئەوەیە: ئەمڕۆ گرینگترین هەواڵ چییە؟

## دۆزینەوەی هەواڵ لە کاردا

سیناریۆیۆکەی سەرەتا ئەم بەشە ئەزموونێکی گشتییە بۆ ڕۆژنامەوانان. بەپێی پێگەیشتنیان، ڕۆژنامەوانەیل ڕادێن بەهەڵسەنگاندن و دیتنەوەی بەهاگەلی هەواڵ. ڕۆژنامەوان چەندان بیرۆکەی تری باشی بەهزردا دێ کاتێ سەرگەرمی ئامادەکردنی هەواڵێکە. ڕەنگە سەرنجی شتێک بدا لە ڕێگەی چوونی بۆ کار، سواڵفەیەک لە ئاهەنگ، یان لە ئەنجامی خوێندنەوەی میدیاکانی تر کە ڕەنگە دەیان بیرۆکی لا دروست بکەن. لە کەیسی گردبوونەوەی خەڵک لە پارکەکە، دەبێ تۆ بڕیار بدەی ئاخۆ بیرۆکەکە لێکۆڵینەوە دەهێنێ یان نا. ئەمە پرۆسەی بڕیاردانی ناو ناخی ڕۆژنامەوانە، واتە گفتوگۆکردن لەگەڵ خودی خۆیاندا. گرینگترین پرسیار وەڵام بدرێتەوە ئەوەیە "ئاخۆ پێویستە

خەڵک ئەمە بزانێ؟" بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، دەبێ وەڵامی چەندانی تر پێوەست بدەیتەوە. لەم کەیسەدا، دەبێ لایەنەکانی هەواڵەکە بناسێنی و بزانی دەیانەوێ ئەو چیرۆکە بێتە گۆتن. لەم کەیسەدا، ئەوانەی زۆر کاریگەر دەبن بەم ڕووداوە ئەوانەن لە نێزیکی پارکەکە دەژین، ئەوانەی دەچنە ئەوێ، خەڵکی گشتی، کە ڕەنگ لەبەر ئەو کۆبوونەوەیە ئیتر نەچنەوە پارکەکە.

دوای ئەوە، دەبێ بەهاکانی هەواڵ بزانی یان ئەو فاکتەرانەی هەواڵەکە گرینگ و خۆش دەکەن بۆ خەڵک بەهۆی ئەم پرسیارە: ئەو بەهایانەی هەواڵ کامانەن پێوەندییان بەئەنجامی ئەم ڕووداوە هەیە؟ لەم کەیسەدا، یەکەم بەها ڕەنگە بەهای دوور و نێزیکی بێ، لەبەرئەوەی خەڵک بایەخ بەو شتانە دەدا کە ڕاستەوخۆ کار دەکەنە سەر ژیانیان. بەهای دووەم پێوەستبوون چونکە دێباب دەبێ بزانن ئاخۆ منداڵەکانیان لە مەترسیدان. بەهای کات چونکە ئەگەر کۆبوونەوەکە ترسناکە دەبێ خەڵک زوو بیزانن. یان بەهای بەرژەوەندیی گشتی، لەبەرئەوەی خەڵک مافیان هەیە بزانن ئەگەر شتێک لە ئارادا بێ. ئاخۆ بەهای تر هەیە بێتە ڕەچاوکردن؟

لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارگەلە، ڕۆژنامەوان لە کۆتاییدا بڕیار دەدا ئاخۆ هەواڵەکە لە بەرژەوەندیی گشتییە. بەرژەوەندیی گشتی مانای ئەوە نییە خەڵک حەزی لە چییە. بەرژەوەندیی گشتی یان چاکەی گشتی ئەوەیە شتێک بێتە گۆتن خەڵک پێویستە بیزانن، یان مافی زانینیان هەیە. بەشێکە لە بڕیاری ئەوەی هەواڵەکە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی دەکا یان نا، دەبێ بڕیار بدەی گۆتنی هەواڵەکە زیان بەکەس دەگەیەنێ، ئاخۆ پاساو هەیە بۆ زیانگەیاندنەکە. پێش ئەوەی بەردەوام بی دەبێ بڕیار بدەی ئاخۆ دەکرێ ئەو زانیارییە بەکار بێنی کە بیستووتە. یەکەم، ڕاوێژی بەویژدانت بکە. هەست بەچی دەکەی لە بەرامبەر ئەو شتەی تۆ دەتەوێ بیڵێی؟ ئەوانەی قسەیان دەکرد و تۆ گوێت لێیان بوو بهێنرێنە ناسین؟ زیانی پێ دەگا ئەگەر بێو زانیارییەکان بوەشێنی؟ ئەگەر لە شوێنی ئەوان بای هەستە بەچی دەکرد؟

دووەم، لە خۆت بپرسە: ڕێگەیەکی تر هەیە بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکەم و ئەو زانیارییە بەکار نەهێنم؟ لەم کەیسەدا، زانیاریەکە تەنێ بیرۆکەیەکە یان سەرە داوێکە. دەتوانی ئەو هەواڵە بوەشێنی بێ قسەکانی ئەوان؟ ئاخۆ هەموو ململانەیەک شایەنی هەواڵە؟ بۆچی؟ دەکرێ خۆت بەقسەکەران بناسێنی لە وێستگەکە و پێیان بڵێی گوێت لە گفتوگۆیان بووە؟ دەکرێ ئیزنیان لێ وەگری و بەدوای ڕووداوەکەدا بچی؟ چی دەکەی ئەگەر گوتیان نەخێر؟ ئەگەر بەدوایدا نەچی، ئەوساکە، تۆ ئەرکی خۆتت بەرامبەر بەخەڵک و بەڕێوەبەرەکەت بەجێ گەیاندووە؟

لە کۆتاییدا، لەناو مێشکی خۆتا گفتوگۆ لەگەڵ هەموو ئەوانە بکە لە ڕووداوەکە گلاون. بپرسە: چۆن بڕیارەکەم کار دەکاتە سەر ئەوانی تر؟ لەوانەیە بەڕێوەبەرەکەت بڵێ "ئەگەر کێشە لە شوێنێکی گشتی هەبێ خەڵک مافیان بیزانن." خەڵکی ئەو گەڕەکە سوود دەبینن ئەگەر ئەو ئاژاوەیە یان گردبوونەوەکە بێتە وەستاندن. ڕەنگە ڕەچاوی ئەوەش بکەی ئەوانەی لە کۆبوونەوەکە گلاون هەموو قسەیان لە دژیان ڕەت بکەنەوە، ئەگەر بێو قسەکەران هەڵە بن، ئەوا ئەوانەی پارکەکە

دەبێ ئازاد بکرێن.

پێش ئەوەی بڕیار بدەی ئاخۆ هەواڵەکە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی دەکا، پێویستە تەماشای کۆبوونەوەی پارکەکە بکەی لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە. هەندێ کۆمەڵگە بەهیچ شێوەیەک چالاکییەکی وەها لە شوێنێکی گشتی قبووڵ ناکەن، هەندێکی تر لەوە دەبورن. بەپێی یاسا و بۆچوون و سنگەی کۆمەڵایەتی، دەرەنجامەیلت لەبارەی بەرژەوەندیی گشتی ڕەنگە ئەو بیرۆکەیە لەخۆ بگرێ: هاووڵاتی مافی یاسایی و دیموکراتییان هەیە بۆ پرایڤەسی (تایبەتمەندێتی) و نابێ شەوان بێنە بێزارکردن. ڕەنگە بگەیتە ئەو ئەنجامەی کە یاسا هەیە لە دژی دەنگەدەنگی بێزارکەر و ئەگەریش چالاکیی نایاسایی بێتە ئەنجامدان، دەبێ بێنە وەستاندن. ڕەنگە بشگەیتە ئەو قەناعەتەی کە چالاکییەکی وەها نێتە باسکردن ڕەنگە زیان بەیەکێکەوە بگەیەنێ، هەروەها پارک شوێنێکی گشتییە و هاووڵاتییان دەبێ تێیدا هەست بەسەلامەتی بکەن. ڕەنگە بڕیار بدەی ئەمە هەواڵێکی لۆکالە و کار دەکاتە سەر خەڵکی ناوچەکە، هەروەها ئەگەر بێو خەڵک زووتر باسیان لەو دەنگۆیانە کردبێ، ئەوا بەلێکۆڵینەوە ڕەنگە خەڵک بێنە دڵنیاکردنەوە کەوا دەنگۆکان ڕاستن یان هەڵە.

## بەدواداچوونی هەواڵ

بەپێی ئەو بەرەنجامانەی پێیان گەیشتی دوای گفتوگۆ لە سەرەوە، ڕەنگە بڕیار بدەی کە هەواڵ شایەنی ئەوەیە بەدوایدا بچی. ئەم بڕیارە زنجیرەیەک پرسیاری نوێ دروست دەکا کە دەبێ وەڵام بدرێنەوە و ئا لێرەدا پەیامنێر پیادەی دەسەڵاتی میدیایی خۆی دەکا بۆ پێناسەکردنی "دنیایەکی مسۆگەر." هەر ڕۆژنامەوانێک بەرپرسیارەتیی زانینی شتێکی هەیە، دەبێ بڕیار بدا دەبێ پرسیارگەلێک بێنە کردن، وەرگرتنی وەڵامەیل و هەڵیان بژێرێ و پێکیانەوە بنێ بۆ داڕشتنی هەواڵێکی ڕاستەقینە لەبارەی خەڵکی ڕاستەقینە. پەیامنێر دەسەڵاتێکی زۆری هەیە، لەبەرئەوەی هەر ئەوە مانا بۆ زانیارییەکان دروست دەکا، ڕۆژنامەوانە بەخەڵکی دەڵێ بیر لە چی بکەنەوە. بۆیە پەیامنێران دەبێ بزانن لە چی تێ دەگەن و (بۆچی)یش پێش ناساندنی پرسیارگەل و ئارستەکردنیان.

پێش هەموو شتێ تۆ دەبێ بپرسی "پێشتر چی دەزانم؟" سێ جۆرە زانین هەیە: چی دەزانی، چی نازانی و بۆ نازانی کە نازانی. بۆ پەیامنێران، ئەمە واتە ئەو فاکتەیلی تۆ دەتوانی بەهێزیان بکەیت، واتە ئەو پرسیارانەی تۆ دەتەوێ وەڵام بدرێنەوە، واتە ئەو فاکتەرانەی تر دەبێ ڕەچاویان بکەی. بۆ یەکلاکردنەوەی ئەوەی زانراوە، دەبێ بزانی چۆن ئەو شتە زانراوە. یەکەم هەنگاو ئەوەیە دەبێ بزانی ئاخۆ هیچ یەکێک لەو فاکتانە بۆچوونە یان فاکتی تەواوە. دەبێ لە ڕاستیی زانیارییەکان دڵنیا بی، ئاخۆ هەر وا دێنە سەلماندن کە ڕاستن یان ڕای نەسەلمێنراون. لەم سیناریۆیەدا، سەرەداوەکە ڕایەکە و لەلایەن دوو کەسی نەناسراوەوە دێتە ئاڵۆگۆڕکردن. تۆ تەنێ

لە وێستگەی شەمەندەفەر گوێبیستیان بووی. چۆن ڕای ئەو دوو کەسە دێتە سەلماندن و کێ دەیانسەلمێنی. پێش ئەوەی هیچ بڕیارێک بدەی، ڕەنگە بەدوای ڕای ئەو گرووپەیلەدا بچی کە کاریگەریی ڕووداوەکەیان لەسەرە.

ئەمە دووەم پرسیاری گرینگ لەم بەشەی پرۆسەکەدا بەدوای خۆیدا دێنێت. پرسیاری دووەم ئەوەیە "چۆن دیمانی هەڵدەبژێرم؟" پرسیارێکی گرینگە، لەبەرئەوەی ئەو سەرچاوەیلەی هەڵیان دەبژێری و بەیەکەمیان دەکەی (ئەولەویات) دەتگەیەنن بەوەی دەینووسی.

هەموو دیمانییە گرینگەکان دەبێ بێنە هەڵسەنگاندن لە ڕووی خاڵی بەهێز و لاوازیان وەک سەرچاوەیلی زانیاری. لەم سیناریۆیەدا، دانیشتووی لۆکال ڕەنگە ئەزموونی دەستی یەکەم دابین بکا لەبارەی کێشەکان و ببن بەسەرچاوەیەکی کۆتی ڕەنگاوڕەنگ لەبارەی ئەو ئەزموونانەی کە تێگەیشتنی خوێنەر لەمەڕ فاکتەیل بەهێز دەکەن. هەمان ئەو کەسانە ڕەنگە هەستیان بەهێز بێ لەبارەی پرسەکە و زیادەڕۆیی تێدا بکەن. بۆیە زانیاریی ئەوان لە دەرەوەی ئەزموونی کەسانییانە و دەبێ پشتڕاست بکرێنەوە لەلایەن دەزگایەکی فەرمییەوە.

دەبێ پۆلیس بتوانێ فاکت دابین بکا لەبارەی هەر ڕووداوێک پێی دەزانن. پۆلیس ڕای خۆی دەرنابڕێ. ئەفسەرانی پۆلیس چاوەڕێیان لێ دەکرێ زانیاری بدەن بەپێی دۆکیومێنتی ڕەسمی. بەرپرسانی حکوومی یان خاوەن یان سەرپەرشتیاری پارەکە دەتوانێ فاکتی پشتڕاستکراو بدا لەبارەی هەر زیانێک بەر پارەکە کەوتبێ یان هەر بەڵگەیەکی تر لەبارەی کۆبوونەوەی گشتی گەورە. ئەمانە دەتوانن زانیاری پشتڕاستکراو بدەن ئەگەر دانیشتووان نارەزایی دەربڕن لە ژێر هەر یاسایەکی پیسکردنی ژینگە.

گرووپی گەنجانی ڕێکخەر، کە ڕەخنە لە چالاکییەکانیان دەگیرێ، دەبێ هەلێکیان پێ بدرێ وەڵامی ئەو دەنگۆیان بدەنەوە خراونەتە پاڵیان پێش ئەوەی هەواڵەکە بڵاو بکەیتەوە. بێ لە مافی وەڵامدانەوە، ئەم گرووپە لەوانەیە باسی سۆنگەیەکی تر لەبارەی چالاکییەکانی یانەی گەنجان بکەن و لایەنی تری سەرچاوەی نارەزاییەکان دەربخەن. ئەندامانی گرووپی گەنجان، وەک ئەوانەی لە گەڕەکە دەژین، لەوانەیە کۆتی ڕەنگاوڕەنگ بدەن بۆ یارمەتیدانی زیندووکردنی هەواڵەکە بۆ خوێنەر. ئەگەر نکووڵییان لەوە کرد کۆبوونەوەکەیان بەهەرا و زەنایە، زانیاری لەو سەرچاوانە یارمەتی پەیامنێر و خەڵک دەدەن بڕیار بدەن لەبارەی ئەو ڕەخنانەی لەو گرووپە هاتووەتە گرتن.

هەر کە زانیاریی پێویستت دابین کرد بۆ بەهێزکردنی بیرۆکەکە، دەبێ بڕیار بدەی "یەکەم جار قسە لەگەڵ کێ بکەم؟" ئەمە بڕیارێکی گرینگە، لەبەرئەوەی تۆ زانیاری کۆ دەکەیتەوە. ئەو شێوەیەی تۆ دیمانەکەی پێ ئەنجام دەدەی قووڵ کار دەکاتە سەر ئاراستەی هەواڵەکە.

بۆ نموونە، قسەکردن لەگەڵ خەڵکی گەڕەک ڕەنگە شوێنێکی باش بێ بۆ دەستپێکردن، بۆ ئەوەی بزانی ئاخۆ هەواڵەکە شایەنی بەدواداچوونە. خەڵکی گەڕەک سۆنگەیەکی مرۆی و سۆزداریت بەزمانێکی ڕۆژانە لەبارەی پرسەکە پێ دەڵێن و جەماوەری میدیاش ئەوەی دەوێ. خەڵکی گەڕەک

ناتوانێ وەک بەرپرسان قسە و مامەڵە بکەن لەکاتی دیمانە و زۆر گرینگی نادەن چۆن دیمانەکە دێتە ئەنجامدان. یەکەم جار قسەکردن لەگەڵ ئەم گرووپە دەبێتە هۆی پێناسەکردنی توخمی ململانەی هەواڵەکە لە رووی مرۆییەوە، بەڵام لەوانەیە تووشی پرسیاری ترت بکا بۆ دیمانەیلی دواترت. لەلایەکی ترەوە، ئەگەر شوێنت پۆلیس بێ، ئەو سۆنگەیەی وەری دەگری زیاتر لە ڕووی یاساییەوە دەبێ و زیاتر باسی دەسەڵاتی خۆیان دەکەن بۆ ئەوەی لە ڕێگەی تۆوە بەتەنگەوەهاتنیان بەخەڵکی بگەیەنن. عادەتەن پۆلیس ئەزموونی هەیە لە دابینکردنی زانیاری بۆ میدیا و لەوانەشە بەگومان بێ لە بایەخی میدیا. پۆلیس هەردەم هەوڵی ئەوە دەدا شتەکان بچووک بکاتەوە بۆ ئەوەی هەواڵەکە چیی تر بڕ نەکا. دەبێ ئاگەداری ئەوەش بی کە زۆرجار ئەفسەرانی پۆلیس ڕا و ڕاستی تێکەڵ دەکەن و زانیاری فەرمیت لێ ون دەکەن.

ئەگەر یەکەم جار بچیتە لای بەرپرسانی لۆکالی حکوومەت، زانیاری وەردەگری تەنێ لە روانگەی موڵکی گشتی و ئەو پرسگەلی یاسا و بەرپرسیارەتیی خۆیان. رەنگە تێڕوانینی حکوومەت ترش و خوێی پێوە بێ و هەموو شتێک هەر بەڕەنگاوڕەنگی و باش پێشان بدا. ئەگەر یەکەم جار بچیتە لای رێکخراوەکەی گەنجان، رەنگە وەڵامیان جەخت بخاتە سەر بەردەوامبوونی رێکخراوەکەیان. لەبەرئەوەی ئەم گرووپە گلەییان لێ کراوە، بەڕای تۆ شەڕانگێز دەبن بەرامبەر بەتۆ؟ ئەمە کار دەکاتە سەر پرسیارەکانی تۆ و رێگەی کردنیان؟ ئەگەر بێو قسە لەگەڵ ئەم گرووپە بکەی پێش ئەوەی بچیتە لای خەڵکی گەڕەک، ئەمە چ کاریگەرییەکی دەبێ لەسەر پرسیارەکان بۆ خەڵکی گەڕەک؟ ئاخۆ خەڵکی گەڕەک باوەڕیان زیاتر پێ دەکرێ لەچاو ئەو گەنجانەی ئەندامی رێکخراوەکەن؟ ئەگەر یەکەم جار بچیتە لای هەندێ لە ئەندامانی رێکخراوەکە، تووشی هەمان گرفتی دیمانەکردنی خەڵکی گەڕەک دەبی، دەتوانن تەنێ ڕای خۆیانت پێ بڵێن کە ڕاستی و فاکت. هەروەها دەبێ تۆ تەوەقوعی وەڵامی ئەوان بکەیت، دەبێ بزانی ئەو تەوەقوعە چۆن کار دەکاتە سەر پرسیارەکانی تۆ.

لەبەرئەوەی پەیامنێر دیمانەکە دەکا، دەبێ خاڵە لاواز و بەهێزەکانی سەرچاوەکان بزانێ. بۆیە، پێش و پاش دیمانەکە، دەبێ بپرسی: من چاوەڕێی چ زانیارییەک دەکەم لەو سەرچاوانە وەرگرم؟

بۆ نموونە، زۆر گرینگە ئەو پرسیارانە لە خەڵک نەکەی کە ناتوانن یان لەو ئاستەدا نین وەڵامیان بدەنەوە. لە کەیسی دانیشتووانی گەڕەک تۆ دەبێ چاوەڕێی ئەوە بکەی ئەو فاکتانەت پێ بڵێن وەک خۆیان دەیبینن. بەڵام ئاخۆ زانیارییەکان تایبەتن یان گشتین؟ ئاخۆ زانیارییەکان پشتڕاست دەکرێنەوە، چۆن؟ ئاخۆ دیمانییەکان جێی باوەڕن؟ بۆچی؟ ئاخۆ هیچ پاڵنەرێک هەیە لەتەک ئەوەی دیمانییەکان داوای وەستانی کۆبوونەوەی گرووپەکە دەکەن؟ هەموو ئەو فاکتەرانە کار دەکاتە سەر متمانەی ئەو کارەی بەتۆی دەسپێرن.

لە کاتی دیمانەکردنی پۆلیسدا، تۆ چاوەڕێی فاکتی پشتڕاستکراو دەکەی، وەک زانیاری تۆمارکراو لەبارەی هەر یەکێک کە تۆمەتبار کرا بێ. ئاخۆ فاکتەکانی پۆلیس یارمەتی ئەو هەواڵە

دەدا تۆ بەدوای کەوتی؟ هەڵوێستی فەرمی پۆلیس چییە لەسەر دەنگۆکان؟ دیمانەیل لەگەڵ ئەفسەرانی پۆلیس ماڵی وەرگرتنی کۆتە. بەرپرسانی تر دەتوانن پشتڕاستی ئەوە بکەنەوە گوایە زیان بەپارکەکە یان شتێکی تر گەیەنراوە پێشتر. ڕەنگە بەرپرسان بتوانن پشتڕاستی هەر هەواڵێک بکەن ئەگەر ئاگەداری ناڕەزایی و گلەیی بن لەبارەی ژاوەژاوە و بێزارکردن. بەرپرسان دەتوانن فاکتەیلی تر لەبارەی یاسا و سنوورەیلی هۆڵ و پارک دابین بکەن.

کە دەچیتە لای ڕێکخراوی گەنجان و ئەندامانی ڕێکخستنی کۆبوونەوەکە ڕەنگە هەمان ئەو پرسیارانە ئاڕاستەی دانیشتووانی گەڕەکت کردوون. ئاخۆ زانیارییان تایبەتن یان گشتی؟ زانیارییەکان پشتڕاست دەکرێنەوە، چۆن؟ ئاخۆ دیمانییەکان جێی باوەڕن؟ بۆچی؟ چ پاڵنەرێک هەیە وایان لێ دەکا نکووڵی لەو دەنگۆیان بکەن لەسەریان هەیە؟ بەحوکمی ئەوەی ئەوان تۆمەتبارن، ئاخۆ کەمتر باوەڕیان پێ دەکرێ لەچاو ئەوانەی گلەییان کردووە؟ ڕەچاوی چی تر دەکەی بۆ دیمانەکردنی گەنجەیل؟ پرۆسەی کۆکردنەوەی هەواڵ بەوردی باسی لێوە کراوە لە بەشی پێنجەم.

دوای تەواوکردنی دیمانەیلی بەرایی، ئێستە دەتوانی بڕیار بدەی هەواڵە گرینگەکە بێتە وەشان یان نا. هەڵە تێگەشتنێک هەیە لەبارەی کۆکردنەوەی هەواڵ ئەویش ئەوەیە هەردەم لێکۆڵینەوەی یەکەمی ڕۆژنامەنووسان لەسەر هەواڵێک هیچی لێ شین نابێ. پێش ئەوەی بڕیار بدەی هەواڵەکە بنێری، دەبێ بتوانی وەڵامی ئەمانە بدەیەوە: فاکتەیل چین؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەمە گەلێ پرسیاری تر دێنە کردن. دەبێ بزانی ئاخۆ کام لەو زانیارییانەی بەدەست هاتوون پشتڕاست ناکرێنەوە. ئەگەر زانیاریی پشتڕاستنەکراوە هەبوو، ئاخۆ دەکرێ هەواڵەکە بەبێ ئەمە بێتە وەشان؟ ئەگەڕ بڕیارەکەت بەڵێ بوو، کامەی بەهای هەواڵ بەکار دێنی لە کاتی بڵاوکردنەوەی زانیاریی پشتڕاستنەکراو؟

ڕۆژنامەنووس دەبێ بڕیاری ئەوەش بدا ئاخۆ سەرچاوەکان جێی باوەڕن. ئاوها بەچاو جێی باوەڕن کاتێ میدیا لە بەردەمیان وەستاوە و گوێ لە قسەیان دەگرێ. ئاخۆ، بۆ نموونە، هەندێ سەرچاوەی فەرمی هەیە لە هەندێکی تر باوەڕیان زیاتر پێ دەکرێ؟ دەبێ تەواو لەوە دڵنیا بی کە تۆ دەتوانی بەرگری لە هەموو شتێک بکەی کە نووسیوتە تەنانەت لە دادگەش، ئەگەر پێویستی کرد. دەبێ دووبارە لە خۆت بپرسی، ئاخۆ هیچ زانیارییەک هەیە پشتڕاست نەکرابێتەوە.

پێش ئەوەی بڕیار بدەی بنووسی، بزانە کام لێدوان یان کۆت باس لە کرۆکی هەواڵەکە دەکا. ئاخۆ دەکرێ هەواڵەکە لەسەر ئەو کۆتە بێتە بنیات؟ کامە بەهای هەواڵ دەخەیتە پێش ئەوانی تر؟ بۆچی؟ هیچ لایەنێک پاڵەوان یان پیاوخراپی هەیە؟ ئاخۆ دادوەرانە بووی بۆ هەموو لایەکی هەواڵەکە؟ چۆنیەتیی هەڵسەنگاندنی زانیاری و نووسینی هەواڵ بەوردی باسی لێوە کراوە لە بەشی ٦ و٧.

لە کۆتاییدا، دەگەیتە خاڵی بڕیاردان، "ئاخۆ هەواڵەکە شایەنی گۆتنە؟" چۆنیەتیی وەڵامی ئەم

پرسیارە دەوەستێتە سەر ئەو بڕیارانەی پێشتر داوتە و ڕەچاوکردنی بەهاگەلی هەواڵ. لە سەرەتاوە تا ئێستە بەردەوام بڕیارت داوە لەسەر بنچینەی تێگەیشتنی خۆت و خوێنەر و بەرژەوەندیی گشتی. هەروەها ئەو بەهای هەواڵانە ڕەچاو دەکەی کە ڕۆژنامەکەت یان ئەو شوێنەی کاری لێ دەکەی گرینگییان پێ دەدا. ڕێکخراوگەلی هەواڵ هەردەم جەماوەرێکی دیاریکراویان هەیە کاتێ دێنە سەر بەیەکەمکردنی بەهاگەلی هەواڵ. لێکۆڵینەوە زۆر کراوە و دەریانخستووە کە ڕێکخراوەیلی هەواڵ هەردەم هەواڵ بەپێی حەز و ویستی جەماوەر و بازاڕ بەرهەم دێنن. ئەم باوەڕە هەیە لەسەر بنچینەی چەندان ڕووپێو لەبارەی بازاڕی هەواڵ. دەزگای هەواڵ هەواڵ بەبەڵگەوە پێشان دەدان بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵک رابکێشن، کە واشیان کرد، ئەوا سەرنجی ڕێکلامچییەکان رادەکێشن. نووسیاران هەردەم دەزانن حەزی خوێنەر چییە و بەدوای چیدا دەگەڕێن. بۆیە ئەوەی بەرهەمی دێنن ڕەنگدانەوەی بازاڕ و جەماوەرە. بەڵام، گەلێ نووسیار هەن بەگومانن لەبارەی ئەو لێکۆڵینەوانە، بۆیە پشت دەبەستن بەتێگەیشتنی خۆیان بۆ زانینی ئەوەی خەڵک چی دەوێ.

لە کەیسی خەڵکی ناو پارکەکە، دیموگرافیای خەڵکەکە و جەماوەری میدیا گرینگن. ئەگەر پارکەکە لە ناوچەیەک بووایە تا درەنگی شەو کراوەبا، زۆربەی دانیشتووانیش گەنج بوونایە، ئەوا بەهای هەواڵ پێوەست بە بێزارکردنی خەڵک کەمترە لەوەی ئەگەر لە ناوچەیەکی کەم گەنج بووایە و زۆربەی دانیشتووان پیر بوونایە. ئەگەر جەماوەری میدیا خەڵکی پیر بوونایە، ئەو دەمە هەواڵی بێزارکردنی خەڵک زۆر گرینگتر دەبوو تا کۆمەڵگەیەکی گەنج. ئەگەر هەواڵەکە ئامادە بکەی بۆ گوێگرانی گەنجی رادیۆ، ئەو گۆشەیەی لە هەواڵەکە جەختی لەسەر دەکەیەوە زۆر جیاواز دەبێ. بەهەمان شێوە، ئەگەر دەزگای هەواڵەکە تەنێ هەواڵ بۆ جەماوەری لۆکال بوەشێنێ، ئەوا چالاکیی پارکەکە زۆر گرینگە لەچاو چالاکیی پارکێک لە شارێکی گەورە و میترۆپۆلیتان. دەزگەی هەواڵ لە شاری گەورە گۆشەی تر وەردەگرێ بۆ گۆتنی ئەم هەواڵە وەک، چالاکییەکی لەو جۆرە دەبێتە هۆی چ گرفتێکی گەورەتر.

بۆ ئەوەی بڕیارێکی ئەوتۆ بدەی بۆ بەردەوامبوون، دەبێ دیسان هەموو شتێک ڕەچاو بکەی لەژێر ڕۆشناییی بەرژەوەندیی گشتی و مافەیلی خەڵک بۆ زانین. لەم کەیسەدا، دەگەیتە ئەم بڕیارە بەهۆی پێداچوونەوە بەو پرسیارگەلەی یەکەم جار کردت لەبارەی هەواڵەکە. ئاخۆ هەواڵەکە زیان بەکەس دەگەیەنێ؟ ئاخۆ دەکرێ هەواڵەکە بێتە گۆتن بێ زیان بەکەس یان بەرژەوەندیی کەس بگەیەنی؟ ئاخۆ لایەنە باشەکان ین خراپەکانی گۆتنی هەواڵەکە چین؟ بۆچی؟

لە کۆتاییدا، دەتوانی بڕیار بدەی ئاخۆ بیرۆکەکەت "هەواڵ"ە یان نا. بڕیارەکە هەرچییەک بێ، شتێکی تر هەیە بیری لێ بکەیەوە. ڕەچاوی فاکتەکان بکە و بپرسە: ئاخۆ هیچ هەواڵی تر لەم هەواڵە دەبێتەوە؟ تەنانەت ئەگەر بڕیارت دا بەدوای هەواڵی پارکەکەدا بچی و بڵاوی بکەیەوە، دەبێ بیر لەوەش بکەیەوە هەمان هەواڵ بەرەو چ سەرەداوێکی ترت دەبا. بۆ نموونە، هەواڵی پارکەکە ڕەنگە لێکۆڵینەوەیەکی لێ بکەوێتەوە لەبارەی تێچووی تێکوپێکدانی چالاکیی پارکەکە. چۆن

پەیامنێر بەدوای ئەو بیرۆکەیەدا دەچێ؟ کوێ باشترین شوێن دەبێ لێوەی دەست پێ بکەی؟ لەوانەیە هەمان سیناریۆ بیرۆکەیەکی تر بێنێتە ئارا لەبارەی کۆمەڵێک شوێنی تری گرووپەیلی گەنجان لە کۆمەڵگەکە. تێڕوانین و قسەی کێ رەسمیترینە بۆ ئەم بیرۆکەیە؟ هەواڵێکی تر لەسەر پارکەکە رەنگە لێکۆڵینەوەیەک بێ لە تاوانی رووالآن یان بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر لە کۆمەڵگەکەدا. ئەگەر وابێ، دەبێ یەکەم جار چ فاکتێک بەدەست بێنی و لە کوێ زانیارییەکانت دەس دەکەوێ؟

خشتەی دۆزینەوەی هەواڵ دەکا

تۆ لە وێستگە چاوەڕێی شەمەندەفەر دەکەی و گوێت لە دوو کەس دەبێ باسی ئاژاوەیەک دەکەن کە دوێنێ شەو لە پارکێکی لۆکاڵ رووی داوە. ناوەڕۆکی گفتوگۆکەیان ئەوەیە کۆمەڵە گەنجێک شەوانە دەچنە ئەو پارکە و دەخۆنەوە و خەڵک بێزار دەکەن. هەردووکیان پێیان وایە خەڵک ناوێرن شەوانە بچنە ئەو پارکە و پۆلیسیش تا ئێستە پێ ناچێ هیچی کردبێ. ئاخۆ ئەمە هەواڵە؟

↓

ئاخۆ خەڵک بایەخ بەمە دەدا و دەیەوێ بزانێ؟ بۆچی؟
زیان بەکەس دەگەیەنێ؟ پاساو هەیە بۆ زیانەکە؟ ئەو لایەنانەی تێوەگلاون کێن؟

↓

کام بەهای هەواڵ وابەستەی ئەو بەرەنجامانەیە؟
ئاخۆ هەواڵەکە دەهێنێ بەدوای بکەوی؟ بۆچی؟

↓

پێشتر چی دەزانی؟
چۆنی دەزانی؟ هیچ شتێکت بەبیردا دێ؟ ئاخۆ ئەوەی دەیزانی دێتەسەلماندن؟ لەلایەن کێ؟

↓

چۆن دیمانی هەڵدەبژێری؟
ئاخۆ دیمانییەکان ئەزموونی دەستی یەکەمیان هەیە لەبارەی کێشەکە؟ دەتوانن کۆتت بدەنێ تا یارمەتی خوێنەر بدەن باشتر تێ بگەن؟ دەتوانن فاکتی پشتڕاستکراو بڵێن؟ ئاخۆ تێڕوانینێکی فەرمی دابین دەکەن؟ ئاخۆ مافیان هەیە وەڵام بدەنەوە؟ ئاخۆ کێشەکە راستەوخۆ کاریان لێ دەکا؟

پێشبینی چ زانیاریەک دەکەی لێیان وەرگری؟

ئەو فاکتانە چین کە دەیبین؟

زانیارییان تایبەتن یان گشتی؟

ئاخۆ زانیارییەکان پشتڕاست دەکرێنەوە، چۆن؟

دیمانییەکان جێی باوەڕن، بۆچی؟

ئاخۆ دیمانییەکان پاڵنەرێکی شاراوەیان هەیە؟

فاکتەکان چین؟

ئاخۆ کام زانیاری پشتڕاست ناکرێتەوە؟ ئاخۆ دەکرێ زانیاریی پشتڕاستنەکراو بەجێ بێڵی؟ بۆچی دەینووسی؟ گەیشتییە ئەو قەناعەتەی کە سەرچاوەکانت جێی باوەڕن؟ ئاخۆ سەرچاوە هەیە لە سەرچاوەی تر متمانەی زیاتریان پێ بکرێ؟ بۆچی؟ دەتوانی بەرگری لە خۆت بکەی لە دادگە؟ دەتوانی ئەو شتانەی دەیڵێی پشتڕاستیان بکەیەوە؟ لێکدانەوەت بۆی چییە و چی پێشتر دەزانی؟

هیچ پرسیارێک بێ وەڵام ماوەتەوە؟

بۆچی؟ گۆشەیەکی تر هەیە بۆ هەواڵەکە؟

هیچ لێدوانێک یان کۆتێک هەیە کە باس لە کرۆکی کێشەکە بکا؟

دەکرێ تەواوی هەواڵەکە لەسەر ئەو لێدوانە یان کۆتە بێتە بنیات؟ دوای ڕەچاوکردنی زانیارییەکان، کام بەهای هەواڵ لە پێش هەموویانەوە دێ؟ دەزانی کامە پاڵەوان یان پیاوخراپی چیرۆکەکەیە؟

ئاخۆ هەواڵەکە شایەنی گوتنە؟

بۆچی؟ تا چەند خوێنەرت کاریگەرییان لەسەر ئەمە هەیە؟

هەموو ئەمان بەرەو دوو ڕێت دەبەن:

هەواڵنامەی کتێب

یەکەم

بەڵێ. ئەگەر بەڵێ بێ، دوای هەموو ئەمانە چی دەکەی؟

دووەم

نەخێر. ئەگەر نەخێر بێ، ئەم هەواڵە هیچ هەواڵێکی تری لێ دەکەوێتەوە؟ بۆ نموونە:

* لێکۆڵینەوە لە تێچووی تێکوپێکدان، کاریگەریی ئەمە لەسەر خەڵک.
* لێکۆڵینەوە لە شوێنگەلی تری گرووپەیلی گەنج لە کۆمەڵگە.
* لێکۆڵینەوە لە تاوانی رووواڵ و مادەی هۆشبەر لە کۆمەڵگە.
* لێکۆڵینەوە لە سەرکەوتنەیلی گرووپەیلی گەنجان یان تاکی گەنج لە کۆمەڵگە.

**ئەنجام**

ئەم بەشە ئەو پرۆسەی ئاشکرا کرد کە لەلایەن رۆژنامەوانان دێتە بەکارهێنان بۆ ناساندن و هەڵسەنگاندنی چیرۆکەهەواڵ. ئاشکرای کرد بەهۆی زنجیرەیەک بڕیار کە رەنگە بێنە جێبەجێبوون لەسەر هەموو بیرۆکەیەکی تری رۆژنامەوانان. وەڵامی "راست" لە هەر حاڵەتێکدا رەنگدانەوەی راستەوخۆی لایەنگەلی بارودۆخەکەیە کە بەرەو بڕیارمان دەبەن. ئەو لایەنگەلە ئەمانەن: رۆڵی وەشاندنی هەواڵ لە کۆمەڵگە، بۆچوونی کۆمەڵگە لەسەر بابەتەکە، لایەنی دیموگرافی جەماوەر، بەهای تاک و بۆچوونت لەبارەی رۆڵی میدیا لە خزمەتکردنی بەرژەوەندیی گشتی. چۆنیەتیی رێکخستن و گۆتنی فاکتەکان لە هەواڵ زنجیرە بڕیارێکی تری دەوێ، کە لە بەشی هەشتەمدا باسیان لێوە کراوە.

## بەشی پێنجەم

## هەڵبژاردنی هەواڵ

کاری تۆ ئەوەیە دانیشتنی هەفتانەی دادگەی لۆکاڵ داپۆشی، هەواڵەکانی دادگەش لە رۆژنامەکە دێتە وەشاندن. سیاسەتی رۆژنامەکەت ئەوەیە کەیسەیل دێنە وەشاندن بێ ترس و بێ ئەملا و ئەولا. لەم بەیانییە تایبەتەدا، دەتاسێی کاتێ ژنی قایمقام لە دادگە دەبینی. تۆش دەس دەکەی بەپرسیار و پێت دەڵێن کە ئەو تۆمەتبارە بەدزینی شت لە سوپەرمارکێت. پێش دانیشتنەکە، دەبیستی ژنی قایمقام نەخۆشیی ئەقڵی هەیە و ئاگای لەخۆی نەبووە کاتێ لە سوپەرمارکێت شتێکی گرانبەهای دزیوە. دادگە تۆمەتەکە دەسەلمێنێ بەڵام بڕیاری گرتنی نادا لەبەر کەمکردنەوەی تاوانەکە بەپێی بارودۆخی ژنەکە. ئاخۆ ئەم هەواڵە بڵاو دەکەیەوە؟ ئەگەر بەڵێ، چۆن؟

لەوانەیە گەورەترین دەسەڵاتی رۆژنامەوان هەڵبژاردن بێ لەو هەموو رووداوە بێشومارە، لەو زانیارییەی پێشکێشی خوێنەری دەکا وەک هەواڵێک. کاتێ رۆژنامەوان بڕیار لەسەر نووسینی رووداوێک دەدا، تەواوی رووداوەکانی تر پشتگوێ دەخا یان کەمتر گرینگیان پێ دەدا. خوێنەریش ئاگەدارە کە میدیا باسی رووداوە هەر گرینگەکانیان بۆ دەکەن نەک هەموو ورد و درشێتک کە رۆژانە دێنە روودان. کاتێ شتێک دێتە دەستنیشانکردن بۆ وەشان، بایەخ و گرینگیی لەلای خەڵک روو لە کشانە.

بیست ساڵ لەمەوبەر، لەسەر رۆژنامەوانەیل دەکرا بابەتی بن لە هەڵبژاردنی هەواڵ، بەم شێوەیە دەسەڵاتیان تێکەڵ بەبەرپرسیارەتیی کۆمەڵایەتی دەکرد. کێشە ئەوەیە بابەتیبوون هزری بەهای تێدا نییە، بەڵام بڕیارەیلی رۆژنامەوان هەمووی بەندە بە بەیەکمکردنی بەهاگەلی هەواڵ. بابەتیبوونی راستەقینە ئەوەیە هەموو چیرۆکێک بێتە وەشان بێگوێدانە ئەوەی تا چەند بایەخدارە و چۆن دێتە تێگەیشتن. کاتێ سیستەمێکی پرۆفێشناڵی بەها دێتە جێبەجێبوون لە هەڵبژاردنی هەواڵ، دەبێ بێتە هەڵسەنگاندن لەسەر بنچینەی گرینگی بۆ کۆمەڵگە، بەڵام فۆتۆگرافی باش لە تەک چیرۆکی بێزارکەر دادەنرێن لەسەر حسێبی گرینگیان. ئەمرە و پێویستیشە هەواڵ بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش بێتە پێشکێشکردن لەبەرئەوەی دابینکەرانی هەواڵ هەردەم لە کێبەرکێیەکی بازرگانیدان لەگەڵ یەکتر. ئەمە دەبێتە هۆی جەختکردنە سەر سکووپ scoop واتە سەبقی رۆژنامەوانی، و). ئەو هەواڵەی تۆ هەڵی دەبژێری دەبێ یەکەم جار نوێ بێ و دوا جاریش جیاواز بێ. چیرۆکەهەواڵ داوای ورووژاندن لە خوێنەر دەکا، جا ورووژاندنەکە ئاشکراکردن، گەشانەوە یان هەر شتێکی سۆزیاری بێ وەک تووڕەبوون. ئەمە دەبێتە هۆی دروستکردنی فۆرمێکی ململانەیی یان درامایی هەواڵ.

لەبەرئەوەی رۆژنامەوانی بۆ خزمەتی بازاڕ دێتە هاژۆتن، رەخنەگران مشتومڕیانە میدیا وێنەیەک پێشانی دنیا دەدا کە بەدڵی گرووپی باڵادەست بێ لە کۆمەڵگە، نەک وێنەیەکی روون. ئەمە کەشوهەوایەک دروست دەکا تێیدا رۆژنامەوانەیل ئەوەندە خەمی جەماوەریان نابن، مەگەر لەسەر پرسێک کە هەڵوێستی خەڵک لەسەری روون بێ. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ رۆژنامەوانەیل خەمی رازیکردنی جەماوەریانە، بەڵام بەگشتی و لە میدیای دیاردا رۆژنامەوانی پشتگیری ئەوە دەکا کە هەیە و ئاوێنەیلی کۆمەڵگەن. کەمینەیل، یان هەر گەلێک رووبەڕووی جیهانیبوونی حالی حازر بکە، بەهای هەواڵی نییە. یان، یەکێک لە نووسیارانی رۆژنامەیەکی شارێکی گەورە دوای بڵاوکردنەوەی زنیجیرەیەک هەواڵ لەبارەی لانەوازان و بێ سەرپەرشتان، لە کۆبوونەوەیەکی هەواڵ بەستافەکەی گوت: "نامەوێ هیچی تر چیرۆک لەبارەی فاشیلەکان ببینم. خۆ خوێنەرانمان فاشیل نین."

دەسەڵاتێکی گەورەی رۆژنامەوان ئەوەیە لە توانایاندایە هاوولاتی تایبەت زەق بکەنەوە. قسەیەک هەیە گوایە میدیا خەڵک زەق و دیار دەکا بەهۆی پێدانی داپۆشین و بایەخێکی زۆر. بێگومان، هەندێ جار میدیا چالاکی و کاروباری تاکێک زەق دەکاتەوە تا هی کەسێکی دیار. تۆ تەماشای

کـەیسی مـۆنیکا لوینسکی بکە، ئەو کـەسـەی هـاتە ناسین دوای ئەوەی هەواڵ پێـوەندیی لەگـەڵ سـەرۆکی ئـەمـەریکا لـە ١٩٩٨ بڵاو بوویەوە. بەهای بابەتیـبـوونی هـەواڵەکـە ئەوە بـوو سـەرۆکی ئەمەریکا تۆمەتبار کرا بەکارێکی ناشایستە و درۆشی لەبارەوە کرد، بۆیە ناسنامە و وردەکاریی ئەو کەسەی پێوەندی لەگەڵ هەبوو هێندەی سەرۆک بایەخدار نەبوو. دوو ساڵی دواتر، چالاکەیلی خاتوو لوینسکی بەهایەکی گرینگی پێ دەدرا و لە تەواوی میدیای ناودەوڵەتیدا دەهاتە وەشان و زەقکردنەوە. لەو سۆنگەیەوە، بووبوو بەکەسێکی دیار، هەرچەندە خۆی ئەوەی نەدەویست و هیچ پۆستێکی فەرمیش نەبوو. داخۆ یەکێک بەرپرسە یان تاکێکی ئاسایی گرینگە بۆ هەڵبژاردنی هەواڵ. لە هەندێ وڵاتدا، وەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەرپرسێک مافگەلی یاسایی کەمترە بۆ پرایڤەسی (تایبەتمەندێتی) تا یەکێکی ئاسایی.

ئەو بەها ئەخلاقییانەی رۆژنامەوانەیل رەچاوی دەکەن بۆ بڕیاردان لەبارەی هەڵبژاردنی هەواڵ زۆرجار لەم سەردەمەدا دەکەونە بەر پرسیاران. جانیت مالکۆلم وتارێکی نووسی و لە نیویۆرکە بڵاوی کردەوە:

> هەر رۆژنامەوانێک، ئەوەی زۆر گێژ یان لەخۆبایی نەبێ، سەرنج بداتە چواردەوری خۆی دەزانێ ئەوەی دەیکا ئەخلاقییە یان نا. رۆژنامەوان پیاوێکی بەمتمانەیە، بەدوای هەست و شانازیی خەڵکەوەیە، بێگوێ یان تەنیا، متمانە بەدەسدێنن و خیانەتیشیان لێ دەکەن بێ پەشیمان بوونەوە.

پێوەدانی راستەقینە لە وتارەکەی خاتوو مالکۆلم و دوایین کتێبی (رۆژنامەوان و بکوژ) برێتی نییە لە زمانە بەهێزەکەی، بگرە راستییەکەیەتی. زۆربەی رۆژنامەوانەیل لە خاڵێکدا سەرکەوتنی دیمانە دەزانن، بۆ نموونە، بیرۆکراتێک دڵڕەقی خۆی ئاشکار دەکا بۆ ئەو خەڵکەی پشتگیری دەکەن. رۆژنامەوان دێ ئەو قسانەی بیرۆکراتەکە تۆمار دەکا، باشیش دەزانێ هەرکە بیرۆکرات گوێی لەو قسانەی خۆی بێتەوە پەشیمان دەبێتەوە، بۆیە بیرۆکرات دەبێ وەڵامی سەرووی خۆی بداتەوە، لەبەرئەوەی بەرپرسە لە قسەکانی. بەڵام رۆژنامەوان هەست ناکا کارێکی بێئەخلاقانەی کردووە. بۆ رۆژنامەوان ئەوەیە "بەڵێ گرتمان!" رۆژنامەوانەیل هەموو رۆژ تووشی ئەو بڕیارانە دەبن. هەموو کارێک دوودڵی ئەخلاقی تێدایە، بەڵام رۆژنامەوان ئەنجامی دوودڵییەکەیان بڵاو دەکەنەوە. بڕیارەیلی رۆژنامەوان لەبارەی بەرژەوەندیی گشتی کراوەن و لە نێزیکەوە دێنە تەماشاکرن.

## هەڵبژاردنی هەواڵ

هەموو رۆژێ رۆژنامەوان زانیاری وەردەگرێ، کە تەنێ هەندێ کەس دەیزانن، و بۆ خەڵکێکی ئێجگار زۆر بڵاویان دەکاتەوە دوای بڕیاری پرۆفێشناڵ لەبارەی بەرژەوەندیی گشتی، متمانەی سەرچاوەکان و داگیرکردنی پرایڤەسی. رۆژنامەوان بەردەوام هاوسەنگییێک دەدۆزێتەوە لە نێوان

ئەو ڕێگەیەی دەیانەوێ چیرۆکەکەی پێ بنووسن، ئەو ڕێگەیەی چیرۆکەکەی پێ بنووسن بۆ زۆرترین کەس و ئەو ڕێگەیەش بۆ نووسینی چیرۆکێک کەمترین زیان بە کەمترین کەس بگەیەنێت. زۆرجار دوودڵی هەیە، لەبەرئەوەی ئەو شتانەی ڕۆژنامەوانەیل لەبارەیەوە دەنووسن واقیعین. خەڵک و شوێنەکە، هەروەها بەرەنجامی بڵاوکردنەوەشی واقیعین. جۆر و پشیی دوودڵییەکان جیاوازە، بەڵام دوودڵی ئازارنەدانی کەس هەردەم لە پێشەوەی ریزەکەیە. بڕیاری بڵاوکردنەوەی وردەکاریی تاوانێک لەوانەیە ترسی لێ بەکەوێتەوە هیچ کەمتر نییە لەگەڵ بڕیاری بڵاوکردنەوەی ناوی کەسێک کەبەهۆی کارێکی ناشایستەوە گیراوە و دایکیشی تازە جەڵتەی دڵ لێیداوە. بەبڵاوکردنەوەی لەوانەیە یەکێک بمرێ. لەوانەیە ماڵباتی یەکێک بەتەواوی بێتە لێکترازان.

ڕۆژنامەوانەیل بەردەوام بڕیاری ئەخلاقی دەدەن بەکڵۆجێک کە بەقووڵی کار لە کارەکەیان دەکا. تەنانەت بیرنەکردنەوە لەبارەی کاریگەریی ئەوەی دەینووسی دەبێتە جۆرێک لە بڕیاری ئەخلاقی. بەڵگەی ئەو بڕیارانە لەو شێوە دایە ئەو کەسەی تازە دیمانەت کردووە وەسفی دەکەی، ئاخۆ ئەوە بڵاو دەکەیەوە کە بەڕێوەبەری بانکێک میزی لەسەر مەزرایەک کردووە. ئەگەر ئەمە بڵاو بکەیەوە لەوانەیە ئابڕووی بچێ یان کارەکەی لە دەست بدات، بۆیە بڕیاری ئەخلاقی تۆ ڕەنکە وێرانکەر بێ بۆ ئەو وەک هەر گۆڕانێکی یاسایی بۆ مافی دادگەی دادوەرانە.

دانی بڕیارێکی ئەخلاقی قەت ئاسان نییە و پراکتیز تاکە ڕێگەیە تا بتوانی ئەو بڕیارانە بەمتمانەوە بدەی. بڕیاردانی ئەوەی چی بکەی دانسقەیە، پێویستی بە ویژدانە، لەبەرئەوەی تۆ دەتەوێ بڕیار بدەی کامە شت ڕاستە. بڕیارێک هۆیەلی بێشوماری دەوێ.

لە کاری ڕۆژانەی ڕۆژنامەوانیدا، بەهاکان فرەن. ئارەزوویەک هەیە بۆ گەیشتن بە ڕاستی، و نووسینی باشترین چیرۆک بەشێوەیەی خۆش و سەرنجڕاکێش. ئارەزووی دڵخۆشکردنی بەڕێوەبەر هەیە، لەبەرئەوەی تۆ دەبێ بەپێی پێناسەی نووسیار بۆ هەواڵ هەواڵەکە بنووسی. هەروەها بەهای ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیش بۆ ڕەچاوکردن، وەک کارکردن بۆ بەرژەوەندیی گشتی و پاراستنی مافی تاک بۆ پرایڤەسی.

ڕۆژنامەوان گفتوگۆ لەگەڵ خۆی دەکا: چی لە بەرژەوەندیی گشتی دایە و ئاخۆ چیرۆکەکەم زیان بەکەس دەگەیەنێت یان نا. بڕیارەیلی تری وەک گەڕان، هەڵسەنگاندنی سەرچاوەیل و چۆنیەتیی نووسینی چیرۆکەکە، دوای ئەو گفتوگۆیە دێن و دەوەستنە سەر بابەتەکە و هەڵوێستی ڕۆژنامەوان لەو خاڵەدا.

دوودڵیی ئەخلاقی ڕوو دەدا کاتێ بەها ئەخلاقییەکان بەریەک دەکەون و نازانی کامەیان هەڵبژێری. بەهای ئەخلاقی واتە یاسای ڕەفتارکردن بۆ نموونە "درۆکردن خراپە یان "نابێ کەس بکوژی". چی دەکەی ئەگەر یەکێک دەرگەت لێ بگرێ و پرسیاری یەکێکت لێ بکا، ئەگەر تۆ شوێنەکەی پێ بڵێی ئەوا دەیکوژێ؟ درۆکردن خراپە، کوشتنیش خراپە، دەبێ هەڵبژێری. لەوانەیە حەز بکەی هیچ نەڵێی دەربارەی کەسی سێیەم بۆ ئەوەی نەکوژرێ، بەڵام لێرەدا ڕاستییەکە

دەشاریتەوە. هەموو بڕیارێک بەرەنجامی هەیە. لە ڕۆژنامەوانیدا، دوودڵییەکە ئەوەیە ڕەنگە شتێک بڵاو بکەیتەوە و زیان بەکەسێک بگەینی یان یەکێک شەرمەزار بکەی. بڕیاردان بردنەوەی تێدا نییە، لەبەرئەوەی هەندێ بەهای گرینگ، وەک مافی تاک بۆ پرایڤەسی، لەم ناوەدا تێ دەچێ. ئاسوودەبوونی ویژدانی ڕۆژنامەوان کاتێ شت هەڵدەبژێرێ دەوەستێتە سەر سیستەمی بەهای ئەخلاقی.

## بەهای غەیرە هەواڵ لە هەڵبژاردنی هەواڵدا

سیستەمی کۆنی بەهای ئەخلاقی بەپێی تێپەڕبوونی کات گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەم بەشە باسی گەشەی ئەو سیستەمە کۆنە ناکات. بگرە، چەند لایەنێکی باس دەکا کە پێوەندییان بە ڕۆژنامەوانی هەیە.

ئەخلاقی چاک، بەپێی پێناسەی ئەرستۆ، ئەخلاق لە کارەیل جیا دەکاتەوە بەهۆی جەختکردنە سەر کاریگەریی سیفەتی تاک. لەو سۆنگەوە، ئەگەر ڕۆژنامەوانێک خۆی ئەخلاقی باش بێ، ئەوا بڕیارەکانیشی بەئەخلاقە. پاشان، بەپەشتبەستن بە کۆدی پرۆفێشناڵی کارکردن یان کۆدی ئەخلاق یان کۆدی ڕەفتار بۆ ڕۆژنامەوان ئەوە دیار دەخا ئاخۆ ڕەفتا و کاری ڕۆژنامەوان بەئەخلاقە یان نا. مرۆی بەئەخلاق ئەگەر بۆی بلوێ ئەوا کارێک دەکا لە دەرەوەی ئەخلاق، بەڵام کاتێ سنوورت بۆ دانا ئەوا هەر وەک خۆی بەئەخلاق دەمێنێتەوە. پاشان ئەم بۆچوونەش گۆڕا، گوتیان ڕەفتاری باش و بەئەخلاق ناوەستێتە سەر سیفەتی چاکی تاک، مرۆ بەئەخلاق دەبێ کاتێ پاڵنەرەکەی بەجێگەیاندنی ئەرکی بێ. لەم سۆنگەوە، لایەنی ئەخلاقی کارێک نەوەستایە سەر بەرەنجامەکانی. ڕۆژنامەوانەیل هاتن درۆ و ناوەندی نهێنی تریان بەکار هێنا بۆ بەدەستهێنانی هەواڵ لەسەر بنچینەی ئەوەی کە هەڵدەستن بەئەرکی خۆیان. بۆ نموونە، ئەو ڕۆژنامەوانەی جانیت مالکۆلم ڕەخنەی لێ گرت لەبەرئەوە بوو درۆی لەگەڵ سەرچاوەکەی (کە دیلێک بوو) کرد و ئەوەی لێ شاردەوە کە کتێبێک لەبارەی دیلەکە دەنووسێ. ڕۆژنامەوانەکەش بەرگری لە خۆی کرد و گوتی ئەرکی ڕۆژنامەوان بۆ گەیشتن بە ڕاستی لە سەرووی هەموو ئەرکە ئەخلاقییەکانی ترەوەیە.

ڕێگەیەکی تر هەیە بەرەنجام ڕەچاو دەکا بۆ بڕیاردان لەبارەی دوودڵی ئەخلاقی. مشتومڕی ئەوە هەبوو کە ئەنجامی کارێک بۆ زۆرترین چاکەیە، ئەمە لە ڕووی ئەخلاقییەوە سەلمێنراوە. سوودەیل بۆ ڕۆژنامەوانیی لێکۆڵینەوە خێرا دەردەکەون. بەکارهێنانی ئەم ڕێگەیە پێویتی بەڕەچاوکردنی "خۆشی" هەیە لە بەرامبەر "ئازار". ڕەنگە بگوترێ ئەم ڕێگەیە هەر کارێک دەسەلمێنێ، ئەگەر زیان بگاتە یەکێک. بۆ نموونە، ئەخلاقیەن ئاساییە بۆ ستافی تی ڤی بازرگانێکی کەم ئابڕوو بخەنە کەمینەوە، بەڵام ئەمە واتە بەدەستهێنانی زانیاری بەشێوازێکی ناڕاستگۆیانە. ئەو ڕۆژنامەوانانەی دێنەوە لەگەڵ ئەم هەڵوێستەی ئەخلاق زۆرجار خۆیان تۆمەتبار دەکەن بە یاریکردن بەژیانی خەڵکییەوە.

فەیلەسووفانی مۆدێرن جەختە دەکەنە سەر بڕیاری ئەخلاقی وەک هاوسەنگییەکی بەهاکان. پاترسن و ویلکینس مشتومڕیانە لەسەر ئەوەی ناوەڕۆک پرۆسەیەک بۆ بڕیاردان:

بیرکردنەوە لە ئەخلاق تواستێکە هەر کەس دەتوانێ فێری بێ. یەکەم جار پێویستی بەهەندێ دیراسەی باکگراوندی ئەخلاق هەیە... هەر بەشێکی هۆیەلی گەیاندن دوودڵیی ئەخلاقی خۆی هەیە، بیرکردنەوە لە ئەخلاق هەمان شتە، جا نووسین، ڕێکلام یان هەواڵی مردنی یەکێک بێ...

بیرکردنەوە لە ئەخلاق ئەو ئیختیارانە ئاسانتر ناکا، بەڵام، بەپراکتیزکردنی، بڕیاردان لەسەر حاڵەتێکی ئەخلاقی ڕوونتر دەبێ. ئەو دەمە ئەخلاق شتێک نابێ تۆ هەتبێ، بگرە شتێکە دەیکەی.

ئەوە بێنە بەرچاوت کاتێ ئەو کەسەی تۆ دیمانەی دەکەی شتێک بڵێ و پاشان پەشیمان بێتەوە. کێشەی تۆ لێرەوە دەست پێ دەکا، لەبەرئەوەی ئەوەی گوتراوە لە کاتی خۆی بووە، پێوەست و زۆریش بایەخدارە بۆ خوێنەرت. دەزانی نووسیارەکەت زانیارییەکەی دەوێ و دەشزانی کە دیمانییەکەت ئازاری پێ دەگا ئەگەر ئەوەی پەشیمان بووەتەوە لێی بێتە بڵاوکردنەوە. دەتوانی شتە (ڕاست)ەکە بکەیت لە ڕێگەی سەرۆک یان سەرچاوەکەت، بەڵام هەر ڕێگەیەک بگری لەوانەیە هەست بەنامورتاحی بکەی لەبارەی بەرئەنجامەکانی بڕیارەکەت. هۆی ئەوەی هەست بەتاوان دەکەی ئەوەیە دڵسۆزی بەهێزترین پاڵنەری ئەخلاقییە. کاری ڕۆژنامەوان زیاتر بە ململانەی دڵسۆزییەکان دێتە پێناسەکردن. وەک کەسێک تۆ دڵسۆزیی خۆتت هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکی بەڕێز و شکۆمەندییەوە، ڕاستگۆ و کراوە بێت و ئازاری کەس نەدەی. دڵسۆزیی پرۆفێشناڵیش هەیە: نووسینێکی باش، ئەوەی خوێنەر دەیەوێ پێی بدەی، ببیتە ڕۆژنامەوانێکی باشتر، بۆ کەسێکی بچووک هەڵسیتەوە، جیهان بکەیت بەشوێنێکی باشتر. دوای ئەوە دڵسۆزی هەیە بۆ بەڕێوەبەر: کارەکان لە کاتی خۆیاندا تەواو بکەیت، بەرهەمهێنانی نووسینێک بەکەڵک و بەدڵ و ویستی بەڕێوەبەرەکە کار بکەی. لە کۆتاییدا، دڵسۆزییەکان بەرامبەر میدیا و ئەرکەیلی ڕەچاو دەکەی بۆ برەودان بە ئازادیی قسە، گوتنی ڕاستی، ببی بەدەنگ و ئاوێنەیەک بۆ کۆمەڵگە. لایەنێکی هەر بڕیارێکی ئەخلاقی، هەر دەم تووشی ڕۆژنامەنووس دەبێ و لێی قوتار نابێ، ئەوەیە قەت هەلی ئەوەی نییە و ناتوانێ پابەند بێ بەیەک شتەوە. کاتێ دێتە سەر بڕیاردان، دەرچەکان هەمووی دادەخرێن. تەنانەت بڕیاری ئەوەی هیچ نەکەی ئاکامەیلی هەیە. هەندێ ڕۆژنامەوان دەڵێن نووسیارانیان بڕیار دەدەن، نەک خۆیان، بۆیە ئەخلاقی تاکی ڕۆژنامەکە پێوەندیی بەبڕیاری نووسیارانەوە نییە.

بەڵی، نووسیارەکە دەیەوێ تۆ ئەم کارە بکەی. بەڵێ، تۆ لە پێگەیەک دایت دەسەڵاتت کەمە. بەڵێ، ئەگەر تۆ نەیکەی، کەسانی تر هەن بێ سێ و دوو دەیکەن. بەڵێ، هەموو شتێک پاڵت پێوە دەنێ بۆ کارەکە و هەواڵەکەش گرینگە. بەڵام ڕێگەیەک هەیە جەخت

دەکاتە سەر بڕیاردان و دەپرسێ: چۆن بەسەر ئەو هەموو پاڵەپەستۆیە دەکەوی؟ چۆن شتە ئەخلاقییەکە دەکەیت و زیان بۆ سەر پیشەکەت کەم دەکەیەوە؟ ئەگەر نەتوانی ئەو چیرۆکە ئەخلاقیەن بنووسی کە نووسیارەکەت دەیەوێ، ئەی دەتوانی چ چیرۆکێک بنووسی؟ باشە تۆ مرۆڤی و لاوازی لە بڕیاردانی هەڵبژاردنی راستەکە، بەڵام ئەوە لاوازی و دوودڵی قبووڵ ناکا.

## هەڵبژاردنی هەواڵ لە کاردا

لە کاتێکدا رۆژنامەوان هەردەم تەنیا نییە لە بڕیاردان لەوەی چی بەچاوی خەڵک دەگا و ناگا، هەردەم پێوەرێکی کۆنترۆلیان هەیە بۆ ئەو زانیارییەی دابینی دەکەن. سیناریۆکەی سەرەتای ئەم بەشە بێنە بەرچاوت. وەک پەیامنێرێکی دادگە، ئەوەی لەسەرتە داپۆشینی کۆبوونەوەکانی دادگەیە. ئەگەر نووسیارەکەت لە کەیسێک ئاگەدار نەکەیەوە، بەرەنجام ئەوەیە چیرۆکەکە نایەتە بڵاوکردنەوە، مەگەر میدیای تر لەوێ بن. ئەمە دەسەڵاتێکی زۆرە، بۆیە تۆ پێویستت بە سیستەمێکە بۆ دانی بڕیاری دادوەرانە و پشتپێبەستراو. بۆک دەڵێ بڕیاری ئەم خلاقیی پرۆفێشناڵ هەردەم لە دەوری دوو پرسیار دەخولێتەوە: "ئەرکەیلی من چییە و بۆ کێن؟" و "کام بەها لە ئەرکەیلی من رەنگ دەداتەوە؟"

تەواوی سیناریۆکە بێنە بەرچاوت. تۆ دانیشتنی هەفتانەی دادگەلی لۆکال دادەپۆشی، رۆژنامەکەت هەواڵەیلی دادگە بڵاو دەکاتەوە. سیاسەتی رۆژنامەکەت ئەوەیە ناو دێتە وەشاندن بێ ترس و بێ لایەنگیری. سیاسەتی لەم جۆرەی رۆژنامە ئاساییە، بەتایبەتی لە میدیای هەرێمی تێیدا رووداوی رۆژانە بەشێک لە ناوەڕۆکی رۆژنامە. زۆرجار خوێنەر حەزی لەوەیە بزانێ ژیانی کەسایەتیی تایبەت چۆنە. لەوانەیە نووسیارەکە باوەڕی وابێ خەڵک حەزی لە راپۆرتی ناو دادگەیە. لەوانەیە بڵێ خەڵک پێویستە بزانێ ئەگەر مامۆستایەکی قوتابخانە زۆر بخواتەوە، لەبەرئەوەی دەتوانێ کار لە پیشەکەی یان رەفتاری بکات. زانیاری لەبارەی فیتەری گەرەگ گوایە زۆر لە ژنەکەی دەدا هەواڵێکە پێوەندیی بەخەڵکەکە هەیە، لەبەرئەوەی موشتەرییەکانی پێویستیان بەوەیە بزانن ئەگەر سروشتیی وەستاکە توندوتیژە.

وەک پەیامنێری دادگە، بڕیار دەدەی چی دەیان جار بڵاو بێتەوە و نەبێتەوە لە رۆژێکی دادگەدا. لەو بەیانییە تایبەتەدا، دەتاسێیی کاتێ ژنی قایمقام لە دادگە دەبینی. دەپرسی و پێ دەکەوی کە تۆمەتبارە بەدزینی شت لە سوپەرمارکێت. باش ئاگات لە پرۆفایلی ژنی قایمقام هەیە و دەزانی بۆ ئەم رەفتارە نائاساییەی کردووە. تۆ خۆشت لەوانەیە حەز بکەی بزانی بۆچی ژنێکی بەڕێزی ئاوا تاوانێکی لەم جۆرەی کردووە. بەڵگە ئەوەیە راوێژکاری ژنەکە بەدادگە دەڵێ ئەو نەخۆشیی ئەقڵی هەیە و ئەو دەمەی ئەو کارەی کردووە دەرمانی خوارد بوو. سەردۆزگەری گشتی ئەمە پەسەند دەکا، ژنەکەش دەتاسێ کاتێ شتی دزیاری بەسەردا ساخ بووەتەوە. دادوەر کەیسەکە وەردەگرێ،

بەڵام نایگرێ لەسەر بنچینەی ئەوەی کە لە حاڵەتی دزینەکە تەندروستی باش نەبووە و پێشتر تەنێ سیفەتی باشی کردووە.

## پێناسەکردنی بەرژەوەندیی گشتی

هەندێ جار یارمەتیدانی خەڵکێکی زۆر بەشێوەیەکی کاریگەر واتە تێکوپێکشاندنی ئەوانی تر. ئاخۆ ئەوەی رووی دا لە کەیسی بەردەم دادوەر تۆمار دەکەی؟ ئاخۆ گۆتنی ئەم کەیسە کارێکی باشە؟ گرتنی ژنەکە هیچ پێوەندییەکی بەوانی ترەوە هەیە تا بیزانن؟ ئاخۆ فاکتی ئەوەی ژنەکە لە شوێنێکی گشتییە کار دەکاتە سەر بڕیارەکەت؟ ئاخۆ خەڵک مافی پرایڤەسی زیاتر لە ماڵ لە شوێنێکی گشتی؟ لەوانەیە رای تۆ ئەوە بێ ژنی قایمقام دەستی لە پرایڤەسی خۆی هەڵگرتبێ کاتێ چالاکییەکانی کەوتە بەر دیدی پۆلیس. بێنە بەرچاوت چەند کەسی تر ئەو رۆژە بەتۆمەتی دزین لە دوکان هاتوونەتە گرتن. ئاخۆ کەس هەیە مافی پرایڤەسی لە کەسی تر زیاتر بێ؟ بۆ هەڵسەنگاندنی ئەمە، دەبێ رەچاوی کاریگەریی رێژەیی بڵاوکردنەوە بکەی. ئاخۆ لەبەرئەوەی ژنی قایمقامە بۆیە شەرمی زیاتر لە دادگە بێ، بۆ خەڵکی تریش وایە؟ بۆچی؟ ئاخۆ مێژووی کارەیلی باشی ژنەکە مافی ئەوەی دەداتێ لەم حاڵەتە تایبەت بێ و بەسەریدا تێپەڕێ؟ ئاخۆ لەبەر پێگەکەیەتی رەفتاری باشی لێ دێتە چاوەڕێکردن؟

ئاخۆ بیرت بۆ ئەوە دەچێ چیرۆکەکە رەش بکەیتەوە ئەگەر ژنەکە هۆیەکی باشی هەبێ؟ لەلایەک، هیچ گرتنێک تۆمار نەکرا لە دژی ژنەکە، بەڵام لەلایەکی ترەوە، ئەمە دژی بەرپرسیارەتیی پرۆفێشناڵیت دەوەستێتەوە لەبەرئەوەی ئەگەر هەواڵەکە نەکەی ئەوا ئەرکی خۆتت بەجێ نەگەیاندووە کە پابەندبوونە بە سیاسەتی رۆژنامەکەت. لە بەرپرسیارەتیی خۆت خۆش دەبی بۆ ئەوەی ئازاری کەس نەدەیت و بۆ هاوکارانت لە رۆژنامە بەجێی بێڵی تا ئەوان بڕیاری لەسەر بدەن؟ لەسەر چ بنچینەیەک دەڵێی ئەم هۆیە هۆیەکی ماقووڵە و چیرۆکەکە بڵاو ناکەیتەوە؟ ئاخۆ هەموو کەیسێک بەو روبەیە دەپێورێت یان ئەوەتا دەبێ تای ئازار لەگەڵ تای کردنی کارەکە هاوسەنگ بن؟

ئاخۆ بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکە لە بەرژەوەندیی گشتیدایە؟ لەوانەیە بڵێی ئەوانی تریش وەک تۆ حەزیان لێیە بزانن گرتنەکەی چی لێهاتەوە. لەوانەیە بڵێی خەڵک تازە دەنگۆکانی بیستووە و پێویستە راستییەکە بڵاو بکرێتەوە. ئاخۆ حەز بۆ زانین و مافی زانین وەک یەکن؟ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە چ خزمەتێک بەبەرژەوەندیی گشتی دەکا؟ خەڵک پێویستە بیزانێ؟ زانینی ئەمە یارمەتییان دەدا ئەرکەیلی رۆژانەیان وەک هاووڵاتی باشتر بکەن؟ بڵاوکردنەوەی هەواڵکە چ مەرامێک دەپێکێت؟ بەپێی دڵسۆزییەکانت، لەوانەیە بڕیار بدەی کە نەگبەتیی ئەم ژنە پێوەندی بەکەسەوە نەبێ و بیشارێتەوە، یان لەوانەیە بڕیار بدەی کە خەڵک مافیانە هەر شتێک بزانن کە بەئاشکرا روو دەدەن.

پێش ئەوەی بتوانی بڕیار بدەی دەبێ بزانی تا چ رادەیەک رۆلی گشتیی قایمقام بەهای هەواڵی هەیە. ئاخۆ ژنی قایمقام کەسایەتییەکی گشتییە؟ پێناسەی یاسایی کەسایەتیی گشتی لە دنیا بەپێی شوێن دەگۆڕێ. لە هەندێ وڵاتدا یەکێک دەبێ مووچە وەرگرێ بەرامبەر رۆڵێکی گشتی ئەوجا پێی دەگۆترێ کەسایەتیی گشتی. لە کۆمەڵگەی تردا هەر کەسێک پۆستێک یان ئیمتیازێکی هەبێ و میدیا چالاکییەکانی داپۆشێ پێی دەگۆترێ کەسایەتیی گشتی. بەم پێیە، وەرزشوانەیلی پرۆفێشناڵی سەرکەوتوو کەسایەتیی گشیت، لەبەرئەوەی بەشێکی کۆمەڵگە پێیان سەرسامن.

لە هەڵسەنگاندنی بەرژەوەندیی گشتی لەم کەیسەدا دەبێ ڕەچاوی باجدەران بکەی کە لەوانەیە لە رووی سیاسییەوە بۆچوونێکی تری لەسەر قامیقام هەبێ. رەنگە باجدەران رایان لەسەر قایمقام و ژنەکەی باش نەبێ. ئاخۆ دادوەرانەیە ئەگەر قایمقام تێوەگلێنییە پرسی ژنەکەی؟ ئاخۆ سنوورێک یا رێگەیەک هەیە قایمقام لە پرسی ژنەکەی بەدوور بگرێ؟ لە ئوستراليا كەيسێكی بەناوبانگی پرایڤەسی هەیە پێی دەگۆترێ ئیتینگهۆسن بەرامبەر کۆواری ئێچ کیو لە ١٩٩٥ ئیتینگهۆسن یاریزانێکی دیاری تۆپی پێیە. کۆواری ئێچ کیو وێنەیەکی بڵاو دەکاتەوە دوای ئەوەی پاش تەواوبوونی یارییەک لە گەرماو وێنەکەی دێتە گرتن. شکاتی لە کۆوارەکە کرد و پارەیەکی ئێجگار زۆری وەرگرت. یاریزانەکە گوتی وێنەکە پێشێلی پرایڤەسی منی کردووە، لەبەرئەوەی بەشێکی گەروگونی لە وێنەکەدا دیارە، هەروەها ئاگای لێ نەبووە کە وێنەیان گرتووە. کۆوارەکە گوتی وێنەکە لەلایەن یەکێکەوە گیراوە کە بەمۆڵەت لەوێ بووە. هەروەها گوتی وێنەکە وێنەیەکی پۆرنۆ (رووت) نەبووە و یاریزانەکەش لە زۆربەی وینەکانی پێشوویدا هەر زۆر لەشی دیارە. لە بڕیاری دادگەدا بەدیار دەکەێ کە یاریزانەکە دەسەڵاتی لەوێدایە کە دەتوانێ بڵێ چی بەشێکی لەشی تایبەت، بەواتایەکی تر، هەردەم سنوورێک هەیە لە رۆڵی گشتیی کەسێک.

کاتێ گفتوگۆ لەگەڵ خۆتدا دەکەی لەبارەی نووسینی هەواڵی ژنی قایمقام یان نا، بپرسە "چی بکەم ئەگەر ژنەکە کەس نەیناسێ؟ ئەگەر پێت وابێ یەکێکی ئاسایی شتێک بدزێ و هەواڵ نییە، ئەوا بڵاوکردنەوەی دزییەکەی ژنی قایمقام راستەوخۆ تاوانبارکردن و لێدانی قایمقامە. ئەگەر نەتەوێ بڵاوی بکەیەوە لەبەرئەوەی زیان بە ژنی قایمقام دەگەیەنێت، دەبێ بیرت نەچێ ئەگەر یەکێکی تر بووایە هەواڵەکەت دەشاردەوە. ئەمە بڵاو ناکەیەوە لەبەرئەوەی ژنی قایمقامە؟

## دانی بڕیاری ئەخلاقی

بۆک باسی سێ هەنگاو دەکا بۆ بڕیاردان. هەست بەچی دەکەی لەبارەی ئەو شتەی دەتەوێ بیکەی؟ هەستت چۆن دەبوو ئەگەر تۆ ژنی قایمقام بای؟ رەنگە دڵت بە ژنەکە بسووتێ، یان هەر پێی نەسووتێ، ئەمە دەوەستێتە سەر ئەزموونی پێشووی خۆت. رەنگە ئەوەت بیر بکەوێتەوە هەموو ئەو کەسانەی پێشتر داوایان لێ کردووی ناویان بڵاو نەکەیتەوە، کەچی تۆ رەتت کردووەتەوە. لەوانەیە هیچ رایەکت نەبێ لەبارەی ژنەکە یان مێردەکەی، بەڵام قایمقامت بەیارییەکی دادوەرانە

دێته پێش چاو لەبەر پێگەکەی. کاتێ بەهەواڵەکەت زانی، بۆچی مامەڵەت لەگەڵ ئەو ژنە جیاواز بوو لەچاو هەموو ئەو ژنانەی تری ناو دادگە؟

## ڕێچکەی بۆک بۆ بڕیاردان

١- ڕاوێژ بەویژدانت بکە. هەست بەچی دەکەی لەبارەی کارەکە؟

٢- ڕێگەیەکی تر هەیە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکەت بێ ئەوەی ئەم کارە بکەی؟

٣- گفتوگۆ لەناو ناخی خۆتدا بکە لەگەڵ هەموو لایەنەکان، بپرسە "چۆن بڕیارەکەم کار لەوانی تر دەکا؟"

پاشان دەبێ لە خۆت بپرسی "ئاخۆ ریگەیەکی تر هەیە بگەم بەئامانجم (بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە) بێئەوەی زیان بەکەس بگەیەنم؟" لەم سیناریۆ تایبەتەدا، ئەو ڕێگەیە واتە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە، بەڵام بێ ناوهێنان. ئاخۆ خوارکردنەوە نییە بۆ کەسێکی دەسەڵاتدار لە کۆمەڵگە؟ هیچ بڵاو ناکەیەوە؟ ئەی مافی پاریڤەسی تاک چی؟ تۆ دەسەڵاتت هەیە بڕیار بدەی ئەگەر ژنی قایمقام بەدەر بێ لە سیاسەتی بەڕێوەبەرەکەت، لەبەرئەوەی ئەگەر هەواڵەکە نەنووسی ئەوا نایەتە بڵاوکردنەوە. ئەگەر پرایڤەسی لە پێش هەموو شتێک دانێی، ئاخۆ ئەو کاتە ئەرکی خۆتت بەجێ گەیاندووە بەرامبەر بەخوێنەرانت؟ ئەگەر یەکێک لە نووسیارەکان لێت تووڕە بوو چۆن پاساو دەهێنیتەوە لەسەر نەنووسینی؟ بڵاونەکردنەوەی هەواڵەکە زیان بەکەس دەگەیەنێت؟ لەوانەیە ئەو ڕۆژە میدیای تر ئامادە بن. ئاخۆ بڕیارەیلی ڕۆژنامەوانانی تر کار لە بڕیارەکەی تۆ دەکەن؟ ئاخۆ ڕۆژنامەکەی تۆ بەخزمێنە تۆمەتبار دەکرێ ئەگەر تۆ هەواڵەکە نەنووسی؟

دواهەمین گفتوگۆ لەگەڵ خۆتی دەکەی بەوە دەست پێ دەکات "چۆن هەر بڕیارێک کار لەوانی تر دەکا؟ لەم کەیسەدا، سەرۆکت لەوانەیە بڵێ "دزی لەلایەن ژنی قایمقام" هەواڵە و لەوانەیە هەواڵەکە لە لاپەڕە ٢١ بگوازنەوە بۆ لاپەڕە ٣ لەوانەیە خوێنەر لە بێتاقەتی و ڕۆتینی ڕۆژانەی چێژ لەوە وەربگرێ شت بزانێ لەبارەی هەواڵێکی ئاوا لەسەر بەرپرسان. لەوانەیە قایمقام بیر لە پیشەکەی و ئەو زیانەی پێی دەکەوێ بکاتەوە. لەوانەیە بڵێ ناوداری نادادوەرانەیە، باشە ڕەفتاری ژنەکەم چ پێوەندی بە کارەکەمەوە هەیە. لەوانەیە پارێزگاری لە ژنەکەی و پیشەکەی بکات.

ژنەکە خۆی نایەوێ ڕەفتارەکەی بڵاو بکرێتەوە، بەڵام لەوانەشە ئەو خەڵکەی ئەو ڕۆژە لە دادگەن ئەوانیش نەیانەوێ. ئاخۆ چاکەکانی لە بەرژەوەندیی دەبێ و تۆزێک لە سووکایەتییەکەی کەم دەکاتەوە؟ تۆ وەک ڕۆژنامەنووس دەسەڵاتت بەکار دێنی بۆ کپکردنی هەواڵەکە؟ چۆن بڕیار دەدەی کێ باشە و دەبێ بێتە پاراستن؟ لەلایەکی ترەوە، هەر چۆنێک بێ زۆربەی خەڵک گوێی لە ڕووداوەکە بووە. شارۆکەیەکی بچووکە و ئەوەی بایەخ بەو شتانە بدا دەزانێ، کەواتە چ زیانێک دەگەیەنێ؟ خوێنەر لەوانەیە بەشاردنەوە تۆمەتبارت بکەن ئەگەر هیچ نەنووسی، وەک پرۆفێشناڵێک دەتوانی ئەو خۆت لەو مەترسییە بدەی؟

بلاک و ستیل و بارنی ١٠ پرسیار پێشکێش دەکەن بۆ ڕێنوێنیکردنی ڕۆژنامەوان لە پرۆسەی بڕیارداندا. بەبەکارهێنانی ڕێچکەی ئەوان یەکەم جار پرسیار لە خۆت دەکەی چی دەزانی و پێویستی چی بزانی. لەم کەیسەدا، تۆ دەزانی ئەو پرسانەی لە دادگە دێنە تاوتوێکردن لە تۆماری گشتیدان و یاساییە بیانکەیت بەهەواڵ. دواتر، ڕەچاوی مەبەستی ڕۆژنامەوانیت دەکەی. لە ئاستێکدا، لەسەر شانتە ڕاستی بڵێی. ئەوەشت لەسەر شانە کە کەمترین زیان بەوانی تر بگەیەنی لەو کارەی دەیکەی. شیمانەی ئابڕووچوونی ژنەکە خۆی یان مێردەکەی بەهۆی ئاشکرابوونی دزییەکە نکووڵی لێ ناکرێ. لەوانەشە ڕۆژنامەکە بڕووشێ ئەگەر کێشەیلی ژنەکە زەق بکرێتەوە، ئاخۆ تای ڕاستی گۆتن بەسەر تای زیان نەگەیاندن بەکەس دەکەوێ؟

## ١٠ پرسیارەکەی بلاک و ستیل و بارنی

١- چی دەزانم؟ پێویستە چی بزانم؟

٢- مەبەستی ڕۆژنامەوانیم چییە؟

٣- بایەخە ئەخلاقییەکانم چین؟

٤- ڕەچاوی کام سیاسەتی ڕێکخراوەیی و ڕێنوێنیی پرۆفێشناڵ بکەم؟

٥- چۆن بتوانم خەڵکانی تر بە تێڕوانینی جیاواز و بیرۆکەی فرە بخەمە ناو پرۆسەی بڕیاردان؟

٦- لایەنەکان کێن، ئەوانەی بڕیاری من کاریان لێ دەکا؟ پاڵنەریان چین؟ کامیان ڕەوان؟

٧- چی دەبێ ئەگەر ڕۆڵەکان ئاوەژوو بکرێنەوە؟ هەست بەچی دەکەم ئەگەر من لە شوێنی ئەوانی تر بام؟

٨- بەرەنجامەکانی تری کارەکەم چین؟ ماوە کورت؟ ماوە درێژ؟

٩- جێگرەوەکانم چین بۆ زیادکردنی بەرپرسیارەتیی ڕاستی گۆتنم و کەمکردنەوەی زیان؟

١٠- دەتوانم بەتەواوی و بەڕوونی بیرکردنەوە و بڕیارەکەم بسەلمێنم؟ بۆ هاوەڵەکانم؟ بۆ لایەنەکان؟ بۆ خەڵک؟

هەروەها ڕەچاوی بنەواکانی کۆدی ئەخلاقی ڕۆژنامەوانەیل بکە، ئەوانی پێوەندییان بەتۆوە هەیە. کۆدەکان چییان پێیە بۆ دەرچەیەکی نوێ، نووسینی هەواڵ لەبارەی ئەوانەی نەخۆشیی ئەقڵییان هەیە؟ لەبارەی کەسانی لاواز و پەرپووت؟ سیاسەتی بەڕێوەبەرەکت چییە لەسەر ئەم پرسانە؟ لەم کەیسەدا، ڕۆژنامە عادەتەن بەگشتی ئەو پرسانە دادەپۆشێ کە دەچنە بەردەم دادگە.

پاشان، بزانە تێڕوانینەکانی تر بڕیارەکە چین. پێت وایە هۆیەک هەیە بۆ شاردنەوەی هەواڵی ئەو ژنە؟ چۆن ئەو هۆیە بۆ نووسیارەکەت باس دەکەی؟ کێی تر هەیە پرسی پێ بکەی پێش ئەوەی لەگەڵ نووسیارەکەت قسە بکەی؟

بلاک و ستیل و بارنی پێشنیازت بۆ دەکەن پاشان ڕەچاوی پاڵنەری لایەنەکان بکەی. لایەنەکانی

ئەم کەیسە ئەمانەن: ژنەکە و مێردەکەی کە قایمقامە، خوێنەر، دادگە و ڕۆژنامەکە. ڕەنگە بڵێی ژنی قایمقام قەت خۆزگەی نەدەخواست ئەو شتە ڕووی دابا، مێردەکەشی بەهەمان شێوە کە ڕەنگە لە لەکەداربوونی شۆرتی سیاسی بترسێ. لەوانەیە خوێنەر ئارەزووێکی باشی هەبێ بۆ دەنگوباسی ناو دادگە، بەڵام ئاخۆ پاڵنەری خوێنەر ئەوەیە زیاتر و باشتر بزانێ؟ لەوانەیە ڕۆژنامەکە بەیەکسانی و بەردەوام کەیسەکانی ناو دادگە داپۆشێ، بەڵام ئاخۆ ئەو بەهایە پاساوە بۆ زیانگەیاندن؟ لە خۆت بپرسە هەستت بەچی دەکەی ئەگەر لە شوێنی یەکێک لە لایەنەکانی ئەم کەیسە بووای. ئەگەر تۆ نەخۆشیی ئەقڵیت هەبووایە و ئەم کەیسەی تۆ هاتبا بەردەمی دادگە، بێگومان نەتدەویست خەڵک بیزانێ. لەوانەیە زۆر خۆت دەپاراست. وەک خوێنەر بیر بکەوە، هەستت دەکرد بێبەش کرای لە دەنگوباسێکی وا؟ تووڕە دەبووی لە ڕۆژنامەکە ئەگەر دوای خوێندنەوەی هەواڵەکە دڵت بەژنەکە سووتابا.

ڕەچاوی بەرەنجامەکان بکە. بەرەنجامی ماوە کورت، هەواڵەکەی تۆ نەخۆشیی ژنی قایمقام زەق دەکاتەوە و سەرنجی خەڵک ڕادەکێشی ژنەکە چی بەسەر هاتووە. ماوە درێژ، لەوانەیە خەڵک هۆشیار بکەیەوە لەوەی کە نەخۆشیی ئەقڵی تووشی چیت دەکا لە کۆمەڵگە. بەڵام، لەوانەیە ڕۆژنامەکە متمانە لە دەست بدا ئەگەر خوێنەر گلەیی کرد لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە. ئەی باشە جێگرەوەکانت (بەدیل) چین؟ ئاخۆ ڕێگەیەکی تر هەیە بۆ گۆتنی چیرۆکەکە و زیانەکە کەم بکەیتەوە؟ لەوانەیە بڵێی هەواڵەکە بڵاو دەکەیەوە بێ ناوهێنان، بەڵام ئاخۆ هەمانی بەهای دەبێ؟ لەم کەیسەدا، لەوانەیە بڵێی نووسینی هەواڵەکە بەهەموو لایەن و فاکتەکانییەوە دەبێتە هۆی خوێنەر کەمتر گاڵتە بەژنەکە بکەن. لە کۆتاییدا، دەبێ بپرسی "چۆن بڕیارەکەم بۆ لایەنەکانی کەیسەکە دەسەلمێنم؟" ئەگەر بنەوا ئەخلاقییەکان وەک ڕێبەرێک بەکاربێنی و بتوانی بەهاکان لە پرۆسەی بڕیاردان ڕەچاو بکەی، ئەوا دەتوانی ئەخلاقیەن بەرگری لە بڕیارەکەت بکەی تەنانەت ئەگەر خەڵکیش گلەییان کرد.

ڕێچکەیەکی تر بۆ دانی بڕیارێکی ئەخلاقی لە ڕۆژنامەوانی بریتییە لە خشتەکەی پۆتر، بەناوی پۆتەر کراوە کە ئایناسێکە و دایناوە. خشتەکە ئەو بنەوا و بەهایانە بەکار دێنی کە لەلایەن فەیلەسووفانی وەک ئەرستۆ، کانت و جۆن ستیوارت میلەوە پێناسە کراون. بەپێی خشتەی پۆتەر، دەبێ یەکەم جار بەوە دەست پێ بکەی "فاکتەکان چین؟" لە کەیسی سیناریۆکەی سەرەتای ئەم بەشە، فاکتەکان ئەوانەن تۆ ڕۆژنامەوانی و ئەرکی پرۆفێشناڵیتە هەواڵ لەبارەی پرسەکانی دادگەی لۆکال ئامادە بکەی. بەهای بەڕێوەبەرەکەت بۆ هەواڵ ئەوەیە ئەو هەواڵە باشە کە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشی. دەزانی خەڵک حەزیان لەو هەواڵە دەبێ. هیچ نیازێکی خراپت نییە لە بەدواداچوونی ئەم هەواڵە، لەگەڵ ئەوەش، ڕاپۆرتی دادوەرانە و ورد لەبارەی چالاکەیلی دادگە بەپێی یاسا دەپارێزرێ. بێ لەمەش، تۆمەتەکە دەچێتە تۆماری گشتی، بەڵام ئایا تۆ هەواڵەکە دەگەیەنی بەخەڵکێکی زیاتر؟

### خشتەی پۆتەر

١- فاکتەکان چین؟

٢- بەڕای تۆ کام بەها دەچێتە پێش بەهاکانی تر؟

٣- ڕەچاوی بنەواکانت بکە؟

٤- کام دڵسۆزی لای تۆ بەهای هەیە.

لە خۆت بپرسە "کامە بەها لە پێش بەهاکانی ترە لەم سیناریۆیە؟" بەهای گۆتنی ڕاستی دەسەپێنی بەسەر بەهای پرایڤەسی تاک؟ ئاخۆ بیرۆکەی دادوەری گرینگترە لە یاساکان؟ لە رووی پرۆفێشناڵییەوە سۆزیار یان بەردەوام بیت باشترە؟ ئاخۆ حەزی خوێنەر هەموو دەم لە بابەتی هەواڵەکە گرینگترە؟ ئاخۆ بەهای نووسینی هەواڵێکی پرۆفێشناڵانە دەسەپێنی بەسەر ئەرکەیلی کۆمەڵایەتی؟ لەم کەیسەدا، ڕەنگە بڕیار بدەی وێڕای ڕەچاوکردنی بەهای ڕاستیگۆتن، تۆ ڕەچاوی بەهای دادوەریش دەکەی، کەواتە بەرژەوەندیی گشتی بەهۆی ڕاستیگۆتن لێرە نایەتە خزمەتکردن.

ئێستە ڕەچاوی بنەوا ئەخلاقییەکان بکە. بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە خزمەتی چی دەکا؟ زیان بەکەس دەگات؟ گۆتنی ڕاستییەکە چاکەیەکی گەورەترە؟ چ چاکەیەکی هەیە؟ چۆن لایەنەیلی چاکی زیاترن لە زیانەیلی؟ پاڵنەری سەرەکیی تۆ چییە؟ ئاخۆ پێشخستنی پیشەکەتە وەک ڕۆژنامەوان؟ زەقکردنەوەی پرسێکی کۆمەڵایەتییە؟ یەکسان بڵاوکردنەوەی هەموو هەواڵێکە؟ ئەگەر بڕیار بدەی پاڵنەری ئەخلاقیت پێت دەڵێ دەبێ بەیەک چاو مامەڵە لەگەڵ هەموو کەسێک بکەی، کەواتە کارێکی ئەخلاقییە هەواڵەکە بڵاو بکەیەوە. دەتوانی بڵێی ژنی قایمقام بەرپرسیارە لە بەرەنجامەیلی کارەکانی و تۆش هیچ ناکەی جگە لە بەجێگەیاندنی دەکرت وەک ڕۆژنامەوانێکی پرۆفێشناڵ. بۆ ئەوەی بڕیارێک بدەی، دەبێ پلە بۆ دڵسۆزییەکان دابنێیت دوای ڕەچاوکردنی هەموو ئەو بەهایانەی تا ئێستە حوکمت لەسەر داون. لەم کەیسەدا، دەبێ ئەم دڵسۆزییانە بخەیتە سەر تەرازوو: دڵسۆزیی ڕاستیگۆتن، ئاگەدارکردنەوەی کۆمەڵگە، پاراستنی پرایڤەسی، نووسینی چیرۆکێکی باش، ببیتە ڕۆژنامەوانێکی سەرکەوتووتر، سۆزیار بیت و دەنگ نەکەی. ئاخۆ چیرۆکی ژنی قایمقام دەنووسی؟

شتێک یەقینە: تۆ ناتوانی هیچ بڕیارێک نەدەی. هەندێ ڕۆژنامەوان ئەم جۆرە دوودڵییانە بەکارێکی زەحمەت دەزانن و هەوڵ دەدەن بەرپرسیارەتییەکە بخەنە ئەستۆی ئەوانی تر. ڕۆژنامەوانێکی ئاوا چیرۆکەکە دەنووسێ و بەجێ دێڵێ بۆ یەکێکی تر بڕیاری بڵاوکردنەوەی بدا. تەنانەت ئەو ڕۆژنامەوانەش، کە کڵاوی خۆی دەگرێ با نەیبا، بڕیار دەدا جەخت بکاتە سەر کام گۆشە لە کاتی نووسینی چیرۆکەکە، ئەو بڕیار دەدا کامە شت بنووسێ و چی بەخوێنەر بڵێ. هیچ تاکێکی ڕۆژنامەوان ناتوانێ قوتاری بێ لە دەرەنجامەیلی ئیختیارەکانی هەواڵ. چۆن دەیسەلمێنی و چۆن بڕیار دەدەی کام لایەنی هەواڵەکە بەبڕیارەکەی تۆ خەمناک دەبێ؟ پێویستت بە پرۆسەیەکە بۆ

هەڵسەنگاندنی بڕیارەکانت، لەبەرئەوەی پرۆسەیەک، سیستەمێک وات لێ دەکا بەهاکان، دڵسۆزی و بنەواکانت بۆ هەموو هەواڵ و هەموو باروودۆخێک جێبەجێ بکەی. بەم شێوەیە، بڕیارەکەت دادوەرانە دەبێ بۆ هەڵبژاردنی هەواڵ.

## خشتەی هەڵبژاردنی هەواڵ لە کاردا

کاری تۆ ئەوەیە دانیشتنی هەفتانەی دادگەی لۆکال داپۆشی، هەواڵەیلی دادگەش لە ڕۆژنامەکە دێتە وەشاندن. سیاسەتی ڕۆژنامەکەت ئەوەیە کەیسەیل دێنە وەشاندن بێ ترس و بێ ئەملا و ئەولا. لەم بەیانییە تایبەتەدا، دەتاسێی کاتێ ژنی قایمقام لە دادگە دەبینی. تۆش دەس دەکەی بەپرسیار و پێت دەڵێن کە ئەو تۆمەتبارە بەدزینی شت لە سوپەرمارکێت. پاساوێک هەیە بۆ گۆتنی ئەم کەیسە؟ ئاخۆ دەبێ ژنەکە مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵدا بکرێ؟ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە خزمەتی چ مەبەستێک دەکا؟

↓

ئاخۆ خەڵک ئارەزووی لە زانینی ئەم کەیسە هەیە؟

بۆچی؟ ئاخۆ خەڵک پێویستی بەوەیە ئەمە بزانێ؟ بۆچی؟ ئاخۆ خەڵک مافێکی یاسایی هەیە بۆ زانینی ئەمە؟ ئاخۆ خەڵک مافێکی ئەخلاقی هەیە بۆ زانینی ئەمە؟ لایەنەکانی چیرۆکەکە کێن؟

↓

کارەکتەرەکانی ناو چیرۆکەکە کێن؟

ئاخۆ کەسی گشتی یان تایبەتین؟ پێگەیان جیاوازییەک دروست دەکا بۆ مافی پرایڤەسییان؟

↓

بەرەنجامەیلی بڵاوکردنەوەی ئەم چیرۆکە چین؟

ڕەچاوی لایەنەکانی چیرۆکەکە بکە بە خوێنەرانیشەوە، بزانە چۆن چیرۆکەکە کار لە هەر یەکەیان دەکا؟ کاریگەریەکی ئەرێنی یان نەرێنییە؟

↓

ئاخۆ بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکە زیان بەکەس دەگەیەنێ؟

چۆن؟ پاساو هەیە بۆ زیانەکە؟ بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی دەکا؟ دەبێ هەردەم بەرژەوەندیی گشتی بێتە خزمەتکردن؟

↓

ئەرکەیلی من چین و بەرامبەر بەکێن؟

کام دڵسۆزیی گرینگترینیانە؟

↓

ئاخۆ چیرۆکەکە بەدواداچوون دەهێنێ؟

بۆچی؟

↓

ئەم پرسیارگەلی سەرەوە بەرەو دوو رێمان دەبەن:

رێی یەکەم: بەڵێ. ئەگەر بەڵێ بێ:

فاکتەکان چین؟

تۆ رۆژنامەوانی و رۆژنامەوانیش هەواڵ بڵاو دەکاتەوە؟

خەڵک حەز دەکەن ئەم هەواڵە بزانن؟

هەواڵی دادوەرانە و ورد و راست بەپێی یاسا دێتە پاراستن؟

هەواڵەکە بەپێی خۆی بۆ تۆ هاتووە، تۆ بەنیازێکی خراپ بەدوایدا نەگەڕاوی؟

تۆمەتەکانی پۆلیس تۆماری گشتین؟

↓

کام بەها پێش ئەوانی تر دەکەوێ؟

بەهای راستی پێش پرایڤەسی؟

دادوەری پێش یاسا؟

دەبێ خۆت یەکلا بکەیەوە کام بەها پێش کام دەخەی و کاری لەسەر دەکەی.

↓

کام بنەوای ئەخلاقی لەسەر ئەم چیرۆکە جێبەجێ دەبێ؟

بۆ چاکەی گشتییە؟

کەس زیانی پێ دەگا؟

نووسینی چیرۆکەکە کارێکی ئەخلاقییە؟

رێگەیەکی تر هەیە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکەت؟

ڕەچاوی دڵسۆزییەکانت بکە لە سۆنگەی ئەو بەهایانەی حوکت بەسەردا داون.
کام دڵسۆزی بەهێزترینیانە؟ ڕاستی گۆتن؟ ئاگەدارکردنەوەی کۆمەڵگە؟
پاراستنی پرایڤەسی؟ نووسینی چیرۆکێکی سەرکەوتوو؟
ببیتە ڕۆژنامەوانێکی سەرکەوتووتر؟
ببیتە کەسێکی سۆزیارتر؟

چیرۆکەکە دەنووسی؟
چۆن بەرگری لە بڕیارەکەت دەکەی؟
ئەو پرۆسەیەی تۆ کاری پێ دەکەی دادوەرانە و جێی باوەڕە؟

ڕێی دووەم: نەخێر. ئەگەر نەخێر بێ:
کام بەهات پێش ئەوانی تر خستووە بۆ ئەم بڕیارە؟
پرۆفێشناڵێتی؟ بازرگانی؟ ئەخلاقی؟

بەها کەسانییەکانت کاریان کردووەتە سەر بڕیارەکەت؟
لایەنگیریی ئەرێنی یان نەرێنیت هەبووە بۆ هیچ یەکێ لە لایەنەکانی چیرۆکەکە؟
ئاخۆ هەندێ کەس لە کۆمەڵگە مافی پرایڤەسی زیاتریان هەیە لەچاو ئەوانی تر؟ بۆچی؟ لە کام بارودۆخ؟
چۆن جیاوازیی نێوان ئەخلاق و دڵسۆزیت کردووە بۆ ئەم بڕیارە؟

لەوانەیە بیر بکەیەوە "ئەی نووسیارەکە؟" بەڵام ئەوە تۆیت کۆنترۆڵی وشەکان دەکەی بۆ گۆتنی چیرۆکەکە، ئەو خاڵانەی تۆ جەختیان لەسەر دەکەی، ئەو شێوازەی پێی دەنووسی. نووسیارەکەت کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر ئەو شتەی تۆ دەینووسی، بەڵام هەواڵەکەت بەسەردا ناداتەوە و پێت ناڵێ "ئەمە هەواڵێکە لایەنی ئەخلاقی و بەرپرسیارەتی تێدایە، بۆیە ئێمە شتی وا بڵاو ناکەینەوە."

هەواڵنامەی کتێب

## ئەنجام

هەواڵ پێشکێشی خوێنەر، بینەر یان بیسەر دەکرێ لە ڕێگەی پرۆسەیەک کە ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی کولتووری و کۆمەلایەتییە. چەندان پرۆسەی پرۆفێشناڵی هەن بۆ هەڵبژاردنی هەندێ زانیاری کە گرینگن بۆ گۆتن. هەموو ئەمانە ڕەچاوی بەرژەوەندیی گشتی و تێگەیشتنی میدیا دەکەن بۆ پێدانی خەڵک ئەو زانیارییەی پێویستیان پێیە بۆ بەشداریکردن لە کۆمەڵگە. ئەوانەی دێنە هەڵبژاردن بابەتی نین، بگرە ئەنجامی هاوسەنگکردنی بەهای پرۆفێشناڵی و ئەخلاقی و بازرگانین. لە پێناسەکردنی بەرژەوەندیی گشتیدا، ڕۆژنامەوان دەگەڕێ بۆ هاوسەنگکردنی دەسەلاتیان بۆ دانانی ئەجندا لەبارەی ئەوەی خەڵک بیر لە چی بکاتەوە و ئەرکەیلیان کە نابێ دەسەلاتیان خراپ بەکار بێنن بۆ دەسکەوتی پرۆفێشناڵی یان بازرگانی. سیستمەیلی بڕیاردانی ئەخلاقی، وەک ڕێچکەی بۆک و خشتەی پۆتەر، ناوەندێک دەدەن بە ڕۆژنامەوان ڕەچاوی لایەنەکانی کۆمەڵگە بکەن کاتێ زانیاری بۆ هەواڵ هەڵدەبژێرن.

هەواڵنامەی کتێب

# چۆن ئاینەکان بڵاو دەبنەوە؟

عادل نورەدین

ناوبەناو سەرنجی کۆمەڵێک هەواڵ یان وتار دەدەم، کە ژمارەی ئەو کەسانە بڵاو دەکەنەوە کە چوونەتە سەر ئاینێکی نوێ، بۆ نموونە ئیسلام یان مەسیحی. زۆرجار ئەم ژمارەیەش بە هەزاران یان بە دەیان هەزار کەس دەبێت. و زۆرجاریش ژمارە ٥٠ هەزاریش دەبینین، کە دەڵێن ساڵانە ئەمەندە کەس هاتوونەتە ناو ئەم ئاینە. بەدڵنیاییەوە لە ڕووی ئامارییەوە ژماردنی ئەو کەسانەی کە دەچنە ناو ئاینێکی نوێوە، کارێکی ئاسان نییە، لەبەرئەوەی ئەم ئامارە لەلایەن دەزگایەکی فەرمییەوە نەکراوە و هەموو دانیشتوانیش ناگرێتەوە. زۆرجار ئەم ئامارە لەلایەن کۆمەڵێک لایەنی ئاینییەوە دەکرێت، کە ئەویش زیاتر بۆ خزمەتی پەیامەکەی خۆیەتی. دیارە قەبەکردنی ژمارەکان جۆرێکە لە جۆرەکانی پڕوپاگەندە، کە لایەنێک بەکاری دەهێنێت بۆ ئەوەی بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی بەکاری بهێنێت.

بۆ نموونە هەندێک کۆمپانیا هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی قەبەکردنی ژمارەی فرۆشییەوە، دەیەوێت ئەوە پێشانی خەڵکی بدات، کە بەرهەمەکانی باشن بۆیە فرۆشیان زۆرە. بەهەمان شێوەش پارتە سیاسییەکانیش هەمان شت دەکەن، بەتایبەت پێش کاتی هەڵبژاردنەکان، کاتێک ڕێژەی ڕازیبوونی خەڵکی و پێشبینی هێنانی ژمارەی دەنگی خەڵکی بڵاو دەکەنەوە. کە ئەمەش هەمووی لە خزمەتی سیاسی ئەو پارتەیە.

کەواتە تاچ ئاستێک ئەم ژمارانە جێگەی باوەڕن ؟ بەگشتی ژمارەی ئەو کەسانەی دەچنە ناو ئاینێکی نوێوە، لەلایەن دەزگا ئاینیەکانەوە کۆ دەکرێتەوە، بەتایبەت ئەو دەزگایانەی کە پرۆسەی گۆڕانەکەی تێدا جێبەجێ دەکرێت، وەکو مزگەوت و کڵێسەکان. ئەم ژمارانەش لەچاو خۆیاندا

وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

کەمتر پیشان دەدەرێن، بۆ نموونە خەڵکانێکی زۆر واز لە ئاینەکەی خۆیان دەهێنن و دەچنە ناو ئاینێکی تر، بەبێ ئەوەی خۆیان لە قەرەی دەزگا ئاینییەکانەوە بدەن. لەلایەکی تریشەوە ئەم ژمارانە تەنیا باس لەوانە دەکات، کە هاتوونەتە ناو ئاینەکە، باس لەوانە ناکات کە لە هەمان ئاین دەرچوون.

کەواتە پشتبەستن بەم ژمارانە، بەبێ بوونی تێڕوانێکی گشتگیرانە، وا دەکات کە زانیارییەکی تەواومان نەبێت و ئاماژەیەکی خراپیشمان بە ژمارەی پێڕەوانی ئەو ئاینە دەداتێ. لە هەمان کاتیشدا ئەم ژمارانە زۆرجار دژ بەیەکن، لەبەرئەوەی چوونە ناو ئاینێکی نوێوە، مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو کەسە لە ئاینێکی تر دەرچووە یان بووەتە مولحید (بێ ئاین). بۆ نموونە ئەو مەسیحییەی کە دەبێتە موسڵمان، ناوی وەکو موسڵمانێکی نوێ دەنووسرێت، بەڵام کڵێسەش لەناو لیستی ئاماری خۆیدا ناوی ئەو کەسە ناسڕێتەوە. بەهەمان شێوەش ئەگەر ئەو کەسە موسڵمان بێت و ببێتە مەسیحی.

خاڵێکی تر کە ئەم ئامارانە باسی ناکەن، ئەویش هۆکاری ئەم گۆڕانەیە. ئاخۆ ئەو کەسەی کە واز لە ئاینەکەی خۆی دەهێنێت و دەچێتە ناو ئاینێکی نوێوە، تەنیا لەبەر هۆکارە لاهوتییەکانە ؟ یان لەبەر بوونی هۆکاری کۆمەڵایەتی (بۆ نموونە هاوسەرکاری، یان پلەیەکی کۆمەڵایەتی)، یان لەبەر هۆکاری ئابووری یان لەبەرئەوەی بە زۆری ناچار کراوە کە واز لە ئاینەکەی خۆی بهێنێت، یان لەبەر هۆکاری تر بووە؟.

لێرەدا دەگەینە ئەو بەرئەنجامەی کە ژمارەکان هیچ گرینگییەکیان نییە و ناشتوانین تەنیا پشت بە ژمارەیەکی ڕووت ببەستین، بەبێ بوونی لێکۆڵینەوەیەکی بابەتییانە ناتوانین حوکمی خۆمان لەسەر باشی و خراپیی ئاینەکان بدەین و ناشتوانین بڵێین ئەم ئاینە لەو ئایینەی تر باشترە. جگە لەوەی کە هەموو مرۆڤێک خاوەنی بۆچوون و تێڕوانینی تایبەت بەخۆیەتی بۆ ژیان هەیە، کە ئەمەش وای لێ دەکات کە مەیلی بۆ ئەم ئاین یان ئەو ئاین هەبێت، یان بەتەواوەتی باوەڕی بەهیچ ئایینێک نەبێت. لە ڕووی مێژووییەوە وەرگرتن و چوونە ناو هەر ئاینێکەوە، بەشێوەیەکی ئاشتییانە نەبووە. لە هەمان کاتیشدا لێکۆڵینەوەی لاهوتی و ئیمانی تایبەتیش، تەنیا ڕۆڵێکی ئێجگار بچووکیان لە بڵاوبوونەوەی ئاینەکان گێڕاوە.

لەبەرئەوەی ئەگەر کەسێک پاش ئەوەی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئاینەکانی تر بکات، بچێتە ناو ئاینێکی نوێوە، مانای وایە ئەو کەسە دەتوانێت بخوێنێتەوە و بنووسێت، لە هەمان کاتیشدا دەتوانێت زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەدەبیاتی ئاینەکان بزانێت و پاش ئەوەی لێی دەکۆڵێتەوەو ئینجا بڕیاڕی کۆتاییی خۆی دەدات. ئەویش بەشێوەیەکی ئازاد و بەبێ هیچ ڕێگرێکی یاسایی یان کۆمەڵایەتی، ئاینەکەی خۆی دەگۆڕێت. ئەم حاڵەتەش تەنیا بۆ ڕێژەیەکی ئێجگار کەمی دانیشتوانی سەر زەوەی دەست دەکەوێت. هەتاوەکو ئەمڕۆش ئەم حالەتە بۆ ملیۆنەها کەسی تر ڕێک ناکەوێت.

لەبەرئەوەی جاران نووسین و خوێندنەوە لەلایەن نوخبەی مەلیک و حاشییەکەی یان تەنیا توێژی پیاوانی ئاینی پاوان کرابوو. هەر لە رووی مێژوویشەوە زۆربەی دەوڵەتانی جیهان، ئاین و دەوڵەتیان تێکەولا دەکرد، دەسەلاتی سیاسی بە دەستخۆشی و موبارەکبایی دەسەلاتی ئاینی دەبوو بۆ نموونە لە (میسری کۆن یان ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی یان مەلیکەکانی فرەنسا، کە لەلایەن پاپای فاتیکانەوە دەسەلاتی مەلیکیان پێ دەدرا). کەواتە بۆ ماوەی هەزاران ساڵ، مرۆڤ خاوەنی هیچ جۆرە ئازادییەک نەبوو بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی راستەقینانە لەبارەی ئەو ئاینە بکات، کە دەیەوێت بچێتە ناوی و ئیمانی پێ بهێنێت. دیارە هەتاوەکو ئەمرۆش کۆمەڵێک کۆمەڵگە هەر رێگە نادەن.

دیارە ئازادیی ئاین و خواپەرستی، شتێکی نوێیە، لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆرشی ڕینانسازی ئەوروپایی پەیدا بوو، بەشێوەیەکی تەواوەتیش هەتاوەکو ئیلحاد (بێ باوەڕی) لە سەدەی نوزدەم بلاو نەبووەوە، ئازادی خواپەرستی جێگەی خۆی نەگرت.

کەواتە ئەگەر لێکۆڵینەوەی تایبەتی لەبارەی ئاین، رۆڵێکی هێندە گەورەی لە بلاوبوونەوەی ئاینەکان نەگێرابێت، کەواتە ئاینەکان چۆن بلاو بوونەوە؟

دیارە کۆمەڵێک ئامراز و رێگە هەن، کە بوونەتە هۆی بلاوبوونەوەی ئاین بەتایبەتی و کولتوورەکان بەگشتی (بۆ نموونە زمان) لە جیهاندا.

یەکەم: لە رێگەی شەڕەوە

بێگومان کاتێک نەتەوەیەک نەتەوەیەکی تر داگیر دەکات، بە تۆبزی یان بە رێگەی لەخشتەبردنەوە، ئاینی خۆی بەسەر دەسەپێنێت، ئەمەش زۆرترین و باشترین ئامراز بووە کە بووەتە هۆی بلاوبوونەوەی ئاینە نوێکان. دیارە پەلاماردانە عەسکەرییەکان زیاتر رۆڵیان دەبێت، ئەگەر هاتوو ئاینە هێرشبەرەکە بتوانێت بنکەی سەرەکیی ئاینەکەی بەرامبەری داگیر بکات. هەتاوەکو شاری رۆما کە بنکەی سەرەکیی ئاینی رۆمانی بوو داگیر نەکراو، هەتا ئیمپراتۆری رۆمانی قوستەنتینی یەکەم نەبوو بە مەسیحی، ئاینی مەسیحی بەتەواوەتی لە جیهاندا بلاو نەبووەوە. هەمان شت لە ئیسلامیش دووبارە دەبێتەوە، لەبەرئەوەی بلاوبوونەوەی ئیسلام بەشێوەیەکی سەربازی لە دەرەوەی شەڕی خێڵە عەرەبییەکانەوە، نەیتوانی بە تەواوەتی بلاو بێتەوە، هەتاوەکو مەکەیان داگیر نەکرد، کە ئەو کات مەکە بنکەی سەرەکیی ئاینی بتپەرستیی عەرەبییەکان بووە. لە زۆربەی کاتدا، توێژە ئاینییە سەرکەوتووەکان، بنکەی خۆیان بۆ بنکەی سەرەکیی ئاینە دۆڕاوەکان دەگوێزنەوە، ئەمەش لە کاتی دروستبوونی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بەدی دەکەین، کاتێک قوستەنتینییە کە بنکەی سەرەکی کڵێسای ئەرتەدۆکسی بوو، کرایە پایتەختی ئیمپراتۆرییەتەکە (پاشان ناویان بۆ ئەستانە و ئەستەنبوڵ گۆڕی... وەرگێر).

شەڕ یەکێک بووە لەو ئامرازانەی کە ئاینە سروشتییەکان بەکاریان هێناوە بۆ ئەوەی ئاینەکەیان بڵاو بکەنەوە، باشترین نموونەش ئەو شەڕە فراوانخوازییانەی ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی کۆن بوو، کە بە تۆبزی ئاینی رۆمانی بە سەر نەتەوە ژێرکەوتووەکاندا دەسەپاند.

دووەم: لە ڕێگەی پارەوە

ئەگەر هاتوو کەسێک بە زۆر باوەڕی بە ئاینەکە کرد، ئەوا لەخشتەبردن لە ڕێگەی پارەوە باشترین ڕێگایە. دیارە ئامرازی پارە تەنیا مەبەستمان ئەوە نییە کە راستەوخۆ پارە بدرێتە ئەو کەسە تا ئاینەکەی خۆی بگۆڕێت، بگرە لە ڕێگەی سەپاندنی چەندان یاساگەلی زۆرەوە، کە مافی زیاتر لەچاو ئاینەکانی تر دەداتە ئاینی فەرمی. یان زۆر پۆستی حکومی تەنیا بۆ ئاینێکە و ئەوانی تر ناتوانن ئەو پۆستەیان هەبێت، یان ئاینەکانی تر لە زۆر پلە و پایە و کاری تر پەراوێز دەخرێن، یان ڕێگەیان پێ نادرێت زەوی کشتوکاڵی بکرن، یان باجی زیاتریان بەسەردا دەسەپێنرێت بۆ نموونە (جزیە، کە لە جیهانی ئیسلامیدا بەسەر مەسیحییەکان دەسەپێنرا)، هەموو ئەمانەش بۆ ئەوەی هانیان بدرێت تا ئاینەکەی خۆیان بگۆڕن. هەموو ئەم یاساگەلانە لە پاش شەڕی سەربازی و سەرکەوتنی سوپای هێرشبەر دەسەپێنرێت، یان لە کاتی ئاشتیدا ئەو دەوڵەتانەی خاوەنی ئاینی فەرمین، ئەم یاساگەلانە دەسەپێنن بۆ ئەوەی دژایەتی کەمینە ئاینییەکانی تری پێ بکات. هەر ئەم یاسانە وایان لە جوولەکەکانی ئەوروپا کرد، کە لە سەدەی نۆزدەدەمدا، بەشێکی زۆریان ناچار کران کە لە ئاینەکەی خۆیان واز بهێنن و بچنە ناو ئاینی مەسیحییەوە. هەر ئەم ئامرازەش هۆکارێکی گرینگ بوو، بۆ ئەوەی ئاینی ئیسلام لەو کۆمەڵگەیانەدا بڵاو بێتەوە کە پێشتر ئیسلام نەبوو ناچار کران کە ملکەچی خەلافەتی ئیسلامی بن. هەروەها پارە وەکو ئامرازێک بەکار دێت، بۆ ئەوەی سەرکەوتنی تاکی بکرێتە نموونەیەک و پێشانی گەلە هەژارەکانی پێ بدرێت. بۆ نموونە کاتێک بازرگانێکی دەوڵەمەند بۆ وڵاتێکی هەژار دەچێت، لای ئەو خەڵکە هەژارە وا پڕوپاگەندە دەکەن، کە ئەم پیاوە بۆیە دەوڵەمەندە لەبەرئەوەی باوەڕی بەم ئاینەیە و ئەمەش هۆکاری سەرەکی بەختەوەریی ژیانی ئەم پیاوە دەوڵەمەندەیە.

سێیەم: لە ڕێگەی ژیانی هاوسەرگیرییەوە

دیارە لێرەدا ئێمە مەبەستمان تەنیا ئەوە نییە، کە ژن یان پیاوەکە واز لە ئاینەکەی خۆی بهێنێت و بچێتە سەر ئاینێکی تر، بگرە کاتێک پیاوێک ژنێکی لە ئاینێکی تر دەخوازێت، منداڵەکانی ئاینی باوکیان هەڵدەگرن نەک هی دایکیان. دیارە ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکدا بژین، باوەڕی بەیەکسانی نێوان ژن و پیاو بێت، ئەوا ئەنجامێکی پێچەوانەمان دەبێت (واتە منداڵەکان ئاینی دایکیان هەڵدەگرن). بەڵام لە ڕووی مێژووییەوە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێشتر (دەتوانم بڵێم هەتاوەکو ئێستاش) هەر کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاری بووە، منداڵەکان ئاینی باوکیان هەڵدەگرن (دیارە ئەمە

پێناسەی گشتیی خەڵکییە، هەرچەندە لەوانەش بێت منداڵەکان ئاینی دایکیان هەڵبژێرن). هەموو کاتێک گەلانی جیهان ژیانی هاوسەرگیرییان، وەکو ئامرازێک بەکار هێناوە، بۆ ئەوەی ئاین و کولتوورەکەی خۆیان لە کۆمەڵگەکانی تردا بڵاو بکەنەوە. بۆ نموونە لە سەردەمی رۆمای کۆن، یان ئەوروپاییەکان بەتایبەت کاتێک کیشوەری ئەمەریکایان داگیر کرد، یان زۆر نەتەوەی تری دنیا. لێرەدا دەتوانین بۆ هەزاران ساڵی پێشوو بگەڕێینەوە، کاتێک هەندێک پسپۆڕی بواری زانستی ئەنترۆپۆلۆجی پێیان وایە، کە هۆکاری سەرەکی نەمانی مرۆڤی نیاردتاڵ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ مرۆڤی ئێستادا (Homo sapiens). کردووە.

بە دڵنیاییەوە کۆمەڵێک ئامرازگەلی تر هەن، کە ئاینەکان بەکاری دەهێنن بۆ بڵاوبوونەوەی ئاینەکانیان، هەندێکیشیان ئامرازی نوێن. یەکێک لە گەورەترین و ئاڵۆزترین کێشەی دەسەڵاتە ئاینییەکانی ئەمڕۆ ئەوەیە، کە رێژەی نەخوێندەواری زۆر کەم بووەتەوەو، لە هەمان کاتیشدا ئەمڕۆ دوورەپەرێزی و گۆشەگیری باوەڕی و ئاینی هیچ شانسی نییە و شتێکی مەحاڵە. ئەمڕۆ زۆرینەی دانیشتوانی سەر زەوی دەتوانن زانیاری زیاتر دەربارەی ئاین و مەزهەبەکانی تر بزانن و لەگەڵ ئاینەکەی خۆیاندا هەڵی بسەنگێنن. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئامرازەکانی پێوەندی لەناو دانیشتوانی زەویدا و زیادبوونی ئەو قەناعەتەی کە ئاین بەشێکە لە ئازادییە تاکگەراییەکان، دەسەڵاتە ئاینییەکانیش پێویستیان بە گۆڕانکاری و نوێبوونەوە هەیە، نەک لەبەر بڵاوبوونەوەی ئاینەکەی بگرە لەبەر بەرگریکردن لە خۆی.

لەبەرئەوەی ئامرازە کۆنەکان، هەرچەندە هەتاوەکو ئەمڕۆش لەزۆربەی جیهاندا بەکار دەهێنرێت، بەڵام هەمان سوودی جارانی نییە. ئەمڕۆ پیاوێکی ئاینی ناتوانێت لە رێگەی کۆمەڵێک قسەی گەورە و نادیار و شاراوەوە خەڵکی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. ئەمڕۆ پێویستە گفتوگۆ و موجادەلە بکات، نەک تەنیا لەگەڵ ئاینەکانی تر، بگرە بۆ ئەوەی باوەڕەکانی بسەلمێنێت، کە دژ بە راستییە زانستییەکان نییە.

لەم شەڕە گەورەیەی میدیادا، بوونی ژمارەی زۆری ئەو کەسانەی کە هاتوونەتە ناو ئاینەوە، یەکێک لەو ئامرازانەی کە پیاوانی ئاینی لە بەرامبەر هەوادارانی خۆی بەکاری دەهێنێت، ئەمەش بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە کارەکەی بەرهەمی باشی هەیە.

سەرچاوە: کیف تنتشر الأدیان؟ بقلم: عادل نورالدین. سایتی الاوان

# گەندەڵی چییە؟

هانس لیێندێکەر

وشەی "corruptio" لەلایەن کڵێسای کاتۆلیکی بەتایبەت لە دەقە ئاینییەکانی سەردەمی ریۆفۆرم دا (ریفۆرمی ئاینی)، وەکو (پیسترین گوناه. تاوان) دادەنرا. فەرهەنگی مایەر لیکسیکۆن*، وەکوو سینۆنیمێک (مرادفێک)  کە مانای نەمانی مۆڕال بەشێوەیەکی گشتی دەگەیەنێت.

لە هەموو ئەم قسە و باسانە دەگەینە ئەو بەرئەنجامەی کە ئەم وشەیە مانای: زیاتر وەکو شتێک (کارێکی) پیس، نەمان وبۆگەنبوونی مۆڕال (ئەخلاق) دەگەیەنێت.

پسپۆڕانی بواری (کریمینۆلۆگی، زانستی تاوانناسی) گەندەڵی بەم شێوەیە شرۆڤە دەکەن کە مانای:

(خراپ بەکارهێنانی کارێکی حکومی، یان کارێکی ئابووری یان سیاسیی، بۆ بەرژەوەندی کەسێکی تر، جا ئەم کارەش بە دەستپێشخەری خۆی بێت یان دەستپێشخەری خەڵکی تر بێت، ئەمەش بۆ ئەوەی دەستکەوتێکی بۆ خۆی یان بۆ لایەکی تر دەست بکەوێت)

کەسی گەندەڵ ئەوەیە، کە لەسەر حسێبی کۆمەڵگە دەیەوێت بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی بسەپێنێت، گەندەڵ برێتییە لەو جۆرە کەسانەی، بۆ نموونە خاوەنی شەهادەیەکی ئەکادیمی بەرزە، بۆ ئەوەی زیاتر بەرەو پێشەوە بڕوات، ئامادەیە لە دژی بۆچوونە زانستی و ئەکادیمییەکانی کارێک بکات، کە لە بەرژەوەندیی کەسانێکدا بێت، کە ژیان و کەسایەتی ئەمیان لەژێر دەستدایە.

بەپێی بۆچوونی سۆسیۆلۆجی ئەڵمانی کارل رێنشتیش:

(گەندەڵی کاریگەری ئێجگار خراپ دەکاتە سەر نۆرمی کارکردن و خۆشگوزەرانی گشتی)

هەروەها گەندەڵی ئەم سیفەتانەی خوارەوەی هەیە:

.................................................................

وەرگێرانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەلان عەبدوڵڵا

(خیانەت، کاری نهێنی، هەڵخەڵەتاندن، زیاد لە پێویست هەستیاربوون. هەروەها بە شێوەیەکی دڵڕەقانە و گاڵتەجاڕییانە سەیری ئەو زەرەرانە دەکات، کە تووشی کۆمەڵگە دەبێت، یان گاڵتەی بەو قسانە دێت کە خەڵکی بە کەسی گەندەڵی دەڵێن، واتە هیچ گوێ ناداتە قسەی خەڵکی)

دەتوانم بڵێم گرینگترین و باشترین پێناسە کە بۆ گەندەڵی کرابێت، پێناسەکەی (جۆزێف ئیس. نای) ئەماریکاییە، کە لە ساڵی ١٩٧٨ لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (Titel "Corruption and Polit- ical Development") کردوویەتی. جۆزێف دەڵێت:

(گەندەڵی، هەڵسووکەوتی کارمەندێکی حکومییە، کە بەهۆی بوونی بەرژەوەندی یان دەستکەوتێکی تایبەتی بۆ خۆی یان بۆ خێزانەکەی یان بۆ کەسانی نێزیکی خۆی، بۆ دەستکەوتنی پارە یان هەر شتێکی تر، لە نەریتی کۆمەڵگە و یاسای حکومی دەردەچێت و هەموو دەسەڵاتی خۆی بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجە تایبەتییەکانی خۆی)

هەموو کارەکە لە یەک خاڵی سەرەکیدا کۆ دەبێتەوە:

کەسێک دەدات و کەسێکیش وەردەگرێت، ئەو کەسە لەبەر قازانج و سوودی تایبەتی خۆی ئامادەیە، زەرەر بە کۆمەڵگە یان دائیرەکەی یان کۆمپانیاکەی بگەیەنێت .

## وێنە ناشرینەکەی گەندەڵی

دیارە گەندەڵی هەروەک لەم وتارەماندا بە چڕوپڕی باسی لێوەدەکەین، هیچ کاتێک ناتوانرێت تەنیا لە ڕێگەی یاسا و سزادانەوە لەناو ببرێت، تەنانەت سزاتوندەکانیش ناتوانن گەندەڵی لەناوبەرن، لێ ئەمڕۆ ئێمە گەیشتووینەتە ئەو بڕوایەی، کە کۆمەڵگە جیاوازەکان، چۆن بۆ دیاردەی گەندەڵی دەڕوانن و تا چەندە دژایەتی دەکەن.

لە میسری کۆندا ساڵی ١٣٠٠ پێش زاین، ئەگەر بهاتایە ئاشکرا بووبوایە کە پیاوێکی ئاینی بەرتیلی وەرگرتووە، ئەوا یەکسەر حوکمی لەداردانیان بۆ دەردەکرد.

لە ساڵی ١٣٧٢ زاینیشدا لە شاری باسیل (سویسرا) ئەنجوومەنی شارەوانی باسیل بڕیاری دا، کە دەبێت هەموو ئەندامێک سوێند بە گیانی مەسیحی پیرۆز بخوات، کەنابێت هیچ دیاریەک یان بەرتیلێک لە کەسێک وەربگرێت، گەر هاتوو سوێندەکەی شکاند، ئەوا بۆ ماوەی ساڵێک لە شار دەردەکرێت و هەتا هەتاشە ناهێڵن لە هیچ دائیرەیەکی حکومیدا کار بکات. پاشتر یاساکە توندتر کرایەوە و، سزاکە بۆ ماوەی ٥ ساڵ زیاد کرا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار ئاشکرا دەبوو، کە ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی پارەیان لە زیندانیانی شار وەردەگرت، هەروەها لە کاتی دامەزراندنی خەڵکیدا لە دائیرەکانی شارەوانی، بەرتیلیان لە خەڵکی وەردەگرت.

لە سەدەکانی ناوەڕاست دا سەرۆکی شارەوانییەکانی ئۆگسبورگ** و باسیل لەسەر گەندەڵی لەدار دران. لە ساڵی ١٥١٣ لە ناوچەی (Oberrhein) لە ئەڵمانیا، ڕاپەڕینێکی گەورە دژی گەندەڵی ڕووی دا و پاشان یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی شار لەدار درا.

هەر لە هەمان کاتدا فەیلەسووف و تیۆلۆگی گەورەی هۆڵەندی Erasmus von Rotterdam (Basel in 1536 12. Juli; Rotterdam in 1465 Oktober 27. کە یەکێکە لە مامۆستایانی بزاڤی هومانیستی ئەوروپایی. لەبارەی گەندەڵی دەڵێت:

(گەر کەسێک سەنتێک بدزێت، پێویستە لەدار بدرێت. ئەگەر کەسێک پارەی گشتی (خەڵکی) بدزێت، یان بە هەزاران شێوە فێڵ و هەڵخەڵەتاندن بکات، ئەوا پێویستە بە دیار چاوی خەڵکییەوە و لە گۆرەپانی ناو شاردا لە سێدارە بدرێت).

هەموو کاتێک گەندەڵی، وێنەیەکی زۆر ناشرین و قێزەون و خراپی لەناو کۆمەڵگادا هەبووەو زۆرجار وەکو ترسێکی گەورە پێشان دراوە و چاوەڕوانی بەرئەنجامی خراپی لێوە کراوە. یەکەمین نموونەی گەندەڵی کە لە پاش کۆتاییی شەڕی دووەمی جیهانییەوە لە ئەڵمانیا ئاشکرا بوو ئەوە بوو، کە لە ساڵی ١٩٤٩ دا دەبووایە ئەندامانی پەرلەمانی ئەڵمانیا لە نێوان (فرانکفۆرت و بۆن) دا، یەکێکیان هەڵبژێرن بۆ ئەوەی ببێتە پایتەختی نوێی ئەڵمانیا، لێ بەشێک لە ئەندام پەرلەمانتارەکان بەتایبەت ئەوانەی ویلایەتی (بایەرن، باڤاریا)، لە ژێرەوە پارەیان وەرگرتبوو، بۆ ئەوەی دەنگی خۆیان بدەنە بۆن و نەیدەنە فرانکفۆرت. ئەو کات یەکەمین راوێژکاری ئەڵمانی (کۆنراد ئەدنناوەر)، دەیویست پایتەخت لە نێزیک ماڵی خۆی بێت، ئەم خۆی خەڵکی شاری کۆڵن بوو، هەر بۆیە بە هەموو شێوەیەک هەوڵی دا، بۆن بکاتە پایتەختی نوێی ئەڵمانیا. لە کۆتاییدا بۆن بوو بە پایتەخت و ئەمەش یەکەمین کاری گەندەڵی کۆماری نوێی ئەڵمانیا بوو.

یەکێک لە نموونەکانی تری گەندەڵی لە بواری سیاسیدا، سکانداڵی (فلیک، ئەفێرە) بوو. ئەم گەندەڵییە کە لە ساڵی ١٩٨٠ ڕووی دا، هەموو کۆماری ئەڵمانیای هەژاند. فلیک کۆمپانیایەکی ئەڵمانی بوو، ئەم کۆمپانییایە سەرمایەگوزاری زۆری کرد، بۆ ئەوەی خۆیان لە باج بدزنەوە و بڕی نیو ملیارد ئۆیرۆیان دەست بکەوێت. هەروەها پاشتر ئاشکرا بوو، کە ئامانجێکی تری ئەم پارەیە ئەوە بوو کە زاڵبن بەسەر سیاسەتی ئابووریی بەرەی کریستییەکان و پارتی لیبراڵ دا، نەهێڵن چەپەکان (پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەلمانی) لەگەڵ پارتی لیبراڵ یەکبگرن و بێنەوە سەرکار، لە هەمان کاتیشدا هەوڵدان بۆ گەرمکردنی شەڕی نێوان باڵەکانی ناو سۆسیال دیموکراتەکان.

پێشتر گەندەڵی کارێک بوو کە ترسی زۆر نەبوو، واتە کەس ترسی لە سزادان نەبوو، لەبەرئەوەی هیچ دەزگایەکی کۆنترۆڵی پسپۆڕ نەبوو. بەلام ئەمرۆ هەلومەرجەکە کەمێک گۆڕاوە.

### گەندەڵی دەبێتە هۆی کەمی بەرهەمهێنان

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە کە گەندەڵی کاریگەرییەکی زۆر خراپ دەکاتە سەر پرۆسەی بەرهەمهێنان. بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە پشتیان بە تیۆری (تجریبی، ئەزموونگەرایی) بەستووە، گەندەڵی کاریگەرییەکی زۆر خراپی لەسەر ئابووری بەگشتی و پرۆسەی بەرهەمهێنان بەتایبەتی هەیە.

کۆی گشتی ئابووری وڵات بریتییە لەو پێوەندییەی کە لە نێوان کەپیتالی بەرهەمهێنەر کە ڕاستەوخۆی پێوەندی بە کۆی گشتی بەرهەمهێنانی نیشتمانییەوە هەیە (BIP)، لەگەڵ کۆی گشتی کەپیتالی دارایی. بۆ دەرخستنی ئەو پێوەندیەی کە لە نێوان گەندەڵی و پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە هەیە، لێکۆڵینەوەیەکی ئێجگار بەتوانا ساز کرابوو، کە تێیدا بە ڕوونی ئەم پێوەندییەمان بۆ دەردەخات.

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیە کە کراوە، چەندە ڕێژەی گەندەڵی کەم بێت، هێندە سوودی دەبێت بۆ کۆی گشتی بەرهەمهێنانی نیشتمانی (BIP) و زۆربوونی سەرمایەی دارایش، کە ڕاستەوخۆ پێوەندیان بە پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە هەیە. هەر ئەو لێکۆڵینەوەیە دەری دەخات کە، هەر دەوڵەتێک یەک پلە لە لیستی دەوڵەتانی گەندەڵی لە جیهاندا (-CPI) باشتر بێت، ئەوا دوو پلە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان زیاد دەکات، وە سەرمایەی دارایی گشتییش دوو قات زیاد دەکات و بەم شێوەیەش کۆی گشتی بەرهەمهێنانی نیشتمانیش (BIP) چوار قات زیاتر دەبێت. بۆ نموونە ئەگەر بێت ڕێژەی گەندەڵی لە ئەڵمانیا بگاتە ئەو پلەیەی کە دەنیمارک لە لیستی دەوڵەتانی گەندەڵی لە جیهاندا (-CPI) هەیەتی، واتە ١،٥ ئەوا داهاتی گشتی ئەڵمانیا بە ڕێژەی ٦٪ زیاد دەکات. هەر بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیە دەری خستووە، کە ئەو پلەیەی کە دەوڵەتێک لە لیستی دەوڵەتانی گەندەڵی لە جیهاندا (CPI–) هەیە تی، کاریگەریی خراپی بۆ سەر هەموو بوارەکانی ئابووریی وڵات دەبێت وەکو: سەرمایەی مرۆڤی (مەبەست هێزی کار، کەسانی تەکنیکی، پسپۆڕ و ئەندازیار و خەڵکی پیشەیی)، پلەی کرانەوەی ئابووریی وڵات، ڕێژەی هەناردە و ناردەی شمەکی وڵات، هەروەها کۆی گشتی بەرهەمی نیشتمانی (BIP) یش. هەر دابەزینێک لە لیستی دەوڵەتانی گەندەڵی لە جیهاندا (-CPI)، کاریگەریی پۆزەتیڤانەی بۆ سەر ئابووریی نیشتمانی دەبێت، بەپێچەوانە هەر بەرزبوونەوەیەک، کاریگەریی نێگەتیڤانەی بۆ سەر ئابووری دەبێت.

سەرچاوە:

www. bpb.de. Hans Leyendecker. Korruption

چەند دێرێک لەسەر نووسەر.

Hans Leyendecker، لە ساڵی ١٩٤٩ لە شاری بروپل لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٩٧وە وەکو ڕۆژنامەنووسێک لە بواری ئابووری لە ڕۆژنامەی (سوید دۆیتچە تسایتونگ) کار دەکات. پێشتر بۆ ماوەی بیست ساڵێک لە کۆواری (شپیگلی) ئەڵمانی کاری دەکرد و دەربارەی سکانداڵە گەندەڵییەکانی (فلیک ئەفێرە و گەندەڵییەکانی هیڵمەت کۆڵ) کاریکردووە.

پەڕاوێزەکان:

*باشترین و چاکترین فەرهەنگی زمانی ئەڵمانییە

** شارێکە لە باشووری ئەڵمانیا

لیستی دەوڵەت گەندەڵەکانی جیهان

| زۆرترین پلەی گەندەڵی | کەمترین پلەی گەندەڵی |
|---|---|
| 1- New Zealand | 168= Hati |
| 2- Denmark | 168= Iran |
| 3= Singapore | 168= Turkmenistan |
| 3= Sweden | 174 Uzbekistan |
| 5 Switzerland | 175 Chad |
| 6 Finland | 176= Iraq |
| 8= Australia | 176= Sudan |
| 8= Canada | 178 Burma |
| 8= Iceland | 179 Afghanistan |
| 11 Norway | 180 Somalia |

گەندەڵترین پیاوی سیاسی جیهان



# سنووردانان بۆ بەزۆر بەشوودان
# لە وڵاتانی ئەسکەندیناڤیا

## لە نێوان مافەکانی ژنان و کۆنترۆڵکردنی پەنابەریدا

ئانجا برێدال

لە ١٩٩٠ـەکاندا مەسەلەی بەزۆر بەشوودان بووە جێی سەرنجی ڕای گشتی لە نەرویج و دانیمارک، لەو ساتانەدا بەزۆر بەشوودان لە سوێد کەمتر بەرچاو بوو هەرچەند لاپەڕەکانی پێشەوەی ڕۆژنامەکان چیرۆکی بەجۆشیان تێدا بوون لەسەر "کچانی کۆچبەر" و خێزانەکانیان. ساڵی ١٩٩٨ حکوومەتی نەرویج پلانێکی کاری ئامادە کرد. و دانیمارکییەکان بەلای یاساکانی پەنابەریدا بایان دایەوە و، حکوومەتی سوێد تاوەکو ساتەوەختی کوشتنی فاتیمە ساهیندال لە ساڵی ٢٠٠٢ بێدەنگ بوو.

لەم بەشەدا، باسی پەرەسەندنی بەئاگاییی جەماوەر و هەنگاوەکانی سیاسەتی بەگژداچوونەوەی بەزۆر بەشوودانەکان لە وڵاتانی ئەسکەندیناڤیا دەکەم، جەختی سەرەکی لەسەر دەستپێشخەرییە حکوومییەکانە بۆ گۆڕینی یاسا لە نەرویج. هەروەها باسی ڕەگەزە سەرەکییەکانی سیاسەتی دانیمارک دەکەم. سوێد بەمەبەست دەپەڕێنم بەشێوەیەکی سەرەکی لەبەر هۆکارەکانی لە پێشێ، هەروەها لەبەرئەوەی سیاسەتەکانی سوێد بەگشتی زیاتر پێوەندییان بەتوندوتیژی بەهۆی "شەرەف"ەوە هەبوو وەک لە دەرکەوتەیەکی دیاریکراوی بەزۆر بەشوودان[١]. شێوازی ئەم وتارە بەشێوەیەکی سەرەکی وەسفییە، بەڵام هەندێک لێدوانی هەڵسەنگێنەریش دەکەم[٢].

### نەرویج

یەکەم دەرکەوتنی بەزۆر بەشوودان لە نەرویج کە سەرنجی جەماوەر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت وتارێکی ڕۆژنامەییی سەرنجڕاکێش بوو ساڵی ١٩٩٢ لەلایەن ڕۆژنامەنووسی ئازاد هێگە

........................................

سەرپەرشتیی وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: نەزەند بەگیخانی

ستۆرهاوگ نووسرابوو و، پشتی بەچاوپێکەوتنێک بەستبوو لەگەڵ "سیما"دا کە کچێکی نەرویجیی بەڕەگەز پاکستانی بوو کە لەلایەن باوانیەوە زۆری لێ کرابوو شوو بەئامۆزایەکی پلە دووی خۆی بکات کاتێک لە پشووی گەڕانەوەدا بوو لە پاکستان (ڕۆژنامەی داگبلادێت، ٨ی تشرینی دووەمی ١٩٩٢)[٣]. سیما لێی درابوو و بەندیش کرابوو بەڵام توانیبووی دەرباز بێت و بەیارمەتی باڵوێزخانەی نەرویج لە ئیسلام ئاباد، گەڕایەوە نەرویج. چیرۆکی ڕۆژنامەکە سەرنجێکی باشی بەلای خۆیدا ڕاکێشا بەڵام لەم قۆناخەدا هیچ مشتومڕێکی زیاتری نەخستەوە. بەدرێژاییی ١٩٩٠ەکان، کێشەی زیاتر لە میدیادا دەرکەوتن و چەندان ڕێکخراو بەپێشڕەویی خاچی سووری ئۆسلۆ هەنگاویان بۆ یارمەتیدانی خەڵکانی گەنجی دووچاری مەترسی هەڵنا.

لە سەرەتاوە، لە ناوەڕاستی ١٩٩٠ەکاندا مشتومڕ لەسەر بەزۆر بەشوودان بوو، پاشان لەسەر هاوسەرێتییە بڕیارلێدراوەکان، کە لە چوارچێوەی مشتومڕی پێشتر جەمسەرگرتووی "کۆچبەری"دا دانرابوون. یەکێک لە جەمسەرەکان ڕای دەگەیاند کە بەتەنیا چەند ڕووداوێکی کەمی بەزۆر بەشوودان هەبوون و، میدیای تاوانبار دەکرد بە بەشداریکردن لە گشتگیرکردنی ئەو لەکانەی پێشتر لکێندرابوون بەگرووپێکی کەمینەی ئیتنییەوە. ئەوانی تر پێیان دادەگرت کە ئەو حاڵەتانە بەتەنیا مشتێک بوون لە خەروارێک، ڕەخنەگران بەوە تاوانبار دەکەن کە ناوێرن دان بەو پێشێلکارییە بەردەوامەدا بنێن لە ترسی ئەوەی بەڕەگەزپەرست یان بەشدار لە ڕەگەزپەرستیدا ناوزەد نەکرێن.

هەتا پایزی ١٩٩٧ و بڵاوکردنەوەی کێشەکەی "نادیە" لەلایەن میدیاوە مشوتومڕەکە نەگوێزرایەوە سەر ئاستی سیاسی. بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکان، نادیەی ١٨ ساڵ لەلایەن باوانیەوە ڕفێندرابوو کە بردبوویانەوە بۆ وڵاتی دایک، مەغریب. نادیە توانیبووی تەلەفون بۆ خاوەن کارەکەی و چەند هاوڕێیەکی خۆی لە نەرویج بکات و لە حاڵی خۆی ئاگەداریان بکاتەوە. پاش پاڵەپەستۆیەکی بەرچاوی باڵیۆزخانەی نەرویج و چەندان دامەزراوەی تری نەرویجی[٤]، باوانی ڕازی بوون بیگەڕێننەوە بۆ نەرویج. نادیە لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە باوانی پلانی بەزۆر بەشوودانیان بۆ داڕشتبوو، بەڵام چونکە ئەمە نەدەتواندرا بسەلمێندرێت بەتەنیا بەڕفاندن تۆمەتبار کران ("بەزۆر هێشتنەوەی کەسێک دژ بەویستی خۆی بەو مەرجەی سەرپێچییەکە لە یەک مانگ تێپەڕی کردبێت"). لە تشرینی دووەمی ١٩٩٨دا تاوانەکەیان بەسەردا ساخ بووەوە[٥].

کێشەکەی نادیە شانبەشانی پاڵەپەستۆی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و میدیا بەگشتی پاڵنەری پشت داوایەکی پەرلەمانی بوون بۆ حکوومەت (لەلایەن ئەندام پەرلەمانی پارتی پارێزگاران ئێرنا سۆلبێرگ نەخشەی بۆ کێشرا)[٦] بۆ پەرەدان بەپلانی کارێک سەبارەت بەمەسەلەی بەزۆر بەشوودان. پلانی کارەکەی حکوومەت کە لەسەر ڕێگری و چارەسەرکردن قووڵ دەبێتەوە لە کانوونی یەکەمی ١٩٩٨دا بڵاو کرایەوە. بەدرێژی باسی ئاڵۆزییەکانی مشتومڕی بەردەوام لەسەر جیاکاریی نێوان بەزۆر بەشوودان و هاوسەرێتیی بڕیارلێدراو دەکات و، تێبینیی ئەوە دەکات کە لە

کاتێکدا درککردنی کەسەکە بۆهەبوونی مافی هەڵبژاردنی ڕاستەقینە کارێکی پێوەنداره و، دژواره هێڵی جیاکەرەوە لە نێوان زۆرلێکردن و پاڵەپەستۆ بکێشرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بەتوندی ڕادەگەیەنێت:

پلانی کارەکە بەسەر هاوسەرێتییە بڕیارلێدراوەکاندا پیادە نابێ لەبەرئەوەی ئەمانە بەگوێرەی یاسای نەرویج و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی نەرویج لایەنە تێیاندا، چوونەتە ناویان. ئامانجی پلانی کارەکە بەشداریکردنە لە زامنکردنی ئەوەی زۆرلێکردن چ جەستەیی یان دەروونی لە قایلکردنی یەکێک یان هەردوو لایەنی پێوەندار بەچوونە ناو هاوسەرێتییەکەوە بەکار نەهاتووە.

پلانەکە سەبارەت بەقەبارەی ئەو گرفتەی کە دەیەوێت چارەی بکات، لێڵە. بەڵام هەر چۆنێک بێت، تیشک دەخاتە سەر پێویستیی خەریکبوون بەدایەلۆگەوە لەگەڵ گرووپە کەمینە پێوەندارەکاندا، هەروەها زامنکردنی کۆمەک بۆ ئەو کەسانەی لە ژێر مەترسیدان یاخۆ بوونەتە قوربانیی بەزۆر بەشوودان. زۆربەی "خاڵەکانی کار" جەخت لەسەر پێویستیی بەهێزکردنی توانا و ڕێوشوێنەکانی ناو چوارچێوەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان دەکەن. هەرچەند پلانەکە مەسەلەی دامەزراوەیەکی نیشتمانیی دیاریکراو بەرز دەکاتەوە، پێ دادەگرێت لەسەر دژایەتیی سەنتراڵکردن و، دەڵێت: "ئێمە لەو باوەڕەداین... کارێکی بەسوودە کە جۆراوجۆری بهێڵرێتەوە و بگرە پتەو بکرێت، نەک هەوڵی خولقاندنی شتێک بدرێت کە ئامانجی هەموو شتێک و هەموو خەڵک بێت." بەڵام، پلانەکە دامەزراندنی هێڵێکی نیشتمانیی کۆمەکی تەلەفونی ڕاناگەیەنێت بۆ لێکدانەوەی کاری زانیارییەکە. وەزارەتی کاروباری منداڵ و خێزان لەئەنجامدا بڕیاری دا کە ئەو جۆرە هێڵی کۆمەکە لەلایەن خاچی سووری ئۆسلۆوە بەڕێوە ببرێت کە ڕێکخراوێکی خاوەن درێژترین ئەزموونە لەو بوارەدا. هێڵی کۆمەکەکە لە نیسانی ٢٠٠٠دا کرایەوە و، پاش سێ ساڵ کارکردن هەڵسەنگێنرا و بەردەوام بوو لەسەر کارکردنی لەسەر بنەمای پڕۆژەکە.

لە تێڕوانینی ڕووداوەکانی دواتردا، ڕەنگە سەرنجڕاکێشترین ڕووی ئەم پلانی کارە پێشەنگە بەشێویەکی بەرچاو ئەو بەندە کورتەی بێت کە پێوەستە بەگۆڕانکارییە یاساییەکانەوە. بەتایبەتی، هیچ باسی بەکارهێنانی یاسای توندتری بۆ بەرپەرچدانەوەی هاوسەرێتییە بەزۆرەکانی دەرەوەی وڵاتی نەکرد. بگرە، تاکە کاری بنەما یاساییی وا دەردەکەوێت پێشنیازی بەلیبراڵکردنی پیادەکاری کۆچبەری بکات، وەک پەرەگرافی ٨- ١ی پلانی کارەکە ڕای دەگەیەنێت کە دەسەڵاتەکان "پاش هەڵوەشانەوەی هاوسەرێتییەکە ئەگەرەکان بۆ بەردەوامیدان بەمانەوە لە نەرویج شەنوکەو دەکەن"[٧].

گۆڕانکارییەکی زۆر لەپڕی کەشوهەوا و بەرژەوەندی لە مشتومڕی سەبارەت بەهاوسەرێتییە بەزۆرەکان و مەسەلە پێوەندارەکان لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٢دا ڕووی دا، لە کاتی کوشتنی تراجیدیاییی فاتیمە ساهیندالدا لە سوێد، کە کچێکی گەنجی سوێدی بەڕەگەز کورد بوو[٨]. ئەم ڕووداوە باڵی بەسەر میدیای ئەسکەندیناڤیادا لە مانگەکانی دواییدا کێشا و بوو بەهۆی دوو

گۆڕانکاریی گرینگ. یەکەم، "کرانەوەیەکی نوێ" دروست بوو و لەلایەن هەندێک خەڵکەوە پێشوازی کرا وەک هەنگاوێکی پۆزەتیڤ بەرەو مشتومڕێکی ئازاد لەسەر ڕووکارە ئاڵۆزەکانی مەسەلەی کۆچبەری، بەتایبەتی هی موسڵمانان. کەسانی تر، ڕەخنەگر بوون وایان دەبینی ئەمە دەبێتە ڕەوایەتیدان بەلەکەدارکردنی کەمینە ئیتنییەکان، کە خۆیان لەوەوبەر قوربانیی جیاکاریی ڕەگەزین. ئەم ڕەخنەیەی دوایی گرێ درایەوە بەگۆڕانکاریی دووەمەوە: نەک بەتەنیا باڵی ڕاسترەوەی پارتی گەلی پێشکەوتن کە ناسراوە بەهەڵوێستی توندی لەسەر جڵەوکردنی کۆچبەری، سیاسەتمەدارانی زیاتر بەرەو یاساکانی کۆچبەری وەرچەرخاند وەک ڕێگەچارەیەک بۆ کەمکردنەوەی بەزۆر بەشوودان و جۆرەکانی تری توندوتیژی دژ بەژنانی کەمینە، بەڕادەیەکی بەرز ئەمەیان وەک "گرفتێکی کۆچبەری" تەماشا دەکرد.

پێشەکیی پێشنیازکراو بۆ ڕادەی تەمەنی ٢٤ ساڵ بۆ یەکگرتنەوەی خێزان لەسەر بنەمای هاوسەرێتی وەک تەگبیرێک بۆ خەبات دژی بەزۆر بەشوودان پێشتر ساڵی ١٩٩٨ لەلایەن ڕۆژنامەنووسی ئازاد هێگە ستۆرهاوگ داکۆکیی لێ کرابوو. بەڵام هەتا کوشتنی فاتیمە ساهیندال ئەم پێشنیازە و پێشنیازە هاوشێوەکان پاڵپشتیی سیاسییان بە دەست نەهێنا. سەرەڕای ڕێسای تەمەن، قەدەغەکردنی هاوسەرێتی لە نێوان ئامۆزاکاندا– بەگشتی یان بەلایەنی کەمەوە لە یەکگرتنەوەی خێزاندا – لەلایەن سیاسەتوانانی زۆربەی پارتەکان لە بەهاری ٢٠٠٢دا پێشنیاز کرا[٩]. لە هەمان سەردەمدا، حکوومەتی نەرویج "دەستپێشخەری نوێکراوەی دژی بەزۆر بەشوودان"ی خۆی دەرکرد، کە کۆکراوەی سی تەگبیری نوێیە لە نامیلکەیەکی کورتدا. تەگبیری یەکەم تیشک دەخاتە سەر ئەولەویەتی بەردەوامیی حکوومەت لە پاڵپشتی ڕێکخراوەکان بۆ یارمەتیدانی خەڵکانی گەنج لە ڕەوشەکانی قەیراندا. لەو سی تەگبیرەی دەستپێشخەریەکە لەخۆی گرتبوون دە دانەیان پێوەندییان بەکاری یاساوە هەبوو، کە یاسای تاوان و شارستانی و کۆچبەریی دەگرتەوە.

پێش دەستکردن بەتاوتوێکردنی پێوەندارترین و "کۆنترین" یاسای کارپێکراو، کارێکی بەسوودە کە بەکورتی سیستمی یاسایی نەرویج دیاری بکرێ. کاتێک یاسای نوێ پێشکێش دەکرێت، وەزارەتی پێوەندار نامەیەکی ڕاوێژکاری دەنووسێت باکگراوند و ئەڵتەرناتیڤە پێوەندارەکان شی دەکاتەوە و، بەشێوەیەکی بەرفرەوان بەسەر دەزگە حکوومییە جیاوازەکان و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و لایەنە بەرژەوەندارەکانی تر لە پرۆسەی ڕاوێژکاریدا کە پێی دەوترێت گوێبیستبوون دابەش دەکرێت. پێشکێشکردنە نووسراوەکانی ڕاوێژکارییەکە لە پێشنیازەکەی وەزارەت/پێشنیازی یاسا لێدوانی لەسەر دەکرێت و ڕەوانەی پەرلەمانی نەرویج دەکرێت[١٠].

دانانی بەندێکی تایبەت بەهەڵوەشاندنەوەی هاوسەرێتییە بەزۆرەکان لە یاسای هاوسەرێتیی نەرویجدا (یاسای ژمارە ٤٧ نیسانی ١٩٩١)[١١] ڕاستەوخۆ پێوەندیی بەخەبات دژ بەهاوسەرێتییە بەزۆرەکانەوە هەیە. لە میانەی چاوخشاندنەوەیەکی تەواو بەیاسای هاوسەرێتیدا لە کۆتایی ١٩٨٠کاندا، مافی هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرێتی، وەک بەزۆر بەشوودان، لادرا، چونکە لە سایەی ڕێکخستنەکانی یاسای کارای تەڵاقدان بەکۆنباو و ناپێویست دانرا[١٢]. بەڵام، تەواو پێش دەستبەکاربوونی یاسا نوێکە (١/١/ ١٩٩٣)، بەندی یاسا کۆنەکەی هاوسەرێتی بۆ هەڵوەشاندنەوەی بەزۆر بەشوودانی "سیما" بەکارهات، کە بەمجۆرە کاریگەرییەکی مێژوویی لەسەر یاسای نەرویج هەبوو. لە کاتێکدا ڕوو دەدات کە ئاگاییەکی پەرەسەندوو لەسەر گرفتەکە خۆی هەبوو، کێشەکە پرسی هەڵوەشاندنەوەی واڵا کردەوە. لە ١/١/١٩٩٥، مادەی ١٦ (٣) و (٤) یاسای هاوسەرێتی ڕێگە دەدات هەر یەکێک لە هاوسەرەکان دەست بەکاری شارستانی دژ بەئەویتر بکەن بۆ ئەوەی هاوسەرێتییەکەیان هەڵوەشێتەوە، گەر ئەوی ژن یان پیاو بەهۆی ڕەفتاری نایاساییەوە زۆری لێ کرابوو بۆ هاوسەرێتی. دەبێ کار بگیرێتەبەر لەماوەی شەش مانگ دوای ئەوەی هاوسەرەکە لە زۆرلێکردنەکە دەرباز بوو، لە هیچ بارێکدا ناتوانرێت دوای زیاتر لە پێنج ساڵ لە بەستنی پەیمانی هاوسەرێتییەکە کار بگیرێتە بەر.

هەڵوەشاندنەوە، بەپێچەوانەی تەڵاق، پاشتریش هەر بەکاریگەری دەمێنێتەوە و، ڕاگەیاندنی بەتاڵی و هەڵوەشانەوە دەگرێتەوە- واتا وەک ئەوەی هەرگیز نەبووبێت[١٣]. بێجگە لە کێشەکەی کەریم، تۆمارە فەرمییەکان بەتەنیا یەک حاڵەتێکی تری هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرێتیی بەزۆر پیشان دەدەن- لە دادگەی شاری فرێدریکستاد ساڵی ١٩٩٨. هەروەها پێوەندیی بەهاوسەرێتییەکەوە هەبوو کە لە وڵاتی باواندا بەسترابوو[١٤].

دەستپێشخەری نوێکراوە مژدەبەخشی گۆڕانکاریی زۆر بوو لە یاسای شارستانیدا[١٥]. لە ١ی مارتی ٢٠٠٤ەوە بەشی ١٦(أ) ی یاسای هاوسەرێتی مافی لێپێچینەوەی بەخشییە بەرێوەبەری هەرێمێک بۆ سەلماندنی ڕەوایەتیی هاوسەرێتییەک، کاتێک گومانی بەزۆر بەشوودان هەبێت، لە میانەی ئەو ماوە پێنج ساڵییەی دیاری کراوە. بڵاوکراوەیەک لە وەزارەتی منداڵان و کاروباری خێزان (لە ٢٦/٢/٢٠٠٤) سەرنجی ئەوە دەدات کە ئەو جۆرە کارە دەکرێت یارمەتیدەر بێت بۆ هاوسەرێک کە بیەوێت خۆی کاری یاسایی بگرێتە بەر. لە کاتێکدا، ئاگایی ئەوە دەدات کە بەندەکە دەبێ بەوریایی پیادە بکرێت و بەتەنیا لە کێشە ڕوون و ئاشکراکاندا پیادە بکرێت لەسەر ئەو بنەمایانەی کە یەکێک یان هەردووکیان ڕەنگە بترسن بەئاشکرا کاری پەسندکردنی خۆیان دەربڕن. بەگوێرەی زانیاریی نووسەری ئەم بابەتە لە کاتی نووسینیەوە ئەم بەندە هێشتا بەکار نەهاتووە.

لەوەش زیاتر، بەو پێیەی کە منداڵان و گەنجان لە خوار تەمەنی باڵقییەوە ڕەنگە ببنە قوربانیی

بەزۆر بەشـوودان، یاسـای منداڵان هەمـوار کـرا بۆ ئەوەی هـاوسـەرێتـییـەکـانی منداڵ کـە لەلایەن باوانەوە بەسـتراون بەتاڵ بکاتەوە. بەمـجـۆرە مـادەی ۳۰(٤) دەڵێت: "پەیمـانی هـاوسـەرێتییـەک کە لەلایەن باوانەوە لەجیاتی منداڵەکە بەسترابێت پەیڕەو ناکرێت".

## یاسای تاوان[١٦]

تا ئـەم دوایـیـیـانـەش بەکـارهـێـنـانی هـێـز بـۆ بەزۆر بەشـــوودان نایاســایی بوو بەگـوێرەی بەندە گشتییەکانی یاسـای سزادانی شارستانیی گشتی[١٧]. لە "دەستپێشخەریی نوێکراوەدا" حکوومەت ئامـاژەی بەئـەگـەری هێنانە ناوەوەی بەنـدێکی تایبــەت لەســەر بەزۆر بەشـــوودان بـۆ ناو یاســای سزادان دا. لە ساڵی ۲۰۰۳دا بەندی ۲۲۲ی یاسای سزادان، کە چارەی ناچارکردن و زۆرلێکردن دەکـات، هەمـوار کـرا تـاوەکـو بەندێکی دیاریکراو لەسـەر بەزۆر بەشـوودان لەخـۆ بگرێت، کـە گۆڕانکارییەک بوو لەلایەن وەزارەتی داد و پۆلیس و زۆربەی ئەوانەی پێوەندییان هەبوو بەپرۆسەی ڕاوێژکـاری پێش هەمـوارکـردنەوە[١٨]. پشـتگیـری کـرا. بەگوێرەی ئەم بەندە هەردوو هـاوسـەر یان ئەندامـانی خێزان کە دەسـتیان لە ڕێکخسـتنی بەزۆر بەشـوودانەکەدا هەیە دەبێ تاوانبـار بکرێن. هەروەها بەکارهێنانی هێز لەحاڵەتی هاوسـەرێتیدا بەفاکتـەرێکی ئاڵۆزکەر دانراوە و سـزایەکی زیادکـراو دەخـاتە ئەسـتـۆ کە دەشێ مـاوەیەکی زیندانیکردنی تاوەکـو شـەش سـاڵ بێت و هەمـوو ئەوانە دەگرێتەوە کە بەشدارییان لە زۆرلێکردنەکەدا هەبووە.

بەندی ۲۲۲(۳) ئەوە دەسـتـەبەر دەکـات ئەگەر تاوانەکە لەلایەن خـزمی نزیکی[١٩] قـوربانییەکەوە ئەنجـام درا، داوای گـشـتـی تەنیـا لەسـەر داوای کەسـە زۆرلێکراوەکە دەسـتی پێ دەکرێت مـەگـەر بەسوودی گشتی داوا کرابێت. لە سـاڵی ۲۰۰۳وە بڕگەیەکی لێپرسینەوەی زۆرەکی لە حـاڵەتەکانی بەزۆر بەشـووداندا پێشـکێش کـرا کـە بەگوێرەی ئەوە تاوانکاران دەشـێ بەبێ داوای قـوربانییـەکە دادگـەیی بکرێن. ئەمــە ڕەنگدانەوەی ئەو بەنـدە زۆرەکـیــیــەی داواکــاری گــشــتــی بوو ســەبارەت بەحاڵەتەکانی توندوتیژیی ناوماڵ کە سـاڵی ۱۹۸۸ دانرا[٢٠]. بیانووی وەزارەت بۆ ئەم هەمـوارکردنە سووککردنی باری سـەرشـانی کەسـی گەنج بوو لە گرتنەبەری کاری یاسایی دژ بەخێزانی خۆی. لە پرۆســەی ڕاوێژکــاریدا، زۆر لایـەن وەک پەناگــەی ژنان لە ئۆسلۆ و ســەنتــەری قــەیران لە ئۆسلۆ نیگـەرانیی ئەوەیان هـێنایە ئـاراوە کـە ڕەنگە هەندێک خـەڵکی گـەنج بیـانەوێت لە هـاوسـەرێتـییـە بەزۆرەکان دەرچن بەبێ ئەوەی بـاوانیان یان خزمی نزیکی تریان تاوانبـار بکەن و، ڕەنگە ئەم بەندە لە مافی هەڵبژاردنی ئەو ڕێگەچارەیە بێبەش بکات. کەسانی تر وایان دانا کە لە پراکتیکدا پۆلیس خواسـتـەکانی قـوربانی بەهەند وەردەگـرن. خـاچی سـوور و لایـەنی تر هۆشـداریی ئـەوەیان دا کـە گەنجانی کەمینە هـێشتا لە پێوەندیکردن بە ئاژانسـەکانی یارمەتیدان دوودڵن و ئەم بەندە دژ بەو مـتـمـانـە ناسکەی لە نێوانیاندا دروست بووە کـار دەکات و وا لـە هـەندێک خـەڵکی گـەنج دەکـات تەنانەت زیاتر نابەدڵبن لە گێڕانەوەی ئازاردانەکانیان گەر سـەرکێشی هەڵایسـانی لێپرسـینەوەی

دادگە بکەن. هەروەها، ڕێکخراوە ناحکوومییەکان پێویستە ئەم ئەگەرە لەبەرچاو بگرن کاتێک بڕیار دەدەن کە ئایا داوای هاوکاری لەبارەی چاوپێکەوتن لەگەڵ باواندا بکەن، داوای ئامرازەکانی ئاگەدارکردنەوە بۆ خەڵکانی گەنج یان ئەدرەس پاراستن بکەن و دەبێ بەو پێیەش زانیاری بدەنە هاموشۆکارانیان.

بەپێی تەگبیری ٩ی "دەستپێشخەریی نوێکراوە" و بڕگەی ٢٢٠(١) یاسای سزادان دەکرا چوونە ناو هاوسەرێتی یان هاوبەشیکردن لە هاوسەرێتی لەگەڵ کەسێکدا لە خوار تەمەنی ١٦ ساڵەوە بەتاوانێکی ڕەسمی دابنرێت. سزای دانراو بۆ چوونە ناو یان هاوبەشیکردن لەو جۆرە_ هاوسەرێتییەی منداڵدا زیندانیکردنە بۆ ماوەیەک دەگاتە چوار ساڵ، هەرچەند بەشداران (ئەندامانی خێزان) ڕەنگە سزای توندتر لەوەی تاوانکاران (هاوسەری منداڵەکە) بیان گرێتەوە.

لە ناوەڕاستی ٢٠٠٤دا، تەنیا یەک کێشەی تاوانکارانەی زانراوی بەزۆر بەشوودان لە نەرویج هەبوو. لە نیسانی ٢٠٠٢دا پیاوێکی بەڕەچەڵەک پاکستانی بەپێی مادەی ٢٢٢(١) یاسای سزادان بە بەزۆر بەشوودانی کچەکەی دژ بەخواستی کچەکە تاوانبار کرا، شانبەشانی ئەنجامدانی توندوتیژیی لەڕادەبەدەر و بەردەوام دژ بەژنەکەی و دوو کچەکەی. دادگە لای وابوو کە ئەم تاوانە لە دۆخێکی زۆر سامناکدا ئەنجام دراوە بەگوێرەی ڕادەی توندوتیژییەکە، تاوانکارەکەی بەسێ ساڵ زیندانیکردن حوکم دا کە بەتەنیا یەک ساڵیان هەڵپەساردنی بۆ نەبوو لەگەڵ ماوەیەکی ڕاوەستاندن و چاودێریی چوار ساڵی، بەمجۆرە بەتەنیا یەک ساڵ زیندانیی چەشت(٢١).

## یاسای کۆچبەری

لە پایزی٢٠٠٣دا لەلایەن ئەنجوومەنی یاسادانانەوە بەندێکی نوێ لە یاساکانی کۆچبەریدا دەرکرا کە مەرجی ئەوە دادەنێت هاووڵاتیی نەرویج (چ ژن چ پیاو) کە دەیەوێت هاوسەرەکەی بهێنێت بۆ ژیان لە نەرویج دەبێ بیسەلمێنێت کە دەتوانێت دەستەبەری ژیانی هاوسەرەکەی بکات کاتێک یەکێکیان لە ژێر تەمەنی ٢٣ ساڵەوە بوو. بیانووی سەرەکی لەپشت ئەم تەگبیرەوە ئەو "گریمانەیە کە هەتا کچەکە گەنجتر بێت، کەمتر دەتوانێت بەرامبەر پاڵەپەستۆی باوانی بووەستێتەوە"[٢٢]. پاساوێکی تر ڕێگەنەدان بوو بەشووکردنە کتوپڕەکان، بۆ نموونە کاتێک ژنێکی گەنج، لە کاتی پشووی گەڕانەوە بۆلای باوانی لە وڵاتی دایک، بەپەلە شوو دەکات. هەروەها بەبیانووی ئەوەش بوو کە ئەم کۆسپی تەمەنە باوان هان دەدات ئاستی خوێندەواریی کچەکەیان زیاد بکەن بۆ ئەوەی زامنی ئاستێکی داهات بکەن کە لەئاست داواکارییەکانی یەکگرتنەوەی خێزاندا بێت. بەڵام بەگوێرەی بەڵگەنامە ڕاوێژکاریەکەی وەزارەت، ڕەنگە کاریگەریی پێچەوانەشی هەبێت و هانی زوو دەرهێنانی کچان لە خوێندن بدات تاوەکو کاتێکی تەواو بدرێتە کچەکە بۆ پەیداکردنی پارەی پێویست بۆ ئاسانکردنی هاتنەناوەوەی مێردەکەی. ئەمە وەک دژە ئارگومێنتێکی ناتەواو، بەڵام گرینگ، ڕەت کرایەوە.



هەواڵنامەی کێشە

## ئاسوودەیی و پەناگە

کەمیی پەناگە بۆ قوربانییانی ڕاستەقینە، یان چاوەڕوانکراو، بەزۆر بەشوودان دەمێکە کێشەیەکە کە لەلایەن ڕێکخراوە ناحکوومییەکانەوە بەرزکراوەتەوە. زۆرێ لە ژنانی گەنج ڕوویان کردە پەناگەکانی ژنان، بەڵام ئەمانە تەنیا بۆ مانەوەیەکی کاتیی کورت بەکاردێن، ڕەنگە گونجاو نەبن بۆ ئەم گرووپەی ژنان[٢٣]. پیاوانی گەنج هەمان جێگرەوەیان نییە. لە ساڵی ٢٠٠٣وە و وەک بەشێک لە پەیڕەوی دەستپێشخەریی نوێکراوە، دە شوقەی تایبەتی ئامادە کران لەلایەن هاوسبانکێن (بانکی خانووسازیی دەوڵەتیی نەرویج)[٢٤] بۆ بەکارهێنانی لەلایەن ئەو خەڵکە سەڵت یان جووتانەی پێویستییان بەجێ و ماڵ هەیە لە حاڵەتی قەیراندا پێوەندار بە بەزۆر بەشوودان. بانکەکە بەهاوئاهەنگی لەگەڵ هەندێک دەسەڵاتی لۆکاڵی دیاریکراو شوقەی ئامادەکراو دەستەبەر دەکات بۆ خەڵکانی گەنج لە سەراپای وڵاتدا. دەکرێ شوقەکان بۆ ماوەی تا یەک ساڵ بەکار بهێنرێن. هەموو بەدواداچوونەکان دەشێ لە ڕێگەی دوو ڕێکخراوی ناحکوومییەوە ئاڕاستە بکرێن، کە سەیف و ئۆرکیسن، (سەیری خوارەوە بکە).

"بۆکۆلێکتیڤێت" بریتییە لە ئارامگەیەکی تایبەت بۆ ژنانی گەنجی یەکێک لەم دوو جۆرە: (١) ئەو ژنانەی کە تازە گەیشتوونەتە نەرویج وەک هاوسەر و لەلایەن مێردەکانیانەوە یان ماڵە خەزوورانیانەوە دووچاری توندوتیژی بوون، (٢) ئەو ژنانەی کە لە نەرویج گەورە بوون و دووچاری بەزۆر بەشوودان بوون یان لەبەردەم مەترسیی بەزۆر بەشووداندان. ئەمە ئەو ژنانەن کە لە ژێر مەترسی لەسەر دەروون یان جەستە یان ژیانیان دەژین و، پێویستییان بەتەگبیری تایبەت هەیە هەروەک هەنگاونانی تاکەکەسی و ڕاوێژکردن لەسەر گرفتە سایکۆلۆجی و پراکتیکییەکان. بۆکۆلەکتیڤ (هەرەوەزی) ساڵی ٢٠٠٠ لەلایەن سەنتەری قەیرانی ئۆسلۆوە دامەزرێندرا. هەر لە کردنەوەیەوە بۆکۆلێکتیڤ (هەرەوەزی) چل ژنی نێشتەجێی هەبوو کە بەڕەچەڵەک باشووری ئاسیایی و ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستی و ئەفریقیایی بوون. تێکڕای مانەوە بۆ ژنانی "تازە گەیشتوو" لەو کاتەدا حەوت بۆ هەشت مانگ بوو، چوار مانگ بۆ قوربانییانی بەزۆر بەشوودان. هەڵسەنگاندنێکی سەربەخۆ و ڕاپۆرتەکانی پەناگەکە پێشانی دەدەن کە پێویستییەکی ئاشکرا هەیە بۆ پاڵپشتیکردنی پەناگەی وەک ئەمە، بگرە هەرەوەزییەکە بەکەمترین بڕی پارە بەڕێوە دەبرێت. لە حوزەیرانی ٢٠٠٤دا سەنتەری قەیرانی ئۆسلۆ ڕای گەیاند کە ئەگەر پارەی زیاتری بۆ دابین نەکرێ ئەوا پەناگەکە دادەخات (ئافتنپۆستن، تەممووزی ٢٠٠٤).

سەبارەت بەقوربانییانی تری توندوتیژی، ژمارەیەکی زۆری پیاوان و ژنانی گەنج ناوی خۆیان گۆڕی و لە ئەدرەسی نهێنیدا دەژین بۆ ئەوەی خۆیان بەدوور بگرن لە ناچارکردنیان بەهاوسەرێتی یان ڕووبەڕووبوونەوەی سزاکانی پاش ڕاکردن لە ماڵ بۆ خۆپاراستن یان دەربازبوون لە هاوسەرێتیی بەزۆر، هەندێکیان جۆرێک لە زەنگی ئاگەدارکردنەوەیان هەیە بۆ پاراستنیان[٢٥].

بەگوێرەی برگەی ٣٧ی یاسای ڕێکخستنی تۆماری نیشتمانی کە لە ٤ی مارتی ١٩٩٤ دەرچووە[٢٦]، کەسێک دەتوانێت ئەدرەسی شاراوە بەدەست بهێنێت لە دوو حاڵەتی گونجاودا: لە بەندی ٧ "نهێنی"یە و ئەدرەسەکە بەڕووی کەسە تایبەتەکاندا دادەخات بەڵام بەڕووی دامەزراوە فەرمییەکاندا ایناخات و، بەندی ٦ "ئەوپەڕی نهێنی"یە و ئەدرەسەکە بەتەنیا بۆ فەرمانبەرانی تۆماری نیشتمانی لە شارەوانیی شوێنی نیشتەجێبوون و فەرمانبەرە مۆڵەتدراوەکانی پشکنینی باج واڵا دەکات. زۆربەی قوربانییانی بەزۆر بەشوودان لە ئەدرەسەکانی بەندی ٧دا دەژین. چەندان حاڵەت هەبوون کە تیایاندا فەرمانبەرانی دەزگە گشتییەکان نهێنیی ئەدرەسی خەڵکانی گەنجیان ئاشکرا کردووە.

## کەمیی ئامارەکان

سەنتەرەکانی پشتگیری و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان ئامارەکان لە کۆی کەیسەکانی خۆیانەوە بەرهەم دەهێنن، بەڵام پێوەری ئامارەکان ناڕۆشنە و لە ئەنجامدا جیاوازن لە نێوان ڕێکخراوەکاندا. پێشنیازەکانی خاچی سوور بۆ پەیڕەوێکی یەکگرتووی تۆمار گرینگیی کەمی پێ درا، ڕەنگە بەهۆی کەمیی سەرچاوەکان و ڕێبازی لێکۆڵینەوەی گرفتەکانەوە بووبێت کە پێوەندییان بەمەوە هەیە. بەڵام هێشتا مرۆڤ ناتوانێت ئەو ئەگەرە پشتگوێ بخات کە ڕەنگە ڕێکخراوەکان بەرژەوەندییان لە ناڕۆشنیدا هەبێت سەبارەت بەقەبارەی کەیسەکانیان چونکە پێشبڕکێیەکی بەرچاو هەیە بۆ بەدەستهێنانی پارەدارکردن.

وەک ئاماژەدانێک بەشێوازی ئەو ژمارانەی قسەیان لەسەر دەکەین، دەتوانرێ سەرنجی ئەوە بدرێت کە لە حوزەیرانی ٢٠٠٤دا SEIF ڕای گەیاند کە تاوەکو ئەو کاتە پێوەندیی بە٣٩ کەیسەوە هەبووە لەسەر بەزۆر بەشوودان، ٦٥ لە سەدی کێشەکان پێوەندییان بەکچانەوە هەیە، پاشماوەکەی پێوەندیی بەکوڕان و جووتە گەنجەکانەوە هەیە. لە ساڵی ٢٠٠٣دا ٥٧ کێشەیان هەبوو ٤٥ کێشەش لە ٢٠٠٢دا. سکرتاریەتی پەناگەکانی ژنان (کە ٣٣ لە ٣٥ پەناگەی نەرویج لەخۆ دەگرن) ڕای گەیاند کە لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٣دا ٤٥ کەسی نیشتەجێیان هەبووە کە دووچاری مەسەلەکانی بەزۆر بەشوودان بووبوون و لە ساڵی ٢٠٠٢ دا ٤٧یان هەبوو (داگساڤیسێن، ٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٤).

## کەرتی ڕێکخراوە ناحکوومەتییەکان

وەک پێشتر باس کرا خاچی سووری ئۆسلۆ ORKIS یەکەم ڕێکخراو بوو کە گرفتی بەزۆر بەشوودان لە میدیادا ڕاگەیەنێت و خزمەتگوزارییەکانی ڕاوێژکاری و پشتگیریکردنیان ئاڕاستەی ژنان و پیاوانی گەنجی کارتێکراو بکەن. Selvhjelp/SEIF (واتا: خۆ یارمەتیدان بۆ کۆچبەر و پەناهەندەکان)[٢٧]، کە پاشتر دەستیان کرد بەکارەکەیان بەیەکەوە لەگەڵ ORKIS وەرگری سەرەکی

پارەپێدانەکانی حکوومەتن بۆ کێشەکانی بەزۆر بەشوودانەکان. سەنتەری سەرچاوەکانی MIRA، کە تاکە ڕێکخراوە لەسەر ئاستی نیشتمانی بۆ ژنانی کەمینە، سەرقاڵی داکۆکیکردنە و مەسەلەی بەزۆر بەشوودانی خستووەتە ناو چوارچێوەی هاوکارییە یاسایی و کۆمەڵایەتییەکانیەوە بۆ ژنانی کۆچبەر و پەنابەر و هەروەها کچانی کەمینە ئیتنییەکان. MIRA بەرەخنەگرتن لە حکوومەت ناسراوە سەبارەت بەدانەنان پێیدا وەک ڕێکخراوێکی ناحکوومی[٢٨] کە نەک هەر بۆ مافەکانی ژنانی کەمینە خەبات دەکات بەڵکو ئەو ژنانە لە پلاتفۆرمی دژەڕەگەزپەرستی و فێمینیستیدا ڕێک دەخات و تواناداریان دەکات.

هەرچەند ئەوان بەهۆی پێویستیی دژ وەستانەوەی بەزۆر بەشوودانەکانەوە یەککگرتوون، بەڵام جیاوازیی گرینگ هەن لە نێوان ڕێکخراوە ناحکوومییەکاندا هەم لە ئایدیۆلۆجیا و هەم لە شێوازەکانی کارکردندا. لە کاتێکدا ORKIS دەیەوێت جیاوازی بکات لە نێوان هاوسەرێتییە بڕیارلێدراوەکان (شێوە و ڕادە جیاوازەکانی) و بەزۆر بەشوودانەکان بەهەمان شێوەی وەک پلانی کار Action Plan، SEIF دەیەوێت هاوسەرێتییە بڕیارلێدراوەکان وا دابنێت کە "لە ژێر باری ڕادەیەکی کەمتر یان زۆرتری هێزدا بەستراون"، لەکاتێکدا ORKISبەو ئاڕاستەیە کار دەکات کە هەوڵ بدات دانوستان لە نێوان کەسە گەنجەکە (کوڕ یان کچ) و خێزانەکەی ئاسان بکات، گەر کەسە گەنجەکە بخوازێت و ئاسایشی بۆ دەستەبەر بێت و مەترسیی لەسەر نەبێت، SEIF زیاتر جەخت لەسەر تاکەکەسەکە و یارمەتیدانی بۆ دەربازبوون لە چنگی خێزانەکەی دەکات. هەندێک وتووێژ هەبوون لەسەر ئەگەر و ویستەکانی هەر جۆرێک لە "ناوبژیکردن" یان "بەڕێوەبردنی ناکۆکی"، بەڵام ئەمە تا ئێستا تەواو سەرەتایی و دژوار بووە (کە بەگشتی نیشانەی ناسینەوەی ئەم مەودایەی گرفتەکەیە) گرێ نەدراوەتەوە بەمشتومڕەکانی ڕێڕەوی گشتی لەسەر یەکلاییکردنەوەی ململانێی ناو خێزان.

لە نووسین لەسەر بەزۆر بەشوودان لە نەرویج و کاریگەریی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان بەتایبەتی، مرۆڤ ناتوانێت خۆی لابدات لە قسەکردن دەربارەی ڕێکخراوی کەرتی تایبەتی خزمەتگوزاری مافەکانی مرۆڤ HRS کە ساڵی ٢٠٠١ لەلایەن هێگە ستۆرهاوگ و ڕیتا کارلسن دامەزرا. لە ماوەی ساڵەکاندا ڕێکخراوەکە بەڕێگەی جیاجیا خۆی پێشکێش کردووە، بەڵام ئێستا خۆی بەگرووپی بیریاری ناو دەبات لە لێکۆڵینەوەی مەسەلەکاندا بەجەختێکی تایبەتەوە لەسەر "مافەکانی ژنان و منداڵان – لەسەر پێشێلکاری لەسەر ئەو مافانە وەک بەزۆر بەشوودان، مەسەلەی خەتەنەکردنی مێیینە و کوشتنەکانی شەرەف"[٢٩] ماوەیەکی کەم بەر لە کوشتنی فەدیمە ساهیندال، نادیە کە پێشتر باسی کرا و کچێکی گەنجی تر بەناوی جینێت کە مێژوویەکی تایبەتی هەیە لە زۆرلێکردنی بۆ شووکردن، پێوەندییان بەڕێکخراوەکەوە کرد. چیرۆکی کێشەی ئەو دوو ژنە گەنجە وەک "قوربانیی ڕاستەقینە" و ئەزموونی ستۆرهاوگ و تۆڕێکی ڕۆژنامەوان زامنی کاریگەرێتیی کۆکردنەوەی پشتیوانییان کرد. جێی خۆیەتی بگوترێت کە ستۆرهاوگ و HRS لایەنی

سەرەکی بوون لە سەرنجراکێشانی جەماوەر بەرەو پرسی بەزۆر بەشوودانەکان و بەشێوەیەکی ڕووڵەزیادیش کاریگەری خستنە سەر سیاسەتەکانی دەوڵەت بۆ بەگژداچوونەوەی دیاردەکە[30].

بەتایبەتی HRS زۆر بەتوندی کەمپەینی کرد بۆ توندکردنی کۆنترۆڵەکانی سەر کۆچبەری وەک ستراتیجێکی سەرەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پێشێلکارییەکانی مافەکانی ژنان و منداڵان. پێشنیازەکانیان بەتایبەتی لەلایەن پارتی پێشکەوتنەوە برانە ناو پەرلەمان و پێشکێش کران، بەڵام زۆربەی کات پشتگیریی پارتەکانی تری لەپشتەوە بوو هەندێک جاریش هەموو پارتەکان[31]. هەروەها پارتی پێشکەوتن یارمەتیدەر بوو لە زامنکردنی پارەدارکردنی ڕاستەوخۆ لە بودجەی دەوڵەتەوە بۆ HRS لە کاتێکدا ڕێکخراوە ناحکومییەکانی تر ناچار بوون لە وەزارەتەکان داوا بکەن[32]. لە دەرەوەی نەرویج، HRS زیاتر بەیەکێک لە ڕاوێژکەرە سەرەکییەکانی وەزیری یەکخستنی ڕەگەزەکان دانیمارکی بێرتێل هاردەر لەسەر مەسەلەکانی ژنان ناسراوە و، لە ساڵی ۲۰۰۳دا خەڵاتێکی بەخشییە هاردەر بۆ ڕۆڵی وەک سیاسەتمەدارێکی ئەوروپایی پێشەنگ لەسەر مەسەلەکانی تێکەڵبوونی (ئینتێگراسیۆن) گەلان.

ڕێکخراوەکە جێی مشتومڕ بوو، چەندان دەنگی ڕەخنەیی بەرزبوونەوە دژ بەسیاسەتی ڕێکخراوەکە لە گرێدانی مەسەلە پەیوەندارەکانی فێمینیستی لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی کۆچبەری. هەروەها، لە دوو حاڵەتی لەیەک جودادا، هەندێک ژنی گەنج کە پێشتر پەیوەندییان کردبوو بەHRSەوە بۆ یارمەتی یان بەشێوەی تر لە پەیوەندیدا بوون لەگەڵ ڕێکخراوەکەدا، HRSیان بەوە تۆمەتبار دەکرد کە شێوازی بێ ئاکارانەی لە پەیوەندییاندا بەقوربانییەکانی بەزۆر بەشوودانەوە بەکار هێناوە و دەستیان هەبووە لە ناکۆکییە توندەکانی ناو خێزاندا.

## سەرنجێک لەسەر بە بەباوکردن

ئەم ڕێکخراوانە و ڕێکخراوی ناحکوومیی تریش ڕەخنەیان هەبوو لە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و دامەزراوە باوەکانی تری وەک قوتابخانە لە بەجدی وەرنەگرتنی گرفتی بەزۆر بەشوودانەکان[33]، کە دەیانخستە ئەستۆی هەر یەک لە کارگوزارانی مەدەنی کە نەیاندەوێرا یان نەیاندەویست کار بکەن لەبەر کەم تا زۆر برێکی دیاریکراو "ڕێز بۆ کولتووری کەمینە" هەروەها کەمیی زانیاری و کارامەیی. ڕەخنەکە هاوشێوەی ئەوەی خوشکە ڕەشەکانی ساوسهۆڵ SBS وایە لە شانشینی یەکگرتوودا (بڕوانە وتارەکەی سدیقی لەم کۆمەڵە وتارەدا)، هەرچەند سیاسەتەکانی دەوڵەتی نەرویج بەشێوەیەکی گشتی کەمتر کاریگەریی ئەوەیان لەسەرە کە SBS بە "ئایدیۆلۆجیای فرەکولتوور" ناوی دەبات. جیاوازییەکی تری گرینگ لە نێوان دوو وڵاتەکەدا برێتییە لە کەمییەکی بەرچاوی گوتار لەسەر ڕەگەزپەرستی لە نەرویجدا، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ناسنامەیەکی نیشتمانی کە نەرویج وەک دەوڵەتێکی "پاکی" مرۆڤدۆست وێنا دەکات کە هیچ حسابێکی کۆڵۆنیالیی نییە ساخی بکاتەوە. دانانن بەوەدا کە مەسەلەیەکی ئاڵۆزە دوورە لە بواری ئەم

باسەوە، کارێکی ڕەوایە سەرنجی ئەوە بدرێت کە کێشەکە لە نەرویج بەشێکی بەهۆی کەمیی زانیاری و کارامەیییەوە دروست بووە بەتایبەتی سەبارەت بەمەسەلەی بەزۆر بەشوودان، بەشێکیشی بەهۆی کەمیی ئەزموون و ویستی کارکردن لەگەڵ مەسەلە ڕەگەزییەکاندا بەگشتی دروست بووە.

جگە لەوەش، کاتێک ئەنجام پارەکان دابین کران، پاش فیلمێکی دۆکیومێنتاری تەلەفزیۆنی[٣٤] کە بوو بەهۆی نوێکردنەوەی پاڵەپەستۆی سیاسی، بۆ ئاڕاستەکردنی بەزۆر بەشوودانەکان پەنایان بردە بەر پرۆژە تایبەتەکان کە لەلایەن ڕێکخراوە ناحکوومییەکانەوە بەڕێوە دەبران[٣٥]. ئەمە کارێکی ژیرانە بوو چونکە ئەمە ئەو بەشە بوو کە تیایدا بەئاگایی و شارەزایی دەستی بەدروستبوون کردبوو، بەڵام دەکرێت لێرەدا ئەوە دووپات بکرێتەوە کە دەبوو زۆر چالاکانەتر لە قۆناخێکی زووتردا پشتگیری بۆ خزمەتگوزارییە دەوڵەتییە باوەکانی وەک خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و پەناگەی پەروەردەیی و تەندروستی بکرایە. هەرچۆنێک بێت، دەکرێت پرسیاری ئەوە بکرێت کە ئایا ئەم ڕێکخراوە ناحکوومییانە (بەگوێرەی ئەو پارەپێدانانەی پرۆژەکە) کارامەیی و سەرچاوەی ئەوەیان هەبووە یان هەیە مامەڵە لەگەڵ ئەو خەڵکانەدا بکەن کە دووچاری قەیرانی زۆر توند هاتوون (ئەوەندەی پێوەندیی بەتەندروستیی دەروونی و ئاسایشیانەوە هەیە). لە ڕوانگەی حکوومەتەوە ئاڵوگۆڕێکی سووک ڕووی داوە بەرەو دروستکردنی کارامەیی و بەرپرسیارێتی لەناو دامەزراوە باوەکاندا، بەتایبەتی لەو ژمارە بەرچاوەی ئەو کۆرسانەی بەڕێوە براون بۆ فەرمانبەرانی خزمەتگوزارییە جیاوازەکان، لە هەمان کاتیشدا درککردن هەیە بەپێویستیی خزمەتگوزارییە تایبەتمەندەکان لە هەریەک لە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و کەرتی گشتیدا. بەڵام بەشی خزمەتگوزاریی پێوەندار بە بەزۆر بەشوودان لە مەودای ڕێکخراوە ناحکوومییەکاندا دەمێنێتەوە.

نەبوونی مەسەلەکانی بەزۆر بەشوودان لە لیستی چالاکییەکانی گرووپی کاری حکوومەت لەسەر توندوتیژیی دژ بەژنان و لە ڕاپۆرتی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣دا لەدەستدانی هەلێکی گرینگ بوو بۆ بەسەرەکی کردنی مەسەلەکە. ئەرکی بنەڕەتیی گرووپی کار برێتی بوو لە تۆمارکردنی ڕەوشی ژنانی دووچاری توندوتیژی لەلایەن هاوبەشەکانی ئێستا یان ڕابردوویان و، پێشنیازکردن بۆ سیاسەت و پێوانەکان بۆ باشکردنی ڕەوشی قوربانییەکان و ڕێگری لە توندوتیژی و هتد. هەرچۆنێک بێت، فەرمانەکە هێنانەناوەی توندوتیژیی ئەنجامدراو لەلایەن خزمە "نزیکەکان" دەستەبەر دەکات، کە دەشێ باوان و خوشک و برا بگرێتەوە (هەرچەند بە ڕوونی دەرنەبڕدراوە) وەک لە کێشەکانی بەزۆر بەشوودانەکاندا. گرووپی کار توانیی بەڕوونی کارەکەی جیا بکاتەوە و جیاوازی بکات لە بەزۆر بەشوودان و خەتەنەکردنی مێینە، چونکە ئەمانە دەکەونە دەرەوەی مەودای فەرمانەکە و پێشتر بە بەرفرەوانی لە پلانی کاری جودادا مامەڵەیان لەگەڵ کرابوو.

## دانیمارک

ساڵانی ١٩٩٠ەکان دانیمارک هەروەک نەرویج گۆڕەپانی ئەو چیرۆکانەی میدیا بوو کە لەسەر کێشە تاکەکەسییەکانی بەزۆر بەشوودان بوون. بەڵام لە دانیمارک ستراتیجی سیاسیی باڵادەست هەر لە سەرەتاوە بۆ سنووردارکردنی مافی یەکگرتنەوەی خێزان لەگەڵ هاوسەرێکدا لە دەرەوەی وڵات. بەدرێژایی ساڵەکان ئەمە بەپێشکەوتنێکی زۆر گشتیترەوە گرێ درابوو، بەرامبەر ئەوەی ئێستا وەک یەکێک لە توندترین سیاسەتەکانی بەرامبەر کۆچبەری ئاماژەی پێ دەدرێت (گرۆندال ٢٠٠٣، فینگەر گرۆن ٢٠٠٣، سیم ٢٠٠٣).

لە ساڵی ١٩٩٨دا لە سایەی حکومەتی هاوپەیمانیی پێشووی نێوان پارتەکانی سۆشیال دیموکرات و لیبراڵ دیموکراتدا، یاسای بێگانەکان هەموار کرا تاوەکو ڕێگە بەڕەتکردنەوەی مۆڵەتی مانەوەیەک بدات لەسەر بنەمای هاوسەرێتی ئەگەر سەلمێندرا هاوسەرێتییەکە لەسەر بنەمای "کاریگەریی خەڵکانی بەدەر لە هاوسەرەکان خۆیان" بووە. ساڵی ٢٠٠٠ داوای یاسایی یەکگرتنەوەی خێزان لەسەر بنەماکانی هاوسەرێتی بۆ خەڵکانی نێوان تەمەنەکانی ١٨ و ٢٥ ساڵ هەڵوەشێندرایەوە و، ئەمە بووە هۆی سەندنەوەی مۆڵەتەکان تەنیا لەو حاڵەتانە نەبێ کە بەدواداچوونێکی تایبەتی بیسەلمێنێت کە هاوسەرێتییەکە خۆبەخۆ کراوە. خشتە کاتییەکانی ٢٠٠١ پیشانی دەدەن کە دەزگەی کۆچبەری لە سایەی ئەم بەندەدا لە نۆ حاڵەتدا یەکگرتنەوەی هاوسەرانی ڕەت کردووەتەوە (لە کاتێکدا ١٧٧٨ مۆڵەت بەخشراون). ئەم ڕێژە کەمانە وەک نیشانەیەکی شکستی یاساکە بۆ ڕێگرتن لە ژمارەیەکی زۆری بەزۆر بەشوودان ڕاڤە کران. بەگوێرەی وەزارەتی کۆچ و پەنابەری و کاروباری تێکەڵبوون، "ڕێساکانی پێشتری یەکگرتنەوەی خێزان بۆ مەبەستی کۆچبەری بەکار هاتبوون لە ڕێگەی هاوسەرێتیی هاسانکار و هاوسەرێتییە بڕیارلێدراوەکانەوە، کە تراجیدیای بەردەوامیان بۆ خێزانە گەنجەکان لێ دەکەوتەوە".

ئەنجام، پاش هەڵبژاردنی حکومەتێکی نوێی لیبراڵ- موحافیزکار لە پایزی ٢٠٠١دا بەپاڵپشتیی باڵی ڕاستڕەوی پارتی گەلی دانیمارکی یاسای هەموارکراوی بێگانەکان لە تەمموزی ٢٠٠٢دا کەوتە کار[٣٦]. مەبەستی سەرەکیی ئاشکرای یاساکە کەمکردنەوەی ژمارەی کۆچبەران بوو، ئامانجە ناوەندییەکانی برێتی بوون لە ڕێگری لە بەزۆر بەشوودانەکان و زامنکردنی "باشترین بناخەی شیاو بۆ تێکەڵبوونێکی شیاو". لە هەموو حاڵەتەکاندا، مافی یەکگرتنەوەی خێزان پاش هەڵسەنگاندنێکی تایبەتی و دیاریکراو بەپێی ئەو مەرجانەی دیاری کراون، دەبەخشرێت. وەک یاسایەک، یەکگرتنەوەی هاوسەران مۆڵەت نادرێت گەر یەکێک لە هاوسەرەکان لەخوار تەمەنی ٢٤ ساڵەوە بێت. بەگوێرەی وەزارەتی کۆچ و پەنابەری و کاروباری تێکەڵبوون:

ئەندازە تەمەنەکە لە ٢٤ ساڵدا دانراوە لەبەرئەوەی خەڵکانی گەنج لە نێوان تەمەنی ١٨ و ٢٤ دا ئەزموونی پێشکەوتنی کەسێتی دەکەن (لەو شتانەش لە ڕێگەی خوێندن و ڕاهێنان یان

کارکردنەوە) کە یارمەتییان دەدات بەرەنگاری هەر جۆرە پاڵەپەستۆییێکی چاوەڕوانکراوی باوان یان کەسانی تر ببنەوە تا بتوانن خۆیان لە هاوسەرێتیی دژ بەخواستی خۆیان بەدوور بگرن. تا کەسەکە (چ کوڕ چ کچ) بەتەمەنتر بێت باشتر دەتوانێت بەرەنگاری پاڵەپەستۆی خێزانەکەی و کەسانی تر ببێتەوە بۆ بەستنی پەیمانی هاوسەرێتی دژ بەویستی خۆی.

لەو ساتەوە گۆڕانکاریی تر بەدوادا هاتن. تازەترین بەندی یاسایی خزمە نزیکەکان بەتایبەتی ئامۆزاکان بەدەر دەکات، کە بەئومێدی یەکگرتنەوەی خێزان لە هەر تەمەنێکدا هاوسەرێتییان بەستبێت. حکوومەت بەشێوەیەکی سەرەکی ئەمەی وەک تەگبیرێک ڕوون کردەوە دژ بە بەکارهێنانی هێز، بەڵام مەترسییە تەندروستییەکانیش باس کرابوون[٣٧]. لە ئابی ٢٠٠٤ەوە پێویستە هەموو ئەم مەرج و داواکارییانەی خوارەوە بگیرێنە بەر بۆ یەکگرتنەوەی خێزان لە دانیمارک[٣٨].

١- هەردوو هاوسەر دەبێ تەمەنیان ٢٤ساڵ و بەرەوسەر بێت (مەرجی تەمەن)[٣٩].

٢- دەبێ پەیمانی هاوسەرێتییەکە خۆویستانە ببەسترێت و وەک یاسایەک نابێ هاوسەرەکان سەر بەهەمان بنەماڵە بن بۆ نموونە نابێ ئامۆزا/ خاڵۆزا/ پوورزا بن.

٣- ئەو هاوسەرەی لە دانیمارک دەژی دەبێ جێ وماڵی خۆی هەبێت کە دەبێ قەبارەیەکی دیاریکراوی هەبێت (مەرجەکانی ماڵ)[٤٠].

٤- ئەو هاوسەرەی لە دانیمارک دەژی (چ ژن چ پیاو) دەبێ بڕیکی دیاریکراوی داهاتی هەبێت تاوەکو بتوانێت هاوسەرەکەی بژیێنێت و دەبێ لە ماوەی دوا ساڵدا لەلایەن حکوومەتی ناوچەکەیەوە هیچ کۆمەکێکی دارایی نەکرابێت. دەبێ گەرەنتییەکی بانقی بەبڕی ٥٣٠٩٦ کرۆنی دانیمارکی ئامادە بکات (مەرجی پاڵپشتی)[٤١].

٥- هەردوو هاوسەرەکە دەبێ پێوەندییەکی نزیکایەتی بەدانیمارکەوە بیانبەستێتەوە کە نزیکتر بێت لە هەر وڵاتێکی تر (مەرجی پێوەندی)[٤٢].

خاڵی دووەم ئاماژە بەو ڕاستییە دەدات کە یەکگرتنەوەی خێزان نادرێت گەر بە"گوماناوی" لەقەڵەم درا و، دەبێ هاوسەرێتییەکە بەویستی سەربەستی هەردوو لا بەسترابێت[٤٣]. هەر لەو کاتەوەی ئەم بەندە هاتە ئاراوە، لە ساڵی ١٩٩٨، دەسەڵاتەکانی کۆچبەری وردە وردە بەڵگە پێوەندارە داواکراوەکانیان کەم کردەوە، لە کاتێکدا یەکەم هەمواركردن داوای دەکرد کە بسەلمێندرێت هاوسەرێتییەکە خۆویست نییە، هەنووکە ئەوەندە بەسە کە بیسەلمێنێت گومان هەیە... وێڕای ئەوەش، ئەم یاسایە ئێستا بەسەر ئەوانەشدا پیادە دەکرێت کە تەمەنیان لەسەرووی ٢٥ ساڵەوەیە. زیادلەوەش، دوو یاسای گوایە گریمانی زیاد کراون، ئەوە دەگەیەنن کە بەگشتی وا دادەنرێ کە هاوسەرێتیی نێوان ئەو هاوسەرانەی خزمی نزیکن خۆویستانە نەبێت و یان کاتێک مێژوویەکی پێشینە هەبێت بۆ یەکگرتنەوەکانی خێزان لەسەر بنەمای هاوسەرێتیی کەسە نزیکەکانی بنەماڵە. وەک لیسبێرگ Liisberg دووپاتی دەکاتەوە، لەم حاڵەتانەدا قورسایی بەڵگە

پێچەوانە كراوەتەوە و، ئەوە ئەركی هاوسەرەكانە كە بیسەلمێنن هاوسەرێتییەكەیان بەویستی ئازادی خۆیان بەستراوە.

ئەمانە یاسای گشتین كە پێوەندییان بەزۆرینەی دانیشتوانیشەوە هەیە، كاتێک دەركران بوونە مایەی سەرسوڕمان. بەتایبەتی، ناڕەزاییەكی بەرچاو دژ بەمەرجی پێوەندی هەبوو، كاتێک دەركەوت كە هاوولاتیی دانیماركی كە بۆ ماوەی دووردرێژ لە دەرەوەی وڵات ژیابوون و ویستبوویان لەگەڵ هاوسەرێكدا بگەڕێنەوە، بەڵام مۆڵەتی ئەوەیان پێ نەدرابوو ئەو كارە بكەن. وەک سەرئەنجامێک، یاساكە هەموار كرا بۆ بەخشینی ئەو كەسانەی بۆ ماوەیەكی ٢٨ ساڵی هاووڵاتی بوون لە مەرجەكە هەروەک ئەو كەسانەی لە دانیمارک لەدایک بوون و ئەوانەی وەک منداڵێكی بچووک گەیشتبوونە دانیمارک و بۆ ماوەی ٢٨ ساڵ بە بەردەوامی لەوێ ژیابوون[٤٤].

نارۆشنییەكی بەرچاو كە بووە مایەی بەرزبوونەوەی مەراق ڕادەی پێوەندیی بەندە نوێكانی یەككگرتنەوەی خێزان بوو بەمەراقی قوربانییان یان ئەوانەی ڕەنگە ببنە قوربانی بەزۆر بەشوودانەكان، یان بەمەراقی شكستهێنانی تێكەڵبوون، یان بەخواستێكەوە بۆ كەمكردنەوەی كۆچبەری بەگشتی و بەتایبەتی لە هەندێک وڵاتی دیاریكراوەوە. هەرچۆنێک بێت، دەبێ گومان لەسەر ئەوە نەبێت كە ئەم گۆڕانكارییانە مانای توندوتۆڵكردنی سنوورەكان دەگەیەنن بەناوی مافەكانی ژنانەوە.

بەفەرمی ئەوە مەرجی تەمەنە كە زۆربەی جار خۆی لە خۆیدا وەک تەگبیرێک دژ بە هێز پێشكێش دەكرا، بەڵام بۆ هەڵسەنگاندنی كاریگەریی ئەم تەگبیرە دەبێ لە پێوەندیدا بەمەرجەكانی ترەوە لەبەرچاو بگیرێت، بەتایبەتی مەرجی پێوەندی پێوەبوونەوە. لێرەوە ڕوون دەبێتەوە كە لە باشترین حاڵەتدا ڕیفۆرمەكان پشتیان بەشیكار و گریمانەی سادە بەستووە كە بەردەوام لە جێی خۆیاندا نین و لە خراپترین حاڵەتدا زیاتر بۆ جڵەوكردنی كۆچبەرین نەک پاراستنی مافی ئافرەتان. لە هەردوو حاڵەتدا ئەنجام ڕەنگە ئەوە بێت كە ڕیفۆرمەكان خراپتركردنی ڕەوش بن بۆ هەندێک تاک.

دەمەقاڵە لەسەر ئەوە بوو كە دەسەڵاتەكانی دانیمارک زیاد لە پێویست بایەخیان بەوە داوە كە پاڵنەری كۆچبەری لە پشت بەزۆر بەشوودانەوە هەیە و كەمتر بایەخیان بەوە داوە كە هەندێک دایک و باوكی كەمینە هانی كۆنترۆڵكردنی كچەكانیان دەدەن[٤٥]. وا دانرا كە پاڵنەری باوان لە هەڵبژاردنی هاوسەرێكدا بەتەنیا یان بەشێوەیەكی سەرەكی بۆ بەدەستهێنانی مافی مانەوەیە بۆ هاوبەشەكە (عادەتەن خزمێكی نزیک لە "نیشتمانەوە") لەبەرئەوە یاساكە كاریگەرییەكی ڕێگرییانەی هەیە. كاتێک دەركردنی ڤیزا تا هاوسەرەكان دەگەنە تەمەنی ٢٤ساڵ مەحاڵ دەبێ، وا دانراوە كە باوان چاوەڕوانی هاوسەرێتییەكەن (یان هاوبەشێكی لۆكاڵ). كاتێک ژنەكە تەمەنی ٢٤ ساڵە ئەوەندە پێگەیشتووە بتوانێ ئیختیارێكی سەربەخۆ دروست بكات. بەڵام هەروەها ئایا ڕوو نادات كە كچان زۆر بەسانایی بگەڕێندرێنەوە وڵاتی ئەسڵی خۆیان و كاتێک بوونە ٢٤ساڵ لەوێ

شوو بکەن؟ ڕەنگە ئەم حاڵەتە زۆر بەسانایی ڕوو بدات، لێرەدا گرینگیی مەرجی پێوەندی پێوەبوون دەردەکەوێت. چونکە هەر مۆڵەتێکی داهاتوو پێوەستە بەپێوەندیی هەردوو هاوسەر بەدانیمارکەوە، دەشێ ئەمە ڕێگە لەبەردەم باوان بگرێت کچەکانیان بۆ دەرەوەی وڵات بنێرن، لە جیاتی ئەوە بەشوێن هاوسەرێکدا بگەڕێن بۆی لەناو دانیمارکدا. بەڵام، ئەم لۆجیکە ئەو ڕاستییە پشتگوێ دەخات یان بەهەند ناگرێت کە باوان پاڵنەری تریان هەیە کە باش زانراون - بۆ نموونە، هەندێک دایک و باوک دەترسن منداڵەکانیان زۆر "دانیمارکی" یان زۆر "لیبراڵ" دەرچن. گەر ئەمە حاڵەتەکە بێت، ئەوا مەترسییەکی گەورە هەیە کە هەندێک لە کچانی گەنج هێشتا لەدەرەوەی وڵات بەبێ ویستی خۆیان لە تەمەنێکی منداڵدا شوو دەکەن و زۆریان لێ دەکرێت لەوێ بمێننەوە یاخۆ دووچاری ماوەیەکی درێژتری کۆنترۆڵکردن دەبنەوە لە کاتێکدا چاوەڕێن بدرێن بەشوو. ڕێی تێ دەچێت کە ئەم یاسایانە بەشێوەیەکی کاریگەر کار نەکەن و کچان نەپارێزن بەڵکو ڕەنگە کۆنترۆڵکردن دژوارتر بکەن - بەکورتی لەبەرئەوەی لە هەندێک حاڵەتدا کۆنترۆڵ ئەوەندە فرەڕوخسارە و پەسندکراو و توندە.

## پلانکاریی ٢٠٠٣

وەک پاش بیرێک بۆ ئەو تەگبیرانەی لە یاسای کۆچبەریدا گیرانەبەر، پلانێکی سەراپاگیری حکوومەتی لە ساڵی ٢٠٠٣دا پێشکێش کرا. ناوی "پلانی کار لەسەر هاوسەرێتییە بەزۆر و نیمچە بەزۆر و بڕیارلێدراوەکان"ی لێنرا، بەڵگەنامەکە بەبێ هیچ دوودڵییەک ئەو زاراوانە جێگیر دەکات کە لە سەرەتاوە باڵیان بەسەر مشتومڕەکانی دانیمارکدا کێشابوو، بۆ نموونە، پێشنیازە سەرەتاییەکانی هەمووارکردنی یاسای بێگانەکان زاراوەکانی "هاوسەرێتیی بەزۆر" و "هاوسەرێتی بڕیارلێدراو"یان بەشێوەیەکی ئاڵوگۆڕکاری بەکار دەهێنا. بە دەستپێکی بەکارهێنانی زمانی ناڕۆشنەوە، مەبەستەکە بەئاقاری هەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکرا بوو کە هاوسەرێتییە بڕیارلێدراوەکانی بەگرفتێکی مەترسیدار دادەنا، گەر بەتەواوەتیش نەبێت چونکە "هەموویان" هێزیان تێدایە، بەواتا یاساییەکەی وشەکە[٤٦]، بەڵکو هەروەها لەبەر ئەوەش کە وا دانراون دژ بەتێکەڵبوونن (کەمێک نەبێت) لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی تەقلیدی لە نێوان کەسانی یەک نیشتمان دەبەسترێن دەبنە هۆی زیادبوونی کۆچبەری. ئەو هەستەی کە هاوسەرێتییە بڕیارلێدراوەکان بەگشتی لە ژێر هێرشی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتە دانیمارکییەکاندا دووپات دەکرێتەوە لە پلانی کاری نیشتمانیی دانیمارک بۆ نەهێشتنی هەژاری و پەراوێزکەوتنی کۆمەڵایەتی (٢٠٠٣)، کە بەمجۆرەی خوارەوە ئامانجی سەرەکیی پلانی کاری داهاتووی ئەوکات دەناسێنێت: "بۆ ڕێگرتن لە هاوسەرێتییە بەزۆرەکان و نیمچە بەزۆرەکان و نەهێشتنی هاوسەرێتییە بڕیارلێدراوەکان" (ئەم چەند وشەیەی کۆتایی بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ تەئکیدکردن نووسراون)[٤٧].

هەواڵنامەی کتێب

تەگەرەکان لەلایەن سیاسەتمەداران و لێکۆڵەوەران و چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤەوە ڕەخنەیان لێ گیرا و سەرزەنشت کران[48]. بەڵام تاوەکو ئێستا ئەم ڕەخنەگرتنە نەبووەتە هۆی هیچ گۆڕانێک لە تەوژم یان ناوەڕۆکی سیاسەتی توندی حکوومەتدا.

لە ڕاپۆرتەکەیدا کە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٤ بڵاو کرایەوە پەیمانگای دانیمارکی بۆ مافەکانی مرۆڤ (٢٠٠٤) لە ڕوانگەیەکی مافەکانی مرۆڤەوە دەڕوانێتە ڕووە جیاوازەکانی سیاسەتی یەکگرتنەوەی خێزانی دانیمارکی. ڕاپۆرتەکە دەگاتە ئەو ئاکامەی کە مەرجی تەمەن شانبەشانی مەرجی پێوەندی پێوەبوون دەبنە هۆی پێشێلکردنی مافی ژیانی خێزانی (پەیماننامەی ئەوروپاییی مافەکانی مرۆڤ، بەندی ٨). بەشێوەیەکی زۆر گشتیتر ئەوە دووپات دەکرێتەوە کە بەندە نوێکان دەسەڵاتی بڕیار دەرکردن لە مافێکی چەسپاوی یەکگرتنەوەی خێزانەوە بۆ بڕێکی بەرچاوی سەلیقەی بەڕێوەبردن و، لاوازکردنی سەقامگیری لە سایەی یاسادا.

سیاسەتەکانی دانیمارک هەروەها ڕووبەڕووی ڕەخنەی نێودەوڵەتیش بوونەوە. بۆ نموونە، کۆمیتەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بنەبڕکردنی شێوازەکانی جیاکاری دژ بەژنان CEDAW، کاتێک ڕاپۆرتەکەی دانیمارکی ساڵی ٢٠٠٢ لێک دەداتەوە، ناڕازی بوو لە زیادکردنی مەرجی تەمەن و "داوایان لە دانیمارک کرد کە بیر لە هەڵوەشاندنەوەی ئەم بەندە بکاتەوە" و "هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی تر بۆ بەرهەڵستی کردنی بەزۆر بەشوودان بدات". ڕاپۆرتی سەردانی هەڵسووڕێنەری مافەکانی مرۆڤی ئەنجوومەنی ئەوروپا (ئەلڤارۆ گیل- ڕۆبلێس) بۆ دانیمارک لە ١٣-١٦ی نیسانی ٢٠٠٤دا ڕەخنەی لە دەوڵەت گرت لەبەر پابەندنەبوونی بەپەیمانە نێودەوڵەتییەکانەوە. ڕاپۆرتەکە بووە هۆی مشتومڕێکی بەرچاو لە دانیمارک لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٤دا. لەنێو چەندان شتدا گیل- ڕۆبلێس داوای لە دانیمارک کرد دووبارە چاو بەمەرجی تەمەندا بخشێنێتەوە. سەرۆکی فەرمانگەی نیشتمانی لە پەیمانگەی دانیمارکی مافەکانی مرۆڤ بریگیت کۆفۆد ئۆلسن ڕاپۆرتەکەی بەدڵ بوو و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە "یاساکانی تایبەت بەیەکگرتنەوەی خێزان لە ڕوانگەی مافەکانی مرۆڤەوە پڕ کێشەن"[49]. حکوومەت ڕاگەیاندننامەیەکی دەرکرد و ڕەخنەکەی لەبیر خۆی بردەوە.

## ئەنجام

لە چەقی سیاسەتەکانی دانیمارک و بەشێوەیەکی ڕوو لە زیادبوونیش لەوانەی نەرویجدا گشتگیریکردنێک هەیە لە حاڵەتە تاکەکەسییەکانی بەزۆر بەشوودانەوە بۆ گرتنەوەی هەموو پیادەکارییەکانی هاوسەرێتیی گرووپە کەمینەکان شانبەشانی باوەڕێکی پتەو کە هاوسەرێتی وەک ستراتیجێک بۆ کۆچبەری دەبینێت. ئەم لایەنە کرۆکییانە یارمەتیدەر بوون لە ڕەوایەتیدان بەتوندترکردنی کۆنترۆڵەکان بەسەر کۆچبەرییەوە، لەوانەش ئەو سیاسەتانەی کە مایەی پرسیارن لە ڕوانگەی مافەکانی مرۆڤەوە. بەڵام پڕ کێشەشن لەبەر چەند هۆکاری تریش. یەکەم، ئەم شێوە

بۆچوونە ئاڵۆزییەکانی گرفتی توندوتیژی دژ بەژنان لەبەرچاو ناگرێت. دووەم هێز و هەست و بیرەکانی ژنان پشتگوێ دەخات. پێداگرتن لەسەر ئەوەی کە هەموو هاوسەرێتییە بڕیارلێدراوەکان لە ڕاستیدا هاوسەرێتیی بەزۆرن بەشێوەیەکی کاریگەر زۆر پۆلێنی جیاوازی ئەزموونەکان دەخاتە یەک قاڵبەوە. ئەو کەسانەی کەم تا زۆر بەئاشکرا دژ بەپلان و خۆسەپاندنەکانی باوانیان بەرەنگاری دەکەن و دەشەڕن خراونەتە ڕیزی ئەوانەی بەبێ هیچ ڕەخنەگرتنێک داوونەریت قبووڵ دەکەن، هەروەها ئەوانەی کە لەناو هزری خۆیاندا دووچاری کێشمەکێش دەبن لەسەر ئەوەی چی باشە بیکەن و دەگەنە ئەو باوەڕەی هاوسەرێتیی بڕیارلێدراو قبووڵ بکەن. بەکورتی، ژنانی کەمینە وەک خەڵکانی پێنەگەیشتوو وێنا کراون کە هیچ توانایەکی سەربەخۆییان نییە. ئەوانەی کە وا ڕادەگەیەنن کە زۆریان لێ نەکراوە بۆ شووکردن نارایان Narayan وەک "قوربانی" یان "ساویلکە" ناوی داتاشین.

لەلایەکی ترەوە، ئەوانەی ڕەخنە لە دەستوەردانەکانی دەوڵەت دەگرن دەیانەوێ جیاوازییەکی ڕوون و ئاشکرا بکەن لە نێوان هاوسەرێتییە بڕیارلێدراوە ئازادەکان و حاڵەتە ڕوون و ئاشکراکانی هێزدا. بۆ نموونە بەگوێرەی گولستاد "بەزۆر بەشوودان" زاراوەیەکە بۆ لادان لە هاوسەرێتیی بڕیارلێدراو، کە خوو و نەریتێکە لە بەشێکی بەرفرەوانی جیهاندا پیادە دەکرێت[٥٠]. هەرچەند ئەم نیگەرانییە لەبارەی خۆلادان و بەرەنگاریکردنی ئەو ڕەگەزپەرستییەی کە بووەتە بەشێک لە گوتاری هاوسەرێتییە بڕیارلێدراوەکان، هەروەها ئەوانەش کە دژین، گرینگە، بەڵام پێناسەی بەزۆر بەشوودان وەک لادانێک لەوەی کە وەکوتر بەڕووکەش بە "داوونەرێت"ی بێ کێشمەکێش دادەنرێ چەوتە. پێناسەکەی گولستاد لە بنەڕەتدا زیاد لە جیاوازیکردنێک دەگەیەنێت.

ئەو زانیارییە زۆرەی ئێستا دەست دەکەوێت لەسەر توندوتیژیی دەروونی و هەڕەشەی سۆزداری و دڵسۆزییەکانی خێزان شیکارییەکی زۆر قووڵتری هێز زەرووری دەکات وەک لەو پێناسەیەی لەلایەن ڕەخنەگرانی فرەکولتوورخواز یان دژە-ڕەگەزپەرستی دژ بە دەستتێوەردانی دەوڵەت پێشکێش کرا. ئەم تێگەیشتنانە پێویستە ببرێنە ناو وتووێژە یاساییەکان و پێناسەکانی هێزەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچەند گرینگە مەراقەکانی دەوری بەناو "مافی هەڵبژاردنە گونجاوەکان" بناسرێنەوە و مەترسییەکانی ئەو تاکانەی مافی دیاریکردنی توانای هەڵبژاردنیان قۆرخ دەکەن و، زۆر ئاڵۆزە پێ دابگیرێت کە هەموو ئەو خەڵکانە دەبێ لە هەڵبژاردنەکانی خۆیاندا بپارێزرێن.

ئەم شیکارییە، لە بەشێکیدا پاڵپشتیی ئەو داوا سواوە دەکات کە جیاوازیکردن لە نێوان هاوسەرێتیی بڕیارلێدراو و بەزۆر لێڵ کراوە و خاڵێکی گرینگە کە لەسەر ئاستی تاکەکەسیدا بکرێت، بەڵام لەسەر ئاستی گرووپ هەر بەئاڵۆزی دەمێنێتەوە. کاتێک وەک بیانوو بۆ تەگبیرە گشتییەکان بەکار هات، وەک لە پلانکاریی دانیمارکدا، ئاسانە هەموو هاوسەرێتییە بڕیارلێدراوەکان وەک بەزۆر وێنا بکرێن، بەبێ گوێدانە تێڕوانین و ویستی کەسەکە خۆی. ڕەوانبێژیی حکوومەتی دانیمارکی خۆی لەخۆیدا بەشداری لەم لێڵکردنەدا دەکات و، تەگەرەچییەکان بەرژەوەندییان لە درێژەدان و پتەوکردنی ئەم لێڵێتییەدا هەیە. ئەوەی

تێگەیشتنێکی گرینگە شەڕان دژی هاوسەرێتییە بەزۆرەکان و هەڵوێستی ژنان لەناو گرووپە پێوەندارەکاندا بەهێز دەکات خراپ بەکار دێت بۆ پتەوکردنی سنوورەکان.

سیاسەتێک کە پێکەوەبەستنی ڕەوانبێژییەکی سادەی هەڵبژاردنی سەربەست بێت لەگەڵ بەڕواڵەت پشتگوێخستنێکی پارەدۆکسانەی ویستە خۆییەکانی ئەندامە تاکەکانی تەواوی گرووپەکانی خەڵک سیاسەتێکی دۆستانە نییە لەگەڵ ژندا. تەنانەت گەر مرۆڤ بیانووەکانیش قبووڵ بکات، کە هەندێک جار دەهێندرێنە پێشەوە، کە هەندێک مافی تاکەکەسی (مافی خۆشەویستی و ژیانی خێزانی لەو حاڵەتانەدا کە هاوسەرێتیی ئارەزوومەندانە دەبەسترێت) دەبێ بکرێنە قوربانی بۆ ئەوەی کەسانی تر بپارێزرێن لە پێشێلکردنێکی توندی مافەکان (سەپاندنی هاوسەرێکی بێگانەی لەوانەیە توندوتیژ و پێشێلکار بەسەریاندا)، دەبێ ستراتیجی ئەڵتەرناتیڤ تاوتوێ بکرێن– نەک بەتەنیا بۆ خۆبەدوورگرتن لە جیاکاریی ڕەگەزی و پێشێلکردنەکانی مافەکانی مرۆڤ بەڵکو بۆ پەرەدان بەستراتیجە فێمینیستییەکان دژی بە بەزۆر بەشوودانەکان و جۆرەکانی تری "توندوتیژی لەسەر شەرەف" وەک کەوتنەڕوویەکی تایبەتی توندوتیژی دژ بەژنان بەگشتی.

لە کرۆکی بۆچوونی کۆچبەریدا لۆجیکێک هەیە کە دەوڵەت دەبێ تاکی ژن لە دەسەڵاتی باوان بپارێزێت و هەندێک جار لە خۆی بپارێزێت لەجیاتی ئەوەی تاوانبار بکرێت تا بەهێزتر بێت لە خەباتی خۆیدا و پەرە بدات بەهەستێکی مەزنتری ڕێبەریکردن و بڕیاردان لە ژیاندا بەرامبەر خێزانەکەی و کۆمەڵگەکەی. با نموونەیەک وەرگرین، کاتێک سەرەتا بەربەستەکان خرانە ڕوو لە دانیمارک ئەم لێدوانەی خوارەوە لەلایەن UNG– sam ڕاگەیەندرا کە ڕێکخراوێکی ناحکوومییە کە ئەو کاتە لە پێشەنگی خەباتکردندا بوو دژ بە بەزۆر بەشوودانەکان: "حکوومەت دەیەوێت گەنجەکان خەبەریان پێ بدەن کاتێک دەیانەوێ بڵێن نا. دەیانەوێت بەرپرسیارێتی بەسەر ژیانمانەوە وەرگرن. زۆر باشترە خەڵکانی گەنج فێربن بەباوانیان بڵێن نا" (بریدال ١٩٩٩، ل٧٩، وەرگێڕانی نووسەری ئەم بابەتە)[٥١]. UNG-sam داکۆکی لە سیاسەتی دەستبەرداربوون ناکات، واز لە خەڵکانی گەنج بهێنێت تا ڕێگەی خۆیان بدۆزنەوە بۆ دەرچوون لە ڕەوشی بەزۆر بەشوودانەکان وەک چۆن نوێنەرانی تری کۆمەڵگە کردوویانە. بەپێچەوانەوە، ئەمە یەکەم ڕێکخراو بوو کە هەوڵی بەدەستهێنانی فەندەکانی حکوومەت بدات بۆ خزمەتگوزاریی پشتگیریکردن و هاوکاریکردنی گەنجان لە ناڕەزایی دەربڕین و دەربازبوون لە بەزۆر بەشوودان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر تایبەتی بوون لەبارەی سیاسەتێکەوە کە مەبەستی بوو ئەو جۆرە گەنجانە وەک بێتوانا لە بەرهەڵستی کردن وێنا بکات و بەو جۆرەش درێژە بەپشتبەستنیان بەکەسانی تر دەدەن.

هەرچۆنێک بێت، بەبێ دژ وەستانەوەی دەستوەردانی حکوومەت لەو حاڵەتانەی کە تاکێکی مێ نەتوانێت درک بەباشترین بەرژەوەندیی خۆی بکات، زۆر ڕێی تێ دەچێت کە تا کەسێک گەنجتر بێت زیاتر بکرێتە قوربانی. نابێ ئەو ڕاستییەش بەکەم بگیرێت کە هەندێک تاک کە دووچاری ئەو سزا ستەمانە دەبێ بەهۆی نەبوونی دژوەستانەوە و لەگەڵدا گونجانی تەواویان دەبێ خۆی لە خۆیدا وەک نیشانەیەکی ئاگەدارکردنەوە وەربگیرێن. بگرە، پێش هەموو شتێک، پێوستی

بەقووڵبوونەوە و مامەڵەکردن هەیە لەگەڵ هەر حاڵەتێکی تایبەتدا وەک بەشێک لەو قووڵبوونەوەیە. دوو ئاڕاستە هەن، ئاڕاستەیەک بەتایبەتی لەناو کۆمەڵگەکان و لە نێو ئەو فرەکولتوورخوازانەدا کە داکۆکی لە"ڕێزگرتنی کولتوورەکانی تر" دەکەن بۆ بەکەم دانانی پاڵەپەستۆی دەروونی و ئەو توندوتیژییەی کە ژنان و پیاوان ڕووبەڕووی دەبنەوە لە چوارچێوەی هاوسەرێتیی بڕیارلێدراودا و، ئاڕاستەیەک لەناو هەندێک سیاسەتمەدار و حکوومەت و فێمینیستەکاندا بۆ شێواندن و بەزۆردانانی زۆرەملێ لە هەمان چوارچێوەدا. ئەم ئاڕاستەیەی دواییان بەئاشکرا لەلایەن هەندێک هۆکارەوە دنە دەدرێت لەوانەش پێویستیی ڕەوایەتیدان بەئارەزوویەکی گشتی بۆ کۆنترۆڵی توندوتۆڵتر لەسەر کۆچبەری یەکێکە لەو هۆکارانە.

هەردوو حکوومەتی دانیمارک و نەرویج سیاسەت و تەگبیرەکانیان وەک "پێشنیازی ئامادەکراو" دژ بە بەزۆر بەشوودان پێشکێش دەکەن. هاوتا، ڕەخنەگران سەرقاڵی کاریگەرییە ڕەگەزپەرستی و جیاکارییەکانی ئەم سیاسەتانە بوون (بەلایەنی کەمەوە هەندێکیان) بەو ئاڕاستەیە کار دەکەن کە هەموو تەگبیرەکان پێکەوە تۆپەڵ بکەن لە تۆمەتی بێ بنەمای لەکەدارکردن و نوێنەریکردندا یان یارییپێکردنی بە دەست ئەو سەرکردانەی جڤات و کەسانی ترەوە کە دژ بە دەستوەردانی دەوڵەتن لە "کێشە تایبەتەکانی" وەک توندوتیژیی دژ بەژنان و ئەو کەسانەی بۆ هێشتنەوەی پیادەکارییە باوکسالارییەکان و "داوونەریت" تێدەکۆشن.

پێداویستییەک هەیە بۆ سیاسەت و تەگبیرەکان شانبەشانی توێژینەوە کە هەستیار بن بەرامبەر ئاڵۆزی و جۆراوجۆری پیادەکاری و تێگەیشتن لەوەی زۆر جار پێی دەوترێت خوو و نەریت یان داوونەریتەکان. کاتی ئەوە هاتووە لەسەر ئاستێکی گشتی لە پێناسکردنی هێز بگەڕێین و زیاتر سەرقاڵی بەدەنگەوەهاتنی مەراقە جۆراوجۆرەکانی کەسانی تێوەگلاو بین، لێگەڕێین خۆیان پێناسەی ڕەوشەکانیان بکەن– کە ڕەنگە بەباشی بیسەلمێنێت هەمان ئەو کارانەی لەلایەن باوانەوە کراون لەلایەن گەنجە جیاوازەکانەوە بەشێوەی جیاواز ڕاڤە کراون و تێگەیشتنیان بۆ کراوە. پێویستە جیاوازییەکی بەرچاوتر لە نێوان ئەو پێوانە یاسایی و کۆمەڵایەتییانەدا بکرێت کە گیراونەتەبەر بۆ پتەوکردنی مافی بڕیاردانی سەربەخۆی تاک و ڕێخۆشکردن بۆ توانادارکردنی ئەو تاکانە، لەگەڵ ئەوانەی بۆ جڵەوکردن یان پۆلیسی کردن بەسەر ڕەفتاری گرووپەوە دانراون. بەهەمان شێوە پێویستییەک هەیە بۆ جیاوازیکردن لە نێوان تەگبیر و سراتیژەکاندا هەڵسەنگاندنە کەسییەکانی کاری تاوانکارانە یان بەجۆرێکی تر کارە سەرکوتکەرەکان و ئەو کارانەی پشتیان بەپۆلێنکردنی داوونەریت یاخۆ پیادەکارییەکانی وەک حیجاب پێکردن یان هاوسەرێتیی بڕیارلێدراو. بەگشتی، ئەوەی پێویستە_ شیکارییەکی زۆر قووڵ و جیا کاریگەرانەی پیادەکاری باوکسالارانەی کەمینە ئیتنییەکانە و، دەستێوەردانەکانی دەوڵەت بۆ بەرەنگاربوونەوەیان و وەڵامدانەوەی ژنان بۆ هەردووکیان.

بۆ فێمینیستەکانی ئەسکەندەناڤیا و وڵاتانی تری ئەوروپا کە دژی بەزۆر بەشوودان و جۆرەکانی

تری توندوتیژی دژ بەگشت ژنان دەشەڕن، پێویستییەکی ئاشکرا هەیە بۆ ئاگەداربوون لە بەکارهێنانی گوتاری مافەکانی ژنان لەلایەن هەندێک پارتەوە بۆ مەبەستەکانی ڕەگەزپەرستی و جیاکاریکردن. ئەرکی سەرشانمان ئەوەیە نەهێڵین ئەم مەترسییە بمانگەیەنێتە حاڵەتی لێبووردنخوازی و لە پەلوپۆ کەوتن. ئەوەی فێمینستەکانی نەرویج و دانیمارک پێویستە پەرەی پێ بدەن فێمەنیزمێکی دژە- ڕەگەزپەرستییە کە تواناداریان بکات دژ بە بەزۆر بەشوودانەکان بشەڕن بەبێ پەنابردنەبەر یاساکانی کۆچبەری و هاوپەیمانییەکان لەگەڵ پارتە سیاسییە دژە- فێمینیستەکان.

سەرنجەکان:

١- بڕوانە دەستپێشخەرییەکانی حکوومەت بۆ یارمەتیدانی گەنجانی دووچاری مەترسیی توندوتیژیی پێوەندار بەشەرەفەوە.

٢- بۆ ڕەخنە لە سیاسەتەکانی نەرویج و دانیمارک وەک کولتوورپەرست و ڕەگەزپەرست، بڕوانە ڕەزاق،٢٠٠٢

٣- چیرۆکی سیما، بەم شێوەیە لە (کەریم، ١٩٩٦ و ویکان،٢٠٠٢) تۆمار کراوە.

٤- لەو تەگبیرانە: تەجمیدکردنی هەموو کۆمەکە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانەکە بۆ ماوەیەک.

٥- باوکەکە حوکمێکی هەڵپەسێراوی یەک ساڵ و سێ مانگیی وەرگرت و دایکەکەش یەک ساڵی هەڵپەسێراو. باوکەکە تاوانەی ١٥٠٠٠ کرۆن کرا و فەرمانی بەسەردا درا کە تێچووەکانی دادگە بەبڕی ٦٠٠٠٠ کرۆن بژمێرێت. فەرمانی دادگە ڕێکەوتبوو لەگەڵ پێشنیازی ئەنجوومەنی یاسایی/جێبەجێکردن سەبارەت بەنەرمی پێشاندان بەگەڕانەوە بۆ تکای نادیە کە نابێ باوانی بەند بکرێن. هەردوو کێشەکە پێداچوونەوەیان بۆ کرا و پاش مەرگی باوکی نادیە کێشەکە دوایی هات. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە Wikan,2002کە شایەتحاڵێکی شارەزا بوو لە ماوەی دادگەییکردنەکەدا.

٦- خانم سۆلبێرگ هەنووکە وەزیری حکوومەتی هەرێمی و گەشەپێدانی ناوچەییە و، پۆرتفۆلیۆکەی کۆچبەری و کاروباری کەمینە ئیتنییەکان لەخۆ دەگرێت.

٧- لە سایەی ڕێکخستنی کۆچبەریدا بەشی (٦)٣٧ ئێستا ماوەیەکی سێ ساڵیی تاقیکردنەوە هەیە پێش ئەوەی هاوسەرەکە لەسەر بنەمایەکی سەربەخۆ مافی مانەوەی هەمیشەیی پێ بدرێت.

٨- فەدیمە شاهیندال، بەهۆی توندوتیژیی پێشتری باوک و براکەیەوە بەرامبەری و بەهۆی دەرکەوتنە گشتییەکانی خۆشیەوە، لە سوێد باش ناسرا بوو. باوکەکە تاوانبار کرا بە کوشتن (حوکمی هەتاهەتاییی بەسەردا درا). دەبێ لێرەدا سەرنجی ئەوەش بدرێت کە ئەم تاوانی کوشتنە کەمتر لە شەش مانگ دوای ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ ڕووی دا، هەردوو ڕووداو سەرەکی بوون لە ڕوونکردنەوەی ئەوەی دواتر ڕووی دا. مشتومڕەکە لە نەرویج زیاتر لە دەوری هاوسەرێتییە بەزۆرەکان و موسڵمانەکان چەقی بەستبوو وەک لە کایەی سوێدی.

٩- لە نێو پێشنیازکەراندا ئەندام پەرلەمان هەبوون لە پارتی کرێکاران و پارتی چەپی سۆشیالیست و پارتی پێشکەوتن، شانبەشانی دەزگەی مافەکانی مرۆڤ.

١٠- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر سیستەمی یاسادانان بڕوانە no/english/legislation.html.www.stortinget (بە ئینگلیزی).

١١- به نەرویجی لەسەر ماڵپەڕی www.lovdata.no/all/nl-19910704-047- html به دەست دەكەوێت. بۆ وەرگێرانی بێ مۆڵەتی بەئینگلیزی بڕوانە www.lovdata.no/info/uenga.html.

١٢- لە نەرویج هەروەک لە وڵاتانی تری ئەسكەندیناڤیا، تەڵاق تا دێ ئاسان دەبێ و، ئەمڕۆ مافی تەڵاقی مەدەنی مەرجدار نییە، پاش یەک ساڵ جیابوونەوەی ئیجباری: مادەی٢١ یاسای ژمارە٤٧ی ساڵی ١٩٩١-

١٣- بەو پێیە، هەر منداڵێک لەناو هاوسەرێتییەكی هەڵوەشاوەدا لەدایک بێت لە ڕووی یاساییەوە بە لەدایكبوو لە دەرەوەی هاوسەرێتی لەقەڵەم دەدرێت. پرسەكانی دەربارەی باوكێتی ڕێک دەخرێن لەلایەن یاسای منداڵانەوە (یاسای ژمارە ٧ی ١٩٨١)، بەنەرویجی بە دەست دەكەوێت لەسەر ماڵپەڕی www.lovdata.no/all/nl-19810408-007-html. بۆ وەرگێرانی ئینگلیزیی بێ مۆڵەتی بڕوانە www.lovdata.no/info/uenga.html.

١٤- هەردوو كێشەكە لە دادگە جیاوازەكاندا بەدەست دەكەون.

١٥- بۆ بەڵگەنامەی پێوەنداری زیاتر: Besl.O.nr.24 (2003-2004); Innst.O.nr.17.

١٦- بێ گومان بەزۆر بەشوودان دەبێ لەناو چوارچێوەی توندوتیژیی دژ بەژنان دانرێت، بەتایبەتی لەناو خێزانەكاندا (خێزانی لەدایكبوون و ژنومێردایەتی). لەخۆگرتنی هەموو ئەو تەگبیرە سیاسی و گۆڕانكارییە یاساییانەی كە لە نەرویج كراون لە مەودایەكی بەرفرەواندا لە دەرەوەی بواری ئەم باسەیە، چونكە ئەمە بەتایبەتی بوارێكی بەبرشتی گەشەی سیاسییە. بۆ باسكردنێكی گشتگیر لەسەر توندوتیژی دژ بەژنان و لەناویاندا پێشنیازەكان، بڕوانە ڕاپۆرتی كۆمیتەی حكوومی لەسەر توندوتیژی دژ بەژنان (مافی ژیان بەبێ توندوتیژی) و پلانی كاری حكوومەت لەسەر توندوتیژی لە پێوەندییە نێزیكەكاندا (٢٠٠٤-٢٠٠٧).

١٧- بۆ وەرگێرانێكی نافەرمیی ئینگلیزی لەلایەن وەزارەتی دادی نەرویجەوە بڕوانە ماڵپەڕی www.ub.uio.no/ujur/ulovdata/.

١٨- وەک دیاری كراوە لە نامەی پێشنیازی یاساداناندا Green Paper بۆ هەمواركردنەكانی یاسای سزادانی شارستانیی نەرویج (Ot.prp.nr.51, 2002/2003). بەڵگەنامەكانی تر (مێژووی یاسادانان) بریتین لە: Innst.O.nr17 (2003-2004) و Innst.O.nr.106 (2002-2003). بۆ وتووێژ لەسەر دیاریكردنەكان و سنووردانانەكانی "ڕەفتاری نایاسایی" هتد بڕوانە Winther,2003.

١٩- زاراوەی "خزمی نزیک" لە مادەی ٥ی یاسای سزادادا بەمجۆرە پێناس كراوە: "هەر كاتێک ئەم یاسایە زاراوەی "خزمی نزیكی" كەسێک بەكار بهێنێت، ئەوا هاوسەر، باوباپیر و وەچەكان، خوشک و برا و هاوتا كەسانی خزمی نزیک بەهۆی هاوسەرییەوە، باوانی هەڵگرەوە و منداڵی هەڵگیراوە و دەسگیرانی كەسەكە دەگرێتەوە. گەر هاوسەرێتییەكە هەڵوەشایەوە ئەو بەندانەی وتران دەبێ پیادە بن بەسەر ڕووداوەكانی پێش هەڵوەشانەوەكەدا. هاوسەری خزمێكیش بەهۆی هاوسەرێتییەوە بەخزمی هاوسەرێتی دادەنرێ" (Winther,2003).

٢٠- دەبێ سەرنجی ئەوە بدرێت كە فەرمانی دادگە لە كێشەكانی توندوتیژی دژ بەژنان هەروەها پیادە دەبێ بەسەر چەندان یان زۆربەی حاڵەتەكانی بەزۆر بەشووداندا، وەک چۆن توندوتیژیی جەستەیی و جۆرەكانی تری زۆربەی كات وەهان.

٢١- حوكمەكە لەلایەن دادگەی Indre Follo Muncipal وە دەركراوە و بەنەرویجی بەردەست دەكەوێت وەک

کێشەی ژمارە ۰۲–۰۰۲۹۲ M/o 4ی نیسانی ,۲۰۰۲ بۆ زانیاری دەربارەی سیستمی دادوەریی نەرویجی بڕوانە www.domstol.no/Domestolene/index.asp

٢٢– بە نەرویجی لە ماڵپەڕی /http://odin.dep.no/krd/norsk/regelverk/rundskriv بە دەست دەکەوێت.

٢٣– بۆ پێشکێشکردنێک لەسەر پەناگەکانی ژنانی نەرویج بڕوانە .Paul,1998

٢٤– هسبانکین husbanken بانکێکی عەقارە، تایبەتە بەیارمەتیی دارایی بۆ دروستکردنی خانووی بچووک. بڕوانە .www.husbanken.no/portaler/iPortEnglish دەتوانرێ نامیلکەیەک بەنەرویجی لە هەمان ماڵپەڕ لەسەر پرۆژەی پەناگە داوا بکرێ.

٢٥– تاقمی پارێزگارییەکە پێک هاتووە لە تەلەفۆنێکی پاراستن کە ڕاستەوخۆ بەپۆلیسەوە گرێدراوە، تەلەفۆنێکی ماڵ، ئەلارمێکی دەنگی، بڕوانە .www.likestilling.no/english/alarm.pdf

٢٦– بڕوانە www.lovdata.no/for/sf/xd-19940304-0161- html.

٢٧– بڕوانە /www.seif.no/publikasjoner/en.

٢٨– بڕوانە www.mirasenteret.no.

٢٩– بڕوانە www.rights.no.

٣٠– لە توێژینەوەیەکدا لەسەر ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی کەمینە ئیتنییەکان و ئەو ڕێکخراوە ناحکوومییانەی بۆ ئەو مافانەی ژنان تێ دەکۆشن، لحنە نیهاگن پرێدیلی (٢٠٠٣) دەری دەخات کە HRS وەک ئەو ڕێکخراوەی کە نزیکترین پێوەندیی بە سیاسەت داڕێژەرانەوە هەیە بەتایبەتی پەرلەمان، دەردەکەوێت. هەروەها دەریشی دەخات کە کاریگەریی ژنانی کەمینە بەگشتی نافەرمییە و سنووربەند کراوە بۆ بوارە باوەکانی وەک بەزۆر بەشوودان و خەتەنەی مێینە.

٣١– بۆ نموونە، پێشنیازەکەی پێشکێشکردنی بەندێک لە یاسای هاوسەرێتیدا داوا بکات هەموو پەیمانەکانی هاوسەرێتیی ئاینی ڕێککەوتنێکی دوولایەنی تێ بکرێت لە نێوان هاوسەرەکاندا کە مافی تەڵاق بەیەکسانی بدەن بەیەکتر. پێشنیازێکی تر پێشنیازی ئەوە دەکا کە یاسای کۆچبەری دەبێ ئەو بەندانە لەخۆ بگرێت کە ئاراستەی هاوسەرێتییە دەرەکییەکان دەکرێن بۆ دوورکەوتنەوە لەوەی پێی دەوترێت "هاوسەرێتییە لەنگەکان" کە قسەی ئەوەیان لەسەر بوو وەک گرفت بن بۆ هەندێک ژنانی موسڵمان کە مافی جیابوونەوەیەکی شارستانییان هەبوو بەڵام لەلایەن مێردەکەوە دانی پێدا نەنراوە. هەروەها لەم سیاقەدا هاوسەرێتییە بەزۆرەکانیش باس کراون بەڵام بەبێ گرێدانەوەیەکی ئاشکرا بەبابەتەکەوە. بەشی یەکەمی پێشنیازەکە ساڵی ٢٠٠٣ زۆر بەکتوپڕی لەلایەن پەرلەمانەوە گیرایەبەر وەک کەم تا زۆر وەرگرتنێک لە کتێبەکەی HRSوە بەناوی ڤیسا مرۆییەکان (٢٠٠٣). پەرلەمان هەروەها داوای لە حکوومەتی هەرێمی کرد گونجاوی تێکردنەک لە یاسای کۆچبەریدا ڕەچاو بکات. لەسەر بنەمای دوو لێکۆڵینەوەی سپێردراودا وەزارەتی حکوومەتی هەرێمی و گەشەپێدانی ناوچەیی دژ بەهەردوو بەندەکە ئامۆژگاریی دا و، ئەندام پەرلەمانان پەشیمانیی خۆیان لە یەکەم دەنگدان دەربڕی لەسەر ئەو بنەمایانەی کە پرسەکە دەرکەوت زۆر ئاڵۆزترە لەوەی یەکەم جار بیریان لێ کردبووەوە، بەتایبەتی لە ڕووی مافەکانی مرۆڤ بەگشتی و سەربەستیی ئاینی بەتایبەتی.

٣٢– لە ساڵی ٢٠٠٢دا HRS 1- 6 ملیۆن کرۆنی نەرویجیی بۆ پاڵپشتیی پرۆژەکەی وەرگرت، لە ساڵی ٢٠٠٤دا دوو ملیۆن کرۆنی وەرگرت وەک فەندی بنچینەیی.

٣٣- بۆ نموونە بڕوانە ڕاپۆرتی سالانە لەسەر ماڵپەڕی .wikan,2002; www.seif.no

٣٤- بۆزانیاریی زیاتر بڕوانە http://www2- tv2- no/riketstlstand/n2i.vis?par

٣٥- ئۆرکیس ORKIS و سەیف SEIF بەڕادەیەکی کەمتریش میرا MIRA سەرقاڵی کەیسەکان بوون. زۆر ڕێکخراوی تر فەندیان وەردەگرت بۆ چالاکیی پەروەردەیی و هی تر (Fangan,2002).

٣٦- L152 af 2002 (lov nr.365).

37- Forslag nr.L 6 til lov om andring af udlandingeloven - fremsat for Folketinget dan 8- oktober 2003-

٣٨- بڕوانە www.udlst.dk

٣٩- یاسای بێگانان مادەی ٩، بڕگەی ١(١).

٤٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو مادەی ٦.

٤١- هەمان سەرچاوەی پێشوو مادەی ٤(١).

٤٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو مادەی ٧.

٤٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو مادەی ٨.

٤٤- یاسای بێگانەکان ساڵی ٢٠٠٢، هەموارکراو بەیاسای ژمارە ١٢٠٤ی ٢٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣.

٤٥- ئەم خاڵە لەلایەن حەنانە سدیقییەوە ئاماژەی پێ دراوە (SBS) و نووسەری بابەت (Bredal,2002) لە وۆرکشۆپێکدا لەسەر سیاسەتەکانی وڵاتانی ئەسکەندیناڤیا دژ بە بەزۆر بەشوودانەکان لە کۆنفرانسی میترۆپۆلەکاندا لە ئۆسلۆ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢.

٤٦- ڕەوانبێژییەکە زۆر جار ئەوەیە کە ئەو گەنجانەی ڕازی دەبن بەمجۆرە هاوسەرێتی ببەستن بەرژەوەندیی خۆیان بەباشی نازانن.

٤٧- هەروەها بڕوانە یاداشتی حکوومەت بەسەرنجەکانیەوە لەسەر ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنەری ئەنجوومەنی ئەوروپاییی مافەکانی مرۆڤ جیل ڕۆبلێس (بڕوانە خوارەوە).

www.inm.dk/imagesUpload/dokument/Memorandum-of

٤٨- بۆ کۆکراوەیەکی گوتارە ڕەخنەییەکان لەسەر مەیلی گشتی بۆ سەپاندنی کۆنترۆڵی توندتر لەسەر کۆچبەری، بڕوانە ,Fenger-Gron et al,2003 بەتایبەتی گرۆندال Grondahl لەسەر یەکگرتنەوەی خێزان.

٤٩- بڕوانە راپۆرتی www.humanrights.dk.news/Commissioner-report بەئینگلیزی.

٥٠- لە پەراوێزێکدا گولستاد دەڵێت: ترسی میدیا لەسەر ئەم مەسەلانە لەوە دەچێت بووبێتە مایەی پەشۆکان. زۆر کەس، لەوانە سیاسەتمەدارانی سەرەکی، گرفتی جیاوازیکردنیان هەیە لە نێوان بەزۆر بەشوودان (لادان لە نەریتە چەسپیوەکان) و هاوسەرێتییە بڕیارلێدراوەکان (دواکەوتنی نەریتە چەسپیوەکان). ئەو ڕاستییەی کە لێک ترازانێک هەیە لە نێوان پاڵەپەستۆی کەم و هێزدا ئەوە ناگەیەنێت کە جیاوازیکردن لەبنەڕەتەوە ناگرینگ بێت.

٥١- دیمەنی ڕێکخراوی ناحکوومیی دانیمارکی لەم دواییانەدا لە هەڵچووندا بوو، بەمجۆرە ڕێکخراوی UNG-sam کە لێرەدا ئاماژەی پێ دراوە تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت لە کۆتاییی ١٩٩٠کاندا بوونی هەبوو. کۆمەڵێک خەڵکی گەنجی کەمینەی ئیتنی بوون کە لەسەر مەسەلەی بەزۆر بەشوودان کۆبووبوونەوە و لەسەر بنەمای ئایدیالیستی یارمەتیی خەڵکانی تری گەنجیان دەدا.

# مێژووی
# ساڵانی پاتشایان و پێغەمبەرانی سەر زەوی

حەمزەی کوڕی حەسەنی ئەسفەهانی

بەشی چوارەم

### لە باسی مێژووەکانی ساڵانی قیبتییان

باسی مێژووی ساڵانیانم لە (زیج)دا نەبێ لە کتێبەکاندا نەدیتەوە. نەزیری لە زیجەکەیدا دەڵێ یەکەمین و کۆنترینی مێژووەکان ئەوەیە کە بەتڵیمۆس ناوەندەکانی ئەستێرە تیژڕەوەکانی لە مەجەستیدا لەسەر بنیات ناوە و کە مێژووی ئەو ساڵەیە کە بەختەنەسری تێدا خاکی ڕۆئاوای بەدەست خست. ئینجا (تاون) زیجی خۆی لەسەر بنیات نا کە مێژووی (فیلۆقس)ە، ئینجا مێژووی ئەسکەندەر، ئینجا مێژووی ئەنتۆنیۆس کە ئەوەیە بەتڵیمۆس لە مەجەستیدا ژمارەی ئەستێرە بابانییەکانی بە گوێرە ڕێک خست، دەڵێ: مێژووی قیبتیش لە کتێبی مەجەستیدا لە سەرەتای ئەو ساڵەوە کە بەختەنەسری تێدا هاتووەتە خاکی ڕۆئاوا و یەکەمین ڕۆژیشی ڕۆژی چوارشەمە بووە. واتە ئەوەی لە نێوانی مێژووی بەختەنەسر و مێژووی یەزدگوردی پاشای فورسدایە هەزار و سێسەد و حەفتا و نۆ ساڵ و سێ مانگی فارسییە. ئەوەی لە نێوانی ئەسکەندەر و یەزدگورددا بووە، نۆسەد و چل و دوو ساڵ و دووسەد و پەنجا و نۆ ڕۆژە بە ڕۆژژمێری سریانییان. قیبتییەکانیش لە دێرزەمانەوە شایەلێکیان هەبووە (فیرعەونییانیان) پێ گوتراوە، هەروەها نەبەتییەکانیش شایەلێکیان هەبووە، پێیان گوتوون (نەمروود)ەکان و یۆنانییەکانیش شایەلێکیان هەبووە (بەتڵەس)ییانیان پێ گوتراوە. هەموویان لەناو چوون و هەواڵیان لە بیر چووەتەوە و شوێنەواریان لەناو چووە، نە باسێکیان ماوە بگێڕرێتەوە و نە مێژوویەک تا بخوێنرێتەوە.

---

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

شاعیرێک ئەم دابی ڕۆژگارەی کە ماوەیەکی بەسەردا ڕەت دەبێ بەم شیوەیە دەری بڕیوە و دەڵێ:

تۆ نەتدیوە درێژیی ڕۆژگار مرۆ خەریک دەکا

شتیش لە بیر دەباتەوە هەر وەکو حەزام لە بیری کرد

***

## بەشی پێنجەم

## لە باسی مێژووی ساڵانی ئیسرائیلییان

ساڵی سێسەد و هەشت لە بەغدا پیاوێکم لە زانایانی جوو بینی دەیگوت سفرەکانی تەورات لەبەر دەڵێتەوە. گوێم لە قوتابییەکیشیم بوو دەیگوت دوازدە کتێب لە کتێبەکانی پێغەمبەرانی ئیسرائیلییان دەڵێتەوە. ناوی کتێبەکانیش ئەمانەن: کتێبی یووشەعی کوڕی نوون، کتێبی شەفتی، کتێبی شەمۆییل، کتێبی سفری پاشایان، کتێبی حیکمەتی سولەیمان، کتێبی سەهبرا، کتێبی قوهلت، کتێبی ڕووت، کتێبی شیریت، کتێبی سیرین، کتێبی ئەیووب، کتێبی کۆکراوە و حیکمەتەکانی ئیشەعیا و ئیرەمیا و حزقیال و دانیال. داوام لەم پیاوە کرد، کە ناوی سدقیا بوو، کۆمەڵێکم لە مێژووی ئیسرائیلییەکان بۆ هەڵێنجێ بە کورتکردنەوەوە، ئەوەی بۆ کۆ کردمەوە کە من لەم بەشەدا دەیگێڕمەوە.

دەڵێ تەورات دەبێژێ خوای بەرز و شکۆدار ئادەمی سێ سەعات لە ڕۆژی هاینی ڕەت بووبوو ئەفراندووە. ئینجا بە ڕەتبوونەوەی شەش سەعاتی هەر ئەم ڕۆژە حەوای لێ ئەفراند و لە (کەنعادن)ی نیشتەجێ کردن کە بەهەشتی عەدنە. ئینجا ئادەم لە خوای یاخی بوو ئەویش نۆ سەعاتی هەر ئەو ڕۆژە بەسەرچووبوو دەری کردن و دای گرتنە سەر چیای پیرۆز و دوو فریشتەی بۆیان نارد، ئادەمی فێرە زەوی کێلان و چاندن و گێرەکردن و هاڕینەوە و لەبێژنگدان کرد و حەواشی فێرە چنین و ڕستن و هەویرکردن و نانکردن کرد. تەمەنی ئادەمیش دروودی لێ بێ نۆسەد و سی ساڵ بووە. ئینجا لەدایکبوونی نووح دوای مردنی ئادەم بە سەد و بیست و شەش ساڵ، ئەوەش لە هەزار و پەنجا و شەش ساڵ لە ڕۆژی ئەفراندنی ئادەمەوە دروودی لێ بێ.

بەمەش ئەو ساڵانەی دنیا کە ڕەت بووە تا دەستپێکی مێژووی عەرەب لە کۆچەوە، چوار هەزار و سێسەد و هەشتا و دوو ساڵە، لە مانە لە ڕۆژی ئەفراندنی ئادەمەوە تا لەدایکبوونی نووح دروودی لێ بێ هەزار و پەنجا و شەش ساڵە. لە ڕۆژی لەدایکبوونی نووحیشەوە تا لەدایکبوونی ئیبراهیم دروودی لێ بێ دوای مردنی هەشتسەد و پەنجا ساڵ. لە ڕۆژی لەدایکبوونی ئیبراهیمیشەوە تا هاتنی یەعقووب بۆ لای یوسفی کوڕی درووديان لێ بێ لە میسر دووسەد و نەوەت ساڵە. هەر لەوەشەوە تەمەنی ئیبراهیم دروودی لێ بێ تا لەدایکبوونی ئیسحاق دروودی لێ بێ سەد ساڵە. لەوساکەشەوە تا مردنی، حەفتا و پێنج ساڵە. لە ڕۆژی لەدایکبوونی ئیسحاقەوە تا لەدایکبوونی

یەعقووب درووديان لێ بێ شەست ساڵە. لەوساشەوە تا مردنی سەد و بیست ساڵە.

لەدایکبوونی یەعقووبیشەوە تا چوونی بۆ میسر سەد و سی ساڵە. لەوساشەوە تا مردنی حەڤدە ساڵە، چوونی یەعقووبیش بۆ میسر دوای مردنی ئیسحاق بە دە ساڵ. ئینجا مانەوەی ئیسرائیلییەکان لە میسر تا مووسا لێی دەرکردن دووسەد و دە ساڵ. لە میسرەوە دەرچوونی ئیسرائیلییان تا بنیاتنانی بەیتولمەقدیس چوارسەد و هەشتا ساڵ. بەردەوامبوونی بنیاتنانی بەیتولمەقدیس چوارسەد و بیست ساڵە. ئینجا بە تێکدراوی و کەلاوەیی مانەوەی حەفتا ساڵ. ئینجا بۆ بنیاتنانەوەی چوار سەد و بیست ساڵ،. ئینجا لەسەر تێکدان پێنجسەد و پەنجا و چوار ساڵ کە عەرەب دەرکەوتن. ئینجا عومەری کوڕی خەتاب بنیاتی نایەوە.

تا ئێرە هەموو ئەوانە بوون کە سدقیا لە تەوراتەوەی بۆ گێڕامەوە. من بەخۆشم لە کتێبی هەندێک لە گێڕەرەوەی بەسەرهاتانم خوێندووەتەوە کە بۆ یەکەمین جار تێکدانی بەیتولمەقدیس بە دەستی بەختەنەسری کوڕی ڕەهام بووە، دەشڵێن بەختوننەسری کوڕی ڕەهام کە دەڵێن بەختوننەسری کوڕی وەیهی کوڕی گۆدەرز بە فەرمانی شا لوهراسب دوای گرتنی یەخنیای پاشایان و تێکدانی شارەکەیان و دیلی بردنە بابل، ئەوەی دوای حەفتا ساڵ نۆژەنیشی کردووەتەوە، شایەک بووە ناوەکەی بە عیبرانی کۆڕش" بووە، جوولەکە دەڵێن ئەو بەهمەنی کوڕی ئەسفەندیار بووە، ئەمەش لەگەڵ مێژووی فورسدا ڕێک نییە و جیاوازیی نێوانی ئەو دوو مێژووە لە دووسەد ساڵ پترە. لە بابلەوە گەڕانەوەی ئیسرائیلییانیش بۆ فەڵەستین تا پاشایەتیی ئەسکەندەر سەد و چل و پێنج ساڵ بووە، نێوانی نۆژەنکردنەوەی بەیتولمەقدیس و تێکدانییەوە لەلایەن تەتووسی شای ڕۆمەوە سەد و شێست ساڵە. کە چوارسەد و شەست ساڵ بەسەر ساڵگەری ئەسکەندەردا ڕەت بووە.

لە کتێبێکی ترمدا خوێندەوە کە لە نێوانی بنیاتنانی بەیتولمەقدیس لەسەر دەستی سولەیمان و پاشایەتیی ئەسکەندەردا حەوتسەد و حەڤدە ساڵ بووە. ئینجا لە نێوانی تێکدانی بەیتولمەقدیس بە دەستی فورس و مردنی ئەسکەندەردا دووسەد و شەست و نۆ ساڵە. ئینجا کە شەست و پێنج ساڵ بەسەر پاشایەتیی ئەسکەندەردا ڕەت بووە مەسیح (درووودی لێ بێ) پەیدا بووە، کە پەنجا و یەک ساڵیش بەسەر پاشایەتیی ئەشکانییاندا ڕەت بووە. لەدایکبوونی مەسیحیش درووودی لێ بێ لە چل و دووەمین ساڵی پاشایەتیی ئەغستوسی شای ڕۆمدا بووە. ئینجا لەسەر دەستی تەتوسی کوڕی ئستیفانوسی شای ڕۆمدا بەیتولمەقدیس تێک دراوە، دوای ئەوەی شەڕوانانی کوشتووە و وەچەکانی بە دیل بردووەتە شاری ڕۆمییە (ڕۆم) و تەنانەت بەیتولمەقدیسیشی بە هەڵتەکاندن هەڵتەکاندووە و دوای بەرزبوونەوەی مەسیح درووودی لێ بێ بەردی بەسەر بەردەوە نەهێشتووە. لە تێکدانەوەی بەیتولمەقدیسی تەتووسیش تا کۆتاییی پاشایەتیی قوستەنتین دووسەد و حەفتا و دوو ساڵە. لە کۆتایی پاشاییی قوستەنتینیشەوە تا کۆچ (کۆچی پێغەمبەر) دووسەد و هەشتا و پێنج ساڵ و شتێکە. لە کتێبێکیشدا خوێندمەوە کە دانانی دراوەتە پاڵ فەنحاسی کوڕی باتای عیبرانی،

کە نێوانی لەدایکبوونی مووسا دروودی لێ بێ و لە خاکی میسرەوە دەرکردنی کۆمەڵەی ئیسرائیلییەکان بۆ بیابانی فەڵەستین، واتە بۆ وێڵگە هەشتا ساڵە. لە ستار گرتنیشیانەوە لە وێڵگە تا دەرکردنەوەیانەوە لەلایەن یووشەعەوە چل ساڵە. بەم جۆرە نێوانی لەدایکبوونی مووسا دروودی لێ بێ و نێوانی مردنی بەپێی ئەم ژماردنە دەکاتە سەد و بیست ساڵ. کاتێک کە یووشەع ئیسرائیلییەکانی لە وێڵگەوە دەرکرد و تابووتی پەیمانیشی لەگەڵدا بووە بە تەکیانەوە ڕۆی تا لە ڕووباری ئوردن پەڕینەوە و خۆی و هاوەڵانی ڕێیەکیان بۆ هەڵکەوت و شەش ڕۆژ شاری ئەریحای بە شەڕەوە گەماروو دا و لە حەوتەمدا فەرمانی دا فوویان لە قۆچاندا کرد و گەل بە جارێک کەوتە هەرا و شڵەژا و شوورەی شار ڕووخا و شاری خستە ژێر ویستیان و تێی بەربوون و ئینجا بە هەرچییەکەوە کە تێیدا بوو سووتاندیان جگە لە زێڕ و زیو و دەفرە مس و ئاسنەکان کە خستیانە خانەی سامان.

یووشەع ئینجا چووە سەر خاکی (عای) و گەلەکەی و عایی داگیر کرد و شایەکەی لەسەر تەختەیەک لە خاچ دا و شارەکەی سووتاند و دوازدە هەزاری لە پیاو و ژن و منداڵان لێ کوشت. لەو سەرەتایەوە کە یووشەع دەستی بەسەر کاروباری ئیسرائیلییاندا گرت، ئەوەش کە لە کاتی مردنی مووساوە دروودی لێ بێ تا مردنی بیست و حەوت ساڵە. ئینجا دوای یووشەع کاروباری ئیسرائیلییان کەوتە دەست (بن نوون)ی نەوەی یەهوودا و نەوەی شەمعوون، کە ڕوویان بۆ شەڕی کەنعانییان و فەرزییان کرد و تێیان بەربوون و لە "بارق" دا دە هەزار مرۆیان کوشت و شای بارقیان گرت و بردیانە ئۆرشەلیم کە لەوێدا مرد. ئینجا ئیسرائیلییەکان کارەیلی نابەجێیان ئەنجام دا و هێسترێکیان پەرست و ڕووداوگەلیان گەورە بوو، ئینجا ئیلیاسی کوڕی باسینی کوڕی عیزاری کوڕی هاڕوونی کوڕی عیمرانی بۆ ناردن کە ئەو داوای لێ کردن واز لە نابەجێیەکان بهێنن بەڵام بە قسەیان نەکرد و نزای نەهاتیی بۆ کردن و تووشی سێ ساڵی نەهاتی بوون.

ئینجا ئیلیاسیان لەناو نەما و بزر بوو و دوای ئەوەی ئیسرائیلییان ئیلیاسیان لە دەست دا ئەلیسەعی کوڕی ئەختووب جێی گرتەوە و لەناویاندا مایەوە و هەر خەریکی بەدکاری بوون و تابووتیشیان لەناودا بوو لە کاتی هێرشەکاندا داوای سەرکەوتنیان لێ دەکرد. ئینجا دوای ئەلیسەع کەسێکیان بووە پاشا ناوی ئیلاق بوو، دوژمنێک کشایە سەری و ئیسرائیلییانی دەرکردە بەرامبەریان و تابووتیان لە پێشەوە بوو، دوژمن بەسەر تابووتدا زاڵ بوو و کار لە ئیسرائیلییان تێک چوو و دوژمن بەزاندنی، گەڕانەوە سەر خاکیان و بە پەرت و بڵاویی کاروبار مانەوە و ئەو ساڵانەی بەم جۆرەیان بەسەرچوو کە ئەو ساڵانەیە دەدرێتە پاڵ هەڵسووڕێنەران و دادوەرانی ئیسرائیلییانی دوای مردنی یووشەعی کوڕی نوون و چوارسەد و شێست ساڵە.

هەشت ساڵ لەم ساڵانە ئەوەیە کە لەبەر بەدکارییان خوا کووشانی مەلەتی ئیرەمی بەسەریاندا زاڵ کرد کە لە نەوەی لووت بووە و لە تەک دیمەشقدا نیشتەجێ بوون. چل ساڵ لەبەر خۆ

دزینەوەیانەوە لە شەڕ، ئینجا عەقلوونی شای زابیان بەسەردا زاڵ کرا و هەژدە ساڵی بە دیل کردن. هەشتا ساڵی تر بەهۆی خۆدزینەوەیانەوە لە شەڕ، بیست ساڵ یابینی بە (ناقش) ناسراوی شای خاکی کەنعانی بەسەردا زاڵ کردن و دیلی کردن. چل ساڵیش لەبەر خۆدزینەوە لە شەڕ، حەوت ساڵان، خەڵکی میدیەنی بەسەردا زاڵ کردن، کە قەومێک بوون لە نەوەی لووت لە دەوروبەری حیجازدا نیشتەجێ بووبوون، کە جەدعوونی یوواش دیلی کردن و ماوەی چل ساڵ لەناویاندا دادوەریی گرتە دەست. سێ ساڵیش بۆ ئەوەی کە ئەملەکی کوڕی جەدعوونیان بەسەرەوە بوو، بیست و سێ ساڵ کە توولعی کوڕی فوایان بەسەرەوە بوو. بیست و دوو ساڵیش یابینی ئیسرائیلییان بەسەرەوە بووە. هەژدە ساڵ بۆ بەسەریاندا زاڵبوونی نەوەی عەموون کە نەتەوەیەک بوون لە فەڵەستین. شەش ساڵ بۆ بەسەریاندا زاڵبوونی یەعج کە کاروباری ئیسرائیلی بەڕێوە دەبرد. حەوت ساڵ بۆ بەسەریاندا زاڵبوونی بەحسوونی خەڵکی دێی بەیت لەحم بووە لە نەوەی ئیسرائیل بووە. دە ساڵ بۆ بەسەریاندا زاڵبوونی ئالوون. هەروەها هەشت ساڵ بۆ بەسەریاندا زاڵبوونی ئتبدوون کە چل کوڕ و سی کوڕەزای هەبوون لەگەڵیدا سواری گوێدرێژ دەبوون. چل ساڵیش بۆ دووبارە بەسەریاندا زاڵبوونی خەڵکی فەڵەستین.

بیست ساڵ بۆ بەسەریاندا زاڵبوونی شەمشوونی توانا. ئیسرائیلییان دە ساڵی دوای شەمشوون بێ سەرپەرشتیار مانەوە. چل ساڵ بۆ بەسەریاندا زاڵبوونی غالیی زێوان، کە کاروباری ئیسرائیلی بەڕێوە دەبرد، لە ڕۆژگاری ئەمدا خەڵکی ئەسدوود و غەزە و عەسقەلان تابووتی پەیمانیان بەزاند. لە ساڵی بیست و یەکەمی فەرمانڕەواییدا دنیا دوو هەزار ساڵەی بەسەر بردووە.

ئینجا دوای غالیی زێوان شەمۆئیلی پێغەمبەر سڵاوی لێ بێ بیست ساڵ کاروباری ئیسرائیلییانی گرتە دەست. دوای ئەوە شەمۆئیل سەری تالووتی بە ڕۆن سڕییەوە و بە سریانی ناوی شاوولە کە کاروباری ئیسرائیلییانی گرتە دەست و چل ساڵ لەناویاندا مایەوە. ئینجا داوود سڵاوی لێ بێ بووە شا، کە جێنشینی تالووت بووە. ئینجا چل ساڵ سولەیمانی کوڕی داوود سڵاویان لێ بێ پاشایی کرد. ئینجا کوڕ و کوڕەزاکانی سولەیمان پاشاییيان کردووە تا (بەختونەسر) هێرشیی کردە سەریان و لە ئۆرشەلیمی کردنە دەرەوە و ئەوەی بە دیلی گرتن بردیانییە کردبووە سەریان و بابل. هەروەها پێشتر سەنحاریبی شای مووسڵیش لە ڕۆژگاری ئیشەعیا هێرشی کردبووە سەریان.

کۆی ماوەی ئەو ساڵانە تا بەختونەسر بەیتولەقدیسی تێکداوە سێسەد و نەوەت و چوار ساڵ و شەش مانگە. لەمانە ئەرحبعەمی کوڕی سولەیمان حەڤدە ساڵ و لابیای کوڕی ارحەبعەم سێ ساڵ و لاسای کوڕی ئەبیا چل و یەک ساڵ و یەهوشافاتی کوڕی ئەسا بیست و پێنج ساڵ و یەهورامی کوڕی یەهوشافات هەشت ساڵ، کە ئەمە لەگەڵ ساڵانی باوکیەتی، ئەحزیاهوی کوڕی یەهورام ساڵێک و یوئاشی کوڕی ئەحزیاهو چل ساڵ و ئەمزییای کوڕی یوئاش بیست و نۆ ساڵ لەمانە تا

بەدیلگیرانی دەکاتە چواردە ساڵ و عەزیای کوڕی ئەمزییا پەنجا و دوو ساڵ لەمانە باوکی بە دیلی لە ژیاندا بووە پازدە ساڵ و عەسلیا کە دایکی ئەحزیایە شەش ساڵ و یوسام شازدە ساڵ و حەزقییای کوڕی ئەحاز کە هاوڕێی ئیشەعیا بووە کوڕی یوشیا سێ مانگبیست و نۆ ساڵ و مەنشای کوڕی حەزقیا بیست و پێنج ساڵ. ئامونی کوڕی مەنشا دوو ساڵ و یوشیای کوڕی ئامون سی و یەک ساڵ و یەهوئەحازی کوڕی یوشیا سێ مانگ و یەهویاقیم یازدە ساڵ و یەخنیای کوڕی یەهویاقیمکە بەختونەسر بە دیلی گرت و بردییە خاکی بابل سێ مانگ.

ئینجا سدقیا کە بەختونەسر کە لە ئۆرشەلیم دەرچوو و چووە بابل کردییە شا، کە زانیی بەختونەسر دوورکەوتەوە یاخی بووەوە، بەختونەسر گەڕایەوە و سەرلەنوێ هێرشی بردە سەریان و شاری تێک دا و هەیکەلی بە خاک یەکسان کرد و سدقیای بە دیل گرت و ڕەمەکی ئیسرائیلییانی بە دیل برد و بردنییە بابل و ئۆرشەلیم و بەیتولەقدیسیش بووە موڵکی بەختونەسر و حەفتا ساڵ بە کەلاوەیی مانەوە. کە ئیسرائیلییەکان گەڕانەوە بەیتولەقدیس یوونانی و ڕۆم پاشاییان بەسەردا کرد.

لە کتێبێکی تریشدا هەیە کە ماوەی پاشایەتیی بەختونەسر بەسەر ئۆرشەلیم و هەموو وڵاتی ڕۆژئاوادا چل و پێنج ساڵ بووە، نۆزدە ساڵ بەر لە تێکدانی بەیتولەقدیس و بیست و شەش ساڵیش دوای ئەوە. ئینجا ئۆکردۆجی کوڕی بەختونەسر بیست و دوو ساڵ پاشایی کرد. پاشان بەلشەسر سێ ساڵ پاشایی کرد و ئینجا دارای کوڕی دارا کە ناوی بە سریانی داریاوشە بەلشەسری کوشت.

بەشی شەشەم

## لە باسی مێژووەکانی "لەخم"ییەکانی پاشایانی عەرەبی عێراق

دوای ڕووداوی سێڵاوی (عەریم) عەرەبی یەمەن لە شاری مەئریبەوە پەرت بوونە عێراق و شام، تەنووخ کە تیرەیەک بوو لە تیرەکانی "ئەزد" بۆ عێراق پەرت بوون، ئەمەش بە ڕێکەوتی هاتنی مەلیکی کوڕی فەهم (فەهیم)ی ئەزدی لە نەوەی نەسری کوڕی ئەزد لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئەزدییەکان و هاتنی مەلیکی کوڕی غەنەمی کوڕی دوسی کوڕی عەدنانی کوڕی فەهمی وڕی تەیموڵلای کوڕی ئەسەدی کوڕی وەبرەی کوڕی قوزاعە لەگەڵ جەماوەرێک لە قوزاعە، کە قوزاعە لە تیهامەوە بۆ بەحرێن جودا بووەوە، مەلیکی کوڕی فەهیمی ئەزدی بە مەلیکی کوڕی قوزاعیی گوت: لە بەحرێن نیشتەجێ بووینە و هاوپەیمانی دژی ئەوەی نیازی هاتنە سەرمان دەکا.

هاوپەیمانییان کرد و ناویان نرا تەنووخییەکان، ئەمە لە سەردەمی پاشایانی تایەفەکاندا بووە، سەیری عێراقیان کرد تایەفە شایەکی بەسەرەوە بوو و بۆشایی تێ کەوتبوو، بەحرێنیان جێ هێشت و ئەزد لەگەڵ مەلیکی کوڕی فەهیمی ئەزدی بەرەو عێراق هاتن، قوزاعەش لەگەڵ مەلیکی

کوڕی فەهیمی قوزاعی چوونە شام، قوزاعییەکان تایەفەیەکیان لە شام حوکم کرد، سولەیخی کوڕی حولوانیش هەبووە لە قوزاعە، پاشایی لەوانە بوو، ئینجا لەوانەوە چووە دەست زەجعەمییەکان " الضجاعمە" و پاشاییان بەدەستەوە مایەوە تا جەفنەییەکان (بەنو جەفنە)ی مەلیکی کوڕی فەهیم دەستیان بەسەر پاشاییدا گرت و لە سەردەمی پاشایانی تایەفەکاندا مەلیکی کوڕی فەهیم بەسەر تەنووخی عێراقەوە بووە شا، جێی نیشتنەوەی لە ئەنبار بووە، لەوێدا مایەوە تا سولەیمەی کوڕی مالک بێ ئەوەی بیناسێتەوە تیرێکیی بۆ هاوێشت، کە زانی سولەیمە لێی داوە، ئەم تاک دێرە شیعرەی گوت:

جزاني لا جزاه الله خيرا    سليمة إنه شرا جزاني

أعلمه الرماية كل يوم    فلما اشتد ساعده رماني

واتە:

پاداشتی دامەوە خوا پاداشتی چاکەی نەداتەوە، سولەیمە پاداشتی بە خراپە دامەوە

هەموو ڕۆژێک فێرە تیروەشاندنەوەی دەکەم.. کە بازووی لێی ڕاهات تیری لمن وەشاند

کە ئەم دوو دێرە شیعرەی گوت سولەیمە ترسا و هەڵات چووە عومان، نوعمانی جوزەیمەی کوڕی مالیکی کوڕی فەهیم دوای کەوت. ئینجا جوزەیمەی کوڕی مەلیکی کوڕی فەهیم بووە شا، کە بیرتیژ و دووربین و ڕق ئەستوور و کارایی دیار بوو، یەکەم کەسێکە بە لەشکرەوە هێرشبەریی کردووە. هێرشی کردە سەر عەشیرەتە عەرەبەکان و نەخۆشیی برسی هەبووە، عەرەب لەوە بە گەورەتریان زانی کە بەو نەخۆشییەوەی ناو بنێن، ناویان لێ نا جوزەیمەی"ئەبرەش" و جوزەیمەی "وضاح"، لە خاکی سەوادا، عێراق دەستی بەسەر ناوچەی تا حیرە و ئەنبار و ریققە و عەین تەمر و قەتقەتانە و هەموو گوندەکانی دەوروبەری تەک دەشتی عەرەبیی گرت، سامانێکی زۆری وەردەگرت و هێرشی کردووەتە سەر تەسم و جەدیس لە نشیمەنیی خۆیاندا لە یەمامە و دەوروبەریدا، وا ڕێکەوت سوارەکانی حەسانی کوڕی توبەع هێرشیان بردوونەتە سەر، لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵیدا بوون یەکسەر گەڕایەوە کەردووسێک لە سوارەکانی حەسان دوای کەوتن، سەرییەیەکیان لێ هاتەپێش ڕایانماڵی و لە هێرشکارییەکانی هێرشەکانی سەر عەشیرەتە عەرەبەکانی جوزەیمەدا، شیعرێک دەڵێ:

أضحي جذيمة في يبرين منزلة    قد حاز ما جمعت في عصرها عاد

واتە:

جوزەیمە لە "یەبرین"دا پایە و پلەیەکی بوو، ئەوەندەی "عاد" لە سەردەمی خۆیدا دەستی خستبوو ئەمیش ئەوەندەی دەستکەوت.

ئەوەندە تەمەنی درێژ بوو تا بە پاشایەتیی شاپووری کوڕی ئەشکی ئەشکانی گەیشت. جوزەیمە پاشای مەعەد و بەشێکی یەمەن بوو، جگە لە زەینەبی کچی جوزەیمە منداڵی نەبوو کە دایکی

مـەرتەع بوو، کـە ناوی عـەمـری کـوڕی مـوعـاوییـەی کـوڕی کیندەیە لە کـۆتاییی ژیانیـدا هێـرشـی بردووەتە سـەر شـام و عـەمـری کـوڕی تەرەبی کـوڕی حـەسـانی کـوڕی ئوزەینەی شـای بالابەرزان (عمالقـە)ی باوکی زەبای کوشت، زەباش سـوور بوو لەسـەر تۆڵە لێکردنەوە، تا کوشـتی، ئوزەینەش ئەوەیە کە "ئەلئەعشا"ی شاعیر لەبارەیەوە دەڵێ:

أزال اذينة عن ملكه واخرج من حصنه ذا يزن

واتە:

ئوزەینەی لەسـەر پاشایەتی لابرد و (زایەزین - زوویەزین)ی لە قەلاتەکەی دەرکرد.

پاشایەتییـەکەشـی شەسـت ساڵ بوو، دوای خـۆی پاشایەتی بۆ عەمری کوڕی عەدیی خوشکەزای مـایەوە. دایکی ڕەقـاشـی کـچی مـەلیکی کـوڕی فـەهـیـمی کـوڕی غـەنەمی کـوڕی دەوسی کـوڕی عەدنانە، یەکەم شـای عەرەبەکانە کـە لە حیرە دانیشـتووە و حیریـیەکان (خەڵکی شـاری حیرە) لە کتـێبـەکـانیـاندا بە یـەکـەم شـای عـەرەبەکانی دادەنێن و پاشـایانی عـێـراق دەچنەوە سـەر ئەم کـە نەسرییـەکانن (نەوەی نەسر - آل نصر). عەمرماوەیەکی تەمـەنی بە پاشا مایەوە، لە تەمـەنی سەت و پەنجا ساڵیدا مرد. لە سـوڵتانێتیی خۆیدا تەنیا بوو و لەسـەر کارەکانی سوور بوو، هێرشگەلی ئەنجام دەدا و تالانیی دەبرد و باجی بۆ دەهێنرا و شاندی دەهاتە لا و ماوەکەی درێژترینیان بووە، سـەر بە هـیچ کام لە پاشـایانی تایەفەکان نەبوو لە عێراقدا تا ئەردەشیـری کوڕی بابەک بە خـەڵکی فارسـەوە هـاتە خـاکی عێراق. ئەردەشیـر شایەکی بە ناوی ئەردەوان لەسەر ئەردەوانییاندا بینی کە نەبەتیی عێراق بوون، شایەکیشی بە ناوی باباوە لەسـەر ئەرمانیياندا بینی کە نەبەتیی شام بوون، هـەر یەکەیان لـەسـەر خاکەکەی شـەڕی لەگـەڵ ئەوی تر دەکرد، کە پشتی یەکتریيان گرت بۆ شـەڕی ئەردەشیـر ڕۆژێک ئەم و ڕۆژێک ئەو، کە بووە ڕۆژەسـەرەی بابا ئەردەشیـر بەدکاریی لەگـەڵدا نەکرد، کـە بووە ڕۆژی ئەردەوان بەرامبەر ئەردەشـیر قسـەی نەهێنایە جـێ، ئینجا ئەردەشـیر وای بە باش زانی کە لەگەڵ بابا ئاشت ببێتەوە و وازی لێ بهێنێ و ئەردەوانیش لێی بگەڕێ، ئەردەشـیر دەستی لە وڵاتەکەی بابا هەڵگرت بۆی بەڕێوەی ببا، ئەردەشیر بۆ شـەڕی ئەردەوان تەرخان بوو و زۆری پێ نەچوو کوشـتی و دەسـتی بەسـەر هـەمـوو ئەو زەوی و سـامـان و پیاوانـەدا گرت کە لە بەردەسـتیـدا بوو. ئەوسـاکە بابا باجی بـۆ برد و گوێڕایەڵیی کرد، بەم جـۆرە ئەردەشـیر عـێـراقی گرتە دەست و هـەمـوو ئەوانـەی بەزاند کە دژایەتییـان دەکرد تا وای لێ کردن هـەرچییـەکی دەویست جـێـبـەجـێ بکەن، ئـەوەی لە بەرژەوەندییـان بوو یان لە بـەرژەوەندییـان نەبوو، بۆیە زۆرێکی تەنووخ حـەزیان لە مانەوە لە عێراقیان لە تەک گچکەکاندا نەما، ئـەوەی لە عەشیرەتەکانی قوزاعە بوون و لەگەڵ مالیک و عەمـری کوڕانی مالیکی کوڕی ڕەمین و هـی تردا هـاتبوون دەرچوون و چوونە شام و لەوێ چوونە پاڵ ئەو قوزاعییـانەی لەوێ بوون. خەڵکانێکیش لە عەرەب کارێکیان لەناو نەتەوەی خۆیاندا دەکرد یانیش تـووشی دەسـتکورتی دەبوون دەهاتنە دەشـتـەکانی عـێـراق و لە حیـرە دادەنیـشـتن ئـەمـەش تێکەڵییـەکی تێدا پەیدا کرد و بوونە سێ سێ یەک لەمـانە: یەکەمـیـان تەنـووخ بوون کە لە کەپر و

ڕەشماڵ و ماڵی لە خورییە حوشتر دروست کراو (وەبەر) دادەنیشتن لە ڕۆئاوای فورات، لە حیرەوە تا ئەنبار و سەرووتر، سێ یەکی دووەم "عیباد"ییەکان بوون کە لە کەرتی حیرە نیشتەجێ بوون و بنیاتیان لێ دروست کرد، سێ یەکی سێیەم "ئەحلاف"ەکان کە چوونە پاڵ خەڵکی حیرە.

ئینجا نە لە تەنووخی "وەبەر" بوون، نە لە عیبادییەکان کە دوای ئەردەشیر کەوتبوون، حیرە و ئەنبار لە سەردەمی فەرمانڕەوایی بەختونەسر بوو لە عێراق. لەبەرئەوەی خەڵکەکەی کە بەختونەسر مرد کۆچیان بۆ ئەنبار کرد و ئەنبار پێنجسەد و پەنجا ساڵ ئاوەدان بوو تا لە ڕۆژگاری عەمری کوڕی عەدیی کە کردییە نیشتەنیی خۆی دەستی بە ئاوەدانی کرد. بەم جۆرە حیرە پێنجسەد و سی و شتێک ساڵ بە ئاوەدانی مایەوە تا کووفە بنیات نرا و عەرەبی موسڵمانی تێدا دانیشتن و هەموو ئەو ساڵانەی عەمری کوڕی عەدیی هەیبوو سەد و هەژدە ساڵ بووە.

ئەم مێژووەش لەگەڵ ئەوەی لە کتێبی (موحەببەر) دایە ڕێکە و لەگەڵ ئەوەی کە کتێبی (مەعاریف) دایە ناڕێکە، لەوانە لە سەردەمی پاشایانی تایفەکان نەوەت و پێنج ساڵە، لە سەردەمی پاشایانی فارسیش بیست و سێ ساڵە، لەمانە لە ڕۆژگاری ئەردەشیری کوڕی بابەک چواردە ساڵ و دە مانگانە و لە ڕۆژگاری شاپووری کوڕی ئەردەشیر هەشت ساڵ و دوو مانگە.

ئومروئولقەیسی کوڕی عەمری کوڕی عەدیی:

ئینجا دوای عەمری کوڕی عەدیی ئومروئولقەیسی سەرەتا بووە پاشا، کە بە قسەیان بێ یەکەمە و دایکی ماوییەی کچی عەمری خوشکی کەعبی کوڕی عەمری ئەزدی سەت و چواردە ساڵ پاشایی کرد، بیست و سێ ساڵی لە سەردەمی شاپووری کوڕی ئەردەشیردا و ساڵێک و دە مانگ لە سەردەمی هورمزی کوڕی شاپووردا و نۆ ساڵ و سێ مانگ لە سەردەمی بەهرامی کوڕی هورمزدا و بیست و سێ ساڵ لە سەردەمی بەهرامی کوڕی بەهرام و سیازدە ساڵ و شەش مانگ لە سەردەمی بەهرامی کوڕی بەهرامی کوڕی بەهرام و نۆ ساڵ لە سەردەمی نەرسیی کوڕی بەهرامی کوڕی بەهرام و سێزدە ساڵ لە سەردەمی هورموزی کوڕی نەرسی و بیست ساڵ و پێنج مانگ لە سەردەمی شاپووری شان کونکەرە "ذو الاکتاف"دا.

عەمری کوڕی ئومروئولقەیس:

ئینجا دوای ئومروئولقەیسی سەرەتا عەمری کوڕی ئومروئولقەیس شەست ساڵ فەرمانڕەوایی کرد، دایکی هیندی کچی کەعبی کوڕی عەمرە، پەنجا و یەک ساڵ و حەوت مانگی لە سەردەمی شاپووری شان کونکەرە، پێنج ساڵ لە سەردەمی ئەردەشیری برای شاپوور، چوار ساڵ و پێنج مانگ لە سەردەمی شاپووری کوڕی شاپوور، (هەر خۆی چاکتری دەزانێ).

ئومروئولقەیسی کوڕی سەرەتای کوڕی عەمر:

دوای عەمری کوڕی ئومروئولقەیس، ئەوسی کوڕی قەللامی کوڕی بەتەینای کوڕی جومەیهیری

کوڕی لحیانی "عەملیقی" پێنج ساڵی لە سەردەمی ئەردەشیری برای شاپوور جێنشینیی کرد. ئینجا حەجنای کوڕی عەبیلی یەک لە فارانییەکان لە ئەوسی کوڕی قەللام یاخی بوو. ئیبنولکەلبی دەڵێ: فاران کوڕی عەمری کوڕی عەملیقە، ئەمانەش تیرەیەکن لە حیرە پێیان دەگوترێ فارانییەکان "بنە فاران" و حەجنا لەوانە، حەجنا ئەوسی کوشت و پاشایی هاتەوە لای بەنی نەسرییەکان "آل بنی نصر"، ئومروئولقەیسی "ئەلبەدەن" بووە پاشایان، کە موحەریقی یەکەمە کە "ئەلئەسوەد ئیبن یەعفیر" لە شیعرێکیدا باسی دەکا و دەڵێ:

ئومێدم بە چی بێ دوای موحەریقییەکان؟ ئەمەش یەکەم کەسە بە ئاگر سزای خەڵکی داوە.

عەمری کوڕی تەوق:

بیست و یەک ساڵ و سێ مانگ پاشایی کردووە، پێنج ساڵی لە سەردەمی شاپووری کوڕی شاپوور و یازدە ساڵ لە سەردەمی بەهرامی کوڕی شاپوور و پێنج ساڵ و سێ مانگ لە سەردەمی یەزدگوردی کوڕی شاپووردا.

نوعمانی کوڕی ئومروئولقەیس:

دوای ئومروئولقەیس نوعمانە خێلی گەریدە بووە پاشا، ئەم بنیاتنەری "خەوەرنەق و سەدیر و فارس و حەلیمە!!"یە[1]، دایکی، شەقیقەی کچی ئەبی ڕەبیعەی کوڕی زوهەل "ذهل"ی کوڕی شەیبانی کوڕی سەعلەبەبە، برای شەقیقە "لە باپەوە" عەمری موزدەلیفە، برای نوعمانی یەکچاو لە دایکەوە، خوشکی حەسانی کوڕی زوهێری لەخمی، ماوەی فەرمانڕەوایی نوعمان لەو ڕۆژەوە بووە پاشا تا دەستی لە پاشایی هەڵگرت و کەوتە گەڕان بەسەر زەویدا سی ساڵ بووە، پازدە ساڵ و هەشت مانگی لە سەردەمی یەزدگوردی کوڕی بەهرامی کوڕی شاپوور و چواردە ساڵ و چوار مانگ لە سەردەمی بەهرام گووری کوڕی یەزدگوردی چوارەمدا.

نوعمان لە توندترینی پاشایانی عەرەب بوو بۆ لەناوبردنی دوژمنان و بەکینەترینیان بووە، چەندان جار هێرشی بردووەتە سەر شام و کارەساتی زۆری بەسەر خەڵکەکەیدا هێنا و دیلی گەرت و تاڵانی کرد. شای فارس دوو کەتیبەی لەگەڵدا دەنارد، "شەهباء"یان خەڵکەکەی فورس بوون و "دەوسەر"یان تەنووخ بوون، هێرشی پێیان دەبردە سەر ئەو عەرەبانەی گوێڕایەڵی نەدەبوون، توندوتیژ بوو و خاکەکەی توند گرتبوو و سامان و دەستوپێوەند و بەندەیەکی زۆری لەلا کۆبووبووەوە هیچ شایەکی حیرە ئەمەندەی نەبووە، حیرەی ئەو سەردەمەش کەناری فورات بووە، لەبەرئەوەی فورات ئەوسا لە دەوروبەری دەشتاییی نێزیک دەبووەوە تا دەگەیشتە نەجەف. کە سی ساڵ بەسەر پاشایی نوعماندا ڕەت بوو کۆڕەکەی بەسەر "خەوەرنەق"دا بەرز بووەوە و لەوێوە بەسەر نەجەف و دەوروبەریدا لە دارخورما و بێستان و باخچە و ڕووباراندا بەلای ڕۆئاوادا ڕوانی، لەسەر فوراتیشدا بەلای ڕۆهەڵاتەوە، ئەوەی لە دەشتاییدا لە شینایی و ڕووناکی و ڕووباری ڕەوان و دۆمەڵانی کۆکراوە و حوشتر لەوەڕاندن و ئاسک و کەروێشک ڕاوکردن، لە فوراتیشدا بەلەمەوان



نمنمکارییەکی سەدەی پازدەیەم. لە دەستنووسێکی "خەمسەی نیزامیی گەنجەوی بە پەڕەمووچی بەهزاد. بنیاتنانی کۆشکی خەوەرنەق دەنوێنێ لە حیرە

و مـــەلەوانـانی ژێر ئاو و مـاســیگران و لە حــیــرەشــدا سامـان و دەستوپێـوەند و شەپۆلدانەوەی ژێر فـەرمانانی بینی و بیری لێ کردەوە و بە خـۆی گـوت: ئەمـەی ئەمڕۆ دەستم خستـوون چ ئۆبالێکیان هـەیە و سبـەی کـەسێکی تر بـە دەســـتی دەخـــا؟ دەرگـــەوانانی بانگ کـــرد و لە دەرگـەی دوور خـســتنەوە، کـە شـەوی بەسـەردا هاتەوە جلێکی لە خـۆی پێـچـایەوە و بە زەویدا کـەوتە گـەڕان و دواتر کــەسـێک نەیـبـینـیـیـەوە، عــەدییی کــوڕی زەید لە شیعرێکدا نوعمانی کوڕی مونزیر دەدوێنێ و دەڵێ:

و تدبر رب الخورنـق اذ اشرف يومـا وللـــهدي تفكير
سره حاله و كثرة ما يمـــلك والبحر معرضا والسدير
فارعوي قلبه و قال: وما غبطة حي الى الممات يصير؟

واتە:

پەند لە خـاوەنی تەلاری خەوەرنەق وەرگرە کە ڕۆژێکیـان
ڕوانی و ڕێی ڕاستیش بیرکردنەوەی دەوێ

بارودۆخی خـۆی پـێ پەسند بوو ئەو هەمـوو شـتـەی هـەیەتی و دەریای وەک پێشـانگە و تەلاری "سەدیر"یش

دڵی هوشیارەوە بوو گوتی: چ خۆشییەک هەیە کە کۆتایی مردن بێ؟

مونزیری کوڕی نوعمان:

دوای نوعمـانی یەکچاو مونزیری کوڕی نوعمـانی کوڕی بووە پاشا، هیندی کچـی زەیدی مەناتی کوڕی زەیدی کوڕی عـەمری غەسـانی دایکی بوو، چل و چوار سـاڵ پاشـایی کردووە. لە سـەردەمی بەهرام گووری کوڕی یەزدگورددا هـەشت ساڵ و نۆ مـانگ، لە سەردەمی یەزدگوردی کوڕی بەهرام گووردا هـەژدە ساڵ و سێ مانگ. لە سەردەمی فەیرووزی کوڕی یەزدگوردیشدا حەڤدە ساڵ .

ئەسوەد "ئەلئەسوەد"ی کوڕی مونزیر:

ئینجـا دوای مـونزیر، ئەسـوەدی کـوڕی مـونزیر بـووە شـا، "هیـر"ی کـچی نوعـمـان کـە لە هیـجمـانییـەکانی "لەخم" فـەیرووزیش چوار سـاڵ و لە سـەردەمی یەزدگورد دە سـاڵ، لە سـەردەمی بەلاشی کوڕی بیست سـاڵی فـەرمانڕەوایی کرد، لە ســەردەمی فـەیرووزی کوڕی قـوبادی کوڕی فەیرووز شەش ساڵ.

مونزیری کوڕی مونزیر:

ئینجا دوای ئەسوەدی کوڕی مونزیر، مونزیری کوڕی مونزیری برای بووە پاشا، هیر، دایکی ئەمیشە، حەوت ساڵ لە سەردەمی قوبادی کوڕی فەیرووزدا پاشایی کرد. هەر خۆی باشتری دەزانی.

نوعمانی کوڕی ئەسوەد:

ئینجا دوای مونزیری کوڕی مونزیر، نوعمانی کوڕی ئەسوەدی برازای بووە پاشا، ئوممولەلیکی کچی عەمری کوڕی حەجەر دایکی بوو، کە خوشکی حاریس "حارث"ی کوڕی عەمری کوڕی حەجەری کیندی بووە، چوار ساڵ لە سەردەمی قوباددا پاشایی کردووە.

ئەبویەعفوری کوڕی عەلقەمەی زومەیلی "الذميلي":

ئینجا ئەبویەعفوری زومەیلی بووە پاشا، کە زومەیل تیرەیەک بوو لە لەخم، سێ ساڵ لە سەردەمی قوبادی کوڕی فەیرووزدا پاشایی کردووە، هەر خۆشی باشتر دەزانێ.

ئومروئولقەیسی کوڕی نوعمان:

ئینجا کوڕێکی نوعمانی یەکچاویان کردە پاشا کە ناوی ئومروئولقەیسی کوڕی نوعمانی کوڕی ئومروئولقەیس بوو. ئەم ئومروئولقەیسەش ئەوەیە کە هێرشی بردە سەر بەکر، ڕۆژی ئەوارەیان بە ڕۆژی شەڕەکە گوت، لە جێی خۆیاندا، کە دۆستی بەنی ئاکیلولیرار "بنو أكل المرار = واتە خێڵی زراوخۆرەکان" و بەزاندنی، بەکر لە پێشان دۆستایەتیی پاشایانی حیرەیان دەکرد و پشتگیرییان دەکردن. ئەمە هەر ئەوە کە شوورەکەی بنیات نا کە پێیان دەگوت سونبور بە دەستی ئەو بەننایەی سینیماری ڕۆمییان پێ دەگوت، شاعیرێک لە بارەی ئەم شوورەیەوە دەڵێ:

لیت شعري متي تخب به　　الناقة نحو العذيب والصنبر؟

واتە:

داخم ناچێ، کەی حوشترە مێیە بەرەو عوزەیب و سونبور دەوان دەبێ؟

هەر ئەمیشە بکوژی سینیماری بنیاتنەری کۆشکەکەی، کە موتەلەمیسی شاعیر لە بارەیەوە دەڵێ:

جزاني اخو لخم، على ذات بيننا　　جزاء سنمار وما كان ذا ذنب

واتە:

برای لەخمی بەوەی کە لەناوماندا هەیە سزای دامەوە، هەر وەک سزای سینیمار کە تاوانیشی نەبوو.

پاشاییەکەشی حەوت ساڵ بوو لە سەردەمی قوبادی کوڕی فەیرووزدا.

مونزیری کوڕی ئومروئولقەیس:

ئینجا دوای ئومروئولقەیسی کوڕی نوعمان، مونزیری کوڕی ئومروئولقەیسی کوڕی هاتە جێی، ئەمەش ئەوەیە کە پێی دەڵێن مونزیری کوڕی مائوسسەماء "واتە: کوڕی ئاوی ئاسمان" کە هەر بەخۆی دووقۆچاوییەکەیە "ذوالقرنین". مائوسسەماش دایکیەتی و ناوی ماوییەی کچی عەوفی کوڕی جەشەمی کوڕی هیلالی کوڕی ڕەبیعەی کوڕی زەید مەنات عامیرەزەحیان "عامر الضحیان"ی کوڕی خەزرەجی کوڕی نەیموڵڵا ئەننەمری کوڕی قاسیتە. وەک دەڵێن: نەخێر خوشکی کولەیب و موهەلهەلە، لەبەر جوانی و شیرینیی پێیان گوتووە ئاوی ئاسمان، سی و دوو ساڵ پاشایەتیی کردووە، شەش ساڵ لە سەردەمی قوبادی کوڕی فەیرووز و بیست و شەش ساڵ لە سەردەمی نەوشیروان کیسرای کوڕی قوبادا. حاریسە شەل، کە حاریسی وەهابی جەفنییە لە ڕۆژی عەین ئەباغدا کوشتوویەتی، کە ئەو ڕۆژەیە کە لەبارەیەوە گوتراوە: (مایوم حلیمە بسر) واتە: ڕۆژی واتە شەڕی حەلیمە نهێنی نییە. لە کتێبی مەعاریفیشدا نووسراوە، ئەوەی حاریسە شەل لەشەڕی حەلیمەدا کوشتی، مونزیری کوڕی ئومروئولقەیس بوو، شەڕی "ڕۆژی" عەین ئەباغیش دوای شەڕی حەلیمە بووە، کوژراوی ڕۆژی عەین ئەباغیش مونزیری کوڕی مونزیر بووە، کە بۆ تۆڵەی خوێنی باوکی بە دەرکەوتبوو حاریسە شەل ئەویشی کوشت. گوتی: لە کەسێکمان بیست دەیگوت بکوژەکەی ئیبن کولسوومی برای عەمری کوڕی کولسوومی تەغلیبی بوو.

حاریسی کوڕی عەمر:

دوای ئەو حاریسی کوڕی حاریسی کوڕی عەمری کوڕی حەجەر "زراوخۆر"ی کیندی بووە پاشا، گوێزرانەوەی پاشایی لە لەخمییانەوە بۆ کیندییەکان دوو هۆی هەبوو: یەکەمیان کەمتەرخەمیی قوباد شای کوڕی فەیرووز لە توند بەدەستەوە گرتنی خاکەکەی و پشتگوێخستنی هەڵسوکەوت لەگەڵ ژێردەستەکانی. ئەوەش ئەوە بوو فەیرووزی باوکی هێرشی بردبووە سەر هەیتەڵییەکان، کە دانیشتوانی لایەک بوون لەلایەکانی خوراسان قوبادی کوڕیشی لەگەڵ بوو فەیرووز کوژرا و قوباد بە دیل گیرا، سەربازە فارسەکان چوون و قوبادیان ڕزگار کرد، کە لە دیلی ڕزگاری بوو و پاشایەتیی گرتە دەس، وازی لە کوشت و کوشتار هێنا، خاکەکەی لاواز بوو، لەبەرئەوەی ڕووی لە کاری دوارۆژ (ئاخیرەت) کرد. کە خەڵکی فارس ڕوویان لە خۆشیی بەدڕەوشتی کرد و زەندیقێتییان لەناودا بڵاو بووەوە و ئەوەی بانگهێشتی بۆ دەکرد مەزدەکی کوڕی بامدادانی مووبەد بوو، هەژار و بێ دەرەتانانی لە خۆی کۆ کردەوە و بەڵێنی دەسەڵاتی دانێ، بەم هۆیەوە دەسەڵاتی عەرەب لاواز بوو، لەبەرئەوەی ماکی هێزی عەرەب لەلایەن پاشایانی فارسەوە بوو، کاتێک بەکری کوڕی وائیل حاریسی کوڕی عەمری کوڕی حەجەری زراوخۆریان لەسەر خۆ کردە پاشا، مونزیر لە ناوەندی شانشینییەکەیەوە لە حیرە هەڵات و ڕۆی تا لەلای جەرسائی کەلبیدا دابەزی و لەلای مایەوە. کە قوباد مرد و کیسرا نەوشیروان چووە جێی بە ڕەوتێکی شاهانەی ئەوتۆ ڕۆی

بەپێچەوانەی ڕەوتی باوکی بوو، زەندیقایەتی دەستی پێ کرد و بە کوشتن و دیل گرتن ڕایانی ماڵی تا دەسەلاتی بەهێز بوو، ئینجا مونزیری گەڕاندەوە سەر شانشینییەکەی.

هۆی دووەمیش ئەوەیە کە ئومروئولقەیسی سەرەتا هێرشی دەبردە سەر عەشیرەتەکانی ڕەبیعە و لەناوی دەبردن، لەمانەش بەر مائوسەما کەوت کە هاوسەری ئەبی حەوتی خەتائیر بووە، ئینجا لە هێرشێک لە هێرشەکانی وازی لە توندوتیژی هێنا و بەکری کوڕی وائیل لێی وروژان و پیاوەکانیان بەزاند و خۆیان بە دیل گرت. ئەوەی کە بەدیلی درایە دەستی سەلەمەی کوڕی موڕەی کوڕی هومامی کوڕی موڕەی کوڕی زوهەلی کوڕی شەیبان بووە، سەرانەی لێ وەرگرت و بەرەڵلای کرد و ئەو دوژمنایەتییەیان لە دڵی بەکری کوڕی وائیل مایەوە تا کاروباری شا قوباد خاو بووەوە، کە بەکریان نارد بۆ حاریسی کوڕی عەمری کوڕی حەجەر و کردیان شا و خەڵکیان بۆ کۆ کردەوە و لەگەڵیدا بوون تا پاشایەتیی گرتە دەست و عەرەب دوای کەوتن. هیشام لە باوکی گێڕایەوە کە حاریسی لەناو ئەوا پاتشا عیریبانەدا نەبینیوە کە کتێبی خەڵکی حیرە ژماردوونی دەڵێ: پێم وایە بۆیە پشتگوێیان خست، لەبەرئەوەی بەبێ پرسی شاهانی فارس پاشایەتیی گرتە دەست و هەروەها لەبەرئەوەی لە حیرە دوور بووە کە پایتەختی شانشینی بووە و ئارامیی بەخۆیەوە نەدیوە، بگرە گەڕۆکی ناو خاکی عەرەب بووە.

مونزیری کوڕی ئومروئولقەیس:

ئینجا دیسانەوە بۆ دووەم جار مونزیری کوڕی ئومروئولقەیس، ئەمەش ئەوە بوو کیسرا نەوشیروان کە لە لێدانی زەندیقەکان بووەوە هەواڵی پێگەیی کە زراوخۆر زەندیقەکان دەگرێتە لای خۆی، کەسێکی ناردە لای مونزیر بیهێنێتە لای و بە کۆمەڵە پیاوێک لە "ئەساویرە!!"کان بە هێزی کرد و بە پاشایی گێڕایەوە حیرە. ئومروئولقەیسی شاعیر لە سەردەمی کوڕی ئومروئولقەیسدا بووە. لەبەرئەوەی ئەوەی بووە هۆی داوای چەک بکا حاریسی کوڕی ئەبی شیمری غەسانی بووە کە حاریسی هەرە گەورەی بکوژی مونزیری کوڕی ئومروئولقەیسە، پێش لەدایکبوونی پێغەمبەر "دروودی خوای لێ بێ" بە نزیکەی چل ساڵ، لەبەرئەوەی لەدایکبوونی چل ساڵ دوای لەسەر تەخت دانیشتنی نەوشیروان بووە. ئەوەی بە بەڵگەش وەردەگیرێ ئەوەیە کە لە سەردەمی ئومروئولقەیسدا شیعرێکی گوتووە ئەوە دادەشۆری کە بابی کوشتووە کە لە تەمیمییەکان بووە،

لا حيميرى وفا ولا عدس ولا است عير تحكه الثفر

واتە:

نە حیمیەری بەڵێنی بەجێ هێنا نە عەدس

.................

عەدس: باپیری لەقیت و پەردەوان (دەرگەوان)ی ئیبن زرارە بووە خوا خۆی باشتر دەزانێ.


عەمری کوڕی مونزیر:

ئەوەیە کە پێی دەڵێن عەمری کوڕی هیند کە (موزەریتولحیجارە!!) ە (موحەریقی دووەمە!!)، هیندی کچی میمکی ئومروئولقەیسی شاعیرە، کچی عەمری کوڕی کیندیی زراوخۆرە، عومەر و قابووس و مونزیری لە مونزیری کوڕی "مائوسەما"، هەر ئەمەیە کە عەمری کوڕی کولسوومی کوشتووە و ئەختەل لەبارەیەوە گوتوویەتی:

ابنی کلیب ان عمی اللذا        قتلا الملوک وفککا الاغلالا

مەبەستی لە مامێکی عەمری کوڕی کولسوومە، ئەوەی عەمری کوڕی هیندی کوشتووە و مامەکەی تری مورەی کوڕی کولسوومی بکوژی مونزیری کوڕی نوعمانی کوڕی مونزیرە و دەسەڵاتی عەمری کوڕی هیند توندوتیژ بووە و ئەمە ئەوەیە کە هێرشی کردووەتە سەر تەمیم لە شوێنی خۆیاندا و لە شەڕی ئەووارەی دووەمدا سەد کەسی لە دارمییان "بەنی داریم"ی لە تۆڵەی ئەسعەدی کوڕی مونزیری برایدا کوشتووە. پاشایی عەمری کوڕی هیند شازدە ساڵ بووە لە سەردەمی نەوشیرواندا و هەشت ساڵ و شەش مانگیش بەسەر پاشایی عەمری کوڕی هینددا ڕەت بووبوو کە پێغەمبەر دروودی لێ بێ لەدایک بووە، کە لە ساڵی "فیل"دا بووە کە ئەو ساڵەیە کە ئەبرەهەی ئەشرەمی(۲) خاوەنی یەکسووم بە کۆمەڵە فیلێکەوە هێرشی بردە سەر مەکە. ئەمەش کە سی و چوار ساڵ و هەشت مانگ، دەشڵێن کە چل و یەک ساڵ بەسەر پاشاییی نەوشیروانی کوڕی قوباددا بەسەرچووە، دوای ئەوە عەمری کوڕی هیند حەوت ساڵ و شەش مانگ پاشایی کردووە.

http: //i10servimg.com/u/f65/15/55/79/88/abraha.jpg.//



قابووسی کوڕی مونزیر:

دوای عـەمـری کـوڕی مـونزیر قـابـووسی کـوڕی مـونـزیری برای چوار سـاڵی لـە سـەردەمی نەوشیرواندا پاشایی کردووە، دەشڵێن پاشایی نەکردووە، بگرە لەبەرئەوە بە پاشایان ناو ناوە، لەبەرئەوەی باوکی و برای پاشا بوون و نەرمییەکی تێدا بووە و ناویان لێ ناوە "فیـتنە"ی شایی. دەشڵێن: بێهێز و لاواز بووە پیاوێکی "عەشیرەتی" یەشکوڕ کوشتوویەتی و ڕووتی کردووەتەوە.

فیشـهەرت:

ئینجا فیشـهەرتی فارس ساڵێکی لە سەردەمی نەوشیرواندا پاشایی کردووە.

مونزیری کوڕی مونزیر:

ئینجـا مونزیری کوڕی مـونزیری برای عـەمـری کوڕی هیند چوار ساڵ پاشایی کـرد، هەشت مانگی لە سەردەمی نەوشیرواندا، سێ ساڵ و چوار مانگیش لە سەردەمی هورموزی کوڕی کیسرا نەوشیرواندا (خوا هەر خۆی نادیارزانە).

نوعمانی کوڕی مونزیر:

ئینجا نوعمـانی کوڕی مونزیر ئەبوقابووس لە دوای باوکییەوە بووە شـا، ئـەمـەیە کە لە ڕۆژی توورەییدا عەبیدی کوڕی ئەبرەسی کوشتـووە و هەروەها بکوژی عەدییی کوڕی زەید و هاوڕێی "ئەلنابیغەی زوبیانی"یشی کوشتووە و هێرشی کردووەتە (.... سەر قرقیسیا و بنیاتنەری ئەلغیررییـنە، ................................!!!)

هەندێک لە مێژووزانان دەڵێن بووەتە خرستیان، کە بە خۆی بتپەرست بووە، عەدییی کوڕی زەید کردوویە بە خرستیان. دەڵێن: هۆیەکەشی ئەوە بووە ڕۆژێکیان بە سواری دەردەچێ عەدییی کوڕی زەیدی لەگەڵدا دەبێ، لە پشت حیرەوە لە گۆڕستانێکی نێزیک ڕووبار دەوەستێ و عەدییی کوڕی زەید دەڵێ: نەفرەتت لێ دوور بێ، دەزانی ئەم گۆڕستانانە چی دەڵێن؟ گوتی: نا! گوتی دەڵێ:

ایها الراکب المخبون    علی الارض مجدون
مثـل ما انتـم حـیینا    وکما نحن تکـونـون

واتە:

ئەی سوارە بە پەلەکان  لەسەر زەویدا پەرۆشن
وەک ئێوە ئێمەش ژیاین ئێوەش وەکو ئێمە دەبن

پێی گوت دووبارەی بکەوە! گوتی دەڵێ:

رب رکـب قد اناخـوا حولنا    یشربون الخمـر بالماء الزلال
ثم اضحوا لعب الدهر بهم    وکذاک الدهـر حالا بعد حال

واتە:

وەک گرۆیەک لە دەورماندا دابەزین

مەییان بە ئاوی سازگارەوە نۆشی

بۆ سبەینێ ڕۆژگار گەمەی پێ کردن

ڕۆژگار وایە دەمدەمییە

سڵی کردەوە و بووە دیان، سەلمای کچی وایلی کوڕی عەتییەی زەڕنگەر کە خەڵکی فەدەک بووە، پاشایییەکەی بیست و دوو ساڵ بووە، حەوت ساڵ و هەشت مانگی لە سەردەمی هورموزی کوڕی نەوشیروان بووە و چواردە ساڵ و چوار مانگیشی لە سەردەمی کیسرای کوڕی هورموز بووە. کیسرا پەروێزی کوڕی هورموز کوشتوویەتی، بەوەش پاشایی لەناو لەخمییاندا نەما، شەڕی زی قار بەهۆی کوشتنیەوە ڕووی داوە. نوعمانی کوڕی مونزیر چەند کوڕێکی بووە، مونزیر یەکێک بووە لەوانە. کەسێکی بایی بووە و بەوەشەوە ناوی لە خۆی ناوە. هەروەها هیند و حورقە و حەریقە و عەنفەقیر.

ئەیاسی کوڕی قەبیسە:

دوای ئەوە ئەیاسی کوڕی قەبیسەی تائی حەوت ساڵ بووە شا و بەحرجانی فارسیشی لەگەڵ لە سەردەمی پەروێز. ساڵێک و شەش مانگ بەسەر پاشایی ئەیاسدا ڕەت بووبوو پێغەمبەر درودی خوا لە خۆی و بنەماڵەکەی بێ نێررا، ئەوسا کە شازدە ساڵ بەسەر پاشاییی پەروێزدا ڕەت بووبوو، محەمەدی کوڕی حەبیبیش دەڵێ:

بیست ساڵ بەسەر فەرمانڕەوایەتییدا ڕەت بووبوو، هەر خۆشی لە ڕاستییەکە دەزانێ.

زادییە:

ئینجا زادییەی کوڕی ماهبیانی کوڕی میهرابەندادی هەمەدانی حەڤدە ساڵ پاشایی کرد، چواردە ساڵ و هەشت مانگ لە سەردەمی پەرویز و هەشت مانگ لە سەردەمی شێۆی کوڕی پەرویز و ساڵێک و حەوت مانگ لە سەردەمی ئەردەشیری کوڕی شێرۆدا، مانگێکیش لە سەردەمی بووڕانی کچی پەرویزدا. بیست و نۆ ساڵ بەسەر پاشاییی پەرویزدا ڕەت بووبوو کە پێغەمبەر "کۆچی" بۆ مەدینە کردبوو، محەمەدی کوڕی حەبیب دەڵێ: سی و سێ ساڵی لێ ڕەت بووبوو، پازدە ساڵ و هەشت مانگ بەسەر پاشاییی زادییەدا ڕەت بووبوو کە پێغەمبەر درودی خوای لێ بێ کۆچی دوایی کردبوو و چوار مانگ بەسەر پاشاییی ئەردەشیری کوڕی شێرۆدا ڕەت بووبوو ئەبوبەکر کرایە خەلیفە.

مونزیری کوڕی نوعمانی کوڕی مونزیر:

ئینجا مونزیری کوڕی نوعمانی کوڕی مونزیر بووە پاشا، عەرەب ناویان نا لەخۆبایی، ئەمەش

ئەوەیە کە لە شەڕی جواتا "جواثا"دا لە بەحرێن کوژراوە. پاشایی ئەم و هی تر، تا هاتنە حیرەی خالیدی کوڕی وەلید هەشت مانگ بووە. هەموو پاشاکانی نەسرییەکان "ئال نەسر" و ئەوانەی جێنشینییان کردووە لە حیرە لە "عیباد" و دوای ئەوان لە فارسەکان بوون، بیست و پێنج شا بووە و لە ماوەی شەشسەد و بیست و سێ ساڵ و یازدە مانگدا فەرمانڕەواییان کردووە. هیشامیش دەڵێ: ئەم شەش کەسەی باسیان لێوە کرا لە پاشایی بەنی نەسردا دەرەکی بوون کە ئەمانەن: ئەوسی کوڕی قەلام و حاریسی کوڕی عەمری کوڕی حەجەری کیندی و ئەبویەعفور عەلقەمە و ئیاسی کوڕی قوبەیسە و فیشهەرت و زادییەی فارسی. وەک دەشڵێن: هیچ یەک لە پاشاکان لە حیرەدا نەمردووە تەنیا قابووسی کوڕی مونزیر نەبێ، بگرە لە هیرشەکان و حیرە بووە، ڕاووشکار و دوورکەوتنەوەدا مردوون. دەشڵێن: لەبەر سازگاریی کەشەکەیەتی، عەرەب دەیانگوت مانەوەی شەوێک لە حیرە، لە خواردنەوەی ئاوی بە سوودترە.

تادریتۆس:

هاتنی خالیدی کوڕی وەلید بۆ حیرە لە سەردەمی بوورانی کچی پەرویزدا بووە، دوای دوازدە ساڵ لە کۆچی پێغەمبەر درووودی خوا لە خۆی و بنەماڵەکەی بێ و لە کۆتاییەکانی خەلیفایەتیی ئەبوبەکردا بوورانی کچی پەرویز بووەتە شا. بووران دوای هاتنە حیرەی خالیدی کوڕی وەلید بە حەوت مانگ هەر پاشا بووە، سێ مانگی لە خەلیفایەتیی ئەبووبەکر و چوار مانگیش لە خەلیفایەتیی عومەردا.

ئەرزەمین دوختی کچی پەرویز:

ئینجا ئەرزەمین دوختی کچی پەرویز لە خەلیفایەتیی عومەردا شەش مانگ بووە.

یەزدگوردی کوڕی شەهریار:

ئینجا یەزدگوردی کوڕی شەهریاری کوڕی پەرویز نۆزدە ساڵ پاشایی کرد، چوار ساڵی لە خەلیفایەتیی عومەردا لە مەدائین بەر لە نێزیکبوونەوەی عەرەب لێی و لێ لابردنی، دوای ئەوەش تا کوشتنی لەمەڕو و پازدە ساڵ، پێنج ساڵ و هەشت مانگی لە خەلیفایەتیی عومەردا و نۆ مانگ و چوار مانگ لە خەلیفایەتیی عوسماندا.

***

پەراوێزی وەرگێڕ:

(١) خەوەرنەق: کۆشکێک بووە لە شوێنێکی خوارووی عێراقدا، عەرەب لەگەڵ کۆشکێکی تردا کە "سەدیر"ی پێ گوتراوە لە شیعر و نووسراویاندا باسیان لێوە کردووە.

وای بۆ دەچن "خەوەرنەق" کە لە نێزیکی ئەو ناحیەیە بووبێ ئێستاکە "ئەبوسخێر"ی پێ دەڵێن لە باکوری عێراقدا، لە سەدەی چوارەمی زایندا نوعمانی کوڕی ئومرولقەیس بنیاتی ناوە. چیرۆکێک

لەبارەی بنیاتنانی ئەم کۆشکەوە دەگێڕنەوە، گوایە ئەندازیارێکی ڕۆم کە ناوی سینیمار بووە دروستی کردووە و کۆشکێکی ئێجگار گەورە بووە و گوایە بە شەست ساڵ تەواو بووە، کە لێ بووەتەوە ئەندازیارەکە گوتوویەتی کۆشکەکە خشتێکی تێدایە ئەگەر دەری بکەم هەموو کۆشکەکە هەرەس دێنێ و دەڕووخێ و تەنیا خۆم نەبم کەس پێی نازانێ.. بۆیە خاوەنی کۆشک لە ترسی ئەوەی ئەو نهێنییە بڵاو نەبێتەوە ئەندازیارەکە لە سەربانی کۆشکەکەوە فڕێ دەداتە خوارەوە و دەیکوژێ. ئەمەش بووەتە پەند، بەو کەسانە دەگوترێ پاداشتی چاکە بە خراپە دەدەنەوە و دەڵێن پاداشتی سینیمار. کۆشکەکە وەک دەڵێن هەشتسەد ساڵ ماوە و ئیبن بەتووتەی گەڕیدە باسی کردووە، هەندێک شوێنەوارناس لێیان کوڵیوەتەوە، دواترینیان تەها باقری عێراقی بووە و لە ١٩٣٨ دا شوورەیەکیان دۆزیوەتەوە لە خشت دروست کراوە، پانییەکەی ١١٠ مەتر بووە، وای بۆ دەچن یان شوورەی کۆشکی خەوەرنەق بێ یانیش هی کۆشکی سەدیر.

بڕوانە:

http://ar.wikipedia.org/wiki/

لە بابەتی "خ ر ن ق" دا، محەمەدی کوڕی ئەبوبەکری ڕازی لە فەرهەنگی موختاروسیحاح "مختار الصحاح" دا دەڵێ: خەوەرنەق: ناوی کۆشکێکە لە عێراق، نوعمانی مەزن بنیاتی ناوە، ناوەکەش فارسییەکی بە عەرەب کراوە. بڕوانە:

مختار الصحاح محمد بن ابی بکر الرازی – دار الرضوان – حلب – اصدار ٢٠٠٦

(٢) ئەبرەهەی حەبەشی: کە ئەبرەهەی ئەشرەمیشی پێ دەڵێن"ساڵی ٥٧٠ مردووە". حاکمی سەر خاکی عەرەب بووە لە شانشینیی ئەکسیۆمی حەبەشە بووە و دواتر بووەتە شای سەر وڵاتی یەمەن دوای ئەوەی بە فەرمانی شای حەبەشە کە لەسەر ئارەزووی جوستنیانی قەیسەری ڕۆم" هێرشی کراوەتە سەر، بۆ سەندنی تۆڵەی "ئەسحابەلئوخدوود" لە جوولەکان. ساڵی ٥٧٠ی ز سوپای هێناوە بە نیازی ڕووخاندنی کابە، کە لە قورئانی پیرۆزدا بە شەڕی "ئەسحابولفیل"ی ناو دەبا و خوای گەورە پۆلە مەلی بۆ دەنێرێ کە بەردبارانی سوپاکە دەکەن و سوپای ئەبرەهە دەبەزێ و هەر لە سەروبەندی ئەو شەڕەشدا ئەبرەهە دەمرێ.

بە کورتی لەم پێگەیەوە وەرگیراوە:

"http://ar.wikipedia.org/wiki"

# جەستە
# لە نێوان سروشت و کولتووردا

میشیلا مارزانو

هەر لە سەرەتاوە کولتوور لەسەر جەستە کاری کردووە، تا بەپێی یاسا بناغەیی و پێوانەکانی خۆی بیگونجێنێ و رایبهێنێ. هەر لە منداڵییەوە لە هەموو کۆمەڵگە و سەردەمێکدا وا چاک کاری لە جەستەدا دەکرێ کە رەنگدانەوەی بەها و ئەو بڕوا باڵایانە بێت کە ئەو کۆمەڵگەیە وەک ئەرک داوای دەکات. لێرەوە ئەوەی بەتایبەت وا لە هەندێ لە مێژوونووسان و کۆمەڵناسان و ئەنترۆپۆلۆجیستە هاوچەرخەکان دەکات کە گرینگی بە جەستە بدەن، ئەوەیە کە جەستە یەکەمین جێگەیە گەورە ئاشنای بچووک دەبێت و یەکەمین کەشوهەوایە کە سنووری دیاریکراوی کۆمەڵایەتی و دەروونی لەسەر رەوشت دیاری دەکات، هەروەها جەستە ئەو سیمبوولەیە کولتوور ئاماژەکانی خۆی لەسەر بەنەخشێنێ، وەک نەخشاندنی زۆر لە دروشمەکانی وەچە لەسەر جەستە. لەلایەکی ترەوە مارسیل موس لە سەرەتای سەدەی نۆزدەم بە ئاشکرا دەری خست، زۆربەی جووڵە و بارودۆخەکان دەرئەنجامی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانن. ئەو رۆڵەی پیاوان و ژنان لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا دیاری دەکەن، سەرباری ئەوەی دەکرێ خۆبەخۆیی بێت و وەڵامدەرەوەی لۆجیکی بزووتنەوە سروشتییەکان بێت، بەڵام دەبنە هۆی پێکهێنانی"تەکنیکی دەوڵەمەند لە ڕووی کولتوور و کردەوە کاریگەرەکانەوە". بۆیە تەکنیکەکانی جەستە کە برێتین لە لەدایکبوون و منداڵی و هەرزەکاری و گەورەبوون "بەرهەمهاتووەکانی فیزیۆ –بیسایکۆ– دەروونناسی کۆمەڵی ئاکارن" ئەوانیش "بەرهەمی عەقڵی کردارییی و کۆمەڵایەتی و تاکەکەسین". بۆیە دەبینیت شێوازی مەلەکردن لای پۆلینیزییەکان جیاوازە لە شێوازی مەلەکردن لای فرەنسایییەکان، هەر بۆ نموونە ئەمەریکایی و فرەنسایییەکان کاتێ رێ دەکەن جووڵەی باری قۆڵ و دەستییان جیاوازی هەیە.

................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان

هەروەها لەمەڕ قسەکردن و دەربڕینی سۆزەکانیش هەروایە، هەروەک "موس" جارێکی تر باس لەمە دەکات "نەک تەنیا نالّە بگرە هەموو جۆرە دەربڕینە زارەکییەکانی سۆز بەشێوەیەکی بنەڕەتی تەنیا دیاردەی دەروونی یان فیزیۆلۆجی نین، بگرە دیاردەی کۆمەلایەتین و بۆ مەبەستێک بە نیشانەیەکی خۆبەخۆیی و پابەندبوونی تەواو نیشانە کراوە. ئاخۆ رۆیشتن لە بیرێکەوە بۆ بیرێکی تر شتێکی راستە، واتە رۆیشتن لە بیرێک کە شێوازی دەربڕینی هەڵچوون و سۆزێک وەڵامدانەوەی بارێکی تایبەتی دیاریکراوە و دەچێتە خانەی کۆدێک کە پێشتر دەستنیشان کراوە، بۆ ئەو بیرەی کە هەڵچوون و سۆزەکان بە هیچ کلۆجێک پێوەندییان بە خودێتی تاکەکەسەوە نییە؟ ئاخۆ دەکرێ بڵێین هەڵچوونێک بەهیچ شێوەیەک خۆی لەگەڵ خودی خۆیدا واقیعی خۆی نییە؟

موس پێی وایە (هەموو دەربڕینە کۆمەلایەتییەکان، ئەوانەی هاوکاتن و خاوەنی بەهای مەعنەوی و هێزی پێویستن بۆ سۆزەکانی تاک و کۆمەڵ، کۆمەڵێ دالی سادەن، ئاماژەن بۆ کۆمەڵێ نیشانە و دەربڕین و تێگەیشتن، بە کورتی مرۆڤ هەڵدەستێ بەدەربڕینی شتێک زیاترە لە هەست، تاک ئەو دەربڕینانە بە خەڵکی پێشان دەدات، هەر پێویستیشە کە پێشانیانی بدات. ئەو کاتێک ئەو هەستانە پێشانی خەڵک دەدات لە هەمان کاتدا پێشانی خۆی دەدات، ئەمانە لە رووی ناوەڕۆکەوە کۆمەڵێ سیمبولن. بەلام لەبارەی ئەو دەنگانە چی دەوترێ کە جار جار لەوێوە دەنگ دەدەنەوە، ئەو دەنگانەی هەندێ جار کاتێ کە زمانی کۆمەلایەتی تووشی نووشستی دەبێت دەری دەبڕن، کاتێ مرۆڤ رێگە بە ئارەزووەکانی دەدات بەسەریدا سەرکەوێ، بەدەر لەو پەرچدانەوەی کە رەنگە تاک لەو کۆمەڵگەیەوە تووشی بێت کە ئەو بەشێکە لەو گرووپە؟ ئاخۆ لەبارەی ئەو هەموو بەڵگانەی خود چی دەڵێین، هەندێ جار ئەو بەڵگانە رەت کراونەتەوە.

موس وای بۆ دەچێت هەموو ئەم دەربڕینە بەکۆمەلانە، هاوکاتانە، خاوەن بەهای مەعنەوی و هێزی پێویست بۆ سۆزەکانی تاک و کۆ، تەنیا ئاماژەپێکردنێکی سادە نین و بگرە زیاترن، ئەمانە کۆمەڵێ ئاماژەن لەمەڕ دەربڕینە تێگەیشتووەکان، بە کورتی ئەمانە کۆمەڵێ وتن، مرۆڤ هەر تێیدا هەستەکانی دەرنابڕێت بگرە زیاتر لەم کارەش دەکات، ئەو هەڵدەستێ بە دەربڕینی سۆزەکانی بۆ کەسانی تر، لەبەرئەوەی پێویستە ئەم دەربڕینانە دەرببڕێ. ئەو ئەم دەربڕینانە بۆ خۆی و کەسانی تر دەردەبڕێ. لە رووی کرۆکەوە برێتین لە کۆمەڵێ سیمبول. بەلام لەمەڕ ئەو برە هاوارانە چی دەڵێین کاتێ لێرە و لەوێ بەرز دەبنەوە بەتایبەت کاتێ کە زمانی کۆمەلایەتی تووشی ناتەواوی دەبێت، و کاتێ مرۆڤ رێگە دەدات بە دەربڕینی حەزەکانی بەبێ ئەوەی ئەو کۆمەڵگەیە رازی بێت لەسەر ئەو حەزانەی ئەو، بەتایبەت ئەو کۆمەڵگەیەی ئەو لەناویدا دەژی؟ هەروەها لەمەڕ هەموو ئەو دەلالەتانە چی دەڵێین، ئەو دەلالانەی کە هەندێ جار نامەئلوفن و سەرباری کۆد و نیشاندانە کولتوورییەکان هەر هەن؟

سروشت: ڕێگە بۆ مرۆڤ خۆش دەکات تا باڵاتر لە بوونی خۆیان گەشە بکەن. گفتۆگۆ لەمەڕ ناکۆکیی نێوان، سروشت و کولتوور، خۆڕسکی و وەرگیراو، بۆ سەردەمێکی زۆر دێرین دەگەڕێتەوە، سەرەتای ئەم ناکۆکییە لە مێژووی کۆندا دەبینین، بۆ نموونە لای ئەرستۆ، ئەرستۆ لە ڕەوشتی نیکۆماخیس ئەوە ڕوون دەکاتەوە ئەو جیاوازییە بەدەر دەخات لە نێوان ژیان zoé کە هەموو بوونەوەرەکان تێیدا بەشدارن، هەروەها لە نێوان چەمکی bios واتە شێوەی ژیانی تاک یان کۆمەڵە خەڵکێک.

گیانداران و بوونەوەری مرۆیی هەردووکیان هاوبەشی یەکترین لە سروشتدا، بەڵام لە بەرامبەردا کولتوور ڕێگە بە مرۆڤ دەدات بەسەر سروشتی خۆیدا زاڵ بێت و زیاتر لەوەی هەیە گەشە بکات و لەناو دڵی شاردا polis بگاتە باڵاترین پلە. ئەم بیرە بەدرێژاییی سەدەکان لە دڵی کولتوور و بیری عەرەبیدا بۆ چەندان سەدە مایەوە. بۆ نموونە لێرەوە جیاکاری لە نێوان هەردوو وشەی لۆگۆس logos و هاوار la phone جیاوازییەکە کە ئەرستۆ لە نێوان مرۆڤ و زیندەوەرەکانی تردا ئەنجامی دا، بەتایبەت لە سەرەتای کتێبەکەی (سیاسەت la politique )دا هاتووە کە (هیچ گومانی تێدا نییە مرۆڤ حەیوانێکی سیاسییە)، مرۆڤ لەناو هەموو زیندەوەران یەکەمین زیندەوەرە کە خاوەنی لۆگۆسە (کەلامە) واتە قسە دەکات، هەروەها فەیلەسووف لە ڕووی نەفسیشەوە، ئەوە دیاری دەکات کە (هەر دەنگێک کە زیندەوەر دەری دەپەڕێنێ دەنگ نییە، لەبەرئەوەی دەنگ ژاوەژاو دەگەیەنێت، نەک تەنیا فوو پێداکردنی هەوا).

ئەمەش ئەو جیاوازییەیە کە قەدیس ئۆگستین پێڕەوی کرد، هەرچەندە ئەو لە ئاستێکی ترەوە پێڕەوی ئەوەی کرد: (بۆ نموونە بڕوانە ئەم دوو شتە: دەنگ و کردار (ڤێرپ). وشە هەرچییەک بێت، ئەگەر هیچ مانایەک بەدەستەوە نەدات، ئەوە لۆگۆس (قسە) نییە. لە ڕاستیدا ئەو دەنگەی کە لە دەنگدانەوە زیاتر هیچی تر بەرهەم ناهێنێت و هیچ مانایەک ناگەیەنێ، بۆ نموونە ئەو دەنگەی لە دەمی کەسێکەوە دێتە دەر و لە هاوارکردن زیاتر هیچ شتێ ناڵێت ئەو دەنگە کە بەم شێوەیە دێتە دەرێ پێی دەگوترێ دەنگ نەک لۆگوس (قسە).

بڕوانە وشەی ژان، ژان خۆی لە خۆیدا دەنگە، دەنگدانەوەیەکی ئاڵۆزە، ئەو دەنگدانەوەیە بەرگوێ دەکەوێت بەڵام هیچ شتێک بە عەقڵ ناڵێت، بەڵام (لۆگۆس) قسە بۆ ئەوەی بەڕاستی قسە بێت دەبێ مانای هەبێت ...) (8,7 De dialectica)، ئەمیش ئەو جیاکارییەیە کە دیکارت لە نێوان بوونەوەرە هۆشمەندەکان و زیندەوەرەکان بەرپای کرد، بوونەوەرە هۆشمەندەکان ئەوانەی بە (لۆگۆس) قسە بیریان دەردەبڕن، زیندەوەران ئەوانەی بە دەنگەکانیان ناتوانن شتێک دەربڕن، تەنیا دەتوانن دەربڕی هەڵچوونەکانیان بن، زیندەوەران نە دەتوانن وشە بەکار بێنن، نە دەتوانن هیچ ئاماژەیەک پێشان بدەن، بۆ ئەوەی بتوانن دەربڕی بۆچوونەکانیان بن و کەسانی تر لێیان بگەن (بەشی

پێنجەمی Discours de la Méthode) بێگومان زیندەوەران دەتوانن پێوەندی بەرپا بکەن، بەڵام بەتەواوی دەستەوەستانن لە بنیاتنانی تاقە رستەیەک کە دەربڕ بێت بۆ پێویستی و حەز و ئازارەکانیان، یان بیرەکانیان (٥ شوباتی ١٦٤٩ Lettre à Morus). بەڵام مرۆڤ بەو سیفەتە جیاوازە کە بە زمان توانای دەربڕینی هەیە و دەتوانێ رستەی وا دروست بکات کە مانای هەبێت و بە درێژاییی سەردەم پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە و بەسەر هەموو زیندەوەرەکانی تردا سەرکەوتووە، ئەمەش وای لێ کرد بەروە هەستی پەتی پاڵی پێوەبنرێ و تەنیا توانای هاوارکردنی هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ هاواریش دەکات. نەک تەنیا کاتێ کە لەدایک دەبێت، دەرکەوتنی خۆی لە جەستەی دایکەوە بە هاوارێک رادەگەیەنێت، کە نازانێت ئەو هاوارە چ مانایەکی هەیە، نەک تەنیا ئەو کاتەی کۆرپەڵەیە و دەگری و دەنگ دەردەکات تا دەربڕی پێویستی و حەزەکانی و چێژ و ئاڵۆزییەکانی بێت، بەڵام ئەو کاتانەشی کە وشەکان رێگر دەبن لە بەردەمی و هەڵچوونەکان ئابڵووقەی دەدەن، ئەو کاتە لۆگۆس (قسە) دەستکورتی و سنووردارییەکانی بەدەردەکەون. رەنگە مرۆڤ داوای یارمەتییەک بکات، یان لە خۆشی و ئازاردا هاوار بکات. رەنگە وەک شێت و ئازاردیوو هاوار بکات. رەنگە هاوار بکات لەبەرئەوەی گوێی لێ نەگیراوە و هیچ شێوازێکی تر شک نابات تا نائومێدی و نەهامەتییەکانی بەدەر بخات و سەرەنجام گوێی لێ بگیرێت. مرۆڤ دەتوانێ بە رووی یەکێکی تردا هاوار بکات، رەنگە دژ بە چەوساندنەوە و سەرکوتکاری و زوڵم نارەزایی دەرببڕێت.

بەڵام لیستی ئەو چالاکییانە زۆر درێژن کە خاوەن ئاماژەپێکردنی سروشتین، بۆیە کۆمەڵگە مرۆیییەکان ناچاربوون ئەو چالاکییانە بشارنەوە و سەرکوتی بکەن، هەر بۆ نموونە لێرە دەتوانم ئاماژە بە چەندێک لەوانە بکەم وەک (پیسایییکردن، پەڕین و بنێشتجوین.. هتد) لێرەوە منداڵان پێویستییان بە پەروەردە و فێرکردن هەیە تا تێ بگەن چ جۆرە هەڵسوکەوتێک، هەڵسوکەوتی ناشارستانی نییە و دەبێ ئاگەداری بن و خۆیانی لێ قورتار بکەن یان لە کۆڵی خۆیانی بکەنەوە.

٢- کەمخوازێتی

لە هەردوو سەدەی نۆزدەم و سەدەی بیستەم، لەگەڵ تەقینەوەی شۆڕشی زانستی لە سەدەی نۆزدەم و گەشەکردنی زانستی ئەزموونگەریی زانایان هەوڵی راڤەکردنیی ئاکاری مرۆیی دەدەن بە رەوانەکردنی بۆ توێکڵکاری مرۆیی و بایەلۆجی و کیمیاگەری، لەم چوارچێوەشدا بارودۆخی سەدەی نۆزدەم تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە تاواناسی، بەڵام لەم چوارچێوەیەدا گرینگی بە رۆڵی جینەکان درا لە بنیاتنانی جەستە و روحدا.

ناسراوترین کەسێک لە مێژووی تاواناسی هاوچەرخ سیزار لۆمبرووزۆی (١٨٣٥-١٩٠٩) بوو. لومبرووزۆی لە گفتوگۆیەکی بەرفراوان بۆ زانینی ئەوەی کە ئاخۆ بەشێوەیەکی گشتی ریز کراوە

هۆکارییەکان راڤەکەری ئاکاری تاوانکارین، دووپاتی کردەوە کە جۆرێک ئاکاری تاوانکاری تایبەت هەن. ئەم لێکۆڵەرەوە ئیتاڵییە ئەوەی دووپات کردەوە کە تاوانکار هەر لە سەرەتای لەدایکبوونییەوە کەسێکی تاوانکارە، نەک دەبێتە تاوانکار لەژێر کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و کەشوهەوای خراپدا: تاوانکار هەندێ نیشانەی جەستەیی پێشان دەدات کە دەتوانرێ هەر لە سەرەتاوە ببینرێ.

لە هەمان سەردەمدا، لەسەر ئاستی زانستی بۆماوەیی لێکۆڵینەوە زانستییەکان گەشەیان کرد، ساڵی ١٩٠٩ زیلهلم جۆهانسن وشەی (جین gene)ی هێنایە ناو کایەی بەکارهێنانەوە. زانستی بۆماوەیی وەک بابەتێک خرایە روو کە ئامانجی تەنیا خوێندنەوەی بنیاتی جەستە نەبوو، بگرە ئامانجی خوێندنەوەی ئاکارەکانی مرۆڤیش بوو. ساڵی ١٩٥٣ هەنگاوێکی بنبڕانە نرا و دۆزینەوەیەک هاتە دی، کە ئەویش بنیاتی کرۆمۆسۆمی جووتەکی (ئەی. دی. ئێن) بوو، ئەم بنیاتە لەلایەن جیمس واتسن و فرانسیس کریک دۆزرایەوە.

پاشان دەرکەوت هەر جینێک هاوبەرامبەر (ئەی. دی. ئێن)ێک، زنجیرەی ئەم (ئەی. دی. ئێن)نانە بۆ پێکهێنانی پرۆتینەکان بەکار دێن، هەروەها لە رێگەی ئەوەوە هەستان بە ئەنجامدانی هەموو کردەکانی ژیان. بەم جۆرە ئەو بیرە خرایە روو کە هەر سیفەتێکی فیزیکی ئەندامەکان کە نوێنەرایەتییەکەی لەلایەن پرۆتینێکەوەیە جینێکی تایبەت دەبێتە هۆی روودانی، ئەمەش راڤەی ئەوە دەکات کە چۆن لە ماوەی سەدەکانی رابردوودا جین بووەتە خاوەنی دەستکەوتی راڤەکردنی سەیروسەمەرەی خۆی تا ئەو رادەیەی تا ئەمڕۆش وای لە کۆمەڵێ خەڵک کردووە بکەونە لێکۆڵینەوە لەسەر بنەچەی جینەکان، نەک تەنیا لەبەر بناخەی بنەچەی سیفەتە جەستەییەکان بگرە لەبەر ژمارەیەک لە ئاکارەکان بۆ نموونە زیناکردن، هاوتوخمبازی.

ساڵی ١٩٧٥ زانای ئەمەریکایی ئیدوارد ئۆ ویلسۆن، کۆمەڵناسی بایۆلۆجی دامەزراند، ئەو وای بۆ چوو ئاکارەکان بەپێی دەربڕی جینەکان دروست دەبن، هەروەک چۆن لە رووی جەستەییەوە پێکهاتەکان پێک دێن، ئەم بۆچوونە تا ئێستەش لە ناوەندە زانستییەکاندا سەرکەوتنی بە نسیب دەبێت چ لە ناوەندە زانستییەکان یان لای جەماوەر، سەرباری ئەو واقیعەی کە توانای دەربڕین لای جینەکان جێگەی بەراوردکاری نییە، سەرباری دەوڵەمەندی ئەو جیاوازییە کولتوورییەی کە مرۆڤ کاتێک ئەو هەڵوێست و ئاکارە مرۆیییانە شی دەکاتەوە دەتوانێ هەستی پێ بکات. لە راستیدا ئەو لێکۆڵینەوانە لە ئاکاری مرۆڤدا گەلێک زۆرن، کە داوای ئاشکراکردنی پرەنسیبە جینییەکان دەکەن.

ساڵی ١٩٩٥ زانا دیڤید رایس مامۆستای بواری پزیشکی دەروونناسی لە زانکۆی جۆرج واشینتۆن رای گەیاند کە دەکرێ بڕوا بەخۆبوون لە رێگەی بۆماوەیی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بگوێزرێتەوە. ساڵی ١٩٩٦ زانا ئەمەریکاییەکان بناخەی جینی (چێژی نوێی) و پێویستی بوون بە هەستی بەهێز و قابلییەتی وروژاندنیان دۆزییەوە. ساڵی ١٩٩٦ دیسان کۆمەڵی لێکۆڵەرەوەی

زانستی شوێنی جینی ئەلكهۆلییان لای مشک دۆزییەوە. بەڵام ئاخۆ دەکرێ بوترێ پێوەندی نێوان جین و سیفەت ئەوەندە پێوەندییەکی ئاسان و راستەوخۆیە؟

لە راستیدا پێوەندی نێوان سیفەت و جین پێوەندییەکی تا بڵێی ئاڵۆزە، تا ئەو ڕادەیەی بەکارهێنانی هەندێ جۆر وەک (جینی ...) کارێکی ئاڵۆزە تا ئەو رادەیەی کە هەڵخەڵەتێنەرە. هەروەها کۆدی جینۆمی مرۆیی (واتە زنجیرەی جینە ئامادەکان لەناو (ئەی. دی. ئێن) کە ساڵی ٢٠٠٣ پێی گەیشتن) تا ئەم کاتەش دوورە بتوانرێ روونکردنەوەیەکی پێویست لەم بارەیەوە پێشکێش بکرێت.

هەروەک هینری ئاتلان دەڵێت، هەر جینێک دەتوانێ لە پێکهێنانی چەند پرۆتینێک بەشدار بێت، دەکرێ یەک پرۆتینیش چەند ئەرکێکی هەبێت، چەند ئەرکێکی جیاواز، ئەمەش بەپێی دەوروبەرە کیمیایی – فیزیاییەکەی لەناو ئەو خانەیەی کە تێیدایە، هەروەک ئەو کارلێکردنانەی لەگەڵ پرۆتینەکانی تردا بە ئەنجامی دەگەیەنن: هیچ گومانێکی تێدا نییە کە جین زاکیرەیەکی بایەلۆجییە، بەڵام بەرنامەیەک نییە راستەوخۆ بەرپرسیار بێت بەرامبەر بە گەشەکردنی ئامێری ئەو زاکیرەیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە پرەنسیبە بۆماوەییەکان پێوەندییەکی هۆکارییانە لە نێوان جین و پرۆتین و سیفەت هەیە، هەموو تاکێک لە دەوروبەرێکی تایبەتدا، هەڵگری باری پاڵەپەستۆی دەوروبەرەکەی خۆیەتی، هەر خودی خۆی کرداری ژیانی تایبەت بەخۆی پێک دێنێ.

لە راستیدا هەروەک قوتابخانەی کۆمەڵناسی جەستەیی داڤید و بریتۆن دەریان خست جەستە بەردەوام لەناو تۆڕی هەستدا دەست بەسەرە، بەردەوامیش ئەو شوێن و سەردەمەیە کە تێیدا جیهان مرۆڤێکی تێدا بەرجەستە دەکات، ئەو مرۆڤە نوقمە لە تاکرەوێتیی مێژووی خۆی. لێرەوە بیرۆکەی روانین مولکێکی سیمبولی جیهانە و هەڵوەشاندنەوەی کۆدەکانی، مرۆڤ دەخاتە حاڵەتی تێگەیشتن لە خۆی.

٣– دیاریکردنی تاک لە رێگەی شیکاری (ئەی. ئێن. دی)یەوە، ئەو گرفتانەی تایبەتن بە کورتکردنەوە، لەو کاتەدا دەردەکەون کە مرۆڤ شیکردنەوی جینەکان بەکار بهێنێت بۆ دیاریکردنی تاکێک، جا چ ئەو تاکە لە چوارچێوەی یاسای تاواندا دیاری بکرێت (شیکردنەوەی پەنجەمۆر) یان لە چوارچێوەی یاسای مەدەنی (تاقیکردنەوەی راستەقینەیی باوک و دایک)، پەنجەمۆری جینی هەر کەسێک لە کۆمەڵێ پێکهاتەی سەیر پێک دێت، رەنگە پەنجەمۆری جینی دایک و باوک بێت. تەنیا جمگی راستەقینەی لێ دەرچێت و شیمانەی ئەوەی کە دوو کەس یەک پەنجەمۆریان هەبێت تا رادەیەکی زۆر کارێکە بوونی نییە. دەستنیشانکردنی سیفەتی خودی پەنجەمۆر لە سەرچاوەی نموونەیەک لە ترشەلۆکی ناوەکیی وەک (خوێن، میز، موو، پێست، لیک، پاشماوەی ئارەق، تۆوئاو) ئەمە پێدەچێت بوارێک بڕەخسێنێ بۆ بەراوردکاری ئەسڵ و نەسەبی باوکی منداڵ یان دڵنیابوون

له پێوەندی خێزانی و دەستنیشانکردنی کەسایەتیی تۆمەتبار. بۆ نموونە بۆ دەستنیشانکردنی کەسایەتی تۆمەتبارێک پێ دەچێت بەس بێت بە بەراوردکردنی ترشەڵۆکی ناوەکی پاشماوەکان کە له گۆڕەپانی تاوانەکەدا دەدۆزرێتەوە بۆ بەراوردکردنی لەگەڵ ترشەڵۆکی ناوەکیی کەسی گوماندار. ئەمەش وای کرد کە فایلی نیشتمانی دابنرێت بۆ کۆکردنەوەی پەنجەمۆری ئەلیکترۆنییانەی هاوبەش له نێوان هەموو بنکەکانی پۆلیسی نیشتمانی و پاسەوانی نیشتمانی. ئەم فایلەش بە یاسایەک دامەزرا کە له ١٧ی حوزەیرانی ١٩٩٨ دانرا، تایبەتە بە ڕێگرتن له ڕوودانی تاوانی بەزۆرگێکردن. له سەرەتادا تەنیا لایەنێکی زۆر جیدی تاوانەکان چارەسەر دەکرا، تەنیا له بوارەکانی دەستدرێژی سێکسی جێبەجێ دەکرا وەک (دەستدرێژی سێکسی، پۆرنۆ، تاوانی پێوەست بە دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منداڵ).

یاسای ئاسایشی ناوەخۆ کە نیکۆلای سەرکۆزی دەری کرد، بەپێی ئەو یاسایە کە له ١٩ی ئاداری ٢٠٠٣ دەرکرا، هەموو ئەو پەنجەمۆرانەش کۆ دەکرێنەوە کە تایبەتن بە دەستدرێژیکردنە سەر کەسان و ماڵوموڵکی دەوڵەت، بەشێوەیەک کە پاش چەند ساڵێک له دامەزراندنی ئەو دەزگایە توانراوە ٢٥٠ هەزار فایلی ئەو کەسانە کۆ بکرێتەوە کە تاوانبار و گومانلێکراون، سەرباری زیادکردنی هەزاران پاشماوە بۆ ئەو فایلانە وەک پاشماوەکانی کە له شوێنی تاوان هەڵگیراونەتەوە وەک پارچە پێست، و فلتەری جگەرە و لوولەی شووشە، ئەو ئارەقەی بەسەر دەسکی دەرگاوە جێماون . هتد..

تاوانبار هەردەم له شوێنی تاوانەکەی هەندێ پاشماوەی بایەلۆجی بەجێ دەهێڵێ ئەم بیرە تازە نییە. زۆربەی ئەو پاشماوانە بریتین له ڕەگەزی جەستەیی کە کۆ دەکرێتەوە، ئەو پارچانە دەتوانن بە زمانی گومانلێکراوەکە قسە بکەن. بەڵام ئەوەی کە نوێیە ئەوەیە کە بەهای زانستی پێوەست بە تاقیکردنەوە جینییەکان هەموو کات بەو ئاراستەیەدا دەڕۆن کە ئەو بەڵگانە بەڵگەیەکی بنبڕبن و ناکرێ ڕەت بکرێنەوە.

له تاوانناسیدا پێڕەوەی بەکارهاتوو بەم شێوەیە کە ناوچەی تایبەتی (ئەی. دی. ئێن) جی دەکرێتەوە و پاشان شیکردنەوەی بۆ دەکرێت. ئەم تاقیکردنەوە بە بوونی چەند زنجیرەیەکی دووبارە بوو له پێکهاتووە خانەییە ناوەکییەکان بەدەر دەکەوێت، ئەو زنجیرانە پێیان دەگوترێت دژەکان، کە زۆرجار درێژیی ئەو زنجیرانە له هەمان شوێنی (ئەی. دی. ئێن)دا له کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت. یان بەشێوەیەکی تر ئەگەر هاتوو درێژی دژەکان له شوێنێکدا کە یەکەیەک دەخرێتە سەر (ئەی. دی. ئێن)ەکە یەکسان بوو لەگەڵ تۆمەتبارەکە، ئەوە دەکرێ له ڕووی پرەنسیبەوە بەڵگە بێت بۆ ئەوەی کە شوناسنامەی ئەم جووتە دەگەڕێتەوە بۆ گومانلێکراوەکە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جار ئەنجامی تاقیکردنەوەکان وەک بەهایەکی شیمانەیی وەردەگیرێن، لەبەرئەوەی مەرجی کۆکردنەوە و پاراستنی ئەو شتانە زۆرجار سەرچڵییەکی تێدایە کە ڕەنگە له دوو توێیدا هەڵەیەک هەبێت. تەنانەت ئەگەر هاتوو پەنجەمۆر لێکچوونێکی هەبێت، ئەمە ڕێگەی

ئەوە دەدات کە بیر بکەینەوە کارەکە پێوەندی بە کارێکی رۆتینییەوە هەیە، لە راستیدا بۆ بەدەستهێنانی سیستەمێکی تایبەت بە کۆدەکان کە توانای ئاشکراکردنی هەبێت، ئەو کاتە کارەکە زۆر ورد دەبێ، کاتێ رووی دەرەوەی پێست دەبڕین و بەرەو ناوەوەی پێست دەڕۆین، تاواناسی ناتوانێ شتێک بدۆزێتەوە کە جێگەی باوەڕ بێت.

شتێکی تر کە ئەویش گرفتی خۆی هەیە تاقیکردنەوەی جینییە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە لەسەر باوک و دایکی راستەقینەی منداڵ. راستە پێوەندی باوک و دایکایەتی لە یاسای فەرنسیدا کارێکی بنبڕە کاتێک لە بڕوانامەی منداڵبووندا دەبینرێت کە لە ژنێکی خاوەن مێرد هاتووەتە دنیاوە و لە رێگەی خۆی و مێردەکەی بەخێو کراوە. بەڵام بۆ هەندێ باوک ئەو توانایەی هەیە کە بتوانێ پارچەیەک لە خانەی خۆی لەگەڵ خانەی منداڵەکە بۆ یەکێک لە تاقیگاکان بنێرێت ئەو تاقیگایانەی لەسەر ئەنتەرنێت خزمەتگوزارییەکانیان پێشکێش دەکەن. بەڵام ئاخۆ شیمانەی ئەوە هەیە باوک و دایکایەتی پێوەست بکرێت بە پێوەندییە جینییەکانەوە؟ ئاخۆ کەس هەیە بڵێ "باوک و دایکایەتی راستەقینە"، برێتییە لە باوک و دایکایەتی بایەلۆجی؟

لەبەرئەوەی پرسی سکپڕبوونی ئافرەتان لە رێگەی بەخشینی تۆوی پیاوانەوە نموونەیەکی زیندووە، لێرەدا هیچ پێوەندییەکی شەرعی لە نێوان باوکی راستەقینە و منداڵەکەدا نییە، تۆوی ئەو پیاوەی بەکار هاتووە بۆ پیتاندنی هێلکەی ژنە، کەسێکی خۆبەخش بەخشیویەتی. لەگەڵ ئەوەدا باوکی منداڵەکە کەسێکە تۆوەکەی بەپیت نییە، کە لەگەڵ خۆشەویستی یان دۆستەکەی حەزیان کردووە ئەو کارە بکرێت. حەزی هەردوو هاوسەرەکە هۆکاری دروستبوونی ئەو منداڵەیە، بە دابڕان لە واقیع ئەو منداڵە دروست بوو، بەشێک لە مادەی جینی لە خۆبەخشی سێیەمەوە هاتووە.

## کۆنستراکتیزم (بونیاتخوازی)

لە کاتێکدا ئەنترۆپۆلۆجیای سروشتی دەچێتە پاڵ سروشت بۆ دژایەتیکردنی کولتوور، ئەوە ئەنترۆپۆلۆجیای کۆمەڵایەتی یان بەشێوەیەکی بەرفراوانتر سۆسیولۆجیا هەموو بیانووەکانی کەمخوازەکان رەت دەکاتەوە و جەخت لەسەر ئەوە دەکات ئەو دیاردانەی بەشێوەیەکی سروشتی روو دەدەن، لە راستیدا لە ئەنجامی کۆمەڵێ رێڕەوەی کۆمەڵایەتی روویان داوە. بەڵام بنیاتگەری کە لە سەدەی بیستەم بوو بە ئاراستەیەکی کۆمەڵایەتی کاریگەر، جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە هەموو رووداوێ بە پێویست (کردەیەکی کۆمەڵایەتی)یە و جەستەش خوودی خۆی لە راستیدا شتێک نییە تەنیا بەرهەمی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی– کولتووریی بێت. بە درێژاییی سالان بەشێوەیەک گەشەی کردووە کە بووە بەشێوەیەک لە دیاردەی ئاسایی، جەستە خەیاڵە و بەدیهییە، برێتییە لە کۆمەڵێ هاوشێوەکردنی عەقڵی، وێنەیەکی ناهۆشمەندییە و گیان دەدات و پاشان هەڵدەوەشێ، دووبارە بەپێی مێژووی خود بە یارمەتی وتارە کۆمەڵایەتی و سیستەمە سیمبولییەکان بنیات دەنرێتەوە.

بەڵام ئەگەر جەستە لە دەرهێنانە هەمەجۆرەکانیدا بەبێ هیچ گومانێک سەر بە مەرجی کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی بێت کە بەپێی سەردەمەکان دەگۆڕێت، ئاخۆ دەبێ ئەو جەستەیە پێی بوترێ جەستەیەکە سەر بە کولتووره؟ ئەی ئەگەر جەستە هەر نموونەیەک نەبێت لەلایەن کولتوورەوە بنووسرێتەوە؟ ئەگەر وشە کولتوورییەکەی هەڵبوەشێنرێتەوە، چی دەمێنێتەوە؟

گرفتی ئەنتۆلۆجی جەستە ئەوەیە کە ئەو جەستەیە پێویستە بە حەزی لەبیرچوونەوە و رەتکردنەوە، گرینگێتی جیهانی بینیارییەوە، لەبەرئەوەی کە لێکچوونە کولتوورییەکان کەوتوونەتە ژێر پەردەی مێژووەوە، لەبەرئەوەی ئەزموونێک هەیە کە جەستە لەگەڵیدا ژیاوە، ئەو ئەزموونەش ئەوەیە کە مرۆڤ ناتوانێ بیخاتە روو تەنیا لە رێگەی تێگەیشتن لە جەستە نەبێت وەک دەربڕێکی تایبەتی ئەزموونی تاکەکەسی.

لەم بۆچوونەوە دانپیانان بە پاشماوە بنبڕەکان کە کولتوور و کۆمەڵگە مومارەسەی دەکەن بەو رێگەیەی کە تاک بەکاری هێناوە بۆ خۆگونجاندنی حەزەکان و دەربڕینی هەڵچوونەکانی شتێکە و ئەوەش شتێکی ترە کە دەڵێ حەز و هەڵچوونەکان تەنیا بەرهەمی پێکهاتنێکی دیاریکراون. هەروەها دانپیانان بە توانای پێکهێنانی جەستەمان بە تەکنیکە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان شتێکە و بەڵام وتنی ئەوەی کە جەستە لە پێکهاتەیەکی کولتووری و کۆمەڵایەتی زیاتر شتێکی تر نییە ئەمەشیان شتێکی ترە.

کەواتە هەر کۆمەڵگەیەک دەتوانێ خاوەنی (جەستە)ی خۆی بێت، هەروەک چۆن هەر کۆمەڵگەیەک خاوەنی زمانی خۆیەتی، وەکو زمان، دەکرێ جەستەش کۆمەڵێ ئیرادەی کۆمەڵایەتی و یاسا و رێزمانی تایبەت بەخۆی هەبێت، هەروەها کۆمەڵێ ریتوێڵی تایبەت بەخۆی هەبێت، ئەو رێتوێڵانەی کە کارلێکردن دەکەن و بەرهەمی رۆژانەن. هەروەها جەستەش واقیعێکی تاکەکەسییە. بۆ هەر تاکێک بەدەر لە مانا کولتوورییەکەی کە هاوبەرامبەرەکەی لەناو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا هەیە، ئەوە دەستبازی و باخەڵکردنیش مانایەکی تایبەتی خۆی هەیە.

لە روانگەیەکی تایبەتەوە باری جەستە بارێکی ناوەندە لە نێوان کولتوور و سروشتدا: لەلایەک جەستەکان بەدەر لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانیان دەژین و دەمرن، دەخۆن و دەخەون، هەست بە ترس و خۆشی دەکەن. لەلایەکی ترەوە جەستە کەوتووەتە نێوەندی کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە، جوولەشی بەرهەمی پەروەردە و کولتووره. کاتێک مرۆڤ دەیەوێ لە رووی کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە جیا بێتەوە، تووشی گرفت دەبێت، بەتایبەت کاتێک دەیەوێ تەرکیز بکاتە سەر جەستە ژیارییەکە کە بە بۆماوەیی دیاری کراو دەژی، یان جەستە کولتوورییەکە کە لە رووی کولتوورییەوە سنووری بۆ دیاری کراوە، بەڕاستی پرسیارەکەش لێرەدایە ئاخۆ جەستەیەک دەتوانێ بەرهەمی ئاسانی جین، یان بەرهەمێکی پەتی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان بێت؟

## جەستە تەنیا خەیاڵێکە

بەهۆی سەرکەوتنی بنیاتگەری و کارەکانی میشیل فۆکۆ و بزووتنەوەکەی بەتایبەت سەرکەوتنەکانی بنیاتگەری لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، دەبینی کە جەستە تەنیا دەقێکە و کولتوور نووسیویەتی. لێرەوە باشترین رێگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی کولتووری باو ئەوەیە کە ئەم دەقە هەڵوەشێنینەوە و دەقێکی تری لێ بەرهەم بێنین. بەم جۆرە دۆنا هاراوی چەمکی (سایبۆرگ)ی هێنایە ناوەندەوە، (ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بۆ بوونەوەرێ پێک هاتووە لە تێکەڵەیەک لە مرۆڤ و ئامێری دیجیتاڵی)، ئەم چەمکە رێگەی بۆ ئەوە خۆش کرد کە تیۆرێکی نوێ لەمەڕ جەستە بخرێتە ڕوو.

دۆنا هاراوی پێی وایە (سایبۆرگ) دەبێتە دروشمی داهاتوو کە بەڕووی جووتەکان و جیاوازییەکاندا کراوەتەوە، واتە بە تێکەڵکردنی ئەندام و میکانیک لە یەک جەستەدا. بەم شێوەیە مانیفێستی سایبۆرگ رای دەگەیەنێت کە لە کۆتاییی سەدەی بیستەم هەموومان بووین بە وەهم و تێکەڵەیەکی ئامێر و ئەو ئامێرە ئەندامییانەی کە پێیان دەوترێ سایبۆرگ. بە کورتی ئێمە بریتین لە کۆمەڵێ سیبۆرگ، بەپێی بۆچوونی دۆنا هاراوی چەمکی سروشت لەمڕۆ بەدواوە هیچ مانایەکی نییە، هیچ شتێک نییە کە وا بکات بترسین لە هاوسەرێتی نێوان جەستە (بەو بۆچوونەی کە جەستەیەکی سروشتییە) و ئامێر (ئەو ئامێرانە بەرهەمی سەرکەوتنە تەکنیکییە-کولتوورییەکان)ن: سایبۆرگ قۆناخی یەکەی بنچینەیی دەبڕێت، واتە بەمانا رۆژئاواییەکەی لەیەکچوون لەگەڵ سروشتدا.

ئەمەش ئەو پەیمانە نامەشرووعەیە کە رەنگە بەرەو وێرانبوونی بەرێت، تەنیا بەو سیفەتە سایبۆرگ پێشکێش ناکرێت، بەوەی کە جەستەیەکی هاوسەنگە و داهێنانێکی نوێیە و بەردەوام نوێ دەبێتەوە، بگرە وەک رێگەیەکی نوێ بۆ دووبارە نووسینەوەی دەق بەکار دەهێنرێت نووسینەوەی دەقی هەموو ئەو جەستانەی کە لە چوارچێوەیەک بەندکراون و دەستبەسەرن و چاپ کراون. دان هاراوی چەمکەکانی پاش بنیاتگەری تەنیا لەسەر بناخەی دووەدژەکاندا بنیات نانێ، وای دەبینێ کە سیستەمی سیمبولی رۆئاوا، تەنیا لەسەر بناخەی دوو دژەکانی بنیات نەنراوە وەک: جەستە، نەفس، مادە، روح، هەڵچوون، عەقڵ بەڵکو بنیات نراوە لەسەر کەوتنە ژێر رکێفی پلە و پایە واتە لە یەکەمەوە بۆ دووەم، لە دووەمەوە بۆ سێیەم دەشزانێ کە چارەسەرێکی لە سایبۆرگ دەست کەوتووە، لە راستیدا ئەو وا دەبینێ کە سایبۆرک بەشداری لە رووخاندنی (تۆڕی سیمبولی دووانەی منی رۆئاوا) دەکات ئەمەش لە رێگەی بەگومانبوون لە هەموو جۆرە دوانەییەکان. بە وتەی خۆی راڤەی ئەوە دەکات کە سایبۆرگ بوونەوەرێکە لە جیهانێکی بێ جۆردا".

هەر ئەوە بە تاقی تەنیا وا دەکات ئەو سنوورە نەهێڵرێت کە لە نێوان جەستەدا هەیە، ئەو سنوورانەی شتێکی ئاسایین. لێرەوە توانای کرانەوە بە ڕووی هەمەجۆری و فرەییدا دەکرێتەوە.

لەبەرئەوەی سیبۆرگ، پێش هەموو شتێک نە ژنە و نە پیاو، سیبۆرگ بوونەوەرێکی تێکەڵەیە، بێ سنوورە، نە هێڵی هەیە نە مادە.

نموونەیەکی تر هەیە لە تێکەڵکردنی مرۆڤ و ئامێر، سینەمای داڤید کرونتینبێرگ پێشکێشی دەکات، هەموو ئەو فیلمەی ئەم زاتە پێشکێشی دەکات، باس لە جەستەی گۆڕاو دەکات: هەندێ شت هەن دەخرێنە سەر جەستە، ئامێر لەگەڵ ئەندامەکان جووت دەکرێت، ئەندامەکان بۆ ئامێر دەگۆڕێن. هەر لە فیلمی ستیریۆ کە یەکەمین فیلم بوو ساڵی ١٩٦٩ دەری هێنا، تا فیلمی سپایدەر ٢٠٠٢، شیڤەرس ١٩٧٥، لەوێدا پاڵەوان مشەخۆرە و جەستەکان گۆڕاون بۆ سەرچاوەیەک بۆ بڵاوکردنەوەی دەردی هەمەجۆر، یان ئەوەی کە لە فیلمی راج ١٩٧٦ دەیبینین کە پاڵەوان پاش ئەوەی دەخرێتە ژێر نەشتەرگەریی چاندنی شانەکان، گەشە دەکات، وەک رمێک لەژێر بن هەنگڵەوە دەیگۆڕێ بۆ خوێنمژ، رەنگە کرونتینبیرگ لە خستنە رووی جەستەی مرۆیی و دەستکاریکردن و گۆڕینی بۆ شێوە جۆراوجۆرەکان مەبەستی ئەوە نەبووبێ تەنیا ئەوە بکات، بگرە ویستوویەتی ئەوەی لە فیلمی خەونی ڤیدیۆ ١٩٨٣ دەردەکەوێ کە گوتوویەتی (ژیانی بەردەوامی جەستەی نوێ)، ئاماژەیەک بێت بۆ لەدایکبوونی مرۆڤی تەکنەلۆجی، داڤید کرونتینبێرگ دەڵێ: ئاسانترین راڤە بۆ تێگەیشتن لە جەستەی نوێ، ئەوەیە بکرێت لە رووی کردارەوە ئەو مانایە بگۆڕین کە جەستە هەیەتی، واتە ئەوە بکەین کە بوونەوەرەی مرۆیی لەسەر ئاستی جەستەی چ مانایەکی هەیە". فیلمی، ڤیدیۆ درۆم، لە روانگەی دەرهێنەرەوە فیلمێکە گرینگییەکی زۆری هەیە، دەستنیشانی ئەوە دەکات کە لەمەودوا تێکەڵکردنی پەتی جەستە و روح و ئامێر شتێکی مومکینە.

ماکس پاڵەوانی ئەو فیلمە لە رێگەی کابڵەوە بەڕێوەبەرایەتی تەلەڤزیۆنێک دەکات، هەندێ دیمەنی پڕتوندوتیژی بە بینەرانی پێشان دەدات، کە تەلەڤزیونەکانی تر پێشانی بینەرانی خۆیانی نادەن. رۆژێکیان بەرێکەوت بەرنامەیەک دەدۆزێتەوە کە ناوی (ڤیدیۆ ریکۆردەرە): ئەو بەرنامەیە بەبێ گرێ و بە بێ پاڵەوانە، ئەو فیلمە برێتییە لە کۆمەڵێ تاوانی کوشتن و ئەشکەنجەدان. وردە وردە ماکس کە سەرەتا ئەو فیلمە جێگەی سەرنجی بووە، بۆی دەردەکەوێ کە ئەو فیلمە روح و جەستەی دەگۆڕێت. لە راستیدا کۆمپانیای "سپێکتاکیولێرە ئۆپتیکاڵ" کە بەرهەمهێنەری ئەو فیلمەیە، رێکخراوێکی سیاسییە دەیەوێ هەندێ ئاماژەی ڤیدیۆی بەکار بهێنێت تا گەمە بە بینەران بکات. بەم جۆرە ماکس دەکەوێتە ناو وەهم و خەیاڵێکی بەردەوام، وای بۆ دەچێ ئەو گۆڕانکارە جەستەیی و دەروونییەی تێیدا دەژی، رەنگە بەرەو ئەوەی ببات کە گەشەکردنێکی ئەرێنی لە خۆیدا بدۆزێتەوە: واتە جەستەیەکی نوێ.

ئاخۆ ئەو کارە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو گۆڕانکارییە گۆڕانکارییەکی ئیجابی بووە یان ئەوە تەنیا مێردەزمەیەک بووە؟ دیمەنی کۆتاییی فیلمەکە زۆر ئاڵۆزە: ماکس خۆی دەداتە دەست جەستەی نوێوە، فیلمەکەش بەم دروشمە کۆتایی دێت: (بژی جەستەی نوێ)، ئەم دروشمە پاڵەوانەکەمان دەیلێتەوە، ئەو پاڵەوانەی لەناو نابینایی دوا خەون و خەیاڵی رووخێنەردا خۆی بۆ خۆکوژی ئامادە

دەکات. لە باکگراوندەوە دەنگی ژنێک ڕێنماییکارە: من لێرەم هاتووم ڕێنماییت بکەم ئەی ماکس. فێربووی کە مردن کۆتایی نییە. ئاخۆ دەتوانم یارمەتیت بدەم. دەبێ تا کۆتایی بڕۆیت، بڕۆین بەرەو گۆڕانی تەواو. مەترسە لەوەی واز لە جەستەت بهێنی بمرێت، دڵخۆش بە بەوەی بەرەو ئامێربوون دەچیت، وەرە بۆ لای نیکی. بڕوانە ئێستە پێشانت دەدەم کارەکە چەند ئاسانە...

## جیاوازی نێوان هەردوو ڕەگەز

جیاوازی لە نێوان ستراکتەریزم و کەمبوونەوە ئەو کاتە ڕەگ دادەکوتێ کاتێ کە گرینگێتی بە پرسی جیاوازی نێوان هەردوو ڕەگەز دەدرێت. ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە دایکان و باوکان یەکەمین شتێک کە ئەنجامی دەدەن پاش لەدایکبوونی منداڵەکەیان ئەوەیە کە ئەوان دەچنە بنکەی باری کەسایەتی و ڕەگەزی منداڵەکەیان ڕادەگەیەنن، ئەوەش ڕاستە کە دابەشبوونی تەقلیدی بوونەوەرە مرۆییەکان بۆ ژن و پیاو تەنیا لەم ساڵانەی دواییەدا بووەتە جێگەی سەرنج و گرینگی پێدان. هەندێ لە لێکۆڵەرەوان وای بۆ دەچن کە ڕۆڵی کۆمەڵگە تەنیا ئەوە نییە کە دەیگێڕن بۆ دەستنیشانکردنی جۆری نێر و مێ، بگرە ئەوان ڕۆڵی ئەوەش دەبینن کە بیسەپێنن کە ڕەگەز لە بناخەوە ئەسڵی مەسەلەکە نییە، بگرە بەری پێکهاتنێکی تایبەتە، بەڵام ئاخۆ دەکرێ جیاوازی نێوان هەردوو توخمەکە کورت بکرێتەوە بۆ جیاوازی لەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەی کە دەیگێڕێ؟ ئاخۆ هیچ نەبێت مرۆڤ دەتوانێ لەسەر پێوانە بایەلۆجییەکان ئەم جیاوازییە بنیات بنێت؟

لە ڕاستیدا بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانی نێر و مێ تەنیا بەرئەنجامی پێکهاتن بێت بۆیە پێویستە بێبەری بێت لە هەرچی سەنەدی یاسایی هەیە، تا ئەو ڕادەیەی کە واقیعییەتی جەستە بسڕێتەوە، بەپێچەوانەوە وا لە ڕۆڵی جەستەیی بکرێت تەنیا بریتی بێت لە بەرئەنجامێکی سادەی بیۆکیمیاوی جیاوازییە توێکڵکارییەکان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەزموونی تاکەکەس بەتەواوی دەخرێتە لاوە و بۆ جەستە دەگەڕێینەوە بەو سیفەتەی جەستە دیارییەکی سروشتییە و کرۆکێکی جێگیرە.

١- ڕەگەز و جۆر

ئەگەر کەسێک پیاو بێت ئەوە چی دەگەیەنێ؟ چی دەگەیەنێت ئەگەر کەسێک ژن بێت؟ کێ ناسنامەی ڕەگەزایەتیمان دیاری دەکات؟ لە زمانی فەرەنسی وشەی سێکس بەشێوەیەکی ئاسایی تەنیا ناسنامەی ژیاننناسی کەسێک ناگەیەنێ، (ئەو ناسنامەیەی مرۆڤی پێ پێناسە دەکرێت، ئاخۆ نێرە یان مێیە)، بگرە ناسنامەی کۆمەڵایەتیشی دەگەینێ، کەچی لە زمانی ئینگلیزی دوو وشەی جیاواز (سێکس و جێندەر) هەیە، جێندەرە ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێ یاسای ڕاستەوخۆ کە پێوەندی نێوان ژن و پیاو ڕێک دەخات، کەچی وشەی سێکس بۆ دیاریکردنی ڕەگەزی ژیاننناسی بەکار دێت بەوەی ئاخۆ ئەو کەسە نێرە یان مێیە.

یەکەمین کەس کە وشەی جێندەری بەکار هێنا دوکتۆر جۆن مۆنی بوو، ساڵی ١٩٥٥ بۆ یەمین جار ئەم وشەیەی بەکار هێنا، بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەسەر دوولایەنەی زاوزێ وشەی جێندەری بەکار هێنا، ئەوەش بۆ دیاریکردنی مەودای بیسایکۆلۆجی، ئەو مەودایەی وا دەکات مرۆڤ هەست بکات ئاخۆ پیاوە یان ژنە.

ئەم دوکتۆرە وای دەبینی کە منداڵ رەگەزە ژیاناسییەکەی هەرچییەک بێت، ئەگەر وەک کچ بەخێو کرا خۆی وەک کچێک دەبینێ، ئەگەر وەک کوڕێک بەخێو کرا خۆی وەک کوڕ دەبینێ، ئەمەش بەڕاستی کۆمەڵێ گرفت لەمەڕ حاڵەتی نێرەمووکەکان دەخاتە روو، کاتێ ئەندامی زاوزێ هەڵگری هەردوو کۆئەندامەکە بێت لەو کاتەدا نەشتەرگەریی هۆرمۆنی پێویستی بۆ دەکرێت، لەو لێکۆڵینەوەوە وشەی جێندەر هاتە بواری بەکارهێنانەوە، بەتایبەت پاش حەفتاکان لەگەڵ پەیدابوونی لێکۆڵینەوە لەمەڕ ژنان، ئەو لێکۆڵینەوانەی کە تایبەت بوون بە ژنان و دەستنیشانکردنی جیاوازی نێوان رەگەزی ژیاناسی و کۆمەڵایەتیی ژنان، ئەو لێکۆڵینەوەیە شێوازێک بوو بۆ نەهێشتنی ئایدیۆلۆجیانی ناتیورالیزم، ئەو ئایدیۆلۆجیایەی جیاوازی رەگەزی وەک دیاردەیەکی سروشتی دەبینی و پێی وا بوو ئەم جیاوازییە قابیلی گۆڕان نییە. سەرباری ئەمانەش هەندێ بیر کە تایبەت بوون بە سەرقاڵبوون بە هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی نێر و پتەوکردنی یەکسانی لە نێوان ژنان و پیاوان، لەگەڵ ئەمەدا بینیمان کە لە ساڵی ١٩٩٠ بزووتنەوەیەک گەشەی کرد، بەناوی یەکسانییەوە ئەو بزووتنەوەیە لە یەک کاتدا هەوڵی نەهێشتنی جیاوازیی جۆرایەتی و جیاوازی رەگەزایەتی دەدا.

جۆدیت بتلەر ساڵی ١٩٩٠ کتێبێکی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بڵاو کردەوە، ئەو کتێبە کتێبێکی گرینگ بوو بە ناونیسانی Gender Troubles, Feminism and the politics of subversion پاشان ئەم کتێبە وەرگێڕدرایە سەر زمانی فرەنسایی، لە بناخەی باسەکانیدا باس لە حەزی چاککردنەوەی سیستەمی سێکسی دەکات هەروەها چاککردنەوەی پێوانەی ئەو سیسەتەمە لە رووی مێژوویی و سیاسییەوە. جۆدیت بتلەر جەخت دەکاتە سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی جۆرەکان، هەروەها جەخت دەکاتە سەر واقیعێک کە هیچ پێوەندییەکی راستەقینە نییە لە نێوان ئینتمای مۆرفۆلۆجییەکان بۆ رەگەزێکی دیاریکراو و جۆری ئەو رەگەزانە.

بتلەر وای دەبینێ کە جۆرەکان لە جیاتی ئەوەی کرۆک بن، بەهۆی کۆمەڵێک لە مومارەسەی جەستەی رۆژانە لەدایک دەبن، کە کۆمەڵگە وای لێ دەکات تەبەنیی ئەو جەستەیە بکات: هەر تاکێک ، لە سەرەتای لەدایکبوونی ئاڵۆزە، "دەبێ بە پیاوێک یان ژنێک" تەنیا لەبەرئەوەی ئەو کەسە بەردەوام رۆڵی ئەو رەگەزە دەبینی کە پێی وتراوە، واتە رۆڵی پیاو یان ژن، ئەمەش کۆمەڵگە پێشنیازی دەکات خۆی بڕیاری لەسەر نادات. بەپێی ئەم روانگەیە بتلەر پێی وایە "دەبێ پیاوێک بیت، یان دەبێ ژنێک بیت" ئەمەیان لە بەجێگەیاندنی تایبەتمەندییە نێرانەیی یان مێیینەیدا دەبێت: کۆی ئەو کردارانەی کە تاکێک ئەنجامی دەدا و بڕیارە کە دەربڕی ناسنامە رەگەزییەکەی بێت،

تەنیا کۆمەڵێ جیاوازی دروستکراوە و بەهۆی کۆمەڵێ ئاماژەی جەستەیی پارێزراون. ئاخۆ رەگەز لێرەدا چ رۆڵێکی دەبێت؟ ئاخۆ ئەویش بەری پێکهاتنە؟ تەنیا برێتییە لە نیشانە؟

٢- ئەوان رەگەزمان بەسەردا دەسەپێنن

هەروەک جۆدیت پێی وایە هەر تەنیا جۆر نییە کە پێک دەهێنرێ، بگرە رەگەزیش بابەتێکە بۆ پێکهاتن، بەڵام بە ڕوویەکی سروشتیی سیاسیدا. هەر بەپێی جۆدیت لە راستیدا وشەی سێکس بۆ ئەوەیە تا دەربڕی دەسەڵات بێت. لێرەوە دڵنیابوون لەوەی کە تاک پابەندی بە چوونە ناو (پۆلینی سێکسییەوە) هەر لە نێرەمووکەکانیشەوە (ئەوانەی کە بوونی ئەوەی سەر بە چ رەگەزێکن لایان ئاشکرا نییە)، ئەمە لە بناخەوە جۆرێکە لە توندوتیژی. تا ئەو رادەیەی ئاشکرا بووە کە ئەوان رەگەزمان بەسەردا دەسەپێنن و ژیانیشمان بەسەردا دەسەپێنن. بەم جۆرە چەمکی رەگەز بووە بەشێوەیەک بۆ گواستنەوەی بیر لە پێشینەکان و مەبەستە پێوانکارییەکان. بەجۆرێک تاک بچووک کراوەتە بۆ سروشتێکی جەستەیی یان لەشولاری، کە ئەمەش قەدەرێک بەسەرمان دەسەپێنێ.

راستەوخۆ کۆمەڵێ کەس دەکەونە سەر هێڵی ئەم بیرە، کارەکانی هەریەک لە مونیک ڤیتخ، بیاتریز پریسیادۆ، ماری هیلان بۆرسییە دەکەونە سەر ئەم هێڵە ئەوان هەر هەموویان پێیان وایە دەبێ ئەو توانایە بەدەست بهێنرێت تا بتوانین رووبەڕووی ئەو رەگەزە ببینەوە کە بەسەرماندا دەسەپێنرێ، ئەوەش بە هەڵبژاردنی جۆری ئەو رەگەزە. لە کتێبێکیدا بە ناونیشانی (کوین زۆنس و پۆلیتیکۆس) کە دەیەوێ کۆماری راست و دروستی (پاکو، پیاوانە، جیاواز لە رووی رەگەزەوە) بنیات بنێ، ماری هیلین بۆرسییە لە کتێبەکەیدا ئارەزووی خۆی دەردەبڕێ بە هێرشکردنە سەر ئەو ناوچە ترسناکەی کە دروست دەبێت بۆ دانانی جیاوازی لە نێوان رەگەزایەتی و جۆرەکان و رەگەز و کەشوهەوای میللی. هەروەها دەیەوێ ئەوە پێشان بدات کە "جۆرەکان تەنیا دوو جۆر نین بگرە بێ ژمارەن، هەروەها بەرئەنجامی هەموو شێوە جۆرێکن، ئەو جۆرانەش هەموویان لەسەریەک دروستکراون و نوسخەی ئەسڵییان نییە". ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو کەسێک دەتوانێ رەگەزی تایبەت بەخۆی بنیات بنێت و دایبهێنێت، ئەو رەگەزەی کە ئەسڵییە و نموونەی نییە، بۆیە تەنیا دوو رەگەز یان دوو جۆر نییە بگرە ژمارەیەکی بێ شوومار هەڵبژاردن لە بەردەم مرۆڤدا هەیە. ئەمەش بناغەی بیرکردنەوە هەڵە و چەواشەبووی (کویر)ە، کە ئایدیۆلۆجیای پێکهاتەیی تا ئەوپەڕی دەڕوا، دەرکەوتووە کە وشەی (کویر) وەک جوێن بەکار دێت، واتە لە بابەتی وشەکانی وەک (پان پانێکەی پیس، هاوڕەگەزبازی پیس).

کاتێ تیریزا دی لۆرانتی تیۆری (QUEER THERORI) ساڵی ١٩٩٠ دانا هیوای خواست بتوانێ روونکردنەوە پێشکێش بکات یان بەراوردی خۆی بکات یان رووبەڕووی چیرۆکە بەڕێزەکان یان بیرە لەپێشینەکان و چوارچێوە دواکەوتووەکان بێتەوە، ئەو چیرۆکانەی تا ئەو کاتە مێژووی لێکچوونە خۆییەکانی هاوتوخمبازەکانی پیاوان و ژنانی ئەمەریکاییەکانی باشووری لە یەکتری

جیاکردووەتەوە، لە هەموو رەنگ و شێوەکانیان، ئەمەش لە پێناوی دووبارە خۆشکردنی سنووری سیاسی هاوپەیمانییەکان لە رێگەی جیاوازییەکانەوە، دانانی رێگەیەکی تر بۆ بیرکردنەوە لە رەگەزایەتی. تا ئەمرۆش خەریکن وشەی (کویر) وەک ئاماژەیەک بەکار دێنن بۆ پرۆسەیەک کە ئامانجی جیاکردنەوەی سیسەتەمی رەگەز–جۆرە لە یەکتری. بەو سیفەتەی ئەم دووانە هەردووکیان دژایەتی سێکسین. بیری راستی جەستەی سروشتی بۆ نووسەرانی وەک برسیادۆ و بۆرسییە هیچ مانایەکی نییە، لێرەوە پشتگیریکردنیان بۆ وشەی (کویر) و بەرگریکردنیان لە کۆمەڵێکی زۆر وشەی وەک هونەری رووتخوازی، لەشفرۆشی، خۆئەشکەنجە و ئەوئەشکەنجە (سادیزم، مازۆشی). ئەم کارانەش بەبێ دروستکردنی گرفتی ئەخلاقیی سیاسی نەچووەتە سەر. هەر بۆ نموونە نووسەر شیلا جیفرس لە کتێبێکی بەناونیشانی (unpacking Queer Politics) کە ساڵی ٢٠٠٣ بڵاو کراوەتەوە، رای دەگەیەنێت کە وتارەکانی تایبەت بە تیۆری (Queer) لە راستیدا تەنیا بووە هۆی بەردەوام دان بە دەسەڵاتی نێرانە و پێوەندییە سێکسییە سەرکوتکارییەکان. لە راستیدا تیۆری کویر بە پاڵپشتکردنی بۆ کۆمەڵێ ئاکاری وەک رێگەپێدانی سێکسی و جۆر تا ئەوپەڕی لە راستیدا ئەم بەم کردارەی هانی لیبرالی و تاکڕەوێتی و بێگوێدانی سیاسی دەدات و دەشگۆڕێ بۆ شێوازێک بۆ سەرکوتکردنی نوێی دژ بە ئافرەت، لەبەرئەوەی ئەم تیۆرە هەموو ئەو رێگەیانە دادەخات کە دەڕواتەوە سەر ناساندن و زانینی رێگەی رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان.

هەواڵنامەی کتێب

٣– لە ئەرکە فیزیۆلۆجییەکانەوە بۆ بنیاتە غەریزییەکان

تا ئێستە جەستەیەکی مرۆیی نییە کە دەستنیشان نەکرابێت ئاخۆ نێرە یان مێیییە. منداڵێ کاتێ کە لەدایک دەبێت، یەکسەر توخمەکەی دیاری دەکرێت ئاخۆ کوڕە یان کچە، بێگومان ئەمەش لەسەر ئاستی کەسایەتی ئەو منداڵە کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت. هەروەک فرانسواز کولان دەڵێ دەستنیشانکردنی رەگەزێکی دیاریکراو لە راستیدا هەروەک ئەمە بڕیاردان بێت لەسەر شێوەی رەگەز و پێوانە جەستەییەکانی ئەو کەسە. بەڵام ئەگەر دیاریکردنی رەگەز پێکهاتنی کۆمەڵایەتی بێت، لە کاتێکدا تاک هەر لە سەرەتای لەدایکبوونییەوە بەپێی پێوانەیەکی دەرەکی کە دەکەوێتە ژێری لەسەر بناخەیەکی ئەندامی تایبەت، ئاخۆ ئەو رەگەزە خودی خۆی دەکرێ لەناو ئەو پێکهاتەیەدا بتوێتەوە؟

لە راستیدا هەموو هەڵوێستێکی بایەلۆجی بەهێز، یان کەمخوازی، کە وا دەکات باری جۆرەکان تەنیا بەرئەنجامێکی ئاسانی رەگەزی بایەلۆجی بن، ئەو هەڵوێستە لەوپەڕی ئیشکالییەتە. ئەمەش دروست نابێت، لەبەرئەوەی ئەو رەگەزەی پێی دەگوترێ رەگەزی بایەلۆجییەی دوورە لەوەی بە تەواوی دیاری بکرێت. هەندێ کەس ئەمڕۆ بەرەو ئەوە دەڕۆن کە رەگەزی بایەلۆجی بە کۆمەڵێ تایبەتمەندی بایەلۆجی دەستنیشان بکەن وەک کرۆمۆسۆمات ( بۆ نموونە xx بۆ ژنان، xy بۆ

پیاوان) و ئامێری زاوزێ ( کۆئەندامی ژنانە و کۆئەندامی پیاوانە). لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ بەدەستەوەدان هەن لە نێوان هەردووکیاندا تێکەڵ دەبێت: هەندێ پیاو هەن xx کرۆمۆسۆمیان هەیە، هەندێ ژن xy کرۆمۆسۆمیان هەیە، هەندێ کەس لەدایک دەبن هەردوو کۆئەندامی پیاوانە و ژنانەیان هەیە، نازانرێ کامیانن.

گرێی پرسەکە لێرەدایە، ئەگەر جەستەی بایەلۆجی هەندێ گرفت دەخاتە ڕوو، ئەوە جەستە واقیعێکی هەیە، مرۆڤ ناتوانێ لە بیری بکات: ئەو دەورە توندەی کە جەستە دەیبینێ ناکرێ لە بەرچاو نەگیرێت. هەروەها ئەو رۆڵە پڕ توونددوتیژییەی کە دەکرێ جەستە ببینێ ناکرێ لە بیر بکرێت. هەروەک شیکردنەوەی دەروونی دەری خستووە، هەندێ پێوەندی هەن لە نێوان ئەرکە فیزیۆلۆجییەکان و بنیاتە غەریزییەکانی تاک، واتە لە نێوان جەستەی سێکسی کە لە بناخەوە لە جەستەی بایۆلۆجییەوە هەڵقولاوە:"کە پێوەندی لەدایکبوون لە نێوان هەردوو جەستەکەدا دروست دەبێت. ئاشکرایە کە گەشەکردنی جەستەی سێکسی یارمەتی لەو گرینگیپێدانە سێکسییانەوە وەردەگرێت کە لەلایەن کەسوکارەوە دەدرێت. بەڵام ئەمەش ڕێگە لەوە ناگرێت کە خاڵی دەرپەڕین ئەو جەستە بایەلۆجییە بێت، بە نائامادەبوونی جەستەی بایەلۆجی ناکرێ هەست بکرێت بەشێوەیەکی ناماتەریالی جەستە، ئەو جەستەیەی کە ژیانی تێدا دەردەکەوێ و لە ڕێگەی جەستەوە ئەو ژیانە وێنا دەداتەوە. بۆیە ئاشکراکردنی شیکردنەوەی دەروونی جەستەی پڕ گرۆگڵپەی شەهوەتئامێز جۆرێکە لە شوێنەوارناسیی جەستەی نوێ. لە هەمان کاتدا جەستە بووەتە سیمبولێ بۆ ژیانی مرۆڤایەتی و دەربڕینی تاکەکەس. هەروەک فرۆید نووسیویەتی: پێش هەموو شتێک من منی جەستەییە، تەنیا جەستە بوونێکی رووکەشی نییە، بگرە جەستە خۆی دەرکەوتنێکی دەروونی روویەکی ترە.

رۆژ لە دوای رۆژ تاک رووبەڕووی هەڵبژاردنی سەخت دەبێتەوە، هەر یەک لە ئێمە لە ڕێگەی واقیعیەتی ئەزموونەوە لەگەڵ جەستەی خۆی بەردەوام دەبێت. جەستەی راستەقینە، لەگەڵ هەست و سۆزەکانیدا، لە هەمان کاتدا سەرتاپای دەبێتە مانایەکی گشتیی بەربەرەکانی لەش دەق، بەرئەنجامی شیکردنەوەی ئەو ئەزموونەی کە هەر تاکێک لەگەڵ خۆیدا لەگەڵ جەستەی تایبەتی خۆیدا تێی ژیاوە : گرێی پرسەکە برێتییە لە دووبارە پێکهێنانەوەی جەستە بە دووبارە رزگارکردنی لە دابەشبوونی دووانە، دابەشبوونی لە نێوان سروشت و کولتوور. بۆیە جێگەی خۆیەتی نموونەیەکی نوێی جەستە پێک بهێنرێ، جەستەیەک لە یەک کاتدا هەم سروشتی بێت و هەم کولتووری و لە هەمان کاتیشدا توانای ئەوەی هەبێت ئەو جەستەیە خۆی رزگار بکات لە جەستەی بایەلۆجی بەدەستهاتوو، لە جەستەی پاش بنیاتگەری و پێکهاتوو بە کولتوور.

سەرچاوە: فلسفة الجسد. میشیلا مارزانو. الموسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع. ترجمة: نبيل أبو صعب. ٢٠١١

# ژیان و مەرگی دایکێک

فەرهاد شاکەلی


تەهار بین جەللون: دایکم، تەرجەمەی ڕاگنا ئێسسێن، پەخشخانەی ئالفابێتا، ستۆکهۆڵم ٢٠١٠، ٢٢٢ لاپەڕە.

Tahar Ben Jelloun: Min Mamma, översättning: Ragna Essén, Alfabeta, Stockholm 2010, 222 sidor.

## فەرهەنگی مەغریبی عەرەبی

مەغریبی عەرەبی، واتە وڵاتە عەرەبییەکانی باکووری ڕۆژاوای ئافریقا، لە زۆر ڕووەوە تایبەتمەندیی خۆیانیان هەیە. ئەگەرچی لە دوو لایەنی زۆر بنەڕەتییەوە، زمان و دین، لەگەڵ وڵاتانی دیکەی عەرەبیدا جیاوازییەکیان نییە، بەڵام بە هۆی ئەوەوە کە ئەو ناوچەیە ماوەیەکی دوورودرێژ کەوتبووە ژێر دەستەڵاتی سیاسی و عەسکەریی کۆڵۆنیالیزمی فرانسییەوە، تەنانەت زمانیش کەوتە بەر ئەو جیاوازی و دوورکەوتنەوەیە. تا ئەمڕۆیش کە نزیکەی نیوسەدە بەسەر ڕزگاربوونی دواکۆڵۆنیدا، ئەلجەزائیر، تێپەڕیوە، زمانی عەرەبی نەیتوانیوە بە شێوەیەکی گشتگرانە جێگەی زمانی فرانسی بگرێتەوە. ئێستایش نووسەر و ڕووناکبیرە هەرە باش و ناودارەکانی ئەو ناوچەیە ئەوانەن کە بە زمانی فرانسی دەنووسن. ئێستایش ئەکادێمیکارە ناسراو و دەرکەوتووەکانیان ئەوانەن کە لە زانستگەکانی فرانسا خوێندوویانە و بە فرانسی بەرهەمەکانیان بڵاو دەکەنەوە.

لە مەغریبی عەرەبی، بێجگە لە عەرەب، نەتەوەیەکی دیکەیش دەژی کە زمان و فەرهەنگی تایبەتی خۆی هەیە؛ نەتەوەی بەربەر، کە زۆرجار وەک قەبائیل (خێڵەکان) ناو دەبرێن، بەڵام خۆیان ناوی (ئەمازیغ)یش بۆ خۆیان بە کار دەبەن. تێکەڵاویی بەربەرەکان لەگەڵ فەرهەنگی عەرەبیدا و لە مێژووی ئیسلامیدا هێندە قووڵ و چڕ و فراوانە کە زۆرجار جیاکردنەوەی عەرەب و بەربەر ئاسان




نییە. ڕەنگە کەم کەس بزانن کە ئەو ڕێبەرەی خوارووی ئیسپانیای گرت و ڕێی خۆش کرد بۆ دامەزرانی دەوڵەتی ئومەوی لە ئەندەلوس، تاریق کوڕی زیادی بەربەر بوو. عەبباسی کوڕی فیرناس، پێشەنگی هەوڵدانی فڕین و ئیبن بەتووتەی گەڕۆکی ناوداریش بەربەر بوون. شێخ عەبدولقادری جەزائیری، پاڵەوانی شەڕی ڕزگاریخوازیی جەزائیریش بەربەر بوو، هەروەهایش زینەدین زیدانی یاریکاری گەورە و ناسراوی فوتبووڵ. ژمارەیەکی زۆری نووسەر و ڕووناکبیرە ناودارەکانی مەغریبی عەرەبی سەر بە نەتەوەی بەربەرن. مەولوود فیرعەون، محەمەد شوکری، ئاسیا جەببار و کاتب یاسین لەو ناوانەن. فیلۆسۆفی ناوداری فرانسی جاک دێریدا، تێکەڵاوییەکە لە جوولەکە و بەربەر.


لەم ڕووەوە کوردیش تا ڕادەیەک وای بە سەر هاتووە. لە مێژووی ئیسلامدا و لە مێژووی نەتەوە گەورەکانی دەراوسێی کورددا دەیان گەورەپیاو و زانای ناودار و نووسەری ناسراو هەن کە کەم کەس دەزانێت کوردن. بەڵام هەر نەبێ لە سەد ساڵی دواییدا هۆشیاریی نەتەوایەتی لای کورد هێندە چووەتە سەرەوە کە خۆی بکا بە خاوەنی ناوە گەورە و گەشەکانی خۆی.

ئەدەبییاتی مەغریبی عەرەبی لە دوای ڕزگاربوونی ئەو وڵاتانە پتر بەرەو گەشەکردن و پێشکەوتن ڕۆیشتووە. پێوەندیی نووسەران و ڕووناکبیران بە زمان و فەرهەنگی فرانسییەوە دەوڵەمەندییەکی باشی بەخشیوەتە سامانی فەرهەنگییان. تێکەڵبوونی هەردوو فەرهەنگی عەرەبی و فرانسی و هەردوو شارستانەتیی ئیسلامی و ئەورووپایی دیاردەیەکی دروست کردووە کە دەکرێ ناو بنرێت فەرهەنگی مەغریبی عەرەبی. نووسەرە فرانسینووسەکان ئەدەبێک دەنووسن کە بە ناوەڕۆک مەغریبییە و بە زمان و دەربڕین فرانسییە. کۆکردنەوەی ئەم دوو جیاوازییە لە کارێکی هونەریدا تام و بۆنێکی تایبەت دەداتە ئەو بەرهەمانەی ئەوان بڵاویان دەکەنەوە و دەوڵەمەندییەک دەبەخشێتە فەرهەنگی وڵاتەکە. دوای نەوەی یەکەمی نووسەرانی مەغریبیی فرانسینووس، ئێستا نەوەیەکی دیکەی نووسەران هەر لەسەر ئەو ڕێبازە بەردەوامن. نووسەرە عەرەبینووسەکان تا ئێستایش نەیانتوانیوە بازاڕی کتێب و خوێندنەوە بە لای خۆیان و بەرهەمەکانیاندا ڕابکێشن. بەشێک لەو نووسەرانە ناچارن کتیبەکانیان بە پارەی خۆیان چاپ بکەن، چونکە پەخشخانە گەورە و ناودارەکان ئامادە نین کتێبیان بۆ بڵاو بکەنەوە، لە ترسی ئەوەی کە نافرۆشرێت. بەشێکی گەورەی نووسەرانی مەغریبی عەرەبی، ئەگەرچی زمانی عەرەبی دەزانن، بەڵام بەرهەمە ئەدەبییەکانی خۆیان بە زمانی فرانسی دەئافرێنن. تەهار بین جەللوون یەکێکە لە نووسەرە

ناوداره‌كانی مه‌غریب و ڕۆماننووسێكی ناوداری زمانی فرانسییه‌ و سه‌ر به‌ نه‌وه‌ی یه‌كه‌مه‌، كه‌ نووسه‌رانی دیكه‌ی وه‌ك ئیدریس شه‌رایبی، عه‌بدولكه‌ریم خه‌تیبی، ڕه‌شید بووجدره‌، له‌وانه‌ن. له‌ناو نووسه‌ره‌ تازه‌كاندا، فرانسینووسه‌كانی ناوچه‌ی مه‌غریبی عه‌ره‌بی، ئه‌م ناوانه‌ زیاتر ناسراون: ماحی بینبین، عه‌بدوڵڵا ئه‌لتایع، فوئاد عورووی و محه‌مه‌د نیدال.

## ژیان و نووسینه‌كانی بین جه‌للوون

ته‌هار بین جه‌للوون له‌ یه‌كه‌م ڕۆژی مانگی كانوونی یه‌كه‌م (دێسه‌مبه‌ر)ی ساڵی ١٩٤٠دا له‌ شاری فاس، له‌ مه‌راكیش (مه‌غریب) له‌ دایك بووه‌. له‌ سه‌ره‌تاوه‌ له‌ خوێندنگه‌یه‌كی دووزمانه‌دا (عه‌ره‌بی و فرانسی) خوێندوویه‌تی و دواتر له‌ ته‌مه‌نی ده‌ ساڵیدا له‌گه‌ڵ باوكودایكیدا باریان كرد بۆ شاری



ته‌نجه‌ و له‌وێ له‌ خوێندنگه‌یه‌كی فرانسیزمان له‌سه‌ر خوێندنه‌كه‌ی به‌رده‌وام بوو. پاشان له‌ زانستگه‌ی محه‌مه‌دی پێنجه‌م، له‌ ڕه‌بات، فه‌لسه‌فه‌ی خوێند. هه‌ر له‌و ده‌مه‌یشدا بۆ یه‌كه‌مین جار كۆمه‌ڵێك شیعری نووسی. ماوه‌یه‌ك كاری مامۆستایه‌تیی كرد و دواتر، ساڵی ١٩٧١، مه‌غریبی به‌ جێ هێشت و ڕووی كرده‌ فرانسا. له‌ پاریس ده‌ستی كرده‌ خوێندنی سایكۆڵۆگی له‌ زانستگه‌ی سۆربۆن و هاوكاتیش خه‌ریكی نووسینی ئه‌ده‌بی بوو. له‌ ساڵی ١٩٧٢دا ده‌ستی كرده‌ نووسینی وتار و ڕانانی كتێب له‌ ڕۆژنامه‌ی (لێ مۆند)ی فرانسیدا و ساڵی ١٩٧٥ پله‌ی دۆكتۆرای وه‌رگرت له‌ بواری پسیكیاتریی كۆمه‌ڵایه‌تیدا. تێزی دۆكتۆراكه‌ی له‌سه‌ر كێشه‌ی ده‌روونیی كرێكارانی مه‌غریبی له‌ فرانسا بوو.

بین جه‌للوون شیعر و وتار و چیرۆك و ڕۆمانی نووسیوه‌. له‌ ڕۆمانه‌كانیدا جێگایه‌كی فراوان ده‌داته‌ فه‌رهه‌نگی ئیسلامی و هه‌روه‌هایش ژیانی كرێكاران و په‌نابه‌رانی بێگانه‌ له‌ فرانسا. ڕۆمانه‌كانی "مۆهای شێت، مۆهای ژیر" (١٩٧٨)، "منداڵی لم" (١٩٨٥) و "شه‌وی قه‌در" (١٩٧٨) نموونه‌ی ئه‌و نووسینانه‌ن. ئه‌مه‌ی دوایی خه‌ڵاتی گۆنكۆری وه‌رگرت. "ڕۆژه‌ بێده‌نگه‌كانی ته‌نجه‌" (١٩٩٠) جۆرێك ژیننامه‌ی نووسه‌ر خۆیه‌تی. ساڵی ١٩٩٥ سه‌رجه‌می شیعره‌كانی له‌ دیوانێكدا بڵاو كردنه‌وه‌. ڕۆمانی "ئه‌م بێڕووناكییه‌ی چاو كوێر ده‌كات" (٢٠٠١) چیرۆكێكه‌ باسی ژیانی پڕ كاره‌سات و سه‌ختی زیندانێكی مه‌غریبی ده‌كات له‌ سه‌رده‌می حوكمڕانیی شا حه‌سه‌نی دووه‌مدا. بین جه‌للون دوو كتێبی به‌ شێوه‌ی ئه‌ده‌بی منداڵان نووسیون بۆ ڕوونكردنه‌وه‌ و ڕاستكردنه‌وه‌ی چه‌ند بیروباوه‌ڕێك كه‌ له‌ كۆمه‌ڵگه‌ی فرانسیدا بایه‌خێكی زۆریان هه‌یه‌: "ڕه‌گه‌زپه‌رستی؛ ڕوونكرنه‌وه‌ بۆ كچه‌كه‌م" (١٩٩٨) و "ئیسلام؛ ڕوونكردنه‌وه‌ بۆ منداڵان" (٢٠٠١). ڕۆمانه‌كانی "شه‌وی قه‌در: له‌یله‌تولقه‌در" و "منداڵی لم" ته‌رجه‌مه‌ی ٤٣ زمان كراون و كتێبی "ڕه‌گه‌زپه‌رستی..."

وەرگێردراوە بۆ ٣٣ زمان. بین جەللوون تا ئێستا چەندان خەڵاتی گەورەی ئەدەبیی وەرگرتووە وەک ڕێزلێنانی بەرهەمەکانی و نەخشی خۆی وەک نووسەرێک لە نزیککردنەوەی فەرهەنگی جۆراوجۆردا. ئێستا لەگەڵ هاوسەرەکەی و چوار منداڵەکەیاندا لە پاریس دەژین.

## کتێبێک لەبارەی دایکەوە؛ دایکی نووسەر

پێم وایە ئەمە شەشەمین کتێبی بین جەللوونە دەیخوێنمەوە. ئەو پێنج کتێبەی پێشتر خوێندوومنەوە، هەر لە سەرەتاوە دەمزانی چین و باسی چی دەکەن، دەمزانی ڕۆمانن، بیرەوەرین یا شتێکی دیکەن. بەڵام ئەمەیان وا نەبوو. کە دەستم پێ کرد ڕۆمان بوو، کەچی ماوەیەک دواتر بوو بە کتێبی بیرەوەری و برێکیش مێژوو، کاتێکیش کە لێ بوومەوە خۆیشم نەمدەزانی ئەوەی خوێندمەوە چی بوو. ڕاستییەکەی ئەمە تێکستێکی فرەلایەنەیە و تێکەڵاوییەکی ئەدەبییە و نووسەر خۆی بەوەوە خەریک نەکردووە چ ناوێکی لێ بنێت. دەبێ ئەوەیش بگوترێ کە نووسەر تا ڕادەیەکی باش لەوەدا سەرکەوتوو بووە کە لایەنە جیاوازەکانی کارەکەی تێکەڵ بکات و پێکەوەیان ببەستێت.

وێنەی دایک لەم ڕۆمانەدا/ کتێبەدا وێنەی مرۆڤێکە لە کاتیکدا بەرەو مردن دەچێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لایەنە گەش و جوان و پاراوەکانی سیس دەبن و زەرد دەبن و دەژاکێن. دایک لە تەمەنی پیریدایە و بە هۆی نەخۆشییەوە زۆریش لە پەلوپۆ کەوتووە. ژوورێکی ماڵەکەی بۆ تەرخان کراوە و ژنێکیشیان داناوە، ناوی کەلتوومە، خزمەتی بکات و شەووڕۆژ ئاگای لێ بێت. ئەم وێنەیە دەکرێ وێنەی هەر دایکێک یا هەر پیرەژنێکی نەخۆش بێت. تەنانەت ئەو وردەکارییانەی لەبارەی دایکەوە ڕوون دەبنەوە، زۆر ئاساین و خوێنەر ئاگاداری ئەوەیە کە نەخۆشێک لەو تەمەنەدا سەیر نییە وای بە سەر بێت کە ئاگای لە خۆی نەمێنێت و توانستی بیرکردنەوە لە دەست بدات و ئێستا و ڕابوردوو تێکەڵ بکات و سەدان بیر و خەیاڵی سەیر بە مێشکیدا تێپەڕن.

نووسەر، ئەم بارەی دایکی تێیدا دەژی، بۆ ئەوە بە کار دەهێنێت کە دوو لایەنی دیکەی تا ڕادەیەک پێوەندیدار لەگەڵ ڕووداوە سەرەکییەکەدا تێکەڵ بکات: یەکەمیان ڕابوردووی بنەماڵەکەیان و دووەمیش ژیانی خۆی وەک نووسەرێک لە ئەورۆپا.

دایکی نووسەر زۆربەی جاران وڕێنە دەکات. لەو کاتانەدا وا هەست دەکات منداڵە و هێشتا لە ماڵی باوکی خۆیدایە و لەگەڵ باوکودایکی دەژی. یا وا دەزانێت هێشتا ماڵیان لە شاری فاسە و لەگەڵ مێردی یەکەمیدا، یا دووەمیدا ژیان دەباتە سەر. ئەوەی لە بیر نییە کە ئەوە ساڵانێکە لە شاری تەنجە دەژین. ئەم وڕێنەکردنەی دایک هەندێ جار دەبێتە هۆی ئەوەی دەوروبەرەکەی بێنێتە پێکەنین، یا زۆرجاریش دەبیتە هۆی بەزەیی پێداهاتنەوە. بەڵام جاروباریش وا ڕوو دەدات کە دایک ئاگای لە خۆیەتی و خەڵکەکانی دەوروبەری دەناسێتەوە و دەزانێت کێن و لە کوێ دەژین و چی دەکەن.

لالا فاتمە، کە دایکی نووسەرە و کەسی سەرەکیی ڕۆمانەکەیە، سێ شووی کردووە. هێشتا لە

تەمەنێکی یەکجار منداڵدا بوو، پانزدە ساڵان، کە لەگەڵ دایکیدا دەچێتە گەرماوی شار و لەوێ ژنێکی ناسیاوی دایکی چاوی پێ دەکەوێت و لە دڵی خۆیدا بڕیار دەدا بۆ کوڕەکەی خۆی داوای بکات. هەر چەند ڕۆژێک دواتریش بە هۆی سیدی عەبدولسەلامی مامیەوە، کە بازرگانێکی چالاک و ناودارە، دێنە داخوازی و لالا فاتمە شوو دەکاتە سی موحەممەد. هێشتا ساڵ وەرنەچەرخابوو کە سیدی محەممەد بە نەخۆشیی تیفۆس دەمرێت و ژنە دووگیانەکەی دوو مانگ دواتر کچێکی دەبێت. لەو تەمەنەدا، شانزدە ساڵان، دەبێتە بێوەژن.

مێردی دووەمی سیدی عەبدولکەریمی بازرگان بوو. ئەم مێردەی ژنێکی گەورەی هەبوو، کوڕەکانیشی گەورە بوون و هەر یەکەیان ماڵی خۆی هەبوو. لەم مێردەی کوڕێکی بوو، عەبدولعەزیز. دوای حەوت ساڵ ئەمیش دەمرێت و هەر دوو مانگ دواتر ژنە گەورەکەیشی دەمرێت و دایکی نووسەر جارێکی دیکەیش دەبێتەوە بە بێوەژن. بەڵام لالا فاتمە، چونکە گەنج و جوانە، زۆر بە بێوەژنی دانانیشێت. ئەم جارە شوو دەکاتە سی حەسەن، کە باوکی نووسەرە. سی حەسەن بازرگانی بەهاراتە. زیرەی ئەفریقایی، زەعفەرانی سپانیایی، زەنجەفیلی ئاسیایی، بیبەری توون و بیبەری سپی، چای چینی و چای سەوز و چای ڕەش... هەموو ئەمانە لە وڵاتانەوە دێنێت و لە بازاڕدا دەیانفرۆشێتەوە. ژنی هەیە، بەڵام منداڵی نابێت، بۆیە لالا فاتمە دەخوازێت. ماڵی بۆ جیا دەکاتەوە، کارەکەری بۆ دەگرێت و دەیخاتە خزمەتیەوە، داوای لێ دەکات دەست بە هیچەوە نەدات. کە یەکەم کوڕی دەبێت، ئیتر دەبێتە شاژنی ماڵ. سی حەسەن ژنی یەکەمی تەڵاق دەدات. ژنە شوو بە قەسابێک دەکات، چونکە هەموو کەس ئامادە نییە ژنێکی نەزۆک بخوازێت، هەموو ژنێکیش شوو بە قەساب ناکات، چونکە هەمیشە بۆنی گۆشتیان لێ دێت. ئەو ژنەی لەبەر نەزۆکی تەڵاق درابوو، ناباتە ساڵێک لە کابرای قەساب دووانەیەک، جمکانەیەکی دەبێت. لە ساڵانی شەڕی دووەمی گێتیگردا، کوڕی دووەمی لالا فاتمە، کە نووسەرە، لە دایک دەبێت.

دایک ئێستاکە کەوتووەتە بارێکی واوە بە دەگمەن خەڵک دەناسێتەوە. بەشێکی زۆری وڕێنەکانی بیرەوەریی ئەو ساڵانەن کە لە شاری فاس دەژیان. ساڵانی شەڕ، لەشکری بێگانە و داگیرکردن، هەڵاتنی پاشای مەغریب و گەڕانەوەی، شەڕی ڕزگاری، پێوەندیی خۆیان لەگەڵ خزم و دەراوسێ و ئاشنایاندا و زۆر شتی دیکەی لەو بابەتە. جاروبار ناوی کەسێک دەهێنێت کە بیست سی ساڵ پێشتر مردووە. کاتێ پێی دەڵێن ئەو فڵانەکەسەی تۆ باسی دەکەیت، دەمێکە مردووە، خۆی تووڕە دەکات و دەڵێ ئەی بۆچی کەس بۆی باس نەکردووم؟ تەنانەت زۆرجار منداڵەکانی خۆیشی ناناسێتەوە. نووسەر بە تایبەتی لە فرانساوە گەڕاوەتەوە بۆ ئەوەی چاوی بە دایکی بکەوێت، چونکە دەزانێت لە مەرگەوە نزیکە.

ئەگەرچی دایک کەسی یەکەم و ناوەندیی ڕۆمانەکەیە، بەڵام نووسەر خۆیشی جێگایەکی پان و بەرینی ڕووداوەکان داگیر دەکات. ژیانی خۆی وەک نووسەرێکی ناسراو لە ئەورۆپا زۆرجار لەگەڵ بەشە جیاوازەکانی کتێبەکەدا تێکهەڵکێش دەکات. ئەوە دەگێڕێتەوە کە دەچێت بۆ سەردانی

ڕۆلاندی برادەری کـە وەرزشکارێکی خـەڵکی شـاری لۆزانی سـویسـرایە. لـەوێ دەچێت بۆ مـاڵی دایکی ڕۆلاند، سیـسیلیا، کە بۆ خـۆشـەویستی پێی دەڵێن زیللی. چیرۆکی ئەم سـەردانە دەکاتە هەلێک بۆ بەراوردکـردنـی پیـرەژنێکی ئەورۆپایـی و پیـرەژنێکی مـەغـریبی. لە هەمـوو ڕوویـەکـەوە جیاوازن. دایکی برادەرەکەی، نووسەر دەناسێتەوە و دەڵێ زۆرجار تۆم لە تەلەڤیزیۆنەوە بینیوە.


ڕاستـە، ڕۆمانێک باسـی ژیـان بکات، زۆریش ئاسایی و چاوەڕوانکراوە لایەنەکانی ژیان وەک هەن، پێشانیان بدات. بەڵام دیسانیش، پێم وایە، ئەو سنوورە ئەدەبی و زمانەوانییە دەبێ ڕەچاو بکرێت کە دنیـای بەرچاو لە دنیـای ناو کـتـێب و دنیـای وشـە جـیـا دەکـاتـەوە. نووسـەر لە هـێندێک جـێگای ڕۆمـانەکـەدا باسـی دایکی بـە جـۆرێک دەکـات کـە ڕەنگە بۆ خـوێنەرێک خـۆش نەبێت بـەو شـێـوەیە بەرچاوی بکەوێت. نـووسـەر، بۆ نموونە، ئەوە دەگێڕێتـەوە کە چۆن دایکی زۆرجـار بۆنێکی ناخـۆشـی لێوە هـاتووە، یـا چۆن هـەر لەناو نوێنەکەیدا خـۆی پیس دەکـات و کـەلـتـووم دێت و دەیبـات بۆ توالێت. ئێمـە دەزانین ئـەم شـتـانە بەشـێکن لە ژیان و بەشـێکن لە ئەنجامـەکانی نەخـۆشکەوتنی پیـرەژنێکی هەشـتـا سـاڵە. بەڵام پرسـیـارەکە ئەوەیە، ئایا دەکرێ هەروا سـووک و ئاسـانیش بکرێنە بەشـێک لە ڕۆمانێک کە بێگومان ئەو نیازەی هەیە کە ببێتە نموونەیەک بۆ بەرزیی دەربڕین و جوانیی زمان؟

ڕۆمانەکە وردەوردە بەرەو ئەو ئەنجامـە دەچێت کە هـەر لە سـەرەتاوە چاوەڕوان دەکرا ڕوو بدات؛ واتە مردنی دایکی نووسـەر. بەڵام نووسـەر هـەروا بە ئاسـانی ناهێڵێت خـوێنەر بگاتە ئەو سنوورە، بەڵکە هـەوڵ دەدات ئەو چەند حـەفتـەیەی گـەڕانـەوەی خـۆی بۆ چاوپێکەوتنی دایکی بە شێوەیەکی چڕ و پڕ بە کار بهێنێت، بۆ وێناکردنی گەلێک لایەنی فەرهەنگی و مێژوویی و سیاسیی بنەماڵەکەیان و وڵاتەکەیان و تەنانەت ژیانی خۆیشی لە ئەورۆپا.

دایکی نووسـەر لەبەر ئـەوەی نەخـۆشـە و ئاگای لە خـۆی نییـە، زۆرجـار کـەلـتـوومی کـارەکـەر، کـە ژیانێکی لە خـزمـەتکردنی ئەو مـاڵەدا بردووەتە سـەر، بەوە تاوانبـار دەکات کە دزی دەکـات، یا باش خـزمـەتـی ناکـات، یا کـاتێ کـە دەیبـاتە حـەمـام و ئـاودەسـتـخـانە ئازاری دەدات و زۆر شـتـی دیکەی وەهـا. ئەمـە هەڵوێسـتێکە کـە ڕەنگە ئێمـە کەمـوزۆر ئاشنای بین و وێنەیمـان بینیبێت یا بیسـتبێت. بەڵام هـەڵوێستی نووسـەر زۆر سەرنجی ڕاکێشام. کە دایکی دەمرێت، کەلتووم ئیتر دەبێ ئەو ماڵە بە جێ بهێڵێت، چونکە پێویسـتـیـان پێی نامێنێت. نووسـەر وێنەیەکی وەهـای کەلتوومـمان پێشـان دەدات، وەک بڵێی ئەو شـتـانەی دایکی بە دەم وڕێنەکـردنەوە لەبارەی کـەلتـوومـەوە دەیگوتن، ڕاست بوون و ڕاستن. من لای خۆمـەوە وام هـەست دەکرد ئەمە ناهـەقـییەکە بەرانبـەر ئەو ژنەی کە نزیکەی بیست، بیستوپێنج ساڵی تەمەنی خۆی بۆ خزمەتی ئەو خێزانە تەرخان کردبوو.

نووسـیـنی ڕۆمـانێک لەبارەی دایکێکی پیـر و نەخـۆشـەوە، ڕووبەڕێکی بەریـن بۆ نووسـەر دابین ناکات، ئەگەر بیەوێت تەنیا کاتی ئێستا بکاتە شانۆی ڕووداوەکان. هەر لەبەر ئەمەیشە کە نووسـەر پەنا دەباتە بـەر تێکەڵکردنی ڕووداوەکانی ژیـانی ڕابوردووی دایکی و بنەمـاڵەکـەیان و هـەروەهـایش ڕووداوە مێژوویی و سیاسییەکانی وڵاتەکەی.

ژیانی کۆمەڵایەتیی مەغریبیش لەم ڕۆمانەدا بە شێوەیەک کە لە چوارچێوەی کارێکی ئەدەبیدا جێی ببێتەوە، بایەخێکی باشی پێ دراوە؛ بە تایبەت ژیانی ژنان. لە ڕێگەی گێڕانەوەی ژیانی دایکی خۆیەوە و گرێدانی بەو تۆڕە کۆمەڵایەتییەوە کە تێیدا ژیاوە، زۆر شت لەبارەی ژنانی مەغریبەوە فێر دەبین. ئەو وێنەیەی ژیانی ژنانی مەغریب لەگەڵ ژیانی ژنانی وڵاتێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی و ئەفریقاییدا، زۆریش جیاواز نییە. هەڵبژاردنی وێنەیەکی پێچەوانەیش، کە سیسیلیای دایکی ڕۆڵاندی هاوڕێیەتی، مەودایەکی دیکە دەداتە ڕووداوەکان و سەرجەمی لایەنە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی ڕۆمانەکە.




ئەگەرچی تەهار بین جەللوون ئەمڕۆ یەکێکە لە نووسەرە ناودارەکانی زمان و فەرهەنگی فرانسی و تەنانەت ساڵانێکیشە یەکێکە لەو ناوانەی چاوەڕێ دەکرێت خەڵاتی نوبێلی لە ئەدەبدا پێ ببەخشرێت، بەڵام ئەو هەرگیز پشتی نەکردووەتە پاشخانی دینی و فەرهەنگی و شارستانەتیی خۆی. بین جەللوون بێ هیچ زۆرلەخۆکردنێک و بێ هیچ خۆنواندنێک لە زۆر جێگای ئەم ڕۆمانە و ڕۆمان و کتێبەکانی دیکەیشیدا وەک کەسێکی موسڵمان قسە دەکات و دەنووسێت، شانازی بە فەرهەنگ و شارستانەتیی خۆیەوە دەکات و ناسنامەی ئیسلامیی خۆی و وڵاتەکەی جەخت دەکات، بێ ئەوەی فەرهەنگ و شارستانەتیی ئەوروپایی بە دوژمن و نەیار دابنێت، یا سووکایەتییان پێ بکات.

ڕەنگە ئەگەر بۆ جیاوازییەک بگەڕێین لە نێوان ئەم بەرهەمە و ڕۆمانەکانی پێشووی نووسەردا، یەکەمین لایەنی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە کتێبی "دایکم" شتێکە لەنێوان بیرەوەری و ڕۆماندا، بەڵکە جاروباریش دەبێتە گێڕانەوەیەکی سادەی مێژوو. کتێبەکە لەبەر ئەم هۆیە هەندێک جار لە خەیاڵ و فانتازیای ڕۆمان بێبەش دەبێت. یەکێک لە ڕۆمانە جوانەکانی بین جەللون "دوایین هاوڕێ"یە کە ڕووداوەکانی بە جۆرێک داڕێژراون، وا لە خوێنەر دەکات لاپەڕە لە دوای لاپەڕە و بڕگە لە دوای بڕگە چاوەڕوانی ئەوەیە بزانێت دوو کەسە سەرەکییەکەی ڕۆمانەکە چی دەکەن و دەگەنە کوێ و چییان بە سەر دێت؟ چاوەڕوانی ئاشکرابوونی ئەو ڕاز و نهێنیانەیە کە بەشێکی زۆری گەشەکردنی ڕووداوەکان دادەپۆشن. تا دوا بەشەکانی ڕۆمانەکەیش خوێنەر هەر پێی وایە هێشتا شتە چاوەڕواننەکراوەکان، یا چاوەڕوانکراوەکان، و ڕووداوە گەورەکان ئەوانەن کە نەیخوێندوونەوە و ڕەنگە لە لاپەڕەکانی داهاتوو پێیان بگات. دیارە ئەوە بەهرەی گێڕانەوەی نووسەرە ئەو چاوەڕوانییە لای خوێنەر دروست دەکات. لە کتێبی "دایکم"دا ئەو بوارە بۆ نووسەر ئاوەڵا نەکراوە، چونکە ئەو هەر لە سەرەتاوە دەیەوێت ڕۆمانێک یا کتێبێک لەبارەی دایکیەوە بنووسێت، لەبارەی دوایین نەخۆشیی دایکیەوە و چۆن لە دواییدا دەبێتە هۆی مردنی.

# کورد و وڵاتەکەی

## مێژووی گەلی کورد
## لە سەردەمە هەرە کۆنەکانەوە تا سەردەمی نوێ

موقەدەم شێخ عەبدولواحید

### بەشی سێیەم

### مێژووی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست

### ڕەسەنی کورد

ئەگەر لە ڕەسەنی گەلی کورد بکۆڵینەوە، دەگەڕێینەوە دواوە بۆ بنچینەی ئەو ناوەی لێیان نراوە کە کوردە. ئەو دەستپێشخەرییەی لەم بوارەدا ئەنجام دراوە دەگەڕێتەوە بۆ لێکۆڵەرەوەیەکی ئینگلیز سێر هێنری ڕۆلینسن کە هێماکانی نووسینی مێخیی ناو ئەو نەقشانەدا بوو کە لە هەڵکۆڵینە ئاشوورییە کۆنەکاندا دۆزرانەوە. هەروەها هێنری ڕۆلینسن ئەوەیە کە هێماکانی کورتیی مێخیی شی کردەوە و کە بە وردی پەسنی ئەو زەوییانە دەکا کە دەکەوێتە ڕۆهەڵاتی دەریاچەی وان و لە باشوورەوە دەگاتە دەشتاییەکانی ئاشووری کۆن.

کتێبە ئێرانییە کۆنەکان کە بە زمانی پەهلەوی نووسراون، باس لە گەلێک دەکەن بە غورتی یان کورتی ناودەبرێن و کتێبەکان ئەو شوێنە جوگرافیاییە پەسن دەکەن کە غورتییەکانی لێ دەژین بەشێوەیەک، ڕێک وەک ئەوەیە لەو نەقشی مێخییەدا هاتووە کە سێر هێنری، هێماکانی شی کردووەتەوە و باس لە " ئەرتەکتەر بابەکان"ی[1] کۆنە شای پەهلەویی دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانیی فارسی دەکا (٢٢٦ ی. ز). و لەناویاندا باس لە شا (مەدیق)ی شای کوردانی یەک لە دوژمنانیشی دەکا.[2] بەپێی ئەمە بە هەموو دڵنیاییەکەوە دەتوانین بڵێین ناوی کۆنی کورد "

.................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

غورتی " یان کورتی بووە و لەوساکەشەوە لەسەر شێوەی ئێستا گیرساوەتەوە کە (کورد)ە.

هەروەها لە کتێبەکانی مێژوونووساندا باسی کوردەکان کراوە، بەتایبەتی تەبەری و مەسعوودیی دوو مێژوونووسی عەرەبیی بەناوبانگ، هەموو ئەو نووسەرانەی دوای ئەم دوو کەسەش هاتوون بە ناوی کوردەکانەوە ئاماژەیان بە گەلی کورد کردووە نەک بە ناوی غورتییان و کورتییانەوە، تیوورییەکی تر دەڵێ پتر لەوە دەچێ وشەی غورتی یان کورتی لە ناوی شانشینیی (غورتیو)ەوە هاتبێ کە گەلی (غورتی)ی لێ ژیاوە و بە ڕەتبوونی ڕۆژگار پیتی " ڕێ " ی دوای واو لێکدراوەتەوە و ئەم غورتی یان غوتی - یەکان تیرەیەک بوونە لە تیرە ڕێک و پێکە یەکگرتووە تۆرانییەکان تەنانەت لەو سەردەمانەشدا ئەو تیرە (غووتی)یە تۆرانییە بچووکە توانیویەتی دەسەڵات و هێزی بەسەر ناوچەیەکی فراواندا بسەپێنێ و مێژوونووسە کۆنەکان هەر لەو پایەیەی نەتەوەکانی تری وەک ئاشووری و حیتی (حتیت) و سۆمەری و عیلامی و ئەکەدی و بابلییاندا داناوە. ئەم ناوچە چیاییەی ناوی غۆتیۆمە توانیویەتی هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە لە بەردەمی هێرشبەراندا بوەستێ. ئەمەش سەیر نییە کە ناوەکەی بە زمانی ئاشووری " خاکی جەنگاوەران " دەگەیەنێ.

تۆمارە مێژووییەکان ڕای دەگەیەنن کە پاشا غورتییەکان هێرشیان بردووەتە سەر شانشینییە دراوسێکانی وەک سۆمەر و ئەکەد و عیلام و ئەرمینیا، هەروەها نەقشە مێخییەکان ئەوە دەردەخەن کە ناوی وڵاتی غۆتیۆم بۆ یەکەم جار لە تابلۆیەکی تۆماری (لۆگال ئانی مۆندۆ)ی فەرمانڕەوای شاری ئەدەبی سۆمەریدا دەرکەوتووە کە ئەمڕۆ (بسمایا)ی پێ دەڵێن و لە ناوچەی فوراتی باشووری عێراقدایە. ئەو چیرۆکە ناوچەییانەی بۆ سەردەمانی دێرین دەگەڕێنەوە، هەروەها هەندێک لە کتێبە کۆنەکان دەڵێن تا سەدەی بیست و چوارەمی پێش زاین شانشینییەک هەبووە ناوی غوتیۆم بووە، هەر ئەو سنوورەی هەبووە کە کوردستانی ئێستا پێک دەهێنێ و ئەم شانشینیی غوتیۆمە هێز و دەسەڵاتێکی وەهای هەبووە کە سەرباری هاوسنووریی لەگەڵ دەوڵەتێلێکی دوژمنانەی بەهێزی وەک سۆمەر و سوبارتۆ و عیلام، سەربەخۆیی خۆی پاراستووە.

## مێژووی دێرین

بەگوێرەی کامیل تۆمسون لە کتێبی (مێژووی کۆنی کامبرج بەرگی سێیەم)یدا و سیدنی سمیت لە کتێبی " مێژووی ئاشووری کۆن تا ساڵی (١٠٠٠ ی . پ. ز)یدا ناوجەرگەی ئەم شانشینیی غوتیۆمە ئەو چوارگۆشەکییە بووە کە لە نێوانی زێی بچووک و دیجلە و لە نێوانی چیاکانی سلێمانی و ڕووباری دیالادا بووە. پێتەختەکەشی ئەرەبخا، لەو شوێنەدا بووە کە ئەمڕۆ شاری کەرکووکی لێیە.

وا پێ دەچێ ئاشوورییەکان و سۆمەرییەکان و ئەکادییەکان هەموو کات لەگەڵ غوتییەکاندا لە شەڕدا بووبن، لە باری هێرشبردن پتر لە بارێکی بەرگریدا بوون. (شارغلیشاری)ی شای ئەکەد و جێگرەوەی نوامیسینی زۆر بەهێز، باس لە شەڕەکانی خۆی دەکا لەگەڵ غوتیۆم لە ساڵی ١٩٠٠ ی

پ. ز دا و شـانازی بـەوەوە دەکا کـە (شـارلاک)ی فـەرمـانڕەواکـەی بە دیل گـرتووە و هـەروەها سەولەجانێکی[٣] بە نقیمی گرانبایی ڕازاوەی بۆ پەرستگەی شاری سیاری بابلیی بە دیاری داوەتە لاسیرابی یەک لە پاشا بەهێزەکانی غوتیۆم و لاسیراب نووسینەکەی بە شێوەزاری ئەکەدی نەقش کـردووە کـە باسی بەحـوتیـمی خـوداوەند و ئانینیی (بە نانا ئەناهیـتـا ناسـراو)ی خـواوەندی سۆمەرییەکان و سینی خواوەندی (هەیڤی) کردووە.

ئەو تابلۆ گڵە سوورەوەکراوانەی لە بابلی کۆندا دۆزراونەتەوە، شوێنی جوگرافیاییی شانشینیی کـوردیی کۆن پێـشـان دەدا، هەروەها ئەو ناوەش کـە پێی گـوتراوە، کە بە ئاشکرا و دیار نەقـشی لەسـەر کراوە کە غوتیۆم دەوڵەتێکی سـەقامگیر بووە و دانیشـتوانیشی یەکگرتوو بووە و لە سـاڵی (٢٥٠٠ ی پ. ز)ەوە یەک شا فەرمانڕەواییانی کردووە.

## دەوڵەتی ئەکەدییان و کوردەکان

عـەشـیرەتـە غـووتیـیـەکـان تەنانـەت بە درێژاییی سـەردەمی زێڕیـنی سـامـییـە کۆنەکـاندا سـەردەمی دەوڵەتی ئەکەدی و سـامـییـەکـانی بەشی باکووری عێراق کە پایتەختـیـان بابل بووە و شـاروکـینی ئیمـپراتۆری (گەورەی چوار لا) مەترسییەکی بەردەوام بووە بۆ سـەر ئیمـپـراتۆرە زاڵەکان، هـەروەها نەقشـە کۆنەکان ئـەوە دەگـەیەنن کە تـەنانـەت لەو سـەردەمـەشـدا عـەشـیـرەتگەلی غـووتـیی (کـورد) هێرشیان بردووەتە سەر دەوروبەرەکانی ئیمپراتۆرییەتی بەهێزی ئەکەدییەکان.

لە سـەروبەنـدی داڕووخـانـی دەوڵەتی ئەکـەدیدا، شـا ئەمـبـیـای یـەک لە پاشـاکـانی کـورد بە لەشکرێکی گەورە و گرانەوە هێرشی بردووەتە سـەر بابل و دەسـەڵاتی بەسـەردا سـەپاندووە و ئەم بنەماڵە کوردە بۆ ماوەی سەد و بیست و چوار ساڵ فەرمانڕەوایی گرتووەتە دەست و لەم ماوەیەدا بیست شـای کورد فـەرمـانڕەواییـیان کردووە. یەک لەو پاشـایانەی ئەم بنەمـاڵەیە خـۆی وەک شـای چوار لای جیهان جاڕ داوە و دەسـەڵاتی بەسـەر هـاودژەکانیدا سـەپاندووە.

نەقشـە سـۆمـەرییە هـاوچەرخەکانی ئەو سەردەمە، ئەم بنەماڵە کوردەی بە وێنـەیەکی دزێو پێشان داوە، کە لەم نەقـشـانەوە وا دیارە عـەشـیـرەتە غووتیـیـەکـان بە تیـغـە شـمـشـێر دەسـەڵاتی خـۆیان سـەپاندووە و خـوێنـیـان ڕشـتـووە، ڕووی کـردبێـتـە هـەر کـوێـیـەکـیش دەسـتی بە تاڵان و ڕاووڕووت و نامـووس هـەڵتـەکـاندن و تێکدانی شـارە ئاوەدانەکانی وەک سـۆمـەر و ئەکـەد و ئەو نەقـشـانـەی دەڵێ ئەو کـوردانـە پەلامـاری پەرسـتـگەکـانیـان داوە و گـەنجـینـەکـانیـان تاڵان کـردوون و پەیـکەری خـواوەندەکـانیشـیـان گـواسـتووەتەوە بۆ ئەرابخای پێتـەخـتـیان سـەرەڕای بە دیل بردنی کەنیـزەکە جوانەکانی ئەو پەرستگەیانە.

نەقشـە سـۆمەرییەکـان لە پەسنی زۆرداریی کوردانـدا بەردەوام دەبن و دەڵێن شـارگەلێکی گـەورە بە جـارێک تێک دراوە و تەخت کـراوە و ژنانیـان لە مـێـردانیـان ڕفـێنـراوە و خـەم و پەژارەیەک

ولاتەکەی داگرتووە و ترس و تۆقین لە دڕندەکانی کێوان و دوژمنانی خواوەندان بلاو بووەتەوە و لە کۆتاییشدا دەوڵەتی کورد ڕووخاوە و پێشبینیی یەک لە زێوانە سۆمەرییە گەورەکان دەڵێ " ڕووخانی غۆتیۆم لە ڕێگەی چەکەوە دەبێ و خاکی ئەکەد ولاتی غوتیۆم و عیلامی دوژمنان بۆ ماوەی سێ سالان قووت دەدا و ئەم پێشبینییەش هاتووەتە دی، کە ئۆتۆکیغالی[4] شای سۆمەرییان کە بنیاتنەری دەوڵەتی ئۆرۆکی پێنجەمە لە دەوروبەری ساڵی ٢٠٠٠ ی پ. زدا بەسەر شانشینیی غۆتیۆمدا سەرکەوت.

## سەردەمی کاسییەکان ( کاشییەکان )

بەر لەوەی باسی کاسییەکان بکەین وەک لە کتێبە کۆنەکاندا هاتووە، حەز دەکەم هەندێک گومان لەبارەی بنەچەی ئەم کاسییانەوە لاببەم.

باسی کاسییەکان یان عەشایەری کاششوو لە کتێبە کۆنەکاندا باس کراوە کە ئەمانە شەڕوانی بە زەبری بالابەرز و پێست سپین و ئەمانە باپیرانی دانیشتوانی خوزستانی ئێستا نەبن کەسی تر نین، کە لە باشووری خۆراوای چیاکانی زاگرۆسن لە ئێران.

دووریش نییە وشەی کاششوو بە درێژاییی کات گۆڕانی بەسەردا هاتبێ، یان لە کاتی وەرگێڕانی ئەم وشەیەدا لە نەقشە مێخییەکانەوە هەڵەی تێ کەوتبێ، بەلام هەموو بەڵگەکان چ هی پەسنی جوگرافیاییی ولاتەکە بێ، یان پەسنی لەشی (تەنی تاکەکان)ی عەشیرەتەکانی کاششوو بێ وامان لێ دەکا بچینە سەر ئەو بڕوایەی کە ولاتی کاششوو (کاششووستان) خوزستانی ئێستا نەبێ جێیەکی تر نییە.

دەشێ پیاوانی عەشیرەتگەلی کاسی (کە لە کرۆکی عەشیرەتە کوردەکانن) باپیرانی کوردە (گۆران)ەکان بن، کە ئەم عەشیرەتە دوای ساڵی ٢٠٠٠ ی پ. ز لە سەردەمی شا شمشیر ئیلوونەی کوڕی حەموڕابیی سامی بەسەر بابلیدا داوە و ئەم کاسییانە شارەیل و گوندەیلیان سووتاندووە و ولاتانیان تالان کردووە و چوونەتە ناو دڵی بابلەوە و فەرمانڕەواییی پاشا کاسییەکان لە بابلدا نێزیکەی چوار سەدەی خایاندووە و ئەمەش بە بنەماڵەی پاشاییی سێیەمیان دادەنرێ لە بابل.

تا سەردەمێکی نێزیکیش زانیاری لەبارەی ئەم دەوڵەتە، کەم و ناتەواو بوو و ئەوە باو بووە کە فەرمانڕەواییی کاسییەکان، کێوییانە و دواکەوتوو بووە وەک فەرمانڕەواییی گووتییەکان لە سۆمەر و ئەکەددا، بەلام لەم دواییانەدا کە هەندێک نەقش و پاشماوە لە دەفری کانزایی لە ناوچەی خوزستاندا دۆزرانەوە ئەم تیوورییە پووچ کرایەوە. ئێستا ئەوە چەسپیوە کاسییەکان خواوەندی تایبەت بە خۆیان هەبووە و لەمانە کاششوو و خاربی و سووریاش و شیباک و خوول و شمالیای خواوەنــدی پایە([5])ی چیا بەرزەکان.. کە بە بەژن و بالا جوانەکەی لە لووتکەکانیاندا دێ و دەڕوا.

هەروەها پاشا کاسییەکان بایەخیان بە داوونەریت و هەستە ئاینییەکانی گەلی بابلیان داوە و

گانداشی یەکەم شا کە لە دەوروبەری ١٦٠٠ ی. پ. زدا بەسەر بابلدا زاڵ بوو ناوی "شای چوار ناوچەکە "ی لێ نرا و لە یەکێک لە نەقشەکانیدا بە زمانی بابلی، نۆژەنکردنەوەی پەرستگەی ئەنلیلی خواوەندی بابلیی تۆمار کردووە، هەروەها بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بایەخی بە کۆکردنەوەی باجە تایبەت بە پەرستگە بابلییەکان داوە.

شا کاساخر هواگامی دووەمیش ناونراوە " شای وڵاتی گووتیۆم ".

بەمەش زۆر دەگونجێ عەشیرەتی کاسی " کە ئەمڕۆ بە عەشیرەتی گۆران ناودەبرێ " گووتیۆمی ناوجەرگەی وڵاتی کۆنی کوردانی گرتبێ. لە ماوەی دوایی فەرمانڕەوایی کاسییانیشدا لە بابل لە دەوروبەری (١٥٠٠–١٤٠٠) پ. ز پاشا کاسییەکان پێوەندیی دۆستانەیان لەگەڵ دەوڵەتە هەرە گەورەکانی ئەوسا پەرە پێ داوە کە میسری فیرعەونی و وڵاتی حیتی (حتیت)ەکان و ئاشوورە، هەردوو بنەماڵە شازادەکان، کاسی و میسری، ژن و ژنخوازییان لە نێواندا بووە و دیاریگەلیان لەگەڵ یەکتری گۆڕیوەتەوە و بە درێژایی ڕۆژگار کاسییەکان لە نەتەوەی بابلی مەزندا یەکیان گرتووەتەوە.

## ئاشوورییەکان و پاشا گووتییەکان

ئەو نەقشانەی لە نەینەوای پایتەختی کۆنی ئاشووردا دۆزراونەتەوە ئەوە دەردەخەن کە بوودی ئیلوی پاشای ئاشووری (دەوروبەری ١٥٠٠ ی. پ. ز) ی کوڕی بەعل نیاری و جێنشینەکەی شەڕێکی بێ ئامانی بۆ سەر دوو عەشیرەتیترووکی و تیگمیکن بەرپا کرد کە لای گووتیۆم (وڵاتی کوردان) دادەنیشتن و شانشینیی ئاشووری تا پشت گوتیۆم فراوان کردووە.

ئەدەب نیاریی یەکەم لە دەوروبەری (١٤٠٠ ی. پ. ز) نەقشێکی دوای خۆی جێ هێشتووە کە لە کالح شیرات (ئاشوور) دۆزراوەتەوە، ئەم نەقشە ئەوە دەردەخا کە ئەمیش وەک ئەوانەی پێش خۆی زۆربەی شەڕەکانی بۆ سەر سنووری باکوری ڕۆهەڵاتی شانشینییەکەی بەرپا کردووە و لە ڕێی بنیاتنانی شارێلەوە هەوڵی پێشخستنی ئەم ناوچەیەی داوە کە عەشیرەتەکانی شووهاری و لوولوومی و گووتی و کاشوو (باپیرانی عەشیرەتەکانی زاییار و بووزان[٦] و هی تر لە عەشیرەتە کوردەکانی ئەم سەردەمەی ئێستامان)ی لێ دادەنیشن.

شەلمانەسری یەکەم لە دەوروبەری (١٤٠٠ ی. پ. ز) یەک لە پاشا مەزنەکانی ئاشوور بووە و یەکەم کەس بووە ئاستی ئاشووری لە ئاستی بابل بەرزتر کردووەتەوە و عەشیرەتە کوردەکان تەنانەت تا سەردەمی شەلمانەسری پاشای مەزنیشدا بە سەرچاوەیەکی مەترسی دانراوە بۆ سەر شانشینیی ئاشووری، بۆیە ڕێگەیەکی داهێنراوی بۆ ڕاگرتنی شەپۆلی کوردە هێرشبەرەکان بە کار هێناوە بە دروستکردنی شوێنەکانی نیشتەجێبوونەکان بە درێژایی سنووری باکوری ڕۆهەڵات لە ئیمپراتۆرییەتەکەی و ناردنی نیشتەجێبووە ئاشوورییەکان بۆ ئەوەی ببنە شوورەیەک بۆ وڵاتی

نێوانی دوو ڕووبار دژی عەشیرەتەکانی باکور و دواتر کە هێزی ئاشوورییان بەرەو نەمان چوو ئەم شوێنە نیشتەجێییانە لەناو تەنگەتاویدا مانەوە، بەڵام قەوارەی خۆیان ڕاگرت تا ئاشوور نەزیر بال – دەبێ (ناسر بال)بێ –! ڕزگاری کردنەوە و سوودی لێ بینین و وەک پردێکی بەکار هێنان بۆ دروستکردنی هەرێمی ئاشووری نوێ لە (تووسخان)دا.

## ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی ئاشووری

ئاوابوونی ئەستێرەی ئاشوور هەر وەک بەرزبوونەوەکەی زوو بە زوو بووە، زانیاریی چاکیشمان لەبارەی سەد ساڵی کۆتاییی لە دروستبوونیەوە نییە. تەنانەت ناوی ئەو پاشایانەش نازانین کە فەرمانڕەواییان لەم ماوەیەدا کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا کە پاشایانی ئاشوور نەیانتوانیوە تەواوێک بەسەر گووتییەکاندا زاڵ بن، ئەوەندەیان پێ کراوە لە چیاکانیاندا بهێڵنەوە، بەڵام بە ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی ئاشووری (ساڵی ١٧٠٠ ی. پ. ز) شەپۆلەکانی گووتییەکان لە بەرزاییەکانی چیاکانەوە هاتنە خوار و وەک کوللە لە گشت لایەکدا بڵاو بوونەوە و کاتێک کۆرشی شای ئێرانی دەستی بەسەر بابلدا گرت (٥٣٨ ی. پ. ز) تیپی کوردەکان وەک پێشەنگی سوپای ئێرانی بوون.

زەینەفۆنی سەرکردەی یۆنانی عەشیرەتەکانی دیتووە لە دەربەندەکانی چیای تۆروسدا خۆیان قایم کردووە، لە شاری مووسڵـەوە تا ڕووباری کەنتریتیس (گەرووی بۆتانی ئەمڕۆ) و ڕووباری دیجلە کە بە سنووری نێوان ئەرمینیای کۆن و وڵاتی کوردان دانراوە.

## هێرشی فارسەکان

شا کۆرش (٥٣٨–٥٢٩ی.ز)ی دامەزرێنەری بنەماڵەی ئەتشمەندیی (دەبێ ئیخمینی بێ)ی ئێرانی، کە گورزی گورچکبڕی لە بابلی داڕووخاو و شارستانیی ئاشووری دا (٥٣٦ ی. پ. ز) کە هێرشی بردە سەر بابل و خستییە سەر ئیمپراتۆرییەتی فارسی.

لە کاتی هەراوهوریادا عەشیرەتە کوردەکان هەلیان قۆزتەوە و بۆ "ڕاوی ناو ئاوی لێخن"، ئۆگباری پاشا و شای گووتیۆم بە سوارچاکە دلێرەکانییەوە بەسەر شاری بابلی دادا و دەستی بە کوشتن و ڕفاندن و تاڵان کرد.

دوابەدوای ئەو یەکسەر ئێرانییەکان وڵاتی نێوانی دوو ڕووباریان گرت و دەسەڵاتیان بە سەر گووتیۆم و پشتیەوە لە باکور و باکوری ڕۆهەڵاتدا گرت، حوکمی ئێرانی لە وڵاتی نێوانی دوو ڕووباردا نێزیکەی سەدەیەک بەردەوام بوو، ئینجا گریک بەسەرکردایەتیی ئەسکەندەری مەزن هاتن.

بە هاتنی گریکیش دەگەینە ماوەیەکی مێژووی نووسراو و بەتایبەتی ئەو تۆمارانەی هیرۆدۆتی مێژوونووسی گەورەی گریک بەجێی هێشتوون ڕوون و گشتگیرن. تەنانەت لە ماوەی داگیرکاریی

کورتخایەنی گریکەکاندا بۆ ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست، زاڵبوونێکی ڕاستەقینە بەسەر کورداندا زاڵ نەبوو، هیرۆدۆت هێرشی ناوە ناوەی کوردان و پەلاماردانی گوندەکان و کاروانەکان بگرە هێرشی بۆ سەر پەلە گریکە لاتەریکەکانیان باس دەکا. گریکەکانیش بەقووڵایی ناوچەی کورداندا نەچوون تا خۆیان تووشی مەترسی بکەن.

هەروەها هیرۆدۆت لە تۆمارە مێژووییەکانیدا نووسیویەتی گریکەکان کوردیان هان داوە بۆ ئەوەی لە شوێنە چیاییەکانی خۆیانەوە بەرەو لایەکانی ئێرانی کۆن کۆچ بکەن، لەو سەردەمانەدا چەندان عەشیرەتی کورد لە دەوروبەری باکور و ڕۆهەڵاتی ئێراندا ستاریان گرتووە، لە تۆمارەکانی هیرۆدۆتەوە دەردەکەوێ عەشیرەتە کوردەکان کۆچیان بۆ ئەو شوێنە کردووە کە ئێستا بلووچستانی پێ دەڵێن و دانیشتوانە ڕەسەنەکانیان بەرەو ڕۆهەڵات پاڵ پێوە ناوە.

لە دەوروبەری ساڵی ٤٠٠ ی پ. ز کە زینەفۆن و دە هەزار سەربازەکەی بە کوردستانەوە بەرەو دەریای ڕەش پاشەکشەیان دەکرد بەرەو ڕووی کاردۆخی (کورد)ە دڵڕەقەکان بووەوە و بەم جۆرە باسیان لێوە دەکا: " نەتەوەیەکن کەسێک بانگیان بکا گوێی نادەنێ و هیچ جۆرە نێزیکی و دۆستایەتییەک نانوێنن "... هەندێک کورد کۆبوونەوە و بە بەرد و تیر هێرشیان بردووەتە سەر پاشەنگی سوپای گریک و هەندێک سەربازیان کوشتووە و هەندێکیشیان بریندار کردووە خۆ ئەگەر ژمارەیەکی زۆریان لێ کۆ ببایە لایەکی سوپای گریک تووشی لەناوچوون دەبوو... کە شەو داهاتووە کوردەکان لە دەوروبەریاندا، لە لووتکەی چیاکاندا ئاگریان کردووەتەوە و شوێنی هەریەکەیانیان چاودێری کردووە... دوژمنان "واتە: کوردەکان " تەنگیان بە لەشکری یۆنانی هەڵچنیوە، بەتایبەتی لە ڕێگە و دەربەندە چیاییە تەسکەکاندا کە کەوان و قەڵماسنگ (بەردەقانی)یەکانیان لێ خستوونەتە کار .. تۆ ئەگەر بڕوانییە ئەو چیایانە " چیاکانی کوردستان " سەختیی ڕێگەکانیانت چاو لێ دەبێ، کە تاکە ڕێگەیەک بتوانی ببینی ئێجگار لێژ و بەرەوخوارە و پیاوێکی زۆر چاودێریی دەکەن کە دەربەندەکانیان بۆ پاراستنیان گرتووە. دوای ئەم سەرکەوتنە کوردەکان لەسەر گردێک دەرکەوتوون لە بەرامبەری چیای سێیەمدا و زینەفۆن لە ڕێی هەندێک وەرگێڕەوە دەستی بە دواندنیان کردووە لەبارەی بەستنی پەیمانێک و داوای لێیان کردووە تەرمی کوژراوەکانیان بدەنەوە، وەڵامیان داونەتەوە کە کوژراوەکانیان بە مەرجێک دەدەنەوە گریکەکان دێهاتیان نەسووتێنن... ئینجا کوردەکان بە ژمارەیەکی زۆر لێیان هاتوونەتە پێش و بەدەنگی بەرز هاواریان لێ کردوون و... بەردی زل زلیان بەسەردا غلۆر کردوونەتەوە.

مێژوونووسە گریکەکان بە دەگمەن نەبێ کار و کردەوەی کوردانیان باس نەکردووە و ئەرمەنەکان، کە دراوسێی کوردانن ئاستێکی زۆر بەرزیان لە شارستانیی خۆیان پاراستووە و ئینجا کۆنە مێژوونووسانی ئەرمەن دەستیان بە باسکردنی کوردان کردووە.

(تیگرانیس)ی هەرە گەورەی ئیمپراتۆری ئەرمەن (٩١–٥٥ی پ.ز) دەستی بەسەر ئەو کوردانەدا گرتووە کە لە دەوروبەری دەریاچەی ورمێدا بوون و ئاغا کوردەکان بە ڕێکوپێکی باجیان

به ئیمپراتۆری مەزنی ئەرمەنی داوە، هەروەها ژمارەیەکی لە کوردەکان لەناو سوارچاکانی تیگرانیسی هەرە گەورەدا وەرگرتووە. کوردەکان لە دەرباری ئەو ئیمپراتۆرە ئەرمەنییە مەزنەدا نوێنەریان هەبووە. لە ئەنجوومەنی ئیمپراتۆردا بەلای کەمەوە، پێنج کەس لە پێشەوا کوردەکان شوێنی یەکسانیان لەگەڵ خانەدانە هەرە گەورە و میرەکانی ئەرمەندا هەبووە.

کە ئەرمەنەکان ئاینی مەسیحییان پەسند کردووە کوردەکان لەسەر ئاینە بتپەرستی (وەسەنی)یەکەی خۆیاندا ماونەتەوە و دوژمنایەتییەکی ئاشکرای ئەرمەنە مەسیحییەکانیان کردووە، بەڵام دوای ئەوەی بوونە موسڵمان دەستیان بە نواندنی لێبووردەیی ئاینی کردووە و پێوەندیی باشیان لەگەڵ ئەرمەنە مەسیحییەکاندا دامەزراندووە، موسڵمانەکان جوولەکە و دیانەکانیان بە " خاوەن کتێبی خوایی" داناوە، واتە باوەڕدارانی یەکەم باوەڕ کە بە ئیسلام لە کار خراوە " نسخ " بووە، بۆیە ڕێزیان لە دیانەکان پتر گرتووە وەک لە بتپەرستە ئێرانییەکان. لە سەردەمی خالیدی کوڕی وەلیدیشدا (ناوەڕاستی سەدەی هەشتەمی زاین)، کوردەکان بوونە موسڵمان، هەروەها کوردەکان بە ماوەیەکی زۆر بەر لە ئێرانییەکان بوونەتە موسڵمان و دەستیان بە ڕێبازی سوننییەوە گرتووە و ئیسلام کارێکی گەورەی لە بەرەو ڕێی ڕاست بردنی موسڵماناندا هەبووە، کە لە ڕێنوێنییەکانی ئیسلامدا هەیە تەواوێک گوێڕایەڵی ویستی خوا بن و لەگەڵ هەمواندا لێبووردەبن، بەتایبەتی لەگەڵ جوولەکە و خرستیاناندا کە لە خاوەنانی کتێبە (خوایی) یەکانن.

لەو کارە هەرە گەورانەی بوونە موسڵمانی کوردان ئەوەیە کە ئەم ئاینە دەروونی بژارکردوون و گیانی ڕێکوپێکی و ڕێز لە قانوون گرتن و پێوەندیی چاک لەگەڵ دراوسێیاندا تێیاندا پەروەردە کردووە، کە ڕۆژی لە پێنج کاتدا نوێژکردن و ڕۆژووگرتنی ڕەمەزانان و ئەوەی لە بەدڕەوشتی و بەدکاری مرۆ دوور دەخاتەوە.

دیسانەوە موسڵمانێتی کورد و دراوسێ عەرەب و فارس و تورکەکان دراوسێیانی بەیەکەوە پێوەست کردووە، بەمەش لە ڕێگەی هێزی گیانییەوە توانیویەتی ئەوە جێبەجێ بکا کە چەندان سەدەی شەڕ و خوێنڕشتن نەیتوانیوە جێبەجێی بکا، هەر ئەوەشە کوردەکانی کردووەتە هاونیشتمانیی چاک، کە ڕێز لە قانوون دەگرن و پێوەندیی دراوسێتیی باش لەگەڵ دراوسێکانیاندا دادەمەزرێنن.

***

## ماوەی دوای دەرکەوتنی ئیسلامەتی

لە دیاردە هەرە بە بایەخەکانی مێژووی کورد تا دەرکەوتنی ئیسلامەتی و لە ماوەی دەمێکی درێژی دوای دەرکەوتنی، ئەوەیە کە حکوومەتێکی یەکگرتوو لە هەموو خاکی کورددا لەژێر فەرمانی یەک

فەرمانڕەوای کورددا دانەمەزراوە، گومانیشی تێدا نییە کە مێژوو لە بۆنەیەک پتردا دەرکەوتنی شایەکی تۆمار کردووە فەرمانڕەوایی بەسەر زۆربەی بەشەکانی وڵاتی کورددا سەپاندبێ، بەڵام شایەکی وەها تەتەر بووبێ یان تورک یان عەرەب یان ئێرانی بەڵام هەرگیز کورد نەبووە. لە دیاردە بایەخدارەکانی تر ئەوەیە کە شوێنە چیاییە سەختەکانی کوردەکان هەرگیز نەگیراوە و نەچووەتە ژێر باری هیچ دەسەڵاتێکی بیانی و ئاغا و بەگزادە کوردەکان بارودۆخی سەربەخۆی خۆیان و شانازییان بە عەشیرەتەکانیان لە دەست نەداوە و نەچوونەتە ژێر باری دەسەڵاتی هیچ بیانییەک هەر کەسێک بووبێ. بەپێچەوانەشەوە ناوچەکانی (پاتان) لە ناوچەی سنووری باکووری ڕۆئاوای پاکستان، کە پاتان نەک هەر حوکمی خۆیان نەکردووە و بەس بگرە پەلی دەسەڵاتیان بەسەر زۆربەی بەشەکانی نیمچە کیشوەری هیندستان – پاکستاندا هاویشتووە.

کوردەکان ماوەیەکی درێژی دوای دەرکەوتنی ئیسلامەتی بە ئاشتیخوازانە مانەوە و هیچ هێرشێکی کوردی نەکراوەتە سەر ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامیی تازە پێکهاتوو، جێنشینەکانیش هەوڵی دەست تێ وەردانی قەوارە سەربەخۆکانی ئاغا و بەگزادە کوردەکانیان ئەنجامەکەش ئەوە بووە گەلێک لە ئاغا کوردەکان سەپاندنەوەی دەسەڵاتە کۆنەکانیان لە هەموو کەرتی ئازربایجاندا گەڕاندووەتەوە.

ئەبوعەلیی کوڕی مەڕوانی کوڕی دۆستکی بەلیخیی شاربوختی شانشینییەکەی لە فارەقین، لە دووریی ٢٠ میل لە دیاربەکرەوە دامەزراندووە، بەمەش کۆڵەکەکانی بنەماڵەی مەڕوانیی مەزنی کوردی چەسپاند کە لە ٩٨٥– ١٠٩٦ی. پ.زدا حوکمی فارەقین و دیاربەکر و جزیرەی ئیبن عومەری کرد. یەک لە شایەکانیان (ئەبونەسر ئەحمەد) نێزیکەی ٥٣ ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە و شارەکانی بە بینای گەورە و گەرماو و پرد ڕازاندووەتەوە و وێستگەی بۆ کاروان دروست کردووە. بەڵام هێندەی پێ نەچوو ناکۆکی کەوتە ناو بنەماڵە فەرمانڕەواکەوە بۆ دەست بەسەر تەختدا گرتن و هەندێکیان پەنایان دەبردە بەر بیزەنتتییە خرستیانەکان، بەمەش هۆکارەیلی چاوچنۆکی و ململانێی ناو ئەندامانی بنەماڵە فەرمانڕەواکە و سیاسەتی ناو حەرەمسەرا لەو هۆیانە بوون کە بووە هۆی هەڵتەکاندنەوەی بناخەکانی یەکەم دەوڵەتی کوردی موسڵمان و کارئاسانیی بۆ ڕووخانی یەکجارەکیی کرد لەسەر دەستی نەتەوەیەکی شەڕوانی هێرشبەر کە ئاسیای بچووکیان لە سەرەتای سەدەی یازدەدا ڕاماڵی.

## هێرشی سەلجووقییان

دەوڵەتی مەڕوانی بۆی نەنووسرابوو زۆر بمێنێ، ئەوەندەی نەبرد نەتەوەیەکی شەڕوانی دلێر هێرشی بردە سەر دەشتە بە پیتەکانی عێراق و ئێران، کە سەر بە تورک – مەغۆل بوون و سەلجووقییان پێ دەگوت. ئەم سەلجووقییانە لە ناوەڕاستی ئاسیاوە دەرکەوتوون و هەموو شتێکیان کە پێیدا ڕەت بوون ڕاماڵی و بنچینەی سەلجووقییان بۆ هەندێک تیرەی عەشیرەتگەلی

ئۆغوزی تورکستانی چینی دەگەڕێتەوە، ئەمانە هێشتا تازە موسڵمان بوون، ئیسلامیش پشتگیریی عەشیرەتگەلی ئۆغوزی کرد و یەکەتییانی پتەوتر کرد.

ئەم تورکمانانە سەرکەوتنی گەورەیان بەسەر چەندان دەوڵەتۆکەی داڕووخاوی ئێران و عێراق بەدەست هاورد، لەبەرئەوەی جموجووڵیان سەرکەوتووتر بوو بەوەی ئەسپە تیژڕەوەکانیان ئەو توانایەی پێ دابوون و جگە لە دلێری و ئازایەتییە دەگمەنەکەیان، بەسەر دوا شایانی غەزنەدا سەرکەوتن و بە ناو دەشتە بە پیتەکانی ئێراندا چوون. لە ماوەی چەند مانگێکیشدا سەلجووقییەکان لەناو جەرگەی بەغدای خانەی جێنشینێتیی موسڵمانانەدا بوون. ئیبنولئەسیری مێژوونووسی گەورەی عەرەب باسی لەو بەرگرییە کردووە کە سەلجووقییان لەلایەن کوردانەوە لە کرماشان یان لە باکوری عێراقدا ڕووبەڕووی هاتوون.

## تۆغروڵ بەگی سەلجووقی

ساڵی ١٠٤٠ ی زاین تۆغروڵ بەگی یەکەم، شا مەسعوودی غەزنەویی ئەفغانیی (جێنشینی سوڵتانی غەزاکار مەحموودی غەزنەوی)ی بەزاند و دەستی بەسەر خوراساندا گرت و تۆغروڵ بەگ وەک بلێی شمشێرێکی بڕندەیە، وڵاتی ئێرانی ئەوها بڕی و لەشکرەکانی زۆر بە پەلە بەرەو باشوور تا هەمەدان و ئەسفەهان و لە ڕۆئاواشەوە تا دەریاچەی ورمێ چوو، لەورەش لە نێزیک مەهاباد و ڕەزایا (!!)وە تۆغروڵ بەگ بەرگرییەکی سەختی لەلایەن کوردانەوە بەرەوڕوو بووەوە کە ئازایانە شەڕیان لەگەڵدا کرد و پێشڕەویی سەلجووقییانیان بۆ ناو وڵاتی کوردان ڕاگرت. مێژوونووسە هاوچەرخەکان ئەو شانازییانەیان تۆمار کردووە کە دوو عەشیرەتی کوردی بڵباس و گۆران بە دەستیان هاوردووە، تەنانەت لە دەمی داگیرکردنی تەورێزیشدا لەلایەن تۆغروڵ بەگدا کوردەکان نەیانهێشتووە خۆشی لە حەسانەوە ببینن، خۆ ئەگەر سەرکردەی تورکمان توانیبێتی گوندانی لاپاڵەکانی چیای کوردان تێک بدا، نەیتوانیوە بچێتە شوێنە سەختە چیاییەکانیان، لەمەشدا لێکچوون هەیە لەگەڵ ئەو لەشکرکێشییانەی مەنگۆل (مەغۆل) بردوویانەتە سەر مەرهاتای باشووری هیندستان، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە کە مەرهاتا بە سەرکردایەتیی سیفاجی مەناوری مەکرۆیانەی نامەردانەی گەلێک دوور لە بنەوا سوارچاکییەکان ئەنجام داوە، لە کاتێکدا کوردەکان ئازایانەو بە توندی لەگەڵ دوژمناندا جەنگیون.

گەلێک لەو کوردانەی دەچنەوە سەر بنچی تورک(؟!!)[7] دەڵێن بنەچەیان بە تۆغروڵ بەگەوە پێوەستە، هەندێک لە لەشکری تۆغروڵ بەگ لەبەر هۆی تایبەت پەنایان بردووەتە بەر ئاغا کوردەکان و لەوساوە بە ئاشتی و تەبایی لەناویاندا ژیاون و تەواوێک لەناو گەلی کورددا تواونەتەوە.

کەچی جێنشینی ئەوسای بەغدا بەدەس بووەیهییەکانەوە بووەتە ئامراز، بەڵام دوای ئەوەی جێنشینەکە بە سەرکەوتنەکانی تۆغروڵ بەگی زانیوە، کە لە ١٨ی کانوونی یەکەمی ١٠٥٥ی زاین

هاتووەتە بەغدا پێشوازییەکی گەرمی لێ کردووە. بەم جۆرە تۆغرولّ بەگ بووە هێزی بزوێنەری پشت ئەلقاسمی جێنشینی عەباسی.

گوتمان کوردەکان نەیانهێشتووە تامی حەسانەوە بچێژن، ئەمەش وای لە تۆغرولّ بەگ کردووە بە خۆی سەرکردایەتیی پرۆسە جەنگییەکانی دژ بە کوردان بکا لە ناوچەی ڕەزایا (!!) بەساسیریی (یەک لە سەرکردەکانی بووەیهییان)یش دەرچوونی تۆغرولّ بەگی بۆ شەڕی کوردان بە هەل زانی و بزووتنەوەیەکی لایەنگیریی فاتیمییانی کرد و ئەلقاسمی جێنشینی ناچاری دەست لە جێنشینی هەڵگرتن کرد بۆ (ئەلموستەنیر)ی جێنشینی فاتیمی کە قاهیرەی کردە بنکەی دەوڵەتەکەی. کاتێک تۆغرولّ بەوەی زانی هێرشەکانی بۆ سەر کوردان ڕاگرت و بە پەلە چووەوە بەغدا و جێنشینیێتی گەڕاندەوە بۆ ئەلقاسم و بەساسیریی دەستگیر کرد و کوشتی، بەوەش دەسەلاتی بووەیهییان بە یەکجاری لەناو چوو و بەم جۆرە خەریکبوونی تۆغرولّ بەگ بە لەناوبردنی ئاژاوە لە بەغدا هەلێکی زێڕینی بۆ کوردان ساز کرد، کە پەلە لە توندکردنەوەی مەڵبەندەکانیان بکەن لە قەلا چیاییەکانیاندا.

لەو ماوەیەدا کە سەلجووقییانی تێدا حوکمی ئێران و عێراق و ئەرمینیا کردووە، بە ماوەیەکی گەورە لە مێژووی گەلی کورد دادەنرێ. لە سەردەمی سوڵتان مەلیک شا (١٠٧٢-١٠٩٢ی زاینی)شدا فەرمانڕەوا سەلجووقییەکان دەستیان بە خۆ نێزیک خستنەوە لە عەشیرەتە کوردەکان کرد. سوڵتان مەلیک شا شانازیی ئەوەی هەبوو کە لەسەر دەستی مەزنترینی سیاسییەکانی ئەو سەردەمەدا فێر بێ کە نیزامولمولک بووە.

## نیزامولمولک و سەردەمی زێڕینی کۆیلەمەند (مەمالیک)ەکان

ئیبن خەلەکانی مێژوونووسی بەناوبانگی عەرەب[8] تۆمارگەلێکی بەهاداری ئەو ڕووداوانەی بۆ بەجێهێشتووین کە لە سەردەمی خۆیدا ڕوویان داوە، ئیبن خەلەکان لەبارەی ئەو دەسەلاتە گەورەیەی نیزامولمولک و سامی بەسەر کاروباری دەوڵەتەوە لە نێزیکەی سی ساڵدا هەیبووە، نووسیوە.

دەشێ نیزامولمولک یەکەم سیاسی بێ لە مێژووی جیهاندا چارەسەری بۆ گرفتی عەشیرەتگەریی ئاڵۆز دابنێ کە تا ئەم سەردەمەشمان تاکە چارەسەرێکی سەرکەوتوو بێ بۆ ئەم گرفتە. لەو کتێبەیدا کە ناوی (سیاسەتنامە)یە، نیزامولمولک ڕوونی کردووەتەوە کە (چاکترین ڕێگەچارە بۆ ئاشتەوایی لەگەڵ عەشیرەتە چیاییەکاندا (ئەوانەی لەو شوێنانەدا نیشتەجێن کە زەحمەتە پارێزەرانی قانوون و ئارامی بگەنە ئەو جێیانە ئەوەیە کە ڕێ بدرێن ئۆتۆنۆمیی تەواویان بێ و سیستەمە بەڕێوەبەرێتییەکان لە دەرەوەی ناوچە عەشایەرییەکاندا چاکتر بکرێن و بارودۆخێکی ژیانی بەرزیان بۆ دابین بکرێ بۆ ئەوەی کوردەکان لە پەناگە چیاییەکانیانەوە کێش بکرێن و ببنە هاوولاتیی ئەوتۆ کە ڕێز لە قانوون بگرن).

لە ماوەی ئەو سەدەیەدا، جگە لە هەندێک پێکدادان لە ماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی تر، هیچ هێرشێک نەکراوەتە سەر کوردەکان. لە ڕاستیشدا ڕاپەڕینی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لەو سەردەمەدا کاری چاکی بووە لە زمان و ڕۆشنبیریی کورددا، بگرە تەنانەت لە جۆری ژیانی خودی کوردەکانیشدا بووە. وەک دەڵێن ئەو پشتێنە جوانەی کورد لە پشتی دەبەستێ لەوساکەوە دەستیان بە بەکارهێنانی کردووە.

هەروەها نیزامولمولک زەویی سەربەخۆی بە ئاغا کوردەکان داوە و ئەم ئاغایانە لە کاروباری ناوەخۆییاندا سەربەخۆییەکی تەواویان هەبووە، بەڵام دەبوو هەرچەند سوڵتان داوای سەربازی مەشق پێ کراوی بکردایە بیدرێتێ، بەمەش گرفتی بەڕێوەبەرایەتی و پێکهێنانی لەشکری مەشق پێکراوی ئامادە چارەسەر کرا و ئاغاکانیش بەپێی قانوون سەربەخۆیی خۆیانیان پاراستووە.

بەڵام ئەم ڕێژیمە لەگەڵ ڕۆژگاردا ئیمپراتۆرییەتی سەلجووقیی لاواز کرد، کە بەخشینی ئەم زەوییە دەرەبەگییە بۆماوانە لە گشت لایەکی ئیمپراتۆرییەتدا لە ئێران و عێراق و ئەرمینیاوە تا بەلەخ و بوخارا لە ڕۆهەلات و سووریا و فەڵەستین لە باشووردا، بووە هۆی دروستبوونی دەوڵەتگەلی نیمچە سەربەخۆ، کە ئەوەندەی پێ نەچوو ئەم دەوڵەتۆکانە لە لایە فراوانە جیاکانی ئیمپراتۆرییەتدا سەربەخۆییان بەدەست هێنا، لە کاتێکدا سەلجووقییەکان تا ١١٥٧ لە ئێراندا دەسەلاتیان بەدەستەوە ماوە.

## سەردەمی ڕاپەڕینی بیرمەندی

وەک پێشتر باسم کرد نیوەی دووەمی سەدەی یازدەم لە ڕۆهەلاتی ناوەڕاستدا بە سەردەمی ڕاپەڕینی بیرمەندی (فیکری) دادەنرێ، ئەوەی پەرەسەندنی بیر و ڕۆشنبیری و ئەدەب و لێکۆڵینەوەی بەڕێوەبەرێتیی هان داوە کە سەردەمەکە سەقامگیریی ئاشتی و پێشکەوتنی بە خۆوە بینیوە لە پاڵ بایەخ پێدانی خودی فەرمانڕەوایان بە خۆیان بە ئەدەب و زانست و هونەر، کەسایەتییەکی زۆری وەک نیزامولمولک و غەزالی و عومەری خەیام بەشدارییان لە پەرەپێدانی هونەرە بەڕێوەبەرایەتییەکان و سۆفیگەری و ماتماتیک، خۆرهەلات شانازی بەم گەورە پیاوانەوە دەکا کە بەشدارییان لە شێوەی منارەیەک بووە کە لە تاریکترین ماوەی مێژووی جیهانیدا ڕێنیشاندەر بووە و بە شوێن پێیدا ئەستێرەی ڕۆئاوا دەستی بەبەرزبوونەوە کردووە و بەسەر خۆرهەلاتدا بەرزبووەوە لە گۆڕەپانەکانی زانست و هونەرەکانی حوکمداریدا.

ناوبانگی نیزامولمولک تەنیا بە دانراوە مەزنەکەی (سیاسەتنامە)کەی بە ئاسۆکاندا بڵاو نەبووەتەوە و بەس بەڵکو بە بایەخ دانی بە زانایان و ماتماتیکزانان و ئاینناسان " فەقیە " و ئەدیبان و پشتگیرییانەوە بووە. نیزامولمولک لە هەموو شارێکی گەورە و دێیەکی بچووکی کوردستاندا پەیمانگەیەکی زانستی و قوتابخانەیەکی دانا و موڵکێکی فراوانی کردە وەقف لە پێناوی یارمەتیی قوتابییانی زانست و لێکۆڵەرەوان. ئێستاشی لەگەڵدا بێ دوو مەدرەسە

(قوتابخانەی ئاینی)ی نیزامییە لە نیشاپوور و بەغدا شوێنەوارێکی زیندوون لەو شوێنەوارانەن کە ئەو سیاسییە مەزنە بەجێی هێشتوون کە لە ناوەڕاستی سەدەی یازدەدا ژیاوە.

لەو کەسانەی لە قوتابخانەی نیزامییەی نیشاپوورەوە دەرچوون غەزالیی هەنجەتی ئیسلامی بە زار و دەو و لە ناوچە چیاییەکەی نیشاپووردا کە ئێستاش بە کانەکانی (پیرۆزە) بە ناوبانگن ئەو زانا ئاینییە سۆفییە کتێبەکانی لەبارەی ئاین و سۆفیگەرییەوە نووسیوە. غەزالی لۆجیکی دیالەکتیکیی ئەرستۆ و تیۆرییەکانی ئەفلاتوون کاریان لێ کردووە و بە ڕاستیش بە پێشەنگی ئەوانە دادەنرێ کە بەروبووی زانستی ڕاستەقینەی بە بیری ڕووت و پڕوپووچی ڕەمەکی مەردوم و ئەو بیرە نالۆجیکییانە گونجاندووە کە لە فەلسەفەی ئیسلامیدا باو بووە. ئیبن خەلەکان دەڵێ کوردەکان لە دوو قوتابخانەی نیزامییەی بەغدا و نیشاپووردا بە چمارە پتر بوون لە هی تر، هەروەها کە سۆفیگەری و ڕوونیی بیر لە سروشتی کورددایە، خوایەتییە عەشیرەتگەرییەکان و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە ئیسلامی و مرۆڤایەتییە فراوانەکەدا یەکانگیر بوون.

عومەری خەیام کە لە ئەوروپا و هەموو لایەکی جیهاندا، بە بانگهێشتی خۆشی لە ژیان وەرگرتن و ئازادی و بە چوارینەکانی ناسراوە، لە ڕاستیدا لە مەزنترینی ماتماتیکزانانی ئەو سەدەیە بووە. هەروەها یەکەم کەس بووە لە شیکردنەوەی هاوسەنگییە سیانییەکاندا سەرکەوتووە، نەک تەنیا هەر لە ڕێیە جەبرییەکان و بەس، بگرە بە ڕێگە ئەندازیارییەکانیشەوە. عومەر خەیام بە هاوبەشی لەگەڵ کەسانی تر ڕۆژژمێری جەلالیی داناوە (بە ناوی سوڵتان جەلالودین مەلیکشاوە کە ئەنجامدانی ئەم کارەی لێ داوا کردوون) ئەو ڕۆژژمێرەش لەلایەن دروستی و وردەکارییەوە لە ڕۆژژمێری گریگۆریی ئێستا پێشکەوتووترە.

سەلجووقییەکان لە هەرەتی بەرزییاندا بوون کە نیزامولمولک بەدەستێکی چەپەڵ ساڵی ١٠٩٢ تیرۆر کرا و دوای ئەوە وردە وردە نزم بوونەوە و لە ناوچوونیان دەستی پێ کرد، دوای ئەوەی خودی سوڵتان مەلیک شاش تیرۆر کرا، سوڵتان بارکیاروخ (بوێرکییاروخ)ی کوڕە زۆرڕەوە بەدەمەستەکەی شوێنی گرتەوە، بۆ نەگبەتیش پێوەندیی نێوانی جێنشینی بەغدا کە جگە لە پێشەوایەتیی بە ناوەی جیهانی ئیسلامی دەسەڵاتی تری نەمابوو و نێوانی پاشا سەلجووقییەکان کە بڕیاریان دا پایتەختیان لە ئێران دابنێن، هەر لەو ماوەیەشدا خاچپەرستان کەوتنەوە چالاکی و لە ماوەی جێنشینێتیی (ئەلموقتەفی)دا فەڵەستینی پیرۆز تووشی مەترسیی هێرش بردنە سەر بوو.

لەم سەروبەندەشدا لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستی جیهانی ئیسلامیدا کۆمەڵکوژیی مرۆ بڵاو بووەوە. دەسەڵاتی ڕاستەقینەش بە دەس ئەو سەلجووقییانەوە بوو کە بەرەو لەناوچوون بوون و سوودێکیان لێ چاوەڕێ نەدەکرا، دەسەڵاتی گوزارەیی و کاری یەکگرتنەوانەی ناو موسڵمانان بە دەس جێنشینانەوە بووە کە هیچ بوار و دەسەڵاتێکیان نەبووە و لە توانایاندا نەبووە هیچ ئامانجێک بە دی بهێنن و ئەو دەرەبەگایەتییە جەنگییەکانەش کە نیزامولولکی سیاسیی گەورە دایانی

مەزراندبوو بوونە میرنشینگەلێکی سەربەخۆ ئەمەش ئیمپراتۆرییەکەی لاوازتر و داڕماوتر کرد.

هەروەها کێشە و ناکۆکی کەوتبووە نێوانی دەوڵەتۆکە ئیسلامییەکان و هەر یەکەیان هەوڵی زاڵبوونی دەدا بەسەر ئەوی تردا. لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕاپەڕینی بیرمەندی لە ئارادابووە، کەچی خودویستی و کێبەرکێ لە پێناوی زاڵبوونەوە لە نێوانی پێشەوایاندا سەرباری کەمیی وانیاری و خۆپەسندیی عەرەب بە خۆیان هەموو ئەمانە بارێکی وەهایان هێنایە کایەوە، زۆر لەو بارودۆخە دەچوو کە بووە هۆی دابەشکردنی فەلەستین و خوڵقاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل ساڵی ١٩٤٧

خاچپەرستانیش سەرلەنوێ دەستیان بە هێرشەکانیان کردەوە. ئیبنولئەسیر وێنەیەکی کاریگەرمان دەداتێ لەبارەی پێشرەویی فەرەنگ و دەرکردنی موسڵمانان لە خاکی خۆیانەوە و سەربڕینی هاوولاتییە ئاشتیخوازانە لە پیاو و ژن و منداڵ و سووتاندنی گوند و تێکدانی بەروبوومە کشتوکاڵییەکانیان، لەلایەکی ترەوە جیهانی ئیسلامی بەگشتی لاواز و بێ دەسەلات بوون و موسڵمانان هەر خەریکی پیلان داڕشتن و کوشتنی یەکتری و لەناو ئەم تاریکاییەدا کە موسڵمانانی تێدا وەربووبوون پاڵەوانێک لە پاڵەوانانی مێژووی ئیسلامی هەڵکەوت، ئەو پاڵەوانەش کە کورد بۆیان هەیە شانازیی پێوە بکەن سوڵتان سەلاحەدینی ئەیووبی نەبێ کەسی تر نەبوو.

## سەلاحەدینی ئەیووبی و سەردەمی زێڕینی کورد

لەوانەیە جوانترینی سەردەمێکی کوردەکان لە هەموو مێژوویاندا سەردەمی سوڵتان سەلاحەدینی ئەیووبیی پێشەوای گەورەی ناسراوی کوردە.

ئەییووب و شێرکۆ وەک دوو برای کوڕانی شادیی پێشەوای گەورەی کورد ژیانی سیاسییان لە باکوری ولاتی نێوان دوو ڕووباردا دەست پێ کرد و ئەیووبی براگەورە لەلایەن جێنشینێتیی عەباسییەوە لە بەغدا، والیی شاری تکریت بووە کە لە ١٠٠ میلی باکوری بەغدادایە، دواتر هەردوو برا تکریتیان جێ هێشتووە و ڕوویان کردووەتە دیمەشق، کە برا گچکە لە خزمەتی عیمادودینی زەنگیدا و ئەیووبی براگەورە لە خزمەتی نوورەدینی باوکیدا بووە والیی دیمەشق.

کاتێک لەسەر پۆستی وەزیری ناکۆکی بەرپا بوو لە میسر (شاوەر)ی کوڕی وەزیری میسری کوژراو داوای یارمەتیی لە نوورەدینی والیی دیمەشق کرد کە شێرکۆی کوردی ڕاسپارد بچێتە میسر و یارمەتیی وەزیری شەرعی بدا، سەرکردایەتیی لەشکرێکی لە سوارچاکانی کورد و پیادەی سووریایی پێکهاتووی کرد و ساڵی ١١٦٤ شۆڕشگێڕانی بەزاند و شاوەری گەڕاندەوە قاهیرە.

لەم سەروبەندانەدا توانستی سەلاحەدینی لاوی گچکەی کوڕی ئەیووبی براگەورەی شێرکۆ دەرکەوت و ناوبانگی دەرکرد، وەک شەڕوانێکی ئازا و ژیر و توانا لە سەرکردایەتیکردنی هێزەکانی لە شەڕدا (سەلاحەدین ساڵی ١١٣٧ی زاین " ٥٥٢ ی کۆچی " لە تکریت لەدایک بووە، کە ئەیووبی کوردی باوکی حاکمی بووە).

سەلاحەدین لە ڕێی شێرکۆی مامییەوە چووە خزمەتی والیی میسر، لە ١٨ی یەنایری ١١٦٨ دا عادلی حاکمی میسر شێرکۆی پاڵاوت وەک وەزیر بچێتە جێی، بەڵام تەنیا دوو مانگ نەبێ لە حوکمدا نەما و مرد و سەلاحەدینی ئەیووبیی برازای جێی گرتەوە و بە زیرەکی و ژیری توانی فەرمانڕەواییی لە میسردا بچەسپێنێ و ئەوەندەی نەبرد دەستی بە دانانی پلان کرد بۆ گەڕاندنەوەی فەڵەستین لە دەست خاچپەرستان.

لەم کاتانەدا نوورەدینی سەرکردەی سەلاحەدین لە دیمەشق مرد و ئەلمەلیک ئەلساڵحی کوڕی بێهێزی جێی گرتەوە، خاچپەرستەکان ئەم هەلەیان قۆزتەوە و شاری دیمەشقیان گەمارۆ دا، سەلاحەدینیش یەکسەر لە میسرەوە ڕووی لە باکور کرد و توانی بە یارمەتیی سوارچاکە کوردەکان خاچپەرستان ببەزێنێ و شارەکەی بۆ جێنشینیی عەباسی گەڕاندەوە.

بۆ بەدبەختی ناکۆکی کەوتە ناو ئەلمەلیک ئەلساڵحی کوڕی نوورەدینی حاکمی سووریای کۆچکردوو و سەلاحەدینی ئەیووبی و لە جیاتیی ئەوەی ئەلمەلیک ئەلساڵح دۆزەکە بخاتە پێش چاوی جێنشین لە بەغدا، داوای یارمەتیی لە خاچپەرستان کرد و شەڕێک لەناو هەردوو تیپدا لەناو شوورەکانی شاری دیمەشقدا بەرپا بوو لە ئەنجامدا سوپای ئەلمەلیک ئەلساڵح بەزی و سەلاحەددین شاری حەلەبی گەمارۆ دا. ئەلمەلیک ئەلساڵح ئەوجا هەستی بە بێدەسەڵاتیی خۆی کرد و ناچار بوو پەیمانی ئاشتەوایی ببەستێ و دەست لە دیمەشق هەڵبگرێ بۆ سەلاحەدین و لەوساکەوە ناوی ئەلمەلیک ئەلساڵح لە لێدوانی سەر مینبەرەکانی سووریا و حیجاز و میسر لابرا. بەم جۆرە سەلاحەدین بووە سوڵتانێکی سەربەخۆی سەر میسر و شام و بە پشتگیریی جێنشینی عەباسیی سەرچاوەی بالای هەموو دەسەڵاتە شەرعییەکان و بەرە بەرە حەلەب و مووسڵیش کەوتنە ژێر دەسەڵاتی و بەر لە کۆتاییی ساڵی ١١٨٢ی زاین سەلاحەدین بووە گەورەی یەکەم لە جیهانی ئیسلامیدا و هەموو شا و سوڵتانەکانی ئاسیای ڕۆئاوا دانیان بە گەورەییدا نا، کە سوڵتان ئەیفۆنیۆم و میری موسڵمانی ئەرمەنستانیش لە مانە بوون.

بەبایەخترینی دیاردەکانی سەردەمی سەلاحەدین ئەوە بووە کە هەرگیز ناوی گەورەیەکی کورد و تەنانەت وەک شایەکی کورد کە حوکمی عەرەب دەکا، هەروەها سەلاحەدین هەرگیز جیاوازیی لەناو کورد و هی تری لە هەڵبژاردنی وەزیرەکان یان ڕاوێژکاران و سەرکردەکان و کەسانی دەرباریدا نەدەکرد. لە ڕاستیشدا لەو سەردەمانەدا هەست بە دەمارگیریی کوردی و غەیرە کوردی نەبووە، ئەوەندە بەس بووە هەرکەسێک بڵێ من موسڵمانم. دەشێ ئەمەش هۆی ئەوە بووبێ کە ئیسلام گەیشتووەتە لووتکەی بەرزی و توانستی ئەوەی بۆ ڕەخساند بەسەر هێزە هاوبەشە دەمارگیرە ئەوروپاییەکاندا سەرکەوێ.

سوڵتان سەلاحەددین لە مێژووی هاوچەرخدا بە ناوی سەلاحەدینی ئەیووبییەوە ناسراوە نەک کوردی، نەک لەبەرئەوەی سەلاحەدین پێی ناخۆش بووبێ کوردیی پێ بڵێن بگرە لەبەرئەوەیە ئەو هەستە عەشیرەتگەرییەی ئەمڕۆ لەناو موسڵماناندا هەیە ئەوسا بەیانبووە. بۆ بەدبەختییش ئەم

هەستە ئالۆزە ئەنجامێک یانیش بگرە هۆی داکەوتوویی موسڵمانان و وردە وردە لەناوچوونی شان و شکۆیان.

لەگەڵ ئەوەشدا کە مووسڵ و ئامێدی و ڕەواندز کە لە کۆنترین مەڵبەندەکانی کوردانە لەژێر دەسەڵاتی سوڵتان سەلاحەدیندا بووە، پایتەختی خۆی نەگوازتووەتەوە بۆ ئەم ناوچەیە و بایەخی پتر لەوەی شایەنیەتیی نەداوەتێ. وڵاتی کوردان بۆ ئەو کە مەزنترین کوردێکە، وەک هەر پارچەیەکی تری ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامی بووە و بەرژەوەندیی ئیسلامی خستووەتە سەرووی بەرژەوەندیی خودی و بەرژەوەندیی کۆمەڵەکەی.

کارپەسندییەکانی سەلاحەدین و کارە بەرزەکانی لە ئەورووپا زانراون، هەروەک لە هەموو لایەکی ڕۆژهەڵاتدا زانراوە، ئەم کوردە مەزنە بە ویژدانە دەگمەنە بۆ ئەو شا و فەرمانڕەوایانەی دوای خۆی هاتوون داوونەریتێکی بەرزی نێوانی سەرکەوتوو و شکست خواردوو جێ هێشتووە.

ساڵی ١١٨٩ی زاین کە فەرەنگەکان پەیمانشکێنییان کرد کە هێرشیان بردە سەر کاروانەکانی موسڵمانان و بازرگانانیان سەربڕی سەلاحەدین هێزێکی تەمێکارانەی ئامادە کرد و " کووک!! " ی گەمارۆ دا، هەروەها بە هێزێکی گچکەوە کورەکەی (ئەلمەلیکولئەفزەڵ)ی ناردە جەلیل بۆ ئەوەی ڕێ لە سەربازگە سەلیبییەکە بگرێ لە جێی خۆیان نەجووڵێنەوە. لێرەدا توانای سەربازیی سەلاحەدین سەرنج ڕادەکێشێ کە بە ماناورێکی زیرەکانە دوژمنی هێنایە ناو دۆڵێکی داخراوی تەک چیای حیتتین، کە بڕیاری لەناوبردنی هێزەکانی فەرەنگی لە بنەوە دا. بەمەش دوژمنی ناچار کرد بچێتە ناو شەڕێکەوە کە خۆی شوێنەکەی هەڵبژاردبوو.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی دواتر کە فەرەنگ لە دۆڵەکەوە چوونە دەرێ خۆیان بینییەوە لە دەریاچەی بەرامبەرەوە جودا بوونەتەوە کە سەلاحەدین بنکەیەکی بەهێزی لێ داناوە، فەرەنگ چاری تریان نەبوو تەنیا بەرەو پێشەوە چوون نەبێ و هێزی سوارەی تفاق قورسی خاچپەرستان بەر توندترین هێرشی خەست کەوتن کە لەلایەن سوارە تفاق سووکتر و جووڵە تیژڕەوترەکانی موسڵمانانەوە کرایە سەریان، ئەنجامیش ئەوە بووە کە ڕۆژی هەینیی بیست و پێنجی مانگی ڕەبیعولسانیی ٥٨٣، خاچپەرستەکان بەزینێکی خراپ بەزین دە هەزار کوژراو و بە دیل گرتنی " جی دی لوزینان "، کە هەڵسوکەوتی چاکی لەگەڵدا کرا.

سەلاحەدین بە هەموو گوڕوتینێک بە دووی دوژمن کەوت و بەر لەوەی فەرەنگ ڕیزەکانیان ڕێک بخەنەوە سەلاحەدین دەستی بەسەر قەلای تەبەرییەدا گرت و هاوسەری (ڕیمۆند)ی خاوەنی تەرابولس لەناو بە دیل گیراواندا بووە و هەڵسوکەوتی باشی لەگەڵدا کرد و بە ڕێز و حورمەتەوە بۆ مێردەکەی ناردەوە، ئەم پەسنی سوارچاکییە بەرزە نە لەلای دواکەوتوویی و دڕندایەتیی ڕۆژئاوادا و نە لەلای مەکر و غەدری ڕۆژهەڵاتدا زانراو بووە.

ڕوونیی گیانی سەرکردەی کورد و سەربازانی و داوێن پاکییان یارمەتیی بەرزکردنەوەی گیانی

گوزارەییـیانی دا، بە ڕادەیەک کـە هیچ دژواری و سـەختـییـەکیـان لە بەردەمدا نەدەوەسـتـا، هیچ لەشکرێک نەیبەزاندن و هیـچ قەڵایەک یان شارێک نەیوێراوە بەرگریی هێرشەکانیـان بکەن. سوپای سەلاحـەدین نابولس و ئەریحا و ڕامەڵڵا و ئەرسـوف و یافا و بەیرووت و گـەلێک شاری تری یەک بە دوای یەکدا گرت و دانیشتوانیان بە هەموو خـاوێنی و مرۆڤانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کراوە، ژن و منداڵ و پیرەمـێردی ئەزیەت نەداوە و هەڵسوکـەوتی لـەگەڵ دیلەکانی شـەڕیشـدا بە هـەمـوو بەزەیی میهرەبانییەکەوە دەکرد و یەکسەر ئازادی دەکردن.

## گرتنی بەیتولمەقدیس (١١٨٧ی زاین)

بێ ئەوەی بواری حـەسانەوە بە دوژمـن بدا کورده مـەزنەکە ڕووی کرده بەیتـولـەقدیس، ئەم شـارەش لەلای جـوولەکـە و دیان و مـوسـڵـمـانان هـەرهـەمـوویان پیـرۆز بووە، بەلای مـوسـڵـمـانانەوە بە یەکەم ڕووگە (قیبلە) دادەنرێ و سێیەم شاری پیرۆزی دوای مەکە و مەدینە دادەنرێ.

ئیسلام (سێیەم قۆناخە)، واتە پەرە سەندنی کۆتاییی ئەو ئاینەیە کە ئیبراهیم سلاوی

لێ بێ مـوژدانـەی پێ دا، ئیسـلامیش دان بە هـەمـوو ئاینـەکانی پێش خـۆیدا دەنێ و ڕێزیان لێ دەگرێ، ئیسلام نوێترین و دواترینی تیوورییەکانی (ڕێژیمی کۆمـەلایەتی) دەخاتە سـەر ئەو (ڕێژیمە ڕەوشتپەروەرانەیە)ی کـە مەسیحییەت موژدانەی پێ داوە. بەوەش ئیسلام بە دوابەشی ئەو کتێبە دادەنرێ کـە ئیبراهیمی پێغـەمبەر سـلاوی لێ بێ دەسـتی پـێ کرد و هـەریـەک لە مـووسا و عیـسـا بەشی تایبـەت بەخـۆی خسـتووەتە سـەر و لە کۆتاییدا محـەمەدی پێغـەمبـەر سـلاو و درودی لێ بێ هـات و بەشی کۆتاییی پێشکێش کرد و کۆتاییی پێ هێنا.

سـەدەی دوازدەم لە ئەوروپا سـەردەمی دەمـارگرژیی ئاینـی بوو و داگیـرکردنی شـوێنە پیرۆزەکـان بە کار و ئەرکێکی ئەوروپای مەسیحیدا دەژمێررا سـەرباری ئەوەی سوودێکی بازرگانی بوو. چینی بازرگانان بەرەبـەرە لە شـێـوەی چینێکی مـامـناوەندی لەسـەر کـەلاوەکانی کۆمـەڵی دەرەبـەگایەتیی بەرەو داڕمـان بەرەو دەرکـەوتن بوون. نییـەی چینی بازرگـان ئـەم توندیی دەمـارگـرژییـەی "ئاو" ئەندامـانی چینی هـەژار و جـووتیارە نەزانە نەخـوێندەوارانەی قـۆزتەوە و هـەروەها ئەندامـانی چینی بالاشیـان ورووژاند، بـەڵام ئامـانجی سـەرەکی لە پشت ئەم لـەشکرکێشییـە خـاچپـەرسـتـانەیە والا کـردنی ڕێگـە بوو لە بـەردەمی گـواسـتـنـەوەی دەریایی بازرگـانی و دەست بـەسـەر هـەر شـارێکی پیرۆزدا گرتن لەلایە خـاچپەرستـانەوە بنکەیەکی چەسـپـیوی بۆ پرۆژە بازرگـانییەکـانیـان دادەنا و ئامـانجی فراوانبـوونیـانی دەهێنایە دی. بۆیە دەبینین خـاچپـەرسـتـەکـان، ئەوەندەی بایەخیـان بە پێویستییە جەنگییەکان دەدا بایەخیان بە لایەنە ڕەوشتبەرزییەکان نەدەدا.

لە ماوەی فەرمـانڕەواییی موسڵمـاناندا بەیتولمەقدیس وەک شارێکی کراوە بۆ هەمووان مایەوە بە جوولەکە و خرستیان و مـوسڵمانانـەوە، کە پیرۆزیی ئۆرشـەلیم بەلای مـوسڵمانانەوە پێویست دەکا

ڕێز لە هەستی خاوەن کتێبان بگرن و ئیبراهیم و مووسا و عیسا سڵاویان لێ بێ پێغەمبەرانی جوولەکە و دیان و موسڵمانانیشن. بەڵام بەداخێکی زۆرەوە هەر کە ئۆرشەلیم کەوت و نەکەوتە دەس خاچپەرستان بووە قەڵایەکی شەڕی و بنکەیەکی بازرگانی و شوێنە پیرۆزەکان بەڕووی موسڵماناندا داخران، بگرە بەتەواوی موسڵمانان لە شارە پیرۆزەکەوە کرانە دەرێ، بەمەش خاچپەرستان پیرۆزیی بەیتولمەقدیسیان لەناوبرد کە بە بنکەیەکی ڕووتی سەربازییان وەرگێڕا

بەر لەوەش کە سەلاحەدین هیچ هێرشێک بکاتە سەر بەیتولمەقدیس ئەم نامەیەی بۆ سەرکردەکەی نارد : (من دەزانم هەروەک تۆش دەزانی، قودس شارێکی پیرۆزە و من نامەوێ بە خوێنڕشتن گڵاوی بکەم، لە شوورەکانت بکشێرەوە بەشێک لە گەنجینەکانمت پێ دەدەم و هەر ڕووپێوێکی زەویش کە بیچێنی)، و سەرکردەی بەیتولمەقدیس پێشنیازەکەی سەلاحەدینی ڕەت کردەوە و سووکایەتیشی بە نامەبەرەکە کرد. سوڵتانیش شارەکەی گەمارۆ دا و دوای یەک مانگ فەرەنگە گەمارۆدراوەکان لێی پاڕانەوە خۆیان بەدەستەوە بدەن و ئازادیی پێیان بدات.

مەرجەکانی خۆ بەدەستەوە دان تا ئەوپەڕی ئاسانکاریی تێدا بووە، تەنانەت ئێمە بڕوا بەوە دەکەین کە ئەوەی دایناوە سەرکردەیەکی سەربازی نەبووە، بگرە چاکێکی میهرەبان بووە. ئیبنولئەسیر وردەکاریی گەمارۆ و خۆبەدەستەوە دانی سوپای خاچپەرستیی گێڕاوەتەوە و سەلاحەدین متمانەی تەواوی بە دیانە یۆنانی و سوورییەکان داوە و ڕێی داون لە وڵاتدا نیشتەجێ بن و سوود لە هەموو مافێکی مەدەنییانە وەربگرن و لەگەڵ سەرکەوتوواندا یەکسان بن، تەنانەت هێرشبەرە بیانییەکانیش، ئەوانەی لە ئەوروپا و ئیتاڵیاوە هاتبوون ڕێی دانێ چۆنیان دەوێ لە فەڵەستیندا نیشتەجێ بن. ئیبنولئەسیر درێژە بە قسەکانی دەدا و دەڵێ کاتێک (سبیلا)ی شاژنی بەیتولمەقدیس داوای لە پاشا مەزنەکەی کورد کرد ڕێی بداتێ بە یاوەریی کارەکەر و دەستوپێوەندەکانیدا سەفەر بکا، پاشاش ڕێزی لە پەژارەکانی گرت و بەزەیی بە بارودۆخیدا هاتەوە و بە هەموو نەرمونیانی و ناسکییەکەوە دواندی و ژمارەیەک ئافرەت بە گریانەوە دوای کەوتن، منداڵەکانیان هەڵگرت و هەندێکیشیان سوڵتانیان دواند و پێیان گوت: (تۆ دەمانبینی بە پێیان ڕێ دەکەین، ئێمە هاوسەر و دایک و کچانی ئەو شەڕوانانەین کە بە دیلت گرتوون. ئێمە بۆ هەتا هەتایە ئەم وڵاتە جێدەهێڵین و لەوان بەولاوە کەسمان نییە بەخێومان بکات، لەدەستدانی ئەوان لەدەستدانی دوا هیوامانە، جا ئەگەر ئەوانمان بدەیتەوە پەژارەمان لێ لادەبەن و لەم خاکەدا بە خێومان دەکەن. ئەم قسانە کاری زۆری لە سەلاحەدین کرد و یەکسەر هەموو کوڕێکی دایەوە دایکی و هەموو مێردێکی دایە ژنەکەی و بەڵێنی دانێ زۆر بە بەزەییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ هەر یەکێکدا بکا کە لە دیلیدایە.

مێژوو وەک ئەم پیاوەتی و مرۆڤایەتییەی و ئەم هەڵسوکەوتە میهرەبانییەی سەرکەوتووی بەرامبەر شکست خواردوو تۆمار نەکردووە. بەڵام خاچپەرستەکان دوای ئەوەی لە بەیتولمەقدیسەوە گەردنی ئازاد کردن و پەیمانی گەڕانەوە بۆ ئەوروپایان دایێ، پەیمانشکێنییان کرد و لە (سوور)

دەستیان بە جاسووسی کرد. هەر لەو کاتەش دا هێزی پشتگیریی تر لە ئەورووپاوە گەیشت و شاری سوور بە سەرکردایەتیی " کۆنراد مارکیز مۆت فیرات بڕیاری خۆڕاگریی بەرامبەر سەلاحەدین دا، پێش ئەوەی سەرکردەی مەزن قەڵای سوور تێک بدا بڕیاری دا بە درێژاییی ڕۆخی دەریا دەسەڵاتی فەرەنگ لەناو ببا، مەبەستیشی لەمە بڕینی هێڵی ئازووقە هێنان بوو. بەمەش دەستی بەسەر چیای سەیخوون و بەکاسی و بازیار و دێربەرسان و هی تر لە بنکە چالاکەکانی بەرگریی خاچپەرستاندا گرت.

سەرکەوتنە داپڵۆسێنەکانی سەلاحەددین بەسەر خاچپەرستاندا بووە هۆی ورووژاندنەوەی شەپۆلێکی تری نارەزایی لە ئەوروپا. لە جەژنی لەدایکبووندا پاپا بانگەوازێکی دەرکرد بۆ پێکهێنانی پەیمانێک لە نێوانی فریدریکی یەکەمی شای نەمسا و ڕیچارد شێردڵی شای ئینگلتەرا و فلیپی شای فرەنسا، هانیشی دان خاچ بەرز بکەنەوە و لە ئەغستوسی ١١٨٩ دا خاچپەرستان گەمارۆی شاری عەککایان دا، سەلاحەدین یەکسەر بە هانایانەوە چوو.

لە ١١٩١ دا ڕیچارد شێردڵ و فیلیپی شای فرەنسا بە هێزی نوێوە دەرکەوتن. ئەم جارەیان خاچپەرستەکان لە بەندەردا خۆیان گرت و سوودیان لە ڕێی دەریایی بینی. لە ١٢ی تەمموزی ١١٩٢ دا (حامیە)ی گەمارۆدراو لە عەککا خۆی بە دەستەوە دا. کاتێک سەلاحەدین ئەو پارە زۆرەی ڕەت کردەوە کە گەمارۆدراوەکان داوایان کردبوو کوشتارێکی دڕندانە لەناو دیلەکانی هەردوو لادا ئەنجام درا. ئەمەش هاودژییەکە لەگەڵ ئەوەی سەلاحەدین پێی بەناوبانگ بوو لە خۆبوردەیی و هەڵسوکەوتی باشی لەگەڵ خاچپەرستاندا لە شەڕەکانی پێشوودا.

کە دەرکەوت شەڕ بڕیاری چارەنووسی کاروبارەکانی پێ نادرێ، ئەلمەلیکولعادلی برای سەلاحەدین لەگەڵ شا ڕیچارددا کەوتە گفتوگۆکردن کە ئەویش وای پێ باش بوو شەڕ ڕابگیرێ و بگەڕێتەوە ئینگلتەرا بۆ ئەوەی تەختەکەی لەدەست نەدا، بەمەش ئاشتەواییەکی لە ٣ ی نۆڤەمبەری تشرینی دووەمی ١١٩٢ دا مۆر کرد بەو مەرجەی سەلاحەدین هەموو ئەو شوێنانەی گرتوونی بۆ خۆی بمێنێتەوە تەنانەت لیدد و ڕەملە و عەسقەلان و بەیتولمەقدیسیش لەژێر حوکمی موسڵماناندا بمێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەی ڕێ بە دیانان بدرێ حەج بکەن بەو مەجەی چەکدار نەبن.

سەلاحەدین بۆ ماوەیەکی کەم نەبێ ئەم ئاشتییەی بۆ نەچووە سەر و هەر کە لە تشرینی دووەمی ١١٩٢ دا لە قودسەوە چووە دیمەشق ئەوەندەی پێ نەچوو لە شوباتی ١١٩٣ دا لە تەمەنی ٥٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. سوڵتان سەلاحەدین بەر لە مردنی، ئیمپراتۆرییەتە فراوانەکەی دابەش کردبوو، کە دیمەشق و سووریای باشووری دابووە ئەلمەلیکولئەفزەڵی کوڕە گەورەی و میسری دابووە ئەلمەلیکولعەزیز و حەلەب و سووریای باکوری دابووە ئەلمەلیکولداهری کوڕە گچکەکەی و وڵاتی نێوان دوو ڕووبار (کە نیشتیمانی کوردانی تێدایە) دابووە ئەلمەلیکولعادیلی برای.

بۆ بەدبەختی دوو کوڕی گەورەترین قارەمانی کورد بێ بایەخ نەدان و ناشایستەیی خۆیان بۆ

ئەو ناوە گەورەیەی باوکیان بۆیانی جێ هێشت و ئەوەندەی نەبرد دووبەرەکییان کەوتە ناو، کە یارمەتیی لاوازبوونی شکۆیان و بەرەبەرە ڕووخانی دەوڵەتەکەیانی دا.

لە ئەوروپاش کە گڕ و تینی داگیرکردنی خاکە پیرۆزەکان دامرکایەوە و بە نەمانی ئەم مەترسییە دەرەکییەش پاشا موسڵمانەکان و میرەکانیان ناکۆکییەکان و جیاوازییەکانی ناوخۆیان دەست پێ کردەوە و سەرەڕای ئەو پەشێوییەی دوای مردنی سەلاحەدین هاتە کایەوە سەردەمی دەوڵەتی ئەیووبی سەردەمێکی زێڕینی مێژووی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بوو. سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی لەسەر بناخەیەکی ڕاست دانرابوو، شەریعەتی ئیسلام قانوونەکانی موسڵمانان بوو و پاشاکان بایەخێکی تایبەتیان بە کشتوکاڵ دەدا و ئەو ئاوەڕۆیانەی هەبوون چاکسازییان تێدا دەکرا و چەندان کەناڵی تازەشیان لە باکوری نێوانی دوو ڕووبار و سووریا و میسردا لێدا و بازرگانی پەرەی سەند، کە خێروبێر و کامەرانیی بۆ ڕۆڵەکانی گەل دابین کرد.

ئەو شەڕانەی لەگەڵ خاچپەرستاندا بەرپا بوون نەبوونە هۆی وروژاندنی دوژمنایەتی لەگەڵ دیانە عەرەبەکان، بگرە دیانەکان لە ڕاستیدا بە بڕبڕەی پشتی چینی بازرگان و پیشەوەران دادەنرێن کە پێوەندییە بازرگانییەکانیان بە ئەوروپای مەسیحییەوە پاراست و پێوەندییان بە سوارە خاچپەرستەکان بەتایبەتی لە ماوەکانی ئاشتیدا کە بە دوای شەڕەکانەوە دەهات یارمەتیی گوڕینەوەی ڕۆشنبیریی دا کە توخمی قانوونگەلی سوارچاکی و نەریتەکانی و قانوونگەلی نەنووسراوەی شەڕی نێوان دوو گەلی شارستانی بوو، بەڵکو زۆرێک لە ڕۆشنبیریی ئێستامان بەتایبەتی قانوونەکانی شەڕ (قانوونی نەنووسراوە، کە توخمی پەیمانی جنێڤە لەبارەی شەڕەکانەوە و قانوونەکانی خاچی سوور و هی تر) تۆوەکانیان لە سەردەمی ئەیووبییان لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا دانراون.

بۆ بەدبەختی، ئەو سەردەمە گەشەسەندووە لە مێژووی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و مێژووی کوردان بەتایبەتی، خراپترین سەردەمی تاریکی مێژووی جیهانی بە دوادا هاتووە و لێرەدا ئاماژە بۆ ئەو سەردەمە دەکەم کە لەشکرەیلی دڕندەی جەنگیزخان ناوەڕاستی ئاسیای ڕاماڵی و تاهەتایە ئەوەی سەدەگەلێکی شارستانیی گەشەسەندوو جێی هێشتبوو تێکوپێک دا و کەلەپووری ئومەتێکی لەناو برد لەلایەن پێشکەوتن و گەشەسەندنەوە پێش ئومەتان کەوتبوو.

## هێرشی مەنگۆل

مێژوو جارێکی کە هێرشگەلێکی لە باکوری ڕۆهەڵاتەوە هاتووی بینی کە دزێوترین شوێنەواری لەسەر ڕووی گۆی زەویدا هێشتەوە. با بگەڕێینەوە دواوە بۆ ساڵی ١١٦٤ی زاین کە یاسوکای سەرەک عەشیرەتی یاکای مەنگۆل کوڕێکی بوو لە ناوەڕاستی بیابانی جووبیی وشکوبرینگدا و منداڵەکە ناو نرا " تیمۆجین "، کە دواتر جیهان بە ناوی جەنگیزخانەوەی ناسی.

پیشەی سەرەکیی مەنگۆل ڕاووشکار و هێرشبردن بوو، وا ڕێک کەوت یاسووکا هێرشی کردە سەر یەک لە عەشیرەتە مەنگۆلە دراوسێکان و "خۆلووین"ی کچی سەرەک عەشیرەتەکەی ڕفاند. خۆلووین جوانی سەردەمی خۆی بووە و بە بالایەکی بڵند و سینگێکی بەرز و تەنێکی جوان و ئەفسوونی چاوەکانییەوە تایبەتمەندیی هەبووە. وەکو باسیش کراوە گوایە خۆلووین بە خۆی نەخشەی ڕەدووکەوتنی لەگەڵ یاسووکای دڵداریدا داناوە. بەم جۆرە جوانیی مەنگۆل بۆی نووسرا کە ببێتە دایکی تیمۆجینی ئەو نەفرەتی مرۆڤایەتییەی دواتر بەناوی جەنگیزخانەوە ناسراوە.

بڕیارم دا بەشێکی تەواوی ئەم کتێبەم بۆ هێرشەکانی ئەم مەنگۆلییە بە دەسەڵاتە تەرخان بکەم، کە تەرخانکردنی لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل بۆ ئەم " نەفرەتی مرۆڤایەتی " یە لەم کتێبەدا دەرچوون نییە لە بابەتەکە، کە مێژوو ئەوەی سەلماندووە کورد تاکە نەتەوەیەکە مەنگۆلیان تۆقاندووە و بەرەنگاریان بوون و بەزاندوویانن هەر بەو شێوەیەی خۆیان، وڵاتی کورد تاکە وڵاتێکە مەنگۆل نەیانوێراوە بە کارە دڕندانەکانیان وێرانی بکەن هەر وەک لە وڵاتانی تریان کرد.

لەوانەشە گەلێک هۆ هەبووبێ بۆ ترسی نائاساییی مەنگۆل لە نەتەوەی کورد، بەڵام بەبایەخترینی ئەم هۆیانە لێکچوونی زۆری نێوان کورد و مەنگۆل، لە داوونەریت و ژیانی عەشیرەتگەریی ڕەوەندانەیاندا، وڵاتی کوردان وەک وڵاتی مەنگۆل سەخت و کەمپیتە، هەروەها کورد توانای گەورەی بەرگەگرتنی زەحمەتییەکان وەک توانای مەنگۆلە. ئەمەش ئەو پەندەی لەگەڵدا دەگونجێ کە دەڵێ (ئاسن نەبێ ئاسن ناشکێنێ)، هۆی دووەمیش ئەوەیە کە مەنگۆلییەکان بەسەرکردایەتیی هۆلاکۆ خانی نەوەی جەنگیزخان لە ٣ ی سێپتەمبەری ١٢٦٠ دا لە شەڕی " عەین جالووت لە فەلەستین تووشی شکستێکی گەورە بوون بە هۆی ئازایی سوارچاکە لە سوپای سوڵتان بیبەرس ڕێکخراوەکانی سەردەمی کۆیلەمەندە (مەمالیک)ەکانەوە.

کتێبەکانی مێژووی هاوچەرخ ئەوە دەگەیەنێ کە شەڕوانی کورد بوونەتە جێی مەترسی و تۆقینی مەنگۆلە دڕندەکان، لە کاتێکدا ترساندن و تۆقاندنی مەنگۆل زۆر زەحمەتە، مەنگۆلی کە بیەوێ نێچیرە ئاژەڵەکانی بخوا بە سەربڕینەوەی ناکوژێتەوە بگرە هێشتا چوارپەلی دەبەستێ و ئینجا شمشێرەکەی دەگرێتە دەست و بە سینگی نێچیرە زیندووەکەیدا ڕادەکا و دڵی دەردەهێنێ و بە گەرمی خوێنی دەمژێ، هەروەک ئێمە دۆشاوی پرتەقاڵێکی کاڵ دەمژین و دڵە خوێن لێ چۆڕاوەکە بەسەر ئامادەبوواندا دەگەڕێ تا هەموو ئەو خوێنەی تێدایە کۆتایی دێ و هەر لەو کاتەشدا ئاژەڵەکە دەمرێ و دەست بە برژاندنی دەکرێ، مەنگۆلی وەک ئەمە دڕندە لەلایەن سوارچاکی کوردەوە بەرەنگاری بەرگرییەکی توند دەبێ، بەڵکو بۆ یەکەم جاریش لە مێژوودا لەسەر دەستی کورد تووشی بەزینێکی شەرمهێن دەبێ لەشکرکێشیی ڕەگەزی دڕندە ناچاری ڕوو وەرگێڕان و لە بەردەم دوژمنیدا هەڵبێ کە لە هێزدا لەو پتر نەبێ هاوتایەتی.

## لاوێتیی تیمۆجین

تیـمـۆجین بە چواردە سـاڵی باوکی لە دەست داوە و نـاچاری پاراسـتـنی دەسـەڵاتی خـۆی بکا لەناو عەشیرەتی (یاکا) دا کە ئاژاوە و نائارامیی تێ کەوتووە سەرەڕای ڕزگارکردنی ژیانی خودی خۆی لە دەس چەند زڕبرایەکدا کە هەوڵی کوشتنیان داوە بۆ ئەوەی دەسـەڵاتی ناو کەسانی عـەشیـرەتی یاکـای هـێـزتونددا بگرنە دەست. وا ڕێککەوت کـە تیـمـۆجین و دایک و خـوشک و براکـانـی بۆ ڕزگـارکـردنی خـۆیان هـەڵهـاتوون و چەندان مـانگ لە ترسی دوژمنان لە دەشت و دەردا ژیاون و ئەوسـا کـە تیمـۆجین هێـشـتـا مێـردمنداڵ بووە و ئازایەتیی دەگـمـەن و دلێری و ویسـتـی مـانەوە و زیرەکـیی نائاسـایی نەبێ هـیـچی تـر ڕزگـاری نەکـردووە و لەو کـاتانەدا کـە لەلایەن دوژمـنـانییـەوە ڕاوەدوو نراوە ناچاری دەستبەرداربوون بووە لە هاوسەرەکەی کە لەلایەن عەشیرەتی تەرجووقییەوە بە دیل دەگیرێ، کە لە دوچمنترینی دوژمنانی عەشیرەتی یاکا بووە.

هـەروەها ڕووداوێکی سـەیر بەسـەر تیـمـۆجینی بچووکدا هـاتووە، کـە دوژمنانی گرتوویانە و دوو دەست و ملی خـراوەتە ناو کـەرتی دوو تەخـتـەدارەوە و بـە توندی داخـراون و قـفـڵ کـراون لە ڕەشمـاڵێکیان داناوە و پاسەوانێکیشیان بەسەرەوە داناوە. بەشـەو تیمـۆجین ئەو تەختـەیەی تێیدا بەند کراوە دەکێشێ بەسەر پاسەوانەکەدا و لە سەربازگەی دوژمنانەوە هەڵدێ.

سێ ڕۆژ تیـمـۆجین دەمـێنێـتـەوە، بە ڕۆژ خـۆی شـاردووەتەوە و بەشـەو ڕێی کـردووە، تا تووشی مـەنگۆلییـەکی سـەر بـە عـەشیـرەتێکی تر هـاتووە کە دڵنـاوا بووە و بەندەکـەی کـردووەتەوە و چەند ڕۆژێک نانی داوەتێ تا هـاتووەتەوە سـەر خۆ ئینجا ئەسپێکی تیژڕەو و کەوانێک و تیردانێکی پڕ لە تیری دەداتێ.

تیـمـۆجین دوای ڕاگـوزارییـەکی نـاو بیـابانێلێکی ڕووت و چیـاگـەلی سـەخت دەتوانێ بگـاتە خێوەتگەی عەشیرەتەکەی.

لەوانەیە لەم مـاوەیـەدا تیـمـۆجین بەوە قـایل بووە کـە هۆی سـەرەکـیی ژیـانـی مـرۆ ئاگـەداربوونە لە خودی خۆی و کوشتنی مرۆی تر بۆ بەرگری لە خۆ تەواوێک کارێکی ئاسـاییـیە وەک سـەربڕینی ئاژەڵێکە بۆ خـواردنی گۆشـتـەکـەی. تیمـۆجین هـەر لەو قـۆناخـە بەرایییـانەی ژیانییـەوە بڕوای بەوە هێنابوو کە جیاوازییەک لە نێوانی ژیانی مرۆڤ و ژیانی ئاژەڵدا نییە، کە کوشتنی مرۆیەک کارێکی ئاساییە و پاساوی هەیە کە کەسەکەی پێ بگاتە ئامانجەکانی.

### بەهێزکردنی دەسەڵاتی لە ناوەوەدا

دوای ئەوەی تیمۆجـین لە منداڵییەوە لە شەڕدا قـاڵ بوو بڕیاری دا بە شـەڕ عەشیرەتـەکانی کاریت و مـەرکـیت و نایمان و یوجـور یەک بخـات، ئەمـەشی لە مـاوەی تەنیـا دوو سـاڵدا بـۆ چووە سـەر و

تیمۆجینی لاو دوای ئەوەی پەیمانێکی لەگەڵ تۆغرولْ خان بەست، دەستی بە هێرش و کردنەوەکانی لە ئیمپراتۆرییەتە فراوانەکەی چیندا دەست پێ کرد، نەخشەکەشی بەم شێوەیە دەستی پێ کرد: بازرگانان هەواڵی دوور و درێژیان لەبارەی ژیان لە پەکیندا بۆ هێنا و ئینجا خان هێزێکی دیدەوانیی بۆ تاقیکردنەوەی هێزی چینییان نارد، بەوەش زانیی کە سەرەڕای پێشکەوتنی گەورەیان لەو شارستانیی ڕەگ داکوتاویان ژیانێکی نەرم و نیان دەژیان و ئازایەتییان توانستی بەرگریکردنی دوژمنێکی دڵپڕهێزیان لێ کەمە، ساڵی ١٢١٠ لەشکری خانی مەزن بەسەر ئیمپراتۆرییەتی خاک فراوانی چیندا دا.

لەشکرکێشیی مەنگۆل سێ لاوە هێرشیان بردە سەر ئیمپراتۆرییەتی چینی پیرۆز، لە باشووردا سێ لە کوڕانی جەنگیز خان بە هەرێمی شانسیدا چوونە ژووری و لە باکوردا جووشیی کوڕە هەرە گچکەی جەنگیزخان چیای خینجوونی بەزاند و چووە پاڵ هێزەکانی لیاونونعە، لە کاتێکدا جەنگیزخان بە ناوەندی لەشکرەکانییەوە گەیشتە ڕۆخەکانی ئۆقیانووسی گەورە، بۆ پشت یان کینج و هەرسێ لەشکرەکە بە سەربەخۆیی کاریان کردووە، بەڵام هەرهەموو پێڕەویی ئەو نەخشەیەیان کردووە کە جەنگیزخان بۆیانی داناوە.

مەنگۆلەکان هەرچەند پێشڕەوییان کردووە هەموو ئەو شارە شوورەکراوانەیان گەمارۆ داوە کە لەسەر ڕێیان بوون و دوای گرتنی شارەکان سەرەتا گەورە پیاوانیان دەگرت و دەیانکوشتن، ئینجا هەموو کەسێکی تەندروستیان بە دیل دەگرت و لە یەکەم هێرشیاندا بۆ سەر شارێکی تر ئەم دیلانەیان بە پێشەوەیانەوە دەڕوانی و لێرەشدا خانی مەزن بنەواکانی شەڕی گشتگیر و شەڕی دەمارگیریی دژ بە دوژمنانی بەکار دەهێنا، واتەی شەڕی دەمارگیریش ئەوەیە کە خانی مەزن گیانی گوزارەییی دوژمنان و توانای بەرگرییان بەر لە بەیەکداچوونی بە کردەوەی دوو لەشکرەکە لەناو ببات.

ساڵی ١٢١٤ پەیمانی ئاشتی مۆر کرا و ئیمپراتۆری چین پێنج سەد لاوی پێشکێشی خان کرد و ئەوەندەی ئەوەش کەنیزەکی جوان و ڕەوەیەک ئەسپی ڕەسەن و بارگەلێک لە ئاوریشمی سروشتی و زێڕ پێشکێشی خودی جەنگیزخان کرد، هەروەها ئافرەتێکی لە بنەماڵەی شاهانەی تای تایی چینیی پێشکێش کرا، لە پاڵ ئەمانەشدا دەرباری ئیمپراتۆری لە پەکین بەڵێنی دا کە دەست لە کاروباری ئەو وڵاتانە وەرنەدا کە لە دەوروبەری ئیمپراتۆرییەتی چیندان و بەمەش ئەو وڵاتانە خرانە ژێر دەسەڵاتی مەنگۆلەکان و جەنگیزخانیش سێ وانەی لەم سەرکەوتنانەوە وەدەست هێنا:

١- یەکەمیان و گەورەترینیان ئەوە بوو کە متمانەی بە خۆی پەیدا کرد کە دەتوانێ تەختی چینی پیرۆز ببەزێنێ.

٢- دووەمیان ئەوەیە کە لە کاتی هێرش کردنە سەر دەوڵەتێکی خاک فراوان باشتر وایە لە چەند

بەرەیەکەوە هێرشی بکرێتە سەر بە پێی نەخشەیەکی گشتیی ڕێکوپێک، ئەمەش دوژمن ناچار دەکا هێزی خۆی دابەش و پەرت بکا لە چەند لایەکی لێک دوور، هەروەها سەر لە دوژمن دەشێوێنێ: کام فەیلەق لە هێزە هێرش بەرەکان لەوانەی تر لە ڕووی بەرگرییەوە بە بایەخترن؟

٣- سێیەم وانە کە جەنگیزخان و هەموو جیهان سوودیان لێ وەرگرت تایبەتمەندیی جەنگیی شەڕی گشتگیرە، کە شەڕ " گەمەیەکی گشتگیرە " و گەمەیەکی تا کۆتاییە " بۆیە جێبەجێکردنی بنەواکانی شەڕی گشتگیر لە سەرەتادا دوو سوودی گەورەی لێ ئەنجام دەدرێ:

بەکارهێنانی هۆیە سەرکوتکەرەوە گشتگیرییەکان لە سەرەتادا سەرکەوتن بە دەست دەهێنێ و سەرکەوتنە بەراییەکانیش لە مەیدانەکانی شەڕدا هەردەم گیانی گوزارەیی دەوڵەتی سەرکەوتوو بەرز دەکاتەوە و گیانی گوزارەیی دوژمن دەڕووخێنێ و ڕووخاندنی تەواو لەناو هێزەکانی دوژمندا دوای هەستکردن بە ترس و تۆقینەوە ڕوودەدا و بەوەش بەهۆیەکی کاریگەر دادەنرێ بۆ لەناوبردنی هێزی دەوڵەتی بەرگریکار بەشێوەیەکی گشتی و بەسەر بەرگریی هێزەکانی دوژمن بەشێوەیەکی تایبەتی.

خراپییەکانیشی ئەوەیە کە سەرەرای بەجێهێنانی ئامانجی شەڕ بە، بەکارهێنانی هۆیە تێکدەرە گشتگیرەکان، ئامانجی بەرزی تێدا هەرگیز نابێ و نابینرێ و مێژوو ئەم جۆرە هۆیانە پەسند ناکا. هەروەک لە هەڵمەتی دواتردا دەبینین چۆن جەنگیزخان سوودی گەورەی لەمە بینیوە.

ساڵی ١٢١٥ دوای ئەوەی جەنگیزخان پەکین دەگرێ جووشیی کوڕی بەرەو ڕۆئاوا دەنێرێ بۆ شەڕی مارکیتییەکان کە لەگەڵ عەشیرەتی نایماندا پەیمانیان بەستووە و دەخزێنە ناو وڵاتەکەیان کە لەسەر ڕۆخی دەریاچەی بایکاڵ و بەرەو ژوورەوە بۆ ناو دەشتەکانی قرغیز و لە کاتێکدا جووشی خەریکی هێرشەکەی بوو لەگەڵ سوپایەکی موسڵماندا بە یەکدا چوون کە سەر بە شای خوارزم بوو لە نێزیک بوخارای ناوەڕاستی ئاسیا و هەر لەوساشەوە پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوانی خانی مەزن و شای خوارزمی موسڵمان دەستی پێ کرد.

### بەرەو ڕۆئاوا بوونەوەی خان

دوای ئەوەی خانی مەزن لە هەموو خاڵە لاواز و بە هێزەکانی شای موسڵمان بە وردی لێکۆڵییەوە، بڕیاری بە لەشکرەوە پێشڕەویی بەرەو ڕووی دا و ساڵی ١٢١٨ خان باڵوێزگەلێکی ناردە لای شای خوارزم، نامەیەکیان پێ بووە تێیدا بەشێوەی شا بۆ والییەکی خۆی دوابوو، بەمەش شای خوارزم تووڕە بوو و سووکایەتیی بە باڵوێزەکانی خانی مەزن کرد و کاری بۆ ئەوە کرد بەر لەوەی سنوور جێ بهێڵن بیانکوژن، بەمەش ئەو هەلە بۆ جەنگیزخان ڕەخسا کە چاوەڕوانی بوو بۆ ئەوەی هێرش بباتە سەر ئاسیای ناوەڕاست و دەسەڵاتی بەسەردا ڕابگەیەنێ و ئەم جارەیان خان لە چوار بەرەوە هێرشەکەی کرد، بەڵام جموجووڵی هەرچوار لەشکرەکەی لە یەک کاتدا ڕێک خستبوو.

بەخۆی سەرکردایەتیی باشترین سەربازەکانی دەکرد و کورەکانیشی بۆ گەمارۆدانی قەڵا و باروەکانی سەر سنووری تەرخان کردبوون و بە خۆی پێشڕەویی بە ناو وڵاتەکەدا کرد و تا گەیشتە بوخارا و دوای گەمارۆیەکی کورت گرتی و بە وێرانکردن وێرانی کرد و کردی بە کەلاوە و شای خوارزم " خوارزم شا " توانی هەڵبێ و بە چەند سەربازێکی هەڵبژاردەی خۆیەوە بەرەو باشوور هەڵکشا و بەرەو بەلخ و ئینجا لە ڕێی هیراتەوە بۆ نیشاپووری سەر سنووری ڕۆژهەڵاتی ئێران.

## بەزینی عەلائەدینی شای خوارزم

جەنگیزخان چون سێبەری نەفرەت لێکراو دوای شا کەوت و ساڵی ١٢٢١ زۆرداری هێزدار دەستی بەسەر نیشاپووردا گرت کە لەشکرە بەدکارەکەی کرداری سەربڕینێکی بەرفراوانی بەرامبەر پیر و ئافرەت و منداڵ ئەنجام دا. نیشاپوور شارێکی گەورە و ئاپۆرە و پایتەختی سەلجووقییانی فارس بووە و ئیبن خەلدوون وەک بنکەیەکی چالاکی تەونەڕێگەگەلی لە باکوورەوە بۆ باشوور و لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا باس کردووە.. ئەو شارە جوانە بەهەشتی خوا بووە لەسەر زەوییدا و خانووەکانی بەسەر لاپاڵی ئەو چیایانەدا بڵاو بووەتەوە کە ئێستاکە گەمارۆی شاری نیشاپووری چۆڵ کراو دەدەن.

مێژوونووسە هاوچەرخەکانیش باس لەوە دەکەن چۆن مەنگۆل ١٧٤٧٠٠٠ یان لە دانیشتووانی ئەو شارە بە پیر و ژن و منداڵەوە لەناو بردووە، هەروەک چۆن ١٦٠٠٠٠٠ یان لە شاری هیرات و دەوروبەریدا سەربڕیوە و وێرانیان کردووە تا کردوویانەتە تەختاییەکی ڕووت، بەڵام شاری نیشاپوور خانووەکانی هەرهەموو ڕووخێنران و ئەو زەوییەی لەسەریدا دروست کرابوو کێڵراوە و جۆی لێ چێنراوە.

ئەوەی شایەنی ئاماژە پێکردنە ئەوەیە کە مەنگۆل هیچ شارێکیان لە ئاسیای بچووکدا بەڕێگەی شەڕی خاوێن و پاک داگیر نەکردووە، بوخارا و مەروو و هیرات و نیشاپوور یەک بە دوای یەکدا بەڕێگەی فێڵ و پیلان و بەکارهێنانی هەموو هۆیەکی تۆقاندن و ترساندن بەرامبەر فەرمانڕەوایانی ئەو شارە موسڵمانانە داگیر کراون، لە هەموو ئەو بارانەدا ئەمانی حاکمە موسڵمانەکان و کەسانی ناو پاسگەکانی ئەو شارانە داوە و بەڵێنی پاراستنی گیان و سامانیا داونەتێ ئەگەر خۆیان بە دەستەوە بدەن، کەچی هەر کە دەروازەکانی شارەکان کراونەتەوە سەربازانی جەنگیزخان بێ بەزەییانە دەستیان بە سەربڕینی پیاو و ژن و منداڵان کردووە.

ئا لەم سنوورەدا جەنگیزخان لەشکرکێشییەکەی ڕاگرت و ڕووی کردە ڕۆژهەڵات بۆ بە دواداچوونی جەلالەدینی میری خوارزم و سوپایەکی بەهێزی بە سەرکردایەتیی (توولی)ی کوڕە گچکەی بۆ شوێنپێ هەڵگرتنی ئەوەی لە لەشکری تورکمانی مابوونەوە، کە بە ئێراندا بەرەو وڵاتی میسۆپۆتامیا هەڵاتن. توولی لە ڕاوەدوونانەوەی لەشکری تورکماندا دەبوو بە بیابانی (لووت)ی

ڕۆهەڵاتی ئێراندا تێپەڕێ و تا گەیشتە بەر دەرگەکانی هەمەدان و ئەو ڕێنوێنییانەی درابووە توولی فەرمانی لێکهەڵوەشاندنەوەی بوونی تورکمان، یانیش بەیەکجاری لەناوبردنیان بوو.

تا ئەوێ توولی توانی بە ناو وڵاتی موسڵمانانداندا بچێ و هەروەک کێردێک بە ناو پارچە کەرەیەکدا بچێ وەها بوو. هیچ تەگەرەیەک لە بەردەمی ئەو مەنگۆلە لاوە خواست بەهێزە ڕانەوەستا، نە گەرمایی سووتێنەری خۆر و نە بیابانی لووتی ڕەقوتەقی بەرفراوان و ڕێگە سەختەکانی، بەڵام لەوێندەرێ، لەلای دەروازەکانی هەمەداندا توولی تووشی تەگەرەیەک بوو لە هەموو تەگەرەکان گەورەتر.

## کورد ڕەوتی شەڕ دەگۆڕن

پێدەشت و کێوەکانی هەمەدان نیشتمانی ئەو عەشایەرە کوردە بوو کە گونجاوترینی ئەوانە بوون بەرەنگاری مەنگۆلە دڵڕەقەکان ببنەوە لەبەر ئەو ئازایی و بە جەرگی و توانستەی بەرگەگری زەحمەتییانە و بە پێی شەرەفنامە و چیرۆکە ناوەخۆییە میللییەکان، مەنگۆلەکان لە دووریی چوار میلی هەمەدانەوە لەشکرگەیان دانا. توولی و سەربازەکانی هەر ئەوەندە ستاری گرت و نەگرت، لەلایەن کوردە گۆرانە بە هێز و تواناکانەوە تووشی هێرشگەلێکی تیژڕەو و یەک لە دوای یەک هات. هەروەک نەریت مەنگۆل بڕیاری لەناوبردنی کوردە گۆرانەکانیان دا و لەشکرگەلێکی بەهێزیان بە دوویانەوە نارد، ئا لێرەدا جارێکی تر کورد سەلماندی کە چاکترین هاوسەنگ و هاوتای سەربازە بەزین نەزانەکانی جەنگیزخانن.

مەنگۆلەکانیش (وەک چینییەکانی ئەمڕۆ) لە خزانە ناو ڕیزەکانی دوژمن و کێشکردنیاندا پسپۆڕ بوون، بەڵام کورد، بۆ یەکەم جاری بوو لە مێژوودا لە جیاتی ئەوەی مەنگۆل کێشیان بکەن ئەوان مەنگۆلیان کێشایە ئەو زەویی شەڕەی بەخۆیان هەڵیان بژارد لەو ناوچە چیاییەی لە نێزیک کرماشانەوە بوو و هێزەکانی توولی لە بنەوە لەناو برا.

جەنگیزخان بەم بەزینە سەرشۆڕکەرەوەیەی بەسەر لەشکرە مەزنەکەیدا هات ئێجگار تووڕە بوو و کارێکی قووڵی تێ کرد، یەکسەر توولیی بانگ کرد و بە پەلە گەڕایەوە نیشتمانەکەی خۆی بۆ دامرکاندنەوەی ئاژاوەیەک کە لە نێوان مەغۆلدا لە بیابانی جووبیدا بەرپا بووبوو، بەمەش کوردە گۆرانە ئازاکان بەغدایان لە وێرانکارییەکی ڕاستەقینە ڕزگار کرد. ئەگەر ئەوسا بەغدا لە دەست بدرایە، گومان لەوەدا نییە کە هێرشی وێرانکەری مەنگۆل دەگەیشتە باکوری ئەفریقیا لەبەر نەبوونی دەوڵەتێکی بەهێزی ئەوسا کە بتوانێ لە دوای عێراقەوە خۆی ڕابگرێ. با مێژووی جەنگیزخان لێرە بەجێ بهێڵین، کە ماوەی چل ساڵێک جیهان ئەو زامانەی خۆی دەلێستەوە کە مەنگۆلەکان تێیان خستبوون.

## داهێزران

لە ماوەی ئەم ئاژاوە و نائارامییەدا عەشیرەتە کوردەکان سەبەخۆیی خۆیان پتر دەستخست و سەرەکخێڵەکان وردە وردە لە بەسەریاندا زاڵبوونی سیاسی و کارگێڕیی جێنشین (خەلیفە)ی بەغدا ڕزگاریان بوو. ساڵی ١٢٤٢ ش موستەنیری جێنشین مرد و عەبدوڵڵا ئەبوئەحمەدی کوڕی واتە: (ئەلموستەنسیر بیللا) کە لاواز و ڕاڕا و نوقمی ڕابواردن بوو هاتە جێی.

ناکۆکی لەناو ڕێبازە ئاینییە ئیسلامییەکاندا بەرپا بوو کە ئەوساکە تەنیا چوار ڕێباز بوون (سوونی و شیعە و حەنەفی و حەنبەلی)* بوون " سوپاس بۆ خوا کە تەنیا چوار بوون "، ئەم دابەش بوونە لەناو دانیشتووانی بەغدادا بووە هۆی لاوازی و داهێزران.

لە کاتێکدا ناوەندی جێنشینێتی لە سەربەرەوخوار بوونەوەی هەمیشەییدا بووە، ئەو ویلایەتانەی باجی دەدایێ تا دەهات بەهێزتر و سەربەخۆتر دەبوو و ئەو پاشا و ئاغا کوردانەی خۆیان بە لایەنگیری دەزانی تەواوێک لە حکوومەتی بەغدا سەربەخۆ بوون و کوردە گۆرانەکان لە کرماشان و کوردە بارزانییەکان لە باکور شایەنی ئەوە بوون شانازی بەو دەورانەیانەوە بکەن کە لە بەزاندنی هێزەکانی جەنگیزخاندا بینییان و شایستەی ئەوە بوون لە هەر دەسەڵاتێکی ناوەندی سەربەخۆ بن.

## سەجەرەی بنەماڵەی جەنگیز خان

چیرۆکبێژ و دەنگبێژە کوردەکان بابەتگەلێکی زۆریان دەست کەوت بۆ ئەو چیرۆک و گۆرانییانەیان کە باس لە ئازایەتی و پاڵەوانێتیی سوارچاکانی کورد بکەن، لەمانە چیرۆکی عەڤدۆ ئاغای سەرکردەی کورد کە بیستی مەنگۆلە دڕندەکان هەڵسوکەوتی خراپیان لەگەڵ زەکییەی دەزگیرانیدا کردووە و کوشتوویانە، ڕاپەڕی و شمشێری هەڵکێشا و ڕاست و چەپ بە ناو ڕیزەکانی مەنگۆلدا کەوت. دوای ئەوەی بە تەنیا سەدانی لێ کوشتن گەیشتە لەشکرگای توولیی کوڕی جەنگیزخان کە بە ڕێژنەیەک تیر و نێزە ئەسپەکەی دەکوژن و بە پیادەیی دەجەنگێ تا دەگاتە بەر دەرگەی خێوەتی توولی و لەوێ دەکوژرێ. ئەفسانەکە درێژەی دەداتێ و دەڵێ (توولی بەخۆی بە خەنجەر سینگی پاڵەوان هەڵدەدڕێ و دڵە خوێناوییەکەی دەردەهێنێ و وەک چیرۆکە میللییە کوردییەکان دەڵێن ئەو شەوە لەسەر خوانی سەرکردەی مەنگۆلیدا پێشکێش دەکرێ).

هەر لەو کاتەشدا عەشیرەتە کوردییەکان بەتەواوی لە دەسەڵاتی بەغدای سیاسی سەربەخۆ بوون، هەرچەندە دەسەڵاتی جێنشینی بەغدای ئاینی و گیانی، بەسەر ئاغا و پێشەواکاندا هێشتا بەهێز بووە. بەم جۆرە موسڵمانەکان وەک یەک نەتەوە لاواز بوون. تەنانەت لەناو خودی عەرەب بە خۆشیاندا دەمارگیریی عەشیرەتگەری لە پاڵ دابەشبوونی تایفەگەری هەموو ئەو کارانەی موسڵمانان بە درێژاییی سەدەگەلێکی درێژ لە شانازی بۆ پێکهێنانی نەتەوەی موسڵمان لە

عەشیرەت و ڕەگەزە جیاکانەوە ئەنجام درابوو وەک هەر نەبووبن وایان لێ هات.

ئەگەر ئەو زاراوەیەمان لا پەسند بێ کە دەڵێ نەتەوە لە کۆمەڵە مرۆیەک پێکهاتووە کە بڕوایان بەوە هەیە هەموویان سەر بە یەکترین، ئەو جیاوازییانەی زمان و سنووره هەرێمی و جوگرافییەکان و جیاوازیی ڕەگەز یان ڕەنگ وەلاوە دەنێین. پێغەمبەریش دروودی خوای لێ بێ بۆ یەکگرتنی ژمارەیەک لە گەلە جیاکان لەناو یەک کۆمەڵدا تێکۆشاوە، بە خواستی خۆت ناوی دەوڵەتی لێ بنێ یانیش بە ناوە ئاینییەکەوە ناوی بنێ نەتەوەی موسڵمان.

پێویست بوو نەتەوەی موسڵمان جۆرە ژیانێکی تایبەت بژی، تەواوێ جیاواز لەوەی خەڵکی ئەم سەردەمە، پێویست بوو تاکەکانی بەپێی ئەو بنەوایانەی (هەڵسوکەوتی خودی)ی تاک " ڕێک دەخا " بژین و وەک نەتەوە بەپێی یاسایەلێک کە " هەڵسوکەوتی بەکۆمەڵ " ی موسڵمانان ڕێک دەخا، ئەو یاسا و بنەوایانەی کە قورئانی پیرۆز و ڕێبازی پێغەمبەر (دروودی لێ بێ) و ئامانج لە هەموو ئەمانە، سەرەڕای سرووتە ئاینییەکانی موسڵمانان (نوێژ و ڕۆژوو و حەج و هی تر) یەک بووە، ئەویش پێکهێنانی یەک نەتەوە لە نێوانی گەلانی جۆراوجۆر نەریتی خاوێنت و چاکتری ببێ لە هەموو جیهاندا بە ناوی " نەتەوەی موسڵمان " ەوە ناو بنرێ. بەم جۆرە مێژوو دەسەلمێنێ لە هەر کوێیەکدا بن و لە هەر سەردەمێکدا بن ئەگەر نووچیان هێنا یا هەڵگەڕانەوە سەر نەریتی بەر لە ئیسلامەتییان (جاهیلی) واتە بە نوقمبوونەوەی ناو دەمارگیریی تیرەگەری، شایانی ئەوە نابن موسڵمانیان پێ بگوترێ. بەو قسەیەش کە بەم موسڵمانانە بگوترێ بە ڕەوشتە ناموسڵمانییەکەیانەوە کافر بوون، ئەم پرسیارە بۆ پیاوانی ئاین جێ دەهێڵم تا وەڵامی بدەنەوە، کە من مێژوونووسێکم و ئەم جۆرە موسڵمانانە وا دادەنێم خۆیان لە گشت سفەتەکانی موسڵمان دارنیوە و بەوەش مستێکی کوشندە لە ڕووی یەکەتیی نێوانی گەلان دەدەن، ئەو دۆزەی پێغەمبەری میهرەبانمان کردبوویە یەکەم ئامانج، بەهەرحاڵ بابزانین ئەنجامەکانی ئەم ناکۆکی و دەمارگیری و ڕەگەزپەرستییە (شوعووبی)یەی موسڵمانان لە سەروبەندی هێرشەکانی هۆلاکۆی کوڕەزای جەنگیزخاندا تێی کەوتبوون چی بوون.

## هۆلاکۆ خان

ئامانجی هۆلاکۆ هەر لە سەرەتاوە ئەوە بووە لە ڕۆژئاوادا ئیمپراتۆرییەتێکی نوێ بۆ خۆی پێک بهێنێ، بەوەی کە فارسیش وەک نێچیر کەوتە ناو چنگەکانی مەنگۆل و ئاژاوەی ناوەخۆ و دووبەرەکی لە دەوڵەتی عەباسیدا هەموو کەسێکی هان دەدا بۆ دەست تێ وەردان، بەم جۆرە مەنگۆل دەستیان بە ناردنی هێرشە پشکنینە سیاسی و سەربازییەکان لەناو خاکەکانی دەوڵەتی عەباسیدا، سەرەتا لەشکرێکی بەهێزیان وەک پێشەنگ نارد تەورێزی کردە بارەگای خۆی. ئینجا بەرەو باشوور و ڕۆژئاوا بە دەوری دەریاچەی ورمێ پێشڕەویی کرد و بە شاری مەراغەدا ڕەت بوو تا گەیشتە مەهاباد کە شارێکە لە سەر سنوورەکانی وڵاتی کوردان. هۆلاکۆ بڕیاری دا بارەگا

سەرەکییەکەی گوازتەوە مەهاباد و لەوێوە بەخۆی سەرکردایەتیی ناودڵی لەشکرەکەی کرد و بە کۆنەڕێی کاروانەوە (کە ئێستاکە ڕێی هاملتنیی پێ دەگوترێ). هێرشی بردە سەر وڵاتە چیاییەکەی کوردان.

شەڕە بەراییە یەکلاکەرەوەکان نێزیک شاری خانە ڕوویان دا کە شارۆکەیەکە ئێستا بنکەی پەساپۆرت و گومرگی تێدایە، لەسەر سنووری ئێران عێراق و کوردەکان دوو ڕۆژ ئازایەتییان نواند تا مەنگۆلیان بەوە سەرسام کرد کە هەر ئەو شێوە ناسراوانەی جەنگیزخانیان تێیاندا بەکار هێنا. واتە ماناوری ڕاکێشانی دوژمن بۆ ئەو شوێنەی خۆیان هەڵی دەبژێرن بۆ لەناوبردنی. مەنگۆلەکان بە سەرکردایەتیی جەنگیزخان بە جێبەجێکردنی ئەم تاکتیکە نێزیکە لە هەموو شەڕەکانیاندا سەرکەوتبوون و هۆلاکۆ خانیش پسپۆڕ بووە لە نەخشەکانی ڕاکێشانی دوژمن و خزانەوەی ناو ڕیزەکانی و بەڵام خۆیشی بووە نێچیری ئەم نەخشەیەی باپیرە مەزنەکەی دای هێنابوو.

## کوردەکان بەر لە هێرشەکە دەگرن

ئەوەی شایەنی باسە، نەخشە جەنگییەکان نەخشەگەلێکی جیهانین، لەوانەیە نەخشەیەک سوودی بۆ دانەرەکەی ببێ، بەڵام سوودی بۆ دوژمن لەوە کەمتر نییە ئەگەر نیازی جێبەجێکردنی هەبوو. گەلێک جاریش وا بووە سەرکردەیەکی بە ئەزموون کەوتبێتە داوی نەخشەیەک خۆی لە دژی دوژمنەکەی دایناوە، ئەمەش بەڕاستی بەسەر هۆلاکۆخاندا هات کە کوردەکان مەیدانی شەڕیان جێ هێشت و بەرەو چیا و دۆڵەکانیان دەستیان بە پاشەکشێ کرد و هۆلاکۆش بڕیاری ڕاونان و لەناوبرنیانی دا. هەولێر بە قەڵا سەختەکەیەوە لە دووریی تەنیا چل میل لە خانەوە و لەوێ شەڕێکی گەرم بەرپا بوو کە کوردەکان لە مەڵبەندەکانیانەوە دەرچوون و لەگەڵ هێزەکانی هۆلاکۆدا بە یەکدا چوون، لە شەڕێکدا کە بەخۆیان شوێنەکەیان هەڵبژاردبوو و تەنیا لەو شەڕەدا کوردە پاڵەوانەکان پێنج هەزار مەنگۆلیان بە نایمان کیت نووجای سەرکردەکەیانیشەوە کوشت، بەم جۆرە کوژرانی نایمان کیت بووجا بە هۆلاکۆخانی سەلماند کە هەنگاوێکی تری پێشڕەوی و ڕاونانی کوردان بێ سوودە و بڕیاری پاشەکشێی بەرەو بنکەکەی خۆی دا.

دوای کشانەوەی هۆلاکۆ بۆ بارەگاکەی لە مەهاباد دەستی بە ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی کرد و پێشنیازگەلێکیشی بە ئیمپراتۆری ئێرانی شیعە کرد، بەم جۆرش بە دۆستێنیی تووسی و چاولێ پۆشینەوە هۆلاکۆ خان خۆی لە بەچیاکانی کوردستاندا ڕەت بوونەوە لادا و لە ڕێی شاخە نزمەکانی ٢٥ میلی باکوری خانەقینەوە چووە ناو عێراق. ئەمجارەشیان ئامانجی هۆلاکۆ وێرانکردنی بەغدا بوو. بەڵام بۆ ئەوەی لای ڕاستی لەشکرەکەی بپارێزێ لەشکرێکی بە سەرکردایەتیی ئەریکا نوویان نارد بۆ داگیرکردنی هەولێری قەڵای سەختی کوردان و ئەمجارەیان لە باشوورەوە بەرەو باکور هێرشی کرد و یەکەم ئامانجی شاری سلێمانیی** بەناوبانگ بوو.

## کەوتنی هەولێر و وێران کردنی بەغدا (١٢٥٨ ی ز)

دوای ئەوەی سوپای هۆلاکۆ شاری سلێمانیی وێران کرد و کردییە خۆڵەمێش لە دوو لاوە پێشڕەویی بەرەو هەولێر کرد و گەمارووی دا، شاری هەولێر و قەلاتەکەی لە شوێنێکی زۆر باش بوو و داگیرکردنی زەحمەت بوو، هەرچەند گەماروویان لە دەوردا توند کردبێ.

چەند جارێک مەنگۆل هەوڵی لە پێشەوە هێرشبردنیان دا و گۆئاگریان تێ گرت و مەنجەنیقیان بەکار برد، بەڵام کوردەکان هەرجارە و بە هێرشێکی بەرپەرچ دانەوە بەرەنگاریان بوونەتەوە.

هونەری خۆڕاگریی قەڵای هەولێر لە بەردەمی مەنگۆلدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵح هەولێری (ساڵح ئەربیلی)ی دلێر، کە ناوی ئەم سەرکردە مەزنە بە پیتگەلێکی زێڕ لە ئەدەبی کوردیی هاوچەرخدا نووسراوەتەوە. ساڵح هەولێری بە ئازایەتییەکی دەگمەن سەرکردایەتیی هێرشە کوتوپڕەکانی بۆ سەر مەنگۆل دەکرد.

شەوێکیان هێرشێکی بردە سەر مەنگۆلە گەمارۆدەرەکان و بە خۆی و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون هەرکەسێکیان لە مەنگۆل بەردەست کەوت سەربڕی و ئامرازەکانی گەمارۆدانەکانیان سووتان و بە پەلە گەڕانەوە قەڵا، ئەریکا نوویان ئومێدبڕ و ڕەنجەڕۆ بوو و ناچار بوو گەمارۆیەکە بکاتەوە و بەرەو چیا و شیوە نێزیکەکان بکشێتەوە و خۆی لەوێ بشارێتەو تا وەرزی هاوین داهات و کوردەکان وەک هەموو ساڵێک لە قەڵاکەیانەوە بۆ لەوەڕگەکان هاتنە دەرەوە.

ئەم جارەیان بۆ بەدبەختی کوردەکان بوونە قوربانیی مەکر و فێڵی مەنگۆلەکان، کە دوژمن خۆی شاردبووەوە و کە هەلی بۆ ڕەخسا لە پڕ بەسەر کوردیاندا دا کە ئاگەدار نەبوون و مەنگۆل دەستی بەسەر قەڵای هەولێردا گرت و سووتاندیان و کردیانە خۆڵەمێش.

هەر لەو کاتەشدا هۆلاکۆ خان کە مەترسیی لای ڕاستی لە کوردان دابین کرد دەستی بە گەمارۆدانی بەغدا دا و هۆلاکۆ بەو فێڵزانی و پیلانەی ڕەگەزی مەگۆلی پێ بەناوبانگ بوون توانی فێڵ لە جێنشین بکا و لەگەڵ دوو کوڕیدا لە بەغداوە دەریان بکا و سەریان ببڕێ، ئینجا گەنجینەکان و سامانی ناو تەلارانی جێنشینێتی تالان بکات و قوتابخانە و خانووەکانی زانستی و نەخۆشخانەکانیان بڕووخێنێ و بسووتێنێ بۆ بە دوای زێڕدا گەڕان.

لەگەڵ ئەوەشدا کە هۆلاکۆ خان پەنای نەبردە بەر بە یەکجاری وێرانکردنی بەغدا، بەڵام سووتاندنی کتێبخانەکان و سەربڕینی پیاوماقووڵان و گەورە زانایان و پزیشکان بە گوزرێکی کوشندە دانرا کە پشتی بەغدای ناوەندی ڕۆشنبیریی ئیسلامیی شکاند، بەوەش ساڵی ١٢٥٨ نەوەی جەنگیزخان کوانووی جێنشینیی بەغدای تا هەتایە خامۆش کرد و گەنجینەکانی تالان کرد و شاعیران و فەیلەسووف و پزیشکانی سەربڕین و وێرانی کرد و بە ڕۆژ و شەوێک بووە شارێکی بێبەها لە موڵکەکانی خانی زۆردار دوای ئەوەی گەوهەری دەوڵەتی مەزنی ئیسلام بوو.

دوای وێرانکردنی بەغدا هۆلاکۆخان ڕووی کردە سووریا و لەلایەن سوارچاکانی کۆیلەمەندەکان (ئەلمەمالیک)ەوە بەرگرییەکی تەندی بەرەنگار بووەوە، دوای ئەوەی هۆلاکۆ بەری لە هێرشە توندەکانیان گرتەوە بەرەو باشووری ڕۆئاوا بووەوە، کە لە ٣ ی سێپتەمبەر ئەیلوولی ١٢٦٠ ی زاین شەڕێکی یەکلاکەرەوە لە نێوانی کۆیلەمەندەکان و هێزە زێڕینەکانی هۆلاکۆ لە (عەین جالووت)ی نێزیکی نابولسی فەڵەستین بەرپا بوو و بەزینەوەیەکی داپلۆس بەسەر لەشکری مەگۆلدا هات و ئەرکی ڕاونان و بە دواداچوونی گرۆ بەزیوەکانی مەگۆل درایە دەست سوارچاکانی کورد کە بە سەرکەوتووییەکی بێ وێنە ئەنجامیان دا.

تیرە دانیشتووەکانی لای سنووری باکوری ڕۆهەڵاتی عێراق شمشێریان لە هێزەکانی هۆلاکۆی پاشەکشێ کەرەوە خستە کار و بەمەش دەمێکی مێژووی ئیسلامی کۆتاییی هات و ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامیی تێدا گەیشتە دەوری هەرەسهێنانی تەواو کە شا و جێنشینەکانیان تێدا سەربڕان و پەرت و بڵاو بوونەوە و زاناکان و پزیشکان و فەیلەسووفانی کوژران و لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ماوە تاریکەی مێژووی ئیسلامی ماوەیەکی زێڕینیشی لە سووچێک لە سووچەکانی دەوڵەتی ئیسلامیشی بە خۆوە گرت ئەم ماوە زێڕینەش عەشیرەتە کوردەکان لە باکوری عیراقدا بە ئازایەتییە دەگمەنەکانیان و یەکەتیی ئامانجەکان پێشکێشیان کردووە، کە بەرگرییان لە هێرشەکانی مەگۆل کرد و بەزینەوی داپلۆسێنیان بەسەریاندا سەپاند.

***

پەراوێزەکانی وەرگێڕی کوردی

١- ڕاستەکەی (ئەردەشیری بابەکان)ە.

٢- ڕاستەکەی (مادیک)ە. واتە میدیایی.

٣- سەوڵەجان: وەک داردەستێک بووە لە زێڕ و زیو دروست کراوە و بەبەردی بەهادار (گەوهەر)ی جۆراوجۆر ڕازێنراوەتەوە، شایەکان بەدەستیانەوە گرتووە.

٤- دەبێ (ئۆتۆحیکاڵ) بێ.

٥- یایە: کەیبانوو، خانم (السیدة)ی عەرەبی.

٦- پێ دەچێ هەڵەی چاپ بێ و دوو ناوەکە (زێبار و بارزان) بن.

٧- کەس لە کوردان بنەچە و ڕەسەنی خۆی سەر بە تورک نەزانیوە، دەشێ ئەوانە شوێنکەوتەی تۆغروڵ بووبن.

٨- ئەوەی دیار و زانراوە ئەوەیەکە (ئیبن خەلەکان) بەڕەسەن کوردە.

٩- چوار ڕێبازەکە (حەنەفی و شافیعی و حەنبەلی و مالیکی) بوون. دواتر ڕێبازی جەعفەری و... هی تری شیعەشی هاتووەتە پاڵ.

١٠- ئەو دەمانە هێشتا شاری سلێمانی بنیات نەنراوە.

# حیکایەت لە قوتابخانە

حەمەفەریق حەسەن

بۆ ئەوەی کاریگەریی زنجیرە بیانییەکان لەسەر زەینی منداڵان کەم بکەینەوە و زیاتر بەتەنگ شوناسی نیشتمانی و پەروەردەی نیشتمانیی قوتابییەوە بین، چاکتر وایە جاروبار بابدەینەوە سەر حیکایەتە مىللییەکان و ئەو چیرۆکانەی نووسەرانی کورد خۆسەری نووسیویانن، یان لە فۆلکلۆرەوە ئامادەیان کردوون. ئەم چیرۆک و حیکایەتانە خەیاڵی منداڵ چالاک دەکەن و بەرەو داهێنان دنەیان دەدەن.

چیرۆک بۆی هەیە ئەرێنی کار لە کەسیەتیی منداڵ بکات. کەسیەتییش مەبەست پێ هەموو ئەو سیفەتە کۆمەڵایەتی و ئاکاری و مگێزی و زەینی و جەستەیییەیە، کە تاکێکی پێ دەناسرێتەوە.

ئەوەیش بزانە، هەر پڕۆژەیەک چەند مەزنیش بووبێت، سەرەتا بە خەیاڵ دەستی پێ کردووە. لێرەشەوە منداڵ شارەزای کەلەپووری نەتەوەکەی خۆی دەبێت. هەست بەو ڕاستییەیش دەکات، کە ئەوی بە تەمەن منداڵ، قووڵاییەکی لەناو مێژوودا هەیە و بە ڕەگیش دەچێتەوە سەر نەتەوەیەکی کۆنی ئەم پیرە زەوینە. لە ئەنجامدا هەم شانازی بە ئەدەبی نوێ، هەمیش بە ئەدەبی میللیی خۆیەوە دەکات. بۆ خوێندنەوە و بەشوێنداچوون هانی دەدات. بە پشووی درێژەوە فێری گوێگرتن و خوێندنەوە دەبێت. بڕوا بە خۆی و تواناکانی خۆی بەهێز دەبێت و ئاستی زانیاریشی هەڵدەکشێت.

چیرۆک و حیکایەت، ناوی چەندان دار و درەخت، گژوگیا، گیاندار و بێگیان، بوونەوەرەکانی دەوروبەر و دووری تێدەکەوێت. ئەمەیش قامووسی زمان لە لای منداڵ دەوڵەمەند دەکات. خۆ ئەگەر چیرۆک بە شێوەی نواندن پێشکێش منداڵان بکرێت، ئەوا تا ماوەیەکی زۆر، ئەدگاری کەسیەتییەکانی، لە یادەوەریدا بە زیندویی دەمێننەوە. وێڕای ئەوەی، چێژی ستاتیکیی ئەوی منداڵ

پەرە پێ دەدات. لەبەرئەوەی چیرۆک بۆ خۆی، پارچەیەکە لە جوانی. بۆیە گوێگر و خوێنەری ئەدەبی جوان، دەبێتە خاوەنی زەوقی جوان و هەستی بەرز.

*

ئەو کەسەی بەنیاز بێت حیکایەت بۆ منداڵان بگێڕێتەوە، یان بخوێنیتەوە، گەرەکە زمانی ڕەوان و دەمولەبز شیرین بێت. چاکتر وایە ئەرکی گێڕانەوەی چیرۆک بەو کەسانە بسپێردرێت، کە دەرچووی بەشی شانۆن؛ تاکو بە (ئیلقا)ی بەهێز، بە جلوبەرگی تایبەت بە کەسیەتییەکانی ناو چیرۆکەکە و بە ئاماژە و جووڵەوە بیگێڕنەوە. چاکتر وایە ناوبەناو هەوایەک گۆرانیی میللیشی لە تەکدا بێت، تاکو منداڵان هەستی پێ بکەن، کە گەلەکەیان خاوەنی هونەری گۆرانی و موزیکی تایبەت بە خۆیەتی. تاکو ئەوان لەبن هەژموونی هونەر و ئەدەبیاتی دەرودراوسێدا دێوانگۆڕ (مسخ) نەبن. هەروەک دەکرێت مامۆستایانی زمان لەسەر گێڕانەوەی حیکایەت ڕابهێنرێن و کتێبی چیرۆک و حیکایەتیان بەسەردا دابەش بکرێت و لە گرینگی ڕۆڵی حیکایەتیش بۆ منداڵ ئاگەدار بکرێن.

چاکتر وایە ئەو حیکایەتانە لە پێش قوتابییاندا پێشکێش بکرێن. خوێندکاران خۆیان بەشداریی لەو نمایشەدا بکەن، بەوەی لێ ببرێن خۆیان ڕۆڵی کارەکتەرەکان ببینن. جا لەبەرئەوەی منداڵ خاوەنی خەیاڵی دەوڵەمەندە، دەتوانێت بە ئاسانی لەلای خۆیەوە وێنای ژینگەی ئەو چیرۆک و حیکایەتانە بکات، کە گەورەکان بۆی دەگێڕنەوە، یان خۆی دەیانخوێنێتەوە.

دەشێ ئێمە بۆ کەلەپووری هەمەڕەنگ و دەوڵەمەندی خۆمان بگەڕێینەوە، سوودی لێ وەربگرین و بۆ چیرۆکی منداڵ بیگونجێنین. بەو واتایەی لە ڕووداوەکانی نێو مێژوو، لە ئاکار و بەسەرهاتی کەسیەتییە ناسراوەکانی مێژووی خۆمان سرووش وەربگرین و بەچیرۆکیان بکەین. دەکرێ ئێمە سرووش لە حیکایەتە میللییەکانی خۆمان وەربگرین، بە زەین و دیدی نوێوە، بە زمانی ئەم سەردەمە بیاننووسینەوە. دەشێ کەڵک لەو بەسەرهاتانە وەربگرین، کە بە پەند و سەرسوڕمان و ئەفسوون و گیانی گاڵتەوگەپ دەوڵەمەندن. ئەوانەی وا دەرس و واتای بەرز و بەنرخیان تێدایە. هەروەک دەتوانین ئەم ڕەگەزانە، وەک کەرەسەی خاو بۆ دەقی شانۆ و ئۆپەرێت بەکار بهێنین، بەمەرجێک لەگەڵ ئەم سەردەم و قۆناخەدا بیانگونجێنن و بیانحەملێنین. بە زمانێکی نوێ بیاننووسینەوە و بە دنیابینیی نوێ بارگاوییان بکەیەن مامەڵەیان لە تەکدا بکەین. بەو واتایەی ڕەوش و کێشەکانی ئێستایان پێ بخوێنینەوە.

ئێمە دەتوانین بەم کارەمان، واتە لە ڕێی بەگەڕخستنی ڕەگەزەکانی کەلەپووری خۆمانەوە، بەئاسانی منداڵ بۆ ناو کەشوهەوایەکی میللیی ئەوتۆ بهێنینەوە، کە لەوێدا هەست بە بۆنوبەرامەی گەلێک و کۆمەڵێکی جیاواز بکات. بۆنی کولتوورێک بکات، کە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و مۆرکی خۆی هەڵگرتووە. دەشێ ئێمە کەسیەتییەکی خۆشەویست لە میژووی خۆمانەوە بهێنین و ماوەی پێ بدەین، سەربوردەی خۆی و کار و کردەوەکانیمان بۆ بگێڕێتەوە.

## ڕۆنانی چیرۆک لە قوتابخانە

بە خوێندنەوەی مێژووی ژیانی داهێنەرانی بواری ئەدەب و هونەر، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە بەزۆری بەلایەنی کەمیی تەمەن بۆ داهێنان، چواردە ساڵییە. لە تەمەنی چوارەساڵیدا مۆزارت سەرۆکایەتی ئۆپێرای میلانۆی کردووە و بیتۆڤن ئاهەنگی موزیکی لە شەقامە گشتییەکاندا ڕێک خستووە و جەواهیرییش هەر لەم تەمەنەدا دەستی بە شیعرنووسین کردووە. گۆرانی خۆیشمان لە دوازدە ساڵییەوە دەستی بەنووسین کردووە. واتە بەگشتی بەهرەی ئەدەبی و هونەریی لە تەمەنی هەرزەکاریدا، لە تاک دیاری دەدات.

وەک ژینگەیش، ئەم هەلومەرجەی، کە لە وڵاتی سوێد لە ئارادایە و منداڵی کوردی تێدا دەژی، بۆ داهینان لەبارە. لەبەرئەوەی سوێد وڵاتێکی دیموکراتییە مافەکانی منداڵ لێرە سەلمێندراون و هیچ پاڵەپەستۆیەکی لەسەر منداڵ نییە. هەروەک هەلومەرجی ژیانی باب و دایکی منداڵیش لێرە دروست و سەقامگیرە. دیارە لە کەشوهەوای ئازادی و دابینکردنی مافە مەدەنییەکاندا بۆ تاک، داهێنانیش لە هەر بوارێکدا بێت، گەشە دەکات.

وەکوتر، چاوەڕوان دەکرێت مامۆستایان لێرە، پێکهاتە و سروشتی ژانرە ئەدەبییەکان بناسن. ئێمە باس لە ژینگەی وڵاتی سوێد دەکەین، دەنا لە کوردستان ڕەنگە مامۆستای ئاسایی توانای بەسەر ژانرە ئەدەبییەکاندا نەشێکێت و نەیشتوانێت ببێتە رابەر و چاوساغ بۆ قوتابییەکانی. لێرە ئەگەر مامۆستا پرسێکی لێ عاسی بوو، دەکارێت ڕاوێژ بە سەروتری خۆی بکات. دڵنیاشم بەهانایەوە دێن و ڕێنوێنیشی دەکەن. یان مامۆستایان دەکارن داوای یارمەتی لە چیرۆکنووسانی دەوروبەریان بکەن.

هەوڵێکی لەجێیە، ئەگەر منداڵ بخرێتە سەر ڕێی چیرۆکنووسین، جا ئەو لێ ببڕێت لەناو قوتابخانەدا بینووسێت، یان لە دەرێی قوتابخانە. بەڵام بۆچی ئێمە خوێندکار هانبدەین، لەناو چەندان ژانری ئەدەبیدا چیرۆک بنووسێت؟ لەبەرئەوەی چیرۆک ژانرێکە کاریگەریی لەسەر زەینی منداڵ زۆرترە، منداڵ بە شەوق و زەوقەوە دەیخوێنیتەوە، یان ئامادەیە گوێی لێ بگرێت. وەکیدی مرۆڤ لەڕێی چوار (سکیڵ: شارەزایی)ەوە زمان فێر دەبێت، کە ئەوانیش برێتین لە: بیستن، ئاخافتن، خوێندنەوە و نووسین. پرۆسێسی نووسینیش گرینگترینی ئەم سکیلانەیە.

مرۆڤ لە ڕێی نووسینەوە، باشتر دەکارێت پێوەندیی بەوانی ترەوە گرێ بدات. پرسی نووسینیش ئامانجی سەرەکییە لە فێربوونی زمان. لەبەرئەوەی نووسین ئاستی مەعریفە و بیرکردنەوەی خاوەنەکەی بەدیار دەخات و هەڵوێستی تاک، بەرانبەر بە ژیان و دەوروبەری ڕوونتر دەکاتەوە. ئاستی زمانزانینی تاک پێشان دەدات. نووسین، بەگەڕخستنی توانای زمانە لەوپەڕی جوانی و درەوشانەوەی خۆیدا. هەر زمانێکی دنیایش بگریت بە پرۆسەی نووسین گەشەی کردووە، بەتایبەتی نووسینی داهێنەرانە، نەک لە ڕێی گێڕانەوە و بەکاربردنی زارەکییانەی زمانەوە.

دەتوانین جەخت لەسەر ئەو ڕاستییەیش بکەین، کە نووسەرانی وەک مەلای جەزیری، ئەحمەدی خانی، نالی سالم، گۆران و چەندان نووسەری تر، بەهۆی بەرهەمە نووسراوەکانیانەوە زمانی کوردییان گەیاندووەتە ئەم قۆناخەی ئێستای. بۆیە لەجێیە ئێمەیش دەستی منداڵ بگرین بەرەو نووسینی داهێنەرانە ئاراستە و ڕێنوێنییان بکەین، تا بتوانن بە ڕەوانی گوزارشت لە هزر و هەستی خۆیان بکەن و بەڕەوانییش فێری زمانی دایکی خۆیان بن.

دیاردەیەک، کە بەدرێژاییی تەمەنم لە خوێندکاری کوردم دیبێت و هەستم پێ کردبێت، ئەوەیە، کە خوێندکاری کورد بە گشتی، لە ڕووی گوزارشتکردنەوە تەواو بێ دەرەتانە، جا خوێندکاری سەرەتایی بووبێت یان بنەڕەتی، نەیتوانیوە بە کوردییەکی خاوێن، لاپەڕەیەک پڕ بکاتەوە. منداڵی کورد نەک هەر بە نووسین، بگرە بە شێوەی زارەکییش خراپ گوزارشت دەکەن. لە سامانی زماندا هەژارن و لە ڕستەڕۆنانیشدا تێی ناهێنن. لە وتاربێژیدا بێ توانا و نەشارەزا و شەرمن. پڕکێشیی ئەدەبییان کزە و ناتوانن بەسەرکەوتوویی ڕۆڵێکی کورتی شانۆیی ڕایی بکەن.

وێڕای گشت ئەمانە، ئەوان بە گشتی ناخوێننەوە. ئەم ئەنجامە نەرێنییەیش لە سۆنگەی خراپیی پرۆگرامی خوێندنی کوردی و سیستەمی پەروەردەوە و میتۆدی وتنەوەی وانەی زمانەوەیە. باشترین چارەسەریش ئەوەیە منداڵ بخرێتە سەر کەڵکەڵەی مەشقی نووسین، بە مەرجێک هاوکات درێژە بە خوێندنەوەیش بدات.

پێشتر باسمان لە گرینگیی نووسین کرد. پرۆسێسی نووسینیش بەم قۆناخانەدا تێ دەپەڕێت: قۆناخی بیرکردنەوەی بەر لە نووسین، ڕەشنووس، هەڵەبژێری، پوختەکردن و پاکنووسیی دەق. دوای ئەم هەنگاوانەیش دەقی نووسراو بڵاو دەکرێتەوە.. وەها ڕۆیشتووە، گوایە نووسەرە پیشەوەرەکان، زۆربەی کاتیان، بە قۆناخی بیرکردنەوەی بەر لە کردەی نووسین بەسەربردووە.

لە سەرەتادا، منداڵ بڕوایەکی ئەوتۆی بە توانا شاردراوەکانی خۆی نییە و پێی وایە هیچی ئەوتۆی بۆ نووسین پێ نییە. لە کاتێکدا ژیانی ئەوی منداڵ تەژییە لە لقلقین و سەرەڕۆیی و بابەتی هەمەڕەنگ. ئەمانە بەسەریەکەوە پەرێزێکی دەوڵەمەند بۆ نووسین پێک دەهێنن. لێرەدا مامۆستای زمان، ئەوەندەی لەسەرە هاریکارییان بکات، چلۆن ئەوان بتوانن بچنەوە سەر، بەسەرهات و ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان و سەرەداوەکان بگرنە دەست. هەندێک جاران منداڵان چیرۆکی وەهایان لەلایە، لێوانلێوە لە خەیاڵ و فانتاسیا. بەڵام ڕۆڵی مامۆستا لەوێدا بەدیار دەکەوێت، چلۆن ئەو منداڵە بەهرەمەندانە بدۆزیتەوە و چالاکیان بکات.

ڕەشنووس:

لە قۆناخی ڕەشنووسدا، بیرۆکەکان دەخرێنە سەر کاغەز و منداڵ قەڵەم بەکار دەهێنێت. لەم سەردەمەدا، باشتر وایە لە بریی قەڵەم کۆمپیوتەر بەکار بهێنێت. لێرەدا دەستپێک گرینگە، لەبەرئەوەی منداڵ سامی دەشکێ. گەرەکە منداڵ بێ گوێدانە هەڵەی ڕێنووس و زمان و دانانی

نیشانەکانی خاڵبەندی، هەرچییەکی بە خەیاڵدا هات بینووسێت. لەبەرئەوەی ئەو هەرچییەک، کە ئێستا دەینووسێت، لە پاشاندا بژار و پاکنووسی دەکات و پێیدا دەچێتەوە. لەم قۆناخەدا خێرایی نووسین و زەین چڕکردنەوە گرینگن.

پێداچوونەوە:

بۆ ئەوەی کارەکە بەپوختی بکەوێتە بەر دیدەی خوێنەر، دەشێ دەق چەندان ڕەشنووسی هەبێت. لێرەدا منداڵ دەقەکەی ڕێک دەخات و هەڵەکانی زمان و ڕێنووس ڕاست دەکاتەوە و نیشانەکانی خاڵبەندی لە جێی خۆیاندا دادەنێت. لە خۆی دەبێت بە خوێنەرێکی وریا و بەئاگا و نووسینەکەی خۆی هەڵدەسەنگێنێت. گۆڕان لە دەقەکەیدا دەکات، وشەیەک بە وشەیەکی تری گونجاوتر و شایستەتر دەگۆڕێت. وشە و ڕستە پاش و پێش دەخات و لە شوێنی تەواوی خۆیاندا جێیان بۆ دەکاتەوە. دەشێ ئەم پێداچوونەوەیە بە قوتابییەکی هاوپۆلی خۆی بسپێرێت و ئەمیش لە بەرانبەردا بە دەقی خوێنکارێکی هاوپۆلیدا بچێتەوە.

پاکنووس:

لێرەدا، منداڵ جارێکی تر دەقەکە بە پوختی و بێ هەڵە دەنووسێتەوە و هەڵبڕی دەکات. واتە ئەمەیان بڕێتی دەبێت لە دوا نووسینەوەی دەقی چیرۆکەکە. گەرەکە بە خەتێکی جوان نووسرابێت. ڕەشکردنەوە و پەڵەی پێوە نەبێت. دێری پەڕاندبێت و وابێت بە ئاسانی بخوێندرێتەوە.. لێرە بەدواوە، ئەو بۆی هەیە، ناوی دەق لە کارەکەی بنێت.

هەولێری کتێب

بڵاوکردنەوە:

هەر نووسراوێکی ئەدەبی، هەتا نەکەوێتە بەر دیدەی خوێنەر، ناکرێ ناوی دەقی لێ بنێین.. چەندان ڕۆمان، یان دیوانە شیعر، لەبەر زۆر هۆکار، لەو هۆکارانەی لە نووسەرانی کورد قەوماون، دەشێ دەیان ساڵ دوای نووسینیان و دوای مەرگی نووسەرەکانیان دەرفەتی چاپ و بڵاوکردنەوەیان بۆ بڕەخسێت. بۆیە بەرهەمەکانیان دەکەونە بەر دیدەی نەوەکانی دوای خۆیان و ئەوسا وەک دەق دەناسرین.

دەکرێ بڵاوکردنەوەی دەق بە شێوەی زارەکی بێت، واتە دەشێ منداڵ، بەدەمی لە پێش قوتابییاندا، یان لە ڕادیۆی قوتابخانەوە چیرۆکەکەی خۆی بیخوێنێتەوە، ئەگەر خوێندنگە ڕادیۆی هەبوو. یان دەشێت لە بڵاوکراوەی کاغەزینی قوتابخانەدا بڵاوی بکاتەوە. یان دەشێ بەشێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕی قوتابخانەدا دەقەکە بڵاو بکرێتەوە.

کاری مامۆستای زمان لەم پرۆژەیەدا ئەوەیە، بەهرەمەندانی بواری چیرۆک بدۆزێتەوە و دەسنیشانیان بکات. گەشە بە توانا و بەهرەیان بدات. هێڵە بنچینەییەکانی چیرۆکنووسینیان فێر

بکات. دەکرێ خوێنکاران لەنێو قوتابخانە، یان لە دەرێی قوتابخانە ئەم کارە ڕابپەڕێنن.

بیرت بێت، کە چیرۆکنووسین گەشە بە زمانی منداڵ دەدات. توانای ئەدەبیی ئەو پێش دەخات و فێری دارشتنی ڕستە و ڕێکسختنی پەرەگراف و گرێدانی ڕووداوەکانی چیرۆک بە یەکەوە و دانانی نیشانەکانی خاڵبەندی لە جێی خۆیاندا دەکات. منداڵ دەخرێتە سەر ڕێی داهێنان و هزرین و ئازادیی ڕادەربڕین و گوزارشتکردن و پەرەدان بەو دید و بنەوایانەی، کە منداڵ بڕوای پێیانە. جێی وتنە لە ساڵی ١٩٩٥ەوە ماڵپەڕێک بە ناوی (kid pub)ەوە چالاکانە. کتێب و چیرۆک، لە ڕۆنانی منداڵان خۆیان، بۆ منداڵانی جیهان بڵاو دەکاتەوە. ئەمەیش ناونیشانی ماڵپەڕەکەیانە:

(www.kidpub.com)

لە وڵاتی (تونس)یش پرۆژەیەک بەناوی (مشروع قصة الطفل: پرۆژەی چیرۆکی منداڵ) هەیە، کە لەوێدا (منداڵ بۆ منداڵ دەنووسێت)

## ڕەگەزەکانی چیرۆک

هونەری چیرۆکنووسین و چیرۆکگێڕانەوە، وەک هەر ژانرێکی تری ئەدەبی، بە خوێندنەوەی سەرومڕ و پرۆڤەی زیاتری نووسین دەچێتە پێشەوە. دەشێ منداڵی نووسەر لە سەرەتدا لاساییی شێوازی نووسەرێک، یان نووسەرانێک بکاتەوە، کە بەرهەمی خوێندوونەتەوە و پێیان سەرسام بووە، وەلێ بەدرێژەپێدان و دوای کۆکردنەوەی ئەزموون، دەبێتە خاوەنی شێوازی تایبەت بە خۆی، کە پێی دەناسرێتەوە.

ئەو کەسەی وا لێبڕاوە چیرۆک بنووسێت، گەرەکە ئاگەداری مەرجە بنەڕەتییەکان و ڕەگەزەکانی ئەم هونەرە بێت، وەک: بابەت، بیرۆکەی چیرۆک، بنیاتی چیرۆک، قارەمان، ڕووداو، چنین و شێواز و گەلێک جوانکاری و نهێنیی تریش، کە دەشێ لەگەڵ پێشڤەچوودا پەییان پێ ببات. ئێمە لێرەدا باس لە بنیاتی چیرۆک دەکەین. ڕووداو لە کات و شوێندا دەقەومێت. ژینگەی ڕووداویش هەڵسوکەوتی قارەمانەیل، هەڵچوونی باری دەروونی و تەرزی ژیانیان دیاری دەکات. هەموو ئەمانە پێکەوە، بنیاتی چیرۆک پێک دەهێنن و دەبنە سەرچاوەی چێژ و گرینگیپێدانی خوێنەران.

بابەت:

بابەت هەمەڕەنگە، ئەو یەکێکیان هەڵدەبژێرێت دەکرێ بابەتی چیرۆکی منداڵ، نیشمانپەروەریی، یان ژینگەدۆستی بێت. یان دەشێ بڕوابەخۆبوون و پشت بەخۆ بەستن بێت. یان بەگژداچوونەوەی دیاردەیەکی دزێو بێت، یان گیانی هاریکاری و هاوڕێیەتی بێت. خۆشەویستی، وەک نموونەیەکی بەرچاو، بابەتیکی زۆر گرینگە و کۆن نابێت. ئەوەتەی ئەدەب هەیە، نووسەران پێوەی سەرقاڵن، کەچی چکیش ناکات. بابەتی ڕۆمیۆ و جولیت، ئەنتۆنیۆ و کلیۆپاترا، شیرین و فەرهاد و مەم و زین

و هەزاران چیرۆک و رۆمان و شانۆنامەی تریش هەن، وەک بابەت خۆشەویستین، بەڵام لە یەکودوو ناچن و جیاوازیشیان زۆرە. یەکێک لەوانە، جیاوازییە لە بیرۆکەدا.

بیرۆکە:

گەرەکە بیرۆکەی چیرۆک، لە زەینی نووسەردا تەواو ڕوون بێت و بڕیاری کۆتایی لێ دابێت، تاکو خوێنەریش بەڕوونی لێی وەربگرێت. بیرۆکە وەک ناوەڵە یان وەک ناوک وایە. نووسەر لەگەڵیدا خەریک دەبێت و بەدەوریدا دێت، تاکو گەشە دەکات و دەبێت بە ڕووەکی تەواو. وەلێ بیرۆکەی چیرۆک ڕەگەزێکی سەرپێیی و چەقبەستوو نییە، بگرە لە هەڵکشان و پەرەسەندن و گەشەی سەرومڕدایە. نووسەر مافی تەواوی پێ دەدات، تاکو ئەو هەناسەیەی دەگاتە لووتکە و پاشان کۆتایی پێ دێت. دەشێ بڵێین بیرۆکە دڵی زیندووی چیرۆکە، گەرەکە بەشێنەیی، بە ڕێیەکی گونجاو و لۆجیکیدا گەشە بکات و پێش بخرێت، تاکو چیرۆکەکە بگاتە کۆتاییەکی لۆجیکی و گونجاو.. بەلای هەر نووسەرێکەوە پەیبردن بە بیرۆکەیەکی نوێ و گونجاو وەک ئەوەیە بەسەر دەستکەوتێکدا کەوتبێت، لەبەرئەوەی دەرگەی چیرۆکێکی نوێی بۆ دەخاتە سەر پشت.

قارەمان:

قارەمان، کارەکتەر، یان کەسیەتی، بوونەوەرێکی لە کاغەز دروستکراوی خەیاڵییە. تا قارەمان چالاک و زرپوزیندوو بێت، پتر سەرنجی خوێنەر یان وەرگر بۆ لای خۆی دەهێنێت. قارەمان هەن، بە کردە و کۆششیان، بە توانا و ئاکاریان، بە جیاوازییان لەوانی تر، تا سەر لە یادەوەریی خوێنەردا دەمێننەوە. قارەمان ئەو مرۆڤ و گیاندارانەن، کە خاوەنی دید و هزری خۆیانن. لە دروستکردنی ڕووداودا پشکدارن و ڕۆڵی گرینگ لەسەر کاغەز و لە پانتاییی چیرۆکدا دەگێڕن.

ڕەنگە ئەگەر قارەمانی چیرۆک مرۆڤ بێت، بۆ خوێنەر زیاتر سەرچاوەی چێژ و سەرنج بێت. لەبەرئەوەی لە مرۆڤدا باری دەروونیی ڕوونتر بەدیار دەکەوێت. دەشێ خوێنەر خۆی، یان کەسی نێزیکی خۆی لە کەسیەتی و کێشەکانی ئەو قارەمانەدا بدۆزێتەوە. کارەکتەری مرۆڤ، بۆی هەیە تاکێکی کارا و نموونەیی بێت و بۆ خوێنەر ببێتە پێشەنگ. هەروەک گەرەکە نووسەر وەسپی قارەمانمان بۆ بکات، تاکو ئێمەیش وەک خوێنەر، لە خەیاڵی خۆماندا وێنای بکەین. بزانین بەنیازی چییە؟ چلۆن بیر دەکاتەوە؟ مگێز و بیچمی چلۆن هەڵکەوتووە؟

وەکوتر بەپێی تیۆرییەکانی سیگمۆند فرۆید، کەسێتی سێ لایەنی هەیە: ئەو (Id)، من (Ego) و منی باڵا (Super ego). بەکورتی، بەلای فرۆیدەوە کەسیەتی مرۆڤ، لە ئاکامی ململانێی نێوان ئەو، من و منی باڵادا دەڕسکێت و چێ دەبێت.

شێواز:

بابەت و نێوەڕۆکی هەر چیرۆکێک، دەستنیشانی شێوازی گێرانەوەیشی دەکەن. ئەو بیرۆکەیە چییە نووسەر بەنیازە بیگەیەنێت؟ واتە گەرەکە شێواز لە تەک بابەت و بیرۆکەدا گونجاو و لە تەک چنینی چیرۆکدا کۆک و تەبا بێت و بۆ کارەکتەر، یان کارەکتەرەکان لەبار بێت. شێواز واتە شێوەی نووسین، شێوەی گێڕانەوە و داڕشتنی چیرۆک. شێواز دەکاتە گوزارشتکردنی ڕوون، بەهێز و جوان، کە قووڵ، ڕاستگۆ و کاریگەر بێت. بە گشتی ڕەگەزی شێواز هەموو ئەو ڕێگە و فێڵ و هونەرانەیە، کە نووسەر بۆ داڕشتن و گوزارشت و گێڕانەوەی چیرۆکەکەی دەیانگرێتە بەر. ئەو فێڵانەی، کە نووسەرێک ململانێ و کێشەکانی پێ دەخاتە ڕوو و چیرۆکەکەی پێ دەگێڕێتەوە، دەشێ ناوی شێوازی ئەو نووسەری لێ بنێین. نووسەر وەک دەرهێنەری شانۆ وەهایە، داخۆ ئەو چ فێڵێک، یان فێڵەیلێک بەکار دەبات، تا کارێکی هونەریی ئاستبەرز بەرهەم بهێنێت؟ ئامرازەکانی نووسەریش، برێتین لە قارەمان ڕووداو و تەواوی ئەو ڕەگەزانەن، کە ساختمانی چیرۆک پێک دەهێنن. وەلێ ئەوی نووسەر، چلۆن دەکارێت هەموو ئەم ڕەگەزانە لە کارێکی جواندا کۆ بکاتەوە؟

چیرۆکنووسین سەنعاتە لەسەر ئەوە وەستاوە، تۆی نووسەر، چلۆن بناخەی چیرۆکەکەت دادەڕێژیت؟ چ ڕێوشوێنێ دەگریتە بەر بۆ بنیاتنانی چیرۆکێکی بێ کەلێن؟ چلۆن ئەو نەخشە و ڕێوشوێنانە، بەئاوایەکی ئەوتۆ دەخەیتە واری جێبەجێکردنەوە، بەمەرجێک بە جوانترین شێوە حیکایەتەکەت بۆ بگێڕێتەوە؟ چلۆن گەوەکانی ئەو حیکایەتە بەیەکەوە دەبەستی و کەشوهەوای گونجاو بۆ چیرۆک دەخولقێنێ، کە لەوێدا کەسیەتیەکان دەجووڵێن، چالاکی دەنوێنن و گوتار بەرهەم دەهێنن؟ سەدان جار بنەواکانی دەستپاکی، ژینگەدۆستی ئالیکاری و چی و چی بەچیرۆکی سەرکەوتوو کراون. لێرەدا گرینگ ئەوەیە، داخۆ تۆی نووسەر، لەلای خۆتەوە چۆنیان لە چیرۆکدا پیادە دەکەیت و دەیانگێڕیتەوە، یان کارەکە چلۆن دادەڕێژی، بەمەرجێک مۆرک و ستایلی خۆتی پێوە دیار بێت؟ واتە ئێمە دەبێ گرینگیی زۆر بە سەنعاتەکە بدەین.

گوتوبێژ:

گوتوبێژی ڕەوان و چڕی نێوان کارەکتەرەکان، وێڕای ئەوەی کۆیان دەکاتەوە، دەبێتە جێی سەرنجی وەرگر و خوێنەریش دەکاتە هاوبەشی کارەکتەرەکان. گوتوبێژی بەهێز و لەجێ، یەکسانە بە گێڕانەوەیەکی بەپێز و بەهێز. گوتوبێژ زمانی قارەمانی چیرۆکە، بە وشە و دەستەواژە و ئیدیەمەکانییەوە. گوتوبێژ، شیوازی هەڵسوکەوت و ئاستی کۆمەڵایەتی، هوشیاری، چینایەتی و دەروونیی قارەمان بەدیار دەخات. هەست و سۆز و هەڵچوونەکانی بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات و هەرچییەکی لە ناخدا ئەمبارکردبێت دەیخاتە ئەو گۆڕە. لە ژانری چیرۆکدا لاوێک تا پیرێک، شارییەک تا چێودارێک، لە قەد بارودۆخ و دەرەتان و حاڵی خۆیان قسان دەکەن. واتە گوتوبێژ لە پرسی بنیاتنان و دامەزراندنی کارەکتەری چیرۆکدا پشکدارە. ناکرێت فەیلەسووفێک وەک

سەوزەفرۆشێک بدوێت و وتار بدات. دیارە هەردەم مامۆستا بڕیاری کۆتایی لەسەر چیرۆکەکان دەدات و دەیاننرخێنێت.

ژینگەی چیرۆک:

ساختمانی چیرۆک لەسەر ڕووداوێک هەڵدەچنرێت و بنیات دەنرێت، لە ژیانەوە سەرچاوەی گرتبێت. ڕووداویش لقوپۆی لێ دەبێتەوە و دەبێتە گرێ. گرێ گەورە دەبێت، گەشە دەکات تا دەگاتە ناسوەڕاست، پاشان هەڵدەکشێت و کۆتاییی پێ دێت. چیرۆک، کە باس لە چەند ساتێکی ژیان دەکات خۆیشی هەر وەک ژیان گەشە دەکات و دوایی پێ دێت. چیرۆک لە چوارچێوەی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدا بەڕێوە دەچێت. ڕەگەزەکانی زمان، کات و شوێن و کۆمەڵ، ڕەنگی ئەو کۆمەڵەیان گرتووە، کە نووسەر تێیدا دەژی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە و چیرۆکەکە بە ڕەنگی خۆی بۆیە دەکات. واتە واقیع هەمان واقیعە بە زمان و کات و شوێن و دۆخی ژیاری و کۆمەڵایەتییەوە. دەشێ بڵێین، شوێنی ڕووداوەیل و فەزای ڕووداوەیل، بەشی هەرە گرینگی ژینگەی چیرۆک پێکدەهێنن.

ڕووداو:

هەموو ئەو چالاکی و کارانە دەگرێتەوە، کە قارەمان یان قارەمانەکان لە سەمتی گێڕانەوەی چیرۆکدا دەینوێنن و ڕای دەپەڕێنن. ئەمانەیش تەوەری چیرۆکەکە پێک دەهێنن.. قارەمان خۆی ڕەگەز و تەوەری سەرەکیی ڕووداوە، هەر خۆیشی ڕووداو دەخولقێنێت، هەڵوێستی لێ وەردەگرێت، گەشەی پێ دەدات. ئێمەی خوێنەر گوتوبێژیش لەسەر زاری خۆیەوە دەبیستین یان دەخوێنینەوە. ڕووداو لە کات و شوێندا ڕوو دەدات. وەلێ ئێمەی خوێنەر گەرەکە وێڕای ڕووداو بزانین مۆتیڤ (حافز، پاڵنەر) لە پشت ئەو ڕووداوەوە چییە. ڕووداو و قارەمان لەیەک جیا ناکرێنەوە، لەبەرئەوەی ڕووداو قارەمان دەخولقێنێت و قارەمانیش ڕووداو. هەر قارەمانە، کە دەستبەکار دەبێت و درێژەیشی پێ دەدات.

ئەگەر نووسەر وەسفی کردار بکات و بکەر پشتگوێ بخات، ئەوا ئەو لە جوغزی چیرۆکرۆنان دەردەچێت و بەرەو بواری هەواڵ گێڕانەوە (السرد الخبري) دەچێت. واتە کارەکەی دەبێت بە گێڕانەوەی هەواڵ و خۆیشی پێ دەبێتە پەیامنێری ڕۆژنامە، یان هەواڵنامە. چیرۆکی نوێ هەر بەتەنیا ڕووداو نییە، بگرە دەشێ لە دەوری بیرۆکەیەک، یان دیمەنێک، یانژی بارودۆخێکی دەروونی، یاخۆ چەند هەناسەیەکی ژیان بسووڕێتەوە.

ڕووداوی چیرۆک هەرچییەک بێت، وردە وردە گەورەتر و گەرموگوڕتر دەبێت و گرژیی تێ دەکەوێت، تا هەموو شتێک لە کۆتاییدا ڕوون دەبێتەوە. بەسەرێکی تر، چیرۆک گەرەکە مینا هەواڵ، وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری وەک: کێ، چۆن، کەی، لە کوێ، بۆ چی، دوای ئەوە چیی، دابێتەوە. چیرۆکی سوننەتی سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەیە. هەموو ئەو پێشهاتانەی لەم ماوەیەدا

دەقەومێن پێیان دەوترێت ڕووداو.

ڕووداو سـروشـتی بەڕێوە دەچێت. واتە دوور لە ڕێکەوت و هەڵپـڕووکـاندنی بێ بنەوا گـەشـە دەکات. وابێت ئاوەز، یان لۆجیک بیبڕێت و ڕێی تێ بچێت. بەشێوەیەکی هونەریی ئەوتۆ ڕیزبەند کرابێت، زەینی خـوێنەر قـەبووڵی بکات. لە هەمـان کاتیـشـدا خـوێنەر سـەرسام بکات. گەرەکە چیرۆکی منداڵ ئاڵۆز و بەسەریەکدا پرژاو نەبێت، بگرە ساکار بێت و زیاد لە پێویست درێژەیش نەکێشێت. باشـترە زووتر و خێراتر لەو چیرۆکانەی بۆ گەورەسـاڵان نووسـراون، بگاتە لووتکە. لەبەرئـەوەی منداڵ، بەتایبـەتی ئـەگـەر ورد بێت، پشـووی کـورتـە و توانای خـوێندنەوەی چیـرۆکی درێژی نیـیە. نووسـەر منداڵ بێت، یان مـەزن، لەگـەڵ کـەڵەکـەبوونی ئەزمـووندا، گـەشە دەکـات و دەچێتە پێشەوە.

چنین:

چنین دەکاتە جووڵەی چیرۆک لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی، جووڵە و گۆڕان لە هەڵوێستی قارەماندا لە سـەرەتاوە تا کـۆتایی. واتە تا لووتکەی گرژی و کردنەوەی گرێ و دۆزینەوەی چارەسـەر، لە تەک هەڵکشـان و داکـشـانی ڕەوتی ڕووداودا. پاش دەسـتنیـشـانکردنی بابەتی چیـرۆک و بیـرۆکە، نۆرە دێتە سەر گرێ. ئەوجا کەسیەتی سەرەکی دێت، کە چیرۆکەکە لە دەوری وی دەسووڕێتەوە. پاشان چێکردنی ململانێ و گـەیشـتن بە لووتکە دێت، وەک هەندێک نووسـەر دەڵێن، کـە لەوێدا گـرێ دەکرێتەوە و ململانێیەکە لەسـەر هەرچییەک بووبێت، بەلایەکدا دەکەوێت، یان چارەسەری ڕیشەیی بۆ نادۆزرێتەوە و درێژە دەکێشێت.

واتە جـووڵەی ڕووداو و بەرەوپێش چوونی لە سـەرەتاوە تاکـو کـۆتـایی. ئەمـەیش یەکسـانە بە دەرکـەوتن و هەڵکشـانی قـارەمـان تـا ڕووداو دەگـەیـەنێتـە لـووتکە و پاشـان دادەکـشـێت و گـرێی چیرۆکەکەیش دەکرێتەوە و دەگاتە ئەنجام. ئەم کردەیە پێویستی بە نووسـەرێکی دەستڕەنگێنە، لێبڕابێت بێ کەلێن و غەفڵەت تان و پۆی چیرۆکەکەی بچنێت. هەنگاو بە هەنگاو بەرەو گرژبوون و توندبوونی تـەنگژەکە بچێتـەپێش. ڕەگەزی چنین، چێکردنی گرێ و کردنەوەیشی دەگرێتـەوە. کە لەگـەڵ جـووڵەی خـۆیدا بـەرەولووتکە، خـوێنەریش تووشی گـرژی و گـرژی دەکـات. کـاتێکیش پشوویەکی تێ دەکەوێت، دۆخی گرژیی لەلای خوێنەریش خاو دەبێتەوە و پشوویەک دەدات. کەواتە چنین برێتییە لە دەرکەوتنی کێشـەیەک، کە سـەرەتا و هەڵکشـان و گرێ و چارەسـەر و کۆتایی تێ دەکەوێت.

چنینی سـەرکـەوتوو واتە ڕووداوەکـانی ئەو چیـرۆکـە لەجـێن. مکۆم پێکەوە بەسـتـراونەتەوە و یەکـەیەکی لێکدانەبڕاویـان پێک هێناوە. بەشـێـوەیەکی واقـیـعی و لۆجیـکی دەکـەونـە بەر دیدەی خوێنەر، لەبەرئەوەی چنین برێتـییە لە چیـرۆکەکە. دەشێ کۆتـاییی چیرۆک داخراو بێت، یان بۆ خوێنەری جێ بهێڵێن. لە کۆتایی کراوەدا، نووسـەر گەرەکێتی خوێنـەریش بکاتە بەشدار و هانی

بدات لەلای خۆیەوە بیر لە چارەسەری کێشەکە بکاتەوە بەلایەکیدا بخات. یان با بڵێین خوێنەر دەخاتە جێی خۆی، تاکو ئەو کۆتاییەکی گونجاو بۆ کێشەکە، یان کێشەکان بدۆزێتەوە.

هەندێک پێیان وایە سەرەتا و کۆتایی چیرۆک دوو وێستگەی زۆر گرینگی چیرۆکن. سەرکەوتن یان ژێرکەوتنی چیرۆکیان پێوە بەندە. کەچی هەندێکیش پێیان وایە، لە چیرۆکی نوێدا نە سەرەتا و نە کۆتایی ئەو گرینگییەیان نەماوە.

گرێ:

گرێ لە خۆیدا کێشەیە، یان هەڵخڕێنەری کێشەیە دەبێت بە لایەکدا بخرێت، یان درێژە بکێشێت. هەر لێرەیشەوەیە، کە ئێمەی خوێنەری چیرۆک، هەست بەگەرموگوڕی نێوەڕۆکی چیرۆک دەکەین. کردارو پەرچەکردار چێ دەبێت و لایەنی خێر و شەر بەیەکدا هەڵدەپژێن. هەڵچوونی دەروونی ڕوو دەدات و هەستیش بە هەڵکشانی ململانێی نێوان کارەکتەرەکان دەکەین.

زمان:

چیرۆک وەک هەر ژانرێکی تری ئەدەبی، چالاکییەکی زمانییە. چیرۆک دەکارێ لە پەخشان وزەی گوزارشت و لە شیعر وێنەی شیعری، وزەی ئاماژە و ڕەوانبێژی و کورتبڕیی بخوازێت، وەک ئەوەی چیرۆک ژانرێک بێت لە نێوان هەرێمی شیعر و پەخشاندا هەواری هەڵدابێت. ئەمەیش لەلای خۆیەوە دەکاتە تێکەڵکردنی زمانی واقیع بە لایەک و زمانی خەیاڵ و سۆز بە لایەکی تر. پرسی زمان هەر بەتەنیا ئەوە ناگرێتەوە، کە نووسەر گەرەکە ڕێزمانی کوردی بزانێ، وشەکان لە جێی خۆیاندا ڕیز بکات و نەکەوێتە هەڵەی زمانەوە، بگرە گەلێک لەوە زیاترە. گەرەکە نووسەر بتوانێت خۆی گوزارشت بکات و ڕستەی ئاستبەرز دابڕێژێت. وێنەی نوێی جوانی پێ بخولقێنێت، کە خۆی دایهێنابن. وێڕای چڕکردنەوە زمان، کە دەشێ ئەمەیان لە ڕێی مەشق و ڕاهێنانی زۆرەوە منداڵ فێری ببێت. چڕکردنەوەی زمان بۆ نووسینی ژانرە ئەدەبییەکان گەلێک پێویستە، لەبەرئەوەی ناشێت ئەدەب بە ڕستەی شاشوواش و کرچوکاڵ بنووسرێت.

گێڕانەوە:

چیرۆکنووس دێت کەسێکی کاغەزین هەڵدەبژێرێت و دەیکات بە وەکیلی خۆی، تا چیرۆکەکەی بۆ بگێڕێتەوە.. ئەم کەسیەتییە، کە دەشێ ناوی (چیرۆکبێژ)ی لێ بنێین، لە دڕێی دەقدا بوونی نییە و تەنیا لەسەر کاغەز ئامادەیە. ئەمە کە دەبێت بە گەوی پێوەندیی نێوان نووسەر و وەرگر. نووسەری وریا و بەئەزموون، بەردەوام ماوەیەک لە نێوان خۆی و چیرۆکبێژدا جێ دێڵێت.

گێڕانەوە (سرد) بە ڕاناوی یەکەمی (من) لە تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعرە، کە بەتەنیا پرسی فۆرم ناگرێتە خۆ، بگرە پرسی دنیابینینیش لە گۆشەنیگای حیکایەتبێژەوە دەگرێتە خۆی. خوێنەر

زوو لە تەک ئەم جۆرە حیکایەتبێژەدا ڕادێت. گێڕانەوە بە ڕاناوی کەسی دووەم (تۆ)، وەک ئەوە وایە حیکایەتبێژ خۆی جڵەوی قارەمانی گرتبێتە دەست و بەڕێوەی ببات، یان لە بەگژداچوونەوە و جەنگەی ململانێیەکاندا خۆی سەرەوکاری و ڕێنوێنی کارەکتەر بکات و بڕیار لەسەر چارەنووسی ئەو بدات. هەروەها واتای ئەوەیشمان پێ دەدا، کە چیرۆکبێژ و قارەمان نێوانیان خۆش بێت و پێوەندیی توندوتۆڵیان بەیەکەوە هەبێت. لێرەدا چیرۆکبێژ بەتەنگ کارەکتەرەیل و چارەنووسیانەوەیە. سۆزبەندییەک لە ئارادایە، کۆیان دەکاتەوە.

گێڕانەوە بە ڕاناوی کەسی دووەمی (تۆ) بۆی هەیە هەڵچوونەکانی (من)ی حیکایەتبێژیش بگرێتە خۆی. هەندێک جاران (من)ی ڕۆماننووس، یان چیرۆکنووسیشی تێدا دەخویندرێتەوە. وەلێ تاکو ئێستایش زۆریک لە نووسەرانی چیرۆکی منداڵ گێڕانەوەی چیرۆک بە ڕاناوی کەسی سێیەمی (ئەو) دەسپێرن. جێی وتنە، تەواوی حیکایەتەکانی دنیا، بە حیکایەتەکانی ئێمەی کوردیشەوە، گێڕانەوەی چیرۆکیان بە ڕاناوی (ئەو) سپاردووە.. دەشێ چیرۆک لە ڕێی گوتوبێژی نێوان قارەمانەکان خۆیانەوە بێتە گێڕانەوە. هەروەک دەشێ چەند چیرۆکبێژێک پشکداری گێڕانەوە بن. هەر یەکەیان لە گۆشەنیگا و دنیابینیی خۆیەوە چیرۆکمان بۆ بگێڕنەوە.


سەرچاوە و سەرنج:

(١) أحمد نجيب، فن الكتابة للآطفال، الطبعة الثالثة دار أقرأ، بيروت، ١٩٨٦


(٢) د. سمر روحي الفيصل، أدب الآطفال وثقافتهم، منشورات إتحاد الكتاب العرب، ١٩٩٨

(٣) محمد فالح الجهني، تدرب علي الكتابة، أبدع قصتك وأنتقد قصة زميلك، المعرفة. العدد ١٧٤

(٤) عبد المجيد ابراهيم قاسم، توظيف التراث في أدب الاطفال، ديوان العرب.

(٥) محمد محي الدين مينو، فن القصة القصيرة (مقاربات اولي)، القصة السورية.

(٦) ئەم باسە، لە حەوتەمین کۆنفرانسی مامۆستایانی زمانی کوردی، لە وڵاتی سوێد، شاری (ڤێستەرۆس) ڕێکەوتی (٢٥–٢٦ی ئابی٢٠١١) پێشکێش کراوە.



# نیگارکێش
# دڵشاد بەهائەدین

ئا: ئاغالە

هەواڵنامەی کتێب

دڵشاد بەهائەدین زۆر درەنگ دەستی خستە ناو رەنگەوە، زووش هەڵستاوە سەرپێ و بەرهەمیشی هاتە نیشاندان.

دڵشاد کە بە (شادە) لای ئێمەمانان ناسراوە لە ساڵی ١٩٩٧وە دەستی کردووە بە نیگارکێشان و بەبێ ئەوەی خوێندن نەخشە رێگەی بۆ دانابێ. کە تەواو دەبێ و لە چییەوە دەست پێ دەکات و کەس لە قوتابخانە خەیاڵییەکەی خۆی دەردەچێ.

سەرەتای نیگارکێشانی لەو ساتەوە تا ئێستا هەر لە ژێر کاریگەری دوو براکەدایە، کە کورە پووری دەکەن ئەوانیش نیگارکێشانی برا «رێبوار سەعید و هۆشیار سەعید»ن.

ئەو کاریگەریە وێچوونێکە لە کاریگەری (مالڤێچ) بە کورە پوورەکەی (گۆستاف کلیست) کە کورە پووری یەکترن.

دڵشاد ئەلف و بێی ئەکادیمیا و پەیمانگایەکی نیگەرکێشانی نەخوێندووە! هەروەها سەرەتا توانا و بەهرەی ئەو لە تەمەنی رووالیدا لە وەرزش بە دەرکەوتووە لە ساڵانی هەشتاکاندا ئەو لە شاری هەولێر بۆ پێشبرکێی کوردستان پلەی دووەمی لە ڕاکردنی گۆڕەپان و مەیدان بە دەست هێناوە. هەروەها لە ساڵی ١٩٩٠ تا ساڵی ١٩٩٦ دەستی کردووە بەکاری میوزیک و چەندان گۆرانی تۆمارکردووە. و کەسێکی شارەزایە لە مقامە کوردییەکان و فارسییەکانیش. ئەو لەو ساتەدا بە سترانبێژ ناسرابوو، کەچی ئێستا ئەو بە شێوەکار دێتە ناسین، دەنگیشی پاک و خۆشە.

ڤیگەر و شێواز:

ڤـیگەر لە کـارەکانی دڵشـاد دا پێکهـاتەی یەکـەم و کۆتـاییە. کـارەکانـی ئەو بەکاری ڕەمـزی و واقـیـعی سـادە دەناسـرێن ڕەنگە تۆخ و گـەرمـەکـان لە سـەنتـەر و پانتـای تابلـۆکـانیـدا چنراون، پۆرترێتی پیاو ژن هـەتا ملیـان بەهێڵی ئەستوور و ڕەش دەکێشرێن لە کارەکانیدا. هـەندێ جار ئەو هێلانە کـە بەهێڵی (ئاوت تالاین) ناسـراون تۆخ و ئەسـتوور و تووڕە و بەهێزن. بۆ سنوور و تەواو جیاکردنەوەی ڤیگەرە. ئەوەش نێزیک بوونەوەیە لە شێوازی کارکردنی گرافیک و حەزی ئەویش لە کاری گرافیک زۆرە.

پاڵەوانـی ناو تابلـۆکـانی پێکاتووە لە پۆرترێتی پیـاو ژن هـەتا مل و شـان کـە هـەندێ جـار وەک پیـاوی (دینار)ی یاری (کـۆنکان) هـەڵگەڕاوەتەوە، هەنـدێ جار گـیـانلەبەران بە ئاوی و خشـۆک و چوارپاکان. بوونەتە پاڵەوانی کـارەکـانی. تێڕامـانـێ لە دڵشـاد بەشـێـوەیەکی سـادە ئەگـەر بکەین، هەست بەسادەی و دارسـتانێکی سـادە دەکەین، وە هـەست دەکـەین کە شێوەکارەکە زۆری لە خۆی نەکردووە و گرینگی زۆری بە بـابەتی گەورە و ناسـراو نەداوە تا کـارەکەی گرینگ دەربچێ، ئەوەش بە سـەرکەوتووی کـاری دڵشادی دەبینم وە بەشێکە لە پاکی و ڕاسـتگۆی نیگارکێشـەکە لەگەڵ خۆی و جەماوەردا.

لەوە ناچێ هونەرمـەند هەموو کات بە بـەرنامە و بە بیر و نەخشە نیگاری بکێشێ یا هـەر دەست بداتە فـلـچـەکەی، بـەڵکو کـاری خـودی یا لەخـۆوە نیگارکـێشـان زۆر ڕوودەدات، وەیا بـەبێ ئاگـای بۆشـاییـیـەکـان پڕ بکاتەوە، هـونەرمـەند دەبێ لەخـۆوە شت بکات و بیـر لـە پێـشـینە و پـاشـینەی نەکاتەوە. لەوەوە داهێنان فرتە دەکات.

کورتەیەک

شێوەکار دڵشاد بەهائەدین


١٩٧٤ لە سلێمـانی لە دایک بووە، ١٩٩٠ تا ساڵی ١٩٩٦ چەند کـارێکی مۆسیـقای کردووە وەک گۆرانیبێژ، ئێستا کارمەندە لە گەلەری زاموا.



2006 مێژوو    قەبارە/ سم100×سم100    کەرەستە /ئەکریلک لەسەرکنڤاس    ناوی تابلۆ/ خوشەویستیەکی بێ مانا




میژوو2005 ناوی تابلۆ/چاوبیسی کەرەستە/ئەکریلك لەسەرکنڤاس قەبارە/ 100×80




مێژوو/ 2005 قەبارە/ 50×50 ناوی تابلۆ/داری بەهەشت کەرستە/ئەکریلک لەسەر کنڤاس




مێژوو/ 2004 قەبارە/ 100×80 ناوی تابلۆ/کەم ئندام کەرستە/ئەکریلك لەسەر کنڤاس



ناوی تابلۆ/ژینگە یەکی پاك    کەرەستە/ئەکریلك لەسەر خام    مێژوو/ 2007    قەبارە/ 120×150




مێژوو/ 2008 قەبارە/ 65×45 ناوی تابلۆ/سوتان بۆیەکتری کەرستە/ئەکریلك لەسەر کنڤاس




مێژوو/ 2008 قەبارە/ 65×45 ناوی تابلۆ/دابڕان کەرستە/ئەکریلک لەسەر کنڤاس



مێژوو/ 2009 قەبارە/45×65 ناوی تابلۆ/خۆشەویستی لەیەك چوون کەرستە/ئەکریلك لەسەر کنڤاس



مێژوو/ 2007 قەبارە/ 65×45 ناوی تابلۆ/من تۆ جووت دەبین کەرستە/ئەکریلك لەسەر کنڤاس




مێژوو/ 2008 قەبارە/65×45 ناوی تابلۆ/خیال کەرستە/ئەکریلك لەسەر کنڤاس




مێژوو/ 2008 قەبارە/ 65×45 ناوی تابلۆ/تە نیایی کەرستە/ئەکریلك لەسەر کنڤاس




مێژوو/ 2005     قەبارە/ 4040     ناوی تابلۆ/ئەنفال     کەرستە/تێکەڵ لەسەر ئیمدی ئیف



مێژوو/ 2009 قەبارە/ 70×70 ناوی تابلۆ/کوچکردن کەرستە/ئەکریلك لەسەر کنڤاس




مێژوو/ 2006 قەبارە/ 100×100 ناوی تابلۆ/گەشتی خوشە ویستی کەرستە/ئەکریلك لەسەر کنڤاس




مێژوو/ 2008 قەبارە/ 70×70 ناوی تابلۆ/چاوەڕوانی بێهودە کەرەستە/ئەکریلك لەسەرکە نقاس




مێژوو/ 2008 قەبارە/ 70×70 ناوی تابلۆ/رەنگی من کەرەستە/ئەکریلك لەسەرکە نقاس

# فیۆدەر دۆستۆییێڤسکی

سەلاح بابان


## بەشی یەکەم

فیۆدەر، دووەمین منداڵی میخائێل "دۆستۆییێڤسکی"یە. میخائیل، بە پیشە، پزیشک بوو لە سوپای رووسیدا.ساڵی ١٨١٢، هێشتا کە قوتابی بووە لە کۆلێجی پزیشکیدا، بردیان بۆ بەرەی شەڕ لە دژی ناپلیۆن. ساڵی ١٨٢١ کە لە سوپا بەرەڵا کرا، لە نەخۆشخانەیەکدا دادەمەزرێت لە هەژارترین گەڕەکی مۆسکۆ. ئەم نەخۆشخانەیە بە تایبەتی تەرخان کرابوو بۆ هەژارانی شارەکە. هەر لەوێشدا، لەو نەخۆشخانەیەدا، جێیەکیان دایە خۆی و خێزانەکەی تێیدا بژین. خێزانەکەی، ئەوسا برێتی بوو لە خۆی و ژنەکەی و کوڕێکی ساوا، کە بە ناوی باوکییەوە ناو نرابوو؛ میخائیل.

لە دوای شەش مانگ، ١١ی ١١ی ١٨٢١، فیۆدەر، لەدایک دەبێت. بۆ یەکەمین جار، لەم دنیایەدا، کە چاو دەکاتەوە، رووە گرژە سوێدارەکەی ژیان، لەو نەخۆشخانە پەستەدا، دەبینێت. بە منداڵی پێی خۆشبوو لە باخی نەخۆشخانەکەدا لەگەڵ ئەو نەخۆشە روو زەردە داماوانەدا، بدوێت. پێوەندیی منداڵێتی لەگەڵ ئەو هەژارانەدا، پەیەکی ئاوای لە دەروونی ئەو زارۆڵەیەدا هێشتەوە کە لەهەموو ژیانی رێزیان بگرێت و بە دڵێکی پڕ سۆز و خۆشەویستییەوە لەبارەیان بنووسێت.

باوکی فیۆدەر، سەرەڕای ئەوەی کە مودمنی خواردنەوە بوو، پیاوێکی زۆر تووڕە و زمانشڕ و شەڕانی بوو. کەشی ماڵەکەی بەجارێک ناخۆش کردبوو. لەبەرئەوە فیۆدەر، قەت حەزی نەدەکرد باسی باوکی بکات. بەڵام "مارییا"ی دایکی، جگە لەوەی کە دایکێکی زۆر باش بوو، ژنێکی زۆر دڵۆڤان و رەوشت شیرین بوو. لە بنەماڵەیەکی رۆشنبیر پەروەردە بووبوو؛ حەزی لە شیعر و مۆسیقا و خوێندنەوە دەکرد. ئینجیل و زۆر شتی تری بۆ منداڵەکانی خۆی دەخوێندنەوە. زۆر

جاریش لە ماڵەوە، بە گیتارەوە، گۆرانیی سۆز بزوێنی دەگوت و منداڵەکانی گوێیان لێ دەگرت. مارییا، یەکەم مامۆستای منداڵەکانی بوو. دۆستۆیێڤسکی، هەموو کات بە دڵێکی پڕ خۆشەویستییەوە باسی دایکی خۆی دەکرد و بگرە لە هەموو رۆمانێکیدا هەندێک لە شێوە و سیفەتە جوانەکانی ئەوی دەدا بەو بانووە دەروون پاک و دڵناسکانەی کە بە خەیاڵی خۆی دروستی دەکردن.


دۆستۆیێڤسکی

کەم میوانیان دەهات. یەکێک لەو میوانانە، پوورەکەی بوو، خوشکە گەورەکەی دایکی، کە ژنی بازرگانێکی بەناوبانگ و دەوڵەمەندی مۆسکۆ دەبێت. بەهۆی ئەوەوە فیۆدەر توانی بزانێت دەوڵەمەدنەکان چۆن دەژین و چ دەسەڵاتێکی بە توانای هەیە سامان.

تا گەیشتە تەمەنی ١١ ساڵی، دۆستۆیێڤسکی بگرە دەرەوەی مۆسکۆی نەبینیبوو؛ هەموو منداڵێتیی خۆی لەو نەخۆشخانەیەدا دەبردە سەر. ساڵی ١٨٣١، باوکی زەوییەکی کڕی بە دوو گوند و سەد رەنجبەرەوە.[1] زەوییەکە زۆر بێ خێروبەر بوو؛ لە ئاوەوە دوور بوو و کەم دار و درەختی تێدا هەبوو. لەبەرئەوە رەنجبەرەکانی، لە هەژاریدا، هەردوو نیوە رووت و نیوە برسی بوون.

"بەخت"یش وای بۆ نووسیبوون کە ساڵێک لە دوای ئەوەی میخائیل، ئەو زەوییەی کڕی، ئاگر لە هەردوو گوندەکەبەربوو "دارەڤۆیە" و "چێرماشنیا" بە خانوو و دار و درەختەوە سەرتاپا هەمووی سووتا

لەوساوەی باوکی ئەو گوندانەی کڕی، فیۆدەر، لەگەڵ ماڵەوەدا، هاوینانی لەوێدا رادەبوارد. ساڵی ١٨٧٧ پێش ئەوەی دەست بکات بە نووسینی رۆمانی "برایانی کارەمازۆف"،[2] دۆستۆیێڤسکی چوو بۆ سەردانی ئەو دوو گوندەی کە کاتی خۆی هیی خۆیان بوون. هەندێک لە رەنجبەرەکانی ئەوسایان،[3] هێشتا مابوون و "فیۆدەر"یان لە بیر مابوو.

باوکی فیۆدەر، وەکو باسی کرا، پیاوێکی رووگرژ و تووڕە و گەلێک دڵڕەق و بێویژدان دەبێت؛ جارێکیان، "ئەندرێی"، برا بچووکەکەی فیۆدەر، گوێی لە دایکی دەبێت کە بە باوکی دەڵێت؛ دیسانەوە سکم پڕە. ئەو پیاوە ئەوەندە بەوە پەست دەبێت؛ هەر رەنگ بە روویەوە نامێنێت و بە تووڕەیییەکی ئاواوە وەڵامی هاوسەرەکەی خۆی دەداتەوە، ئەو ژنە هەژارە دڵناسکە، خۆی پێ ناگیرێت؛ دەست دەکات بە گریانێکی گەلێک تاڵ و هستێری. ئەوساکە ئەندرێی، زۆر منداڵ دەبێت، بەڵام تاکو مردنی، ئەو دیمەنە پەستەی لە بەرچاودا دەمێنێتەوە.

دایکی فیـۆدەر، ژنێکی لاواز دەبێت، لە تەمـەنـی ٣٥ سـاڵیـدا، دوای ئەوەی بۆ هەشـتـەمین جـار منداڵی دەبێت، دەردەکەوێت کە تووشی نەخۆشیی سیل بووە. دوای ئەوە بە پازدە مـانگێک، شەوی ٢٦ ی ٢ ی ١٨٣٧، دوای ئەوەی بـۆ دوایەمین جـار مـاڵـئـاوایی لە منداڵەکـانـی دەکـات، بێـهـۆش دەکەوێت و بۆ بەیانییەکەی دەمرێت.

لە دوای ناشـتنی دایکیـان، کـە فیـۆدەر و براکـەی دەگەڕێنەوە بۆ خوێندنگاکـەیان لە مـۆسکۆ، لەبارەی کـوشـتنی پوشکین دەبیستن.[٤] فیـۆدەر، بە میـخـائیلـی برای دەڵێت؛ ئەگـەر لە مـاتەمـینی دایکمـاندا نەبووینایە، ماتەمـینیمـان بۆ پوشکین دەگرت. هەردووکیـان، وەکو هەمـوو گەلی رووسـیا، ئەو شـاعیـرەیان زۆر خـۆش دەویست. ئا لەو کـاتـەوە، هەردوو براکـە، دەسـتـیـان کـرد بە نووسین؛ میخائیل شیعر و فیۆدەر، پەخشان.

دوای مردنی دایکی بە دوازدە ساڵێک، ساڵی ١٨٤٩، بەم جۆرە، دۆستۆیێڤسکی، لە رۆمانێکیدا، باسی خانمێکی گەنج دەگێڕێتەوە کە بە سیل دەمرێت:[٥]

ژنەکە، بـە مێـردەکـەی دەڵێت؛ ئەوا پایزێکی درەنگە. لەگـەڵ یەکـەمـین بەفری ئەم زسـتـانەدا، من دەمرم. ئا، بەڵام ئەوە، من ناترسێنێت و گوێشی نادەمێ.[٦]

رووی زۆر زەرد و لاواز بوو. لـەسـەر هـەر رووم ـەتێکی پەڵـەیەکی سـووری بەیووم، وەکـو ئـاگـر دەسـووتا. گەرمـایی تا، لێوەکانی وشک کردبووەوە و لە لاوازیدا دەلەرزان. بە زۆر دەیتوانی بدوێ. ئازاری دەروونی بێدەنگی، بە روویەوە دیاربوو و چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسک.

گوتی؛ دۆستەکەم، دەی، با منداڵەکان بێن بیانبینم.

– منداڵەکانم هێنایە ژوورەوە بۆ لای. دیار بوو بە بینینیان هەستی بە حەسانەوە دەکرد. ئاوا، لە دوای سـەعـاتێک، گوتـی با بڕۆن. کە رۆیشـتن، بـە دەنگێکی نزم، وەکـو نەیەوێت کـەس گـوێی لێ بێت، پرسی؛ کە مردم، خۆ بەرەڵایان ناکەیت؟

فـرمـێـسـک گـەرووم ـی دەگـوشـی؛ تەنـیـا هـەر توانیم بڵـێم؛ ئـاخـر بـەسـێـتی! بەو وتانـەت تۆ، من دەکوژی. بە دوو چاوی زۆر سـوور لـەسـەر و سـەنگینەوە سـەیری کـردم و گـوتی؛ ئـاخـر پێـم بڵێ؛ خۆشت دەوێن وەک چۆن منداڵەکانی خۆتت خۆش دەوێ؟ بەڵێنم بدەرێ کە خۆشت بوێن!

***

"مـاریا"ی دایکیـان کـە دەمـرێت، حـەوت مـنداڵ بەجێ دەهێـڵـێت. فـیـۆدەر و مـیـخـائیل، تۆزێ گەورەبوون ١٦ و ١٧ سـاڵ بوون. بەڵام، ئەوانەی تر، کـە دوو کـوڕ و سـێ کچ بـوون، هێشـتـا منداڵ بوون. پوورەکـەیـان، منداڵی خـۆی نەبوو. دوو منداڵە هەرە وردەکان دەبات بۆ لای خـۆی بـەخـێـویان بکات. لە دووریشـەوە، بەردەوام ئاگـەداری ئەوانەی تریش بـوو و یارمـەتیی دەدان. تـاکو کـوڕەکـان مەکتـەبیان تـەواو کرد و کـچـەکان شـویان کرد. میـخـائیلی باوکیـان، دوو کـوڕە گـەورەکـەی برد بۆ سانت پیتـەرسـبێرگ بیانخاتە خـوێدنگەی ئەندازیاریی سوپایی. فیۆدەر، وەرگیرا. بەڵام میخائیلی

برای، لە ئیمتیحانی وەرگرتندا دەرنەچوو؛ ناچاربوو بۆ خوێندن بچێت بۆ شاری ریڤێل.[٧]

بەو جۆرە دۆستۆیێڤسکی، ماڵئاوایی لە منداڵێتی و کورێنێنی خۆی کرد. بە گەورەیی هەرچەند منداڵیی خۆی دەهاتەوە بیر، بیری ئەو رۆژانەی دەکرد و دەیگوت؛ هەرچەندە منداڵێتییەکی زۆر خۆشم نەبوو، بەڵام بەهۆی دایکم و میخائیلی برام و خوێندنەوەکانمەوە، خۆشیشییان زۆر تێدا هەبوو.

***

دۆستۆیێڤسکی، هەوەسی ئەندازیاریی نەبوو. زۆر حەزی دەکرد، لە زانکۆی مۆسکۆ، ئەدەب و فەلسەفە بخوێنێت. بە زۆریی باوکی چووە ئەندازیاری.

لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا، خوێندنی تەواو کرد. لەو چوار ساڵەی کە ئەندازیاریی دەخوێند، خوویەکی زۆری دابوو بە خوێندنەوەی ئەدەبی کلاسیکی. لە نامەکانیدا بۆ میخائیلی برای، کە هێشتا هەندێکیان ماونەتەوە، ناوی ئەم ئەدیبانەی هێناوە؛ شێکسپیر، راسین، گووتێ، پاسکال، هۆفمان، شیلەر، ڤکتۆر هیگۆ، جۆرج ساند، بەلزاک، پوشکین، گۆگەل. دیارە هەموویانی خۆش دەویست. بەڵام گۆگەل، شوێنێکی زۆر تایبەتی لە دڵیدا داگیر کردووە؛ لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا، هەموو نووسینەکانی ئەوی خوێندبووەوە. "گۆگەل"ی بە مامۆستای خۆی دادەنا و زۆری خۆشدەویست.

## کوشتنی باوکی

میخائیل، لە دوای مردنی ژنەکەی، مۆسکۆ بەجێ دەهێڵێت و دەچێت لە گوندەکەی خۆیدا، لە "دارۆڤەیە"دا دەژی. لەوێ تووشی دڵتەنگییەکی زۆر دەبێت؛ هەموو کاتەکەی بە خواردنەوە دەبردەسەر. ٨ ی ٦ ی ١٨٣٩، دوو ساڵێک لە دوای مردنی ژنەکەی، لە ماڵەوە دەردەچێت کە بچێت بۆ گوندەکەی تری، (چێرماشنیا). دەڕوات و ناگەڕێتەوە. لە دواییدا، لە نیوەی رێگە، بە کوژراوی دەدۆزرێتەوە. تا ئێستا، کەس بەتەواوی نازانێت کێ کوشتی و لەبەر چی. بەڵام گومان لەوەدا نەبوو کە بەدەست رەنجبەرەکانی خۆی کوژراوە. دوای لێکۆڵینەوە و پشکنینێکی زۆر، پۆلیس ناگاتە هیچ ئەنجامێک و کەس تاوانبار ناکرێت. گومان دەکرا کە خزمەکانی خۆی، بەرتیلیان دابێت بە پۆلیس کە کەس تاوانبار نەکات. بۆ ئەوەی هۆی کوشتنەکەی، کە شتێکی ئەوەندە ناشرین و ئابڕووبەر بووە، دەرنەکەوێت و بڵاو نەبێتەوە.

وەکو باسی کرا، میخائیل، زۆری دەخواردەوە و هەرچەند زۆرتری بخواردابوایەوە زیاتر غەدری لەو رەنجبەرە هەژارانەی خۆی دەکرد. دەمگۆ وا بڵاوبوو کە گوایە سێ رەنجبەر لە نێوان خۆیاندا رێک کەوتبوون کە بیکوژن؛ لە رێگە دەیگرن، بە زۆر بوتڵێک ئەسپرتۆی[٨] دەرخوارد دەدەن و پەڕۆیەک دەخنە سەر دەم و لووتی و دەیخنکێنن. ئەو سێ رەنجبەرە، وەکو خوشکەزایەکی دۆستۆیێڤسکی، ئەلیکساندرا ئیڤانۆڤا، کاتی خۆی لە دوو رەنجبەری گوندەکەی بیستبوو و لە

کۆواری (نۆڤی میر)دا، ساڵی ١٩٢٦، لە مۆسکۆ بڵاو کراوبووەوە، یەکێکیان ناوی (ئیسایەڤ) بووە و باوکی کچێکی زۆر جوان و ئێسکسووک بووە کە کاتی خۆی، مارییای دایکی فیۆدەر، بە دە ساڵی، هێنابووی لەگەڵیاندا بژی و وەکو بەردەستەیەک لە ماڵەوە یارمەتی بدات. ئەوەکەی تریان ناوی (یەفیمەڤ) بووە، خاڵی کچێکی شازدە ساڵی بووە. کچەکە ناوی (کاتیا) بووە، مارییا، لەگەڵ منداڵەکانی خۆیدا بەخێوی کردبوو. میخائیل، لە دوای مردنی ژنەکەی، ئەو کچە لە ماڵەوە گلدایەوە و لەگەڵ هەردووکیاندا، گوایە رای دەبوارد. تا دەشڵێن کە گوایە کاتیا، منداڵێکیشی لێ بووە و منداڵەکە، لە دوای لەدایکبوونی بە چەند رۆژێک، مردووە. لەبەرئەوە، زۆر لەوە دەچێت کە هۆی کوشتنەکەی، بە جۆرێک پێوەندیی هەبووبێت بە تۆڵەسەندنەوە بۆ ئەو کچانە.

***

بە هەواڵی کوشتنی باوکی، فیۆدەر، ئەوەندە پەست دەبێت و دەورووژێت؛ فێی لێ دێت. ئەوە، یەکەم جار بوو کە فێ بیگرێت. ئەو بیمارییەی لەگەڵدا دەمێنێتەوە تاکو مردنی.

دۆستۆییڤسکی، وەکو گوتمان، قەت حەزی نەدەکرد باسی باوکی بکرێت. بەڵام چل ساڵ لە دوای مردنەکەی، کە رۆمانی (برایانی کەرەمازۆڤ)ی دەنووسێ، دیارە رەوشتی باوکی خۆی لە بەرچاودا بووە؛ زۆر لە سیفەتە ناڕەواکانی ئەوی، داوە بە (فیۆدەر کەرەمازۆڤ). ئەو باوکەی کە بە هۆی رژدیی و رەوشتی بەئاڵۆشییەوە، ئەو هەموو ئازار و ناخۆشییەی بە کوڕەکانی خۆی گەیاند.[9]

## لە سانت پیتەرسبێرگ

میخائیل، فیۆدەری برای زۆر خۆش دەوێت. کە رۆیشت بۆ ریڤێل بۆ خوێندن، برادەرێکی خۆی راسپارد کە بەردەوام چاوێکی لە فیۆدەر بێت. برادەرەکەی پزیشک بوو، ناوی رەیسکامپف بوو. فیۆدەری هێنا بۆ ماڵی خۆی و پێکەوە دەژیان. رەیسکامپف، نەخۆشەکانی خۆی لە ماڵەوە دەبینی. فێۆدەریش، وەکو چۆن بە منداڵی حەزی دەکرد لەگەڵ نەخۆشەکانی باوکیدا بدوێت، ئاواش لەگەڵ نەخۆشەکانی هاوڕێکەیدا دەیدواند. بەو جۆرە ناسیاویی لەگەڵ برای پیانۆ ژەنێکدا[10] پەیدا کرد. بە هۆی ئەو ناسیاوییەوە توانی بزانێت چەند ژیانی ئاوازژەنە چینە نزمەکانی سانت پیتەسبێرگ گرانە و چەند بە هەژاری دەژین. بڕیاری دا رۆمانێک بنووسێت کە کەمانچەژەنێکی بێ پوول و پارە، پاڵەوانەکەی بێت. رۆمانەکە ناودەنێت (نێتۆچکە نێزڤانۆڤا) و دەست دەکات بە نووسینی.[11]

لەو کاتەدا، لە پایزی ١٨٤٣دا، رەیسکامپف، لە دوای گەشتێکی تۆزیک درێژ، کە لە ریڤێل دەگەڕێتەوە سەیر دەکات فیۆدەر، بە نووسینەوە خەریکە و هەموو ئەو کاتەی کە خۆی لەوێ نەبووە، لە نان و شیر بەولاوە، هیچی تری نەخواردووە. ئەوانەشی لە دووکانێکی نێزیک، بە قەرز کڕیوە. هەر لەو کاتەشدا، نامەیەکی بۆ (ئەنرێی) برای نووسیوە دەڵێت؛ بۆ خاتری خوا، پێنج رۆبلێکم بۆ بنێرە. یان هیچ نەبێت یەک رۆبل؛ یەک پوولم نییە و ئەمە سێ رۆژە دارم نەماوە و لە ماڵەوە، بێ

ئاگر دانیشتووم.

رەیسکامپف، لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی؛ بەو جۆرە بۆ دوو مانگێک ئەو پیاوە بێ پارە مایەوە. لە دواییدا رۆژێکیان لە مانگی نۆڤەمبەردا، لە پڕێکدا سەیر دەکەم فیۆدەر، لووتبەرز و رووخۆشە و بە چالاکییەوە لە ماڵەکەدا هەنگاو هەڵ دەهێنت. توومەز لە مۆسکۆوە هەزار رۆبلی بۆ هاتبوو.[١٢] بۆ بەیانییەکەی، دیسانەوە گوێم لە هەنگاوە خاوەکانی بوو کە بۆ ژووری نووستنەکەم هات و داوای لێ کردم پێنج رۆبلی بە وام بدەمێ. ئەو پارانەی داینابوون کە ئەو وامانەی پێ بداتەوە کە دوا ناخرێن، بە بلیارد دۆڕاندبوونی. ئەوانەی تریشیان لێ دزیبوو. لە دوای دوو مانگ دیسانەوە هەزار رۆبڵی لە مۆسکۆوە بۆ دێت. هەر ئەو ئێوارەیە دەچێت بۆ جێگەیەک بۆ نان خواردن، لەوێ چەند کەسێک دەبینێت بلیارد دەکەن. هەر وا بۆ راباوردن دەوەستێت سەیریان بکات. بەڵام خۆی پێ ناگیرێت، یاری دەکات و دیسانەوە هەموو پارەکانی دەدۆڕێنێت. دۆستۆیێڤسکی، ئەوە نەبوو کە نرخی پارە نەزانێت، دەیزانی. بەڵام دەروونە سەختییەکەی، رێی نەدەدایە زۆر ئاگەداری پارەکانی بێت؛ هەموو کات لات و بێ پارە بوو.

بێ پارەیی ناچاری دەکرد شتی خۆی بەرێت بۆ لای یارمەتەگر و بەرامبەر ئەوە تۆزێک پارەیان بە فایزێکی زۆر لێ وەربگرێت. بەو جۆرە ناسیاویی لەگەڵ یارمەتەگر و فایزخۆردا پەیدا کرد. بینی چەند کەسانێکی دڵڕەق و بێویژدان.[١٣]

ساڵی ١٨٤٤، دوای ئەوەی یەکەمین بەرهەمی ئەدەبی خۆی بڵاو کردەوە، کە وەرگێڕانی رۆمانی (یڤگێنی گراندێت) بوو،[١٤] بە داخوازی خۆی لە سوپا بەرەڵا دەکرێت. ئیتر دوای ئەوە، هەموو کات و توانا و بیرکردنەوەی خۆی لە پێناوی ئەدەب و نووسیندا دادەنێت.

***

## کەسانی هەژار

کەسانی هەژار، ناوی یەکەمین رۆمانی دۆستۆیێڤسکییە کە نووسینی خۆی بێت و بڵاوی بکاتەوە. ئەمە، لەبارەی پیاوێکی نەختێک بە تەمەن و کچێکی گەنجە. پیاوەکە ناوی مەکار دەبێت و کچەکە (ڤەرڤارە). هەر یەکەی لە ماڵێدا، لە نێزیک یەکترییەوە، لە گەڕەکێکی هەژاری "سانت پیتەرسبێرگ"دا، ژووریان بە کرێ گرتبوو و بە تەنیا دەژیان. مەکار، ئەو کچەی زۆر خۆش دەوێت. بەڵام کچەکە زۆر لە خۆی گەنجتربوو. خۆیشی، جگە لەوەی کە پیاوێکی شەرمن بوو، زۆر هەژاریش بوو؛ مانگانەکەی بە زۆر بەشی کرێی ژوورەکەی و نانی سکی دەکرد. لەبەرئەوە پێوەندییەکەیان هەر ئەو نامانە بوو کە زوو زوو بۆ یەکترییان دەنووسی. بەهۆی ئەو نامانەوە، خوێنەر، نەختە بە نەختە، لە ژیانی رابردوو و ژیانی رۆژانەی ئەوسای ئەوان و دراوەسێکانیان، تێ دەگات.

***

بەپێی ڕۆمانەکە، لەو ماڵەی ڤەرڤارە تێیدا دەژیا، کاتی خۆی نووسەرێکی گەنجیش لە ژوورێکیدا دەژیا. ئەم پیاوە کاتی خۆی مامۆستای ڤەرڤارە بووە؛ فێری خوێندن و نووسین و ڕۆشنبیریی دەکرد. ناوی پەکرۆڤسکی بوو. پەرۆڤسکی هێشتا منداڵ بوو کە دایکی مردبوو و باوکی ژنێکی تری هێنابوو. ئەم ژنە، ئەوەندە لەگەڵیدا خراپ دەبێت، ناچاری دەکات ماڵی باوکی بەجێ بهێڵێت. باوکی، پیرەمێردێکی دلۆڤان و زۆر بەسۆز دەبێت؛ ئەو کوڕەی خۆی زۆر خۆش دەویست. لە داخی ژنەکەی دەستی دابووە خواردنەوە و هەموو پارەکانی لەوەدا خەرج دەکرد.

پەکرۆڤسکی، تەندرووستی باش نەبوو؛ هەژارە، سیلی بوو. زۆربەی کاتەکە لە ژوورەوە، لە نێوان کتێبەکانیدا، بە نووسین و خوێندنەوەوە و پەرستنی (پوشکین)ەوە خەریک بوو؛ ئەو شاعیرەی زۆر خۆش دەویست.

ڤەرڤارا، جگە لەوەی کە بەزەیی بە پەکرۆڤسکیدا دەهاتەوە، زۆریشی خۆش دەویست. بڕیاری دا، بۆ جەژنی لەدایکبوونی، پارە کۆ بکاتەوە و هەموو بەرهەمەکانی پوشکینی بە کۆکراوی، کە لە یازدە بەرگ پێک هاتبوو، بکڕێت و بۆی بەرێت بە دیاری.

ڤەرڤارە، ئەمانە و زۆر شتی تریشی بۆ مەکاری دۆستی دەنووسی.

دوای ئیشکردنێکی زۆر (جلی دەدووری بۆ کابرایەک بۆ فرۆشتن) و پاشەکەوتکردنێکی زیاد لە ئاسایی، ڤەرڤارە توانی سی ڕۆبل کۆ بکاتەوە. کە چوو بۆ کڕینی کتێبەکان، لەهیچ کوێ بە سی و سێ ڕۆبل کەمتر دەستی نەدەکەوت. باش بوو بە ڕێککەوت، هەر لە بەردەمی کتێب فرۆشەکەدا، باوکی پەکرۆڤسکیی بینی. تومەز ئەویش پارەی کۆ کردبووەوە و هاتبوو دیارییەک بۆ کوڕەکەی بکڕێت. ڤەرڤارە، پێی دەڵێت؛ من دیارییەکی زۆر باشم بۆ دۆزیوەتەوە. گەلێک کەیفی پێ دێت. بەڵام، بەداخەوە، پارەکەم بەش ناکات بیکرم. وەرە پێکەوە بۆی بکڕین. تۆ چەند پارەت هەیە؟

– دوو ڕۆبل و نیو.

– ئاخ، هەر نیو ڕۆبلی ترمان هەبووایە، دەمانتوانی بیکڕین؛ دیارییەکە بە سی و سێ ڕۆبڵە.

کتێبفرۆشەکە، گوێی لە وتەکانیان دەبێت، هەر بەو پارەیە دەیانداتێ. هەردووکیان، هەر گەلێک پێیان خۆش دەبێت؛ یازدە کتێبەکە هەڵدەگرن و بە ڕاکردن دەیانبەنەوە بۆ ماڵێ.

لە ئاهەنگی لەدایکبوونیدا، کتێبەکانی دەدەنێ و هەموو پێکەوە ئێوارەیەکی خۆش ڕادەبوێرن.

***

دوای ئەوە بە چەند مانگێک، پەکرۆڤسکی، نەخۆش دەکەوێت. هەموو کاتەکە، ڤەرڤارە لایەوە دەبێت و خزمەتی دەکات. بەیانییەکیان هەر زۆر نەخۆش دەبێت، لە ڤەرڤارە دەخوازێت پەردەی پەنجەرەکە بکاتەوە. هەر وەکو بیویستایە بۆ دوایەمین جار دنیا ببینێت؛ سەری هەڵدەبرێت، سەیرێکی دەرەوە دەکات و دەمرێت.

باوکی پەکرۆڤسکی، پارەی نابێت بۆ ناشتنی کوڕەکەی. خاوەن ماڵەکەیان، کە ژنێکی زۆر ڕژد و

پیسکه دەبێت، تابووتێکی زۆر هەرزانی بۆ دەکرێت، دەیخاته ناوی و بە گالیسکەیەکی بچووک کە هەر جێی تابووتەکە دەبووەوە دەینێرێت بۆ ناشتن. بڕیاریش دەدات لە باتی ئەو پارەیەی کە لە ناشتنیدا خەرجی دەکات، هەموو کتێب و شتەکانی تری مردووەکە، بۆ خۆی بەرێت و بیانفرۆشێت. گوێ لێبوونی ئەو وتانە، زۆر گران دەبن بۆ باوکی پەکرۆڤسکی؛ دەیزانی کوڕەکەی چەند ئەو کتێبانەی خۆش دەویست و بە چ کوێرەوەرییەک پارەی کۆ دەکردەوە بۆ کڕینیان. پڕ بە باوەشی لە کتێبەکان هەڵدەگرێت و بە هاوار و گریانەوە، بە دوای جەنازەی کوڕەکەیدا رادەکات، بەڵکو گالیسکەکە بگرێتەوە. رۆژێکی زۆر سارد و باران دەبێت، کڵاوەکەی لەسەر دەکەوێتە خوارێ بۆ ناو چڵکاوەکە بێ ئەوەی هەستی پێ بکات. خۆشی نەخێک نا و نەختێک دەخلیسکا و دەکەوت. لە قوڕەکەدا کتێبەکانی کۆی دەکردنەوە و دیسانەوە بەسەری رووت و گیانی تەڕ و قوڕاوییەوە، بە ناڵە و گریانەوە بەدوای جەنازەی کوڕەکەیدا رای دەکرد؛ وەکو بیەوێت کتێبەکانی بداتێ.

ڤەرڤارە، هەموو ئەمانەی لە دەفتەرێکدا نووسیبوو. کە ناسیاوی لەگەڵ مەکاردا پەیدا کرد، بۆی نارد بیانخوێنێتەوە.

***

ئەم نامە گۆڕینەوە، لە نێوان مەکار و ڤەرڤارەدا، بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام دەبێت. نەختە نەختە ئەوەندە بە یەکتری رادێن و یەکترییان خۆش دەویت، ئەگەر رۆژێک نامەی یەکترییان پێ نەگەیشتایە، هەستیان بە نیگەرانی و دڵتەنگی دەکرد. تاکو رۆژێک مەکار، نامەیەکی لە "ڤەرڤارە"وە بۆ دێت کە پیاوێکی بەتەمەنی خاوەن زەویوزار، دەیخوازێت و بڕیاری داوە شووی پێ بکات. ئەم نامەیە، مەکار دەحەپەسێنێت، ژیانی لە بەرچاو تاڵ و تاریک دەکات. بە هەموو توانای خۆیەوە هەوڵ دەدات کە ڤەرڤارە، لەو بڕیارەی پەشیمان بکاتەوە و شووی پێ نەکات، بەڵام سوودی نابێت. ڤەرڤارە، شووی پێ دەکات و لەگەڵیدا دەچێت بۆ گوندەکەی. پێش ئەوەی گەشت بکات بە رۆژێک، دوایەمین نامەی بۆ مەکار دەنووسێت. ماڵئاوایی لێ دەکات داوای لێبووردنی لێ دەکات کە بەجێی دەهێڵێت. لەژێریشەوە دەنووسێت:

گیانم، ئەوەندە پڕە، ئەوەندە پڕە لە خەفەت و گریان؛ فرمێسکەکانم، دڵم هەڵدەپچڕێنن. ئاخ، "مەکار"ی پاک و دڵسۆز و دڵۆڤان، ئەسپەردەی خوابی.

ئای خوایە خوایە، من چەند کڵۆڵ و پەست و داماوم.

هەردەم ڤەرڤارەی هەژاری دۆست و دڵسۆزی خۆتت، توخوا لە بیر بێت.

مەکار، کە نامەکە دەخوێنێتەوە، چاوەکانی پڕ دەبن لە فرمێسک و یەکسەر نامەیەکی زۆر پڕسۆز و سوێهێنەری بۆ دەنووسێت؛ دیسانەوە لێی دەپاڕێتەوە بەجێی نەهێڵێت.

ئیتر ئا ئەوە دوایەمین نامەی دەبێت.

بەم جۆرە، دۆستۆیێفسکی، باری ژیانی گرانی ئەو هەژارانەی دەخستە بەرچاوی رۆشنبیر و

کاربەدەستانی وڵاتەکە.

***

پاش کارکردنێکی زۆر چالاکانە، وەکو چۆن گریگۆرۆڤیچ،[١٥] لە بیرەوەرییەکانیدا دەیگێڕێتەوە، ڕۆمانەکە، بە دە مانگ تەواو دەکات. ئەوسا، گریگۆرۆڤێچ، لەگەڵ نووسەرەکەدا، لە خانۆچکەیەکدا، پێکەوە دەژیان. دەڵێت؛ بەیانییەکیان، دۆستۆیێڤسکی بانگی کردم بۆ ژوورەکەی خۆی. لە بەردەمیدا، لەسەر مێزەکە، دەفتەرێکی ئەستووری دانابوو. گوتی؛ گریگۆرۆڤچ، دانیشە بۆتی بخۆێنمەوە. دوێنێ لە نووسینی بوومەوە.

بە یەک دانیشتن، گشتی، کە دووسەد لاپەڕەیەک بوو، بۆ خوێندمەوە و هەموو کاتەکە بە ئارەزوویەکی زۆرەوە، گوێم لێ دەگرت. کە لە خوێنەوەی بووەوە، هەستم کرد کە شتێکی گەلێک باشی نووسیوە. یەکسەر لێم داوا کرد کە بمداتێ پێشانی "نیکراسەڤ"ی بدەم.[١٦] دایمێ و یەکسەر بردم بۆ لای. هەر ئەو ئێوارەیە، نێکراسۆڤ، بە دەنگی بەرز، دەستی کرد بە خوێندنەوەی. کە گەیشتە ئەو جێگەیەی کە باوکی پەکرۆڤسکی بە کتێبەکانەوە، بە دوای جەنازەی کوڕەکەیدا ڕای دەکرد و دەکەوت و هەڵدەستایەوە، هەستم کرد فرمێسک گەرووی دەگوشێت و دەنگی زوو زوو دەپچڕێت. دای بە من بیخوێنمەوە. دەستم کرد بە خوێندنەوەی تا گەیشمە دوایەمین نامەی مەکار؛ ئەم جارە فرمێسک، گەرووی منی دەگوشی و وتەکانمی دەپچڕاند. کە سەرم هەڵبڕی، سەیرم کرد دڵۆپی فرمێسک بە ڕوومەتەکانی "نێکراسۆڤ"ەوە بەرەو خوارەوە دەتلێنەوە.

***

دوای ئەوەی لە خوێندنەوەی بوونەوە، دوو برادەرەکە، بڕیاریان دا بەو شەوە بچن بۆ لای دۆستۆیێڤسکی. سەرلێدانی ئەو شەوە درەنگە، هەست و سۆزێکی زۆر تایبەت لە دڵی "دۆستۆیێڤسکی"دا، دەوروژێنیت؛ ئەو شەوە خەوی لێ ناکەوێت. ستایشتکردنی یەکەم دوو خوێنەری بەرهەمەکەی، ئەوەندە شادی دەکات، پێش ئەوە، قەت ڕۆژێک دڵی تامی شادمانی ئاوای نەکردبوو.

***

بۆ ڕۆژی دوایی، هەر لە بەیانییەوە، نێکراسۆڤ، بە ڕۆمانەکەوە، دەچێت بۆ لای بێلینسکی.[١٧] کە دەیبینێت، هەر لە دوورەوە دەڵێت؛ بێلینسکی، ها، ئەمە بیخوێنەرەوە! بۆ خاتری خوا بیخوێنەرەوە؛ "گۆگەل"ێکی نوێ لەدایک بووە. بێلینسکی لێی وەردەگرێت و یەکسەر دەست دەکات بە خوێندنەوەی. دێر بە دێر بە دانیشتنێک هەمووی بە ئارەزوویەکی زۆرەوە دەخوێنێتەوە. ئەو ئێوارەیە، کە نێکراسۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ لای، ئاماژەی پەسەندکردن و شادمانی بە ڕووی "بێلینسکی"یەوە دەبینێت. بێلینسکی دەڵێت؛ لە هەمووی زیاتر من سەرم لەو توانا سەیرەی دۆستۆیێڤسکی سوڕماوە، کە کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکەی ئەوەندە زیندوو دەهێنێتە بەرچاوی خوێنەر و بە چەند وشەیەک وێنەکانیانی بۆ دروست دەکات.

ئیتر تاکو شەوێکی درەنگ هەر باسی ڕۆمانەکە و نووسەرەکەیان دەکرد. لە دواییدا نێکراسۆڤ، گفتی دەداتێ کە سبەینێ دۆستۆیێڤسکی بهێنێت بۆ لای. هەرچەندە شەوێکی درەنگ دەبێت، بەڵام نێکراسۆڤ خۆی پێ ناگیرێت؛ هەر بەو شەوە درەنگە دەچێت بۆ لای دۆستۆیێڤسکی و ڕا و ستایشتەکانی بێلینسکیی بۆ دەگێڕێتەوە. ڕێک دەکەون کە ڕۆژی دوایی پێکەوە بچن بۆ لای. بۆ ڕۆژی دوایی، کە نێکراسۆڤ دێت بەشوێنیا بچن بۆ لای بێلینسکی، دۆستۆیێڤسکی دەڵێت؛ تۆ هەر خۆت بچۆ؛ بە ڕاستی من ڕووم نایەت بێم. ئیتر بەزۆر لاسی دەدات و پێکەوە دەچن.

بێلینسکی، بە ڕوویەکی خۆش و دۆستایەتییەوە پێشوازییان دەکات و بەگەرمی چاوڕوونی لە دۆستۆێڤسکی دەکات. لە دوای ماوەیەک، دۆستۆیێڤسکی، شەرمەکەی دەشکێت و وەکو هاوڕێی یەکتری هەموو پێکەوە دەدوێن. لەوساوە، دۆستۆیێڤسکی دەبێت بە یەکێک لە نووسەرە هەرە بەناوبانگەکانی ڕووسیا.

دۆستۆیێڤسکی، تا مردنی، هەر چەند ئەو ڕۆژەی دەهاتەوە بیر، دەیگوت؛ ئەوە خۆشترین ڕۆژی ژیانم بووە.

## ماڵی پەنایەڤ و یەکەمین دڵداریی

پەنایەڤ، لە ڕۆشنبیرە ناسراوەکانی ئەوسای ڕووسیا دەبێت. ماڵەکەی وەکو مەڵبەندێک دەبێت بۆ شاعیر و نووسەر و هونەرمەندەکانی شارەکە، زۆرجار بانگی دەکردن لە ماڵەکەیدا کۆ ببنەوە و بەرهەمە نوێیەکانی خۆیان پێشکێش بکەن. نێکراسۆڤ، دۆستۆیێڤسکی بە پەنایەڤ ناسی. ئەویش بانگی کرد کە بێت ڕۆمانەکەی خۆی بخوێنێتەوە. دۆستۆیێڤسکی دەچێت و بە شێوازێکی زۆر جوان بۆیان دەخوێنێتەوە. هەموویان گەلێک پەسەندی دەکەن.

ژنەکەی پەنایەڤ، ناوی ئەڤدۆتیا دەبێت. ئافرەتێکی زۆر جوان و خوێنگەرم دەبێت. بەژنوباڵایەکی گەلێک سووکەڵە و جوانی دەبێت. حەزی لە دانس دەکرد و سەردەمێک دەیویست ببێت بە دانسکەری باڵێ. ئەو ڕووە جوانەی، هەردەم پەیێکی سوێداری پێوە دیاربوو؛ تومەز مێردەکەی پێوەندیی لەگەڵ ژنانی تردا دەکرد. لە دواییدا، لە دوای ٢٢ ساڵ، لە ڕۆمانی "کەودەن"ەکە[١٨]، ئەو ڕووە جوانە ناسکە سوێدارە، دەدات بە ئەنیستازیا.[١٩]

دۆستۆیێڤسکی، هەر کە دەیبینێت زۆر خۆشی دەوێت و حەزی لێ دەکات. بۆ میخائیلی برای دەنووسێت؛ دوینێ بۆ یەکەمین جار لە ماڵی پەنایەڤ بووم. وابزانم کەوتوومەتە عەشقی ژنەکەیەوە؛ جگە لەوەی کە ئافرەتێکی خوێنگەرم و دڵۆڤانە، زۆر ڕۆشنبیر و زیرەک دیارە.

ئەوسا ئەڤدۆتیا، لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا بوو. لە دوای چەند ساڵێک لە مێردەکەی جیا دەبێتەوە و دەبێت بە هاوسەری نێکراسۆڤ و نووسەرێکی باشی لێ دەردەچێت. لە بیرەوەرییەکانیدا، بەم جۆرە لەبارەی دۆستۆیێڤسکیی نووسیوە:

لە یەکەم سەیرکردنەوە دیاربوو کە دۆستۆیێڤسکی، پیاوێکی هەست ناسکە و زوو دەورووژێت.

لاواز بوو و دیمەنی کەمێک زەردبوو؛ لە نەخۆش دەچوو. زۆر شەرمن دیاربوو، لە دواندندا بەشداریی نەدەکرد. بەڵام، لە دواییدا، کە هەندێک راهات، دەمی کرایەوە و بە دانایی و چالاکییەوە، لەگەڵ میوانەکانی تردا، لە وتووێژدا بەشداریی دەکرد .

پەراوێزەکان:

١- ئەوسا رەنجبەر، وەکو کۆیلە، لەگەڵ زەویدا دەفرۆشرا.

٢- برایانی کەرەمازۆڤ، دوایەمین رۆمانی "دۆستۆیێڤسکی"یە و لە هەرە بەناوبانگەکانێتی. سێ مانگێک لە دوای تەواوکردنی، دۆستۆیێڤسکی دەمرێت.

٣- ساڵی ١٨٦٠ لە رووسیا یاسایەک دەرچوو رەنجبەرەکانی ئازاد کرد. ئیتر رەنجبەر، دەیانتوانی بە هەوەسی خۆی کار بکات و لە کوێ دەیەوێت لەوێ بژێت.

٤- پوشکین، بە موبارەزەی شەڕە دەمانچە دەکوژرێت.

٥- لێرەدا وەکو باسی مردنی دایکی خۆی بگێڕێتەوە وایە. دایکیشی بە گەنجی بە سیل دەمرێت.

٦- مردن من ناترسێنێت و گوێشی نادەنێ. بەڵام، ئاخ، شتێکی تر من دەترسێنێت؛ کێ ئاگەداری منداڵەکانم دەبێت؟

٧- ئێستا بە شاری ریڤێل دەڵێن؛ تالین.

٨- ئەسپرتۆ، دوو ئەوەندەی ئارەق زیاتر پیاو سەرخۆش دەکات. ئەوەی بوتڵێک بخواتەوە لەوانەیە بمرێت.

٩- پیانۆژەن: ئەو کەسەی کە پیانۆ لێ دەدات.

١٠- لە رۆمانەکەدا، گوندی (چێرماشنیا) کە کاتی خۆی هی باوکی دەبێت، دەیکات بە موڵکی فیۆدەر کەرەمازۆڤ.

١١- بەداخەوە، نێتۆچکە نێزڤانۆڤا، تەواو ناکات. هەر بە ناتەواوی، لە دوای مردنی نووسەرەکەی، بڵاو دەکرێتەوە.

١٢- دیارە موڵکێکیان فرۆشتووە.

١٣- لە دوای بیست ساڵ، ساڵی ١٩٦٦، کە رۆمانی (تاوان و سزادان)ی دەنووسی، دۆستۆیێڤسکی، پێشانی دا بۆچی راسکۆلنیکوف، کە وەکو جارانی خۆی، تەلەبەیەک بوو لە سانت پیتەرسبێرگ، ئەوەندە رقی لە فایزخۆر بوو.

١٤- یڤگێنی گراندێت، رۆمانێکە، نووسەری بەناوبانگی فەرەنسی، هۆنێرێ دی بەلزاک، ساڵی ١٨٣٣ نووسیویێتی.

١٥- گریگۆیۆڤچ ؛ نووسەرێکی رووسییە.

١٦- نێکراسۆڤ (١٨٢١- ١٨٧٨)؛ شاعیر و نووسەر و بڵاوکەرەوەیەکی زۆر بەناوبانگی رووسییە

١٧- بێلینسکی؛ رەخنەگرێکی ئەدەبی زۆر بەناوبانگی رووسییە.

١٨- "کەودەن"ەکە؛ (الابلة The Idiot)

١٩- ئەنیستازیا: ئەو ژنەیە کە میر میشکن (کەودەنەکە)، بە رێککەوت، کە رەسمەکەی دەبینێت، یەکسەر شەیدای ئەو رووە جوانە سوێدارەی دەبێت.

هەوالنامەی کتێب

# گەشتەکەی ئانا کارێنینا
# لە مۆسکۆوە بۆ ریگا

دانا رەئووف

ماوەیەک بوو لە مۆسکۆ دەژیام، ئەوە یەکەم جار بوو سەفەر بۆ دەرەوەی سنوری وڵاتەکەی خۆم بکەم، هەر لەوێشەوە چووم بۆ شاری ریگا، تا دەرباز بم و وەک پەناهەندەیەک خۆم بگەیەنمە ئەوروپا.

هێندە لە مۆسکۆ مابوومەوە بە ئاسانی هەموو شوێنێکم دەدۆزییەوە، بەتایبەتی شانۆکان کە بەسەر شەقام و کۆڵان و پانتاییەکانی شاری مۆسکۆدا بڵاوبوونەتەوە و ژمارەیان ئێجگار زۆرە.

یەکێک لە شەوە ساردەکانی مانگی دوازدە بلیتێکی شانۆی (مخات) دەکڕم و دەچمە ژوورەوە، لەناو ڕووسەکاندا و لە یەکێک لە ریزەکانی پێشەوەی شانۆکەدا، بە تامەزرۆییەوە لە شوێنەکەی خۆم دادەنیشم.

شانۆی (مخات) شانۆ کۆنەکەی ستانیسلاڤیسکییە و ئەم شەو لە هەوڵێکی هونەریدا رۆمانە گەورەکەی تۆڵستۆی"١٨٢٨– ١٩١٠ " (ئانا کارێنینا) بۆ شانۆ ئامادە کراوە و بەپێی ترادیشون و ڕێبازەکەی ستانیسلاڤیسکی نەمایش دەکرێت.

نەمایشەکە بەپێی رۆمانەکە و بە شێوەیەکی وردەکاری بەرجەستەی واقیعێکی ئەرستۆکراتی و کۆمەڵگەی رووسی لە سەدەکانی هەژدەدا دەکات و ئەکتەرەکان بە ریتمێکی خاو و ناخۆش و بێزارکارەوە ڕووداوەکانی رۆمانەکە دەکەنە شانۆنامەیەکی تەقلیدی و وەک فیلمێکی رەش و سپی پێشکێشی دەکەن.

هیچ تێ ناگەم، رۆمانەکەشم لەوەوبەر نەخوێندووەتەوە و کارەکتەرەکان ناناسمەوە، کچە جوان و جلوبەرگە قەشەنگ و گرانبەهاکانی بەریان، بۆ من و لەم نمایشەدا وەک تارماییەکی نادیار وان.

هەندێک لە زمانی رووسی فێربووم، دەتوانم رستەی کورت، وشە و دەستەواژەی رووسی بەکار

بهێنم و که قسەش دەکەن لێیان تێ دەگەم، بەڵام هیچیان لەم نمایشەدا ناناسمەوە و هەموو زمانەکە، مۆسیقای دەنگەکان و ئاخافتنی ئەکتەرەکان بە گوێی من نائاشنان و تێیان ناگەم. خودی شانۆنامەکەش هیچ چێژێکم پێ نابەخشێت.

(ئانا کارێنینا) لەم ساتەدا لەسەر زوربەی شانۆی شار و هەرێم و ناوچە جیاوازەکانی رووسیادا نمایش دەکرێت، ئەفیشی ئەم نەمایشانە و ئانا کارێنینا بە قەد دیوار و رووکاری شانۆکان و لەسەر رووپەڕی رۆژنامەکاندا بڵاو بوونەتەوە و لەوە دەچێت هەموو رووسیا وەک عاشقێکی ناکام و دڵشکاو بە دوای ئانا کارێنینا و عەشقێکی بزربوودا بگەڕێن.

*** ریگا، ١٩٩٢**

شەوێکی تاریکی زستان، بە پاسێکی پڕ لە پەناهەندە و خێزانی رووسی، بە ترس و دڵەخورپێ و چاوەڕوانی و هیوایەکی زۆرەوە، لە مۆسکۆوە دەڕۆم بۆ شاری ریگا.

هەموو شەوەکە نائارام، لە پەنجەرەکانی پاسەکەوە تەماشای تاریکییە رەشەکەی دەرەوە دەکەم، وەک ئەوەی لە پشتەوە، لەناو تاریکییەکەدا نهێنییەک خۆی حەشار دابێت و منیش بمەوێت ئەو نهێنییەم بۆ دەرکەوێت. جار جارە رووناکییەکی کزی ئۆتۆمۆبێلێکی تیژڕۆی تر کە بەپێچەوانەی ئاراستەی ئێمە و لەوبەری جادەکەوە دەڕوات، بۆ ساتێک ئەو تاریکییە ئەنگوستەچاوە دەبڕێت.

لەگەڵ کازیوەی بەرەبەیان دەگەینە سنوور و پاسەکەمان رادەگرن، سەیری پاسپۆرتە تەزویرکراوەکانمان دەکەن و بە بزەیەکی گاڵتەئامێزەوە لێمان دەڕوانن.

بە جوڵانەوەیەکی خێرا، وەک ئەوەی لە خەونێکی خۆش بەئاگایان هێنابمەوە، تەماشایەکی چواردەوری خۆمان دەکەم و بەبێ بیرکردنەوە و بەشێوەیەکی خۆکردە پەنجا دۆلارێک لە گیرفانم دەردێنم و دەیخەمە دەستی سەربازە سورفلەکەی بەردەمم.

بەبێ دوودڵیی و بە خێرایی دۆلارەکەم لێ وەردەگرێت، بە سیمایەکی مردووەوە سەیرێکم دەکات، تاوێک بەبێ ئەوەی چاو بتروکێنێت لێم ورد دەبێتەوە و پاشان پاسپۆرتەکەم دەداتەوە دەست و ئاماژەیەکی پاسەکە دەکات.

خێرا و بەرلەوەی پەشیمان بێتەوە یان سەربازەکانی تر بەم دیمەنە شانۆییە بزانن، دەچمەوە پاسەکە و لەسەر جێگەکەی خۆم دادەنیشم، هەست دەکەم جەستەم بچووک بووەتەوە و دەمەوێت تا زووە شۆفێرەکە بڕوات. دەگەینە ریگا و لە تەرمیناڵی پاسەکان دادەبەزم، جانتاکەم کردووە بە شانمدا و بەبێ هیچ پلانێک چەند هەنگاوێک دەچمە پێشەوە، دەچمە ناو تەرمیناڵەکەوە و یەکەم شت کە چاوم دەکەوێتە سەری، ئەفیشێکی گەورەی شانۆنامەی (ئانا کارێنینا)یە، وەک ئەوەی ئانا کارێنینا لە چاوەڕوانیی ئێمەدا بێت تا پێکەوە بۆ کەنارێکی نادیار و ئارام هەڵبێین.

* **بیست ساڵ دواتر**

– گەڕانەوە بۆ ریگا، ٢٠١١

بەپێچەوانەی بیست ساڵ لەمەوبەرەوە، لە فڕۆکەخانەیەکی گەورە و مۆدێرنەوە دێمە دەرەوە، هەمان کات و هەمان کەش و هەوا و هەمان (من) بەڵام لە بارودۆخێکی تردا، بە هەنگاوی دڵنیاوە دەچمە ئەو تەکسییەوە کە دەمگەیەنێتە ئوتێلەکەم.

شاری ریگای پایتەختی لێتلاند دادەنرێت بە گەورەترین وڵاتانی باڵتیک و لە ناوەڕاستی شارەکەدا، شارێکی دێرین وەک شانەیەکی گرینگی ئەم شارە، لە سەردەمە دێرینەکانی چاخی ناوەڕاستەوە، بەشێوە ئۆرگیناڵییەکەی خۆی ماوەتەوە.[1]

شارەکە بریتییە لە کۆمەڵێک کڵێسای کۆن، خانووبەرەی سەردەمە جیاوازەکان، پردی بچووک کە هەندێ لە گەڕەکەکانی ئەم شارە پێکەوە دەبەستێتەوە. ریگا و ئەم شارە دێرینەی ناوجەرگەی شار تەنیا لە ڕووی خانووبەرە و کۆڵانە باریک و تەسکەکانییەوە، سیما و بنەواکانی چاخەکانی ناوەڕاستی نەپاراستووە، بگرە ئەو ئەتمۆسفێرە گەرم و ئاهەنگئامێز و پشێوییەی سەردەمە دێرینەکانی پێوە دیارە، لە هەمان کاتدا بووەتە شارێکی مۆدێرن، بەشێک لە ئەوروپای یەکگرتوو و کۆسمۆپۆلیتیک.[2]

بە یەکێک لە کۆڵانەکاندا دەڕۆم، لە دوورەوە گوێم لە ناڵی ئەسپە کە بەسەر ڕێگە بەردینەکەدا، بەپێی ریتمێکی سەربازی دەڕوات، گوێ رادەگرم و چاوم دەنووقێنم، وا دەزانم گەڕاومەتەوە چاخەکانی ناوەڕاست. کە لە سەری یەکێک لە کۆڵانەکانەوە دەچمە دەرەوە، دەکەومە ناو هاتوهاواری ئەو خەڵکە زۆرەی کە لە گۆڕەپانەکەی بەردەم یەکێک لە کڵێسا کۆنەکاندا دێن و دەچن. هەر لەم گۆڕەپانەدا هونەرمەندی گەڕۆک، سێرکەوان، گۆرانیبێژ و مۆسیقاری سەرشەقامەکان چەندان نمایشیان خولقاندووە و خەڵکیان لە دەوری خۆیان کۆکردووەتەوە.[3]

لەم ناوچە دێرینەی شاری ریگادا چەندان کڵێسای گەورە، بە تاوەری بەرز و رازاوەوە بەرزبوونەتەوە، لە هەموو کۆڵان و ناوچە و گۆڕەپانێکدا کڵێسایەک هەیە و مێژووی دروستکردنی هەندێکیان دەگەڕێنەوە بۆ سەرەتای سەدەی سیازدەم و نوێترینیان لە سەدەی هەژدەیەمدا دروست کراوە و ئەمەش بە ڕوونی قۆناخەکانی هونەری خانووبەرەمان بۆ دەستنیشان دەکات. هەروەها ئەم کڵێسایانە هێماگەلی دەسەڵاتی ئەم شوێنانەن وەک ناوەندێکی گەورەی ئاینی و سیاسی، دووپاتی ئەوەش دەکاتەوە کە پیاوە ئاینییەکان لەم شوێنانەوە دەسەڵاتی رەها سیاسی – ئاینیی خۆیان پیادە کردووە.

ریگا هەر بە کڵێسا دێرینەکانی بەناوبانگ نییە، بگرە ئەم شارە یەکێکە لەو شارە دەگمەنانەی کە چەندان خانووبەرە و کۆشکی دێرینی سەردەم و سەدە جیاوازەکانی تێدایە و بوونەتە

سیمایەکی شارستانی و ئاوەدانی.[٤]

بەناو حەشاماتەکەدا دەڕۆم، دەچمە کۆڵانەکەی ئەوسەرەوە و بەرەو خوار دەبمەوە، لەپڕ لە سەری ئەوسەری کۆڵانەکەوە دێمە دەرەوە بۆ ناو گۆڕەپانێکی بچووکتر و خۆم لە بەردەم خانووبەرەیەکی ئێجگار جواندا دەبینمەوە، ئەم کۆشکە کە لەلای راستەوە بە ڕووی دەریا گەورەکەی ئەم شارەدا بەرز بووەتەوە، بە ماڵی سەر ڕەشەکان ناوزەد کراوە و لە ساڵی ١٣٣٤ دا رۆنراوە. ئەم شوێنە بۆ بەزم و کەیفی بازرگانە ئەڵمانەکان تەرخان کراوە و ئەو ئاهەنگانەی لەم کۆشکەدا گێڕدراوە، شێوەیەکی رەمەکی و کێوی لەخۆ گرتووە و هەموو جۆرە بەربەستە دەروونی و کۆمەڵایەتی و کەسایەتییەکانی بڕیوە و شەو و رۆژ لەناو قاقای پێکەنین، بادەنۆشی، سەما، جووتبوون و ڕشانەوەدا بزربوون.[٥]

دەچمە ئەو هۆڵە گەورەیەوە کە سەردەمانێک شانۆی ئاهەنگە کێوییەکان بووە، هەر لەم هۆڵەدا پێشوازی لە میوانەکان: سەرکردە سەربازییەکان، سیاسەتمەداران، بازرگان و هونەرمەندان کراوە، ریشارد ڤاگنەر و فرانس لیزیت چەندان جار سەردانی ئەم خانووبەرەیەیان کردووە و لەم هۆڵەدا کارە هونەرییەکانیان پێشکێش کردووە.

لە ژێرزەوینە تاریک و شێدارەکەی ئەم کۆشکەدا، کۆمەڵگەیەکی سەدە دێرینەکانی مێژوویان بە هەموو وردەکارییەکانییەوە و بە شێوەیەکی مینیاتری دروست کردووە. کە بە پێپلیکانەکەدا دەڕۆمە خوارەوە وا هەست دەکەم هەموو خانووبەرەکە هەناسە دەدات، هەست دەکەم هەناسەم تەنگ دەبێت و لەگەڵ ئاهەنگگێڕەکانی ئەو سەردەمە دێرینانەدا هەناسە دەدەم، هەناسە بۆ ئەوان دەدەم و ئەوانیش لە تاریکییەکەوە، لەناو پەنا و پەسار و لە ژێرزەوینەکەوە، لەو شوێنانەی کە نابینرێن، چاوە زەقە سوورهەڵگەڕاوەکانیان تێ بڕیوم، دەمیان نوقاوە و بە بێدەنگیی هاوار دەکەن.

دیوارەکان دەلەقێن، ئەرزەکە جیرە جیری دێت و مرۆڤی پیر و پەککەوتە بە دانی رزیو و پیسەوە، وەک ئەوەی کەفی لالغاوە و مەرگی سەر روخساریان نەسڕیبێت دەردەکەون. بۆنی گڵ و شێداری و کەڕوو دەمباتەوە بۆ سەردەمانێکی دێرین، بۆ بیست ساڵ لەمەوبەر، بۆ ئەو رۆژەی لێرەوە، لە ریگاوە بە ترس و دڵێکی پڕ لە هیواوە دەرباز بووم.

بەشێوەیەکی بازنەیی دەڕۆم و دوای بەسەرکردنەوەیەکی ئەو کۆمەڵگەیە، دەگەمەوە لای پێپلیکانەکان، بە خێرایی و بەرلەوەی هەوا شێدارەکە، بۆنی باڕووت و دیمەنی کەفی لادەمی مردووەکان هەناسەم لێ ببڕن، سەردەکەومە سەرەوە.

تیشکی رۆژەکەی دەرەوە لە پەنجەرەکانەوە هاتووەتە ژوورەوە و فیگوری جیاوازیان لەسەر دیوار و ئەرزەکە دروست کردووە و کەشێکی ئارام و ژوورێکی گەرم و بێدەنگ باوەشم بۆ دەکاتەوە.

* **سەرلەنوێ ئانا کارێنینا**

– نمایشێکی نوێی ئانا کارێنینا لە ریگا

لەم چەند ساڵەی دواییدا رۆمانە کلاسیکییە بەناوبانگەکەی نووسەری رووسی تۆڵستۆی (ئانا کارێنینا) کە لە ساڵەکانی سەدەی هەژدەدا نووسراوە، بە شێوازێکی مۆدێرن و لە دیدێکی دراماتۆرگی تۆکمەدا بە شانۆ کراوە و لەسەر زوربەی شانۆ گرینگەکانی ئەوروپا بە بەردەوامی نەمایش دەکرێت. لە ستۆکهۆڵم، لە بەرلین، لە مۆسکۆ و ئێستاش لەسەر شانۆی نەتەوایەتی ریگا.[٦]

ئانا کارێنینا چیرۆکێکی خۆشەویستی، پەیمان، پێوەندی هاوسەرگیری، خیانەت، بێوەفایی، ئیرەیی، دڵپیسیی، مەرگ، کۆمەڵگە و کۆمەڵگەیەکی ئەرستۆکراتی دەخاتە ناو کێشەیەکی ئاکاری و کەسایەتییەکان رووبەڕووی هەڵبژاردن، یاخیبوون، چارەنووس و ئاکامەکانیان دەکاتەوە.

ئانا کارێنینا ژنێکی شۆخە، بڕوایەکی پتەوی بە کەسایەتیی خۆی هەیە، بە سەربەستی لە پانتاییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەجوڵێتەوە و پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی گرینگی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەست بە بێزاری و ناخۆشیی ژیانی هاوسەرگیریی خۆی و تاکڕەویی مێردەکەی (ئەلێکسی کارێنینا) دەکات، بەڵام هەست بە بەختیارییەکی درۆزنانە دەکات و قاییلە بەو ژیانەی خۆی.

ئانا کارێنینا لە یەکێک لە ئاهەنگی سەماکردنەکانیاندا لەگەڵ (ئەلێکسی فرۆنسکی) کە ئەفسەرێکی پلەبەرز و خاوەن دەسەڵاتە، سەما دەکات، ئەو سەمایە دەبێتە دەسپێکی خۆشەویستی و تەنگژەیەکی دەروونی و گێژاوێکی ئاکاری. ئانا کارێنینا لە تاریکییەکانی هەست و سۆزدا بزر دەبێ و هەموو رۆمانەکەش، وەک بەرئەنجامێکی ئەو عەشقە بە مەرگی ئانا کارێنینا کۆتاییی پێ دێت.

ئانا کارێنینا دەکەوێتە ناو عەشقێکی گەورەوە، هەموو ژیانی خێزانی و منداڵەکەی و بەختیاریی و پلە و پایەی خۆی و هاوسەرەکەی وەلا دەنێت و بۆ ئەو خۆشەویستییە دەژی، ئانا کارێنینا لە فرۆنسکیدا ئەو ژیانە رۆمانسییە دەبینێت کە خەونیان پێوە دەبینێت. ئانا کارێنینا لە گەڕان بەدوای بە ختیاری و عەشقێکی رەهادا ناچار دەبێت لە نێوان خۆشەویستی و جگەرگۆشەکەیدا فرۆنسکی هەڵبژێرێت، بەمەش نەک تەنیا دڵیشی و روحیشی لەدەست دەدات، بگرە بە دەستبەرداربوونی مێردەکەی و جگەرگۆشەکەی هیچ بەختیارییەک، هیچ عەشقێکی رەهاش لەگەڵ فرۆنسکیدا نادۆزێتەوە.

تۆڵستۆی رۆمانەکەی بەم وتەیە پێشکێش دەکات (هەموو خێزانە بەختیارەکان لەیەک دەچن، بەڵام خێزانە بەدبەخت و چارەڕەشەکان هەریەکە بە شێوەیەک بەدبەخت و چارەڕەشن.[٧])

تۆڵستۆی بە چوار ساڵ رۆمانی (ئانا کارێنینا)ی نووسیوە، جاری وا هەبووە بە چەندان مانگ نەچووەتەوە سەری و هەر بیری لێ کردووەتەوە، لە یەکێک لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی

(سەرلەنوێ خەریکی نووسینی ئانا کارێنینام، کە بێزارکار و دوور و درێژ و ڕۆژانەیە، لە خوا دەپاڕێمەوە هێز و وزەم پێ بدات تا بە زووترین کات بتوانم تەواوی بکەم… خۆزگە کەسێکی تر لە بری من هەبووایە تا ئانا کارێنینای بنووسیایە).

ئەگەر ئانا کارێنینا لەسەر شانۆی مەکسیم گۆرکی لە بەرلین چەمکێکی ئەزموونکاری و ئەڤانگاری لەخۆ گرتبێت، ئەوە لە مۆسکۆ دەبێتە ریالیزم و وێنەیەکی دەقاودەقی سەدەی هەژدەمان بۆ بەرجەستە دەکات، لە ئۆپسالای سوێد زیاتر دەبێتە شێوازێکی تجریدی و فۆرمێکی ساکار پێوەندییە ئەڤینداریيە بەهێزەکەی ئانا کارێنینا و پێوەندییە کۆمەلایەتییە ئالۆزەکان و کۆمەڵگە ئەرستۆکراتییەکان بە ساکاریی، بەلام بە تێگەیشتنێکی قووڵەوە بەرجەستە دەکات.

ڕێژیسۆری لێتلاندی میخایل گرۆزدۆن لەسەر شانۆی نەتەوایەتی لێتلاند پارسەنگێکی هونەری لە نێوان چەندان شێوازدا دەدۆزێتەوە و زیاتر دیقەت دەخاتە سەر هونەری نواندن و داماڵینی توێژاڵە یەک لە دوای یەکەکان، بەم شێوەیەش شانە گرینگ و سەرەکییەکەی ڕۆمانەکە، لە سەردەمێکی تر و بە شێوازێکی مۆدێرن دەدۆزێتەوە. ئەم ڕێژیسۆرە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە چۆن شانۆ دەتوانێت گوێ لە کتێبێک بگرێت و ژیانێکی تازەی پێ ببەخشێت.[8]

* **نمایشەکە**

سێ دەرگە بە تەنیشت یەکترەوە، لە قووڵاییيە بەتاڵەکەی شانۆکەدا و بەرامبەر بە بینەران دانراوە، کارەکتەرە سەرەکییەکان لە دەرگەکانی لای ڕاست و چەپەوە دێنە دەرەوە، دەچنە ژوورەوە و هەندێک جار کارەکتەرەکانی تر لە پشتەوە، لە دالانە تاریکەکانەوە دەبینرێن، بە خێرایی دەڕۆن و هەر بە خێراییش لەچاو ون دەبن، جاری واش هەیە کارەکتەرەکان بەر لە هاتنە ژوورەوەیان، لە دەرگەکانەوە دەردەکەون و وەک چاودێرێک سەیری ڕووداوەکان دەکەن.

گۆڕانکاریی دیمەنەکان خێرایە، لە چاوتروکانێکدا شانۆکە دەبێتە هۆڵی کۆشکی بنەماڵەیەکی ئەرستۆکراتی و لە هەموو دەرگەکانەوە، کەسایەتییەکان دێنە سەر شانۆ، تێکەڵاوی یەکتر دەبن، سەمایەکی تەقلیدی، بەلام بە شێوازێکی نوێ دەکەن و دەروازەیەکی مۆدێرن بۆ ڕووداوەکان دەکەنەوە و ئاهەنگێکی سەما و ڕیتم ئاسا پێوەندییەکانی ئانا کارێنینا لە جووڵەیەکی بازنەییەوە بە کارەکتەرەکانی تر و بە ڕووداوەکانیشەوە دەبەستێتەوە.

هەر لەم ئاهەنگەدا و بە جوڵەیەکی تری تیژ، ئانا کارێنینا ئاراستەکانی سەماکە دەبڕێت و لە بارودۆخێکی ناڕاستەوخۆدا، دەسپێکی پێوەندییەکانی، هەڵوێستە جیاوازەکەی و رووکارە پێچەوانەکەی ئاشکرا دەکات.

ڕیژیسۆری شانۆنامەکە کارەکتەرە سەربازەکان، بە کورسی وەک هیماگەلی دەسەلاتی سەربازی، لە دیدی چەند جولانەوەیەکی دیسپلین ئاسا و خێراوە بەکار دەهێنێت: بۆ نموونە دەبنە

دەروازەی هەندێک لە ڕووداوەکانی دوای خۆیان، هەر ئەو کورسییانە دواتر دەبنە وێنەی شانۆیی و بە چەندان فۆرم و شێوازی هێماگەلی جیاواز، گوزارشت لە پێگەی ئانا کارێنینا و ئەلێکسی فرۆنسکی دەکەن. کورسییەکان دەبنە گەمەیەکی ئێستاتیکی و لە هەمان کاتدا ئامرازێکی گوزارشتئامێز و هێماگەلێکی بەردەوام و ڕێژیسۆر دەیانکاتە هێڵێکی کاریگەر و لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە شێوازی جیاواز دەبینرێن و دیمەن و ڕووداوەکان بە یەکەوە دەبەستنەوە.

نمایشەکە بە دیمەنێکی ئێستاتیکی و تابلۆیەکی شانۆیی بەرجەستەی پێوەندییە سێکسییەکەی نێوان ئانا کارێنینا و ئەلێکسی فرۆنسکی دەکات: ئانا کارێنینا لەسەر کورسییەک قاچی درێژ کردووە بۆ فرۆنسکی کە لەسەر چۆک لە بەردەمیدا دانیشتووە، فرۆنسکی هێدی هێدی بە جوڵانەوەیەکی سەما ئاسا قەیتانی پووتە درێژەکەی ئانا کارێنینا دەکاتەوە، ئانا کارێنینا لەگەڵ ڕاکێشانی گرێی هەر قەیتانێکدا، چێژی جووتبوون و چوونە ناوەوەی یەکترمان بۆ دەخوڵقێنێ. دیمەنەکە دەگاتە ترۆپک کە ئانا کارێنینا دوای داکەندنی پووتەکانی بە تەنیا و بە جەستەکی پڕ لە حەز و شەهوەت و مووچڕکەی جووتبوون و ئۆرگازمەوە بەرەو دەرگەکەی ناوەڕاست، بە کۆمەڵێ جووڵەی تێکشکاوەوە دەڕوات.

لە دیمەنێکی ڕاستەوخۆدا و لە چارەسەرێکی دراماتۆرگییانەی شیکاریدا، ڕێژیسۆر پێنج لە کەسایەتییە سەرەکییەکان، بۆ نموونە ئانا کارێنینا، ئەلێکسی کارێنینا (مێردەکەی)، ئەلێکسی فرۆنسکی.... بەرامبەر بە بینەران و لە پێشەوەی بەردەمی شانۆکەدا بەڕیز دادەنێت، ئەم کارەکتەرانە دیدی خۆیان لەناو ڕووداوەکانەوە بۆ بینەران دەگێڕنەوە، دیمەنەکەش بە چۆڵکردنی شوێنەکە بۆ ئانا کارێنینا و ئەلێکسی فرۆنسکی کۆتایی دێت. بۆ چڕکردنەوەی ئەم ڕۆمانە گەورەیە لەسەر شانۆ و گۆڕینی دیمەنەکان، ڕووداو و شوێنەکان، پەردێکی ڕەش بە بارستاییی پانتاییی شانۆکە دێتە خوارەوە و پشتەوە و قووڵاییی شانۆکە لە بەشی پێشەوە دادەبڕێت. بەم تەکنیکە ساکارە ئاراستەی ڕووداوەکان دەگۆڕێت و پاڵێکی خێراش بە تەمەنی کارەکتەرەکانەوە دەنێت و بازنەی قووڵبوونەوە و بەرەوپێشەوە چوونەکانیش فراوانتر دەکات.

یەکێک لە دیمەنە جوانەکانی تر ئەوەیە کە ئانا کارێنینای ماندووی عەشق و خۆشەویستی، ئانا کارێنینای تەنیا و تێکشکاو لەناو کۆمەڵێ سەرینی گەورەی سپیدا کەوتووە، هەندێک جار تەنیا سەری، هەندێک جار نیوەی جەستەی، یان دەستێکی بەدەرەوەیە و دیمەنەکە لەوە دەچێت، ئانا کارێنینا بە بەرزاییەوە، لە ئاسمانەوە و لەسەر فەرشی هەورەکاندا، وەک فریشتەیەکی نەخۆش ڕاکشابێت و لەوێوە بڕوانێتە ئەو کۆمەڵگە نایەکسان و بێ بەزەییەی کە ئەوی تێدا دەژی.

ڕێژیسۆری شانۆنامەکە و بەپێی چەمکەکانی هونەری گێڕانەوە و لە چەندان دیمەن و شوێندا، کارەکتەرێک لە کارەکتەرەکان جیا دەکاتەوە، دایان دەبڕێت و بۆ ساتێک دەیانکاتە حیکایەتخوان و هێڵە جیاوازەکانی ڕۆمانەکە، لە سۆنگەیەکی دراماتیکیدا کورت دەکاتەوە.

ئانا کارێنینا لە سەرەتاکانی دیمەنی یەکەمدا جلی رەشی لەبەردایە، لە ناوەڕاستی شانۆکەوە، کە وەک عاشقێکی بێ پەروا و تینوو دەردەکەوێت، جلی سپی لەبەر دەکات و لە دیمەنی بەرەو کۆتاییشدا سەراپای جلەکانی دەبێتە سوورێکی زەق و لە دوا دیمەنیشدا، کە هەموو شتێک لەدەست دەدات و کۆتایی بە سەفەری عەشقەکەی دێت، وەک دیمەنی یەکەم دەچێتەوە ناو جلوبەرگە رەشەکەیەوە.

رێژیسۆری شانۆنامەکە کە هەر خۆیشی تێکستەکەی لە رۆمانەکەوە ئامادە کردووە، دیمەنەکانی سەرەتا و کۆتایی لە دەروازەی هۆڵە گەورەکانی ماڵی ئەرستۆکراتەکانەوە، لەگەڵ ریتمی سەما و مۆسیقا و کات بەسەربردنەکاندا، لە دیدی کارەکتەرەکان و بارودۆخی دوێنێ و ئەمڕۆ و داهاتووی رووداوەکاندا، بە یەکەوە دەبەستێتەوە.

لە دوا دیمەنەکانی نمایشەکەدا رێژیسۆر، ئانا کارێنینا بە تەنیا لە پێشەوەی شانۆکە دادەنێت و بەهۆی دیوارێکی شورا ئاسای رەشەوە لە تێکڕای ژووره ئەرستۆکراتییەکان، لە دنیای ئاهەنگ و سەماکانی دادەبڕێت، لەودیو دیوارەکەوە سەما بەردەوامە و ژیان رێچکەی ئاسایی خۆی وەرگرتووە، لەمدیویشەوە ئانا کارێنینا وەک ئەوەی لەو دنیایە تووڕدرابێتە دەرەوە، بە تەنیا دانیشتووە، لەم دیمەنەدا لە پشت شوراکەوە تەنیا قاچی سەماکەرەکان دەبینین و گوێمان لە تەپەی پێ و قاقای پێکەنینیانە.

دوا چرکەساتەکانی نمایشەکە و سەفەرەکەی ئانا کارێنینا بە تەنیا و لە ویستگەی شەمەندەفەرێکدا کۆتایی پێ دێت، ئانا کارێنینا هەموو شەمەندەفەرەکان، تەنانەت شەمەندەفەری ژیانیش بەجێیان هێشتووە، لە ویستگەیەکی چۆڵ و بە تەنیا لەسەر کورسییەکی رەقوتەق، لە ساتەکانی مەرگدا لەچاو ون دەبێت. ئەوەی دەمێنێتەوە تەنیا کورسییەک و ویستگەیەکی سارد و چۆڵە.

لەگەڵ چەپڵەڕێزانی بینەران و چوونە دەرەوەی خەڵکەکە، دەچمە دەرەوە، لەناو حەشاماتەکەدا بزر دەبم. بە راستەڕێگەکەدا دەڕۆم و لەژێر رووناکیی گڵۆپی سەرشەقامەکاندا سەیری ئەو هەموو کچە لێتلاندییە دەکەم و چەندان ئانا کارێنینا دەبینم، چپەدوو قسە دەکەن و بە چاوێکی پڕ لە میهرەبانییەوە پێ دەکەنن و دەقریوێنن.

بەر لە بیست ساڵ، وەک پەناهەندەیەکی تەنیا لە ریگا بووم، بە ترس و دوودڵییەوە هەنگاوەکانم دەنا، تەنیا شوێنێکیش کە ئێستا لە یادم مابێت و ئەوسا بینیبم، گۆڕەپانی ئازادییە.

ئێستا وەک ئەوسا بە تەنیا بەرامبەر پەیکەری ئازادی راوەستاوم، هەست بە بێدەنگیی و تەنیاییەکی رەها، تەنیاییەکی بێدەنگ و کوشندە دەکەم. بەڵام لە تەنیایی ناترسم. هەست ناکەم تەنیام، بگرە هەستێکی بەهێزی دەروونیم بۆ تەنیایی هەیە: ترس و گومان لە تەنیایی، تاسە و تامەزرۆیی بۆ بوونی تەنیایی، تووڕەبوون لە تەنیایی، خۆشەویستی بۆ تەنیایی، رەهەندی تەنیایی و

تەنیایی لەگەڵ خودی تەنیاییدا. زۆرجار بە پەرۆشەوەم بۆ ساتەکانی تەنیایی و خۆم لە سندووقێکی تەنیادا توند دەکەم، دیوارێک لە تەنیایی دروست دەکەم کە کەس نەتوانێت پێیدا سەرکەوێت.

### * مۆنۆمێنتێک بۆ ئازادی، گۆڕەپانێک بۆ سەربەستی

گەلی لێتلاند مێژوویەکی خوێناوی و بەرەنگاربوونەوە و شۆڕشی یەک لەدوای یەکی هەیە و ئەم سەربەستییەی ئەمڕۆیان، تەقەلای بەرهەڵستی و شەڕێکی درێژە. ئەم گەلە بەهایەکی گەورەیان بۆ ئازادیی، بۆ سەربەخۆیی و بۆ هێماگەلە پیرۆزەکانی خۆیان هەیە و هەموو تەقەلایەک مێژوویەکە، هەموو بەردێک هێماگەلێکە، هەموو یادەوەرییەک پێداگرتنە بۆ سەربەستی و هەموو شەڕێک سووربوونە لەسەر گەیشتن بە مافەکانیان.[9]

گۆڕەپانی ئازادیی یەکێکە لەم هێما پیرۆزانەی ئەم وڵاتە و لە هەموو کاتێکدا، شەو و ڕۆژ خەڵکی چەپکە گوڵی وەفا و سەربەرزی لەم گۆڕەپانەدا و لە بەردەم پەیکەری ئازادییدا دادەنێن.

ئەم پەرستگایەی گۆڕەپانی ئازادی ٤٢ مەتر بەرزە و ئەوپەیکەری ئافرەتەی کە بە شێوەیەکی ئەفسوونی بەسەر تاوەرەکەی ئەم مینیمیۆنتەوە بەرزبووەتەوە، تاجەگوڵینکەیەکی بەرەو ناکۆتا و پانتاییە نادیارەکانی ئاسمان بەرز کردووەتەوە، ئافرەتەکەش بە میهرەبان، مرۆدۆست و سیمبوڵی ئازادی ئاماژەی بۆ دەکرێت[10] ئەم پەیکەرە لە ساڵی ١٩٣٥ دا دروست کراوە و هێندە بە پێناسە و مێژوو و ترادیشونی ئەم گەلەدا ڕۆچووەتە خوارەوە، بووەتە شتێک لە سەروو هەموو شتەکانی ترەوە و تەنانەت دەسەڵاتی توندوتیژی داگیرکەری سۆڤیەتیش نەیوێراوە لایبەرێت.[11]

پشت دەکەمە ئافرەتە میهرەبانەکەی ریگا و بە بەردەمی پاسەوانەکاندا دەڕۆم، هەنگاوەکانم بەسەر شەقامە بەردینەکەدا دەنگ دەداتەوە، هەروەک ئەوەی بە هۆڵێکی چۆڵوهۆڵدا بڕۆم. لە بەری ئەوبەرەوە قووچکەی تاوەرێک دەبینم کە بە پێوە وەستاوە و زیاتر لە سینۆگرافیای شانۆییەکی بەردەوام دەچێت کە ئەکتەرەکانی بۆ هەتایە بەجێیان هێشتبێت.

### * تاوەری بارووت

کە دەگەمە بەر تاوەرەکە و دەچمە ژوورەوە بۆم دەردەکەوێت یەکێکە لە گرینگترین و کۆنترین مۆزەخانەکانی ریگا و بە مۆزەخانەی شەڕی سەربەخۆیی لێتلاند ئاماژەی بۆ دەکرێت.[12]

ئەمە تەنیا تاوەرێکە لە کۆی ئەو هەژدە تاوەرەی کە لە سەدەی دوازدەدا بۆ بەرگریکردن لە شارەکە دروستیان کردووە، هەروەها لەم تاوەرانەدا بارووتیان دروست کردووە و هەر لەبەر ئەوەشە کە بە تاوەری بارووت ئاماژەی بۆ دەکرێت.[13]

لە دوای سەربەخۆیی لێتلاند، ئەم تاوەرە کراوە بە مۆزەخانەی شەڕ یان شۆڕش و

بەرجەستەی مێژووە دوور و درێژە خوێناوییەکەی ئەم وڵاتە دەکات. تاوەرەکە لە ناوەوە چەندان نهۆمە، نهۆم لە دوای نهۆم بە شێوەیەکی بازنەیی لە خوارەوە بۆ سەرەوە بەرز دەبێتەوە و ساڵ لە دوای ساڵ لاپەڕەکانی مێژووی ئەم وڵاتە هەڵدەداتەوە. لە یەکەم نهۆم شەڕی یەکەمی جیهانییە و لە دوا نهۆمیش وێنەیەکی پرشنگداری سوپای ئەمڕۆی ئەم وڵاتەیە کە بەشێکە لە سوپای ناتۆ و ئەوروپای یەکگرتوو و لە شوێنە جیاوازەکانی دنیا، بۆ نموونە لە ئەفغانستان و عێراق ئامادەییان هەیە.[١٤]

لەم مۆزەخانەیەدا ئەو چەکانەی بە درێژاییی مێژوو لە شەڕەکاندا بەکار هاتووە، جلوبەرگی سەربازی، جۆرەکانی پێوەندیی و لاسلکی، ئەفیش و وێنەی پڕوپاگەندە، ئامرازەکانی بەرگری و فریاگوزاری، وێنە، دۆکیومێنت، نامە، بەڵگەنامە، نەخشە، پێشانگە، جۆری خواردن و کەلوپەلەکانیان، جۆرەکانی بەندیخانە و ئەشکەنجە، رەو و راکردن و فیلمی دۆکیومێنتی کە لە راڕەو و ژوورەکاندا بە بەردەوامی پێشان دەدرێت ... هتد دانراوە.[١٥]

لە مۆزەخانەی شەڕ دێمە دەرەوە، هەستێکی قووڵی شەڕ گەمارۆی ئەو تەنیاییە چڕەی داوە کە لە ناوەوەمدا دەسووڕێتەوە، بە کۆڵانە باریکەکەی بەردەمی تاوەرەکەدا دەڕۆم، بەلای پەرلەماندا رەت دەبم و دەچمە ئەو باخە سەوزەی بە لێواری کەناڵە بچووکەکەی ناوەڕاستی شاردا دەڕوات، خۆی هەڵواسیوە. لەم باخچەیەدا پێنج بەرد بە دیزاینێکی جوان بۆ یادی ئەو پێنج کەسەی کە لە سەرەتای پشێوییە سیاسییەکاندا و لە دەسپێکی بانگەشەی سەربەخۆییدا لە ٢٠ی مانگی یەکی ساڵی ١٩٩١دا لەلایەن هێزەکانی سۆڤێتەوە دەکوژرێن، دانراوە.[١٦]

لەسەر ئەژنۆ بەرامبەر بەم بەردانە دادەنیشم، بە قووڵی لێیان ورد دەبمەوە، مێژوویەکی پڕ لە خوێن، داگیرکردن و شەڕیان تێدا دەبینم، لە هەمان کاتدا هیوایەکی گەورە لە چرکەساتێکدا بووەتە بەرد، وەستاوە و بۆ هەتاهەتایە لە سەردەمی ئازادی و قوربانی و داهاتوویەکی تردا چەقی بەستووە.

بەدیار لاشەکەی
خۆمەوە
لە ژوورێکی بەردینیدا
وەستاوم
من لەوێ بە سیمایەکی
بەردینەوە
مردم.[١٧]

دەگەڕێمەوە بۆ بەر خانووبەرەی پەرلەمان، لەوێ پەیکەری قوربانییەکانی ئەو رۆژە چاوەڕێم

دەکەن. پەیکەرەکان بە ریز و بە سیما بەردینەکانیانەوە لە چاوەڕوانیی میوانەکانیاندان[18] کە لێیان دەڕوانم، بۆ تاوێک هەست دەکەم لەگەڵم دەدوێن:

– لە کوێوە هاتوویت؟

– ئێمە بووینەتە بەرد، بۆ ئەوەی تا هەتایە بژین.

– زەمەن لە لەپی دەستی مندا وەستاوە.

– زەمەنی تۆ لە کوێوە بۆ کوێ دەڕوات.

– دەزانیت ئێمە ئامادەی هەموو دانیشتنەکان دەبین.

– مەبەستی لە دانیشتنەکانی پەرلەمانە.

– مێژووی ئێمە مێژووی ئەم شارەیە.

– ئەی مێژووی تۆ:

– مێژووی تۆ لە کوێوە دەست پێ دەکات؟

ماڵئاوایی لە پەیکەرەکان دەکەم، بەبێ ئەوەی بتوانم وەڵامی تەنیا تاکە یەک پرسیاریشیان بدەمەوە، دەچمە ڕاڕەوەکەوە، لە ئاڵاکەیان دەڕوانم و لە دەرگەی ئەو سەرەوە دێمە دەرەوە، بە هەستێکی خەمناک و بە تەنیاییەکی بێدەنگ تا هوتێلەکەم ناوەستم.[19]

پەراوێزەکان:

١– شاری ریگا لە لیستی ئۆرگانی یۆنسکۆی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، وەک شارێکی دێرین و کولتووریی جیهانیی تۆمار کراوە.

٢– وڵاتانی باڵتیک: ئێستلاند، لێتلاند، لێتوان مێژوویەکی هاوبەشیان هەیە و خەڵکی لە ساڵەکانی دوو هەزاری بەر لە لەدایکبوونی مەسیحەوە لەم ناوچانەدا جێگیر بوون. هەرچەندە ئەم سێ وڵاتە لە ساڵی ١٩٩١دا سەربەخۆ بوون، بەڵام لە ڕووی ئەزموونەوە هاوبەش و لە یەکترەوە نزیکن، هەرسێکیان وەک یەک وڵاتەکانیان داگیر کراوە، شارەکانیان خاپور کراوە، خەڵکەکەی چەوسێنراونەتەوە و راگوێزراون. ئەم سێ وڵاتە پێکەوە و وەک یەک بۆ سەربەستی و ئازادی هەوڵیان داوە و خەباتی هاوبەشیان کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو شەڕ و داگیرکردنانەدا، توانیویانە زمان، کولتوور، داوونەریت و پێناسی تایبەتمەند و نەتەوەییی خۆیان بپارێزن.

٣– هەرچەندە یادەوەرییەکانی شەڕ و داگیرکردن و کۆلۆنیکردنی ئەم وڵاتە بە هەموو شوێنێکییەوە دیارە، بەڵام کۆمەڵگەکە و هەموو وڵاتەکە لە گۆڕانکارییەکی بەردەوامدایە و ئەم نەوە نوێیەی کە بە ئازادی لەدایک بووە و بە سەربەستی گەورە بووە، روحێکی مۆدێرنی بەم وڵاتە داوە.

٤– شاری ریگا لە ساڵی ١٢٠١ دا و لەلایەن قەشەیەکی ئەڵمانییەوە بەناوی (ئەلبێرت) ناوێکەوە دروست کراوە و هەر زوو دەبێتە ناوەندێکی گرینگی بازرگانی لە نێوان وڵاتانی باڵتیک و ئەورووپادا.

٥– هیتلەر ئەم خانووەی لە ساڵی ١٩٤١ دا تۆپباران کردووە، کە رووسیاش شارەکە داگیر دەکەن،

پاشـمـاوەکـانی ئەم خـانووە بە تـەواوەتی تەخت دەکـەن. لە سـاڵی ١٩٩٩ دا و لە یادی ٨٠٠ سـاڵەی دامـەزراندنی ریگادا، سـەرلەنوێ کۆپییـەکی یەکاویـەکی ئەم کۆشکە دروست دەکەنەوە و بۆ ئەم کارەش هـەموو خەڵکی ریگا هاریکارییان کردووە لە بنیاتنانەوەی ئەم کۆشکە گەورە ی.

٦- چەندان شانۆی گرینگ لە ریگا هەن، لەوانە شانۆی لێتلاندی نەتەوایەتی، نمایشەکانیان بە زمانی لێتی کە زمانێکی تایبەتمەند و سەربەخۆیە و بە هیچ شێوەیەک لە زمانی رووسییەوە نێزیک نییە، پێشکێش دەکەن. شانۆی نەتەوایەتی رووسی کە زیاتر بە زمانی رووسی نمایشەکانیان پێشکێش دەکەن. شانۆی نوێی ریگا و چەندان گرووپی ئەزموونکار و شانۆی سەربەستیی دەرەوەی داوودەزگا فەرمییەکان هەن.

٧- هەرچەندە تۆڵستـۆی رۆمـانی (ئانا کارێنینا)ی دوای رۆمـانی (شـەڕ و ئاشـتی) نووسـیوە، بەڵام ئانا کارێنینای بە یەکەم رۆمانی خۆی ناوزەد کردووە: ئانا کارێنینا، کارەکتەرەکانی، رووداوەکانی و هەموو ئەتمۆسفێرەکەی زیندووە و لە هەموو کات و شوێنێکدا دەژی و لە بزاڤێکی بەردەوامدایە. ئەو پرسانەی لەم رۆمانەدا ورووژاوە، تا ئێستاش چاوەڕوانی وەڵامەکانیانین.

٨- ئەم نمایشەی ئانا کارێنینا بۆ یەکەم جار لەسەر شانۆی نەتەوایەتیی لێتلاند لە ٢٠١٠/١٢/٢ دا نمایش کراوە و من لە گەشتێکی تایبەتمدا بۆ شاری ریگا لە ٢٠١١/٣/١١ دا نمایشەکەم بینیوە.

٩- ریگا لە سـەدەی شازدەدا لەژێر دەسـەڵاتی پۆڵۆنیـادا دەبێت، پۆڵۆنییـەکان دوای ئەڵمـانییـەکان دێن و هـەموو ناوچەکـە دەخـەنە ژێر دەسـەڵاتی خۆیان. لە سـاڵی ١٦٢١ دا سـوێد دوای شـەڕێکی درێژخـایەن ریگا لە پۆڵۆنییەکان دەسـەنێتەوە و دەبێتە کۆلۆنی سوێد. سـوێدییەکان بە جیـاوازی لەگەڵ ئەڵمـانی و پۆڵۆنی و رووسـەکـاندا کـە ئەم وڵاتە داگـیـر دەکـەن، قـوتابخـانە دروست دەکـەن، رێگەوبـانەکـان تازە دەکەنـەوە، رێگە بە بەکـارهێنانی زمـانەکەیان دەدەن و تەنانەت ئیـبـجـیلیشـیـان بۆ وەردەگـێڕنـە سـەر زمانـەکەی خۆیان. لە سـاڵی ١٧١٠دا کە دەسـەڵاتی سوێد لە ناوچەکەدا بێـهێز دەبێت، سوپای رووسـیا دێتە (ریگا) وە و شارەکە و وڵاتەکە بە تەواوەتی داگیر دەکەن. سـاڵی ١٧١٠ دەبێتە دەسپێکی دووسەد سـاڵەی دەسـەڵاتی رووسـیا لە ناوچەکەدا. لێـتلاند دوای شـەڕ و پێکدادانێکی زۆر و لە سـاڵی ١٩٢١دا سـەربەخـۆیی خـۆیان بەدەست دێـنن و لە مـاوەی نێـوان هـەردوو شـەڕی یەکـەم و دووەمـی جـیـهـانیـدا سەربەخۆ دەبن. لە ساڵی ١٩٤٠دا سوپای یەکەتیی سۆڤیەت دێتەوە و ریگای پایتەختی لێتلاند داگیر دەکـەن، لە سـاڵی ١٩٤١دا ئەڵمـانیـای نازی، سـوپای رووسـی دەکـاتە دەرەوە و خـۆیان دەست بەسـەر وڵاتەکەدا دەگرن، لە سـاڵی ١٩٤٤دا رووسیا سـەرلەنوێ ریگا داگیر دەکاتەوە. مۆسکۆ بە شـێوەیەکی دڕندانـە هەمـوو ئاسـاری ئەو بیـست سـاڵ سـەربەخـۆییـەی ئەم وڵاتە دەسـڕێتـەوە، دەسـەڵاتدار و سیاسەتمەدارەکانی حکوومەتەکەیان لەدار دەدات، ئاڵاکانیان دادەگرێت، سرووودی نیشتمانییەکەیان قەدەغە دەکرێت و بە تەواوەتی زمان و کولتووری ئەم وڵاتە لە زمان و کولتووری رووسیدا دەتوێننەوە.

١٠- ئەو ئەسـتێرە سێ کوچکەییەی ئەم ئافرەتە مـیـهرەبانە بەسـەر دەسـتـەکانییـەوە بەرزی کردووەتەوە، گـوزارشت لە سێ ناوچـەی مـێـژوویی ئەم وڵاتـە دەکـات. پەیکەرەکـە لە خـوارەوە و بەهـەر چوار لادا، پەیکـەر و فـیگوری تری پێـوەیە، ئەم پەیکەر و فـیگورانـەش هێـمـاگـەلی روحـیـانەت، کـار، خـێـزان و بەرگریکردن لە نیشتمان دەکات.

١١- ستالینییەکان بە هەموو شێوەیەک ئەوەیان لە خەڵکی ئەم شارە قەدەغە کردبوو کە چەپکە گوڵ لەسەر

ئەم مەزارە دابنێن. هەروەها بۆ کەمکردنەوەی بەهای ئەم مینیۆمێنتە، پەیکەرێکی گەورەی (لینین)یان لە بەردەمدا دروست کردبوو.

١٢- ریگا مۆزەخانەی زۆری تێدایە و هەموو شتێک مۆزەخانەی تایبەتی خۆی هەیە، هەر بۆ نموونە: مۆزەخانەی مێژووی ریگا، مۆزەخانەی سەنگەرگرتن، هونەر، ئیشی دەست و دیزاین، فەخفوری، فۆتۆگرافی، مێژووی دەرمان، ماتۆڕ، ئیتنۆگرافی، جولەکەکانی لێتلاند، کۆلۆنیالیزم، مۆزەخانەی لێتلاند بۆ هێزە داگیرکەرەکان، مۆزەخانەی نەتەوەیی لێتلاند بۆ هونەر، مۆزەخانەی ئاژەڵی لێتلاندی... هتد.

١٣- بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩١٦دا ئەم تاوەرە کراوەتە مۆزەخانەی سوپا و بە وێنە و دۆکیۆمێنت گوزارشت لە تەقەلاکانی شەڕی سەربەخۆیی و رووداوەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیی کردووە، کە یەکەتیی سۆڤیەت لە کاتی شەڕی دووەمی جیهانیدا ئەم وڵاتە داگیر دەکات، ئەم شوێنە دەکاتە مۆزەخانەی شۆڕشی رووسی.

١٤- کۆنترین شتەکانی ناو ئەم مۆزەخانەیە، ئەو تۆپانەیە کە لە سەدەی چواردەدا بەکار هاتووە.

١٥- زیاتر لە بیست ساڵە سەربەخۆین، حکوومەتی خۆمان هەیە و پارە ڕژاوە، بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە مۆزەخانەیەک لە کوردستان دروست بکرێت و مێژووی چەوساندنەوە و داگیرکردنی کوردستان بۆ نەوەکانی دوای خۆمان بگێڕێتەوە.

١٦- کە لە ساڵی ١٩٨٥ دا گۆرباشۆف دەسەڵاتی گرتە دەست، دەستەواژەی (پێرێسترۆکیا) واتە کرانەوە، ریفۆرم و گۆڕانکاری بووە دروشمی حکوومەتەکەی. ئەم دروشمانە کاریگەرییەکی بەهێز و راستەوخۆی بەسەر وڵاتانی بەڵتیکەوە دەبێت. لەپڕ مرۆ دەیتوانی بەبێ ترس باسی ئازادی و سەربەخۆیی، باسی مافی چارەنووسی بکات و سەرلەنوێ ئاڵا نەتەوەییەکانی خۆیان هەڵبکەن. لە ساڵی ١٩٩٠دا ئێستلاند، لێتلاند و لێتوان بە ئاشکرا باسی پلانی داهاتووی خۆیان و جیابوونەوەیان لە رووسیا و سەربەخۆیی خۆیان دەکرد. ئەو کودەتا کورتە بێ ئەنجامەی دژی گۆرباشۆف کرا، بووە هۆی سەربەخۆیی ئەم وڵاتانە و لە مانگی هەشتی ساڵی ١٩٩١دا سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند.

١٧- پارچە شیعرێکی خۆمە بە سوێدی نووسیومە و لە ساڵی ٢٠٠٦ دا لە ستۆکهۆڵم بڵاو کراوەتەوە.

١٨- مەبەست لە قوربانییەکانی ساڵی (١٩٩١)ە.

١٩- خانووبەرەی پەرلەمان کە دەکەوێتە دەرەوەی سنوورەکانی بەشە دێرینەکەی ریگا، لە نێوان ساڵانی ١٨٦٣ بۆ ١٨٦٧ دا دروست کراوە و تا ئێستا بۆ چەندان جار نۆژەن کراوەتەوە. لە سەرەتادا ئەم شوێنە بۆ کۆبوونەوەی بازرگانەکانی ناوچە و هەرێمەکان بەکار هێنراوە، لە نێوان ساڵانی ١٩١٩ تا ١٩٣٤ دەبێتە پەرلەمان و لە کاتی شەڕی دووەمی جیهانیدا، نازییەکان دەیکەن بە بارەگای یەکە سەربازییەکانیان، بەتایبەتی یەکەی هیتلەر کە تایبەت بووە بە قەلاچۆکردنی قەرەج و جوولەکەکانی ئەم وڵاتە. کە رووسەکانیش دێن، دەبێتە بارەگای سەرەکیی دەسەڵاتی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت لە لێتلاند، لە ساڵی ٢٠٠١ەوە، سەرلەنوێ کراوەتەوە بە پەرلەمانی ئەم وڵاتە.

# هەورێشم

ئەلێساندرو باریککۆ

٢ لە ٢

٤٥

پێکەوە چەند ڕۆژێکیان، ڕووەو باکوور و بە نێو چیاکاندا پێ چوو. هێرڤێ ژونکور نەیدەزانی بۆ کوێ دەچن، بەڵام لێ گەڕا کوڕەکە ڕێی نیشان بدات و بەری خۆی گرت پرسیاری لێ بکات. ئەمان دوو دێیان هاتنە ڕێ کە خەڵک خۆیان لە ماڵ دەنا و ژن بە ڕێی خۆیاندا ڕایان دەکرد. کوڕەکە، چێژی دەبرد کە وەک شێت هاواری بێمانایان بە دوادا بکات. چواردەساڵێک بوو. بێ پشوو لوولەکێک زەلی دەژەنی و دەنگی هەموو باڵندەی دنیای پێ دەردەهێنا. پێ نەدەچوو لە پاکیی ژیانیدا شتی لەمە خۆشتری دیبێت.

پێنجەم ڕۆژ بوو کە گەیشتنە سەر گردێک. کوڕەکە پەنجەی بۆ خاڵێکی سەر ئەو ڕێیەی پێش خۆیان درێژ کرد کە سەرەولێژ بۆ ناو شیوێک پێچی دەکردەوە. هێرڤێ ژونکور دووربینەکەی دەرهێنا و چاوی بە شتێک کەوت وەک کاروان وا بوو. پیاوی چەکدار، ژن و منداڵ، دروشکە و مەڕوماڵات. دێیەکی تەواو: بەدەم کۆچەوە. لەسەر پشتی ئەسپێکیشدا، بە جلی ڕەشەوە، هارا کێیی هەڵاوێرا، کە بە دوایەوە کەژاوەیەک تەکەتەکی بوو. کەژاوەیەک کە هەرچوار لای پەردەی ڕەنگینی پێدا درابوو.

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: حەسەن نوور

٤٦

کوڕەکە لە ئەسپەکە داپەڕی. شتێکی ورتاند و بۆی دەرچوو. جا پێش ئەوەی لەنێو دارەکاندا شوێنی ون ببێت، ئاوڕێکی دایەوە و کەمێک ڕاوەستا. لە ئاماژەیەک دەگەڕا پێی دەری ببڕێت سەفەرەکەی زۆر پێ خۆش بووە. هێرڤێ ژونکور هاواری بۆ کرد

ـ سەفەرێکی زۆر خۆش بوو.

تەواوی ئەو ڕۆژە هێرڤێ ژونکور لە دوورەوە دوای کاروانەکە کەوت. کە بینی وا بۆ شەو کۆما دەبەستن، لەسەر ڕێی بەردەوام بوو تا دوو چەکداری بە پیرەوە هاتن و بار و ئەسپەکەیان لێی وەرگرت و بۆ ڕەشماڵێکیان برد. زۆریان چاوەڕێ پێ کرد تا هارا کێی هات، هیچێکی وەک سڵاوی نەکرد و دانەنیشت.

ـ ئێرەت چۆن پەیدا کرد، فرەنسایی؟

هێرڤێ ژونکور وەڵامی نەدایەوە.

ـ وتم کێ ئێوەی بۆ ئێرە هێنا؟

بێدەنگی.

ـ ئێرە هیچ بەرژەوەندییەکی ئێوەی لێ نییە، شەڕێک نەبێت کە شەڕی ئێوە نییە. بڕۆ، لێرە نەمێنیتەوە.

هێرڤێ ژونکور کیسە چەرمێکی بچووکی دەرهێنا، کردییەوە و ناوەکەی هەڵڕشت. زێڕی ئاڵ.

ـ شەڕ سەرگەرمییەکی گرانبەهایە. ئێوە پێویستتان بە منە و منیش بە ئێوە.

هارا کێی لاچاویشی لەو زێڕە نەکرد کە لەسەر زەوی هەڵڕژابوو، پشتی لێ کرد و ڕۆیشت.

هەوڵنامەی کتێب

٤٧

هێرڤێ ژونکور ئەو شەوەی لە سەرپەڕی کۆمای دێیەکەدا بەسەر برد. کەس نەیدواند، بە هیچ کەسێکیشیانەوە دیار نەبوو تێبینیی بکات. هەموویان لەسەر زەوی، لای ئاگری هۆبەکە ڕاکشابوون و خەوتبوون. هۆبەکەیش هەردوو ڕەشماڵ بوو کە هێرڤێ ژنکور لە نزیک یەکێکیانەوە کەژاوەکەی بینی بەتاڵە و بە هەرچوار لایەوە ڕکەی بچووک هەڵواسراوە: باڵندە. بە میلی ڕکەکانیشەوە وردە زەنگۆڵەی زێڕین سەنگەڵا بوو کە شنەبای شەو زرینگەی سووکی تێ خستبوون.

٤٨

کە چاوی کردەوە، دێیەکە کەوتبووە خۆی و ڕەشماڵی لێ نەمابوو. کەژاوەکە هێشتا لە جێی خۆیدا بوو، بەڵام پەردەی هەڵماڵرابوو. خەڵکەکە هێمن و خاو سواری دروشکە دەبوون. هێرڤێ ژونکور

هەستایە سەر پێ و دەمێکی باش چاوی بە دەوری خۆیدا گێڕا. بەڵام ئەو چاوانەی کە بەرچاوی کەوتن هەمووی بە شێوە ڕۆهەڵاتی بوون، نیگایشیان دەستەوجێ بۆ بەرپێ دادەهێنران. پیاوی چەکداری بینی و منداڵ کە نەدەگریان. خەڵکەکە بە ڕەنگ و ڕوو کاس بوون، رواڵی خەڵکی هەڵاتوو. لە پەنا ڕێیەکەیشدا دارێکی بینی کە بێ گیان بە لقێکییەوە ئەو کوڕە هەڵواسرابوو کە گەیاندبوویە ئەوێ.

هێرڤێ ژونکور چووە پێش و دەمێک ڕووبەڕووی وەستا. جا وەک کەسێک جادووی لێ کرابێت، لێی مات ما. دوایی پەتەکەی لە دارەکە کردەوە، تەرمەکەی لە باوەش کرد، لەسەر زەوی داینا و لەلایەوە چۆکی دادا. ئەم کە پێی نەدەکرا نیگا لەو ڕوخسارە لا بدات، دێیەکەی نەدیت کە کەوتە ڕێ، بەڵکە هەر وەک لە دوورەوە بێت، دەنگی کاروانەکەی بیست لە پەنا سەریەوە تێ دەپەڕی و بە ڕێی لایەکی دۆڵەکەدا سەر دەکەوت. هێرڤێ ژونکور چاویشی هەڵنەهێنا کە دەنگی هارا کێی لە دووریی هەنگاوێکەوە بیست کە دەیگوت

- ژاپۆن وڵاتێکی زۆر کۆنە، نەتزانیوە؟ یاسای وڵاتمان زۆر کۆنە: یاسا دەڵێت دوازدە تاوان هەن سزای مەرگ ڕەوا دەکەن. نامەی دڵداریی خانمی ماڵ بێنیت و ببەی سەرە و لە پەتی دەنێیت.

هێرڤێ ژونکور چاوی لە کوڕە بێگیانەکە لا نەدا.

- نامەی دڵداریی پێ نەبوو.

- خۆی نامەی دڵداری بوو.

هێرڤێ ژونکور هەستی کرد شتێک لەسەر سەری توند کرا و بە زەوییدا دا.

- تفەنگە، پایزەبرا. پیاوی چاک بە، سەر هەڵمەبڕە.

هێرڤێ ژونکور لە پێشدا هیچ لە هیچێک تێ نەگەیشت. دوایی، لەنێو دەنگەدەنگی کاروانە هەڵاتووەکەدا ئەو زڕینگە خۆشەی هەزاران وردە زەنگۆڵەی بیست کە وردە وردە نزیک دەبووەوە و بە ڕێیە هەڵکشاوەکەدا، هەنگاو بە هەنگاو بەرەو ئەم دەهات. جا ئەگەرچی تاکە شتێک چاوی لێی بوو هەر خاکی ڕەش بوو، باری هات کەژاوەکە بوێنێت کە وەک چاڵمە تەکەتەکی دەهات و هەروەک بیشیبینێت بە ڕێیەکەدا مەتر بە مەتر سەر دەکەوت و لەسەرخۆ، بەڵام بێ وچان ئەو دەنگە نزیکی دەخستەوە کە هەڵی گرتبوو و کە تا دەهات بەرزتر دەبوو، بەرزێکی نالەبار، دەهات و نزیک دەکەوتەوە، ئەوەندە نزیک کە هیچێکی وای نەمابوو بەری بکەوێت، نادەنگێکی خۆش بوو کە ئیتر بە بەریەوە، ڕێک لە بەردەمی - ڕێک لەوترووکەیەدا - ڕێک ئەو ژنە - لە بەردەمی بوو.

هێرڤێ ژونکور سەری هەڵبڕی.

تەنراوی ئەفسانەیی، هەورێشم، هەزار ڕەنگ، ترنجی، سپی، خاکی، زیوی، هەموو کەژاوەکەی داپۆشیبوو. درزێک چییە لەو خانەیە دەگمەن و بچکۆلانەیەدا نەبوو، مەگەر تەکەی ئەو ڕەنگانە، بەردەوام و لە هیچ سووکتر، کە با تێوەی دەهێنا.

هێرڤێ ژونکور تەقەیەکی نەهاتە گوێ ژیانی شڕوبڕ بکات، نا، گوێی لە تەکەکە بوو کە دوور

کەوتەوە و دەنگی لوولەی تفەنگێک کە ڕاتلەکێندرا و دەنگی هارا کێی کە کەرخ بوو و گوتی:

ـ برۆ، پایزەبرا، برۆ و جارێکی تر نەیەیتەوە!

٤٩

بێدەنگییەکی پەتی، لە پەنای ڕێ. تەرمی کوڕێک لەسەر زەوی. کەسێکیش چۆکی داداوە تا تاریکی دەنیشێت.

٥٠

هێرڤێ ژونکور تا گەیشتە یۆکۆهاما یانزە ڕۆژ بە ڕێوە بوو. کارمەندێکی ژاپۆنیی بەرتیلخوارد کرد و شازدە پاکەتە هێلکەی کرمی ئاوریشمی لە باشووری دوورگەکەدا پەیدا کرد. دەسماڵی هاوریشمیانی لێ پێچا و لە چوار سندووقی خڕیانی نا کە لۆکی لێیان دا. جا سواری کەشتییەک بوو کە بۆ وشکانی دەچوو. لە سەرەتای مانگی ئازاریشدا بوو پێی بە بەژی ڕووسیادا نا. لەوێ سەرووترین ڕێی بە دوای سەرمادا گرت تا گیان بە هێلکەکاندا نەیەت و ئەو ماوەیە درێژ بکاتەوە کە بۆ تەرەکینیان مابوو. هێرڤێ ژونکور چوارهەزار کیلۆمەتری سیبیریای بە قۆناغەڕۆژی خێرا لە پشت خۆی نا. ئورالدی تێ پەڕاند و خۆی بە سانت پێترسبۆرگ گەیاند. بە نرخێکی نابەجێ سەدان کیلۆ سەهۆڵی کڕی و بە هێلکەکانەوە لە عەمباری کەشتییەکی بازرگانیدا ڕیزیانی کرد کە بۆ هامبۆرگ دەچوو. شەش ڕۆژی کێشا تا گەیشتە جێ. چوار سندووقە خڕەکەی داگرت و سواری شەمەندەفەرێکی ڕووەو باشوور بوو. دوای یازدە سەعاتی ڕێ، ڕێک لە دەرەوەی دێیەکدا کە ناوی ئێبێرفێلد بوو، شەمەندەفەرەکە ڕاوەستا ئاو پڕ بکات. هێرڤێ ژونکور چاوی بە دەوری خۆیدا گێڕا. خۆرێکی گەرمی هاوین گەنمەجاڕ و پاکی دنیای دەبرژاند. بازرگانێکی ڕووس بەرانبەری دانیشتبوو؛ پێڵاوی لێ داکەندبوو و بە دوالاپەڕەی ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانی باوەشێنی خۆی دەکرد. هێرڤێ ژونکور کە لێی ورد بووەوە پەڵەئارەقەی بە کراسەکەیەوە بینی و دڵۆپە ئارەقەی نێوچاوان و گەردنیشی کە دەبریقانەوە. کابرای ڕووس شتێکی بە پێکەنینەوە گوت. ئەم زەردەیەکی بۆ کرد. هەستا. جانتاکەی هەڵگرت و لە شەمەندەفەرەکە دابەزا. بۆ دوا فارگۆنەکەی چوو کە ماسی و گۆشتی لێ بار کرابوو و هەمووی لە سەهۆڵ نرابوو. فارگۆنەکە ئاوێکی لێ دەچۆڕا دەتگوت لە تەشتێکی جلشۆرین دەڕژێت کە بەر هەزار گوللەی تفەنگ دراوە. سا دەرگەکەی کردەوە، سەر کەوت و سندووقە خڕەکانی خۆی، یەک بە دوای یەکەوە داگرت و لەلایەکی ئاسنەڕێیەکەوە، لەسەر زەوییانی دانا. دوایی دەرگەی فارگۆنەکەی داخستەوە و دانیشت و چاوەڕێ ما. کە شەمەندەفەرەکە ئامادە بوو بکەوێتە ڕێ، هاواریان لێ کرد بکەوێتە خۆی و سوار بێت. ئەم سەری با دا و دەستی بەرز ڕاگرت. شەمەندەفەرەکەیش کە دوور کەوتەوە و دوایی لە چاو ون بوو، ئەم چاوەڕێ ما تا دەنگیشی برا. دوایی بەسەر سندووقێکیاندا دانەوی، لۆکەکەی هەڵپچڕی و

کردییەوە. سێ سندووقەکەی تریشی هەر بەو جۆرە، لەسەرخۆ، بە وریاییەکی زۆرەوە، هەڵپچڕی و کردەوە.

میلیۆنان گەرا. بێگیان.

٦ی حوزەیرانی ١٨٦٥ بوو.

٥١

هێرڤێ ژونکور نۆ ڕۆژ دوا گەیشتەوە لاڤیێلدیو. هێلێنی هاوسەری کە دروشکەکەی لە دوورەوە بینی بە تەلآنی بەرەو ماڵ دەهات، لەبەر خۆیەوە گوتی نابێت بگریێت و نایشبێت لەوێ نەمێنێت.

هێلێن تا دەرگەی دەرەوە چووە خوارەوە، کردیەوە و لەسەر ئاستانەکەی مایەوە.

کە هێرڤێ ژونکور نزیک کەوتەوە، ئەم زەردەخەندەی بە ڕوودا هێنا. ئەو باوەشی پێدا کرد و بە دەنگێکی نەوی گوتی:

ـ تکایە، لام بمێنەوە.

ئەو شەوە تا درەنگی کرد لەناو چیمەنەکەی دەرەوەی خانووەکەدا، تەکیان دا بە تەکی یەکەوە. هێلێن باسی لاڤیێلدیوی بۆ کرد و ئەو هەموو مانگانەی کە چاوەڕێی ئەم بوو و دوا ڕۆژە ناخۆشەکانیش.

ـ تۆ مردبوویت.

گوتیشی

ـ هیچێکی جوان لە سەرزەمیندا نەمابوو.

٥٢

لە باخەکانی لاڤیێلدیودا خەڵک وەستابوون و تەماشای دارتووەکانیان دەکرد کە گەڵایەکی زۆریان گرتبوو. ئەو شتەیش کە تەماشایان دەکرد لەناوچوونی خۆیان بوو. بالدابو بڕێک هێلکەی دەست کەوتبوو، بەڵام گەراکان کە ڕۆژیان لێ هەڵهاتبوو گیانیان دابوو. ئەو هەورێشمە کاڵەیش کە لەو گەرا کەمەی مابووەوە بەرهەم هێنرابوو، بەشی لەوە زیاتری نەدەکرد کە دوو لە حەوت ڕێسگەکەی شاری پێ بخرێنە کار. بالدابو لێی پرسی:

ـ هیچ پێشنیازێکت هەیە؟

هێرڤێ ژونکور گوتی:

ـ یەک.

سبەی، جاڕی دا کە ئەو هاوینە دەست بە داڕشتنی باخی دەوری خانووەکەی دەکات. ژن و پیاوی شاری، دەستە بە دەستە خستە کار کە گردەکەیان تەخت کرد و لێژییەکیان نەهێشت. بە

هەواڵنامەی کتێب

دار و دەوەن داوگەی ناسک و تەنکیان لەسەر ڕووی زەوی دیار خست. بە گوڵی لە هەر جۆرێک ڕەنگێک باخچەیان ڕۆ نا کە بێ ئەوەی ئەقڵ بیبڕێت لەنێو سپیدارەکاندا کەلێنیان دەدا. ئاوی چەمیان بە جۆرێک بۆ هەڵگرت کە بە تافەتاف تا لای چەپی باخەکە لوزەوی دەبەست و لەوێ گۆمێکی بچووکی پێک دەهێنا کە چیمەنێک دەورەی دابوو. لە باشوور و نێو داری لیمۆ و زەیتوندا، ڕکەیەکی گەورەیان بە دار و ئاسن دروست کرد. ڕکەکە بە تەونێک دەچوو بە هاوادا داهێڵڕابێت.

خەڵکەکە چوار مانگ وچانیان نەدا. لە کۆتاییی ئەیلوولدا باخەکە تەواو بوو. هیچ کەسی لاڤیێلدیو شتی وای نەدیبوو. جا گوتیان هێرڤێ ژونکور سامانەکەی لەم باخەدا داناوە. گوتیان وەک جاران نەماوە، دوور نییە هەر ئەو ڕۆژە نەخۆش کەوتبێت کە لە ژاپۆن هاتەوە. گوتیان هێلکەکانی بە دوو ئیتاڵییەکە فرۆشتووە و ئێستا خاوەنی پارەیەکی زۆرە و لە بانکەکانی پاریسی داناوە. گوتیان باخەکە نەبووایە ئەو ساڵە لە برسان دەمردن. گوتیان ناپاکە. گوتیان چاکە. کەسێک گوتی: نا، شتێکی لێ نیشتووە، لەوەیە خەم بێت.

٥٣

ئەوەی هێرڤێ ژونکور لەبارەی گەشتەکەی گوتی هەر ئەوە بوو کە هێلکەکان لە دێیەکی نزیک شاری کۆلندا تەرەکین کە ناوی ئێبێرفێلد بوو.

چوار مانگ و سێزدە ڕۆژ دوای گەڕانەوەکەی، بالدابو هات لەسەر گۆمەکەی سەرپەڕی ڕۆئاوای باخەکە و لە پەنا هێرڤێ ژونکوردا دانیشت و گوتی:

ـ خۆ دەبێت ڕۆژێک ڕاستییەکەی لای کەسێک بڵێیت.

بالدابو زۆری بۆ خۆی هێنا و ئەمەی بە دەنگێکی نەوی گوت، چونکە پێی وا نەبوو ڕاستی کەڵکی هیچ کەسێک بگرێت.

هێرڤێ ژونکور بە باخەکەدا هەڵی ڕوانی.

پایز بوو و ڕووناکییەکی ئەفسووناوی دەوریانی دابوو.

ـ کە یەکەم جار هارا کێیم ببینی کراسێکی ڕەشی لەبەر بوو. چوارمەشقی لە گۆشەیەکی ژوورەکەی هەڵنیشتبوو. لە پەنایدا ژنێک ڕاکشابوو کە سەری بەسەر ڕانی ئەمەوە بوو. چاوەکانی شێوەیەکی ڕۆهەڵاتییان نەبوو، بە ڕواڵیش کچێکی کاڵ بوو.

بالدابو دانیشتبوو بێ ئەوەی دەنگی بێت تا کۆتاییەکەی، تا شەمەندەفەرەکەی ئێبێرفێلد گوێی لێ گرت.

بیری بۆ هیچ نەبرد.

گوێی لێ گرت.

بەڵام کزەی لە جەرگەوە هات کە هێرڤێ ژونکور دواییەکەی بە دەنگێکی کز گوتی:

ـ گوێم لە دەنگیشی نەبوو.
بەدوای ئەمەیشەوە دەستبەجێ:
ـ ئێش و ئازارێکی سەیرە،
وچان.
ـ بە تاسەی کەسێکەوە بمریت کە جارێکی تر نایبینیت.
دوایی کە بە نێو باخەکەدا و لە شانی یەکدا گەڕانەوە، ئەوەی بالدابو گوتی هەر ئەمە بوو "ئەی بۆ دنیا ئەمەندە ساردە، بە لەعنەت بێت." بێ ئەوەی بیری لێ بکاتەوە.

٥٤

لە سەرەتای ساڵی نوێدا ـ ١٨٦٦ ـ ژاپۆن بە فەرمی ڕێی کردەوە هێلکەی کرمی هاوریشم هەناردە بکرێت.
بۆ دە ساڵی لەوەودوا، بڕیار بوو فەرەنسا، بەتەنیا، بایی دە میلیۆن فەرەنک هێلکەی ژاپۆنی بکڕێت.
لە ساڵی ١٨٦٩ و لەگەڵ کردنەوەی کەناڵی سوەیسدا ئیتر ڕێی چوون بۆ ژاپۆن بیست ڕۆژ زیاتری نەدەخایاند، گەڕانەوەیش کەمێک کەمتر.
ساڵی ١٨٨٤ فرەنساییەک کە ناوی چاردۆن بوو هەوریشمی دەستکردی داهێنا و ودمەکەی پێ درا.

٥٥

شەش مانگ پاش گەڕانەوەی بۆ لاڤیێلدیو، هێرڤێ ژونکور زەرفێکی زەردی بە پۆست پێ گەیشت. کە کردیەوە، حەوت کاغەزی تێدا بوو، نووسینێکی چڕ و ئەندازەیی: مەرەکەبی ڕەش؛ پیتی ژاپۆنی، داپۆشیبوون. جیا لە ناو و لە نیشانی سەر زەرفەکە یەک وشەیان تێدا نەبوو بە زمانی ڕۆئاوایی نووسرابێت. مۆری پۆستەکەی هەڵبسەنگێنیت پێ دەچوو لە ئوستێندەوە نێردرابێت.
هێرڤێ ژونکور هەڵی دایەوە و ماوەیەک پێیەوە داما. دەتگوت کەتەلۆگی جێپێی مەلە و شێتێکی ڕاڕا پێکەوەیانی ناوە. سەیر دەبوو پێت وا بێت پیتن، واتا خۆڵەمێشی دەنگێکی لەبرێچوو.

٥٦

چەند ڕۆژێکی بەرودوا هێرڤێ ژونکور بۆ هەر کوێ دەچوو نامەکە، کە دووقەدی کردبوو، لە گیرفانی دەبوو. جلیشی گۆڕیبایە، لە جلە تازەکەی دەنا. بۆ سەیرکردنیش بووە جارێک نەیکردەوە. چەند جارێکی تاکوتەرا ئیتر کە جووتیارێکی دەدواند یان کە لە بەرهەیوانەکەیدا دادەنیشت و

چاوەڕێ دەبوو کاتی شێوخواردنی بێت، ئەمدیو و ئەودیوی دەکرد. شەوێک لە نامەخانەکەیدا کە کاغەزەکانی دایە بەر تیشکی چرا، دەستی بە سەرنجدانیان کرد. لە توێی ئەو کاغەزە تەنکانەوە جێپێی مەل بە دەنگێکی کەرخ شتێکیان پێ دەگوت، شتێک کە تاکە مانایەکیشی نەبوو یا لە باریدا بوو تەواوی ژیانێک ژێروژوور بکات: زەحمەت بوو بزانرێت کامیان و هەر ئەمەش بوو کە بە زمانی خۆیدا هێنا. جا گوێی لێ بوو وا هێلێن دێت. نامەکەی لەسەر مێزەکە دانا. هێلێنی لێ نزیک کەوتەوە و ویستی وەک هەموو شەوێک پێش ئەوەی بچێتە ژوورەکەی و بخەوێت، ماچێکی بکات. کە هێلێن بەسەریدا داهاتەوە، شەوکراسییەکەی نەختێک لەسەر سینەی ترازا. هێرڤێ ژونکور بینی بە توێی کراسەوەیە و مەمکەکانی وەک مەمکی کچی کاڵ بچووک و وەک چوڕی شیر سپین.

بۆ چوار ڕۆژ، ژیانی هێرڤێ ژونکور لەسەر ڕەوتی ئاسایی خۆی بەردەوام بوو، بێ ئەوەی بچووکترین گۆڕان بە کار و کردەوە کەمڕووە ئاساییەکانیدا بهێنێت. بەرەبەیانی ڕۆژی پێنجەم دەستێک جلی خۆڵەمێشی و جوانی پۆشی و پێش ئەوەی بۆ نیما بچێت گوتی پێش تاریکی دێتەوە.

٥٧

لە رو موسکا ژمارە ١٢ هەموو شتێکا وەک سێ ساڵی لەوەوبەر بوو. ئاهەنگەکە هێشتا بەردەوام بوو. کچەکان لاو و فرەنسایی بوون، هەر هەموو. پیانۆژەنەکە ئاوازی وای دەژەنی بیری مرۆڤیان بۆ ڕووسیا دەبرد. لەوەیە تەمەن بووبێت، لەوەیە ئازارێکی پیس: لە کۆتاییی هەر پارچەیەکدا ئیتر دەستی ڕاستی بە قژیدا نەدەبرد و نەیدەچرپاند

ـ ئافەرین.

مات و بێدەنگ دانیشتبوو و بە سەرسڕمانەوە سەیری دەستەکانی خۆی دەکرد.

٥٨

خاتوو بلانش بێ ئەوەی هیچێک بڵێت پێشوازیی کرد. پرچێکی ڕەش، بریقەدار و ڕوخسارێکی خڕ، ڕۆهەڵاتی. گولیلکی شین، وەک ئەڵقە، بە پەنجەکانییەوە. کراسێکی داوێندرێژی سپی، تا ئاستێک تەنک. پێی پەتی.

هێرڤێ ژونکور بەرانبەری گرت. نامەکەی لە گیرفان دەرهێنا.

ـ منت لە بیرە؟

خاتوو بلانش سەری کەمێک داهێنا.

ـ دیسان پێویستم پێتە.

نامەکەی بۆ درێژ کرد. خاتوو هیچ هۆیەکی نەبوو بۆی بخوێنێتەوە، بەڵام لێی وەرگرت و کردییەوە. سەیری حەوت پەڕەکەی کرد، یەک بە یەک، دوایی چاوی لێ هەڵهێنا.

ـ من حەزم لەو زمانە نییە، مسیۆ. دەمەوێت فەرامۆشی بکەم. دەمەوێت ئەو وڵاتە فەرامۆش بکەم

و ژیانی خۆشم لەوێ و هەموو شتێک.

هێرڤێ ژونکور جووڵەی نەکرد. دەستی بە دەسکی کورسییەکەوە توند گرتبوو.

ـ ئەم نامەیەت بۆ دەخوێنمەوە. با، دەیخوێنمەوە. پارەیشم لە پاداشتیدا ناوێت. بەڵام بەڵێنێکم لێت دەوێت: جارێکی تر نەیەیتەوە و شتی وام لێ داوا بکەیت.

ـ بەڵێن بێت، خاتوو.

خاتوو چاوی زەقی بڕییە چاوی ئەم و دوایی، بۆ سەر یەکەم پەڕەی نامەکە، پەڕەی ژاپۆنی، مەرەکەبی ڕەش، دایهێنا

ـ گەورەم و گیانەکەم.

گوتیشی

ـ مەترسێ، مەجووڵێ، وس بە، کەس نامانبینێ.

٥٩

چۆن پاڵ کەوتووی هەر وا بە، دەمەوێ سەیرت بکەم، زۆرم سەیر کردووی، بەڵام لە بەردەستم نەبووی، ئێستا ئیتر لە بەردەستمی. توخوا مەیە پێشەوە، لە جێی خۆت بمێنەوە، شەوێکی تەواومان بە دەستەوەیە و، من حەز دەکەم سەیرت بکەم، تۆم قەت وا نەدیوە، لەشتم لە بەردەستە، پێستیشت، چاو لێک بنێ و خۆت بساوە، بە دەستەکانت، توخوا،

خاتوو بلانش ئەمەی گوت، هێرڤێ ژونکور گوێی گرت.

چاو مەکەوە و بەو دەستانەت خۆت بساوە، دەستەکانت زۆر جوانن، زۆر جارم خەو پێوە دیون، ئێستا دەمەوێ سەیریان بکەم، حەز دەکەم بەسەرتەوە بیانبینم، ئاوا، بەردەوام بە توخوا، چاو مەکەوە، لێرەم، کەس نامانبینێ و زۆرت لێ نزیکم، بەو دەستانەت خۆت بساوە گەورەم و گیانەکەم، نێزەی خۆت بساوە، توخوا، لەسەرخۆ.

خاتوو بلانش وچانی گرت، هێرڤێ ژونکور پێی گوت؛ بەردەوام بە، تۆمە و خوا،

دەستت زۆر جوانە بەسەر نێزەتەوە، دەست هەڵمەگرە، حەز دەکەم سەیری بکەم و سەیرت بکەم، گەورەم و گیانەکەم، چاو مەکەوە، هێشتا، مەترسێ، زۆرت لێ نزیکم، هەستم پێ دەکەی؟ لێرەم، دەستم پێت دەگا، ئاوریشمە ئەمە، هەستی پێ دەکەی؟ ئاوریشمە کراسەکەم، چاو مەکەوە جا پێستی خۆمت پێ دەدەم.

ئەمەی گوت و بە دەنگێکی نەوی، بە دەنگی کچێکی کاڵ، بەردەوام بوو،

لێومت پێ دەدەم، کە یەکەم جارت بەر دەکەوم لێومت بەر دەکەوێ، بێ ئەوەی بزانی لە کوێت، ناکاوێ هەست بە گەرمیی لێوم دەکەیت، بەسەرتەوە، ئەگەر چاوت نەکەیتەوە نازانی بەسەر کوێتەوە، مەیانکەوە، لەو جێیەت هەستی پێ دەکەی کە بیرتی بۆ ناچێ، ناکاوێ،

هێرڤێ ژونکور بە نیگای سرەوە گوێی گرتبوو، لەسەر گیرفانی چاکەتە خۆڵەمێشییەکەیدا دەسماڵێکی سپیی ئاوچاوبەر بە دەرەوە بوو،

لەوەیە بەسەر چاوەکانتەوە بن، دەیەڵم دەمم لەسەر پێڵوو و برژانەگەکانت بحەوێتەوە، تۆش هەست دەکەی چۆن گەرما دەچێتە نێو سەرت و لێویشم بۆ قووڵاییی چاوەکانت، یان لەوەیە بەسەر نێزەتەوە بن، لێوم لەو خوارە دەحەوێنمەوە، کە بەرەو خوار و خوارتر دەچن، دەیانکەمەوە،

خاتوو بلانش کە سەرنجی نابووە سەر کاغەزەکە ئەمەی گوت و دەستێکی بە پشتملی خۆیدا هێنا، لەسەرخۆ،

دەیەڵم نێزەت دەمم پڕ بکاتەوە کە بە نێوان لێوەکانمدا دەترنجێ، کە زمانیشم دەردێنم، ئاوی دەمم لەسەر پێستتەوە بە دەستتدا دێت، ماچی من و دەستی تۆ، ئەمیان لەنێو ئەوی تریان، بەسەر نێزەتەوە،

هێرڤێ ژونکور گوێی گرتبوو و نیگای سرِی لە چوارچێوەیەکی بەتاڵی سەر دیوارەکە بڕیبوو.

تا ئیتر ماچی سەر دڵت دەکەم، چونکە تۆم دەوێ، گاز لەو پێستەت دەگرم کە لەسەر دڵت هەڵدەپلێ، چونکە تۆم دەوێ و، بە دڵی نێو دەممەوە تۆ هیی منی، هەر هەمووت، بە دەممی نێو دڵتەوە تۆ هیی منی، بۆ تاهەتا، جا گەر باوەڕ ناکەی چاو بکەوە گەورەکەم و گیانەکەم و سەیرم بکە، ئەمە منم، کێ دەتوانێ ئەم ساتەمان لەناو بەرێ کە ئێستا پێش دێ، ئەم لەشەی منیش کە ئیتر ئاوریشمی لێ نەئاڵاوە، دەستەکانت کە بەری دەکەون، چاوەکانت کە لێین،

خاتو بلانشۆ کە ئەمەی دەگوت، خۆی دابووە بەر چراکە کە ڕووناکییەکەی کەوتبووە سەر کاغەزەکە و توێی کراسە تەنکەکەی ڕۆشن کردبووەوە،

پەنجەت لە نازەمدا، زمانت بە لێومدا، تۆ کە پێمدا دەخزێی، سمتم دەگری، هەڵم دەبڕی، بە نێزەتدا دامدەگری، بە هێواشی، کێ ئەتوانێ ئەمە لەناو بەرێ، تۆ لە ناومدا کە خۆت بە هێواشی دێنی و دەبەی، دەستت بە ڕوومەوە، پەنجەت لە دەممدا، چێژ لە چاوتدا، لە دەنگتدا، تۆ خۆت بە هێواشی دێنی و دەبەی بەڵام ئەوەندە زۆرت پێ دەچێ کە ئیتر ئازارم دێ، چێژی من، دەنگی من،

هێرڤێ ژونکور کە گوێی گرتبوو دەسبەجێ لای لە خاتوو بلانش کردەوە و بینیی، ویستی ڕووی لێ وەربگێڕێت، نەیتوانی،

لەشم بەرانبەر لەشت، پشتت کە هەڵم دەبڕێ، باسکت کە بەرم نادەن، تەکاندانت لە ناومدا، من ئەمەم پێ توندوتیژییەکی نەرمە، چاوت دەبینم کە چاوم دەپشکنن تا بزانن چەندم ئازار دەدەی، چەندت پێ خۆشە بیکە گەورەم و گیانەکەم، ئەمە کۆتایی نایێ، خۆ دەبینی؟ ئەم ساتە کە ئێستا بەرپایە بە کەس لەناو نایێ، تۆ تاهەتا سەرت بە دواوە دەدەی و هاوار دەکەی، منیش تاهەتا چاو لێک دەنێم و دەیەڵم نمی فرمێسک بە برژانگمەوە دەربکەوێ، دەنگی من لەنێو دەنگی تۆ، توندوتیژیت کە توندم دەگری، نە کاتم دەبێ هەڵبێم نە تین کە نەتیەڵم، هەر ئەم ساتە بوو، ئەم ساتەش هەیە، باوەڕت بێ، گەورەم و گیانەکەم، ئەم ساتە لە ئێستاوە هەر دەبێ و تاهەتا دەمێنێ،

تا دوایین چرکە هەر دەمێنێ،

خاتو بلانشۆ ئەمەی بە دەنگێکی زۆر نەوی گوت و کۆتایی هێنا.

ئیتر پیت بە پەڕەکاغەزەکەی دەستییەوە نەبوو: دواکاغەز. بەڵام کە وەری گێڕا تا دایبنێت، چەند دێڕێکی تری بینی، بە جوانی یاداشت کرابوون؛ مەرەکەبی ڕەش لە ناوەڕاستی لاپەڕە سپییەکەدا. خاتوو کە چاوی لە هێرڤێ ژونکور هەڵهێنا کە چاوی لەم بڕیبوو، بۆی دەرکەوت چاوی هێرڤێ ژونکور بێوێنە جوانن. دیسان چاوی بردەوە سەر کاغەزەکە و گوتی:

ـ ئیتر چاومان بە یەک ناکەوێ، گەورەم.

ـ ئەوەی بۆمان ڕەخسا کردمان، تۆ ئەمە ئەزانی. باوەرت بێ: ئێمە بۆ تاهەتامان کرد. سا لە دووری منەوە ئاسوودە بژی. گەر پێت خۆش بێ نەکەی بۆ یەک تروکە سڵ لە فەرامۆشکردنی ئەم ژنە بکەنەوە کە ئێستا، دوور لە تاسە، ماڵئاوایت لێ دەکا.

بۆ کورتێک چاوی لە کاغەزەکە مایەوە، دوایی لەسەر ئەوانی تری تەنیشت خۆی، لەسەر مێزێکی بچووکی تەختە کاڵ دانا. هێرڤێ ژونکور لەرەی نەکرد، ڕووی وەرگێڕا و سەری داخست. لەوەولا چۆن دانیشتبوو هەر وا مایەوە و لە خەتی لینگی ڕاستی پانتۆڵەکەی ورد بووەوە کە لەسەر ڕانییەوە تا ئەژنۆی دەقی نەشکابوو.

خاتوو بلانش هەستا، بەسەر چراکەدا داهاتەوە و کوژاندییەوە. ژوورەکە هەر ئەو چمکە ڕووناکییە کزەی ساڵۆنەکەی لێ بوو کە لە جامی دەرگەکەوە خزابووە ژوورەوە. خاتوو هاتە بەر هێرڤێ، ئەڵقەیەک گولیلکەی شینی لە پەنجەی کردەوە و لە نزیکییەوە داینا. دوایی تا ئەوسەری ژوورەکە چوو، دەرگەیەکی بچووکی بۆیەکراوی کردەوە کە بە دیوارەکەیەوە دیار نەبوو، دەرگەکەی لە دوای خۆیدا بەجێ هێشت و دیار نەما.

هێرڤێ ژونکور ماوەیەکی باش لە ڕووناکییە سەیرەکەدا مایەوە و ئەڵقە گولیلک شینە هۆنراوەکەی ئەمدیو و ئەودیو کرد. لە ساڵۆنەکەوە دەنگی پیانۆیەکی ماندوو دەهات: دەنگەکە کاتی بە جۆرێک دەتواندەوە کە ئەوەندەی لێ نەدەمایەوە بناسرێتەوە.

دواییەکەی هەستا، لە مێزە بچووکە تەختە کاڵەکە نزیک بووەوە، حەوت کاغەزەکەی کۆ کردەوە، ژوورەکەی بڕی و بێ ئەوەی ئاوڕ لە دەرگە کراوەکە بداتەوە، چووە دەرەوە.

٦٠

ساڵانی دوا هێرڤێ ژونکور لەو بڕیارەی خۆی لای نەدا کە ژیانێکی ئارام و ڕوونی وەک بلوور بەسەر ببات کە شیاوی پیاوێکە ئیتر دنیا نایکێشێت. ئەم بێکام و ئاسوودە دەژیا و خەڵکی لاڤیێلدیویش سەرلەنوێ ڕێزیان بۆی دەنواند و سۆزیان بۆی دەبزوا، چونکە پێیان وا بوو لە کەسایەتییەکەیدا شێوازێکی تەواوی بوون لە دنیای ژین دەبینن و، دەیانگوت بە گەنجییش، پێش ئەوەی ژاپۆن ببینێت، هەر وا بوو.

لەگەڵ هێلێنی هاوسەریشیدا کردییە خوو کە هەموو ساڵێک بۆ چەند ڕۆژێک سەفەرێک بکەن. جا پێکەوە بۆ ناپولی، ڕۆما، مەدرید، مینشێن و لەندەن چوون. ساڵێکیان تا پراگیش کە هەموو شتێکی بە یەک شت دەچوو: شانۆ. ئەمان بێ دیاریکردنی ڕۆژ و داڕشتنی بەرنامە سەفەریان دەکرد. چییشیان دەکرد سەیری خۆشیان پێی دەهات؛ تەنانەت بە نهێنیی خۆشییەکەی خۆیان. کە تاسەی بێدەنگییشیان دەکەوتە سەر، دەگەڕانەوە بۆ لاڤیێلدیو.

ئەگەر کەسێک لێی پرسیبایە لەوەیە هێرڤێ ژونکور لە وەڵامدا بیگوتایە هەر بەم جۆرە، تاهەتایە، دەژیان. هێرڤێ ئەو ئارامییە جێگرتووەی بۆ خۆی داهێنابوو کە لە کەسێکدا پەیدایە باش دەزانێت جێی ڕاستی خۆی کوێیە. ڕۆژێکیش ڕەشەبا هەڵی بکردایە بە نێو باخەکەیدا بۆ سەر گۆمەکە دەچوو و چەند سەعاتێکی بە دیارەوە دەبوو بۆ ئەوەی سەرنج هەڵبخات چۆن ڕووی ئاوەکەی دەشێوێت و شێوەی نەبینراوی وای دێتە ڕوو کە بێ هیچ ئامانجێک تریسکە بە هەموو لایەک دەدات. با هەر یەک با بوو، بەڵام لە ڕووی ئاوەکەدا وەک هەزار بای وا بوو کە لە هەموو کونج و کەلێنێکەوە هەڵ بکەن. دیمەنێکی سووک، ڕەوتەن و بیربۆنەچوو.

لە ڕۆژانی ڕەشەبادا هێرڤێ ژونکور بۆ سەر گۆمەکە دەچوو و زۆری بە دیارەوە دەبوو و سەرنجی دەدا، چونکە لای وا بوو لە تەختاوەکەدا دێتە ڕوو؛ ئەو دیمەنە بیربۆنەچووە ڕەوتەنەی کە ژیانی بوو.

٦١

لە شازدەی حوزەیرانی ١٨٧١ دا، لە ژووری پشتەوەی قاوەخانەی ڤێردودا، کە شتێکی بۆ دوازدەی شەو مابوو، یەکدەستەکە چوارگۆشەییەکی سەیری بە خولاندنەوەیەکی توند کێشا. بالدابو کە خۆی بەسەر مێزیەکەدا دابوو، بە دەستێکی لە پشتەوە و ئەوی تریان بە گرتەیەکی توندی دەوری داربلیاردەکەوە، لە جێی خۆیدا سڕ و وڕ ما.

ـ ئەرێ کەس شتی وای دیوە!

بالدابیو ڕاستەوە بوو، داربلیاردەکەی لە لایەکەوە دانا و بێ ماڵئاواییکردن لەوێ دەرچوو. دوای سێ ڕۆژ ملی لە ڕێی خۆی نا. دوو ڕێسگەکەی خۆی بە هێرڤێ ژونکور دا.

ـ نامەوێ ئیتر بە هەورێشمەوە خەریک بم، بالدابیو.

ـ بیانفرۆشە، کەرە.

کەس نەیدەتوانی لێی هەڵبکرێنێت بە تەمای کوێ بوو، یان لەوێ چ باسێکی دەبوو. خۆیشی شتێکی دەبارەی دایە ئاگنێس گوت کە کەس چاکی لێ حاڵی نەبوو.

ئەو بەیانییەی کە سەفەری کرد، هێرڤێ ژونکور و هێلێن بە وێسگەی ئاسنەڕێی ئاڤیگنۆنیان گەیاند. بالدابیو هەر یەک جانتای سەفەری پێ بوو. ئەمەیشی شتێک بوو کەس نەیزانی چی و چۆن بوو. کە شەمەندەفەرەکەی بینی وەستاوە و چاوەڕێیە، جانتاکەی دانا و گوتی:

ـ جارێکیان چاوم بە کابرایەک کەوت ئاسنەڕێیەکی هەر بۆ خۆی ڕاکێشابوو.

ـ خۆش ئەوە بوو کە ئاسنەڕێیەکەی ڕێک و ڕاست ڕاکێشابوو، سەدان کیلۆمەتری بێ یەک تاکە پێچ. بۆ ئەمەیشیان هۆی خۆی هەبوو، بەڵام ئیتر بیری ئەوەندەم نەماوە. کێ بیری بۆ هۆ دەچێت. جا وا بوو، قوربان: ماڵتان ئاوا.

بالدابیو بە لای باسی جیدیدا نەدەچوو، ماڵئاواییش وشەیەکی جیدی بوو.

ئەمان چاویان پێیەوە بوو کە خۆی و جانتاکەی، بە یەکجارەکی ڕێی خۆیان گرتە بەر.

جا هێلێن شتێکی سەیری کرد. خۆی لە هێرڤێ ژونکور ڕاپسکاند و بە فرکان خۆی پێ گەیاند، باوەشی توندی پێدا کرد و دای لە پرمەی گریان.

هێلێن ژنێک نەبوو بگریێت.

هێرڤێ ژونکور دوو ڕێسگەکەی بە نرخێکی کەم بە میشێل لاریۆ، بەو مرۆڤە دڵپاکە فرۆشت کە بیست ساڵی تەواو شەوی شەممان لەگەڵ بالدابیو دۆمینەی دەکرد و بێ کۆڵدان دەیدۆڕاند. میشێل لاریۆ سێ کچی هەبوو. دوو گەورەکەی ناویان فلۆرێنس و سولڤی بوو، بەڵام سێیەمیان: ئاگنێس.

٦٢

سێ ساڵ دوا، زستانی ١٨٧٤، هێلێن دڵەتایەکی گرت کە هیچ پزیشکێک نەیزانی چییە و چۆن چارەسەر دەکرێت. هێلێن لە سەرەتای مانگی ئادار و لە ڕۆژێکی بارانباردا کۆچی دوایی کرد.

هەموو خەڵکی لاڤیێلدیو هاتن و بە تەڵانی گۆڕستانەکەدا مات و مەلوول دوای کەوتن، چونکە هێلێن ژنێکی چاکرەوشت بوو، ئازاری بە کەس نەدەگەیاند.

هێرڤێ ژونکور ڕایسپارد یەک وشە لەسەر کێلەکەی هەڵبکۆڵن.

ئاخ.

جا سوپاسی هەموو خەڵکەکەی کرد و هەزار جاری پێیان گوت هیچی پێویست نەماوە و لە ماڵی خۆی ما کە تا ئەوسا پێ نەدەچوو ئەوەندە گەورە بێت؛ چارەنووسی خۆیشی ئەوەندە نابەجێ.

چونکە بێئومێدی سەربارێک بوو هێرڤێ ژونکور ئاشنای نەبوو، بەرماوەی ژیانی خۆی بە ئامانج دانا و وەک باخەوانێک تووشی ڕۆژێکی تووش هاتبێت و سبەی کۆڵی لێ نەدابێت و سەرلەنوێ دەستی بە کار کردبێت، چووە دیار کاری باخەکەی.

٦٣

دوو مانگ و یازدە ڕۆژ دوای مەرگی هێلێن کە هێرڤێ ژونکور بۆ سەرقەبران چوو، لە پەنا ئەو گوڵانەی کە هەموو هەفتەیەک لەسەر گۆڕی هاوسەرەکەیدا دایانی دەنا، تاجەگولیلکەیەکی شینی

بینی. جا دانەوی لێیان ورد ببێتەوە. ماوەیەکی زۆر بەو جۆرە مایەوە کە لە دوورەوە هەر کەسێک ببیینیایە دەبوو سەیری لێ بهاتایە، بەڵێ، زۆر گاڵتەباریش بوو. کە گەیشتەوە ماڵەکەی، لە خدە و خووی لای دا و دەرگەی بەسەر خۆیدا داخست، دەستی بۆ باخەکەیشی نەبرد. لە نامەخانەکەیدا دانیشت و تێوە ما. چەند ڕۆژێک هەر وا هیچی نەکرد. تێوە ما.

٦٤

ژمارە ١٢ەی شەقامی ڕێ موسکات دروومانخانە بوو، لەوێ پێیان گوت گەلێک ساڵە خاتوو بلانشی لێ نەماوە و تێیان گەیاند لە پاریس ماڵی داناوە، قەپاتمەی کەسێکی زۆر بەناوە کە دوور نییە سیاسی بێت.

هێرڤێ ژونکور بۆ پاریس چوو.

شەش ڕۆژی کێشا تا شوێنی خاتوو بلانشی هەڵگرت. نامەیەکی بچووکی بۆ نارد و داوای لێ کرد چاوی پێی بکەوێت. ئەو وەڵامی دایەوە کە سەعات چواری سبەی چاوەڕێی دەبێت. سەر لە سەعاتی چوار بۆ دووەم نهۆمی باڵاخانەیەکی لەباری سەر شەقامی بۆلیڤارد دێس کاپوسینێس سەر کەوت. خزمەتکارێک دەرگەی لێ کردەوە، بۆ ژووری میوان پێشی کەوت و خوڵکی دانیشتنی کرد. خاتوو بلانش لە کراسێکی زۆر جوان و تا بلێیت فرەنساییدا لێی دەرکەوت. پرچی بەپێی مۆدەی تازەبرەوی پاریس تا سەرشان درێژ بوو. ئەڵقەی گولیلک شینی لە پەنجە نەبوو. بێ ئەوەی دەنگی لێ دەربێت ڕووبەڕووی هێرڤێ ژونکور دانیشت. چاوەڕێ ما.

منداڵ چۆنی دەکات هێرڤێ ژونکوریش هەر وا سەیری ناو چاوی خاتوو بلانشی دەکرد. دوایی گوتی:

- نامەکە دەسکردی ئێوە بوو، وا نییە؟

- هێلێن داوای لێ کردن و ئێوە بە قسەتان کرد.

خاتوو بلانش کە دانیشتبوو، جووڵەی لە خۆی بریبوو، سەری لێ کز نەکرد، هیچ نیشانەیەکی سەرسوڕمانی لێ نەنواند.

بەڵام ئەوەی کە دوایی گوتی ئەمە بوو

- دەستکردی من نەبوو.

وچان

- دەستکردی هێلێن خۆی بوو.

وچان.

- کە هاتە لام نامەکەی زووتر نووسیبوو، داوای لێ کردم وشە بە وشەی بە ژاپۆنی بینووسمەوە. منیش، ڕاستیت دەوێت، کردم.

هێــرڤێ ژونکور لەو دەمــەدا لێی ڕوونەوە بــوو کــە تا لــە دنیــادا مــاوە ئەو وشــانەی لە گــوێدا دەزرینگێنەوە. کە هەستایە سەر پێ، هەنگاوی پێ نەنرا، وەک کەسێک بیری چووبێت دەیەوێت بۆ کوێ بچێت. جا وەک لە شوێنێکی زۆر دوورەوە بوبێت دەنگی خاتوو بلانشی پێ گەیشت.

ـ جیا لەمە ویستی بۆمی بخوێنێتەوە، نامەکە بخوێنێتەوە. دەنگێکی سەیر خۆشی هەبوو. بە خوێندنەوە وچانی وای دەخستە نێو دێرەکانەوە کە نەمتوانیوە فەرامۆشی بکەم. دەتگوت قسەی ڕاستی خۆیین.

هێرڤێ ژونکور بە ژوورەکەدا هەنگاوی زۆر سستی دەنا.

ـ دەزانی، مسیۆ، پێم وایە تاکە ئاواتی لەم دنیایەدا ئەوە بوو کە پێشتری هەموو شتێک ئەو ژنە بێت. ئێوە زەحمەتە شتی وا تێ بگەن. بەڵام من گوێم لێ بوو کە نامەکەی دەخوێندەوە، دەزانم وا بوو.

هێرڤێ ژونکور گەیشتبووە دەرگەکە، دەستی بە دەسکەکەیەوە گرت. بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە، بە دەنگێکی نەوی گوتی:

ـ ماڵت ئاوا، خاتوو.

جارێکی تر چاویان بە یەک نەکەوتەوە.

٦٥

هێرڤێ ژونکور بیست و سێ ساڵی تریش تەمەنی کرد کە زۆریانی ئاسوودە و بێ خەوش لە لەش بەســەر برد. بۆ جــارێک بووە ســەری لە لاڤــیێلدیو دەرنــەکێــشــا، بە دەگــمــەنیش لە مــاڵەکــەی. ســامــانەکــەی وردەکــارانە هەڵدەســووڕاند کــە لە کــاری تری جــیــا لە چاودێریکردنی باخــەکــەی دەتەرخاند. بەدەم ساڵانەوە ئیتر لە خۆیی بە زیاد نەدەگرت هەست بە خۆشییەک بکات کە جاران بە خۆیی ڕەوا نەدەبینی: بۆ هەموو کەسێک کە دەهاتن و سەریان دەدا، باسی سەفەرەکانی خۆی دەکرد. جا بە گــوێلێگرتنی، گــەورە ئاشنای دنیــا دەبوون و بچــووک مــانای ســەرســوڕمــانیــان بۆ ڕوونەوە دەبوو. هێــرڤێ ژونکور بە دەنگێکی نەوی و مــەنگ باســی بۆیان دەکــرد و بە نێــو هەوادا چاوی لە شتی وا دەگرت کە هیچ کەسێکی تر نەیدەبینی.

یەکشــەممان ملی لە ڕێی شــار دەنا و بۆ نوێژ لە کڵێسا دەچوو. ساڵی جارێک بە ڕێسگەکاندا دەگــەڕا تــا دەست بــە هەورێشـــمی نــەوزاد بگەیــەنێت. تەنیـــاییش کــە زۆری بۆ دەهــێنــا، دەچووە گۆڕستــان و هێلێنی دەدواند. کاتی لەوەودوا خۆی بە ڕێوڕەسمێک خدە و خوو دەخەریکاند کە لە بێزارییان دادەبڕاند. ئەو ڕۆژەیش ڕەشــەبا هەڵی دەکرد بۆ سەر گۆمەکە دەچوو و چەند سەعاتێکی بە دیارەوە دەبوو و ســەرنجی بۆ هەڵدەخست، چونکە لای وا بوو لە تەختــاوەکــەدا دێتــە ڕوو، ئەو دیمەنە بیربۆنەچووە ڕەوتەنییەی کە ژیانی بوو.

# پاریس و براگ موگناتیس بووە

ئامادەکردنی: شێرزاد هەینی

چەندان سەدە پاریسی پایتەختی فرەنسا بووە بە مەڵبەندێکی کولتووری مەزنی دنیا، زۆر لە رووناکبیران و بەهرەدارانی بوارەکانی هزر و هونەر روویان تێ کردووە و تێدا ژیاون، ئەو شارە بووە بە هەواری زۆر لە زانا و زانستکارەکان، زۆریش لە گەنجەکانی رۆهەڵاتی ناوەڕاستیش رووی تێ دەکەن، زۆریش شەیدای گەیشتن بەو شارە، لێ گەنجەکان لە لاپەڕەی کتێبەکانی تایبەت بەم شارە، باش شارەزای ئەو شارە بوون، بەتایبەتی گەنجە عەرەبەکان کە کتێبەکانی رۆژەکانی عەمیدی ئەدەبی عەرەبی تەها حوسێن و کتێبی چۆلەکەیەک لە رۆهەڵاتەوەی نووسەری گەورەی عەرەب تۆفیق ئەلحەکیم  و کتێبی گەڕەکە لاتینییەکەی نووسەر سەهیل ئیدریس و کتێبەکانی رەفاعە ئەلتەهتاوییان دیوە و بەوانە سەرسام بوون، لەبەرئەوەی زۆر لەو نووسەرانە لەو شارە ژیاون و رۆژانە و دیمەنەکانیان بە جوانی لە کاتی نووسینەکانیاندا گواستووەتەوە.

پرسیار و گومان سەبارەت بە پێشەنگی ئەو شارە لەو رۆژانە هەیە، کە پاریس وەک جاران پێگە و روانگەی نووسەرە گەورەکان و  داهێنەرە مەزنەکان نەماوە، بەڵام رەونەق و سیحرەکەی بەردەوام هونەرمەندان و رووناکبیران رادەکێشێت. ئەرنست هەمنگوای ئەگەرچی لەو ماوەیەی لە پاریس ژیاوە نەدار و هەژار بووە، بەڵام بەختیار و کامەران رۆژەکانی بەسەربردووە، بەڵام زۆرن ئەوانەی دەڵێن پاریسی جاران نەماوە.

ئەدیبێکی ئەمەریکای لاتینی کە لە پاریس دەژیت، دەڵێت من لە پاریس بە هەژاری و خەمگینی ژیان بەسەر دەبەم، بەڵام کەسانی وەک ئەلتاهیر بین جەلون و ئەمین مەعلووف بە فرۆشتنی کتێبەکانیان کامەران و خۆشگوزەران دەژین.

گەنجانی دەرەوەی فرەنسا، خەون بە شکۆداریی و سەروەرییەکانی زانکۆی سۆربۆن دەبینن،



بۆیەش ئامادەن لەو شارە و لەو زانکۆیە بژین، بۆ ژیان و بەردەوامبوونیان لەسەر خوێندن ئامادەن هەموو کارێک بکەن، تا نانی رۆژانە و مەسرەفی خوێندنیان دابین بکەن، ئامادەن لە هوتێلەکان وەک ئیشکەر و پاککەرەوە کار بکەن، لە کارگەکان و باڵەخانەکان کاری جەستەییی قورس دەکەن، شەقامەکان پاک دەکەنەوە، هەموو خەون بەوە دەبینن رۆژێک لە رۆژان ببنە کەلەنووسەرێکی تاراوگە و لەو شارە گەشە بکەن و ناوداری پەیدا بکەن، شادییان بەوە دەهات تەنیا لە قاوەخانە ئەدەبییەکانی ئەو شارە دابنیشن، لەو شوێنانە لەگەڵ ناودارەکانی رووانگەی هزر و نووسین دیمانەیان هەبێت. نووسەرە بێگانەکانی ئەو شارە، خوێندکارە زانستخوازەکان زۆر پەسنی سۆربۆنیان کردبوو، زانکۆکانیان بە گەورەیی ناو هێناوە، بە سەرسامییەوە لە مۆزەکان سووڕاونەتەوە، لە هونەری بیناسازیی ئەو شارە مەست و حەیران دەبوون.

گەورە نووسەران و هزرمەندانی فرەنسایی لەو زانکۆیە دەرچوون، زانستەکانیان لەو زانکۆیەوە وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٧٠ەوە ئەو زانکۆیە کراوە بە سێزدە کۆلێج، لەوانە تەنیا سێیان ناوی سۆربۆنیان پێوە ماوە و لە گەڕەکی لاتینی ماوەتەوە. باڵەخانەی سەرەکیی ئەو زانکۆیە لە تەنیشت گۆڕستانی بانسییونە (گۆڕستانی مەزنەکان)، کە شوێنەواری دێرینی و ماندبوونی پێوەیە، ئەو دەرگە و دەروازانە لەبەر چەندان ساڵ لە کردنەوە و داخستنیان هیلاک بوون و دەنگی لێوە دێ، ئەگەرچی ئێستا کەمی لە کارمەندیش هەیە، بەڵام زانکۆکە هەر وەک هێمایەک باڵا و شکۆی

زانست ماوەتەوە دەمینێتەوە، لە هەموو گۆشەیەکی ئەو جیهان فێرخوازان رووی تێ دەکەن.

نووسەرێکی کۆلۆمبی گەنج بە ناوی (هوسانتیاگۆ گامبووا) وتوویەتی:

من ئازار و ناخۆشی زۆرم لەو شارە دیوە، بەڵام هێشتا پاریس موگناتیسە و من رادەکێشێت، ئەو قسەیەش راستە، ئەوەی دەیەوێت ببێتە نووسەر، دەبێ ماوەیەک لەو شارە بژیت. ئەو لە دوا رۆمانی خۆی ئاماژە بەوە دەدات کەوا تێکەڵبوون و ژیان لە پایتەختەکەی رووناکی زەحمەت بووە، ئەوە بیست ساڵە لەو شارە دەژیت هێشتا نەبووە بە نووسەرێکی دیار و گەورە، پاریسی ئەدەب کە زووتر، ئەرنست هەمنگوای و جیمس جویس رادەگرێت، وەک جاران نەماوە، لێرە پارە هەموو شتێکە، لەو کاتەی ئەو لە زانکۆ خوێندکار بووە بۆ خۆژیاندن و تەواوکردنی خوێندنەکەی کاری زۆر زەحمەتی کردووە، مووچەیەکی کەمی هەبووە و ژیانێکی نارەحەتی هەبووە، هەروەها ئەو لە رۆمانەکەیدا وتویەتی، من لەناو پاریس سیمای گەورە نووسەرەکانی نادۆزمەوە، بەڵام لەو شارە کاری قوورسی زۆرم بۆ ژیان دۆزیوەتەوە! پاریس شاری باران و سەرما و رووە داخراوەکانە، پاریس شاری ترس و دڵەڕاوکێیە، هەموو خەڵکەکە بە ترس و بە گومانەوە دەژین.

لە راستییدا ئەو رۆمانە بیوگرافیای خۆی نییە، پاڵەوانەکانی لە خەون و بڕگەکانی ژیانی پاریس دەژین، کەسانی کۆچبەر لەو شارە کەسانی نەناسن، ئەو لەوێ هیچ نییە، بوونی نییە، کەس حسێب بۆ ناکات، هیچ وەک ناوێک ناوت نابەن، بۆیە پاڵەوانی رۆمانەکە کە لە ژیانی ناو پاریس هەراسان بووە، لەگەڵ دۆستەکەی بەرەو رۆما بار دەکەن، بەڵام هێشتا پاریس هەر موگناتیسە و رۆژانە نووسەرانی زۆر بۆ ناو خۆی رادەکێشێ.

رۆماننووسێکی ئیسپانی بە ناوی جوزیە مانوال فابادو لە پێشەکیی رۆمانێکیدا نووسیویەتی:

پاریس هیچی جارانی نەماوە، ئەوەی ماوە تەنیا دیکۆرە.

ئایدی هاریس هاووڵاتییەکی رەشی ئەمەریکاییە و بۆ فێربوونی زمانی فرەنسایی لەسەر دەستی مستر کۆک سەردانی ئەو شارەی کردووە، پاشان لەوێ دەمینێتەوە و کتیبێکی بە ناوی پاریس بە رەش و سپییەوە نووسیوە، کە تێیدا دەڵێت:

فرەنسا و فرەنساییەکان ترسیان لە هاووڵاتییانی موسڵمان هەیە، بەڵام ئەگەر ئەمەریکایی بیت، پێشوازیت لێ دەکەن، بەڵام ئەگەر کەسێکی ئەفریقیایی بیت، ئەوەیان مەسەلەیەکی ترە و جیاوازە.!

رەشیدە داتی کۆنە شارڤانی بازنەی حەوتەمی پاریس وتوویەتی:

بەداخەوە پاریس وەک جاران روح تێر ناکات.

رۆماننووس جۆرج ئیدوارد دەڵێت:

لە پاریس سیحرێک بوونی هەیە، بۆیە بەردەوام بەرەو پاریس دەگەڕێینەوە، ئەو شارەشە ئێمەی

فێری ئەڤین و ژانەکان کردووە.

نووسەرێکی ئەسپانی دەڵێت من ساڵانە شەش جار بەسەردان دەچمەوە پاریس. ئەو لە تەمەنی چواردە ساڵییەوە کتێبی (پاریس ئاهەنگ)ەی خوێندووەتەوە، بۆیەش دڵنیایە کەوا ئەو نابێتە نووسەر و رۆماننووس ئەگەر لە پاریس نەژیت، بۆیەش ئێستا لەو شارە ئەفسوناوییە دێرینە دەژیت، ئەو لەو شارە کتێبێکی نووسیوە، شارەکەی بەپێچەوانەی پاریسەکەی هەمنگوای باس کردووە، کە ماوەیەک بە هەژاری تێدا ژیاوە، هەمنگوای ئەگەرچی هەژاربووە، بەڵام بەختیار و کامەران لەو شارەدا ژیاوە، بەڵام بەداخەوە ئەو نارەحەت و نائارام و هەژار لەو شارە ژیاوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەی شاری رووناکی و نووسەران بووە، پاریس شاری کافتیریا و سەما و شانۆ و خۆشی و رابواردنە. پاریس خۆشەویستیی هۆگۆ و موباسان و هونەرمەندان بوو...؟

***

لە شاری پاریسی دێریندا مێژووی کۆن بە هاوچەرخی سەردەم ئاوێتەیە، ئەو شارە مێژووییەکی فرە شانازی هەیە، لە هەموو شەقام و کوچەکانیدا کۆن و نوێ تێکەڵن، لە هەموو گۆشەیەکیدا، لەسەر هەموو بەردێکدا، لەناو پەیکەرە برۆنزییەکان و بەردینە شکۆدارەکاندا، لەناو پارکەکاندا، رووداوەکانی دوێنی و مێژوو و شارستانیەت دەدۆزرێتەوە، کە تێدا کەسایەتییەکانی (جان دارک) و (لویسی چواردەم) و (ناپلیۆن) و (بودلێر) و (دولاکرا) و (موباسان) و (ئەلکسندر دیما) و زۆری تر هەیە، ئەوانە بە نەمری لە نێوان شەقامی شانزیلی تا دەگەیتە لۆڤەر و نۆتردام دوێنێی نازدار بە رووداوەکان دەبینیت، دیمەنەکانی پاریس حەوت سەدە لە مێژووبیرت دەخاتەوە و دەگەڕێیتەوە سەرچاوەی ئیلهام و داهێنان، هەست بە شکۆیی بوارەکانی مێژوو و ئەدەبیات و زانست دەکەیت. لەو شارەدا چەندان دیمەن دەبینیت، کە پەیڤەکەی (بلزاک)ت بەبیر دێتەوە کە وتوویەتی:

ئەو شارە ئاڵۆزەی کە تێدا نەهامەتی و ئازار ئاوێتەی نازداری و سەرفرازییە و هەردوو لا شان لە شانی یەکتری دەدەن. گەورەترین و ناودارترین شەقامی پاریس کە دەکەوێتە جەرگەی پایتەخت لەلایەن پۆناپارتی سێیەم لە جیاتی ئەوەی ناو بنرێت، شەقامی ڤیکتۆر هۆگۆ، کە بڕیارەکە وابوو، ئەو ناوی نابوو شەقامی (ئوسمان).

ڤیکتۆر هۆگۆ نووسەری رۆمانە ناودارەکانی وەک نوتردامەکەی پاریس و لانەوازان و ئەوانی تر، ئەو نووسەرەی لە هەموو بۆچوون و تێڕوانینەکانیدا دژ بە لەداردان کۆششی کردووە، بە رووی دەسەڵاتدا وەستاوە و ماوەیەکی دوور و درێژ لە تاراوگە ژیاوە و پاشان ماوەیەکیش پۆستی باڵای لە پاریس هەبووە، کە کۆچی دواییشی کردووە بە شانازی و بە شکۆوە تەرمەکەیان بە ژێر کەوانەی سەرکەوتنی پاریسدا بردووە. بەڵام شەقامەکەیان بە ناوی ئەو کەسە کردووە کە پاریسی جوان و ئاوەدان کردووەتەوە، بە ناوی هۆگۆیان نەکردووە، کە سەرەتا بڕیارەکە وابوو.

کە ئیمپراتۆریەتی نوێ لە ساڵی ١٨٥٢ ڕاگەیاندراوە، ئیمپراتۆر کۆششی کردبوو خەونی ئیمراتۆرەکەی پێشووی ناپلیۆنی یەکەم جێبەجێ بکات، ئەویش پاریس بکاتە جوانترین شاری دنیا. ئەو بۆ ئەو کارە لە پێنج کاندید بۆ شارڤانی پاریس و سین، بڕیار دەدات پارون (جۆرج ئوجین ئوسمان) بکاتە شارەدار (شارڤان)، ئەو ڕادەسپێرێت پرۆژەیەک بۆ نوێکردنەوە و جوانکردنی پێتەخت پێڕەو بکات، کە تازە لە کاریگەرییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دەرچوو بوو، کە کۆڵانەکانی تەنگەبەر بوون، گەڕەکەکانی کەلاوە و ماندوو، خانووەکانی لار، شوێنەکان بۆنی نەبوونییان پێوە دیاربوو، ناو شارەکە لە چواردەورەکەی خراپتر و شێواوتر بوو.

بارون ئوسمان لە ساڵی ١٨٥٣ ئەرکی شارڤانی وەردەگرێت و ماوەی ١٧ ساڵ لەو پۆستەدا دەمێنێتەوە، کار دەکات سیما کۆنەکە بگۆڕێت، هەزارەها کۆنە خانوو دەڕووخێنێت، جا خانووەکان خانووی ماڵە هەژارەکان بوو بێت، یان کۆشکی ماڵە دەوڵەمەندەکان، لەو کارەدا ١١٧٥٥٣ خێزان لە ١٥ گەڕەک دەگوازێتەوە، ئەوەش لەلایەن میدیاکانەوە، لەلایەن خەڵکەوە ناڕەزاییەکی توندی هەبوو، ئەوان دەیانووت ئەو بەرنامەیە زیان بە کولتووری شارەکە دەگەیەنێت، شوێنە کۆنەکان شوێنبزر دەکات، لەبەر ئەو کارە توندانەی شارڤانەکە ناویان لەو نابوو ئوسمان پاشا، لە کۆتایی لە ساڵی ١٨٧٠ لە پۆستەکەی دووریان خستەوە. لەو ماوەیەدا جۆرج ئوجین ئوسمان ڕێگەی بە دووری ٨٤٥ کم لەناو شاردا بڕیبوو، ئەو شەقام و پارکە ناودارەکانی ساز کرد، وەک شانزیلی و لیتوال و ئوپیرا و گەڕەکی لاتینی دروست کردبوو، هەر لە سەردەمی شارەداری ئەودا پرۆژەکەی مۆزەی لۆڤەری تەواو کرابوو، بۆ پێگەیاندنی دەزگا حکومییەکان زۆربەی دامەزراوە حکومییە نوێیەکانی تەواو کرد، پارکەکانی کەسکتر کرد، لەژێر زەوی تۆڕێک تونێلی بۆ ئاوی پیس ساز کرد و ڕووناکییەکانی شاری بە گاز دامەزراند، بۆیەش ناویان لە شارەکە نابوو شاری ڕووناکییەکان.

لەژێر زەوی تۆڕێک میترۆیان بە ئازارێکی زۆرەوە تەواو کرد و لە مارسی ساڵی ١٨٩٨دا پەرلەمانی فرەنسی ڕازی دەبێت، شەش تۆڕی میترۆی کارەبایی دامەزرێن، ئەو پێشنیازە لەگەڵ ئەوەی لایەنێک ڕازی دەبن، بەشێکن بە دژواری دژایەتی دەکەن، ڕۆژنامەکان خەڵکیان بەوە دەورووژاند کەوا ئەگەر ئەو ڕێبوارانە ئەو تۆڕە تاریکانەی بن زەوی بەکار بهێنن، نەخۆشی وەرەم و ڕۆماتیزم و نەخۆشی تر بڵاو دەبێتەوە و نەخۆشییەکان زۆرتر دەبێت، کارکردنەکە تا ساڵی ١٩٠٠ درێژەی کێشاوە.

ئەندازیار فیلجانس ڕادەسپێرن تۆڕەکانی میترۆ ساز بکات، ئەوەی وێستگەیەکی میترۆی بەناوکراوە، بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە زۆر زەحمەتی دەبینێت، لەوانە ئەندامانی ئەکادیمیای فرەنسی، کە ڕازی نابن هێڵی میترۆکە بە ژێر بیناییەکەیاندا ڕەت بێت، لەبەرئەوەی وایان دەزانی بەوەیان دەستە ڕووناکبیر و گەورە ئەدیبەکان لە کاتی کارکردندا بێزار و هەراسان دەکات. کە شەڕی یەکەمی جیهان دەست پێ دەکات کارەکە تا کۆتایی شەڕەکە ڕادەگیرێت، بەڵام پرۆژەکە و تونێلەکە دەبێتە ژێرزەوین و نەوایەک بۆ هاووڵاتییانی پاریس و لە ترسی بۆردومانەکان پەنای بۆ

دەبەن. لە ساڵی ١٩٣٠ درێژی ١١٧ کم و ٢٥٤ وێستگەی تەواو دەکەن.

***

پاش ئەوەی فرەنسا لە نسکۆکەی ساڵی ١٨٧١ دەربازی دەبێت، لە ساڵی ١٨٨٠ بڕیار دەدەن کار و هێمایەکی زەبلاح کە نیشانەی ئاشتی بێت لە پاریس راگرن، لە کارەکەش یادی بەرز راگرتنی سەد ساڵەی شۆڕشی ساڵی ١٧٨٩ بکەنەوە، یەکێک لەو شاکارانەی بۆ ئەو یادە گرەوی وەرگرتووە، بەرزراگرتنی تاوەرێک بە بەرزی ٣٠٠ مەتری، بۆ ئەو پێشبڕکێیە بیناسازییەش حکوومەت ٧٠٠ نموونەی بیناسازی دەگاتە دەست، هەموو رەکەبەرایەتی بۆ پڕۆژەی یەکەم دەکەن، لە ئەنجامدا پڕۆژە مەزنەکەی ئەندازیاری بیناساز گوستاڤ ئیڤل یەکەم دەبێت. بەو شێوەیە تاوەری ئیڤل دەبێتە دیارترین و ناودارترین شوێنەواری مێژوویی، هەر ئەو تاوەرە دەبێتە هێما و نیشانەی دیاری شاری پاریس و هەموو وڵاتی فرەنسا، کە بە تەنیا نەمری و یادکردنەوە بەر ئەو دەکەوێت. ئەو هەیکەلە ئاسنینە لەسەر هێمای پیتی ئای لاتینی بوو، ئەو پڕۆژەیەش وەک پڕۆژەکانی تر کۆمەڵێک رەخنە و گلەیی رووبەڕوو دەبێتەوە، سەرەتا زۆر دژایەتی بەرزکردنەوەی ئەو بورجە کراوە. لە مانگی ینایری ساڵی ١٨٨٧دا دەستەیەک لە کەسانی رووناکبیر و ناسراوی فرەنسی سکاڵانامەیەک بەرز دەکەنەوە و دژایەتی دەکەن، کە بە نارەزایی هونەرمەندەکان ناسرا، ئەوان گلەییان لەوەدا هەبوو کەوا ئەو شاکارە لە چەشە و زەوقی هونەری دوورە و گوزارشت لە زەوق و هونەر و مێژووی فرەنسی ناکات. ئەوەش بورجێکی بێ مانایە و ژانێکە لەناو دڵی پاریس بەرز کراوەتەوە و هەر بە گاڵتەپێکردن ناویان لە تاوەرەکەیان نابوو بورجی بابل.

ئەوەی زۆر دژایەتی بەرزکردنەوەی ئەو تاوەرە بوو نووسەر (گی دو موباسان) بوو، کە زانیوویەتی حکوومەت دەسبەرداری ئەو تاوەر ئاسنینە نابێت، لە رقی ئەو بورجە کە بە هەرەمە لاواز و قاندرمە ئاسنینەکە ناوی دەبات، سەر هەڵدەگرێت و لە پاریس بار دەکات. ئەو نووسەرە ناسکە کە بە ناودارترین نووسەری کورتەچیرۆک دەناسرێت، لە داخی ئەو بورجە سەری هەڵگرتووە، یان خۆی ژانە سەری هەبووە و شێواوە. بەڵام حکوومەتی فەرەنسی و شارەداری گوێ لە رەخنەکانی نووسەر موباسان ناگرێت و کارکردن لەو بورجە ناوەستێت و بەردەوام دەبێت، تا پاشان دەبێتە سەرچاوەی ئیلهام و سرووشی چەندان هونەرمەندان و رووناکبیران، لەوانە هونەرمەندی گەورە بیکاسۆ و شاکال و زۆری تر وێنەیان کێشاوە. ئەوەی شایانی باسە ئەندازیار ئیڤیل پێش سازکردنی نەخشەی تاوەرەکە، چەندین پردی ئاسنی هەڵواسراوی لە فرەنسا ساز کردبوو، بە سەرکەوتن و بەرزراگرتنی پردەکان ناوی هەبوو، بۆیەش پڕۆژە و نموونەکەی ئەو یەکەم دەبێت.

باس و پیرۆزیی ئەو بورجە لە چەندان کتێب و نووسین و فیلمی سینەمایی باسکراوە و بە شکۆیی ناوی هاتووە. ئەو ماوەیەی فرەنسا سەرۆکایەتی یەکەتیی ئەورووپی کردووە، شەش مانگی ساڵی ٢٠٠٨ بورجەکە_ بە رووناکی یەکەتیی ئەورووپی شین دەرکەوتووە. نیگارکێشی فرەنسی

(هنری ریڤییر) وەک هونەرمەندی ژاپۆنی (هوکوسا) بە ٣٦ تابلۆ ساڵانی بورجەکەی لە ١٨٨٨ تا ١٩٠٢ ڕەنگین کردووە و تابلۆی شکۆدار کردووە بە باڵای ئەو تاوەرە. بەڵام هونەرمەندە ژاپۆنییەکە بە ٣٦ تابلۆ گەورەیی و پیرۆزیی شاخی (فۆجی) کردووە.

ئەو بورجە بە ٢٠ چرا رووناک دەکرێتەوە و کە پاریس ڕەوشن دەکات، ئەگەرچی لە ساڵی ١٨٨٧ دەستەیەک لە نووسەرانی بەناوی سکاڵانامەی هونەرمەندان دژایەتییان کردبوو، لەوانە گی دی موپاسان و شارل گارنییە و شارل گونو و چەندانی تریش. دوو ئەندازیار پێشنیازەکە دەدەنە گوستاڤ ئیڤل، بەڵام شانازییەکەی پێشکێش پاریس دەکات و پرۆژەکە راناگیرێت. ئەوەی شایانی باسە ئەندازیارێکی کارامەی بیناسازییش نەخشەسازییەکەی ئەو نازدار و ڕەنگین دەکات.

ئەو شاکارە هونەرە مەزنە بیناسازییە بە کۆمەڵێک بیردۆز و زانینی فیزیایی و بیرکاری راگیراوە، ئەوەش نموونەیەک بوو بۆ گەشە و لێزانینی ئەندازیاریی کانزایی و هەموو شکۆییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەندازیار ئیڤل. ئەو شاکارە بە ٦٥٣٠٠ مەتر لە پارچە ئاسن تەواو کراوە و بەرزییەکەی دەگاتە ٣٠٠ مەتر و کۆی پارچەکانیش دەگاتە ١٨ هەزار و بە ٥،٢ ملیۆن بروغی گیر کراوە و کێشی گشتیشی سەرجەم دەگاتە ٧ هەزار تۆن، لە مانگی مارسی ساڵی ١٨٨٩دا کراوەتەوە.

لە ساڵی ١٩٧٩ سەرۆک شیراک کە شارەوانی پاریس بووە بڕیار دەدات، بورجەکە چاکسازی بۆ بکرێت، بۆ یادی سەد ساڵەی دامەزراندنی چاک دەکرێتەوە و سازتر دەبێت. فەرەنسییەکان بە خاتوونە گەورەکە ناوی دەبەن، بەردەوام بە پیرۆزیی سەیری دەکەن و سەردانی دەکەن، ئەوە و ژمارەیەکی زۆریش لە گەشتیارەکان سەردانی دەکەن، لە یادی سەد و دە ساڵەی دامەزراندنی و لە ساڵی ١٩٩٨ شەش ملیۆن گەشتیار سەردانی کردووە، ئەوەش ژمارەیەکی پێوانەیی جیهانییە لە سەردانی گەشتیارییدا، ئەگەرچی هەر شکۆدار بووە و پاش ناڕەزاییەکەی نووسەر موپاسان لە سەر دانانەکەی، چەندان جار داوا لە حکوومەت کراوە ئەو تاوەر هەڵگرن، لە دوا کۆششی فێڵبازانەش کەسێک بە ناوی کۆنت ڤیکتۆر لەسەر داوای ریکلامێکی ساختەی ڕۆژنامەیەک ویستبووی ئاسنەکەی بورجەکە وەک پارچە ئاسنی بێ کەلک بفرۆشێتەوە، پاش ئەوەی بە ناوی قسەکەرێکی حکوومەت خۆی نیشاندابوو.

## پراگ شاری کۆندیرا و کافکا

ڕۆماننووس کۆندیرا لە زۆر لە ڕۆمانییەکانیدا باسی دیمەنەکانی پایتەختی شیکی کردووە، ناوی پراگی پایتەختی هێناوە، لەو دواییانەدا لە وتارەکەی (پراگ چامەکەی تاراوگە)، شارەکە بە پایتەختی ئەورووپای سیحری ناو دەبات. کافکا وتبووی:

پراگ لە کۆڵم نابێتەوە... ئەو پیرەمێردەی چڕنووکی تیژی پێوەیە.

ئەو شارە شاری بەشاری سەد تاوەرەکە ناسراوە، لەناو بیرەوەرییەکانی کۆندیرا پێگەیەکی مەزنی داناوە، نەک هەر ئەو بگرە زۆر لە نووسەرە گەورەکانی دنیا، وەک کافکا و ئیڤان، کە سومرز ویستبووی فیلمی (دراکولا) دەربهێنێت لە کەشوهەوایە سارد و تەماوییەکەی تا ترس و سام بە کارەکەی بدات ئەو شارە هەڵدەبژێرێت، کە تژییە لە روحی نهێنییەکان، بەڵام نووسەری (گاڵتەکردنەکە) نیگایەکی بەپەلەی پێ داوە، ئەو زۆر بەجوانییەوە نووسیویەتی:

هەموو شتەکانی وڵاتەکەم لە دەرەوەی بوهیمیە، ئەو شارە بەوە ناسراوە کەوا بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ و لەبەر رۆشنایی مێژووی شیکییەوە و لەسەر بنچینە ئەڵمانییەکان سازبووە.

کۆندیرا وتوویەتی کەوا کافکا لەو شارە دەیتوانی نووسەری مەزنی ئەڵمانی کە لە پێش ئەو لەو شارە ژیابوو ببینێت، ئەویش گوستاڤ مایرینک بوو، کە نووسەری حیکایەتە درێژەکانە، ئەو لە ساڵی ١٩٠٢ حیکایەتێکی درێژی بە ناوی سەربازە گڕگرتووەکە نووسیبوو، ئەو سەربازە لە ناکاو پلەی گەرمی دەگاتە ٢٠٠ پلە، دوایی هەر گەرم دادێت تا دەگاتە ٢٢٠ پلە، بۆیە لە تاو ئاگرکەوتنەوە و سووتاندنی خەڵکەکەی نێزیک خۆی لەو دوور دەکەونەوە. ئەو نووسینە و ئەو ئەدەبە بەبێ بیانوو مرۆڤ دەکاتە وەحش و جانەوەر، پاش دە ساڵ لە نووسینی ئەو بابەتە کافکا چیرۆکە ناودارەکەی حیکایەتی گریگۆر سامسا کە مرۆڤ دەکاتە سیسرکە دەنووسێت. کەواتە کۆندیرا میراتێکی سیحری بۆ ماوەتەوە، لە نووسینەکانی کافکا خەیاڵی سەیروسەمەرە بوونی هەبووە، پایتەختەکەش بەو دیاردە سەیرانە ناسراوە.

پاش کۆتاییهاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی ئەدەبی ئەورووپایی بەگشتی روویان ئاراستەی بینینی داهاتوو کردبوو، بڕوایان وابوو کە روحی شۆڕش نوێ بکەنەوە و دیدگەی جوان ساز بکەنەوە، کافکا و هەندێ لە نووسەرە شیکییەکان رابەری دۆزینەوەی رووی شاراوەی پێشکەوتن و رووە تاریکەکە و داڕووخاوە ترسناکەکە بوون. ئەو نووسەرانە لە راستییدا بە قسەی کۆندیرا باشترین و شەریفترین نوێنەری وڵاتەکەیان بوون، هەموو بە ئاراستەی گەڕان بەرەو ڕۆهەڵات هەنگاویان ناوە.

پراگ شاری کافکا و کۆندیرا، گۆڕان و چالاکییەکەی وەک نیگەرانییەکانی ئەو دوو نووسەرە بوو، ئەو شارە بە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان تەونی سیاسییەکانی هێناوەتە ئاراوە. کە لە ساڵی ١٨٩١ هەموو دروشمەکان بە زمانی شیکی نووسرا، هێمای مان و خۆراگریی و ئامادەیی نەتەوەیەکی بوهیمی دەگەیاند. لە هەمان ساڵدا کۆنگرەی شیکی زمان لە دەڤەرە بوهیمییەکان بەسترا، لەوێ داوا کرا خزمەتگوزارییە تەندروستی و کۆمەڵایەتییەکان لە گەڕەکە هەژارنشینەکان تێدا توانرا داوا بکەن. ئەوەش ئیمپراتۆریەتی نەمساویی تووڕە کردبوو، بۆیەش دەسەڵات حاڵەتی ئاوارەتە رادەگەێنیت کە تا ساڵی ١٩٠٧ دەمینێتەوە، لەو ماوەیەدا لەو شارە چەندان مانگرتن و کاری خراپەکاری و توندکاری روو دەدات کە لە هەموویان توندتر باهۆزی دیسمبەرییەکانی ساڵی ١٨٧٩ بوو، هەروەها خۆپێشاندانە گەورەکەی ساڵی ١٩٠٥ بە ئامادەبوونی زۆرتر لە دوو سەد

هەزار كەس ساز كرابوو. هەر لەو كاتانە حزبی شیكی گەورە پەیدابوون، لەوانە حزبی دیموكراسی ئیشتراكییەكان و حزبی ریالیستە كۆمارییەكان، ئەگەرچی كافكا پشتیوانی ئەو دوو حزبەشی دەكرد، بەڵام نابێتە ئەندام لەو دوو حزبە. لە سەرەتای سەدەی بیستەم پراگی شیكی بە گیانبازییەكی گەشەدارەوە بەشداری سەرهەڵدانی هونەری هاوچەرخ دەكات. لەو كاتانە پێوەندییەكانی نێوان پاریس و پراگ ئاڵۆز و پارادكس بووە، ئەلفونس موشا و فرانیتسیک كوبكا مارسا ئەو دوو هونەرمەندە شیكییە باندۆریان لەسەر هونەری فرەنسی هەبووە، پیش شەڕەكە هونەرە تەكعیبییەكەی پراگ باڵاتر بوو لەو هونەرەی لە پاریس بەرجەستە كرابوو، یان دەناسرا. لە سەردەمی كافكا شارەكە ئاڵۆز و شێواو بوو، ئەو خوێندكارە ئەڵمانەی لە دەرەوەی شارەكە هاتبوون دژایەتیی چینی برژوایان دەكرد، كرێكارەكانیش بە رووی سەرمایەدار و خاوەنكارەكان دەوەستان، شیكییەكان بە دەسەڵات و سەرمایە و سیاسەتی ئەڵمانەكان ناڕازیبوون.

دژایەتی و ڕووبەڕووبونەوەكان دوو ئاراستەبوو، ناكۆكییەكان لەناو نەتەوەكان هەبوو، لەناو چینەكانیش ناكۆكی و دژایەتیكردن گەرم بوو. بە رووخانی ئیمپراتۆریەتی نەمساوی لە پاش شەڕی یەكەمی جیهانی لە مانگی ئۆكتۆبەری ساڵی ١٩١٨ كۆماری شیكۆسلۆڤاكیا دادەمەزرێت و پراگیش دەبێتە پایتەختی ئەو كۆمارە نوێیە. لە دەیەی یەكەم و دووەمی سەدەی بیستەم ئەدەبی ئەڵمانی لە پراگ سەردەمی زێرینی بوو، نووسەرە ئەڵمانەكان سێ ئاراستە و بە سێ ژێرخانەوە وەک ژێرخانی كولتوورە ئەڵمانییەكە و نەمساوییە سیاسییەكە و شیكییە كۆمەڵایەتی خۆیان پۆشـــیـــبـــوو. بۆیەش ئەدەبی ئەوانە لە قەوارەی لۆكاڵی و نەتەوەیی دەربازیان بووبوو، بەرەو ئەوروپییەت و جیهانگیریی هەنگاویان هاویشتبوو، لەوانە كافكا و ریلكە پێشڕەوایەتی ئەو نووسەرانەیان دەكردن. لە ساڵی ١٩٢٥ دەنگۆیەک پەیدابوو كەوا بازنەیەک بەناوی بنیاتگەریی كە تایبەت بوو بە زمانناس و جوانسازەكان پەیدابوو، لەوانە فیلیم ماسیسیوس و موكاروفسكی و رۆمان یاكوبسون و ژمارەیەكی تر بانگەشەیان بۆ دەكرد، ئەوان خۆیان وەک بنیاتگەر ناساند. پێش هەڵگیرسانی شەڕی دووەمی جیهانی رۆمان یاكوبسون لە پراگ بار دەكات و دەچێتە ئەمەریكا، بەوەش هزر و رێبازی بنیاتگەرییەكەی دەبێتە شێوازی بیركردنەوەی زۆرینەی خەڵكەكە لە دەیەكانی تری سەدەی بیستەم. قسەیەک هەیە گوایە كافكا ئەگەر لەو شارە و لەناو خانووە خراپەكانی ئەو شارە و لە گەڕەكە هەژارنشینەكان و كۆڵانە تەنگەبەرەكان نەژیابووایە نەیدەتوانی داهێنان بكات. دیارە كەوا لە رۆمانی (كۆشكەكە)ی باسی روحی ئەو شارە و ئەو گەڕەكەی كردووە. لەو رۆمانەدا كەسەكان و زمانەكە و كارەكە، هەمووی لەو شارەیە، بەوەیان دەتوانی كەسەكان و شارەكە بەرجەستە بكەیت، ئەو لە هەموو نووسەرە شیكی زمانەكان باشتر ئیشی بەو ئاراستە كردووە.

ئەو شارە بە ناوی بەهارەكەی پراگ ناسراوە، ئەو رووداوەی كە لە ساڵی ١٩٦٨ رووی دا، ئەوەش لە هزر و بیری هەموو نەتەوەكانی دنیا بە نەمریی ماوەتەوە و بوویتە سومبلی هەموو

رابوونەکانی دنیا و ئەو میللەتانی بەڕووی زۆردارەکان هەڵدەستنەوە و دژایەتی داگیرکردنەکان دەکەن. کۆندیرا لە رابوونەکەی بەهاری پراگ ئامادەییی هەبوو، ئەوەی رووی ئیشتراکییە مرۆڤایەتییەکەی پرووشاند، بۆیەش رۆمانەکەی (گاڵتەکردنەکە) بەرجەستەی ئەو رووداوە و گوزارشتی ئەو رۆژانەیەی کردووە.

پاش ئەوەی سۆڤیەتییەکان ئەو وڵاتە داگیر دەکەن، کەشە کولتوورییە ئازادەکە دەخنکێنن، ئەدەبی شیکی دەکەوێتە بەر هەڕەشە و لەناوچوون، بەڵام نووسەرەکان کۆڵ نادەن و دەستنووسەکان دەستاودەست دەکات، لەوانە لە هەفتاکانی سەدەی رابردوو ئەزموونی بوهمیل هربال نموونەیەکە لەو خۆراگرییە. کۆندیرا لەسەر داگیرکردنە سۆڤیەتییەکە لە ساڵی ١٩٦٨ وتبووی، کەوا داگیرکەرە رووسییەکە نەوەی شێستەکان داماڵی، کولتوورە هاوچەرخەکەی شێواند.

لەو کاتانە کتێبەکان لەبن ژێرزەوینەکان شاردرانەوە، لەوانە کتێبەکانی کافکا و سوریالییە شیکییەکان، زیندووەکانمان ماون، بەڵام لە تەنیشت مردووەکان نێژراون، ئەوانە دووجار مردوو ئەژمارد دەکرێن. رۆمانی (نەزانین)ەکە باسی ڕووبەڕووی دەبابە و زرێپۆشە سۆڤیەتییەکان ناکات، قسە لەسەر دوا ساتەکانی رووخانی شیوعیەتی ساڵی ١٩٨٩ دەکات. لە فڕگەی پاریس ئایرینای پاڵەوانی رۆمانەکە کە کۆچبەرێکی شیکییە و لە پراگ دەگەڕێتەوە و لە گەڕانەوەشدا ژنەکە تارماییی جۆزیفی لە بەرچاوان ون نابێت، کە پاش بیست ساڵ لە دوورکەوتنەوە بەیەکتری شاد دەبنەوە. ژنەکە لە ئاکامی کۆتکردنی ئازادییەکان ژنەکە و هاوسەرەکەی لە پراگەوە بۆ دەرەوە دەرباز دەکەن، پاش ئارامبوونەوەی وڵاتەکە، ژنەکە لەگەڵ خێزانەکەی دەگەڕێتەوە شیکۆسلۆفاکیا بۆ دانانی پڕۆژەیەکی بازرگانی بە سەرمایەی هاوڕێیەکی ئەوروپایی. بەڵام کە ژنومێردەکە رەوشەکەی ئەو شارە و نامۆبوونەکە دەبینن، تووشی شۆک و سەرسامی دەبن.

میلان کۆندیرا لە ساڵی ١٩٢٩ لە دایک و باوکێکی شیکی لەدایک بووە، لەناو حزبی شیوعی دەردەکرێت، بەڵام دووبارە دەگەڕێتەوە ناو حزبەکە. سەرەتا ئەو شیعری نووسیوە، کە نووسینەکانی لەو وڵاتەکەی قەدەغە دەکرێت، وەک مامۆستا لە زانکۆکانی بەریتانی و فەرەنسی وانەبێژی کردووە، کە رۆمانی کتێبی پێکەنین و لەبیرکردن دەنووسێت رەگەزنامەی وڵاتەکەی لێ دەستێندرێتەوە، بۆیەش ئەو رەگەزنامەی فرەنسی وەردەگرێت.

ئەو وتارە چەندان بابەتی رۆژنامە و ماڵپەرەکان لە عەرەبییەوە وەرگیراوە.

# گەشتێک

## بەناو کولتووری ژاپۆنیدا

ئەردەڵان عەبدوڵڵا

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە، ئەمڕۆ لە تەواوی دنیادا کەسێک نییە ناوی ژاپۆن (یان وەکو ئەڵمانی و عەرەبەکان دەڵێن، یابان) نەناسێت. ئەم وڵاتە کە دەکەوێتە ئەوپەڕی باکور و ڕۆهەڵاتی کیشوەرە مەزنەکەی ئاسیاوە، وڵاتێک کە لە گۆیی زەویدا کونجێکی بچووکی قەناعەتی دەستکەوتووە، وەلێ ئەم کونجە بچووکەی جیهان، ناوبانگ و شۆڕەتێکی ئێجگار گەورەی لەسەر ئەم ڕووی زەویەدا خۆی پەیدا کردووە. لە کاتێکدا کە چەندان وڵاتی گەورە لە جیهاندا هەن، زۆربەی خەڵکی جیهان هەر نایناسن، وەلێ ئەم وڵاتە بچووکە هەموو دانیشتوانی جیهان دەیناسن. ئەمە چۆن ڕووی دا؟

دیارە بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە کۆمەڵێک فاکتەری بەهێز هەن، کە لێرەدا جێگەی ئەوەمان نییە و مەبەستی ئەم وتارەش نییە، وەلێ دەتوانم بەکورتی ئاماژە بە چەند فاکتەرێکی گرینگ بدەم، کە بوونەتە هۆی ئەم ناوبانگە.

دیارە لە پێش هەموویانەوە، تەکنەلۆجیا. هیچ کاتێک لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، تەکنەلۆجیا هێندە سوودی بۆ ناساندنی گەلێک نەبووە. ئەمڕۆ لە تەواوی جیهاندا ژاپۆن ئامادەیە. هیچ کونج و قووژبنێک نەماوە، کە لە شمەکی گرینگ و مۆدێرنی ژاپۆنی نەئاخنرابێت. بەپێچەوانەی شمەکی چینیەوە، کە ئەویش زۆرە بەڵام ناوبانگی خراپی هەیە، شمەکی ژاپۆنی خاوەنی ناوبانگێکی ئێجگار باشە. Made in japan بووەتە پاسپۆرتێکی باش بۆ هەموو ژاپۆنییەک. دیارە جگە لە تەکنەلۆجیا، ئابووریش ڕۆڵی زۆربووە، ئەمڕۆ ژاپۆن بووەتە سێیەمین هێزی ئابووریی جیهانە، بۆ ماوەی ٣٠ساڵی ڕێک دووەمین ئابووریی جیهان بووە، وەلێ ئەمساڵ چینیەکانی دراوسێیان ئەم پلەییان لێ داگیر کرد و فرێیان دانە خوارەوە. هەروەها بوونی سیاسەتێکی ئاشتییانە و دوور لە شەڕوشۆڕیش، وای کردووە کە ژاپۆنییەکان لەلایەن خەڵکانی جیهانەوە جێگەی ڕێز و حورمەتێکی زۆر بن.



## بۆچی ئەم بابەتە؟

کاتێک منداڵ بووم، ئەفلام کارتۆنەکانی (عەدنان و لینە، گریندایزەر و ساسۆکی) یەکێک بوون لە جوانترین  کاری تەلەڤزیۆنی و سەیریکردنی ئەو فیلمە کارتۆنیانە، خۆشییەکی زۆری پێ گەیاندم. لە هەموو کوچە و کۆڵانێکدا، باس باسی ئەو فیلمە کارتۆنیانە بوون، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دیمەنێکی جوانی لەسەر ئەم وڵاتە خستە مێشکمانەوە. پاشان شمەکە ئەلیکترۆنییە ژاپۆنییەکان بەتایبەت (ئەتاری و تیڤی و ڤیدیۆ و تەسجیل... هتد) هێندەی تر ئەم وڵاتەییان لا جوان کردبووین. وەلێ لەم چەند ساڵەی دواییدا کاتێک خەریکی کتێبێک بووم دەربارەی چین، ئەم کتێبە زۆر لەکاتی بردم بەلام شارەزاییەکی زۆرم لەبارەی چین و ئاسیا دەستکەوت. کاتێک خەریکی خوێندنەوەی مێژووی چین بووم، وێنە جوانەکەی ژاپۆن لەلام نەما. ژاپۆنییەکان لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهان و پێشتریش، تاوانی ئێجگار قێزەون و نامرۆڤانەییان دەرهەق بەگەلی قارەمانی چینی کردووە. وای لێ هات کە نەک خۆشەویستی بگرە رقیشم لە هەموو شتێکی ژاپۆنی دەبوویەوە.

## دیسانەوە سووپاسێک بۆ ئەدەب

ئەدەب تەنیا نووسینی پارچە شیعرێک یان گێرانەوەی حکایەتێک نییە، بگرە ئەدەب دەریایەکە کە پڕیەتی لە دنیایەک وێنەی جوان و سەرنجڕاکێش. بە بڕوای من ئەدەب دەتوانێت لە خراپترین ساتدا تەنانەت لە شەڕیشدا، ببێتە پردێک بۆ بەستنەوەی دوو نەتەوەی شەڕکەر و گیانی ئاشتییانە و دۆستانەیان تێدا بچێنێت. ئەدەب ئەو پردەیە کە دەتوانێت لە ئاگری (ڕق و کینە)



ڕزگارمان بکات و بەرەو بەهەشتی ئاشتی و برایەتی بمانپەڕێنێتەوە.

من نایشارمەوە بەهەموو ژیانم هیچ رۆمانێک تەنانەت چیرۆکێکی ژاپۆنیشم نەخوێندبووەوە، هیچ زانیاری و ئاگەهییەکیشم دەربارەی ئەدەبی ژاپۆنی نەبوو. بە ڕێکەوت چاوم بە رۆمانێکی نووسەری ناوداری ژاپۆنی (هوراکی موراکامی) کەوت. ئەم رۆمانە کە ناوی (غابة النرويجية)، زۆر شتی لە مێشکمدا لەبارەی ژاپۆنییەکان گۆڕی. موراکامی نووسەرێکی هێندە مەزنە، کە دەتوانێت لە ڕێگەی ڕۆمانەکانییەوە، پەیماننامەیەکی ئاشتییانە بەسەر سەرسەختترین دوژمنی خۆیدا بسەپێنێت. مۆراکی خاوەنی عالەمێک لە وشەی جوان و دەریایەک لە فەلسەفەیە. ئەو دەتوانێت ناشرینترین وێنە بۆ جوانترین وێنە بگۆڕێت.

ئەم رۆمانە وای لێ کردم کە ئارەزووی ئەدەبی ژاپۆنی بکەم، وەکو دەروێشێک بەدوای رۆمان و ئەدەبی ژاپۆنیدا گەڕام. پاشتر کۆمەڵێک نووسەری مەزنی ترم ناسی، کە ئەوانیش لە ڕووی ئەدەبییەوە، پلەیەکی بەرزیان هەیە. خوێندنەوەی ئەم رۆمانانە، هانی دام کە چەند دێرێک لەبارەی کولتووری ژاپۆنی بنووسم و هەوڵ بدەم خوێنەران بۆ گەشتێکی بێ ڤیزە و بێ بلیت بۆ وڵاتە جوانەکەی ژاپۆن دەعوەت بکەم. پێشەکیش پێم خۆشە ئاگەداری ئەوەشتان بکەم، کە ئەم گەشتەمان تەنیا بەناو باخی ئەدەب و فەرهەنگی ژاپۆنی دەڕوات، هەوڵیش دەدەم خۆمان لە دونیای سیاسەت بدزینەوە و زۆرکەمیش لەلای پیرەپیاوی مێژوو دابنیشین.

## پیاسەیەک بەناو مێژووی کۆنی ژاپۆنیدا

ژاپۆن لە دوو وشە پێک هاتووە. نی، مانای ڕۆژ، هۆن، مانای سەرچاوە یان پرشنگدار دێت. هەربۆیە ناوی ئەو " وڵاتەی کە ڕۆژ تێیدا ئاوا نابێت"[1] مێژووی یەکەمین فەرمانڕەوایی ژاپۆنی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شەشی پێش زاین. کاتێک ساڵی ٦٠٠ پێش زاین یەکەمین فەرمانڕەوایی ژاپۆنی (جیمو – تێنوو) دامەزرا. ئەم فەرمانڕەواییە ناوچەکانی (کیۆتۆ و نارا)ی دەگرتەوە. پاشان ناوی (تێنو) وەکو ئیمپراتۆر بەکار هێنرا[2] ئەمەش سەرەتای فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتداری ژاپۆنییەکانە.

### سەردەمی یایۆی Yayoi

ئەم قۆناغە لە ٣٣٠ پێش زاین بۆ ٣٠٠ پاش زاین دەگەیەنێت. ئەمە سەرەتای دەستپێکی قۆناخێکی نوێیە لە ژاپۆن، کە لە ڕووی کولتوورییەوە سوودێکی زۆری بە داهاتووی ئەم وڵاتە گەیاند. لەم قۆناخەدا لە ڕێگەی بازرگانە کۆرییەکانەوە، ژاپۆنییەکان پێوەندییان بە کولتووری دێرین و مەزنی چینییەوە کرد. هەر لەو کاتەوە کۆریا بە (پردی کولتووری) ناسراوە، توانی هەردوو وڵاتی چین و ژاپۆن بەیەکەوە ببەستێتەوە.[٣]

### سەردەمی نارا Nara

کە دەکاتە ساڵانی (٧١٠ تا ٧٦٤ زاینی) ئەم قۆناغەش لە ڕووی کولتوورییەوە کاریگەریی زۆری بەسەر داهاتوو ئەمڕۆی ژاپۆن هەیە. لەم قۆناخەدا لە ڕێگەی چینی و کۆرییەکانەوە، ئاینی بودیزم



بڵاو بوویەوە. هەر لەم سەردەمەشدا حوکمڕانی دەوڵەت لەسەر شێوازی چینی دامەزرا. واتە دامەزراندنی پایتەخت بۆ دەوڵەت و بوونی سەنتەرێک بۆ حکومڕانیکردنی وڵات. لە هەمان کاتیشدا لە ڕێگەی زمانی چینییەوە فەرهەنگی ئەدەبی ژاپۆنی نووسرایەوە و پێش کەوت. هەر لەم سەردەمەدا هەوڵی بەکارهێنانی پیتی چینی و سەرەتای هەوڵدان بۆ نووسینی بە زمانی ژاپۆنی درا. لە هەمان کاتیشدا زمانی چینی و کولتووری چینی، ڕۆڵێکی زۆری لەناو کۆمەڵگە و دەزگاکانی حکومیدا گێڕا. لەم قۆناخەدا ژاپۆنییەکان ئاشنایەتییان بە تەکنەلۆجیا و حیکمەت و زانستی چینی پەیدا کرد.

### سەردەمی هاین Heian

ئەم سەردەمە کە لە ساڵانی ٧٩٤ تا ١١٨٥ دەگەیەنێت. لەم سەردەمەدا سەرەتای دروستبوونی کولتووری نووسراوی ژاپۆنی دەستی پێ کرد.، ئەم سەردەمە کەبە (هاین - کیۆتۆ) ش دەناسرێت. لەم قۆناخەدا شیعر و ئەدەبی ژاپۆنی گەشەی سەند. هەر لەم سەردەمەشەوە چینی(سامۆرای) دروست بوون.

## سەردەمی کاماکورا- شوگون / Schogun-Kamakura

ئەم سەردەمە دەکەوێتە نێوان ساڵانی ١١٩٢ تا ١٣٣٣وە. ئەم سەردەمەش زۆر گرینگی و بایەخی لە مێژووی ژاپۆنیدا. ئەم فەرمانڕەواییەیە کە دەکەوێتە شاری کاماکورا، پێتەختی ئەم فەرمانڕەواییە بوو. لەم قۆناغەدا چینی " سامۆرای" توانی دەسەڵات بگرێتە دەست. هەروەها چینی فەرمانڕەواکان، (مەسئولە عەسکەرییەکان) کە بە (شوگون) ناو دەبرێن پەیدا بوون. ئەمان پاشتر توانییان گەورەترین ڕۆڵ لە کۆمەڵگە و سیاسەتی دەوڵەتدا ببینن و ئیمپراتۆریش لە کیۆتۆ هیچ ڕۆڵێکی نەمێنێت. لەم سەردەمەدا لە شاری کاماکورا، دەوڵەتێکی فیئودالی سەربازی بەهێز دروست بوو، کە سامۆراییەکان ڕۆڵێکی سەرەکییان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بینی.

## پەلاماری مەغۆل بۆ سەر ژاپۆن

چەتەگەریی مەغۆلییە وەحشییەکان هەموو جیهانی گرتەوە، هەر بۆیە ژاپۆنیش بەر هێرشی ئەمانە کەوت. لە نێوان ساڵانی ١٢٧٤ تا ١٢٨١ دوو جار مەگۆلییەکان بەسەرکردایەتی قوبلای خان کە کوڕەزای جەنگیز خان بوو، پەلاماری ژاپۆنی دا. لێ سووپای ژاپۆنییەکان بەتایبەت سامورایییەکان توانییان خۆیان لە بەرامبەر هێرشەکانی مەغۆلییەکان بەرگری بکەن و بەم شێوەیەش توانییان لە چەتەگەریی مەغۆلی ژاپۆن بپارێزن.




تۆگوکوا لیسو، یەکەمین فەرمانڕەوای تۆکوگاوا

ئەمەش یەکێکە لە گەورەترین سەرکەوتنی ژاپۆنییەکان بەسەر دوژمنێکی بێگانەدا. بەرگریکردن و پارێزگاریکردنی ژاپۆن لە بەرامبەر مەغۆلییەکان، کاریگەریی ئێجگار زۆری بۆ سەر داهاتووی ئەم وڵات هەبوو. ئەم سەرکەوتنە خاڵێکی وەچەرخانی گەورەی لە مێژووی کۆنی ژاپۆندا تۆمار کرد. دەتوانم ئەم سەرکەوتنە بەو سەرکەوتنە بشوبهێنم، کە ژاپۆنییەکان لە ساڵی ١٩٠٥ بەسەر سووپای رووسی بەدەستیان هێنا. زۆر سەیرە ئەم جارەشیان رووسەکان هەمان ڕێگەی مەغۆلەکانیان هەڵبژارد بۆ هێرشکردنە سەر وڵاتی ژاپۆن. هەر ئەم شکاندنەی سووپای رووسیەش، هەستێکی نەتەوەیی و شانازییەکی زۆری بەخشییە ژاپۆنی و ئاسییەکان، لەبەرئەوەی ئەمە یەکەمین جاربوو، کە دەوڵەتێکی ئاسیاوی بتوانێت سووپایەکی ئەوروپایی بشکێنێت.

## سەردەمی ئێدۆ Edo

ئەم سەردەمەش یەکێکە لە سەردەمە گرینگەکانی مێژووی ژاپۆنی. ئێدۆ (تۆکیۆی) ئەمڕۆ دەگرێتەوە. لەم قۆناخەدا کۆمەڵێک شەڕی دەرەکی گەورەی تووش بوو، بەتایبەت لەگەڵ هێزەداگیرکەرە ئەوروپییەکاندا (رووس، ئینگلیز، پۆرتوگالی، هۆڵەندی) ئەم قۆناخە بە قۆناخی داخرانی دەرگە گەورەکانی ژاپۆن دادەنرێت. لەم سەردەمەدا بۆ ژاپۆنییەکان سەفەرکردن بۆ دەرەوەی وڵات قەدەخەبوو. هەروەها بۆ هیچ بێگانەیەکیش نەبوو، کە پێ بنێتە ناو خاکی ژاپۆنییەوە. لە هەمان کاتیشدا هیچ ژاپۆنییەک بۆی نەبوو هیچ پێوەندییەک لەگەڵ بیانییەکاندا بکات. تەنیا ڕێگە درابوو بە چەند بازرگانێکی هۆڵەندی کە بێنە کەناری بەندەرەکانی ژاپۆن بازرگانی بکەن.

لەو کاتەدا بەرپرسەکانی دەوڵەت و شوگونەکان پێیان وابوو، کە بیانییەکان خراپی و گولی دەهێنن وڵاتەوە و نابێت بەهیچ جۆرێک ژاپۆن خۆی لە پیسی بیانییەکان نێزیک بکاتەوە. بەڵام ئەم حاڵەتە هەروا بەردەوام نابێت.



کەشتیگەلی سەربازی ئەمەریکا ساڵی ١٨٥٣

## هاتنی سووپای ئەمەریکا

هەشتی یولیۆی ١٨٥٣ بە ڕۆژێکی شووم لەلای ژاپۆنییەکان دادەنرێت. لەم ڕۆژەدا چوار کەشتی شەڕیی گەورەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، هاتنە نێزیک کەنارەکانی ئێدۆ (تۆکیۆی ئێستا)وە. لەم ڕۆژەدا بە هەزاران کەس هاتنە سەر لێواری کەنارەکە و سەیری ئەو شتە گەورە و

زەبەلاحــانەیان دەکـرد، کــە ڕووبەڕووی شــارەکــەیان بووەتــەوە. لە ڕاســتــیــشــدا هەتا ئەو کــاتە ژاپۆنیــیــەکان هیــچ خــەڵکێکی بیــانیــیــان نەبینی بوو، وەکـو پێشــتـر گـوتم تەنیـا چەند بازرگــانێکی هۆڵەندی ڕێگەیان پــێ درابوو بێنە کــەناری دەریاکــانی ژاپۆن. ئەم کــەشــتــیگــەلە بەســەرۆکــایەتی جەنەڕاڵ پێری سکۆد هاتبـوون. هەروەک پێشتر ئاماژەمـان پــێ کرد، کە ژاپۆنییەکان هیچ نیازییان نەبوو دەرگەکانی وڵاتەکەیان بە ڕووی هیچ بێگانەیەک بکەنەوە، ئەمەش بۆ هێزە ئەورووپاییــەکان و ئەمەریکا قبووڵ نەدەکرا.

لەم ڕۆژەدا کاتێک جەنەڕاڵ پێری هاتە ناو شارەوە نامـەیەکی سـەرۆکی ئەمەریکای هێنابوو، کە داوا دەکات دەرگە داخـراوەکانی ژاپۆن بــە ڕووی ئەمەریکاییــەکان بکاتەوە. کەشتیگەلەکە هەر لە دەرەوە چاوەڕێیان دەکرد و هیـچیـان نەدەکرد، بەڵام مـەسـئـوول و پیـاوانی دەوڵەت (شـوگـونەکـان) دەیانزانی کە سـووپای ژاپۆنی بەرگەی ئەو زلهێزە سـەربازییە مۆدێرنە ناگرێت و ناچارن تەسلیمی داواکـانیـان بـبن. بـەم پێیـە سـاڵی ١٨٥٤ خـۆیان بەدەسـتـەوە داو، لە کـانگاوایان ڕێبـەرانی باکۆفۆ ڕێککەوتننامـەیەکیـان لەگەڵ ئـەمـەریکا مـۆر کـرد. ئیـتر بـەم شـێوەیەش هـەمـوو دەرگە داخـراوەکـانی ژاپۆنییەکان بەڕووی جیهـان کرایەوە، پاش دوو ساڵ دوای ئەو ڕێککەوتننامەیە لەسـەر هـەمان وەزن و قـافیـیــە، ئینگلیـز و رووس و هۆڵەندییـەکانیش بە زۆرەملێ ڕیککەوتننامـەیەک هـەمـان شـێـوەیان بەسـەر ژاپۆنیـیـەکاندا سـەپاند[٤] ڕاسـتە ئەم ڕێککەوتننامـانە سـووکایەتی و شکاندنی هـەیبـەتی دەوڵەتـی ژاپۆنـی پێــوە دیاربـوو، وەلێ نـابێت ئەوەش ژبیــر بکـەین، کــە ئـەمــە شــانســێک بـو بۆ ژاپۆنیــیــەکــان بۆ ئەوەی شــارســتــانی و کــولـتــووری تری جـیــهــان ببـیـنن. لەهـەمـانکاتیـشـدا ئەم ســەرشــۆڕییــە وای لە ژاپۆنیــیــەکــان کـرد، کــە بیـر لە هـەڵەی خــۆیان بکەنەوە و هـەوڵـی دۆزینـەوەی ڕێگەچارە بدەن و ئەوانیش خـۆیان پێش بخـەن. دیارە هـەر لێـرەوە بیـر لە ریفـۆرم و پێـشکـەوتنی ژاپۆن کـرایەوە. هـەر لێـرەوە عـەقـڵـیـیــەتی پێـشکەوتنی ســەربازی و ئابووریی ژاپۆنی گـرەوی لە عـەقـڵـیـەتی دواکـەوتووی و فیـئـوال بردەوە. ئەم ریفـۆرم و پێشـکەوتنەش ژاپۆن لە قـۆناخـێکی تردا کردی، کە بە قۆناخی میجی ناسراوە.

### ژاپۆنی نوێ سەردەمی میجی

ئەم قـۆناخە کە دەکەوێتـە نێوان سـاڵانی (١٨٦٨ تا ١٩١٢) بەردەوام بوو، بە سـاڵە زێڕین و قۆناخـە گرینگەکـانی مێژووی ژاپۆنی دادەنرێت. لـەم سـاڵانەدا ژاپۆن ڕێک لە کەناری دواکـەوتوویی و شـەڕ و نەزانی، بۆ کـەناری پێشـکەوتن و ژیانی پەرلەمـانی و دەسـتـوور و مـۆدێرنیـزم هـەنگاوی نا. ئـەگـەر بمانەوێت بەتەواوەتی بۆ هۆکاری پێشکەوتنی ئەمرۆی ژاپۆن بگەڕێین، ئەوا ناچار دەبین بگەڕێینەوە بۆ قـۆنـاخـی مـیـجـیـیـەکـان. ئەم قـۆناخـە توانی لە هـەمـوو ڕوویـەکەوە، ژاپۆن لە وڵاتێکی دواکـەوتوو فیئودال و بێهێز، بۆ دەوڵەتێکی بەهێز و مۆدێرن و پەرلەمانی بگوازێتەوە.

لە ڕووی سیاسیەوە پایتەختی وڵاتیان لە شاری کیـۆتـۆوە بۆ شاری ئیدۆ (کە پاشتر کرا بە تۆکیۆ.



١١ فێبراوەری ڕۆژی ڕاگەیاندنی دەستوور و پەرلەمانی ژاپۆنی

واتە پایتەختی ڕۆهەڵات) گواستەوە. ئیمپراتۆری لاو مۆتسۆهیتۆ نازناوی میجی بۆ خۆی هەڵبژارد. خاڵێکی گرینگی تر ئەوە بوو، کە هەموو سیستەمی چینایەتیی سەردەمی تۆکۆگاوای هەڵوەشاندەوە. کە کۆمەڵگەی ژاپۆنی بەسەر (ئاغا و دەرەبەگ، سامۆرایی، پیشەگەر، بازرگان) دابەش کردبوو. ئەم سیستەمە نەماو هەموو هاوڵاتییان لە بەردەم یاسادا هاوبەش بوون. لە ڕووی یاساییەوە هیچ جیاوازییەک لەنێوان هاوڵاتییان نەما، بەڵام لە واقعیدا کۆمەڵگەی ئەرستۆکراتی دامەزراو کە دەیانویست لاسایی کۆمەڵگەی ئەرستۆکراتی ئەوروپایی بکەنەوە. بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێم، کە لەم قۆناخەدا دەسەڵاتی سامۆراییەکان بەتەواوەتی لاواز بوو، هەندێکیان وازیان لە کاری سەربازی هێنا و دەستیان دایە بانکداری و کاری بازرگانی. بەڵام لە ڕووی پیشەسازی و مۆدێرنەکردنی وڵات، حکوومەت بودجەیەکی زۆری بۆ دروستکردنی کەشتییە جەنگییەکان، بەندەرەکان، فانووسە دەریاییەکان، کارگەکان، جادە و ڕێگەی ئاسن و ڕایەلی تەلگراف دابین کرد. لە ساڵی ١٨٧٢ هێڵی ئاسنی تۆکیۆی بە یۆکۆهاماوە بەستەوە و تا ساڵی ١٨٨١ ساڵانە دوو ملیۆن کەس هێڵی ئاسنیان بەکار دەهێنا. ساڵی ١٨٥٩ تەنیا ٥٦٣ کیلۆمەتر هێڵی ئاسن هەبوو، بەڵام ساڵی ١٨٨٥ گەیشتە ٣٣٤٦ کیلۆمەتر.[٥]

لەم قۆناخەدا سووپای ژاپۆنی بەهێزبوو. ساڵی ١٨٧٢ ژاپۆن تەنیا حەڤدە کەشتی شەڕی هەبوو، هەموویان جگە لە دوو دانەیان کەشتی دارینی بوون. بەڵام پاش بیست ساڵ پەرەسەندنی لێبڕاوانەی هێزی دەریایی ژاپۆن گەیشتە بیست وهەشت کەشتیی جەنگی مۆدێرن و بیست و چوار مووشەکی ژێرئاوی.[٦]

## ئیمپریالیزمی ژاپۆنی

یەکێک لە خاڵە ناشرینەکانی مێژووی ژاپۆن، ئەو کاتانەیە کە ژاپۆن بوو بە هێزێکی گەورە و پەلاماری دراوسێکانی دا. ئا لەو کاتەی کە پێشتر ژاپۆنییەکان سەرشۆڕی و ترسی داگیرکەری بێگانەیان بینی بوو، بەڵام کاتێک بەهێز بوون ئەمانیش وەکو هێزە داگیرکەرە ئەوروپاییەکانیش، دەستیان کرد بە پەلاماردان و داگیرکردنی دەوڵەتە دراوسێکانیان.

## ژاپۆن پاش شەڕی دووەمی جیهان

کارەسات و تاوانەکانی شەڕی دووەمی جیهان، هەموو گەلانی جیهانی تووشیماڵوێرانی و سووتاندن و خاپووربوون کرد. ژاپۆنیش بەحوکمی ئەوەی لایەنێکی شەڕەکە بوو، بەشی زۆری بەرکەوت. لە مانگی ئابی ١٩٤٥ دا لە ئۆقیانووسی هێمندا، لەشکری ژاپۆنی بە لەشکری ئەمەریکایی دۆڕا. لە ٢٠ سێپتەمبەری ١٩٤٥ واتە پاش کەمتر لە مانگێک، لە سەر کەشتی جەنگی میسووری ئەمریکایی، سووپای ژاپۆنی ئیمزای خۆبەدەستەوەدانی کرد٧.

لە پاش شەڕ ژاپۆن خۆی لەناو کارەساتێکی گەورەدا دەبینیەوە. زیاتر لە سێ ملیۆن ژاپۆنی، کە ٣/١ یان خەڵکی سیڤیل بوون، گیانیان لە دەست دا. زیاتر لە ٤٠٪ ی مەڵبەندی شارەکان بوون بە خۆڵەمێش و زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی شارەکان، یان مردبوون یان لە گوندەکاندا سەرگەردان بوون. بەهۆی لاوازبوونی کەرتی کشتوکاڵی و وێرانکردنی رێگەکانی گواستنەوە و، ژمارەیەکی زۆری خەڵک گیرۆدەی کەمبوونی مادەی خۆراکیی کاڵای تری بنەڕەتی بوون. خەڵکی ترسێکی زۆریان هەبوو کە سەربازە سەرکەوتووە ئەمەریکاییەکان، پەلاماری ژن و منداڵەکانیان بدەن، هەر بۆیە کەسانێکی زۆر خۆیان دەشاردەوە.[٨]

لێرەدا دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە ئەمەریکا ڕۆڵێکی باشی بینی لە هەڵساندنەوەی ژاپۆن و یارمەتیدانی بۆ ئەوەی وڵاتەکەیان ئاوەدان بکەنەوە. هەرچەندە ئەمەش زیاتر لە بەرژەوەندی خۆیان بوو، لەبەرئەوەی هەروەک کیسنجەر دەیوت: (ژاپۆن و ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، دوو دەفتەری بانکی ئەمەریکان).

لە پاش ساڵی ١٩٦٠ هەتا ساڵی ١٩٨٠، ژاپۆن گەورەترین پەرجووی ئابووری لە مێژووی مرۆڤایەتییدا تۆمار کرد. ئەم وڵاتە توانی لە وڵاتێکی دواکەوتوو، وێران، دۆڕاوەوە، بکاتە گەورەترین زلهێزی ئابووریی جیهان. لە پاش ئەمەریکا و یەکەتی سۆڤیەت، ژاپۆن بوو بە سێیەمین هێزی ئابووری جیهان. ئەگەر هەتا ساڵانێکی دوور و درێژ، میلتاریزم و دواکەوتوویی و شەڕ، میوانی بەردەوامی ژاپۆن بوون، ئەوا لە پاش شەڕی دووەمی جیهانەوە، پێشکەوتن و دیموکراسی و ئاشتی و خۆشگوزەرانی، میوانی سەر سفرەی لاپەرەکانی مێژووی ئەم وڵاتە بوون.

ژاپۆن لە هەموو ڕوویەکەوە پێش کەوت، لە بواری پیشەسازی بوو بە وڵاتێکی پێشەسازیی

گەورە. لە نێوان ساڵانی ١٩٦٥ تا ١٩٧٠دا، بەرهەمهێنانی پۆڵای بۆ دووقات بەرز کردەوە، لە ٤١ ملیۆنەوە بۆ ٩٣ ملیۆن تەن. هەر لەم ساڵانەدا بەرهەمهێنانی ئۆتۆمۆبێل لە ٦٩٦ هەزارەوە بۆ ٣,١٧٨٠٠٠ بەرز کردەوە، تەلەڤزیۆن لە ٤,١ ملیۆن دانە، بۆ ١٣,٨ ملیۆن دانە بەرز کردەوە.[٩]

هەموو ئەم پێشکەوتنە گەورەیە لە سایەی ئەو سیستەمە دیموکراسی و ئاشتی پارێزەوە هاتە دی، کە لە پاش شەڕی دووەمی جیهان دروست بوو. ژاپۆنییەکان لە یەک شتدا زۆر زیرەک بوون، ئەویش خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە بوو بۆ مێژوو. لە پاش شەڕ ژاپۆنییەکان توانییان ئەو هەڵانە دیاری بکەن کە پێشتر کردبوویان و لە هەمان کاتیشدا هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەی ڕاست و دروست بۆ چاککردنەوەی ئەو هەڵانە درا. دیارە خاڵێکی گرینگ کە ڕۆڵی لەم پێشکەوتنەدا هەبوو، پێڕەوکردنی سیاسەتێکی ئاشتی پارێزانە لە جیهاندا، تەنانەت هەتا ئەم دواییانەش ژاپۆن لەشکری نەبوو. دیارە ئەمەش یەکێک بوو لەو خاڵانەی کە لە پاش شەڕی دووەمی جیهاندا، بەزۆر ئەمریکاییەکان بەسەر ژاپۆندا سەپاندیان.

## کاریگەری کولتووری چینی بەسەر ژاپۆنییەکانەوە

چین لە هەموو وڵاتەکانی تری ناوچەکە مێژووی حوکمڕانی ئێجگار کۆنی هەیە. هەربۆیە خاوەنی ئەزموونێکی دوور و درێژە لە بوارەکانی ئەدەب و سیاسەت و زانست و مۆسیقاو ئایین و شێوازی حوکمکردن. چین خاوەنی کولتوورێکی دەوڵەمەندە، لە پەنا ئەم کولتوورە دەوڵەمەندەدا، کۆمەڵێک دەوڵەتی هەژار توانیویانە سوودی لێ وەربگرن و لە پەناییدا بحەسێنەوە. بە دڵنیاییەوە یەکێک لەو دەوڵەتانەش ژاپۆنە.

ژاپۆنییەکان هەروەک پێشتر باسمان کرد، کە لە سەدەی ٧ تا ٨ ی زاینەوە لەڕێگەی کۆرییەکانەوە بە کولتووری چینییەکان ئاشنا بوون. لەم سەدەیەدا بە تەواوەتی کولتووری چینی خۆی بەسەر ئەم وڵاتەدا سەپاندبوو. هەتا سەدەی یانزەم، زمانی فەرمی و ئەدەب، چینی بوو. بگرە هەر لە سەرەتاوە ژاپۆن کەوتە ژێر کاریگەریی کولتووری مەزنی چینەوە و هەتاوەکو ئەمڕۆش ئەو کاریگەرییەی پێوە دیارە بەتایبەت لە ڕووی نووسین و ئاینەوە.[١٠] هەر بۆیە دەتوانین چین بە دایکی کولتووری ژاپۆن دابنێین. ژاپۆنییەکان لە چینیەکانەوە ئاینی (بودی و کۆنۆشی) فێربوون، پاش ئەم دوو ئاینەش کاریگەریی زۆری بەسەر ئاینی شەنتووی ژاپۆنیشەوە دانا. بگرە لە منداڵدانی ئەم دوو ئاینەوە، ئاینی شەنتووی لەدایک بوو. لە ڕووی زمانیشەوە، توانییان سوودێکی زۆر لە ڕێزمان و یاسا زمانییەکانی چینیەکان ببین، لە هەمان کاتیشدا توانییان سوودێکی گەورە لە ئەلف و بێی چینی وەربگرن و ئەلف و بێی ژاپۆنی پێ دروست بکەن. لە ڕووی ئیدارەی حکومی و زانستی سیاسی و ئابووری و زانستەکانی ترەوە، توانییان زۆر سوود لە چین وەربگرن. وەلێ بەداخەوە ژاپۆنییەکان بەرامبەر چینییەکان زۆر نمەک سوێربوون و خراپ هەڵسووکەوتیان لەگەڵ چینیەکان کرد.

## ئاینی شەنتووی

یەکێک لە سیماکانی ژاپۆنییەکان ئەوەیە، هەموو کاتێک حەزیان کردووە کە خۆیان سەربەخۆبن و هیچ پێوەندییان بە خەڵکی ترەوە نەبێت. ئەم هەستی لەخۆڕازیبوون و سەربەخۆیی بوونە، وای کردووە کە لە زۆر ڕووەوە ژاپۆنییەکان ڕێگەی تایبەت بە خۆیان دابنێن. لەگەڵ هاتنی ئاینی بوذی بۆ ژاپۆن و ئاشنابوونی ژاپۆنییەکان بەم ئاینە، جۆرە ترسێک لەناو ژاپۆنییەکان بڵاو بوویەوە کە چۆن دەبێت ئێمە ئاین و خواییەک بپەرستین، کەبە ئێمە نامۆ بێت و بێگانە بێت. هەر بۆیە بیر لەوە کرایەوە کە ئاینێک لە شێوەی بوذی دورست بکرێت.

هەتاوەکو ئێستا هیچ دیار نییە کە چۆن وە کەی ئەم ئایینە لەدایک بووە، وەلێ ئەوەی دیارە لە سەردەمی کۆفۆییەکاندا، تقوس و نەریتە کۆنەکان هەموویان کۆ کرانەوە و خۆیان لەم ئاینەدا بینیەوە. ئاینی شەنتووی بەتایبەت پاش هاتنی (برنج) بۆ ژاپۆن و چۆنیەتیی چاندنی، بوو بە ئاینێکی بڵاو لەم وڵاتەدا. شەنتووی لە دوو وشەی چینیەوە هاتووە بە واتا (ڕێگەی خوا). ژاپۆنییەکان وشەی (کامی) بەکار دەهێنن کە مانای خوا دەگەیەنێت. ئەم ئاینە بە پێچەوانەی ئاینەکانی ترەوە بەتایبەت ئاسمانییەکان، باوەڕی بە یەک خوای موتڵەق نییە، بگرە بە جارێک باوەڕی بە کۆمەڵێک (کامی، خوا). لەلایەکی تریشەوە خاوەنی هیچ جۆرە پێڕەو و شەریعەتێکی ئاینی نییە، بگرە زیاتر خۆی لە کۆمەڵێک عادات و تقوساتی کۆنەوە دەبینێتەوە، کە بەشێکی زۆریان پێوەندی بە چاندنی برنجەوە هەیە. هەروەها شەنتووی خاوەنی هیچ کتێبێکی پیرۆز نییە . تەنیا دوو کتێبیان هەیە کە هەتاوەکو ئێستا سەردەمەکەیان دیاری نەکراوە. ئەوانیش " کۆجیکی ا' مانای راستی ڕووداوە کۆنەکان. لەگەڵ "نیهون شوکی" مانای حکایەتەکانی وڵاتی ژاپۆن.



مەزاری توری لە ناوچەی ئیتسوکوشیما

ئەم دوو کتێبەش زیاتر بریتین لە گێڕانەوەی حکایەت و ئەفسانەکانی ئیمپراتۆرەکان و شەڕەکانیان و هەندێک تقوساتی برنج چاندن.[11]

بەگشتی شەنتوویەکان باوەڕیان وایە کە (چاکەیەکی رەها و شەڕێکی رەها) نییە، بەڵکە مرۆڤ لە بنەڕەتدا کائینێکی پاک و بێگەردە، بەڵام دەوروپشت ناهێڵێت و بەرەو خراپەی دەبات. هەروەها ئەوان لەو باوەڕەدان کە مرۆڤەکان دەمرن، بەڵام ڕۆحەکانیان نامرێت دەچێتە روحی "مرۆڤێک یان

ئاژەڵێک، یان دارێک " کەوە.

شەنتوویەکان کۆمەڵێک خوایان هەیە کە بە " کامی " ناسراون، لەوانە:

١- کامی دەریا، شەپۆل و گەردەلوول کە زیاتر بۆ ماسیگرەکان دەگرێتەوە

٢- کامی چیا، بەرد، بەفر و دار بۆ داربڕەکان دادەنرێت.

٣- کامی کێڵگەکانی برنج، باران، گەشەسەندن بۆ جووتیارەکان دەگرێتەوە.

٤- کامی ڕێگەی جیاواز کە بۆ ڕێبوار و مووسافیرەکانە.

٥- کامی ماڵ، موطبەخ، بیر، سووتاندن کە لادێیەکان دەگرێتەوە.

٦- کامی زەوی، ڕووبار، خۆشگوزەرانی و سەلامەتی کە هەموو کەسێک دەگرێتەوە.

## جەژنەکانی شەنتوی

١- شو، گتسو، یان جەژنی سەری ساڵ کە ٣١ی کانوونی دووەمە.

٢- ستسوبون. فڕێدانی فاسۆلیا لەناو ماڵان لە بەیانیاندا ٣ی فێبراوەر

٣- هینا ماتسوری، یان جەژنی یاری بۆ گەنجەکان. کە لە ٣ی ئاداردایە

٤- جەژنی منداڵ . لە ٥ ی ئایاردایە

٥- تسوکیمی. کە دەکەوێتە پایزەوە و کێڵگەی برنج دەبەخشنەوە

٦- کنامی. سی. پێشکێشکردنی یەکەمین بەرهەمی برنج بە ئیمپراتۆر لە سێپتەمبەردا[١٢]

پێم خۆشە لێرەدا گەشتەکەمان ڕابگرین و پشوویەک بە خوێنەران بدەم، هەتا کەمێک بحەسێینەوە و بۆ ئەوەی لە بەشێکی تردا بەردەوام بین لە گەشتەکەمان.

هەولێر ئامێدی

سەرچاوە:

1- Japan.www.wiwkipedia.org.Deutsch

2- Information .zur politischen Bildung.255. Japan .2 Quadrat .1997

3- Japanwww.wiwkipedia.org.Deutsch,

٤- ژاپۆنی ئەمڕۆ. دان ناردۆ. وەرگێڕانی لە فارسییەوە. مەهدی خون دڵ. دەزگای موکریان. چاپی یەکەم. هەولێر. لاپەڕە ٢٥

٥- هەمان سەرچاوە ل ٢٩

٦- هەمان سەرچاوە. ل ٣٩

٧- هەمان سەرچاوە.

٨- هەمان سەرچاوە. ل ١٢٩

٩٩- هەمان سەرچاوە. ل ١٥٧.

١٠- الأدب الياباني... عصور من التطور والرقي. مها محمد. ڕۆژنامەی الزمان ٢٠١٠/٩/٢٦

١١- بحث الجنس البشري عن الله. ط١. ويج تاور بيبل. الولايات المتحدة الامريكية. سنة ١٩٩٠ ص١٨٧

١٢- هەمان سەرچاوە.

# ئەو سەردەمەی "یونس ئەمرەی"[1] تێدا ژیاوە ئەنادۆڵ لە سەدەی سێزدەدا

ئۆینەر یاغجی

نێوانی ١٢٥٠ ئەو ساڵەی بە لەدایکبوونی یوونس ئەمرە پەسند کراوە، (یانیش وەک هەندێک لێکۆڵەرەوە بۆی چوون ١٢٣٨ و ١٢٤١) و ١٣٢٠ کە بە ساڵی مردنی پەسند کراوە (یانیش بەلای هەندێک لێکۆڵەرەوە ساڵی ١٣٢١)، ئەو ڕووداوانەی ئەنادۆڵ، ژینگەی مادیی وەدەرکەوتنی ئەویان خوڵقاندووە. لەبەرئەوە، بۆ زانینی بنچینەکانی بیری ئەمرە و وەگیرهێنانەوەی کەسایەتیی خودی، پێویست دەکا بە کورتی چاوێک بە هەڵوێستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیریی ئەنادۆڵی ئەو ساڵانەدا بگێڕین کە یوونس ئەمرەیان تێدا ژیاوە.[2]

لە سەدەکانی ١١ – ١٢ دا ئەو تورکانەی لەبەر هێرشەکانی مۆگۆل هەڵهاتوون و لە ناوچەکانی خارزم و خۆراساندا نیشتەجێ بوون، موسڵمانێتییان لەو ئێرانییانەی ئەوێ فێر بوون. دەروێشەکان، شامانێتی و موسڵمانێتییان ئاوێتەی یەکتری کردووە، بە میانبینیی دەروێشەکانی سەر بە ڕێبازە نهێنیپارێزەکانی (باطنی) وەک یەسەویێتی، قەلەندەرێتی، حەیدەرێتی، بابائێتی، بیری سۆفیگەری لە ناوچەی خۆراساندا بەهێز بووە.

لە ١٠٧١ دا لە مەلازگرد، کە لەشکری سەلجووقی بە سەرکردایەتیی ئاڵپئەسڵان لەشکری بیزەنتیی بەزاند، وردە وردە ئەنادۆڵ کەوتە ژێر دەسەڵاتی تورکەوە. لەگەڵ ئەم دەسەڵاتەدا ئەو تورکانەی لە بەردەم مۆگۆل هەڵدەهاتن شەپۆل شەپۆل دەستیان بە کۆچکردنی بەرەو ئەنادۆڵ کرد.

لە هەموو ئەو شارگیرییانەی پێشووتریشیاندا، ئەو تورکانەی لەناو ڕۆشنبیریی دەوروبەری داگیرکراودا تواونەتەوە، (بە چینی و بە عەرەب و بە سلاڤی و بە موسڵمان بووەکان)، لە ئەنادۆڵدا نەبوونە بیزەنتی، بەڵام لەلایەکەوە کرستیانەکانی ئەنادۆڵ و گەلی ڕۆمیان تێکەڵی ئاینی نوێی

.................................................................

وەرگێڕانی لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە

هەواڵنامەی کتێب

یونس ئەمرە

خۆیان کردووە و تورکاندوویانن و لەلایەکی تریشەوە کەوتنە ژێر کاریگەریی ڕۆشنبیریی فارس و عەرەبەوە و بەم جۆرە لە کۆچەرێتییەوە بوونە نیشتەنی.

ئەو ژانانەی لە کاتی ئەم نیشتەجێبوونەدا تووشی هاتوون دەکرێ بەم شێوەیە ڕیز بکرێن:

* لە ژیانی ئابووریدا پێکدادانی کشتوکاڵ – ئاژەڵداری و نیشتەنی– ڕەوتەنی و لادێیی – کۆچەر جێی پێکدادانی (شار – گوند)ی گرتەوە.

* لە ژیانی ئاینیدا پێکدادانی ئیسلام – کرستیان درێژەی هەبوو.

* لە ژیانی سیاسیدا، هێرشەکانی مۆگۆل و لەشکرکێشییەکانی خاچپەرستان، سەلجووقییان و بیزەنتییانی لاواز کرد.

* دەرەبەگەکانی ئەنادۆڵ بەرامبەر سەلجووقیان هێزیان پەیدا کرد.

* پێکدادانی بیزەنتی – سەلجووقی – دانشمەندییەکان هاتە گۆڕێ.

* ئەنادۆڵ، دەستی بە ئاخاوتن بە زمانی جۆراوجۆری وەک: لە ڕۆخی دەریاکاندا زمانی (ڕۆمی) و زمـانی تیـرەکـانی (ئۆغـوز – تورکـمـان) تورکی و ئەوەی بەڕێوەبەرایەتیی سـەلجـووقی بەکـاری دەهێنا (فارسی) و ئیسلامیش زمانی قورئانیان بەکار دەهێنا.
* ئەو تورکانەی بوونە موسڵمان، کرستیانە ئۆرتۆدۆکسەکان، جوولەکەکان، مۆگۆلە بتپەرستەکان، ئاگرپەرستەکانی پاشماوەی ساسانییەکان، پێکەوە لە ئەنادۆڵدا دەژیان.
* لە ژیانی کۆمـەڵایەتیدا بیری شـەڕ و ئاشـتی، ڕاپەڕینەکان، کەرتـبوونەکان، زمـانەکان، ڕێبـازە ئاینییەکان، ئەو دەروێشانەی بنەوا ئاینییەکانیان نەدەزانرا، سۆفییەکان بەناو یەکتریدا چوون،
* کـە بـەرەو سـەدەی ١٣ دەبینەوە، ئەو عـەشـیـرەتە تورکـانەی لە بەر هـێـرشـی ئەو مـەگـۆلانەوە هەڵهاتبـوون کە دەستـیان بەسـەر تورکستـاندا گرتبوو، تا بە قووڵاییەکانی ئەنادۆڵدا نیشـتـەجێ بوون و بۆ خۆیان بە دوای لەوەڕگەی نوێدا دەگەڕان.

کەسایەتییە ناودارەکانی ڕۆشنبیریی تورکی ئەو سەردەمە، بۆ نموونە مەولانا جەلالەدینی بەلخی و حاجی بەکتاش وەلیش لەناو ئەوانەدا بوون کە لە خۆراسانەوە بۆ ئەنادۆڵ کۆچیان کردووە.

ئەم تیـرانەی بە خـەیاڵی کـۆچەوە هـاتبـوون، بـە چوونە پاڵ سـەلجـووقـییـان بەڵام کـارێکیـان کرد زمانی تورکی بە فەرمی پەسند بکرێ. مۆگۆلەکان تا سیواس هاتبوون و خەڵکیان چەوساندبووەوە، دەوڵەتی سەلجووقی ئەو دەسەڵاتەی لە ئەنادۆڵ هەیبوو لـە دەستی دابوو، لەبەرئەوەی لەشکرکێشیی خاچپەرستـان هەموو لایەکی وڵاتیان کردبووە مەیدانی شـەڕ بێزار بووبوو و لە دەوروبەری قۆنیەدا تەنگی پێ هەڵچنراوە. وەچە و نێزیکەکانی ئەو سوڵتانانەی نەیاندەتوانی فەرمانڕەوایی بکەن، وەک عـەلائەدین کـەیقـوباد، غـیـاسـەدین کـەیخـوسـرەو لە ملمـلانێی دەسـەڵاتدا بە یەکـدا چووبوون. حوکمدارەکان بەردەوام دەگۆڕان، پشێوی و تەماویبوونی بەرچاو کۆتایی نەدەهات. مرۆڤەکان لە ناو ئۆقیانـووسی شمشێرەکان و باج و خاوە و تاڵان و بڕۆدا پەلیان دەکوتی. هـەژاری و قاتوقڕی و دەستکورتی گەیشتبووە بارودۆخێک بەرگەی نەدەگیرا. لەناو ئەم بێچارەییەدا بەدوای چڵەدارێک دەگەڕان دەستی ئومێدی پێوە بگیرێ و خۆیانی پێ ڕزگار بکەن.

ئەو تورکمانانەش کە بۆ ئەنادۆڵ کۆچیان کردبوو، لەم شەڕ و ململانێی دەسەڵاتە بێزار بووبوون، کەوتبوونە هۆڵ گیانی خۆیان، ترسی داهاتوویەک هەموو کەسێکی پێچابووەوە.

کـە ڕاپەڕینی بابا ئیـسـحـاقی جـێنشـینی بابا ئیلیـاس لەم سـەردەمـەدا بەرپا بـووە، بووبووە ئومـێـدێکی ڕاسـتـەقـینە بـۆ ئەو خـەڵکانەی لە ڕزگـارکـەرەوەیەک دەگـەڕان بووبووە ئومـێـدێکی ڕاسـتـەقـینە، بەڵام ڕاپـەڕینی ئەو کـۆچەرانەی ڕێبـازە ڕازگرە (بـاطنی)یەی ئەو تـورکـمـانـانەی بە ناوچەکانی مەراش و مەڵاتیا و تۆقات و ئەماسیەدا، بە سەرکردایەتیی بابا ئیسحاق لە (١٢٤١) دا و ڕاپەڕینی تورکمانەکانی کەڕەمان کە بە شکست خواردن کۆتاییان هـات، دیسان ئومێدەکانی خەڵک تێک شکابوو.

سەلجووقییەکان کە ڕاپەڕینەکانیان سەرکوت کردووە و پێشەواکانیان هەڵواسیون، (١ی تەمووزی ١٢٤٣) لە کوێسەداغ – دا لەلایەن لەشکری مۆگۆلەوە پەرێشان دەکرێ و سیواس و ئەرزنجان و قەیسەری دەکەوێتە بەردەستی مەگۆلەکان. مەگۆلەکان هەموو شوێنێکیان تالان کرد و خەڵکیان چەوساندووەتەوە و تێپەڕیون. شەڕەکانی تەختی دەسەلات و ئەو دەرەبەگایەتییانەی یەک لە دوای یەک دادەمەزران، دەسەلاتی سەلجووقیی هێنابووە سەر بارێک هەر بە ڕواڵەت بوونی هەبوو.

ئەو ئۆغوزانەی دەوڵەتی سەلجووقییان دامەزراندووە (بەرە بەرە بە تورکمان و تورک دەهاتنە ناسین). لە ماوەیەکی کەمدا لە خاوەندارێتیی ئەم دەوڵەتە چووبوونە دەرێ.

دەوڵەتی سەلجووقی کە لەسەر خاکێکدا پێک هاتبوو شارستانییەکی جێگیری لێ خاوەن دەسەلات بووە، لەگەڵ دەوڵەمەندان و کەرتی بەڕێوەبەرێتییەکانی ئەو ناوە کەوتبوونە ژێر کاریگەریی ڕۆشنبیریی ئێران، ئەو هاوکارییەی لەگەڵ جێنشینی سوننیی عەرەبیشدا کرابوو، دەسەلاتدارانی تەواوێک لە داوونەریتی ئۆغوز (تورکمان – تورک) دابڕیبوو. تا دەهات دەسەلاتی سەلجووقی، خەڵکانی خۆی بە چاوێکی سووک تەماشا دەکردن. تەنانەت کەوتبووەوە هەڵوێستێکەوە نکووڵیی لە زمانی خودی خۆی دەکرد. بۆ ئەو دەسەلاتدارانەی لەگەڵ بیانییاندا یەکیان گرتبووەوە، زمانی عەرەبی و فارسی بووبووە زمانی زانست و هونەر، ئەو ڕۆشنبیرانەی پێ دەگەیین، دوور بوون لە خەڵک و ئەو شتانەی پەیوەندییان بە خەڵکەوە هەبوو و جیابوونەوەیان لەوان بە هونەر دەزانی. ئەم چوارینەیەی عاشق پاشای یەک لە نەوەکانی ئەو بابا ئیلیاسەی دواتر ڕاپەڕینێکی بەرپا کردووە، هەڵویستی ئەم داخی ناخانەی بە بەڵگە تۆمار کردووە و یەک لەو شیعرانەیەتی کە لە بیر ناچێتەوە:

Türk diline kimesne bakmaz idi
Türklere hergiz gönül akmaz idi
Türk dahi bilmez idi bu dilleri
-nce yolu ol ulu menzilleri

وتە:

کەس تەماشای زمانی تورکیی نەدەکرد
دڵ هەرگیز بەلای تورکدا نەدەچوو
تورکیش ئەم زمانانەی نەدەزانی
ڕێی باریکی ئەو شوێنە بەرزانە.

خەڵک لە بەتورکیکردندا بەردەوام بوون و خەرەندی نێوان دەسەلات و خەڵک تا دەهات دەستی بە بەرینتربوونەوە کردبوو، ئیدی تورکی لەلایەن خانەدانانەوە بەکار نەدەهێنرا، بەکارهێنانی

کەوتبووە هەڵوێستێکەوە، پێ ئاخاوتن کارێکی نەشیاو بوو. نیهاد سامی بەنارلی لە کتێبی " مێژووی وێنەداری ئەدەبیاتی تورک " ی بەناوبانگیدا ئەم ڕاستییەی وەها دەربڕیوە:

میللەتێکی فەرمانڕەوا بە پەسندکردنی ئەو زمانانەی لەو وڵاتەدا دەژین کە دەوڵەتی تێدا دادەمەزرێنێ، زمانی دایکی خودی خۆی وەک لە بیر بکا و هەوڵی دابێ بەم زمانە نوێیانە بەرهەمی زانست و ئەدەبییات بێنێتە گۆڕێ، مێژوو لە هیچ سەردەمێک و هیچ شوێنێکدا بەتایبەتی بەم پێودانگە فراوانە تۆمار نەکردووە.

***

ئیدی یوونس ئەمرە، نووسەری شیعری تورکیی سەردەمێکی وەها و وەک پێشەنگی دامەزراندنی زمانی شیعریی تورکی هاتووەتە گۆڕێ.

لەم سەردەمەدا، دەرکردنی فەرمانی بەرگری لە زمانی تورکی و کۆششی وەخۆکەوتن لەلایەن محەمەد بەگی (قارەمان ئۆغڵو) بەرامبەر ئەو سەرسامییەی سەلجووقییان بۆ زمانی فارسی کە لە دەربارییاندا باڵادەست بووە. (محەمەد بەگی قارەمان ئۆغڵو لەم فەرمانە بەناوبانگەیدا دەڵێ: " لەمڕۆ بەولاوە لە دیوان دەرگاه و بارەگا و ئەنجوومەن و مەیداندا لە زمانی تورکی بەولاوە قسەی پێ نەکرێ... " . مەترسییەکەی دیتووە و ئەرکی ئاگەدارکردنەوەکەی بەجێ هێناوە). لە ١٢٧٩ دا کە لەلایەن مەگۆلەکانەوە بەزێنراوە و کوژراوە، نەگەییوەتە ئامانج.

## دەوڵەتی سەلجووقی لە گیانەڵادایە

ئەو دەرەبەگایەتییانەی بە تورکی دەدوان (بۆ نموونە قارەمان، پەروانە، ئەشرەف، کەڕاسی، ساروخان، حەمید، مەنتەش، چاندار، ڕەمەزان، گەرمیان، ئایدن، عوسمانییەکان) بەرەو بە دەوڵەت بوون دەچوون و دەوڵەتەکان لەگەڵ یەکتریدا و لەگەڵ مەگۆلەکاندا شەڕەکانیان درێژەی هەیە.

لەدەستدانی نەریت لەلایەن ئەو دەرەبەگایەتییانەی شارەکان کە ملیان بۆ پاڵەپەستۆی مەگۆل کەچ کردووە. ئاینی ئیسلامیان بە قالبەکانیانەوە پەسند کردووە و ئەو تورکمانە ڕەوەندانەی بەرەنگاری درێژە پێدانی پێڕەویکردنی ڕێبازی سوننی بوونەتەوە. ئەو مەرجانەی ژیانیان کە لەو شوێنانەوە کۆچیان لێوە کردووە و باوەڕەکانیانیان تێدا پەنا داوە ڕازگرێتی (باطنی) ێتییان پەسند کردووە.

بیری سۆفیێتی کە لەناو سیستەمێکی فەلسەفی ئاخنراوە، لەگەڵ ئەو عەشیرەتانەی پێکەوە کۆچیان کردووەتە ئەنادۆڵ، لەم سەردەمەی ئەنادۆڵەدا لەو تەکیانەی یەک لە دوای یەک لە ئەنادۆڵدا دادەنرا، بڵاو دەبووەوە وەک شەپۆلێکی بەهێز دەستی بە پەرەسەندن کردبوو.

ئەم بیرەی، ئەو فەلسەفە کۆنەی یۆنانە کە دەیگوت گەردوون لە چوار ماکی: خۆڵ و هەوا و ئاو و ئاگر پێک هاتووە، لەگەڵ ئەو (پانتەییزم)ەدا کە خوا لە هەموو شتێکدا دەبینێ یەک خستووە، وردە

ورده بووەتە ڕووناکی بۆ مرۆڤی ئەنادۆڵی.

سۆفییە بە ناوبانگەکان کە لە شارەکانی قۆنیە و قەیسەری و سیواس و تۆقلت – دا نیشتەجێ بوون، کە دید و بۆچوونی خۆیان لەم ناوەندانەدا بڵاو دەکردەوە، دەروێشەکانیان بنەواکانیان لە لادێکان و لەناو ڕەوەندانداا لە بڵاوکردنەوەدا بوون.

ئەو مرۆڤانەی لە پەناگە دەگەڕان ڕوویان لە تەکیەکان و ڕێبازە سۆفییەکان دەکرد.

ڕێبازی سۆفیگەرییانەی نوێی وەک " مەولەوێتی (کە جەلالەدینی ڕۆمییە لە نێوانی ١٢٠٧ – ١٢٧٤ دا ژیاوە، لە بەلخەوە بەڕێی شامدا هاتووەتە ئەنادۆڵ و لە ١٢٢٨ دا لە قۆنیە جێگیر بووە) و بەکتاشییێتی (کە حاجی بەکتاش وەلییە و لە نێوانی ساڵانی ١٢٠٩ ژ ١٢٧٠ دا ژیاوە، لە دەروێشەکانی خۆراسان و جێنشینی بەناوبانگی بابا ئیسحاق بووە و لە خۆراسانەوە هاتووە و دوای ئەوەی بە سیواس و ئەماسیا و قەیسەری و قیرشەهردا گەڕاوە لە ناوچەی حاجی بەکتاش وەلیی ئەمڕۆدا نیشتەجێ بووە) دەستیان بە سەرهەڵدان کردبوو و یەکەمیان لە شارەکان و دووەمیان لە کەرتی دەشتودەردا بڵاو بووبوونەوە. بەکتاشییێتی، بە درێژەپێدانی باباییێتی، بیروباوەڕی شیعەگەریی وەک بیر لە سەرەتای وەرگرتنیدا، لە ڕێبازی ڕازگرێتی "باطنی" ی وەک قەلەندەرێتی و عەبداڵێتی و حەیدەرێتیدا هاتووەتە کایە. لەبەرئەوەی بیری بەکتاشێتی، بە چاوی قەدەغەوە سەیری ئەو شتانەی نەکردووە کە بیری سوننی قەدەغەی کردووە، لەگەڵ داوونەریتی کۆنی تورکیش و لەگەڵ ئەو خەڵکە جۆراوجۆرانەی تازە موسڵمانێتییان پەسند کربوو گونجاندووە.

لەم سەردەمەدا لە گشت لایەکی ئەنادۆڵدا، پشێوی درێژەی هەبوو، کەچی ئەوروپا لەناو پەرەسەندنێکی گەورەی ئابووریدا بوو و لەو شوێنانەی دەبانگەیشتنێ کۆڵۆنیگل دروست دەکرا.

***

ئیدی، یوونس ئەمرە، مرۆیەکە لەم ژینگەی پشێوییەدا لەدایک بووە و ژیاوە و بە بیر و بۆچوونەکانی، بە بانگهێشت و شیعرەکانی بانگەوازێکی ئارامی و فێرکارییەکی برایەتی و باوبۆرانێکی خۆشەویستیی بە هەڵکردن داوە.

ئەو خۆشەویستییەکی وەها و باوبۆرانی برایەتییەکی بە هەڵکردن داوە کە، بۆرانەکەی بە درێژایی سەدان ساڵ لە دڵی خەڵکانی ئەنادۆڵدا کپ نەبووەتەوە، لە سەر زاری نەکەوتووە و بە سەر سەدەکاندا ڕەت بووە و گەیشتووەتە ئەمڕۆمان.

ئەو کە دەڵێ:

تۆ بۆ تۆ چیت حەز لێیە
بۆ کەسی دیش ئەوەت بوێ
واتای چوار کتێبان
ئەمەیە هەرچی هەیە

هەموو مرۆڤایەتی بانگهێشتی برایەتی دەکا:

داری وشک چی لێ دەکەن
دەیبڕنەوە و دەیسووتێنن
هەر کەسێک عاشق نەبێ
لە داری وشک دەچێ

سەرچاوە:

Yunus Emre - Ya-am- ve Bütün -iirleri - Öner Ya-c- Gün Yay-nc-l- -stanbul 1996 - S. 25 - 32.

پەراوێزەکان:

(١) ئەمە بەشێکە لەو پێشەکییەی " ئۆێنەر یاغجی "، بۆ دیوانی " یوونس ئەمرە / ١٢٥٠ = ١٢٤١ " ی شاعیری میللیی سۆفیی تورکی ئەنادۆڵ نووسیوە. پێمان وایە بایەخێکی زۆر و وێنە و دیمەنێکی گشتگیری ئەو سەردەمەی ئەنادۆڵ دەخاتە ڕوو.

کتێبێکی بچووکم لەبارەی کورتەیەکی ژیانی ئەو شاعیرە و بیست و پێنج شیعری ئەو شاعیرەم هەر بە کێشە شیعرییەکانی خۆی کردووەتە کوردی و لەگەڵ دەقە تورکییەکانیدا بەناوی (یوونس ئەمرە – خۆشەویستیی خاک و مرۆ)وە بڵاو کردووەتەوە. بڕوانە:

" یوونس ئەمرە – خۆشەویستیی خاک و مرۆ – وەرگێران لە تورکییەوە – لە بڵاوکراوەکانی یەکەتیی نووسەرانی کورد " لقی کەرکووک " – چاپی یەکەم – چاپخانەی ئارابخا – ٢٠٠٥ کەرکووک. " ................ (وەرگێڕی کوردی).

(٢) نووسەر لێرەدا ئەم کۆمەڵە سەرچاوەیەی خوارەوەی ڕیز کردووە، بۆ لێکۆڵینەوەی گشتی لەبارەی (یوونس ئەمر)ەوە، بە باشترم زانی بیانگوێزمەوە ئێرە:

Mustafa Akdağ'ın *Türkiye'nin İktisadî ve İçtimaî Tarihi I*, Sina Akşin'in yönetimindeki bir kurulun *Türkiye Tarihi I*, Bozkurt Güvenç'in *Türk Kimliği*, Server Tanilli'nin *Yüzyılların Gerçeği ve Mirası II*, Fuad Köprülü'nün *Türk Edebiyatında İlk Mutasavvıflar*, Robert Mantran'ın yönetiminde bir kurulun *Osmanlı İmparatorluğu Tarihi I*, Cevdet Kudret'in *Örnekli Türk Edebiyatı Tarihi*, Çetin Yetkin'in *Başlangıçtan Atatürk'e Türk Halk Eylemleri ve Devrimler*, Doğan Avcıoğlu'nun *Türklerin Tarihi*

# گەردانی ناو و نازناو لە زمانی کوردیدا

مەحموود زامدار

## پێشەکی

هەواڵنامەی کتێب

لێتوێژینەوەی ورد و لەبار و زانستییانەی، باری مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری و زمانەوانییەکانی هەر نەتەوەیەک. کارێکی یەکجار گرینگ و بایەخدار و مەزنە، چ بۆ ناسینی خود و خەون و ئاوات و کەسایەتیی ئەو نەتەوەیە – لە مێژووی دێرینی هاوچەرخ و نوێیدا – چ بۆ دەستنیشانکردنی ڕەوت و پاشەڕۆژی ئەو نەتەوەیە.

ئەوەی لەلای سەرلەبەری زانا و کۆمەڵناسە ژیرەکانیشدا زانرابێت ئەوەیە کە مەسەلەی ناو و ناولێنان و نازناو و ناتۆرە. سەر بە گەلێ پێوانەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و میتۆلۆجی و ئاینی و جوگرافی و سێکسی و زمانەوانییەوە گییرە و پەیدابوونیشیان بەگەلێ کارەسات و ڕووداو و بۆنەی تایبەتی سەرگوزشتەی دیاریکراوەوە بەندە، ئەگەر بێتو بەوردی بکۆڵرێتەوە، گەلێ بابەتی بەپێز و سەیر و دەگمەن  و سەرەنجڕاکێشەری بەکەڵکی، بۆ لێکۆڵینەوەی واقیعی ئابووری و کۆمەڵایەتی و میتافیزیکی و سایکۆلۆجی لەلای ئەو گەلانەدا لێی دەکەوێت و ڕوون دەبێتەوە... لە هەمان کاتیشدا پەردەی قۆناخە جیاجیاکانی ئەو ناوانە سەرنداز دەکاتەوە... ئەوەی شایانی باس بێت و لێرەدا پەنجەنوما بکرێت ئەوەیە کە دەلالەتی (لەفزی)ی دەوری خۆی لە بواری بەکارهێنان و گونجانی لەگەڵ واقیعی سایکۆلۆجی نەتەوەدا دەگێڕێت و دەبێ بەسیمبولێکی ڕەها بۆ مرۆڤ و بۆ ئاوات و ئارەزوو ئەڵهای شارستانی و پاشەڕۆژی ئەو مرۆڤە... بێگومان هەیکەلی گشتی ڕۆشنبیری و ژیاریی و ئاینیش، دەورێکی دیار لەم بوارەدا دەنوێنێ.

گەلی ئێمەی کوردیش، زمانی پاراوی ئێمەیش، ئەگەرچی هەزاران جەزرەبەی زمانەوانیشی دیوە و تالاوی گەلێ تاڵەژەنیشی چەشتووە، بەڵام ڕووی پاکی خۆی لە شارستانیەتیی مرۆڤایەتی سەرکێشا وەرنەگیراوە و لە قاوغەی تەنگەبەردا کرووشکەی نەبەستووە، بگرە بەردەوام لە

ئاڵوگۆڕدا بووە و گرەوی مان و بوونی خۆی لە دەست زەمانە بردووەتەوە.

تاقە ئاوڕدانەوەیەکی قۆچاخانە، بەسەر ئەم باسەی مندا، ئەم ڕاستییە ئاشکراتر و ڕەهاتر دەکات، ڕاستیی (دان و وەرگرتن) و (تێکچڕاژان و بەخشش)ی بەردەوام. نەخوازەڵا لە بواری ناولێنان و نازناو و ناتۆرە و ساناکردندا، بەپێی گراماتێکی زمان و چێژی شاعیرانەی خۆی و بە تێروتەسەلیی شێوەزارەکانی، چی لێ دەکات و چۆنی بۆ دەڕوات. لە هەمان کاتدا ئەویش ساغ دەکاتەوە کە (کورد) نەتەوەیە و هەموو ڕەگوماک و بنکە و بنەوای نەتەوەیەکی سەرڕاستی ناو ئەم ڕۆهەڵاتەی تێدایە.

بەڕاستی: ناوی تایبەتی کوردی، زۆر تەنیا و بەنگین و زۆریش تایبەتییە بەخۆی. هەرچەندەیش لە هۆزێکەوە بۆ هۆزێ، لە دەستەبەندێکەوە بۆ دەستەبەندێ، لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی تر و لە ئەنجامی لێکدانەوەی زماننامی و فەلسەفەیی و شێوە زمانە جیا جیاکانەوە دەگۆڕێت و جێگۆڕکێ دەکات، بەڵام هەر خود و ئەدگار و خاسیەتە کوردانەکەی خۆی نادۆڕێنێ.

بێگومان ئەم جیاییەش لە ئەنجامی پلە و پایەی سەرکەوتن و گۆڕان و گەشەسەندنی مێژوویی و شارستانیا، سەری هەڵداوە و بە ئەوەوە بەندە، بۆیە (ناو) لە شارستان جۆرێک و لە دەوروبەری گۆل و ڕووبارەکاندا چەشنێک و لە بیدەشت و ناو شاخ و بنارشاخ و چڕە دارستانەکان بە ڕەنگێکی تر، خۆی وەدەر دەخا... هەندێ (ناو) هەیە لێکدراوە و هەندێ تاکە و هەندێ ئاینی و هەندێ بۆ شوێن و هەندێ بۆ کات و هەندێ بۆ هیوایەک و هەندێ بۆ خەوبینین و پیشە و خۆشییەک و هەندێ وەکو ئاوەڵناو سیفەت و هەندێ بۆ نزا و دوعا و چاوەزار بەکار دێت.

ئەم باسەش، تا ئێستا دەستی لێ نەدراوە و دەق و مۆری نەشکاوە، مەگەر ناڵێم تەنیا (ناوەکان) ئەمیش بۆ مەبەستێکی تر و زۆر بە بەرتەسکییەوە لە چەند نامیلکەیەکدا کۆکرابنەوە.

بۆیە بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە، هەرچەندە بەکەڵکی زمانناسی دێ ئەوەندەیش فریای کۆمەڵناس و فۆلکلۆریست و مێژوونووسە لێهاتووەکان، دەکەوێ.

مەسەلەی ناولێنان و نازناو و ناتۆرە هەڵبژاردن لە کوردی و لە کوردەواریدا، هەر ڕاستە و ڕاست، سەر بە جۆری فیکر و لێکدانەوەی میللی و مێژوویی و بنەوای زمان و دیالێکت و چەشنی هەڵکەوتنی قوڕگ و جیڕوگیرکردنی دەم و دان و زمان و مەلاشوو و لووت و فۆنێتیکی کوردییەوەیە، کە ئەمیش بەوردی خۆی گرێی جۆرێ لە جۆرەکانی ژیری و وریایی و بیروباری سەرنج و لێتوێژینەوەی مرۆڤی ئەم وڵاتە دەکاتەوە و هەموو نەتەوەی کوردیش دەگرێتە خۆی... هەر بۆیەش ئەم جۆرە باسانە، گەلێ لە زانایانی کۆمەڵ و سایکۆلۆجیست و مێژوونووس و زمانناس و فۆلکلۆریست و گرامەرکاران پەنای بۆ دەبەن و گەشترین ڕۆژانی تەمەنیان لە ژوانیدا دەگوزەرێنن.

هەر بۆ زیاتر سەرنجڕاکێشانیش، دەبێ لێرەدا پەنجە بۆ تۆتەمیزم (To Tem) ڕابکێشرێت، کە کوردی ئێمە، ئەم قۆناخ و تۆتەمیزمەی زانیوە و بەم قۆناخەشدا ڕەت بووە، هەروەک چۆن لەناو ناو و نازناوەکاندا ئەم دیاردەیە خۆی نواندووە.

تۆتەمیزم لە بنجا بۆ خێڵە کەودەنەکانی ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا بەکار هاتووە و زاراوەیەکی هیندییە سوورەکانی ئەمەریکای باکورە. دروشمێکە بۆ بنەماڵەیەک، یا بۆ خێڵێکی کەودەن و پەتیارەی سەر بەدایک و ناوی خۆیان بەو دروشمەوە ناوزەندە دەکەن. وا دەبێ ئەو دروشمە و بەردێک و قسنێک، وایش دەبێ ئەو دروشـمـە، بە پەیکەرێک یان بەنەقش و نیگارێ پلە بەردێ یان سـمـاتـە بەردێ بنوێنرێت، یا بەنیگارێکی ڕەنگاوڕەنگی سەر تەختەدار و پاتاڵ و شووشەبەندێک ڕەنگ برێژێت... بەڵام خوایەکە و هێزی خوڵقاندن و داهێنانی کەمە و دەسەڵاتی بەسەر ئادەمیزاد ناشکێت، بگرە دروشمێکی وەک (چاوەزار) بەکار دەهێنرێت، خۆ ئەگەر هاتو لە شەڕ و مەرگەسات و نەخۆشی نەیپاراستن، ئەوا یا دەیکوژن یا دەیشکێنن و یا دەیخۆن و یانیش پشتگوێی دەخەن و لێی تەریک دەبن. بەمەیش (تۆتەمیزم) دەبێ بە نموونەی کۆمەڵگەیەکی بچووکی تیرە یا خێڵ.

ئەمە لە سووچێک و لەسەر سووچێکی ترەوە، ئاینەکان و بەتایبەتی کولتووری موسڵمانەتی، هۆیەکی هەرە بەهێز بووە بۆ بڵاوکردنەوەی کولتووری زمانی بەرگوشادی عەرەبی، لەناو میللەتە موسڵمانەکانی غەیرەز عەرەب، هەر لە گینیا و ئەرتیریاوە بگرە، تا دەگەیتە عەجەمستان و گورجستان و تاجیکستان و هەموو ئەو شوێنانەی کە ئیسلامەتی ڕووی تێ کردبێت و ڕەگاژۆ بووبێت، بەکار هێنراوە، بەڵام گەلێ لەو کەرەستە و ناو و زاراو و وشە عەرەبیانە بەتایبەتی ناوەکان بەپێی زەوقی زمان و گرامەری ئەو میللەتانە گۆڕاون و تێک شکاون. ئەمەو سەرباری کارتێکردنی فیکری میترایی و بۆزی و زەردەشتی و تەورات و ئینجیل، بەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی و میتافیزیکیی ئەو گەلانە، کە نەتەوەی کوردیش دانەیەکە لەو زنجیرەیە... سەرەڕای ئەم دیاردە ئاینییەش.... گەلەکان، لەناو خۆیانیشدا کاریان لە یەکتری کردەوە و لەم بوارەدا ئاڵوگۆڕێکی زۆری بەگەلێ جۆر کراوە.

لە ئەنجامدا: من دەزانم ئەم باسە پێویستییەکی زۆری بەپشکنین و دانیشتن و گەڕان و سووڕان هەیە ئەوەیش نییە تا زۆر خۆمی پێوە ڕانیم، بۆیە چاونوارم ئێوەی شارەزا، لە بارتری بکەن، تا ئەمەی منیش بێ بە بەشی زنجیرەیەک، زنجیرەکانی لێکۆڵینەوەی زمان و مێژوو کۆمەڵی کوردستانی ڕاچەنیو.

## بەشێوەیەکی تایبەتی لە شارستان

١- ناوی ئاینی

أ- ئەو ناوانەی بە پاشگری(اللّه)وە دواییان دێ، وەک (نعمه اللّه - عبداللّه - رحمه اللّه - عبیداللّه - بیت اللّه - مال اللّه...)

ب- ئەوانەی ناوەکانی تری (خوا)یان هەڵگرتووە، وەکو: (عبدالستار - عبدالغفور - عبدالحمید - عبدالوهاب - عبدالجبار ٠ عبدالخالق - عبدالمؤمن - عبدالرحمن...)

ج- ئەو ناوانەی کە ناوی پێغەمبەرانیان بە باڵا بڕاوە، وەکو: (محمد - احمد - ابراهیم - یوسف - زکریا - خضر - الیاس - صالح - عوزێر - داوود - مووسا - سلێمان - عیسا - ادریس

– یونس – ذوالنون...).

٢– ناوی مێژوویی

أ– ناوە عەرەبییەکان وەکو: (ئەبوبکر – عومەر – حوسێن – خالید – حەیدەر – عەلی – عوسمان – حەسەن – عەباس – حەمزە – مطلب...).

ب– ناوە ئێرانی و کوردییە کۆنەکان، وەکو: (ئەستێرە – ئەسفەندیار – ئەفراسیاب – بەهمەن – مەزدە – فەرزەند – بەنگین – گیو – ئارش – چەکۆ – خەسرەو – رۆستەم – جەمشید – لەپزێرین – سیامەند – فەرهاد – پێشەوا...).

ج– تورکە عوسمانلییەکان گەلێ لە ناوە عەرەبییەکانیان وەرگرتووە، با عەرەبیش بەکاری نەهێنا بێ، بەپێی چێژ و خاسیەتی زمانەکانی خۆیان گۆڕییویانە و ئێمەش لە کۆن و ئێستاماندا لە ئەوانەوە ئەم دیاردەیەمان بۆ ماوەتەوە، وەکو:

١– (حکمت – رافت – رفعت – عزت – هیدایت – بهجت – شوکت – نعمت....).

بۆ نێرینە و چەل ناچەلێکیش بۆ مێینە بەکار هاتووە.

٢– (سعاد – سداد – وداد – نهاد – فوئاد...) بۆ مێینە و چەل ناچەلێکیش بۆ نێرینە بەکار هاتووە.

د– هەر لەسەر هەمان ڕێرەو، هەندێ ناوی تری بە ڕەگەز عەرەبی، تورکەکان وەریان گرتووە و بەگوێرەی چێژی کۆمەڵایەتی و زمانەوانیی خۆیان، چ وەکو (ناو) چ وەکو (نازناو) بەکاریان هێناوە، کوردەکەش لە ئەنجامی گەلێ هۆی دیاری شارستانی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە لاسایی ئەمانی کردووە و بەکاری هێناون وەکو: (حقي – زهدي – رشدي – فهمي – حلمي – عوني – زكي – شوقي – وصفي – فوزي – رمزي – رفقي...). بەڵام دەبێ ئەوە لە بەرچاوی کە ئەم (ێ)یە بەهیچ جۆرێ بۆ نیسبەت و دانە پاڵ نییە هەروا ئەمانە زۆرجار دەبن بەنازناو و دەکەونە پێش ناوی وەک: (محمد – اسماعیل...).

هـ– لە کوردستان – بەتایبەتی لە چاخی عوسمانلی و سەفەوی و قاجاریاندا – لەلایەن شا و سوڵتانەوە گەلێ نازناو بەکوردە دەسەڵاتدارەکان دراوە، وەکو: (چەلەبی – نقیب – خان – پاشا – شازادە – بەگ – ئاغا – سان – پساغا – میر – میری میران – میرزا – میرزادە – پس میر[١]) و لە تەک ناوەکانا بەکار هاتوون، یا کوردەکە خۆی بۆی داتاشیوە، یا لە نازناو)ەوە کردویەتی بەناو و بەکاری هێناوە.

٣– ناوی نوێ:

أ– ناوی عەرەبی (بۆ نێرینە و مێینە) وەکو: (ابتسام – نجاح – سميرة – حرية – امل – لائقة – خالدة – رائدة – عايدة – وسيلة – ليلي – جميلة – شادية – سامية – سهام – احلام – عاصم – ناصر – سلام – وسام – فائز...).

ب– ناوی کوردی (بۆ مێینە و نێرینە) وەکو: (جوان – ئازاد – هەڵاڵە – پەخشان – ئاوێستا –

نازدار – نازەنین – ئاڤان – شیرین – بەفرین – بەختیار – دڵرام – جوانکۆ – دڵنەواز – باهۆز – ڕێژین – ڕۆنیا – لاڤە – هەڵوێست – مەبەست – ئاسۆ – ڤیان – زانا – پشکۆ – ئاشتی – بەهرە – شۆخمیر – مزگێن – هاریڤان – دلڤین – یەسنا – یارا – دڵگەش – هاودڵ – گوڵستان – جوانمێر – ئاڤێستا – ڕەوەز – هەنگاو – گزنگ – هاوناز – دەرباز – سۆزیار – ڕەسەن – هونەر – هیوا – نێچیرڤان – شنە – ناهید[٢]...).

ج– ناوی ئەوروپایی و جیهانی (بۆ نێرینە و مێینە) وەکو: (سۆزان – سیڤەر – سۆفیا – گیڤارا – کاسترۆ – برییت – بۆدلێر – نەهرۆ – کامۆ – ئەنجیلا – غاندی – زۆربا...).

## لە دێهات

١– وشە و ناوی ڕەق و دڕی گیانلەبەر، بۆ ترس و سام و دوژمن تۆقاندن وەکو: (شێرکۆ – گورگۆ – جرجۆ – هرچۆ – پڵنگۆ – کتکۆ...).

٢– هەندێ وشە و ناولێنانی وا هەیە کە هەندێکی ماناداره و هەندێکی هیچ واتایەکی نییە، بەڵام خۆی لە خۆیدا، نیشانەیەکە بۆ شتی سەیر و پیس و لەو تاو و ناو و ناتۆرە بەکار دەهێنرێ وەکو: (پزێ – کتۆ – بیبۆ – هۆپۆ – حوچۆ – کەمۆ – خەپێ – قنۆ/ قلقۆ – ڕۆڕۆ – ترحۆ...).

٣– وا دەبێ، هیچ بایەخێکی ئەوتۆ بە ناو نادەن و زۆرجار – وا دەبێ – منداڵ تا منداڵە، بەناوێ بانگی دەکەن، کە گەورە بوو، بەناوێکی تر ناوی دەبەن... کە منداڵەکە بە (بابە – کاکە – دایە – بەرخۆ – چاوێ – خرپۆ – خەپە...).

کە گەورەش بوو، خەتی سمێڵی دانا، یا مەمکی گۆی کرد، لە پڕێکا بە (عەلۆ – عەلەکە – حەسۆ – کاڵێ – زارێ – محێ...) ناوزەدی دەکەن.

٤– هەندێ ناو هەیە بەهۆی بۆنە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرهەڵدەدا، هەر بۆ نموونە لە کاتی کەماڵییەکاندا ناوی (حریت – عدالت – مساوات) زۆر باو بوو، هەروا ئەگەر کابرایەکی کاربەدەست بێتە ناوچەیەک لە ناوچەکانی کوردستانەوە، وردە وردە ناوەکەی وا باو و بڵاو دەبێ، زۆر کەس لە خەڵکە سادەکە، ناوی منداڵەکانیان بەناوی ئەوەوە، ناو دەنێن، جا با ئەو کابرایە ناوەکەشی کوردی نەبێ، ئەمەیان بەلاوە گرینگ نییە هەروا بۆنە و کارەساتی جگەربڕ، گەلێ جار دەبێتە مایەی پەیدابوونی جۆرە ناوێک، جا ئەو ناوە چ بۆ بەرگەگرتن بێت، یا مانای هەناسەساردی و یادی ناخۆش بخاتەوە بیر، وەک: (ئەژین – ڤەهێل – نیوار/ چەتۆ – ژیمان – سەرکەوت – واهێل – مژوار... هتد).

٥– هەندێ ناو یا نازناو هەیە، بەهۆی بۆنە مێژوویی و سیاسییەکانەوە بڵاو دەبێتەوە، وەکو (جەنگی) لە کاتی شەڕ و ئاشووب و هەرادا ئاوایش ناو و نازناوی (شۆڕش – حربی – ئادار – بارزان – بێئەوا – پیران – جەنگاوەر – زرێ...).

٦– هەندێ ناو هەیە، بۆنە ئاینییەکان بە دەستاوێژێکی تری ناولێنان لە دێهات و هەروا لە

شارستانی کوردستاندا دروستی دەکەن، وەکو: (رەمەزان – حاجی – جمعە – محرم – شعبان – عیدۆ – هەینی – جەژنی – ڕەجەب...).

٧- هەندێ ناوی وا هەیە، کە تەنیا ڕێککەوت دروستی دەکات، گریمان وا دەبێ کابرایەک لە کاتی ژان و ژووری ژن و منداڵبووندا، ژنەکەی منداڵێکی دەبێ – کوڕ یا کچ – لەو کاتەدا چاوی بەهەرچی لە هەرچی بێ، بەوە ناوزەدی دەکا. لە دواییدا، دەشێ بیگۆڕێ – بەڵام ئەم دیاردەیە زۆر کەمە، وەکو: (ژوژوو) – ئاسکە – تەپاڵە – پشقڵ – چنار – دۆشاو...).

٨- هەندێ ناوی وا هەیە، بەناوی ئەستێرەکانەوە ناو دەنرێن، وەکو زۆربەی میللەتە کۆنینە و سەرەتاییەکان، وەکو: (مەهۆ – ئەستێرە – پێروو – ئەختەر – ئافتاو – پەروین – هەتاو – ڕۆژە – گەلاوێژ...).

٩- هەندێ ناو هەیە – بۆ کوڕ و کچ – تایبەتییە بەئێزیدییە کوردەکان وەک: (گوهدار – کەڤی – مشکۆ – عیدۆ – کرێت – شارێ – پێلێ – شورێ – سیتۆ – قرپال – پیرگرو – شەمۆ – فەلیت – مەنجۆل – گۆزێ – شەمێ – شۆرۆ... هتد).

## بەشێوەیەکی گشتی ناولێنان لە زمانی کوردیدا

١- ناوی عەرەبی و فارسی و تورکی و عیبری، وەکو: (محەمەد – فەرەیدوون – ئۆغر – ابراهیم – جبرائیل – اصلان – نزار – عەلی – بەهمەن – میکایل...).

٢- ئەو ناوانەی کە سیفەتێ دەگرنە خۆ، کە بەتێکڕایی سیفەت و خاسیەتی باشن، بەڵام لە چەند سیفەتێکی تر (سلبی) بە دەرنین و بێ مەبەستیش نین، وەکو: (لاوچاک – سوارە – چەڵەنگ – هۆشەنگ – دلێر – پێشرەو...).

٣- هەندێ نازناو و ناوی وا هەیە، واتای خراپەکاری و چاوسوورکردنەوە دەداتە دەست، بەڵام چاوسوورکردنەوەیەک لەگەڵ دوژمن و بۆ دوژمن، هەر دوژمنی بێت، وەکو: (دڵڕەق – دڕێ – پەتیارە – کەودەن – دڕندە...).

٤- ناوی ئاژەڵ و گیانلەبەر، وەکو (مامر – مشکۆ – شێرە – سیخوڕ – گیسکە – بەراز – ناسکە – قومری – سوێسکە – پەرەسێلکە – شاهۆ – هەڵۆ – کەوێ – بازێ – شاهین – سمۆرە... هتد). هەروا گەلێ جاریش وەک نازناوێ بەکار دەهێنرێ.

٥- ناوی گوڵ و گژوگیا وەک – ئەمەیان پتر بۆ کچ بەکار دێ – وەکو: (هەرمێ – نێرگز – رەزێ – سەرگوڵ – شەمامە – مێخەک – چرۆ – هێرۆ – وەنەوشە – گوڵێ – گێلاس – گەزیزە – سارێژ – چراخان – لاژە – چرپە – کەڤین – شلێر – هێشوو – گوڵان – گوڵچین – گوڵناز – شیلان – ڕێواس – نەمام – بەهێ – خەرمان – بەڕەزا – چنار – خۆخێ – ژاڵە – چنوور – شێوێ...).

٦- ناوی کات: وەکو: (هەینی –ساڵۆ – بەیان – سپێدە – خەزان – ڕۆژێ – نەورۆز – شەوێ – بەهار – ڕۆژگەر – زڤستان...).

٧– ناوی جێگا، وەکو: (ئاسۆس – ئەزمەڕ – بێستوون – هەڵگورد – بۆتان – ئەردەلان – چیا – دەرسیم – زۆزک – سیروان – زاگرۆس – سەفین – نیشتمان – مەریوان – هەندرێن – سیپان – سەیوان – هەورامان – ئەرارات – بێخاڵ – کوردستان – مەهاباد[٣]).

٨– نازناو و خێڵ و خانەوادە و بەرەباب و ناوچە و کۆڵان و ڕەگەز، وەکو: (دۆسکی – زێباری – شێروانی – جاف – مزوری – شوان – مەنگوڕی – هەمەوەندی – هەکاری – کانێسکانی – جزیری – بادینانی – شاربازێڕی – کەرکووکی – شارەزووری – شۆڕیجەیی – گرگاشی – بندیان – بابان – شاکەلی – دێلێژەیی – دیاربەکری – ئامێدی – خانەقینی – موکریانی – هەمەدانی – ساڵەیی – حەیدەری – ئاکرەیی – حاجی نەبی – جەلی زادە – بەدرخانی – گەڕاوی – قزڵجەیی – کۆکیی – کلاوقووت – بۆسکانی[٤]).

٩– نازناو و ناوی ڕەگەزی بانی ئێرانی، وەکو: (دارا – ئەفراسیاب – ڕۆستەم – گورگین – گۆدرز – زۆراب – ئەردەشێر – نەوشیروان – ئەسفەندیار...).

١٠– نازنا و ناوی پیشە و کار: بێریڤان – کلاشکەر – کلاشچن – باشیۆزغ – دەهۆڵکوت – زوڕناژەن – ئاشەڤان – ئاسنگەر – جووتیار – عەلەمدار – باغەوان – سەوزەفرۆش – کرێکار – وەرزێڕ – قەزوانفرۆش – سەبزەچی – جۆلا...).

١١– نازناو و سووک و چرووک و هیچ و پووچ، وەکو: (کوێرە – کەڕێ – کەچەڵ – قەموور – گوێبڕاو – خێڵە – حەپۆل – شوغال – کەمشۆ – گولە – گەڕە – پنچک – چەوەندەر – تۆڵەکە – دەعۆ – نابووت – شێلم – گەلحۆ – مارمیلۆک...).

١٢– ناوی نوێی عەرەبی و کوردی و ئەوروپایی: (سۆزان – سعاد – سیزان – ماجدە – اشواق – ازهار – مارلین – شەونم – نەسرین – گوڵاڵە – بەفرین – ئاشتی – پاکی – ڕاستی...).

١٣– ناوی کۆنی پیاو و ژن (ڕەسەن و کوردی): (زارێ – خانەگوڵ – مینا – بەگیسی – بەهزاد – مەنیژە – دڵبەر – ئەستی – باوەیس – چەتۆ – خودادا – جیهانبەخش – گەزۆ – وەیسی – پیرباڵ – پیرۆت – خوادە – خورشید – بایز – فریاد – پیرۆز – شاناز – ڕەعنا – کلاوزەر – خانێ – تێلی – لەعلیخان – هەسەم – سیابەند – کاکەمەم – خاتووزین – گوڵخەندان – گوندێ – خانزاد – گوڵناز...).

١٤– نازناو و ناوی سروشت، وەکو: (کەپکێ – یاڵێ – ملە – گەردن – بەردێ – دۆڵی – ڕووبار – جەنگەڵ – بۆران[٥]).

١٥– ناوی ئەو شتانەی کە مرۆڤی کوردی بەکاری دەهێنێ و لەلایدا جۆرە نرخێکی هەیە، وەکو: (داسۆلکە – قەلانگ – خەنجەر – قەیناغ – بڤر – مەنجەڵ – تفەنگ – شمشێر – کەوان – کەوتەک...).

١٦– ناوی ڕەنگ و سیفەتی ئەندام و لەش، وەک: (ڕەشۆ – کاڵێ – بۆرێ – بۆزێ – مۆرێ – چاوڵەک – شینە – زەردێ – سەوزە – سوورەگوڵ – گوڵەندام – چاوکاڵ – چاوشین – ئەسمەرێ...).

١٧- ناوی مەعنەوی و سایکۆلۆجی، وەکو: (کسپە - ئارام - هەدار - چرپە - شاپەری - بلیمەت - راز - سۆزێ - پەری - ئارەزوو - ئامانج - نەمر - بەرزی - یار - سایە - ناز - کڵپە - ڕاستی - تەنیا - مژدە - مەنگۆ - زیندوو - هیوا- ئۆخەی - بەستە - بەهەشت...).

١٨- ئەو ناوانەی کە لە سیفەتەوە سەرهەڵدەدەن، وەکو: (شەرمین: لە شەرمەوە، بەفرین: لە بەفرەوە، خوناو: لە ئاونگەوە، شۆڕێ: لە شلوملییەوە، لەنجە لە ناز و لارەوە، ناسک: لە شەنگییەوە...).

١٩- ناوی ڕووناکی و ئەستێرەکان، وەکو: (مانگێ - ئەستێرە - پرشنگ - ئەختەر - پەروین - خۆرەتاو - ڕۆژبەیان - کوڵەبەڕۆژە - ئافتاو - هەیڤێ - پێروو - گەلاوێژ...).

٢٠- ناوی بەهێز و وشک و دڕ (بۆ ترساندن و ڕێزلێگرتن) وەکو: (ئەژدیها - نەهەنگ - بڵند - باهۆ - پاڵەوان - نۆتەغار - تۆلاز - جوامێر - جەنگاوەر - ڕەشکۆ - سەرۆک - شێرکوژ - قارەمان - هێرش - شێردڵ - وەشتی - هەڵۆ - هەڵدێر - ئەژی - سالار - قەڵغان - سەردار - ڕەشمار - کەندوبڕ - سەرخۆرە - دۆبڕ...).

٢١- ناو نازناوی ڕێباز و تەریقەت، وەکو: (عەلویی - وسوویی - پیرشالیاری - نەقشبەندی - ئەحەیی - ئێزیدی - کۆنەپۆشی - محێ یێ - حەمەسوری - حوسەیی - داسنی - مەولوودی - رفاعی - قالەیی - مامەڕەزایی - وەسمانی - زەردەشتی - قادری...).

٢٢- نازناو ناوی سێکس (بۆ سیفەت و جوێن و تانە و تەشەر) وەکو: (قوزێ - کیرۆ - گونێ - قۆڕێ - حیزە - قوزباتمان - قوون دەستار - کوزدەر - گاندەر - چاوحیز...).

٢٣- گەلێ جار، یا لەبەر نەزانی، یا لەبەر زێدە خۆشویستن، سیفەت دەکەوێتە بەر ناو و دەبێ بە ناوێکی سەربەخۆ، وەکو: (نبی محمد - خلیل ابراهیم...).

٢٤- هەندێ جار، ماڵ هەیە دوو کچ یا دوو ژنی تێدایە (یەک) ناویان هەیە، یەکیان (ئامە) ئەوەی تر (هەمین) یەکەم (خەجێ) دووەمین (خەجیج).

٢٥- گەلێ جار ئەگەر بەردەوام ژنێک منداڵی نەوەستێ و بمرێ و بۆ ئەوەی منداڵی تازەبوو بمێنێ و بژێ، ناوی سەیر سەیری لێ دەنێن وەک: (ئەڵەمان - عەتەم....).

٢٦- گەلێ جار بۆ گەلێ مەبەست ناوی نهێنی بۆ منداڵ بەکار دەهێنرێت، کەچی منداڵەکە ناوێکی تری ئاشکرای هەیە.

٢٧- وا دەبێ ژنێک منداڵی نابێ یا ڕاناوەستێ یا بۆ مەبەستی تەمەندرێژی، دەچێتە شێخ یا مەلا یا سەر پیاو چاکێک و نەزردەگرێ و بەناوی ئەوەوە یا هەڵبژاردنی ئەوەوە منداڵەکە ناو دەنرێت.

٢٨- وا دەبێ کابرایەک چ لە هەرزەیی و چ لە باوکایەتیدا حەز لە یەکێ دەکا و بۆی نالوێ و نابێ و بەڵام لە بیری ناچێتەوە، کە ژنەکەی منداڵی دەبێ ناوی کچەکەی - ئەگەر کچ بوو - بەناوی کۆنە دڵخوازەکەی ناوزەد دەکا، دوورنییە ژنەکەشی ئەمە بکا - ئەگەر کوڕ بێ - ئەگەر بۆی بلوێ.

٢٩– گەلێ جار وا دەبێ، پیاو یا ژن، خەون دەبینن – هەر جۆرە خەونێ – و هەر لەو خەونەدا ناو بۆ منداڵەکانیان دادەنێن.

٣٠– ئەگەر بێتو ژنێک منداڵی ڕانەوەستێ و بمرێ، بۆ چاوەزار دێن ناوێکی گاورانی لێ دەنێن.

٣١– لەژێر سێبەری ڕەشوقەتمەری دەرەبەگایەتیدا، ئەوانەی کە سەر بە ئاغا و ماڵی ئاغان، ناو و نازناوی تایبەتی خۆیان هەیە و پێی بانگ دەکرێن و دەناسرێن وەکو: (سەرکار – دز – ناوماڵ – پاکار – شەقڵچی – کوێخا – میرزا – کارەکە – نۆبەتدار – سەیس – قاوەچی – پاشدز – گزیر – سەپان – تفەنگچی – پاسەوان...)

٣٢– لە کوردەواریدا ناوی (مەلا) دەورێکی گرینگی هەیە و بۆ ڕێزلێنان و گەورەیی بۆ ناو بەکار دێ ئینجا (شێخ) و (پیر) و (باوە) و (سەید) ناوی نەوەکانیشیان بە (باوەیادگار) و (پیرەسوور) و (مەلازادە) و (شێخ زادە) و (سەید زادە) ناو دەبرێن هەروا بۆ ڕێزگرتن (مامۆستا) و (کامەلا) و (یاشێخ) و (مام سەید) و (پیرداود) و (کاسەید) و (کاکەشێخ) بەکار دەهێنرێ.

٣٣– لە پاڵ ناوی تایبەتیی ژندا، لە کوردەواری بۆ ڕێزگرتن و میهر و سۆز و خۆشەویستی و مەزنیی (پێشەبەند) یا (پاشبەند)ێک دەنێنە ناوەکەوە و بانگی دەکەن، یا هەر ئەوە پێشبەند و پاشبەندە – بیلامانێ – دەبن – بەناوی ڕاستەوخۆی – ژنەکە وەکو: (خان – خاتوون – خانم – یایێ – یایە – دایکی – دا – باجی – نەنێ – داپیرە – داوە – تاتێ – میمی – ژنخاڵ – ژنمام – ژنبرا – کچ خاڵ – دۆتمام – ئامۆژن – خاڵۆژن – براژن...) وەک دیاریشە بەپێی ناوچە و دایالێکتی زمان ئەمە سەرهەڵدەدا.

٣٤– هەر هەمان دیاردە لە کوردەواریدا، بۆ پیاو بۆ هەمان مەبەستیش و بەپێی دەڤەر و دیالێکتی زمان، بەکار دێ، وەکو: (کاک – کاکێ – ئەزبەنی – ڕۆڵەی مامی – براله – باپیرە – مامە – سەیدا – ئەزغولام – خاڵۆزا – قوربان – گەورەم – میرم – کاکی برا – باوانەکەم – مامۆستا – ئەفەندی...).

٣٥– هەر لە کۆنەوە، ئێستاش کە ئێستایە، هەندێ لە نووسەر و شاعیران و هونەرمەندانی کورد، وازیان لە خێڵ و ناوچە و ڕەگەز و پیشە و بەرەباب هێناوە و لەبەر هەر تەئسیرێک بووبێ – گشتی یا تایبەتی – ڕوویان کردووەتە جۆرە نازناوێکی تر و ناوی (خۆیی – زاتی)یان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە، وەکو: (نالی – کوردی – مەولەوی – کەیفی – قوبادی – حەریق – مەحوی – پیرەمێرد – بێکەس – دڵدار – کامەران...). کەچی ئەوەی جێی سەرسوڕمانە، ئەم جۆرە ناوانە، لەناو ئەدیب و شاعیرانی کورد، بەشێوەیەکی سەیر و زۆریش تایبەتی لە شاری (هەولێر) و دەورووبەریدا تەشەنەی کردووە، وەکو: (زامدار – شێواو – پەرۆش – پەشێو – سەرسام – خەمناک – شەوڕۆ – هەژار – ئاوارە – ژاکاو – بێبەش – برژاو – سووتاو – خەمگین – ڕەنجبەر – بێنەوا – ڕەنجوور – بێخەو – تاساو – پەرێشان – بێگەرد – هەڵمەت...).

٣٦- وا دەبێ لە وڵاتی غـەریبـایەتیدا، یا لە شـوێنێکی ناودارا، ژان دەیگرێ و منـداڵی دەبێ، ناوی منداڵەکـە - کـوڕ بێ یا کچ - بەنـاوی ئەو وڵات و شـوێنە ناو دەنرێ، وەک: (تورکـیـا - شـنۆ - سووریا - سەردەشت - سەرچنار - بێخاڵ - مەریوان...).

٣٧- هەندێ ناوی منداڵ هەیە بەناوی گۆرانیبێژ و شاعیر و مەلا و شێخان ناو دەنرێ.

٣٨- هەندێ ناوی منـداڵ هەیە بەناوی میـوانەوە ناو دەنرێ، ئەگەر لە کـاتـی ئەو مـیـوانداریەدا ژنی ماڵ ژانی گرت و منداڵی بوو.

٣٩- منداڵ هـەیە - کـوڕ یـان کچ - ناوی تایبـەتیی خـۆی هەیە، لە هـەمـان کـاتـیـشـدا، جـا بۆ چ مەبەستێک بێت ناوی نهێنیشی هەیە.

٤٠- لە تەک ئەو خاسیەتەی کە زمان و کۆمەڵی ئێمە لە بنیاتنانی بە (ناو)دا هەیەتی وەک باسکرا، بەڵام بـەزۆری، کـورد حـەز لەو ناوانـە دەکـا بە (وان) و (مـان) و (ان) کـۆتاییـیـان دێ. لەم ڕەسـەنایەتییـەشـدا، لە تـەک گەلێ لە میللەتانی هیند و ئێـرانی و ئەوروپایی یەک دەگـرێتـەوە، وەکو: (پاڵەوان - مـەلەوان - باغـچـەوان - چاوان - شـوان - گـاوان - کـاروان - شـاخـەوان - قارەمان - پەریخان - خەرمان - پەخشان - گوڵخەندان...).

٤١- شوێنکات دەورێکی یەکجار گـەورەی هـەیە، بۆ نموونە: (ناو)ێک لە (ناوان) لە شـوێن و کاتێکی دیاریکراودا زۆر باو دەبێ و زۆریش پەسند، کـەچی لـە شـوێـن و کـاتـێکی تردا، ئەو دەورەی نامێنێ.

٤٢- تا ئێستاش کە گوێمان لە ناوێکی ناباوی نامۆ دەبێ زۆر بەلامانەوە سەیرە و دەحەپەسێین، یا قێزی لێ دەکەین، یا پێ دەکەنین، کەچی هەر دوای ماوەیەک و لە ئەنجامی دووبارەبوونەوەی ئەو ناوە لەناو مێشکماندا ڕەگاژۆ دەبێ و خۆی بەسەر واقیعا دەسەپێنێ و ڕەنگ و ڕووی خۆی دەنوێنێ وەک هەر بۆ نموونە (گێ مەدێ - دۆلار - دنیا - مارک - جوولەکە).

٤٣- هـەندێ ناو هـەیە دەسـەڵاتێکی زۆر سـەیری هەیە و بەسـەر زەین و مـێشـکا دەسـەپێنێ وەک: (بارزانی - پێشەوا - سمکۆ - پیران - دەرسیم - هەرێم - خواکوڕک - ناوزەنگ...).

٤٤- هـەندێ لە کۆمـپانیـاکـان، بە هەڵەداوان دەیەها پۆدرەی جلشـوشـتن یان خسـتنە بازارەوە وەک (سیرف - امواج - تایگەر - ڕەخت - دەریا...).

کـەچی ئێسـتـاش کە ئێستایە هەر تـەنیـا ناوی (تاید) لەسـەر زارانە و هـەر هەمـوومـان دەڵێین: (تاید) لەبەرئـەوەی لە پێشـدا ئەو کـەوتووەتە بازاڕ هاتووەتە بـەردەست و دەوری خـۆی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەندروستیدا دیوە.

٤٥- هەندێ ناو هـەیە گەڕۆکە و کۆچا و کۆچ دەکا هـەروا دەلالەتی خـۆیشـی هـەیە و پێداویستییەکی زۆری بە لێکۆڵینەوەی سایکۆ کۆمەڵایەتی و زمانەوانی هـەیە، دەگمەنە زۆر دەگمـەن ئەگینا هـیچ ناوێک بەبێ مـانا و واتا نییە. ناوی کیشوەر و زەریالووش و دەوڵەت و شـار و دەریا و دەریاچە و ڕووبار و شـاخ و کێو و دەشت و بیـابان و گوند و لادێ، هـەر هـەمـووی مـانـایەک دەدا و ڕەگی

لە ناوچەرگەی واقیعدا داکوتاوە.
٤٦- هەندێ ناو هەیە لە کۆن و نوێدا، باوبێ یا باو نەبێ، نازناویان بەسەریاندا زاڵ بووە، بیر لە ناوە ڕاستەقینەکانیان ناکرێتەوە وەک: (بەدلیسی - خانی - نالی - ابن خەلکان - جزیری - گرگاشی - ئادی شێر - شەمزینی - مەلاگچکە - مەلای گەورە - پیرەمێرد - گۆران - چاومار...).
٤٧- هەندێ ناو هەیە لەبەر سەیر و سۆبەت، یا لەبەر پیشە، یا رەفتار، بەکەسەکەوە دەنووسێ و بەو ناوە ناو دەردەکا وەک: (پێپان - مشکۆ - مطبعە - وشکۆ - بەرازیلی - یابانی - دیزل - برنج - کۆمپیوتەر - دۆڵمە - کودی - باینجان - ئینتەرنێت - ئۆکۆردیۆن - کلارنێت - باڵەبان...).
٤٨- هەندێ ناو هەیە، بەر لەوەی لێپرسراوانی میری ناوی لێ بنێن، ناوی ئەو خێڵ و عەشیرەت و ئەو کەسەی لێ دەنرێ، کە بۆ یەکەم جار ئەو ناوەی ئاوەدان کردەوە و لێی ژیاوە، وەک: (لەتیفاوە - مەنتکاوە - مەجید بەگ - چایخانەی بایز - تەیراوە...).
٤٩- بەشێوەیەکی زۆر تایبەتی، گوندنشینەکان، هەر پارچە زەوییەک، یا هەر کۆمەڵە درەختێک، یا چەند کەند و گردێک، یا چەند کۆمەڵە دانیشتوویەک، با بچووکیش بێ، یا ریزە دێراوێک، هەریەکەی ناوێکی لێ دەنێن.
٥٠- وا دەبێ یەک تاکە ڕووبار، چەندان چەند ناوی هەیە و هەر بەشەی کە بەو شوێنەی تێیدا دەڕوا، ناوی ئەو شوێنە وەردەگرێ.
٥١- وا دەبێ هەر تەنیا یەک چیای درێژ و زنجیرەدار چەندان چەند ناو بەخۆیەوە دەگرێ، لە ڕۆهەڵاتی ناوێک، ڕۆئاوای ناوێک، باکوری ناوێ و ناوەڕاستی ناوێ و ناوێکی تر.
٥٢- هەندێ ناوی نهێنی (حەرەکی) بۆ ژن و پیاوی جاسووس یا خەباتکەری سیاسی و شۆڕشگێڕ، بۆ خۆشاردنەوە لە مەترسی هەیە و دادەنرێ، لە پاشاندا ناوە ئەسڵییەکەی لە بیر دەچێ و ناوە حەرەکییەکەی بەباڵا دەبڕێ و ناوبانگی پێ دەردەکا.
٥٣- لەناو قەرەج و هەجیجی کوردستاندا، زۆرجار (٣) ناو بۆ منداڵ دادەنێن، ناوێک بەس دایک دەیزانێ، ناوێکی تر منداڵەکە خۆی لەناو خێزان پێ دەناسن و ناوی سێیەم بۆ خەڵک.
٥٤- ناوی سوککراوی (حەمە) زۆرجار دەخرێتە سەر زۆربەی ناوەکان.
٥٥- زۆرجار، منداڵی هەتیو بۆ ئەوەی باوکی بیر نەخەنەوە، هەر بەناوی دایکییەوە بانگ دەکرێ.
٥٦- لە هەندێ ناوچەدا، ناو دووبارە و بگرە سێ بارەش دەبێتەوە، جا چ لەبەر حەزکردنی ئەو دایک و باوکە بێ، یا وەک چاووزارێک بێ بۆ تەمەندرێژی ئەو ڕۆڵەیە، وەک: (قادر قادر - عوسمان عوسمان - کەریم کەریم - عەلی عەلی - عەباس عەباس...) بەڵام هەرسێکی بەیەکجار ناوترێ، بگرە دوویان دەوترێن و بەس.

سەرنج:

تا ئێستا ئەو (٥٦) خاڵانەی باس و ئامـاژەمـان بۆ کـردن. ئەگـەر بەوردی لە هەریەکێک لەو دیاردانە بکۆڵرێتەوە، بێگومان مایەی ڕەنگڕشتنی گەلێ باس و بابەتی ورد و لە بار و (قۆناخێک، ڕووداوێک، دیاردەیەک)یش سەراوەڵە دەکاتەوە.

## ناو و ناتۆرە و بچووک و ساناکردنی ناو لە کوردیدا

ناو بچووککردن لە کوردیدا – ناوی بێگانە و خۆیی هەر یەکجار باوە و دەروازەیەکی سەراوەڵەی هەیە و هەر لە کۆنی کۆنەوە کوردەکە، خۆی بەشێواز و ڕێبازی تایبەتی و بەپێی گرامەری زمان و هەڵکەوتنی قورگ و مەلاشو و دان و لێو و فۆنەتیکەکەی، بۆ ڕسکاندووە، سەرباری چێژ و زەوقی جوانکارانەی نەتەوە و زمانە شیرینەکەی، ئەویش لە ڕێی ئامرازی (ۆک) کە بۆ تانە و سووککردنە و (ۆکە) کە بۆ خۆشەویستی و میهرە و جار نا جاریش بۆ تەوسە... (ئەکە) و (ککە)ش بۆ پتر ناسککردن و نەرمونیانی و جوانی...

(ێ)یش بۆ زێدە زێدە خۆشەویستی. ناوی بچووککراو، لەم زمانە پێ سووک و شیرینەدا، وا تێک دەشکێندرێ و چەرخ دەدرێ و شیرین و پوخت و خارا دەکرێ لام وایە دەگمەنە زۆر، ئەم دیاردەیە بەم شێوە شیرینەی لە زمانێکی تردا، وا چرۆی دەرکردبێ و گوڵی دابێ:

١– ناوی ژن، وەکو:

بەهیە = بەهێ، بەهە، بەهۆک

حەربیبە = حەبێ، حەبۆ، حەبە، حەربۆ، حەربۆک

ڕابیعە = ڕابە، ڕابی، ڕابۆ، ڕابۆک

زەهرە = زەهێ، زەهۆ، زەهە، زەهۆک

کافیە = کافێ، کەفۆ، کافە، کەفۆک

ئامینە = ئامە، ئامۆ، ئامێ، هەمە، هەمین، ئامۆک

فاتیمە = فاتم، فاتە، فاتێ، فاتۆ، فیتێ، فەتۆک

خەدیجە = خەجە، خەجۆ، خەجیج، خەدیج، خەجۆک

عایشە = ئایشە، ئایشۆ، ئایشێ، ئایشۆک

ڕەمزیە = ڕەمە، ڕەمۆ، ڕەمۆک

مریەم = مرە، مرۆ، مەرە، مەرۆ، مەرۆک

زەینەب = زەنە، زەنۆ، زەینۆ، زەینۆک

وەسیلە = وەسە، وەسێ، وەسۆ، وسۆک

٢– ناوی پیاو، وەکو

محەمەد = حەمە، مەمەد، مەمۆ، مەمەند، مەم، حەمەدۆک، مەمەدۆک

ئەحمەد = ئەحە، حەمۆ، ئەحمێ، ئەحمۆ، ئەحۆک

حوسێن = حسە، حوسە، حسۆ، حسۆک

عومەر = ئۆمەر، عەمێ، هۆمەر، هۆمەرۆک

عوسمان = وەسمان، وسو، ئۆسێ، وەسمانۆک

عەبدورڕەحمن = ئەوڕەحمان، وەحێ، وەحۆ، ڕەحۆک، ڕەحمانۆک

مەحموود = مەحمو، مەحموید، مەحمی، مەحم وی، مەحۆلە، مەحموودۆک

عەزیز = عەزە، عەزۆ، عەزک، عەزۆک

قادر = قایر، قالە، قادۆ، قەدۆ، قەدۆک، قادرۆک، قالک

فتاح = فەتە، فەتاح، فەتۆ، پەتە، فەتۆک

جەمیل-جمال = جەمە، جەمۆ، جمۆ، جەمۆک

ئیسماعیل = سمە، سیمۆ، سمایل، سمۆک، سمایلۆک، سمۆک، سمکۆ

مەعرووف = مالە، مالۆ، مەعرف، مەعریف، مەعرۆ، مالۆک، مەعرووف

عەلی = عەلە، عەلۆ، عەلک، عەلۆک

جلال = جەلۆ، جەلعوت، جلە، جەلۆک

فاتح = تیحۆ، تیحە، فەتۆ، فەتۆک

ڕەووف = ئۆفە، ڕەفۆ، ڕەپە، ڕەفۆک

خدر = خدە، خدر، خدۆ، خدێ، خدۆک

ئیبراهیم = ئیبە، ئیبۆ، ئیبا، برۆ، برایم، برهۆ، بلە

ڕەسول = سولە، ڕەسویل، ڕەسولۆک

ڕەشید = ڕەشۆ، ڕەشە، ڕەشێ، ڕەشۆک

بەکر = بەکۆ، بەکە، بەکۆک، بەکرۆک

شاکر = شەکۆ، شوکە، شەکە، شەکۆک

تەلعەت = تەلۆ، تەلە، تەعۆ، تەلۆک

یاسین = یاسە، یاسۆ، یاسۆک

عەباس = هەباس، هەباسە، هەباسۆک

فارس = فارە، فارۆ = فەرۆک

سەفوەت = سەفە، سەفۆ، سەفەکە، سەفۆک

فیکرەت = فەکە، فیکۆ، فیکۆک

سلێمان = سلە، سەڵۆ، سەلۆک

ئەمین = ئەمە، ئەمۆ، ئەمۆک

سیفەدین = سەفە، سیفە، سەیفۆ، سەیفۆک

هەواڵنامەی کیلێر

محێدین = محە، محۆ، محێ، محۆک
شەمسەدین = شەمسی، شەمسۆ، شەمدین، شەمسۆک، شەمزین
بەهادین = بهۆ، بادۆ، بادین، بادۆک
عەبدوڵڵا = عەبە، عەبۆ، ئەولا، حەولا، عەبۆک، عەبگ
ئەڤدال = ئەودال
فتحوڵڵا = فەتحۆ، فەتحی، فەتحۆک، فەتۆک
نەسرڵڵا = نەسە، نەسرۆ، نسۆک...

٣- هەندێ ناوی لێکدراوی وا هەیە کوردی بێ یا کوردی نەبێ - کورت و سووک و سانا و بچووک دەکرێ و دادەپچرێ و دەچێتە پاڵ یەکەوە وەکو:
شێخ الله = شێخەڵڵا، شێخەوڵڵا، شێخیل
ئەبوبکر = بابەکر، عەبابەکر
شێخ حەسەن = شێخەسەن، شێخ هەسەن، شێخ حەسۆ
کاک ئەمیر = کاکەمیر، کامیر
کاکەشێخ = کاشێخ
مام عەبدوڵڵا = مامەڵڵا، مامەولا، مام عەوڵ
محەمەدئەمین = حەمەمین، حەمەدەمین، حەمەومین
کاک عەباس = کاکە عەباس
باجی عایشە = باجیاش
حاجی ئەمین = حاجیەمین، حاجی ئەمۆ
کاک نبی = کانەبی...

٤- خۆ هەر وا نییە، کورد تەنیا، ناوی بێگانە کورت و سووک و سانا و بچووک بکات و بەس، بگرە ناوە ڕەسەن و خۆماڵییەکانی خۆیشی بەکۆن و نوێوە، وا لێ دەکات و دەیخاتە بەر تەوژمی ئەم دیاردە کۆمەڵایەتی و زمانەوانییە، بەشێوەیێ مرۆڤ لەبەر یا دۆش دادەمینێ و حەیرانی دەبێت، وەکو:
خورشید = خورشی، خورشە، خوشێ، خوشە، قورشید، قوشە
شاناز = شان، شانێ، شەهۆ
پەریخان = پەخە، پەرۆ، پەرێ، پەریلۆک
شادان = شادە، شادی، شادۆ
کلاوزێڕ = کلاو
پاکیزە = پەکە، پەکۆ
خەزان = خەزێ، خەزە، خەزۆ

هەواڵنامەی کتێب

شاسوار = شاسە، شاسۆ

دڵشاد، دڵە، دڵۆ

پیربال = پیرە، پیرۆ

گوڵناز = گوڵە، گوڵێ

جوان = جوکو، جانێ

بەهار = بهۆ، بهە

نەژاد = نەژێ، نەژۆ

هەڵوێست = هەڵۆ، هەڵۆکە، هەڵ هەڵ

هەلالە = هەڵۆ، هەڵۆکە، هەڵ هەڵ

هەلالە = هەڵە، هەڵۆ

ڕووناک = ڕوونە، ڕوونێ

ژیان = ژیکە، ژیکۆ

نازەنین = نازە، نازێ، نازناز

ئاواز = ئاوە، ئاڤۆ

٥- نەک ئەمە و بەس، بگرە هەندێ ناو هەیە کە هەر بەیەکجاری لە کوردیدا، ئاداری لەسەر پاداری نامێنێ و سەروبن دەکرێت و دەگۆڕدرێت، کە خۆی لە خۆیدا بارێکی تری زمان و زمانی کوردی و چێژ و زەوقی ئادەمیزادی کورد، سەراوەڵە دەکاتەوە، وەکو:

غەفور = خەپە

مەحموود = خولە، مەخۆل

یوسف = وسو

ئەنوەر = ئەنە

ئیسماعیل = سمکۆ، سمۆ

مستەفا = مچە، مچۆل، مستیل

فەتاح = پەتە، پەتۆ

رەحیم = حوتەنە

سلێمان = سێما ...

عەومەر = عونە، عولە

ئەبوولشاە محەمەد، شا محەمەد= شەحە

شەمسەدین = شەمدین شەمزین

محەمەدئەمین = مینە، میتان

٦- هەروا دیاردەیەکی تری ناولێنان و ناو و ناتۆرە لە کودستانی ئێمەدا هەیە، مایەی تێڕوانینی

هەولێرناسەی کتێب

ورده، ئەمیش پیاو بەناوی (دایک)ی ناوزەد دەکرێ... ئەم دیاردەیە لە هەموو کۆمەڵگەیەکا هەیە و بۆ گەلێ هۆی دیار و ئاشکرا دەگرێتەوە. جا چ لە ئەنجامی رەوتی دایلەکتیکیانەی مێژووەوە بێ، هەروەک چۆن (باخ ئۆفن)ی زانای ئەڵمانی و خاوەنی کتێبی (دایکایەتی) کە لە ساڵی (١٨٦١)دا بڵاو کراوەتەوە ئەمەی ساخ کردووەتەوە و لە دایکایەتییەوە دواوە مەسەلەی پێشکەوتنی (قۆناخی دایکایەتی) یا (دایکسالاری) سەلماندووە، کە جاری جاران لەو باوەڕەدابوون کە قۆناخی (باوکایەتی) یا (باوکسالاری) لە مێژووی بنەماڵەی مرۆڤایەتیدا کۆنترە.

یا لە ئەنجامی ناوبانگ دەرکردنی (دایک)ەوە بێت جا چ بە ئازایی و چ بەکار و پیشەیەک و چ لە بەدکاری بەدناوی. ئەمە و زۆرجار لە کوردەواریدا، زاراوەی (زگماک)یش پێوەندی بەزگەوە هەیە و دەوری (دایک دەسەلمێنێ - هەروا وشەی (زە - زا - زێ) هەمدیس لە کوردیدا دەوری دایک دووپات دەکاتەوە و پێوەندییەکی تەواویشی بەگەشەسەندنی مێژووی (ژین) و (ژیان) و (ژان) و (ژن)ەوە هەیە. واتە لە (زێ)ی دایکەوە ژیان - بەمانا فراوانەکەی - کەوتووەتە... وێنە و شێوەی (زێ)یش یا (ڕووبار) هەر لە شێوەی پزدان و ڕەحمی ژن یا دایکە و مانای تەڕایی و ئاوەدانی و ژیان و ژیانەوە و بووژانەوە و سەوزی دەدا، تا ئێستاش زاراوەی (زاوزێ) و (شفتە ژێ) بۆ مێینەی ئادەمیزاد بەکار دەهێنرێت و (زێ)ی تازەلانیش دیارە، چەند بەکار دەهێنرێ. وشەی (خوشکەزا) و (کوڕەزا) و (خاڵۆزا) و (ئامۆزا)ش هەمدیس نیشانەیە بۆ دەوری (زێ) یا (پزویس) و (زا) و لە ئەنجامیشدا بۆ دەوری دایکایەتی پز و پزدانیش هەر بەو جۆرە...

هەر لە کوردەواریدا. جاری وا هەیە، ئەگەر دوو کەس لە شیر و مەمکی یەک دایکیان خوارد، پێیان دەوترێ (هەمشیرە - هاوشیرە) ئەمیش لە خۆیدا بایەخ بە قۆناخ و دەوری (دایکایەتی) دەدات و پێشتری دەخات، سەرەڕای ئەمەیش هەندێ جار - لە کوردەواریدا - کوڕ یا کچ دەبێ بە میراتگری خاسیەتی خاڵی خۆی، ئەمەیش لە ئەنجامی ئەو پێوەندییەی کە لە نێوان ئەو و خاڵ و خوشکەزایەدا هەیە. کە ڕاستەوڕاست نیشانەیەکە بۆ دەوری دیاری (دایکایەتی) و ئەنجامێکیشە لە سیستەمی کۆنینەی دایکایەتییەوە کەوتووەتەوە، وەک لە هەندێ ناوی ناو ئەم باسەدا خۆی دەنوێنێ. بەڵام بەڕای خۆم و سەرباری ئەم هەموو ڕاستی و دیاردانەیش، وانییە ببڕای ببڕ مەسەلەی ناولێنانی ئادەمیزاد بەناوی (دایکی)یەوە، هەر تەنیا دەوری (دایک) و قۆناخی (دایکایەتی) بسەلمێنێ و بەس، لەبەرئەوەی کۆمەڵ لە گشت قۆناخەکانیدا، سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە و گەلێ هۆ و ڕەگەز و بیروباوەڕی نوێ و کۆنیش کاری تێ دەکات. بەهەرحاڵ ئەم بابەتە، بابەتێکی زۆر بایەخدارە و پێداویستییەکی زۆر بەلێکۆڵینەوە هەیە. نموونەکانیش وەک ئەمانەن:

(تەمەری خانزاد، خولەی گوڵچین، برایمی فاتە، سوارەی ناسکێ، بەکرێ خاتە، خەمەی ئایشێ، پیرۆتی زین، خوشەی کڵاو، عەبەری فاتە کوێستانی، حوسەی ئامە موکریانی،

جەمەی هەیبەتی گەرمیانی، حەسەی حەلاو، بەکۆی خامە، مچەی عەیشێ، ڕەپەی خەجەکۆر، عەزەی خەجە کەچەڵ، قالەی باجی پیرۆز، ئەحەی پوورە ئایشە، عەلی ئەسمەر، خولەپیزە، حەمەی چوار خاتوونە، عەبێ خازە، عەلەعەمبەر، عەبۆ خەرامان، کریمی عاسە، عزیز حاجی فاتم، رەفەی ئامە، مالەی حەپسە، ئەحەی فەتحیە، وسوی پوورڕەیحان، عەلی بێ مەدینایێ، قادر ناجی یایێ، عەمێ گۆزێ، قاسمی حەبۆ، حەیدەری زبە، ئەکەی مریەم، قادری فاتەکە، عەلۆی ناجیە، ئەحمەدی فاتمە ڕەشێ، فریادی لەعلی، مخەی بەگیسی، عەزیزی حەمرایێ، محەمەدی پلێ، چەتۆی مینا، عەزۆی ئەسی، ئەحەی شیرین...).

٧- ناو و نازناوی بنەماڵە و (بەرەبابە) وەکو:

(بەرەی زێڕین) (مالاّ توتێ)

(بەرەی مرۆت) (مالاّ شێتێ)

(بەرەی کاکەخانی) (مالاّ برسی بەگێ)

(بەرەی شەم) (مالاّ سینەمێ)

(بەرەی خەندان) (مالاّ شەهنازێ)

(بەرەی فەرحاناغا) (مالاّ خەندی)

٨- هەروا چ تەوس بێ، چ بۆ ناوبانگ و چ بۆ جوانی و یا بۆ ناتۆرە، ژن بەناوی مێردییەوە ناوزەد دەکرێ، ئەمەیش هەمدیس قۆناخێکی تری کۆمەڵایەتیمان بۆ دەستنیشان دەکات، وەکو:

حەلیمەی قاسمی

عەیشێی محەمەدی

سەلیمەی عەلۆ

گوڵەی عەلۆلوولە

سەبەی حەمەی کلاوتڕن

ڕبەی خەلە

بەدەی حەمەخان

فاتەی حەمەسوور

مەیانەی عەلی بەگێ

٩- هەروا مێرد یا پیاو بەشێوەیەکی گشتی هەر بۆ هەمان مەبەست، بەناوی ئافرەت یا ژنییەوە، ناو دەبرێ بەتایبەتی ئەگەر کەسایەتی ژنەکە ناودار و بەهێزتر بوو، پیاوەکەیش کەساس و بێکارۆ بێ نموود و لاورگە بوو، بەلاّم ئەم دیاردەیە لە کوردەواریدا زۆر کەمە، وەکو:

بلەی شووکە قژبڕ

جلەی زبەی دان جیڕ

خولەی کاڵێ

محۆی زەری
فەخۆی جەمیلە
عەبۆی عەیسێ
ئەحەی زێبا
عەلەی مینا
مچەی قەدە

١٠- هەروا وا دەبێ، گەلێ جار ناوی (دایک)ێکی دیار، دەبێ بەناوێکی (گشتی) بۆ سەرجەمی بەرباب و تیرەیەکی فراوان و دەکشێتە سەر ناوی هەموویان، هەر لە خەسوو و بووک خاڵ و مامەوە بگرە تا خەزوور و پوورزا و ئامۆزا و خوارزا و کوڕەزا و کچەزا و کوڕەزازا و کچەزازا ... وەکو:

عەلی ڕەندان
حەبەی ڕەندان
حەمەی ڕەندان
فاتەی ڕەندان... هتد
فانمی خازالێ
حەمەدی خەزالێ
واحید خەزالێ
شانەی خەزالێ... هتد

سەرباری ئەمانەیش و سەرباری ئەوەیش کە هەریەکێ بەناوی (باوکی) – بەتێکڕایی – ناوزەد دەکرێت، ئینجا (دایکی)، بەڵام زۆر ناوی تر هەیە، لە دیاردە کۆمەڵایەتییە بەدەرە، وەک لە پێشەوە باسمان لێ کردن.

١١- بۆ فشە پێکردن و تەوس لاقرتێ و گەمە و پێکەنین و ناو و ناتۆرە و بانگەشە و دەرزی ئاژەنکردن، وەک سیفەتێک (نازناو و ناتۆرە) دەکەوێتە شوێن ناوی پیاو یا ژنەوە و زۆریش چاودێری ڕیتم لە هەڵبژاردنی ناو و ناتۆرەدا دەکرێت، ئەم ناو سیفەتانەیش زۆر زۆریش بەکار دەهێنرێن. لام وایە دینەمۆی ئەم دیاردەیە، بەشێوەیەکی تایبەتی نەک گشتی، شاری سلێمانی و فابریقەی سلێمانییە ئینجا کۆیە و سابلاخ و ئامێدی و شەقلاوە و دیاربەکر، وەکو:

عەولامیترۆ – خەنجەبرنۆ – عەولا قیتمەڕۆ – ئەحەی شا خاتوون – سەلەبەڕک – نالە ڕەشبەڵەک – مەلای چاومار – عەلونێرەکەو – حەمد سەدۆی گۆڵ کوت – ئەحە گوڵە ئەحە کەلە – قالە قەوچەڵ – عەزەی کێپێمەرە – ئەحمەدی کتکخۆر – حەسەن پونگێ – ساڵح حەشاندی – فارسێ قونخوار – عەپۆیی قۆپ – مرادی قرۆت – خەلیفەی کەرزل – ساڵح سیفۆن – عەلۆکە جوو – ئایشە فشە – حەمۆی تەبعی جووعەلی – حەسەن نەبی کاڵک –

ڕەحە چیکەنە – بلە قرمو – ئەحمەد شەقوپۆق – مینە زەنگیانە – خاتەکەل – عومەر کڵاولار – فەتحوی کشتەکان – عەزەتەورە – قادر برسی – عەزە دوولوولە – فاتەی تەڵەمشک – ئەحە شەسە – سەبە لاسوتاو – جەمەل ڕەشە جەنجەر – فاتێ جووجک – قالە شێرە – فارەکێشکە – بلە قۆزە – قالە قوڕاوی – بلەی سەعەکەڕ – محەمەدی تەنکەبز – شێرە دووپێ – ئەحمەدی قوون خڕ – محەمەدی کووڕەش – فەزۆ جاندار – ونس جۆخۆر – قالە کەروێشک – ئەحە کەرکوژ – سەعید گچکەڵ – خدۆ جانگشاش – حەولا هەریج – ڕەشە گێل – حەمە خێڵ – قەنە چەتە – دەروێش ترۆزی – حەمەدی دڕەپێ کەوە – حاجی قالەی یەکشەوە – حەمەی کەوا کۆڵ – ڕەشە تۆڵە – ڕەسووڵ ڕەفتە – بە باسەد نوێژ – سەلە سێ خەت – واحد یاڵشۆڕ – فات قەمەرە – خلە شۆربا – سەبە کوڕانی – سەعی قەرەباڵغ – مەمۆ موخە – نسحاقە گوڵە – ئەحە زورووف – کەڕە چل دەم – عەولا کەوحیز – سەیدتاوە – فرج ئۆپڵ – عەلەی لێفەحیز – عەبە کەڵەک – حاجی خرۆشیف – مەلا عڕووس – جەمە جاشکە – کەریمی قنگ قوڵاب – حاجی کەڵەباب – مام باۆکە – جامەی جەمەسێو – حاجی بیتاقە – فەرەجە کونج – عەدۆ دانسەگ – ئەحەی جاو – پیاوە بچکۆڵەکە – شاسە کەللە – حەلەی ناوساجی – کەریمیکەوە – فاتە تەماتە – حەمە ئاسن – عەبابەشان – ئامەلۆری – حەسە ئەسکیمۆ – خەلەی دوو دەبانچە – عزیز فیتک – ساڵە سییک – محە کادیر – حەسۆ گووشڵ – وەسمان تڕ بەڕوو – محەی تربرێشک – رەسووڵە قوتکە – عەزۆ بەراز – فاتە بەلاش – عەلۆ قەزادار – خدەی ئەردەشەن – محە حووت – عەلە نێرباز – خولە بۆر – عەزەلوولوو – عەلۆپاپان – ئەحەیدەتێ – مەنیجە کوێر – عەلی لوولەڕووت – خەجە گووکەر – مچەبالە – شێخ کشمیش – خولە چەخماخە – قالی دەوار درێژ – حەمە شاپەسن – شەفەبەمبە – مالە تریشقە – عەبۆی حەلەێوە – خولە کەشکۆڵ – سەعدی دایەنەکە – فەرەجە ڕێچکە – عەلەگنە – سەدەی گۆی تاکە کڵاش – عەوڵە سیس – عەبەی سیسارک – فەتەی قڕژاڵدەس – مچەی بەرزامل – جلە گونە – مەنیج بەربوو – ئامە مۆرێ – بلە کوولەکە – عەلیەقەنقارێ – شەعبانی عیرکە – سەعە سەگەوان – ئوسفێ حەسارێ – فاتمی چەقاوەسوو – هەمین دندن – ئیبۆ قوون چەور – حاجی مەنجەڵ – وسو لاتڕ – ڕۆستەم مەسینە – قادر ڕۆژباش – عزە داماو – عەزە بازە – ڕەحە قیرتاو – عەزیز قاپقاپ – ئامەی چاومار – مەلا گندۆر – حەمەڕەق – عەبەی سنگ داچەقاو – عەمە جنۆکە – ساڵحە مشکە – ئەحە قاژوو – ئایشە – بن نووکە – حەمید – ڕەشاش – مامە کوڕنو – حەمە دەمە – عەلە سمێڵ – فەریقە کوێر – ساڵە شێت – مالەی کوڵەشین – سمایلی سەرما بردوو – جەمە چەقاڵە – سمایل سەبیل – سمە فینیش – عەلە بسم الله – عەبە گاوڕ – ئەحە دۆڕانی – عەلیەورگە – مودیرە سوورە – کەریمی باری تعالی – عەبەشەکەنە

- عەلی ورگە - مچە گوێ ڕووت - عەبەکەوە - نۆزدەی هار - عەبەمیاو - حەمەی بلوێرژەنی جادوو - عەزەشەل - گەریمەڕەش - عەلەی شەیتان بێزی - ڕەحە حیلکە - شیخە شەل - شوکری پەرێشان - دوکتۆر شۆ - عەلیە قونە - جەمەی ناسکەڕەش - عەبەقامیش - عەبۆ عەرەبانە - سەلام بێموو - محەی هێلکەکەر - ئەحەی قوون بەتۆز - سمە قۆپچە - خدە بێکراس - حەمە تەنەکە - عەزەبۆری - جەلە گورگە - عەلیەتەگە - عەزەی بامیەمل - عەبە خڕە - پیرەتڕە - عەلە کچانی - شامەیحە بێ کشمیش - عەنە دێچورچە - مارفی شان بەگوو - قادری قوون سەعات - سەنەی کەنوزگ - ئایشە شەڕواڵ - بەدری بەچکەزێڕ - عەزە چەقەڵ - ڕەمەزان کەمتیار - ڕەسوولە گراز - حەسەن گچۆ - خولە گورگە - یوسف بەری قۆڕ - ئایشە کۆتک - عەولاّ خەنجەر - جەلیل جەردە - عەبە هەمبانە - حەمە باغەڵ گەورە - میحمی گەدۆ - تۆماس دێمەکار - حەسەن فیقی - مەکە پایسکل - کاکل دۆینە - جەلال قیتۆ - تۆما یەڵدای بندیان - جەلە دیسکۆ - قادرە هێڕ - سادق بۆقێ - بلە برشووش - خەلە دووڕەنگی - عەلە لالۆ - حوسێن دەسڕەش - جەمۆ توورشەق - مامۆ خەزێم - برایم خرنووک - عەولا دووقوون - حەمید دەمانچە - باقی سەڵتەنەت - کاحەسەن عەمبار - فاتە ڕەوەرشەو - حەبە زندۆر - زێدی سەراسن - سەلە گیپەڵە - سەلام قەمەندۆر - تۆما کونێ - عەزە رشیوی - ساڵحە مریشک - مام حاجی - باپیری ڕەسووڵ سۆفیەکۆر - عەلی چاوەش - ئایشە حەمەدی - پیریچژنی - حەمەد ئاغای گەرگور - عیسا قشپڵ - عەولا قڕنە - مەرجانی باینجان - سەعید کۆترباز - موراد عانە - حوسێن قۆرنە - حەولەی جاندار - عەزیز فەردە ڕەژوو - عەلۆ قیتێ - باپیر دۆینە - حەمەد ساوار - پیزباڵ چەمۆ - عەلیە قیتکە - مەلا تەنەکە - حەسەن شەمبۆل - عەزە گەراج - فارسە تڕکەن - مەحموود کالیار - بلە مچۆلی - عەلۆ فسیالی - حەمە کدوو - عوسە جووجێ - تاها تاکلایت... هتد).

سەرنج:

هەریەک لەو ناوانە و یا ئەم ناو و ناتۆرە و نازناوانە حیکایەتێکی خۆی هەیە و هەریەکەی لەمانە مایەی پێکەنینێکی دڵتەزێنە یا خەمێکی قووڵ و یا مایەی واق ورشمان... و.... و...

١٢- هەروا بۆ خۆشەویستی و شیرینکردنی ناو ئاسانکردنی بڕگەکانی وشە و سەرەڕای تەوس و توانج تێگرتن و جگە لە گەیاندنی مانایەکی تازە و جوان و بەتام ئەم کوردەی ئێمە لەم بوارەدا جۆرێکی تری هەی... وەکو

شانێ = شن شن

هەنار = هن هن

شوان = شو شو

جوان = جو جو

شاخەوان = شاخ شاخ، شەخشوش

دلێر = دڵ دڵۆ

هۆشەنک و هۆشیار = هۆش هۆش

ئارام – ئاراش = ئار ئار

پشتیوان = پشتی، پشتۆ

بارام = بار بار

نازدار = ناز ناز

بەختیار = بەخ بەخ

کنێر = کن کن

شیرین = شیر شیر

هەڵۆ = هەڵ هەڵ

نازەنین = نەز نەز

ئاری = ئەر ئەر

مەریوان = مەر مەر

ئاشتی = ئاش ئاش

سەربەست = سەر سەر

خانێ = خەن خەن

ئازاد = ئەز ئەز

ئاواز = ئەو ئەو

هەوڵنامەی کتێب

## ناوی کۆن و تازەی گاورەکانی کوردستان

١– ناوی کۆن و ڕەسەن وەکو:

سەنحاریب – ئاشوور – ئیرمیا – ئەشعیا – ئەفرام – بنیامین – گۆرگیس – زادۆق – سلێوە – حەننا – دانیاڵ – داود – زەکەریا – شەمعون – میخائیل – یەعقوب – لۆقا – بۆیا – دنحە – جۆرج – کاترینا – ئیلیاس – تۆبیا – سەرگۆن – سەرسەم – هورمز...

٢– ناوی کوردی و عەرەبیی گاورەکان:

(شاکر – ئازاد – حەمید – جەمیل – ودیع – ڕزگار – جوان – پەری – شاخەوان – باهرە – سالمە – هیوا – دیاری – سەربەست – نەسرین – گوڵاڵە – برووسکە...).

## ناوی کۆن و تازەی گاورەکانی کوردستان

١- ناوی کۆن و ڕەسەن وەکو:

سەنحاریب - ئاشوور - ئیرمیا - ئەشعیا - ئەفرام - بنیامین - گۆرگیس - زادۆق - سلێوە - حەننا - دانیاڵ - داود - زەکەریا - شەمعوون - میخائیل - یەعقوب - لۆقا - بۆیا - دنحە - جۆرج - کاترینا - ئیلیاس - تۆبیا - سەرگۆن - سەرسەم - هورمز...

٢- ناوی کوردی و عەرەبیی گاورەکان:

(شاکر - ئازاد - سامی - حەمید - جەمیل - ودیع - ڕزگار - جوان - پەری - شاخەوان - باهرە - سالمە - هیوا - دیاری - سەربەست - نەسرین - گوڵاڵە - بروسکە...

٣- ناوی نوێی نێر و مێی ئەوروپایی گاورەکانی کوردستان، وەکو:

(باسیلیۆس - ئەلفرید - فێرجین - ناپلیۆن - ویلیەم - ئۆگستین - ئەستیڤان - جانێت - ئەدمۆ - ماری - جلبەرت - ئەمیل - پۆڵس - ئەلبێر...

٤- سەربارى ئەوەی کە هەر لە کۆنەوە، گاورەکانی لای خۆمان گەلێ ناوی عەجەمی و کوردییان بۆ ناوەکانیان هەڵبژاردووە، هەروایش لە مەسەلەی ناو بچووککردنیشیان، پێڕەوی شێوازی زمانی کوردی و کۆمەڵی کوردستانیان کردووە لەم لایەنەوە، وەکو:

عەبدوڵڵا = عەبۆ

ڕەحیم = ڕەحۆ

نەعیم = نەعمۆ

محەمەد = مەمۆ

دانیاڵ = دانۆ

پەخشان = پەخۆ

دڵشاد = دڵۆ

ئێزەریا = ئێزۆ

شێرزاد = شێرۆ

ئەقین = ئەقۆ

ئەپڕیم = ئەپڕۆ...

پەراوێز:

١- دوکتۆر جەمال ڕەشید لەو باوەڕەدایە کە: وشە و ناوی (میرزا - میرزاد) لە بنجدا لە خواوەندی میهرا (میترا) کە ڕووناکی سەرلەبەیانی و سەرچاوەی ژیان و زانیاری پەیمان بووە. کەوتووەتە هەروا ناوی (جوامێر - جانمێر - جوان میهر) بەواتای: (خۆشەویستی خواوەندی میهرا) لە کوردیدا ماوەتەوە... سەربارى وشەی (میهرجان) و لە هیندیشدا (مهراجان) ماوەتەوە. کە نیشانەی چینێکی باڵای

کۆمەڵە... هەروا وشەی (میهر – میر) دەربەگەکان بۆ خۆیان بەکاریان هێناوە. وەک (میهر میهران – میری میران).

٢– دوکتۆر جەمال ڕەشید – لە لێکۆڵینەوەکەیدا – دەڵێ: (ناهید یا ناهیدە)ش دەگەڕێتەوە سەر خوای (ئەناهیتا) واتە: خواوەندی ئەستێرەی زوهرە، کە لە پاش بوو بە (ئەناهید – ناهید)... لە دوایدا لە زمانی کوردیدا لە شێوەی (ناهید) چەسپی بۆ ناوونانی کچان و ئافرەتان... لە زمانی سۆمەریشدا بەرامبەر بەناوی (ئەناهیتا) ناوی (ئینانا – ئینین) کە لە شێوەی (ئان – کەیبانووی ئاسمان) لە هەندێ تێکستدا بەرچاو دەکەوێ. کە ئەویش عەشتاری بابلییە. کە لە دواییدا لە عەرەبیدا. بوو بە (العزی – الزهرە) ئەم خواوەندەش هەروەکو ئەرکی خواوەندی (تەمووزی – دەموزی) ئەرکی هەبووە.

٣– دوکتۆر جەمال لەو بڕوایەدایە کە: ناوی (مەهاباد)ی کوردی دەربڕینێکە لەو ئاواییەی خوای مەزن (ئاهورا) وەیا (ئاسورا)... لەبەرئەوەی وشەی (مەها) لە هیندیدا. واتای (مەزن) دەگەیەنێت. کە لە وشەی (مەهاتما)شدا بەرچاو دەکەوێ. واتە (گیانی مەزن).

٤– دوکتۆر جەمال لەو باوەڕەشدایە کە: گەلێ ناو هەیە لە کوردیدا. ناوی تۆپۆنۆمیکی (ناوی جوگرافی) و ئەتۆنۆمێکی (ناوی نەتەوە و هۆز) و ئەنۆماسێکی (ناوی تایبەتی)ی هەیە و هەر بەشێوەی کۆن پارێزراوە. زۆربەی زۆری خێڵی کوردەواری ناوی کوردی خۆی پاراستووە و کاریگەریی عەرەبی و تورکی و ئارامی و ئەرمەنی تێدا نەبووە، وەک خێڵی: (دیڤیۆ سینۆ – ڕەشکوتا – سینیکا – ئالکا – میهرکا – مەندکان – هەسکان – چیلکان – سیلڤانا – هەڤیر... هتد.

٥– دوکتۆر جەمال ڕەشید هەمدیس لەو باوەڕەدایە کە هەندێ ناو هەن لە بنجدا لە ناوی کۆنە خواییەکانەوە – لە کوردیدا – وەرگیراوە... (بۆران – بۆریان)یش کە ناوی کچانی کوردە، لە (بوریاش – خواوەندی باووبۆران) وەرگیراوە، کە کاشیەکانی بەکاریان هێناوە.

سەرنجێک:

لە دوای ڕاپەڕینی مەزن و هاتنە گۆڕەپانی هەندێ حزبی ئیسلامی و دوای شەڕی براکوژی و دروستبوونی بۆ شاییەکی دەروونی لای مرۆڤی کورد، گەلێ ناوی ناقۆڵا و حەپۆل و زلحورتی عەرەبی هاتووەتە ناو.

ئاماژەیەک:

(٣٠) ساڵە خەریکی ئەم پرۆژەیە بووم پێم وایە هێشتا تەواو نەبووە، بۆ یەکەم جار ئەم باسە لە ژمارە (٣٢–٣٣)ی گۆواری (ڕۆژی کوردستان)ی ساڵی (١٩٧٥) بڵاو کرایەوە. لە پاش (٨) ساڵی تر لە ژمارە (٩٩)ی گۆواری (ڕۆشنبیری نوێ)دا بە بەر فراوانتر بڵاوم کردەوە. ئەمەی ناو ئەم بابەتەش بەشی هەرە زۆری ئەو ژمارەیەیە، بەڵام زۆر زۆریش ڕاو و سەرنج و بۆچوونی تری هاتووەتە سەر.

شایانی باسیشە ساڵی (١٩٨٠) لە هەولێر و ساڵی (١٩٨٢) لە دهۆک و ساڵی (١٩٩٣) لە شەقڵاوە و ساڵی (١٩٩٤)یش لە ئێوارە کۆڕێک و لە بارەگەی لقی دووی پارتی پێشکێش کراوە. نیازخوازم بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە هەرچ ڕەخنە و ڕا و سەرنجتان هەبێ بیخەنە ڕوو. من پێم وایە ڕەچەیەکی تازەم شکاندووە، بەڵام خۆ دەبێ ئێوەش مشورێکی تری بۆ بخۆن.

# نەورۆز لە نەورۆزدا هاتەوە

کورتەچیرۆک

محەڕەم محەمەد ئەمین

"ساڵی ٢٠٠٨ سەرجەم نووسینەکانی نووسەر (محەڕەم محەمەد ئەمین) بەناونیشانی (کۆبەرهەمە ئەدەبی و سیاسی و فەلسەفییەکانی) لەسەر ئەرکی بنەماڵە کۆکراوەتەوە و ئامادە کراوە و چاپ کراوە. تەنیا کورتەچیرۆکێکی (نەدۆزراوەتەوە)، کە لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) ژمارە (٣٠٩)ی ڕۆژی ١٩٧٦/٣/١٨ بڵاو کراوەتەوە. ئێمە دۆزیمانەوە و بەو نیازە بڵاوی دەکەینەوە ئەگەر چاپی دووەمی کۆبەرهەمەکانی بکرێتەوە ئەم کورتە چیرۆکەشی لە فەوتان ڕزگاری ببێت و بێتەوە ناو چیرۆکەکانی."

واتە

یەکی نەورۆز بوو، لەگەڵ کشانی تاریکایدا، بڵێسەی ئاگر لەسەر لووتکەی ئەزمەڕ و گڵەزەردە و گردەکەی مامەیارە بەرزتر دەبووەوە، لە کۆڵانەکەی ئێمەشدا لەبەر نیلەنیلی ئاگر و دووکەڵی کۆنەتایەدا، منداڵەوردەکە بەدەم گۆرانییەوە هەڵدەپەڕین. جار جارەش پەنجەی دەستی لاوانی خوێنگەرم دەکەوتە سەر پەلەپیتکەی دەمانچە و تفەنگ و دەبوو بە تەقوتۆق.

ئەگەرچی ئەو نەورۆزە لە نەورۆزەکانی تر نەدەچوو، خەڵکی تێدا بەئاشکرا زەماوەند و ئاهەنگیان دەگێڕا، کەچی من دڵتەنگ و مات و مەلوول بەدیار چەند مۆمێکی داگیرساوەوە لە ژوورەکەمدا دانیشتم، دەورییەک سەمەنیم لە بەردەمدا بوو کە باجی گوڵچنی دراوسێم بۆی هێنابووم، بەڵام دەمم بۆ نەدەبرد هەرچەندە لەوەپێش زۆر حەزم لێ دەکرد. هەر چاوم بڕیبووە ئەو تابلۆیانەی لە چوارچێوەیەکی سووردا بەرامبەرم هەڵواسرا بوو، جار جارەش هەناسەیەکی ساردم

هەڵدەكێشا و ناوچەوانم دەخستە سەر لەپێ دەستم و بیرم دەكردەوە. كارەساتی پێش دە ساڵ وەكو فلیمی سینەما بەمێشكمدا دەڕۆیشت، پەشیمان بووبوومەوە لە هاتنەوەم بۆ سلێمانی و لە دانیشتنم لەم ژوورەدا، بەڵێ دە ساڵ لەمەوپێش ئێستا چۆن ئاوادانیشتووم و سەمەنیم لە بەردەستدایە، ئاوەها لەگەڵ نەورۆزەكە لەم تابلۆیەی بەردەممدا پێ دەكەنی و نێرگزی دایكیا سەمەنیمان دەخوارد، ئەوسا نەورۆز تەمەنی شازدە ساڵ بوو، دایكم هەموو جارێ چی دەوت (ڕۆڵە وا دیارە تۆیش چویتە سەر باوكت، دەست بە كڵاوی خۆتەوە ناگری بابانەیبا).. بەڵێ لە كاتێكدا سەمەنیمان دەخوارد بەدەم سروودی (ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆز هاتەوە) كە لە تەسجیلەكەوە بەرز دەبووەوە، گەنم گردی دەرگەی دەرەوەگیرا نەورۆز خێرا تەسجیلەكەی داخست و بەرەو حەوشە ڕۆیشت منیش كە گەیشتمە بەردەرگەكە گوێم لە غەڵبەغەڵب و قسەی ناشیرین بوو لەودیو دەرگەكەوە بەدڵەكوتكێ هەر كە دەرگەكەم كردەوە چەند زەلامێك بەچەكەوە پاڵیان پێوەنام لەگەڵ خۆیاندا كردمیان بەماڵدا، گەورەكەیان چەند زللەیەكی لێ دام و پاش هەڕەشە و گوڕەشە وتی: (لە تۆ نەبووینەوە نۆبەی كوڕەكەتە، كوا؟ لە كوێیە؟).. چەك بەدەستەكان بەماڵدا بڵاو بوونەوە، ژوور بەژوور گەڕان، تەنانەت ناو كەنتۆرەكانیش دڵم وەها لێی دەدا دەمگوت ئێستا لە سینگمەوە دێتە دەرێ و دەفڕێ. نەورۆزیان بۆ نەدۆزرایەوە گەورەكەیان كە لە حەوشەكەدا ڕاوەستابوو نەڕاندی: (ڕاكەن بۆ سەربان، بەم پەیژەیەدا سەركەوتووە).. كەس لە سەربان نەبوو، گەورەكەیان لە رقا چەند جنێوێكی دا و وتی: (لەم بانیژەیەوە بازی داوە و دەرچووە، بچێ بۆ ئاسمانیش لە دەستم دەرناچێ، جارێ ئێوە باوكی قۆڵبەست بكەن با لەگەڵ خۆماندا بیبەین. جیاوازی لە نێوان كوڕ و باوكدا نییە، گەورە ئاو دەڕێژێ و بچووك پێی تێ دەخا).

بە قۆڵبەستراوی و لەژێر بارانی جنێودا بردمیان، پاش ماوەیەك لە بیابانێكی كاكیبەكاكی دا لەناو قەڵایەكی پڕ لە بەندكراودا گیرساندمیانەوە نەئاگام لە كەس بوو، نە دەنگیشم بەكەسدا دەگەیشت.

پاش ماوەیەكی دوور كە بەربووم و گەڕامەوە ماڵێ، دایكە پیرە سەرلەرزۆكەكەم بەهەناسەیەكی سارد و چاوی پڕ لە فرمێسك و بەدەنگێكی نزمەوە لە هەموو شتێك ئاگەداری كردم (نەورۆز لەوەتەی ڕۆیشتووە هەواڵی نازانین و دەڵێن كوژراوە.. دایكیشی لەبەر تۆ و كوڕەكەی ئەوەندەی خەفەت خوارد سوێی بووەوە و مرد)..

ئاخ ئێستاش ئەم قسەیەی دایكم دەنگ دەداتەوە لە گوێمدا. كە دایكم ئەمەی بۆ گێڕامەوە ئیتر خۆمم پێ نەگیرا و چاوم بەرای نەدەدا لە ماڵەكەماندا بمێنمەوە، هەندێك كەلوپەلم خستە ناو جانتایەكی بچووكەوە و چووم بۆ دێی نزارە لای هاوڕێیەكم نیشتەجێ بووم.

سەیرێكی تابلۆكەم كردەوە و ئاخێك لە دەمم هاتە دەرێ.. نازانم پاش ئەم ماوە درێژە و لە یەكی نەورۆزدا بۆ هاتمەوە، ئەم ژوورە پڕ بیرەوەرییە بە ناسۆرە! فرمێسك هۆن هۆن بەچاومدا دەهاتە خوارێ، هەمدیسان لە دەرگە درایەوە، دەنگی دەرگە خەیاڵی بچڕیم، لە دەرگەدانی ئەم جارە لە

دەرگەدانەکەی دە ساڵ لەوەپێش نەدەچوو، دەرگەکە هاواری نەدەکرد، بگرە بەنەرمی دەیگوت (بمکەرەوە).. کە دەرگەکەم کردەوە وەختە بوو لە هۆشی خۆم بچم، چاوم گلۆفت وام زانی خەو دەبینم بەڵام خەو نەبوو، نەورۆز بوو لە بەردەممدا ڕاوەستا بوو، من حەپەسا بووم نەمدەتوانی ببزوم، بەڵام ئەو کە کەوتە ماچکردنم هۆشم هاتەوە بەر و باوەشم پێدا کرد و کەوتمە ماچکردنی، بەجووتە هاتینەوە ژوورێ. دایکیشم بەلەرز لەرز لەناو جێگە هاتە دەرێ و ئەملا و ئەولای نەورۆزی ماچ کرد، لە پاشا دایکم هەڵی دایە: (ڕۆڵە ئەوە بۆ ئەم ماوە دوور و درێژە نامەیەک یان هەواڵێکی خۆتت بۆ نەناردین، وا بڵاو بووەوە کە تۆ نەماویت دایکت بەهۆی تۆوە سوێی بووەوە مرد. باوکیشت ماوەیەکی دوورە بەئاوارەیی دەژی ئەمشەو لە یەکی نەورۆزدا هاتووەتەوە)..

نەورۆز کە مردنی دایکی بیست دایە پرمەی گریان، لە پاشاند کە نەختێک کوڵی گریانی نیشتەوە وتی: (دایەگەورە.. من لەسەر بیروباوەڕێکی پێشکەوتنخوازانە میری تەنگی پێ هەڵچنیم و ئەوە بوو کە پەلاماریان دام بەردەستیان نەکەوتم ڕۆیشم. بەڵام لەوێش بارم باشتر نەبوو، بگرە ئەوەندەی پێ نەچوو سەرەک هۆزێک گرتمی خستمییە زیندانێکەوە لە زیندانەکەی حەزرەتی یوسف دەچوو، لەبەرئەوەی گوایا ڕەنجبەرەکانی لێ هان دەدەم، ئەوەتەی ڕۆیشتووم نەمتوانیوە دەنگم بەکەسدا بگا.) منیش کە هێشتا قسەم لە دەم نەهاتبووە دەرێ هەر بەکوڕەکەمدا هەڵم دەڕوانی هەڵم دایە: (ئەی چۆن هاتیتەوە لە دەست ئەو سەرەک هۆزە ڕزگارت بوو)؟.

نەورۆز لە وەڵامدا وتی: (لەوێ بڵاو بووەوە کە حزبێکی نیشتمانپەروەری پێشکەوتنخواز هاتووەتە سەر حوکم، دژی چەوساندنەوەیە، نەتەوایەتی پێ یا چینایەتی کە ناوی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستە دەیەوێ عێراق بەرەو ڕێژیمی سوشیالیستی بەرێ، ئەمە سەرەک هۆزەکانی پەشۆکاند، لە پاشاندا کە بەیاننامەکەی یازدەی ئادار هەفتەیەک لەمەوپێش بڵاو بووەوە دان نرا بەمافەکانی نەتەوەی کورماندا، چەکدارەکان زانیان ئیتر هەڵگرتنی چەک دژی حکوومەتی نیشتمانی وەردەگرێ بۆ خیانەت، چەکیان فڕێ دا و گەڕانەوە بۆ سەرئیش و کاری خۆیان سەرەک هۆزەکانیش کە زانییان کەسیان لە دەور نەما بڵاوەیان لێ کرد و ئەو پێشکەوتنخوازانەی گرتبوویانن بەرەڵڵابوون.. وامنیش هاتمەوە تا بەشداری بکەم لە ئاوەدان کردنەوەی وڵاتەکەماندا و چەسپاندنی حوکمی ئۆتۆنۆمیدا.

نەورۆز لە نەورۆزدا هاتەوە، دەنگی سروودەکەی دە ساڵ لەمەوپێش لە تەسجیلە تەپوتۆزاوییەکەوە بەرز بووەوە، (ئەمڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆز هاتەوە..). لەگەڵ تەواوبوونی سروودەکە ئێمەش لە سەمەنی خواردن بوینەوە.

## نامەیەکی کراوە
# بۆ سەباح ڕەنجدەر

عەبدوڵڵا سەراج

برایەکەم ڕەنجدەر: نامەی ماڵئاواییکردن لە نووسین

چۆن باس لە خۆم بکەم، مەگەر پارێک نیم لە جەستەی وشە و نووسین و ئەفراندن.. کەواتە ئەوانەی نووسومن، من بوون. ئەمێستا پڕۆژە نووسینێکی دواخراوم ئەگەر درەختی ڕوحم وشکی نەکردبێت. هەست دەکەم لە چەقی دوورگەیەکدام تەنیا سایە بەرد و لم و چەوە خولگەم، نەچڵێکی پاراوی سەوز، نەبایەکی فێنکی شەماڵ، نەچەهچەهەی ماڵێکی عاشق، دەشێ هەستوەریی جارانم لێ تۆرابێت، یان من لە ئاستیدا نەماوم: ئەگینا دەبووایە بەخۆمدا بچمەوە. ناخ و هزر و گیانم پەرگەما بکەمەوە، چاوەنۆڕ بم بەشکو پەڕ و باڵی باڵندەی هونەر جارێکی تر لە ئامێزی پڕ فەیز و سۆزی خۆیم بگرێتەوە دەنا زۆر خامۆشم و هەنووکە هیچی ترم لە مێشکدا نییە. لەم دۆخە نالەبارەی گیانکوژییەدا، بێدەنگی کەڵکی نییە و بێسوودیشە. زۆر نووسینی لەمەوبەریشم شەکەت و بێ شەنگی کردووم بە لەش و بە ڕوحەوە. چیی تری نوێ بدەرێنم، کە هێشتاکە نووسراوم هەیە دیلی هزری دۆگمای چاو سوورانە و ئەوانەی ڕووناکییان دیوە، تاکوتەراشەنوکەو کراون. لە سەروبەندی ڕێژیم و هەنووکەش، هەمان چاوی ئەبڵەق و قەیچیی سانسۆر بەرەنگارم دەبنەوە، بەلامەوە هەرگیز دیموکراسی و ئازادی جودی نابێت ئەگەر قەڵەم سەرفراز و ڕەها نەبوو. من تاکێکم لەو کۆمەڵانەی کە بەدژواری و کولەمەرگی ڕۆژگارمان دەگوزەرێنن. دابڕانم لە هەژار و چەوساوان، تەکانەوە و دابڕانمە لە شەرەفی وشە و نامووسی دەبڕین. هەرگیز لایەنداری دەستەڵات نەبوومە بۆ قۆزتنەوەی پایە و بەرژەوەند.. ئاخر.. بەڕاستی بوومەتە تیترواسک ئەو تیترواسکەی دوایین ڕۆمانم، تەنیا ئاسمانێکی گۆشاد و ساماڵم گەرەکە تێیدا بفرم و پاشان لە پەڵەهەورێکەوە بارانی پیرۆز ببارێنم و... هیچی تر.

ئەوجا برالەی گیانی بەگیانیم، دەپرسم ئاخۆ تیترواسک بۆی هەیە بنووسێت، یان هەر

دەتیرواسکێنێ پێشتر، ڕزگاریم لە دەراندن و دەربڕینی ڕەوانە ناشا دەکەم دەبینی ئەمێستا، بەو یادەوەرییانەدا دەچمەوە و فرمێسک و هەنیسک لە جیاتی باران لە چاوە کلۆڵ و دەروونە تژیی ئازارەکەم بازرقە دەکەن، بۆیە زاڵی نێزیکبوونەوەم لە خامە نییە.

ئەمە چ مەینەتی و زەخمێکە ناو بەناو بیر لە قرتاندنی دەمارێکم دەکەم، نەک بۆ پاساودانی نوشوستی و قەیرانی جوانکاریم، یان بۆ داپۆشینی وشکبوونم. نەخێر بگرە؛ دۆخێکی ناهەمواری واقیعی و بایەلۆجییە لەبەرئەوەی ئەگەر وشە بەهانامەوە نەیەت و قوتارم نەکات، ئەوا دەبمە جەستەیەکی بێگیان چوون هەزارانی ناو کۆڵان و سەر شەقامانی شار. ئەوساش، بوون و نەبوونم وەک یەکە. خۆ دەزانێت، بەدەر لە وشە ئارایی و جوانییەکەی هەبوومە بەتایبەتی وا هەست دەکەم نەجوانیم لەلا ماوە و نەبوونێکی سەرمەدی، تاوێرێکم لەو گۆڕەدا ئامبازی شەکرە و چەندان دەرد و مەینەتی تەمەنی پیری بوومەتەوە چ ئازارگە و چ چێژگەیەکە، لە تەمەنی بەرەو هەشتاکاندا، لە پاڵ دیواری ڕوحدا، مشتومڕ لەگەڵ پێنووس بکەم لە ڕۆژگاری تەڕنووسی و جوانخاسیمدا بەخۆمم دەگوت: ژیان بێکەڵک و پووچ و بەتاڵە ئەگەر نەگەمە پایەی نووسەرێکی نوێ بەخش و ڕۆماننوسێکی سەلیقەداری جوداواز لەوانەی هەن. ئەوا ئێستاکە، لە ڕۆخی ئەو بەتاڵییە و لەبەر زەخی ئەو هیشکاییە نەبانەدام. لە باوەڕێکدا بووم کە هەر ئەزموونێک شێوە و ستایلی خۆی دەدۆزێتەوە نەک بەسەپاندن و لاساییکردنەوە. ئاوها دەمڕوانییە شێوازی دەرەکیی داهێنان و گرێچنیی ناوەکیی دەق. شێواز و ناوەڕۆکم بەجووتە یاڵی موعادەلەیەکی دینامیکی دەبینی، نەک ئەمەیان بەسەرەکی و ئەوی تر بەلاوەکی یان بەپێچەوانەوە ڕەنجدەری برام، مەبەستم بوو، جیهانی عەقڵانی و جیهانی ناعەقڵانی بخەمە ڕوو هەروەکو چۆن لە گشت ئەفسانە نەمرەکانی مرۆڤایەتیدا بەرجەستە کراون. پەناهەندەییم لە تەک نووسیندا بوو وشە داڵدە و ڕوانگەم بوو، وا ئێستا ڕووت و ڕەجاڵ لە دەشتاییەکی کاکیبەکاکی وقاقردام. چار.. چییە؟ چار چییە لەگەڵ دێوەزمەی تەمەندا، خۆخەریکە بمکاتە قەپێلکی کیسەڵ و سەدەفی ڕۆخی لمین وای... لەم دۆزەخەی تێیدام! مەگەر تۆی هێژا بەهەستیاری شاعیرانەت لە کرۆکی ئەم ئازارەم بگەیت، بەڵام نەکەیت بەتەڵخبین و ڕووخاوم بزانیت لە ئاست ڕۆژگاری هەڵوێستەکاندا، واقیعەکە وەکو خۆی دەخەمە بەر نەشتەرگەریی نیگاتەوە، سەرەڕای ئەوەش، لە سەردەمێکی خۆمدا دەژیم کە ئاوێتەی ئێستای – ڕابردوو – داهاتووشە ئەڵبەتە بەجیاوازیی شوێنەکانەوە لە چرکەیەکدا هەڵشێلاوی هەرسێکیانم ئەمەیشە قورسایی و پاڵەپەستۆی بوونەوەرییانەی (وجودی) بەسەر ڕوحمەوە هەیە.. سەردەمێکی خۆمە و دەشبێ بەسەری بەرم. ئەمەیە بار قورسیی تەمەنم لەلایەکەوە زێدم لەناو پەڕەکانی دڵدا هەڵگرتووە و خەڵک و چارەنووسیانیش لە قوژبن و پەناکانی دەروونم شوێنگیرن لەلایەکی ترەوە. ئەم دیارییەش دانسقە و دەگمەنە لەلای زۆرینە. لە تەک ئەوەشدا، بەچڕیی بیر لە دووتشتی دوارۆژیمان دەکەمەوە: داهاتووی ڕۆشنبیری و سیاسیمان کە هەردووکیان ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئابووریمانە باشووری کوردستانەکەم بووەتە مۆڵگەی کۆمپانیا چاوچنۆکەکانی دراوسێ و ڕۆئاوا و زلهێزان. ئەوجا.. (چیمان پێ دەدەن؟) پرسیاری سەرەکیمە، هەرچەندە (چی دەبەن) ئاشکرا و ڕوونە.

ئەم جیلەی ئێستا، لەم تەنگژە نالەبارەدا، لە ڕێچکەی کام وێژە و کام هونەر دەگەڕێ مێشکیمی ئاڵۆزاندووە. ئاخۆ پەرە بەخەونەکانی منگەل دەدەن، یان فۆبیای بە جیهانیکردن ڕیاندەماڵێتە خەرەندی نەماوە. ئەوەتا سەرەتای شێواندنی تاڵی زەمانەکەمان – کە ناسنامەمانە – بە وشەی بیانی و نامۆ، بە بەرچاوی دەستەڵات و ڕاگەیاندنەکانەوە، دەشێوێندرێت.

جا نەوەی پاش خۆم بانگهێشتن دەکەم بۆ تەواوکردنی هەنگاوە پەتییەکانم، بەگوژمتر و بەینتری بکەنەوە. خۆیان بن چوون من خۆم بووم. وا تێ دەگەم کە نوێگەری لە واتا گشتییەکەیدا، تێڕوانین و فەلسەفە و روئیای نووسەرە بەرەو چاکتر و هونەریتر. لەوەش ڕوونتر دەڵێم: هەڵوێستە هزری ئەو ئافریدەکاریە بەرامبەر بەدامەزراوەی شتەکان؛ ئەویش بەگۆڕینی زمانی تەقریری بۆ زمانی ئەفراندنی هێما و ڕەمز و ئاماژی شیعریانە. ئەڵشتکردنی زمانی سەرسامبوون بەڕوواڵەتەکان بەزمانی پەردە لەسەر لابردن و کەشفکردن. گواستنەوەی زمانی مەنتیقی و باو بۆ زمانی تەقاندنەوەی دیودەری ئەفسانە ئامێز.

ئەو سێ خاڵە هەرە گرینگ بوون لە دیدی مندا گیانەکەم ڕەنجدەری برام ئەوانە خاڵی تریش لە وزەی هەموو پێنووسێک نییە. ڕۆئیای دەربازبوون لەو داڕشتنە باو و سواوانە، زۆر بە ئاگاییەوە، خودی مەبەستم بووە لە مەراسۆنی قەڵەمدا، هەر بۆیە بڕێ خوێنەری هێژا وا تێگەیشتبوون کە گوایا پەنام بردووەتە بەر تەمومژ و ڕێگەی داخراو.

ئاخۆ لە خۆشبەختی نووسەرە یان لە نیگەرانییەتی کە دەبینێ نووسەرانی پێش ئەو و ئەوانەی هاو قەڵەمی بوونە هیچی ئەوتۆیان بۆ نەهێشتووەتەوە بۆیە تووشی پاڵەپەستۆی دەروونی و بەخۆداچوونەوە هاتووە ئەمە جێی دڵەڕاوکەیە. ئەزموونی ڕوحی لەلام – ئەڵبەتە بە واتا فرەوان و وازەکەی نەک بەپێناسە لاهووتی و ئاینییەکەی، کانگەی ئەدەبی و هونەرییە بەگشت شێوەکانی نیگایی و بیستەنی و وجودییانەوە کۆکەرەوەی کرۆکی داهێنانەکەیە، لە تاکە چاوگی سرووشانەوە (وەحی و ئیلهام) هەڵدەقوڵێ و دەڕژێتە تاکە چۆراوگەی (جوانی)یەوە تۆ بنۆڕە سێ پێکهێنەرەکەی مەردووم: لەش – عەقڵ – ڕەوان (ڕوح)، ئەگەر جەستە نەبوو، ئاوەزو ڕەوان لە کێندەرێ نیشتەجێ دەبن. ئەی ئەگەر عەقڵ لە مێشکی مرۆڤدا نەما، تەن و ڕوحی تووشی چ لێکترازانێک دەبن، هەروەها هاتوو ڕوح لە لەشەوە دەرچوو، هۆشیش دادەمرکێت... ئەدی چارە.

هەر دەبێ ئەو سێیە پێکەوە بگونجێن و لە ئاستگەکاندا باری لاسەنگیی یەکتری ڕاست بکەنەوە، بۆیە لە دەقەکانمدا تێکۆشاوم ئەو تێگەیشتنە قووڵ و ڕەگاژۆ بکەمەوە.

جا.. نازانم بۆم سازاوە، یان نا ئێمە دەبێ وەکو (ئیبنوعەرەبی) باوەڕمان بە ئاینی خۆشەویستی هەبێت تەنانەت ئەگەر ئەو خۆشەویستییە لە دەیر و لە مزگەوتدا بوو؛ لە تەوراتخانە و ئاتەشگەدادا بوو. لە بتخانە و لالەش و کەعبەدا بوو. دەگوێ بۆ پەیڤە سەکارە عاڕیفانەکەی، بۆ مۆسیقای شیعرەکەی شل بکە.

لقد صارَ قلبي قابلاً كلّ صورةٍ    فمر عى لغزلانٍ و دَيرُ لرهبابِ
وبــيتُ لأَ وثانٍ وكـعبةُ طائـفٍ    والواحُ توراةٍ ومصحفُ قرآنِ
أدينُ بدينِ الحبِّ أَنىّ تَوَجَـهتْ    رِكائبُـهُ فالحبُّ ديني وإيمـاني

ئەزیش، یەقینی عاریفانەم دڕاند بەرامبەر بەمرۆڤ و بوونەوەری و نیشتمان... ئەوانە کرنووشگەی ڕامانم بوونە و هیچ لە باوەشی دایک و ژوانی دڵداران و چی چییەکانی لبیدۆ و هەستوەرییەکان کەمتر نەبوونە هەرگیز ئەگەر بڵاوتر و پاڵاوتر نەبووبن.

ئەڵبەتە ئەو جۆرە ئەزموونە سۆفییانەی بەخەستی ئاماژەم بۆ کردن هاوشێوەن ئەگەر چوونیەک نەبن لە پانۆڕامای گشت کولتوور و زمان و ئاین و دیرۆکی مرۆڤایەتی. لێرەدا پەنجەنۆمام بۆ ئاین و سۆفیگەری بەواتا کۆنینەکەی نییە کە پەرستگەکان لە سەروبەندی تاریکیدا مرۆڤگەلیان جڵەوگیر و مجرۆ کردبوو، هەرچەندەش لە نشونمای ئاینگەلی ئاسمانی و زەوینیدا، مزگێنی وەشارەتی نەمانی زوڵم و بانگەشەی داد و ڕەواییان بەرگوێی خەڵکان دەدا، کەچی دیاردەی نایەکسانی و جەور و زۆرداری باڵبەست و سندم و چەقبەستی دەکردن. دەمەوێ مرۆڤ ئازاد بێت لە دۆزینەوەی یاساکانی ڕەوتی بوونەوەری. بەهاکانی جواگرافیا و مێژوو، ئایدیا و ڕۆشنبیری و... هتد، نەک مرۆڤ بێتە کۆیلەی ئەندێشەی یۆتۆپیاو ڕامیارییەگشتگیرییەکان. لە کاتێکدا بەجیهانیکردن بەتۆپزی کرابێتە ئاینی نوێی جیهان و (بازاڕ) پەرتووکی پیرۆزی بێت، کە وشەکانی بەهەمان دگانە ترسناکەکانی سەردەمی (دراکیولا) نووسرابن.

برای شیرینم

ڕۆشنبیر، ڕۆژی سێ جار تووشی هەڵوێستنواندن و مەرگی گیانی و جەستەیی دەبێت و دەکەوێتە تاقیگەوە. جاری یەکەم لە پێناوی بژێویدا. جاری دووەم لە جەزرەبەدانی سانسۆر و جاری سێیەم لە تابۆکانی ئاین و سێکس و دەستەڵات.

ئەوجا، ئەو ڕۆشنبیرە، لەناو سووتماک و خۆڵەکەوەی سەمەندەرانەی خۆیدا بۆ پاشماوەی سکڵ و ژیلەمۆی خۆی بگەڕێ.

لە کۆچیرۆک و یازدە ڕۆماندا، گوتەی خۆم بەڕاشکاوی دەرانددووە. دەمامکم لە برێ ڕووی دزێو هەڵداوەتەوە ئەوجا کارمەندبووبن، یان گیرفانمەند و دیاردەی چەوێڵ و پووکاو.

ئەڵبەتە لە دووتوێی داڕژتەی هونەری و بەکاڵای ئێستێتیکەوە.

برام هاوسەرگیری کاسۆلیکی لەگەڵ سیاسەتدا، تەلاقدانی ئەدەب و هونەرە. تۆ دەڵێی چی.

سێ مەرج هەیە بۆ ئەوەی ئەفراندن گەشە بکات:

١- بوونی ئازادی کە نێوانی ڕۆشنهزر و دەستەڵاتدار هاوسەنگ و دانان بێت بە مافی هەریەکەیان.

٢- ڕۆشنبیر خاوەندی شکۆ و ڕێزی بێت و دەنگی بیستراو بێت.

٣- دەستەڵات ڕێز لە تاکمەندی و دەنگی بگرێت.

بۆ نموونە: پێوەندی و (وەکیەکی) هەبوو لە نێوان (سەعد زەغلول) و هەریەک لە (قاسم ئەمین) و (عەباس مەحموود ئەلعەقاد). ڕێز و تەبایی و هاوکاری هەبوو لە نێوان (عەڕابی) و (عەبدوڵڵا نەدیم) و (سامی ئەلبارودی)، هەروەها (مستەفا نەحاس پاشا) بەمەرجی (تاها حوسێن) قایل بوو، کە دەبێ خوێندن بکرێتە خۆڕایی بۆ ئەوەی ببێتە وەزیری مەعاریفی ئەو سەردەمە.

ئاخۆ ئەم دۆخە لای کورد هاتووەتە دی؟

لە پاڵ گرفتی ئازادیی دەربڕیندا، پرۆسەی نووسین وەکو کردارێکی ڕاستەوخۆی بکا و بەخودی داهێنەرەوە، خەمێکی ترمە.

ئەفراندنی ڕۆمان، ڕەنجدەر گیان، نەکرداری وەڵامدانەوەی پرسیارەکانە، نە دۆزینەوەی چارەسەریی دیاردەکانە، بگرە هەڵمەت بردنە ڕووەو چەمکی جوانی. دەستگیرکردنی مەعریفەت (هۆشەکی.. نەک.. غەیبی)، ئەوجا وروژاندنی پرسیار لە هۆشی خوێنەردا لەبەرئەوەی، دۆزینەوەی چارەسەری ئاستەنگ و ناڵەبارییەکان، وەڵامدانەوەی پرسیاری ڕیشەییەکان کەوتووەتە گەردانی کۆمەڵناس، فەیلەسووف ئابووریزان و دیرۆکنڤیسان نەک ئەرکی بنەڕەتیی جوانکار بێت هەرچەندەش خەمی (هیومانیزم) یان بەرامبەر بەهەژاری، دیموکراسی، ئازادی و نایەکسانی (چ لە نێوان ژن و پیاودا، چ چینایەتی، چ لەگەڵ باڵادەستاندا) هەستیارترە لە کەسانی ئاسایی و پەنگاوەی ناخیانە.

لە دیدی بەندەوە، ئەوسا (سەردەمی ڕۆمان) و پاشی ڕۆمانیش دەست پێ دەکات ئەگەر ڕۆماننوس وزەیەکی گەشاوەی هاندەری خستە دەروونی خوێنەرەوە بۆ ئەوەی بپشکنێ.. بتوێژێتەوە.. ڕابمێنێ و.. پاشان بپرسێ، نەک خەریکی کەڵەچنی ڕووداو و حیکایەتخوازی بێت.

خۆ دەبینی، پشکنینم پێش توێژینەوە خستووە، هەروەها ڕامانم بەر لە تێگەیشتنی ئاماژە و سیمبولەکان دیاری کردووە، پاشان پرسیار هەڵخستنی ڕیشەیی دێت وەکو بەرئەنجامی جووتکرداری: پێدان + وەرگرتنە هونەرییەکە. ئالێرەوەش خاڵی بەراییی میتاڕۆمان چەکەرە دەکات بۆ ڕاگرتنی ڕیتم و ئاهەنگی و هاوسۆزیی مرۆڤی کورد لەگەڵ سەردەمەکەیدا ئاخۆ.. لە ژیاریی (وێنە)یی ئەمرۆژیمان، بەڕاستی لە (سەردەمی ڕۆمان)دا دەژین چ جای سەردەمی میتاڕۆمان.

ئەو پرسیارە بایەخدارە هەڵوەستەی پێ کردووم و هەردەم ڕام دەچەنێنێ بۆ هەنگاوی نوێتر کە، بەمیتا زمان و میتا حیکایەتی ناو دەبەم.

لەبارەی شیعری جەنابتەوە ئێژم: گریمان هیچت نەگوتووبێت، تەنیا جوداوازیی شێوازت لە شاعیرانی تر، سەنگی ئەفراندنت لەلام بایەخدارترە لە کەسانێک زۆر بلێن وەلێ، خۆیان نین، لەبەرئەوەی هونەر، ڕامان و شێواز و تاکمەندییە، جیابوونەوەیە لە فرینی پۆل ئەو جیاوازیەت داهێنانە.

٢٠١١/١/١٠ - تامپرێ -فنلاند

## پێڕست


بەرپرسیاریەتیی یاسایی کۆمپانیا بیانییەکان. د.مونزیر ئەلفەزڵ. لە عەرەبییەوە:سەباح ئیسماعیل ... 3

ئیسلامی فەیلەسووفەکان... مونجی لەسوود. لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور ........ 14

بناوانی لێبووردەیی لە هزری عەرەبی – ئیسلامیدا. لە عەرەبییەوە: عەبدولڕەزاق عەلی ........ 28

بوودایی وەک فەلسەفەیەکی ڕۆهەڵاتی. ف کامبیرا. ئا: لە عەرەبییەوە: کەریم دەشتی ........ 59

غاندی باوکی منە. ئامادەکردنی: شێرزاد هەینی ........ 66

دەنگی بەرهەڵستکاری لەسەر هەڵمەت. پەر هەرنگرێن. لە سوێدییەوە: سیاوەش گۆدەرزی ........ 70

کەسێتیی تاکی عێراقی. باقر یاسین. لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل ........ 104

تێگەیشتن لە ڕۆژنامەوانی لینت شێریدان بێرنس. لە ئینگلیزییەوە: گۆران سەباح ........ 157

چۆن ئاینەکان بڵاو دەبنەوە؟. عادل نورەدین. لەعەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ........ 224

گەندەڵی چییە؟ هانس لیێندێکەر. لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ........ 229

سنووردانان بۆ بەزۆر بەشوودان لە وڵاتانی... ئانجا برێدال. لە ئینگلیزییەوە: نەزەند بەگیخانی ........ 234

مێژووی سالانی پاتشایان و پێغەمبەرانی سەر زەوی. لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە ........ 258

جەستە لە نێوان سروشت و کولتووردا. میشیلا مارزانۆ. لە عەرەبییەوە: سەڵاح حەسەن پاڵەوان ........ 277

ژیان و مەرگی دایکێک. فەرهاد شاکەلی ........ 293

کورد و وڵاتەکەی مێژووی گەلی کورد. موقەدەم شێخ عەبدولواحید. لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە ........ 300

حیکایەت لە قوتابخانە. حەمەفەریق حەسەن ........ 331

نیگارکێش دڵشاد بەهائەدین. ئا: ئاغالە ........ 343

فیۆدەر دۆستۆیێڤسکی. سەڵاح بابان ........ 361

گەشتەکەی ئانا کارێنینا لە مۆسکۆوە بۆ ریگا. دانا رەئووف ........ 372

هەورێشم. ئەلێساندرو باریککۆ. لە سوێدییەوە: حەسەن نوور ........ 385

پاریس و براگ موگناتیس بووە. ئا: شێرزاد هەینی ........ 400

گەشتێک بەناو کولتووری ژاپۆنیدا. ئەردەڵان عەبدوڵڵا ........ 410

ئەو سەردەمەی "یونس ئەمرەی" تێدا ژیاوە. ئۆێنەر یاغجی. لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە ........ 422

گەردانی ناو و نازناو لە زمانی کوردیدا. مەحموود زامدار ........ 429

نەورۆز لە نەورۆزدا هاتەوە. محەڕەم محەمەد ئەمین ........ 452

نامەیەکی کراوە بۆ سەباح ڕەنجدەر. عەبدوڵڵا سەراج ........ 455